ستران عەبدوڵڵا

# لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم

## کوردستانی عوسمانی و تورکیا



ستران عەبدوڵڵا

لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم

بیست ساڵە لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیا، پەیوەندی تورکیا و کوردستانی باشوور دەنووسم: ڕاستە ئەمە مەسەلەی میللەتەکەمە و لەوەتەی دەخوێنینەوە بە چیرۆکی ئەم مەسەلەیە گۆشکراوین، بەڵام دیسانەوە پێویست بوو وەکو ڕۆژنامەنووسێکیش خۆم بچمە شوێنی قەومانەکە . ئەم کتێبە بەرهەمی سێ سەفەری ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا و کوردستانەکەی و دەیان سەفەری ناڕاستەوخۆی نێو دونیای کتێبە، بەرهەمی نزیکەی ساڵێك هاتوچۆ و گوشراوەی ئەزموونی بیست ساڵێکە. ئەگەر کەموکوڕی تێدابێت کۆڵنادەم، جارێکی تر تێهەڵدەچمەوە.



Graphic: Basim Rassam

# له رۆما كەوتە بەرچاوم

## كوردستانی عوسمانی و توركیا

# لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم

## کوردستانی عوسمانی و تورکیا

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٣

ناوی کتێب: **لەرۆما کەوتە بەرچاوم، کوردستانی عوسمانی و تورکیا**
ناوی نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
دیزایی ناوەوە: **شۆڕش ئەحمەد**
دیزاینی بەرگ: **باسم ڕەسام**
چاپ: **چاپخانەی**
تیراژ: (١٠٠٠) **دانە**
چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠١٣**
وێنەی بەرگ: **تابلۆیەکی مێژوونووس مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگە بەناوی** (**هۆی گواستنەوەی سەردەمی عوسمانی**) **کە بە ڕەزامەندیی بنکەی ژین وەرگیراوە. بنەماڵەی مامۆستای مێژوونووس تابلۆکانیان بە بنکەی ژین سپاردوە. سوپاس بۆ هەردوولا.**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٤٩ ) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەرەکەی پارێزراوە**

# لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم

لە ڕۆمــا کەوتــە بەرچاوم کـەسێکی هـائیم و حـەیـران
بە هەیئەت تێی گەییم کوردە بەشێوەی ئـەهلی کوردستان
کە چوومە خدمتی پرسیم، برادەر خەڵکی کام جێگای؟
لـە کام لا هـاتـووی؟ گـریا، گوتـی: بابان، گـوتم بابان؟
دڵـم داوە، گــوتم: بـاوکـە، هــەمــوومــان بێکـەسین، لێرە
چ قــەومــاوە گـەلێ حـەیفە مـەگریێ هـەر وەکو باران
گوتی: بۆ غـوربەت و رووتـی نییە ئـەفغان و هـاوارم
لەداغـی حـاکمی خـۆمـە، لـە شان و شەوکـەتی تـورکـان
گــەلێکـم بیستووە پـەستی و بـڵنـدی دەوڵــەتـان، ئـەمما
جیهان نـەدیـدیوە پـەستی وا، میسالی حاڵی کوردستان

**حاجی قادری کۆیی**
**ئەستەمبوڵ**

## پێشکەشە:

مرۆڤ لە کتێبی خۆیدا زۆری کەسی لەسەر نییە. بۆیە کە لێرەدا ئەم کتێبەت پێشکەشدەکەم، ویستی خۆمە و شانازییە بۆم.

وەك خەڵکی هەر خەمبارنیم لەسەر نەخۆشییەکەت، کەمایەی خەم و پەژارەیە. خەمبارم لەسەر هەڵکەوتی جوگرافی لەدایکبوونەکەت. بریا دوو دەستچێنەکەی ئیستعمار، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان کوردستانیان لە چوار مێخە دا، وراتی کۆیە و بگرە کوردستانی جنوبیان لە تەنیشت دیاربەکرەوە دانابا. ئێستا ئەو کوردستانە مەرکەزییەش گۆڕەپانی سیاسەتی ئاوەدانی تۆ دەبوو.

هیچ بەشێکی کوردستان بە بچووك نازانم، تانە لە لێوەشاوەیی خەباتگێڕانی باکووریش لە سەرخستنی ڕێڕەوی کوردایەتی لەوێ نادەم، بەڵام نازانم بۆ پێموایە ئەگەر تۆ لە باکوور بای، بە هاوکاریی زیاترت بۆ تێکۆشەرانی ئەوێ، زۆر وێستگە و زۆر خوێن و فرمێسکمان گلدەدایەوە.

لەبەرئەوە، ئەم کتێبە پێشکەشە بە تۆ ... مام جەلال.

بۆیە لەسەر عادەتی میرزایانی قەدیم دەڵێم: لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢ دەست بەم کتێبە کراو لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣، لە عەهدی سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی دا، کۆتایی پێهات.

**ستران عەبدوڵڵا**

# ئەم کتێبە

لە نیوەی یەکەمی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢ یەکەم سەفەری ئەم کتێبەم بۆ ئەستەمبۆڵ دەستپێکرد، پێموایە - ئەگەر بەهەڵەنەچووبم - ١٥ ی مانگ گەیشتمە ئەستەمبوڵ. بەندە چەند جارێکی دیکە سەفەری ئەستەمبوڵ و تورکیام کردووە. هەروەها ماوەی بیست ساڵە، لە وەتەی کاری رۆژنامەنووسی دەکەم، لە سەر مەسەلەی کورد لە تورکیا، لەسەر خودی وڵاتەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستانی باشوور و مەسەلەکانی دیکەی ناوچەکە، بابەت و نووسین و راپۆرت و ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتن بڵاودەکەمەوە. وەک هەر رۆژنامەنووسێک، کە پێویستە وڵاتان ببینێ، چەند جارێک سەردانی وڵاتی تورکیام کردووە. بەتایبەتیش چوومەتە ئەستەمبوڵ. هەندێک وڵاتی ئەوروپی و عەرەبیش گەڕاوم و تەجروبەیان لێوە فێربووم، بەڵام کەمیان هاندەرمبوون لە سەریان بنووسم، بەتایبەتی نووسینێک لە دەرەوەی پێدانی زانیاری ئاسایی بێت، کە لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت دەستدەکەون، هەروەها لە دەرەوەی دیدی گەشتوگوزارانە.

لەبەر هەندێ ئەستەمبوڵ - یان تورکیا - بابەتێکی کەمەندکێش بوو. نووسین لەسەر ئەستەمبوڵ، نووسینە لەسەر مەڵبەندێکی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی. هەمیشە هەڵناکەوێت وڵاتێک بەم پێگەیەوە خەسڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی، خەسڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیای ناوەڕاست و هیچ نەبێ خەسڵەتە سەرەکییەکانی ژیانی مۆدێرنی ئەوروپای تێدابێت. پێکەوەبوون و تێکەڵبوونی ئەمانە خۆی لەخۆیدا، بابەتی چەندین نووسینی رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەن. جا ئەگەر ئەمە لەگەڵ بوونی کرمانجەکان و بوونی مەسەلەی کورد لە تورکیا و ئەستەمبوڵی پایتەختی دێرینی عوسمانی گرێبدەمەوە، بابەتەکە بۆ لەسەر نووسین،رەواییەکی دووقات وەردەگرێت.

گەلێک جار لەناو رۆژنامەکانی کوردستاندا، هەندێک جاریش لە ناوەندی ئەکادیمیدا، بابەت لەسەر تورکیا و مەسەلەی کوردی ئەوێ دەنووسرێ، بێ ئەوەی ئەمە هاندەربێت بۆ رۆژنامەنووس، یان لێکۆڵیار، کە خۆشی بچێتە شوێنی روداوەکە و ئەوی لەوێ دەگوزەرێت بەچاوی خۆی بیبینێ. بەتایبەتی لەسەر بواری رۆژنامەنووسی قسەبکەم، کەمجار هەڵدەکەوێت رۆژنامەنووسانی باشوور کتێب لەسەر روداوێک بنووسن لە وڵاتێکی تر، کە خۆیان بچنە شوێنی ئەو روداوە و خوێندنەوە و تەجروبەکانیان بە دیتن پتەوبکەن.

دۆستی ئەمریکاییم، کە لە زۆر مەسەلەدا مشتومڕدەکەین و لە زۆر سەلیقەشدا مامۆستا و خوێندکارین، فوئاد عەجمی، جارێکیان سەرنجێکی جوانی پێوتم، گوتی: کێتب لەسەر هەر شتێک بنووسم دەچمە شوێنی رووداوەکە، کە لەسەر عیراقم نووسی

وەکو رۆژنامەنووسە نەتەوەییەکانی عەرەبم نەکرد، خۆم هاتمە بەغدا و کوردستان، تۆش لەسەر کورد دەنووسی وا بکە، بچۆ شوێنی رووداوەکە.

ویستم ئەمجارە کتێبێکی رۆژنامەوانی بنووسم لەسەر ئەم بابەتە، کە جگە لە خوێندنەوەکانم و پشتبەستن بە کتێبخانەی خۆم و دۆستەکانم، لە رێی بەسەرکردنەوەو دیدەنییەوە لە مەیدانەکەدا بم و مامەڵەی گۆشت و خوێنی لەگەڵدا بکەم. (کتێبی لە رۆما کەوتە بەرچاوم، کوردستانی عوسمانی و تورکیا) بەرهەمی ئەم هەوڵەیە.

وەک لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێ، ئەم کتێبەم کردۆتە سێ تەوەرەوە:

تەوەرەیەکیان ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەیە، کە لەگەڵ هەڵبژاردەیەک لە کەسانی پەیوەندیدار بە مەسەلەی کورد و تورکیا و پەیوەندییەکانی نێوان کوردستانی باشوور و خودی تورکیا سازمکردوون، دەڵێم هەڵبژادەیەک، چونکە ئەمرۆ ماشەڵڵای لێ بێ لە تورکیا ئەو پەرلەمانتار، سیاسەتمەدار، لێکۆڵەر و رۆژنامەنووسانەی بەرخورد لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەن زۆرن، بەقەدەر زۆری ناوەند و دەزگاکانیان، هەروەها بەقەدەر قوڵایی مێژوویی وڵاتی تورکیا و کوردستانەکەی و قوڵایی بەسەرهاتی سیاسی لە هەردووکیاندا. بۆیە ئەوەی کردم، هەڵبژاردەیەکە پێموایە دەتوانێت وێنەیەک لەسەر دۆزەکە بداتە خوێنەر.

تەوەری دووەم بریتییە لەو ریپۆرتاژە سیاسیانەی نووسیومن و خەڵکی جیاجیام لەسەر دواندون. هی سێیەمیان بریتیین لە شرۆڤە و بیروڕاکانی خۆم، سەرەڕای ئەزموونی موتەوازعی ئەم بیست ساڵەم، هەوڵمدا حوکمی پێشین نەدەم، گوێبگرم و ببینم و بخوێنمەوە، هەر بەشێک لەو قەناعەتانەی پێشتر هەمبوون و شاشبوون لە ئاکامی سەردانەکانم ، کە سێ سەردانی چڕوپڕ بوون لە سێ قۆناغی جیاوازدا، ڕاستیان بکەمەوە. ئەوی قەناعەتیشم لەسەریان نەگۆڕا بەزانیای زیاتر پتەوتری بکەم، لە هەرسێ تەوەرەشدا هەوڵمداوە، ئەوەندەی رێڕەوی باسکردنەکە رێگەبدات، ئەو بیروڕایانەی لە سەرچاوەو کتێب و گۆڤارەکانی تایبەت بەم مەسەلەیەوە وەرمگرتوون جێگایان بکەمەوە و بیانخەمە دوو توێی باسوخواسەکانەوە. بۆیە بابەتێک کە جێگای سەرنجی خوێنەر بێ، ئەوەیە نووسین و ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسێکی پەیوەنددار بە باسێکی دیاریکراوەوە تەنیا دیدار و چاوپێکەوتن نییە لەگەڵ ئەودا، بەڵکو لە دوو توێیدا هەندێک جار پێشینەیەکی مێژوویی، پەیوەستەکانی روداوێک و هەندێک جاریش سەرچاوەی کتێبێک، یان گۆڤارێک بەکارهێنراوە. یان دژە وتەی کەسانی تر خراوەتە دووتوێی بابەتەکەوە. یانی چاوپێکەوتنەکانی لەم کتێبەدان تەنیا بیروڕای ئەو کەسانە نین دیداریان لەگەڵ کراوە، بەڵکو تێبینی و سەرچاوەی مێژووییش ئامادەن و هەندێ جاریش لە رێرەوی داڕشتنەوەدا بیروڕای خۆم و یادەوەری خۆشم بەکارهێناوە. بۆیە ئەم کتێبە لەیەک کاتدا کتێبی بیروباوەڕ و قەناعەتەکانی خۆمن کە پێیگەیشتووم، لەهەمان کاتدا بیروباوەڕی دەستەیەک لە کەسانی پەیوەندیدارن. بەمجۆرە دەتوانم بڵێم کتێبەکە هەم کتێبێکی شەخسییە و دیسانیش کتێبێکی دەستەجەمعییە.

لەسەرەتاوە بڕیارم دا بابەتێکی ئەکادیمی وشک و برینگ نەنووسم، کە زۆر لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەکادیمی لەم بوارەدا نووسراون، پەیڕەوی ڕێسا ئەکادیمییەکانم نەکردووە،

چونکە لە بواری ئەکادیمیدا کارم نەکردووە و خۆم بە سەربازێکی بواری ڕۆژنامەنووسی دادەنێم. بۆیە ئەم کتێبە بە دیوێکی تردا کتێبی ڕۆژنامەوانێکی کوردە، کە دەربەستی مەسەلەی کورد و کوردستان دێت. یاخود پێی خۆشە وا دەرکەوێت کە دەربەستی مەسەلەی کورد و کوردستان دێت و لەم پێناوەدا هەم کارێکی پیشەیی و هەم خەباتێکی سیاسیشی مەبەستە. قەدەر و چارەنووسی ڕۆژنامەنووسی کورد وایە، کە هەمیشە گرێدراوی مەسەلە نەتەوایەتییەکەی بێت، تاوەکو ئەو ڕۆژەی چارەسەردەبێ و هەر یەکەی خەریکی کەسابەت و کاری خۆی دەبێ.

# کلیلی هەندێك باس

مەبەستمە لێرە کلیلی هەندێك باس بکەمەوە، کە یارمەتیدەری خوێندنەوەی فەسڵەکانی ئەم کتێبە بێت و ئاڵۆزییەکانی کارەکتەرەکانی پۆلێن بکات. لەم کتێبەدا کوردی باکوور و باشوور، دەوڵەتی تورکیا، کارەکتەرە سەرەکییەکانن، بەڵام ناوی دەوڵەتی عیراق و ئێران و سوریا، بە کوردستانەکانی پەیوەستیانەوە، ناوی ڕۆژئاوا بە ئەمریکاکەشییەوە، دێنە نێوانەوە و کەم و زۆر گرێدراوی باسوخواسەکانن. هەر یەك لەم ناوانە شتن و دەستدەدەن بابەتی سەرەکی بن بۆ کەسێك بخوازێت کۆی دیمەنەکە نیگاربکات. ئەوە کە لێرە سێ کارەکتەر سەرەکین هی ئەوەیە بەندە هەر ئەمەندە دەسەڵاتم بە سەر کتێبەکەدا شکاوە، سا بەڵکو خەڵکی تر لە قوڵیترەوە بۆی بچن، یان دەرفەت بە من بدرێت لەو کونج و گۆشانەشەوە بیمەوە کایەکە. ئەگەر بژارەی تێهەڵچوونەوەم هەبێت لە چاپێکی تردا جگە لە فراوانکردنی بەشە خەباتی ڕۆشنبیری بە جۆرێك کۆششی ڕووناکبیرانی کورد لە ئەستەنبولی سەرەتای سەدەی بیست بگرێتەوە، بەشی کوردستانی ڕۆژئاواشی دەخەمە سەر تا دڵنیابم کوردستانی عوسمانلیم بە تەواوی تەیکردووە. کوردستانی ئێرانی هەر خۆی دۆسییەکی جیایە و هەڵیدەگرم بۆ گێمێکی تەواو، هەرچەندە لەم کلیلی باسەدا ئاماژەیەکم بۆی هەیە. کە وابێ با دەروازەکە بکەمەوە:

# یەکەم: یادەوەری دزراو

## (١)

بۆ ئێمەی کوردی باشوری کوردستان، سەدەی بیست- بەتایبەتی ساڵەکانی نێوان بیست بۆ هەشتاکان کە شەست ساڵی خشتە- سەدەی غەیببە و سوڕی متبوونە لە سەر ماجەراو وردەکاری کوردستانی باکوور، بەڵێ زانیاری لەسەر شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران (ساڵی ١٩٢٥) ئارارات و خۆیبون (١٩٢٧-١٩٣٠) دەرسیم (١٩٣٧-١٩٣٨) هەبوون و گەیشتونەتە ئێمە، بەڵام ئەو زانیاری و هەواڵدەرییە هیچ نین لەچاو گەورەیی قەومانەکانی ئەوێ. لەگەڵ سەرکوت و پێچانەوەی لاپەڕەی شۆڕشەکان، ئیتر زانیاری و هەواڵ لەسەر نەک شۆڕشەکان، بەڵکو خودی کوردیش نامێنێ و دەگاتە حوکمی نەبوون، لەو شەست ساڵەدا باکوور قسەی نییە لەسەر خۆی، کەس نییە شتمان بۆ بگێڕێتەوە، باسی شۆڕشەکانی خۆیمان بۆ بکات، باسی خەیاڵ و ئەندێشەو پەژارە، باسی خەباتی نهێنی مەحکەم، جەزا و زیندانی و رەشەکوژی و هەوڵە فەردییەکانی خەباتی رۆشنبیری و فەرهەنگی و دامەزراندنی یانە و گروپی سیاسیمان بۆ بکات. ریوایەت لە سەر باکوور تاڕادەیەک ریوایەتی خەڵکی ترە، واتا لەو شەست ساڵەدا هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر باکوور دەهاتن و دەگوتران لە چەند سەرچاوەیەکەوە بوون: باشوروی کوردستان و تاڕادەیەک تاک و تەرای ئەو کوردانەی باکوور کە لە شام بوون، وەکو ماڵباتی بەدرخانییەکان و ماڵباتی حاجۆ و لەو کوردانەشی لە قۆناغێکی تردا بە هۆی شۆرشەکانی کوردەوە ئاوارەی وڵاتان بوون، وەکو جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا، کە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوو، لەو کوردانەی لە پەنجاکان بەدواوە ئاوارەی سوریا و ئەوروپا بوون، لەوانەش نوری دەرسیمی و زنار سلوپی و نوردین زازا و عیسمەت شەریف وانلی. دوای ئەوەش لە کۆتایی حەفتاکاندا کەمال بۆرکای و حەمید بوز ئەرسەلان و هەندێکی تر.

بەواتایەکی تر، وەکو چۆن بزووتنەوەی کوردایەتی لە باکوور خرابووە حاڵەتی غەیبووبەوە، تێڕوانین و زانیارییەکانیش لە غەیبووبەدا بوون، ئەوەی وەکالەتی یادەوەری کوردستانی باکووری دەکرد، تا ڕادەیەکی کەم کوردستانی باشوور و تەیفی رەوەندی کوردی باکووریی لە شام و ئەوروپا بوون. بۆیە زۆربەی ئەو قسەوباسانەی پێشتر لەسەر باکووری کوردستان بۆ ئێمە لە باشوور دەکران، لە دەستی دووەمەوە بوون.

ئەگەر بیرۆکەکە باشتر شرۆڤەبکەم، ئێمە کە باسی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر دەکەین. زانیارییەکانمان لە خودی کەسایەتییە بەشدارەکانەوە، لە بیرەوەرییەکانی وەکو (چیم دی)ی مامۆستا ئەحمەد خواجەوە، لە قۆناغێکی تردا لە بیرەوەری ئەو کەسانەی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون. لە شۆڕشی ئەیلولیشەوە ئەو خەڵکانەی کە بەشداری

ئەو شۆڕشە بوون خۆیان بابەتیان دەنووسی و میدیایان هەبوو، تەبلیغاتیان هەبوو، دەیان ڕۆژنامەنووسی بێگانە کتێبیان لەسەر ئەیلول نووسی و تەرجەمەکران، ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێش پڕن لە زانیاری. کورت و کرمانج بۆ قسەکردن لەسەر کوردستانی باشوور لە سەرچاوەو دەستی یەکەمەوە زانیاریمان دەستدەکەوێ، بەڵام بۆ باکوور لەبەرئەوەی هەموو شتێکی کوردبوون قەدەغەکرابوو، زانیارییەکان زۆر درەنگ دەهاتن، کە دەهاتن زۆر کەم و پەرشوبڵاو بوون، لەهەمان کاتیشدا زۆر تێکەڵی ئەفسانە دەکران. ئەفسانە بە قازانجی خەباتی باکوور و بە زیانیشی، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی کوردبوون خۆی قەدەغەبوو، ئیتر یادەوەری و سەرنج لەسەر شۆڕشە کوردییەکان یانی چی؟

## (٢)

ئێمە لە مەسەلەی کوردستانی باکووردا چەند بابەتێکی دیاریکراومان هەبوو، کە بیستبومان و دەمانخوێندەوە. بۆ نموونە، بیرەوەرییەکانی ئیحسان نووری پاشا، کە لەناو سەرکردە کلاسیکییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، زۆرترین نوسراو و بەرهەمی هەیە. لە ڕێگای ئەوەوە زانیومانە پێکهاتنی خۆییبوون و شۆڕشی ئارارات چۆن بووە و کوردی ئەوێ چۆن کاریانکردووە؟ لە ڕێگای، بۆ نموونە، مەرحوم (بلەچ شێرکۆ) جەللادەت بەدرخانەوە، کە کتێبی (کێشەی کورد)ی نووسیووە، زانیاری لەسەر تورککردن و کورد کوشتن دەهاتن، لە ڕێگای ئەوەی کە بیستوومان د. نوری دەرسیمی بە تورکی کتێبی لەسەر شۆڕشی دەرسیم نووسیوە، بەڵام کتێبەکە زۆر درەنگ وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردیی سۆرانی، (سەرەتای ٢٠٠١ دەزگای موکریانی تەرجەمەکەی د. ئەحمەد فەتاح دزەیی بڵاوکردەوە).

ئەوەندەی خوێندومانەتەوە، ڕۆژنامە کوردییەکانی لە بیستەکاندا لەسەر دەستی ئینگلیز، یاخود ئەوانەی لە بەغدا و سلێمانی بەرەنجی شانی کورد دەردەچوون (بۆ نموونە، ژیانەوە کە ئینگلیز بۆ بەعیراقیکردنی کوردستانی جنوبی دەریاندەکرد، لە داخی تورکیای ململانێکار لەسەر نەوتی موسڵ، زۆری لەسەر شۆرشەکەی شێخ سەعید پیران نووسی) ڕۆژنامەی دیاری کوردستان، کە بە رەنجی کورد دەردەچوو، شانازی بەوەوە دەکرد وێنەی ڕاستەقینەی شێخ سەعیدی پیرانی لایە و بڵاویکردەوە. هەروەها ڕۆژنامەکانی ژین و پێشکەوتن و بانگی کوردستان کورتە هەواڵیان تێدایە لەسەر شۆڕشی شێخ سەعید، تەنانەت لە شیعری شاعیرەکانی کورددا، بۆ نموونە (ئەستێرە بەرزەکان)ی پیرەمێرد و شینی زێوەر و عەبدولخالق ئەسیری. دەمانزانی کە ئێمە قارەمانانێکمان هەن لە کوردستانی تورکیا کە زوڵم و زۆری ئەتاتورک و ستەمی کەمالیزم قبوڵناکەن و ڕادەپەڕن و دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەو ڕۆژنامانە لەلایەن نەوەی بیستەکان خوێندرابوونەوە و لەکۆتایی نەوەدەکان بەدواوە ئینجا سەرلەنوێ کەوتنە بەردەستی خوێنەرانی نەوەی ئێمە.

کتێب هەبوون لەسەر مێژووی کۆنمان، وەک ئەوانەی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ، بەڵام ئەوانە کەمیان دەگەشتنە سەر دۆخی قۆناغی متبوون و غەیبوبە. بیستوبومان مامۆستا ڕەفیق حلمی وەڵامی شوکری سەگبانی داوەتەوە، بەڵام ئەم سەرچاوانە بۆ نەوەی تازە لە حوکمی نەبوودا بوون.

وەک هەقایەتی بەرگوێی ئاگردان بیستومانە مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، وەرگێری شەرەفنامە بۆ عەرەبی، لەسەردەمی پادشاییدا، لەلایەن سەفارەتی تورکیا لە عیراق شکاتی لێ کراوە لەبەر ئەوەی هێرشیکردۆتە سەر ڕژێمی سەرکوتکەری تورکیا، دەماودەم بیستومانە کە مامۆستا برایم ئەحمەد چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی هەیە دەشێ بڵێین چیرۆکە خەیاڵی سیاسییە لەسەر وەزیر، یان سەرۆک وەزیرانێکی تورکیا، کە دێتە بەغدا و گوایە کۆمەڵێک لاوی کورد بڕیاردەدەن لە تۆڵەی زوڵم و زۆری سەرکوردان، میوانی بەغدای ئینگلیزی بکوژن. لە پەنجاکان بەدواوە وردەوردە هەندێ نووسین لەسەر ئەم مەسەلەیە دەرکەوتن، بەتایبەتی لە دوای قەومانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨. بۆ یەکەم جار یادکردنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەبینین. شەهیدی نەمر عوسمان عوزێری بابەتێک لەسەر شۆڕشی دیاربەکر پێشکەشدەکات و دوای ئەوە هەر ئەو بابەتە خۆی لە چوارچێوەی نامیلکەیەکدا- ساڵی ١٩٦٠- چاپدەکرێت. ئەمە یەکێکە لە هەوڵە بەراییەکانی بزوتنەوەی سیاسیی باشوور بۆ ناساندنی شۆڕشی کورد لە تورکیا، کە هەندێک زانیاری لەگەڵ برێکی زۆر حەماسەتی نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵە، ئینجا ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی لەسەر مەسەلەی کورد دەرچوون ئەم باسوخواسەیان پەرەپێداوە. بۆ نموونە، بیستمان د. کەمال مەزهەر ئەحمەد تێزی دکتۆراکەی لەسەر سەلماندنی ڕەوایی نەتەوەیی و لایەنی پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی بزوتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیرانە، کە لە یەکێتیی سۆڤیەت داکۆکی لێ کرد. یەکێتی سۆڤیەت یەکێک بوو لەو وڵاتانەی لە ئەدەبیانی بیستەکانی سەدەی بیست وای نیشاندەدا شۆڕشی پیران کۆنەپەرستییەکی دینییە لە بەرانبەر دەوڵەتێکی تازە هەڵچووی پێشکەوتوو و پێشکەوتنخواز، بەپێوەرەکانی ئەو ڕۆژگارە، کە پێوەری درۆ و دەلەسەش بوون.

کتێبێکی تری د. کەمال مەزهەر: (کوردستان لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا)، بەشێکی ئەو مێژووە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، کە باسوخواسی دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە و میراتی هەتیووە کەچەڵەکەی کورد لەسەر دەستی سایکس و بیکۆی شرۆڤەکردووە.

کتێبەکەی مام جلال لەسەر الحرکة القومیة الکردیة، کتێبی (کورد و کوردستان)ـەکەی شەهید دکتۆر عەبدولرحمان قاسملۆ، کە بەشێکی تەرخانە بۆ باسوخواسی کوردستانی باکووریش، ئەمانەش خەبەردەدەن لەسەر باکوور.

لەناو بڵاوکراوەکانی شۆڕشی نوێدا، چاپکردنی سەرنجەکانی ئیحسان نوری پاشا لەسەر شۆڕشی ئارارات، لە وەرگێڕانی ئەرسەلان بایز، چاپکردنی کتێبەکەی د. عەزیز شەمزینی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، چاپکردنی ئەو کتێبانەی بە کوردی لەسەر مەسەلەی کوردن لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا، کە بێگومان بەشی تایبەت لەسەر باکووری تێدەکەوێ. ئەو لێکۆڵینەوانەی سۆڤێتییەکان و ئەوروپییەکانیش بەگشتی لەسەر کورد دەیانکرد فەسڵی ئەوتۆی تەرخاندەبێ بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیا و چییەتی ئەو مەسەلەیە؟ بەشێکیان تەرجەمەکراون و تێیدا زانیاریی نوێ سەرەتاتکێیان بوو.

بەکورتی کورد لە باکووری وڵاتدا، کە کوردستانی دایک پێکدێنێ، لە حاڵەتی غەیبووبەدا

لێی قەدەغەبوو بە کوردی بخوێنێتەوە، بە کوردی بنووسێ و بێگومان باسوخواسەکانی بەسەر خۆی هاتبوون، لە دەرەوەی گێڕانەوەی رەسمی دەوڵەتی تورکیا، بیانگێڕێتەوە.

(٣)

هەڵبەت ئەمە زۆری نەخایاند، لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە باکوور، لە هەشتاکان بەدواوە، بەتایبەتی لەگەڵ دروستبوونی بزوتنەوەی پەکەکە، وردەوردە قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات، کە قۆناغی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری تێکۆشەر و ئازادیخوازانی کوردستانی باکوورە، زۆر لە هەڵسوڕاوانی کورد لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی باکوور ئاوارەبوون و کەوتنە ئەوروپا و سوریا و سەر سنووری کوردستانەوە. ئیتر ئەوانە بڵاوکراوە و نووسراوی خۆیان هەبوو، لە گەڵیشیا بێگومان گێڕانەوەی قۆناغە جیاجیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتییان لە باکوور دەمەزەردکردەوە، بەشێکی ئەو کۆششە رووناکبیرییە بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەری خەبات و تێکۆشانی باکوور کەوتە ئەوروپا و سوریا، بە حوکمی تێکەڵی کوردی تورکیا و کوردی سوریا، بەشێکیان لەوێ بەکرمانجی لاتینی و بەزمانی عەرەبی بڵاوکرانەوە، وردەوردە نووسراو و بابەت لەسەر تێکۆشانی کوردی باکوور دەرکەوتن. بۆ نموونە، لە ئەوروپا، نووسینەکەی (حوسێن یڵدرم) لەسەر کۆمەڵکوژی دەرسیم بڵاوکرایەوە. نووسراوەکانی مالمیسانژ لەسەر بنەماڵەی بەدرخان، رەنگە درێژترین لێکۆڵینەوەی ئێمە بابەتەکەی د. جەبار قادر بێت لەسەر کوردستانی تورکیا، کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێدا بڵاویکردەوە.

بەڵام ئەمانە تێری ئەو واقیعەی نەدەکرد کە کوردستانی باکوور تەنیا و تەنیا بەشێکی زوڵملێکراوی کوردستان نییە، بەڵکو بەشی هەرە گەورەی کوردستانیشە، کە بێ هەڵسانەوەی ئەو- وەکو مام جەلال باسیدەکات- زەحمەتە ئێمە قسە لەسەر هەڵسانەوەی نەتەوەی کورد بکەین، بەتایبەتی کە لە سەدا سەدی هێزی تورکی، کە دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە و ناتۆیە، تەرخانکرابوو بۆ بەرانبەری لەگەڵ نەتەوەی کورد، کەچی لە سەدا شەستی میللەتی کورد کە لە باکوورن، دەمکوتکرابوون و خرابوونە دۆخی غەیبوبەوە. بۆیە ئەم بارودۆخە گەورەیە بەو پریشکە زانیارییانەی دەهاتن تێری ئەو تینوێتییەی نەدەکرد، زۆر کەمتربوون لەوەی لە کوردستانە گەورەکەی تورکیادا دەگوزەرا، زانیارییەکانی ئێمە هەر بەشی زانیاری بوون لەسەر شارۆچکەیەکی ئاسایی، ئەو مێژووە مێژوویەکی لەتوپەت و چۆری زانیاری کەمبوو.

چیتر هەیە؟

کۆتایی هەشتاکان مشتومڕی نێوان مامۆستا د. کەمال مەزهەر و مامۆستا حەمەی مەلا کەریم لەسەر نازم حیکمەت و عەزیز نەسین دەبێتە دەرفەتێکی تر بۆ زیندووکردنەوەی باسی زوڵمی سەر کوردان لە تورکیا، ئەم گفتوگۆیە هەر گفتوگۆیەکی دوو رووناکبیری گەورەی کورد نییە بۆ داکۆکی لەسەر دوو ئەدیبی گەورەی تورک (نەسین و حیکمەت)، بەڵکو بۆنەشن بۆ ئەوەی وەبیرمان بێتەوە حاشاکردن لە کورد و کوردستان ئەوەندە تراژیدیایەکی گەورەیە بە جۆرێک ئێمەی کورد دڵمان بەناوهێنانیشمان خۆشە. (ساڵی

٢٠١٠ هەردوو رۆژنامەنووسی چالاک بەکر شوانی و سیروان رەحیم گفتوگۆکانی هەردوو مامۆستایان لەگەڵ نووسراوەکەی عەزیز نەسین، کە بووە ئەنگێزەی گفتوگۆکانیان لە چوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوکردەوە بەناوی (تورک لە بولگارستان و کورد لە تورکیا، وەرگێڕان و ئامادەکردنی بەکر شوانی و سیروان رەحیم، پێشەکی پرۆفیسۆر جەبار قادر، چاپی هەولێر، ٢٠١٠).

دڵمان بەوە خۆشە مامۆستا شوکر مستەفا رۆمانەکانی یەشار کەمال و کەمێکیش شیعری ئەحمەد عارفمان بۆ وەردەگێڕێت، دڵمان بەوە خۆشە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەو جەنجاڵی خەباتی کوردایەتی رۆژهەڵاتدا کاتی هەیە حەمەدۆکمان پێ بناسێنێ و بە گێڵە پیاوی عەزیز نەسین بمانخاتە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی نیوەی زیاتری براکانمان لەناو سنوورەکەیدا دەژین. ئەحمەدی خانی لە رێی پرۆفیسۆر د. عزەددین مستەفا رەسولەوە بە عەرەبی سەر لە کوردستانی باشوور دەداتەوە. هەر ئەوە بەسە کە یەشار کەمال کوردە، چوقورئاوا دەڵێی گوندێکی کوردستانییە، بەو کەمە رازین کە چیرۆکی کانگای بەڵای مامۆستا حەسام بەرزنجی پێمان دەڵێت. لەوێ کوردێک هەیە خیانەت لە شۆرشی باکوور دەکات ودەبێتە هەوێنی نۆڤلێتێکی باشوور، کە تا ئەو وەختە نۆڤلێتی هەر زۆر کەمبوو

تا راپەرین دەقەومێت، راپەرین هەم بە مێژووی قەدەغەکراوی باشوورمان ئاشنادەکات و هەم دەرگا لەبەردەم هامشۆی کوردایەتی نێوان باشوور و باکووریش دەکاتەوە. ئیتر سنوور نەک ناوی زەکیە ئەلکان و دیاربەکرمان لێ قەدەغەناکات، بەڵکو لەیلا زانا و عوسمان ئایتارو زوبیر ئایدار بە چاوی خۆمان دەبینین و پەکەکەش بە حزب و شەڕ و خەباتی خۆیەوە دەبێتە بەشێک لە ژیانمان. ئیتر دەزانین باکوور لە هەشتاکانەوە هاواری ناڕەزایی و لە نەوەدەکاندا هەم خەباتی چەکداری هەیە و هەمیش ململانێی دیموکراتی دەکات. مەد تیڤی وەک تەلەفزیۆن و کۆمەڵێک بڵاوکراوەو کتێب و کاسێت لەسەر خەباتی باکوور سنوورەکان دەبەزێنن. لەم بیست ساڵەدا باکوور غەیبوبەی میدیاییش تێدەپەرێنێت، وەک چۆن هەیەو شایەنێتی ئاوا دێتەوە نێوان. وا چەند ساڵێکیشە باکوور لە سایەی وەرگۆڕانەکانی تورکیاشدا دەفتەر و باوڵ و چەکمەجەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکاتەوە و نەک مێژووی خۆی، بەڵکو لاپەرە دزراوەکانی مێژووی باشووریشمان بۆ هەڵدەداتەوە، کە وەک من بۆم دەرکەوتووە برایانی باکوورمان روانگەی جیاوازیشیان لەسەر باشوور هەیە.. ئەگەر ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین لە ڕیفراندۆمی ویلایەتی موسڵدا دەنگمان بە تورکیا نەدا و ئەمەش لەبەرامبەر عیراقدا وەکو سەرمایەیەکی رەمزی (عیراقی)بوونی خۆمان تەوزیفدەکەین، ئەوان رەخنەیان لە حکومەتی تورکیای بیستەکان هەیە کە دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ بوو، چونکە لەبەر نەوت رازی بوو موسڵ بداتە ئینگلیز و عیراق، دەستبەرداری ئەو ویلایەتە بوو تەنها لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری ئەو ویلایەتە کوردبوون، نەک تورک.

# دووەم: پەیوەندیی کورد و تورک

## هەموو لاپەڕەکان ڕەش نین، هەمووشیان سپی نین

خاڵێکی تر، کە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، باسوخواسی ئەزموونی کوردە لەگەڵ دەوڵەتە تورکییەکانی نزیکەی هەزار ساڵی ڕابردوو، لە دەوڵەتی سەلجوقییەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانلی و بەراوردکردنی مامەڵەی جاران بە ئەزموونی مامەڵەی دەوڵەتی تورکیای کەمالیستی و عەلمانی، لەگەڵ پرسی کورددا. هەندێک لە بەشدارانی گفتوگۆکان ئەم بەراوردکارییە دەکەن و لە میانەی فەزای نیو عوسمانیزمدا نموونەی مامەڵەی دەوڵەتی عوسمانلی لەگەڵ هاوڵاتییە کوردەکانی دێننە زمان، گوایە هەموو ناهەقییەکانی بەرامبەر کورد کراون هی سیستمی عەلمانیی و حوکمی عەسکەرییە و مەسەلەی کورد لەو کاتەوە هاتووە، کە ناسیونالیزمی عەلمانیی حوکمی تورکیای گرتۆتەدەست. ئەمەش دەمانباتە سەر وێستگەکانی پەیوەندیی مێژوویی و ئەوی پێیدەوترێ تەوزیفی مێژوو بۆ سیاسەتی هاوچەرخ:

- یەکەم ویستگە، وێستگەی مەلاز گردە: لە شەڕی مەلازگردەوە دەستپێدەکات (ساڵی ١٠٧١)، کە کورد توانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ لە سەرکەوتنی سوپای تورکە سەلجوقییەکان بەسەر مەسیحییە بێزەنتییەکاندا. کوردان ئەم هاوکارییە وەکو شانازییەکی ئیسلامیی و نەتەوەیی دەردەخەن و تەوزیفی سیاسیی دەکەن، کە نەتەوەیەک ئەم ڕۆڵەی هەبێت، نەتەوەیەکی ڕەسەنە و هی ئەوە نییە وەکو نامۆیەکی بێ ماف و ئازادی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تورکەکانیش ئەم ڕەهەندە زەقدەکەنەوە تا بڵێن هاوپەیمانێتی کورد لەگەڵ تورکدا کۆنە و ئەوانەی باسوخواسی کورد و تورک و بزووتنەوەی نەتەوایەتی دێننە پێشەوە نامۆن و زیان لەو دۆستایەتییە دەدەن و دەخوازن کورد لە تورک جیابکەنەوە.

- وێستگەی چاڵدێران: واتا وێستگەی هاوپەیمانێتی میرەکانی ٢٣ ئەمارەتی کوردی لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەکەم بە نێوبژیوانی زانا و دانای ناسراو ئیدریس بەدلیسی، بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی هەژموونخوازی سەفەوییەکان. ساڵی ١٥١٤ یاوز سەلیم و میرە کوردەکان ڕێککەوتن، کە سەربەخۆیی ئەمارەتەکانیان بپارێزرێ، بە مەرجێ کورد بۆ غەزا و بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێکی دەوڵەتی سەفەویی ئامادەبێت. وەکو باسیلی نیکیتین نووسیویەتی (لەماوەی ١٥٠ساڵدا کوردەکان بەپێی ئەو پەیمانە لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیی دوا نەکەوتوون و لە هەموو جەنگەکانی ئەو دەوڵەتەدا بەشدارییانکردووە، لەو پێناوەدا دەیان هەزار قوربانییان داوە.... الکرد دراسة سوسیولوجیة و تاريخية، باسیلی نیکیتین، د. نوری طالبانی، اربیل ٢٠١٢، چاپی شەشەم، ل٢٩٢).

ئەم ڕووداوەش لە تورکیا بە شێوەی جیاجیا تەوزیفی سیاسیی دەکرێت. هەن دەڵێن ئەوەتانێ هاوپەیمانێتی کورد و تورک جارێکی تر مێژووییبوون و ڕەسەنایەتی خۆی سەلماندەوە، هەشن ئەمە بۆ مەسەلەی کورد تەوزیفدەکەن، تا بە تورک بڵێن ئێوە بێ کورد ئەم سەرکەوتن و مەزنایەتییەتان دەستگیرنەدەبوو. لەکاتێکدا تا دوێنێ لە باشوور وا سەیری ئەم ڕێکەوتنە دەکرا کە فێڵێک بوو لە کورد و ناوی مەلا ئیدریسیش، تا بەم دواییەش، ناوێکی خۆشناو نەبوو لەگوێی ناسیونالیستی هاوچەرخی کورددا و چاڵدێرانیش لە خەیاڵدانی ئەو ناسونالیستە واقیعەی یەکمجار دابەشکردنی کوردستانە.

– وێستگەی شەڕی ڕزگاری نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی غازی مستەفا کەمال، ئەو شەڕانەی کورد شان بەشانی تورک کردوویەتی بۆ دەرکردنی هێزەکانی بەریتانیا و ئیتالیا و یۆنان، کە دوای جەنگی یەکەم کەوتنە گیانی پیاوە نەخۆشەکە بۆ دابەشکردنی میراتکەی و ئەستەنبولیشیان داگیرکرد.

ئەمەشیان دیسانەوە بە سێ ئاڕاستە تەوزیفی سیاسیی دەکرێت، لەلایەن تورکەکانەوە تا بوترێ دیسانەوە چارەنووسی کورد و تورک لە شەڕێک دژی بێگانە یەکیگرتەوە، لە لایەن کوردیشەوە بە دوو ئاڕاستە بەکاردێت، ئاڕاستەیەکیان کوردە ناسیۆنالیستەکان دەڵێن ئێمە لەو پەستێنەدا یارمەتی تورکەکانمان دا، بەڵام ئەوەتانێ دەسکەوتەکان بەپێچەوانەوەن، هەندێکی تر باوەڕیان بەوەیە ئەمە بکەنە بۆنە بۆ گەڕانەوەی ئەو مافانە کە تورکیای نوێ بەڵێنی دا بە کوردی بدات.

## هەزار ساڵ لەگەڵ تورک ؟
## ئەی چەند لەگەڵ ئیران وعەرەب؟

هەرچەندە لەنێو دێڕەکانی ئەم کتێبەدا هەندێک ئاماژەم بە بیروبۆچوونەکانی خۆم لەسەر پەیوەندی کورد وتورک داوە. بەڵام خراپ نییە لێرەدا هەندێک تێبینی کورت بڵێم:

پێش پەیوەندی هەزار ساڵەی کورد و تورک، پەیوەندی دوو هەزار ساڵی کورد و فارس یان کورد و ئاریایی زەمین هەیە. ئەم پەیوەندییە زیاتر لە هەزار ساڵی پێش ئیسلامەوە درێژەیکێشاوە تا پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەوی. هاوپەیمانێتی کورد و ئێران ، کورد و فارس و نەتەوەکانی ئاریایی زەمین لە زەمانی پێکهاتنی ئیسلامدا، لە چەند وێستگەیەکدا چۆنایەتی بووە، وێستگەی خۆراپسکانی نەتەوەکانی ئیسلام لە دژی دەسەڵاتی عروبی بەناوی ئیسلامەوە. شۆڕشی بەنی عەباس بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد و فارس و ئازەر، کە هەموویان لە ژێر چەتری ئێرانیبووندا بوون، لە خۆراسانی گەورەوە دەستیپێکرد. بەنی عەبباس بە شۆڕشی ئەبومسلمی خۆراسانی کورد توانیان حوکمی خۆیان سەربخەن. دوای ئەوە ئەبو جەعفەری مەنسوڕ لەم هاوپەیمانانەی خۆی هەڵگەڕایەوە و غەدری لە خورسانی کرد. چەند قۆناغێکی تر هەیە تێیدا کورد، دیسانەوە بەشێک بووە لە خەباتگێڕانی ئێران زەمین بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە بەرانبەر دەسەڵاتی عەباسیدا. بۆ نموونە، ماجەڕای ئالی بەرمەک و قیامی

بابەکی خورەمی. دوای ئەوە فاکتەری تورکیش هاتۆتەکایەوە، کە بەحوکمی ئیسلامبونیان وردە وردە ئێرانیان گرتووەو دەوڵەتی سەلجوقیان لەسەر دامەزراندووە. بەم مانایە دەولەتی سەلجوقیش دەولەتیکی ئیرانییە لەسایەی حوکمی تورکیدا. سەلجوقییەکان هەوڵیانداوە نفوز پەیدابکەن لەناو عەرەب، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکانیش بەشی زۆریان سوننە بوون، ئەم حزورەی سەلجوقییەکان لەو قۆناغەدا نەبووە هۆی دابڕانی کورد و ئێرانییەکان.

لەکاتێکدا بویهییەکان (٩٣٢ –١٠٥٦) خۆپاریزبوون و مەبەستیان پاراستنی نفوزی خۆیان بوو. سەلجوقییەکان (١٠٣٨–١١٩٤) پەلیاندەهاوێشت. لەکاتیکدا ئێرانییەکان شەڕی ناوەندیتی عەرەبیان دەکرد، تورکــە ســەلجوقییەکان لە ڕێی شــەڕ لە دژی بیزەنتییەکان، بەشەڕی مەلازگردیشەوە، هەم خۆیان پایەداردەکرد لەناو عەرەبدا و هەمیش خاکیان بۆ ئیسلام زیاددەکرد.

تورکەکان سیاسەتێکی زیرەکانەیان هەبوو، کە بریتیبوو لە سیاسەتی کارکردن بۆ ئیسلامەتی بۆ ئەوەی خۆشیان پایەداربن، لە ژێر تایتڵی کارکردن بۆ ئیسلام هەم لە عەرەب نزیکبوونەوەو هەم لەو شەڕانەی لە دژی بێزەنتییەکان دەیانکرد وردەوردە توانیان شوێن و پێگە بۆ خۆیان دروستبکەن و ئەو خاکەی لە بێزەنتییە مەسیحییەکان دەستێنرا لەیەک کاتدا دەبوون بەخاکی تورک و خاکی تێکڕای موسلمانان. هەموو ئومەتی موسڵمان ئەمەی پێ خۆش بوو. لە قۆناغی دەوڵەتی عوسمانیشدا گرتنی قوستەنتینییە و کردنی بە ئەستەنبوڵ، لە بنچینەدا دابینکردنی پایتەختێک بوو بۆ تورکەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا پایەدارکردنی نفوزی ئیسلامەتیش بوو. ئەمەش جێگای دەستخۆشی هەموو نەتەوەکانی موسڵمان بوو. واتە تورکەکان هەوڵیاندا ئەو شتانەی دەیکەن خۆیان و ئیسلامی پێ پایەداربکەن، بەپێچەوانەی ململانێکانی دەوڵەتی ئێرانەوە، کە هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتی عەرەبیدا بەدەعوابوو و ئەم ململانێیەش رۆڵی هەبوو لە گێڕاندنەوەی ناسنامەی ئێرانێتی، کە وەکو نەتەوە و وەکو ئێرانزەمینیش حەقی خۆیان بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وەکو (شەڕێکی ناوخۆیی) موسڵمانەکانیش دەکەوتەوە. بابەتەکە بۆ ئێران موڵک و خاکی داگیرکرابوو لەلایەن عەرەب و بەناوی ئیسلامەتییەوە، بەڵام بۆ تورکەکان سەرهەڵدانی نەتەوەیەک، دابینکردنی موڵک و خاک بوو، لەپەنا ئیسلامەوە.

بەهەرحال ئیمە دەتوانین بلیین، یەکەم دەرکەوتنی هاوپەیمانیتی کورد و تورک لەسەر زەمینی ئاریادا بوو.

دەوڵەتی سەفەوی، بە قۆناغێکی دیکە لە زیندوکردنەوەی ناسنامەی ئێرانیتی لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام بە هۆی دروستبوونی دەوڵەتەکە لەسەر بنچینەی شیعەگەرایەتی، ئێرانزەمین بەجۆرێک لە جۆرەکان کەوتە بەردەم دووڕیانەوە: بوون بە شیعە کە شا ئیسماعیل دەوڵەتە ئیرانییەکەی خۆی لەسەر ئەوە بیناکردووە، تەوەللاکردنی کورد و بەشێکی بەرچاوی کوردستان، کە ئەو کاتە لەژێر سایەی ئێرانزەمیندا بوو و بەم ئیختیارە شیعییە رازی نەبوون و وەکو سوننە مانەوە. لەبەرئەوە ئەمانە لە شەڕی چاڵدێراندا جگە لەوەی دایەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئەمارەتەکان بپارێزرێ، لەهەمان کاتدا

بناغەی هاوپەیمانێتییەکی نوێیان لەنێوان کورد و تورک دامەزراند لە سەر بنچینەی نەک تەنیا ئیسلامەتی، بەڵکو لەسەر بنچینەی سوننە بونیشـیان.

کەواتا: هاوپەیمانێتی یەکەم، ئیسلامبوونی کورد و تورک بوو بەرانبەر بە بێزەنتییە مەسیحییەکان، هاوپەیمانێتی دووەم لەنێوان کوردە سوننەکان و تورکە سوننەکان بوو لە دژی سەفەوییەکان. هاوپەیمانێتی سێیەم لە شەڕی رزگاریی نیشتمانی، سەردەمی غازی مستەفا کەمال، هاوپەیمانێتی نە ئیسلامەتی و نە مەزهەبی بوو، بەڵکو هاوپەیمانێتی نەتەوەیی کورد و تورک بوو تەنها لە چوارچێوەی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانلیدا، لە غیابی نیوەی کورد، کە کوردی ئێران بوو(ئەوانە لەئێراندا بوون). دواتر کوردی عیراق و کوردی سوریاش، دوای جێگیرکردنی سنوورەکان، لەم هاوپەیمانێتییە کشانەوەو بوونە (هاوپەیمانی) عەرەبی عیراق و سوریا. کوردی تورکیاش لە ١٩٢٥ شۆڕشیانکرد و بە پاشماوەی هاوپەیمانێتییەک رازی نەبوون، کە نکۆڵی لەئیسلام و سوننە و کورد بوونیش دەکرد، لە سایەی حوکمی کەمالیستەکاندا. ئیتر لەوێ بەدواوە، لە تۆماری رەسمیی کۆماردا (کورد نەما بوو) تا هاوپەیمانێتی، یان دوژمنایەتی لەگەڵدا بکرێت.

ئینجا باپشکنینی زەمەن و سەدەکان بکەین لە پەیوەندی کورد بەنەتەوەکانی ناوچەکەوە.

– هەموو کورد دوو زیاتر لە هەزار ساڵە پەیوەندییان، بەچاک و خراپ، لەگەڵ ئێران و فارس هەیە.

– نیوەی زیاتری کورد نزیکەی هەزار ساڵە پەیوەندیان لەگەڵ تورک، بەچاک و خراپ، هەیە.

– چارەکێکی کورد نزیکەی سەد ساڵە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ عەرەب، بە زۆری خراپ و کەمێکی زۆر کەمی چاکەوە، یانی زیاد لە ٢٠٠٠ ساڵ، بە هەزار، بە سەد ساڵ.

بەمجۆرە لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێران و لەوێ بەدواوە ئێران بەشێکی بەرچاوی خاکی کوردستانی لەدەستدا، کە ئەوکاتە بەشێک بوون لە ئێرانزەمین. هەروەها بەشی بەرچاوی گەلی کوردی لەدەستدا، کە یادەوەری هاوبەشی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەیەکەوەبوون بوو. بۆ یەکەم جار سیاسەتی توندوتیژی دەوڵەتی سەفەوی دژی پیگە و حەیسیەتی میرە کوردەکان درزێکی خستە هاوپەیمانی ئارییبوونەوە و رێگای بۆ هاوپەیمانێتییەکی جیاوازی کورد و تورک خۆشکرد، کە لەسەر بنچینەی رەگەزی پێکنەهاتووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی ئایینی و مەزهەبی.

ئەم مێژووە لە چاڵدێرانەوە رێگای بۆ ئەوە کردەوە بەشێکی زۆری ئەمارەتە کوردییەکان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و هاوپەیمانێکی بەهێزیان هەبێت لەگەڵ عوسمانییەکاندا، بەڵام لەهەمان کاتدا رێگای بۆ دابەشکردنی یەکەمی خاکی کوردستانیش کردەوە، چونکە ئەوەی میرە کوردەکان توانیان لە خاکی کوردستان بیپارێزن بە سەربەخۆیی مایەوەو ئەوەکەی دیکەی لە حوکمی مەرکەزیی سەفەوییەکاندا مایەوە.(سیاسەتی سوڵتان سەلیم بەخشندەیی و دەستبڵاوییەکی ئیداری زۆری تێدابوو بۆ رێبەرە عەشایەرەکانی کورد، حوکمی کوردستانیان دایە دەست ئەمان، تاوەکو بە ئاب و ئاشکرا لە شێوەی ئەمارەتی خودموختاری، لەناو سیستمی سیاسی عوسمانلیدا، دەربکەون. کارکردن بەم سیستمە نزیکەی دوو سەدە و نیوی خایاند.. ئەم شتە بۆ کوردی ئێران نەلوا، کە حوکمڕانە

سەفەوییەکان فەرمانڕەوا و والی ئازەربایەجانیان لەسەر دانان و ئەمانەش سیاسەتی سەرکوتکردن و دەستگیرکردنی سەرکردە کوردەکانیان پەیڕەوکرد. لەسەردەمی نادر شاتهماسب (١٦٨٨-١٧٤٧) راگوێزرانی بەکۆمەڵیان دژی کورد پەیڕەوکرد، ئەم سیاسەتە لە قۆناغێکی تردا دەوڵەتی عوسمانلیش پەیڕەوی لێ کرد.. مبحثات علی هامش ثورة الشیخ عبیدالله النهری-دار ئاراس، ساڵی چاپ ٢٠١٠، چاپی دووەم ل١٦٣-١٦٤).

ئێرانییەکان وردە وردە هەندێک لامەرکەزییان دا بە کوردەکان، ئەوەش لە شەڕی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانیدا کەوتە ژێر تۆزی ئەسپەکانی هەردوولاوە. بەڵام ئەوە کاتێکی درەنگبوو، ئیتر دڵی بەشێکی زۆری کوردەکان، بەتایبەتی کوردە سوننەکان، لە دەوڵەتی ئێرانی رەنجابوو، چونکە روانگەی مەزهەبی لەو کاتەدا کاریگەری لەسەر فارس و کورد و تورکیش هەبوو، بێگومان کاریگەریشی لەسەر بندەستەکانی وەکو کورد زیاتردەبێ. باسیل نیکتیین لە کتێبی (کورد)دا دوو تێبینی سەرنجراکێش دەنووسێت، یەکیان ئەوەیە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، کە لەرۆژئاوا ناسراوە، رێکنەخرابوون. لەبەرئەوە تێبینی دووەمیش دێتەکایەوە، کە (شێوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان و سنووری نێودەوڵەتی هەردوو سەڵتەنەتیش هەمیشە لەگۆڕاندا بووەو سەرەنجام ماوەی جەنگ و ئاشووب لە ماوەکانی ئیدارەی ئاسایی وڵاتەکەدا زۆرتربوون... الکرد، باسیل نیکتیین، سەرچاوەی پێشوو ل٢٩٢).

کەواتا ئەو شرۆڤەیەش راستە، کە شەڕی چاڵدێران دەکرێ مێژووی هاوپەیمانێتی بێ بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردییەکان، لەهەمان کاتدا سەرەتای یەکەمین دابەشکردنی کوردستانیش بێت. بێگومان دوای ئەوە رێککەوتننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩دا بۆ یەکەم جار ئەم سنوورەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی چەسپاند و دابەشکردنەکەی کوردستانی کرد بە ئەمری واقیع .

ئەگەر بەراوردی نێوان وێستگەی مەلازگرد ١٠٧١ بۆ وێستگەی چاڵدێران بکەین، راستە دوو وێستگەی هاوپەیمانێتی کورد و تورکە، بەڵام لەڕاستیدا دوو وێستگەی یەک ئاست نین. دەوڵەتی سەلجولقی وردەوردە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکان بەوە گۆڕییەوە ئیمارەتە کوردییەکەی مەروانییەکانی لابرد، کە دەبوایە سیغەیەک بۆ هاوپەیمانێتی هاوسەنگ بدۆزێتەوە، تا سەربەخۆیی ئەمارەتی مەروانی پارێزراوبێت لەژێر چەتری دەوڵەتی سەلجوقیدا، مادام ئەمارەتێکی دادگەر و ئاوەدانخواز بوو. هەڵسەنگاندنی مێژوو ئاوەها لەسەر دەوڵەتی مەروانی دەدوێت: (نەسرلدەولە حەزی بەشەڕ نەبوو، ئەو سووربوو لەسەر پاراستنی خەڵکی لە تەنگژە و وڵات لە وێرانی، بۆیە بەرنامەیەکی ئاشتیخوازی هەڵبژاردبوو لە پەیوەندیی دەوڵەتەکەی بە دەوڵەتانی دراوسێ و چارەسەرکردنی گرفتەکان لە رێگەی رێککەوتن و لێک تێگەیشتن، ئیبن ئەسیر لەم بارەیەوە دەڵێت:نەسرلدەولە- زۆر ئاگربەستی لەگەڵ پاشاکان دەکرد، ئەگەر دوژمنیش مەبەستی پەلامار بووایە، ئەوەندەی بۆ دەنارد کە لەگەڵیدا رێبککەوێت، دەگەڕایەوە لێی. ئیبن جەوزیش دەڵێت: ئەگەر دوژمنێک مەبەستی بوایە بەرامبەری، پێیدەوت: چەندت لە بەرامبەر ئەم شەڕەدا دەوێت؟، ئەگەر بیوتایە:

پەنجا هەزار، ئەو چەردە (مقدار)ەی بۆ دەنارد، یان لەگەڵیدا ڕێکدەکەوت، دەیوت: پاڵ بەو دوژمنەوە بنێن.

لەسەر ئاستی ناوخۆیش، مێژوونووسان گەواهی بڵاوبوونەوەی دادگەری و نەرمونیانی بەرامبەر بە گەل بۆ نەسرولدەولە دەدەن، ئەوە ئیبن ئەسیرە باس لە بڵاوبوونەوەی ئاسایش و دادگەری لە دەوڵەتی دۆستەکەیدا دەکات: وڵاتەکەی ئارامترین وڵات بوو، باشترین و زۆرترین دادگەری تێدابوو.

ئیبن ئەسیر لە باسی ژیانی نەسرولدەولە بەرامبەر خەڵکەکەی دەڵێت: ژیانی (مامەڵەی) لەگەڵ خەڵکەکەیدا باشترین ژیانە... مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا، د. ئەحمەد مەحمود خەلیل، وەرگێڕانی زرار عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نێوەند، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠، ل٢٧٣) بۆیە ئێمە ناتوانین قسە لەسەر هاوپەیمانێتییەکی سەد دەر سەد بکەین.

لە هاوپەیمانێتی نێوان سوڵتان سەلیم و کوردەکاندا، سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردییەکان پارێزرا، بەڵام نە ئەم هاوپەیمانێتییە ئەوەندە کەمەندکێش بوو کوردەکانی دیکە پێوەی پەیوەست بن، نە سەربەخۆیی ئەمارەتەکانیش تا سەر ما. ئەمەش مانای وا نییە ئێمە بەچاوی ئەمرۆ ئەمارەتە کوردییەکان و سوڵتان سەلیم و بەدلیسی دادگاییبکەین، بەهۆی پەشیمانبوونەوەی نەوەکانی ئەوان لە ڕۆحی هاوپەیمانێتییەکە، بەڵام ئەمە واقیعێکە، دوایی وردەوردە ئەو سەربەخۆییە نەما، بەتایبەتیش کە شکستی سیاسەتی فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانی، بەرەو ئەوروپا، ناچاریکرد هەڵوێستەیەک بکات و بیر لەوە بکاتەوە ئەوەی هەیەتی بیپارێزێ و دەوڵەتێکی مەرکەزی دروستبکات، بەتایبەتی لەگەڵ قۆناغی ئیسلاحاتەکاندا (فەرمانی تەنزیمات لە ساڵی ١٨٣٩و فەرمانی چاکسازیی ساڵی ١٨٧٦)، کە ئیتر ناوەڕۆکی ئەو هاوپەیمانێتییە بەتاڵکرایەوە.

کەواتە ئێمە ناتوانین بڵێین سوڵتان سەلیم فێڵێکیکردووە و بەدلیسی بەشداریکرد لەو فێڵەدا و میرە کوردەکانیش غافڵگیربوون، بەڵام دوایی ئەنجامەکە وا کەوتەوە، ئەو سەربەخۆیی و لامەرکەزییەتەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو کۆتایی پێهات.

ئێمە لەم هاوپەیمانێتییەشدا تەنها هاوپەیمانێتی نابینین، بەڵکو سیاسەت و پێچە بەدەورەش دەبینین، قۆناغی جیاجیا دەبینین کە سەرەنجام بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوپەیمانێتی نێوان میرایەتییە کوردییەکان و ئیمپراتۆریای عوسمانی هەڵوەشایەوە و کۆتایی پێهات. دوای ئەو کوردەکان بوون بە هاوڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی مەرکەزی، کە لەسەر بنچینەی ناسنامەی عوسمانی بیناکرابوو، نەک ناسنامەی تورک بوون، بەڵام ئەمە واقیعێک بوو ئیتر کوردیش تەنها بوو بە هاوڵاتیی عوسمانلی و ستاتۆی کوردی نەما، دەوڵەت دەستەبژێری کوردستانی بانگەکردە ئەستەنبوڵ، ئەوەی ویستی پلەوپایەی پێدان و ئەوەی گەرەکی بوو زیندانیکردن و ئەوانەی مایەی هەڕەشەبوون دووری خستنەوە، ئیتر ڕێگا بۆ دروستبوونی چینێک لە شێخەکان کرایەوە، کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ڕێبەرایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردیان کرد، لە جیاتی میرەکانی ماڵباتی بەدرخان، کە ئەزموونی کۆنفیدرالییەتێکی گەورەیان پێکهێنا (ساڵی ١٨٤٧)، بەڵام دوایی بەداخەوە شکستیان خوارد.

عەبدولعەزیز یامولکی دەنووسێت: (چاوێکی خێرا بە مێژووی عوسمانیدا بگێڕن، دەبینین ئەم دەوڵەتە تا ساڵانێکی نزیک خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە ڕاپەڕین و یاخیبوونە و ٪٩٥یان لە ئەنادۆڵ روویان داوە و هەمیشە خوێنێکی زۆر رژێنراوە و ئەمجا وەستێنراوە و زۆربەیشیان لە شوێنێکدا بێدەنگکراون. ئەم راپەڕین و یاخیبوونانە لەبەرئەوە سەریانهەڵداوە، کە حکومەتی تورکیا پەیمانە مۆرکراوەکانی خۆی لەگەڵ کوردستاندا فەرامۆشکردوون و کەوتووەتە هەڵوەشاندنەوەی بەرودوای میرنشینەکان... (کوردستان و راپەڕینەکانی کورد، عەبدولعەزیز یامولکی لە تورکی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، ئا: سدیق ساڵح، سەردەم، چاپی یەکەم ل٤٣).

کەواتە لێرەدا، لە سوڵتان سەلیمەوە تا سەدەی بیستەم، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتە سەر حوکم، یەک ئاست لە وێنەی کورد و تورک و وێنەی عوسمانلی و کورد نابینین، بەڵکو ئاستی جیاجیا دەبینین، کە تێیدا ئەندازەی سەربەخۆیی کورد لە گوزارشتکردن لەخۆی و نیشتمانەکەی جیاوازە و قۆناغێک هەیە تەنانەت کوردستان راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە حوکمکراوە، نەک بە وەکالەت لەلایەن چینێک لە چینە دەسەڵاتدارەکانی کوردەوە. لەبیرمان نەچێ تەنانەت لە سەردەمی سوڵتان سەلیمیشدا کوردستان هەموو بە یەک چین و ئاست لە سەربەخۆیی بەهرەمەندنەبوو، سەروەختێک هاتە پێشەوە دیاربەکر راستەوخۆ لەلایەن سوڵتانی عوسمانلییەوە بەڕێوەدەبرا، نەک لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە. حاکمێکی موتڵەق دانرا، کە دووبارەکردنەوەی هەمان نموونەی ئێرانی سەفوی بوو لە حوکمی کوردستاندا.

دەوڵەتێک شەسسەت ساڵی خایاندبێ و هەموو دنیای بەخۆیەوە سەرقاڵکردبێ، هاوپەیمانێتی کردبێ و سەرکەوتن وشکستی هەبێت، بێگومان گۆڕانی زۆر بەسەر شێوازی بەڕێوەبردنەکەیدا دێ. بەو جۆرە چەند قۆناغێکمان هەیە لە چیرۆکی کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانلیدا:

قۆناغی رۆمانسیی رێککەوتن، سەربەخۆیی و رووبەرووبوونەوەی یەک هەڕەشەی دەرەکی.

قۆناغی تەنزیمات، چاکسازیی عوسمانلی، کە ئەگەر لە سنووری چاکسازیی حوکمڕانیدا دابینبوایە مانایەکی خۆشی دەبوو، بەڵام بۆ مەرکەزیەت و نەهێشتنی سەربەخۆیی ستاتۆی کوردی، ئەوا تراژیدیا و پاشەکشێیە.

واتا یەکەم بەرخوردکردنی کورد لەگەڵ ئیسلاحکردن و بەئەورووپاییکردن و نوێکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانلی، بەتایبەتی بەشێوە فەرەنسییەکەی، زیانی بۆ ستاتۆی کوردی هەبووە. ئەم زیانە درێژەی کێشا، هەتاوەکو ئەو جموجۆڵانەی لە چلەکانیشدا هەبوون، بەجۆرێک لە جۆرەکان وا وێنادەکران، کە کورد بەرانبەر مۆدێرنێتە وەستاوەتەوە. (رۆژنامەی تایمز لە رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧دا هۆکاری شۆڕشی دەرسیمی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی گوایە کوردەکان دژی خوێندن و پەروەردەن. باسیل نیکیتین وەڵام دەداتەوە و دەنووسێت، کە باشترین شێوە بۆ پەروەردە و خوێندنی کورد ئەوەیە، بە زمانی خۆیان بێت تا باشتر پەیوەستی ئەو وڵاتە بن، کە ئەوان هاونیشتمانی وین.. سەرچاوەی پێشوو ل٤٨٦).

## لەم هەڵسەنگاندنەوە

ئەمە وەکو وتم، هەموو تێروانینەکان بۆ تەوزیفی سیاسی دەستدەدەن و بەکاردێن، کوردەکانی تورکیا وەختێک دەخوازن رۆڵی شانازی نەتەوەی کورد باسبکەن، زۆر جەخت لەسەر ئەم هاوپەیمانێتییە دەکەنەوە، کە کورد توانیویەتی لە چەند قۆناغێکدا بەهانای تورکەوە بچێت، تورکەکانیش ئەمە بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی قەدەری (هەرگیز لێک دانەبڕاوی) برایەتی کورد و تورک دەخەنەگەڕ

د. رشید خەیون مێژوونووس و نووسەری عیراقی جارێکیان لە بەیروت پێیوتم، هەمیشە ئەو رووداوانە لە مێژووی ئیسلامەتییەوە دەهێنمەوە، کە مانایەکی گەشبینی دەبەخشن، ئەوانەی وەکو من حەزیان لە پێکەوەژیان و مرۆڤدۆستییە دەچن ئەو رووداوە مێژووییانە هەڵدەبژێرن، کە تێیدا شیعە و سوننە پێکەوە هاوبەشێتییان هەبووە، ئەوانەی حەزیان لە شەڕی نەتەوەیی و تایفەگەرییە دەچن ئەو نموونانە دەهێننەوە لەیەکدابڕان و شەڕ و کوشتار دەردەخەن. منیش پێموایە هەمیشە مێژوو دەشێت نموونەت بداتێ بۆ تەوزیفی خێر، ئەگەر تۆ بتەوێ پێکەوە ئایندە لەگەڵ دراوسێکانت دروستبکەیت و هەمیشە دەکرێ بۆ خراپەش بەکاری بهێنی، ئەگەر خوانەخواستە بتەوێت دابڕان دروستبکەیت، بەڵام لەڕاستیدا مێژوو پێش هەموو شتێک وانەی بەکەڵکە، تاوەکو ئەو پانتاییەی بریتییە لە پانتایی لەیەکدابڕان و ناخۆشی کەمبکرێتەوەو پانتایی پێکەوەیی و لێبوردەیی، لەسەر بنچینەی سەروەری ئەفرادەکان و سەروەری نەتەوەکان و سەروەی تاکەکان و دادپەروەری، زیاتربکرێت.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێ سەیری پەیوەندییەکانی کورد و تورک بکرێت:

– هەموو قۆناغەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەکو یەک یەکسان نین لە مامەڵەی کورد و مامەڵەی زۆر دۆسێی تریشدا، بەڵام بەگشتی لەگەڵ مەرکەزیەتی حوکمدا ئیتر راپەرین و نارەزاییەکانی کورد سەریانهەڵدا و دروستبوون، بەواتایەکی تر هەڵەیە پێمانوابێت تەنها لەگەڵ کودەتای ئیتحاد و تەرەقی شۆڤێنیست و ئینجا زاڵبوونی رەوتی کەمالیزم کێشەی کورد سەریهەڵداوە، بەڵکو بێمافی و زوڵم و زۆری سەر کوردان مێژووییەکی کۆنتری هەیەو لەگەڵ پێشێلی هەموو چەشنە قەوارەیەک و چوارچێوەیەکی ناسنامەیی دەستپێدەکات و تا قۆناغی نکۆڵیکردن لە هەموو کوردبوونێک، لە سەردەمی عەلمانیی کەمالیزمدا، درێژدەبێتەوە. ناکرێ ئێمە لەتاو زوڵمی ئەتاتورک سیاسەتی تواندنەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدمان لەبیربچێت، تەنانەت ئەگەر مەبەست لێی تواندنەوەیەکی ناسیونالیستی توندرەویش نەبێت. ئەگەر نا دەوڵەتی ئەتاتورکی فاریزەیەکی رەشە لە مێژوویەکی رەنگاورەنگی تۆخ و کاڵی پێکەوەیی کورد و تورک لە دەورانی سەلجوقی و عوسمانییدا.

– دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێک بووە لەسەر زەوی دامەزراوە و لە ئاسمان بەرپانەبووەو ئەزموونەکانی پڕن لە سەرکەوتن و کەموکوڕی، لە شانازی و شەرم ، کورد و تورک دەتوانن لەم نموونە مێژووییانە دەرس وەربگرن، هەرچی خراپە بۆ دەرس وەرگرتن بەکاری بهێنن و ئەوەی باشە بۆ درەوشانەوە و سەرەتایەکی نوێ لەنێوان کورد و تورک لە تورکیای نوێدا بەکاریبهێنن.

– پێشموایە مێژوو ناگەڕێتە دواوە، بەڵام ئەگەر تەمەنی قەوارەی عوسمانلی بە جۆرێک لە جۆرەکان درێژتربوایە و بمابایە، ئەو کاتە دەکرا ئەو کەموکوڕییانەی لە بواری مافی کورد و نەتەوەکانی تردا هەبوو چارەسەربکرێ و مافەکانی کورد لە تورکیایەکی خاوەنی ناسنامەی سەروو نەتەوەیی زووتر بەدەستدەهاتن تا لە تورکیایەکی کەمالیستی نکۆڵیکار لە بوونی نەتەوەکەمان کە هیچی تیا بە سەر نەبوو بۆ کورد.

– بێگومان ئەم شرۆڤەیە تەزکییە نییە بۆ دەوڵەتی عوسمانی، وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی و ڕەتکردنەوەش نییە بۆ عەلمانیەت تەنها لە داخی دەوڵەتی عەلمانی تورکیا. لەڕاستیدا من پێموایە دەوڵەتی کەمالی دەوڵەتێکی عەلمانی نەبوو، بەڵکو زیاتر دەوڵەتێکی ئیلحادی بوو، لە زۆر بواردا نزیک بوو لە ئیلحادی سۆڤێتی، نەک عەلمانییەتی ڕۆژئاوایی، نزیکدەبۆوە لە ئیغتراب تا غەربزەدەییەک بەمانای دەوڵەتێکی مۆدێرن و لیبراڵ، بۆیە تورکیای کۆماری کە لەچاو مێژوویەکی دوور و درێژی دەوڵەتداریی تورکدا زۆر زۆر بچووکە، هەڵوەستە و پێداچوونەوەیەکی گەورەی پێویستە، بۆ ئەوەی لەسەدەی بیست و یەکەمدا درێژە بەخۆی بدات و بۆ دواجار ئەو نۆستالۆژیا تورکییە موعالەجە بکات، کە بۆ دەوڵەتی عوسمانلی هەیە و بتوانێ ئاوێتەیەک لە شکۆی پێشووی میللەتی تورک و خواستی بە ئەورووپایی بوون و خواستی بە دەستهێنانی ناسنامەیەکی فرەڕەنگ، کە کورد و تورک و هەموو نەتەوەکانی تر پێکەوە بسازێنێ، دروستبکات.

# فەسڵی بەرایی

## چارەسەر چییە؟

شێرەکە چڕنووکەکانی خۆی لە لووت بەرزییەکی زۆرەوە بۆ درەختەکە درێژکردەوەو ویستی لقەکانی ببڕێتەوە، پیاوەکە هەلەکەی قۆستەوە و بە تەورداسەکەی کێشای بەسەری شێرەکەدا، شێرەکە ویستی رابکات، کە خوێنی پێدا دەچۆڕا.
پشیلەکە: بووەستە، بۆ کوێ رادەکەیت؟
شێرەکە: تۆ ئەوەندەی توانیوتە خۆت لە زۆرداری ئادەمیزاد بپارێزە، ئەمەش زۆرە. گەر لە شوێنی تۆ بوومایە نەمدەتوانی ئەوەندەی تۆ خۆم بپارێزم.

کتێبی
بنەماڵەی جەمیل پاشا
دیار بەکری و کوردایەتی، مالمیسانیز

# چارەسەر چییە؟

قسە لە سەر چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا تەنها قسە نییە لە سەر کۆتایی پێهێنانی یان گەیشتنە فۆرمێک بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد، بەڵکو هەر دەبێ قسەکردنیش بێت لە سەر داهاتووی کورد وەک نەتەوە لە تورکیا. چونکە قسە لە سەر چارەسەر، تەنانەت بەمانای چارەسەرییەک مافی نەتەوەیی کورد دابینبکات، (لەبەرئەوەی چارەسەری واش هەیە مەبەست لێی بۆ بڵاوپێکردنی کێشەکەشە) بەس نییە. چارەسەری مافە سیاسییەکان دەشێ گرێبەستێک بێت بۆ رێککەوتنێکی سیاسی، کە قابیلی هەڵوەشاندنەوە و پاشگەزبوونەوە بێت. هەرچی قسەکردنە لە سەر ئایندەی نەتەوەی کورد ئەوە باسێکی ستراتیژییە و گەرەکە هەموو هەنگاوەکانی دیکەی چارەسەری بچنە خزمەتییەوە.

با جارێ شرۆڤەی کورتی هەر سێ توخم بکەین:

## - چارەسەر بەمانای کۆتایی پێ هێنان:

ئەمە چارەسەرییەکی شۆڤێنی کورتبینە. گەرەکێتی چارەسەر بەمانای حەل تەرجەمەنەکات، بەڵکو بەمانای حەلکردن (هەڵوەشاندنەوەی) بزووتنەوەی کوردستان و قودرەتمەندییەکانی بەردەستی تەرجەمەی بکات. ئەم چارەسەرییە بە ئاشکرا دەخوازێ بڵێت: کوردەکان ئێوە لە دەستپێکردنی خەبات و تێکۆشانتان بۆ مەسەلەکەتان تێکەوتوون، لەسەرەتاوە بزووتنەوەیەکی لاسارتان هەیە و دەرفەتی پەشیمانبوونەوەتان نییە، بەڵام وا ئێمە بەخێری خۆمان ئەو دەرفەتەتان دەدەینێ، ئەم دەرفەتە دەریچەیەکە بەکەمترین ئەستۆدارییەوە لێی دەربچن و نە ئێمە دەنگ و نە ئێوە دەنگ، وەک جاران بەلەنگاز و تورکی شاخاوی بن و هیچیتر.

ئەم چارەسەرە هی هێڵی سیاسیی جەهەپە و مەهەپە و هەر رەوتێکی سیاسییە، کە لە مەسەلەی کورد تێناگات و پێیوایە ئەوی ناوی (تیرۆر) یان لێ ناوە «دۆسێیەکە هی تیرۆرە، کەچی لای تورکە شاخاوییەکان ناوی مەسەلەی کوردی لەخۆی ناوە» کاتی خۆی ئەم رەوتەم ناونابوو رەوتی ئەوانەی دەخوازن دۆسێی کورد بگرنەدەست، نەک بۆ چارەسەرکردنی، بەڵکو بۆ لەوتوپەتکردنی دۆسێکە و فرێدانی.

نزیک بەو چارەسەرییە، دیدێکی شاشی تر هەیە پێیوایە چارەسەری مەسەلەکە تەنها ئەوەیە زوڵم و زۆری سەر کورد، کە لە سەد ساڵی رابردووی تەمەنی کۆماری ئەتاتورک لەدژیان کراوە، هەڵبگیرێن و ئیتر ببرێنەوە . ئەم چارەسەرە دڵساف و دڵسۆزانە دژی ستەم و زوڵمی سەر کوردانە، بەڵام لە باری سیاسییەوە کورتبینە، چونکە زوڵم لادەبات،

بەڵام ماف دابین ناکات. ئەم ڕەوتە سیاسییە دەڵێت کورد هەیە، بەڵام هەیە و بەس و پێویست بەوە ناکات مافیان بدرێتێ.

ئەم چارەسەرە خۆی لەو ڕاستییە نەبان دەکات، کە ئەسڵەن بۆیە زوڵم لە کورد دەکرێت، چونکە مودەعییەکی سەرسەخت و خاوەن هەقە بەسەر وڵاتی خۆیەوە و داوای مافەکانی دەکات، ئەگینا ئەگەر لابردنی زوڵم یەکسان بێت بە لابردنی داخوازی مافەکانم ئەوا لە ئەسڵدا پێویستی بە خەرجی و قوربانیدانی خەبات نەدەکرد. چونکە ئەوی خەبات بۆ مافەکانی نەکات، بێگومان بەبێدەنگی دەتوێتەوە و هیچ حەوجە بە سەرکوتکردنی ناکات.

## - چارەسەر بەمانای دابینکردنی مافی نەتەوەیی:

ئەمە بریتییە لە مەسافەیەک لە ماف و دانپیانان، لە ناساندنی کوردەوە دەستپێدەکات تا قەوارەی نەتەوەیی دیاریکراو لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی و بنمیچی یاسایی و دەستووری تورکیادا. ئەم چارەسەرە پەیوەستە بە هێزی بزووتنەوەی کورد، ئەزموونی سیاسی هێزە کوردستانییەکانی باکوور و بەئەندازەی ئەوەش پەیوەستە بە گەشەی دیموکراسی و تێگەیشتنی کۆمەڵی تورکیا بۆ پرسی کورد و ڕەوایی داخوازییەکانی.

## - داهاتووی کورد لە تورکیا:

بریتییە لە چارەنووسی کورد لە ناو قەوارەی تورکیا و چانسی بەردەوامی نەتەوەکەمان لە بەهرەداری و خاوەندارێتی لە خۆی و لە داهاتووەکەی.

لەم سێ توخمەدا دەکرێت بڵێین:

یەکەمیان: تەرخانی سیاسەتی کورتبینی ڕەوتێکی هەشتاساڵەی شۆڤێنییە، کە هیچی تیا بەسەر نەبوو بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و تورک. ئەمە جێی ئیعتباری ڤەکۆڵین نییە و ئاسۆی داهاتووشی نییە.

دووەمیان: تەرخانی ڕێککەوتنی سیاسی و چارەسەری دۆسێی سیاسی کوردە، تەرخانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردایەتییە بەپێی قودرەتمەندیی بەردەستی.

ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، ڕێگا لە بەردەم گەشەی گەورە دەکاتەوە و دەرفەتی داهاتووی ستراتیژییش بە نەتەوەی کورد دەدات. بۆیە توخمی یەکەم ئیزن دەدەین و لە سەر دووەم و سێیەم گفتوگۆمان هەیە:

# توخمی چارەسەری سیاسی

ئەگەر لە سەر زەمینی واقیع کوردستانێتی و هاوچارەنووسی نەتەوەیی یەک یەکەی بەرجەستە نەبێت، بە حوکمی پەرتەوازەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە لەبابی ئەدەبیاتی کوردایەتی و ئەزموونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە هەر یەکێک لە بەشەکانی وڵاتدا، کوردستان سەرتاسەر ئەزموونی قوڵ و کانیــاوی دەرس و دەورە بۆ کـەڵک وەرگرتن و نموونەهێنانەوە و دواجار بۆ نەخشەکێشانی ئایندەش.

لە باشوور، حزبی هیوا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پرۆگرامێکی سیاسی دوور مەودای هەبوو، کە بەئاشکرا داوای رزگاری سەرتاسەریی کوردستانی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە چوارچێوەی قۆناغبەندکردنی ئامانجەکانی خۆیدا ئەم حزبە پێی ئاسایی بوو داوای مافی بچوک وەک خوێندن بە زمانی کوردی و هەندێک دەسکەوتی ئاسایی بکات. ئەم نەریتە لە حزبی شۆڕش (حزبی شیوعی کورد) و حزبی رزگاری و تەنانەت لە یەکەم حزبی فراوانی کوردستانیی، پارتی کە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، بووە باو و لەم ئەزموونەدا داخوازییەکانی کورد قۆناغبەندی کراوە.

جێگیرکردنی بیرۆکەی رزگاری کوردستان لە ئەدەبیاتی کوردایەتی وەکو مەبدەئێکی نەگۆڕو داوای مافی نەتەوەیی لە بیرۆکەی مافی رۆشنبیرییەوە تا ئۆتۆنۆمی وەک وێستگەیەک لە ڕێی چارەسەری مەسەلەی کورد، ئەمانە هەمووی تەجرەبەن و لەبەردەست کوردایەتین لە باکوور و سەرتاسەری کوردستاندا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا، ساڵی ١٩٨٦ دروشمی مافی چارەنووسی بەرزکردەوە، کە ئەدەبیاتی ئەم حزبە شرۆڤەی مافی چارەنووسی وا کرد، مانای حوکمی زاتی راستەقینە، ئینجا فیدراڵیش بگەیەنێ لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی عیراقدا. رەنگە لە ئایندەشدا شرۆڤەی کۆنفیدرالیش بگەیەنێت. بنچینەی پیادەکردنی مافی چارەنووس وەک ئەوەی یەکێتی شرۆڤەی دەکرد ئەوە بوو کە:

١- ئیرادە دەداتەوە بەگەل بڕیاری خۆی بدات.

٢- دەشێ ئەم ئیرادەیە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەبی عیراق دابینبکات.

٣ - ئەم پرەنسیپە لەگەڵ واقیعی ژیان، هەلومەرجی لەبار و نالەباری سیاسی کوردستان و بەغدا و جوغزی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بەگوێرەی ئەوە وێستگەی داخوازییەکە و شیمانی وەدەستهاتنی دیاریدەکرێت.

٤- بەمجۆرە یەکێتی هەم خەونەکە دەپارێزێ و هەم واقیعە بەرجەستەکە دەخاتە خزمەتی چارەسەری مەسەلەی کوردەوە.

لە ئەزموونی باکووردا، شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئارارات و قیامی سەید رەزای دەرسیم ویستی سەربەخۆییان هەبوو، سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشانە وایکرد نەک داخوازی نەتەوەیی، بەڵکو خودی بزووتنەوەی کوردایەتی و نەتەوەی کوردیش تووشی نکۆڵی و فەوتان ببن.

لە شەستەکاندا داخوازی مافەکان تەنها ناسینی بوونی کورد و لە حەفتاکان بۆ مافی نەتەوەیی و لە هەشتاکان داخوازی سەربەخۆیی کوردستان دروشمی زۆربەی هێزە نهێنی و شۆڕشگێڕەکانی باکوور بوو، دیارترین هێزێک ئەم دروشمەی بەرزکردەوە پەکەکە بوو، دەنا هێزەکانی تریش هەمان دروشمیان هەبوو، بەڵام سەربەخۆیی بەناوی ئەوانەوە نەناسرا. بووە پاوانی پەکەکە.

لەگەڵ داخوازیی سەربەخۆییشدا، ساڵی (١٩٩٣) سەرکردەی ئەم حزبە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئامادەی دانووستاندن بوو لەگەڵ دەوڵەتەکەی تورکۆت ئۆزال. ئۆجەلان

فۆرمەڵەیەکی فیدراڵی خستەڕوو، بەڵام ئەم بەهاری کرانەوەیە کورتخایەن بوو، ئاگربەست شکا و ئۆزالیش مرد. دەرسودەوری سەرەکی ئەم وێستگەیە ئەوەیە ئیمکانی ئەوەی دەرخست ئۆجەلان لەیەک کاتدا دروشمی سەربەخۆیی هەبێت بۆ هەر چوار پارچە و لە هەمان کاتدا لە پارچەی باکووردا ویستی دانووستاندنی هەبێت.

لە سەردەمی ئۆزالدا ویستی فیدراڵی رمێنی هەبوو، چونکە ئۆزال ئاڵوگۆڕی بیرۆکەی دەوڵەمەندی بۆ چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، نیازیبوو باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا ببنە فیدراسیۆنێک. بەتایبەتی گوایە لەگەڵ تاڵەبانیدا ئەم بیرۆکەیەی تاوتوێکردووە. بگرە (کامەران قەرەداغی) لە دیدارێکی ئەم کتێبەدا، هەروەها جەنگیز چاندەریش کە ماوەیەک راوێژکاری ئۆزال بوو و لە تەرەفی تورکەوە، بەشداریی کەینوبەینی پەیوەندیی کوردی عیراق و تورکیای سەرەتای نەودەکان بوو، لە چەند سەرچاوەیەکدا، زانیاری ئەوە دەدەن کە فیدراسیۆنەکەی ئۆزال بەشی کوردی تورکیاشی تێدابووە. یانی شتێک بێت وەک فیدراسیۆنێکی سێ قۆڵی (کوردی باشوور، کوردی باکوور، تورکیا).

مێژوونووسی تورک مەتە توپخای داوا دەکات تێزەکەی ئۆزال لەسەر فیدراسیۆن بژێنرێتەوە. (ناو بەناو مەیلی بوێرانەش هەبووە. بۆ وێنە تورگوت ئۆزال دەیویست باکووری عیراق بخاتە سەر تورکیا و بیکات بە هەرێمێکی فیدرال، کوردەکانی خۆمان و باکووری عیراق یەکبخات و کۆماری تورکیا بکات بە فیدراسیۆن، بەڵام پێی نەکرا... ئەگەر ئێمە سەروبەرێک بە بارودۆخی کوردەکانی خۆمان بدەین. لەوانەیە کوردەکانی تورکیا و عیراق یەکبگرن. ئەنقەرە دەیەوێ یەکبگرن و بێنە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.. ئۆزالیش ئاواتێکی وای هەبوو. زۆر لایەنگری ئۆزال نیم، بەڵام لانی کەم دەیزانی وڵاتە نەوتییەکانی جیهان دۆخێکی زۆر باشیان نییە... دیداری رۆژنامەی ئەکشام، وەرگیراو لە گۆڤاری تورکیاناسی، ژمارە (٢٨)، شوباتی ٢٠١٢، ل٧٨).

بەگوێرەی ئەزموون: بزووتنەوەی کوردایەتی لە باشوور نەرمونیانی زۆری لە پرۆپۆزەلی چارەسەری لەخۆی نیشاندەدا، ئەمەش وایدەکرد تەجرەبەی سیاسی بۆ دانووستاندن لەگەڵ بەغدا کەڵەکەبکات.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە نامیلکەی «الدكتور الاتاسي والقضية الكردية»دا باسی نموونەیەک دەکات چۆن میسر و سوریا و عیراق لە سەردەمی ناسر لە میسر و قەومییەکان لە عیراق ویستویانە یەکێتییەکی عەرەبی چێبکەن. بزووتنەوەی کوردایەتی دژنەبوو، بگرە تاڵەبانی پێشنیازیکردووە ئەگەر سوریا و عیراق و میسر یەک دەگرن:

(آ- ئەگەر عیراق چووە ناو یەکێتییەکی فیدرالی، پێویستە ئۆتۆنۆمییەکی دیاری رۆشن و فراوان بدرێتە گەلی کورد لە عیراق.

ب- ئەگەر عیراق لە یەکێتییەکی تەواو لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی عەرەبدا یەکخرایەوە گەلی کورد لە عیراق هەرێمێک پێکدێنێ لەو دەوڵەتە یەکگرتووەدا.. جلال الطالباني، الاتاسي و القضية الكرية، لە کتێبی كتابات في المسالة الكردية - الجزء الثاني: اعداد رفيق صالح، بنکەی ژین- السليمانية، ٢٠٠٨، ل٣٦٠).

دیارە ئەو دەمە سەرەنجام دوو بەشی کوردستان، کوردستانی باشوور لە عیراق و کوردستانی ڕۆژئاوا لە سوریا، لە چوار چێوەی وڵاتێکی عەرەبی یەکگرتوودا وەک قەوارەیەکی ناوخۆیی کوردستانیی، یەکیاندەگرتەوە.

ئەم تێزە تاڵەبانییە هەم دژی یەکێتیی نەتەوەیی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی نەبوو، هەمیش مافی نەتەوەیی کوردستانی لە قەوارەیەکی فیدراڵیدا دابیندەکرد.

## پرۆژەی بەدەپە

لە نموونەی تێزی کوردایەتی لە باکوور زیاتر لە نموونەیەکی چارەسەری خراوەتەڕوو:

-بەدەپە وەک باڵی سیاسی تەڤگەری کورد لە بۆنەی بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لە باکوور داوای قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند، ئینجا پرۆژەی چەند هەرێمێکی جیاجیایان خستەڕوو، کە یەکێتی هەرێمی کوردستانی باکووری دەپاراست و جۆرێک لە لامەرکەزی بۆ هەموو ویلایەتەکانی تورکیاشی دابیندەکرد. فراکسیۆنی (ڕەنج و ئازادی)، کە بەرەی دیموکراتی کورد بوو، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١١دا، وەختێک بڕیاری بایکۆتکردنی پەرلەمانی گشتی وڵاتی دا، داوای جۆرێک لە حوکمی ئۆتۆنۆمی کرد، کە دەرفەت بە کوردستان بدات پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەبێت.

لێرەدا ئاماژە بە یەکێک لە پرۆژەکانی بەدەپە دەدەین، کە ساڵی ٢٠١٢ پێشکەشیکردووە. بەگوێرەی پێشنیارەکەی بەدەپە، جگە لەحکومەتی مەرکەزی، چەند ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی دروستدەکرێن و لە ناوچەکە کوردییەکاندا ٢٠ کۆمەڵەی سەربەخۆ (پەرلەمان) لە ڕێی هەڵبژاردنەوە دادەنرێن، بە مەرجێک لە چوارچێوەی دەستووردا بێت و توانای سەپاندنی باج و دەرکردنی یاساکانی هەبێت.

هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئیدارەی مەرکەزی بەرپرس دەبێت لە کاروباری «دادوەری، بەرگری نیشتیمانی، ئاسایشی نەتەوەیی، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دارایی، خەزێنە، بازرگانی دەرەکی و ئەرکەکانی پەیوەست بە بازاڕ. هەرچی پەرلەمانە هەرێمییە سەربەخۆکانیشە، ئەوا بەرپرس دەبن لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە فێرکردن، تەندروستی و کاروباری گشتی. هەروەها دانانی حاکم بۆ هەرێمەکان لە ڕێی هەڵبژاردنەوە، کە هەندێک دەسەڵاتی سەربەخۆی هەبێت.

ئەم مۆدێلی حوکمڕانییە هاوشێوەی مۆدێلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، تەنها لە بری ویلایەت لێرەدا ناوی هەرێم بەکارهێنراوە.. (بەشی مۆنیتەرینگی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرەتای ٢٠١٢).

– پەکەکەش بیرۆکەی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی خستەڕوو لەگەڵ چەند داخوازییەکی تایبەت بە مەسەلەی زمان و باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی ڕێبەری کورد لە تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

– ئۆجەلان لە سەروبەندی خستنەڕووی تێزی چارەسەری لە ئیمراڵییەوە، داوایکرد ئەو قەوارە ئۆتۆنۆمییە بدرێتە کورد، کە کاتی خۆی کەمال ئەتاتورک بەرنامەی بۆ دانابوو (بڕوانە نووسراوی ئەمانەتەکەی ئەتاتورک لەم کتێبەدا).

ئەم ڕێڕەوە دەریدەخات قەوارەیەکی دیاریکراو لە ئەندێشەی کورددا هەیە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە تەڤگەری کوردی ئەمەی دواخستووە بۆ دوو وێستگەی تر:

– وێستگەی دیاریکردنی چارەنووسی ئۆجەلان، بەتایبەتی ئەمە لە ئەولەویاتی پەکەکەدایە.

– وێستگەی داننان بەناسنامەی کورد لە دەستوورو یاساکاندا، کە ئەم ئیعترافە خۆی ڕێگا بۆ ئیستحقاقە نەتەوەییەکان بکاتەوە. بە ئیستحقاقی قەوارەیەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی تورکیاشــەوە.

لە مشتومڕ و پێشبڕکێی پێشنیازەکانی دەستووردا فراکسیۆنی بەدەپەش گەڵالەی پێشنیازەکانی خۆی نووسیووە. ماڵپەڕی ڕۆژنامەی رادیکاڵ و ئاژانسی هەواڵی دۆغان پوختەیەکیان بڵاوکردۆتەوە، کە لێرەدا بۆ دەرخستنی ئەندێشەی بەدەپە ئاماژدەکەین بە چەند بڕگەیەکی پەیوەست بە مەسەلەی ناسنامە و ئەوی کورد دەگرێتەوە:

بۆ دیباجەی دەستوورەکە:

ئێمە گەلی تورکیا، بەگشت تاک و گەلەکانییەوە بڕوامان بە ماف و ئازادییە سەردەمییەکانی مرۆڤ هەیە، بەبێ جیاوازیکردنی ڕەسەن، زمان، ئایین، نەژاد، ڕەگەز، ڕەچەڵەکی ئەتنیکی و بەبابەتی لەم جۆرە. هەموو کەس بە یەکسانی قبوڵدەکەین. هەموو ئەو ناسنامە، کلتور، ئایین و بڕوا جیاوازەکان لە ژێر گەرەنتیی دەستورردان. جیاوازەکانمان وەکو هەوێنی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتیمان دەبینین.

بەشی یەکەم: بنەڕەتییەکانی ڕژێمی دەوڵەتی دیموکراسی جۆرێتی دەوڵەتی کۆماری تورکیا.

مادده ١ – (١) کۆماری تورکیا، لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ، دەوڵەتیکی یاسایی دیموکراسی، سکۆلار و سۆسیالە. (٢) دەوڵەت: لەبارەی ئایدیۆلۆژیاییەکان، ئاینەکان، باوەڕییەکان و شێوازی ژیانی دان بەفرەلایەنی دەمێنێتەوە. دەوڵەت هیچ ئایدیۆلۆژی، ئایین باوەڕی و شێوازێکی ژیان ناخاتە ژێر پارێزگاریکردنی خۆیەوە، یاخود ناخاتە ژێر ڕکێفیەوە. (٣) بنکەی کارگێڕی (ئیداری) دەوڵەت لەسەر بنەمای سیستمی ناناوەندی ڕێکدەخرێت. دەستکاری یەکێتی خاکی دەوڵەت ناکرێت.

سمبۆلەکانی دەوڵەت:

مادده ٢– ئاڵای دەوڵەت وەکو ئەو شکڵەی لە یاسادا دیاریکراوە، ئاڵای سوورە کە مانگ و ستێرەی سپیی لەسەرە سرودی میللی«سرودی سەربەخۆیی»یە. پایەختی ئەنقەرەیە.

زمانی فەرمی دەوڵەت

مادده٣– (١) زمانی فەرمی دەوڵەت، تورکییە. ماف و ئەرکی هەموو هاوڵاتییەکە فێری زمانی فەرمی بێت. دەشێ زمانە ماکەکانی دیکە، کە لەلایەن گەلی تورکیاوە بەکاردەهێنرێن، بە بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمەکان وەکو زمانی فەرمی دووەم بەکاربىردرێن. (٢) هەر کەس خاوەنی ئەو مافەیە کە هاوتەریبی زمانی فەرمی، لە ژیانی تایبەت و پێگەی دامودەزگاکاندا زمانی ماکی خۆیشی بەکاربهێنێت. (٣) دەوڵەت، لەمە بەرپرسە ڕێز لە هەموو ئەو زمانانە بگرێت، کە بۆ ماوەیی (میراسی) کلتوری هاوبەشی وڵات پێکدەهێنێت، هەروەها بەکاربردن و پێشخستنی گشت زمانەکان دەستەبەربکات.

حوكمە تایبەتەكان

«لە پەرلەماندا كۆمیسیۆنێک دادەمەزرێندرێت، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی دەستنیشانكردنی زیانەكانی شەڕ، تەسپیتكردنی قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی شەڕ، گەڕانەوەی ئەو خەڵكەی بەهۆی شەڕەوە لە شوێنی ژیانیان بوون و لە بواری ئابورییەوە هاوكارییان بكرێت، چاككردەنەوەی شوێنی خاپوركراوی ژیان، خاوێنكردنەوەی زەوییە مینڕێژكراوەكان و دانی قەرەبووی زەرەر و زیانەكانی دیاریبكات. شێوازی كاری كۆمیسیۆنەكە، پێكهێنان و بەشداریكردنی كۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دەستنیشانكردنی قەرەبووكردنەوە و ئەو پارەی لە بودجەدا بۆی دیاریدەكرێت، بەپێی یاسا، ڕێكدەخرێت».

## تێزی پەكەكە

هەندێک جار ڕەخنەگرانی تێزی پەكەكە دەڵێن دیارینەكردنی پرۆژەی قەوارەیەک و هێشتنەوەی ئەم مەسەلەیە بە شاراوەیی جۆرێكە لە پاشكشێ و بێئاسۆیی. بەو ئیعتبارەی پێچانەوەی دۆسێی قەوارە بۆ یەكجارەكی كوردستان لە دەست كورد دەردەكات و ئیمكانی قەوارەی نەتەوەیی بۆ دوارۆژ دەكوژێت.

لەڕاستیدا پەكەكەش مادام حزبێكە لە گۆرەپاندا، كە وابێ قابیلی ڕەخنە و چاودێرییەو ئەو كاتەی پێویستیش بێت ڕەخنەی لێ دەگیرێت، ئەم نیگەرانییەش تا ئەو ڕێوشوێنەی ئەنگێزەی هاندانە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەندێشەی نەتەوەیی و لەدەست نەدانی خەونی نەتەوەیی، فاكتەرێكی ئیجابییە، بەڵام بۆ پرسی قەوارە، ئەگەر دیوەكانی تری پرسەكە لەبەرچاوبگرین، مەرج نییە وابێت، پرۆسەی شكڵگرتنی قەوارەی نەتەوەیی لە باكوور بەوجۆرەی بوونی نەتەوەیی كورد و خاوەندارێتی لە سەر خاكی خۆی دەپارێزێت پرۆسەیەكی دووروودرێژە و ئەگەر دەرک بەم دوور مەوداییە بكەین دەزانین هەر هەنگاوێک لە ڕێی چارەسەریدا، هەنگاوێكە لە قەوارەكە نزیكمان دەكاتەوە و دەشتوانێت ئاشتی و دۆستایەتی بۆ كورد و توركیش دابینبكات.

لەم دەریچەیەوە دەشێ بێینە سەر توخمی سێیەم، كە بریتییە لە ئاسۆی نەتەوەیی كورد لە توركیا، بێگومان لە ڕێی دۆسێی كورد لە توركیاشەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

یەكەم: ڕاستە ئاشتی یەكسان نییە بە چارەسەری پرسی كورد، بەڵام ئاشتی جێگیر و بەردەوام زەمینە بۆ چارەسەری دوورمەودای پرسەكە دابیندەكات.

دووەم: ئاشتی جێگیر دەتوانێت زەمینەی گفتوگۆی نێوان كورد و توركیای ڕەسمیی بڕەخسێنێت.

سێیەم: گفتوگۆ موخاتیبی گەرەكە، موخاتیب ئەو كەسەیە بەشدارە لە جێگیركردنی ئاشتی و دەستبەرداربوونی ئەو لە ئاشتی مانای گەڕانەوەی پێكدادان و شەڕە. كە وابێت ئەم موخاتیبە لەم قۆناغە و هیچ نەبێ بۆ چەند قۆناغێكی تریش، پەكەكەیە و لەگەڵ گەشەی سیاسەتی كوردیش كە موخاتیبی تر پەیدابن هێشتاش پەكەكە دەتوانێ توخمێكی سەرەكی موخاتیبەكانی كورد بێت. بە تایبەتی كە بەشدارە لە دۆسێی شەڕ و لە دۆسێی جێگیركردنی ئاشتیدا.

بەمانایەکی تر کارەکتەری بەهێزی ئاشتی ئەو کەسەیە، کە بەپەنابردنە بەر شەڕ دەتوانێ ئاشتی تێکبدات و بەگرتنەبەری ڕێگای ئاشتی دەتوانێ شەڕ پەکبخات. لەم ڕووەوە دەشێ بڵێین پەکەکە تاقە هێزی کوردی نییە، بەڵام بەهێزترینیانە، ئاک پارتیش تاقە هێزی تورکیا و تاقە ئاشتیخوانی بەرەی نەتەوەی تورک نییە، بەڵام بەهێزترینیانە. بۆیە پرۆسەکە لەوانەوە دەستپێدەکات. ئەوەی لە هەردوو بەرەی کورد و تورکەوە دەخوازێت پشکی ڕۆڵگێڕانی بەرکەوێت دەبێ ئومێدی بەوەبێت لە قۆناغەکانی تردا بێتە کۆڕەوە، جێبگرێت و وردە وردە پانتایی بۆ خۆی بەدەستبهێنێت و فراوانتریبکات.

چوارەم: ئەوی دەبێتە موخاتیب دەبێتە نوێنەری شەرعی تەڤگەری کورد. ئیعترافکردن بە تەڤگەری کورد ئیعترافە بە بوونی کورد و کێشەکەی و بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی، ئیعترافکردن بەکێشەی کورد پێویستی چارەسەری سیاسییانە دێنێتەکایەوە. وێستگەی چۆنایەتی چارەسەریش ناساندنی ناسنامەی کوردە.

# ناساندن چی دەکات؟

ئێستا با بپرسین ناساندنی ناسنامە و کەینونەی سیاسی کورد چی بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟

پێش هەموو شتێک بەشێکی بە دواهاتووەکانی ئەم ناساندنە و دەرەنجامەکانی لە خودی دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورکیایە. تورکیا، سەرەڕای هەموو کێماسییەکانی، دەوڵەتێکی قانوونییە، یاسا سەروەرە و ئەوی لە دەستوور و یاساکاندا هاتووە ئەوە جێبەجێدەکرێت، بەڵام دەوڵەتی قانوونی مەرج نییە یەکسان بێت بە دەوڵەتی مافەکان، ئەوە کە تورکیا هێشتا پرسی کوردی چارەسەرنەکردووە مانای وایە هێشتا نەبۆتە دەوڵەتێکی حقوقی، بەڵام دەوڵەتی قانونمەند ئەگەر بە ڕێگەی خۆیدا بڕوا، دەبێتە خاوەن نەریتی قانوونی و مەسلەکی، کە بەو خەزینە بیروکراتییەوە ئامادەیە هەر وەختێک چاکسازی تێدا بکرێت پەسەندیبکات، بەو جۆرەی ئیتر قانوونەکانی ڕێگا بۆ دەوڵەتی حقوق خۆشبکەن.

لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا کە دەوڵەتێکی هەزار ساڵەی سەلجوقی، عوسمانی و کۆمارییە، قودسیەتی دەوڵەت لای نەتەوەی تورک مەعلومی گشت عالەمە. بەو پێیەی تورک تەڤلی ئیسلامێک بوون لە قۆناغی دەوڵەتداریدا بوو نەک قۆناغی لە دەوڵەتدا، بەتایبەت ئیسلامیی شۆرشگێریی. لە دامەزراوەی دەوڵەتی وا دا چارە ئەوە نییە دەوڵەتەکە تێکوپێک بدرێت. چارە ئەوەیە چاکسازی لە قانونەکاندا بکرێت، تا ببێتە قانوونی حقوقەکان، نەک قانوونی پێشێلی حقوقەکان.

یەکێک لە ستراتیژەکانی داد و گەشەپێدان لەوەتەی هاتۆتە سەر کار ئەوەیە، دەوڵەت لەگەڵ خەڵکدا ئاشتبکاتەوە و بیکاتە دەوڵەتی مافەکان. (ئەردۆگان لە گۆنگرەی چوارەمی حزبەکەیدا وتی: دەوڵەت بکەینە هی خەڵکی و لێی نامۆنەبن، بەڵکو بە هی خۆیانی بزانن).

دەوڵەتی قانوون ئەگەر لە چوارچێوەی شەرایتێکی حقوقییدا دان بە ناسنامەی کورددا بنێت، دەبێ ئیلتزامی ئەم دانپیانانە لە هەموو ئاستەکانی دەوڵەتدارێتیدا جێبەجێبکات. ڕاستێکەی یەکێک لە ڕێگرەکانی بەردەم سەلماندنی ناسنامەی کورد ئەو ئیستحقاقەیە، کە تورکیا دەزانێت ئەگەر دانی پێدا بنێت، دەبێ جێبەجێیانبکات. ناسنامە ناساندن واتای وەک یەکی بۆ کورد وەکو تورک. بۆ نموونە، زمان ناسین مانای جێبەجێکردنی ئیستحقاقی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی ئەم زمان ناساندنەیە، مانای خستنەگەڕی قودرەتمەندی دەوڵەتی تورکیایە لە ڕێی نەشونماکردنی ناسنامەی کورددا، کە ئەم ناسنامەیە سەرەنجام لە وێستگەی دواتردا کەسێتی نەتەوەیی خۆی دەسەلمێنێ و دوانەی (دەوڵەت–نەتەوە)ی تورک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەپێچەوانەی نموونەی تێکەڵبوون کورد لەگەڵ دامەزراوەی دەوڵەت، لە بەشەکانی تری کوردستان، تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ دامەزراوەی دەوڵەتی تورکیا ناسنامەی نەتەوەیی

و کەسێتی سیاسی کورد بەهێزدەکات. چونکە ئێستا کورد وەک (تورکێک) لەناو تۆری قودرەتمەندی دەوڵەت و دەزگای بەڕێوەبردن و مەنزومەی ئابووری ئەو وڵاتەدا پێگەی بەهێزی هەیە، لەگەڵ ناساندنی ناسنامەی کوردبوون ئەو (تورکە) دەبێتەوە بە کورد و دیاردەی نوێی ناساندنی کورد تینوتاوێکی وا دروستدەکات تۆز و گەردی زۆر توێژ و گروپ هەڵدەدرێتەوە، کە ئەوانیش کوردبوونی خۆیان رادەگەیەنن.

واقیعی وا رەنگە ئەو فۆبیایەمان بۆ شرۆڤەبکات، کە لە هەندێک دامەزراوەوی رەسمیدا لە بارەی قەبارەی کورد و رێژەیانەوە هەیە. ئەگەری زۆربوونی ژمارەی کوردی کرمانج، کە نەریتی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەری زاوزێی زۆرە لەچاو کۆمەڵی (تورکی سپی) کە نەریتی کۆمەڵایەتی خێزانی بچووکیان هەیە، ئەم فۆبیایە دووقاتدەکاتەوە و دەبێتە گرفتێکی گەورەی تورکیای داهاتوو، ئەگەر فۆرمەلەیەکی گونجاو بۆ یەکسانیی کورد و تورک و پێکهاتەکانی تر نەدۆزرێتەوە. چونکە واقیعێکی نوێ تورکیا دەکاتە وڵاتی دوو نەتەوەیی (بڕوانە راپۆرتی لە ٢٠٥٠ کورد لە تورکیا دەبنە ٥٠ ملیۆن، لە رۆژنامەی باس، ژمارە ١٤٠ لە رۆژی ٢٠١٣/٥/٧، ل١١).

کە وابێ لە تورکیای داهاتوودا بە تەنها رووبەڕووی وێستگەی ئاسۆی نەتەوەی کورد نابینەوە، بەڵکو رووبەڕووی ئاسۆی داهاتووی تورکیای داهاتوو و شێوەی نوێنەرایەتییەکەی بۆ نەتەوەی تورک و کوردیش دەبینەوە. لێرەوە پرسیار لەسەر ئاسۆی نەتەوەی کورد پرسیاریشە لە سەر ئاسۆی داهاتووی تورکیا و بەتایبەتیش ئاسۆی داهاتووی نەتەوەی تورک.

رەهەندێکی تری سەیرکردنی ئاسۆی نەتەوەی کورد لە تورکیا پەیوەیستە بەچارەنووسی بەشەکانی تری کوردستان و بەچارەنووسی خودی تورکیاشەوە. لەم هەلومەرجە تازەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لە بەردەم هەموو ئەگەرێکدا کراوەیە. ئەم رەهەندە چەند چاوی لە ئایندەیە و باسێکە بۆ دوارۆژ، بەڵام بۆ بەڵگە و حەوجەهێنانەوە مێژووییەکی دەوڵەمەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردێنێت بۆ پشتیوانی بۆچوونەکانی لەسەر ئایندە. بەتایبەتی مێژووی سەدساڵی رابردوو، کە بۆ کوردستان مێژووی دووەم جار دابەشکردنی هاوچەرخێتی وەک دەرەنجامێکی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ و بۆ تورکیاش پانتایی نێوان سیڤەرەو لۆزان-ە و بۆ رۆژئاواییەکانی وەکو ئەمریکا و ئینگلیز و یەکێتی ئەورووپا پێویستی تەگبیری نوێیە، کە جیاواز بێت لە قۆناغی تەگبیر لە دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە: (دەوڵەتی عوسمانی).

## نەخشەکە لەگۆڕاندایە؟

لەو ئاستەدا بەلێشاو لێکۆڵینەوە و جاڕدان بۆ وەرگۆڕانی گەورە و دەسپێکی دابەشکردنێکی نوێی ناوچەکە دەکرێت، کە رووماڵکردنی هەموویان بیبۆگرافیایەکی تایبەتی گەرەکە، بەڵام چەند نموونەیەک لەسەر سێ ئاماژە دەریدەخات، کە شتی نوێ بەڕێوەیە:

- ئاماژەی: پێچانەوەی لاپەڕەکانی سایکس بیکۆ.
- ئاماژەی: پەیوەندی کوردستانی باشوور بەم وەرگۆڕانەوە.

– ئاماژەی: حیساباتی تورکیا لەنێوان کەمەندکێشکردنی بەهاری عەرەبی بەلای خۆی و تەداعیاتی دەرکەوتنی بەهارێکی کوردییدا.

توێژەری ئەمریکی بە بنەچە هندی پاراگ خانا لە کتێبێکی نوێدا بە ناوی (چۆن ئیدارەی جیهان بدەین؟) پێشبینی ئەمە دەکات لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا، ژمارەی دەوڵەتەکانی سەر گۆی زەوی بگاتە ٣٠٠ دەوڵەت، کە یەکیان هەر دەبێ کوردستان بێت. پاراگ خانا پێیوایە، زۆربەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە (دەستکردن)، بۆیە ئەگەرچی سنوورەکانی خۆیان پاراستووە، بەڵام میللەتانیان نارازین، بۆ نموونە کوردەکان بە سەر عیراق و سوریا و تورکیاو ئێراندا دابەشبوون.

ئەم توێژەرە ئەمریکییە پێیوایە ئێرانیش لەم هەژانە دەربازی نابێت. بۆ نموونە ٢٠ملیۆن ئازەری ئەو وڵاتە لەوانەیە یان پاڵبدەنە کۆماری ئازەربێجان، یان بەهۆی بنەچەی رەگەزییانەوە لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانێتی ببەستن (سایکس بیکۆ الـثانية أو مابعد الكولونيالية. عبدالحسين شعبان، رۆژنامەی خەلیجی ئیماراتی ژمارەی رۆژی ٢٠١٢/٢/٢٠).

جای هولن لــە گۆڤاری (The americam. Magazine) پێیوایـە دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستانی عیراق راستکردنەوەی هەڵەیەکی سەد ساڵەیە. لەوەش زیاتر دەڵێ گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان پەکەکە و تورکیا رێگا بۆ ئەوەش خۆش دەکات کوردستانی سوریا پاڵبداتە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە. ئینجا دەڵێت: ئەنقەرە ئێستا دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەکات لەسەر شەراکەتی بواری وزە و دروستکردنی بۆرییەکی نوێی گوێزانەوەی نەوت. پێناچێ دەوڵەتێک ئەگەر دژی سەربەخۆیی کوردستان بێت تەجاوزی حکومەتی ناوەندی بەغدا بکات و راستەوخۆ لەگەڵ هەولێر دانوستاندن بکات. جای هولن ئامۆژگاری ئەمریکا دەکات، کە دژی ئەم پەیوەندییە کوردییە –تورکییە نەبێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا باشتردەبێت ئەگەر بێتەسەر هەڵوێستی ئەنقەرە، بگرە پێویستە واشنتۆن دەسپێشخەریش بکات.... جاء الوقت لكردستان مستقلة. مجلة امريكان، جای هولن، وەرگێڕانی صفا مؤيد، ٢٠١٣/٥/١٦).

پێدەچێت دەستەبژێری سیاسیی عیراق بەنیگەرانییەوە سەیری رۆڵگێرانی تورکیا لە ئەگەری دابەشکردنی عیراق بکەن (ئەگەر ئەم ئاراستانە جددیبن و تەنها گوشاری سیاسیی کاتیی نەبن، ئەمە شتێکی ترسناکە و گۆڕانکارییەکی بنچینەییە لە هەڵوێستی مێژوویی تورکیا لە یەکێتی خاک و خەڵکی عیراق.... عبدالاله مصطفى توتنجي، هل تغير الموقف التركي التأريخي من وحده العراق، المواطن نيوز، ٧-٦-٢٠١٢)

کریستۆف عیاد لە لۆمۆندی فەرەنسی ئەم گۆڕانکارییانە بۆ گۆڕینی نەخشەی جوگرافی وەک شۆڕشێکی بەهاری عەرەبی دەبینێت، کە رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، ئەوی هەردوو قۆمسیاری باڵای بەریتانیا مارک سایکس و فەرەنسا جۆرج بیکۆ، لە ١٦ی ئایاری ١٩١٦دا ئیمزایانکرد و سێ ساڵی تر سەد ساڵی خۆی تەواودەکات. ئەو رێککەوتنە میراتی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان دوو دزە گەورەکەی سەدەی بیست: ئینگلیز و فەرەنسا، دابەشکرد و سنووری وڵاتانی ناوچەکەشی کێشا. بەلشفیستەکانی روسیا ئەم رێککەوتنەیان ئاشکرا کرد.

عیاد ئێژێ خەسڵەتی رێککەوتنی سایکس بیکۆ دەرخواردنی رەگەزایەتی و تایفەگەری بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش لە رێی جیاکردنەوەی لوبنان و فەرەنسا لەبەر خاتری فەرەنسییەکان، پەرتکردنی کورد بەسەر چوار دەوڵەت کە دوانیان عەرەبین: سوریا و عیراق، جگە لە تورکیا و ئێران.. ئەم نەخشەیە ساڵی ۲۰۰۳ لەگەڵ خستنی سەدام لەقبوو. سندوقی باندۆرەی نێوان کورد و عەرەب کراوەتەوە. بەهۆی ململانێی سوریاشەوە کوردەکانی ئەوێ ئۆتۆنۆمییەکی سەرباری نیمچە سەربەخۆیی کوردی عیراقیان بەدەستهێناوە.

نووسەرەکەی لۆمەند دەپرسێت: ئایا ئەم هەژانە گەورەیە پێداچوونەوەی سنوورەکانی لە ئیستعمارەوە وەرگیراون بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟ ئەو وا جوابدەداتەوە، مادام لە ئاستی جیهانیدا تابۆ هەیە ئەمە ناقەومێت، بەڵام دۆخەکە وەکو جاران نامێنێتەوە. لەم رێیەدا کۆمپانیا گەورەکانی وەک ئیکسۆن موبیل، توتال و شومرون لەگەڵ قەوارەی کوردی عیراقدا مامەڵەدەکەن، بێ ئەوەی تەنانەت زەحمەتی ئەوە بکێشن بەغدا ئاگاداربکەنەوە.

لۆمۆند بەوە قفڵی دا، کە پێدەچێ حکومەتە رۆژئاواییەکان درەنگ لەوە تێبگەن، ئەو جیهانەی ئەوان لەمیانی شەڕی جیهانی یەکەمدا بینایانکردووە، داڕزاوە (کۆتایی سایکس بیکۆ-کریستوف عیاد، لۆمۆند ۲۰۱۳/۲/۲، وەرگێڕانی رۆژنامەی سەفیری لوبنانی).

بەڵام دیدگایەکی روسیی لەسەر ئەم پرسە جێی سەرنجە بە چاوپۆشین لە ریزێک تۆمەت و بوختان لەسەر شێوەی ئەدەبیاتی بەلشەفی، رائد کشکیە لە (روسیا الیوم)دا نووسیویەتی (تۆژینەوەی زۆر بڵاوکراونەتەوە کە پرۆژە و شێوەی دابەشکردن و جۆری ئەو دەوڵەتانەی لە نەخشەی سبەیدا دیاریدەکەن، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەم پرۆگرامە جیاوازە لە پرۆژە ئیستیعمارییەکانی جاران. ئەوانەی ئێستا دانیشتووانی ناوچەکە خۆیان جێبەجێیدەکەن. هەندێک بە کرێگیراوی لەگەڵ برێکی زۆر نەزانی ئیتر ناوچەکە خۆی لە چنگی تایفەگەریدا دەبینێتەوە... سایکس بیکۆ جدید یطبق فی المنطقة العربیة، روسیا الیوم ۲۰۱۳/۳/٤).

بێگومان پرۆعەرەبێتی و لایەنگری روسی بۆ نەتەوە سەردەستەکان، کە لێرەشدا خۆی نمایاندەکات، رێی لەوە نەگرتووە روسەکانیش هەست بەم گۆڕانکارییانە بکەن، بەو جیاوازییەی سایکس بیکۆی یەکەم ئیستیعمار بەهاوکاریی نەتەوە سەردەستەکان جێبەجێیانکرد، ئەمجارەیان رەنگە جێگۆڕکێ بە پێگەی هەندێک نەتەوە بکرێت، کە بە رێکەوت دۆستی مۆسکۆن.

بیلبت تورگوت لە رۆژنامەی (تایم)یش ئەوە دەستنیشاندەکات کوردەکان وەکو کارتی براوە لە ناوچەی نوێ دەرکەوتن و بەتایبەتیش رۆڵی فاکتەری کوردی سوریا و پەیوەستەگی ئەو فاکتەرە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردی عیراق و رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی تورکیا (بیلین تورغوت، کیف غیر الکرد حسابات ترکیا حول سوریا- صحیفة التایم لە ۲۰۱۳/۸/۱۱، بڵاوکراوەی الانصات المرکزی، العدد (٥٣٦٩) الاحد ۲۰۱۲/۸/۱۲ ل۲۰).

نووسەری لوبنانی مستەفا زین: پسپۆڕی کاروباری تورکیا، پێیوایە تورکیا کە خۆی بۆ سەرداریێتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای قۆناغی بەهاری عەرەبی ئامادەکردبوو تووشی فاکتەری کوردی هات لە رێی پەرەسەندنی سوریاوە، بۆیە (ئەوی لە سوریا قەوما بۆ

دەڤەرەکەش دەگوازرێتەوە و نەخشە کۆنەکان تا سەر لە کتێبەکانی مێژوودا نامێننەوە.. تجديد الخرائط القديمة- مصطفى زين، ڕۆژنامەی الحياة ٢٠١٢/٨/١١).

ڕۆژی دواتر، هەمان نووسەر، ئەمجارەیان لە ڕۆژنامەی ئەلنەهاری لوبنانی نووسیی: نەخشەی سوریا فاکتەرێکی تری دەرخست، کە بەهاری عەرەبی بە هەردوو کەنارە عیراقی و سورییەکەی هەلێکی مێژووییە بۆ ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هەموو مانای وشە. هەلێکی وا کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆیان نەڕەخساوە... العدو العثماني للجمهورية التركية، النهار ٢٠١٣/٨/١٢)

بێگومان ئاماژە و باسوخواسەکان لەسەر ئەم وەرگۆڕانە سەدان کتێب و لێکۆڵینەوەن، ئەم گوڵبژێرە بۆ ئەوە بوو لە هەر ئاڕاستەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بژارێک بکەین و لەو دۆخە دراماتیکییە تێ بگەین کە وایکرد تورکیا پەلە لە ئاشتی لەگەڵ پەکەکە بکات و دانوستاندنەکانی ئۆسلۆ لەکوێ پساوە لەوێوە گرێیبداتەوە.

هیچ کەس وەکو ئەحمەد داود ئۆغلۆ پێش بوونی بە وەزیری دەرەوە و پێش ڕۆژگارەکانی بەهاری عەرەبی دەرکی بەم واقیعە تازەیەی تورکیا نەکردووە (تورکیا لە سایەی شەڕی ساردا سیاسەتێکی ڕەچاوکرد، نزیکایەتی بە ئاگایی و ترس بوو لە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە فەلەستین و نەوتەوە گرێدرابوو، بەڵام ئەمڕۆ بخوازێت یان نا لە ناو جەرگەی پیلانە نوێیەکانی تایبەت بە عیراق، کوردەکان و ئاوە... سیاسەتەکانی تورکیا دەرهەق بە باکوور و باشووری ولاتی نێوان دوو زێ، کە هەرێمەکانی نەوت و هەرێمەکانی ئاو دەگرنە خۆیان، لە هەمان کاتدا مەسەلەی کورد و مەسەلەی عیراق دەگرنە خۆیان. ڕەنگە ئەم دوو مەسەلەیەش لە دیدگای ستراتیژی نوێدا دەربکەون.. العمق الاستراتيجي، موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية، احمد داود اوغلو.. مركز الجزيرة للدراسات ، ٢٠١٠،ل٤٨)

ئینجا لەم دەریجەوە تێدەگەین ئێمە لەبەردەم ئاسۆی ئایندەیەکداین کە بەسەر چوار تەوەرەدا دابەشبووە:

## تەوەرەکانی گۆڕان

- تەوەرەی یەکەم پێیوایە ڕەنگ بێت تەگبیری سەد ساڵی ڕابردووی سایکس بیکۆ ئەرکی خۆی جێبەجێکردبێت. کەوابێت بەو شێوەیەی ئێستا دەست نادات بۆ سەدەی نوێ. ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی ئەم تێڕوانینەیان هەیە، بۆیە بەئاگاییەوە چاودێری گەڵاڵەی گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی دەکەن، ئەگەر سەر بکێشێت بۆ دەستکاری نەخشەی جوگرافی، تاوەکو ئەوی دەقەومێت کەمترین زیانی وانی تێدا بێت، ئەگەر پێیان خۆش نەبێ و زۆرترین قازانجی لێ بکەن، ئەگەر بەپێی نەخشەی پێشوەختی وان گیرسایەوە.

- تەوەرەی دووەم: پێیوایە ئەم سایکس بیکۆیە دەگۆڕدرێت بە دانەیەکی تر. عیراق ناوی لێ ناوە پرۆژەی بایدن بۆ دابەشکردنی عیراق، دەوڵەتە عەرەبییەکان بەوانەی بەهاری عەرەبی و ئەوانەی هێشتا گۆڕانکارییان یەکلانەکردۆتەوە (لەوانەش سوریا) تەنانەت لەسەر زاری بەشار ئەلئەسەدیش پێیانوایە فۆبیای دابەشکردنی عەرەب لەوەتەی باشووری سودان

جیابۆتەوە چۆتە قۆناغی پراکتیزەکردنەوە. ئێران و روسیا و چین لەوە دەترسن سایکس بیکۆی نویێ بەشی ئەوان لەوەی ئێستا هەیە کەمبکاتەوە، بۆیە لەگەڵ پاراستنی وەزعی راهینن و دژی دەستکاری نەخشەی جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

– تەوەرەی سێیەم: بە دوو دڵییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشهاتە دەکات، بەڵام بە تیلەی چاویش سەیری چانسە زۆر و زەوەندەکانی دەکات. تورکیا لەم وڵاتانەیە کە دوودڵە، بەڵام بە حیسابی زیان و قازانج وای دەبینێت جارێ قازانجی زیاترە لەهی زیان. هۆکاری ئەم دۆخە ئەوەیە تورکیا سێ توخمی هێزداری هەیە لە بەرامبەر یەک توخمی لاواز، کە دەشێ لە پێشوازی گۆڕانکاریدا دوودڵی بکات:

سێ توخمە هێزدارەکە بریتیین لە:

ا– تورکیا لەم چیرۆکە مێژووییەدا هەم وێنەی براوە و قازانجکاری هەیە و هەم وێنەی قوربانییەکی زەرەرمەند. ئەمەش پەراوێزی جولەی دەداتێ لەنێوان دوو بەرەی زیانمەندو قازانجداری ئەم پێشهاتانەدا. وێنەی براوەی قازانجکار ئەوەیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە پرۆژەی شەڕی غازی مستەفا کەمال توانی لە دوا ساتەکاندا تورکیای خالس و بەشی گەورەی کوردستانی عوسمانی بپارێزێ و دەوڵەتی نوێی تورکیا لەسەر داوپەردووی دەوڵەتی عوسمانی دروستبکات.

وێنەی زیانمەندیش ئەوەیە تورکیا خۆی وا نمایاندەکات لە تەگبیرەکانی سایکس بیکۆدا غەدری لێکراوە، خاکی وەکو ویلایەتی موسڵ و و کوردستانی رۆژئاوا و هی دیکەشی لەدەستچووە. لە کاتی تەجەللای رۆمانسیشدا سەرنجی وایە، کە تەنانەت ویلایەتە عەرەبییەکانی لە دەست ئەو دەرهێنراون و زنجیرەیەک دەوڵەتی عەرەبی (مۆدێرنیان) لێ دروستکرا، لە ئەرکی سەرشانیان سەرکەوتوونەبوون و ئەوی لە ئەدەبیاتی سیاسی تورکدا بە پرۆسەی (خیانەتی عەرەب) لە هەمبەر ئەستەنبوڵ و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئینگلیز دەناسرێت، نەیتوانی هیچ بۆ نەتەوەی عەرەب بەرهەمبێنێت.

ب– تورکیا لە هەلومەرجێکدا بەرخورد لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا دەکات دەوڵەتێکی پتەوی هەیە بە سەرۆکایەتی پارتی داد و گەشەپێدان و ئەم دەوڵەتە سەبارەت بەئاڕاستە میانڕەوییە ئیسلامییەکەی و سەرکەوتنی لە حوکمڕانیدا ئێستا بۆتە (چیرۆکی براوە) بۆ شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، کە بە زۆری شەپۆلە ئیسلامییەکان عەرابی بەرپاکردن و چنینەوەی دەستکەوتەکانی بردنەوەیین. ئەم دەرەنجامەی بەهاری عەرەبی پێیگەیشتووە، کە خەریکە دەبێتە بەهاری ئیسلامی بەم شێوەی حوکمڕانییە میانڕەوەیە، وای لە ئەنقەرە کردووە پایەختێکی کەمەندکێش بێت بۆ حکومەتە تازەکان و دەرفەتی رۆڵگێڕان و نفوز پەیداکردنی هەبێت لەناویاندا.

ج– لەبەر ئەو فاکتەرانەش ئەمریکا و رۆژئاوا لەسەرەتاوە تەفویزێکی جەنتڵمانیان بە تورکیا داوە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان سپۆنسەری ئاڕاستەی بەهاری عەرەبی بێت. ئەم تەفویزە سەرەڕای پەرەسەندنی ڕووداوکانی سوریا و وردەگلەیی ئەمەریکا لە ئەنقەرە، هێشتا وەکو خۆی ماوە.

توخمی لاواز، دیارە هێشتا باسی ڕوانگەی تورکیا دەکەین، بریتییە لە ئەگەری بەرهەڵدابوونی فاکتەری کوردی وەک یەکێک لە براوەکانی بەرایی سەدەی بیست و یەک. ئەم فاکتەرە لە دۆسێی کوردی سوریا دەرکەوت، کە کاری شۆکی گەورەی لە تورکیا کرد. بۆیە ئێستا هەوڵدەدا بۆ چارەسەریان لە ڕێی ئیحتوای دوو سەرەوە سەودای لەگەڵدا بکات (لە ڕێی هەرێمی کوردستان و لە ڕێی ڕێککەوتن لەگەڵ پەکەکەوە، کە باوکی ڕۆحی پەیەدەیە).

بەشێکی دیاری باعیسی ئەنقەرە بۆ جوڵاندنی دۆسێی ڕێککەوتن لەگەڵ سێ کوچکەی (ئیمرالی، بەدەپە، قەندیل) بۆ چارەسەری تەداعیاتی دەرکەوتنی (هەرێمی ڕۆژئاوایە) لە سوریا، بەڵام هەڵبەت بەشە گەورەکەی (ترس) نییە لە فاکتەری کوردی لە ڕۆژئاوا، بەڵکو تەماعە لەو چانسەی چاوەڕێی تورکیا دەکات، ئەگەر ئامادەگی لە تەگبیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا هەبێت. ئەوی ئەردۆگان وەک خاوەن پرۆژەیەکی سەرسەخت دەجوڵێنێ ترس نییە، بەڵکو (دەرفەتە) و یەک لە ئەنگێزەکانی سەرکەوتنی داد و گەشەپێدان ئەم پێداگرییەیە، کە پشت بە خەونی داود ئۆغلۆ و ئیرادەی بازووی ئەردۆگان دەبەستێت. ئەم دەستنیشانکردنە شاباش نییە، چونکە ئەردۆگان ئەمە بۆ نەتەوەی تورک دەکات، نەک لە ڕێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی دادپەروەر و دیموکراتدا. ئەم دەرفەتە لە گەلێک نووسراو و خیتابی سیاسی حزبی حوکمڕان و مەنزومەی سیاسی و میدیایی ئەو دەردەکەوێت و خەریکە شێوەی ڕایەکی زاڵی ناو دەستەبژێری تورکیا وەردەگرێت و زۆر نابا لەناو ڕای گشتیشدا بەرجەستەدەبێت.

## کوردستان تەوەرەی گەورە

تەوەرەی چوارەم، کوردستانە کە پێیوایە سەدەی ڕابردوو سەدەی بێ دەسکەوتی بوو بۆ کورد و نابێ ڕێوڕەسمی جێگیرکردنی سەدەی بست بێ بەشداری کوردستان تێپەڕێ. ئەم تەوەرەیە زەرەرمەندی یەکەم و گەورەی سایکس بیکۆ، سیڤەر و لۆزان و جەزائیر بوو و بەهەموو تین و تاوی کاریگەری شکستەکانی ڕابردووەوە هاتۆتە مەیدان و بەشی دەوێت.

ئەو تەوەرە کوردستانی سەرتاسەریی گرتۆتەوە، بەڵام بەتایبەتی لە سێ بەشی کوردستاندا حزووری هەیە: باشوور، کە ئێستا قودرەتمەندی ئابووریشی هەیە، ڕۆژئاوا خەریکە خاوەنداریێتی لە خۆی دەکات و باکوور کە بزووتنەوەیەکی سیاسی بە هێزی هەیەو تورکیاش حیسابی وردی بۆ دەکات.

ئەم سێ بەشە بەری سەد ساڵ یەک کوردستان بوون، کە کوردستانی عوسمانی بوون و ئەم نۆستالیژیایە هەم کورد ئەوروژێنێ، کە سێ بەشی خاکەکەی پێکەوە بوون و هەم تورکیاش دەوروژێنێ، کە جاران سێ کوردستانی لە چوارچێوەی یەک فراکسیۆنی عوسمانیدا لەلابوو، بە ویلایەتی موسڵ و کەرکوکە دەوڵەمەندەکەشییەوە.

تورکیا هەر خۆی ئێستا خاوەنداریێتی ٦٠٪ی دانیشتوانی کورد دەکات لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە کوردی تورکیا ٦٠٪ کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان و جیهان پێکدەهێنن. هەر لەبەر ئەمەش پەکەکە و تەڤگەری کوردی لە باکوور بە شێوەیەکی گشتی نەزعەی

خاوەندارێتی لە بەشەکانی تری کوردستانیان هەیە، کە ئەو نەزعەیە هیچی کەمتر نییە لە نەزعەی ئەنقەرە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام لە ڕێی بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیادا.

## مەیلەکە پەل بۆ کوێ دەهاوێت؟

ڕەنگە نامەکەی سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە نەورۆزی ئامەد (ساڵی ٢٠١٣) تازەترین گوزارشت بێت لەم مەیلە خاوەندارێتییەی باکوور لە بەشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانی سەرتاسەر، ئۆجەلان لەوێدا دەڵێت (داوادەکەم، کورد، تورکمان، ئاشووری و عەرەب، کە ئێستا بەهۆی شکاندنی ڕێککەوتنی نەتەوەیی میساقی میللی-یەوە و لەنێو جەمهوریەتی عەرەبی عیراق و سوریادا ژیانیان لێ قەدەغەکرا، پێکەوە کۆنفرانسێکی پاڵپشتیکردن و ئاشتی ببەستن لەسەر بنەمای تاووتوێکردنی چەمکی (ئێمە) زیندووبکەینەوەو بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.. پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، www.pukmedia.com).

ئەم کۆنگرەیە هەمان ئەو کۆنگرەیە، کە زوبێر ئایدار لە کۆما جفاکێن کوردستانێ ڕایگەیاند. ئایدار دەڵیت چوار کۆنگرە دەکەین و چوارەمیان لە هەولێر دەکرێت بە ئامادەبوونی کورد و نوێنەری پێکهاتەکانی تر لە عەرەب و تورکمان و سریان و هتد.. السفير تستطلع الجو الكردي من القيادي البارز زبير ئايدار، ٢٠١٣/٥/٩).

وەک دەبینن پەیامی ئۆجەلان تەنها پەیام نییە بۆ کوردستانی باکوور، کە لەو ساتە مێژووییەی ڕاگەیاندنی ئاشتیدا لە نەورۆزی (ئامەد)دا خۆی بەرجەستکردووە، بەڵکو بۆ باشوور و بۆ ڕۆژئاواشە (لە باکوور پێیدەڵێن سەرخەت و بن خەت و وەک بەشێک لە باکوور لێی دەڕوانن).

ئەگەر وەڵام بۆ ئەم سەرنجە ئەوە بێت، کە باسەکەی ئۆجەلان درێژەی ئەدەبیاتی کوردستانیی پەکەکەیە، دەتوانین پێدراوی تر هەر لە پەیامەکەدا بدۆزینەوە، ئایا باسی سنە و کرماشان لەو پەیامەدا هاتووە؟ نەخێر! باس باسی دوو بەشی کوردستانە (باشوورو ڕۆژئاوا)، کە پێشتر بەشێک بوون لە ئیمبراتۆریای عوسمانی. لەکاتێکدا کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشێکی ئێران، یانی بەشێکی ئێرانی سەفەوی و قاجاری بووە.

ڕاستە پەکەکە بۆ ڕۆژهەڵاتیش حزبی هەیە (پارتی ژیانی ئازاد لە ساڵی ٢٠٠٤دامەزراوە) تا خاوەندارێتی خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربخات، بەڵام ئەندێشەی سەرەکی پەکەکە کوردستانی عوسمانلییە.

(پەژاک) حزبێکە ئەرکەکەی ئەوەیە پەراوێزی مانۆر و هێزداری بۆ پەکەکە زیاتربکات. دەرفەتی بداتێ هەم لە مامەڵەی ئێراندا بتوانێ کارتی گوشاری هەبێت و هەمیش ڕۆڵێک لە گۆرەپانی ئایندەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ببینێ، ئەو وەختەی کاتی دابەشکردنی کێکی فیدرالی ئێران دێت.

هەڵسوکەوتی پەکەکە لە دۆسێی ئێراندا زیاترکردنی مانۆری سیاسیەتی لەگەڵ تورکیادا. تا ئێستا پەکەکە لە مامەڵەی ئێراندا بە شوێن ڕەوتی سەرکردەی شۆڕشی ئارارات جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشادا دەڕوات، کە پشتی بە فاکتەری (ئارياییبوون) بەست لە هاوپەیمانێتی

کردن لەگەڵ ئێراندا، چونکە تورکیا لە قۆناغی ئەتاتورکی عەلمانیدا پەیوەندی ئیسلامەتی و سوننیگەرایی لەگەڵ کورددا پچراند و ئەمەش هاوپەیمانێتی ئەمری واقعی ئاریایەتی لەنێوان شا و ئیحسان نوری پاشای بەدواوە بوو. هەرچەندە شا دواتر پاشەکشێی لەم هاوپەیمانێتییە کرد وەکو (کاوە بەیات) لە کتێبی (شۆڕشی ئارارات)دا شرۆڤەی لەسەر کردووە و ئەمەش بەدۆڕانێکی سیاسەتی درەوەی شای باوک زانیووە.

یەکێک لە ئەگەرە بە هێزەکانی ئاشتبوونەوەی کورد و تورک، لەسەر دەستی پەکەکەو دادو گەشەپێدان، گۆڕینی ئاراستەی هێزی پەکەکەیە بەرەو بەرەنگاری ئێران لەسەر سەحنەی کوردستانی رۆژهەڵاتدا. واتا گۆڕینەوەی هاوپەیمانێتی رەگەزی ئاریاییبوون لەگەڵ ئێران بە هاوپەیمانێتی مەزهەبی سوننی لەگەڵ تورکیا. لە حاڵی وادا پەکەکە لە رێی پەژاکەوە بەشوێن رەوتی شێخ عوبێدوڵڵای نەهریدا دەڕوات، کە لە شۆڕشی نەتەوەیی ١٨٨٠دا پشتیدایە تورکیاوە و کەوتە شەڕی ئێرانی قاجاری، تا کوردستانی رۆژهەڵات رزگاربکات و بیکاتە ناوچەی رزگارکراو و بنکە بۆ رزگارکردنی کوردستانی عوسمانیش. رەنگە هەر ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی تارانی لە هەمبەر پرۆسەی ئاشتی ناوخۆی تورکیا زیاترکردووە و هانیداوە تەکلیف لە پەکەکە بکات شەڕ دژی ئەنقەرە درێژە پێ بدات، بەچەک و تفاقی قورسی ئێران.

لە قۆناغی وادا هاوپەیمانێتی سوننیگەرایی لەگەڵ تورکیای داد و گەشەپێداندا جێگەی هاوپەیمانێتی ئاریایی دەگەڕێنەوە و ئەمەش هەمان سەرمایەگوزاری سیاسیی دەوڵەمەنددەکات کە ئەولەویەتی کوردستانیی عوسمانلییە لای سەرۆکی پەکەکە، هەر کەسێک نوسراوەکانی ئەم دواییەی ئۆجەلان، بەتایبەتی دوا کتێبی سێیینەکەی بخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات ئۆجەلان لە مەیلێکی چەپگەرایی جیهانیی سێیەمەوە گواستنەوەیەکی فیکری کردووە بۆ مەیلێکی چەپگەرایی ئیسلامیی رۆژهەڵاتی. بەمەش سەرکردایەتی پەکەکەی تێپەڕاندووە، کە تا ئێستاش بە چاوی کلاسیکی چەپی عەلمانی لە ئەزموونی رەوتی داد و گەشەپێدان دەروانێت و بەئەندازەی کێشەی نەتەوەیی کێشە ئایدیۆلۆژییەکانی زەقکردۆتەوە لەگەڵ داد و گەشەپێداندا. د. بەشیر موسی نافع مێژوونووس و نووسەری دیاری عەرەب شرۆڤەیەکی جوانی وەرگۆڕانی فیکری ئۆجەلانی کردووە، کە دەڵێت: (کارێکی ژیرانە نییە گاریگەریی چواردە ساڵەی زیندانیکردن لەسەر رێبەرێک کە دونیای بەخۆیەوە مژۆڵکردبوو، فەرامۆشبکەین، بەڵام ژیرانەش نییە توانای ئۆجەلان لە خوێندنەوەی وەرگۆڕانەکانی تورکیا بەخۆوەی بینیووە فەرامۆشبکەین لەوەتەی دە ساڵە پارتی داد و گەشەپێدان هاتۆتە سەر کار، هەروەها نابێ دەرکی ئەو بە پەرسەندنە بە پەلەکانی ناوچەکە بەگشتی و هاوسەنگی دۆخی نێودەوڵەتی لەبیر بکەین.. ترکیا و المشرق كله في مواجهة ارث الحرب الاولى - القدس العربي- ٢٠١٣/٣/٣٠).

شرۆڤەیەکی رۆژنامەوان سائر عەباس، کە بیروڕای چەند شارەزایەکی تورکیای لەسەر قۆناغی ئاشتی وەرگرتووە، هەمان چانسی هاوپەیمانێتی سونیگەرایی کورد و تورک دووپات دەکاتەوە کە (کۆتایی شەڕێکی نەتەوەیی و سەرەتای هاوپەیمانێتییەکی ئاینییە)،

(القضية الكردية في تركيا تدخل بعدا جديدا برسالة اوجلان، ثائر عباس من اسطنبول، الشرق الاوسط ٢٠١٣/٣/٢٤)، بێگومان بەرەچاوكردنی ئەوەی ئەم پۆلێنە بریندارەبێت وەختێک وەبیرمان بێتەوە ئۆجەلان عەلەوییە نەک سوننی، کە فاکتەری مەزهەبی لای کورد ئەولەویەت نییە لە ناساندندا، هیچ نەبێ تا ئێستا.

لەم ئاستەدا ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا کوردستانی عوسمانلی لەبەرچاوە، کە لای ئەو یەک پاکیچە و پێکەوە سەیری چارەسەریان دەکات. کوردستانی ئێران لە قۆناغی دووەمدا دێت، کە لەو کاتەدا هاوپەیمانێتی پەکەکە و پەژاک لەگەڵ تورکیایەکی نوێ دەستبەکاردەبن بۆ جوڵاندنی دۆسێی رۆژهەڵات.

راستە ئەم مەزەندەیەی لێرەدا خراوەتە روو فاکتی واقعی بەرجەستەی دەوێت و سەنەدی تواناداریی پەکەکە دەخوازێت، لە هەمان کاتدا وای دەردەخات کە هیچ هێزی دیکەی کوردستانیی لە گۆڕەپانەکەدا نەبێت، نە هێزەکانی باشوور (یەکێتی و پارتی) و نەهێزەکانی رۆژهەڵات (دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان)، بەڵام ئەندێشەی ئۆجەلان و هی پەکەکەش گوێ بە هێزی تواناداریی بەرجەستە نادات، بەڵکو گوێ بە هێزی تواناداریی خواستراو دەدات. ئەزموونی پەکەکە لە چەندین دەیەی رابردوودا دەریخستووە بزافێکە ئەندێشەکەی هەڵیدەسورێنێت، کە ئەندێشەی مەرجەعییەتە و زۆرجار لە واقیعدا تووشی بەریەککەوتن هاتووە لەگەڵ هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسییدا. ئەندێشەی ویست پەکەکە ئاراستەدەکات، نەک ئەندێشەی پێدراوی بەردەست.

ئەم باسە ئەمانباتە سەر ئەوەی ئایا تەنها تەڤگەری پەکەکە دەرەقەتی ئەو ئەرکە پێشبینیکراوانە دێت، کە ئێمە مەزەندەدەکەین لە پێشهاتەکانی بەهاری عەرەبیدا دێتە بەردەم کورد و تورک؟

نەخێر! مەرج نییە وا بێت، بەڵام ئێستا بۆ باکوور، کە ٪٦٠ کوردی لێیە، پەکەکە بەهێزترینە و ئۆجەلانیش لە ناو پەکەکەدا بەهێزترینە، دەنا وەکتری واقیعەکە هێزی خۆی هەر دروستدەکات، کە ئەم ئەرکە لە تەرەف کوردەوە راپەرێنێ، مادام لە تەرەف تورکەوە لە هەموو ئاستەکاندا تەگبیردەکرێت و خۆسازدان هەیە. واتا لەم قۆناغە بەهێزترینەکان رۆڵ دەگێڕن.

– لە تەرەف تورکەوە رێگا بۆ هەموو ئەگەرەکان کراوەیە، کە ئەم نەزعەی خاوەنداریێتییەیان لە دۆرسێی کوردستانیی عوسمانییدا بۆ چارەسەربکات و وەڵامدەرەوەی ئەو خەون و ویستانە بێت:

– لەگەڵ کوردستانی باشوور وا تەگبیری هاوپەیمانێتی ئابووری دەکەن، کە سەرئەنجام جۆرێک لە مامەڵەی سیاسیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

– لەگەڵ رۆژئاوا دەخوازن پەکەکە هاتنە سەرخەتی پەیەدەیان بۆ دەستەبەربکات، تا لە سوریای دوای ئەسەددا هەڵوێستی کورد و تورکیا لانی کەمی هاوبەشێتی و هەماهەنگی تێدابێت.

– لەگەڵ پەکەکە لە باکوور دەیانەوێت بەرەی باکوور ئارامبکەن، بەڵام دیدی تورکیا لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد، لەوێ، هێشتا روون نییە.

## سیاسەتی داد و گەشەپێدان لەگەڵ کوردستانی عوسمانلی:

دەبێ بزانین ڕەوتی ئیسلامیی لە تورکیا لە سەرەتای پێکهاتنییەوە دیدی لە پرسی کورددا دیدێکی بەرەحمتر بووە لە چاو دیدی عەلمانیی- نەتەوەیی کەمالیستەکان. ئەمەش واقیعێکە دەبێ دانی پێدا بنێین و بەهۆی ئەنگێزەی ئایدیۆلۆژییەوە شەرمی لێ نەکەین. هۆکاری ئەم نەرمییەی ڕەوتی ئیسلامیی زۆرە:

- ئیسلامییەکانی تورک، کورد بە دیندارێکی لێقەوماو دەزانن، کە نەوەی شێخ سەعیدی کوردی و.. نەوەی شێخ سەعیدی پیرانیشن (کە لای ئیسلامییەکان شۆڕشی بۆ کورد کردووە، بەڵام دژی عەلمانیەتی دەوڵەتی کەمالیستی بوو).

- کوردستان و ئەنادۆڵ گۆڕەپانی پاراستنی لانی کەمی ئیسلامەتی بوون لە هەمبەر هێرشی عەلمانی و کەمالیستەکاندا.

- ڕەوتی ئیسلامی وەک ڕەوتێکی موحافەزەکاریی کەمتر نەتەوەیی و دژە کەمالیزم، جێگەی سەرنجی توێژێکی بەرفراوانی کوردەواری موحافەزەکار بوو، کە لە یەک کاتدا ململانێکاری کەمالیزم و ململانێکاری ڕەوتی چەپی کوردی بوون. ئەو توێژە کوردە ئیسلامییە دروشمی (برایەتی و دۆستایەتی ئیسلامەتی) بۆ لای ئیسلامیی تورکی کەمەندکێشی کردبوون و ئەم ڕەوتەیان بە دەرفەتی ڕۆڵگێڕانی سیاسیی و ئاینی و فەرهەنگی دەزانی. بۆیە لەسەرتاوە لەگەڵ ڕەوتی حزبی ڕەفا و دواتر داد و گەشەپێداندا بوون.

- ڕەوتی ئیسلامیی لە قۆناغی ئەربەکانی (حزبی ڕەفا) و قۆناغی ئەردۆگانی (حزبی دادو گەشەپێدان) ئەندێشەی جۆرێک لە چارەسەری نیوە پەرداخیان بۆ پرسی کورد هەبوو، کە دەکرێ بیخەینە خانەی لابردنی زوڵم و زۆر لەسەر کورد، بێ پێدانی مافی نەتەوەیی. (لە جێگەی تر لەسەر دیدی ئیسلامییەکانی تورک بۆ مەسەلەی کورد دواوین)

لە چوارچێوەی ئەم ئەندێشەیەدا، نەجمەددین ئەربەکان ستراتیژی لابردنی باری نائاسایی (ڕەوشی ئاوەرتە)ی سەر کوردستانی کردە بەرنامەی حزبەکەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٥دا، (بڕوانە ئیفادەی کوردەکان بۆ ماجەرای ڕەفا و ئەربەکان مێزگرد و گفتوگۆ - ئامادەکردنی ستران عەبدوڵڵا، سلێمانی ٢٠١٢، لاپەڕەکانی ١٣-١٥). لەکاتی بەهاری کورتی حکومەتایەتی خۆشیدا ئەربەکان هەوڵی هەبوو بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ پەکەکە، هەرچەندە هەوڵی پچڕپچڕبوو و نەگەیشتە پلەی کرداری بەرجەستە، ئەوەبوو حکومەتەکەی لە کودەتای مۆدێرنی ساڵی ٢٠٠٧دا ڕووخێنرا.

ئەردۆگان، کە کوڕی هەمان خوێندنگەی ئیسلامیی بوو، پەرەی بەم ئەندێشە ئەربەکانییە دا و تیفتیفەی خۆشی خستە سەر. لە ماوەی دە ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا ڕەوشی نائاسایی نەهێشت، جۆرێک لە بوژاندنەوەی گوزەران و فەرهەنگی خستە کوردستانی باکوورەوە و تەنانەت گەیشتە ئەوەی لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا دانی بەوەدا نا، کە بەڵێ لە تورکیا کێشەی کورد هەیەو ئەو کێشەیە کێشەی منە (لە سەرەتای هاتنە سەرکاری پارتی داد و گەشەپێدانەوە، پارتەکە ڕێبازی ئابوری لە مامەڵەی مەسەلەی کورددا زاڵکرد، سیاسەتەکانی بۆ چارەسەری و مەسەلەکە سەرکەوتووبوو، وتاری ئەردۆگان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا

نموونەیەکی روونی ئەم بوارە بوو، ئەوە بوو رایگەیاند چارەسەری سیاسی مەسەلەی کورد بۆتە پێویستییەکی لەدواخستن نەهاتوو و دەوڵەت دەبێ داوای لێبوردن لە هەڵەکانی رابردووی بەرامبەر کورد بکات. ئەردۆگان تەئکیدیشی کردەوە ناسنامەی کورد دەبێ لە جوغزی بەرتەسکی لێکدانەوەی ئەمنی دەربچێت و وەک دەسکەوتێکی چۆنایەتی بۆ هەمەڕەنگی و فرەیی کە کۆمەڵی تورکیای پێ دەناسرێتەوە، مامەڵەی لەگەڵ بکرێت... برهان علی محمد، تطور العلاقات العراقية التركية بعد عام ٢٠٠٣، مطبعة الشهيد ازاد هورامی کرکوك، ٢٠١١، ل٢٠).

بەڵام ئەم (پێشکەوتنە) هەر لە جێی خۆیدا مایەوە و شڵەژان و ترس سیمای مامەڵەی ئاک پارتی بوو لە دۆسیی کورددا. وەک لە دیدارەکانی ئەم کتێبەشدا دەردەکەوێت، لە ساڵەکانی (٢٠١٠-٢٠١٢) رەوتەکە پاشەکشێی تێکەوت، لەبەر چەند هۆکارێک:

یەکەمیان: دەرەنجامی هەڵبژاردنی گشتی وڵات لە (٢٠١١) دا، لە دیوە کوردستانییەکەیدا، بە دڵی داد و گەشەپێدان نەبوو، ئەردۆگان پێیوابوو ئەو چەند گۆڕانکارییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد دەبێتە باعیسی ئەوەی کورد پشتیوانی ئاک پارتی بکەن و کوردستانی بۆ دابینبکەن، بەڵام دەنگەکانی پاشەکشێی کرد.

ئەم مەسەلەیە لای ئاک پارتی بابەتێکی ئیعتباریی بوو زیاتر لەوەی ژمارە و دەنگ بێت، چونکە ئاک پارتی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا، لە ئاستی سەرتاسەریی تورکیادا، بایی ئەوەندە دەنگی هێنابوو، کە پێویستی بەدەنگی دەنگدەرانی بەدەپ نەبێت، بەڵام ئەو حزبە کە لە ئاستی تەواوی تورکیادا شەڕی جەهەپەی وەک نوێنەری کەمالیزم و شەڕی مەهەپەی وەک نوێنەری رەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمی تورک دەکرد و هەردووکیانی بەزاند، دەیخواست لە ئاستی کوردستانیشدا حزبە کوردییە ئاشکراو و رێگەپێدراوەکەی بەدەپەش ببەزێنێ. ئەمەی پێویستبوو بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی سیاسی تێدا بکات و بیسەلمێنێ ئەو نوێنەرایەتی کوردیش دەکات، وەکو توانی بیسەلمێنێ کە نوێنەرایەتی نەوەی نوێ و شەپۆلی نوێی کۆمەڵی تورکیا دەکات، بەڵام دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لە چەند وێستگەیەک دەریانخست بەشێکی بەرچاوی کوردستان دەنگ بە (ناسنامە) دەدات، تا ئەوەی دەنگ بە خزمەتگوزاریی کاتی هەڵبژاردنەکان بدات. ئەو هەڵبژاردنانەی ئاستی کوردستان کە نوێنەرانی کورد دەیانبردەوە بازدانی چۆنایەتی سیاسەتی کوردی دەردەخست، کە بیست ساڵ بوو سیاسەتی ئاشکراوو رێگەپێدراوی خستبووە خزمەتی گەشەی نەتەوەییەوە، بەجۆرێک ناسنامەی نەتەوەیی کورد رەهەندێکی سیاسی بەرجەستە وەربگرێت. شتێک کە داد و گەشەپێدان نەیتوانی ئیختراقی بکات، چونکە ئەو قۆناغە بەسەرچووبوو کە حزبە سەرتاسەرییەکان زۆرینەی متمانەی کوردستان بە دەستبێنن، با تەنانەت ئەو حزبە سەرتاسەرییە داد و گەشەپێدانیش بێت کە لە دەمی حوکمڕانی خۆیدا بە ڕەحمتربوو لە حزبە کەمالیست و عەلمانییەکان. ئەم دەرەنجامانە بۆ داد و گەشەپێدان دەبوونە شۆکی سیاسی، هەرچەندە ئەویش رێژەیەکی باشی دەنگی لە کوردستان بەدەستدەهێنا، بەڵام کەمتر بوو لە هی رەوتی کوردستانیی.

ئامارەکان رێژەی ئەندامە کوردەکانی فراکسیۆنی پارتی داد و گەشەپێدان لە پەرلەماندا بە نزیکەی (٧٠ -٨٠) کەس دیاریدەکەن، کە ئەم رێژەیە لە سێ خولی پەرلەمانیدا

(٢٠٠٢،٢٠٠٧،٢٠١١)دا لە هاتوچۆی کەم و زۆری دا بوو، سەرکردایەتی داد و گەشپێدان بە شانازییەوە باسی ئەم ڕێژەیە دەکەن و بە بەڵگەی لایەنگری کوردی تورکیا بۆ خۆیانی لەقەڵەم دەدەن، زۆرجاریش بۆ لا تەریککردنی پەکەکە و بەدەپە تەوزیفیدەکەن، حسین چەلیک جێگری سەرۆکی داد و گەشەپێدان، کە وەزیرێکی بەردەوامی کابینەکانی ئەردۆگانە، لە گفتوگۆی تایبەتی ژمارەیەک ڕۆژنامەوانی کورددا – لەسلێمانی – پێیوتین حەفتا پەرلەمانتاری کورد لە ریزی فراکسیۆنی ئاک پارتیداین، نوێنەری ناوچەکانی خۆمانین، خەبات دەکەین خوێن نەرژێ و ناوچەکانمان بە ئاشتی بژین، من کوردم، بەڵام نامەوێ وەکو پەکەکە بم و ئەمەش هەقی خۆمە کە جیاواز بیربکەمەوە، لە پارتێکدا بم کە سیاسەتی نکۆڵیکردن و سیاسەتی ڕەگەزپەرستی خستە ژێر پێڵاوەکانییەوە).

بەڵام هەشن رایەکی جیاوازیان هەیە و پێیانوایە کوردەکانی ئاکەپە ڕۆڵیان لە ڕەوتی کێشەی کورددا کزبووە، زیاتر ڕۆڵێکی روکەش بۆ حزبەکە دەگێڕن (لەکاتێکدا تورکیا گفتوگۆی ڕەهەندە جیاجیاکانی مەسەلەی کورد دەکات، دەستەبژێری کوردی ناو پارتی داد و گەشەپێدان بەشداریی دیالۆگەکە نابن، احسان داغی، الاکراد فی حزب العدالة والتنمية، تودەی زمان، ٢٠١٢/٦/١٢ ڕۆژنامەی الاتحادی بەغدادی لە ٢٠١٢/٦/١٣ ل١٠) بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەنگەکانی دادو گەشەپێدان لە کوردستاندا ئاماژەیەکی ئیجابییە بۆ ئەو حزبە، کە حزبێکی سەرتاسەری تورکیایە (برهان علی محمد، تطور العلاقات.... سەرچاوەی پێشوو ل٢٣) و دەنگەکانی لەگەڵ مەهەپەو جەهەپەدا بەراودناکرێت و لەگەڵ بەدەپەشدا لە ململانێی دەنگ کۆکردنەوەدان لە پاوانی کوردستاندا.

دووەمیان: ئاک پارتی ئەم شۆکەی بەوە تەرجەمەکرد، کە پێیوابوو کەس لە کوردەکان سوپاسیان نەکردووە لەو هەنگاوانەی بۆ خزمەتی کوردستان ناویەتی. وەک دەبینین دواتر ئەم گرێیە دەبێتە ئەنگێزەی ئاک پارتی بۆ وەرگرتنی سێ کوچکەی بەدەپە، ئیمرالی و ئینجا پەکەکە وەکو موخاتبێک، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر هەنگاوی تری نا لە مەسەلەی کورددا کەسێک هەبێت ئەم دەستکەوتەی لێ وەربگرێت و سوپاسی بکات و منەتباری بێت. جاران ئاک پارتی دەیگوت ئەمە بۆ خەڵکی دەکەین و خۆمان دەیکەین و پێویست بەلایەنی سێیەمی نێوانمان ناکات، وەکو چەلیک دەیگوت ئێمە ئەو شتانەی بۆ میللەتی خۆمان دەکەین نەک لەبەر خاتری پەکەکە)، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەو نێوانە تەڤگەری کورد (بەدەپە و پەکەکە و ئیمراڵی)ن کە دەتوانن موخاتیب بن، لەگەڵیان ڕێکبکەوێت و چارەسەری مەســەلەی کوردیان بە دیاری بداتێ و لە بەرامبەریشــدا نرخ و بەرامبەرەکەی وەربگرێت.

سێیەمیان: لە سێ ساڵی رابردوودا، بەهۆی ململانێی سیاسییەوە، ئاک پارتی خیتابی ڕەگەزپەرستی، کە هی ڕەوتێکی نەتەوەیی ناو خۆیەتی، تۆخکردەوە، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی (٢٠١١) و دەرکەوتەکانی بەهاری عەرەبی کە سەرکەوتنی نموونەی داد و گەشەپێدانی دەرخست، ئەردۆگان دەیویست وەبەرهێنان لەناو جەماوەری نەتەوەیی تورکدا بکات بۆ ئیستحقاقی قۆناغی داهاتوو.

چوارەمیان: گرنگترین ئیستحقاقی قۆناغەکەش پۆستی سەرۆکایەتی بوو، کە ئەردۆگان لە

سەرەتادا پێیوابوو نەتەوەییەکانی تورک بۆی دابیندەکەن تا سەرەنجام ئەم مەیلەی گۆڕی.

دوای ئەو قۆناغی پاشەکشێیە کە تەنانەت دوو شەڕی توندی دژی مەکۆکانی پەکەکەی لە قەندیل لێ کەوتەوە، هەلومەرجی شۆڕشی سوریا کە فاکتەری کوردی لە لاوازترین بەشی کوردستان – بەشی کوردستانی رۆژئاوا – جوڵاندەوە، نەخشەی تورکیای تووشی پەکخستن و لادانی کاتیی کرد. تا سەرەنجام بوژاندنەوەی ئەم مەسەلەیە لە سوریا بووە بۆنەی هەڵوەستەی ئەنقەرە لەبەردەم سیاسەتەکانی پێشوویدا بەجۆرێک ناچاریکرد بگەڕێتەوە بۆ هەڵدانەوەی دۆسێی کورد لە تورکیا، تا بتوانێت لەگەڵ ئیستحقاقی کوردی سوریا و پەیەدەکەیدا مامەڵەبکات.

## چانسەکانی ئاک پارتی

چانسەکانی بەردەم ئاک پارتی هەر چانس نییە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، بەڵکو چانسە بۆ دامەزراندنی تورکیایەکی نوێ، یان کۆمارێکی نوێ وەکو هەندێک دەخوازن ناوی لێ بنێن. کۆمارێک کۆماری کەمالیزم بسڕێتەوە، کە کۆماری نکۆڵیکردن و حاشالێکردن بوو لە کورد و لە فرەیی تورکیا و لە مێژوویەکی دەوڵەمەندی رۆژهەڵاتیی، کە توخمەکانی شارستانییەکی ئیسلامی و توخمەکانی عەلمانییەتێکی نەرمی تێدابوو، دەکرا خۆڕسکانە گەشەبکات، ئەو پەرچەکردارە ئەتاتورکییە نەخوڵقێنێ، کە دواتر پەرچەکردارێکی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوە و گروپەکانی تورکیای لێکەوتەوە.

گرنگترین چانس لەبەردەم داد و گەشەپێدان هەر خۆشی گرنگترین چانسە لەبەردەم تورکیاو لەناویشیدا و لەگەڵیشیدا گەورەترین چانسە لە بەردەم کورد لە تورکیا و لە دەوروبەرە عوسمانلییەکەشی. چانسی ناشتنی تەرمی کەمالیزم و پێچانەوەی (٩٠) ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئەتاتورک، کە یادگاری پێکەوەیی باش و خراپی (٩٠٠) ساڵی کورد و تورکی بە مێژوو سپارد و یادەوەری دوو نەتەوەی سڕییەوە.

ئەم چانسە لەباریدایە تورکیا لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ نەخشەیەکی نوێی لێ دروستبکات. لەباریدایە وەکو یەکێتی سۆڤێت تورکیا لە توپەتبکات، یان وەکو یەکێتی ئەوروپا و یەکێتییەکی نەرمونیانی ناعوسمانی پایەداری بکات و سەدەیەکی تری سەروەری بداتێ و بەمەش خولی تورکی هەزار ساڵ تەواوبکات لە جێی هەڵوەشاندنەوەی تەفروتونابوون، دەشێ هەڵوەشاندنەوە بۆ دامەزراندنێکی نوێ بێت. هەڵوەشاندنەوەی وا چانس بە تورکەکان و بەکوردیش دەدات بەدوای فیدراسیۆنێکی نوێدا بۆ پەیوەندی بگەڕێن.

دە ساڵ لە تەجرەبەی داد و گەشەپێدان، کە تێیدا دەوڵەت بنەمابوو، بەڵام بنەمایەکی وا خۆی بە ناوەڕۆکی دەوڵەتی حقوق دەربخات، ئەو قەناعەتە پتەوتردەکات کە تەجرەبەی ئەردۆگان تەجرەبەی دەوڵەتی کۆماری چینە لە چاکسازی، نەک تەجرەبەی گۆرباچۆڤ کە بووە مایەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی سۆڤێت. ئەردۆگان بە نوێنەرایەتی ئاک پارتی و رەوتی ئیسلامی میانڕە و لە تورکیا دەرکی بەوە کرد، کە لە بنچینەدا دەوڵەت دەزگایەکی جێگیرە لای تورکەکان و مێژووی گەشەی نەتەوەی تورک و دەستکەوتەکانی لە هەزار

ساڵی رابردوودا له مێژووی دەوڵەتدارییەکەی جیاناکرێتەوە، بۆیە لە جێی دەوڵەتی جێی ئیعتباری تورکەکان هات دەوڵەتێکی تری دایە بەر پاچکاری، کە دەوڵەتی قووڵ بوو. یەکەم هەنگاویش لە کێشەی ئەرگەنکۆن و لابردنی هەژموونی سوپا (یەنی چەهریی کۆمارەکەی ئەتاتورک) بوو، تا ئیتر پاوانی هەموو جومگەکانی کرد.

ئەم نموونە چینییە، کە ناخوازێ وەک پریسترۆیکای سۆڤێت بێت، بەڵکو دەخوازێت عەلمانییەکی ئیسلامی بێت (شۆڕش)ێکی بەنرخی خاویی چاکسازی بەرپاکردووە، کە کێماسی هەرە گەورەی چارەسەرنەکردنی پرسی کوردە، ژ بەر وی نها بیر لە چارەسەرکردنی دەکاتەوە، چونکە دەزانێت ئەوە کێماسییەکە دەشێ ریسەکەی ئەم (شۆڕشە پەنهانە) بکاتەوە بە خوری.

## چانسەکانی تەڤگەری کورد

چانسەکانی بەردەم پەکەکە و تەڤگەری کورد هەم لە گەشەی مەسەلەی کورد و پێکهاتنی ناسنامەی سیاسییەوە سەرچاوەیگرتووە و هەم لە گۆڕانکاری ناو هەناوی کۆمەڵی تورکیا، کە کۆمەڵی کوردستانی باکووریش بەشێکە لێی و کار و کاردانەوەی لە هەمبەردا هەیە.

گەشەی مەسەلەی کورد لە تورکیا دوو دیمەنی تۆخی تەڤگەری کوردی گوزارشتی لێ دەکات، ئێمە ئێستا دەزانین لە سیاسەتی ئاشکرا و رەسمیی کوردیدا، بەدەپە و فراکسیۆنەکەی هێزی سەرەکین لەوێ. بەدەپە خۆی سێ سنفی فیکری و سێ هێڵی سیاسی لەخۆدەگرێت، کە نیمچە بەرەیەکە بۆ خەبات:

– بەرەی سەلاحەدین دەمیرتاش، گوڵتان کشناک.

– بەرەی ئەحمەد تورک و هەموو ئەو چەپە دیموکراتانەی پێشتر لە ڕیزی حزبە چەپە سەرتاسەرییە تورکییەکاندا خەباتی سیاسییان دەکرد.

– بەرەی ئالتان تان و ئیسلامییە میانڕەوەکانی وەکو ئەو، کە پێشتر لە ریزی رەوتی ئیسلامی سەرتاسەری تورکدا بوون (ئەڵتانەتان خۆی لە حزبی ڕەفاهـ و دواتر لە سەرەتای ئاک پارتیش لەگەڵیان بوو).

– بەرەی یەکەمیان بەرەی گەنجی گرێدراوی جووڵانەوەی ١٦ی ئابی ١٩٨٤، یانی بزووتنەوەی پەکەکەیە.

–بەرەی دووەم: هی چەپی جارانە، کە لەگەڵ گەشەی پرسی کورددا تەڤلی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون.

– بەرەی سێیەم بەرەی موحافەزەکارە موسڵمانەکانە، کە وردەوردە لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەردەکەون.

جگە لەمە لەناو سیاسەتی رەسمی و ئاشکرادا چەندین حزبی کوردستانیی هەن، وەک:

ئینسیاتیفی ئیسلامی کوردستان (ئازادی)، کە پاریزەر سدقی زیلان یەک لە ئەدگارە دیارەکانێتی. ناوبراو پارێزەری کەیسەکانی حزبوللا بوو، کە لە هەشتاکان و نەوەدەکان تووشی بەر یەککەوتن هات لەگەڵ پەکەکە و بە کردووەکانی بکوژی نادیار ناوی کەوتە ناوانەوە.

پارتی ماف و ئازدییەکان (هەقپار)، کە بایرەم بۆزەیلی لە سەرکردە دیارەکانی بوو و ئێستا مامۆستا کەمال بۆرقای- دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا- رێبەرایەتییان دەکات. ناوبراو پێشتر سکرتێری گشتی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا بوو لە مەنفا. یەکێکە لە نەیارە سەر سەختەکانی پەکەکە.

پارتی بەشداربوونی دیموکراسیی (پارتی بەشدار)، کە رێبەرەکەیان مامۆستای کۆچکردو شەرەفەدین ئێلچی بوو.

پارتی ئازادی و سۆشیالیزم (ئۆسەپە).

کۆمەڵەی شۆرشگێری دیموکراتی کورد (دەدەکەدە).

حزبی داوا، کە میراتگری سیاسیی حزبوڵڵایە و تازە دامەزراونەتەوە.

کاتی خۆی بەریز بەیرام و هەڤاڵەکانی لە هەقپار هاتنە کوردستان و دانیشتنیکمان رێکخست پێیوتم کە ئەوان رەخنەیان لە پەکەکە زۆرە، بەڵام لەبەر ململانی لەگەڵ دەوڵەت هەوڵدەدەن خالی هاوبەش بدۆزنەوە. ئەو گتی داخوازیی زمانی دایک و گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی لە دەستوور و لابردنی رێژەی ١٠٪ بۆ هەڵبژاردنەکان لەو ئامانجانەن، کە ئیمە لەسەری کۆکین.

ئەوەی دەخوازین لێرەدا سەرنجی بدەینێ، بەرەی موحافەزەکارە موسڵمانەکانە، کە وردە وردە لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەردەکەون و جێ هەم بە حزبوڵڵاییەکان و هەم بە ئاک پارتییەکانیش لەقدەکەن و خۆیان دەبنە هێزی کوردایەتی بە رێبازی موحافەزەکاری ئیسلامی، کە لە ئایندەدا نوێنەرایەتی رەوتێکی بەهێز دەکات، رەوتێک لە بەشی پەکەکە و ئاک پارتیش دەخوات. رەنگە هەڕەشەیەک ئەم رەوتە لە ئایندەدا پێکیدێنێت بووبێتە یەک لە ئەنگێزەکانی نزیکایەتی پەکەکە و ئاک پارتیش. پەکەکە بۆ ئەوەی لە گۆرەپانەکدا یەکەم بێت و ئاک پارتیش بۆ ئەوەی رەوتیکی ئیسلامیی وا پەیدانەبێت، کە رکابەریی بکات و بەهەمان کەرەستەی سیاسیی و فیکری خۆی ململانێی لەگەڵ بکات و بەشی کوردستانیی لێ هەڵبگێریتەوە

ڕاستێکەی نها لە باکووری کوردستان گەشەیەکی ئابووریی و فەرهەنگی بەرچاو دەستیپێکردووە، کە رێگا لەبەردەم کۆمەڵێکی مەدەنی گەشەسەندوودا خۆشدەکات. ئەم گەشەیە لە گەشەی کۆی تورکیا دابڕاونییە، با لە ئاستی ئەویشدا نەبێت، بەڵام بەشی ئەوەی تێدایە کوردەواری باکوور بباتە قۆناغێکی نوێی ژیان و ژیانەوەوە. بەتایبەتی ئەگەر پرۆسەی ئاشتیی بمێنێ بێ ئەوەی هەنگاوی باش لە چارەسەری پرسی کورد بنرێت. مانەوەی ئاشتی رێگا بۆ وەبەرهینانی ئابووریی گەورە لە باکوور دەکاتەوە. لە هەمات کاتدا مانەوەی پرسە نەتەوەییەکە بێ چارەسەر وادەکات گەشەی ئابووری باکوور، کە بە ئاگاداری تورکەکان دەکرێت، خۆرسکانە بچێتە گیرفانی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە. چونکە هەمیشە ناسنامەی سیاسیی دەکەوێتە پێش گەشەی ئابوورییەوە لای ئەو نەتەوانەی تێری پێویستییە نەتەوەییەکانیان نەکراوە و سەرەنجام گەشەی ئابووریی، کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەوە دەکرێت بزووتنەوەی نەتەوەیی پێ بنکۆل بکرێت، خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە خزمەتی ماشێنی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە.

ئەم دەرکەوتە لە ئاستی سیاسەت و فەرهەنگیشدا - لە ئاستی سەرخاندا - ئەگەر دەستەواژە مارکسیستەکە بەکاربێنن، تەرجەمەی خۆی دەکات. مەنجەڵێکی گوڵاو لەسەر ئاگرێکی گەرم و شێنەیی سەر قەپاغی خۆشی هەیە، کە دەم دەکا و ئیستیحقاقی وەخت و پێگەیینی خۆی بەرهەمدێنێت. خەسڵەتی سەرەکی ئەم گەشەیە تێکەڵبوونێتی بە بازاڕی گەشەکردووی تورکیا - هی ئەورووپاش - ڕەهەندێکی هەرێمایەتیشی هەیە، کە دەرژێتە رووباری گەشەی نەوتی باشووری کوردستانیشەوە. حیسابی زیان و قازانجی ئەم دۆخە بەرخورد و مامەڵەیە، ململانێ و تەواوکارییە لەگەڵ تورکیادا. شەپۆلێکی سیاسیی زاڵ لەم هەلومەرجەدا شەپۆلێکی مەدەنی و کوردایەتییەکی نەرمونیانی فەرهەنگی و سیاسییە.

ئەم واقیعە وەکو باسمانکرد، لە بەشی ژینگەی کۆمەڵایەتی پەکەکە و ژینگەی سیاسیی ئاکپارتیش دەخوات لە کوردستاندا. بەتایبەتی ئەگەر یەک لە سیماکانی ئەم شەپۆلە سیاسییە ئیسلامەتییەکی شێنەیی دەبێت. کوردستان بەدەرنابێت لە شەپۆلی بوژاندنەوەی ئیسلامیی سیاسیی، وەک دەرئەنجامی کارییەکانی بەهاری عەرەب، بەڵام ئەوی لە کوردستانی باکوور نمادەکات ئیسلامەتییە تا ئەوەی ئیسلامیی سیاسیی بێت. هۆکار بۆ ئەمە زۆرە و بەشێکیان پەیوەندی بە ڕێرەوی کاریگەری دینداری هەیە لە باکوور و ڕۆڵی دینداری لە پاراستنی دابونەریتی کوردەواری و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی لە کۆمەڵێکی عەلمانی کەمالیزمدا، کە هەم خۆشی بە نەتەوەی کورد و هەم خۆشی بە ئیسلامیش نەدەهات.

دینداری لە باکوور ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە بۆ پاراستنی کوردەواری، کە لە ڕۆڵی دینداریی دەچێت لە پاراستنی فەرهەنگ و نەتەوایەتی میللەتانی ئاسیای ناوەڕاست لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا. چونکە دەوڵەتی کەمالیزم لە هەندێک خەسڵەتی زوڵم و زۆریی فەرهەنگیدا لە فەرمانرەوایی سۆڤێتی دەچوو لە گەلێک دەورانی میللەتانی ئاسیای ناوەڕاستدا.

کەمالیزم ئیلحاد بوو تا ئەوەی عەلمانی بێت، فاشستی بوو تا ئەوەی نەتەوەیی مۆدێرن بێت، بەشێوەیەکی توندی (دەوڵەت - نەتەوەیی) فەرەنسی بوو کاتێک بەریەککەوتنی لەگەڵ میللەتی کورددا دەکرد. لەبەر ئەوە کوردەواری دینداریی کوردەوارییەکی دەست لێ نەدراو بوو لەچاو خانەکانی دیکەی ژیانی کوردەواری لە باکوور، وەکو خانەی پەروەردەو فێرکردن و کار و یاساو ڕێورەسمە گشتییەکانی تر و بگرە تەنانەت لە چاو خانەی عەشیرەتگەریی، کە سیاسەتی حکومەتی ناوەند توانیی لەتیبکات و بیخاتە خزمەت مۆدێرنیتەی سیاسەتی موترۆپۆڵەکانەوە.

(یاسای یەکخستنی پەروەردە و فێربوون لە ساڵی ١٩٢٤دا، کە هەموو سیستمی پەروەردەی خستە ژێر دەستی وەزارەتی پەروەردەوە، پرۆگرامێکی عەلمانی دانا و تەنها یەک زمانی کردە زمانی خوێندن، ئەویش زمانی تورکی بوو. ادم انج، القضية الكردية في تركيا من وجهة نظر تعليمية، تودەی زمان ٢٠١٣/١/٢٧ ڕۆژنامەی الاتحادی بەغدادی).

لە بیریشمان نەچێت بەشێکی بەرچاوی سەرمایەگوزاری سیاسیی ئیسلامییەکانی تورکیا پشکێکی گەورەی کوردی تێدایە، چ لە خودی شارەکانی باکوور و چ لە میترۆپۆڵەکان. توێژێک لە دیندارەکان، کە لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا وەختێک پەکەکە دەستی

بە خەباتی چەکداری کرد دووربوون لە شەئنی گشتی، کەچی لە دەیەی نەوەدەکاندا هاتنە ناو کایەی بەشداریی لە شەئنی گشتی کۆمەڵ و وڵاتدا، توێژێکی موحافیزەکار بوون. ئەمەش وردەوردە، لەگەڵ پایەداربوونی ڕەوتی ئیسلامیی لە سیاسەتی تورکیادا، باسکی ئەستوورکرد و ئێستا جگە لەو بەشدارییە گشتییە لە ڕەوتی ئیسلامەتیدا خاوەن نەزەری نەتەوەییە و تا دێت مەسافەیەک لەنێوان خۆی و ئیسلامەتی سەرتاسەریی تورکیا دادەنێت، لە پرۆژە سەرەکییەکە لەگەڵێتی و لە پرۆژە نەتەوەییەکەی کورد لەگەڵی تووشی بەریەککەوتن دێت.

ڕاستێکەی دیاردەی گەڕانەوە بۆ نەتەوە لەلایەن هەندێک توێژی دینداری کوردییەوە شرۆڤەی چەمکێکی ئەم پەرەسەندنانەمان بۆ دەکات. ئیسلامیی قوتابخانەی میللی گوروش، لەوانەش حزبی سەلامەتی نیشتمانی و حزبی ڕەفا، کە لە پاڵتۆکەی نەجمەددین ئەربەکانەوە دەرچوون، ئیسلامیی کۆمەڵایەتی فەتحەڵڵا گویلەنی کە خواستی بوو بە مەرجی تورکیایی کوردی باکوور بە تۆڕی سەرتاسەریی خۆیەوە گرێبدات، لەگەڵ گەشانەوەی نەتەوایەتییدا ئیسلامەتی کوردی لە چوارچێوەی ئیسلامیی گشتیشدا خەریکە هۆبەی خۆی هەڵدەدا، شتێکە وەک پەرچەکردارێکی گوزارشتکەر لە گەشەی کوردەواری لە بابەت ئەوەی ڕۆبرت ولسۆن باسیدەکات کە تەڤلی بوونی کوڕ و نەوەی سەرۆک هۆزە کوردەکانی سوارەی حەمیدییە بە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندنی حەمیدییەوە لە دوا جاردا نەوەیەکی خوێندەواری پێکهانی کە لە ماوەی نێوان ١٨٨٠ بۆ ١٩٢٥ (لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە بۆ شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران) ڕۆڵیان لە کوردایەتی و شەئنی گشتی کوردستانی عوسمانیدا گێڕا.

دەشێ ناوی ئەم ڕەوتە لە گەڕانەوە بنێین کۆچ بەرەو باکوور، کە بەتایبەتی لەگەڵ هاتنە سەرکاری داد و گەشەپێدان و هاوشانی زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕەوتێک بوو بە شێنەیی پێگەیی، کاری لە کوردەواری کرد و دوو فاکتەری دەوروبەریش کاریان تێکرد:

– تەڤگەری نەتەوەیی کورد، کە هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لە ڕەوتی ئیسلامەتییە کوردییەکە دەگرت، کە وابەستەیە بە ڕەوتی تورکیاییەوە.

– تەڤگەری ئیسلامیی سەرتاسەری لە تورکیا، کە وەک موستەزعەفێک چووە سەر حوکم، بەڵام لە حوکمڕانیدا وەکو پێویست لای لە کێشەی کوردە موستەزعەفەکان نەکردەوە.

پرۆفیسۆر مجاهد بیلیجی، سۆسیۆلجستی ناسراوی بە ڕەگەز کورد، کە نووسراوەکانی لەسەر کەمالیزم و ئیسلامیەتی و ناسنامەی کورد لە میدیاکانی تورکیادا بڵاودەبێتەوە، بە سۆزێکی سەیرەوە ئەم دیاردەیە دووپاتدەکاتەوەو ئێژێ:

(قۆناغی دوای پارتی کرێکارانی کوردستان بەهارێکی کوردی دەبێت. ئەمە شتێکی حەتمییە، لەگەڵ کشانەوەی پەکەکە لە گۆڕەپانەکە و نەمانی توندوتیژی شۆڕشێکی بێدەنگی تر لە تورکیا سەرهەڵدەدات.. لە ترسی تانەی دەوڵەتی تورکیا و بەهۆی مۆنۆپۆلکردنی گوتاری کوردی لەلایەن پەکەکەوە زۆرێک لە کوردەکان بێدەنگبوون، یان ناخۆشییان دەبینی لە داکۆکیکردن لە مافەکانیان، بەڵام لە ئایندەی نزیکدا بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی کوردی و فراوانبوونی مەیدانی خەبات بۆ مافە مەدەنییەکان دەبینین. مێژوو

لایەنگری کوردە، خوای گەورەش لایەنگری کوردە و زمانە عەلمانییە نەتەوەییە هەژارەکەی پەکەکە بەدەنگێکی واقیعگەرایی کوردەکان دەگۆڕدرێتەوە. لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: خەباتی کورد دیموکراتی و میللی بۆتەوە، بۆیە زۆرترین کورد لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە تەڤلی ئەم ململانێیە دەبن، دووەم: لایەنی تورکی چیتر پێبەندی دیکتاتۆری کەمالیستی عەلمانی نییە، بەڵکو پێبەندی دینداریی دیموکراتی تورکییە. ئەمەش ئایندەی خەباتی کورد رەنگرێژدەکات.. ململانێکە لە چوارچێوەی گوتاری ئیسلامیدا دەبێت.. دەوڵەتی تورکیایی ملکەچی داخوازی هاوڵاتیانی کورد دەبێت. تودەی زەمان، رۆژنامەی الاتحادی بەغدادی، دیدار لەگەڵ پرۆفیسۆر مجاهد بیلیجی).

ئەم رەوتە ئیسلامەتییە لە دەیەی داهاتوودا چانسی رۆڵگێڕانی هەیە لە کوردەواریی و کوردایەتییدا و دەبێتە موزاحمێکی سەرسەختی تەڤگەری پەکەکە، کە شانازی دەستپێکردنی خەباتی نەتەوەیی هەیە، بەڵام ستراکچەرە توندوتۆڵکەی لە شاخ هەیبوو لەناو میکانیزمی کاری کوردەواری داهاتوودا تووشی بەریەککەوتن و لەمپەر دەبێت و بە ئاسانی ناتوانێت خۆی لەگەڵ کوردەواریی شارەکاندا بگونجێنێت. راستە ئێستا توانیویەتی ئەمە بکات، بەهۆی بەدەبە و بەهۆی ئیستیحقاقە قەومییەکە، کە هەموو مملانێیەکی ناو هەناوی کوردەواری سڕکردووە، بەڵام لە قۆناغی ئاشتیدا دەبێ گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، تا دەرەقەتی چانسەکانی بەردەم ئەم رەوتە ئیسلامییە بێت و ململانێیەکی دەوڵەمەند بۆ پترکردنی ئەگەرەکانی بەردەم کوردی باکوور بکات.

ئایا ئەم رەوتە ئیسلامەتییە چی دەکات و چی بۆ کوردەواری کوردستانی باکوور پێیە؟

دیار نییە، بەڵام ئەوەی ئەزموونی مێژوو پێمان دەڵێت دونیا دەوران دەورانە و هەر دەورانێک بۆ دەوڵەتێکە و هەر دەوڵەتەی بۆ رەوتێک و نەوەیەکە. دەشێ ئیسلامەتی و دینداریی کوردی ئەمە بخاتە گەڕ بۆ کوردستان و دەشێ لەبەر سکتاریزمێکی ئایدیۆلۆژی لەدەستیبدات، وەکو پێشینان لەدەستیان دا.

ئەوی تەماشای رەوتی ئیسلامەتی تورکیا لە بەرگی نوێی میللی گوریش (لە ئەربەکان تا ئەردۆگان) بکات دەزانێ لە پەنجاکان کەڵکیان لە گەڕانەوەی حزبایەتی سەردەمی عەدنان مەندەریس وەرگرت، کەڵکیان لە رەوتی گەڕانەوەی سەردەمی ئۆزاڵ و تەنانەت یارمەتییەکانی وڵاتێکی وەکو سعودییەش وەرگرت، بەڵام دواجار هەموویان ملکەچکرد بۆ خەسڵەتێکی تورکی لە ئیسلامەتی، کە مۆدێلێکی براوەی بەرهەمهێنا. مۆدێلێک نها وڵاتانی عەرەبی، وڵاتانی چاوگی یەکەمی ئیسلام، چاویان لێیەتی و حەزیان پێیەتی.

رەوتی دینداریی کورد لە سەرێتی دینداریيەکی تێکەڵ بە گەشەی کوردایەتییەکی نەرم رەچاوبکات، چونکە هەر ئەوە دەتوانێت ئیحتوای دەرکەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی ئیسلامیی سیاسیی لە باکوور بکات و دەرفەت بداتە دەوڵەمەندکردنی تەجرەبەی باکوور لەم ئەستانەی گۆڕانکاری سەرەتای سەدەی بیستدا.

هەڵبەتە دەستنیشانکردنی ئاسۆی ئایندەی کورد لە تورکیا و پاوانی کوردستانی عوسمانلی بۆ ئەوە نییە دەرگای ئەگەری تر لەبەردەم کورددا بخەین، هەر لە دەرگای

پێکەوەژیان تا دەرگای سەربەخۆیی، بەڵام ئەوەی لێرەدا سەنگی دراوەتێ شرۆڤەکردنی گۆڕانکارییەکانی هەناوی بزووتنەوەی سیاسییە لە کوردستان و ئەگەرەکانی بەردەمێتی.

## ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆژەیەکی هاوبەشی کورد و تورک لەئاستی کورد دا مەترسییەکان ئەمانەن:

- بەریەککەوتنی نێوان کوردی تورکیا خۆیان و لەنیوان ئەوان و کوردی عیراق.. هەڵەکە لەلایەن کوردی تورکیا ئەوەیە پەکەکە نەتوانێ میکانیزمی تەفاهوم لەگەڵ تەڤگەری کوردی تورکیا و ڕەوت و حزبەکانی دیکەی باکوور بدۆزێتەوەو ناکۆکی توند لەناو کوردی تورکیا سەرهەڵبدات.

- بەدەپە و پەکەکەش هەردووکیان قورسایی بخەنە سەر باری ئایدیۆلۆژی چەپگەرایی و بەو هۆیەوە نەتوانن پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ ئاک پارتی بۆ چارەسەری کیشەکانی کورد بدۆزنەوە.

-خووی خۆ بە مەرجەع زانینیان لە کوردستانی باکوور هەڵە لێکبدەنەوەو بیکەنە دیدی بەپاشکۆ سەیرکردنی کوردستانی عیراق.. واتا باشووری کوردستان بە پاشکۆ بزانن. ئەوە نەزانن و لەوە تێنەگەن کە کوردستانی عیراق هەر تەنها ویلایەتەکەی جارانی موسڵی پێشوو نییە، بەڵکو پێگەیشتووە خەریکە دەوڵەت رادەگەیەنێت، دەوڵەمەندەو تەجرەبەی بزووتنەوەی سیاسی هەیە و دەتوانێت پاڵپشت و تەواوکار بێت، بەڵام ناتوانێت پاشکۆ بێت. گرنگە تەڤگەری باکوور بزانێت کوردستانی باشوور وەکو ناخوازێت ویلایەتێکی سەر بە ئەنقەرە بێت، ناشخوازێت قەزایەکی سەر بە دیاربەکر بێت.. دەخوازێ وەک پایتەختی ئیفترازی و مەعنەویی بۆ کوردستانی گەورە سەیری دیاربەکر بکات، نەک وەک بڕیاردەرێکی ئیداریی لە چارەنووسی سلێمانی و هەولێر. ویستی کوردستانی باشوور ئەوەیە، کوردستانی باکوور مەرکەزییە لە خەباتدا، بەڵام نابێت ناوەندگەرا بێت لە هەڵسوکەوتدا.

- تەڤگەری کورد لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنبازیی سیاسەتی تورکیا لە دژی کوردی عیراق ئاگادارو وریا بێت و ئامۆژگارییکاربێت بۆ کاری عیراق لە دۆسێی مامەڵە لەگەڵ ئەنقەرەدا.

## هەڵەکان لە تەرەف کوردی عیراقەوە:

- وەکو هیچ لەبار نەبوویەک سەیری کوردستانی باکوور بکات لە کاتیکدا ٪٦٠ی کوردی دونیا لەوێیە.

- وەکو بار و ئەرک سەیری باکوور بکات، گوایە ئەم حکومەتی هەیە و باکوور نییەتی و دەشێ تووشی کێشەمان بکات لەگەڵ تورکیا.

- وەکو ڕکابەری زەعامەت، بەتایبەتی لەنێوان پارتی و پەکەکە، سەیری پرسی یەکێتی نەتەوەیی بکرێت.

- لەڕاستیدا باشوور تەنها بە دەوڵەت ڕاگەیاندن دەتوانێت ببێتە ڕەقم و قورسایی لە هاوکێشەی (دیاربەکر- ئەنقەرە) دا، بەڵام دەوڵەتی باشوور دەبێ بە نەبەردی یان بە

تفاهوم بێت، كەركوك لەگەڵ خۆی بێنێت تا سەنگی لای توركیا زۆرتربێت و كوردستانیی باشوور كەرت نەبێت لەنێوان دەوڵەتی باشوور و خاكی داگیركراوی كەركوكدا.

– بزانێ گەیشتن بە ئەنقەرە بە پشتگیری كێشەی كوردی توركیا دەبێت. بێگومان توركیا بەئاشكرا دژی ئەمەیە و بە دەستوەردانی دەزانێت، بەڵام دەشزانێ لەم وەرچەرخانەدا، كە كاریگەری سیاسەتەكان سنووری رەسمیی دەوڵەتەكان تێدەپەڕێنێت، ناتوانێ بیانوو لە باشوور بگرێت. ئەوەتا خۆشی دەست لە كاروباری عیراق وەردەدا، چونكە زەمەنەكە لەسەر رەوشێك نەگیرساوەتەوە. مانای وایە دەستوەردان لەم وەرچەرخانەدا لەسەر سنووری جوگرافیای تەقلیدی جاران ناوەستێت.

– رێگای هەولێر بۆ ئەنقەرە بە بۆری نەوتی رێگای باكووردا دەڕوات. ئەمەش مەسەلەیەكی ئابووریی و هەروا ئەخلاقی و سیاسیشە، بێ ئاشتی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە باكوور ناتوانین بۆری نەوت بە توركیادا ببەین.

– باشوور پێویستی بە سیاسەتێكی ژیریی ناوخۆیی هەیە، كە دیموكراسییەكی دامەزراوی هەبێت و یەكێتییەكی نەتەوەیی بكاتە ئامانج. سیاسەتی خۆسەپاندن بە ناوی نەتەوایەتییەوە و سیاسەتی ئەنارشیزم و ناوچەگەرێتی، بەناوی دیموكراسی ناوخۆییەوە، باشوور لاوازدەكات. ئەم دوو دیوەی سیاسەت لە باشوور: دیموكراسی و نەتەوایەتی، پێكەوەن و ترازانی هەر لایەنێكی ئەم دوو توخمە باشوور دادەڕزێنێت و لە كاروانی سەدەی بیستویەك دوایدەخات و هەموو خەونی نەتەوەی كورد دەكاتە كابووس، هەموو رەنجی سەد ساڵەی كوردایەتی لە باشوور یەكسان دەكات بە سفر و رووڕەشی مێژوومان دەكات.

– سیاسەتی رۆژ بەڕێكردن و دەرك نەكردن بەم قۆناغە مێژووییە دەبێتە رێگر لەبەردەم باشوور و باكوور، كە یەكەمیان بە ناوی واقیعیەتی سیاسییەوە و دووەمیان بەناوی دروشمی رۆمانسی و شۆڕشگێڕییەوە لە دوو ئاوازی جیا بخوێنن. سیاسەتی رەخنە و تانە لێكدان لەنێوان باكوور و باشوور ببردرێتەوە، كە هەستی كەسێكی وەكو ئاڵتان تانیشی هێناوەتە جۆش.

(بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا باشتربكات، دەڵێ با شەڕ راوەستێ. دەڵێن با باكوور دانیشن، بۆچی دابنیشین؟ بۆ ئەوەی ئێمە ئاسوودەبین، ئەگەر تێكۆشانی كورد لە باكوور نەبوایە شۆڤێنستانی تورك هەوڵیاندەدا لە ٢٤سەعاتدا بێنە هەولێر. ئێمە بەتەواوی پشتگیری لە مافەكانی هەرێمی كوردستان دەكەین و دەبینە پارێزڤانی دەستكەوتەكانی. دەبێ ئەوانیش بڵێن كوردی باكوور برای ئێمەن و مافیان هەیەو نیوەی ژمارەی كورد لە باكوورە، ئەگەر كێشەی باكووری كوردستان چارەسەرنەبێ، هەرێمی كوردستان و رۆژئاواش ناحەسێنەوە) (دیداری رۆژنامەی رووداو لەگەڵ ئەڵتان تان، بەهاری ٢٠١٣. ئەمجۆرە گوتارە گللەییە ترسی باكوور لە باشوور و ترسی باشوور لە باكوور دەدەخات.

## هەڵەكان لە ئاستی توركیادا:

– فاكتەری كوردی بە فاكتەرێكی دوژمن سەیربكەن، وەكو نێرینی كلاسیكی توركی سەدەی بیستەم وابوو.

– وا لەگەڵ ئەم فاکتەرە مامەڵەبکەن، کە مەسەلەیەکی تەکنیکی کاتییە لەبەر وزەی ئابووری باشوور، یان لەبەر دەرکەوتنی دۆسێی کورد لە سوریا.

– وا لەگەڵ فاکتەری کوردی مامەڵەبکەن، کە تەنها مجالێکی حەیەوییە بۆ تورکیا، وەک دەیان مەجالی تری حەیوی لە دونیای دوای بەهاری عەرەبی، یان دونیای بەهاری سۆڤێتی لە ئاسیای ناوەڕاستدا. گرنگە تورکیا بزانێت فاکتەری کوردی بە چەند قوتابخانە و ناوەندێکی رۆشنبیری، یاخود چەند درامایەکی تورکی دۆبلاژکراو دابین نابێت، بەڵکو ئەمە ستراتیژی لە تەرزی ستراتیژی سەلاحەدینی ئەیوبی و ستراتیژی ئەلپ ئەرسلانی گەرەکە.

– تورکیا روونتر نەتەوەی تورک بە چاوێکی رەخنەگرانەوە دەرس و دەورەکانی مێژووی پەیوەندی کورد و تورک بەسەربکاتەوە و هەر تەنیا دیووە رۆمانسییەکەی ئەو پەیوەندییە پایەدارنەکات. چونکە لەو پەیوەندییەدا کەموکوری هەیە و دەبێ لە پەیوەندیی داهاتوودا چارەسەربکرێت.

– لە هاوپەیمانێتی دەورانی سەلجوقیدا هێزی لە کورد خواست بۆ شەڕی مەلازگرد، بەڵام دواتر بەهەر بیانوویەکەوە بوو حوکمڕانی مەروانی و حەسنەویی لەناوبرد.

– لە هاوپەیمانی دەورانی سوڵتان یاوز سەلیمدا لەگەڵ کورددا ئەرکەکەی تا وەرگرتنی تەواوی کوردستان لە سەفوییەکان نەبرد و سەرەنجام کوردستان بووە دوو بەش.

– لە دەورانی رێکخستنەوەی دەوڵەتی عوسمانلی بە ناوی مەرکەزیەتی شێوە ئەوروپاییەوە سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردییەکانی لەناوبرد و خۆی راستەوخۆ کەوتە حوکمڕانی کوردستان، بنەماڵە گەورەکانی وەکو بنەماڵەی بەدرخانی لەناو دەیان بنەماڵەی عوسمانلیدا لە ئەستەمبوڵ، لە چوارچێوەی بنەماڵەی بەتاڵە موقەنەعەدا قەتیسکرد و نەشیتوانی کوردستان دابین بکات، چونکە راپەڕین و نارەزایی درێژەیان هەبوو.

– لە دەورانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییدا بۆ رازیکردنی دەوڵەتی قاجاری کۆششەکانی شێخی شەمزینانی پەکخست.

– لە دەورانی جەنگی رزگاریدا مستەفا کەمال دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ بوو، بەڵێنی لەگەڵ شێخ مەحمود نەبرد سەر، کە کوردستانی جنوبی ببێتە حکومەت و بەڵێنی لەگەڵ کوردی تورکیا، کە یارمەتیاندا لە شەڕی رزگاریدا، نەگەیاندەجێ و ئۆتۆنۆمی پێ نەدان. ئەمەش کوردی باشووری ترساند و لە یەکلاییکردنەوەی کەیسی ویلایەتی موسڵدا بەلای تورکیادا نەیانشکاندەوە، بەڵکو بەلای عیراقی ئینگلیزیدا. مستەفا کەمال بەو هۆیەوە بە کەمترین بەشی نەوتی ویلایەتی موسڵ رازیبوو، کە دوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم، لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ئەو بەشەشیان لێ بڕی.

ئەم پێداچوونەوە رەخنەییە درز و کەلێنەکانی هاوپەیمانێتییەکی هەزار ساڵە دەستنیشاندەکات، تاوەکو تورکیا لەم سەدەی پێگەیینی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بێباکی و رۆژ بەڕێکردنەوە مامەڵە لەگەڵ کەیسی کورددا نەکات، نەتەوەی کورد وەک بوونەوەرێکی سیاسی هاتۆتە کایەوە و ئیتر تەنها بە بەشی برایەتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەیی فەرهەنگی رازی نابێت و لە قۆناغی داهاتوودا شەراکەتی سیاسی و وەک

یەک دەخوازێت. نەک لەگەڵ نەتەوەی تورک، بەڵکو لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تورکیاش لە پێشەوەیە، چونکە دەرک بەو رۆڵە کوردییە دەکات و گەرەکە دەرککردنی بەو رۆڵە تەکتیکی رۆژ تێپەڕێنێ و رەهەندی ستراتیژیی وەربگرێت.

– لەم چوارچێوەیەدا دەبێ کورد ئاگاداری وەرگۆڕان بێت لە هەڵوێستی تورکیدا، کە دەشێ لەگەڵ نەمانی ئاک پارتی یان کەوتنی لە هەڵبژاردنی داهاتوو و چەند هەڵبژاردنی داهاتوودا یان لاچوونی سەرکردەیەکی بەهێزی وەکو ئەردۆگان، هەموو ئیمکانێکی مامەڵە لەگەڵ تورک پەکبخات، عادەتەن دوای هەر سەرکردەیەکی بەهێز یەکێکی لاواز دێت، کە دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێت تا با نەیبا و لەگەڵ خۆشیدا پرۆژەی خەونەکانی وڵات گرمۆڵەدەکات، دەبێ کورد ئەم پرسە لەم چەند ساڵە یەکلاییبکاتەوە تا نەگەیشتووینەتە ئەوی بەندە ناوم ناوە (ئۆنیبازی نەتەوەی سەردەست)، کە عادەتەن نەتەوەی سەردەست بە گوێرەی رەوتە سیاسییەکان و بەگوێرەی بەرژەوەندی و چانسی تر بژارەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی خۆیان دەگۆڕن و بەمەش دەستبەرداری بژارەی تریان دەبن، وەک عیراقی دەورانی حکومەت عەبدولڕەحمان بەزاز کە لە ناکاو لابرا و حکومەتی دواتر لە بەلێنەکەی بۆ کورد پەشیمان بۆوە. وەک عیراقی چەپ کە لەناکاو بووە ئیسلامیی شیعی، وەک ئێرانی پادشایی ئاریایی کە بووە ئێرانی ئیسلامیی شیعەیی، وەکو چەپی سەرتاسەری نەتەوەی سەردەست کە لەناکاو بووە دیموکراسی رۆژئاوایی، وەکو تورکیای عەلمانی کە لەناکاو بووە تورکیای نیو عوسمانلی.

ئەمە لەگەڵ خۆیدا هەمیشە دەبێتە مایەی گێرگۆڕی نەتەوەی سەردەست، کە کورد تووشی شڵەژان و ئیرباک دەکات و دەرقەتی ئۆینبازی وا نایەت، بێگومان دەبێ کورد ئاگاداری ئەمە بێت.

تورکیا لە دەمی جەنگی رزگاریدا بەناوی ئیسلامیەتەوە کوردی هاندا دژی ئینگلیز بێت و دواتر بەناوی عەلمانیەت و پێشکەوتنەوە کەوتە شەڕی کوردەکانی شێخ سەعیدی پیران، دەبێ ئاڵوگۆڕی ئایدیۆلۆژی وەک پەرەسەندنی سروشتی گۆڕانکاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە سـەر حیسابی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردی، تا ئێستا بندەسـت، ساغ نەکرێتەوە.

لەوەش گرنگتر پێوستە کورد و تورک بەجۆرێک لە تێگەیشتن و هەماهەنگی هەنگاوی نوێی ستراتیژی بنێن. گەورەبوونی مەسافەی نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە لەدەمێکدا تورکیا خیتابێکی ئیسلامی رەچاودەکات و لە ناوچەکەدا بەهێزدەبێت و دەستی لە دۆسێی عیراقدا دەڕوات، لەوانەیە سەرەنجام بەئامانج وەرگرتنی تورکیای بەدواوە بێت. ئەمرۆ ئەمریکا رۆڵی لە ناوچەکەدا، لەسایەی ئیدارەی ئۆباما و کۆمەڵێک فاکتەردا، لاوازبووە، بەڵام بایی ئەوەندە هێزی تێدا ماوە تورکیای ئەردۆگان ئەزێت بدات، کوردەکانیش هی عیراق و هی تورکیاش، دەبێ بێ نزیکایەتی لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا کە دوو دەیەی دوایی لە تەنگانەدا لەگەڵی بوون هەنگاوی گەورەی بێ حیساب نەنێن، بەڵکو جۆرێک لە تێگەیشتن و چەتری نێودەوڵەتی بۆ دۆستایەتییەکی نوێ لەگەڵ تورکیا بەدەستبهێنن، کە یارمەتیدەری کورد تورک بێت بۆ ئایندە نەک گۆشەگیرکاریان بێت.

بەندە بەشێکی ئەم دڵەڕاوکێ و ترسانەم لەگەڵ حسین چەلیکدا باسکرد، کە هەم کوردە و هەم نوێنەرایەتی سەرکردایەتی ئاک پارتیش دەکات. ئەو بەدڵنیاییەوە دەیگوت هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوەیە و هەق نییە ترسی ئەوە هەبێت ئاک پارتی لە دەسەڵات نەمێنێت. ئێمە نیوەی زیاتری خەڵکی تورکیامان لەگەڵدایە بەکورد و تورکەوە، دەبێ کوردەکان رازیبکەین و تورکەکانیش قەناعەتیان بەو رازیکردنە هەبێت.

بێگومان چەلیک هەقی خۆیەتی بە گەشبینییەوە لە سیاسەتی حزبەکەی بڕوانێت و لەسەر دوو وێستگەی رازیکرنی کورد و قەناعەتپێکردنی تورک کاری بۆ بکەن، بەڵام بۆ ئێمەمانان، کە دیدەوانی ئەم رێڕەوە مێژووییە دەکەین و ڤەکۆلینی لەسەر دەکەین، دەبێ تێبینی ئەمەش بکەین هەنگاوەکان وا خاوەنبن کە لە کاتی خۆیدا ساردوسڕ و بێ کاریگەری بن. مێژوویەک لە نکۆڵیکردن و پاشقولگرتنی نەتەوە سەردەستەکان بەشی ئەوەی تێدا نەماوە شتەکان دوابخرێن.

دواسەرنج بۆ ئەوەی کورد و تورک پێکەوە سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکەن ئەوەیە، مەسافەی نێوان دوو واقیعی سیاسەتی ئەمڕۆ کەمبکەنەوە:

- کوردەکان دوای بندەستییەکی زۆر روویان لە گەشانەوەی نەتەوەییە.
- تورکەکان دوای دەورانێکی سەردەستی و گرژی نەتەوەیی، روویان لە پۆست نەتەوەیی کردووە.

گەشانەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیایەک فۆبیای کوردی نەماوەو گەشانەوەی رەوتی ئیسلامەتی تورک، کە وەکو جاران تورکچێتی ناسەپێنێ، رەنگە بەریەککەوتن دروستبکات. تورکەکان چاوەڕێی ئەمە لە کورد دەکەن واز لە نەتەوایەتی بێنێت، وەکو تورک خەریکە وازی لێ دێنێت و کوردیش وازهێنانی تورکچێتی پێ خۆشە، بەڵام هێشتا تێری کوردایەتی خۆی نەکردووە و پرسی نەتەوایەتییە چارەسەری ئەم بەریەککەوتنە کاتی دەوێت و تێگەیشتنی گەرەکە:

تورکەکان تێری ئەو ویستە سەرکوتکراوەی کورد بکەن و کوردەکانیش زوو کامبڵبوونی خۆیان نیشانبدەن.

سەرەکیترین ئاماژەی کامڵبوونیش ئەوەیە مەرج نییە گەشانەوەی نەتەوەیی هەمیشە بەجۆری خۆسەپاندنی نەتەوە سەردەستەکان و شێوەی بەسەرچووی نەتەوایەتی تورک و عەرەب و فارسی پیادەبکرێت، بۆ ئەوەی ئازار بپێچرێتەوە: نەتەوایەتی کورد دەبێ شتێکی نوێ بێت لە ڕەحمداری و دۆستایەتی، نەک خۆسەپاندن و نکۆڵی لەوانیتر لە سەدەیەکی نوێدا کە حیکایەتی سەدەی پێشوو کاوێژبکاتەوە.

# پڵنگی ئەنادۆڵ لە جێی گورگی ئەنادۆڵ!

نزیک لە فاکتەری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، کە ڕۆڵی گەورە لە نەخشەکێشانی ئایندەی کوردی باکور لە تورکیا و کوردی باشوور لەگەڵ ئەنقەرە دەگێڕێت و بگرە لە دۆخی ئەزموونی تورکیاییدا تێکەڵیی گۆشت و خوێنیان هەیە، فاکتەری ئابووری و وزەیە.

مەعلومە لە باسوخواسی پەیوەندیی کوردستانی عیراق لەگەڵ ئەنقەرەدا هەمیشە قەبارەی بازرگانی و ئەندازەی پشکداری تورکیا لە بازاری کوردستاندا بابەتێکی درەوشاوەی گفتوگۆکانی دەستەبژێری سیاسی و ناو ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەکانی تورکیا و ئەوانەشە کە بایەخ بە گەشەی سەرسورهێنەری تورکیا دەدەن، ئەوی چەندین ساڵە پێشبینیدەکرا کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و فاکتەری ئابووری لە کایەی نەرمونیانکردنی هەڵوێستی سیاسیی تورکیا لە هەمبەر کوردستان یان وەکو جاران دەیانگوت «کۆیزەی عیراق» بهێنێتەدی سەرئەنجام دەرکەوت. بەتایبەتی لە وێستگەی وزە و نەوتدا، کە گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە پەیوەندی هەولێر و ئەنقەرەدا کرد. گەشەی ئابووری تورکیا، کە پێویستی بە وزەیە، ئەم فەتحەی کرد.

پڵنگی ئەنادۆڵ بە خواستی بازدانی گەشەی (٢٠٢٣)، کە ئەردۆگان وەک وێستگەی سەد ساڵەی کۆمار دیاریکردووە، جێی گورگی ئەنادۆڵی گرتەوە. پڵنگی ئەنادۆڵ هێزی نەرمی ئابوورییە و ئەوی جاران، گورگە بۆرەکە، ڕەمزی سیاسەتی توندڕەوی و تۆرانیزمە، کە هیچی بە هیچ نەکرد، بۆ پڵنگی ئەنادۆڵ سۆفت پاوەرێکە خواست لێی ڕمین پەیداکردنە بۆ تورکیا لە زۆنی کوردستاندا.

ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەمریکا بەشێکی گەشەی پڵنگی ئەنادۆڵمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەنجومەن، کە دامەزراوەیەکی تۆژینەوەیە و کۆمەڵێک سیاسەتمەدارو شارەزای سیاسیی وەک مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەرۆکایەتی بیل کلنتن (١٩٩٣-٢٠٠١) و ڕاوێژکاری پێشووی ئەمنی قەومی ستیڤان هادلی و پسپۆری ناسراو ستیڤ کووک بە هاوکاریی شارەزایانی پەیمانگەی بروکینز کاری تێدا دەکەن، لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا ستایشی کێرڤی ڕوو لە هەڵچوونی تورکیا لە هەموو ئاستەکاندا دەکات. نەخاسمە ئەوی پەیوەندی بە ئابوورییی و ئەم بەشەی باسەکەی ئێمەوە هەیە (سەرکەوتنی تورکیا لە بواری ئابووریدا ناونیشانێکی سەرەکی ڕاپۆرتەکە بوو، کە ئاماژەی بەوەداوە کۆی بەرهەمی نەتەوەیی لە ماوەی دەساڵدا سێ قات زیادیکردووە. ئابووری تورکیا بۆتە بیستەمین ئابووری لە لیستی ئابوورییە یەکەمەکانی جیهانیدا و ڕووی لەوەیە ببێتە دەیەمین ئابووری بەهێز.... د. محەمەد نورەددین، ئەمریکا تورکیا وەک مۆدێلێک بۆ عەرەب دەخاتە ڕوو، ڕۆژنامەی شەرقی قەتەری، ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٩).

دەستەی ئاماری تورکیا ئاماری گەشبینتر دەڵێن، دەستەکە دەڵێ نێوەندی گەشەی ئابووری بۆ ساڵی٢٠١٢ (٢,٢٪) بووە. بەمەش تورکیا پلەی دووەمی لە ئەورووپا بەدەستهێناوە، پلەی یەکەمی گەشەی ساڵانە بۆ ئەستونیا بووە.

بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی جیهان- لە رۆژی ٢٠١٣/٤/١دا- ئاماژە بەوە کراوە، داهاتی نەتەوەیی تاکەکەس لە ساڵی ٢٠١٥ دا دە هەزار و (٥٠٤) دۆلار بووە. دەستەکە هەروا وتویەتی: ئابووری تورکیا لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ لە بواری حیساباتی جاری رێژەی ٤,٧٪ و لە بواری نرخی جێگیردا (١,٤٪) گەشەی بەخۆوە دیووە، بەراورد لەگەڵ چارەکی کۆتایی ساڵی پێشوو (٢٠١١).

کوردستانی عیراق گۆڕەپانێکی باعیسی ئەم گەشەیە بووە. حەسەن جەمال رۆژنامەوانی تورک لە دانیشتنێکی سلێمانیدا زۆر پێداگری لەسەر رۆڵی فاکتەری بازرگانی لە دیدی ئیجابی تورکیا کرد.گوتی ( نزیکەی ٨ بۆ ١٠ ملیار دۆلار هەناردەمان بۆ ئەم کوردستانە هەیە. نزیکەی هەزار کۆمپانیا و سی هەزار کرێکاری بیناسازی لە کورد و تورکی تورکیا لە هەرێمەکەتان کاردەکەن. ئەمانە هەمووی دەماری ئابووری دەبزوێنن).

جەمال کۆمپانیا تورکییەکانی ژمارد، کە لەراستیدا ئەم ژمارەیە لە کۆی (١٩٠٠) کۆمپانیای بیانییە کە لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن. یانی نیوەی زیاتری کۆمپانیاکانی بیانیی لە کوردستان هی تورکیان، کە بەشێکیان لە بواری ئوتێلسازی و بانقدا کاردەکەن.

هەناردەی تورکیا بۆ عیراق لە ساڵی ٢٠١٢دا (١٠,٨) ملیار دۆلار بووە، کە بەمەش دوای ئەڵمانیا دێت لە بواری هەناردەکردن لە تورکیاوە. جا ٧٠٪ ئەم هەناردانە بۆ کوردستانە (کوردستان و بەرزکردنەوەی کارتی تەلاقدان — رائد کشکیه — روسیا الیوم ٢٠١٣/٣/١٨ الانصات المرکزی — ژمارە (٥٥٤٦) لە رۆژی ٢٠١٣/٣/١٩ ، ل٤٧).

ئەم ئاماژانە روویەکی گەشبینی سەرەتایین لە پەیوەندی هەردوو لادا، وێستگەی وزە و بەرهەمهێنانی نەوت وێستگە سەرنجراکێشەکەیە، کە پێویستی هەرە زۆری تورکیا بە وزەی کوردستان دەردەخات.

پێداویستی رۆژانەی نەوت لە تورکیا ٧٠٠ هەزار بەرمیل رۆژانەیە (تورکیا دەتوانێ تەنها ١٠٪ی ئەم پێداویستیانە لە ناوخۆدا دابینبکات، باقییەکەی هاوردەدەکات. تورکیا ناتوانێ بە تەنیا پشت بە سەرچاوەکانی وزەی ئێران و روسیا ببەستێت و پێویستی بە سەرچاوەی تر هەیە، بۆیە هەرێمی کوردستان بەئاسانی دەتوانێ لەم بابەتەوە مامەڵەبکات... هەناردەی ساڵانەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ١٠ ملیار دۆلار دەقەبلێندرێت. ساڵی ٢٠١٨ ئەم رێژەیە بۆ ١٠٨ ملیاردۆلار بەرزدەبێتەوە...رۆژنامەی سەباحی تورکی. وەرگیراو لە گۆڤاری تورکیاناسی. ژمارە (٢٨) شوباتی ٢٠١٣، ل٦ بابەتی: نەوتی کوردستان هی کێیە؟).

هەمان ژمارەی تورکیاناسی، کە تەرخانی وەرگێڕانی چەند بابەتێکی میدیاکانی تورکیایە لەسەر پەیوەندی نەوتی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، ئاماری تر لە میدیای تورکیاوە وەردەگیرێت. لە زاری وەزیری وزەی تورکیا تانەر یڵدز دەڵێت: (پێویستییەکانی تورکیا بە وزە بە خێراییەکی زۆر لە زیادبووندایە و ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی ئابوورییەکەی. ژمارەی

ئۆتۆمبێڵەکان لە ماوەی دەساڵدا دوو هێندە زیادیکردووە و پێویستی وڵاتەکەش بە کارەبا بەهەمان شێوە زیادیکردووە. تورکیا ساڵی پار ٦٠ ملیارد دۆلاری لە وزە خەرجکردووەو چاوەڕێدەکرێت ئەمساڵ ئەو ژمارەیە بگاتە ٧٠ ملیار دۆلار) دیارە مەبەستی ساڵی ٢٠١٣یە. (ڕۆژنامەی تودەی زەمانی تورکیا ، وەرگیراو لە هەمان ژمارەی تورکیاناسی، ل١١).

ئێستا کۆمپانیای گەنەل ئەنەرژی، کە کۆمپانیاییەکی تورکیایە کاری گواستنەوەی نەوتی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ و بە شاحینە دەیگوازێتەوە. گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی لە وتاری «نەوتی عیراق، چانسە کوردییەکە» دەڵێت تورکیا ڕێگای ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردی دەدات تەنها لە ڕێی شاحینەکانەوە، کوردەکان بۆ ئەوەی هێڵێکی بۆری تایبەت بەخۆیان هەبێت، دەبێ یارمەتی کۆششەکانی تورکیا بدەن لە دژی کوردە جوداخوازەکانی لە دەرەوەی عیراقن (کە مەبەستی پەکەکەیە). ئێمە پێمانوایە بە هۆی پرۆسەی ئاشتییەوە ئیتر ئەو مەرجە زۆر گرنگ نابێت. ئەمەش دەرکەوتێکی زەقی ئابوورییە کە ئاشتبوونەوەی ئەنقەرە و دیار بەکر کار لە پتەوکردنی پەیوەندییەکی ساغلەمی هەولێر و ئەنقەرە دەکەن.

ئیکۆنۆمیست نوسیوویەتی: (بەشی گرنگ کە لێهاتوویی دەوێت. گەیاندنی نەوتەکەیە بە بازاڕ. کوردەکان ڕۆژانە (٢٠٠) ملیۆن بەرمیل لە ڕێی بۆرییە نەوتییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەنێرنە دەرەوە... بەڕێز ئاشتی هەورامی وەزیری نەوتی کوردستان ئارەزووی لێیە هێڵێکی نوێی بۆری نەوت دروستبکات، کە هی حکومەتی هەرێمی کوردی بێت و نەوت بۆ تورکیا بگوازێتەوە. ئەمەش خەونە دێرینەکانی کورد بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی کورد دەگەشێنێتەوە... پێدەچێت هەندێک بەرپرسی تورک لەکۆتاییدا دان بە دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عیراق بنێن، کە دەخوازن لە رووی بازرگانییەوە پشت بە تورکیا ببەستێت. هاوکاری لەگەڵ کوردی عیراق پارەی ترانزێتی زۆر دابیندەکات و ئەلتەرناتیڤێک بۆ نەوتی روسیا و ئێرانیش دەداتە تورکیا.... گۆڤاری ئیکۆنۆمیست، وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی الصباح الجدید ی بەغدادی، ژمارەی رۆژی ٢٠١٢/١/٥).

تورکیا بەئاشکرا دەڵێت ئامادەنییە لە دوورەوە سەیری ئەو وزە زۆرەی نەوت و گاز بکات کە لە کوردستانیی دراوسێی هەیە و خەڵکی تر لەوێ بن ولێی بخۆن. وەزیری وزە کە لە سەردانی «دیبلۆماسیی نەوت» هاوڕێی سەفەری سەرۆک وەزیران ئەردۆگان بوو بۆ ئەمریکا لە واشنتۆنەوە گوتی: (١٩ دەوڵەت و زیاتر لە ٣٩ کۆمپانیا لە کوردستان کاردەکەن، ماقوڵە ئەمانە هیچیان پێشێلی دەستوور نەکەن و تەنها گرێبەستەکانی تورکیا پێشێلی دەستووری عیراق بێت...) گوتیشی (لە واشنتۆنیش بە ئاشکرا قسەمانکرد) (تورکیا دەوڵەتی قانوونەو ناچێتە ناو پرۆسەی نایاساییەوە).

سەرۆک وەزیرانیش بۆ ئەوەی ڕێ لە گوشاری واشنتۆن بگرێت، کە ناخوازێ ئەنقەرە بە جیا لەگەڵ هەولێر ڕێکبکەوێت، بەری سەفەرەکەی مانگی مایسی بۆ ئەمەریکا ڕایگەیاند شەراکەتێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای نەوتی ئیکسۆن موبیل ئیمزاکردووە بە پشکنینی نەوت لە باکووری عیراق (ئاژانسی رۆیتەرز، ١٥ مایسی ٢٠١٣).

ڕۆژنامەیەکی تورکیا لە زاری ئەردۆگانەوە نوسیویەتی (کۆمپانیا نەوتییەکانی تورکیا

لە پرۆژەی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەشدارن و هاوبەشەکەی تر ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکاییە).

رۆژنامەکە ئاماژەی بە ئەگەری بەشداریی کۆمپانیای جیهانیی تورکی بۆ نەوت (TPIC)، کە یەکێکە لە باڵەکانی کۆمپانیای دەوڵەتیی نەوتی تورکیا (TPAO)، لەگەڵ ئیکسۆن موبیل لە رێککەوتنەکەدا، کردووە.. (المدى پریس ٢٠١٣/٥/١٧) ئەمە لەکاتێکدا رێرەوە دیبلۆماسییە ژێر بە ژێرەکانی واشنتۆن ئاماژە بەوە دەکەن، ئەمریکا هانی بەغدا و ئەنقەرە دەدات لێک نزیکببنەوە و نەهێڵن رێککەوتنی نەوت لەگەڵ کوردستان ببێتە سەرباری ناکۆکییەکانی نێوانیان.

ئەم ئارەزووە ئەمریکاییە بۆ چاککردنی پەیوەندی بەغدا و ئەنقەرە لە دۆسێی نەوتدا هەر لە بواری دیبلۆماسیدا قەتیس نەماوە، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەش داوای وا دەکەن. پەیمانگەی واشنتۆن بۆ لێکۆڵینەوە پێیوایە، ئەگەر بەغدا بەشی کۆمپانیا بیانییەکان، کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بدات و تورکیاش بە ئاگاداری بەغدا لە نەوتی عیراق- بە جنوب و کوردستانەوە- نزیکبێتەوە دەشێ کێشەکان چارەسەرببن.

توێژەر مایکل نایتس لە راپۆرتێکی پەیمانگاکەدا داوا لە واشنتۆن دەکات گوشار بخاتە سەر بەغدا تا پارەی کۆمپانیا بیانییەکانی کوردستان بە چەند نۆبەتێک بدات. هەروەها رەخنە لە لێدوانی یلدز وەزیری وزەی تورکیا دەگرێت، کە وتویەتی تورکیا ئامادەیە ئیدارەی دابەشکردنی- ٨٣ ١٧٪ی مەدفوعاتی فرۆشتنی نەوتەکە بدات و ئەم قسەیە بە پێچەوانەی عورف لە قەڵەمدەدات گوایە، سەروەری هەناردەکردن و بەرپرسیارێتی دارایی بەغدا پێشێڵدەکات. (مایکل نایتس، بژاردەکانی تورکیا لە عیراق، پەیمانگەی واشنتۆن بۆ لێکۆڵینەوە - بڵاوکراوەی الانصات المرکزی — ٢٠١٣/٤/٢٢). ئەم رێژەیەش تەخمینێکە لە بەشی ١٧٪ی تەرخانکراو بۆ کوردستانەوە هاتووە. ئەنقەرە ئیجتهادی ئەوە دەکات پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نەوت لەگەڵ کوردستان بەگوێرەی ١٧٪ی بەشی کوردستان لە بودجە عیراق، کە یەکسانە بە دەسکەوتنی لە سەدا حەڤدەی موقەدەراتی ئابووریی عیراق لەلایەن کوردستانەوە.

راستێکەی ئەم دەمەقاڵێ ئامارییە لەنێوان تورکیا و کوردستان لەلایەک و بەغدا و واشنتۆن لەلایەکی ترەوە شڵەژانێکی سیاسیش دەردەخات. هەوڵی واشنتۆن بۆ رازیکردنی تورکیا، کە لەگەڵ بەغدا بێتە سەر ڕاستەرێ، بەشێکە لە سیاسەتێکی خۆپارێزی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما، کە نایەوێت زۆر لە دۆسێی کورد و بەغداوە تێوەبگلێت. بەتایبەتی لە دۆسێی هەستیاری نەوتدا، کە یەکێتی قەوارەی سیاسیی عیراقی پێوە بەندە. نووسینێکی سەنگینی تودەی زەمان لەسەر پەیوەندیی نەوتی نێوان تورکیا و کوردستان دەڵێت (لەوانەیە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی نەوت ئاماژەی ئەوە بێت ئەو کۆمپانیایانەش قەناعەتیان پەیداکردووە ناوچەکە (عیراق) دابەش دەبێت. پێویستە بپرسین چۆن ئەو کۆمپانیایانەی پێشتر دەستبەرداری رێککەوتن بوون لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو قازانجە زۆرانەی لە کێڵگە نەوتییە گەورەکانی جنوبی عیراق بە

دەستیاندەهێنا، لەناکاو رای خۆیان گۆری... نەک تەنها کۆمپانیاکانی ئەمریکا، بەڵکو رووسی و فەرەنسی و چینییەکانیش هەمان هەنگاویان نا... وتاری: پەیوەندی نەوتی نێوان تورکیا و کوردستان، دەبێتە مایەی کێشەی نوێ لەگەڵ بەغدا؟ تودەی زەمان لە رۆژنامەی ئەلئیتحادی بەغدادییەوە. نیسانی ٢٠١٣).

بەڵام محەمەد سەپیل سەرۆکی کۆمپانیای گەنەل ئەنەرژی بەپێچەوانەوە بیردەکاتەوە. ئەو پێیوایە تەنها هەرێمەکانی عیراق دەتوانن یەکپارچەیی عیراق بپارێزن، نەک سیاسەتی حکومەتی ناوەند کە زوڵم لە کورد و سوننە دەکات. محەمەد سەپیل ئێژێ (لەراستیدا من بەپێچەوانەوە بیردەکەمەوە. بەبڕیاری خودی ئەم هەرێمانەوە عیراق دەتوانێ یەکپارچە بمێنێتەوە نەک بە سیاسەتەکانی مالیکی، لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییە بۆ سەر کەرکوک و بۆ سەر رافع عیساوی وەزیری دارایی ئەمەمان بە باشی بینی.. پێویستە هەموو شتێک بە گوێرەی دەستوور بێت. ئەو دەستوورەی ساڵی ٢٠٠٥ گەلی عیراق دەنگی پێدا دەستوورێکی فدراڵییە. مافی جۆراوجۆر بە کورد و هەرێمەکانی دیکە دەبەخشێت. ئەگەر بەو جۆرەی مالیکی دەیەوێت ئەم مافە دەستوورییانەیان لێ بسەندرێتەوە و پێکهاتەیەکی ناوەندگەرا بێتەکایەوە، هەرێمی کوردستان زۆر لاوازدەبێت. دیارە لە پرسەکانی پێشووی عیراقیش ئەمە بوو... (رۆژنامەی ئاکشام، وەرگیراو لە گۆڤاری تورکیاناسی، هەمان ژمارەی پێشوو ل٢١).

تودەی زەمان ئاماژە بەوەش دەکات، بەشێکی ئەو نەوتەی بڕیارە ئێکسۆن موبیل بۆ هەرێمی کوردستانی دەربهێنێت لە ناوچە جێناکۆکەکانی ماددەی ١٤٠، کێشەی دەستووری لەسەرە. ئینجا کەلێنی نەبوونی یاسای نەوت و گازی عیراق باسدەکات، کە ئەمەش کێشەی یاسایی بۆ تورکیا دروستدەکات و دواجاریش دێتە سەر ئەوەی بەغدا رێککەوتنی لەگەڵ کورد پێشێلکردووە، چونکە دەبوایە ١٧٪ی بودجەکەی عیراق بنێرێت بۆ کوردستان. کە ئەمەشی نەکردووە و هەوای ئیمزاکردنی رێککەوتن لەگەڵ کوردستان و دەسکەوتنی پارە لەلایەن کوردەوە رێگا بۆ جیابوونەوەی کوردستان خۆشدەکات و تورکیاش رۆڵی هەیە لەم پرسەدا. دەبێ بزانین تودەی زەمان سەر بە گروپی فەتحوڵڵا گویلەنە و کاری لەسەر فەزای بیرکردنەوەی نێوەندیی سیاسیی تورکیا هەیە.

ئەم شڵەژانە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کەمەندکێشی ئابووری نەوت لە کوردستان، کە خەریکە بەیەکجاری بەسەر ترسی ناسیۆنالیستی تورکیا زاڵدەبێت، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەغدا ئیلتزاماتەکانی خۆی جێبەجێ ناکات و دەیەوێت تورکیا بێ قەیدو شەرت لەم چانسە ئابوورییە دووربکەوێتەوە بێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی تری بداتێ. لەبیرمانە دوای شەڕی کەنداوی دووەم ئەو دەمەی تورکیا بەهۆی پشتیوانیکردنی لە سیاسەتی هاوپەیمانان لە رژێمی سەددام حسین دوورکەوتەوە، هەمیشە داوای جۆرێک لە قەرەبووی دەکردەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی لە رووی ئابوورییەوە زیانی پێگەیاندبوو. ئێستاش سەرۆک وەزیرانی عیراق دەخوازێت تورکیا بێ هیچ قەرەبوویەک دەستبەرداری نەخشە رێیی وزەی کوردستان بێت. وەزیری وزەی تورکیا بەزمانێکی نەرم و بە ئاگاهییەوە دەڵێ ئێمە دەخوازین لە

بەسرەش وەبەرهێنان بکەین، بەڵام بەغدا ئەمەی بۆ کۆمپانیا گەورەکان قبوڵ نییە، چ جای بۆ تورکیای ناکۆک لەم هەلومەرجی جەمسەرگیرییە ئیقلیمییەدا، کە عیراق و تورکیای بەرامبەر یەک راگرتووە و واشنتۆنیش خۆپارێز و دوورەپەرێزە مەگەر ئەو کاتەی لە قازانجی ناوەندێتی بەغدا تەماع بخاتە بەر ئەنقەرەوە.

ئەم شرۆڤە ئابوورییە پێماندەڵێت تا ئێستا سەربەخۆیی کوردستان، بە دۆستایەتی تورکیا، لەسەر پشتی گایەکە، گایەکەش بە پردێکی باریکدا گووزەردەکات. مەگەر ئەو کات ئەم شڵەژانە ئۆقرەبگرێت کە پەرەسەندنی رووداوەکان و کەمەندکێشی کوردستان وەک ئێستا بەردەوام بێت. بەواتایەکی تر فاکتەری ئابووری لەم دۆسێیەدا مەسەلی کورد لە کوردستان و ئاشتی لە کوردستانی تورکیا پێکەوە گرێدەدا و بۆ هەموو ئەگەرێک پتر لە لینکێکی پەیوەندی هەیە.

جا ئەگەر ئاسۆی ئەوی کوردستانی باشوور دیارنەبێت، ئاسۆی کاریگەریی ئاشتی لە تورکیا و لەوەش گرنگتر چارەسەری کێشەی کورد، کە لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوو ئابووریی ئەو وڵاتەی تووشی فەلاکەت کردبوو، هەر لە ئێستاوە دیارە کە خێر و خۆشی بۆ تورکیا و بۆ کوردستانەکەی دێنێت. ئاشتی ئەگەر هیچ نەکات و چانسی قازانجیش نەهێنێت، ئەوا زیانەکانی ئابووریی خڕدەکاتەوە و دەیانبژێرێت.

ئامارێک لەسەر زیانەکانی شەڕ، کە بەم دواییە لە کتێبێکی تایبەت بە مەسەلەی کورددا خراوەتەروو، ئەم راستییەمان بە زمانێکی سادە پێ دەڵێت.

کتێبی (یادەوەری تورکیا بۆ مەسەلەی کورد) لە نووسینی دکتۆر حسێن یایمان مامۆستا لە زانکۆی غازی و شارەزا لە وەقفی (seta– لێکۆڵینەوەی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵگە) ئاماری ورد لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ٢٠١٠ دەهێنێتەوە کەشکستی چارەسەری ئەمنی و سەربازی مەسەلەی کورد دەردەخات: لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ەوە تا ساڵی ١٩٥٠، واتا بیست و پێنج ساڵی رەبەق، دەڤەری کوردستان کە بەگوێرەی دابەشبوونی ئیداریی تورکیای کۆماری سێ یەکەی ئیداری لە چوارچێوەی پێنج یەکەی کۆماردا بوو، لەسایەی حوکمی عورفیدا بووە. جارێکی تریش لە ماوەی ١٩٧٨ەوە، کە ساڵی دامەزراندنی پەکەکەیە، تا ساڵی ٢٠٠٢، کە ساڵی هاتنە سەرکاری پارتی داد و گەشەپێدانە لە تورکیا، ناوچەکە کەوتە ژێر رەحمەتی حوکمی رەوشی ئاوەرتەوە. ئەو پارەیەی لە شەڕی بەرەنگاری تیرۆر (شەڕی بەرپەرچدانەوەی پەکەکە)دا خەرجکراوە گەیشتۆتە ٣٠٠ ملیار دۆلار. نووسەر حسێن یایمان پێیوایە ئەم پارەیە دەیتوانی خەرجی دروستکردنی پانزە هەزار قوتابخانە، نۆسەد خەستەخانە، سەدو پەنجا پردی هەڵواسراو و سەدوبیست بەنداو دابینبکات. ئەگەر سەدوبیست بەنداو لەو ناوچانە دروستکرابان هیچ تەنگژەیەک نەدەقەوما..

(ترکیا والاکراد: من المسألة الشرقية الى الانفتاح الديمقراطي، برهان كور اوغلو، سایتی مركز الجزيرة للدراسات)، (www.studies.aljazeera.net).

دیارە روانینی نووسەر بەشێکە لەو روانینە تورکییەی پرسەکە تەنها گرێدراوی کێشەی ئابووریی دەکات، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا ئەم ئامارانە جێی سەرنجن و کاریگەری گەورەیان دەبێت ئەگەر ئەم زەرەرە بگەڕێنێتەوە.

## فەسڵی یەکەم

# ڕێڕەوی کێشەکە

* هەزاران ساڵ دادۆشراوم
بەسواری ئەسپە بەسامەکانیانەوە
خەوی شیرینی نازداری تاریک و لێلەیان لەتوپەتکردووم.
حوکومداران. هەڵمەتهێنان، نژدە و ڕێگران.
خەرج و باجیان بەسەرمدا سەپاندووە.
نەگوێم بە ئەسکەندەر داوە، نەسوڵتان موراد.
هەموو بار و بنەیان پێچاوەتەوە بۆی دەرچوون، بێ سێبەر
سڵاوم لە دۆستم کردووەو
بووم بەپشتیوانیشی، دەبینی؟

ئەحمەد عارف
شاعیری کوردستانی باکوور

* لەوانەیە هەندێک جار هەندێک شتمان لە دەستچوو بێت، پێویستە سەرلەنوێ دۆست و برایەتی بەدەست بێنینەوە... هیچ کەس لە ئێمە کامل نییە. ئەوەی گرنگە لەپێناوی کەماڵدا هەوڵبدەین. ئەو وڵاتانەی دەڵێن ئێمە کاملین و کەموکوڕییەکانیان نابینن، دەدۆڕێن. تورکیا بەمجۆرە نییە. کەموکوڕییەکانی خۆمان دەبینین. بۆ ڕاستکردنەوەشی هەوڵێکی زۆردەدەین.

عەبدوڵڵا گوڵ
سەرکۆماری تورکیا

# لە سەلجوقییەکانەوە تا کۆمار

## شەرەفەدینی ئێلچی وێستگەکانی پرسی کورد، قۆناغبەندی دەکات

ویستم نموونە لە تێڕوانینی کورد لە سەر پرسی کوردستان و تێڕوانینیان بۆ ڕەوتی پەیوەندی کورد و تورک لە تورکیا وەربگرم. خواستم بوو بیرووڕایەک وەربگرم، کە لەناو قووڵایی بزووتنەوەی کوردایەتی و تەڤگەرەکانییەوە بێت. ئەوی لێرە بە چاکم زانی دوو ڕوانینە لەسەر قۆناغبەندکردنی پرسی مێژوویی کورد لە ڕوانگەی سیاسییەوە. یانی لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم مێژووەوە بۆ ناساندنی پرسی کورد تەوزیفبکرێت و سەنگی مێژوویی کورد بۆ سەنگپێدانی سیاسی کورد لەناو هاوکێشە هەنووکەییەکانی تورکیادا بەکاربىرێت.

وەرگرتنی بیرووڕا لە هەموو تەیفە سیاسییەکانی کورد زەرووری بوو بۆ هاوسەنگی کارەکە، ئەگینا بۆ هەر کوردێک کە نووسیاری بواری مەسەلەی کورد بێت خۆی دەتوانێت وەکیل بێتو ئەندێشەی کوردستانیی خۆی بۆ پۆلێنکردنی بیرووڕاکان بخاتەگەڕ.

بۆ ئەم مەبەستە لە دیاربەکر تا ئەنقەرە، بە شوێن قسەی ڕاستەوخۆی کارەکتەرە کوردییەکانەوە بووم، لە ئەنقەرە سیاسەتمەدار و تێکۆشەری گەورە کۆچکردوو شەرەفدین ئێلچی –مان دواند، کە خەزینێکی باشی مێژووی کوردستان و شایەدێکی باشتری ڕووداوەکانی پەیوەند بە (کورت سورنو– مەسەلەی کورد)ە. ئەم تۆمارە گەورەیەم دیت پێش ئەوەی وەک سوارێکی نەمر بۆ دواجار لە ئەسپەکەی دابەزێ و کاروانی کوردایەتی بۆ نەوەی ئەمڕۆ و ئایندە بەجێ بێێڵێت.

لە دیاربەکریش سیاسەتمەداری گەنج فەرەیدون چەلیک چیرۆکەکەی بۆ تەواوکردین. چەلیک لە تەڤگەری بزووتنەوەی سیاسیی هاوچەرخ و ئەندامی بەدەپەو نزیکی هێڵی سیاسیی پەکەکەیە.

بە بیرووڕا و گێڕانەوەی ئێلچی دەستپێدەکەم، بۆ هەر شوێنێکیش بەپێویستم زانیبێ، بەپێی سەرچاوەکانی بەردەست ڕوونکردنەوە و وردەکاری ترم داوە، تا ڕێڕەوی گێڕانەوەکە وردتربێت.

### پرۆفایل

- شەرەفەدین ئێلچی (ساڵی ١٩٣٨ لە جەزیرە لەدایکبووە، ساڵی ٢٠١٣ لە ئەنقەرە فەوتیکردووە).
- سەرۆکی پارتی دیموکراسی بەشداربوو.
- خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە جەزیرە و ئامادەیی لە ماردین و یاسای لە ئەنقەرە تەواوکردووە.

- کاری پارێزەری لە دیاربەکر کردووە.
- لە لاوێتییەوە تێکەڵی خەباتی دیموکراتی کورد دەبێت و لە دۆسێی ٤٩ کەسەکەدا، ئەویش ئازار و سزا دەدرێت.
- لە کودەتای ساڵی ١٩٧١دا دەگیرێت و لە زیندانی سەربازی هەشت مانگ دەگیرێت.
- لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٧ وەکو پەرلەمانتاری ماردین دەچێتە پەرلەمانی تورکیا. لە حکومەتی ئەجەوید- لە ساڵی ١٩٧٨ — ١٩٧٩دا- وەکو وەزیری نیشتەجێکردن کاردەکات.
- لە کودەتای ساڵی ١٩٨٠یشدا دیسانەوە لەسەر جاڕدانی کوردێتی خۆی دەگیرێت و زیاتر لە دووساڵ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە. دەساڵ سیاسەت و بەکردەوەش کاری پارێزەری لێ قەدەغەدەکرێت.
- ساڵی ١٩٩٤ پلاتفۆرمی دیموکراتی دادەمەزرێنێت و ساڵی ٢٠٠٦ پارتە نوێیەکەی دادەمەزرێنێت و دەبێتە سەرۆکی حزبەکە.

ئێمە کە چووینە لای ئێلچی هەمووی گێڕایەوە. دەیزانی لە بەشی (سۆرانئشین)ی کوردستانی باشوورەوە هاتووین، یەکسەر بە ڕەخنە دەستیپێکرد، گوتی: بە داخەوە سلێمانی نها سیاسەتێکی ئیقلیمچی دەخوازێت. ئەوە تشتێکی نە باشە. هەندێک تەفسیری ئەو دۆخەم کرد، کە ناوچەگەرێتی خوڵقاندووە، بەتایبەتی بە هۆی دەسەڵات و حوکمڕانییەوە لادان و بادان روودەدات. گوتم خەتای باکوریشی تێدایە، کە هەموو شتێک لە چاوی ململانێی تورکیاوە سەیردەکات. ئێمەش لە باشوور کێشەمان لەگەڵ عەرەب و عەجەم هەیە. گوتی تۆ لە حزبی مام جەلالی، بە مام جەلال بڵێ سیاسەتی ئەو کوردستانییە، سیاسەتێکی ڕاستە. هەنگاوبەهەنگاو پرس دێنە چارەسەرکردن. لێ لازمە سولەیمانییە بگرێتە باوەش و سیاسەتی هەرێمچێتی نەهێڵێت. هەستم کرد لە باکوور هەڵمەتێکی چاکی ناساندنی رەوشی باشوورمان پێویستە، بۆ ئەوەی سەرنجی وا لای هیچ نەبێ کارەکتەر و سیاسەتمەداران دروست نەبێت. گوتم با لە سیاسەتی کوردستانی ناوەندەوە دەستپێبکەین. دواتر باسی باشوور دەکەین.

دەستی بە گێڕانەوەی ورد کرد، شەرەفدین ئێلچی بە کرمانجییەکی جوان و رەوان دەدوا، کە دانی بەوشەکاندا دەنا و پەیتاپەیتا وشەگەلی سۆرانیشی تێکەڵکێش دەکرد.

وتم با لە سەرەتای یەکترناسینەوە، یەکتر ناسینی کورد و تورک، دەستپێبکەین. سکرتێری ئۆفیسەکەی بانگ کرد و پێیوت کەس نەیاتە لامان، تا لە کاروانی پرسی کورد دەبینەوە.

## شەرەفەددین ئێلچی دەستیپێکرد و منیش تۆمارمکرد:

(دیارە کاتێک تورک هاتوونەتە ئەم نیشتمانە، بێگانەبوون. پێویستیان بە هێزێکی دانیشتووی ئەو شوێنە هەبوو پشتگیرییان بکات، بۆیەش کورد بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو. کوردیش دڵیان هەمیشە بە ڕووی میواندا کراوەیە، کورد خاوەندارێتی و میواندارێتییەکی باشی

لە تورک کرد. تورک گەورەترین سەرکەوتنیان بەهاوکاری کوردان بووە). ئەمە گێرانەوەیەکی بە نەزاکەتی پرۆسەی کۆچی تورکە لە ئاسیای ناوەاستەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

گفتوگۆکارەکەم وەسا وردەکاری هاوکاری کوردی بۆ تورکان گێرایەوە:

(ساڵی ١٠٧١ کاتێک فەرمانڕەوای سەلجوقییەکان (ئالپ ئەرسەلان ١٠٢٩-١٠٧١) هات، بەر لەوەی لەگەڵ بیزەنتییەکان شەڕبکات، پەیوەندیی بە کوردەکانەوە کرد. ئاشکرایە کوردیش لە هەرێمەکەدا خاوەن هێزبوون، بۆ نموونە کورد لە دیاربەکر دەوڵەتی مەروانی-یان هەبوو، لە لای قەوقاز دەوڵەتی شەدادییان هەبوو، حەسنەوییان هەبوو. لە سوپای ئالپ ئەرسەلاندا کورد رۆڵێکی گرنگیان بینی. مەروانییەکان ١٠هەزار سوارچاکیان نارد بۆ هاوکاریکردنی ئەو سوپایە. بەم هاوکارییە، دەرگایەکی نوێی ئەنادۆلیا بەڕووی تورکەکاندا کرایەوە. بەمجۆرە هاتن و بوون بە خەڵکی ئەنادۆڵی. کورد لەو کاتەدا خاوەنی وڵاتی خۆیان بوون و بەم شێوەیە بەردەوامبوون).

سیاسەتمەدار و نووسەرێکی تری باکوور، مامۆستا کەمال بۆرکای، لە کتێبی «کورد و کوردستان»دا زانیاری زیاتر لەسەر ئەم وێستگەیە بڵاودەکاتەوە:

هۆزەکانی کورد لە شەڕی مەلازگرت پشتی ئالپ ئەرسەلانیان بە هێزێکی ١٥ هەزار کەسییەوە گرت و ئەوە لەحاڵێکدا بوو، کە سەرجەمی سوپاکە ٦٠ هەزار کەس بووە. ئالپ ئەرسەلان والی بۆ شارەکانی ئەحلات و مەلازگرت لە خەڵکی خۆی دیاریکرد، ئەوەش بەو مانایە بوو کە ئەو دوو شارە ئیتر لە ژێر دەسەڵاتداری زنجیرە پاشایەتی مەروانیدا نەمان.

ئیبنول ئەزراق باسدەکات کە نیزامەددین بە هەق سەرکردە بوو و حەولێکی زۆری بۆ ئاوەداکردنەوەی وڵاتەکەی دا. پردی دەتاقی Pira Dehderi سەرچۆمی دیجلەی دووبارە دروستکردەوە، کە لەشکری بیزانسی وێرانیکردبوو، شاری سۆڤەیدا Suvayda، و حەڕانی Harran گرت، ساڵی ٤٧٢ی هیجری (١٠٨٠ی زاینی) مرد و کوڕەکەی بەناوی مەنسوور جێگای گرتەوە.

وەزیر ئیبنی چێهر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خزمەتی خەلافەتیکرد، کاتێک وەدەریان نا کوڕەکەی جێگای گرتەوە، وەزیر پاش وەدەرنانی رووی لە لای مەلیک شا کرد و کاتێک باسی سەروەت و سامانی شارەکانی فارقین و ئامێدی بۆ کرد، رازییکرد هێرشبکاتە سەر مەروانییەکان، مەلیک شا دوای رازیبوونی فەرمانی بە وەزیر کرد بۆ ئامادەکردنی لەشکرو دوو فەرماندەشی بە ناوەکانی ئارتووک Artuk و چوبوک Cubuk بۆ هاوکاریکردن دیاریکرد.

نەسیرودەولە مەنسوور کاتێک شاری فارقینی تەحویلدا، بۆ شاری جیزرێی گواستەوەو وەفدێکی پێکهاتوو لە پیاوماقوڵ و گەورەپیاوانی نارده لای مەلیک شا.

سەلجوقی بەوەش نەوەستان و ساڵی ١٠٨٤ی زاینی شارەکانی ئامێد و فارقین یان گەمارۆدا، هەردوو شارەکە خۆیان راگرت، سەلجوقی بە لەشکرێکی نوێترەوە تەیاربوون، ساڵی ١٠٨٥ی زاینی، واتە ساڵێک دواتر و لە مانگی مایدا توانیان شاری دیاربەکر داگیربکەن و هۆی بنەڕەتی خۆبەدەستەوەدانەکەش، هاتنی نەخۆشی تاعوون بوو. شاری فارقین سەرەڕای ئەوەی ئاوەکەی لێ هەڵبڕابوو، توانی تا مانگی سێپتەمبەر خۆڕاگرێ و تەسلیمی سەلجوقییەکان نەبێ.

لەئاكامدا فەرمانڕەوای مەروانییەكان لە ناوچەكەدا ساڵی ١٠٨٥ی زاینی كۆتاییهات. (كورد و كوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی، كەمال بۆركای، وەرگێڕانی: عەلی فەتحی، چاپخانەی مەنارە-هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨ ل١٦١-١٦٢.

(پەیوەندییەكی تری گەورەی نێوان كورد و تورك لە ساڵی ١٥١٤دا بوو، سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەكەم(١٤٦٥ -١٥٢٠). كورد ئەو كاتە میریان هەبوو، دوو دەوڵەتی گەورەش هەبوون، یەكیان سەفەوی و ئەویتریش عوسمانی بوو. كورد كەوتبووە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە. شا ئیسماعیلی سەفەوی زەوی و زاری كوردانی داگیردەكرد، میرنشینی كوردەكانی لەناودەبرد و پیاوی خۆی دەكردە حوكمڕان، مەزهەبەكەشیانی دەگۆڕی و دەیكردن بە شیعە. دیارە ئەمە ویستی كورد نەبوو. لەلایەكی ترەوە، یاوز سوڵتان سەلیم مرۆڤێكی ژیر و دوورئەندێش بوو. دەوڵەتی سەفەوی مەترسییەكی گەورەبوو بۆ ئەوان. لەبەرئەوەی هەم خۆیان وەكو شیعە بەهێزبوون، هەم دۆستی توركمانیان هەبوو لە ئەنادۆڵ كە ئەوانیش شیعە و هاوپەیمانی شا ئیسماعیل بوون، بەڵام كورد بەربەستێكی گەورە بوو لەپێش ئەوەی سەفەوی و توركمانەكان بگەنە یەك. هەرچی توركمانەكانە چاوەڕێی هاتنی سەفەوی بوون، تاكو بە یەكەوە دەوڵەتی عوسمانی بڕووخێنن. سوڵتان سەلیم هەستی بەمە كرد و دیارە شا ئیسماعیل-یش لای كورد خۆشەویست نەبوو).

(هەندێك لە میرە كوردەكان هانی سوڵتان سەلیم-یان دا ئەو بڕیارەبدەن و ئەو سیاسەتە پەیڕەوبكەن. چونكە ئەو میرانەی سەفوییەكان دەستیان بە سەر موڵك وماڵیاندا گرتن، قاسدیان بۆ سوڵتان نارد و دنەیان دا، كە پێویستە بەرەنگاری سەفوییەكان ببێتەوە. ئەمەش مانای لاكردنەوە و بیركردنەوە بوو لە كوردستان. بەدلیسی ڕۆڵی میانگیری لەنێوان ئەو میرانە و سوڵتاندا گێڕا. كوردستان و الامبراطورية العثمانية - دراسة فى الهيمنة العثمانية فى كردستان ١٥/١٤ -١٨٥١، الدكتور سعدى عثمان هەروتی، دەزگای موكریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك ل٦٠)

شەرەفەدین ئەڵچی پشتبەستوو بە خوێندنەوە توركییەكانی وەسفی حاڵی ڕێكەوتنی سەركردایەتی كورد و توركی بە ئەرێنی كرد:

(مەلا ئیدریسی بەدلیسی پیاوێكی ئازابوو، لە بواری دیپلۆماسییەوە ژێهاتی بوو. مەلا ئیدریس پەیوەندی لەگەڵ سوڵتان سەلیم بەست. مەزهەبی كورد و عوسمانی سوننە بوو. بە سوڵتان سەلیمی وت، كە ئێران بۆ ئەوانیش جێی مەترسییە و دەبێت دۆستایەتیان هەبێت، بەڵام میللەتی كورد وا ڕاهاتووە خۆی خۆی بەڕێوەببات. سوڵتان سەلیم بە مانەوەی سیستمی میرنشینی كورد ڕازیبوو. ساڵی ١٥١٤ لەسەر ناوی كوردان ڕێككەوتننامەی ئاماسیای ئیمزاكرد. ڕێككەوتننامەكە لەسەر ئەو بنەمایە بوو، كە میرنشینی كوردان وەك خۆی بمێنێتەوە و كوردیش لەكاتی شەڕدا هاوكاریی عوسمانییەكان بكەن. تەنانەت لە شەڕیشدا فەرماندەی هێزی كوردەكان هەر كورد دەبێت و ناكەونە ژێر فەرماندەیی توركەكان، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی باجی لە كورد نەدەستاند. بەكورتی ڕەوشێكی زۆر باش بەرقەرار بوو. بەو هاوكارییەی كوردان، سوڵتان سەلیم لە شەڕی چاڵدێران شا ئیسماعیلی تێكشكاند

و سنووری رۆژهەڵاتی دەسەڵاتی خۆی خستە گەرەنتیەوە. عوسمانییەکان جارێکی تر حەسانەوە. دواتر هێرشیانکردە سەر میسر و روویانکردە ئەوروپا. هەم دەوڵەتی عوسمانی قازانجێکی زۆری کرد، هەم کوردەکانیش سەلامەت بوون و ئاسایشیان پارێزراوبوو. کوردستان لە ڕووی ئابووری و زانست و عیرفاندا زۆر پێشکەوت).

ساڵی ١٦٣٨ی زاینی عوسمانی بەغدایان گرت و ١٦٣٩ لەگەڵ ئێرانییەکان رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد و ناویان لێنا (پەیمانی قەسری شیرین). بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە کوردستان بۆ جاری یەکەم دووبەشکراو سنوورەکان باشووری ریزە کێوی زاگرۆس و باکووریش سنوورەکانی ئێستای نێوان ئێران و عوسمانی دەگرتەوە. ئەو سنوورانە گەلێک جار وەبەرچاو نەگیران و پێیان رێخشێندرا و تا ساڵی ١٩٣٢، کە دووەمین دابەشبوونی گەورەی کوردستان روویدا، هەروا لە گۆڕێدا بوون.

دوای ئەوەی حدودەکانی نێوان ئێران و عوسمانی داسەپێندران، ئەوساکە هاوپەیمانی کوردو عوسمانی بایەخی خۆی لەدەستدا. ئاکامەکەی ئەوە بوو عوسمانییەکان دەیانویست دەسەڵاتیان سەقامگیربێت و میراتییەکانی کوردیش لەناوبەرن، بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لە کێشەکانی ناوخۆیی کوردەکان کەڵکیان وەرگرت و هەر چەشنە دەرفەتێکی لەو بابەتەیان قۆستەوە. (کورد و کوردستان.. کەمال بۆرکای سەرچاوەی پێشوول١٩٣).

ئەم مانگە هەنگوینییە هەرچەندە کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە، بەڵام بەشە عوسمانییەکەی نیمچە سەربەخۆیی ئیداری خۆی پاراست، تا سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم، کە دوای گرمۆڵەبوونی فتوحاتە عوسمانلییەکان ئاورێکی رادیکالی لە دوای خۆی دایەوە، داخوا چی لە دەست ماوەتەوە لەقەڵەمرەوی عوسمانلی و چۆنی بپارێزێ؟ بۆ ئەمە رێکخستنەوەی دەوڵەتی لەسەر شێوە سەنتەراڵییەکەی، کە لەو دەمەدا لە رۆژئاوا باو بوو، بەپەسەند زانی. ئەم ژەهرە هی مۆدێرنتەی فەرەنسی بوو، کە لە پەنا ناوی ریفۆرم و نوێکردنەوەی دەوڵەتەوە سەری لامەرکەزی و گەشەی خۆ بە خۆی ئەمارەتە کوردییەکانی خوارد. ئەم کەلتوورە فەرەنسییە بە قەدەر سایکس بیکۆ، کە دەسستچێنی ئینگلیز و فەرەنسییەکانی سەدەی بیست بوو، زیانی لە چانسی بەردەمی کورد و کوردستان دا و رێگەی پێشکەوتنی قەوارەی کوردی گرت، با تەنانەت لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیشدا بێت.

(لە سەدەی نۆزەدەدا دەوڵەتی عوسمانی لە ڕووی کارگێڕی و سیاسی و سەربازی، چ لە سەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە، ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی بەسەردا هات، سوڵتان مەحمودی دووەم ١٨٠٨ -١٨٣٩ هەوڵیدا هێزێکی نوێ لە جێگای هێزەکانی ئینکشاری دابمەزرێنێ، دەسەڵات و سیاسەتیی دەوڵەتیش سێنترالیزە Centralize بکات، ئەو هەنگاوانەی سوڵتان مەحمود سەرەتایەک بوون بۆ ئەو جووڵانەوە چەکدارییانەی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی ناوەند بەرپایاندەکرد، لەوانەش جووڵانەوەکانی میرانی بابان، سۆران، بۆتان و... بوون لە کوردستاندا... جەعفەر عەلی رەسول، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی سلێمانی٢٠٠٤، چاپخانەی رەنج، بەشی دووەم ل١٣٩-١٤٠).

ئێلچی ئێژێ: (ساڵی ١٨٠٨ سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٧٨٥-١٨٣٩) دەستیپێکرد. سوڵتان مەحمود ویستی سیستمی دەوڵەت بە گوێرەی ئەوروپا رێکبخات، واتە دەوڵەتێکی ناوەندی هەبێت، نەوەک هەرکەسە و سەربەخۆ هەرێمێک بەڕێوەببات. بەمجۆرە میرنشینی کوردەکانی نەهێشت. میرنشینی بابانی نەهێشت، میرنشینی سۆرانی نەهێشت، میری بۆتان، بەدلیس، هەکاری، گەنجە، پاڵو، هەموو ئەمانەی رووخاند)، بەڵام میری جزیرە کە (میرێکی بەهێز و پێشکەوتوو بوو، هەروەها وەک بنەماڵەکەشی کە کوردستانیبوون لە خوێنیاندا بوو. قینی لەمە هەڵگرت و هەڵیگرت بۆ دەمی خۆسازدان).

(میر بەدرخان هەڵسا بە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوانی کوردەکان. لە سەردەمی مادەکانەوە کورد رێککەوتنی وا گەورەیان بە خۆیانەوە نەدیبوو. پاشان لە دژی عوسمانییەکان سەرهەڵدانیان کرد (ساڵی ١٨٤٣-١٨٤٦) بەدرخان بەناوی خۆی خوتبەی دا، خوتبە بە واتای راگەیاندنی سەربەخۆیی دێت، پارەشیان هەبوو کە هەر سیمبۆلی دەوڵەتە).

د. سەعد بەشیر ئەسکەندەر بەراورد لەنێوان هاوپەیمانێتی میرە کوردەکان لەگەڵ سوڵتان سەلیم و هاوپەیمانێتی میرە کوردەکان لە سەردەستی میری بەدرخان دەکات. ئەوی یەکەمیان بە کاتیی و ئەمی بەدرخان بە خاوەن ئامانجی یەکێتی سیاسی کوردان و بەرهەڵستی نفوزی بێگانە دەزانێت.

(زۆری پێ نەچوو هاوپەیمانێتییەکە بووە کۆنفیدراڵییەکی سیاسی گەورە، کە پشتگیری پیاوانی ئایینی و سەرۆک هۆزەکانی بەدەستهێنا، دەرکەوتنی کۆنفیدرالیزمی ئەمارەتەکان گەورەترین پەرەسەندنی سیاسی بوو لە مێژووی کوردی سەرەتای سەدەی شانزەدا، ئەو دەمەی زۆرێک لە میرە کوردەکان هاوپەیمانێتیان کرد لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، بۆ نەهێشتنی هەژموونی سەفوی بە سەر ناوچە کوردییەکانەوە.. بەپێچەوانەی لایەنی کاتی هاوپەیمانێتییەکەی سەرەتای سەدەی شانزە، کۆنفیدراڵییەکە شێوەی گرێبەستێکی نێوان میرەکان بەخۆوە گرت، کە ئامانجی یەکێتیی سیاسی و لە ناوبردنی نفوزی ئەوان و هەژموونی دەرەکی بوو لە کوردستاندا... قیام النظام الاماراتي في كردستان و سقوطه ما بين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر، د. سعد بشير اسكندر، بنکەی ژین، السليمانية، ساڵی ٢٠٠٨ چاپی دووەم، ل٢٠٨.)

## تفەنگی کرمانجی

ئێلچی هەڵسەنگاندنی خۆی بەم شێوەیە بەردەوامکرد: (بەڕای من، لە مێژووی کوردستاندا سێ کەسایەتی مەزن دروستبوون: سەلاحەدین ئەیوبی، میر بەدرخان، مەلا مستەفا بارزانی. ئینجا بەردخان کەسێکی وا مەزن بوو، دوور ئەندێش بوو، بەدرخان کارێکی کرد کە هەرگیز بە مێشکی کوردەکاندا نەدەهات، هەڵسا تفەنگی دروستکرد. ئەو تفەنگە تاکو ئێستاش بە (تفەنگی کرمانجی) دەناسرێت، لە ئەوروپاوە وەستای تۆپی هێنا و تۆپی دروستکرد. ویستی لەسەر دەریاچەی وان کەشتی دروستبکات، بەڵام

بەداخەوە کورد لەناو خۆیاندا ئیرەیی بە یەک دەبەن. چونکە بەدرخان لە چەند بەرەدا عوسمانییەکانی تێکشکاند. کاتێک چوبووە ئێران، کوڕە مامی خۆی (ئێزدین شێر)ی لەجێی خۆی دانابوو. ئێزدین شێریش مێرخاسێکی زۆر بەناوبانگە، ئەویش بە مافی خۆی دەزانی کە میرێتی بکات، چونکە پێش بەدرخان، باوکی ئەو میربوو. عوسمانییەکان وەستای ئاژاوەو دووبەرەکی نانەوە بوون. خۆیان گەیاندە ئێزدین شێر، فریویاندا و وتیان ئێمە تۆ دەکەین بە میر. ئەویش بەرامبەر بە بەدرخان وەستابوو بە هەڤاڵی عوسمانییەکان. ئەو کاتە بەدرخان ئەنجومەنێکی شورای هەبوو بۆ ڕاوێژکردن، کە پێکهاتبوو لە مرۆڤی دانا، شوراکە کۆبوونەوە و وتیان ئیدی دەبێ شەڕی ناوخۆ بکەین و بەمجۆرەش سەرناکەوین. پاشان بەدرخان خۆی دا بە دەستەوە، عوسمانییەکانیش بەڵێنیان پێدا کە خۆی و بنەماڵەکەی سەلامەت بن و ماڵ و موڵکەکەشیان بۆ بگەڕێننەوە. بەدرخان ڕەوانەی ئەستەنبوڵ کراو لەوێشەوە چووە شام، لەوێ عەمری خوای کرد. ئەو بزووتنەوەیە سەرنەکەوت. دواتر ئێزدین شێر داوای میرێتی بۆتانی کرد و دەوڵەتی عوسمانیش قبوڵی نەکرد. ئێزدینیش لە ١٨٥٥ سەرهەڵدانی کرد و شەڕێکی زۆری کرد، ناوچەیەکی زۆری خستە ژێر حوکمی خۆی، هەتاکو موسڵ هات، بەدلیس-ی گرت، بەڵام ئەویش هەر سەرنەکەوت).

پاشان کە کوردستان بێ میر مایەوە، سەرکردەی گەورەی ڕێبازی نەقشبەندی شێخی نەهری هاتە سەر کەڵکەڵەی دەوڵەت و لە ساڵی ١٨٨٠دا شۆڕشی کرد: (پاشان شێخ عوبێدوڵڵای نەهری سەری هەڵدا، ئەویش شەڕی کرد و سەرنەکەوت).

گفتوگۆکارمان چەند هێڵێکی لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانلی دەرخست، کە بە گوێرەی ئەم شرۆڤەیە دەبێت سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢-١٩١٨) نێوەندی سیاسەتێکی نەرم و سیاسەتێکی توند بێت:

(لە شێوازی مامەڵەکردنی عوسمانی لەگەڵ کورداندا دوو خەتی سیاسی هەبوو. یەکەمیان خەتی سوڵتان سەلیم بوو، کە ڕێگەی دا کورد ئیدارەی خۆی بکات. دووەمیان خەتی سوڵتان مەحمودە کە حوکمی مەرکەزی سەپاندەوە. دوای مەحمود و مەجید و عەبدولعەزیز، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هات. ئەویش حوکمدارێکی عاقڵ و زانا بوو، بینی کە بەم سیستمی ئیداریو بەم مەرکەزییەتە کورد زۆر تووڕەدەبن. بۆیەش خەتێکی سیاسی نوێی گرتەبەر و خەڵکی جاهیلو نەزانی کۆکردەوە سوارەی حەمیدیەی دروستکرد. سوارەی حەمیدیە خزمەتی میللەتی خۆیان نەدەکرد، بەڵکو دژایەتی میللەتیان دەکرد. بۆ نموونە، مستەفا پاشای جزیرە، فەرماندەبوو لە حەمیدیە، کەسێکی نەخوێندەوار و نەزان بوو، زاڵم بوو، حوکمی کوردان درابووە دەست ئەو پیاوە).

(سوڵتان عەبدولحەمددی دووەم دەیویست پاڵ بە کوردەوە بنێت بۆ تواندنەوە لەناو نەتەوەکەی خۆی و بەهێزکردنی توخمی تورک و باڵادەستیان بە سەر نەتەوەکانی تردا. ئەوەبوو لەم بارەیەوە وتی: پێویستە توخمی تورکی بەتایبەتی لە وڵاتی ڕۆم و ئەنادۆڵ، بەهێزبکەین و کوردەکان بتوێنینەوەو بیانگرینەخۆ.. الدوله العثمانية، الاوضاع السياسية من

منتصف القرن التاسع عشر الى تشكيل فرسان الحميدية ١٨٩١-١٩٢٣، ماجد محمد يوسف زاخۆیی، الدار العربية للموسوعات، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١ ل٥٧.)

## ئیتحاد و تەرەقی، سەر دەرهێنانی شۆڤێنیزم

ئێڵچی لەسەر سەرەتای سەدەی بیستەم دەڵێ (پاشان ئینقیلابی ئیتحاد و تەرەقی دروستبوو، ئەوانە سیستمی سوڵتان عەبدولحەمیدیان رووخاند. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا شۆڤێنیزمی تورکی نەبوو، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بوو، سەڵتەنەت و حوکمدارێتی بوو، بەڵام ئایدۆلۆژیای ئیتحادو تەرەقی تورکچێتی شۆڤێنی بوو). دواتر مستەفا کەمال پەیدابوو، ئەویش پیاوی ئەوان بووو لەو گرووپە بوو و دیدێکی ئیتحاد و تەرەقی هەبوو.

پرسیارم کرد: ئەو سیستەمەی ئەوان هێنایان... خۆرئاوایی بوو، ئایا کورد زەرەری کرد لە سیستمی خۆرئاوا، لەکاتێکدا گەلێک نەتەوە بەو سیستمە رزگاریانبوو؟

(بەڵێ بە داخەوە، گەورەترین فریو کورد خواردی، بە هاتنی کۆمار بوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانییەکان رووخابوو، دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لەئارادابوو، لە پەیماننامەی سیڤرەدا ئەو مافە درابوو بە کورد. هەڵبەتە مستەفا کەمال کە وەستای سیاسەتە هات، ئەوکات هێزێکی زۆریشی نەبوو، رووی کردە ئەرزرووم، چووە لای کوردان. بۆ بێ چانسی کوردان، ئەو گرووپە کوردەی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا رۆشنبیربوون، بۆ نموونە، خانەدانی بەدرخانییەکان و بابانییەکان، ئەو مرۆڤە عاقڵ و زانایانە لە ئەستەنبوڵ بوون و لە کورد دابڕابوون، دەستیان بە ناوچەکانی خۆیان رانەدەگەیشت. ئەوەی لە کوردستان حوکمداربوون، شێخ و مەلا و کوێخاکان بوون، ئەوانیش مرۆڤی نەزان و جاهیل بوون. ئەوانە ببوونە مەزنی میللەت. مستەفا کەمال بە ئاسانی ئەمانەی فریودا. کورد بەهۆی ئیسلامەتییەوە خەلافەتی عوسمانییەکانیان بەخەلافەتی خۆیان دەزانی).

لەسەر سەردەمی ئینتقالی دەوڵەتی عوسمانی بۆ کۆمار شەرەفەددین ئێڵچی وەسا گۆت:

(مستەفا کەمال (١٨٨١-١٩٣٨) بە کوردەکانی وت گاور خەریکە دێن زەوی و زاری ئێوە دەخەنە دەست ئەرمەنییەکان، ئینجا وەرن با بەیەکەوە ئەم وڵاتە رزگاربکەین، دەوڵەتیش دەوڵەتی هەردوولامان بێت. کورد بەمە رازیبوون و هێزیان پێشکەش بە مستەفا کەمال کرد. دواتر مستەفا کەمال هات بەرەو خۆرئاوا، لە سیواس کۆنگرەیەکی سازکرد. پاشان هاتە ئەنقەرە و لەئەنجامدا هێزێکی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەرکرد. میللەتی تورکیش هەڤاڵی مستەفا کەمال نەبوون، چونکە پێیان ناخۆش بوو خەلافەت نەمێنێ‌و سیستمێکی تر لە دەرەوە بهێنێت. تورکەکانی چۆن رازیکرد؟ وتی سەڵتەنەت و خەلافەت لە بن داگیرکەریدایە، چونکە پاشان ئینگلیز و فەرەنسییەکان هاتن ئەستەنبوڵیان خستە بن دەستی خۆیان. ئینجا عەقڵی مستەفا کەمال بەڕاستی جێی تەقدیر بوو، ئەو کات بزوتنەوەی کۆمۆنیستەکان هەبوو، خۆی گەیاندە ئەوانیش و پێویستی بە کێ هەبوو هەموویانی قەناعەت پێکرد، هەمووی کردن بە دۆستی خۆی، هەتاکو سەرکەوت. دەسەڵاتی بە دەستهێنا و لە لۆزان-یشدا سیاسەتی راستەقینەی مستەفا کەمال دەرکەوت.

قەدەغەی لەسەر کوردان دانا، سوڵتان و خەلافەتی نەهێشت، کۆمۆنیستەکانیشی خستە زیندان. مستەفا کەمال تورکچێتی نەکرد، چونکە تورکەکانیشی گۆڕی، تیپێکی ئەوروپی بۆ دروستکردن).

## نکوڵی لە کورد کرا

نکۆڵیکردن لە کورد چەردەیەک ناڕەزایی و جموجۆڵی شۆرشگێری بەدوای خۆیدا هێنا: (بە مجۆرە نکوڵی لە کورد کرا، وتیان ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتی تورکانە، ئەوەی لەم دەوڵەتەدا بێت پێویستە تورک بێت، ئەوەی تورکایەتی قبوڵ نەکات سەری پاندەکەینەوە. لەو کاتەدا هەندێک مرۆڤی باش هەبوون لەناو کورداندا، بۆ نموونە خالید بەگی جبری، کە لەناو سوپای عوسمانیدا خوێندبووی و لە ئەوروپا بوو. ئەندام پەرلەمانێک هەبوو لە بەدلیس بەناوی یوسف زیا، کە کوردێکی زۆر ڕێکوپێک بوو، دکتۆر فوئاد هەبوو، ئەوە هەستا پارتی ئازادی لە ئەرزرووم دانا، بەڵام پێویستیان بەکاریزمایەک هەبوو، بۆیە چوون شێخ سەعیدیان هێنا. دەستیانکرد بە ئامادەکاریی سەرهەڵدانێکی گەورە، تاکو کوردستان رزگاربکەن. دیارە کورد هەمیشە داری هەڵەکانی خۆی دەخوا، هەڵەکان دەبنە بەڵای سەریان، ئاخر شێخ سەعید تەنها شێخێک بوو، ئاوەڵزاوایەکی پیاوی خالید بەگی جبرییە، ئەوەی خستە بن چنگی ئەفسەرێک بەناوی قاسم، ئەو قاسم-ەش بەتایبەت پیاوی مستەفا کەمال بوو. هەرچی زانیاری هەبوو لای ئەوان دەیبرد بۆ مستەفا کەمال. مستەفا کەمال بە تەواوی ئاگاداری بزوتنەوەکە بوو. بزوتنەوەکەش تا دەهات فراواندەبوو. بزوتنەوەکە هێشتا تەواو پێی هەڵنەگرتبوو، مستەفا کەمال ڕووداوێکی دروستکردو شۆڕش پێش وەختی دیاریکراوی خۆی هەڵگیرسا).

لەم بارەیەوە بلەچ شێرکۆ لە کتێبی (کێشەی کورد مێژینەوە و ئێستای) ئەم قسانەی ئێلچی بە بەروار و وردەکاری زیاترەوە دەگێڕێتەوە: (بڕیاریش درا بوو کە لە بەرەبەیانی (٢١ی مارتی ساڵی ١٩٢٥ز-دا)، شۆڕش دەستپێبکەن، کەچی وا ڕێکەوت ڕۆژی (٧ی مارتی باسکراو) هێزێکی تورکی، چووبووە گوندەکەی شەهیدی کۆچکردوو-شێخ سەعید- کە ئەویش لەناو پەیمانە پیرۆزەکەدا بوو بۆ شۆڕشە گشتیەکە، ئیتر لە سەر شتێکی بێبایەخ شەڕ لەنێوان مرید و دەروێشەکانی شێخ و ئەو هێزەدا ڕوودەداو ئاگری شۆڕش پێش کاتی دیاریکراو بە ١٥ ڕۆژ لە هەموولایەکەوە دەتەنێتەوە.... (کێشەی کورد-مێژینەو ئێستای- بلەچ شێرکۆ- محەمەد حەمە باقی لە عەرەبیەوە کردوونی بەکوردی. چاپی سێیەم ١٩٩١ - کوردستانی عێراق)

ئێلچی دەڵێ: (زۆر زوو، بەبێ ڕێکخستن، ڕاپەڕین. هەندێک لە زازاکان هەڵەیانکرد. ئەوانە لە نزیک دیاربەکر دەستیانکرد بە تاڵان، خەڵک لە شۆڕش ساردبۆوە. مستەفا کەمال بە خۆرئاوای وت کەوا من سیستمێکی هاوشێوەی ئێوەم لە تورکیا دامەزراندووە، بەڵام شێخ سەعید هەستاوە دەڵێت جارێکی دی شەریعەت و خەلافەت بگەڕێنمەوە. بەمجۆرە دۆستایەتی ئەوروپای بەدەستخست. ڕێگەی ئاسنی دروستکرد لەسەر سنووری سوریا،

سوریا ئەو کات لەبن دەستی فەرەنسا بوو، ئەگەر فەرەنسا رێگەی نەدابوایە، نەی دەتوانی سەربازەکانی رەوانەی دیاربەکر بکات. بەهەرحاڵ، ئەو بزوتنەوەیەش شکستیهێنا).

راستییەکەی نەک هەر فەرەنسا، کە مەنداتی سوریای لە چنگ بوو و بەو پێیەش خاوەندارێتی لە بەشێکی کوردستان دەکرد کە کوردستانی رۆژئاوایە، هاوکاری تورکەکان بوو، بەڵکو یەکێتی سۆڤێتیش بەناوی کۆنەپەرستی شۆڕشەکە و لایەنگیریی ئینگلیزەکان لێی و بەناوی پێشکەوتخوازی ریفۆرمەکانی کەمال ئەتاتورکەوە رۆڵی گەورەی لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکەدا وازیکرد. رۆژنامەی پراڤدا (راستی) لە ژمارەی رۆژی ٤/ی مارتی ١٩٢٥ لەژێر سەردێڕی راپەڕینی دژی شۆڕش لە تورکیا و گرنگییەکەی هەموو شتێکی وتووە تەنها راستی نەبێت. پراڤدا لە ژێر پەردەی بەرژەوەندی ئیمپراتۆریای تازە سەرهەڵداوی سۆڤێت و بە وشەگەلی ئایدیۆلۆژیی پاساو بۆ پیاهەڵگوتن بە سەر کەمالیزمدا دەهێنێتەوە، گوایە راپەڕینەکە بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیی رێکخراوە (.... بزووتنەوەکە چەند ناوەڕۆکێکی نەتەوایەتی یاخود عەشایەری هەبێت، ئەوەندەیش بەرژەوەندی چینایەتی تیا بەدیدەکرێت... ویلایەتەکانی رۆژهەڵات لەمێژە کردەوە پێشکەوتنخوازەکانی ئانکارا پەسەندناکەن و بەباشیان نازانن.... (د. ئەفراسیاو هەورامی. شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤێت، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ ل١٨٥-١٨٦). تورکەکان خۆشیان دان بەو هاوکارییەی سۆڤێتدا دەنێن (ئەحمەد شوکری سەرنووسەری رۆژنامەی (وەتەن) کە دێتە سۆڤێت و چەند شارێک دەگەڕێ لە باتوم وتووێژی لەگەڵ دەکەن (١٤)ی مارتی ١٩٢٥، پاش بەدناوکردنی بزووتنەوەی کوردان، دان بەو راستییەدا دەنێت و دەڵێ: سەرکردەی کوردەکان ناتوانن دەست لەو سەربەخۆییەی کە لە سەردەمی سوڵتاندا هەیانبووە هەڵبگرن و لەیادی بکەن. ئێستا بێبەشن لەو شتە، بۆیە دەستیانداوەتە هێرش و پەلامار و دژایەتی کۆماری تورکیا، هەروەها دەڵێ تورکیا لە ئاڵۆزترین رۆژانی خەباتی بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی نیشتمانەکەی ئەو یارمەتییە لەبیرناکات، کە یەکێتی سۆڤیەت پێیگەیاندووە... (هەمان سەرچاوی پێشوو ل١٨٤).

ئەم بیانووەی سۆڤێت بۆ دژایەتی شۆرشەکە هێنابوویەوە، گوایە بۆ خیلافەت و شەریعەتە، بیانوویەکی پووچە، چونکە (شورەوی لەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە ئیسلامیبوونی هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیان نەکردۆتە هۆی یارمەتی نەدانیان، بەڵکو لە زۆربەی بانگەوازەکانیاندا رێزیان بۆ مەزهەبی گەلان داناوە.. (کۆبەندی چەند بابەتێک (١٩٨٧-١٩٩٣)، مەلا بەختیار، ١٩٩٩، چاپخانە داناز، بابەتی: یەکێتی سۆڤێت و قەوارەگرتنی کۆلۆنیالیزم لە کوردستاندا ل ٣٤٧).

لەم پێناوەدا دەکرێ بڵێین دەوڵەتە گەورەکانی وەکو فەرەنسا و سۆڤێت و بەریتانیای تۆمەتبارکراویش بە هاوکاری کوردەکانی شێخ سەعیدی پیران کێبڕکێیان بوو لەنێوان خۆیاندا بۆ رازیکردنی نەیارانی کورد و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەسەر حیسابی ماف و حەیسیەتی کورد.

## ڕێکخستنی هاوچەرخ، شۆرشی خۆیبوون

ئیلجی دووبارە دەڵێت: دیارە بەم شکستانە کوردایەتی کۆتایی نایەت. دوای ئەوە زوڵم و زۆرداری و قەتڵوعام و کۆچی بە کۆمەڵ دەستیپێکرد، ئەمە رق و کینەی کوردەکانی بەرامبەر بە تورکەکان جوڵاند. پاشان جەماعەتی شۆڕش، کە سەرکردەکەیان نەما، چوونە سوریا و لەوێ پارتی خۆییبوونیان دامەزراند).

نووسەر رۆهات ئالاکوم هەر لە خودی ئامانجەکانی خۆییبوونەوە مێژوو و ئامانجی دامەزراندنی ئەم ڕێکخستنە کوردییەمان بۆ دەگێرێتەوە:

١- بەپێی بڕیاری کۆنفرانسی یەکەمی کوردان، کە لە (٢٥) هەمین ڕۆژی مانگی پەڵە (تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧)دا گێڕدراوە، بەنێوی خۆیبون، ڕێکخراوێکی نەتەوەی دامەزرێندراوە.

٢ – ئامانجی ڕێکخراوەکە ئەوەیە کورد و کوردستان، کە لە بن باندووری ترکدایە، رزگارکرێن و لە سنووری خۆرسک و نەتەوەکیی کورداندا، دەوڵەتی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دابمەزرێ.

٣- لەپێناوی بەم ئامانج گەیشتنەشدا، ڕێکخراوەکە سەرلەبەری کوردان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەرانبەردا دەگەڵ هەموو رەگەزێکدا پێوەندی دەگرێ.... (رۆهات ئالاکوم، خۆیبوون و شۆرشی ئاگری، شوکور مستەفا کردویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم... ل١٦).

ئێلچی لەسەر ئەندێشەی سیاسیی خۆیبون وتی: (خۆییبوون لە مێژووی کورداندا پارتێکی نوێ و مۆدێرنە، پرۆگرامی سیاسی و ڕێکخستنەکەی نوێبوو، بەرێوەبەرەکانی مرۆڤی زاناو پێشکەوتوو بوون. خۆیبوون لە ئاگری شۆرشی هەڵگیرساندەوە، بەڵام دیارە تورک هەمیشە لە بواری دیپلۆماسی و سیاسەتدا لێهاتوون، کوردیش نەزانن، هەوڵیاندا لە بزوتنەوەی خۆییبووندا پەیوەندییان لەگەڵ ئەرمەنییەکان پتەوبکەن. ئەرمەنییەکان لەبن دەستی روسیادا بوون، کورد حسابی ئەوەیان نەکردبوو، تورکەکانیش خۆیان گەیاندە ئەرمەنییەکان و روسیا پشتگیری مستەفا کەمالی کرد). (ناتوانین ئەرمەنەکان لە بەرپرسیارێتی ئەو دەردو بەڵایانەی پاشتر تووشی کورد هات بێبەری بکەین، چونکە ئەوان مەسەلەکەیان لەبەرچاوی سەرکردایەتی خۆیبوون ئاسانکرد و ئامادەیی خۆیانیان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی گەورە لەپێناو بەردەوامیی شۆڕشەکە خستەڕوو. رەنگە هەر ئەوانیش بن وایان لە شا کردبێ چاوپۆشی لە جموجۆڵەکانیان بکات لە ئێران. ئەمە جگە لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو کە پروپاگەندەی رۆژنامەوانیان بۆ بکات. هەموو ئەمانەش تەماع و ئاسانکاری و هاندان بوون بۆ بەرپاکردنی شۆڕشەکەو درێژەکێشانی، چونکە ئەوانە سەرەنجام هیچیان لەدەست نەدەچوو، جگە لە هەندێک پارە نەبێت.... (جمعیة خۆیبون والعلاقات الکردیة — الارمنیة، محمد ملا احمد، کاوا للنشر والتوزیع ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر ، ل١٤٢-١٤٣).

میوانی کتێب شەرەفەددین ئێڵچی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەزموونی شۆڕشی ئاگری توندبوو (ئەو بزوتنەوە کوردییەش بەڕاستی نەزان بوون، یەکی وەک ئیحسان نوری پاشا سەرکردایەتی دەکرد. ئەو ئالایەی ئێستا کوردستان هەیەتی، یەکەمجار لە شەڕی ئاگریدا

هەڵکرا. سەرهەڵدانی ئاگری حسابی ئەوەیان کردبوو، کە ئەگەر ئەوان دەستیانپێکرد، هەرێمەکە بەگشتی هەڵدەستێتە سەرپێ، بۆ نموونە، خانەدانی جەمیل پاشا وتبوویان ئێمە دیاربەکر رادەپەڕێنین، حاجۆ دەیووت من ناوچەی ماردین رادەپەڕێنم، لە ناوچەی ئادیامان عوسمان سەبری بانگەشەی وای دەکرد. حاجۆ جوڵەیەکی کرد، بەڵام هیچی بۆ نەکرا. بنەماڵەی جەمیل پاشاش پەیوەندییان لەگەڵ میللەت زۆر باش نەبوو. عوسمان سەبری یەک دوو چالاکی سەربازی ئەنجامدا، ئەویش زوو شکستیهێناو جەماعەتی ئاگری بێدەرەتان مانەوە.)

ئێلچی وتی: (ئاگری بچووک ئەو کاتە لەدەست ئێراندا بوو، بۆیەش لەگەڵ ئێران رێککەوتن، کاتێک گوشار لەسەر ئاگری مەزن زیاددەبوو، پەنایان بۆ ئاگری بچووک دەبرد. بەهەرحاڵ ئێرانیش پشتیوانێکی وا نەبوو، ئەوانیش دووچاری شکستبوون، بەڵام کورد دیسان تەسلیم نەبوون). سەرەنجام (لە هاوینی ١٣٠٩، لە ئاکامدا، دوای چەند ساڵێک هەڵبەزودابەز ، رووبەڕووبونەوەی تورکەکان و کوردەکان لە ئارارات بەرەو کۆتایی چوو و پێگەی دەوڵەتی ئێرانیش لە بێنەوبەردەی ئەو گۆرانکارییە خێرا و توندانەی روویان دا، بارێکی یەکلایی وەرگرت... کاوە بەیات، شۆرشی ئاگری داغ، وەرگێرانی ئەبو بەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠ ل ١٢٩).

## سەرهەڵدانەکەی دەرسیم و توانەوە

ئینجا دەوران هاتە سەر دەرسیم و شۆرشەکەی سەید رەزای دەرسیمی، کە نها لە تورکیا باسوخواسێکی گەورەی لەسەرە. لەوەتەی سەرۆک وەزیران ئەردۆگان قەسەی لەسەر کردووە، وردە وردە دۆسێکانی هەڵدەدرێتەوە و کتێب و فیلمی دیکۆمینتاری لەسەر دەکرێت:

لە ساڵی ١٩٣٧ دا سەرهەڵدانی دەرسیم دەستیپێکرد. دیارە دەرسیم لە رووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی زۆر عاسێیە. خەڵکەکەشی هەموو قارەمانن. ئەوانیش لە هەلومەرجێکی نەگونجاودا راپەڕین و قەدەرێک شەڕیان لەگەڵ دەوڵەت کرد، بەڵام دەوڵەت زوڵمێکی لە دەرسیم کرد، کە لە مێژوودا کارەساتی وا کەمە. بزوتنەوەی دەرسیم-یش کۆتاییهات). کەندال نەزان دەڵێت (رژێمی تورکیا دوای ئەوەی یەک لە دوای یەک ولایەتەکانی کوردستانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و سەرکوتیکردن، ئینجا توانی خۆی لە (کێشەی دەرسیم) بدات. لە ٤ی گوڵانی ١٩٣٧دا ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا بە دزییەوە بڕیارێکی دەرکرد، تا هەموو دانیشتووانی دەرسیم راگوێزێت بۆ رۆژئاوای تورکیا، ئەم ئۆپەراسیۆنە (هێرشە) وەکو لێدانێک لە سەرهەڵدانە هەرێمییەکان بە دژی قانوونە سیکۆلارییەکانی دەوڵەت، ناوزەدکرا، سوپای تورکیا پەنای بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەکی شەڕ- بە فڕۆکەشەوە- برد تا کوردەکانی ئەو ناوچەیە راوبنێت و پاکتاویان بکات... (حوسین یڵدرم ، کۆمەڵکوییەکەی دەرسیم ، وەرگێرانی لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٧ ل٨). هەروەها بۆ ئاشنایەتی بە وردەکاری تراژیدیای کورد لە دەرسیم، تەماشای کتێبی

د. نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، وەرگێڕانی د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، چاپی یەکەم-هەولێر ٢٠٠١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی) بکەن.

جا لەکاتێکدا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە میدیاکانی سۆڤێتدا بە دەستچێنی ئینگلیز دادەنرا و شۆڕشی ئارارات بە یارمەتی سۆڤێت لەناوبرا. ئەمجارەیان بۆ شۆڕشی دەرسیم پروپاگەندەی ئەوەیان دامەزراند گوایە دەستی سۆڤێتی لە پشتە بۆ ئەوەی خۆیان لای نازییەکان خۆشەویست بکەن (لە دادگا سەید ڕەزا بەوە تاوانبارکرابوو کە ئەفسەری سۆڤێتی لابووە و یارمەتی لەوانەوە وەرگرتووە)... (کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی، هاوار- بەرگی سێیەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ل٣٢٠).

گفتوگۆکارمان بە حەسرەتەوە ئەم قۆناغی بێدەنگی و بێ ناسنامەییەی کورد شرۆڤەدەکات. دەورانی چلەکان و پەنجا و شەستەکان کە تێیدا کوردی تورکیا لە دۆخی وەک غەیبوبەدا بوون:

(ئەمجارەیان وەک بڵێیت کورد وردە وردە بێهیوابوون. سەرهەڵدان لە دوای سەرهەڵدان، ئەم هەموو قوربانی و زیانە، ئەنجامەکەشی هەر شکست! سایکۆلۆژییەکی وا بەسەر کورداندا زاڵبوو. ساڵی ١٩٣٨ دوای مەسەلەی دەرسیم، هیچ باسێک نەبوو هەتا ١٩٥٨، کە مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە. پێش لەو ماوەیە وەکو بڵێی بازدانێک بەسەر بابەتی کوردایەتی هەبوو).

واتا بە باشتر دەزانرا خۆی لێ نەدرێت:

(بۆ نموونە باو و باپیرانی ئێمە تەنها دەیانووت بخوێنن و خۆتان ڕزگاربکەن، بەڵام بێگومان هەستی نەتەوایەتی هەرگیز لە دڵی مرۆڤ دەرناچێت، چەندی تەسلیم بیت و بشکێیت، ئەو هەستە هەر دەمێنێت).

گەڕانەوەی بارزانی، ئەگەرچی گەڕانەوە بوو بۆ عیراق و کوردستانی باشوور، بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر باکوور دانابوو، جا ئەگەر لە عیراق شاعیرێکی فەیلی لە بەغدا بە ناوی مەلا نامدار گوتبێتی: هاتەوە خۆش هاتەوە، شیر و شەکەر ئەکبەر وەتەنچی هاتەوە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ١٩٩٧ بەرلین ئەڵمانیا، ل٥٦)، ئەوا لە باکوورو ڕۆژئاواش شیعری هەبوو بۆ نموونە قەدری جان. ئێڵچی گوتی: (لەگەڵ گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە سۆڤیەت، هەژاندنێکی مەزن دروستبوو، هیوایەکی مەزن دروستبوو، شاعیرێکی کورد هەڵبەستی (شێر هات وڵات، شێر هات وڵات)ی بەسەر مەلا مستەفادا وتبوو. هاتنەوەی مەلا مستەفا پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی. نەک تەنها لە باشوور، کورد بە گشتی مەلا مستەفایان وەکو سەرکردە قبوڵکرد. ئەو کاتە ئێمە قوتابی بووین، لە قوتابخانەکەی ئێمەشدا بزوتنەوەیەکی کوردێتی دروستبوو).

## کوردایەتی لە دەرگا دەداتەوە

بە گوێرەی ڕیوایەتی ئێڵچی (لە سێ شوێن کوردێتی چەکەرەیکردەوە: لە دیاربەکر،

ئەنقەرە و زانكۆی ئەستەنبوڵ. بزوتنەوەكەمان ناوی (دۆزی ٤٩) بوو، چونكە ژمارەمان ٥٠كەس بوو، بەڵام كەسێكمان لە زیندان گیانی لەدەستدا و ماینەوە ٤٩ كەس).

پاشان باس هاتەوە سەر قۆناغی دوای شكستی شۆرسی ئاگری، كە رۆژنامەكانی سەر بە دەوڵەت كاریكاتێری گۆڕی كوردستانی خەیاڵییان بڵاوكردەوە. ئەو كاریكاتێرە بەشێكە لە دیرۆكی شۆڤێنی لەسەرەتای سەدەی بیستدا. لە هەموو ئەدەبیاتەكانی تایبەت بەپرسی كوردی توركیادا كۆپیەكی بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی لە كتێبی كێشەی كورد نووسراوە ناسراوەكەی د. بلەج شێركۆدا:

لەسەر ئەمە شەرەفەددین ئێڵچی وتی: (ئەو كاتە دەزگای (میت) راپۆرتێكی پێشكەش بە دەوڵەت كرد. پاش شەڕی ئاگری و ئەمانە، توركیا كاریكاتێرێكی دروستكرد، لەسەر چیای ئاگری گۆڕێكیان هەڵكەند و لەسەر كێلی گۆڕەكەیان نووسی (كوردستان لێرە نێژراوە). میت دەیووت گوایە ئێمە مەسەلەكەمان كۆتایی پێهێناوە، كەچی دیسان جموجۆڵێك لە زانكۆكاندا هەیە. ئێمە دواتر ئەو راپۆرتەمان لە دۆسێی خۆماندا بینی. تێیدا هاتبوو كە سەری مار دەبێ تا بچووكە پانبكرێتەوە. مەحمود جەلال بایار (١٨٨٣-١٩٨٦) ئەو كاتە سەرۆك كۆمار بوو (١٩٥٠-١٩٦٠)، عەدنان مەندەرەس (١٨٩٩-١٩٦١) سەرۆك وەزیران بوو (١٩٥١-١٩٦٠)، لەگەڵ فاتین روشدی وەزیری دەرەوە و سەرۆك ئەركانی گشتی سوپا كۆبوونەوە بۆ گرتنەبەری رێوشوێن.)

(لە ١٧ی دیسەمبەری (١٩٥٩)دا حكومەتی توركیا (٤٩) رۆشنبیری كوردی زیندانیكرد، لەوانە نوێنەری خوێندكارانی زانكۆ. ئەگەرچی گرتنەكە ئەوپەڕی نهێنی و دڕندانە بوو، لەهەمان كاتدا رێگە بە رۆژنامەكانیش نەدرا وەک هەواڵ بڵاویبكەنەوە، بەڵام گرتنی نوێنەرانی رۆشنبیرانی كورد چ لە كوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بە توندی مەحكوم كرا.

حكومەتی توركیا بەردەوام هەوڵیدەدا ئەو زوڵم و زۆرداری و توندوتیژییانەیان لە ماسمێدیاكاندا بە جۆرێكی تر روونبكەنەوە. سەرۆك كۆمار (ج-بەیار) و وەزیری ناوخۆ نامیق غیدیق ڕایانگەیاند كە: هاونیشتمانانی كورد لەسەر (چالاكی كۆمۆنیستی) گیراون، كە بەپێی یاسای وڵات قەدەغەكراوە... (م، ئە، حەسرەتیان یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە رووسییەوە د. دلێر ئەحمەد. مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٧، چاپی یەكەم ل٧١).

شەرەفەدین ئێلچی دەمانباتەوە سەر ئەوكەشوهەوایە: جەلال بایار زیهنیەتێكی توندوتیژی هەبوو، چونكە زوڵم و ناهەقیی دەرسیم-یش هەر لەسەردەمی ئەودا روویدابوو. وتی: ئەوە مەسەلەیەكی راحەتە، هەزار كەس لە مەیدانی تاكسیم لە (ئەستەنبوڵ) لەسێدارەدەدەین، مەسەلەكە كۆتاییدێ. فاتین روشدی زورلو، كە وەزیری دەرەوە بوو، وا بزانم بە ئەسڵ كوردیش بوو و لە بنەماڵەی بەدرخانییەكان بوو: (دواتر لە دوای كودەتایساڵی ١٩٦٠، لەگەڵ مەندریس لەسێدارەدرا). ئەو وتی نەخێر، من ناتوانم ئەوە قبوڵ بكەم، ئێمە هێشتا بە هۆی ئەرمەنییەكانەوە بەرامبەر دنیا روومان رەشە، ئینجا ئەمەشی بێتەسەر! وتی: من دەست لەكار دەكێشمەوە. عەدنان مەندەرەس هەستا چارەسەرێكی ناوەڕاستی دۆزییەوە،

وتی: کە پێویستیش ناکات هەزار مرۆڤ لەسێدارەبدەین، با میت پەنجا کەس بگرێت و بیانداتە دەست مەحکەمە، مەحکەمە چ بڕیارێک دەدات با بیدات. ئەوەیان قبوڵکرد، کە پەنجا کەس بخەنە زیندان، منیش لەناویاندابووم، ڕەوشی زیندان زۆر خراپبوو. ئەوکاتە هەڤاڵێکی ئێمە گیانی خۆی لەدەستدا. دوای کودەتا ئەو ٤٩ کەسەی ماینەوە، دۆسێیەکمان کردەوە کە زۆری خایاند، پاشان بەربووین. ئەو دۆسێیە لە مێژووی کوردستاندا زۆر گرنگە. دوای ئەوەی کە کوردایەتی تەزیبوو، دەیانووت کورد مردووە، جارێکی تر سەرهەڵدان دەستیپێکردەوە، سەرهەڵدانێکی بچووکە و زۆر بەهێز نییە، بەڵام کاریگەری هەبوو، پەیامی ئەوەی دا کە کورد پێویستە هەستنەوە و داوای مافی خۆیان بکەن. ئەمە لەو قۆناغەدا بووبە هاندەرێک بۆ کوردان).

## چەپ هاتە سەر هێڵ

وەک ئاماژەیەک بۆ قۆناغی دەستووری نوێ لە دوای کودەتای یەکەمی سوپا، کە ئەو دەستوورە شتی نوێی تێدابوو لە باری مافە دیموکراتییەکانەوە ئێڵی وتی:

(دوای کودەتای جەمال گورسەل (١٨٩٥–١٩٦٦) و ئەوان لە ٢٧ی گوڵانی سالی ١٩٦٠دا، وردە وردە لە تورکیا تا ڕادەیەک هەوایەکی ئازادی دروستبوو).

دیارە مامۆستا لێرە مەبەستی گەشەی ژیانی دیموکراتییە لە دوای ئەوەی کودەتای ١٩٦٠ کۆتایی پێهات و دەستوورێکی دیموکراتیتر بۆ تورکیا نووسرا، کە دیموکراسییەکی برینداربوو، چونکە ئازادییە لیبرالییەکانی دابیندەکرد، بەڵام دانی بە ناسنامەی کورددا نەدەنا. جەمال گورسیل بووە سەرۆک کۆماری تورکیاش. هەر لەو کاتەدا پێشەکی بۆ کتێبێک نووسی، کە نکۆڵی لە کورد دەکات (لەساڵی ١٩٦٠دا کتێبەکەی محەمەد شەریف فرات«ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و مێژوی ناوچەی وارتۆ» سەرلەنوێ چاپکرایەوە و بە تیراژێکی زۆر پەخشکرا، ئەم کتێبە یەکێ لەو کتێبانە بوو، کە نکوڵیی لە بونی کورد دەکرد و ڕیشەی کوردی دەبردەوە سەر تورک و دانی بەوە دا نەدەنا زمانێک بەناوی زمانی کوردییەوە هەیە، گوایە ئەوەی هەیە شێوەزارێکی زمانی تورکییە. فرات لە ساڵی ١٩٤٨دا کتێبەکەی دانابوو و لە ساڵی ١٩٦٠دا وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپکردەوەو بە خۆرایی پەخشیکردوە، بە جۆرێک کە شوێن نەماوە ئەو کتێبەی نەگاتێ. سەرۆکی تورکیا: جەمال گورسیل، ئەوەندە ئەم کتێبەی بەدڵبوو خۆی پێشەکییەکی بۆ چاپی دووەمی نووسی.. بابەتی: ڕابونی نەتەوەیی کورد لە تورکیا ١٩٤٥ –١٩٩٠، لە نووسینی مستەفا ئیبراهیم لە کتێبی تورکیا نەبەرد لەپێناو مانەوەدا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٦ ل٢٣٢)

ئێڵچی ڕیوایەتەکەی خۆی درێژە پێ دەدات و دێتەسەر بزاوتە باوەکانی ناو دەستەبژێری کورد لەو سەردەمەدا بەتایبەتی ڕوانینی فریودەری چەپەکان لەسەر پێچانەوەی مەسەلەی کورد تا سۆشیالیزم بەرقەرار دەبێت، کە لە دیدارەکانی پێشوودا لە دەمی چەپی تورکەوە گێرامانەوە: (گەلێک بزاڤی چەپ هاتنە پێشەوە. کوردەکانی ئێمەش لەناو خۆیاندا بوونە دوو لق، لقی سۆسیالیست و لقی نەتەوەیی. لقی سۆسیالیستی دەیوت ئەگەر

ئەو نیزامەی دەوڵەت هەڵوەشێتەوە، نیزامێکی سۆسیالیستی دێت و مافی کوردەکانیش دەدرێت. زۆربەی قوتابییە رۆشنبیرەکانی کورد لە بزوتنەوەی ئەواندا جێگیربوون، لە پارتی کرێکاری تورکیدا. کوردە ناسیۆنالیستەکان وتیان نەخێر، ئەمە هەڵەیە. دۆزی ئێمە دۆزێکی چینایەتی نییە، بەڵکو دۆزی رزگاری میللەتێکە. رزگاری میللەتی بندەست بە تێکەڵاوی لەگەڵ میللەتی سەردەست نایەتەدی. وتیان پێویستە رێکخستنی ئێمە سەربەخۆبێت و دەست بە بزوتنەوەی کوردستانیی بکەین. دیارە ئەمەش مەسەلەیەکی دووردرێژە).

## ئینجا هاتە سەر وێستگەیەکی ئەو مەسەلە دووردرێژە:

(ئێمە پێنج هەڤاڵ بووین، بڕیارماندا پارتی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێنین. ئەو پێنج کەسە یەکیان سەعید ئێلچی بوو، من بووم، دەرویشی سەعدۆ بوو، شاکیر ئۆزدەمیر بوو، عومەر تۆران بوو، بەڵام زانیمان ئەگەر دەستبەکاربین، پێنج کەس بۆ ئەم کارە بەس نییە. پێویستمان بەسەرۆکێکی کاریزما هەبوو. بۆ ئەمەش فایەق بوجاق-ی رەحمەتیمان دەستنیشانکرد، کەسێکی رۆشنبیر و نوێ ئەندێش بوو. چووین قسەمان لەگەڵدا کرد، وتی فکری ئێوە فکرێکی رێکوپێکو پێویستیشە، بەڵام هێشتا کاتی نەهاتووە، من ئامادەی ئەوە نیم. ١٩٦٥/٧/١١ بەو پێنج کەسە پارتیمان دامەزراند. ئەزموونمان نەبوو، پەیڕەو و پرۆگرام و رۆژنامەمان لە سوریا هێنا، خوێندەوارەکەیان من بووم، بۆ جاری یەکەم رۆژنامەیەکمان بە زمانی کوردی دەرکرد. دەمانزانی کە ژمارەمان کەمە، هاندەرەی سەرەکیمان بۆ دامەزراندنی پارتی رەحمەتی فەهمی بیلال بوو. فەهمی بیلال سکرتێری شێخ سەعید بوو. ئەوکاتە تەمەنی ٨٣ ساڵ بوو، بەڵام هێندەی لاوێکی ١٤ ساڵ هێز و وزەی هەبوو. بۆ جاری دووەم چوو فایەق بوجاق-ی رازیکرد و وتی قبوڵیکردووە ببێتە هەڤاڵی ئێمە. من هەستام چوومە ئورفا و رۆژنامەکەم لەگەڵ خۆمدا برد. رەحمەتی فایەق ٢٦ی ئاب هاتە دیاربەکر، سوێندی پارتی خوارد و بوو بە ئەندام. سەرەتا کە پارتیمان دامەزراند، سەعید ئێلچی سەرۆکی گشتی بوو، من سکرتێر بووم، شاکیر ئۆزدەمیر موحاسەبەچی گشتی بوو، هەردوو هەڤاڵەکەی تریشمان مەکتەب سیاسی بوون. لەگەڵ هاتنی فایەق، سەعید ئێلچی وتی تۆ برا گەورەمان بە. خەڵکێکی زۆر لە ئەسناف و گوندی هاتنە ریزی پارتی).

## خەباتی چەکداری پەکەکە دەستپێکرد

(دوای ئەوە من بەناچار چوومە عەسکەری. رەحمەتی فایەق بوجاق-یش ساڵی ١٩٦٧ کوژرا. دوای ئەو دیسان سەعید ئێلچی رابەرایەتی پارتی کرد. دواتر ئۆپەراسیۆن دەستپێکردو ئەوانیش گیران و لە ئەنتالیا مەحکەمەکران.

لەلایەکی دیکە، ئەو خەتە چەپەی کە وتمان لەناو پارتی کرێکاری تورکیدا جێگەیان گرتبوو، لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەکەی ئێمەدا، هەر لەناو پارتی کرێکاری تورکیدا رێکخستنێکی کوردی سەربەخۆیان دروستکرد. پێشتر کوردەکانیش لەگەڵ تورکەکاندا لەو رێکخستنانەدا خەباتی هاوبەشیان دەکرد. ئەو گەنجە کوردانە هەموویان قوتابی بوون و

مەیلی چەپیان هەبوو. پاشان ئەوانە دەرچوون بۆ شاخ، هەتاکو ئێستا کە پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوامن لە خەبات).

تەبعەن مامۆستا هەندێک وێستگەی چڕکردەوە دەنا ئاخاوتنێکی تورکیا هەژێنی خۆشی هەیە، کە ئەو کاتەی لە کۆتایی حەفتاکاندا وەزیری نیشتەنی بوو لە حکومەتەکەی بلّند ئەجەویدا. لێدوانی دا:

(لە تورکیا کورد هەنە و ئەزیش بە خۆم کوردم)، لەسەر ئەم ئاخاوتنە کە کودەتای کەنعان ئیفرین لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ سازکرا ماوەیەکی زۆر بەندی زیندانەکانی تورکیا بوو، بێ ئەوەی حسێبی ئەوەی بۆ بکرێت ئەو پرەستیژی پەرلەمانتار و وەزیری هەبوو).

ئینجا گوتی (ئەز دکارم ئەوەش باس بکەم لێ ئەوە تشتێکی سەردەمییە و توژی دکاری لەسەر وان بخوێنی) منیش گوتم ئەو قۆناغە و قۆناغی ئێستاش لە دیار بەکر وردکارییم هێناوە.

شەرەفەدیین ئێلّچی باسوخواسەکەی وا خۆشکردبوو وتی:

(ئەز نها دیدارێکم هەیە لەگەڵ ئێن تیڤی ئەگەر حەزدەکەی دوای ئەوەشی دەوامیدەکەین).

زۆرم پێخۆش بوو بیروڕای لەسەر پرسی تریش وەربگرم لێ بەندەش دیدارەکانیان وا ڕێکخستبوو بۆم، کە دوای ئێلچی سەردانی میوانی تریان بۆ دانابووم. مامۆستاش دیداری تری هەبوو، کە پەیوەندیی بە چالاکییەکی سەربازی پەکەکەوە هەبوو. بۆیە بە ئومێدی دیداری تر ماڵئاوایم کرد.

بەداخەوە نەمزانی دیداری ترم لەگەڵی بۆ سەردانی نەخۆشی دەبێت، نەک بۆ درێژەدان بە گفتوگۆی دیکە. لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ لە نەخۆشخانە عەیادەم کرد و حاڵی پەرێشان بوو. شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە وەفاتیکرد.

بەو پەژارەیەوە وتارێکم لە ڕۆژنامەدا نووسی

(سوارێکی تری داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە ئەسپەکەی هاتەخوارەوەو زینی ژیانی بەنەوەکانی دوای خۆی سپارد... لە تاریکایی ڕۆژگاری ئینکاری لە بوونی کورد و کوردستاندا، ئێلّچی وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوە هاتە قسەو گوتی: لە تورکیا کورد هەنە، ئەزیش بۆ خۆم کوردم. لەسەر ئەمە گێچەڵێکیان پێکرد نەبڕێتەوە. لە حکومەت وەدەر نراو لە کودەتای ساڵی ١٩٨٠شدا، وەک سەدان تێکۆشەری تری کورد، تۆڵەی لێکرایەوە و لە زیندان پەستێنرا، بەڵام هەر کۆڵی نەدا. ئێلّچی باوەڕی بە ئاشتی و ئازادی، دیالۆگ و ماف هەبوو، ئاشتی بۆ هەموو تورکیا و ئازادیش بۆ گەلی کورد. دیالۆگ لەگەڵ میللەتی تورک بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی. ئەمە ڕەوتێکی درێژی تێکۆشانی نهێنی و تێکۆشانی ئاشکرای دیموکراتی بوو بە درێژایی تەمەنێکی ٧٤ ساڵە، لە حزب و لەناو پەرلەمانی تورکیا کە نوێنەرێکی سەربەخۆی دیاربەکر بوو.

ئێلّچی دیدێکی ستراتیژی هەبوو لەسەر مەسەلەی کورد، باوەڕێکی پتەوی بە ئەزموونی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان هەبوو، بە قەڵایەکی کوردایەتی دەزانی و هیوای لەسەر

هەڵچنی بوو. بۆ تورکیاش باوەڕی بە هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی یەکسان هەبوو لەنێوان تورک و کورددا. لەبەر ئەوە کورد و تورک بۆی بە داخن.

بەداخەوە لە سەفەری ئەمجارەدا لەگەڵ کاک بەهرۆز گەلاڵی، کە چووینە لای لە نەخۆشخانە، هەناسەسواری و دەردەداری پێوە دیاربوو. بەو حاڵەشەوە پەرۆشی تەندروستی سەرۆک مام جەلال بوو، مامی وەک قودرەتمەندییەکی نەتەوەیی گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دەزانی. سوپاسگوزاری مشووری مام بوو، کە بەردەوام سۆزو پشتیوانی بۆ دەنارد. دڵی لای کەرکوک و تەنگژەی نێوان کوردستان و بەغدا بوو... (کوردستانی نوێ ژمارەی رۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٧).

## ئیسماعیل بێشکچی:
# کوردستانی خەیاڵی بنیاتدەنێتەوە

جاری یەکەم کە چوومە ئەنقەرە دوودڵبووم لەوەی دیداری لەگەڵدا سازبکەم، جاری دووەم دوودڵییەکەم یەکلاییکردەوەو دەبوایە بۆ کاملکردنی کارەکەم ئەم دیدارە بکەم. دوودڵبووم داخۆ کەس هەیە دیدار لەگەڵ ناخی هیواکانی خۆی بکات؟ دیدار لەگەڵ مرۆڤێکدا بکات، کە وەک هەموو کوردێک بیردەکاتەوە، یان وردتر بڵێم ئەو وەک تورکێک بەئاشکرا بیر لەو شتانە دەکاتەوە، کە کوردێک لە ترسی دەوروبەر بەنهێنی و هەر لەناخی خۆیدا بیری لێ دەکاتەوە؟

چیم پێیە پێشکەشی بکەم لە دیدار لەگەڵ مرۆڤێکی مەزنی وەک ئەو، کە جیاوازبێت لەو شتانەی لە پتر لە دە کتێبدا گوتوونی و نرخی پیت بە پیت و دێڕ بە دێڕی بە ڕۆژگارو مانگ و ساڵەکانی زیندان داوەتەوە؟ چی ماوە نەیڵێ و بۆ ئێرە تازەبێت؟ ڕستەگەلێکی وەک (کوردستانی عیراق، کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران و کوردستانی سوریا هەیە، ئەی کوا کوردستانی کوردەکان خۆیان)..(خراپترین ئیدارە بۆ کوردەکان، باشترە لە باشترین ئیدارەی بێگانە بۆیان)، (کوردستان کۆلۆنیالییەکی نێودەوڵەتییە) و... هتد ڕستەگەلێک بوون کاریگەری شۆڕشێکیان بۆ کورد هەبوو. خاوەنەکەیان کورد نییە، بەڵام وای گوتووە کە کورد بوونی لێ بچۆڕێ. خاوەنی ئەم وتە ئازادیخوازانە، کە دانە دانە نرخەکەیانی لەسەر حیسابی ئازادی خۆی داوەتەوە، تورکە. تورکێک کە بە هەڵوێستە مەزنەکانی قەرەبووی زوڵم و زۆری نەتەوەکەی لە کوردستان کردۆتەوە. تورکێک بە سیفەتی ئینسانێکی گەردەن کێل و سەربەرز و ناوی ئیسماعیل بێشکچییە (ساڵی ١٩٣٩ لەدایکبووە). تورکێک، بەکڵاوێکی ئیفرەنجی لەوانەی ئەفەندیی تورک لەسەری دەکەن، بەهێمنیی فریشتەیەک، بەپێ دێتە ئەو شوێنەی دیداری دۆستەکانی لێ دەکات، کە زۆربەی کات کتێبخانەکەی چوارچرایە لە ئەنقەرە.

کە خۆجە بێشکچیم دواند، چونکە بەشێوەیەکی زانستی قسەی دەکرد، ڕاستی وت. چونکە ڕاستی وت، کوردایەتی وت، لەبەرئەوەی کوردایەتی وت، جیاواز لە کتێبەکانی تری شتی نوێم نەهێنایەوە، بەڵام جیاواز لە کتێبەکانی ترم ئەو شایەتییەی بێشکچی سەنگێکە بۆ کتێبەکەم.

ڕەنگە جوانترین گوزارشتێک لە تێزەکانی بێشکچی ئەوەبێت، کە لەکاتی خۆی گۆڤاری (ڕابوون) – گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەی کوردی بوو لە سوید دەردەچوو– ناوی لێ نابوو (دژەتێز)، بە مانای ئەوەی بێشکچی لە تێگەیشتنێکی زانستی قووڵەوە هەرچی تێزی دژە کوردو

کوردستان هەبوو لەسەر مەسەلەی کورد و خاوەندارێتی کوردەکان لە خاکی خۆیان لە قاوی دەدا و لە جێگەی وان تێزە راستەقینە و رەواکانی دادەنا. وەک ئەوەی دەیپرسی خێرە هەموو وڵاتان کەوتنە ژێر ئینتیدابی بەریتانی و فەرەنسییەوە ئینجا رزگاری خۆیان بەدەستهێنا کەچی کوردستان راستەوخۆ نەکەوتە ژێر مەندات تا ئەویش رۆژی خۆی رزگاربێت؟

لە دژە تێزی ئەوانەی پێیانوایە کورد ناتوانێ ئیدارەی خۆی بکات دەڵێ، خراپترین ئیدارەی خۆیان لە باشترین ئیدارەی بێگانە بۆ ئەوان باشترە و لە بەرامبەر ئەم هەموو کوردستانەی ناوی تری پێوە لکاوە دەپرسێ: ئەدی کوردستانی کوردەکان خۆیان کوا؟ لە بەرامبەر ئەو پشتگیرییەی موسڵمانەکانی تورکیا و ناوچەکە لە کێشەی فەلەستینی دەکەن دەپرسێ: ئەی کوا پشتگیریتان لە فەلەستینەکەی لای خۆتان، لە کوردستان؟ لە بەرامبەر پێچە بە دەورەی چەپی تورکیا کە پشتگیری مەسەلەی نەتەوەیی لە دوورگەی واق واق دەکەن دەپرسێ: ئەی کوا کێشەی کوردستانی کۆلۆنی نێودەوڵەتی، لەکوێی هەڵوێستەکانی ئێوەدایە؟

دژە تێزی بێشکچی راستی و زانستی و دادپەروەری پێکەوە گرێدەدا و لێکیان جیاناکاتەوە. چونکە لێک جیاکردنەوەی ئەمانە نیو راستی و نیو زانست و دادپەروەرییەکی لینگەوقوچ بەرهەمدێنێت، کە ئەمانە هەمووی یەکسانە بە ڕووخساری شەمزێنراوی زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە میترۆپۆلەکان، لەبەرئەوە لەم دیدارەشدا بێشکچی بانگەوازدەکات با کورد خۆی لێکۆڵینەوە لەو راستییە، لەو مێژووە، لەو زوڵم و دابەشکارییە بکات، چونکە زانکۆکانی تورکیا بەمەی کە هەیە رازین و ناخوازن رەوشی کورد بگۆڕێت.

## شایەتیدانێکی تر

پێموت دەخوازم بۆ کتێبەکەم ئەو بۆچوونانەی لە کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی، دوو جڵدی سیستم لە ویلایەتە رۆژهەڵاتییەکان، سی و سێ گوللە، زمانی خۆر و ناسنامە و نامە بۆ یونسکۆ و ئەوانی ترتان دەرتان بڕیووە لێرە بە چڕی بگوازمەوە. ئەم شایەتییەم دەوێت تا زۆر هیلاکتان نەکەم کە نەخۆشی هیلاکی کردووی. بە ڕەوشیی کوردستانیی عوسمانی جاران، باکوور، باشوور و رۆژئاوا دەستمان پێکرد.

*** لە هەموو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی جارانی عوسمانی، واتە کوردستانی باشوور، باکوور و رۆژئاوا بە گشتی سەرهەڵدان و رابوون هەیە. چۆن دەڕوانیتە ئەم دۆخە؟**

– کاتێک لە قۆناغێکی مێژوویی دیاردا، نەتەوەیەک تووشی پارچەبوون و پەرتبوون بوو، ئەمە بە بێ وەستان دەبێتە سیاسەتێک بۆ خۆسازدان، رەوشێکی وا دێتەئاراوە. بۆ نموونە، کاتێک باس لە کوردستانی ئێران و کوردستانی سنووری عوسمانی دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، ئەوەتا لە سەدەی شانزدەهەم و لەنێوان شا ئیسماعیل و یاڤوز سوڵتان سەلیمدا شەڕ دروستدەبێت. لێرەدا مەسەلەی یەکەم پارچەبوونی کوردستان دێتە گۆڕێ و ئەم پارچەبوونەش بە ڕەسمی دەکرێت.

کاتێک پێدەنێینە سەدەی نۆزدەهەم، دەبینین بەشێک لە کوردستانی ئێران لە سەردەمی

شەڕی ئێران و ڕوسەکاندا، دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیاوە. کە وابوو پارچەبوونێک لە سەدەی شانزدەهەم و پارچەبوونێکی تریش لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەیە. دواتر کە دێینە ناو سەدەی بیستەمەوە، خاکەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیش لەلایەن ئینگلیز و فەرەنساوە دابەشدەکرێت. عیراق دەبێتە دەوڵەتێکی ژێردەستەی ئینگلیز، فەلەستین و ئوردن بەهەمان شێوە. سوریا و لوبنان دەبنە ژێردەستەی فەرەنسا. ئیتر لێرەدا پێویستە پرسیارێک بکرێت. بۆچی ئەو کاتە کۆلۆنیالییەک بە ناوی کوردستان دروست نەبوو؟ ئەو کاتە لە کوردستان سەرهەڵدان هەبوو، بۆ نموونە شێخ مەحمود لە بەرانبەر ئینگلیزەکان دەیوت: من مەلیکی کوردستانم. ئینگلیزەکانیش دانیان پێدا نەنا. ساڵی ١٩١٩ لەنێوان کوردەکان و دەوڵەتی ئینگلیزدا شەڕی زۆر قورس ڕوویدا. بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەمە بەردەوام بوو. ئینگلیزەکان یەکەم فڕۆکەکانی شەڕیان بەرانبەر بە کوردەکان بەکارهێنا، یەکەم گازی ژەهراوییان لەسەر کورد تاقیکردەوە. کوردەکانیش هەر لەسەر پێن. کۆمەڵەی گەلان دادەمەزرێنن. ئەو جەمعیەیە بۆچی دامەزرا؟ چۆن دامەزرا؟ لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی نێوان میللەتەکان، هاوپەیمانێتی نێوان دەوڵەتەکان، بۆ ئەوەی بە بێ شەڕ و بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە چارەسەری کێشەکە بکرێت، دامەزرا. لەوەها قۆناغێکدا کوردستان دابەشکرا. بۆ نموومە، سەرکردەکانی سۆڤیەت (ستالین، لینین، ترۆتسکی) ئەو سەرکردانە بوون کە لە هەموو کەس زیاتر باسی مافی چارەنووسی گەلانیان دەکرد. لەپاڵ ئەمەشدا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ودوورد ویڵسن) یش زۆر باسی ئەمەی دەکرد. پێویستە لەسەر ئەمە هەڵوەستەبکرێت. ئەمە چۆن ڕوویداوە؟ لە ناوەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردستان چۆن پارچەپارچەکرا؟ ئەو هەلومەرجەی کە ئەمەی لێکەوتەوە، چۆن دروستبوو؟ گرنگە لەسەری بووەستین. کەچی ئێمە دەبینین کە کۆمەلەی گەلان ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە. ئاشتیی نێودەوڵەتی بەرقەرارنەکردووە، نەیتوانیووە پێشی تەقینەوەی جەنگی دووەمی جیهانی بگرێت، بەڵام هەر درێژەی بەو چەمکە داوە. سەرکەوتووەکانی جەنگی دووەمی جیهانی (ئەمریکا، ئینگلیز، فەرەنسا)، هاوتەریب لەگەڵ ئەو چەمکەدا گەڕاون بە دوای ڕێکخستنەوەو دامەزراندنی دامودەزگای نوێدا. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٤٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێت.

## دابەشبوونی بنەماڵەکان

بەهەرحاڵ، پاش ئەم هەموو دابەشبوونە، دەبینین کە دواتر گوندەکان دابەشبوون، عەشیرەتەکان دابەشبوون، تەنانەت بنەماڵەکان دابەشبوون. بۆ نموونە، لە قۆناغی شەڕی پەکەکەدا براکان لە نێوان خۆیاندا بوون بە دوژمن، یەک بوو بە جاش و ئەویتر بوو بە گەریلا. ئیتر ئەمە ئەو دۆخەیە کە لە ئەنجامی پەرتبوون و پارچەبوونەکاندا هاتۆتەئاراوە.

وتمان دوای جەنگی دووەمی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، بەڵام کوردەکان ناتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە ئەوێ، دامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی کوردەکان نابیسن، نایانەوێت گوێ لە داخوازییەکانیان بگرن، چونکە پەرتبوون و پارچەبوون وایکردووە

کورد ژمارەی دۆستەکانی کەمبێتەوە، نەک کەمبێتەوە، هەر دۆستی بۆ کورد نەهێشتووە. بەپێچەوانەوە دوژمنەکانی زیادبوون. ئێران بۆتە دوژمنی کورد، سوریا بۆتە دوژمن، تورکیا ئەمریکای لە پشتبووە، عیراقی یەکێتیی سۆڤیەتی لەپشتبووە. دیسان کە سەیری سەدەی بیستەم دەکەین، دەبینین دوو دەوڵەتی گەورەی ئیمپرالیستی جیهان (بەریتانیا و فەرەنسا)، هەروەها دوو ئیمپراتۆری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (کۆماری تورکیا وەک درێژەی دەوڵەتی عوسمانی و شاهەنشای ئێران وەک درێژەی ئیمپراتۆریی سەفەوی)، ئەم چوار هێزە بەشێوەیەکی رێکخراو زەبرو زۆریان لەسەر کورد بەکارهێناوە.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، جیهان لە ڕووی سیاسییەوە گۆڕانکاریی زۆر گەورە بە خۆیەوە دەبینێت. بۆ نموونە، پێش جەنگ لە ئەفریقا تەنها دوو وڵاتی سەربەخۆ هەبوون. ئێستا ٥٧ دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە. ئەمانە لە دەیەی ١٩٧٠دا لە داگیرکەری رزگاربوون. کەچی لە کوردستان هیچ شتێک نەگۆڕا، هەروەک چۆن لە دەیەی ١٩٢٠ دۆخێک هاتەئاراوە، کە نەیهێشت کوردستان ببێتە خاوەن پێگەی خۆی، دوای جەنگیش هەمان دۆخ هەر بەردەوامە، کوردەکان هەر لەسەر پێن، لە مهاباد کۆمار دادەمەزرێت و دەڕووخێت. کوردەکان دەیانەوێت دەنگیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان ببیسترێت، بەڵام ئەم داخوازییەی کوردەکان نایەتەدی. ئەم پەرتبوون و پارچەبوونە ناهێڵێت. بۆیەش دەبێت پێش هەموو شت لەم دۆخی پارچەبوونە تێبگەین، تێبگەین کە ئەم دۆخە دژە کوردە چۆن دروستبووە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ لە دنیادا ٢٠٨ دەوڵەت هەیە، ژمارەی دانیشتووانی زۆربەیان لە ژێر یەک ملیۆنەوەیە. ئەوەتا قوبرس هەیە، لوکسانبورگ، ماڵتا، حەشامەتی ئەم وڵاتانە نیو ملیۆنە. کەچی ئەمانە ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، هەندێکی تر ژمارەیان ٥٠ هەزار کەس دەبێت، کەچی دەوڵەتن. تۆ سەیری کوردەکان دەکەیت، دەبینی ژمارەیان دەگاتە ٤٠ ملیۆن، بەڵام لە دنیادا ناوی نییە، هەرێمی کوردستانی باشوور نەبێت، کە دۆخێکی جیاوازە و دەبێت بە جیا لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لە دوای هاتنی ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا و رووخانی رژێمی بەعس، هەلێک دروستبوو کە کوردەکان کیانێکی نیمچە سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبکەن، بەڵام بەشێکی زۆری کوردەکان لە باکوورن، هەم لە ڕووی جوگرافییەوە، هەم لە ڕووی حەشیمەتەوە. کەچی کوردەکانی باکووریش وێڕای ئەم هەموو شەڕە قورسەی کراوە، قورساییەکی وایان نییە. نزیکەی ٣٠ ساڵە شەڕ هەیە، پێش ئەم ٣٠ ساڵەش هەر هەبووە، سەرەڕای ئەم هەموو خەباتە، کوردەکان دەستکەوتێکی وایان نییە. سەیری ئەم وڵاتە بچووکانە بکەن کە باسم کرد، هیچ قوربانییەکیان نەداوە. کوردەکان وێڕای ئەم جوگرافیا پان و بەرینە، نەبوونەتە خاوەنی هیچ حەق و حیسابێک. ئەمە پێویستی بە هەڵسەنگاندنە، راگەیاندنی کوردی، نووسەر و رووناکبیرەکانی کورد دەبی ئەمە هەڵبسەنگێنن. هەڵسەنگاندنی ئەمە لە زانکۆکانی تورکیا مەحاڵە، چونکە ئەمە کێشەی زانکۆی تورکیا نییە و زانکۆکانی تورکیا لەم دۆخە زۆر رازین. زانکۆ دامەزراوەی ئایدیۆلۆژی دەوڵەتە. رووناکبیری تورک پێویستی بە زانیاری لەم شێوەیە نییە. ئەوەی پێویستی بە زانیارییە کوردەکانن، کوردەکان دەبێت

ئەم شتانە هەڵبسەنگێنن، چونکە زانسـت بۆ کێ پێویست بێت، ئەو شـایەنی فێربوونە.

*** ئەو کاتەی تۆ لە ساڵەکانی ١٩٦٠ – ١٩٧٠ باسی پرسی کوردت دەکرد، کەس خۆی لەو پرسە نەدەدا. ئێستاش خەڵک زۆرن کە باس لە پرسی کورد دەکەن و دەڵێن پرسی کورد هەیە و دەبێت بەم شێوەیە چارەسەربێت. ئەم فەرق و جیاوازییە چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەمە تاکتیکێکی حکومەتە، کە ڕێگە بە باسکردنێکی سنوورداری مەسەلەی کورد دەدات، یان کوردەکان خۆیان بەئاگاهاتوونەتەوە؟**

– هەڵبەتە خەباتێک لەئارادایە. خەباتی گەریلا و ئەو دەستکەوتانەی لە ئەنجامی خەباتی ٣٠ ساڵەدا بەدەستهاتوون. دیارە دەوڵەت هیچ شتێک نادات بە کورد، ئەمەی کە هەیە بە هۆی خۆڕاگری و خەباتی کوردەکانەوەیە.

*** سەدەی رابورد هیچی تیا بەسەر نەبوو بۆ کورد، بە بۆچوونی ئێوە ئەم سەدەیە، سەدەی چارەسەری پرسی کوردە؟**

– بەڵێ بێگومان. دەتوانین وا بڵێین، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ٢٠١٠، ٥٠ ساڵ جیاوازی هەیە، لە ساڵی ١٩٦٠ بارودۆخ چۆن بوو، لە ساڵی ٢٠١٠دا چی بەسەر هات؟ دەسکەوتی هەستپێکراوی زۆر گەورە بەدەستهاتن. ئیتر سەبارەت بە کوردەکان قسەدەکەین و موناقەشەدەکەین، سەبارەت بە کێشەی کورد هەموو شتێک باسدەکەین. دیارە مەترسی خۆیشی هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسییانە، ئیتر دەتوانین هەموو قسەیەکبکەین. دەتوانین ئاواش بیڵێین، قوربانییەکی زۆر دراوە، هەزاران مرۆڤ کوژراوە، خەڵک بێ سەروشوێن کراون، کاولکردنی ئەو هەموو گوندە، ئاوارەبوون و کۆچکردنی ئەم هەموو بنەماڵەیە. ئەوەی بەدەستهاتووە، لەئاست ئەم هەموو قوربانییەدا زۆر کەمە. من وەکو شەخسی خۆم هەوڵدەدەم وای لێکبدەمەوە، کە دەستکەوتەکان زیاتر و گرنگترن. ئەمە لە ٢٠١٠دا بەم شێوەیەیە، ئەی لە ٢٠٣٠دا چۆن دەبێت؟ دەستکەوتەکان زیاتردەبن. بۆ نموونە، هەموو کوردەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کیانەی لە کوردستانی باشوور دروستبووە. ئەمە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەموو کوردەکان. وای بۆ دەچم، کە سەدەی بیست و یەکەم بۆ کوردەکان زۆر دەسکەوتی زیاتری پێ بێت.

*** ویستم لەسەر کەموکوڕی کودەکان پرسیاری لێ بکەم، داخۆ بەشی کورد خۆی لە تراژیدیای کورد چەندە. وەک مالک بن نەبی دەڵێت ئەم قابلیەتە بۆ داگیرکراوی چییە؟ پێموت لە کتێبەکەتاندا زۆر جار ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتانی ئیمپریالیش دەگرن، لەسەر ئەوەی کوردستان دابەشکراوە، بەڵام کورد خۆیان بۆچی وەک هیچ یەک لە نەتەوەکانی تر نەبوون؟ ڕەخنەتان لەسەر کوردەکان و کۆمەڵگەی کوردی چییە؟**

– هەڵبەتە ڕەخنە لە کوردەکانیش دەگرین. خۆی ئەم هەموو دابەشبوون و پارچەبوونە جۆرێک لاوازییە. با بڵێین دوو دەوڵەتی ئیمپریالی وەک بەریتانیا و فەرەنسا، هەروەها دوو دەوڵەتی گەورەی ناوچەکەش لە دژی تۆ ئەمجۆرە سیاسەتە پەیڕەودەکەن. ئەمانە ئەو خاڵە لاوازەی تۆیان دۆزیوەتەوەو سوودی لێ وەردەگرن. بۆیەش کوردەکان پێویستیان بەوەها زانیارییەک هەیە، ئەم پارچەپارچەبوونە چۆن روویدا؟ بۆچی تەنها کوردەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبوونە خاوەنی هیچ حەق و حیسابێک؟ نەتەوە یەکگرتووەکان

بۆچی دەنگی کوردەکانی نەبیستووە؟ ساڵی ١٩٨٨ هەزاران مرۆڤ لە هەڵەبجە کوژران، هەر لەو کاتەدا کۆنفرانسی ئیسلامی بەڕێوەدەچوو، ئەو کاتە ٥٣ وڵاتی ئیسلامی هەبوو، ئەمانە بچووکترین ڕەخنەیان لە ڕژێمی سەدام نەگرت. بۆچی؟ دەبێ ڕەخنە لە کوردەکان بگیرێت. دەبێت بەدوای ئەو لاوازییەدا بگەڕێن. دەبێت کوردەکان بیر لەوە بکەنەوە، ئاخۆ ئەو هەموو دوژمنە سوودیان لە کام خاڵی لاوازی من وەرگرتووە. هەڵبەتە ئێمەش لەم بارەیەوە ڕەخنە لە کوردەکان دەگرین.

لەگەڵ ئەم دۆستە دێرینەی مەسەلەی کوردستاندا باسوخواس هاتەسەر بەرهەڵدابوونی ڕەوتی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا، داخۆ دەبێت تەکلیفی ئەمانە چۆن بێت لەئاستی مەسەلەی میللەتی موسڵمانی کورددا. خۆجە بێشکچی ڕای لە هەڵوێستی ئەوانە نەبوو، بەتایبەتی ڕەخنەی لە ئیسلامیی تورکی هەبوو، کە خۆی باشیان دەناسێت. ئەو لە دواکتێبیدا کە من ئەمجارە چاپی سۆرانی و کرمانجییەکەیم لە تورکیا چنگ کەوت شرۆڤەیەکی ڕەخنەیی قووڵی لە چەمکی برایەتی ئیسلامیی لە ڕوانینی ئاکپارتییەوە گرتووە. بۆیە لێم پرسی:

*** لەگەڵ هاتنی بەهاری عەرەبی، دەبینین کە ڕەوتێکی ئیسلامی باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێت، تۆ لە کتێبەکانی خۆتدا زۆر ڕەخنەت لە چەپی کورد، چەپی تورک، چەپی عەرەب و چەپی فارس گرتووە. ئەی چۆن دەڕوانیتە ئەم ڕەوتە ئیسلامییانە، ئەوان چۆن سەیری مەسەلەی کورد دەکەن؟**

– بەڕای من پێکهاتنی سەنتەری ئیسلامی تورک، بۆ دژایەتیکردنی کوردەکانە. واتە دەوڵەت خەریکی بەلاڕێدابردنی کوردەکانە لە ڕێی سۆزی ئایینیەوە. بە پێشخستنی سۆزی ئایینی، هەوڵدەدەن ڕێگە لە پێشکەوتنی سۆزی نەتەوەیی و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی بگرن.

ئینجا هاتە سەر سیاسەتی حکومەت لە پرسی سوریا و دۆسێی کوردانی ڕۆژئاوا و وتی:

(بۆ نموونە ئەمڕۆ، تورکیا ئیخوان موسلمین و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی لە سوریا بەخێودەکات و یارمەتییاندەدات. هەوڵدەدەن کوردەکان بە شتێکی ترەوە خەریک بکەن و دۆزی نەتەوەییان زیاتر دوابخەن. بزووتنەوە دواکەوتووەکان زیندوودەکەنەوە و دواکەوتوویی پەرەپێدەدەن. بۆ نموونە، سەیری دەیەی ١٩٨٠و ١٩٩٠ بکەین، بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی خەباتی کوردەکان و ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی گەریلا و بەشداریی گەنجەکان، دەیانووت با چەند بزووتنەوەیەکی ئایینی و داموەزگای ئایینی زیاتر دابمەزرێنین. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تایبەتیان دروستدەکرد. لەکوێ کوردی لێ بوایە، ئەو سیاسەتەیان پیادەدەکرد. لە ئەستانبوڵ، لە ئەڵمانیا، لە هەکاری. بزووتنەوەی (گویلەن)ی چییە؟ وا لە هەموو شوێنێک مەکتەب دروستدەکات. لە باکوور و لەم چەند ساڵەدا لە باشووریش مەکتەبیان دروستکردووە. ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە لە ڕاستیدا تورکچێتییە. گویلەنیزم بەڕواڵەت لە بزووتنەوەیەکی دینی دەچێت، بەڵام لەناوەڕۆکدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی تورکەکانە.)

*** ئەی باشە کوردەکان دەبێ چی بکەن؟ ئەوانە وا دێنە سەر حوکم و بڕیاریان بەدەست دەبێت، بە بڕیاری پرسی کوردیشەوە، ئایا کرمانج ناتوانن لەگەڵ ئەم ڕەوتە ئیسلامییانەدا هیچ ڕێککەوتنێک بکەن؟**

– لەم بوارەدا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆرە. پێویستە ڕوناکبیرەکانی کوردستان

ئەمە بکەن. بۆ نموونە، ئەگەر بڕیاربێت کوردەکان پەیوەندییان لەگەڵ دەزگای هەواڵگری بەریتانیا هەبێت، دەبێ ڕاستەوخۆ بکەونە پەیوەندییەوە، نەک ئەوەی واسیتەیەک بکەوێتە بەینیانەوە. هەڵبەتە پێویستە لە بیرکردنەوە و چالاکییەکانیان تێبگەین. ئەوە گرنگە کە بتوانین لەگەڵیاندا گفتوگۆبکەین.(بەپێکەنینەوە..) هیچ پێویست ناکات لەم دۆخە بتۆرێین، تۆران شتێکی باش نییە.

هەروەها ڕەخنەش گرنگە، ئەوەتا ڕووداوی مەڕمەڕە هەیە، کەشتییەکی تورکیا لە مەڕمەڕەوە هاوکاری دەبرد بۆ فەلەستینییەکان. دواتر ئیسرائیل دەستی بەسەر کەشتییەکەدا گرت و نۆ کەس کوژران. زۆربەیان کوردبوون. دەبێ ڕەخنە لەوانە بگیرێت. تۆ وەکو کورد، خۆت کێشەی گەورەت هەیە، بۆ بە کێشەکانی خۆتەوە خەریک نابی؟ چیت لە فەلەستین داوە؟

دوای ئەم دیدارە بەچەند مانگێک مامۆستا بێشکچی هاتە کوردستانی باشوور و بۆ یەکەمجار بەشێکی ڕزگارکراوی ئەو وڵاتەی بینی، کە ئەو هەموو تەمەنی خۆی لەگەڵ بانگەوازی ئازادکردنیدا بەسەربرد.

## فەرەیدون چەلیك:

# داواکارییەکانیشمان هێندە قورس نین

لە دیاربەکر کاری زۆر هەیە بۆ رۆژنامەنووسی، بەتایبەتیش بۆ رۆژنامەنووسێک کە لە بنچینەدا کتێبەکەی بۆ پرسی کورد و رایەڵەی پەیوەندی ئەو پرسە بە تورکیاوە بێت، بەڵام لە چێوەی بەرنامەکەشدا دیدارمان لەگەڵ بەرێز فەرەیدون چەلیک هەبوو.

چەلیک سەروەختێک سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بوو، کە کۆنفرانسێکی رۆشنبیری چاکی سازکرد بۆ رۆشنبیریی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. کۆنگرەکە لە ژێر تایتڵی گەلانی مێزۆپۆتامیا بوو، بەڵام دیارە مێزۆپۆتامیا کوێیەو کێ دەگرێتەوە؟ ئێستا لەمجۆرە کۆنگرانە لە باکوور زۆر دەکرێت، بەتایبەتی لە دیاربەکر و بەتایبەتیش سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە، کە میوانی کوردستان و کوردی زۆر شوێنی دونیای بۆ بانگ دەکرێت.

ئەو ساڵەی کۆنفرانسەکەی تێدا کرا – ساڵی ٢٠٠٣- رەوشی تورکیا وابوو، کە بە ئاسانی ئەم فێستیڤاڵە نەتەوەییە بە دەوڵەت قووت نەدەدرا، با تەنانەت سەرۆکی شارەوانیش سازیکردبێت و حکومەتی تازە دامەزراوی داد و گەشەپێدانیش چاوی رەزامەندی لێ قووچاندبێت.

ئەو دەمە ساڵێک بوو داد و گەشەپێدان هاتبوو. هەم دەیویست پرسی کورد تاقیبکاتەوە و هەمیش ئەندازەی لەباری رەوشی (دەوڵەتی قووڵ) بۆ مامەڵەی پرسی کورد بناسێت. لەبەرئەوە پۆلیس لەودیو دەرگاوە دیانویست بە زۆر بێنە ژوورەوەو رێکخەرانی فێستیڤاڵ نەیاندەهێشت. لەسەر ئەمە و چەند چالاکییەکی تر بوو کە دەوڵەت قینی لە چەلیک هەڵگرت و دواتر بەبیانووی پەیوەندیی بەوەی تورکەکان پێیدەڵێن (تیرۆرەوە) ماوەیەک لە زیندان پەستاندیان.

لە ناوەندی جگەرخوێن کە وەکو ئەپارتمانی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کورد وایە لە دیاربەکرو دەنگ و رەنگی جڤاکی دیموکراتی بەسەردا زاڵە، پێکەوە لەگەڵ فەرەیدون چەلیک یادی ئەو کۆنفرانسەمان دەکردەوە. تا گفتوگۆ گەیشتە سەر دیدارێک لەسەر رەوشی کوردایەتی و داخوازییەکانی کورد لەو دوو دەیەی رابردوودا کە دەشێ ئەم دیدارە بەتەواوکاری قۆناغبەندییەکەی شەرەفەددین ئێڵچی دابنرێت.لە سەرەتاوە لێمان پرسی:

*** ئێستا پرسی کورد لە تورکیا لەچی ئاستێکدایە؟**

– وەکو دەزانن، ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا شەڕێک لەنێوان کورد و تورکدا دروستبوو، بەڵام پێشتریش هەر هەبووە، لەسەردەمی عوسمانیشدا جاروبار تێکهەڵچوون دروستدەبوو، مەسەلەیەکی زۆر قووڵە.

کاتێک کۆماری تورکیا دامەزرا، کورد لە بنەڕەتەوە نکوڵی لێکرا. وتیان لەو وڵاتەدا

تەنیا میللەتێک هەیە، ئەویش تورکە. پرۆسەیەکی تواندنەوەی نەتەوەیی گەورە لەسەر کورد بەڕێوەچوو، بەڵام کورد چانسی هەبوو، هەم لەسەر خاکی خۆی بوو، هەم لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە زۆربوو.

دەوڵەتی تورکیا زۆر کەمینەی تری تواندەوە، بەڵام نەیتوانی کورد بتوێنێتەوە، کورد کێشەیان بۆ دەوڵەت دروستکرد، لەسەردەمی شێخ سەعید و سەید ڕەزادا ڕاپەڕینیان کردو خۆڕاگرییان کرد. دەوڵەتی تورکیا زانی ناتوانێ میللەتی کورد بتوێنێتەوە، بۆیە لەو سەردەمەدا کۆکوژییەکی گەورەیان ئەنجامدا.

بێگومان کورد ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارەی لەبیرنەکرد، لە هەندێک قۆناغدا بێدەنگی باڵی بەسەر کوردستاندا دەکێشا، بەڵام کورد هەمیشە لەسەر ماف و ژیانی خۆیان پێداگرییان دەکرد. ٣٠ ساڵ بەر لەئێستاش دەستیاندایە چەک. سەرەتا کورد ڕێگەی دیموکراسییان گرتەبەر، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، تورکیاش لە دۆخێکی عەسکەرتاریەتدا بوو، ساڵانی شەستەکان ئینقیلاب دروستبوو، ساڵی حەفتاکان و هەشتاکانیش هەر بەهەمان شێوە، لەو قۆناغانەشدا زۆر گوشاریان خستە سەر کورد.

کوردەکان تەنانەت پەیوەندییان لەگەڵ چەپی تورکیش بەهێزکرد و لەو باوەڕەدا بوون، کە تورکیا لە ڕێی شۆڕشێکی سۆسیالیستییەوە دەگۆڕێت و کوردیش لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەدا بەمافەکانی خۆی دەگات.

## مەسەلەکەی زیندانی دیاربەکر

پاش کودەتای هەشتاکان (کودەتای کەنعان ئیفرن لە ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠)، زوڵمێکی زۆر لە کورد کرا. مەسەلەی زیندانی دیاربەکرتان بیستووە، ئەشکەنجەیەکی زۆر دڕندانە بەڕێوەچوو. بۆیە کوردیش بڕیاری دا دەست بۆ چەک بەرێت. وا نزیکەی ٣٠ ساڵە خەباتی چەکداری دەکەن. بێگومان لەپاڵ ئەوەشدا خەباتی دیموکراسی بەردەوامە. لە نەوەدەکاندا کورد حزبی یاساییشیان دامەزراند، بەڵام دەوڵەت دانی بەخۆیدا نەدەگرت و زوو زوو ئەو حزبانەی دادەخست.

ئەو کاتە چوار پەرلەمانتاری ئێمەیان خستە زیندان (لەیلا زانا لەبەرئەوەی بەزمانی کوردی قسەی کرد و خۆی و سێ هەڤاڵی بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە دەستگیرکران)، نزیکەی ١٤ هەڤاڵی ئێمە بەناچار ڕایانکردە ئەوروپا، ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ دیسان بەحزبێکی دیکە (HADEP) بەشداریی هەڵبژاردنمان کرد، بەڵام نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بەدەست بێنێت، کە وەکو مەرج دانرابوو، بۆ نموونە دەبوو لە هەموو تورکیا ڕێژەی ١٠٪ بهێنیت، ئەوە کێشەیەکی گەورەبوو.

## پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی

ساڵی ١٩٩٤ وتمان لە هەرێمی خۆمان شارەوانی دەستنیشاندەکەین، ئەو کات دەمانتوانی لە دیاربەکر و چەندین شاری کوردی دیکە شارەوانیمان هەبێت، بەڵام گوشارێکی زۆریان

خستە سەرمان، تەنانەت نەماندەتوانی بچینە سەر سندوق و دەنگبدەین.

هەتاکو ساڵی ١٩٩٩، لەو ساڵەشدا دەزانن کە بەڕێز ئۆجەلان بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی دەستگیرکرا. دوای ئەوەش زوڵمێکی زۆر کرا، بەڵام بەڕێز ئۆجەلان وتی چەندی گوشاریش هەبێت پێویسە بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو کاتەش بەشداریمانکرد و دەنگێکی زۆرمان هێنا، کەس تەسەوری ئەوەی نەدەکرد.

لە ساڵی ١٩٩٩ بەولاوە، بەڕێز ئۆجەلان سیاسەتێکی نوێی داڕشت. وتی ئێمە خەباتی ئاشتییانە بەڕێوەدەبەین. پێیوابوو کورد و تورک ناتوانن هەروا بە ئاسانی لێکدابڕێن. دەبوو مەسەلەی مافی هاووڵاتیبوونی کوردەکان سەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە، کوردەکان لە هەرێمی خۆیاندا شارەوانی خۆیان هەبێت و سەربەخۆیی زیاتریان هەبێ. واتە داوای مۆدێلێکی ئەوروپی دەکرا. لەڕاستیدا سێ- چوار ساڵ خەباتی چەکداریش وەستێنرا. دەرفەتێکی گەورە بۆ ئاشتی ڕەخسا.

## سیاسەتی تواندنەوە

بەڵام دەوڵەتی تورکیا ژێر بە ژێر هەر درێژەی بە سیاسەتی تواندنەوە دا. ئەوکاتە ئێمە داوای ئاشتی دۆستانە و برایانەمان دەکرد. کەچی ئەوانە هەر گوێیان پێ نەدا. هەتاکو ساڵی ٢٠٠٢ کە ئاکەپە هاتە سەر حوکم. لەگەڵ ئەوانیشدا دانوستانمان هەبوو، وتمان ئەگەر گوشار و ئۆپەراسیۆن نەبێت، کوردیش چیتر حەزناکات چەک بەکاربهێنێت، هەروەها وتمان کە ڕێگە بۆ بەڕێز ئۆجەلان خۆشبکەن.. ئەو دەتوانێت بە ئاسانی کێشەکە چارەسەربکات. ئەوانیش وتیان ڕاستە و قەبوڵی دەکەین.

تا دوو- سێ ساڵ وتیان ڕەوشی ئێمەش باش نییە و تازە هاتووینەتە سەر کار، وتیان کێشەمان زۆرە، سوپا لەلایەک، ئەرگەنەکۆن لەلایەک، ئێمەش وتمان باشە و چاوەڕێی زۆر شت لە ئێوە ناکەین. وتیان زۆر چاکە، وا ئاگربڕیش هەیە و وردەوردە دەتوانن هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن. بەهەرحاڵ چانسێکی گەورە بوو، واتە هەتا ٢٠٠٤یش هیچ هەنگاوێکیان نەهاویشت، دیسان (یاسای پەشیمانی) یان هێنایەوە گۆڕێ.

ئەو وەختە چووین لەگەڵ بەرپرسێکی ئاکەپە قسەمانکرد، وتمان ئەو یاسایە شتێکی ڕاست نییە، ئێوە دەتانەوێت پەکەکە دیسان چەک بەکاربهێنێتەوە. پێشتریش زۆر یاسایان دەرکرد، بەڵام چارەسەری بەدوای خۆیدا نەهێنا. وتمان ئێمەش کوردین و شتێکی وا قەبوڵ ناکەین. ئەو کات عەبدولقادر ئاکسو وەزیری ناوخۆی تورکیا بوو، ئەویش خەڵکی دیاربەکرە، خۆم چوومە لای، وتم ئەوە جێبەجێ نابێت، وتی تۆ چوزانی؟ وتم ئێمە سی ساڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین، وتی ئەوا ئێمە بڕیارمانداوە و ئەمریکاش پشتگیریمان دەکات، ئەوانە یان دەبێت تەسلیم بن، یان ڕەگوریشەیان دەردێنین. وتم فەرموون، ئەوا ئەوانیش لەوێن، هێزی ئەوەتان هەیە بچن. بەهەرحاڵ، ئەو کاتەش دەرفەتێکی گەورەیان لەدەستدا. پەکەکەش وتیان ئەوانە هەر سوورن لەسەر لەناوبردنی ئێمە، بۆیە ئەوانیش ئاگربڕەکەیان شکاند. ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دیسان دەوڵەت دانوستانی لەگەڵ

ئۆجەلان و لەگەڵ قەنەدیل ئەنجامدا، دواتر دانیشتنی ئۆسلۆ هەیە.

خەریک بوو هەنگاوی گەورەیان دەهاویشت، بەڵام دیسان پاشەکشەیانکرد، کورد دیسانیش هەر لە جێی خۆیانن، داوای ئاشتی دەکەن، نایانەوێت تورکیا پارچەبکەن، کەچی دەوڵەتی تورکیا هێشتا بەتەواوی باوەڕی بەمافی کوردان نییە.

*** دەڵێن پێش هاتنی ئاکەپە، دوو لایەنی زوڵملێکراو هەبوون: کورد و ئیسلامییەکان. لە ساڵی ٢٠٠٢وە ئیسلامییەکان لەسەر حوکمن. کورد هێشتا بەمافەکانی خۆیان نەگەیشتوون. بەڕای تۆ ئاکەپە پێویستە چی بکات، هەتاکو کێشەی کوردیش چارەسەربێت؟**

– کورد بە تەنها لایەنگری بەدەپە نین. هەموو لایەنە کوردییەکان لەیەک کۆبوونەوەو چوار داخوازییان بەرزکردەوە:

یەکەم: ئێمە بەزمانی خۆمان بخوێنین. دووەم: شێوە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆمان هەبێت، نەک ئۆتۆنۆمی، نموونەی وا هەن لە وڵاتانی جیهاندا، چونکە کاتی خۆی من شارەوانیێتیم کردووە، لەبەرئەوەی هەموو شت مەرکەزی بوو، ئاستەنگی زۆرمان هەبوو، ئەوەش نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەرێمەکانی تریش، کە نەتەوەی تری تێدا دەژی. بەڕای من ئەمە مافێکی ڕەوایە، نزیکەی ٢٠ ملیۆن کورد لێرە دەژی، بەڵام هێشتا هیچ وەڵامێکی ئەم داخوازییە نەدراوەتەوە. تەنانەت کۆبوونەوەمان کرد، وتمان دەستوورێکی نوێ دەنووسینەوە، کەمپینێکی ئیمزاکۆکردنەوە دەستپێدەکەین بۆ ئەم چوار داواکارییەی کورد. مەزندەی پێنج ملیۆن ئیمزامان دەکرد، بەڵام ڕێگەیان پێ نەداین. بۆیەش هیچ نیازپاکییەکمان لەلایەن دەوڵەتەوە نەدی.

*** دەوڵەت باس لە دوو دۆسێ دەکات، دەڵێت دۆسێیەک هی مافی هاوڵاتیبوونی کوردەکانە، دۆسێیەکیش هی پەکەکە(تیرۆر)ە. دەبێت بەجیا چارەسەربکرێن. رای تۆ چییە؟**

– شتی وا مەحاڵە. هەردووکی بەستراونەتەوە بەیەک، ئەگەر بیانەوێت ئەو کێشەیە چارەسەربکەن، هەمووی بەیەکەوە چارەسەردەبێت، بەپێچەوانەوە چارەسەری نایەتەدی.

*** باشە، وتووێژەکانی دەوڵەت و پەکەکە بۆچی پچڕا؟**

– لەڕاستیدا ئەو وەختە ئێمەش سەرمان سوڕما کە بۆچی ئەو دانوستانانە وەستا. بەڕێز ئۆجەلان و قەندیل پرۆتۆکۆلێکیان ئامادەکردبوو، لەگەڵ دەوڵەت دانیشتبوون، وتبوویان ئێوە ئەم هەنگاوانە بهاوێژن، ئێمەش وردەوردە دەست لە چەک هەڵدەگرین. ئەوانەی لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون وتبوویان باشە، ئێمە دەتوانین ئەو مادانە جێبەجێبکەین، بەڵام کە بردبوویان بۆ لای ئەردۆگان، ئەردۆگان قبوڵی نەکردبوو. شتێکی سەیربوو، ئەوکات لە سیلڤان شەڕێکیش دروستبوو، دواتر کەجەکەش دەستیکرد بە هەنگاوەکانی خۆسەری دیموکراتی. بەمجۆرە ڕەوشەکە ئاڵۆزبوو. پاشان زمان و هەڵسوکەوتی ئەردۆگان–یش زۆر توندوتیژبوو، وتی مەسەلەیەک بەناوی کورد نییە، ئەمە تیرۆرە.

## تورکیا دەترسێت

*** بۆچی ئەو هەڵگەڕانەوەیە دروستبوو، یانی داد و گەشەپێدان بۆچی وایکرد؟**

– لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی سوریا هەیە، ئێران کێشەی هەیە، مەسەلەی بەهاری عەرەبی هەیە. تورکیا دەیوت دەبێت کێشەی دراوسێکانم نەمێنێت، کەچی کێشە و ئاڵۆزی دەوروبەری تورکیای گرتەوە، کوردیش لە پارچەکانی دیکە وردە وردە مافەکانیان بەتەواوەتی دێتەدی. تورکیا ناتوانێت پێش بەمانە بگرێت. ئەمە ترسێکی لە دڵی دەوڵەتدا دروستکرد. لای خۆیان وای حسابدەکەن، ئەگەر ئەوانیش پرسی کورد چارەسەربکەن، ئەگەری ئەوە هەیە کورد هەمووی بگەنەوە یەک و ببنە خاوەن هێز. من وای بۆ دەچم.

*** ئێستا جەهەپەش دەڵێت پێویستە ئەو کێشەیە چارەسەربێت کە دامەزرێنەری زیهنیەتی کۆمارە، مەترسی سوپا و ئەرگەنەکۆن–یش نەماوە، ئەی بۆچی چارەسەرنابێت؟**

– ئەم هەڵوێستەی جەهەپە هەڵوێستێکی نوێیە. هەرچەندە پێشتریش دوو– سێ راپۆرتیان پێشکەشکردبوو، بەڵام زۆر بەجدی دوای نەکەوتن. ئەوەی ئەمڕۆ رووداوێکی نوێیە، ئێمەش نازانین تاچەند نیازیان پاکە و لە دڵەوە داوای چارەسەری دەکەن یان نا.

*** ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر زیهنیەتی تورکەکان؟**

– هێشتا دیار نییە، لەناو ئەوانیشدا هێشتا پاشماوەی ئەرگەنەکۆن هەن، ئێمە پێیان دەڵێین (نەتەوەپەرست)، واتە جەهەپەش لەناوخۆیدا یەک دەنگ نییە، بۆ نموونە لەناو ئاکەپەدا ئەردۆگان چی بڵێت هەر ئەوەیە، بەڵام جەهەپە بریتییە لە دوو– سێ گرووپ، بۆیەش ئەو قسانەی کلچدار ئۆغلو تاچەند سەردەگرێت، دیارنییە.

*** تورک دەڵێن ئەمە کێشەیەکی ئابوورییە، بەڵام لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانیشەوە لە شارێکی وەکو دیاربەکر کە من زۆر گەڕام، هیچ هەنگاوێکم نەبینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.**

– نەخێر، لە ڕووی ئابووریشەوە هیچ هەنگاوێک ناهاوێژن. نەوت لێرەوە دەبەن، ئاو و کارەبا هەر لێرەوە دەگەیەننە تورکیا، بەڵام هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ ناوچە کوردنشینەکان نییە. پڕۆژەیەک نییە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیان و بژێوی خەڵک. ئێمە بۆ هەندێک پڕۆژە دەچووین یارمەتیمان لە ئەوروپا وەردەگرت، لەدەستیان بهاتایە ئەوەشیان دەبڕی.

*** یەکێتیی ئەوروپا بەمە دەزانێت؟**

– بەڵێ دەزانن. کاتێک باس لە یارمەتیدانی ئێمە دەکرا، دەوڵەت ناڕەزایەتی دەردەبڕی، بەڵام ئەورووپییەکان دەیانوت ئێمە ئەو یارمەتییە نابڕین، با ژیانی خۆیانی پێ باش بکەن، ئەوانیش پێویستیان بەخزمەت و پێشکەوتنە، بەڵام خۆ مەسەلەکە ئابووری نییە، مەسەلە ناسنامەی میللەتێکە.

*** ساڵی ٢٠٠٣ کۆنگرەیەکی رۆشنبیریتان سازکرد، لەو کاتەشەوە خەباتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بەردەوامە. ئێستا ئەو خەباتە لەچ ئاستێکدا دەبینی؟ بۆچی هەتاکو ئێستاش کرمانجەکان بە تورکی قسەدەکەن. من تەلەفۆنم بۆ هەڤاڵەکان کرد لە ئەستانبول، گوتیان دیاربەکر چۆن دەبینی، وتم کوردایەتی دۆبلاژی تورکی کراوە؟**

– ئاخر ئەوانە پرۆسەیەکی تواندنەوەی نەتەوەیی زۆر گەورەیان لەسەر ئێمە بەڕێوەبرد. کوردییەکەی منیش ئەگەر هەستی پێ بکەیت، زۆر باش نییە. ئەو کۆنگرەیە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو. واتە هەنگاوێکی وا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، رووداوێکی مێژوویی بوو. ئەمساڵیش

ئەو بەرنامەیە هەر بەردەوامە، بەڵام ئەمجارەیان زۆر بەهێزتر و باشتر دەبێت. بۆ نموونە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ باشوور، لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جۆشوخرۆشێکی زۆر دەبەخشێتە گەل.

دیارە ئەو پرۆسەی تواندنەوەیە لە دیاربەکر بەتایبەتی بەڕێوەدەچوو. شار هەموو بەدەست ئاغا و دەرەبەگەکانەوە بوو، ئەوانیش ڕەسەنایەتی و ڕەچەڵەکی خۆیان فەرامۆشکردبوو، بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە وەک تورک هەڵسوکەوت بکەن و بە تورکی قسەبکەن. لە دوای ١٩٩٠وە کۆچێکی گەورە لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان دەستیپێکرد.

خەڵکی گوندەکانیش بەپێچەوانەوە، تورکییان نەدەزانی. بۆیەش وردەوردە زمانی کوردی بوژایەوە. ئێستا لەسەر تابلۆی شارەوانییەکانیش بەزمانی کوردی دەنووسرێت، بەڵام زمان بەوە پێش دەکەوێت، کە لە خوێندنگەکاندا کاری پێ بکرێت.

وێڕای ئەمانە، هێشتاش هەوڵێک هەیە بۆ نەهێشتنی زمانی کوردی، منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەبێت بچنە مەکتەبی دایک (باخچەی ساوایان)، بێگومان لەوێش هەر زمانی تورکی بەکاردێت. ئەوە لە دوای ئەردۆگانەوە دروستبوو.

*** ئەو دروشمە هەر ماوە کە دەڵێت: (زۆر بەختەوەرم کە تورکم)؟**

– بەڵێ، ئێستاش لە دامودەزگا ڕەسمییەکاندا بەکاردێت. هێشتا ئەوەیان هەڵنەگرتووە.

*** مەترسی ئیسلامی سیاسی هەیە لەسەر کوردان، بەتایبەت لە دیاربەکر؟**

– نا، هیچ ترسێکمان لەوە نییە، بەڵام خواستێکی وایان هەیە، کە مەیلی ئیسلامی زیاتر لەناو کورداندا بچێنن. بۆ نموونە، بزوتنەوەی گولەن چەندین مەکتەبیان هەیە لێرە، لەناو گەلەکەشماندا کەسانێک هەن کە لایەنگرییان لێ دەکەن، بەڵام کاریگەرییەکی هێندە گەورەیان نییە. ئێستاش ئەگەر فەرمانبەرانی حکومی لێ دەربچێت، هەڵبژاردنێک بکرێ، ٨٠٪ی دەنگەکان بۆ ئێمە دەبێت. پێشتریش حزبوڵڵا هەبوو، نەیانتوانی هیچ بکەن.

## دوژمنایەتی تورک

*** کورد لێرە بەرەو کوێی تر دەڕوات؟**

– بەکورتی، ئێمە دەمانەوێت بە ئاشتی ئەو پرسە چارەسەربێت. کورد بەڕاستی نیازی پاکە، ئەگەر بمانویستایە جیاببینەوە، لە خەباتی ئەو سی ساڵەماندا دەمانتوانی شتێک دروستبکەین، بەڵام ئێمە لەگەڵ میللەتی تورکدا دوژمنایەتی ناکەین، هەزار ساڵ ئەزمونی بەیەکەوە ژیانمان هەیە. داواکارییەکانیشمان هێندە قورس نین. ئەوەتا لە باشووری کوردستان نموونەیەکی بەرچاو هەیە، لە ژێر دەسەڵاتی کورددا ئاشووری و تورکمان و عەرەب، شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمە شتێکی شارستانییە.

*** بە بۆچوونی تۆ، چەند ساڵی دی دەخایەنێت ئەو زیهنیەتەی تورکەکان بگۆڕدرێ؟**

– کێشە لە میللەتی تورکدا نییە، نزیکەی ٩٠ ساڵ بەگوێیاندا خوێندوون کە کورد نییە،

ئێستا ئەوانیش دەڵێن چۆن کورد نییە، هەیە. میللەتی تورکیش لەلایەن ئەو زیهنیەتەوە خەڵەتێنراوە، زۆربەی تورکەکان ئاگاداری راستی ئێمە نین، نازانن لێرە چی دەگوزەرێت.

## گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان

پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکی تورک باشە، تەنانەت جاروبار ئەوانەی مەهەپەش دێن و قسەکانی ئێمە پشتڕاستدەکەنەوە. ئەگەر بیرت بێت، وتیان حکومەت لەگەڵ ئۆجەلان دانوستان دەکات، گەلی تورک هیچ هەڵوێستێکی وایان نەبوو، خەڵک دەڵێت با کوڕی من نەکوژرێت، وەکو دی چ دەکەن بیکەن، پەیوەندییان بەو مەسەلانەوە نییە، بەڵام هەر وەکو وتم، ترسێک لای دەوڵەت دروستبووە، دەڵێن کورد لە باشوور بن پێی قایم بووە، وا لە سوریاش جوڵەیان تێکەوتووە، لە ئێرانیش وەکو تورکیا کێشەی ناسنامەیان نییە، دوورنییە کوردستانێکی مەزن دروستبکەن.

*** بەڕای تۆ رۆژێک لە ڕۆژان فیدراسیۆنێک لە نێوان تورکیا و کورداندا دروستدەبێت؟**

– ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هەنگاوێکی راست و دروست بهاوێژێت، ئەگەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکان ئاسایی بکاتەوە، ئەوا کوردی بەشەکانی تریش چاویان لە تورکیا دەبێت.

*** دەوڵەتی تورکیا لە کوردستانی عیراق –یش تموحێکی زۆری هەیە، بۆچی هەوڵنادات لەناو خۆی وڵاتەکەیدا مافی کوردان بدات و بەمجۆرە سەرنجی هەموو کوردان بەلای خۆیدا رابکێشێت؟**

– راستە ئەگەر وابکات، ئەوا کوردەکان دەبنە پاڵنەر و پشتیوانی دەکەن. ئەوە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ تورکیاش، بەڵام لە مێشکی ئەواندا هێشتا ئەو ترسی جیابوونەوەیە هەیە.

ئەوان لەوە تێناگەن کە مەحاڵە کوردی باکوور لە تورکیا دابڕێن. نزیکەی هەشت ملیۆن کورد لە شارە تورکییەکاندا دەژین. جیابوونەوەی کورد و تورک زۆر شتێکی ئەستەمە. برایەکی من هاوسەرەکەی تورکە، دوو منداڵیان هەیە، کە وابێت چارەنووسی ئەو منداڵانە چی دەبێت؟ ژن و ژنخوازییەکی زۆر کراوە لەنێوان کورد و تورکدا.

کەوابوو ئەوە بەرژەوەندی و رانتەکە وادەکات تورکیا بکەوێتە ئەو هەڵانەوە. ئەو رانتە هەتاکو رۆژی ئەمڕۆ سوپا دەیخوارد، ئێستا ئیسلامییەکان دەیخۆن.

*** ئەوەی من بینیم، وەکو رابردوو عەسکەرتاریەت نەماوە لە ناوچە کوردییەکان، ئەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە، لەبەر مەسەلەی یەکێتیی ئەورووپایە یان چی؟**

– ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان، بەڵام لە ڕێی سەربازییەوە گوشارێکی زۆریان خستە سەر گەل، گەلی کوردیش کە چاوی بەسوپا دەکەوێت هێندەی دیکە رق ئەستووردەبێت. ئێستا زیاتر پۆلیس دەردەکەون و ئەو زوڵمەی جاران بە دەستی پۆلیس دەکەن. لەلایەک دەڵێن دانوستان دەکەین و کێشەکە چارەسەردەکەین. لەلایەکی تریشەوە، رۆژانە خەڵک دەگرن و ئۆپەراسیۆنی کەجەکە بەردەوامە.

*** کاتێک سەرۆکی شارەوانی بووی، ماوەیەک گیرایت و بەردرایت، هیچ بەڵگەیەک لەسەر تۆ نەبوو؟**

– نەخێر، هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو. کەسێکی تر کە پێش من گیرابوو، گوایە ناوی خەڵکی ئاشکرادەکرد، منی تۆمەتبارکردبوو.

*** تۆ سەرۆک شارەوانییەک بووی، نەتدەتوانی سکاڵابکەی لەسەر ئەوەی بەناهەق گیرابووی؟**

– دادگا لەدەست ئەواندایە، بیرکردنەوەی دادگاش هەمان بیرکردنەوەی دەوڵەتە. دادگاییکردن بە ویژدان و بەپێی یاسا بەڕێوەناچێت. لەناو ئەم سێ ساڵەی دواییدا هەشت هەزار هەڤاڵی ئێمە گیراون. هەمووشیان ئەندامی بەدەپەن. خۆ هیچی بە چەکەوە نەگیراوە، تەنانەت چەقۆیەکیشیان پێ نەبووە. ئەوە زوڵمێکی زۆر گەورەیە. ئێمە هەر دەڵێین با زیندانەکان بەتاڵبن، ئاشتی بەرقەرار بکەین، کەچی رۆژ لە دوای رۆژ زیندانەکان پڕتردەکەن.

لەم رۆژانەدا لە ئورفا، ئەوەندەیان خەڵک خستۆتە ناو زیندانێک، کە ئیتر نەیانتوانیوە هەناسەبدەن. ١٣ کەس لەوێ کوژران. ئەوە زوڵم نییە؟ چییان دەوێت؟

## فاکتەری دەرەوە

*** یەکێتیی ئەورووپا هیچ هەڵوێستێکی نییە؟**

– ئەورووپاش خۆی کەڕکردووە. سەرەتا زۆریان پشتگیری ئاکەپە کرد، ئەو کاتە کورد هەڵەیەکی زۆری کرد، ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٤ کورد لەپێش بوو، قسەی کورد زیاتر دەڕۆیشت، بەڵام دوایی ئاکەپە دیپلۆماسیەتێکی زۆر بەهێزی لە ئەورووپا بەڕێوەبرد و خۆی خستە ناوچاوی وڵاتانی ئەورووپاوە.

*** ئێستا تورکیا هەوڵدەدات ببێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خۆرئاوا لە بەرامبەر ئاکەپەدا بوەستێتەوە؟**

– شتی وا مەحاڵە. ئاکەپەش ناتوانێت دەست لە یەکێتیی ئەورووپا بەربدات.

*** ئەوە باشە بۆ کوردەکان؟**

– بەڵێ، زۆر باشە. بێگومان تورکیا ناتوانێت وەکو رژێمی ئێران بە مەیلی خۆی ئیسلامیەت پەیڕەوبکات. هەموو بڕیارێک بەستراوەتەوە بە ئەورووپا و ئەمریکاوە. ئەمریکا پشتیوانی خۆی لە تورکیا بکێشێتەوە، بناغەی دەوڵەتی تورکیا بۆش دەبێت.

*** حسێن گولەرجە دەڵێت ئێمە حەزدەکەین ئەو کێشەیە چارەسەربێت، بەڵام ئەمریکا و ئەڵمانیا و ئیسرائیل و ئێران ناهێڵن. گوایە کورد و ئەمریکا دەستیان لەناو دەستی یەکدایە، نەک حکومەتی تورکیا؟**

– نەخێر، راست ناکات. سی ساڵە کورد شەڕدەکات، بە تانک و تۆپی ئەمریکا دەیکات؟! کاتێک کە شارەدار بووم، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتبوو، وتی ئێوەی کورد چۆن دەڕواننە ئەمریکا، وتم ئێمەی کورد دەڵێین ئەمریکا هەموو شتە، وتم ئەو تانک و تۆپ و فڕۆکانەی تورکیا شەڕی ئێمەی پێدەکات، هەمووی هی ئێوەیە، وتی تۆ ناتوانی وا بڵێیت، ئەمە هەڵەیە، نابێت ئەوانە چەک و چۆڵی ئێمە لەسەر ئێوە تاقیبکەنەوە، وتم چاکی بەکاردێنن و زۆریشی بەکاردێنن.

بردمان بۆ گوندێک، لەوێ بۆیان گێڕایەوە کە تانکەکان نیشانی ئەمریکایان پێوە بووە، ئەویش ناچاربوو قبوڵی بکات. بەهەرحاڵ وتم ئێوە لە جیاتی چەک، لە بواری چارەسەری دیموکراسیدا پشتگیری ئەو مەسەلەیە بکەن.

## پرۆفایلی فەرەیدون چەلیک

- پارێزەر و سیاسەتمەدار، ساڵی ١٩٦٦ لە دایکبووە. کۆلیژی مافی لە زانکۆی ئامەد تەواوکردووە.
- بەرپرسی رێکخستنی دەپ بووە لە نێوەندی دیاربەکر و لە ماوەی نێوان ١٩٩٦-١٩٩٩ ئەندامی ئەنجومەنی هادەپ و جێگری سەرۆکی ئەو حزبە بووە.
- ساڵی ١٩٩٩ لەسەر لیستی ئەو حزبە کوردییە وەک سەرۆکی شارەوانی ناوەندی دیار بەکر هەڵبژێردراوە.
- یەکێک بوو لە پارێزەرەکانی کەیسی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

# فەسڵی دووەم

# چەپی تورک، دڵۆپێک لە سەحرای شۆڤێنیزمدا

**هەروەک چۆن خەبات بۆ پۆڵەندایەکی ئازاد باعیسی پێشکەوتنی تەواوی ئەوروپا بوو، ئاوەهاش کوردستانێکی سەربەخۆ گرنگە بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی پێشکەوتخوازانە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.**

جیرارد جالیاند

توێژەری فەرەنسی

# گەنجای گورسۆی:
# کێشەی کورد دەتوانێ ئابووریی تورکیا دووچاری قەیران بکاتەوە

ڕۆژێک بۆ چەپی تورک. ڕۆژێک بۆ ئازار و قوربانیدانێکی بێشومار، ڕۆژێک بۆ نزیکبوونەوە لە ڕەوتی ئەتاتورک و ناسیۆنالیزمەکەی و ئینجا لێکترازان و خوێن حەلاڵکردن. ڕۆژێک بۆ پاکانەکردن و پاساودانی سیاسەتی سەرکوتکردن دژی کوردی باکوور بەبیانووی تەمەدونکردنی شارەکانی (باشووری خۆرهەڵاتی وڵاتەوە) و ئینجا دانپیانان بە ناسنامەی کورد.

ڕۆژێک بۆ ترس و لەرز لە ناوهێنانی نەتەوەی کورد و دوای ئەوە سپاردنی چارەسەری کێشەکەی بەو ڕۆژەی سۆشیالیزم لە تورکیا دێتەدی. دەورانێکی هەڵپەزودابەز لە چەپگەرێتی و لە کوردایەتی، لە زویربوون و ئاشتبوونەوە و تەڵاقدان.

ڕۆژێکمان لە سەفەری بەدواداچوونمان بۆ تورکیا تەرخانی هەڵوێستی چەپی تورک بوو لە مەسەلەی کوردستان. لە وڵاتێکدا کە سەرەتا حاشای لە بوونی کورد کرد و تەنها نووزەیەک لە دۆستایەتی نوزەی لاوازی چەپ و کۆمۆنیستەکان بوو، لەکۆتایشدا لە دەورانی موحافیزکارو ڕەوتە ئیسلامییەکاندا، گەورەترین گفتوگۆی لەسەر پرسی کورد دەستپێکردووە.

لەوێ چووینە لای دوو چەپخوازی تورک، کە دۆستی مەسەلەی ڕەوای کوردن و لەم ڕێیەدا چالاکی و خەباتی زۆریان هەیە. یەکێکیان پزیشککار (گەنجای گورسۆی) و ئەویتریان ڕۆشنبیر و ڕۆماننووسی ناسراو وداد تورکالی (ڤەدات تورکالی). ئەم دووانە هەم مێژووی جارانی چەپ و کوردایەتی و هەم ڕەوشی ئەمڕۆی پرسی کوردیان بۆ هەڵسەنگاندین.

## چەپ بۆ هاوپەیمانێتی کەمالیزم و چەپ بۆ هاوپەیمانێتی کوردایەتی

پێداچوونەوە بەرەوتی چەپ لە تورکیا باسێکی دوورودرێژە، ئاڵۆزیشە ئەو کاتەی لەگەڵ هەڵوێستیان لە پرسی کورد پێکەوە گرێ دەدرێت، یان وەکو تورکالی وتی: (قەدەری کوردو پارتی کۆمۆنیست یەک شت بوو.. قەدەری کورد و چەپ لە تورکیا یەک شت بوو، ئەویش لە ناوبردن و ئەزێتدان).

لە دەستپێکەوە بزووتنەوەی چەپ لە تورکیا بەشێوەیەکی ئاڵۆزکاوی دەستیپێکرد. ئەگەر دەستەواژەکە بگونجێت (شەرعیەتێکی بریندار)ی هەبوو. (مستەفا سوبحی کەرابەرێکی کۆمۆنیستی تورکی دەبێت پاش گەڕانەوەی لە سۆڤێت بۆ تورکیا، خۆی و ١٥ لە هاوڕێکانی دەکوژرێت)، ئەمە دەرفەت دەداتە ئەتاتورک کە خۆی حزبێکی تایبەتی کۆمۆنیستی دابمەزرێنێت. کاتێک کە ئیتر کۆمۆنیستە ڕەسەنەکانی قەڵاچۆکرد، حزبێکی کۆمۆنیستی

سەر بە دەوڵەتی دامەزراند. ئەمە سەرەتا بریندارەکە بوو.(بەرکولێک لە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانی تورکیا لەمەڕ کێشەی کوردستان -رۆژنامەی نیشتمان -ژمارە ٩ رۆژی ١٩٩٣/٦/٢٨).

ئەم سەرەتا بریندارە بوو وایکرد رەوتی کۆمۆنیستی و بەتایبەتیش هی حزبی شیوعی تورکیا تووشی لادان و بەلاڕێدابردن بێت (کەوتە داوی لادانی گۆشەگیری چەپگەری کە هۆیەکی تر بوو لە هۆیەکانی لاوازی و کەمبوونەوەی نفوزی لەکۆمەڵگەدا. ( ترکیا فی القرن العشرین- دراسە جغرافیة سیاسیة- الدکتور احمد عبدالعزیز محمود- موکریانی ساڵی -٢٠١١هەولێر - چاپی یەکەم-ل٩٢).

پارتی کۆمۆنیستی تورکی کە لە بڕگەیەکی پرۆگرامەکەیدا لە ساڵی (١٩٢٠) دا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلان تۆمارکردووە و قەڵاچۆکردنی کوردانی بەتاوان ئاشکراکردووە،(تا ئێستا ئەو پارتە کۆمۆنیستەی تورک خۆی نەداوە لەئۆقرەی کێشەی نەتەوایەتی کوردو نە تەنانەت پێشنیاری بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس کردووە... گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت- کورد و کوردستان- سەرپەرشتکاری نووسین- ژیرارد چالیان- باسی کوردستانی تورکیا- کەندالً ل١٨٣).

چەپەکان دەڵێن(هەر کات سۆشیالیستی گشت تورکیای گرتەوە، ئەوا گەلی کورد بەسەربەستی و تەواوی مافی خۆی دەگات) (هەمان سەرچاوە ل١٨٣).

چەپی تورکیا بەم رەوتە لادانەوە هەڵوێستی لە کێشەی کوردیش دەردەبڕێت، لەکاتێکدا خۆی لەسەر دەستی رژێمی کەمالی دەچەوسایەوە پاکانەی فەلسەفی بۆ سیاسەتی کۆنەپەرستی بۆرژوای تورکیا دەکرد و وەکو پێویستییەکی پێشکەوتن لەقەڵەمیدەدا، بەتایبەتیش ئەم هەڵوێستە لە بەرامبەر شۆڕشی سەید رەزا لە دەرسیم گەیشتە لوتکەی لادان و کاسەلێسی بۆ کەمالیزم بە بیانووی ئەوەی ئەم هەڵمەتە سەربازییە بۆ سەر کوردەکان لەبەر(فراوانکردنی بازاڕی نیشتمانییە لەلایەن بۆرژوای تورکیاوە). گوایە ئەمە هەنگاوێک کۆمەڵی تورکیا دەباتە پێشەوە (المسألة الکردیة فی ترکیا -صلاح سعد الله چاپی دووەم -ل١٣).

دەیڤید ماکدۆل جوان تەشخیسی هەڵوێستی ئەو قۆناغەی چەپەکانی تورکیا دەکات (خەباتگێڕە چەپەکانی تورکیا دانیان بە کێشەی کورددا دەنا، بەڵام وا بێنرخیانکردبوو کە دەشێ ئەو کێشە چاوەڕێبکات هەتا شۆڕشی سۆشیالیستی سەردەگرێت) (تاریخ الاکراد الحدیث-دەیڤید ماکدۆڵ- ١٩٩٦-دار الفارابی.. ل٦١٨).

## وێستگە چۆنایەتییەکە

لەگەڵ ئەو رەخنانەی رووبەڕووی چەپە سەرتاسەرییەکانی تورکیا دەکرێتەوە، لە مەسەلەی چەوساندنەوەی کورددا، بەڵام حزبەکانی چەپ بوونە دەرفەتی سەرەکی لەبەردەم کوردەکان تا بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، ئەوەش دواجار کاریگەریی لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئەو حزبانەش هەبوو

(رێگرتن لە کورد کە حزبی تایبەتی خۆی هەبێت و نەیارییان بۆ رێبازی رەگەزپەرستی کەمالیستی، پاڵی بە زۆریانەوە نا رووبکەنە حزبە چەپەکان. بوونی کورد لەناو ئەو حزبانەدا بووە خەسڵەتێکی بەرچاویان. ئەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی مارکسیتی تورکیا روویدا.... حزبەکە هەندێک چارەسەری بۆ مەسەلەی کورد بەپێی دیدگای مارکسیزم پەسەندکرد و چەند لقێکی خۆی لە شارە کوردییەکان کردەوە، بەڵام مەسەلەی کورد و ناکۆکی ناوخۆی لەناویدا، حزبەکەی لەناوبرد. (الماساة الکردیة للمؤلف الفرنسی جیرارد جالیاند، ترجمة الی العربیە عبدالسلام النقشبندی، دار ئاراس، ٢٠٠٧ ل٨٤-٨٥).

وێستگە چۆنایەتییەکە هی هەڵوێستی پارتی کرێکارانی تورکیا بوو، نەوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە چاودێریی رەوتی مەسەلەی کوردستان و چەپیان دەکرد، لەبیریانە ئەساسنامەی ئەو حزبە لەسەر مەسەلەی کوردی تورکیا وەک راگەیەندراوێکی سەنگین چاوی لێ دەکرا.

بێگومان لادانی بزووتنەوەی چەپ لە بیروڕای ڕاستەقینەی مارکسیزم لەئاستی مەسەلەی نەتەوەدا کاتێکی زۆری ویست بۆ راستکردنەوە، ساڵی (١٩٦٩) پارتی کرێکارانی تورکیا سێیەمین کۆنگرەی خۆی بەست، لەو کۆنگرەیەدا لێنەگەڕان وتارێک بە کوردی بخوێنرێتەوە، بەڵام محەمەد عەلی ئەسلان کە کوردە کرایە سەرۆکی حزب، لەبەر هەوکردنی کێشەکانی حزبەکە دوای مانگێک کشایەوە

لە کۆنگرەی چواردا، ساڵی (١٩٧٠)، ئەم حزبە بە ئاشکرا دانی بە مەسەلەی کورددا نا: (کۆنگرەی چوارمی پارتی کرێکارانی تورکیا بەڕاشکاوی رایدەگەیەنێت کە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی تورکیا هەیە، لەسەرەتای رژێمی فاشستییەوە کەچینە حوکمڕانەکان بنیاتیان ناوە، سیاسەتی تۆقان و تواندنەوە و چەوساندنەوە لە دژی گەلی کورد پیادەکراوەو زۆر جاریش ئەو سیاسەتە شێوەی ئۆپەراسیۆنی خوێناوی تێدا رەچاوکراوە (الحرکة الکردیة في العصر الحدیث - ترجمە د. عبدی حاجی ساڵی ١٩٩٢ ل٢٦٤).

ئەم بڕیارە دواتر سەری حزبەکەی خوارد، ئەوە بوو پەرچەکرداری راسترەو و شۆڤێنی و جەنەڕاڵەکانی سوپا دەستیپێکرد (د. جەبار قادر - القضیة الکردیة فی ترکیا).

ئێمە لێرە زیاتر مەبەستمانە روانینی چەپگەرایی تورک لە روانگەی خۆیەوە بگێرینەوە، ئەگەر نا باشترین سەرچاوە لەسەر هەڵوێستی چەپەکان کتێبی (سی و سێ گوللە)ی ئیسماعیل بێشکچییە، کە هەڵوێستی وانی رەوت رەوت گێراوەتەوە. بڕوانە لاپەرەی (١٧٧بۆ ٢٩٢) لە کتێبی (ئیسماعیل بێشکچی، سی و سێ گوللە، وەرگێرانی لە تورکییەوە ئاسۆس هەردی، دەزگای سەردەم ، ساڵی ١٩٩٩، چاپی یەکەم).

## شاهیدێکی کۆنگرەی پارتی کرێکاران

ئێمە لە گەرەکی جیهانگیر- لە ئەپارتمانی رۆکوشور- بیگویل لە ئەستانبول، بە شوێن چیرۆکی ئەو هەڵوێستەوە بووین لەلایەن شاهیدێکی بەشداری کۆنگرەی پارتی کرێکارانی تورکیا، بەرێز گەنجانی گرسوی، کە بەم شێوەیە هەقایەتەکەی بۆ باسکردین:

(پارتی کرێکارانی تورکیا لە سەرەتای شەستەکان دامەزرا. پارتێکی چەپی سۆسیالیست بوو. ساڵی ١٩٦٥ پارتەکە ١٧ نوێنەری چووە پەرلەمان، کە دووانیان کورد بوون. کۆتایی ساڵی ١٩٧١ محەمەد عەلی ئایبار، کە یەکێک بوو لە سیاسەتمەدارە چەپە پێشەنگەکان، لەگەڵ ئەوەی بوو بە سەرۆکی پارتی، ژمارەیەکی زۆر ئەندامی کوردیش هاتنە ریزی پارتی کرێکارانەوە. من لەو سەردەمەدا سەرۆکی لقی گەنجان بووم. هاوڕێیەکی کوردمان هەبوو بەناوی عەلی یاشار، کە پارێزەربوو. ئەویش لەوانەبوو لەو دەستەیە کە هاتە ناو پارتییەوە. پارتی کرێکاران ئەو کاتە لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراونەبوو، لەلایەک بزوتنەوەی راستی نەتەوەپەرست هێرشیاندەکردە سەرمان، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت بەردەوام هەڕەشەی لێ دەکردین. کۆبوونەوەکانمان هەمیشە تووشی ڕووداو دەبوو، بەرد بارانیان دەکردین).

## ئینجا باسی سەرەتای ناساندنی مەسەلە بڤەکەی کرد

(برا کوردەکانمان ڕێکخراوێکی کەلتوورییان هەبوو، کە وردە وردە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە هاتنە ناو پارتی کرێکارەوە. لە یەکەم کۆنگرەوە موناقەشاتی پەیوەست بەم مەسەلەیە دەستیپێکرد، ئەمە وایکرد ترس لای سەرکردایەتی پارتی کرێکار دروستبێت، چونکە لەوانەبوو باسکردن لە مەسەلەی کورد ببێتە هۆی داخستنی پارتەکە. پارتی کرێکارانی تورکیا بوو بە یەکەم پارتی سیاسی، کە باسی لە بوونی کێشەی کورد و مافە رەواکانی کرد لە تورکیا. دواتریش هەر بەم هۆیەوە داخرا. بەپێی دەستوور ئەو کاتە باسکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی قەدەغەبوو. پاشان پارتی کرێکار لەناوخۆیشیدا تووشی چەندین کێشە بوو، ئینشیقاق ڕووی دا، موناقەشاتی مەسەلەی سۆڤیەت دەستیپێکرد و ناکۆکی ناوخۆیی دروستبوو).

*** شێوەی ئەو گفتوگۆیانە چۆن بوو سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی کورد، یانی جگە لە دانپیانان ڕێوشوێنی چارەکردنی چۆن بوو؟**

(ئەو کات زۆر باس لەو مەسەلەیە دەکرا، بیرکردنەوەی چەپی کلاسیک لەو سەردەمەدا وەکو ئەمڕۆ نەبوو، پارتێکی سۆسیالیست جەخت لەسەر کێشە چینایەتییەکان دەکاتەوە، بۆیەش خەباتی نەتەوایەتی یان مەسەلەی سەربەخۆیی نەتەوەیەک لەوانەیە هاوتەریب نەبێت لەگەڵ مەسەلەی چینایەتی. ئەم موناقەشاتانە لەناو پارتی کرێکاردا دەستیپێکرد. ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیزم سەرکەوێت، ئیتر جیاوازیی ناسنامە هیچ گرنگییەکی نامێنێت. بەشێک لەو باوەڕەدا بوون کە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا دەکرێ کێشەی ناسنامەش چارەسەربکرێت، بەشێکی تریش باوەڕیان وابوو، کە سۆسیالیزم چارەسەری هەموو شتێکە).

## خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوەیی

پاشان وەک بخوازێت ئەندێشەی ئەو ڕۆژگارە بەراوردبکات لەگەڵ ئەمڕۆدا، وتی: (مەفهومی چەپ لەمڕۆدا جیاوازە، منیش خۆم لەو باوەڕەدام، کە ڕاستە خەباتی چینایەتی لەناو سۆسیالیزمدا گرنگە، بەڵام کێشەی ژن، کێشەی ستەمە کۆمەڵایەتییەکان، کێشەی ناسنامەی

نەتەوەیی و ئازادی بیروڕا، ئەو شتانەن کە پێویستە لە بەرنامەی هەموو حزبێکی سیاسیدا هەبێت. کێشەی کوردیش ئەمڕۆ لەلایەن عەقڵی ناوەندی بزوتنەوەی چەپەوە دانی پێدانراوەو پێویستە چارەسەربکرێت. بەڵام بەداخەوە تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ نموونەی خەباتی وامان نەبووە، کە لەسایەی یەک حزبدا سەرکەوتن بەدەستهاتبێت. من یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی چەپی تورکیام. لە ساڵی نەوەدەکانیشدا یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی ئۆدەپە بووم، مەسەلەی کورد دیسانەوە یەکێک لە مەسەلە سەرەکییەکان بوو، بەڵام سەری نەگرت، سیستمی نوێی هەڵبژاردنەکان بوو بە کۆسپێک لەبەردەم بزوتنەوە چەپەکان. ئێستاش لەگەڵ بەدەپە و بزوتنەوە چەپەکانی تردا لە ژێر یەک سەقفدا خەباتدەکەین. بەڕای ئێمە پێویستە مادە نادیموکراتییەکانی سیستمی هەڵبژاردن بگۆڕێت و ئازادی بیروڕا زیاتر گرنگی پێ بدرێت).

## ئەردۆگان و کێشەی کورد

د. گەنجای، کە سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی تورکیاشە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەگەڵ چەند رۆشنبیر و دەزگایەکی مەدەنیدا دەستپێشخەرییەکیان کرد بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد. دواتر گروپێک لەوان چاویان بە ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا کەوتبوو، ئەو کاتەش باس لە مەسەلەی کرانەوە بەڕووی کورددا کرا، ئەو خۆی بەم شێوەیە باسی ئەو دەستپێشخەرییە دەکات:

(لە ساڵی ٢٠٠٥دا نزیکەی ١٥٠ کەس، کە هاوڕێ کوردەکانیشمان بەشداربوون، سەردانی سەرۆک وەزیرانمان کرد. من وتەبێژی ئەو گرووپە بووم. بۆ یەکەمجار سەرۆک وەزیران بەرامبەر بە ڕاگەیاندنەکان وتی: من دان بەکێشەی کورددا دەنێم، کێشەی کورد کێشەی منیشە، وەکو دەوڵەت لە ڕابردوودا هەڵەمانکردووە، پێویستە ئەمانە دووبارەنەبنەوە، بۆ گەڕاندنەوەی مافە دیموکراتییەکانی کوردان ئەوەی لەدەستم بێت دەیکەم. ئەوکاتە ڕاگەیاندنەکان پرسیارێکی وایان لە من کرد: ئایا ئێوە متمانەتان بەو قسانەی سەرۆک وەزیران هەیە؟، منیش وتم: بەڵێ، واتە بۆ من گرنگ بوو بۆ یەکەمجار ئەکتەرێکی سیاسیی گرنگ لە تورکیادا دان بەو کێشەیەدا بنێت. لە دوای ئەم چەند ساڵە ناکرێت بڵێین هیچ شتێک نەکراوە، هەندێک گۆڕانکاری کراوە. زۆربەی ئەو هەنگاوانەی نراون، بە پێشنیاری ئێمە بوو. وتمان بەر لە هەرشت متمانەیەک لای رای گشتی دروستبکەن، ساڵانێکە لەو وڵاتەدا برا خوێنی برا دەڕێژێت. پێشنیاری دامەزراندنی ئەنیستیتۆیەکی زمانی کوردیمان کردبوو. ئێستا چەند ئەنیستیتۆیەکی لەم شێوەیە کراونەتەوە، پێشتر گیراوەکان لەگەڵ بنەماڵەی خۆشیاندا مافی قسەکردن بە زمانی کوردییان نەبوو، ئەمانە هەمووی گۆڕاون).

لەگەڵ ئەو هەنگاوانەش د. گەنجای درەنگ کەوتنی چارەسەرەکەش دەستنیشاندەکات. دەسکەوتەکان، لای ئەو بەئەندازەی پێویستی قۆناغە نوێیەکە نییە، (بەڵام ئەمە بەس نییە، ئەگەر ساڵی ٢٠٠٥ یان بیست ساڵ بەر لە ئێستا ئەمانەیان کردبا، کورد بەمە رازی دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەمانە وەڵامی داخوازییەکانی کورد نادەنەوە. ئاکەپە وێڕای ئەم هەموو

کورسییەی کە لە پەرلەمان هەیەتی، هەنگاوێکی زۆر جدی نەناوە بۆ راوەستانی ئەم خوێنە. خەڵکێکی زۆر کە لە شاخەوە دێنەوە دەخرێنە زیندان، بەمەش متمانە دروست نابێت. واتە ئەو بەڵێنانەی ئەردۆگان ساڵی ٢٠٠٥ دای بەجێنەهێنران).

د. گەنجای لە دیدی چەپەوە رەخنەی لە حزبی حوکمڕان و حزبی ئۆپۆزسیۆن گرت، کە تۆپەکە فرێدەدەنە گۆرەپانی یەکترییەوە؛

(بەم دواییانە هەوڵدەدەن بەهۆی دانوستانەکانی حکومەت و جەهەپەوە هەوایەکی خەڵەتێنەر دروستبکەن، شەخسی خۆم زۆر ئومێدم بەم رەوشە نییە، چونکە جەهەپەو ئاکەپەش خاوەنی یەک هەڵوێستن، ئەم کارە پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی جدی هەیە. مەسەلەی ئیرلەندا بەم شێوەیە چارەسەربوو، مەسەلەی ئیسپانیا و باشووری ئەفریقیا هەروا. لەم نێوەندەدا قسەکانی لەیلا زانا ئەگەر وای لێکبدەینەوە، راستە، سەرۆک وەزیران توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی هەیە، چونکە ئەمڕۆ ئەردۆگان خاوەنی دەسەڵاتی زۆرینەیە لەوڵاتدا، بەڵام ئەو نایەوێت کێشەکە چارەسەربکات).

*** باسی هەندێک نموونەی جیهانتان کرد، کام نموونە دەتوانێت بۆ تورکیا چارەسەری بهێنێت، ئایا تورکیا خۆی دەتوانێ ببێتە نموونەیەک و مۆدێلێک دابهێنێت؟**

(دیارە هیچ نموونەیەک لە مێژوودا خۆی دووبارەناکاتەوە. وێڕای بوونی لایەنی هاوبەش، هەلومەرجەکان یەکسان نین، لەبەرئەوە هیچ نموونەیەک بۆ شوێنێکی تر دووبارەنابێتەوە و تورکیا پێویستە مۆدێلی خۆی بخوڵقێنێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی گشتیدا، چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانە یەک نەخشەرێگەی هەیە).

دواتر پێشنیازێکی ماقوولی کرد، کە ئیرادەی سیاسیی لەسەر هیچ شتێک پەکی نەخرێت و ئەوەی ئەو ناوینا (کاری تێکدەرانە) نەکرێتە بیانوو بۆ راگرتنی گفتوگۆ و دانووستاندن (قسەکانی من هەموو وڵاتێک دەگرێتەوە، واتە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بڕیاری سیاسی پێویستە و نیازپاکی دەوێت، بۆ هەموو نموونەکان هەر وایە. با بڵێین جاروبار کاری تێکدەرانەش هەبێت، واتە لەکاتی دانوستاندا چالاکییەکی چەکداری دەکرێت، لێرەدا نابێ هەموو شت بگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەمانە ئیرادەی سیاسی پێویستە).

## رازیکردنی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا بنەمایە

*** لە دنیای دەرەوە کێ هەیە بۆ چارەسەری یارمەتی تورکیا بدات؟**

(بەر لە هەمووان کوردستانی عیراق، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی هەردووکیان رۆڵێکی گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام دیسان هێز و وزەی ناوخۆی تورکیا ئەگەر وەکو پێویست نەکەوێتە کار، ئەم کێشەیە هەرگیز چارەسەرنابێت، واتە هەتاکو قەناعەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوخۆ نەکرێت، چەندی یارمەتی ئیجابیش لە دەرەوە بێت، ئەم کێشەیە چارەسەرنابێت. کەواتە رازیکردنی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا بنەمایە).

ئینجا گوتی: (جگە لە کوردستانی عیراق، یەکێتیی ئەورووپاش خاوەن رۆڵ و کاریگەرییە. هەرچەندە تورکیا وەکو ١٠ ساڵ پێش ئێستا مەیلی بەلای یەکێتی ئەورووپادا نەماوە، بەڵام

لەگەڵ ئەمەشدا روانگەی یەکێتیی ئەوروپا بۆ مەسەلەی کورد شتێکی گرنگە. هەروەها ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاش یەکێک لە ئەکتەرە گرنگەکانە. وابزانم ئەمریکا دوودڵە لەوەی رۆڵێکی ئەکتیڤ بگێڕێت لە چارەسەری مەسەلەی کورددا، زیاتر دەیەوێت ئەم ئەرکە بخاتە سەر شانی کوردستانی عیراق. ئەمریکا لەنێوان کوردستان و تورکیادا، وای بۆ دەچم تورکیا هەڵبژێرێت، بۆیەش نابێ چاوەڕوانی گەورەمان لە ئەمریکا هەبێت. لێرەدا رای گشتی تورکیاش هەیە، کە رێگە نادات چیتر ئەم کێشەیە درێژبخایەنێت. ئەگەر بێت و ئەردۆگان -یش ساردبێتەوە لە هەنگاونان، هەلومەرجەکان رێگەنادەن. تورکیا تا کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەرنەکات، ناتوانێت لە ناوچەکەدا رۆڵ بگێڕێت. تەنانەت کێشەی کورد دەتوانێ دووبارە ئابووری تورکیا دووچاری قەیران بکاتەوە.

## بەدەپە و ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە

*** باشە، بە مەزەندەی ئێوە دەوڵەت لەناو هێزە کوردییەکاندا دەیەوێت کێ بکاتە موخاتەبی ئەو پرسە؟**

(من نازانم دەوڵەت بیر لەچی دەکاتەوە. لەلایەکەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد سەرۆک وەزیران بەدەپە وەکو موخاتەب ناودەبات. لەلایەکی تریشەوە، گەورەترین سووکایەتی بەوان دەکات و لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکەوە دەست و پێی بەدەپە دەبەستێتەوە. بەم شێوەیە کەشوهەوایەکی متمانە دروست نابێت. ئەوەندەی من بیزانم، دەوڵەت هێشتاش بەسیاسەتی ئەمنیو گوشار دەیەوێت ئەو مەسەلەیە چارەسەربکات. جاران ئەگەر تەرمی سەربازەکان دەگەڕایەوە، دایک و باوکەکانیان دەیانووت بەقوربانی نیشتمان بێت، گەر کوڕێکی دیکەشمان هەبێت دەینێرین بۆ شەڕ، بەڵام ئێستا وانییە، کەس قسەی وا ناکات. بۆیەش هەم لە ڕووی سۆزەوە، هەم لە ڕووی مرۆییەوە لەناو کوردان و لەناو تورکەکانیشدا چیتر رژانی خوێنی زیاتر قبوڵ ناکرێت).

*** لەم هەڵسەنگاندنەدا چارەسەری ئەم پرسە تا چەندی دی دەخایەنێت؟**

(وای بۆ ناچم کە چەند هەفتەیەک بخایەنێت، بەڵام کاتێک باس لەکرانەوەی دەرگایەک دەکەین بەڕووی چارەسەریدا، ئەوا ئومێددەکەم لە ماوەی ساڵێکدا تروسکەی هیوا بەدیبکرێت. بێگومان هەوراز و نشێو هەر دەبێت، کاری تێکدەرانە لەمیانەی دانوستانەکاندا هەر دەبێت، ئەمانە وادەکات چەند ساڵێکی تریش بخایەنێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئایندەدا لەوانەیە کەشێکی جیاواز بڕەخسێت، بەڵام ناتوانم هیچ گەرەنتییەک بدەم لەو بارەیەوە) قەسەکانی بەوە کۆتایی پێ هێنا (لەوانەشە تەواو پێچەوانەکەی ئەم قسانە رووبدات).

## ڤەدات تورکالی:
# تا کورد و کەمینەکانی تری تورکیا ئازادنەبن، کەس ناتوانێت باسی ئازادی بکات

ڤەدات تورکالی (ساڵی ١٩١٩ لە شاری سامسۆن لەدایکبووە)، جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی چەپە، شاعیر، رۆماننووس، سینەماکار و سینارستێکی دیار و دێرینی تورکیاشە، لەبەر ئەوە قسە لەگەڵ ئەمدا با لەسەر سیاسەت و پرسی کوردیش بێت، هەر لە خۆیەوە رەهەندە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە.

لە ژووری کتێبخانەکەی چەند وێنەیەکی کۆنی رەشوسپی هەڵواسراوە، کە هی چالاکییە سیاسییەکانێتی. یەکێکیان هی شۆرشی خوێندکاری ساڵی ١٩٦٨ی فەرەنسایە. ئەویتریان بەشدارییەتی لە خۆپیشاندانێکدا لەگەڵ هونەرمەند و سینەماکاراندا، بەڵام ئەم وێنانە بەس نین بۆ گێرانەوەی دەردیسەرییەکانی ژیانی وی. هەندێکی لە رۆمان و نووسراوەکانیدا رەنگیانداوەتەوە.

ئێمە کە لەگەڵ کاک چەکدار چووینە لای، یەکەم پرسیاری ئەوە بوو تۆ خەڵکی کوێی؟ وتی دیاربەکر، ئەی ئەم قەرداشە گوتم: کوردستان، گوتی باپیرم لە نەنکەوە خەڵکی کەرکوکە، گوتم کە وابێ هەردووکمان هاوشارین. گوتی چەند منداڵت هەیە؟ گوتم : دوو کچ و کورێک. وتی: سوپاکەت بچووکە، میر بەدرخان ٩٩ کوڕی هەبوو.

هەقایەتێکی بۆ گێڕاینەوە لەسەر سەربازێکی سوپای عوسمانلی، کە لە کەرکوک تووشی پیرەژنێک دێت. پیرەژن سەرباز داوەت دەکاتەوە ماڵی خۆی، دەڵێت: خوێنم بۆ دەجوڵێت، وەرە نیوەڕۆ داوەتی ماڵی من بە، سەرباز دەچێت، قسە لەم و قسە لەو، لەسەر خوانی نانخواردن بۆ ژنە دەردەکەوێت ئەم سەربازە بەئەسڵ خزمی ئەو پیرەژنەیە، لەوەش دەچێ ئەم سەرباز و ئەم پیرەژنەش هەر خزمی چەند پشتی بەرێی تورکالی بن.

## رۆمانی تەنگژەی چەپ

گێڕانەوەی هەقایەت لای تورکالی خەسڵەتێکی رووناکبیریی ئەوە، ئەو یەکێکە لە رۆماننووسە دیارەکانی تورکیا، ئەگەر پێشتر لە تەلەفزیۆن زنجیرە درامای تورکی (فاتیمە) تان دیبێت، بەشێک لە توانای درامی و ئەندێشەی چەپی ئەم پیاوە دەناسن.

ئاخر ئەم درامایە کە باسی کێشەی ئەتکردنی بە زۆری (فاتیمە) دەکات لە ڕۆمانێکی تورکالییەوە وەرگیراوە، کە باسی رووداوێکی واقیعی دەکات، چیرۆکەکە هەڵڵای کۆمەڵایەتی و یاسایشی ناوەتەوە، کە چۆن تاوانی تەعەددا و ئەتکردن بەوە

دەسڕدرێتەوە، تەعەداکار تەنها کچە بخوازێت و ئیتر ئەستۆی لە هەر بەرپرسیارێتییەکی یاسایی پاککاتەوە؟ ئەم سیاسەتمەدارە ڕۆماننووسە تەنگژەی چەپی تورکیشی بە ڕۆمان کردووە و لە چەندین بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم ڕۆماننووسە بەکردەوەش ئەندێشەی لە پرسی ژندا چەپگەراییە، کە لەوێ بووین خانمێکی پارێزەر هاتە ماڵیان، بە ساین تورکالی دەگوت، باوکە. کچمان دواند، کوردو کرمانجە و ماوەیەکیش هاتۆتە سلێمانی بۆ خوێندن، خوشکە تۆ چی تورکالی-ت؟ دەرکەوت ئەم ڕۆماننوسە ئینساندۆستە تەبەنی ئەم کچە کوردەی کردووە و نها کچە پێگەیشتووەو وا بۆتە پارێزەری باوکی ڕۆحی خۆی.

تورکالی چەپێکی سەر راستە، هەروا لە مەسەلەی کوردیشدا زنجیرە وتارێکی نووسی، کە دواتر لە ساڵی ١٩٩٦دا لە کتێبێکدا بەناوی (ئازادی نووسین بەزمانی کوردی) بڵاویکردەوە. وەختێک خاتوو (دەفنە) لە ستافی سەتەلایتی ئێمەجە وتی: تورکالی زۆر دۆستی کوردە و تەنانەت بێباکانە بیروڕاکانی خۆی دەڵێت. کاک ئەیوب وتی: ماوەیەک پێش ئێستا لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆندا بە ئۆجەلان-ی گوت بەڕێز ئۆجەلان و سڵاوی بۆ گەریلا نارد، لەسەر ئەمە بەڕێوەبەرانی کەناڵەکە ئەو کچە پێشکەشکارەکەیان دەرکرد.

واش بوو کە بەڕێز تورکالی باسی ئەو بەسەرهاتەی بۆ کردین، وتی: حەیف ئەو بانووەیان لە تەفزیۆن لەسەر بیروڕاکانی من دەرکرد.

## ریشەی کێشەکان

کە لەگەڵ ساین تورکالی قسەدەکەیت ریشەی کێشەکان دەباتەوە دەورانی سەڵتەنەتی عوسمانلی، ئەو سەڵتەنەتەی ڕەوتی ئیسلامگەرایی ئەمڕۆی تورکیا وەک بەهەشتی پێکەوەژیان و بێ کێشەی نەتەوەکان وێنای دەکەن.

دیارە ڕەوتی ئیسلامیی ئەم پیاهەڵدانە دەکەن وەختێک بەراوردی دەورانی فرەیی عوسمانلی لەگەڵ دەورانی تاکڕەهەندی و تاک نەتەوەیی کۆماری کەمالیزم دەکەن، لە بەراوردی وادا کە کەمالیزم بەو هەموو نکۆڵیکردنە لە بوونی نەتەوە و گروپەکان تەرەف بێت، بێگومان تەرەفەکەی تر هەر لایەنێک بێت براوەیە، بەڵام تورکالی ریشەی رەخنەکان دەباتەوە سەر عوسمانلی و ئینجا تورکیای هاوچەرخیش:

(لەڕاستیدا ئەم ڕووداوانە تازەنین، لە سەردەمی عوسمانیدا خەڵک ئازارێکی زۆری چەشت، سوریانی، ئاشووری، ڕۆمی، ئەرمەنی و کورد هەمووی خوێنیان رژاوە. دەریایەک خوێن رژاوە).

ئەو لە ڕوانگەیەکی چەپگەرییەوە ڕەخنەی لە سیاسەتی ئیقلیمی و جیهانیش گرت:

(سەبارەت بە چارەسەری، دەسەڵات ئەوەی دەبوایە بیکات، نەیکرد، لە تورکیایەکی ئاڵۆزدا دەژین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە سەرچاوەکانی وزە و زلهێزەکانی جیهانیش شەڕیانە لەسەر ئەو ناوچەیە. لەلایەک ئەمریکا و ئەورووپا هەن، لەلایەکی دیکەشەوە چین و روسیا هەن. هەر کەسە و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیەوێت هەندێک شت بگۆڕێت، حکومەتیش شڵەژاوە).

ئینجا کێشەی کوردی بە تێکڕای کێشەکانی تورکیاوە گرێدا

(جەهەپە لەسەردەمی دەنیز بایکاڵ-دا هەڵەی زۆری کرد، ئێستاش کڵچدار ئۆغڵو کوردە، خەڵکی دەرسیم-ە، بەڵام لەترسا دەڵێت تورکم. ئەم ترسە تورکیای گەیاندووەتە رەوشێکی وا ئاڵۆز، سەرۆکی حزبەکانیش دەترسن. لەلایەکی تریشەوە مەهەپە هەیە، حزبێکی فاشیستە. ئەمانە چ خێرێکیان دەبێت بۆ ئەو نەتەوانەی لە تورکیا دەژین؟).

ڤەدات تورکالی کە ماوەیەک بەشێک بوو لە هەوڵی رووناکبیر و گروپە مەدەنییەکانی تورکیا، بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیران و پارتی داد و گەشەپێدان هانبدەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد، سەرزەنشتی پاشەکشێی پارتەکەی کرد لەو بوارەدا (ئەم کێشەیە، کێشەیەکی سەرەکی تورکیایە. لە تورکیا کێشەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ هەیە، بە تەنها کێشەی کورد نییە. لە تورکیا ژمارەیەکی زۆر ئەتنیک هەن. کورد، لاز، چەرکەز، ئەمانە هەموویان مافیان هەیە. هەتا مافە سەرەتاییەکانی ئەمانە نەدرێت و ئەم نەتەوانە ئازادنەبەن، کەس ناتوانێت باس لە ئازادی بکات).

تورکالی لە هەموو شوێنێک ئەو بیروڕایانە دەڵێن. دوای ماوەیەک لەم دیدارە بیستم چۆتە ئەورووپاش، تا لە کۆنفرانسێکی مەسەلەی کورددا هەمان بیروڕا ئازادیخوازەکانی خۆی دووپاتبکاتەوە.

## نامەیەک بۆ ئەردۆگان

ساڵی (٢٠١٠) تورکالی نامەیەکی بۆ سەرۆک وەزیران نووسی، کە پڕبووە لە ڕەخنەو سەرزەنشت، چونکە ئاکپارتی بە دوودڵییەوە مامەڵەی لەگەڵ ستراتیژی کرانەوەی دیموکراتی بەڕووی کورددا دەکرد. لەسەر ئەو نامەیە پێیوتین:

(من کاتی خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە، نامەیەکم بۆ سەرۆک وەزیران نووسی. هەموو تورکیا بەمە دەزانێت. لە نامەکەدا نووسیم نابێ وازبهێنێت، بەڵام جەسارەتیان نەبوو، پرۆسەکەیان بەلارێدابرد، چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی وا نەبوو، ئەو کاتە ئەم کڵچدار ئۆغڵویەش نەبوو، مەسەلەی کورد- تورک ئێستا مەسەلەیەکی هەستیارە).

نامەکەی تورکالی، کە دەرەنجامی ئەوەبوو خۆی نەیتوانی بەشداریی کۆبوونەوەی ئۆردۆگان لەگەڵ رووناکبیران و نووسەران بکات، پڕە لە هەڵوەستەی جددی لە ئاستی کێشەکانی تورکیادا و لە سەرووی هەمووشیانەوە کێشەی کورد. ئەو لەو نامەیەدا وتویەتی:

## نوێنەرانی راستەقینەی کورد

(ناکرێ کێشەی کورد بەدوورخستنەوەی نوێنەرانی راستەقینەی کورد و پەستاندنیان لە زیندانەکاندا چارەسەربکرێت.. کردەوە گەلی وا یارمەتی دیموکراتیزەکردنی ئەم وڵاتە نادات). پاش نزیکەی هەشت مانگ لەو دیدارەمان وا ئێستا ئاک پارتی بەفیعلی لەگەڵ کورد دادەنیشێت.

ئاوەهاش بانگەوازی سەرۆک وەزیر دەکات:

(هیوادارم ڕێگەمان پێ بدەن کە بڵێین بەسەر خوێنڕشتنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، لێناگەڕێم کوشتارگەی دەرسیم دووپاتبێتەوە).

ئینجا ڕەهەندێکی مێژوویی بە گەمەی دەوڵەت لەگەڵ کێشەی نەتەوەکان دەدات، وەختێک دەڵێت:

(کرانەوەیەک کە دەخوازێت کێشەی کورد لە وڵات چارەسەربکات، ئامانجی خۆی ناپێکێت مادام نوێنەرە ڕاستەقینەکانی گەل دووردەخرێنەوە، ئەم کرانەوەیە (گەمە عوسمانلییەکەیە) لەکاتێکدا هەردوو گەلی تورک و کورد لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە وەکو برا ژیاون).

تورکالی بە سەرۆک وەزیرانی وتووە:

(ناوهێنانی هەر کەسێک کە دەچێتە ئەو شاخە بە تیرۆریست، یارمەتی چارەسەری کێشەی کورد نادات).

## سڵاو بۆ ئۆجەلان

تورکالی کە لە دیدارە تەلەفزیۆنە هەڵلاسازهێنەکەیدا سڵاوی بۆ (بەڕێز ئۆجەلان) نارد و دەنگی خستۆتە پاڵ دەنگی گەریلا، ڕەخنەی زۆری هەیە لە پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئۆجەلان. ئەو پێیوتین: (وتیان کەسی عاقڵ دەستنیشان بکرێت بۆ چارەسەری، ئەم کەسە عاقڵانە کێن؟ یەک کەس هەیە، کە بتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەربکات، ئەویش ئۆجەلانە. ئەوان دەست و قاچی ئەو پیاوە دەبەستنەوە، دوایی دەڵێن هێرشمان دەکەنە سەر، بۆچی ئەم پیاوە ناکەنە موخاتەب و بە ڕێکوپێکی قسەی لەگەڵدا ناکەن؟ ئەو لە یەکەم ڕۆژەوە وتی: بەڵێنێک بدەنە من، منیش ناهێڵم کەس لە شاخ بمێنێت).

(سەبارەت بەمەش دووەم نامەم بۆ ئەردۆگان نووسی. وتم ئەمە هەڵەیە. چەندین سەرکردەی تری کوردیش هەن، تاڵەبانی هەیە، بارزانی هەیە، دەکرێت لەگەڵ هەموویاندا قسەبکرێت و دەست لەناو دەستی یەک ئاشتی لە ناوچەکە بەرقەراربکرێت).

دواتر هاتەوە سەر گەمە عوسمانلییەکە:

(ئاکەپە خۆی وادەرخست کە هەندێک هەنگاو دەهاوێژێت و بانگەشەی چارەسەری دەکرد. ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، چالاکوانی کورد دەگیرێن، کەمتر باس لە مەسەلەی کورد دەکەن، بۆچی؟).

لێم پرسی تۆ ماوەیەک لە بزووتنەوەی چەپ بووی، چەپی تورک چۆن دەڕوانێتە پرسی کورد، ئایا ئەوان هیچ توانایەکیان هەیە بۆ چارەسەری؟

ئەو بە حەسرەتەوە وتی:

(من هیچ حزب و ڕێکخراوێک لە تورکیا نابینم کە لەئاستی ئەوەدا بێت چارەسەری بخوڵقێنێ، بەڵام هەوڵی کوردەکان شتێکی کاریگەر دەبێت لەسەر هەموو تورکیا).

دواتر هەڵوەستەیەکی کرد، وەک بخوازێت بۆ زەمەنی ڕابردوو بگەڕێتەوە، لە کتێبخانەکەی کتێبێکی دەرهێنا:

(منیش کۆن چەپ بووم، دەزانن (١٩٣٥-١٩٣٦) ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی تورکی

بووم. بزوتنەوەی مارکسیست لەلایەن کەمالیزمەوە بێ کاریگەر کرا. جەهەپە ئەوکاتە هەموو دروشمەکانی پارتی کۆمۆنیستی هەڵگرت و کەڵکی لێ وەرگرت، دواتریش دەستیکرد بە لەناوبردنی بزوتنەوەی چەپ بەگشتی. قەدەری کورد و پارتی کۆمۆنیست یەک شت بوو. کاتی خۆی لە کتێبی (قەیرانی سۆسیالیزم)دا وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەم داوەتەوە).

## فەسڵی سێیەم

# ڕەوت و حزبەکانیش قسەیان هەیە

* کاتێک تۆ دەڵێی چ تورکێکی خۆشبەختم، ئەویش مافی ئەوەی هەیە بڵێ چ کوردێکی خۆشبەختم.

نەجمەدین ئەربەکان
ڕابەری ڕەوتی ئیسلامیی لە تورکیا

* بیرمکردەوە دەبێ یارەبی ئەم گەلی کوردە بۆ چ ڕەگەز و مێژوو و زنجیرە ڕەچەڵەکێک بگەڕێتەوە؟

محەمەد ئەمین زەکی بەگ
مێژوونووسی ناوداری کورد

## جێگری سەرۆکی جەهەپە:

# ئەکەپە سیاسەتێکی توندڕەوانەی بەرامبەر بە کورد هەیە

ئێستا وا لەپلیکانەکانی پەرلەمانی تورکیا سەردەکەوین، ئەوی بیست ساڵە لە خوێندنەوەدا ناوی دەبینم (بیوگ مەجلیسی- مەجلسی وەتەنی کەبیر)، بۆ لای (میللەت ڤەکیلی) یەک کە وەختی پێش نیوەڕۆی بۆ تەرخانکردووین تا وەڵامی پرسیارەکانمان، یان راستتر بڵێم پرسەکانمان، بداتەوە.

کە من لە ئەنقەرە چاوم بەو کەوت، باسوخواس لەسەر ئەوە گەرم بوو، گوایە جەهەپە پرۆژەی لەسەر پرسی کورد هەیە. بابەتەکە جێی سەرنج بوو. چونکە ئاکپارتی، کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا رایگەیاند کێشەی کورد هەیە و دواتر حاشای لێ کرد خۆی لەم پرسە دەدزییەوە، نها جەهەپە کە سەبەبکاری سەرکوتی کوردە لە تورکیای هاوچەرخدا ئەو پرۆژەی بۆ چارەسەریی هەیە! لەو گەرمە باسەدا ئێمە عوسمان بێگمان دیت. بێگومان ئەمە لە حوزەیرانی ٢٠١٢دا بوو، پاش ماوەیەک ئاکپارتی گەرایەوە سەر ئەوەی دانووستاندن لەگەڵ پەکەکە بکات و بێتە سەر هێڵی چارەسەر، جەهەپەش گەرایەوە سەر هێڵی رەخنەگرتن لەو ئاشتی و دیالۆگە، گەرایەوە سەر تاسوحەمامی جارانی. دیدارمان لەگەڵ ساین عوسمان کور و تورک ئەندامی پەرلەمانی تورکیاو جێگری سەرۆکی (جەهەپە)یە.

کوروتورک دیپلۆماتێکی خانەنشینە کە وەک باڵیۆز لە ئێران، نەرویژ، بەرلین و پاریس خزمەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیای کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥، کە هەستیارترین ماوەی رەوشی سیاسی عیراق و هەستیارترین قۆناغی سەودای تورکیایە لەگەڵ دۆسێی کوردستانی عیراقدا. لە رووخانی دیکتاتۆریی سەددامەوە بۆ پەسەندکردنی دەستووری عیراق تا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نوێی عیراق، ئەم باڵیۆزە بەرپرسی دۆسێی عیراق بووە لە حکومەتی رەجەب تەیب ئەردۆگاندا.

ئەو کە کوڕی باوکی خۆیەتی، باوکی سەرۆک فەخری کوروتورک لەماوەی نێوان ١٩٧٣ بۆ ١٩٨٠ سەرکۆماری تورکیا بووە، دوای خانەنشینی وەزیفەی دیبلۆماسیی دەستبەرداری سیاسەت نەبوو، لەسەر لیستی پارتی گەلی کۆماری وەک نوێنەری ئەستانبول بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئێستا جێگری سەرۆکی ئەو حزبەیە.

پێکەوە لەگەڵ بەهرۆز گەلاڵی: نوێنەرە چالاک و میوان دۆستەکەی یەکێتی لە ئەنقەرە، دەچینە ژوورەوە، شڵەژاوم، چونکە خەیاڵ بردمییەوە بۆ رێککەوت و سروشتی کاری رۆژنامەنووسی کە سەرت بە ماڵی (جەهەپە)شدا دەکات. کوردێکی کاڵا لەپێی کەرکوکی

عەودالّی دیداری حزبەکەی ئەتاتورکە، کە لە یادەوەری نەتەوەییدا شیرو تیر لێک دەسوون و لە (سۆشیال دیموکرات)یشدا هەڤاڵی یەک رێگان، من یەکێتی و ئەو جەهەپەیی و هەردوکیشمان ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالین، لە کۆبوونەوەکانی ئەو رێکخراوەدا چەند جارێک لەسەر پرسی کورد بۆتە دەمەقاڵێی نێوان نوێنەرەکانمان، شڵەژام چونکە رێکەوتی رۆژنامەنووسی ناکۆکەکانی مێژوو کۆدەکاتەوە، وەختێک زەمان وەردەگەڕێ تا ئەو ئەندازەی دوا قەڵای کەمالیزم، حزبەکەی خودی کەمال ئەتاتورک، گوایە پرۆژەی هەیە بۆ چارەسەری پرسی کورد و دەخوازێ گردبوونەوەیەکی نیشتمانیی لەسەر دروستبکات.

یەکەمجار کە ناوی ئەتاتورک و حزبەکەیم بیست هی رێککەوتێکی ئیسلامی بوو، دۆستێکی تورکمانم لە کەرکوک، کە باوکی سەرو سەودای لەگەڵ رێبازی ئیخوان موسلمیندا هەبوو، کتێبێکی بەناوی (الرجل الصنم)ەوە پێدام، کە ئەتاتورکی بە نەمرود دەشوبهاند. هەردووکمان خوێندمانەوە..

(پیاوی بت)، کە نووسەرەکەی (ئەفسەرێکی پێشووی تورک) بوو، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا هەرزەکارێکی کورد و یەکێکی تورکمانی هەژاند، دوایی چووم لە دیوە کوردییەکەیدا دوای ئەو (بتە) کەوتم، چی ببینم؟

داستانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و کۆمیتەی ئیستقلال و دلاوەرانی ئارارات و دەرسیم وایان لێقەوماوە، کە پیرەمێردی نەمر لە شیعرێکدا چیرۆکی خەم و پەژارەی گێڕاونەتەوە (ئاهو نزای کوردەکانی شیمال..... گەییە ئاسمان).

دووەم جار لە تەمەنی سی ساڵیدا، ساڵانی کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیست، کە وەک رۆژنامەنووسێک دەرگیری هەواڵێک بووم لەسەر تورکیا، جا چونکە دیزاینی لاپەڕەکە بێ وێنە ناشیرین دەبوو، فۆتۆیەکی ئەتاتورکمان لەگەڵ پێشنیازکرد، دیزاینەر وای کردبوو وێنە گەورەو هەواڵیش، چونکە هی محەلییمان نەبوو، کرابووە هەواڵی یەکەم، سبەی کە رۆژنامە چاپکرابوو وێنەیەکی ئەتاتورک سەرسینگی لاپەڕە یەکی رۆژنامەکەی داگیرکربوو. تو خوا کوردێک هەیە ئەتاتورکی خۆشبووبێت (مامۆستا و عەرابەکەمان وای پرسیار کردبوو) گوتم نا، بەڵام توخوا کوردێک هەیە هەڵەی نەکردبێت؟

ئەمێستا لە زەمانی ئاوابوونی خۆری کەمالیزمدا، لەسەر دەستی نیوعوسمانلییەکان، وەختێک لەوە دڵنیابووم کوردایەتی رەسمیی و مامۆستاکەم چاوی تیژە لەهەمبەر تاوانەکانی دژی کوردەکانی شیمال کراون و لە بیرێتی ئەتاتورک زوڵمی لە کورد کردووە، هاتوومەتە مەجلیسی میللی تورکیا تا بزانم دوای نزیکەی نەوەد ساڵ لە نکۆڵی، جەهەپە چی پێیە بۆ کورد؟

## پارتی گەلی کۆماری کێیە؟

کۆنترین پارتی سیاسییە لە تورکیا، وەک کوروتورک خۆی وتی: (حزبەکانی تر دێن و دەڕۆن و ئێمە دەمێنین، ئێمە پارتی دامەزرێنەری کۆماری تورکیاین.

پارتەکە لە (٩)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٣) لە سەردەستی کەمال ئەتاتورک دامەزراوە،

ئەو لیژنە و کۆمیتانەی ئەتاتورک لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا بۆ شەڕی (ئیستقلال) پێکیهێنابوون، بوونە بناغە بۆ ڕێکخستنی حزبەکەشی. تا ئەتاتورک مابوو خۆی سەرۆک و لە ساڵی (١٩٣٨)یشەوە عیسمەت ئینونو، وەک لە سەرۆکایەتی کۆماردا جێی ئەتاتورکی گرتەوە، لە تاقانە حزبەکەشدا هەر وایکرد. ساڵی (١٩٤٦) فرەحزبی لەو وڵاتە دەستیپێکرد. پارتی گەلی کۆماری یەکەم هەڵبژاردنی فرەحزبیشی بردەوە.

بەڵام ساڵی (١٩٥٠) لە بەرامبەر پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی عەدنان مندرس کەتۆوی گەڕانەوەی مەیلی ئایینیی بۆ سیاسەتی تورکیای کۆماری چاند، دۆڕاندی و کەوتە پێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە. دەورانی دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ ڕەوشی ئۆپۆزسیۆنیدا دە ساڵی خایاند، لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە تا ساڵی (١٩٦٠) کە یەکەم کودەتا روویدا، پاش دووەمین کودەتا، کە ساڵی (١٩٧١) بەرپاکرا، زۆری پێ نەچوو حزبایەتی دەستیپێکردەوە، ساڵی (١٩٧٢) بڵند ئەجەوید وەک سێیەم سەرۆکی حزب هەڵبژێردرا، لە دوای هەڵبژاردنی (١٩٧٦) دا حکومەتێکی پێکەوەیی لەگەڵ پارتی سەلامەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی عەرابی بزووتنەوەی ئیسلامی لە تورکیا: نەجمەدین ئەربەکان، دروستکرد، ساڵی (١٩٧٨) پارتی گەلی کۆماری حکومەتێکی ئیئتلافی تری دروستکرد، ئەم تینوتاوەی ئەجەویدی لاو (قەرەئۆغڵان-کوڕە ڕەش تاڵەکە) بە حزبی کۆنی ئەتاتورکی بەخشی زۆری پێ نەچوو نیشتەوە، وەختێک سوپا سێیەم کەتنی کودەتای بەسەرۆکایەتی کەنعان ئیفرین لە (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) دا کرد، بەروارێک کە ئێستا ئیفرین و ئەفسەرە دەرجەدارەکانی لەسەری دادگایی دەکرێن و کەوتونەتە زیندانەوە..

سێ کودەتای لەسەر یەک نەک هەر حزبایەتی لەو وڵاتە تاڵوژاڵەکرد، بەڵکو بەتایبەتیش حزبەکەی باوکی دامەزرێنەری تورکیای نوێی هەلاهەلاکرد، سوپا خۆی بە پارێزەری ڕێباز و باوەڕەکانی ئەتاتورک دەزانی، بەڵام زۆری خەم لە حزبەکەی ئەتاتورک نەدەخوارد. سوپا چاوی لە دیزاینی کۆمارەکەی ئەتاتورک بوو، نەک دیزاینە حزبییەکەی کە دنیا و دینی لە تورکیا قۆرخکردبوو. دونیاکەی دەوڵەتی نوێ بوو. دینەکەی حزبەکە بوو. سوپا دەوڵەتەکەی بردو دینەکەشی بۆ قەدەر جێهێشت..

لەنیوەی هەشتاکاندا، کە چەند بارە دەرفەتی فرەحزبی هاتەوە، ئەندامانی (جەهەپە) بە کۆمەڵ چوونە ناو حزبەکانی ترەوە، ساڵی (١٩٩٢) جەهەپەی قەدەغەکراو سەرلەنوێ بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکاڵ تێهەڵچووەوەو نوێنەرەکانی لە هەڵبژادنی ساڵی (١٩٩٥) دا ١١٪ دەنگەکانیان هێنا و (٤٩) کورسییان گرت.

ئینجا ساڵی (١٩٩٩) شکستێکی کەمەرشکێنیان خوارد، شکستی دوای ئەوەش شەخسی بوو، بەڵام کاریگەری لەسەر هەژاندنی حزبەکە هەبوو، بایکاڵ تووشی سکاندالێکی کۆمەڵایەتی هات و ناچار کشایەوە و حزبەکەی کەوتە دەست سەرۆکی حاڵی حازر، کەمال کلچیکدار ئۆغلو. ئەم عەلەوییە بەڕەچەڵەک کوردەی شاری دەرسیم کە باوکی لە قوربانییەکانی شۆڕشی سەیدرەزای دەرسیمی بوو، لە ساڵی ١٩٣٨، ئێستا ڕێبەرایەتی حزبەکەی ئەتاتورک دەکات. سەرۆکی نوێ لەناوەوە هەندێک گۆڕانکاری کردووە و لەناو گێژەنی سیاسی تورکیادا

یەکەم رکابەری حزبی دادو گەشەپێدان و رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکێتی. دایمەی خوا دەمەقاڵێ و شەڕی سیاسییانە لەسەر هەموو پرسەکانی رۆژ لە ئەنقەرە. تەنانەت هێندێک ناوەندی میدیایی و سیاسی تورکیا جوڵاندنی دۆزی کوردیش لەلایەن حزبەکەی کلچیکدار ئۆغلووەوە بە بەشێک لەو دەمەقاڵێیە دەزانن، چونکە دیاربوو گفتوگۆکارمان باڵیۆز ساین عوسمان کوروتورک بە تەوسەوە باسی مامەڵەی دادو گەشەپێدانی دەکرد لەگەڵ دۆسێی کورددا. ئەوەبوو وتی: (ئاک پارتیی کرانەوەی دیموکراتی راگەیاند، بەڵام خەڵکی هیچی لێ تێناگات، شتێکی وام تێدا نەبینی)..

کە گەیشتین سکرتێری ئۆفیسی باڵیۆز و پەرلەمانتار بەخێرهاتنی لێ کردین، دیاربوو دەیزانی ئێمە میوانەکەی ئەوانین، فەرمووی لێ کردین تا خەبەربدات باڵیۆز و جێگری سەرۆکی حزب کەمێک وادەکەی دواخستبوو، چونکە لەناکاو کلچیکدار ئۆغلو سەرۆکی حزب بانگیکردبووە لای خۆی، ژبەر هەندێ وادەیەکی تری پێدابووین بۆ ئەوەی لە نووسینگەکەی بەندی گەڕانەوەی ئەو نەبین .

بۆیە یەکسەر خۆی پێشوازییکردین و گوتی: نزیکەی سەعاتێک لە خزمەتی پرسیارەکانتاندا دەبم. دوای چاکوچۆنی و خزمەتی چای و ئاو، هەواڵی تەندروستی سەرۆک تاڵەبانی لە بەهرۆز گەلاڵی پرسی. ئەو گوتی: سەرۆک تاڵەبانی خۆشدەوێت، چونکە رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە ناوچەکەدا، ئێمەش پرسیارمان دەستپێکرد.

## گرێبەستێکی میللی

*** پێم باشە لە پرۆژەکەی جەهەپەوە دەستپێبکەین، جەهەپە پرۆژەیەکی پێشنیارکرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئەگەر بکرێت وردەکاری و هۆکارەکەی ئەو پرۆژەیە باسبکەیت؟**

– حزبەکەی ئێمە یەکەم حزبە کە دروستبووەو جمهوریەتی دروستکردووە، ئێمە لە ڕوانگەی چەپێتیمانەوە بۆ پرسی میللـەت دەمانەوێت ئەو کێشە و گرفتانەی هەیە چارەسەریبکەین، پێش هەڵبژاردنی نوێ ئێمە پرۆژەکەی خۆمان بۆ میللـەت روونکردەوە، کێشەی نەتەوەیی تر هەیە دەمانەوێت لە چوارچێوەی گرێبەستێکی میللیدا چارەسەریبکەین. تاکو ئێستا مەسەلەی تیرۆر بووەتە لەمپەر بۆ چارەسەرکردنەکە. ئێمە دەمانەوێت ئەوە جیابکەینەوە، تیرۆر مەسەلەیەکەو ئەوەش مەسەلەیەکی ترە. لەو روانگەیەوە دەمانەوێت پرۆژەکەی خۆمان جێبەجێبکەین. هەزار ساڵە کورد و تورک بەیەکەوە کاردەکەن، کورد و تورک مێژووییەکیان هەیە بەیەکەوە. لە کوردستانی عیراقیشدا ئەگەر هەر کێشەیەکیان هەبێت، دێن لە تورکیا چارەسەریدەکەن، ئێمە بانگەوازێکمان بۆ پارتەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) داواکردووە، ئێمە یەکەم حزبین کە ئەو مەسەلەیەمان زۆر بە جددی گرتووە.

## کۆمیتەی حزبەکان

کوروتورک پێشنیازی حزبەکەی کرد بە دوو بەشەوە، کە بریتین لە کۆکردنەوەی بۆچوونەکان و ئینجا ئاشکراکردنی بیروڕای خۆشیان.

ئەو وتی: (وەکو حزبی کۆمارییەکان (جەهەپە) بەجددی بەدوای ئەو مەسەلەیەوەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەش نەمانکرد پرۆگرامی خۆمان پێشکەش بکەین و بڵێین وادەکەین و بەو شێوەیە دەکەین، بەڵکو وتمان بادانیشین لەگەڵ هەموو حزبەکان، ئەوان بیروبۆچوونی خۆیان بێنن و بۆچوونەکان تێکەڵاودەکەین بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیەی پێ بکەین و پێکەوە پرۆگرامێک دابنێین. ئێمە بیروبۆچوونی خۆمان هەیە، بەڵام دەمانەوێت کۆمیتەیەک لەگەڵ حزبەکان دروستبکەین، دواتر ئەو کۆمیتەیە لەناو میللـەتدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بیروبۆچوون کۆبکاتەوە. ئەوکاتە بۆچوونەکان نزیکدەکەینەوە. ئینجا ئێمەش بەرنامە و بۆچوونی خۆمانمان هەیە).

وەک دەزانین ئەم بەرنامەیەی کە جەهەپە بانگەوازی بۆ کرد. دیدارێکی نێوان دوو رکابەرە سەرسەختەکە کەمال کلیچدار ئۆغلوو رەجەیب تەیب ئەردوگانی لێکەوتەوە، لە رۆژی ٢٠١٢/٦/١١ی رابردوودا. گفتوگۆکارەکەمان گوتی:

(ئێمە سوپاسی حکومەت دەکەین، کە ئەو پێشنیارەی ئێمەیان بە پۆزەتیڤ وەرگرت، بەڵام مەهەپە (پارتی نەتەوەپەرستی تورک) ساردە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە. بەهیواین مەهەپەش ئەو مەسەلەیە بەجددی وەربگرن و جارێکی تر بیری لێ بکەنەوە. بەهیواشین پارتی ئاشتی و دیموکراسیش (بەدەپە) ئەو هەلە بقۆزنەوە. ئەو چوار پارتەی لەناو پەرلەمانن، هەریەکە نوێنەرایەتی بەشێکی میللـەت دەکەن. ئەو بۆچوونانەی لەناو میللـەتەوە دێن، لە بنکەکەوە دێن، بۆیە ئەو بیروبۆچوونانە لە کۆتاییدا دەبنەوە یەک بیروبۆچوون. چاوەڕوان دەکەین وردە وردە ئەو مەسەلەیە گەڵاڵەبێت ئەوجا دەستدەکەین بە گفتوگۆ. ئێمە کارمان زۆر لەسەر کردووە. ئەو ئیشوکارانەشی لەو مایەدا کردوومانە دەیخەینە ناو پرۆگرامەکەوە. عوسمان کوروتورک نموونەی گێڕایەوەو وتی: لە ساڵی ٢٠١١دا لە شاری وان کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەوە کۆنفرانسێک بوو بۆ لێکۆڵینەوەو گەڕان بە دوای چارسەردا. لەوێ ویستمان بزانین دانیشتووانی ناوچەکە، کە لەوێ دەژین، چۆن دەڕواننە ئەو مەسەلەیە؟ ویستمان بیروبۆچوونی ئەوانیش وەربگرین داخۆ چۆن دەڕواننە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ ئێمە؟ ئەو کێشەیەمان هەیە تیرۆر تەگەرە دەخاتە بەردەم ئەم پرۆژەیە. بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین ئەو مەسەلەی تیرۆرە کۆتایی پێ بهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانی خۆمان بکەین، ئەو رووداوەی چەند رۆژێک پێش ئێستا روویدا (مەبەستی رووداوی ٢٠١٢/٦/١٩یە کە چالاکییەکی پەکەکە کوشتنی چەند سەربازێکی لێ کەوتەوە)، ئەوە مەسەلەکە ئاڵۆزتردەکات و تەگەرە دەخاتە بەردەم ئەو چارەسەرەی ئێمە پێشنیازیدەکەین.

## هێڵە گشتییەکان

*** هەرچەندە وتت جارێ بیروڕای خۆتان ناڵێن، چاوەڕێدەکەن کوتلەکانی تر و میللەت بیروڕای خۆیان بڵێن، بەڵام دەکرێت هیچ نەبێت هێڵە گشتییەکانی بیروڕای خۆتان لەسەر ئەو چارەسەرە باسبکەن؟**

-ئێمە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیمان کرد لەسەر مەسەلەکان. رەنگە لای هەندێک کەس

ئەوەی ئێمە داوامانکردووە زۆربێت، بەڵام بەرای هەندێک کەسی تر ڕەنگە کەمبێت. (دواتر بە ئیمێڵ بۆتانی دەنێرم، بۆ ئەوەی لە کتێبەکەدا کەڵکی لێ وەربگرن).

*** ئەکەپە دەڵێت من هەندێک هەنگاوم ناوە بۆ چارەسەرکردن، ئێوە وەکو جەهەپە چۆن دەڕواننە ئەو هەنگاوانەی تاکو ئێستا حزبی حوکمڕان ناویەتی؟**

-لە پێشووتردا ئاکەپە کرانەوەی دیموکراسی ڕاگەیاند، بەڵام ئێمە سەیردەکەین ئەو کرانەوە دیموکراسییە بەرنامەیەکی وای تێدا نییە کە بەو کارە هەستێت. ئێمە هیچ تێنەگەیشتین و خەڵکیش لێی تێناگات، چونکە هەر قسەیە، کارێک نییە بە پراکتیکی بکرێت. ئەوان وتیان ئێمە کرانەوەی دیموکراتی دەکەین، گروپێکیان هێنایەوە لە خاپورکە ڕێگەیەکی زۆر غەڵەت بوو، چونکە میللـەت ناڕەزایی زۆری دەربڕی لەو هەنگاوە. (گفتوگۆکارمان کوروتورک لێرەدا ئاماژەی بەو چالاکییە کرد کە چەند گەریلایەکی پەکەکە لە خاپورەوە گەڕانەوە بۆ تورکیاو پێشوازییەکی گەورەیان بۆ کراو لەلای تورکەکان کاردانەوەی زۆری هەبوو، ئاک پارتیش وەک پاشگەزبوونەوەیەک لە (کرانەوە)ی دیموکراسی ئەوانەی خستە زیندانەوەو دادگاییکردن. پەکەکەش ئەمەی کردە ناونیشانی جددینەبوونی دەوڵەت لە چارەسەری پرسی کورددا).

ئێمە لەو ڕوانگەیەوە کە دەبینین ئەوان سیاسەتێکی توندڕەوانەیان بەرامبەر بە کورد گرتۆتەبەر. بۆیە دەمانەوێت بە هەمووماەنوە لەگەڵ کۆمەڵگا چارەسەرێکی گونجاو بدۆزینەوە. ئێمە دەگەڕێین بە دوای ئەوەدا کە هەمووومان پێکەوە لەگەڵ حزبەکاندا بگەینە دەرەنجامێک و بیرێک بدۆزینەوە کە چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین؟

## دانوستانی پەکەکە و دەوڵەت

کوروتورک ڕەخنەشی لە دانووستاندنی نێوان پەکەکە و دەوڵەت لە ئۆسلۆ گرت و وتی: بۆ نموونە باسی مەسەلەی ئۆسلۆ دەکەن. ئەو مەسەلەیە کەس نازانێت چۆن دەستیپێکردووە؟ میللـەت ئاگادارنییە، نازانێت مەسەلەکە چییە؟ بۆیە دەبێت ئێمە بەهەمووماەنوە یەکەیەکی فکری بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەناو حزبە سیاسییەکاندا.

*** لە قسەکانتدا وتت تەنانەت کوردەکانی عیراقیش کێشەیەکیان هەبێت هەوڵدەدەن لەگەڵ تورکیا چارەسەریبکەن، چونکە ماوەی هەزار ساڵ پێکەوە ژیاون، بەڕای ئێوە حزبە کوردییەکانی عیراق یاخود کوردی عیراق بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت چ ڕۆڵێک بگێڕێت لە هاوکاریکردنی ئێوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە؟**

- ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی تورکیایە، پێویستە خەڵکی تورکیا خۆی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، بەڵام تیرۆر بەشێوەیەکی زۆر نێگەتیڤ کاریگەریی هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بۆیە ئەگەر تیرۆر بەردەوامبێت چارەسەری ئەم مەسەلەیە پەکی دەکەوێت، ئێش و ئازاری دەبێت. ئەمە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت بەسەربەستی فیکر دروستبکات. لەبەرئەوە پێویستمان بە هێمنی هەیە گفتوگۆ لەبارەی ئەو مەسەلەیە بکەین. دەبێت تیرۆر لەناو ئەو مەسەلەیە نەمێنێت و پەکەکە چەک دابنێت و کۆتایی

بەشەڕکردن بهێنین. ساڵی ٢٠٠٩ باڵیۆز بووم لە پاریس سەرۆک تاڵەبانی هاتە پاریس، لە کۆنفرانسێکدا ئەم بیرۆکەیەی پێشنیارکرد.

سەرۆک تاڵەبانی لە کۆنفرانسەکەدا قسەی زۆر باشی کرد، وتی لەبەرئەوەی تورکیا دیموکراسیی تیادایە مەسەلەی شەڕ لە تورکیا نەماوە، پێویستە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە و بەشێوەیەکی ئاشتی و هێمنانە ئەو مەسەلەیە چارەسەربکرێت. ئەمەش وەڵامێک بوو بۆ سیناتۆرێک کە پرسیاری لێ کرد، بەو شێوەیە جوابیدایەوە، ئێمە پشتگیری ئەو سیاسەتە دەکەین. پێویست نییە شەڕبکرێت، ئەو مەسەلەیە بەسیاسەت چارەسەربکرێت، کوردی عیراقیش دەتوانن لەو مەسەلەیە هاوکاربن، هەمیشە هاوکارییکەن، پێویستە قەندیل نەبێتە بنکەیەک کە پەکەکە بەکاریبهێنێت لە دژی تورکیا. ئێمە بە پۆزەتیڤ لێی دەڕوانین کاتێک ئەوان وەک دراوسێیەک هاوکارییبکەن، کە ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت و چەک دابنێن، ئێمە بە سوپاسەوە لێی دەڕوانین.

*** وتتان کە دۆسێی کورد لە دۆسێی تیرۆر جیادەکەنەوە، بەڵام وتت تیرۆر ڕێگرە لەبەردەم چارەسەرکردنەکەدا، پێتوانیە(تیرۆر) زەمینە بۆخۆی سازدەکات، کاتێک کێشەکە چارەسەرنەکرێت. بەواتایەکی تر ئەگەر ئێوە هەنگاوبنێن بۆ چارەسەر(تیرۆر)ەکەش خۆی کۆتایی پێ بێت؟**

- بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە خەڵکیش هەیە نایەوێت بکرێت. بۆ نمونە، کاتێک ئیرادەیەکی سیاسی ئامادەدەکەیت تیرۆر هەوڵدەدات ئەو ئیرادە سیاسییە تێکبدات. پێویستە مەسەلەی تیرۆر نەمێنیت. کەشێکمان دەوێت کە بتوانین کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لەو مەسەلەیە بچینە پێشەوە.

## ئاوێتەکردنی پەیوەندییەکان

گفتوگۆکارمان کە خۆی باڵیۆز بووە لە خارجییەی تورکیا روانینی خۆی و حزبەکەی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عیراق ئاوێتەکرد. ئەو کە ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ وەفدێکی وەزارەتی دەرەوە هاتۆتە کوردستانی عیراق و نامەیەکی سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئۆردوگانی پێ بوو بۆ سەرۆک مام جەلال، باسی ئەو دەمەی کرد کە چاوی بە سەرۆک تاڵەبانی کەوتووە. نامەکەی ئۆردوگان دوای ئەوە بوو، کە ئیتر ئەنقەرە دڵنیابوو سەرۆکی داهاتووی عیراق تاڵەبانییە. نامەکە پەیامی دۆستایەتی تورکیا بوو بۆ تاڵەبانی و عیراق، کە ئەوان ڕێز لە بڕاردەی عیراقییەکان دەگرن، کە تازە دەستووری فیدراڵیان نووسیبوو. کوروتورک لەو بارەیەوە دەڵێ:

- عیراق و تورکیا دوو وڵاتی گرنگن، هاوکێشەیەکی هاوسەنگیشن بۆ ناوچەکە. ئێمە وەکو تورکیا بەردەوام یەکێتیی خاکی عیراق دەپارێزین و داوای دەکەین، ئێمە میکانزمێکمان دروستکرد بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری ناوخۆی یەکتری وەرنەدەین. هەوڵماندا ئەو دیموکراتییەی لە عیراقدا هەیە هەندێک گەشەبکات و بناغە دابنێت، تاکو بەرەو پێشەوە بڕوات. ئەو کاتەی کە من هاتمە عیراق دەستووری عیراقیان دادەنا، کە لەوێ چۆن وڵاتێکی فیدراڵی دوستدەبێت. ئەو کاتە ئەوان هەموویان ڕێککەوتبوون لەسەر ئەو مەسەلەیە. ئێمە

وتمان لە وڵاتێکی وەکو عیراق میللـەت دەبێت خۆی بڕیاربدات چ دەستوورێک یاخود چ شتێک بۆخۆیان دادەنێن. وتمان ئەگەر فیدراڵیتان دەوێت ئەویان بڕیاری خۆتانە، ئێمە دەستی تێوەرنادەین. ئەوەش لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی نیشتمانیدا کە دەبێت خەڵک رای لەسەر بدات. جاری یەکەم دەستورێک دروستدەکرێت پاشانیش ئەو دەستوورە لەلایەن میللـەتەوە پەسەنددەکرێت. ئێمە وتمان ئەوە فیدراسیۆن بێت یان دەوڵەتێکی تر، ئێمە دەمانەوێت عیراق وڵاتێکی یەکگرتووبێت، ئەوەی بۆ خەڵکی عیراق باش بوو ئێستا هاتووەتەدی.

تورکیا لەگەڵ (باکوری عیراق) ئێستا باشترین پەیوەندی هەیە، لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و کلتورییەوە. ئێمە وەکو جەهەپە دەمانەوێت ئەو جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ بەغداش دروستبکەین، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئاکپارتی (ئاکەپە) لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کێشەی هەیە. کۆماری تورکیا وڵاتێکی عیلمانییە، پێویستە ئایین و مەزهەب تێکەڵاونەکرێت و تورکیا وەکو دەوڵەتێکی عیلمانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی هاوسێی خۆی بمێنێتەوە، پێویستە لە دەرەوەی مەزهەبەوە بڕوانینە کێشەکان.

## کێشەی مەزهەبی

*** واتە ئێستا ئەو کێشەیەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە مەزهەبییە بەرای جەنابتان؟**

– وا دیارە، چونکە لایەنێکی مەزهەبییە، مالکی وا دەڵێت ئێمەش وا دەڵێین. هەردوولا دەڵێن کێشەی مەزهەبیە، پێویستە ئەو مەسەلەیە نە ئایینی بێت، نە مەزهەبی. لە دەرەوەی ئەوانە ئێمە لێی دەڕوانین. پێویستە ئێمە لە یاسای تورکیا لانەدەین، ئەو کاتەی ئێمە دێینە پەرلەمان و حکومەت، ئەوکاتە باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئێوە دروستدەکەین. ئێمە ئێستا دەبینین لەگەڵ بەغدا کێشە هەیە، ئاسودە نین کە بێنە سەر حوکم لەگەڵ حکومەتی بەغدا و لەگەڵ حکومەتەکانی دەوروبەریش پەیوەندی باش دەکەین. بەبێ ئەوەی دەست لەکاروباری یەکتری وەربدەین. دەبێت مافی مرۆڤ و دیموکراسی جێبەجێبکەین، یاسای بنەڕەتی، سەربەستی و ئازادیی بیروڕای داوە. هەمووجۆرە هاوکارییەکی سیاسی و دۆستانە بەو شێوەیە دەبینین.

دیدارمان لەگەڵ حزبێکی سۆشیال دیموکرات بە دەرفەت زانی تا دیدیان لەسەر ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بزانین. هەرچەندە جەهەپە ماوەیەک لە هێڵی سۆشیال دیموکرات دواکەوت. تێبینی ئەوەیان دەکرد لەو بەهارەدا. حزبە هاوڕێکانی (دادو گەشەپێدان)ی رکابەری ئەوان براوەی یەکەمن. جێگری سەرۆکی جەهەپە وەک سۆشیال دیموکراتێک لەسەر ئەو پرسە تێهەڵچووەوەو رەخنەی لەو بەهارە گرت. وتی:

## بەهاری عەرەبی

من دڵنیانیم ئەوە بەهارییە یان نا؟ بەهار دەستیپێکرد، بەڵام بۆ رێگایەکی تر ڕۆی، ئەو ناوچەیە شوێنی دەستکەوتنی مەدەنییەت بوو، ناوچەیەکی زەنگینە لە سەرو ژێر خاک. ناوچەیەک مەدەنییەتی لێ دروستبووە. مرۆڤی زۆریشی لێ دەژی، پڕە لە میللـەتی

جیاواز جیاواز، بەڵام بەداخەوە لە ماوەیەکی زۆردا هەر سیستمی دیکتاتۆری حوکمی ئەو میللـەتانەی کردووە. ئێستا دنیا دەگۆڕێت. مرۆڤیش هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کەدێنە پێشەوە دەبینێت. ئەوانیش مرۆڤی بەنرخن دەیانەوێت خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن و بڕیاربدەن. ئێمە وەکو سۆسیال دیموکراتەکان بنەمامان ئەوەیە دڵخۆشین کە میللـەت خۆی چارەنوسی خۆی دیاریدەکات.

*** بەڵام هەست ناکەیت سۆشیال دیموکرات و عەلمانیەت لە ناوچەکە روبەڕووی هەرەشەی پاشەکشێ بوونەتەوە؟ دیکتاتۆرەکان ڕۆیشتن، بەڵام پێدەچێت ئسوڵییەکان بێن، نەک دیموکراسی و عەلمانی و سۆشیال دیموکراسی؟ هەست ناکەیت پێویستە ئەو پێشهاتانە ببینرێت.**

– محافزکارەکانی خۆرئاوا بەهێزدەبن، ئەو گۆڕانکارییانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن. ئەو کاتە جۆرێکی لە دیموکراسی نوێ دێتە پێشەوە، دیموکراسییەتێکی پیشاندراوە. لە فەرەنسا شتێک هەیە دەڵێن ئەوە پزیشکە کە لە هەر شوێنێکیش دەڕوانیت لە تابلۆکان نووسراوە ئەوە پزیشکە، بەڵام کاتێک کە دێتە تورکیا پزیشک نییە، واتە دیموکراتیی پیشاندەدات، بەڵام دیموکراتی نییە. بەپارە دەخوێنێ و بەپارە دکتۆراکەی خۆی وەردەگرێت و تەواو. ئەوە دیموکراتیەتێکی ترسناکە. ئەوەی دەیبینین، ئەوانە دەیانەوێت وای پیشانبدەن کە دیموکراسین. ئەوانە تەنها محافزکارەکانن وای پیشاندەدەن. لە کۆبوونەوەی سۆسیال ئینتەرناسیۆناڵ ئەو مەترسییەم روونکردەوە، وتم ئەو دیموکراتییەی ئەمانم دەوێ (واتا دیموکراسی وەکو لای خۆتان لە رۆژئاوا هەیە)، نەک دیموکراتییەکی دروستکراوی دیکە. خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە دیموکراتی خۆیان بەدەستی خۆیان بەدەستبهێنن، نەک وەکو دیکتاتۆری بیهێنن و پیشانیانبدەن و لە دەرەوە بۆیان بهێنن. دیموکراسییەکی جددی بێت، کە مافی ژنان و مرۆڤ و هەموو ئەوانە جێبەجێبکات. ئەگەر ئەوە بکەن، ئەوا ئەوێ شوێنێکە دەبێتە سەنتەرێک بۆ هەموو جیهان. ئەوە بۆچوونی ئێمەیە وەکو سۆسیال دیموکرات. وەکو جەهەپە ئەزموونی خۆمان لەو روانگەیەوە دەخەینە خزمەت هەرکەسێکەوە کە بیەوێت).

خانەخوێی پەرلەمانیمان لوتفی زۆری لەگەڵ نواندین، لە دیدارەکەدا کە جیاوازی ئەندێشەیی تەڕو ئاودار کرد. وەک عەرەب دەڵێن (الاختلاف لا یفسد للود قضیة) بەتایبەتی کە وەک دیارە ئەمەی ئەو وتی لەچاو روانینی جارانی جەهەپە پێشکەوتنێکە بە پێوەرەکانی بەرەی سیاسیی کەمالیزم. یان وەکو رۆشنبیر و پەخشکار عەبدوڵڵا کەسکین خاوەنی وەشانی ئاڤێستا وتی: بایەخی راگەیەندراوەکەی جەهەپە لەسەر چارەسەری پرسی کورد لەوەدایە، فەزای سیاسیی تورکیا دەکاتەوە، کە فەزایەکە کەمالیزم دروستیکردووە.

هەنووکە حزبی دامەزرێنەری کۆماری کەمالیزم داوای چارەسەردەکات، ئەمە یارمەتیدەرە تا فەزای سیاسی تێگەیشتنی بۆ پرسی کورد هەبێت.

بەهەرحاڵ دونیا گۆڕاوە، جەهەپەش لەم دونیایەدا دەستپێشخەریدەکات ژ بەر وی وەک سوپاسێک بۆ ئەم لوتفە شەخسییە سیدی کۆکتێلێکی مۆسیقای کوردیم پێشکەش بە ساین عوسمان کوروتورک کرد، کە مامۆستا ع.ج. سەگرمە کاری لەسەر کردووەو یەک لە پارچەکانی هی گۆرانی دروێنەی وەرزێرانی کوردە (کاکە سەری من دێشێ).

## محەمەد بێکار ئۆغلو:
# ئەگەر کوردەکان بیانەوێت دەتوانن جیاببنەوە

ئۆسکۆدار یەکێک لە شارەوانییە دێرینەکانی ئەستانبوڵی گەورەیە، نزیکی دەربەندی بسفۆرە لەدیوە ئاسیاییە رۆژهەڵاتییەکەی ئەستانبوڵ. ئەم دەڤەرە بە مزگەوتە زۆر و گەورەکانی ناسراوە. سەد و هەشتا مزگەوتی تێدایە، کە هەندێکیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانلی لە زەمەنە جیاجیاکانیدا، لەوانەش مزگەوتی (ڤالدە سوڵتانن)، یانی سوڵتانەی دایک میهریما، کە بەدەستی رەنگینی ئەندازیاری گەورەی عوسمانلی سینان نەخشی کێشراوە.

### گۆڕەپانی ململانێی خوێناوی

خەسڵەتە ئاینییەکەی ئەم مزگەوتانە قەرەباڵغیان بەم دەڤەرە داوە، بەڵام ئۆسکۆدار لەنیوەی دووەمی هەفتاکاندا یەک لە گۆڕەپانەکانی ململانێی خوێناوی نێوان چەپ و راستی بزووتنەوەی گەنجەکانی تورکیا بووە.

ئەردۆگان، لێرە، لە گەڕەکی قاسم پاشا پێگەیشتووە و سەرۆکایەتی شارەوانیی گەورەی ئەستانبوڵ و ئینجا حوکمڕانی تەواوی تورکیای بەدەستهێناوە. لێرە یاری فوتبۆڵی کرد و ئێستا یاریی ئیقلیمیی گەورە گەورە دەکات.

لەگەڵ کاک چەکدار ئەچینە دیداری سیاسەتکارێک، کە بیروڕاکانی هەم ئیسلامەتی و هەم چەپگەراییشە، لە وەختێکدا ئیتر ململانێی چەپ و ڕاستەکان نەماوە.

ئێمە لە ئۆسکۆدار دیدارمان لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی خاکیی هەیە، جێگری سەرۆکی حزبێکە بێ حەرەس و حیمایە لە چایچانەیەکی میللی چاوەڕێمان دەکات. گفتوگۆکاری ئەمجارەمان، کە هەر کوڕی رەوەتی ئیسلامییە، ئەگەرچی رەخنەی زۆری لە حزبی حوکمڕانە، محەمەد بێکار ئۆغلووە، کە لایەنگری یەکخستنی کۆششی سیاسی و فیکریی بزووتنەوەی چەپ و ئیسلامییە لە هەمبەر(هێرشی ئیمپریالیزم)دا. بۆ ئەم مەبەستەش ئەزموونی کۆنگرەیەکی بۆ هەردوو رەوت سازکردووە.

پزیشکار و سیاسەتمەدار محەمەد بێکار ئۆغلو (ئەستانبوڵ-ریزە، ساڵی ١٩٥٤). لەگەڵ پارتی رەفا چووە ناو دنیای سیاسەتەوە و نوێنەری شاری ریزەبووە لە پەرلەمان. دوای داخستنی پارتی رەفا، سەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ حزبی فەزیلە، دوای ئەوەی حزبی فەزیلەش داخرا، وەکو زۆرێک لە هاوڕێیانی نەچووە ناو ئاکەپە و بووبە ئەندامی حزبی سەعادەت.

لەکاتێکدا جێگری سکرتێری گشتی حزبی سەعادەت بوو، دەستی لە کارکێشایەوە. پاشان لەگەڵ ئەرتوغرول گونای لەسەر ناوی بزوتنەوەی (چەپی ئیسلامی) درێژەیان بە خەبات دا. بێکار ئۆغڵو لەناو پەرلەمانی تورکیادا لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ کاریکردووە. ئینجا بووە جێگری سکرتێری گشتی پارتی دەنگی گەل (هاس پارتی). ئەم حزبە دوایی تووشی تەنگژە هات، چونکە سکرتێرەکەی چووە ناو ئاک پارتییەوە.

لەو کاتەی ئەردۆگان پێشنیازی بۆ سەرۆکی حزبەکەیان کرد بێتە ناو داد و گەشەپێدانەوە بەو هیوایەی عوسمان کورتولموش ببێتە سەرۆکی داهاتووی داد و گەشەپێدان، بێکار ئۆغلو دژی ئەم پێشنیازە وەستاوەتەوە و تا ئێستا خۆڕاگری دەکات. وەک لە رەخنەکانی دیارە، بیروڕای لەسەر پارتی داد باش نییە. لێمان پرسی وەکو رەوتێکی موحافیزەکاری ئیسلامی، راتان لەسەر چارەسەری پرسی کورد چییە؟ بەدەم خواردنی زەڵاتەیەکی ساکارەوە وەڵامیدایەوە:

(پارتی دەنگی گەل (هاس پارتی) لایەنگری ئازادییەکانە، بۆیەش مافەکانی مرۆڤ و ئازادی گەلان بەلای ئێمەوە گرنگە) ئەمەی وەک پرەنسیبێک گوت. ئینجا ریوایەتی دروستبوونی جەمهوریەتی لە روانگەی رەوتی ئیسلامییەوە گێڕایەوە (لە تورکیا کێشەیەک هەیە بە ناوی کێشەی کورد، ئەو کێشەیە لەو کاتەوە دەستیپێکردوە کە لە تورکیا دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن دامەزرا، واتە کاتێک کە دەڵێین دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن، ئەوانەی کە بەڕەگەز تورک نەبوون و ئەوانەشی کە ئیسلامی بوون و لایەنگری مۆدێرنیتە نەبوون، ئەوا بەلاوەنران و کەوتنە ژێر گوشارەوە. لێرەدا خەڵکی دیندار هیچ ناڕەزایەتییەکی دەرنەبڕی، بەڵام کوردەکان ناڕازیبوون)، ئۆغلو دوای ئەوە رەهەندێکی کەلتووریی و ناسنامەیی دایە پرسەکە (پرسی کورد لەوەوە سەرچاوەیگرت. ئەوەی کە زمانەکەیان قەدەغە کرا، ناسنامەی نەتەوەییان لێسەندرایەوە، بەم شێوەیە مەسەلەی کورد وەکو پرسێک لەدایکبوو).

بابەتی سەرنجراکێش لای گفتوگۆکارمان هەڵسەنگاندنی بوو بۆ جەمهوریەتی ئەتاتورک، کە ئەمڕۆ رەخنەکردنی ئەتاتورک لە درزی مەسەلەی کوردەوە بۆتە مانشێتی رۆژەڤ لە نێوەندی موحافیزکاری تورکیادا.

(بەڕای ئێمە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەیە. ئەو سیستمەی لەگەڵ کۆمار هاتە سەر کار سیستمێکی هەڵەبوو، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دوای سەدەیەک نەمانتوانیوە ئەم کێشەیە تێپەڕێنین. بە بۆچوونی پارتەکەی ئێمە، ئەگەر کوردەکان بیانەوێت جیاببنەوە، ئەوا دەتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیانە جیاببنەوە، بەڵام ئێمە لایەنگری یەکگرتووییین. چۆن لە مێژوودا کورد و تورک بەیەکەوە لەون یشتمانەدا ژیاون، ئاواش ئەمڕۆکە دەتوانین فۆرمولی چارەسەری ئەم کێشەیە بدۆزینەوە. تورکێک لێرە چۆن دەژی، ئەوا کوردێکیش دەتوانێت بەهەمان شێوە بژی و بەیەکەوە درێژە بەو رێگایە بدەین. پارتی دەنگی گەل بەرنامەیەکی بەمجۆرەی هەیە، لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئەمەمان ئاشکراکردووە کە بۆ بەردەوامی ژیانی تورک و کورد بەیەکەوە چی بەرنامەیەکمان هەیە).

ئێمە باسمان لە کێشەی کورد کرد کە چۆن دەستیپێکرد، هەروەها لە سەرووی کێشەی

کوردیشەوە پرسی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەیە ٣٠ ساڵە خوێن دەڕژێت، کۆمەڵێک مرۆڤ لە چیاکانی باکووری عیراقن، ئەم کێشانە هەمووی پەیوەستن بەیەکترەوە. ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ئەم کێشانە بکەین، هەندێک جار پێویستدەکات بەجیا کێشەکان بگرینەدەست، هەندێکجاریش بەیەکەوە. پێش هەمووشت دەبێ کێشەی کورد چارەسەربکرێت، ئەمەش ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی زۆرجددی هەیە، کە پێویستی بەهەنگاوی رادیکاڵ هەیە. یەکەم: پێویستە زەمینەی ئەوە خۆشبکرێت کە کوردەکان لە تورکیا ببن بە خاوەنی ناسنامەی خۆیان و مافی خوێندن و بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆیان هەبێت. دووەم: نەک تەنها بۆ کوردەکان، بەڵکو پێویستە بوار بڕەخسێت بۆ هەموو تاکێکی تورکیا بۆ ئەوەی توانای خۆبەڕێوەبردنی هەبێت، بۆ ئەمەش پێمان باشە ئەنجوومەنە هەرێمییەکان بکەونە کارو چالاک بکرێن. لەگەڵ ئەمانەشدا کێشەی متمانە هەیە کە زۆر گرنگە، حکومەت دەبێ متمانەبدات بەخەڵک)

بێکار ئۆغلو وەک هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکانی تورکیا چەکدانانی پەکەکەی کردە مەرج (هەروەها مەسەلەی چەکدادانیش، ئەگەر متمانەهەبێت لەنێوان هەردوولادا، ئەوا چارەسەری زۆر سەخت نابێت).

گوتمان باشە پەکەکە نەبێ کێ موخاتبێکی هاوسەنگی دەوڵەت دەبێت؟ ئیستێکی کرد و وتی:

(بۆ مەسەلەی موخاتەبیش دەبێت روونبێتەوە، ئاخۆ دەوڵەتی کۆماری تورکیا لەگەڵ کێدا گفتوگۆدەکات؟ لەگەڵ پەکەکە، لەگەڵ بەدەپە، لەگەڵ شەرافەدین ئەڵچی، لەگەڵ حزبوڵڵا، یاخود ئەردۆگان دەڵێت خۆم نوێنەرایەتی کورد دەکەم؟ بەڕای من چارەسەرکردنی کێشەی کورد زۆر پێویستی بە موخاتەب نییە، تورکیا وڵاتێکی دیموکراتە، ئەگەر بە ڕاستی هەوڵێک لەئارادابێت، پێویست ناکات بازرگانی بە ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسییەوە بکرێت. دەوڵەت دەتوانێت داوای لێبوردن بکات بۆ ئەو هەموو تاوانەی کە ئەنجامدراوە بەرامبەر بە خەڵکی کورد، بۆ مەسەلەی چەکدانانیش موخاتەب دیارە، راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی شاخدا بکرێت. دواتر لێبوردن دەیانگرێتەوە یان نا، بەشداری ژیانی سیاسییان پێ دەکرێت یان نا، ئەمانە زۆر سادەن، ئەگەر لەسەر ئەسڵی مەسەلەکە ڕێککەوتن بکرێت).

لێم پرسی پارتەکەی ئێوە لەگەڵ ئاکەپەدا یەک بنەمای فکریتان هەیە، راتان چییە لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە تاکو ئێستا ئاکەپە بۆ ئەم مەسەلەیە ناویەتی؟

(ئێمە پشتگیری سیاسەتەکانی ئاکەپە ناکەین و زۆر لێک جیاین. ئێستا لە تورکیا کۆمەڵێک کێشە هەن کە لە سیستمی کۆمارەوە سەرچاوەدەگرن. کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکی ریشەییەو هێڵی سوورە بۆ دەوڵەت. لەبەرئەوەش ئاکەپە لەسەرەتاوە زۆر بەوریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کردووە، بەڵام بەڕای من ئەگەر لەسەرەتاوە ئەو مەسەلەیەی چارەسەربکردایە، ئەوا شانسی زیاتری دەبوو بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵات و پرۆژەکانی تری).

رەخنەی زیاتری گرت و وتی (ئاکەپە حزبێک نییە کە بۆ مەسەلەی کورد، هەروەک

مەسەلەکانی تریش، سیاسەت و بیرۆکەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، تەنها لە چوارچێوەی سیستمدا بە خاوەخاو هەندێک شت دەکات. بۆ نموونە، ئەردۆگان دەڵێت کێشەی کوردمان چارەسەرکرد، ئەی بۆچی هێشتا تیرۆر ماوە؟ دەڵێت چیتر کورد نکوڵی لێ ناکرێت، تەلەفزیۆنی ڕەسمی دەوڵەت بە زمانی کوردی پەخشدەکات، خوێندنی زمانی کورد خراوەتە پرۆگرامی خوێندنەوە، کێشەی کورد بەمانە چارەسەرنابێت. ئەردۆگان چەندین جار وتەی (یەک میللەت و یەک زمان)ی دووپاتکردۆتەوە. بەڕای من ئاکەپە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ کێشەی کورد چارەسەرناکات، بەڵکو وەک شتێک لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە. کێشەی کورد بەم شێوەیە چارەسەردەکرێت، کوردەکانیش وەک تورکەکان بە زمانی خۆیان پەروەردەبن، وەک خۆیان و بەکەلتووری خۆیانەوە لەسەر ئەم خاکە قبوڵبکرێن، ئەگەر ئەمانە قبوڵبکەین، دەبێت لەناو دەستووردا جێگیربکرێت. لەڕاستیدا لەبەرئەوەی کوردەکان ئەمجۆرە چارەسەرەی ئەردۆگان قبوڵ ناکەن، هێشتاش مەسەلەی کورد هەر ماوە).

سیستمی پێشووی تورکیا لەلایەن جەهەپەوە دامەزراوە، بەڵام ئێستا جەهەپەش داوای چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات. ئایا ئەمەش لە ڕووی نیازپاکییەوەیە یاخو نا؟ (من ئەوە نازانم لە ڕووی نیازپاکییەوەیە یاخود نا. ڕاستە جەهەپە وەکو پارتێکی سەرەکی و خاوەن مێژوو لەم وڵاتە باس لە چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی گرنگە پرۆژەی چارەسەرییە، جەهەپە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەردەکات؟ ئەم پرسیارە هیچ وەڵامێکی نییە، چونکە جەهەپە لە دانیشتنەکەیدا لەگەڵ پارتی دەسەڵات، سەرۆک وەزیران پێیوتن: (ئیتر کێشەی کورد نەماوە و دواتر لە تەلەفزیۆنیشدا وتی چیتر کوردەکان ناتوێنینەوە، کێشەی هاوڵاتیانی تورک هەیە، مەسەلەی تیرۆر هەیە و ئەمانەش چارەسەردەکەین). کاتێک مەسەلەی تیرۆری هێنایەوە گۆڕێ، واتە گەڕانەوە بۆ سیاسەتە ئەمنییەکانی ڕابردوو. من نازانم ئەو مەسەلەی تیرۆرە چۆن چارەسەردەکەن؟).

بێکار ئۆغلو ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی دەوڵەت هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا و سەرکۆنەی جەهەپەشی کرد:

(لە ڕابردوودا دەوڵەتی تورکیا ڕەفتارێکی زۆر گەمژانەی هەبووە. بۆ نموونە، زمانی میللەتێکی قەدەغەکردووە، ئەمە زۆر بێمانایە. هەڵگرتنی ئەم قەدەغەیە دەبوایە بیست ساڵ پێش ئێستا بکرابایە، ئەو کات مانایەکی دەبوو، بەڵام بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ ئەمە کەی هەنگاوە؟ سەربەستکردنی زمانی کوردی ئەو کێشەیە چارەسەرناکات. کوردەکان مافی هاووڵاتیبوونی یەکسانیان دەوێت. ئەمە دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاوازی ناوێت، بەڵام دیسانیش ئەگەر ئەو میللەتە خۆی بیەوێت جیابێتەوە، ئەوا مافی ڕەوای خۆیانە، هەرکاتێک دەسەڵات توانی ئەم قسانە بکات، ئەوا دەستخۆشییان لێ دەکەین. نە جەهەپە و نە ئاکەپە هەرگیز قسەی وا ناکەن. ئەوەی کە جەهەپە بڵێت پێشنیارێکی هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەمە بۆ تورکیا شتێکی باشە، بەڵام دەبێ ڕوونی بکەنەوە، یان کەسانی خاوەن عەقڵ کۆبکەنەوە و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام کاری واش ناکەن).

لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عیراق پرسیمان، ئەوان چۆنی دەبینن؟ (من

وا بیرناکەمەوە پەیوەندییەکان زۆر پتەوبن، لە مێژووی کورتی سەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا هەڵکشانو داکشانی زۆر هەیە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا. پەیوەندییەکان بەردەوام لەسەر حسابی یەکەکە بووە. ئێمە (پارتی دەنگی گەل)، ئەم پەیوەندییانە وەکو پێویست نابینین. پێویستە پەیوەندییەکان نەک تەنها لەگەڵ کوردی عیراق، بەڵکو لەگەڵ گەلی عەرەب و گەلی فارس و گەلانی تریش دەبێ هاوکاری و هاوبەشی زۆرجدی هەبێت. پەیوەندی بازرگانی و کەلتووری زۆر ئاساییە و هەردەبێت، دەبێت پەرەی پێ بدرێت. پێشکەوتنەکانی کوردستانی عیراق کاریگەری دەبێت لەسەر بەرقەراربوونی ئاشتی لە تورکیا، بەڵام دیسانیش لەو باوەڕەدا نیم دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی عیراق زۆر متمانەیان بەیەکتر هەبێت و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندین. لەوەش گرنگتر، پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەئارادانییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بە ناوبژیوانی ئەمریکایە. ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین و رەخنەمان لەو جۆرە پەیوەندییە هەیە).

– کوردستانی عیراق چۆن دەتوانێت رۆڵ بگێڕێت لە بەرقەراربوونی ئاشتی لە تورکیادا؟

(هەڵبەتە رۆڵێکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، چونکە کێشەی کورد لە تورکیا هەڵقوڵاوی سیستمی تورکیایە. لەڕاستیدا ئەمە کێشەی دەوڵەتی تورکیایە و دەبێت دەوڵەتی تورکیا چارەسەریبکات. ئەوەی لە کوردستانی عیراق نمونەیەکی بەیەکەوە ژیانی دیموکراسییانە هەبێت، بێگومان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێت، بەڵام لەکاتێکدا دەوڵەتی تورکیا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، کوردستانی عیراق دەتوانێت لە مەسەلەی چەکدادانی یەکەکەدا رۆڵی هەبێت و ئاسانکارییبکات. دەوڵەتی تورکیاش چاوەڕوانی ئەوە دەکات، چونکە ئەو رێکخراوە لە خاکی کوردستانی عیراقدایە. لێرەدا نابێت چاومان لە دەستی ئەمریکا بێت، ئەو ئەمریکایەی بن لادنی لە ژێر بەرد دۆزییەوە ناتوانێت دەست بە سەر قەندیلدا بگرێت؟ کەوابوو لێرەدا بازرگانیکردنێک هەیە. ئەمریکا نایەوێت ئەو شتە کۆتایی بێت، لە تورکیا هەموو کەس ئەو راستییە دەزانێت).

– پێشتر کۆنگرەیەکتان سازکردبوو بۆ نزیکبوونەوە و هاوکاری زیاتری چەپەکانی تورکیا و رەوتە ئیسلامییەکان، بۆ دەستپێشخەرییەکی هاوشێوە ناکەن بۆ کاری هاوبەشی نێوان کوردو رەوتە ئیسلامییەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆتاندا؟

(لە کۆنفرانسی خۆرهەڵاتدا باسی ئەو مەسەلەیەش کرا، کەچی لەڕاستیدا تاکو ئێستا نەمانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی بۆ بنێین. لەوانەیە لە داهاتوودا بکرێت، بەڵام ئەمە کارێکی دژوارە. لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەیەکمان دەبێت، یەک رۆژ دەخایەنێت، باس لە رەوتی نوێی ئیسلامیزم دەکەین، یەکێک لە تەوەری باسەکانمان تایبەت دەبێت بەوەی کە ئیسلامییەکان تاکو ئێستا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کورددا کردووە و لەمەودوا پێویستە چی بکەن. دەستبەرداری ئەو مەسەلەیە نەبووینە و قسەی لێ دەکەین).

– ئەگەر گریمانەی موخاتبێکی نوێ بکرێت لە پرسی کورددا؟

(سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە تورکیا باس لە هەموو شت کراوە. بۆ نموونە، بەدەپە کرا بە موخاتەب، بولەند ئارنچ قسەیەکی کردبوو، وتبووی (زمانی کوردی زمانی

شارستانییەت نییە)، لەگەڵ بەدەپە دابنیشن باسی ئەم شتانە بکەن؟ کەسێک قسەی وا بکات دیالۆگی چی لەگەڵدا بکەیت؟ بەر لە هەموو شت پێویستە دەوڵەت خۆی لەمجۆرە هەڵوێستانە بەدووربگرێت. وەکو وتم، پێویست ناکات بازرگانی بەمەسەلەی کوردەوە بکرێت، ئەمە شتێکی یەکلایەنەیە، دەوڵەت دەبێت چارەسەریبکات، بەڵام لایەنی تەکنیکیشی هەیە. بۆ نموونە، دەبێت بۆ زۆرشت یاسا دەربکەن و لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، هەڵبەتە لێرەدا ئەندام پەرلەمانەکانی بەدەپە موخاتەبن. پەکەکەش رێکخراوێکی ئاسایی نییە، زادەی کێشەی کوردە. من ناڵێم هەقیانە چەک هەڵگرن، بەڵام ئەگەر دەوڵەتیش ئەو کێشەیە چارەسەربکات و دان بە مافە رەواکانی کورددا بنێت، ئیتر چەک بەکارهێنانی ئەوانیش بێمانا دەبێت. بۆ مەسەلەی چەکداریش هەر دەبێت لەگەڵ ئەوانەی شاخدا قسەبکرێت، لێرەشدا قەندیل موخاتەبە یان خودی ئۆجەلان، ئەوا دەبێت یەکلاییبکرێتەوە.

## رەخنەی نەرمتر

محەمەد بێکارئۆغلو لە رەخنەگرتنی پەکەکەدا نەرمتربوو لەوانیتر، پێیوابوو پەکەکەش هەلومەرجی زەروری خۆی دروستیکردووە:

(پەکەکە رێکخراوێکی هاوشێوەی رێکخراوەکەی مەسعود بارزانی نییە. کێ چی دەڵێت بابیڵێت، پەکەکە کاردانەوەیەکە بەرامبەر جەهەپە لە تورکیا. پەکەکە رێکخراوێکی مۆدێرن و سیکۆلارە، لەلایەن بەشێکی بەرچاوی گەلی کوردەوە پشتگیریدەکرێت، هەرچەندە کوردە دیندارەکانی لەپشت نییە، ئەمەش گەورەترین کێشەی پەکەکەیە، ئێستا پەکەکە خۆی لە قۆناغی دامەزراندنی نیمچە سەربەخۆییەکدا دەبینێت، هەر بۆیەش لە سیاسەتیاندا گەڕانەوە بەرەو لایەنی دینی بەدیدەکرێت، بۆنموونە، کۆڕ و کۆبوونەوەی نوێژی هەینی یەکێک لە بەرنامەکانیانە).

# میرێکی بە ڕەگەز کورد، بیرۆکەی هەیە

لە ئەستەمبول هەندێک لە برادەران پێیانوتم، ئەگەر بخوازێت لە هەنگاوە بەراییەکانی پارتی دادو گەشەپێدان لەسەر پرسی کورد تێبگەیت، دەبێ چاوت بەو بکەوێت، ئەو لە سەرەتاوە لەگەڵ دامەزرێنەرانی حزبەکەدا بوو، دۆستی نزیکی ئەردۆگان و دەماغ و ئەندێشەی داد وگەشەپێدان بوو لە پرسی کورددا. سەرکردایەتی ئەو حزبە لە سەرەتاوە ئەرکی دیاریکردنی رێوشوێنی چارەسەری ئەم کێشە دێرینەی تورکیای بەو سپارد.

هەرچەندە ئەردۆگان و هاورێکانی سەبارەت بە پێشینەی کارکردنیان لە حزبی رەفا و قوتابخانە فیکری و حزبییەکەی نەجمەدین ئەربەکان هەندێک روانینی ئیسلامییان لەسەر دۆسێی کورد دارِشتبوو و پێیانوابوو (برایەتی ئیسلامیی) دەروازەیەکە بۆ رازیکردنی (میللەتی موسڵمان لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا)، بەڵام لە دیدی سیاسەتی نوێوە، نە ئەوە بەس بوو و بەشی کوردی دەکرد، نە حزبی رەفاهیش بایی ئەوەندە دەرفەتی هەبوو بە فیعلی جوغزی دروشمی برایەتی تێپەڕێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ماوە کەمەی ئەربەکان سەرۆک وەزیران بوو، وێرای ئەوەی سەرقاڵی پرۆژە ئیسلامییەکەی خۆی و بەرپەرچدانەوەی کەمپینی سوپا و عەلمانییەکان بوو لە هەمبەر ئەو پرۆژەیەدا، بە شێنەیی هێڵی گشتی دانوستاندێکی شەرمنی لەگەڵ تەڤگەری کوردستانی و بەتایبەتیش پەکەکە دارِشت، بەڵام بە پراکتیکی شتێکی ئەوتۆی نەکرد تا لە سەر حوکم لابرا.

ئەربەکان پێیوابوو (سیستمی ئێستا سەبەبکاری دەرکەوتنی پرسی کوردە، چونکە دوای کەوتنی ئیمبراتۆریای عوسمانیی لەسەر بنچینەیەکی رەگەزی دامەزرا... ئایدیای رەگەزی لە دامەزراندنی دەوڵەت سەرچاوەکەی رۆژئاوایە، کە لە زۆر شوێنی دونیادا پشتیوانی پشێوییە ناوخۆییەکان دەکات و دەیانجولێنێ تا ئەو ناوچانە بخاتە دۆخی ئیستعمارییەوە...... بروانە منال الصلح، نجم الدين اربكان ودوره في السياسة التركية ١٩٦٩- ١٩٩٧ الدار العربية للعلوم ناشرون، چاپی یەکەم ٢٠١٢ ل٢٤٨). ئەگەرچی ئەم شرۆڤەیە کەموکورتە و هیچ فاکتەرێکی ناوخۆیی وەک پێگەیشتنی نەتەوەیی کورد و کەڵکەڵەی شوێنگرتن لەناو ریزبەندیی نەتەوەکاندا رەچاوناکات، بەڵام ئەم دیدە کورتهێنە رێگەی لە ئەربەکان نەگرت تێزێکی چارەسەر بخاتەروو، کە بۆ ئەو دەمە پێشکەوتووتربوو لە تێزی چەپەکانی وەکو ئەجەوید و بایکال، کە هەر بەناو چەپ بوون.ئەوەبوو دیدێکی خستەڕوو کە (چارەسەر دەوڵەتێکی یەکگرتووە لە رێی پرەنسیبی برایەتی ئیسلامیی کە کورد و تورک یەک دەخات... حزبی رەفا تیرۆری دەسەڵاتی تورکیا شەرمەزاردەکات، کە لە ئەدەبیاتی خۆیدا دەڵێ لە تورکیا جگە لە تورک کەسی تری لێ نییە و کەس بۆی نییە بە زمانێکی تر قسەبکات.. لەهەمان

کاتدا ئیدانەی پارتی کرێکارانی کوردستانیشی کرد.. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤٩).

ئەربەکان بە کرداریش لە ڕێی میانگیرییەوە پەیوەندیی بە ئۆجەلانەوە کرد. بەرنامە هەبوو گەڵاڵەی لێبوردنێکی گشتی بۆ گەریلا و بۆ زیندانیانی سیاسی دەربچێت. بریاری خوێندن بە زمانی کوردی و کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەربچێت. بەمەرجێ ئەم شتانە ئەو کاتە بکرێن، کە پەکەکە چەک دابنێت. جا ئۆجەلانیش، کە ئەو کاتە لە دیمەشق بوو بەم دەستپێشخەرییەی ئەربەکان رازیبوو (هەمان سەرچاوە ل ٢٥٠– ٢٥١)، بەڵام ئەم وێستگەیەش وەک ئەوی سەردەمی ئۆزال بە لابردنی ئەربەکان لە کودەتا مۆدێرنەکەی سوپادا پەکیکەوت. کێشەکە بۆ داد و گەشەپێدان مایەوە. داد و گەشەپێدانیش وەک میراتگری رەوتی ئیسلامی و وەک خاوەن رێگای سێیەمی دیموکراسییەکی موحافیزکارانە ئەم ئەرکەی گرتەئەستۆ.

گفتوگۆکاری ئێمە میر دەنگیر فورات تیئورسێنی ئەم رەوتە بوو لە نەخشە رێگای هەنگاونان بۆ بردنە پێشەوەی چارەسەری پرسی کورددا. ئەو هەنگاوانەی (داد) ناویەتی بە فەزڵی ئەم بوو و یەکێک لە هۆکارەکانی وازهێنانیشی لەو حزبە پاشەکشێیەتی لە چارەسەری مەسەلەی کورد. وەکو لە خۆی تێگەیشتن. وازهێنانی دەنگیر فورات دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە تورکیا، ئەگەرچی هەندێک پەیوەستیان کرد بە رازیکردنی سوپا و عەلمانییەکان، چونکە دەنگیر پێداگری زۆری لە مەسەلەی ئازادکردنی سەرپۆشی ژنان دەکرد. هەندێکی تریش دەیانگوت ئەردۆگان لەو پۆستە لایبرد وەک رازیکردنێک بۆ ئەو رەخنانەی رووبەرووی حزبەکەی کرابۆوە لەبارەی گەندەڵییەوە، بەڵام زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان نەمانی دەنگیر فورات دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەردۆگان لە پرسی کورددا پاشەکشەیکرد و ئەو هەنگاوەی لە تەوەللاکردنی دەنگیردا بەرجەستەکرد.

## پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی

دەنگیر میر محەمەد فورات، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ ناحیەی «کاهتا»ی شاری ئادیامانە. بەرەگەز کوردە و پارێزەر و سیاسەتمەدارە و بەحوکمی بنەچەی بنەماڵەیی وەرزێریشە. لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئەستەنبوڵ خوێندنی تەواوکردووە. لە خولەکانی (٢١،٢٢، ٢٣)ی پەرلەمانی تورکیادا ئەندامێتی پەرلەمانی کردووە. جێگری سەرۆکی گشتی ئاکەپە بووە. ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر لیستی پارتی (فەزیلەت) بوو بە پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. شارەزای هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی-یە. هاوسەرگیریکردووە و باوکی دوو منداڵە.

وشەی (دەنگیر) لە زمانی کوردیدا بەواتای (دەنگی گەورە) دێت. وەکو پێشیان وتین نازناوی میر گوزارشتە لە میرایەتییەکی راستەقینە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. کاتێک لەگەڵ برامان فەتاح قەرەگوێز چووینە لای بە کرمانجییکی رەوان بە خێرهاتنی کردین. رەفتار و میواندارییەکی میرانە، پیاوێکی جەنتڵمان. یانی چۆن مامۆستا حسێن عارف وەسفی یەشار کەمال دەکات- وەکو لە یەکەم جاردا بینیویەتی- پیاوێکی کەڵەگەت بوو، کورد بوو.

لە ئۆفیسەکەی خۆی پێشوازیکردین، لە وێنەکانی پشتەوەی دیاربوو بە بنەماڵە میرایەتی

و دەوڵەتدارییان کردووە. ئەوە وێنەی باپیری کە (میللەت ڤەکیلی) و ئەویش هی باوکی کە بە ڕێچکەی ئەودا ڕۆیشتووە. باپیرەی میر لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە میدالی پێ بەخشراوە. میر خۆشی لەسەر هەمان ڕێباز ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووە. لەولا ترەوە وێنەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی هەڵواسیبوو، کە دیاربوو ئیمزای دیارییشی لەسەر کردبوو، ئەوە وێنەی هەمان ئەردۆگانە کە ئەو پێشتر جێگری بوو و وەکو خۆشی دەڵێ (من لە بەرزترین ئاستی بەڕێوەبەرایەتی ئاکەپەدا بووم. لە دوای ئەردۆگان، دووەم کەس بووم. شەش ساڵیش لەگەڵ ئەردۆگاندا بەیەکەوە کارمان کردووە، بەڵام ڕۆژێک بڕیارمدا دەست لە کار بکێشمەوەو جیابوومەوە. هەڵبەتە هۆکارێکی خۆم هەبوو بۆ ئەمە. من مرۆڤێکی وانیم کە بڵێم ئەردۆگان هەموو کارێکی ڕاستە. ئەگەر وابوومایە هێشتاش لای ئەو دەبووم) دیارە سەرەڕای جیاوازیی ڕوانین و ڕەخنەکانی، بەڵام مەقام و حورمەتی سەرۆک وەزیرانی هەر لە لایە.

لەوێ جگە لە ئێمە میوانێکی لابوو ئەدگاری هی کوردێکی ئیخوانی بوو، ئەویش بە کوردی بە خێرهاتنی کردین، گوتی: سەرچاڤ، هون بەخێرهاتن ئەز لە بەندە وەمە.

یەکەم پرسیاری ئێمە لەسەر ڕەوتی هەڵوێستەکانی داد و گەشەپێدان بوو لە پرسی کورد. حەسرەتێکی هەڵکێشا وەختێک کەوتە خەیاڵی ئەو هەنگاوانەی لەسەرەتادا بۆ قەناعەتپێکردنی ئەردۆگان ناویەتی و ئینجا بۆ سەرەتاکەی چارەسەری و پراکتیزەکردنی گەڕایەوە:

(لەگەڵ دامەزرانی ئاکەپە، بەرنامەیەکمان داڕشت. لەم بەرنامەیەدا بۆ یەکەمجار پارتێکی تورکی ئاماژەی بە پرسی کورد کرد و ئەوەی کە چۆن چارەسەرێک بۆ ئەو پرسە دابنێت. لەڕاستیدا ئاکەپە گوزارشت لە جەماوەرێکی بەشمەینەت و مافخوراو دەکات. بەشێوەیەکیش کە لە دنیادا نموونەی وا دەگمەنە، ساڵێک دوای دامەزرانی گەیشتە دەسەڵات. هەروەها وەکو پارتێکی موحافیزەکاریش هەر نموونەیەکی دەگمەن بوو، کە وێڕای ئەمە ناسنامەیەکی دیموکراسیشی هەبێت. ئێمە زۆر جەختمان لە مافی هاوڵاتیبوونی یەکسان دەکردەوە لە تورکیا).

ئینجا هاتە سەر لایەنی تیۆری ڕوانینی داد و گەشەپێدان بۆ جەوهەری کێشەی کورد و ڕەخنەی لە ڕوانینی کەمالیزم گرت، کە بەهەڵە چەمکی هاوڵاتی بوونی شرۆڤەکردووە:

(بەڕای منیش کێشەی سەرەکی کورد ئەوە بوو، کە مافی هاوڵاتیبوونی یەکسانیان لەگەڵ هاوڵاتییانی تورکدا نەبوو، بەڵکو دەبوایە خۆیان وەک هاوڵاتی تورک پێناسە بکردایە. واتە کاتێک کە تۆ دەبوویتە تورک، ئەوا دەتتوانی سوودمەندبیت لە هەموو ئەو مافانەی تورکێک هەیبوو لە دەستووری وڵاتدا).

ئینجا نموونەی بە زمان و بە دیاردەی دۆخی باری نائاسایی هێنایەوە.

(یەکێک لەو مافانە کە کورد لێی بێبەشبوو، مافی بە کارهێنانی زمانی زگماکی بوو. لە ناوچەکانی تورکیا یاسایەک پەیڕەودەکراو لە ناوچەی کوردستانیش یاسایەکی تەواو جیاواز کاری پێ دەکرا).

لەوە دەچێ دۆخی باری نائاسایی، کە دەوڵەت و سوپا لە ناوچە کوردنشینەکان پیڕەوییان لێ دەکرد، زۆر سەرنجی ڕەوتی ئیسلامیی ڕاکێشابێت، تەنانەت حزبی ڕەفاهیش

وەکو هەنگاوێکی چارەسەری پرسی کورد چاوی لێ دەکرد (د. کمال حبیب: الدین و الدولة فی ترکیا المعاصرة، چاپی یەکەم ٢٠١٠. ل ٢٥٣).

میر درێژە بەگێڕانەوەکەی دەدات (بە گشتی ئاکەپە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا، کە هەموو ئەم جیاوازییانە ناهێڵێت و کاتێک هاتە سەر حوکم واشیکرد، خۆشت وەکو ڕۆژنامەنووسێک دەڵێی چوومە دیاربەکر و بێگومان ئەوەت بینیووە. پێویستە ئەوەش قبوڵبکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ساڵی ٢٠٠٩ هەنگاوی زۆر گرنگی ناوە. ئێمە هەنگاوی ئەوەندە گەورەمان ناوە، کە کوردەکان خۆشیان تەسەوریان نەدەکرد. هەموو ئەو قەدەغانەی لەسەر کورد دانرابوون ئێمە هەڵمانگرت. یاسای باری نائاسایی ئەو ناوچانەمان هەڵگرت. سیستمی گوشارمان نەهێشت. لەپاڵ ئەوەشدا بۆ یەکەمجار بەناوی دەوڵەتەوە کەناڵێکی رەسمی (TRT ٦) دەستیکرد بەپەخشی ٢٤ سەعات بەزمانی کوردی. لە زانکۆکان دەرسی کوردی زیادکرا. ئەم هەنگاوانە گرنگ بوون).

## میر سەرەرای ستایشی ئەو هەنگاوانەی ئاک پارتی ناوێتی هەڵوەستەشی کرد

(بێگومان ئەمە بەو واتایە نایەت، کە کێشەی کورد نەماوە و چارەسەرکراوە. ئەمانە بەس نین کە کراون، بەڵام شایەنی پێزانینن) دوایی شوێنی (دەسکەوتەکان)ی بەمجۆرە شرۆڤەکرد (بەڕای من یەکێک لە شتە گرنگەکان، ئەوە بوو، کە گۆڕەپانێکی یاسایی بۆ سیاسەتکردنی کورد کرایەوە. وا بەدەپە لە پەرلەمانە، بەڕای من ئیتر هیچ بیانوویەک بۆ بەکارهێنانی چەک نەماوە. ئیتر ئەوانەی بەرگری لە مافەکانی کورد دەکەن، نەک لە ڕێی چەک و توندوتیژی، بەڵکو پێویستە لە ڕێی یاسایی و لە ڕێی پەرلەمانەوە ئەم کارە بکەن. لەم دواییەشدا بۆ نموونە مافی خوێندنی زمانی کوردی وەکو دەرسێکی ئارەزوومەندانە بڕیاری لێ درا، کە بەدەپە ئەمەی رەتکردەوە و وتی دەبێ بەو زمانە پەروەردەببینن، نەوەک دەرسێکی ئارەزوومەندانە بێ. لەلایەکی تریشەوە مەهەپە بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەمە لە داهاتوودا تورکیا پارچەپارچەدەکات. بەڕای من ئەم رەتکردنەوەیە هەر دووکی هەڵەیە، چونکە لێرەدا زمانێکمان هەیە کە نزیک سەدەیەک نکوڵیی لێ کراوە، ئەمڕۆ وەکو زمانێکی رەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە دانی پێدا نراوە).

کە لێم پرسی: بەڵام ئەم هەنگاوانە هێشتا نەبوونەتە هەنگاوی دەستووریی، هێزە کوردییەکان وا دەڵێن؟ وەڵامەکەی بە ڕەخنەگرتنی بەدەپە دەستپێکرد (بەدەپە زۆر ساختەچین و درۆی زۆر گەورە دەکەن)، ئەمە قسەی ئەو بوو، وتیشی (چونکە کاتێک کەناڵی تەرەتە شەشمان کردەوە، گۆڕانکارییمان لە یاسای TRTدا کرد، ئەو ڕۆژە جەماعەتی بەدەپە خۆیان لە پەرلەمان بوون. لە یاسای TRTدا جگە لە زمانی تورکی مەحاڵبوو تۆ بتوانی بە زمانێکی تر پەخش بکەیت).

مەبەستی میر ئەوە بوو کە نەخێر ئەوان یاسایان گۆڕیووە، بەڵام بەدەپە بەهەڵە جەماوەری کوردی تێگەیاندووە، هۆکارەکەشی بۆ شتێکی سەیر گەڕاندەوە، ترس لەوەی تەلەفزیۆنی کوردی دەوڵەت دەرەقەتی تەلەفزیۆنەکەی پەکەکە بێت.

(ئەو کاتە Roj tv هەبوو، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی TRT ٦ بەشـێکی خەڵک بـوونە تەماشاکاری ئەو کەناڵە و پەکەکەش بەمە دڵخۆش نەبوو).

دیاربوو میر رەخنەی تریشی لە بەدەپە و تەڤگەری سیاسیی کورد هەبوو، کە کەمتر کرداریان هەیە بۆ چارەسەر و زیاتر لێدوانیان هەیە (کاتێک سەیری یاساکانی کۆماری تورکیا دەکەین، کۆمەڵێک قەدەغە هەیە، بۆ نموونە چوار پیت لە ئەلفبای لاتیندا بەکارهێنانیان قەدەغەبوو، کە لە نووسینی کوردیدا بەکاردێن. هەر ئەندام پەرلەمانێک دەتوانێت داوای هەڵگرتنی ئەو قەدەغەیە بکات، یان سەبارەت بە گۆڕینی ناوی گوندەکان، تاکو ئێستا کارێکی واتان کردووە بۆ نەهێشتنی ئەو قەدەغانەی لەسەر کورد دانراون؟ نەخێر، تەنها دەزانن بیکەن بە هەرا و جنێو بدەن، بەڵام تورکەکان ئەمەیان بۆ ئێوە کرد. رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی تورکیا هەستاوە بە لێکۆڵینەوە لەو قەدەغانەی سەبارەت بە کورد لە دەستووردا جێگیرکرابوون و یەک بەیەک ئەمانەیان دەرهێناوە).

میر دەنگیر باسی لەمپەری دیکەی کرد لە بەردەم مافە رۆشنبیرییەکانی کورد:

(یاسای خوێندن بە زمانی کوردیش هەنگاوێکی باشە، بەڵام کەموکوڕی تێدایە. ئایا بەو رێژەیە مامۆستای زمانی کوردی هەیە، یان ئەوەندە کتێبـی کوردی هەیە، کە تۆ بتوانی ملیۆنان کوردی پێ پەروەردەبکەیت؟ بێگومان نییە، واتە ژێرخانی ئەمە ئامادەنییە. دوو ئەنیستیتۆی کوردۆلۆژی هەیە لە تورکیا، هەر یەکە و مافی پێگەیاندنی ٣٠ مامۆستای هەیە لە ساڵدا. دەبێ ژمارەی ئەمانە زیادبکەن، با ٣٠٠ مامۆستا لە ساڵدا ئامادەبکرێن. سیاسەت بەعەقڵ و بەزمان دەبێت، نەک بە پەرداخ شکاندن).

پرسیم: با بەدەپە بخەینە لاوە، لەناو ئاکەپەشدا نوێنەری کورد هەن، تەنانەت حزبی کوردی تریش هەن، بۆچی ئەو کوردانە هەوڵی چارەسەری نادەن و چاوەڕێدەکەن هەر بەدەپە بیکات؟

(ئەگەر تاکو ئەمڕۆ شتێک کرابێ لە ناو ئەواندا کراوە، ئەوە گرنگ نییە کە من لەناو پەرلەماندا هەستم بڵێم من کوردم و ئەم داواکارییانەم هەیە، شتی راست ئەوە بوو کە من سەرکردایەتی حزبەکەم قەناعەت پێبکەم بۆ ئەوەی لەسەر ئەو مەسەلانە قسە بکات. کاتێک ئەردۆگان سەرۆکی گشتی هەڵدەستێت و دەڵێت پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین ئەوا قابیلی قبوڵە، بەڵام من ئەم کارەم بکردایە ئەوا بەرپەرچی قسەکانی منیان دەدایەوە، تەنانەت ئەندامانی ناو حزبەکەی خۆشم لەوانەبوو بەرامبەر بەمن وەستابانایەوە. مەرجیش نییە لە پەرلەمان ئەوەی دایک و باوکی کورد بوو ئەوا کوردانەش بیربکاتەوە و داوای مافی کورد بکات، هەیە بە ڕەگەز کوردە، بەڵام لە تورکێک زیاتر حەساسیەت پیشان دەدات و بە پێچەوانەشەوە).

*** ئێستا جەهەپەش، کە دامەزرێنەری ئەم کۆمارەیە، داوای چارەسەر دەکات، ئایا ئەمە بەو واتایە دێ کە جەهەپەش زهنیەتی گۆڕاوە؟**

ئەم پرسیارەم لە میر کرد، چونکە بەشێوەیەکی گشتی رەوتی ئیسلامیی رەخنەیان زۆرە بەرامبەر بە کەمالیزم، ویستم بزانم رەخنەکانیان مەسەلەی کوردیش دەگرێتەوە، ئەو وتی:

(نەخێر وانییە، ئەگەر لەناو جەهەپەدا گۆڕانکارییەک رووبدات سەبارەت بە مەسەلەی کورد، ئەوە ئیتر جەهەپە نابێت. جەهەپە تا ئەو کاتە جەهەپەیە کە نەتەوەپەرستی تورکی بپارێزێت، چونکە جەهەپە درێژەی ئیتحاد و تەرەقی-یە، فکری دامەزرێنەری دەسەڵاتدارێتی تورکە). پاشان وای وت (بەڵام ئەوەی کە جەهەپە نەرمی دەنوێنن، ئەوەش هەر گرنگە بەلای منەوە).

*** پێشتر سوپا هەبوو، ئەرگەنەکۆن هەبوو، جەهەپە و مەهەپەش هەبوون، ئەمانە ڕێگربوون لەوەی ئاکەپە بتوانێت بە یەکجاری کێشەی کورد چارەسەربکات، بەڵام دیسانیش هەنگاونراوە. ئێستا سوپا نەماوە، جەهەپەش لاوازەبووە، ئەرگەنەکۆنیش کۆتایی پێ هاتووە، واتە ئەو مەترسییە لەسەر ئاکەپە نەماوە. وێڕای ئەمەش جۆرێک لە پاشەکشێ هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئایا بەڕێز ئەردۆگان خۆی کێشاوەتەوە لەو مەسەلەیە؟**

(مرۆڤێکی وانیم کە بڵێم ئەردۆگان هەموو کارێکی راستە. ئەگەر وا بوومایە هێشتاش لای ئەو دەبووم. بێگومان کەموکوڕی و هەڵەیان هەیە. راستە ئێستا تورکیا خەریکی لێپرسینەوەیە لەگەڵ ئەرگەنەکۆن و سوپا، بەڵام شوێنێکی دیکە هەیە کە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت، چونکە پەکەکە و بەدەپە هەر بەرهەمی ئەم خاکەن، بەرهەمی تورکیان. کەوابوو ئەرگەنەکۆن لەو لایەش هەیە، دەبێت لە هەردوولادا رێشەکێشبکرێت. تاکو ئەرگەنەکۆنی ناو کوردەکانیش تەسفیەنەکرێن، هەر هەنگاوێک بنرێ ئەوا دیسان تێکدەدرێتەوە).

میر دەنگیر فورات هەندێک رووداوی بەنموونە هێنایەوە (بۆ نموونە لە دنیادا شتی وا هەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زینداندا لە رێی جیهازەوە پەیوەندیدەکرد بە قەندیلەوە. ئەمە ئەگەر ئەرگەنەکۆن لەناو دەزگای هەواڵگری تورکی و لەناو پەکەکەشدا دەستیان تێکەڵ نەبێت، چۆن شتی وا دەکرێت؟ لەم چالاکییەی دواییدا هەشت سەرباز کوژران، هاوکات ٢٦ گەنجی کوردیش کوژران، دەوڵەت لە خوێنی سەربازەکانی دەپرسێتەوە، باشە ئەی داوای خوێنی ئەم گەنجە کوردانە لە کێ بکەین؟ ئەگەر ئێمە ئەم پرسیارەش ئاراستەی پەکەکە نەکەین، ئەوا کێشەی کورد زەحمەتە چارەسەربێت. ئەگەر کورد نەتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ پەکەکەدا بکەن، کەوابوو پەکەکە نوێنەرایەتی کورد ناکات).

وتم: پەکەکە لێرە نییە، بۆیە پرسیارەکە رووبەرووەی تۆ دەکەمەوە. ئێستا پەکەکە موخاتب نییە، بەدەپەش هەر هەمان کێشەی هەیە، ئایا کورد دەتوانن رەوتێکی موحافیزەکار و دیموکراتی وەک ئاکەپە دروستبکەن، تاکو لەگەڵ ئاکەپەدا ئەو کێشەیە چارەسەربکەن؟ ئەو گوتی: (نابێت، چونکە پەکەکە لەو ناوچانەدا رێگەنادات جگە لە خۆی هیچ رەوتێکی سیاسی تر خەبات بکات. نموونەی ئەمەمان زۆرە، بەسەدان کورد بە هۆی ئەمەوە گیانیان لەدەستداوە. ئەگەر رەوتێک داوای ئازادی و دیموکراسی بکات، پێویستە خۆی لەناوخۆیدا ئازادی و دیموکراسی پەیڕەوبکات. ئەگەر خۆی باوەڕی بە دیموکراسی نەبێت و سروشتێکی دیکتاتۆرانەی هەبێت، بەڵام داوای دیموکراسی و ئازادی بکات، ئەمە لەلایەن دونیاوە قبوڵ ناکرێت) ئێستا ئەندام پەرلەمانەکانی بەدەپە

ئەگەر نەڵێن ئاپۆ وا مەزنە و وایە، لەناو کۆمەڵگەدا کەس ناشیان ناسێت.

*** بەڵام لەیلا زانا هەوڵی داوە لەو هێڵە دەربچێت. رەخنەی لە بەدەپە گرت و وتی بەڕێز ئەردۆگان دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەربکات. بەڕای ئێوە ئەو دەنگە کپ دەکرێت یان فراوان دەبێت؟**

میر بەپێکەنینەوە وتی (وەکو دەبینن لەیلا زانا ئێستا لە ئەوروپایە، چونکە پەکەکە هەڕەشەی لێ کرد) لێم پرسییەوە:

*** ئەی رۆڵی دەوڵەت لە پاراستنی ئەو جۆرە سیاسەتکارانە چییە، کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکە چارەسەربکرێت؟ بۆ نموونە، من چووم بۆ دیاربەکر، ئەو شارە وەکو جاران نەماوە و بارودۆخێکی ئاسایی هەیە، بۆچی دەوڵەت هاوکاری ئەو سیاسەتکارانە ناکات، بۆ ئەوەی سیاسەت بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکەن؟**

(کێشەی سەرەکی ئەوەیە، پرسی پەکەکە و پرسی کورد تێکەڵ بە یەک بووە. پەکەکە خۆیشی ئەمەی دەوێت و دەوڵەتیش ئەمەی دەوێت. لەڕاستیدا لە تورکیا دوو کێشە هەیە، یەکەم کێشەی کوردە، دووەم کێشەی پەکەکەیە، بەڵام تێکەڵبوونی ئەم دوانە لە بەرژەوەندی پەکەکەدایە، بۆچی؟ بەم شێوەیە پەکەکە وەکو هێزێک دەردەکەوێت، کە بەرگری لە مافی نەتەوەیەک دەکات و زۆر پاک و بێگەردە. دەوڵەتیش بەم شێوەیە بۆ ئەوەی مافی کوردەکان نەدات، پەکەکە دەکات بە بیانوو و دواکەوتنی چارەسەری دەخاتە ئەستۆی پەکەکە. کەوابوو تەنها چارەسەر ئەوەیە کێشەی کورد جیابکرێتەوە، مەسەلەی پەکەکەش دەخەیتە لاوە، چونکە ویستی هەردووکیان یەک شت نییە).

ئینجا نموونەی جیایی ئەم دوو دۆسێیەی هێنایەوە (کورد خوێندن بە زمانی زگماکی دەوێت، ناسنامەی میللی خۆی دەوێت، تا ڕادەیەک مافی خۆبەڕێوەبردنی دەوێت. ئاکەپەش ئەمەی دەوێت، یەکەم یاسا کە دەرمانکرد ئەمە بوو. ئەمە کێشەی کوردەکانە، بەڵام کێشەی پەکەکە چییە؟ ئازادکردنی ئۆجەلان، کە بەلای من وەکو کوردێک هیچ گرنگ نییە بەردەدرێت یان لەسێدارە دەدرێت، دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی، ئۆتۆنۆمییەکی تایبەت بەخۆشیان دەوێت لەناو خاکی تورکیادا. ئەم سێ داواکارییە کێشەی میللەتی کورد نییە. بە جیاکردنەوەی کێشەی کورد لە کێشەی پەکەکە، ئاسانتر چارەسەردەبێت، کاتێک کێشەی کورد چارەسەربوو، ئەوا بەشێکی زۆری جەماوەری پەکەکەش رادەکێشیتەوە بۆ لای خۆت).

*** بەرێز هەر باسی دەوڵەت دەکەن، دەوڵەت کێیە کە نایەوێت کێشەی پەکەکە و کێشەی کورد لێک جیابکرێتەوە؟ ئاکەپە سێ خوولی هەڵبژاردنی بردەوە، ئایا لەم ماوەیەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر دەوڵەتدا نەهێناوە، کە دەوڵەتەکە ئامادەی چارەسەربێت؟**

(راستە ئەمڕۆ ئاکەپە حکومەتە، بەڵام لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هێشتا زۆرن ئەوانەی ئەم مەسەلەیەیان بەتەواوەتی هەزم نەکردووە. لەوانەیە بەیانی حکومەتێکی تر بێتە سەرکار کە پێچەوانەی ئاکەپە بێت).

*** سەرەنجام دەتوانین سەقفێکی زەمەنی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دابنێین؟**

میر وتی: (ئەمە دیاردەیەکی یەک لایەنە نییە و پەیوەندی بەلایەنەکانی ئەو کێشەیەوە هەیە. تەنها کێشەی تورکەکان نییە، کێشەی کوردەکانیشە. هەڵبەتە موخاتەبیش گرنگە، با بڵێین ئێستا لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتووین، لەو لاوە هێرشی چەکداری دەکەنە سەرمان، گفتوگۆکە شکست دەهێنێت، وەرە دیسان سەرلەنوێ دەست پێ بکەوە! ئێستا ئەگەر وەکو من باسم کرد مەسەلەی کورد جیابکرێتەوە، چارەسەر زۆر ئاسانە. لە ماوەی سێ چوار ساڵدا چارەسەردەکرێت، بەڵام لەگەڵ کێشەی پەکەکە تێکەڵکێشی بکەیت ئەوە زۆر دەخایەنێت).

ئینجا گفتوگۆکار دوایین هەڵوەستەی خۆی بەم شێوەیە کرد (سەرۆک وەزیران لە سەردانەکەیدا بۆ مەکسیک وتی: بەدڵنیاییەوە لەسەر هەوڵە دیموکراتییەکانمان بەردەوام دەبین. ئەگەر قسەکانی راست بێت، ئەوا ئەو دوو کێشەیە لێک جیادەکاتەوە).

وتەبێژی فەتحوڵڵا گویلەن:

# کێشەی کورد،
# کێشەیەکی ناوخۆیی و هەروا دەرەکیشە

ڕێگا بەرەو دوورگەی یالۆڤا بەسەر چەند وردیلە دوورگەیەکدا دەڕوات، وردیلە بە نیسبەت ئەستانبوڵ و یالۆڤاوە، دەنا ئەم دوورگانەش کەم نین لە پانتایی و لە جوانی و لە کۆنی دیرۆکیان، کە گەورەترینیان دورگەی بیوگ ئەدایە، ئەمانە دوورگەگەلی شازادەکانیشیان پێدەڵێن، گوایە شوێنی نیشتەنی مەنفای ئەو شازادە جوانانەی حەرەملکی عوسمانلی بوون، کە غەزەبیان لێ دەگیرا، خودایە هەر غەزەبی وا لە بەندەکانی خۆت بگریت، چونکە ئەم دوورگانە کەرت کەرتی بە هەشتن و بۆ ئیبداعێکی خودایی فڕێدراونەتە ناو دەریاوە.

جاری پێشوو بۆ گەشت چوومە بیوک ئەدا و سواری ئەسپ و عاربەنەکەش بووین، وەک بێگ و لۆردی دراما تورکییەکان هەڵسوکەوتمانکرد، کرێی خۆماندا بەپێی پرەنسیبی ئەکتەرەوانی ئەمریکی جاک لیمۆن، کە لە فیلمی نرخدا دەڵێ (ئەگەر نەتوانی شادومانی بکڕی بەکرێی بگرە)، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ برا و هاوڕێم چەکدار ئاریان و کاک یەعقەب رووما‌ن لە دورگەی یالۆڤایە و دیدارمان لەگەڵ وتەبێژی رەسمیی خواچە فەتحوڵڵا گویلەن و بزووتنەوە پانوپۆڕەکەیەتی، ساین حسین گولەرجە ئەو ناونیشانەی پێ دابووین.

کاک ئەیوب جۆرج بەڕێوەبەری کەناڵی ئیمەجە مەوعیدەکەی بۆ سازداین، وتی: ئەوە دەرفەتێکیشە یالۆڤا ببینن، کە جێی قیبلەی موسافیرەکانی خۆرهەڵاتە.

یالۆڤا (١٦٧) کیلۆمەتر لە ئەستانبوڵەوە دوورە، بۆیە یەعقوب ماشێنەکەی لە بەندەری یەنی کاپی راگرت و سواری کەشتی بووین. چەکدار، کە برا تورکەکانی وا تێگەیاندووە ناوەکەی گوزارشتە لە (ئاشتی)، گوتی: ڕێگاکەمان سەعات و چارەکێکە، بۆیە لە جێی دوودڵی و چاوەڕوانی، وەک گەشتێکی سەیران و ناسین مامەڵەی لەگەڵ بکە.

ناوی دێرینی یالۆڤا (هیلینا پۆلسن)ە، بەناوی دایکی ئیمپراتۆر کوستەنتین هیلینەوەیە، کە ئەم خانمە خۆی نەخشەی شارەکەی کێشاوە.

یالۆڤا وەک پایەختی پارێزگای یالۆڤاش ناسراوە، کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە (٧٠)هەزار کەسە، وەک ساین حسین گولەرجە لە دەرەوەی دیدارە سیاسییەکەمان بۆی گێڕاینەوە، یالۆڤای سەوزەڵان و جوان، پڕە لە بەرزایی و لێواری رووبار و بەتاڤگە زۆر و گەرماوە تورکییەکانی ناسراوە، بەتایبەتیش گەرماوی قورشونلو. گەرماوی تورکی هەر خۆی بە ناڤودەنگە، ئەمی یالۆڤا بۆ نەخۆشی رۆماتیزم و ئێشی قورگ و دەمارەکانیش بەکەڵکە.

کەمێک لە وادەی خۆمان دواکەوتین، لەو مۆڵە گەورەیەی شارەکە، کە جێژوانی

دیدارەکەمان بوو، لەگەڵ ساین حسین گولەرجە نووسەر و وتەبێژی فەتحوڵڵا گویلەن دانیشتین.

حسێن گولەرجە ساڵی (١٩٥٠) لە ناوچەی کەشان-ی شاری ئەدێرنە لەدایکبووە، لە ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکی سەر بە گروپی زەمان (دەزگایەکی میدیایی موحافەزەکارە و ڕەوتی فەتحوڵڵا گویلەن خاوەندارێتی دەکەن) گۆشەی تایبەتی هەیە، ماوەیەکیش لەوێ بەڕێوەبەری نووسین بووە. دەورانێک لەسەر لیستی حزبی (نیشتمانی دایک)، واتا حزبەکەی ئۆزال، بۆتە نوێنەری پەرلەمان.

یەکەمجار بەو موجامەلە دۆستانەیە دەستمانپێکرد، ئایا مامۆستا فەتحوڵڵا گویلەن دەگەڕێتەوە تورکیا، وەک سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان داوای گەڕانەوەی کرد، یاخود نا؟ ساین گولەرجە گوتی: مامۆستا لەم شەوانەدا لێدوانێکی دا، کە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوەو دەڵێت: (بەڕێز سەرۆک وەزیران کارێکی جوامێرانەی کردووە کە شیاوی کەسایەتی خۆیەتی، بەڵام من ناگەڕێمەوە)، هۆکارەکەشی بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: (هەروەکو پێشتریش وتوومە، کاتێک بمەوێت بگەڕێمەوە بۆ تورکیا، هەندێک لایەن هەوڵی تێکدانی ئارامی دەدەن، ئەوانە دەتوانن کاری تێکدەرانە ئەنجامبدەن. نامەوێ بزووتنەوەکەمان زیانی پێ بگات و حکومەتی تورکیاش تووشی ناڕەحەتی بێت)، بەڵام داخۆ بۆچی لە تورکیا خەڵکانێک هەن دژی گەڕانەوەی گویلەنن، ئەوێک پاوەرێکی سیاسی، ڕۆحی، فەرهەنگی و ئابووریی گەورەیە لە تورکیا تا ئەو ڕادەیەی سەرۆک وەزیران بە سۆز و لاوانەوەوە داوای گەڕانەوەی دەکات، ئەسڵەن بۆچی گویلەن لە دەرەوەیە مادامەکی، وەک دەبینرێت، هەموو شتێک لە تورکیا بە دڵی ڕەوتە بیریی‌و سیاسییەکەی ئەو هەڵدەسووڕێت؟

## گویلەن و بزووتنەوەکەی

پیاوێکە لە سەر ڕێبازی شێخ سەعیدی نورسیی کورد خۆی نمایان دەکات، فەتحوڵڵا گویلەن (٢٧ی نیسانی ١٩٤١) لە شاری ئەرزرۆم لەدایکبووە، عەرابی ئیسلامی کۆمەڵایەتی تورکیایە. وەک چۆن نەجمەدین ئەربەکان عەرابی ئیسلامی سیاسییەکەیەتی، لە ئامانجی ئیسلامەتی و دیاردەی دینداریدا وەک یەکن، بەڵام لە زۆر شتیشدا لێک جیان-دەرکەوتنی ئەربەکان هی چەند قۆناغێکی پێش دەرکەوتنی گویلەنە، بەڵام گویلەن لە دەورانێکی ئەوتۆدا دەرکەوت، کە فەزای ناوەوەو دەرەوەی تورکیا دەڵێی بۆ ئەوە خوڵقابوو ئەم وازی خۆیی تێدا بکات.

ساڵی (١٩٩٠)، ساڵی دەرکەوتنی کەسایەتی گویلەنە و ئەوەش هەمان ساڵی داڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتە، بۆ هەموو ئیماندارێک کەوتنی قەڵایەکی گەورەی ئەزموونی سۆشیالیزم، کە تۆمەتی کوفر و بێباوەڕی دراوەتە پاڵ، ڕووداوێکی جێی خۆشحاڵییە. ئەم ڕووداوە بۆ گویلەن هێلکەیەکی دوو زەردێنە بوو، هەم خۆشحاڵییە کە قەڵایەکی کۆمۆنیزم دەکەوێت و هەمیش لەناو ئەو قەڵایەدا وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست هەبوون کە بەشێکیان تورک و

هاوڕەگەزی نەتەوەیی تورکن و بەشی هەرە زۆریشیان موسڵمانن، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست وەک مەملەکەتگەلێکی تورکنشین بوونە مەیدانی چالاکی ئایینی، فیکری و خزمەتگوزاری بزووتنەوەکەی گویلەن. وەک وەکیلی ئێستای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ناجی قور و بەشانازییەوە باسی خوێندنگە و نێوەندە زانستییەکانی تورکیا دەکات لەسەرتاسەری دونیادا، بەچەشنێک وەک نوێنەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەیانناسێنێ. بەشی زۆری ئەوانە هی گروپی گویلەنن لە بۆسنیا تا قرم و کوردستان و تورکمانستان، هەن و رۆڵ دەگێڕن.

لای گویلەن ئاسیای ناوەڕاست، نەک دونیای عەرەب و رۆژهەڵات، بوارە ژیارییەکەی جوڵاندنەوە بوو، ئەمەش شتێک بوو بە دڵی سیاسەتی رەسمیی تورکیاش بوو، کە تورکنیشینان پابەندی کەلتووی تورکی و ئیسلامیی تورکی بن و گویلەن وەک هێزێکی نەرم دۆستایەتی ئەوان بۆ تورکیا دابین بکات.

ئەمە ئەو کاتە بوو کە بەهاری ئاسیای ناوەڕاست و رووخانی ئۆردوگای سۆڤێت بوو، ئەگینا پێش و دوای دەرکەوتنی بەهاری عەرەبی بزووتنەوەکەی رووی لە جیهانی عەرەبی کرد و سۆفت پاوەری ئەزموونی خۆی بۆ پایتەختە عەرەبییەکانیش نارد، لە مەغریب بەشێکی ئۆڵۆمپیادەکەی خۆی، ئۆڵۆمپیادی زمان، لەوێ تاقیکردەوە و مەراکشی کردە شوێنی کێبڕکێ لەسەر زمان و شیعرو ئەدەبی تورکی، لە قاهیرەش کە دواتر بووە پایتەختی هەژانە گەورەکەی بەهاری عەرەبی، رەوتی گویلەنی هەر لە زووەوە خۆی لە بابەتێکی جیددی تردا تاقیکردەوە. ئەوەبوو بەهەماهەنگی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٩ لە قاهیرە کۆنگرەیەکی بەناوی ئایندەی چاکسازی لە جیهانی ئیسلامیدا سازکرد، کە بەشی بەرچاوی بابەتەکانی لەسەر رەوتی کاری بزووتنەوەکەی و رۆڵی ئەو بوو لە پەرەپێدانی ئیسلامێکی کۆمەڵایەتی میانڕەو. ئەو سیمنار و کۆڕ و موداخەلاتانەی لە قاهیرە کران دواتر لە دوو توێی کتێبێکدا چاپکران (مؤتمر دولی عن مستقبل الاصلاح فی العالم الاسلامی، خبرات مقارنة مع حرکة فتح الله کولن الترکیة. جامعة الدول العربیة، القاهره، ١٩-٢١ اکتوبر ٢٠٠٩، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.

## دەستخۆشی و ستایش

ئەم دەرکەوتە لە جێی ئەوەی بزووتنەوەی گویلەن تووشی بەریەککەوتن بکات لەگەڵ دەوڵەتدا، دەستخۆشی و ستایشی بۆ هێنا، بە تایبەتی حکومەتی بڵند ئەجەوید، کە ساڵی (١٩٩٩) رایگەیاند چالاکییەکانی گویلەن بۆتە مایەی بڵاوبوونەوەی کەلتووری تورکی لە وڵاتانی تر و دەوڵەت خۆی چاودێری کارەکانی دەکات. تەنانەت ئەو کاتەی ئەو چالاکییانە لە وڵاتێکی وەکو ئۆزبەکستان بوونە مایەی بێزاری و قەڵسی سەرۆکی ئەو وڵاتە، ئەجەوید هاتە سەر هێڵی داکۆکیکردن و فەتحوڵڵا گویلەنی بێبەری کرد لە خراپەکاریی.

لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوە عەلمانییەکان، کە لە بۆسەدا بوون بۆ چالاکییە بەرفراوانەکانی بزووتنەوەی گویلەن، ئەم تەنگژە دیپلۆماسییە و چەند هەڵە و پەڵەیەکی لێدوانی گویلەنیان کردە بیانوو بۆ تەنگپێهەڵچنینی. هاوسۆزی ئەجەوید لەکۆتایی نەوەدەکاندا لەگەڵ

چالاکییەکانی گویلەن هەر لەبەر هۆکاری سیاسی نەبوو، بەڵکو هۆکاری کەلتووریشی هەیە، کە پەیوەندی بە تێڕوانینی گویلەنەوە هەیە بۆ ئیسلام. ئەو پێیوایە ئیسلامی تورکی یان وەکو ناوی لێ ناوە ئیسلامی ئەنادۆڵیا، جیاوازی دەکات لەنێوان ئیسلامی تورکیا و ئیسلامی عەرەب و موسڵمانەکانی تر. پێیوایە ئیسلامی تورکەکان تێکەڵەیەکە لە ئیسلام و نەتەوایەتی تورک (بڕوانە کتێبی عوده العثمانيين- الاسلامية التركية- مركز المسبار للدراسات والبحوث- چاپی دووەم ساڵی (٢٠١١) بابەتی فتح الله كولن: أبو الاسلام الاجتماعي في تركيا - د. مصطفى الامين - ل٢٠٤) ئەمەش وادەکات تورکە چەپە ناسیونالیستە عەلمانییەکانی وەکو ئەجەوید لەگەڵی بن لەو بەشەی پەیوەندیی بە تەشەنەپێدانی کەلتووری تورکەوە هەیە و بەدوو دڵییەوە مامەڵە لەگەڵ بەشە ئیسلامییەکەی بکەن، با ئیسلامێکی کۆمەڵایەتیش بێت.

## ئاین لە تورکیای کەمالیدا

ڕاستییەکەی بیری (ئیسلامی- تورکی) هەمان ڕێبازی خوێندنگەی ئەربەکانە، کە لە ڕەوتی دەرکەوتنەوەی ڕۆڵی ئاین لە تورکیای کەمالیدا لە ڕێی بیرۆکەی میللی گوریشەوە هەوڵی دا رمێن بۆ ئیسلامی سیاسی پەیدابکاتەوە. هەرچەندە گویلەن لە تەنگژەی حکومەتەکەی ئەربەکاندا لایەنگری دەوڵەتی عەلمانی کرد و پشتیوانی لە داخستنی حزبی ڕەفا کرد، وەک نوێنەری ئیسلامی سیاسی (بۆ بیرۆکەی میللی گوێریش دەکرێ سەیری کتێبی الدين و الدولة في تركيا المعاصرة- صراع الاسلام والعلمانية- کمال حبیب - فەسڵی سێیەم - باسی یەکەم پارتی ڕەفا- لە دامەزراندنەوە بۆ دەسەڵات) بکرێت، لاپەڕەکانی (٢٣٨) بەدواوە، بۆ هەڵوێستی گویلەن لە قەوماوەکەی ئەربەکان دەکرێت سەیری فەسڵی تایبەت بە گویلەن لە کتێبی د. محەمەد نورەدین شارەزا لە کاروباری تورکیا بکرێت، بەناوی (تركيا.. الجمهورية الحائرة ل١٧٩-١٩٠).

گویلەن نێوانی لەگەڵ دەوڵەت باشبوو تا ئەو جارەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر بڵاوکرایەوە کە بەڵێنی بەشێنەیی گۆڕانی سیستمی سیاسی تورکیا دەدات. ئەم دۆخە وایکرد گویلەن وڵات بەجێبێڵێ و بچێتە ئەمریکا، ئەگەرچی پرۆژە و چالاکییە زۆر و زەوەندەکانی لە تورکیا بەئاشکرا بەرپادەکرێن، ئەم چالاکییانە وەک چۆن لەوڵاتانی ئیسلامی و موسڵمان نشینی جیاجیا هەیە، لە کوردستانی باکوور و لە هەرێمی کوردستانیش لە شێوەی چەندین پرۆژەدا خۆیان دەنوێنن. لەوانەش پرۆژەی کۆلیژەکانی ئیشق و سەڵاحەدین. بزووتنەوەی گویلەن لە تورکیا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆنی و خوێندنگە و نەخۆشخانەو پرۆژەی خزمەتگوزارییان هەیە. لە کوردستانی باشوور رادیۆی دەورانیان هەیە و بەتەمای پرۆژەی ڕووناکبیری تریشن. جا وەک چۆن لە ئاسیای ناوەڕاست و لە تورکیا خێزانە دەستە بژێرەکان منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانەکانی گویلەن، لە باشووریش هەر وایە.

نووسەری کتێبی پەرەسەندنی بارودۆخی ڕۆشنبیریی تورکیا دوای ئەوەی بنەچەی بزووتنەوەی گویلەنی دەگێڕێتەوە بۆ یەکێک لە ئاراستە بە هێزەکانی خوێندنگەی سەعید نورسیی، دەڵێت (ئەم گروپە دەستپێشخەربوون لە کردنەوەی خوێندنگەی نێوەنجی و

ئامادەیی لە کۆمارە تورکزمانەکان دوای جیابوونەوەیان لە یەکێتیی سۆڤێت، هەروا لە وڵاتە ئەوروپی و ئەفریقییەکاندا. ئەمان پێش ئەوانیتر تەلەفزیۆنی تایبەتیان لە تورکیا کردەوە بۆ پرکردنەوەی بۆشایی لەم بوارەدا، بەتایبەتی بۆ گوێزانەوەی هەواڵ و پەخشکردنی فیلمە زانستییەکان و پاراستنی داونەریتی تورکی. ئەمەش دوای تەشەنەسەندنی زۆر لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە غەربزەدەکانی کە لە بەربەستی شەرم و حەیا بەرهەڵدابوون– سهیل صابان – تطور الاوضاع الثقافية فی تورکيا من عهد التنظيمات الی عهد الجمهورية– تحرير و مراجعة عثمان علی – المعهد العالمی للفکر الاسلامی –چاپی یەکەم ٢٠١٠– لاپەرە٤٤٥) بەندە ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ وەفدێکی میدیاکاری کوردستان سەردانی نێوەندیی گروپی زەمان و تەلەفزیۆنی سەمان یۆلمان کرد و ئەو رەوتە موحافیزکارەی گویلەنییەکانمان دیت، کە وردەوردە جێی خۆی دەکردەوە. لەوێ گوتیان بەم زوانە تەلەفزیۆنێکی کوردی دادەنێین بەناوی دونیا، هەر واشیان کرد. دونیا تیڤی بووە سەتەلایت و هەر کەسێک بخوازێت فێری کرماجی و لاتینی بێت دەتوانێت سەیری بەرنامە فێرخوازییەکانی ئەو کەناڵە بکات.

کە بەندە لەوێ خەریکی دیداری وتەبێژی گویلەنییەکان بووم، بیستم سێ دانە لە کتێبەکانی گویلەن بۆ سەر زمانی کوردی شێوە زاری کرمانجی وەرگێڕدراوەو وەک سینان بابا نوێنەری دەزگای قایناق: دەزگای بڵاوکراوەی کتێبەکان، گوتویەتی: کتێبەکان خوێنەرێکی باشیان هەیە. بەری چەند مانگێک لە هەولێری پایتەخت لە سۆپەرماکتێکی گەورەدا چاوم بە چەند کتێبێکی عەرەبی فەتحوڵڵا گویلەن کەوت. کابرای کاسب زانی کتێبەکان سەرنجیراکێشام بە کرمانجی گوتی: مامۆستا بە کوردیش کتێبی ئەومان هەیە. کتێبەکان زنجیرەیەک بوون بەناوی شانازیی مرۆڤایەتییەوە، دیاربوو بە سۆرانیش، بۆ کوردی باشوور، هەر لەلایەن خۆیانەوە چاپکراوە.

لە فەبرایری ساڵی (٢٠٠٩) رێکخراوێکی دۆستی گروپی گویلەن، ئاباند پلاتفۆرم بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای موکریانی و زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر، لە شاری هەولێر سیمینارێکیان بەناوی (پێکەوە بەدوای ئاشتی و ئایندەدا دەگەڕێین) رێکخست، کە گفتوگۆیەکی کراوە بوو لەسەر پەیوەندیی کورد و تورک، هەمان سمینار لەکۆتایی ساڵدا لە ئەستەنبوڵ دووبارەکرایەوە. وەک بەشدارێکی هەردوو سمینار پێموایە باسوخواسەکان لە هەندێک رووەوە بۆ کوردیش بەکەڵک بوون. ئەو درزتێخستنە ناو کەلتووریی دوورەپەرێزی و دووردنگی ئازایەتییەکە بۆ ئەو سێ دەزگایەو بۆ گویلەن خۆشی حسێبدەکرێت.

بزووتنەوەی گویلەن، کە وەک بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکەی رەفا و ئینجا دادو گەشەپێدان لە ناوچە کوردنیشنەکانی تورکیا (باکوور) چالاکی هەیەو هەوڵی کەمەندکێشکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریی باکوور دەدات، تووشی بەریەکەوتن و ململانێ هاتووە لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەتی لەگەڵ پەکەکەدا. رای پارتیی کرێکاران لەسەر ئەم بزووتنەوەیە زۆر خراپە و وەک بەشێکی شەڕی تایبەتی دەزانن، ئەم روانینەش لە فەزای گشتی باکوور و لەناو دەستەبژێری کوردی ئەستەمبوڵیشدا رەنگیداوەتەوە، ئەوانە بە گشتی ترسیان لە بزووتنەوەکەی گویلەن هەیەو پێیانوایە

ئەمانیش وەک ڕەفا و دادو گەشەپێدان بەناوی (برایەتی ئیسلامییەوە) هەوڵی فریودانی کورد دەدەن.

لە ڕوانگەی پەکەکەوە: حزبی داد و گەشەپێدان و فەتحوڵڵا گویلەن دوانەی یەک هێڵی سیاسیین. بۆ نموونە، نووسەرێکی پەکەکە لە سایتی ڕەسمییاندا دەنووسێت: تەشەنەسەندنی گروپەکانی فەتحوڵڵا گویلەن لە تورکیا و کوردستان و هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە ئەفریقاش، بۆ پێویستی گەلانی ناوچەکە ناگەڕێتەوە، بگرە ڕێککەوتیش نییە، بەڵکو ئەمە پرۆژەی کۆمەڵایەتی ئەمریکا و ئینگلتەرایە، کە دەخوازن هەموو ناسنامەکانی تر لەناو ناسنامەی ئایینی ئیسلامدا بتوێننەوە. جا ئەگەر گروپەکانی فەتحوڵڵا گویلەن پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی بن، ئەوا حزبی داد و گەشەپێدان پرۆژە سیاسییەکەیە و پێکەوەش لەهامشۆدان و یەکتری ئاو دەدەن.. وتاری (الكردی المتحرر - الشرق الاوسط المتحرر) لە سایتی ڕەسمیی پەکەکە.

بەڵام ڕەخنەی جەرگبڕ و توند ئەوەیە، کە خودی ئۆجەلان لە فەتحوللا گویلەنی گرتووە. ساڵی ١٩٩٨ ئۆجەلان لە وەڵامی پرسیارێک لەسەر پەکەکە و ئیسلامەتی لە تورکیا دەڵێت (بۆ نموونە فتح الله گولەن، پێشان ئەو مەلایەک بوو پێنج فلسی نەبوو، ئێستا ٣٠٠ خوێندنگای ئامادەیی و پەیمانگای لە ٥٠ وڵاتدا کردۆتەوە، باشە ئەو مەلایە ئەو هەموو پارەیەی لەکوێوە هێنا؟ ئەو سەرمایەی لەکوێوە هێنا؟ مەعاشی مەلایەتییە؟! نەخێر... بەهاوکاریی چەند دەوڵەتێک ئەو شتانەی کردووە. دەیەوێ بۆ ئەمریکا جۆرە موسڵمانێتییەک بێنێتەکایەوە، ئەوەش شتێکی ڕاست نییە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕۆژنامەی وڵات، ساڵی ١٩٩٨ ل٨٥- ل٨٧). بەڵام ئەوە ئۆجەلانی پێش دەستگیرکردن بوو، کە قسەی لەسەر گویلەنی پێش کۆچی مەنفای دەکرد بۆ ئەمەریکا. ڕەنگە ئێستا مەسافەی نێوان ئەمەریکا و ئیمراڵی وا دوورنەبێت.

بەهەر حاڵ وەک لە قسەکانی وتەبێژی گویللەن دەردەکەوێت، گویلەنەکانیش ڕەخنەیان هەیە لە پەکەکە و بە پەلاماردانی نووسینگە و چالاکییەکانیان تۆمەتباریاندەکەن.

## ئۆڵۆمپیادی گۆرانیی

لەم سەروبەندەدا بوو، کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان داوای گەڕانەوەی گویلەنی کرد، ئەردۆگان بۆنەی ئۆڵۆمپیادی گۆرانیی لە تورکیا قۆستەوە تا ئەم داوایە بکات، داواکەشی بەشێوەی غائیب گوت، کە جۆرێک لە قودسیەتی پەرگیری بە گویلەن دا، شتێک لە بابەت ئەوەی باوەڕمەندانی هەولێر ناوی پێغەمبەر ناهێنن و بە (خۆشەویست) بانگی دەکەن، جا ئەوەی هەولێر بۆ خۆشەویستی خودایە و لەجێی خۆیەتی و ئەوی ئۆردوگان پەرگیری تێدابوو. گویلەن کە لە گوتار و بانگەوازدا گریان و سۆزی زۆر نیشاندەدات، لە وەڵامی ئەم داوایەی ئۆردوگاندا هەروا قوڕگی پڕبوو لە گریان و داوای لێبوردنی کرد، کە ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ وڵات.

ئەم سۆز و بانگەوازە هاوبەشە لەنێوان گویلەن و ئۆردوگان تۆڕی پەیوەندی ئاڵۆزی

نێوان حکومەتی ئۆردوگان و دامەزراوەکانی گویلەن بەرجەستەدەکەن لە هاوکارییەوە بۆ بەریەککەوتن و بۆ یەک ئامانجی سیاسیی. ئەگەرچی لە ڕووی ڕەگوڕیشەی سیاسییەوە ئەردوگانی سیاسەتمەداری ئیسلامی کوڕی بزێوی بزووتنەوەکەی نەجمەدین ئەربەکانە، بەڵام پێدەچێت سەرۆک وەزیران زیاتر خوێندکاری ڕۆحی خوێندنگەکەی گویلەن بێت، حزبەکەی ئەربەکان- ئەربەکان خۆشی- کەوتنە بەرەی دژایەتی ئۆردوگانەوە دوای ئەوەی داد و گەشەپێدانی دروستکرد، لەکاتێکدا گویلەنییەکان نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەردۆگاندا، ئەگەرچی سیاسەتی (ڕەخنە و ستایش)ی لەگەڵ پەیڕەودەکەن، ستایشی فەزا ئیسلامییەکەی حکومەت و ڕەخنە لە کەموکوڕییەکانی دەگرن. لەوانەش کەموکوڕی چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد، کە باسوخواسی گفتوگۆی ئێمە بوو لەگەڵ وتەبێژی بزووتنەوەی گویلەن ساین حسین گولەرجە.

*** لە بزووتنەوەی گولەن - دا چۆن سەیری پرسی کورد دەکرێت؟**

- مامۆستا پێیوایە ئەم کێشەیە کێشەیەکی ئاسان نییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ئەمە تەنها کێشەی هاوڵاتیانی کورد نییە، هەروەها تەنها کێشەیەکی ناوخۆیی ئێمەش نییە، زۆر لایەنی تر تێکەڵ بەم کێشەیە بوون. بۆ نموونە، وڵاتانی دراوسێ، ئەمریکییەکان، وڵاتانی ئەوروپا و ئیسرائیل، کەوابوو کێشەی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی و لە هەمانکاتدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگی دەرەکیشە، ئەمانە لایەنێکی کێشەکەن. لایەنی دووەم ئەوانەن، کە بازرگانی بە چەک و مرۆڤەوە دەکەن، واتە چەند لایەنێک هەن کەڵک لە نەبوونی سەقامگیری و ئارامی ناوچەکە وەردەگرن. ئەمانەش چارەسەری ئەو کێشەیە هێندەی تر سەختدەکەن.

## پێداچوونەوەی مێژوو
## گفتوگۆکارمان ڕەهەندی مێژوویی دا بە باسەکەی

(وەکو دەزانن جەماعەتی ئیتیحاد و تەرەقی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بە کودەتایەک هاتنە سەر دەسەڵات (مەبەست لە کودەتای ساڵی ١٩٠٨، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە سەر تەخت لابرا) لەو کاتەوە لە تورکیا دەوڵەتی شاراوە هەیە، ئەم دەوڵەتی شاراوەیە پێکهاتووە لە ئەفسەرە کودەتاچییەکانی ناو سوپا. ئەمەش لایەنی سێیەمی مەسەلەکەیە.

ئەم کودەتاچییانە، ساڵی١٩٥٠ لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی عەدنان مەندەرەس، ئەو ڕاستییەیان بینی، کە لەناو سیستەمی دیموکراسیدا هێز و دەسەڵاتیان لەدەست دەردەچێت و ئەو کۆنترۆڵەیان نامێنێت. هەر بۆیەش دەستیانکرد بەئامادەکاری بۆ کودەتا.

لە ساڵانی سەرەتای کۆمار، ئەم کودەتاچییانە دوو لایەنیان وەکو دوژمنی سەرەکی خۆیان ڕاگەیاند: یەکەمیان کورد، ئەویتریشیان لایەنە ئیسلامییەکان. کوردەکانیان وەکو مەترسی جوداخوازی ناساند و ئیسلامییەکانیشیان وەکو مەترسیی کۆنەپەرستی ناساند. لەبەرئەوە، بۆ نەهێشتنی مەترسیی کوردەکان کۆمەڵکوژی دەرسیم-یان ئەنجامدا. بۆ نەهێشتنی مەترسیی ئیسلامییەکانیش یاسای (شەبقە) کڵاویان دانا و مەلا عاتفی ئیسکیلیپی-یان لەسێدارەدا و سەعید نورسی-یان خستە زیندانەوە.

دواتر له قۆناغی دروستبوونی حزبه کوردییەکاندا (مەبەست ساڵانی سەرەتای نەوەدەکانە، کە کرانەوەی سەردەمی ئۆزال رێگەی بۆ دامەزراندنی حزبی کوردی و فراکسیۆنی پەرلەمانی کورد کردەوە) دەستیانکرد بە داخستنی یەک له دوای یەکی حزبه کوردییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشێک دەستیپێکرد بۆ سەر حزبه ئیسلامییەکانیش. بۆ نموونە، حزبی (رەفا)، حزبی (سەعادەت) و تەنانەت خەریک بوو پارتی داد و گەشەپێدانیش دابخەن. ئیتر دیارە سەردەمی پۆست مۆدێرنیتە بوو، پێشتر لە رێگەی تانک و تۆپەوە کودەتایان دەکرد، بەڵام ئەمجارە لە رێی گوشاری سیاسییەوە ئەو کارەیان دەکرد. بە گشتی میتۆدەکانیان بریتیبووە لە ترس و تۆقاندن و هەڕەشەو هەرەسپێهێنان.

دوای کودەتای سەربازیی ١٢ی ئەیلول (کودەتای کەنعان ئیفرین لە ساڵی ١٩٨٠دا)، بزووتنەوەی سیاسیی کورد کەوتە قۆناغێکی نوێوە. بۆ نموونە، لە دیاربەکر مەهدی زانا بۆ سەرۆک شارەوانی دەنگی هێنابوو، واتە مەسەلەکە بە رێگەیەکی دیموکراتیدا دەڕۆیشت، ئەوان بۆ نەهێشتنی ئەم رێگە دیموکراتییە هاوکاری ئۆجەلان و پەکەکەیان کرد. بە پاکتاوکردنی کەسایەتی وەک کەمال بۆرقای و مەهدی زانا مەسەلەکەیان تا ئەو رادەیە ئاڵۆزکرد و پەکەکەیان وەکو تاکە نوێنەری کورد لەقەڵەمدا (بێگومان ئەمە شرۆڤەیەکە لە روانگەی رەوتی ئیسلامییەوە کە هەمیشە دەزوییەکی دوورودرێژ لەنێوان پەکەکە و عەسکەرتاریی دەوڵەتی دروستدەکەن. ئەم شرۆڤەیە ئەوەمان بۆ روونناکاتەوە داخۆ چۆن پەکەکە لەگەڵ ١٢ی ئەیلول هاوکارەو ئەندامەکانیشی لە زیندانی ئەشکەنجە و ئازاردانن؟).

مامۆستا حسین درێژەی بە قسەکانی دا (ئەمە چارەسەرکردنی کێشەکەی ئەوەندە قورسکرد، کە لە ژێر ناوی خەبات لە دژی تیرۆر، هەزاران سەرباز و پۆلیس شەهیدبوون. لە هەر ٨١ ویلایەتی تورکیا شەهید درا، بەمەش ویستیان هەموو کورد بە لایەنگری پەکەکە بناسێنن و بیانکەن بە دوژمنی میللەتی تورک. بۆ نموونە، خوشکەزایەکی خۆم لە شاری کەشان لەم شەڕەدا کوژراوە، بەمەش هەموو دانیشتووانی کەشان بوونە دوژمنی میللەتی کورد. رەوشێکی پێکدادانی کورد - تورک هاتەئاراوە. ئەمانە مەگەر لە رێگەی نانەوەی ئەم پێکدادانەوە لەنێوان لائیک و ئیسلامی، کورد و تورک، سوننە و عەلەوی، دەتوانن بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن

دوای ئەوەی ئاکەپە زۆرترین دەنگی لەناو کوردەکاندا بەدەستهێنا، ئەم گەمەیە تێکچوو. ئەگەر ئەم گەمەیە تێک نەچووبا، ئێستا لە تورکیا شەڕی کورد- تورک دروستدەبوو).

لێرە میوانەکەم ئاماژە بەوە دەکات زۆرینەیی ئاک پارتی لە کوردستاندا رێگای بۆ ئەوە کردەوە کورد و تورک پێکەوە بمێنن لەسەر بنچینەیەکی ئاینی سیاسیی سەرتاسەریی بەو مانایەی کورد دەنگ بە حزبێکی تورکی سەرتاسەریی وڵات و ئیسلامیی رێباز دەدات، کەواتا کورد لەگەڵ تورکیاو بژارەی نیشتمانیی سەرتاسەرییە، نەک بژارەی نەتەوەیی و جودابوونەوە.

## قوتابخانەی بێ بەرامبەر

ئینجا هاتە سەر بڕوای فەتحوڵڵا گویلەن (مامۆستا گویلەن لەو باوەڕەدایە، کە

کێشەی کورد لە ڕێی پەیوەندی نێوان دڵەکان و لەسەر بنەمای برایەتی چارەسەردەبێت. بەڕێزیان هەمیشە دەڵێت: کورد- تورک چی مانایەکی هەیە؟ ئێمە یەکین. بۆ ئەوەی نزیککردنەوەی دڵەکان و برایەتی نێوانمان تەنها لەسەر زار نەمێنێتەوە، ماوەی ١٠ساڵە لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و ئەو شارانەی کوردی راگوێزراوی تێدایە، مامۆستا (مەبەستی فەتحوڵڵا گویلەنە) بێ بەرامبەر قوتابخانەی بۆ کردوونەتەوەو تەنانەت یارمەتی بنەماڵەکانیشیان دەکرێت، چونکە ئەمانە ئەو بنەماڵە کوردانەن کە لەبەر نەبوونی منداڵەکانیان ناخەنە بەر خوێندن. لەبەر ئەوە پەکەکە زۆر بەمە تووڕەبووە، دەڵێن ئێوە کار لە جەماوەری ئێمە دەکەن، چۆنکە زۆربەی ئەو منداڵانەی لەو قوتابخانانەی ئێمە وەرگیراون لەو بنەماڵانەن کە دەنگیان داوە بە بەدەپە، ئێمە هیچ جیاوازییەکمان لەنێوان ئەوانەدا نەکردووە، پەکەکەش لەبەرئەوەی بەمە تووڕەبووە هێرشدەکەنە سەر هۆڵەکانی خوێندن و بۆمب هەڵدەدەنە ناو پۆلەکانەوە. بۆ نموونە، لە دیاربەکر کۆلێژمان هەیە بە بەرد شووشەکان دەشکێنن، ئێمە بەم هۆڵی خوێندنانە دەڵێین (خزمەت)، کەچی پەکەکە ناهێڵن بنەماڵەکان منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن.

*** وەکو باستانکرد، پێشتر هێزێک هەبوو گوشاریان دەخستە سەر کوردەکان و ئیسلامییەکان، حزبە کوردییەکان و حزبە ئیسلامییەکانیان دادەخست، واتە کورد و ئیسلامییەکان ژێردەستەبوون، بەڵام ئێستا حزبێکی ئیسلامی لەسەر دەسەڵاتە، بەڕای ئێوە ئەم حزبە چی بکات بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟**

- هەفتەی رابردوو لە کەناڵی ئەیتیڤی پرۆگرامێک هەبوو، بەڕێز سەرۆک وەزیران بەشداری ئەو پرۆگرامە بوو و کۆمەڵێک رۆژنامەنووس پرسیاریان ئاراستەکرد. سەرۆک وەزیران وتی: لە تورکیادا کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد بوونی نییە، بەڵکو کێشەی تیرۆر و پەکەکە هەیە، هەروەها کێشەی هاوڵاتییە کوردەکانمان هەیە. کەوابوو تا کۆتایی بە تیرۆر و توندوتیژی نەهێنرێت، ناتوانین کێشەی هاوڵاتییە کوردەکانمان چارەسەربکەین.

هەروەها ئاکەپە لەو باوەڕەدایە کە لە ڕابردوودا خەبات لە دژی تیرۆر لەلایەن سوپاوە دەکرا و سوپاش لەگەڵ ئەوانەدا لە دانوستان و پەیوەندیدا بووە، هەر بۆیەش هەوڵەکان سەرکەوتوونەبوون، بەڵام ئاکەپە دەڵێت ئەمڕۆ ئێمە دەستپێشخەرین، ئێمە ئەم کێشەیە چارەسەردەکەین. پەکەکە پێویستە یەک شت بکات، ئەویش دانانی چەکە. ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت، ئێمە کێشەی هاوڵاتییە کوردەکانمان دەزانین، ئەمە چارەسەردەکەین و، چەند رۆژێک بەر لە ئێستاش هەنگاوێکی زۆر گرنگیان نا، لە هەموو تورکیا زمانی کوردی دەکرێت بە مادەیەکی خوێندن و بۆ نموونە ١٠قوتابی داوای خوێندنی ئەو مادەیە بکات، ئەوا پۆلیان بۆ دەکرێتەوە. کەوابوو کێشەی هاوڵاتیانی کورد شتێکە و کێشەی تیرۆر و توندوتیژیش شتێکی ترە.

ئێستا بۆ نموونە بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانیش لەگەڵ ئەو رایەن، کە پەکەکە چەک دابنێت، ئەوانەی لەئاستی بەڕێوەبەرایەتیدان (مەبەستی سەرکردەکانی پەکەکەیە) بچن بۆ سویسرا، ئەوانەی دەستیان تێکەڵ بە خوێن نەبووە لێبوردن بیانگرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بەڕێز بولەند ئارنیچ، جێگری سەرۆک وەزیران لە لێدوانێکیدا رایگەیاند، ئەگەر

پەکەکە چەک دابنێت، دەکرێت باس لە گواســتنەوەی ئۆجەلان بکرێت لە زینــدانەوە.

*** باشە ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت، لە کورد کێ دەبێت بەموخاتەبی حکومەت لەم کێشەیە؟**

– ئەو کات پێویستی بەموخاتەبێکی سیاسی دەبێت، لایەنێکی یاسایی کە لە پەرلەمان بێت، ئەمەش بەدەپە دەبێت. سەرۆک وەزیران لە پرۆگرامە تەلەفزیۆنییەکەدا وتی: کاتێک چووم بۆ دیاربەکر بەچاوی خۆم بینیم، خەڵک لە پشت پەردەوە دەستمان بۆ بەرزدەکاتەوە، خەڵک لە ژێر گوشاری پەکەکەدان، پەکەکە خەڵکی ترساندووە و بەدەپەشی بەندکردووە. ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت و کۆتایی بەتوندوتیژی بێت، ئەو کاتە موخاتەبێکی سیاسی ڕاستەقینەشمان دەبێت. مامۆستا گویلەن دەڵێت: ئەگەر تیرۆر و توندوتیژی کۆتاییهات، پێویستە دیاربەکر بکرێتە سەرنجڕاکێشترین ناوەند لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، تیرۆر کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەو ناوچانە، وەکو دەبینین لە شارەکانی تری تورکیا بەرەوپێشچوونێکی گەورە ڕوودەدات، بەڵام ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی کێشەی تیرۆرەوە هەروا لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە.

*** بەڵام وەکو دەزانن ئێستا ژمارەیەک پەرلەمانتاری کورد لە زینداندان و گرتنی چالاکوانانی کورد هەر بەردەوامە. ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت، چی گەرەنتییەک هەیە بۆ ئەوەی نەخرێنە زیندانەوە، چۆن بەشداریی ژیانی سیاسی بکەن؟**

– من ئەوە نازانم کە گەرەنتییەکی وا هەیە یان نا! بەڵام ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت، کۆتایی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دێت. ئەو سەرۆک شارەوانی و چالاکوانانەی کە ئێستا لە زیندانن بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستییەوە گیراون. کاتێک ئەو ڕێکخراوە نەمێنێت ئیتر پێویست ناکات کەس بگیرێت. وەکو وتمان پەکەکە دەستیگرتووە بەسەر ئەمانەدا، دەستیگرتووە بەسەر بەدەپەدا، ئەگەر ئەوان نەمێنن، ئەوا ئەو دەستە نامێنێت و چالاکە سیاسییەکان ڕزگاریان دەبێت. ئەو کات هەرکەس بگیرێت هەموولایەک ناڕەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام ئێستا هەرقسەیەک بکەیت دەڵێن کەجەکەیە. ئێستا بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بەڕاستی نوێنەری خەڵکی دیاربەکرە یان لە ژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە؟ ئەگەر سیاسەتی کوردی بەم شێوەیە بەندکرابێت، تاکو پەکەکە چەک دانەنێت ئەو سیاسەتە سەرکەوتوونابێت. زۆر کەسایەتی وەکو کەمال بورقای هەن کە لە ژێر کاریگەریی پەکەکەدا نین، حکومەتیش قسەی ئەوان زیاتر بەجدی وەردەگرێت. بۆچی قسەی بەدەپە زۆربەهەند وەرناگیرێت؟ نازانرێت موخاتەب خۆیانن یان ئۆجەلانە!؟ ساین حسین گولەرجەش وەکو هەر کەسایەتییەکی نەتەوەی سەردەستی ناوچەکە ترسێکی سەیری لە دەستی دەرەکی هەبووە، هەمان خیتابی عیراقی سوری بەسەردا زاڵبووە لە پرسی دەستی دەرەکیدا.

*** لەگەڵ ئۆجەلان-یشدا دانوستان کرا، لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام بۆچی هیچ دەرەنجامێکی لێ نەکەوتەوە؟**

– وەکو یەکەم جاریش وتم، ئەم کێشەیە تاکلایەن نییە، دەستی ئیسرائیل هەیە، سوریا هەیە، ئێران هەیە، ئەڵمانیا هەیە، هەندێک هێزی ناو حکومەتی ئەمریکا هەن، هەرکاتێک هەنگاو بۆ چارەسەری ئاشتییانە نرابێت، کارێکی تێکدەرانەی وەک ڕووداوی بینگۆل ئەنجامدراوە.

*** لەکاتێکدا ئەم هەموو دەوڵەتە دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەردەدەن، بۆچی دەوڵەتی تورکیا خۆی هەوڵنادات ئەم کێشەیە چارەسەربکات، بۆ ئەوەی دەستی ئەمانە ببڕێت؟ بۆ نموونە، لە ڕێی دەستوورییەوە چارەسەریبکات، ئەگەر موخاتەبیش نەبێت با تورکیا خۆی ئەو کارانە بکات کە بۆ مافی میللەتێک پێویستە؟**

– لێرەدا رای گشتی تورکیاش هەیە، تۆ بێیت هەموو هەفتەیەک هەڵکوتیتە سەر سەرباز و ئەفسەر و پۆلیس و بیانکوژیت، ئەوا تۆ ناتوانی هیچ بە حکومەت بڵێیت. هەروەها پشتیوانی رای گشتیش ناهێڵێت بۆ چارەسەری ئاشتیانە و رای گشتی بیر لە تۆڵەسەندنەوە دەکاتەوە. حکومەت ئێستا دوو جۆرە هەوڵ بەیەکەوە بەڕێوەدەبات، یەکەم: هەنگاوی دیموکراتیانەی وەک کردنەوەی دەرسی زمانی کوردی دەدات. دووەم: بێوچان درێژە بە خەبات لە دژی تیرۆر دەدات).

*** جەهەپەش هاوکات داوای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی کردووە، راتان لەسەر ئەوە چییە؟**

–جەهەپە زۆر راستگۆنییە. پێکهاتەی نێوخۆییان زۆر جێگیر نییە. لێرەدا دەمارێکی نەتەوەپەرستی هەیە، تەنانەت لەناویاندا زۆر کەس بەرامبەر بە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر هەڵوێستی خراپیان هەیە. هێشتا عەقڵییەتی دەوڵەتی شاراوە لای جەهەپە و مەهەپەش هەر ماوە، بۆیەش ئەمانە ئەگەریش بیانەوێت ناتوانن کێشەی کورد چارەسەربکەن. کلچدار ئۆغلو مرۆڤێکی نیازپاکە، بەڵام هیچ سوودێکی نابێت لەم مەسەلەیەدا.

*** کوردستانی عیراق لەم پرۆسەیەدا دەتوانێت چی رۆڵێک ببینێت؟**

– لەڕاستیدا دەبێت رۆڵ ببینن، چونکە ئەم مەسەلەی تیرۆرە بەشێوەیەکی زۆر جدی رێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عیراق. بەڕای من ئێستا گەورەترین کێشەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەوانەی قەندیلیش کوردن و ناتوانین هانیانبدەین کە بە زۆری چەک گوشاریان بخەنە سەر، وەکو دەزانن لە شەڕەکانی پێشتردا نزیکەی ٣ هەزار پێشمەرگە گیانی لەدەستدا. ئەو کاتە خەڵکی کوردستانیش لە حکومەتی هەرێم هەڵگەڕانەوە. کەواتە کوردستانی عیراق ناتوانێت خۆی بخاتە شەڕی پەکەکەوە، بەمجۆرە کورد دێتە بەرامبەری کورد، بەڵام لە ڕێی قەناعەتپێکردنەوە دەکرێت.

بۆ نموونە، بەڕێز تاڵەبانی لە بواری سیاسەت و قەناعەتپێکردنەوە مرۆڤێکی زۆر لێهاتووە. ئەزموونی یەکجار زۆرە. ئەوەی گرنگ بێت، دۆزینەوەی رێگایەکە بۆ ئەوەی قەناعەت بەوانەی قەندیل بکرێت چەک دابنێن. ئێستا بەهۆی ئاشکرابوونی دانوستانەکانی ئۆسلۆوە حکومەت لە ژێر گوشاردایە، بۆیەش دەکرێت ئەم دانوستانانە بەردەوامبن لە ڕێی تاڵەبانی و بارزانییەوە. وەکو پێشتر باسمانکرد، دەکرێ ئەوانەی سەرکردایەتی رەوانەی وڵاتێکی ئەوروپی بکرێن، ئەوانی تریش لێبووردن بیانگرێتەوە، بەمجۆرە لەگەڵ دەستووری نوێ، لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتیبوونی یەکەسان دەگەینە چارەسەرێکی دیموکراتیانە.

*** ئێوە باسی(کردەوە تیرۆریستییەکانی پەکەکە) تانکرد کە دەبێتە هۆی تێکچوونی رای گشتی لە تورکیا، کە رێگای ئاشتی نەگرنەبەر، بەڵام پێتان وانییە ڕووداوی وەکو ئولودەرە–ش ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کورد و تورک؟**

–حکومەتی تورکیا لەسەر هەڵەی خۆی بەردەوامە و داوای لێبوردنی نەکردووە لە ڕووداوی ئولودەرە، بێگومان وایە، لە دوای ڕووداوەکە لە ڕۆژنامەی زەمان وتارێکم نووسی، کە ئەمە داوێکە بۆ حکومەت. دەکرێ ئەو ئەرگەنەکۆنانە کە هێشتاش لەناو سوپادا ماون ئەم داوەیان نابێتەوە، دەکرێ داوی ئیسرائیل و ئەمریکا بێت، لەوانەشە داوی دەزگا هەواڵگرییەکانی سوریا و ئێران بێت. قەناعەتێکی وایان لای بەڕێوەبەرانی ئەم ئۆپەراسیۆنە دروستکرد، کە لەناو قاچاغچییەکاندا چەند فەرماندەیەکی پەکەکە وەکو فەهمان حوسێن و ئەمانە خۆیان شاردۆتەوە و ئەگەر ڕێگە بە پەڕینەوەی ئەوان لە سنوور بدرێت ڕووداوی گەورە ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر حکومەت نەکەوتبایەتە ئەم داوەوە دەیتوانی زیانەکانی ئەو ڕووداوە کەمتربکاتەوە. حکومەت ئێستاش لەسەر هەڵەی خۆی بەردەوامە و بەهیچ شێوەیەک ئامادەنییە داوای لێبوردن بکات. واتە ئەگەر گەرماوگەرم سەرۆک وەزیران لەگەڵ هاوسەرەکەی و وەزیرەکانی حکومەت بچوونایەتە ناوچەکە و ڕەوشەکەیان هێوربکردایەتەوە، هەروەها دانیان بەوەدا بنایە کە ئەمە هەڵەبووەو بکەرەکانی ئەم ڕووداوەش بەسزای خۆیان دەگەیەنن، ئەوا زیانەکانی ئەم ڕووداوە کەمتردەبوو. ئێستا بەهۆی ڕووداوی ئولودەرە، دڵی هەموو کوردێک شکاوە. لەوەش خراپتر، وەزیری ناوخۆ سەبارەت بەو گەنجانەی کە بوونە قوربانی وتی: با ئەمانەش قاچاغچێتیان نەکردایە. ئەمە هێندەیتر برینی خەڵکی کولاندەوە.

*** هەڵەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە چیدا دەبینن لەو هەنگاوانەیدا کە بۆ چارەسەری ناوچەتی؟**

– هەڵبەتە هەڵە هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٢وە تاکو ئێستا وا دە ساڵە، دەبووایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە زۆر لەوە خێراتر هەنگاویان بنایە، بەڵام بیانووی ئەردۆگانیش ئەمەیە کە ساڵی ٢٠٠٧ هەوڵی داخستنی حزبەکەی ئەویشیان دا و هێشتا بەتەواوەتی کۆنترۆڵی سیاسەتی وڵاتی نەگرتبووە دەست. من ئەمەش بەبیانوو نازانم. پەلەیان نەکرد لە چارەسەری کێشەی کورددا. بۆ نموونە، نزیکەی ٨٠ سەرۆک شارەوانی ئاکەپە تەنها لە باشووری خۆرهەڵات هەیە، دەیتوانی ئەمانە زیاتر پێش بخات و بەهێزیان بکات. گومانم لە نیازپاکی حکومەت نییە، بەڵام کەسی کوردیزانیان لەو پۆستانە دانابایە خێراتر دەیانتوانی دڵی خەڵک بەدەستبهێنن، نەوەک ئەو شوێنانە بکرێت بە شوێنی شەڕ و بەندکردن و دوورخستنەوە، پێویست بوو ئەم وێنەیە بگۆڕدرێت، لەمەشدا خاوەخاویانکرد.

لەو باوەڕەدام ئەگەر بەهاوڵاتییە کوردەکانمان بڵێین (بۆ خاتری خوا ئەو کارە مەکەن)، ئەوا نایکەن. لەبەرئەوەی زیاتر وێنەی چەک و چارەسەری سەربازی بە خەڵک پیشاندرا، تۆ بتەوێت یان نەتەوێت حەساسیەتی خەڵکیش زیاتردەبێت. ئەمانە هەمووی هەڵەی ئاکەپەن.

*** دوا پرسیارم وەکو سەرنجێکی گشتییە، ترسێکی زۆرت هەیە لە هێزی نادیار کە پیلان لە تورکیا دەگێڕن، بەڵام تورکیا وڵاتێکی گەورەیە، ئەگەر بیانەوێت کێشەیەکی ناوخۆی خۆیان چارەسەربکەن، بۆچی دەبێت لە ئیسرائیل و ئەمریکا و ئێران و سوریا بترسن؟**

– تورکیا بەهۆی ئەم کێشەیە و دەوڵەتی شاراوەوە، هەموو وزە و توانای خۆی لەم مەسەلە نێوخۆییانەدا سەرفکرد. تورکیا هێشتاش نەهاتۆتەوە سەرخۆ. بەدرێژایی چەندین ساڵ ئەوانەی خەڵکیان بەڕێوەدەبرد هەڵبژێردراوی خەڵک نەبوون. کودەتا لە دوای

کودەتامان بینی. هەرگیز هێزە مەدەنییەکان لەناو دەوڵەتدا دەستڕۆیشتوونەبوون. هێزی دەرەکی ناکەم بەبیانوو، بەڵام زۆر کاریگەرە. بۆ نموونە، تۆ دەزگای هەواڵگریت هەیە، لەناو دەزگای هەواڵگریدا ئەو هێزانە هەن. وادەردەکەوێت کە هێزەکانی میت دەستیان هەبووە لە ڕووداوی سیواس-دا، کێشەی سوننە و عەلەوییان دروستکرد لەم وڵاتەدا. کەواتە کۆنترۆڵ هەرگیز بەدەست ئێمە نەبووە. تاکو پێکهاتەی دەوڵەت لەمانە پاک نەکرێتەوە، هەموو هەوڵێک بەبادەدرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش هیوام بەچارەسەری کێشەی کورد هەیە.

ئەوەی بەندە لە وەڵامەکانی مامۆستا گولەرجە تێبینیم کرد دەستەواژەی (دەوڵەتی شاراوە)یە کە هەمان ناساندنی (دەوڵەتی قووڵ) یان ئەرگەنەکۆنە، مامۆستا بیروڕای گویلەنییەکان وا بەیاندەکات کە ئەوان پێیانوایە پەکەکە لەگەڵ هەندێک دەزگای دەوڵەتدا پێکەوە درێژە بەم ڕەوشە دەدەن، وەکو باسیشمانکرد پەکەکەش پێیوایە گویلەنییەکان بەشێکی سیاسەتی دەوڵەتن و وەک لە دیداری داهاتووشمان لەگەڵ یەکێک لە تیورسێنە کوردەکانی داد و گەشەپێدان دەردەکەوێت، ئەویش پێیوایە دەوڵەت هێزێکی شاراوەی هەیە کە تا ئێستا حکومەتی دادو گەشەپێدان دەرەقەتی نەهاتووە، واتە بەهەموولایەک خراپییەکان دەگێڕنەوە بۆ دەوڵەت و کەسیان خۆیان لە دەوڵەت ناکەنە خاوەن.

لەکاتێکدا پەکەکە لە دەوڵەتدا نییە و لە دیوی دەوڵەتیشەوە (سوپا) کلک و گوێکراوە، عەلمانییەکان هێزی جارانیان نییە و دادگاش لە ژێر هەژموونی مەعنەوی داد و گەشەپێداندایە، ئەی دەبێ ئەوە کێ بێت کە ڕێگری چارەسەری کێشەی کورد دەکات لەلایەن دەوڵەتەوە و دەستی بێگانە چی دەکات لەوێ؟، ئەمە لەکاتێکدا وەک دەزانین سەرۆکی جەهەپە کەمال کلچیکدار ئۆغلو حکومەتی ئۆردوگان بەجێبەجێکاری سیاسەتی ڕۆژئاوا و ئەمریکا تۆمەتباردەکات!

ئێمە کە ئەم دیدارەمان سازکرد، هێشتا دوا وێستگەی پرۆسەی ئاشتی دەستی پێ نەکردبوو، کە ئەم پێشهاتە دەرکەوت، میدیاکان باسی هەڵوێستی ئیجابی گویلەن دەکەن، کە هەردوولایەن هاندەدات ئاشتییەکە، - وەکو سولحی حودەیبییە- سەربخەن.

## فەسڵی چوارەم

# ئەکادیمیان چ دەڵێن

*** زانست یارمەتیماندەدات باشتر لە کوردستان بگەین. هەروا زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بەشداری لە گەڵاڵەبوونی هوشیاریی سیاسیدا دەکەن.**

ئیسماعیل بێشکچی
گەورە نووسەر و دۆستی کورد

### پرۆفیسۆر د. مەسعود یەغەن:

# تا ئاشتی نەیەت، تورکیا ناتوانێت رۆڵ بگێڕێت

زانکۆی (شەهر ئونیڤێرسیتەسی) کەوتۆتە شوێنێکی دڵگیرەوە، لەبەری ئاسیای ئەستانبوڵە. هی ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر بە دوای تەقسێکی رۆشنبیریی هێمنەوەیە سەر بەوێدا بکات.

کپی و بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو هۆڵ و راڕەوەکاندا، تەنانەت کافێتیریاکەش، کێشاوە. بۆیە ئەو کاتە کەمەی لەبەردەستمان بوو پێش دیدارمان لەگەڵ نووسەر و ئەکادیمست مەسعود یەغەن، بۆ ئەوە دەستیدەدا لەگەڵ هاورێکەم پێداچوونەوە بەو زانیاریانەدا بکەم کە لەسەر پرۆفیسۆر یەغەن لەبەردەستم بوون.

د. مەسعود یەغەن مامۆستا و لێکۆڵیاری کۆمەڵناسییە لەم زانکۆیە. چەندین کتێب و نووسینی هەیە لە بواری نەتەوایەتی تورک، کێشەی کورد، ناسنامە و چەمکی هاوڵاتیبوون لە تورکیا.

وەک خۆی بۆشی دووپاتکردینەوە، بە ڕەچەڵەک کوردی زازاکییە، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری سیڤەرەک لەدایکبووە. خوێندنی دواناوەندی لە ئەنقەرە تەواوکردووە. لە زانکۆی تەکنیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکالۆریۆسی کۆمەڵناسی و دواتر ماجستێری تەواوکردووە. بڕوانامەی دکتۆراکەی لە بەریتانیا وەرگرتووە.

بۆچوونی سەرنجراکێشی پرۆفیسۆر یەغەن لەسەر پرسی ناسنامەی کوردە لە روانگەی رەسمی تورکەوە. لای ئەو ئەم ناسنامەیە ڕاڕا و ئاژاوە هەڵگرە. ئەگەرچی لە ڕووی پرەنسیپەوە کورد وەک ئەندامێکی ساغڵەمی نەتەوایەتی تورک سەیرکراوە، بەڵام بە کردووە وا مامەڵەی کورد کراوە لەو تورکانەن، کە دەبێت کار بۆ بەتورکبوونیان بکرێت. گوایە هێشتا نەبوونەتە تورکی تەواو. (کوردێتی لە تورکیا –مەسعود یەغەن) ئەم شرۆڤەیەی یەغەن رەخنەی لێ دەگرێت، ڕەوتی کورد لە رێرەوی جەمهوریەتی تورکیا دەردەخات، کە رەوتی بێ مافی و پێشیلی ناسنامەیە. بۆیە ئەگەرچی تورکن و کورد نین، بەڵام هێشتا نەبوونەتە تورکی شایانی هەموو مافێک کە تورک لەو وڵاتەدا هەیبووە.

یەغەن دەشڵێت هەرچەندە سەرەتای دامەزراندنی کۆمار دامەزرێنەران ویستیان مافی ئۆتۆنۆم بدەنە کورد، بەڵام دواتر ئەمە نەما، چونکە گوایە ئەگەر ئەوانە تورکن ئۆتۆنۆمیان بۆ چییە؟ کە نەشبوونەتە تورکی تەواو بۆ مافی پێدراوی تورکەکانیان بدرێتێ؟

لەم سونگەیەوە، ئەو پرۆفیسۆرە رەخنەگرە دیدی تورکی لەسەر کورد بە دیدێکی ناڕۆشن دەناسێنێت؟ لەسەر ئەمەیە کە کوردستانی باکوور (باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا)

لە ڕووی خزمەتگوزاری ئابووریی و ئاوەدانییەوە بەدواکەوتوویی ماوەتەوە.

هەرچەندە تورکەکان دەڵێن ئەسڵی کێشەکە دواکەوتووییە، بەڵام خۆشیان بەم تێزە کاریان نەکردووە. لە سەردەمی گەلالەبوونی ئەم تێزەی تورک، لە سەرەتای کۆماردا، دیاربەکر چوارەم یان پێنجەم گەورە شاری تورکیا بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕەوشی چلەمین شاردایە. واتا دەوڵەت دیاربەکری نەک پێش نەخستووە، بەڵکو دوایخستووە.

لە شوێنێکی تردا سیاسەتی دەوڵەت بۆ هەلی کار و گوشارخستنە سەر کورد شیدەکاتەوە. ئەم سیاسەتە وایکردووە کوردبوون واتای هەژاربوون بگەیەنێت. چونکە کوردەکان لە بازاڕی کاردا کەمترین کرێ وەردەگرن. ئەمەش وایکردووە کوردەکان هەژارەکانی تورکیا بن و هەژارەکانیش کوردەکانی تورکیا بن.

بەڕای من ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆر یەغەن ئاوێتەکردنێکی قووڵی تەفسیری نەتەوەیی و چینایەتییە. هەروەها گۆشەنیگایەکی ترە بۆ ناسنامە، کە واری ڤەکۆلینەکانی وییە.

وەک کردنەوەی باس لەسەر ناسنامە لێم پرسی:

*** بەڕای تۆ چەند دەخایەنێت تاکو تورکیا ببێتە وڵاتێکی فرەناسنامەو فرەکەلتوور؟**

– کاتێکی زۆری لەبەردەستدا نییە، تورکیا دەبێت لە ڕووی دەستوورییەوە هەنگاوبنێت بۆ ئەوە. تاکو کێشەی کورد چارەسەرنەبێت و ئاشتی بەدینەیەت، تورکیا ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت. کەوابوو ئەمڕۆش نا بەیانی تورکیا دەبێت دەرگای کرانەوە بە ڕووی فرە کەلتووریدا بکاتەوە. ئەمەش کوردەکان دەگرێتەوە، عەلەوییەکان و غەیری موسڵمانەکان دەگرێتەوە، موناقەشاتی پەیوەست بەمە هەیە، بەڵام گرنگ کرانەوەی ئەو دەرگایەیە.

لەبەرئەوەی ئەم قەوماوانە هی سەرەتای کۆمارن، کە بەمانایەکی تر کۆماری جەپەیەو ئەمڕۆ نەخۆشییەکانی هەودەکەن و برینن لە جەستەی تورکیادا، بۆیە لەسەر پرۆژەکەی جەهەپە پرسیارم لێ کرد. پرۆفیسۆر مەسعود یەغەن وتی:

(خودی داواکە لە دڵەوەیە، بەڵام باوەڕناکەم لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا پشکێکان هەبێت، واتە لەوە تێدەگەین کە ئاکەپە و جەهەپە دەیانەوێت کێشەی کورد چارەسەربێت، بەڵام ئەگەر هەر ئەوەندەبێت و هەنگاوی عەمەلی لەگەڵدا نەبێت، نە مەسەلەی دانانی چەک دەگاتە ئەنجام و نە ویستە سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی کورد بەجێدەهێنرێت. لە بنەڕەتدا پلانی چارەسەری ئەوان لە دوو مادە پێکدێت، لە ڕێککەوتنەکەی نێوان جەهەپەو ئاکەپەدا، یەکەم: بەگوێرەی هەلومەرجی ئەورووپا لامەرکەزییەت پەیڕەوبکرێت، دووەم: زمانی کوردی بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە. بەهۆی ئەم ریفۆرمانەوە چاوەڕێدەکرێت پەکەکە چەک دابنێت. بەڕای من ئەگەر ئەم ریفۆرمانە ڕێ لەبەردەم ریفۆرمی گەورەتر نەکەنەوە، ئەویش بەشێوەیەکی دەستووری، ئەوا پەکەکە هەرگیز چەک دانانێت. چارەسەرێکیش نەبێتە هۆی چەکدانانی پەکەکە، چارەسەر نییە).

پاشان درەنگ دەرکەوتنی چارەسەری رەخنەکرد و پێیوابوو بیرکردنەوە لە چارەسەری لە ئاستی قوڵبوونەوەیدا نییە و وتی:

(ئەوە ڕاستە جەهەپە وەک دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە، یاخود بڵێین ئەم دەوڵەتەی

ئێستا هەیە، بیرکردنەوەی گۆڕاوەو بەو چاوە سەیری مەسەلەی کورد ناکات، کە ٨٠ ساڵە سەیریدەکات. دەوڵەت هەمیشە وتوویەتی کورد لەوە زیاتر داوابکات کە خۆم پێی دەدەم، ئەوا گوشار دەخەمە سەریان. لە دوای ئۆزاڵ-ەوە دەوڵەت خۆی نوێدەکاتەوە و بە چاوێکی تر سەیری مەسەلەی کورد دەکات، بەڵام ئەم خۆنوێکردنەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەس نییە، چونکە یەکەم: خۆنوێکردنەوەکە زۆر درەنگکەوت، دووەم: ویستی کوردەکان زیاتر قووڵبووەوە. ئێستا بەڕای من جەهەپە، جەهەپەی جاران نییە، بەڵام هێشتا ئەو جەهەپەیەش نییە، کە نەخشەڕێگەی چارەسەری کێشەی کوردی پێ بێت. دواتر جەهەپە واچەند ساڵە دەنگێکی زۆر ناهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە پێویستی بەکۆکردنەوەی دەنگە، هەروەها وای بۆ دەچم ئەمریکاش هانی جەهەپەی دابێت بۆ ئەوە، چونکە ئەمریکا حەزدەکات پشکێکی جەهەپەش هەبێت لەم گۆڕانکارییانەدا کە لەناوچەکە روودەدەن).

*** ئەی تەگبیر، ئایا لەنێوان شێوازی ڕێگای چارەسەری ئاکەپە و جەهەپە و داخوازی کوردەکاندا چارەسەرێکی مامناوەند هەیە؟**

ئەو وەهای گوت: (بەڵێ، من زۆر بڕوام بەو شتە هەیە. ئاکەپە و جەهەپە واپێدەچێت لەسەر سێ شت رێککەوتبن، خوێندن بەزمانی کوردی، تاڕادەیەک جێبەجێکردنی لامەرکەزییەت و لێبووردن بۆ پەکەکە، ئەگەر لێبووردنیش نەبێت، جۆرێک لە وێڵکردن، ئەمە لەلایەک وادەکات ئەوانەی ناو زیندانەکان بەربدرێن، لەلایەکی تریشەوە، ئەوانەی شاخ ئاسانتر دەگەڕێنەوە. ئەمە هاوسەنگیی پەکەکە و لایەنە سیاسییەکانی کورد تێکدەدات و سەرەتا لەوانەیە پەکەکە بەمە رازی نەبێت، چونکە کادیرەکانی پەکەکە وابیردەکەنەوە کە چەک دابنێن، وا ریفۆرم دەستپێکردووە و رێگای سیاسەتکردن خۆشبووە، ئەمە سەریان لێ دەشێوێنێت، بەڵام ئەگەر ریفۆرم تەنها بەمانە بوەستێت، ئەوا هیچ کاریگەرییەکی نە لەسەر بەدەپە و نە لەسەر پەکەکە نابێت).

*** بەڵام بۆچی ئاکەپە لە روانینە پێشکەوتووەکانی لەسەر پرسی کورد پاشەکشێیکرد؟**

پرۆفیسۆر دوو هۆکار بۆ ئەمە دەستنیشاندەکات: (یەکەم: دەوڵەت زۆر باوەڕی بە ئۆجەلان بوو کە ئەم کێشەیە چارەسەربکات و پەکەکەو لایەنەکانی تری بەکەمزانی، چونکە میت دانیشتنێکی لەگەڵ ئۆجەلاندا رێکخست، لەم دانیشتنەدا وەکو بنەما داواکارییەکانی پەکەکە تۆمارکران، ئۆجەلان بەمە رازیبوو، بەڵام قەندیل رازینەبوو، قەندیل داوای ئیمزاکردنی ئەو پرۆتۆکۆلانەی کرد. سەرۆک وەزیران ئەم داوایەی رەتکردەوەو قەندیلیش رایگەیاند کە ئەمە نەکرێت ئەوا چارەسەری بەدینایەت. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ یەکەمجار ئاشکرابوو لە دەرەوەی ئۆجەلان خەڵکانی تریش هەن کە بڕیار بەدەستن و تەنانەت زانیاری هەڵەش دەگەیەننە ئۆجەلان. لە لایەکی تریشەوە، ئاکەپە ساڵی ٢٠١١ دا زیاد لەوەی کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد دەنگی بەدەستهێنا، ئەمەش وایکرد کە ئاکەپە هەست بەتێری بکات و تاڕادەیەک بێمنەت بێت).

*** ئێستا لەناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆ، رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش باسی چارەسەری دەکەن لە تورکیا، بەڕای تۆ بەهێزترینی ئەو لایەنانەی کە پشتگیری چارەسەری دەکەن کێن؟**

– ئێستا له توركیا، جگه له مەهەپە هەموو هێز و لایەنێک لەناو جۆرێک سازشدایە و بەشێکی زۆری رای گشتی تورکیا دەرک بەوە دەکات کە مەسەلەی کورد پێویستی بە چارەسەرییە، بەڵام ئەمە بەس نییە. من ئەوە دەزانم کە تورکیا گۆڕاوە، ئێستا بەرەو چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد هەنگاودەنێین، ئەوەی راست و دروستیش بێت ئەمەیە، بەڵام هێشتا پێنج هەزار مرۆڤ لە شاخن و جەماعەتێکیشیان لەناو شارەکاندان، تاکو پەکەکە چەک دانەنێت، ئەوا هیچ جۆرە چارەسەرێک لە کێشەی کورددا نایەتەدی. پێویستە رێککەوتن لەسەر دەرکردنی لێبووردن و گواستنەوەی ئۆجەلان لە زیندانەوە بۆ ماڵ هەبێت. ئەگەر هەموو ئەم هەنگاوانە بنرێت، ئەوا ئەوانەی شاخیش ناتوانن بیانووی ئەوە بهێننەوە، کە دان بەمافەکانیان دانانرێت و زمانیان لێ قەدەغەدەکرێت یان رێگە بەسیاسەتکردنی کوردان نادرێت، لەو حاڵەتەدا خەڵکی کوردیش وەکو جاران هاوکاری هەوڵەکانی پەکەکە ناکەن.

پرۆفیسۆر مەسعود یەغەن بەم گەشبنییەوە لەسەر پرسی کوردی تورکیا ئاخاوتنی بۆ ئایندەی تورکیا و کوردستانی باشووریش هەبوو وەکو رەهەندێکی تری پەیوەندی کورد و تورک:

(ئەوە ئاشکرایە کە تورکیا بەهێزتردەبێت. تورکیا لە دوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆیدا، لەگەڵ باشووری کوردستان دەبێت بە یەک لە ڕووی بازرگانییەوە، لە داهاتووشدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە، بەڵام حاڵی حازر دوو کۆسپی سەرەکی لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کوردن، بەدەپە و پەکەکە. لەوانەشە بە پێشەنگایەتی ئاکەپە، تورکیا هەڵگەڕێتەوە بۆ وڵاتێکی نموونەی سەردەمی عوسمانی، بەڵام بە ڕای من ئەگەر سەیری واقیعی ناوچەکە بکەین، دەبینین کە ئەم مەیلەی سەرۆک وەزیران مەیلێکی کاتییە).

*** پرسیم، مەبەستت لەوەیە کە باشووری کوردستان و تورکیا ببن بە یەک دەوڵەت؟**

وتی: (مەرج نییە لە ڕووی سیاسییەوە وەکو یەک دەوڵەت، بەڵام تێکەڵبوونەوەیەک بەدوور نابینم، بەتایبەت ئەگەر لە عیراقدا ململانێکانی عەرەب– کورد قووڵببنەوە).

*** لە گۆڕانکارییەکانی سوریاشدا، تورکیا یارمەتی ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەدات، بەڵام لەوێش کورد هەیە، بەڕای تۆ تورکیا چۆن خۆی حازرکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمە؟**

– ئاشکرایە کە تورکیا بە بەرنامە کاردەکات. تورکیا لە سوریاش دان بەپێکهاتەیەکی کوردیدا دەنێت، بەڵام نەک هاوشێوەی باشووری کوردستان، بەڵام ترسی تورکیا لە نفوزی پەکەکەیە لەناو کوردەکانی سوریادا. لەلایەکی تریشەوە، پێویست ناکات ترس و گومانەکانی تورکیا سەبارەت بەکوردی سوریا زۆر گەورەبکرێتەوە. سوننەکانی سوریا زیاتر بەلای تورکیاوە گرنگن، چونکە تورکیا لەوێش خەیاڵی گەورەی لەسەردایە. کوردەکانی سوریا هەلی ئەوەیان نییە، وەکو کوردەکانی باشوور ببن بەخاوەنی کیانێکی سەربەخۆ.

## پرۆفیسۆر نازان ئوستونداغ:

# بمانەوێت تورکیا پەلکێشی گفتوگۆ بکەین، دەبێت گوشاری بخەینە سەر

ئێمە لە دەرگایەکەوە چووینە ژوورەوە، کە دەرگای شەقامی سەرەکی بوو، هەمان ئەو دەرگایەی بۆ بەشە نزیکەکان دانراوە. بەشی کۆمەڵناسی ئەم زانکۆیە، کە ئێمە بۆی دەچووین، لەسەر لوتکەی شاخەکان بوو. بۆ لای خانم نازان ئوستونداغ دەچین، کە دۆستی کوردو مەسەلەکەیەتی. دۆستی کوردیش وەک کورد خۆی دەبێ هەر لە لوتکەی شاخەکان بێت.

زانکۆکە زانکۆی (بۆگازچی)ـە و گفتوگۆکارەکەشمان پرۆفیسۆر نازان ئوستونداغ ئەکادیمیست و لێکۆڵیار و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی ئاشتی و دیموکراتییە. حزبە کوردییە ڕێگەپێدراوەکە چەندین تورکی وەک خانم ئوستونداغی تێدایە، کە دۆستی کوردن و خوازیاری ئاشتی و دیموکراتی و گۆڕانکارییین لە تورکیا. بۆیە جگە لە مەسەلەی کورد، هاوپەیمانێتی کورد دەخوازن بۆ بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، کە گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە تورکیا بێتەدی.

خانمی پرۆفیسۆر یەک لەو دۆستانەیە، کە ڕۆڵێکی مەزن دەداتە کورد لە ڕەوتی گۆڕانکاری وڵاتەکەدا. دیدێکی چەپگەرایی بۆ ڕەوشی کوردستان و تورکیا سەر تۆپکی ئاخاوتنەکانێتی.

کاک وڵات ئای خوێندکاری دکتۆرا، کە پێشنیازی دیدارەکەی بۆ کردین، باکگراوندێکی لەسەر لێکۆڵینەوە سەنگینەکانی نازان پێوتین، کە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی ژنانی ڕاگوێزراوی کورد و کۆمەڵگەی کورد لە ئۆردوگا و قەرەباڵغییە زۆرەملێکانە.

ساڵی (٢٠٠٥) پرۆفیسۆر نازان لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو پرسە کرد، کە بەوتەی خۆی: بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ژنان بە هۆی دابڕان لە سەرچاوە ئابوورییەکان، تووشی کۆچ دەبن و پێگەی خۆیان لەدەستدەدەن، بەڵام بە ڕای من پیاوان زیاتر تووشی لەدەستدانی پێگە بوونەتەوە. ئەمەش لە چوارچێوەی ماڵدا زیانەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ژن).

بۆ ئەوەی وردەکارتریش بێت وتی: (چالاکییەکانی من لەو بوارەدا لە ساڵی ٢٠٠٥دا ماوەتەوە، کەوابوو ناتوانم زانیارییەکی نوێ و ڕۆژانە پێشکەشبکەم. من زیاتر بە بابەتە سیاسییەکانەوە سەرقاڵم و بەتایبەتی لەسەر پرسی ژن کارناکەم. ئێستا ڕاپۆرتی نوێ و جۆراوجۆر لەم بارەیەوە دەردەکەوێت).

سەرەتا دۆسیێی ژنان و سیاسەتم لە پرسیارەکاندا پێکەوە گرێدا، بە بۆچوونی تۆ ژنی کورد ئێستا ڕۆڵی هەیە لە سیاسەتدا؟

(بێگومان قۆناغی بەسیاسیبوون لە تورکیادا، کاریگەری لەسەر ژنان هەبووە. ئێستا لە ئاستی سەرکردایەتیکردندا ڕۆڵیان هەیە، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دوورخرانەوە، دوانیان نەبێت، ئەوانیتر هەموویان ژن بوون. ژنانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە سیاسەتدا و تەنانەت نموونەی بەرجەستەن لە دونیادا. لەناو زیندانیشدا چالاکوانی ژن زۆرن، کە چاویان لەناو چاوی دەوڵەتدایە و بوێرانە خەباتدەکەن. ژنی کورد زۆر شتی بەخشیوەتە سیاسەتی کوردی، هەروەها زۆر شتی بەخشیوەتە بزوتنەوەی فیمینیزم-ی تورکیاش. ژنی کورد فاکتەرێکی گرنگە لە بزووتنەوەی بەرهەڵستی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیدا).

*** ئەوەی ژنی کورد لە خەباتی خۆیدا زیاتر گرنگی پێ دەدات، مەسەلەی دیموکراسییە یان مەسەلەی نەتەوایەتی، یاخود مەسەلەی مافەکانی ژنە؟**

(هەمووی بە یەکەوە، لەو باوەڕەداین، کە ئەم بابەتانە لەیەک جیاناکرێنەوە. من نامەوێت بە ناوی ژنی کوردەوە قسەبکەم، بەڵام خۆشم لەو بزوتنەوەیەدا دەبینم. ئازادی ژنان، ئازادی کورد، ئازادی زەحمەتکێشان، هەمووی پەیوەستن بەیەکترەوە).

*** ژنی ئەکادیمیی تورکی هەموویان وا بیردەکەنەوە؟**

- (ناتوانم ڕێژەیەک دەستنیشانبکەم، بەڵام لە ئەنجامدا وەکو رابردوو نییە، ژمارەیەکی زۆری ژنە چالاکەکان وا بیر دەکەنەوە. تەنانەت ژنی تورک زیاتر خۆی بە نزیکتر دەبینێت لە ژنی کورد، چونکە هەوڵە نادیموکراتییەکانی ئەم دواییەی دەوڵەتی تورکیا لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بەشداریی ژنی کورد لە پەرلەمان و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی ئەکادیمی وایکردووە بیرکردنەوەی ڕۆشنبیران و چالاکوانانی تورک بگۆڕێت).

نازان ڕەخنەشی لە هەڵوێستی جەهەپە هەبوو: (باس لە هیچ شتێک ناکەن کە پەیوەندی هەبێت بە چارەسەرییەوە، هیچ پڕۆژەیەکیان نییە پەیوەندیی بە ئێمەوە بێت. خواستەکانی ئێمە زۆر ئاشکران، بۆ نموونە ئازادکردنی گیراوەکان بە زووترین کات، داڕشتنەوەی دەستوور بەدروستی، نەهێشتنی کۆسپەکانی بەردەم ئازادیی بیروڕا، دامەزراندنی دامودەزگای پێویست بۆ لێپرسینەوە لە ڕابردوو، سەربەخۆیی دیموکراتی، ئابووریی خۆجێیی و زۆر شتی تر. من زۆر پێکەنینم بەو پاکەتانە دێت، کە بەناوی چارەسەری ریکلامیان بۆ دەکرێت، ئایا کێشەی کورد دەرسی ئارەزوومەندانەیە بە زمانی کوردی؟ (سێزەن ئاکسو)ی گۆرانیبێژ و (یاشار کەمال)ی نووسەریان داناوە ئەم کێشەیە چارەسەربکەن! ئەمە زۆر کۆمیدییە. ئەم کێشە قوڵانە بەوان چارەسەرنابێت).

*** بەڵام ئاکەپە خۆیشی لە دەسەڵاتە و پێشوازیکرد لەم پێشنیازی چارەسەرە، کە جەهەپە دەیڵێت، ئایا ئەوان دەیانەوێت لە دەرەوەی داخوازی کورد چارەسەری ئەم پرسە بکەن؟**

(من ئیتر ئەو چارەسەرەی ئەوان ناخوێنمەوە، چونکە ئەوە خەڵەتاندنە، ئەوە دە ساڵە لەگەڵ هاتنی هاوین هەر کەسە و دێت پاکەتێکی چارەسەری لە گیرفانی دەردەکات! هێشتاش بە چاوی دوژمن سەیری هەموو کوردێک دەکەن. جەهەپە لە باتی ئەوەی ڕووبەڕووی مێژووی خۆی ببێتەوە، هەوڵی چارەسەری دەدات. کاتی خۆی چانسی ئەوەیان

هەبوو، کە ئەم پاکەتانە وەکو چارەسەری پێشکەشبکەن، نەیانکرد؟ بۆ نەیانکرد؟ بەڵام ئەو هەنگاوانە بۆ ئێستا نابن).

*** پرسیارم هەیە لەسەر ئۆپراسیۆنەکانی دەستگیرکردنی کورد، وەکو ڕۆژنامەنووسێک پرسیارەکەم، نەک وەکو کوردێک، ئەم ڕەوشە بەرەو کوێ دەڕوات و چارەسەر چییە؟**

– (لێرەدا چەند بژارێک هەن، نابێت ئاستی سیاسیی ئاکەپەش بەکەم سەیربکرێت. وای بۆ دەچم ئەم سیناریۆیە ئاکەپە خۆی دایڕشتبێت. بەپێی ئەم سیناریۆیە خەڵکێکی زۆری خستە زیندانەوە، ئەوەی موخاتەبی کێشەی کورد بوو هەمووی خستنە لایەک، لەگەڵ ئەمانەشدا ئاکەپە دەیەوێت خۆی وا پیشانبدات، کە یەکەم حزبە لە مێژوودا کێشەی کوردی چارەسەرکردووە، بۆیەش هێشتا جۆرە بازاڕێک هەیە. ئاکەپە نایەوێت ئەم بازاڕە دابخات، ئاکەپە هۆشێکی سیاسیی گەورەی هەیە و دەیەوێت بکەوێتە ناو مێژووەوە).

خانم وردەکاری تری وت:

(بەڵام ئێمە چۆن ئەم مەسەلەیە لێکدەدەینەوە، چۆن دەبێت ڕەفتاربکەین؟ ئەمانە بڕیاری زۆر ستراتیژین. بەڕای من سیاسەتمەدارانی کورد ئەم بڕیارەدەدەن، بەڵام تاکو ئۆجەلان و قەندیل وەکو موخاتەب دانوستانیان لەگەڵدا نەکرێت، هیچ شتێک قابیلی قبوڵ نییە، ئەگەریش ئەوە کرا، خۆی لەخۆیدا پڕۆسەکە دەستپێدەکات. پێویستە گەڕانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کورد و تورکدا ڕووبدات. ئەم وڵاتە سی ساڵە لە دۆخی شەڕدایە، ئەمە کارەسات و جەرگ سووتانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. پێویستیمان بە خەباتێکی دووردرێژ هەیە، دەبێ زۆر ژیرانە هەنگاوبنرێت و کوردەکان پێویستە بەهێزبن).

*** لە تورکیا جەهەپە و کەمالیزم نەیانتوانی ئەو کێشەیە چارەسەربکەن، ئێستاش ڕەوتێکی ئیسلامی لەسەر کارە، کە ئەویش نەیتوانیووە کێشەکە چارەسەربکات. کێ توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی هەیە؟**

نازان ئوستونداغ لە وەڵامدا مەیلە چەپەکەی بزوا و ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵی وت: (کاتێک سەیری هەموو نموونەکانی جیهان دەکەین، دەزانین کە هیچ دەسەڵات و حکومەتێک نیازی پاک نییە، بۆیەش ئەگەر بمانەوێت دەسەڵات پەلکێشی سەر مێزی گفتوگۆ بکەین، دەبێت گوشاری بخەینە سەر، بۆ هەڵبژاردنی شێوازەکانی گوشار هێنانیش، دەبێت باش بیربکەینەوە، کێشە و کەموکورتی ئێمە لێرەدایە. بەم شێوەیە نەبێت بەهیچ شێوەیەکی تر چارەسەری بەدی نایەت. نیازپاکی و ڕاست و دروستی لە سیاسەتدا نییە. چ وەکو کورد، چ وەکو دۆستی کوردان، وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی بەرفراوان، کەموکوڕیمان زۆرە.

ئێستا تورکیا وەکو نموونەیەکی دیموکراسی گونجاو، هەروەها وەکو برا گەورەی بەهاری عەرەب لە ناوچەکەدا دەناسێنرێت. ئایا بەڕاستی تورکیا وایە؟ خانم پێکەنی (نزیکەی ٨٠٠ساڵە مێژووییەکی ئیمپراتۆری هەیە، لەناو ئەم مێژووە لە کەوانەیەکدا (کەمالیزم) هەیە. کەمالیزم ماوەیەکی کەمە لەو مێژووە، کەوانەیەکە لەو مێژووە کراوەتەوە و ئێستا داخراوە، بەڵام کاریگەرییەکانی ئیمپراتۆریەت لەسەر قۆناغی کەمالیزم دیارە، کۆماری تورکیا میراتگری ئیمپراتۆریی عوسمانییە. بەڕای من تورکیا بەرەو ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە.

پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ دنیای عەرەبیش لەسەر ئەو بنەمایەیە. شتێک بەناوی دیموکراسی و زۆرینە لە تورکیا بوونی نییە. لە عەقڵیەتی عوسمانیدا قبوڵکردنی جیاوازی نییە، لەگەڵ بچووکترین دەرفەت هەوڵدەدات هەموو کەس لە خۆی بچوێنێت و بەرەو موسڵمانبوون و موحافیزەکاربوونیان بەرێت. تورکیا لە مێژووی دەسەڵاتی خۆیدا نەریتی دیموکراسی بەخۆیەوە نەدیووە. لێرەدا دەوڵەتێک هەیە، کە بەزەقترین شێوە چەمکی ئیسلام و دەوڵەتی تێکەڵکێشکردووە).

*** کەوابوو بۆچی لە دنیای عەرەبدا بیرکردنەوەیەکی وا هەیە؟**

بیروڕاکانی ئەم پرۆفیسۆرە وا بوو کە لە دونیابینی چەپێکی جیهانییەوەیە بیرکردنەوەی بە مۆدێل وەرگرتنی تورکیا سەرزەنشتدەکات، بۆیە وتی: لە بەرلینی خۆرهەڵات بۆچی وایاندەزانی بەرلینی خۆرئاوا ئازادی زیاتری تێدایە؟ لەکاتێکدا شتی وانەبوو. ئەمە خەونە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا ئەمەی وەکو واقیع بەدنیای دەرەوە فرۆشتووە و وەک کاڵایەکی مارکە خۆی خستۆتە بازاڕەوە. لە بواری ئابووریشەوە سەیربکەین، تورکیا گۆڕەپانێکی ئابووری گرنگە بۆ دنیای عەرەب).

*** ئەم مێژووە، کەی راستدەبێتەوە و تورکیا کەی پێشدەکەوێت؟**

(نابێت تورکیا لە دونیا دابېڕین، ئەمە کێشەیەکە هەموو دنیا پێوەی دەناڵێنێت. وا لە ئەستانبوڵ پردی سێهەم دروستدەکرێت، ژینگە بەرەو نەمان دەڕوات، تا ئەو کاتەی فاکتەرەکانی وەک تەکنەلۆژیا و وزە بەدەست دەسەڵاتەکانەوە بێت، دنیا بەرەو خراپی دەڕوات و شتێک بەناوی پێشکەوتن نییە. وابزانم دەبێت چاوەڕێی کارەساتێکی گەورە بکەین، کە ڕەوتی مێژوو بە تەواوی بگۆڕێت، بەڵام ئەمە کەی روودەدات، نازانم؟ ئەگەر وەکو مارکس بیربکەینەوە، سیستمێک هەیە کە خۆی زیان بەخۆی دەگەیەنێت و ئێمەش دەبێت لە بەرامبەر ئەو سیستمەدا، کە بەرەو داڕووخان دەچێت، خۆمان بەهێزبکەین).

دوا قسەی نازان خان تیرێک بوو لە کۆی سیستمی سەرمایەداری و ڕەوتە مێژووییەکەی، هەروەک ڕەشبینی ڕووناکبیر و ئەکادیمستێکی دەردەخست، ئەو گوتی: (هیتلەر بە هەڵبژاردن لە ئەورووپا هاتە سەر حوکم. لەناو ئەورووپا گورزێکی لە پێشکەوتن و دیموکراسی دا. دوورنییە ئەمە لە وڵاتی ئێمە رووبداتەوە).

## د.بوراك بیلگەهان:

# کێشەکانی ناوخۆ چارەبکەین، لە سوریاش ڕەفتارمان دەگۆڕێت بەرامبەر کورد

لە نێوەندی ئەکادیمی و توێژەرانی تورکیادا، پارتی داد و گەشەپێدان بە ساتەوەختێکی دژواردا تێپەڕدەبێت، کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتی چینایەتی ئەو حزبە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر لە ڕابردوودا توانیبێتی نوێنەرەوەی خواست و هیواکانی سەرمایەگوزاری ئەنادۆڵ بێت، کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرمایەگوزاری ئەستانبوڵ بەست و تەکانێکی بە چانسە ئابووریی و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکەی تورکیا دا بێت. ئەوا ئەمڕۆ دوای دەیەیەک لە حوکمڕانی جۆرێکی دیکەی پۆلێنی کۆمەڵایەتی دروستبووە. د. بوراک بیلگەهان ئۆزبەک لە زانکۆی توبا بۆ ئابووریی و تەکنەلۆجی لە گفتوگۆی ئەم باسەدا جوان دەستنیشانی لێکترازانی هاوپەیمانێتی نێوان موحافیزەکاران، لیبراڵەکان و تەنانەت کوردەکانی ناو ئاک پارتیش دەکات. داد و گەشەپێدان هەموو نەخۆشییەکانی سەرکەوتن و گەیشتن بە دەسەڵاتی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە و ئەمەش بەرۆکی مەسەلەی کورد و پەرەسەندنی ڕەوشی سوریاو عیراقیشی گرتۆتەوە. وەکو خۆشی نووسیویەتی، بەهاری عەرەبی دەبێتە زستانی تورکی.

د. بوراک ماوەیەک لە کوردستان بوو، لێکۆڵینەوەکەی لە سەر حکومەت و ئەزموونی سیاسی دیفاکتۆیە. لە نزیکیشەوە چاودێریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، بۆیە کە لە سەر کوردستان دەدوێت بە ئاگایی و زانیارییەوە قسەدەکات. جارێ لەسەرەتاوە لەسەر بنچینە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەی داد و گەشەپێدان دواو وتی:

(ئاکەپە ساڵی ٢٠٠٢ هاوپەیمانییەک بوو لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ دامەزرابوو. ئەمانە هاوپەیمانییەکی بەهێزبوون لەو کەسانەی لە دەرەوەی سیستمدا مابوون و لەلایەن سیستەمی حاکمەوە چەوسێنرابوون، بەڵام بەتەنیا نوێنەرایەتییان پێ نەدەکرا. بۆیەش لە جیاتی ئەوەی ببنە ڕەنگدەرەوەی چاوەڕوانییەکانی ئەم چین و توێژانەی لە دەرەوەی سیستم مابوونەوە، لە بەرانبەر سیستمی کۆندا کەوتنە ناو دۆخێکی بەهێزترەوە. چونکە ئەو سیستمە کۆنە دوو بنەمای سەرەکی هەبوو: دەوڵەتی نەتەوە و لائیکبوون (عەلمانی). کاتێک ئەمەیان دامەزراند، کەمینەکان، موحافیزەکارەکان و ئەو لیبراڵانەی ڕەخنەیان لێ دەگرتن، هەموویانیان خستنە پەراوێزەوە. بەهەرحاڵ، ئاکەپە لە ساڵەکانی (٢٠٠٢، ٢٠٠٧، ٢٠١١) توانی لە بەرانبەر ئەو سیستمە و لە سایەی هاوپەیمانێتییەکەدا، پێ بنێتە ناو گۆڕەپانەکەوە) ئینجا دێتە سەر حوکمڕانی ئاکەپە (بەڵام کاتێک دەستی بەسەر

حکومەتدا گرت، وازی لە ئەجیندای ریفۆرم و دیموکراسی هێنا، چونکە چیتر پێویستی بەمە نەما. ئەو لێدوانە تەمومژاوییانەی سەبارەت بە ئازادییەکان دەیدا، بە شتێکی ئیجابی لەقەڵەمدەدرا، کەچی دوای هاتنە سەر دەسەڵات، دەرکەوت کە سەبارەت بەم دروشمانەیان زۆر نیاز پاک نین. ئاکەپە ئەندام و لایەنەکانی تری ئەو هاوپەیمانێتییەی پێشووی پشتگوێخست و لیبراڵەکان و چەوساوەکانی تری بەلاوەنا، پاشان ئازادییەکانیان تەنیا بۆ لایەنە موحافیزەکارەکە بوو، کە خۆیان بوون).

بوراک ئەم وەرگۆڕانە لە پێگەی حوکمڕانیدا دەبەستێتەوە بە وەرگۆڕان لە تێڕوانین بۆ مەسەلەی کوردیش. ئاکەپە بنەچەیەکی ئیسلامیی هەبوو لەبەرئەوە لەناو کوردەکاندا پێگەیەکی هەبوو، چونکە رەوتی ئیسلامیی لەناو کوردستانی باکووردا لەچاو نەتەوەیی تورکەکان حزورێکی باشتری هەبوو. بندەستە کوردەکان هاوسۆزی بندەستە موسڵمانەکان بوون و پێکەوە رەوتی ئیسلامیی ئاکەپەیان سەرخست.

بوراک دەڵێت: بۆ نموونە، لە مەسەلەی کورددا، وردە وردە ئاشکرابوو، کە ئاکەپە دەیەوێت لایەنی دینی وەکو چارەسەر زەقبکاتەوە، واتە کاتێک ئەو پرسە چارەسەردەبێت کە کوردەکان دینداربن و دەنگ بە ئاکەپە بدەن. ئەمەش چارەسەرێکی بنەڕەتی نییە، بەڵکو چارەسەرێکە بە گوێرەی چەمکی «ئومەتچێتی»، یاخود بڵێین چارەسەرێکە لەسەر بنەمای دین. سەبارەت بە لیبەراڵەکانیش چەمکێکی وایان بەرجەستەکرد، کە ئازادییەکانی تاک تەنیا لە چوارچێوەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی ئاکەپەدا دەکرێ پێناسەبکرێت. بێگومان کاتێک دەوڵەت لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزبوو، دەتوانێ ژیانی کۆمەڵایەتیش بەئاسانی رێکبخات. هەر بۆیەش لەو قۆناغەدا زۆر بەهێزدەبێت، بەڵام ئەو لایەنانەی تری هاوپەیمانێتییەکە، کە ئاکەپەیان هێنایە ئەم رۆژە، هێشتا کێشەکانیان چارەسەرنەبووە. نەک تەنها لەناوخۆ، بەڵکو هاوپەیمانێتییە دەرەکییەکانیش بەهەمان شێوە. ئیتر یەکێتی ئەورووپاش رەخنە لە ئاکەپە دەگرێت.

*** لە کۆنگرەی چوارەمی ئاکەپەدا ئەردۆگان قسەیەکی نوێی کرد، لەسەر زەمینەی مێژوویی رەوتی حزبەکەی ئەمە گۆڕانێکی فکرییە؟ ئاکەپە زیاتر بەلای دیندا دەشکێتەوە؟**

– کاتێک قسەکانی لە کۆنگرەکانی پێشوودا هەڵبسەنگێنین، زۆر باسی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دەکرد و بەشداربووی ئەورووپیش ژمارەیان لەو کۆنگرانەدا زۆربوو. وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەربازی تورکیادا، زۆر هاوکاری ئەردۆگانیان کرد و وەک ئەکتەرێکی دیموکرات زۆر گرنگییان پێ دا، بەڵام کاتێک لەو خەباتەدا سەرکەوت، سوکانەکەی بەلای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەرسووڕاند. ئێستا زۆر بەئاسانی دەتوانێت سیاسەتەکانی لەم ناوچەیەدا پیادەبکات. بەڵام لێرەدا چەمکێکی زۆر ناواقعی و خەیاڵاوی هەیە. چەمکی بنەڕەتی بریتییە لە (مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، دینی هاوبەش)، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا نزیکبوونەوەیەکی سیاسی دێنێتەئاراوە. ئەم سیاسەتەش پێداگری دەکات لەوەی کە چاوپۆشی لە هەندێک راستیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. بۆ نموونە، سوورە لەسەر ئەوەی کە چاوپۆشی لە مەیلی ناسیۆنالیزم

بکات. نایەوێت جیاوازییە دینی و مەزهەبییەکان ببینێت. نایەوێت ئیسرائیل ببینێت. نایەوێت دان بە مافی چارەنووسی گەلانی ناوچەکەدا بنێت. کاتێک تۆ ناتەوێت ئەم ڕاستییانە ببینیت، تەنیا خۆتی لێ کوێردەکەیت. بۆیەش ئەم سیاسەتە نوێیە، چ «نیو عوسمانی» بێت، چ «نیو سەلجوقی»، جگە لە خەیاڵ هیچی تر نییە. ئەمە لەڕاستیدا تەنیا یەک ڕوونکردنەوەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە سیاسەتی نێوخۆییدا پشتگیری موحافیزەکار و نەتەوەپەرستەکان بەدەستبهێنێت.

*** چینی بورژوای تورکیا، تاکو ئێستاش پشتگیری سیاسەتەکانی ئاکەپە بۆ وەرچەرخان بە لای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن؟**

– لە تورکیا دوو جۆر سەرمایە هەیە، یەکیان سەرمایەی ئەستانبوڵە کە لەگەڵ ئەورووپادا کاردەکا، ئەویتریشیان سەرمایەی ئەنادۆڵ یان خۆرهەڵاتە، ئەمجۆرە سەرمایەدارییە پشتگیری ئاکەپە دەکات، چونکە مانەوەیان بەندە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئاکەپەدا.

*** ئەمە نابێتە هۆی دووفاقیی لە سیاسەتی ئابووری تورکیادا؟**

– لە تورکیا ئۆپۆزسیۆن کێشەی زۆر گەورەی هەیە. ئەو جۆرە سەرمایەدارییەی کە لە دژی ئاکەپەشە، پشتگیری ئۆپۆزسیۆن ناکات، چونکە ئۆپۆزسیۆن هێشتا وازی لە گوتاری کلاسیکی خۆی نەهێناوە. لەبەرئەوەش سەرمایەی ئەستانبوڵ لە ڕووی سیاسییەوە هێشتا ئەکتەرێکی نەدۆزیوەتەوە کە بە گوێرەی خۆی بێت، بەڵام تاکو پێش ساڵی ٢٠٠٧ پشتگیری ئاکەپەیان دەکرد.

*** بەبۆچوونی تۆ، ئەم سیاسەتی خۆگێلکردنەی ئاکەپە لە بەرانبەر پرسی کورد، بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەردۆگان دەبێتە سەرۆک کۆمار، یان بەلای ئاکەپەوە پرسی کورد کۆتاییهاتووە؟**

– بڕوا ناکەم ئەردۆگان زۆر ئایدیالیست بێ، وەک هەر ئەکتەرێکی سیاسیی تر، بۆ ئەوەی باشترین بەدەستبهێنێت، دەتوانێت میللیەتچێتیش بکات، بەڵام لەوانەیە تا ئەو کاتەی دبێتە سەرۆک، زۆر درەنگ بێت، چونکە سەرکردەیەکی زۆر جەماوەرییە، دەیتوانی قەناعەت بە خەڵک بهێنێت و ئەم کێشەیەش چارەسەربکات. ئەو میللیەتچێتیەی کردی و ئەو توندوتیژییانەی نواندی، بووە هۆی تەقینەوەی زۆر ڕووداو. ئێستا لە تورکیا، هەم کوردە لایەنگرەکانی ئاکەپە، هەم کوردە دژبەرەکانی، هەم تورکە لایەنگرەکانی و تورکە نەیارەکانیشی، هەمووی چاوەڕێی یەکلابوونەوەی ئاکەپەن. ئێستا ڕەوشێکی چەقبەستوو هەیە. ئەو هەنگاوانەی لەم قۆناغەدا دەهاوێژرێن، داهاتووی تورکیا دیاریدەکەن).

وەختێک سەیری دۆخی تورکیا لە دۆسێی کورددا دەکەیت هەڵوێستگیرییەکی ئەندامە کوردەکانی ئاکەپە تێبینیدەکرێت. بە تایبەتی لە دۆسێی کوشتارەکەی ڕۆبۆسکیدا. ئەمەش هەڵسەنگاندنەکەی بوراک ڕاست دەردەخات. ڕاستێکەی لە چەند وێستگەیەکی مێژووی حزبە سیاسییەکانی تورکیادا هەڵوێستوەرگرتنی ئەندامە کوردەکان بینراوە. بەتایبەتی وەختێک باسەکە پەیوەندی بە کێشەکانی کوردەوە هەبێت.

*** لێکۆڵینەوەکەی تۆ لەسەر حکومەتی دیفاکتۆیە، بۆ نموونە ئەو ڕەوشەی لە کوردستانی عیراق هەیە، ئێستا لە کوردستانی سوریاش خەریکە دیفاکتۆیەک دروستدەبێت، کورد لە تورکیاش لە**

**جموجۆڵدان. دەتوانین بڵێین لەم سێ بەشەی کوردستان یان لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا دۆخێکی تایبەت هاتۆتەئاراوە. بەڕای تۆ ئەمە بەرەو کوێ دەڕوات؟**

– لەناو ئەمانەدا کوردستانی عیراق زۆر جیاوازەو زیاتر بە دامەزراوەییبووە، پێشینەیەکی دوورودرێژتری هەیە، بەکورتی دەوڵەتێکی پرۆفیشناڵە. سەرچاوەی ژێر زەوی هەیە، کەلتوورێکی سیاسی هەیە، حزبی ئۆپۆزسیۆنی هەیە و شەرعیەتی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام کوردەکانی تورکیاو سوریا ئەم ئەزموونەیان نییە، دەرەنجام جیاوازی دروستدەبێت. ئەگەر بمانەوێت لەسەر عیراق قسەبکەین، بەڕای من کێشە ناوخۆییەکانی عیراق و ئەو موناقەشاتەی لەم دواییەدا لەنێوان نوری مالکی و کوردەکاندا هاتەئاراوە، وادەکات کوردستانی عیراق خێراتر بەرەو سەربەخۆیی بچێت. ئەم قۆناغە بەرەو ئەوە دەڕوات، کە سەرکردایەتی کوردستانی عیراق بتوانن ئەکتەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی رازیبکەن بەم سەربەخۆییە. هەروەها پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عیراق زۆر گرنگە. پێویستە وەک ئەکتەرێکی داگیرکار سەیری تورکیا نەکەن، کە هاتووە خێروبێری کوردستان ببات. دەبێت تورکیا نەک تەنها لەگەڵ پارتەکەی بارزانی، بەڵکو لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەگەڵ گۆڕان و حزبە ئیسلامییەکان و ئەوانەی تریش پەیوەندی دروستبکات. دیموکراتیبوون و پێشکەوتوویی کوردستان، لە بەرژەوەندی تورکیاشدایە. تورکیا دەبێ سیاسەتێکی وا پیادەبکات.

*** لە سوریا کێشە هەیە لەنێوان کوردەکانی ئەو وڵاتەو دەوڵەتی تورکیادا. لەناو خودی تورکیاش بەدەپە لەگەڵ ئاکەپە کێشەی هەیە. ئەمە چی لێ دەکەوێتەوە؟**

– ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی تورکیا هەیە. ئەگەر بتوانین ئەم کێشەیە لێرە چارەسەربکەین، لە سوریاش رەفتارمان دەگۆڕێت، بەڵام وادیارە تورکیا لەو مەسەلەیەدا زۆر متمانەی بە بارزانییە) ئینجا گوتی: لەو باوەڕەدام کە تورکیا هەمیشە لە بارەی بارزانییەوە گرەوی گەورەی کردووە.

*** بەڕای تۆ ئاکەپە دەتوانێ بەرنامەی ئابووری خۆی تا ساڵی ٢٠٢٣ جێبەجێبکات؟**

(بە پێکەنینەوە..) ئێمە ئەم قسانەمان زۆر بەجدی وەرنەگرتووە. ئابووری تورکیا پێویستی بە زنجیرەیەک ریفۆرمی بنەڕەتی هەیە. بۆیەش پێویست ناکات چاوەڕێی موعجیزە بین.

*** پرۆژەی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا کۆتایی پێ هاتووە؟**

– هەردوو لا، هەم یەکێتی ئەوروپاو هەم تورکیا، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە لەم قۆناغەداو بەم دەسەڵاتانەی کە هەیە ناتوانن ئەو پرۆژەیە بەرەو پێش بەرن.

د. فەیسەڵ ئایهان:

# لە توركیا چارەسەر ببێت،
# لـە هـەموو شوێنێکی دونیا رزگاریان دەبێت

لە توركیا دەیان سەنتەری لێکۆڵینەوە و نێوەندی ستراتیژی و سیاسیی تایبەت بە توركیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان هەن. بەتایبەتی لە ئەنقەرەی پایتەختی سیاسی و لە ئەستەمبولی پایتەختی دێرین و نێوەندی شارستانیی و رۆشنبیریی هاوچەرخی توركیا. ئەم نێوەند و سەنتەرانە لەگەڵ یەکتری، لەگەڵ سەنتەرە ستراتیژییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئەمەریکا، لەگەڵ خارجییە و حزبی حوکمڕان، لەگەڵ زانکۆ و نێوەندە ئاکادیمییەکان، لەگەڵ نێوەندی میدیا و رۆژنامەکان و دواجار لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵی مەدەنی هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن، پرۆژەی هاوبەش یان پرۆژەی پاڵپشتیکراو ئەنجامدەدەن، لێکۆڵینەوەکانیان دەدەنە بڕیاربەدەستان و کاکڵەی روانینەکانیان لە لێکۆڵینەوە و کتێب و بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بڵاودەکەنەوە. ئەمەش دیاردەیەکی بەرچاوی ژیانی رۆشنبیریی و سیاسی توركیای بیست ساڵی رابردووە. ئەم سەنتەرانە فەزای سیاسیی ئامادەدەکەن بۆ وەرگرتنی روانینی نوێ، یان وەرگرتنی دیاردە تازەکانی لە توركیا بەرێوەن.

وەک دەزانرێت دەستەبژێری رووناکبیریی و ئەکادیمی توركیا لە دەورانی کەمالیزمدا لەقاڵبدراوی بیری کەمالیزم و چیرۆکی توركیا بوون، بەگوێرەی گێڕانەوەی دەوڵەت و دامودەزگا رەسمییەکانی. بۆیە بەشداریان لە داڕشتنەوەی فەزای بیرکردنەوە و چارەسەری کێشە سیاسییەکانی توركیا ،بەتایبەتی کێشەی کورد و مەسەلەکانی ناسنامە، سنووردارو لە حوکمی نەبوودا بوو. ئەم واقیعە بەرجەستەیە جێگەی رەخنەی تەڤگەری کوردی و نێوەندە ئەکادیمییە چەپەکانی توركیا بوو، وەکو رەخنەکانی د. ئیسماعیل بێشکچی، کە لە هەموو بەرهەمەکانیدا دووبارەبۆتەوە.

بەڵام لەم بیست ساڵەدا سێ فاکتەری جەوهەری رۆڵیان گێڕا لە خۆڕاسپکانی بواری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و سەنتەرەکانی لە ئەندێشەی رەسمی و خەیاڵدانی کەمالیزم:

– نزیکایەتی زیاتری توركیا لە ئەوروپا و گەشەسەندنی حوکمی دیموکراتی لەگەڵ دواکودەتای مۆدێرنی سوپا لە ساڵی ١٩٩٧دا، کە جۆرێک لە جێگیری لە حوکمڕانی مەدەنی توركیای بەخۆیەوە بینی.

– بنکۆڵکردنی کەمالیزم، کە حوکمی فەزای گشتی توركیای دەکرد لەم دوا دەیەی حوکمڕانی دادو گەشەپێداندا.

- بوونی مەسەلەی کورد و پرسی ناسنامەی تورکیا و ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا کە دەرفەتی گفتوگۆی لەسەر ئەو باسوخواسانە ئاسانکرد.

سەنتەری نێو دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەکانی ئاشتی یەکێکە لەو سەنتەرانەی لەو فەزا نوێیەدا دروستبووە کە لەڕێی لێکۆڵینەوەو کۆڕبەندەکانییەوە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی نوێ توخنی پرسەکانی تورکیا بکەوێت، بەتایبەتی مەسەلەی کورد و رێوشوێنی چارەسەرکردنی. د. فەیسەڵ ئایهان سەرۆکی ئەو سەنتەرە دەڵێت:

ناوەندەکەی ئێمە، کە ١٥ ساڵە هەیە، ناوەندی ئاشتییە، بۆیەش ئێمە لێکۆڵینەوە و خەباتمان لە خزمەتی خەڵکدایە و بۆ خەڵکە نەک بۆ حکومەت.

بەسێ زمانی (ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی) شت بڵاودەکەینەوە. ئەمە تاکە ناوەندی لەو جۆرەیە لە تورکیا، ئامانجی ئێمە ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لەسەر مەسەلەی کوردەکان، شیعە، سعودیە، لیبیا و.. ئێمە دەمانەوێت خەڵک لەسەر ئەو شتانە بیربکەنەوە. من خۆم چەندین کتێبم هەیە، چەندین کۆنفرانسمان بەستووە، هەفتەیەک پێش ئێستا کۆنفرانسێکم لەگەڵ لقی گەنجانی ئاکەپە هەبوو، لەگەڵ شارەوانییەکان هەروا.

سەنتەری ئاشتی هەموو دەرفەتێک بۆ دۆستایەتی دەقۆزنەوە، بۆیە لەو کاتەی من بۆ دیالۆگ و ناسینی سەنتەرەکەیان چووم. لەوێ توێژەرەوێکی کوردی ماردینی«ئومێد ئالغان» لێبوو کە زمانی عەرەبی دەزانی. بە عەرەبی دیدارێکی بۆ سەنتەرەکەیان لەگەڵ کردم لەسەر رەوشی کەرکوک و ئۆپەراسیۆنی دیجلە، پاش ماوەیەک لە سایتەکەیان بڵاویانکردەوە.

وەک لەم دیدارەدا دەردەکەوێت، فەسیەڵ ئایهان خۆشی کوردە، بۆیە دیدارەکەمان بەکرمانجی و گفتوگۆکەشمان لەسەر ئاشتی لە تورکیا و چارەسەری مەسەلەی کورد بوو.

## ناساندن

د. فەیسەڵ ئایهان لە ساڵی ١٩٧٦ لەدایکبووە. ساڵی ١٩٩٣ تاکو ١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی (Near East University) لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە. ساڵی ١٩٩٩ تاکو ٢٠٠٢ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی (ئولۆداغ) بەدەستهێناوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠٠٥یش بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە. تێزی ماستەرەکەی لەسەر پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و لوبنان و سوریا بووە. تێزی دکتۆراکەشی لەسەر«نەوت و ئاسایش» - سیاسەتی ئابووری و قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە. بەم دواییە کتێبێکی لەسەر «بەهاری عەرەبی، راپەڕینەکان و گۆڕانکاری» چاپکردووە. لە زانکۆکانی ئابانت عیزەت بایساڵ و ئولۆداغ وەک مامۆستا وانەی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناسیۆنالیزمو کەمینەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بزاڤە ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی عیراق و چەندین بابەتی تردا وتۆتەوە.

فەیسەل سەرەتای قسەکەی بەمجۆرە دەستپێکرد:

- مەسەلەی کورد زۆر دوورودرێژە. ئەگەر سەیری سەردەمی سەلجوقییەکان بکەین،

کە دۆستایەتی کوردەکان و تورکەکان دەستیپێکرد، ئەوکات کوردستان وڵاتێکی ئاوەدانە و دەوڵەتی سەلجوقی کوردستان بەرەسمی دەناسێت. هاوکاریی کوردەکان و سەلجوقی زۆری خایاند.

*** بەڵام ئەو کاتەش ئیمارەتی مەروانی هەبوو، سەلجوقییەکان شەڕی ئەو ئیمارەتەی کوردەکانیان کرد.**

– سەرەتا شەڕیان نەکرد، لەگەڵیاندا رێککەوتن، ئەم رێککەوتنە لە دژی بیزەنتییەکان بوو. لە شەڕی مەلازگردیش پێکەوەبوون. سەلجوقییەکان دوای٥٠ –٦٠ ساڵ شەڕی مەروانییەکانیان کرد. هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە دەوڵەتی سەلجوقی دەیووت من دەسەڵاتم هەیە و دەمەوێت لەسەر ئەم خاکە فەرمانڕەوایەتییەک بۆ خۆم دروستبکەم، بۆیەش دەبێت ئیمارەتی مەروانی لە بندەستی مندا بێت. دواتر کە دێینە سەردەمی سوڵتان یاڤوز سەلیم و سەفەوییەکان، لێرەشدا دیسان کورد یارمەتی تورکەکانیان دا. ئەو کاتەش کوردەکان دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان هەبوو، وەکو کۆنفیدراڵییەک. وا رێککەوتبوون کە کوردەکان حوکمی ناوچەکانی خۆیان بکەن، بەڵام هاوکاریی سوپای عوسمانی بکەن لە دژی سەفەوی. ساڵ هات و رۆیی، بەڵام کورد خاوەنی یەک حکومەت نەبوو. لە رواندز حکومەتێک هەبوو، لە دیاربەکر حکومەتێک هەبوو، لە جزیرە حکومەتێک هەبوو و...، بەم شێوەیە. چونکە کوردەکان عەشایەر بوون و لە هەر شوێنە و دەیانووت حکومەتی خۆمان دادەمەزرێنین. دواتر لە جەنگی جیهانی و لە دوای جەنگیش، کوردەکان دیسان هاوکاری تورکەکانیان کرد. لە دژی ئینگلیزەکان لەیەک بەرەدا شەڕیانکرد. دواتر مەسەلەی موسڵ هاتەپێش، وازیان لە کورد هێنا، ئەو کاتە ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان هاتبوونە ناوچەکە، وتیان وڵاتی کوردەکان و وڵاتی عەرەبەکان هی ئەوانە و ئەویتریش بۆ تورکەکان. لێرە بەدواوە دۆستایەتی و برایەتی کورد و تورک نەماو شەڕ کەوتە بەینیانەوە. ئەمەش هەتاکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەردەوامە. جاروبار ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی کاتی وەستاوە، بەڵام بۆ سەلماندنی حوکمڕانێتی لەسەر خاکی خۆیان هەر هەبووە.

کاتێک ئاکەپە هاتە سەر حوکم، وتی من وەک ئەوانیتر نیم، من کۆتایی بەم پرسە دێنم، بەڵام پێشتریش ئەو قسەیە هەر کراوە، تەنها ئەردۆگان باسی چارەسەرکردنی پرسی کوردی نەکردووە. ئۆزاڵ، دەمیرەل، هەموو وایان دەوت. مەسعود یڵماز دەیووت رێگەی ئاشتی و یەکێتی ئەورووپا بە دیاربەکردا دەربازدەبێت.

*** بەڵام ئەردۆگان هەندێک هەنگاوی پراکتیکی نا.**

– دەبوایە پێشتر ئەو هەنگاوانە بنێن، کاتێک ئۆجەلان گیرا، وتیان ئێمە لەسێدارەی دەدەین و سزای لەسێدارەدان دەخەینەوە ناو دەستوور، بەڵام وردەوردە دنیا گۆڕا، کوردەکان چوارچێوەی خەباتی خۆیان گەورەترکرد. کاتێک ئاکەپە هاتە سەرحوکم، بینی کە شەڕێکی گەورەی کوردەکان لەبەردەمیەتی. وتی من بەشێوازی دیموکراتی کۆتایی بەم شەڕە دێنم. بۆ نموونە، کەناڵی (TRT٦)ی کردەوە، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی ئەم کەناڵەدا، هاوکات ١٥ کەناڵی کوردی تر دەستیان بە پەخش کردبوو، لە کوردستانی باشوور زمانی کوردی و زانکۆی کوردی و رۆژنامەی کوردی پێشکەوتبوون. کوردەکانی

باکووریش چاویان بەم پێشکەوتن و ئازادییەی باشوور کەوت، بینیان کە لەوێ وڵاتێکی ئازاد هەیە، ئەمانە هەمووی کاریگەریان هەبوو. تورکیاش وڵاتێک بوو دەیویست بەڕووی دنیادا بکرێتەوە و سیاسەت و ئابوورییەکەی گەورەببێتەوە. بۆیەش ئاکەپە ناچاربوو ئەم دروشمە سیاسییانە هەڵبگرێت. ئەمە تەنها هەنگاوێکی سیاسی بوو، هەنگاوی دەستووری و یاسایی نەبوو. (TRT٦) کرایەوە، بەڵام ئەوەتا گیراوانی سیاسی ناتوانن بە زمانی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، یان دەیانەوێت وانەی زمانی کوردی لە زانکۆدا بخەنە بەرنامەی خوێندن، بەڵام دەترسن ناوی بهێنن، لەباتی ئەوەی بەڕەسمی بڵێن «زمانی کوردی»، دەڵێن «زمانێک کە حەقی خوراوە»، واتە ئەو زمانە بێناوە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە دەبێ تورکیا لێی تێبگات. ئەردۆگان وردەوردە لەوە تێگەیشت کە مەسەلەی کورد تەنها مەسەلەی بەشێکی کۆمەڵگەی تورکیا نییە، بەڵکو مەسەلەی کوردستانە. زانیی بەم تێگەیشتنەی رابردووی هیچی بۆ ناچێتەسەر. گەلی کورد بوونەتە گەلێکی سیاسی، توانای سەربازییان هەیە، بەرگری لە مافەکانی خۆیان دەکەن، بۆتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ خاکێک هەیە، ئەو خاکە ناوی هەیە، لەسەر ئەو خاکە کێ دەبێ حوکمڕانی بکات؟ کەوابێ ئەم مەسەلەیە تەنها بەوە چارەسەرنابێ تۆ چەند مافێکی سنووردار بدەی بەم خەڵکە.

ئەردۆگان دەیووت با من پێگەی خۆم لە تورکیا بەهێزبکەم، ئینجا خەمێکیش لەو مەسەلەیە دەخۆم و بەچەند هەنگاوێکی سیاسی ئەو مەسەلەیە چارەسەردەکەم، دوایی بینی کەوا نییە. ئەمەش پێویستی بەسەقامگیری هەبوو، دەیووت با کورد شەڕنەکات و چەک دابنێت، لە ماوەی ٥ تا ١٠ساڵدا من ئەو پرسە چارەسەردەکەم، بەڵام هیچ گرەنتییەکی دەستووری لەئارادانەبوو.

لەگەڵ تەقینەوەی بارودۆخی سوریا، بینیان کە مەسەلەی سوریا زۆر قووڵە، بەتایبەتی کوردەکانی سوریا لە ئایندەدا دەوڵەمەند و بەهێزدەبن، خەریکە وڵاتێک بۆخۆیان ئاوادەکەن. ئەردۆگان ئەوەی باش زانی کە ئەگەر لەناو خودی تورکیادا پرسی کورد یەکلایی نەکاتەوەو لەگەڵ کوردەکان گفتوگۆنەکات، لە سوریا کوردستانێک دروستدەبێت. زانیی کورد ئیدی بەشتێکی بچووک رازی نابن. لەبەر ئەوەش مەسەلەی کورد لە تورکیا بەرەو پاش چوو.

*** تەڤگەری کوردی چۆن دەڕواننە ئاکەپە؟**

– ئاکەپە لە کێشەکە تێگەیشتووە، بەڵام تێگەیشتنیان بۆ چارەسەر نییە. ئەو مەسەلەیە بەپێی یاسا و بەپێی ئایین و بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەبێ چارەسەربکرێت، بەڵام چارەسەریان پێ نییە. هەر دەڵێن چەند هەنگاوێکی سیاسی دەنێین، بەوە چارەسەردەبێت. پێویستە لەبەرچاوی رای گشتی لەگەڵ کوردەکان دابنیشن و پرس بە کورد بکەن کە مەسەلەکەیان چۆن چارەسەردەبێت. ئەردۆگان ئەمڕۆ شتێک دەڵێت، سبەی شتێکی تر دەڵێت. ئەردۆگان لەلایەک باسی مەسەلەی کورد دەکات، لەلایەکی ترەوە هەستی ناسیۆنالیستی خەڵکی تورک بەهێزدەکات. خەڵکی تورکیش چەندی ببن بە ناسیۆنالیست، ئەو پرسە هێندەی تر ئاڵۆزدەبێت.

*** بەڕای ئێوە موخاتەبی ئەو پرسە، ئۆجەلانە یان بەدەپە؟**

– دەبێ سەرەتا ئەو مەسەلەیە قبوڵبکەن، واتە مەسەلەی کوردستان هەیە و وڵاتێکی کوردان هەیە، ئەگەر ئەوە قبوڵبکرێت، موخاتەب زۆر گرنگ نییە. ئەوکاتە وڵات بەرەو ئاشتی دەڕوات، کە ئاشتی بەرقەراربوو، مەسەلەکە بەرەو چارەسەربوون دەڕوات. ئەگەر تۆ هەر بەموخاتەبەوە خەریک بی، بڵێی موخاتەب کێیە و کێ نییە؟ ئەوا دەبێتە مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین. ئیسرائیل نایەوێت ئەو مەسەلەیە چارەسەربکات، دەڵێت حەماس هەیە، مەحمود عەباس هەیە، میسر هەیە، من کامەیان بەموخاتەب بگرم؟ لەڕاستیدا مەسەلەی فەلەستین دیارە. ئێمەش لە تورکیا دەڵێین سەرەتا مەسەلەی کورد قبوڵبکەن، دواتر هەموو دنیا بکەن بە موخاتەب، با بزانین رای جیهان لەسەر ئەو مەسەلەیە چییە؟ لە ئیسپانیا ئەو پرسە چۆن چارەسەربوو، لە ئیرلەندا چۆن چارەسەربوو؟ فەرموو تۆ چارەسەرێکی تورکی پێشکەش بکە. عوسمانییەکان کاتی خۆی چۆنیان چارەسەرکرد؟ ئەمە درێژکردنەوەی مەسەلەکەیە، ئەگینا موخاتەب کێشە نییە.

*** سەرکردایەتی باشوور دەتوانن چ رۆڵێکیان هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەدا؟**

–بڕواناکەم، چونکە ئەوانیش خۆیان کێشەیان زۆرە. لەلایەک ئێران هەیە، لەلایەکی تر شیعە و سوننەی عیراق هەن، ئەم دواییە خەریک بوو لەگەڵ مالکیدا تووشی شەڕ بن. تۆ چۆن بتوانی بەکێشەیەکی ناوخۆی تورکیاوە سەرقاڵبیت. بەڵێ ئەوان دەیانەوێت چارەسەرببێت، زۆریش حەزدەکەن چارەسەرببێت. لەبەرئەوەی ئەگەر مەسەلەی کوردی تورکیا چارەسەرببێت، کوردستانی عیراق-یش هیچ کێشەیەکی نامێنێت. ئەگەر تورکیا مەسەلەی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا چارەسەربکات، سنووری تورکیا بەناو کەرکوکدا تێدەپەڕێت.

*** ئێستا تورکیا حەزدەکات دەورو کاریگەری هەبێت لە کەرکوک، بەڵام تەنها هاوکاری بەشێک لە تورکمانەکان دەکات. بەڕای تۆ پێویستە نییە تورکیا هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد ببەستێت؟**

– سەرەتا وابوو، بەڵام ئەم سیاسەتەیان گۆڕی. کاتێک داودئۆغڵو سەردانی کەرکوکی کرد، بارزانی و هێزی پێشمەرگەی پارتی چوونە شوێنی بەرەی تورکمانی، پێشمەرگە پاسەوانیان لە داودئۆغڵو دەکرد. کەوابوو ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا دەیەوێت نفوزی خۆی لە عیراق و سوریا زیادبکات، کورد دەتوانێ هاوکاریی تورکیا بکات.

*** ئێستا تورکیا پشتگیری سوپای ئازادی سوریا دەکات، لە عیراقیش پشتگیری تورکمان دەکات، بەڕای تۆ لەباتی ئەمە پشتگیری کوردەکان بکات زیاتر قازانج ناکات؟**

– بەپێچەوانەوە، بەڕای من لە عیراق زیاتر پشتگیری کورد دەکات.

*** پشتگیری کوردەکان دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا. ئەگەر ئەو کێشەیە لە تورکیا چارەسەربکرێت، سنووری تورکیا دەگاتە کەرکوک و دەگاتە قامیشلۆ و هەموو شارەکانی کوردستان؟**

– بەڵێ، تورکیا ئێستا لە کوردەکانی عیراق، هاوکاری بارزانی دەکات، نزیکەی ١٢ملیارد دۆلار سەرمایەگوزاری لەو ناوچەیەدا کردووە، دەیەوێت مەسەلەی کورد لەوەدا

کورتبکاتەوە کە کۆمپانیای بازرگانی لەو هەرێمەدا بخاتەگەڕ، بەڵام لەڕاستیدا چارەسەری مەسەلەی کورد شتێکەو هاوکاریکردنی بارزانی شتێکی ترە.

*** ئەگەر گوشارەکان لەسەر ئێران زۆر بن و گۆڕانکاری لە رژێمدا دروستبێت، مەسەلەی کورد لەوێش سەرهەڵدەدات. تورکیا چۆن دەڕوانێتە کوردستانی سەفەوی، لەوێ چۆن نزیکی مەسەلەی کورد دەبێتەوە؟**

– لە کوردستانی سەفەویش، لە چەند شوێنێکی نەبێت، زۆربەی کوردی سوننەن. کوردی ئێران وەک کوردی بەشەکانی تر نین. لەچاو بەشەکانی تر مۆدێرنترن. تا ڕادەیەک سەربەخۆییان هەبووە. بێگومان ئەگەر لەوێش مەسەلەی کورد سەرهەڵبداتەوە، تورکیا دەترسێت. وا لە کوردستانی سوریا دەترسێت، کە بەشێکی بچووکی کوردستانە. کوردستانی سوریا مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی کوردستانی باکوور هاوبەشە. بۆیەش پەکەکە لەوێ هێزێکی گەورەیە. چۆن لە کوردستانی باشوور، پارتی و یەکێتی حکومەتیان دروستکرد، ئەمڕۆش لە سوریا، پەکەکە خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتە. بۆیەش تورکیا لەو مەسەلەیە دەترسێت. ئەگەر گۆڕانکارییەک لە سنووری سیاسی ناوچەکەدا دروستبێت، ئەوا بێگومان مەسەلەی کورد دێتەگۆڕێ.

*** پشتگیریکردنی تورکیا لە سوپای ئازادی سوریا، سیاسەتێکی هەڵەیە؟**

– نەک تەنها بۆ کوردەکان، بەڵکو بۆ عەلەوی و مەسیحی و دروزەکان شتێکی هەڵەیە. چونکە هەموویان لە سوپای ئازاد دەترسن. سیاسەتی تورکیا لە سوریادا دەبێت هەموو ئەوانە لەخۆبگرێت. واتە دڵنیایی ئەوە بدات کە سبەی رۆژ هەمووان مافی یەکسانیان دەبێت لەو وڵاتەدا. مەسیحییەکان هەر مافێکیان هەبێت، کوردەکانیش هەمان مافیان هەبێت، بەڵام تورکیا بەم سیاسەتە هەنگاوی نەناوە. سیاسەتەکەی تەنها لە بەرژەوەندی عەرەبی سوننەدا بوو. نەتیجەکەی ئەوەبوو کە ئەمڕۆ لە سوریا شەڕێکی گەورە بەرپابووە. ئەم شەڕەش کۆتایی نییە. تازە ناتۆش بێتە ناو مەسەلەکەوە هیچی پێ ناکرێت. ئەو شەڕەی لە عیراق هەڵایسا، چی لێ کەوتەوە؟ هێشتاش کورد و شیعە و سوننە و تورکمان لەناو خۆیاندا پێکنایەن. بۆیەش سیاسەتی تورکیا لە سوریا هەڵەیە. دەبێت سیاسەتێک بکات کە کورد و لایەنەکانی تریش لێی سودمەندبن.

*** چەند هەفتەیەک لەمەوبەر چالاکی مانگرتنی کوردەکان لەئارادابوو. بەڕای تۆ ئەمە دەرفەتێک نەبوو بۆ ئەردۆگان تاکو پرسی کورد لە چارەسەر نزیکبکاتەوە، یان ئەو تەنها رۆژ بەڕێدەکات و هیچی تر؟**

– مەسەلەی کورد لە تورکیا، بەسیاسەتی ناسیۆنالیستی چارەسەرنابێت. پێویستە زمانی دیپلۆماسی و برایەتی و ئاشتی بکەوێتەکار. ئەو پرسە لە مەسەلەی سوریادا تووشی چەقبەست بوو، دەبوایە سەرەتا لە تورکیا مەسەلەی کورد چارەسەربێت، پاشان لە عیراق و لە سوریاو شوێنەکانی تر. ئێستا کوردەکانیش و تورکەکانیش هەمووی هەوڵەکانیان لە سوریا چڕکردۆتەوە. ئەگەر کوردەکانی سوریا توانیان مەسەلەی هەرێمی فیدراڵی و مافەکانیان لە دەستووری نوێدا بچەسپێنن، ئەوا جیاوازە. ئەوکاتە دونیاش بە مالکی دەڵێت تۆ ناتوانی ناهەقی لە کوردەکان بکەیت. بۆ تورکیاش باشتر دەبێت.

*** ئێستا کۆمەڵگەی تورکیا، خەڵکی ئەکادیمی، ڕۆشنبیر، هونەرمەند، زەینیەتیان ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە؟**

-زەینیەت هەمیشە لە گۆڕاندایە. کاتێک هەرێمی کوردستانی باشوور دامەزرا، هەموو کەس دەیوت: «ئەمە چییە؟!». بەنیازبوون لە دژی بجەنگن. کەچی ئەمڕۆ ١٢ملیارد دۆلار پارەیان تێدا خستۆتەگەڕ. ئێمە دەڵێین پێویستە ڕاستی شتەکان بناسێنین، کورد چییە؟ مافەکانی چین؟ بۆنموونە، ئەمڕۆ دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ کوردەکان عیراق خەریکی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە، بۆچی خەڵکی تورکیا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێوەدا نییە؟ یان تۆ ڕۆژنامەنووسی، بە کوردی شت دەنووسی، کێ لە تورکیا دەتوانێ نووسینەکانی تۆ بخوێنێتەوە؟ ئەو ناوەندەی ئێمە دەیەوێت مەسەلەی کورد بەزمانەکانی تر بخرێتە بەر دیدەی خەڵک، لە تورکیا کۆنفرانس ببەستین، کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی تورکیش بزانن کە کورد مرۆڤن و دەیانەوێت وەکو مرۆڤ بژین، شەڕخوازنین. ئێمە ئەو مەسەلەیە بەبێ فارسەکان، عەرەبەکان و تورکەکان ناتوانین چارەسەربکەین. دەبێ ئەو مەسەلەیە پێکەوە چارەسەربکەین. تەنها بە شەڕیش چارەسەرناکرێت. لە هەندێ شوێن پێویستی بەدیپلۆماسی هەیە، بەدانیشتن و مێزی گفتوگۆ هەیە، پێویستی بەیەکتر ناسین هەیە. ئەگەر خەڵک یەکتر بناسن، دوژمنایەتیش نامێنێت. کار و ئامانجی ئێمە دروستکردنی دۆستایەتی خەڵک و ئاشتییە.

بە باوەڕی من، خەڵکی تورکیا لایەنگری ئاشتین. پێویستە ئێمە هەموو مەسەلەیەکی پەیوەست بە کوردەکان لە تورکیا بناسێنین. پێویستە لە ڕێگەی کۆڕ و کۆنفرانس دۆستایەتیمان بەهێزبکەین. بەبێ یەکتری ئێمە ناتوانین کاربکەین. بۆ نموونە، ئەمڕۆ من و تۆ یەکترمان ناسی. من کە دەچم بۆ هەولێر، لەگەڵ دوو کەس پەیوەندیم هەیە، یەک «عەزیز بارزانی»ە لە زانکۆی سەلاحەدین، ئەویتر «مەحمود جوتیار»ە، هاوکاری ئێمە دەکەن. بۆچی لە سلێمانی کەس هاوکاریمان ناکات؟ دەبێ لەمڕۆ بەدواوە پەیوەندی و هاوکاریمان زیاتربێت. چونکە ئەگەر مەسەلەی کوردەکان لە تورکیا چارەسەرنەبێ، ئێوەش زۆربەی کێشەکانتان وەک خۆی دەمێنێتەوە.

کوردی باشوور چۆن بەم ڕۆژە گەیشتن؟ ئەگەر بێت و خەڵکی ئێوە لێتان ڕازی بێ، ئەوا خەڵک پاسەوانیتان دەکات و نە سەربازی عیراقی و نە سەربازی هیچ وڵاتێکی تر ناتوانێ بکەوێتە ناو خاکی کوردستان. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەمڕۆش چارەسەرنەبێ، پێنج ساڵی تر هەر چارەسەردەبێ. ئەگەر ئاکەپە چارەسەری نەکات، سبەی پارتیەکی دیکە دێت و چارەسەریدەکات. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەم مەسەلەیە هەر چارەسەردەبێت. بۆیەش ئەگەر دەتانەوێت سەربکەون، نابێ پشتی خەڵکی خۆتان بەربدەن. دەبێ کارێکی وا بکەن کە تورکیاش لەمە تێبگات، بزانێ کە کورد وەک جاران نەماوە و داوای مافە ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن. تورکیا وڵاتێکی مۆدێرنە و دەتوانێ تێکەڵ بەکۆمەڵگەی ئەورووپی بێت. ئەم تێکەڵبوونە کوردیش دەگرێتەوە. دۆزی کورد پێویستە ببێتە مەسەلە بۆ یەکێتی ئەورووپا، ئەمەش بەسەر تورکەکاندا دەربازدەبێت. بۆیەش ئەگەر بە زۆریش بێ، پێویستە لەگەڵ

تورکەکان لە دەوری مێزێک کۆببینەوە و ئەو مەسەلەیە چارەسەربکەین. ئەگەر مەسەلەی کورد لە تورکیا چارەسەربێت، کورد لە هەموو شوێنێکی دنیا رزگاریان دەبێت. ئەگەر کورد هەمووی ببن بەیەک، نەک هەر لە سلێمانی و هەولێر، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەوە مەسەلەکە چارەسەردەبێت.

# فەسڵی پێنجەم

# خەباتی کورد لە قاچاخ تا یاسایی!

* شوێنی خۆیانە ڕێگای دەرسیمێ
ولاتی کوردان کێ هەیە بیگاتێ؟
دەچیتە هاواری ڕۆڵەی دەیگاتێ
بروسک ئاسایی هەڵمەت دەباتێ
پیسی لادەبا، لافاوی دەرسیمێ.

سرودی دەرسیم
لەکتێبی دەرسیم لەمێژووی
کوردستاندا، نووری دەرسیمی

* مەسەلەی نەتەوەیی بەکەمینە و زۆرینە چارەسەرناکرێت.

گوڵتان کشناک
هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (bdp)

# خەسڵەتێکی تایبەتی خەبات

ئەزموونی بەشداریی سیاسی کوردی باکوور لە سیاسەت و حزبایەتی تورکیادا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی فرە ئاراستەیە، ئەم ئەزموونە لەگەڵ دەستپێکردنی سیستمی فرە حزبی لە تورکیا دەست پێدەکات. بە تایبەتی تریش لەگەڵ دامەزراندنی حزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی عەدنان مەندریس و هاوبەشێتی جەلال بایار. حزبی دیموکرات لە ماوەی ١٩٥٠بۆ ١٩٦٠، واتە لە بردنەوەی هەڵبژاردەی ساڵی ١٩٥٠ بۆ کودەتای عەسکەر لە ساڵی ١٩٦٠دا، حوکمڕانی تورکیای کرد، ئەو ماوەیە هەم کوردو هەم موسڵمانەکانیش هەناسەیەکی ئازادیان هەڵکێشا. بەڵام کودەتا ریسەکەی لێ کردنەوە بەخوری، هەموو چالاکی سیاسیی کورد قەدەغەکرا.

(حکومەتی نوێ کۆتایی بەهەموو ئەو کار و چالاکییانە هێنا کە دژی دەوڵەت بوون و هەوڵی زۆریشی بۆ ئەوە بوو کوردەکان لەو چالاکییانە داببڕێ، کە مەبەستیان بوو وڵات پارچەپارچەبکەن. حکومەتی سەربازی نوێ دەستیانکرد بەڕەشبگیری کوردەکان. لە یەکی حوزەیرانی ١٩٦٠دا زیاتر لە ٤٨٥کوردیان گرت و لە سیواس لە سەربازگەیەکی تایبەت زیندانیانکردن... لەو کوردانەی دوورخرابوونەوە ٥٤کەسیان ئەندامی حزبی دیموکرات بوون و یەکێکیان ئەندامی پارتی گەلی کۆماری بوو (م، ئە، حەسرەتیان یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێرانی لە روسییەوە د. دلێر ئەحمەد، مەڵبەندی کوردەلۆژی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ ل ٧٢-٧٣).

ئەو کەشی ئیرهابە سیاسییەی کودەتاچییەکان دروستیانکرد وای لە مەندریس کرد بڵێ، کوردەکان بوونی خۆیان لەناو حزبی دیموکرات بەکارهێنا بۆ جێبەجێکردنی سەربەخۆیی کوردستان (الماساه الكوردية، للمؤلف الفرنسي جيرارد جالديان، عبدالسلام النقشبندی، ئاراس، ٢٠٠٧ ل٨٣) ئەم قەسەیەش دادی نەدا، یەکێک لەو کەیسانەی بووە پەت و لە ملی مەندریس ئاڵا، مەسەلەی دەوڵەتی کوردی بوو. کودەتای ١٩٦٠ نموونەیەک بوو لە قەڵسبوونی دەوڵەتی ئەو کاتە لە هەر بەشدارییەکی کورد لە سیاسەتدا.

ئەم بەشدارییە سیاسییە لە هەمان کاتدا تێری پێویستییەکانی کوردی نەکرد. بۆیە وردەوردە حزب و رەوتی سیاسی کوردیش دروستبوون. سەرەتا بە نهێنی و دواتریش لەناو چیاکانی کوردستان و ئینجا لەناو سیستمی تورکیادا.

## (١)
## حزبایەتی نهێنی

دەورانێکی چڕوپڕ لە خەباتی سیاسی باکوور هەیە، کە دەکرێت پێی بێژین قۆناغی نێوان

دامەزراندنی یەکەمین پارتی کوردستانیی دوای رابوونەوەی کورد لە شەستەکان و قۆناغی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری پەکەکە لە ئابی ١٩٨٤دا، ئەویش قۆناغی ئینتقلییە بەرەو نەتەوایەتییەکی بە تەوژم .

ئەگەر خەسڵەتی شەستەکان و نیوەی یەکەمی حەفتاکانی خەباتی کورد بەشداری بێت لە خەباتی سەرتاسەری چەپی تورکدا، ئەوا لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتەکان خەباتی سیاسی ناوەڕۆکێکی کوردایەتی و رەنگێکی چەپخوازانەی وەرگرت، ئەمە پەرەسەندێکی گرنگی گەڕانەوەی ناسنامەی کوردبوون بوو لە کایەی خەباتدا.

ئەم قۆناغە ئینتیقالیەی کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتەکان جارێکی تر کورد و کوردستانیی لە یادەوەری گەنجانی هۆشیاری باکوور زیندووکردەوە. چەندین رێکخراوی سیاسی بە چەندین شێوەی بەردەستی خەبات و بە چەندین رەوتی ئایدیۆلۆجیا جیاجیاکانی چەپی باوەوە دەستیاندایە خەبات. کۆڕبەن و یانەیان دروستکرد و بڵاوکراوەیان لە چاپدا و چالاکی شۆڕشگێڕیان کرد، لە زیندانەکاندا بەرخودانیان نواند و ئەزموونی خەباتی چەکداریان لە سنوورێکی بەر تەسکدا تاقیکردەوە. دواجار قوربانی و شەهیدیان دا.

ئەم قۆناغە هاوشانی پەرەسەندنی ململانێ توندەکانی نێوان چەپ و راستی سەرتاسەری تورکیا بوو، کە سەرەنجام کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ سنوورێکی بۆ ئەم ململانێیە دانا و رەوتە کوردییەکانیش چی لەبەر چەپ بوونیان و چ لەبەر کورد بوونیان کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و راونان و هەڵکوتانە سەرەوە. حزب گەلێکی وەکو:

بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد- (کوک)،

کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆرشگێر- د. د. ک. د،

پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا-پ.س.ک،

پارتی رزگاری کوردستان- رزگاری،

ئاڵای رزگاری و رێکخراوی کاوە.

بیروڕا و ئەندێشەی ئایدیۆلۆژییان، قوتابخانەی فیکری چەپگەراییان جیابوو، بەڵام لە شێوەی کارکردن و کەوتن و لەناوچووندا وەکو یەک وابوون، هەر حزبە و لەناوخۆیدا ناکۆک و لەگەڵ ئەوانیتریش ناکۆک و تێکراشیان لەگەڵ پەکەکەدا تووشی شەر هاتن. هەموویان لەناو وڵات پەرتەوازەبوون، وێستگەیەکیان لە خەباتی کوردایەتی باشوور، لە ناوچەکانی نفوزی یەکێتی و پارتی هەبوو. وێستگەیەکیشیان لە رۆژهەڵات لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە داڵدەدران تا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو کوردستانی گرتەوە، وێستگەی سوریاو وێستگەی ئەورووپاش بەشێک بوون لە واقیعی ماچەرای تێکۆشانی ئەو حزبانە و سەرکردە و هەڵسوڕاوەکانیان. (بۆ تێگەیشتن لە بەرنامەو رێبازی ئەم حزبانە بڕوانە: رێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان ١٩٦٠-١٩٨٠، ماجید خەلیل فەتاح، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردیی، هەولێر ساڵی ٢٠١٢، فەسڵی چارەنووسیی رێکخستنە سیاسیەکانی باکووری کوردستان لاپەڕەکانی ٣١٠-٣٤٢. هەروەها بڕوانە فاتح رەسول: بنچینەی مێژوویی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١، لە

سـویـد، لاپەڕەکانی تایبـەت بـە حزبـە چەپەکانی کوردسـتانی باکـوور ل٨٥-١٣٣).

ئامانجی کوردایەتی ئەو حزبانە لە روون روونتربوو، کوردستانێکی سەربەخۆو سۆشیالیزم، بەڵام ناکۆکییەکانیان لەسەر ڕێبازی ئەلبانی ئەنوەر خۆجە و ڕێبازی ماوتسی تۆنگ و ئیمپرالیزمی سۆڤێتی بوو بڵاوکراوەکانیان زۆربوو، مایەی زیندووکردنەوەی نەتەوەیەکی نکۆڵی لێکراو لە زمان و لە بوونی بوو، بەڵام سەرەنجام ئەم وزە زۆرە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ گوێزرایەوە ئەوروپا و تاراوگە کە وەک دەگوترێ کۆچی کوردایەتی باکوور هەر ئەو قازانجەی هەبوو ژمارەی بڵاوکراوەکانی کورد لە ئەوروپا زیادیانکرد. ئەمەش خزمەتێکی ڕۆشنبیری بوو، نەک سیاسی. حەمید بۆز ئەرسەلان دەڵێ: جێگیر بوونی سەدان ڕۆشنبیری کورد لە ئەوروپا بوو بە هۆی دروستبوونی ناسیۆنالیزمێکی نوێ، کە کاری لەسەر کولتووری کوردی دەکرد. لەو قۆناغەدا تەنها لە سویسرا زیاتر لە ٨٠٠ بەرهەم بڵاوکرانەوە... (ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو ل٣١٦) لەناوەوەی وڵاتیش گۆڕەپان بۆ پەکەکە تەختبوو کە لێوەشاوەیی خۆی نیشانبدات و هەرواش بوو، خەباتی پەرەسەندووی پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٤دا گەیشتە قۆناغی جارڕدانی خەباتی چەکداری.

ئیتر ئەم بەهاری حزبایەتی شۆڕشگێڕیی لە باکوور ڕێی بۆ خەباتی تاق و تەنیای پەکەکە چۆڵکرد، لەگەڵ ئاسایکردنەوەی ژیانی سیاسی لە دوای کودەتا، کە ساڵی ١٩٨٥ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسایەی حوکمی عەسکەردا دەستپێکردەوە، کورد هەر حزبە تازە دامەزراوەکانی سەرتاسەری تورکیای هەبوو دەنگی بۆ بدا، پەکەکە وەک تیرۆریست دەناسراو تەڤلی بوون بە خەباتی ئەوەوە گرتن و کوشتنی بەدواوەبوو.

سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەوش کەمێک گۆڕا، کورد توانی حزبی ئاشکرا بۆ کوردایەتی، لە سایەی دیموکراتی سنووورداری ئەو دەمەی تورکیادا، دابمەزرێنێت.

## (٢)
## حزبایەتی یاسایی و پەرلەمان

ڕەوتی ئەزموونی حزبایەتی لە باکوور و بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی ئاشکرا لە تورکیادا، ڕەوتێکی بەئیلتباس و گرفتدارە. چونکە سروشتی پرۆسەی سیاسی تورکیا خۆی وایە، لە هەندێک جومگەدا ئاسۆی گەورەی بەشداریی کردۆتەوە و لە هەندێک جومگەی تردا ڕێگریی وای داناوە ناهێڵێ کوردایەتی کەڵک لەو دیموکراسییە بریندارەی تورکیا وەربگرێ و شتێک بۆ ئایندەی خۆی کەڵەکە بکات.

## کوردی باکوور و حزبایەتی

ئەزموونی حزبایەتی لە باکوور لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەچەند ئاراستە و چەند قۆناغێکدا گوزەری کردووە.

-حزب و کۆمەڵەکانی کوردستان لە سەروبەندی کەوتنی دەسەڵاتی عوسمانی، کە ئەمانە

سەرەتا بۆ گردبوونەوەی دەستەبژێر و دوایی بۆ تەگبیری شۆڕشی رزگارییبوون. نموونەی ئەمان جەمعیەتی کورد تەعالی و تەرقی و کۆمەڵەی ئازادیی، کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی وەئەستۆگرت.

-حزب و کۆمەڵەکانی مەنفا و نهێنی وەکو خۆیبوون و ئینجا لە دەورانی پەنجاکاندا رێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و دوای ئەوەش کۆمەڵە و یەکێتییە کوردییە ئاشکرا و نهێنییەکانی لاوانی کورد لە چەپ و پیشەیی و دیموکراتیش بوونە هەوێنی بوژاندنەوەی کوردایەتییەکی رێکخراو و نهێنی.

-حزب و رێکخراوەکانی شۆڕش کە دیارترینیان، پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە ئاستێکی سنووردارتریشدا پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان و کاوە و رزگاری و.. هتد.

- ئەزموونی حزبایەتی تێکۆشەرانی کورد لە حزبە چەپ و شۆڕشگێڕییەکانی کە نهێنی بوون.

- ئەزموونی حزبایەتی کەسایەتی و دەستەبژێرە کوردییەکان لەناو حزبە سەرتاسەرییە تورکییەکاندا لەوەتەی لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە ئەزموونی فرەیی لە تورکیا دەستیپێکردووە.

لە دیدی ئەدەبیاتی کوردایەتییەوە ئەم بەشدارییە بەشدارییەکی تانە لێدراوە، چونکە حزبەکانی تورکیا کەمالیست و نەتەوەیی و تورکن و جێی تێکۆشانی کوردانی تێدا نابێتەوە، مەگەر بەنرخی دەستبەرداربوون لە ناسنامەی نەتەوەیی و تێکەڵنەبوون لەگەڵ رەوتی کوردایەتی بێت.

- دیارترین ئەزموون، ئەزموونی حزبایەتی ئاشکرایە وەک حزبێکی کوردی لەناو سیاسەتی رەسمیی تورکیا و بەو ئامرازانەی یاساکانی حزبایەتی و دەستووریی تورکیا رێگەی پێداوە.

لەم ئەزموونەدا، کە زیاتر لە دوو دەیەیە کاری لەسەر سیاسەتی تورکیا و کۆمەڵی کوردەواریی باکووریش داناوە، سێ توخمی سەرەکی بەشدارن و هەریەکەیان بەخەسڵەتی خۆی و باکگراوندی ژینگەی سیاسی لێوەهاتووی خۆیەوە، کاریگەریی لەسەر ئەم ئەزموونە حزبایەتییە داناوە.

توخمی یەکەم: کوردەکانی ناو حزبە چەپەکانی تورکیا، کە دەرفەتی ئازادیی کاری سیاسییان لەسەردەمی کرانەوەی تورکۆت ئۆزاڵدا قۆستەوە و لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تەڤلی حزبە یەک لە دوای یەکەکانی کورد دایمەزراندن، بوون.

توخمی دووەم: سیاسەتکارانی سەربەخۆی کورد کە بەناڤودەنگن و تەمەنێکیان لە کوردایەتی قاچاخ و ژیانی سیاسیی مەنفا بەسەربردووە. نموونەی ئەمانە کەمال بۆرقای کە لە مەنفا گەڕاوەتەوە و شەرەفەدین ئێلچی کە لە حزبایەتیی نهێنی کوردایەتی و حزبایەتی ئاشکرای سەرتاسەریی حزبە تورکییە رێگەپێدراوەکاندا کاریکردووە و ئەندامی پەرلەمان و وەزیری حکومەتی بڵند ئەجەوید بووە لە حەفتاکاندا.

توخمی سێیەم: کاریگەریی تەڤگەری خەباتی چەکداری پەکەکەی بەسەرەوەیە و تادێ زیاتر لەلایەن ئەوانەوە ئاڕاستەدەکرێت. پتر لە وێستگەیەکی سیاسیی ئەم کاریگەرییە دەردەخات. هەندێک جار ئۆجەلان بەرنامە و سیاسەتیان بۆ دادەڕێژێت و هەندێک جاریش رەخنە و سەرزەنشتی ئاشکرایان بۆ دەنێرێ. ناوەندیی سیاسەتی رەسمی تورکیا ئەم رەوتە

حزبایەتییە ئاشکرایە بەسێبەری پەکەکە دەزانێت و بگرە سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان حزبێکی هەڵبژێردراوی وەکو BDP بە داردەستی ئیمرالی (شوێنی زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان) و قەندیل (شوێنی نیشتەنیی سەرکردایەتی پەکەکە) دەزانێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار دانوستاندن و دیداریان لەگەڵ دەکات و هەندێکجاری تریش تانە و توانجی پاشکۆیەتیان لێدەدات. ئەمەش جۆرێک لە سیاسەتی ڕۆژو شڵەژانی هەڵوێست و مامەڵە دەردەخات.

وەک باوبوو لەناو تەڤگەری کوردایەتیدا، بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکاندا، ڕەخنەیەکی زۆر لە بەشداریی هەڵسوڕاوانی کورد لەناو حزبە سەرتاسەرییە تورکییەکان دەگیرا.

بەڵام دواتر بەهۆی دەرکەوتنی چالاکیی ئیجابی ئەو هەڵسوڕاوانە و داکۆکی لێبڕاویان لەگەلەکەیان هەلومەرجێکی خوڵقاند، کە ئەو ڕەخنانە کەمببنەوە.

هەروا هەلومەرجی دروستبوونی حزبی کوردی و گەشەسەندنی خەباتی نەتەوەیی کورد و ڕەوتی دیموکراسی لە تورکیا وایانکرد چەردەیەکی باش لە سیاسەتکارانی کورد دەستبەرداری حزبە تورکییەکان ببن و بۆ داکۆکی لە میللەتەکەیان ریزی حزبی کوردی هەڵبژێرن، ئەمەش لە هەردوو ئاڕاستەی چەپ و ئیسلامی بەدیدەکرێت و چەند نەوەیەکی سیاسیشی گرتۆتەوە.

سیاسەتمەدار ئەحمەد تورک لە بەرەی چەپ و نەوەی کۆن و سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار ئەڵتان تان لە بەرەی ئیسلامی و نەوەی نوێ دوو نموونەی دیاری ئەم بوارەن.

هەر کە پێداچوونەوەیەکی دیرۆکی بەم دوو دەیەی ئەزموونی حزبایەتی لە سیاسەتی کوردایەتی باکوور بکەین، هەست بەم توخمە دەستنیشانکراوانە دەکەین، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد:

ساڵی (١٩٨٩) کۆنگرەی پاریس بۆ تاوتوێکردنی پرسی کورد سازکرا، (٧) پەرلەمانتاری کورد لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللیی بەسەرۆکایەتی ئەردال ئەنینۆ بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کرد.

دەستەی کارگێڕیی حزبەکە هەر حەوت پەرلەمانتارەکەی لە حزب دەرکرد، نۆ پەرلەمانتاری دیکەی کوردیش لەبەر ئەو هەڵوێستە نادیموکراتییەی کارگێڕیی حزبەکە لە ١٩٨٩/١٢/٩ دەست لە کارکێشانەوەیەکی بەکۆمەڵیان لە حزب پێشکەشکرد. ئەنینۆ لێدوانیدا و وتی: لەبەرئەوەی کۆنگرەی پاریس لە جوغزی ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ترازاوە کە بۆی دیاریکرابوو، لەبەرئەوەی ڕەهەندی سیاسی وای وەرگرت کە لەگەڵ یەکێتیی دەوڵەتدا ناگونجێت. بۆیە نەمانهێشت نوێنەرەکانمان بڕۆن، بەڵام ئەوان ڕۆیشتن بۆیە سزای حزبیمان دان (اکراد ترکیا – د. ابراهیم الداقوقي–لە بڵاوکراوەکانی ئاراس– هەولێر– چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٨ ل٢١٢).

ئەندامە کوردەکانی حزبەکە لەگەڵ دەست لە کارکێشانەوەیان یاداشتێکیان بۆ رای گشتی خوێندەوە کە بۆ یەکەمینجار وا بەزەقی داوای چارەسەری دیموکراتی پرسی

کوردیان کرد لە چوارچێوەی تورکیادا. یاداشتەکە هەڵڵای نایەوە (هەمان سەرچاوە ل٢١٣).

کوردەکان دوای ئەم هەنگاوە حزبێکی کوردییان دروستکرد بە ناوی پارتی کاری گەلییەوە بە سەرۆکایەتی یەشار کایا.

بەتێبینی ئەوەی ئەم حزبە و ئەوانی دواتریش دامەزران بەناوی کورد و کوردستانییەوە نیین، چونکە گوایە بەگوێرەی یاسا و دەستووری تورکیا حزبەکان لەسەر بنچینەی نەتەوەیی و رەگەزی دانامەزرێن! بەڵام وەک نەریت و تێگەیشتنی گشتی تورکیا دەزانرێ ئەو حزبانە کوردیین، هی کوردەکانن و بۆ پرسی کورد کاردەکەن. چەند دیموکراتخوازێکی تورک کە دۆستی کوردن ئەندامی ئەو حزبەن هەم وەکو پشتگیریی بۆ پرسی کورد و هەم بۆ پەرەپێدانی رەوتی دیموکراتی و هەم بۆ ئەوەش کوردێتی تەواوی ئەندامێتی حزبەکە نەبێتە بیانوویی یاسایی بۆ تۆمەتبارکردنی بە ڕەگەزپەرستی.

## گێچەڵ و داخستن و جەنگی شاردراوە

پارتی (HEP) لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی چووە هەڵبژاردنی گشتی تورکیاوە لە ساڵی ١٩٩١ و پانزە کورسی بەدەستهێنا.

لەبەرئەوەی لەیلا زانا لە پەرلەمان بە کوردی قسەیکرد و سوێندی یاسایی خوارد، ئەمەش ناڕەزایی لێکەوتەوە، بۆیە کوردەکان لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دەرچوون و جارێکی تر بەناوی (HEP)ەوە تێهەڵچوونەوە. هەروەها یەشار کایا سەرۆکی حزبەکە بە بۆنەی سەردانی کوردستانی باشوور و لێدوانی لەسەر پرسی کورد و کوردستانێتی سەرتاسەرییەوە تووشی گێچەڵ هات و هەمان شت تووشی پارتی کاری دیموکراتی هات، کە دواتر هەردووکیان داخران (تركيا فى الزمن المتحول - قلق الهوية وصراع الخيارات - محمد نورالدين – رياض الريس للكتب والنشر بيروت– چاپی یەکەم ١٩٩٧ ل١١٨–١٢٠)، نەک هەر ئەوە، پەرلەمانتاری حزبی (DEP) محەمەد سەنجەری لە ڕووداوێکی ئاڵۆزدا شەهیدکرا، دەوڵەت تاوانەکەی دایە پاڵ بکوژێکی نادیار، بەڵام دواتر دەرکەوت دەستی حزبوڵڵای تێدایە (جەنگی شاراوە لە باکووری کوردستان — کرستینا کۆیڤونەن — وەرگێرانی پرۆفیسۆر. ی. د. یاسین سەردەشتی — خانەی وەرگێڕان —چاپخانەی روون — چاپی یەکەم — ساڵی ٢٠١١ ل٢٩٠).

دەوڵەت گوشاری خستە سەر حزبی (DEP) لەپێشدا لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣ یەشار کایای گرت، ئەوەش بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیروڕای جوداخوازی. ئینجا لە ئازاری ١٩٩٤ پەرلەمانتارەکانی گرت و حوکمی قورسی دان (تركيا فى الزمن المتحول– سەرچاوەی پێشوو– ل١١٩) لەماوەی شەش بۆ پانزە ساڵ. لەیلا زانا پێش چوونە زیندانی لەبارەی ئەم دادگاییکردنەوە بە ورەیەکی بەرزەوە ئامادەی سێدارەبوو تا نەخشی رێگای خەباتی پەرلەمانی بۆ کورد بکاتەوە. نووسەرێکی دانیمارکی ئاوا قسەکانی زانای گواستۆتەوە کە لە چاوەڕوانیی حوکمی دادگادا کردوونی: «من و حەوت ئەندامی تری پەرلەمانی تورکیا ئەمرۆ مەترسیی ئەوەمان هەیە حوکمی لەسێدارەدانمان بدرێت، ئەو تاوانەی کردوومانە چییە؟ کە حوکمێکی ئاوا توندمان پێ رەوا ببینرێ لەلایەن دادگایەک کە دیکتاتۆریی

عەسكەری لە ساڵی ١٩٨٠ دایمەزراندووە؟ ئێمە دەتوانین یەک شت بسەلمێنین، ئەویش مەرگەساتی نەتەوەی کوردە لە تورکیا، قسەکردن بەئازادیی لە وڵاتێک کە دەستوورێکی دژ بە دیموکراسی هەبێ و ڕژێمە دیکتاتۆرییە عەسکەرییەکان یاساکانیان دانابێ، مەسەلەیەکی پڕ ترسە، تەنانەت بۆ ئەوانەی لەلایەن میللەتیشەوە هەڵبژێردرابن» (ناپەسەندەکان چەند وتارێک دەربارەی کێشەی کورد لە ڕوانگەی کۆمەڵێک نووسەری دانمارکییەوە- وەرگێڕانی ئازاد مەولود — دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم — ساڵی٢٠٠٢- ل١١٣-١١٤).

ئەمە لەکاتێکدا هەر لەو هەلومەرجە تازەیەی تورکیادا بوو کە ساڵی ١٩٩٢ ئۆزال گوتبووی: «بەو شێتە بڵێن (مەبەستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو) چی دەکات لە دەرەوە، با ئەویش بێتەوە و لێرە سیاسەت بکات، من دەستپێشخەریم هەیە وەک سەرۆک کۆمار و ئێمە بەدڵنیاییەوە پێکەوە دەژین».... ترکیا الصیغة و الدور — محمد نورالدین — ریاض نجیب الریس- بیروت- چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٨-ل١٨٣).

بەڵام ئۆزال (مرد) و دەمیرێل جێی گرتەوە. خانم تانسۆ چیللەریش بووە سەرۆک وەزیران و لەسەر دەستی ئەو لەیلا زانا و هاوڕێکانی گیران و دادگاییکران.

هەلومەرجی خۆڕاپسکانی کورد لە تورکیا هانی پەرلەمانتارە کوردەکانی حزبە تورکییەکانی دا لە وێستگەی جیاجیادا هەڵوێست بەقازانجی کوردایەتی وەربگرن. هیچ نەبێ وەکو نوێنەرانی میللەت کە دەنگیان لەناوچەکانی خۆیان هێناوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٠، ٣١ پەرلەمانتاری پارتی دایکی نیشتمان ANAP، کە ئەو کاتە حکومەتی بەدەستبوو دەستیان لە کارکێشایەوە، بەهۆی جاڕدانی حوکمی عورفییەوە لەو ناوچانە (اکراد ترکیا... سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو-ل ٢٢٤).

دوای ئەو ئەزموونە هەر ئەو ساڵە کورد پارتی گەلی دیموکراتی (DEHAP)ی دامەزراند، بەڵام بەهۆی ڕێژەی پێوستی ١٠٪ەوە حزبەکە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٥دا بەشداریی نەکرد و لە هی ١٩٩٩ هیچی بەدەست نەهێنا لە ئاستی پەرلەمانی گشتیی وڵاتدا، بەڵام لە ململانێی شارەوانییەکاندا هەندێک شارەوانی شارە کوردییەکانی بردەوە. حزبی (HADEP) لە ساڵی ١٩٩٧دا جێی خۆی بۆ حزبێکی تر بەناوی (DEHAP) چۆڵکرد و هەموو ڕێکخستنەکانی خۆی نارده ناو (DEHAP)ەوە، ئەمەش داخرا. کوردەکان هەر کۆڵیان نەدا ، ساڵی ٢٠٠٥ پارتی (DTP) یان دروستکرد، کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا (٢١) کورسیی پەرلەمانی هێنا. لە ٢٠٠٩/١٢/١١ دادگای دەستووریی ئەم حزبەشی داخست، ئەحمەد تورک کە سەرۆکی (DTP) بوو کشانەوەی پەرلەمانتارەکانی ڕاگەیاند. هەرچەندە حکومەتی داد و گەشەپێدان خۆی وادەرخست کە ئەوە بڕیاری دادگایە و ئەوانیش پێشتر تووشی گێچەڵی دادگا بوونەتەوە، بەڵام کوردەکانی باکوور قەناعەتیان بەو پاکانەیە نەکرد. ڕێک لەو هەلومەرجەدا وەک کۆمەڵێک ڕۆژنامەوانیی کورد کە لە ئەستەمبوڵ بووین، کوردانی باکوور چ ئەوانەی بینیمانن و چ ئەوانەی بەشداربووی دیالۆگی میدیاکارانی کورد و تورک بوون کە بەدەستپێشخەریی ئابانت پلاتفۆرم و فەزالەر ڕێکخرابوو، لەسەر ئەوە کۆکبوون کە ئەمە بۆ لەمپەڕ دانانە لەبەردەم سیاسەتی کوردی و باعیسێکی سیاسیی هەیە نەک یاسایی.

ئێستا پارتی ئاشتیو دیموکراتی (BDP) ئەڵتەرناتیڤی سەرەکیی کوردە لە تورکیا، ئەم حزبە لەگەڵ چەند کەسایەتی و چەند حزبێکی دیکەدا بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ بەناوی کاندیدی سەربەخۆ چوونە هەڵبژاردنەوە، ئەم نەخشەیەش بۆئەوەبوو لەمپەڕی ١٠٪ نەبێتە رێگر لەپێشیان. ئەوەبوو بەرێژەی ٦٪ توانیان ٣٦ کورسیی پەرلەمان مسۆگەربکەن.

هەر لەسەرەتاوە چەند پەرلەمانتارێکیان کە لە زیندان بوون ئازاد نەکران، لەوانەش خەتیب دیجلە، نهاش سەرۆک وەزیران دەخوازێت حەسانە لەسەر چەند پەرلەمانتارێکیان هەڵبگرێت و بەمەش لەمپەرێکی تر لەبەردەم خەباتی ئاشکرای کورددا دروستدەبێت.

وەک دەردەکەوێت ئەم رێچکەی خەباتی ئاشکرایە بەسەر چەندین مینی لەمپەڕ و رێگریدا تێپەڕ بووەو دەبێت و ... هێشتاش هەر بەردەوامە.

ئەم دیدارانەی لەم فەسڵەدا بڵاوبوونەتەوە بەشێکی رەوتی خەباتی ئاشکرا و پەرلەمانی دەردەخەن.

ئەحمەد تورك:
# دیموکراسی لە بیری ئەودا نییە

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە بیستەکان، ئەو کاتەی فەرمانبەری شارەوانی و ئامار، کە بەهەموو گوند و شارەکانی تورکیادا دەگەڕان بۆ تۆماری نازناوی بنەماڵە، نەیدەزانی ماڵباتی سەیدا ئەحمەد تورک چین و چ کارەن؟

وەختێک نازناوی (تورک)ی بەو بنەماڵەیە بەخشی، پێی وانەبوو رۆژێک دێت لاوێکی ئەو بنەماڵە کورد پەروەرە لە بەرەی چەپەوە دەست بەخەباتی سیاسی دەکات، تا لەبەرەی نەتەوەیی و کوردستانی بگیرسێتەوە و لەوێوە بەرەنگاری هەلومەرجی سڕینەوەی ناسنامە و بەزۆر سەپاندنی نازناوی وەک ئەوەی (تورک) ببێتەوە.

ئەحمەد تورک ساڵی (١٩٤٢) لە ناوچەی دێرکی سەر بەماردین لەدایکبووە. ساڵی١٩٧٣ دەبێتە پەرلەمانتاری ماردین لەسەر لیستی (جەهەپە) بەسەرۆکایەتی بلّند ئەجەویت. لە دوای کودەتای سەربازی، لە ساڵی١٩٨٠، دەخرێتە زیندانەوە و ساڵی١٩٨٧ دەبێتە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی سۆشیالیست لە تورکیا (SHP) بەسەرۆکایەتی ئەردال ئەنینۆ.

وەختێک لە ساڵی١٩٨٩دا بەچاودێری حکومەتی فەرەنسا و هاندانی راستەوخۆی دایکی کورد: دانیال میتران، کۆنفرانسی کورد لە پاریس دەبەسترێت، وەفدێکی کوردەکانی پارتی (SHP) بەشداری تێدا دەکەن، ئەحمەد تورک یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت، کە دەگەڕێتەوە حزبەکە، لە ژێر گوشاری میدیا و سیاسەتی شۆڤێنیدا ئەو ئەندامانە دەردەکات.

سەرئەنجام ئەحمەد تورک و پەرلەمانتارە کوردە هاوکارەکانی لە حزبی (SHP) دەرکراون، حزبێکی نوێ دروستدەکەن بەناوی (HEP)، کە هەرچەندە بەئاشکرا ناوی کوردی پێوەنابێت، بەڵام دەبێتە یەکەم پارتی کوردی لە مێژووی تورکیای کۆماریدا. ساڵی١٩٩٤ لەگەڵ پەرلەمانتارانی دیکەی کورد دێتەگرتن و نزیکەی دووساڵ حەپس دەبێت.

پاشان دەبێتە سەرۆکی (DTP) و ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی کوردان، بەڵام لە ساڵی٢٠٠٩دا حەسانەی پەرلەمانی لێ دەستێننەوە و پێنج ساڵ لە سیاسەتکردن دووردەخرێتەوە.

پاشان لەگەڵ ئەیسال توغول دەبێتە سەرۆک و هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی. تورک وەک یەکێک لە چالاکوانە سیاسییە کوردەکان لە ژێر ئەم چەترە سیاسییەدا خەباتی سیاسیی و ئاشتیخوازانەی خۆی پەک نەخستووە و درێژەی پێ دەدات. بۆیە لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش و ئامینە ئاینە پێکەوە چوونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەپاڵ پێشکەشکردنی سیمینارێک لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد

لە (پەیمانگای کارینجی بۆ ئاشتی) بارەگایەکی (پارتی ئاشتی و دیموکراتی)شیان کردەوە، کە دوای دیداری تورک و ئۆباما لە ئەنقەرە، لەساڵی٢٠٠٩دا دەبێتە دووەم چالاکی دیبلۆماسیی ئاشکرای کوردەکانی باکوور لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

دوای رووخانی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٤دا یەکەمجار لە میوانداریی‌یەکی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، لەسەر شەرەفی وەفدێکی کوردانی باکوور، چاوم بە مامۆستا ئەحمەد تورک کەوت.

زیارەتی ئەمجارە بۆ کوردستان و دیداری لەگەڵ سەرۆک مام جەلال بۆ بەخێرهاتنەوەی لەگەشتی چارەسەری و حەوانەوە، دەرفەتێک بوو بۆ بەندەش تا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەم.

ئەحمەد تورک لەگەڵ خانم ئەیسال توغلۆک لە میوانخانەی یەکێتی گیرسابوونەوە وەختێک کاک بەهرۆز گەلاڵی پەیوەندی پێوە کردم و ژوانی کوردانی رێکخست، بێ سێ و دوو گەیشتمە میوانخانە و دیدارێکی تێروتەسەلمان کرد. هەرچەندە میوانەکان مەوعیدی میوانی تایبەتی تریان هەبوو(دیدارێکی تایبەتیان لەگەڵ وەفدێکی پەکەکەدا بوو) و داوی ئەوەش چوونە کەرکوک و چاویان بە دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری شارەکە کەوت.

من بەبێدەنگی دیداری خۆم کرد، بەڵام سەردانی برای قەدرزانمان ئەحمەد تورک و خوشکی سەلار ئایسەل بۆ کەرکوک بووە مایەی نارەزایی خانم ژاڵە نەفیتچی پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانی لەسەر لیستی عیراقییە. ژاڵە گلەیی ئەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق هەیە بۆ چی رێی بە سەردانی تورکدا و رێگەی هاتنی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی (مەهەپە) ی نەدا، کە لە جەژنی رابردوو دەیویست بێتە کەرکوک.

دڵنیام ئەحمەد تورک نەگوێ بەم نارەزاییە دەدا و نە رووداوی لووت شکاندنی لە شاری سامسۆنی تورکیا لە کبریا و ورەی خەباتی ئاشتیخوازانەی دێنێتەخوارەوە. فەرموون ئەمە دیدارەکەیە.

برامان ئەحمەد تورک وا دەستی بەقسەکانی کرد (هەم لە کوردستانی باشووری بچووک و هەم لە هەموو کوردستان بەگشتی، بۆ دیموکراسی و ژیانێکی ئازاد خەبات بکەین. ئێمە دەمانەوێت ئەم خەباتە بکەوێتە ناو قۆناغێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێوە. لەبەرئەوەش هەموو سەرکردەکانی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، هەروەها بۆ ئەوەی لەنێوان گەلاندا شەڕ و پێکدادان دروست نەبێت، بە –سیاسەتێکی هاوبەش کاربکەین)، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی مام جەلالیان کردووە.

(مام جەلال کەسایەتییەکی سیاسیی بەئەزموونە، سەرکردەیەکی کوردە، بێگومان فیکرو رامانی مام جەلال بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ئەمڕۆکەش سەرۆک کۆماری دەوڵەتێکە. بۆیەش ئێمە دەمانەوێت هەم بۆ چارەسەری کێشەی کورد و هەمیش بەمەبەستی هاوکاری لەنێوان کوردی هەر چوار پارچە خەبات بکەین. مام جەلال دەتوانێ رۆڵێکی مەزن بگێڕێت. وا سی ساڵە شەڕێکی درێژ لە باکوور هەیە، دەبێ ئەو شەڕە ببێتە هۆکارێک بۆ ئاشتی، بۆیەش مام جەلال بە ئەزموونی خۆی دێتە ناو ئەو کێشەیە و بۆ ئاشتی خەبات دەکات. ئەوە داخوازی ئێمەشە).

ئەو دەمەی من دیدارم لەگەڵ مامۆستا کرد هێشتا کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان (کۆنگرەی چوارەم کە ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٢ لە ئەنقەرە سازکرا) نەکرابوو، سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەگەری دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی لەگەڵ ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە لە ئیمرالی خستە بەر ڕۆژەڤ بۆ ئەوەی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەکەیان بکات. ئەردۆگان ئاماژەی بەوە دابوو ئەو دانوستاندن لەگەڵ بەدەپە و تەڤگەری ناوەوەی وڵات ناکات چونکە (ئەوان هیچیان بەدەست نییە.)

لەبەرئەوە پرسیارم لە هەلومەرجی گفتوگۆکە کرد (بەڕای ئێوە ئەمە سیاسەتێکی نوێیە یان هەنگاوێکی تاکتیکییە لەبەر نزیکبوونەوەی وادەی کۆنگرەی حزبەکەی؟ یاخود دەبێتە زیندووکردنەوەی گفتوگۆکانی ئۆسلۆ؟ مامۆستا پێشمەرجی گفتوگۆی لە روانگەی خۆیەوە بەم شێوەیە بینی و رووی لەئەردۆگان کرد: (ئێوە لەلایەک دەڵێن باچەک بوەستێت، لەلایەکی تریشەوە گۆشەگیری دەخەنە سەر بەڕێز ئۆجەلان. لەکاتێکدا ئۆجەلان مرۆڤێکی زۆر گرنگە بۆ گەل. ئەگەر ئەو گۆشەگیرییە بەردەوام بێت، ماناکەی ئەوەیە کەئێوە لە ڕێی ئاشتیدا خەبات ناکەن. بۆیەش دەڵێین بۆ ئەوەی قۆناغی دیالۆگ دەستپێبکاتەوە، دەبێ پێش هەموو شت ئەو گۆشەگیرییەی سەر ئۆجەلان نەمێنێت، هەلومەرجی ژیانی بگۆڕدرێت، ڕێگە بەئۆجەلان بدرێت لەپێناوی ئاشتیدا سیاسەت بکات و رۆڵی هەبێت. پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت).

ئینجا لەسەر کەشوهەوای پێویست بۆ ڕاگرتنی شەڕی چەکداری راوەستا؛ (لەڕاستیدا هەموو لایەک دەمانەوێت شەڕی چەکداری بوەستێنرێت، بەڵام ئاخر شەڕ چۆن بوەستێت؟ لێرەدا کێشەیەک هەیە، ئەو شەڕە کە دەکرێت، دەڵێن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردە. ئەگەر هیچ پرۆژەیەک بۆ پێدانی مافی کورد لەئارادانەبێت، بەڕاستی ڕاگرتنی شەڕ گەلێک زەحمەتە. تاکو ئەمڕۆ دەوڵەت هیچ وەڵامێکی پێ نییە بۆ ناسنامەی گەلی کورد و زمانی کوردی، ئەگەر حکومەت بڵێت کوردیش میللەتێکە و مافی چارەنووسی هەیە و لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە بن، خۆی لەخۆیدا کێشەیەک نامێنێت، بەڵام ئەگەر کورد وەکو میللەت قبوڵ نەکەن، بەڕاستی هیچ کێشەیەک چارەسەرنابێت).

ئەحمەد تورک گومانی لە دەستپێشخەری ئەردۆگان هەبوو؛ (ئەردۆگان گەلێک جار قسەی وا دەکات، بەڵام دەبێ لە پراکتیکدا ئەو شتانە بەجێبهێنێت. ئەوە داخوازی ئێمەیە. گۆشەگیری سەر ئۆجەلان نەمێنێ، ئەو ئاستی (١٠٪)ی هەڵبژاردن نەمێنێ، زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردەیی. ئێمە هەموو رۆژ باسی ئەمانە دەکەین. ئەردۆگان دەبێ لەگەڵ کوردەکان دابنیشێت و ئەو کێشەیەیان لەگەڵدا چارەسەربکات. کورد خاوەن سیاسەت و تێکۆشانی خۆیەتی، دەبێ لەگەڵ کورد دیالۆگ بکەن. چەند رۆژێک پێش ئێستا لە کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا جارێکی تر باسی ئەوەم کرد. وتم: با ئەو قۆناغی ئۆسلۆیە بەردەوامبێت. بتوانین لەسەر ئەو موناقەشاتە پرۆژەیەک هەم بۆ گەلی کورد و هەم بۆ گەلی تورک پێشکەشبکەین. دەوڵەتیش دەتوانێ بڵێت ئەمڕۆ شتی وامەحاڵە، بەڵام خۆ دەبێ بتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین. کەچی دەوڵەت دەڵێ

ئەوە کەناڵی (TRT ٦)مان بۆ کورد دامەزراند. گەلی کورد چیتر بەم شتانە رازی نابێت. ئەوە میللەتێکە و مافی خۆی دەوێت. ئەمڕۆ زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردەیی هیچ ئاستەنگێک نامێنێت. ناسنامەی گەلی کورد بناسرێت؛ هیچ کێشەیەک نامێنێت. ئێمە ناڵێێن تەنها گەلی کورد، بۆ هەموو گەل و کەمینەکانی تریش، با لە دەستووردا وەکو هاوڵاتی دانیان پێدا بنرێت. ئەو دەستوورە دەبێت بۆ هەموو مرۆڤێک بێت. ئەوەی ئەمڕۆ کورد داوایدەکات، بە ڕاستی دیموکراسی بۆ هەموو میللەتێک دابیندەکات).

لێم پرسی باشە کە ئەردۆگان ناخوازێت لەگەڵ ئێوە قسەبکات، ئەدی (ئێوە دەتانەوێت دەوڵەتی تورکیا کێ بەموخاتەب وەربگرێت، ئێوەی تێکۆشەرەکانی ناوەوەی وڵات، قەندیل یان ئیمرالی؟) هاتە سەر ئاستی توانای خۆیان لە چارەسەری کێشەکە.

میوانی ئێمە زۆر بە تەوازوعەوە قسەیکرد (سی ساڵە شەڕ درێژەی هەیە، بەڕاستی کاتێک دەوڵەت دەڵێ پێویستە ئەو شەڕە بوەستێت، ئەوا دەبێت قەناعەت بە ئۆجەلان و قەندیل بهێنن. ئەوە ڕاستییەکە، ئەمڕۆ چەک بەدەست ئەوانەوەیە. ئێمە ناتوانین بەناوی ئەوانەوە بڵێین باشە چەک دادەنێین. لە مەسەلەی سیاسی و داخوازییەکانی گەلی کوردیشدا ئێمە چەند پارتێکی سیاسین، دەتوانن لەگەڵ ئێمەدا بێنە سەرمێزی گفتوگۆ و قسەبکەن. ئەو مەسەلەیە دوولایەنەیە. لایەنێکی لەگەڵ ئەواندا چارەسەربکەن، ئێمەش هاوکاردەبین و پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکەین بۆ ڕاوەستانی ئەو شەڕە. پێویستە هەم ئەوانەی سی ساڵە شەڕدەکەن لەبەرچاو بگیرێن، هەم سیاسییەکانی گەلی کورد و هەم میللەتی تورکیش دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، واتە سیاسەتێک نەکەین ئەوان عاجزبن. لەسەر ئەو سێ بنەمایە ئێمە پرۆژەیەک پێشکەش دەکەین و موناقەشەی لەسەر دەکەین).

ئەحمەد تورک زانیاری زیاتریدا بەئێمە لەسەر چەند خولی دیکەی دانونستاندن لەنێوان پەکەکە و دەوڵەتدا؛ (پێشتر چەندین قۆناغی گفتوگۆ هەبووە، ئۆسلۆ قۆناغی شەشەمە، بەڵام لەدانیشتنەکەی ئۆسلۆدا خەڵک زانی کەوا گفتوگۆیەک هەیە. ئێستا زۆر رۆشنبیر و خەڵکی ئەکادیمی تورکیش دەڵێن باجارێکی دی قۆناغی ئۆسلۆ دەستپێبکاتەوە. ئەوانەی دژایەتیشی دەکەن کەسی رەگەزپەرست و فاشیستن).

*** حزبەکەی ئەردۆگان دەڵێت ناتوانین هەنگاوی زۆر بەرەوپێش بهاوێژین لە ترسی گەلی تورک، واتە تورک نایانەوێت دەسەڵات زۆر تەنازول بکات بۆ تەڤگەری کورد؟**

(نەخێر، ئەوە راست نییە. ئەوان هەبوونی گەلی کورد لە مێشک و بیرکردنەوەی خۆیاندا قبوڵناکەن، بەڵام ئەگەر میللەتێک لە بیروباوەڕی خۆیدا ئەو قەناعەتەی هەبێت، چارەسەرکردنی کێشەکە زۆر زەحمەت نییە. مێشکی ئەردۆگان مێشکێکی دیموکرات نییە. لەناو کەلتوورێکی دیموکراسیدا نەهاتووە).

هەڵوەستەیەکی کرد و ئینجا هەمان ئەو سەرنجەی لەسەر سەرکردەی حزبەکانی دیکەی تورکیاش گووت (لەڕاستیدا هەتاکو ئێستا خەباتێکی ئینسانی وایان نەکردووە. سیاسەتیان لەسەر ئەوە کردووە، کە (هەموو کەس تورکە و هەمووی وەکو تورک بیربکاتەوە). ئاستەنگ لێرەدا ئەوەیە کە کورد وەکو میللەتێک نابینن، بۆیەش دان بەمافەکانیدا نانێن.

هەموو ئەو حزبانەی تاکو ئەمڕۆ هاتوون هەر بەم عەقڵییەتە کاریانکردووە. دیارە هەندێک پارتی چەپ و سۆسیالیست هەن کەدۆستی ئێمەن. ئەوان بەرگری لەمافی گەلی کورد دەکەن، بەڵام لەسەر سیاسەتی تورکیا هیچ کاریگەرییەکیان نییە. ئێمە وەکو تورکەکان بیرناکەینەوە، دۆستی تورکمان زۆرە).

*** ئێوە هیچ پاکێجێکتان هەیە بۆ دەستووری نوێی تورکیا؟**

– سێ مادەی سەرەکی هەن، ئەگەر ئەوان نەگۆڕدرێن، هیچ گۆڕانکارییەک لە دەستووردا ناکرێت. کاتێک بڵێن لەم وڵاتەدا هەموو کەس تورکە، ئەو کاتە نە ناسنامەی کوردی دەمێنێ، نە زمانی کوردی دەمێنێ، کاتێک تۆ بڵێیت (تاکە میللەت)، لێرەدا تۆ دان بە بوونی کورددا نانێیت. بۆ نموونە، لە مادەی ١٤٢دا دەڵێیت لە زمانی تورکی بەولاوە هیچ زمانێکی تر بەکارنایەت. کاتێک تۆ کورد بەڕەسمی نەناسیت ناتوانی ئەو مادەیەش بگۆڕی. واتە ئەو گۆڕانکارییانە تەکنیکین. ئێمە دەڵێین لەو کۆمیسیۆنەدا کە کار بۆ دەستوور دەکەن، هەر پارتە و سێ نوێنەری هەبێت. ئێمەش چوار پارتین لە پەرلەماندا. ئێمە دەڵێین با نەڵێن بەشداری کۆمیسیۆنەکە نەبوون.. بۆیە خەباتی تێدا دەکەین، بەڵام دەزانین کە مێشکی ئەوان مافی گەلی کورد قبوڵناکات. دەڵێین بازمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردەیی، بەڵام ئەوان لە کۆمیسیۆندا دەڵێن نا.

ئەو شتانەی ناکۆکی لەسەر نەبێت دەخرێنە بەرباس، ئەوەشی کە ناکۆکی لەسەر بێت دەخرێتە کۆتایی. تائێستا نزیکەی سی مادە پەسندکراوە، بەڵام ئەو ماددانە هیچی پەیوەندی بەمافەکانی کوردەوە نەبووە. ئێمە دەمانەوێت لە خەباتی دەستووریدا بەردەوامبین، بەڵام بەڕاستی مێشکی ئەوان ڕێگە نادات شتێک بەگوێرەی داخوازییەکانی کورد دروستبێت.

*** ئەی مەسەلەی بەربەستی رێژەی(١٠٪) بۆ هەڵبژاردن لە کۆمسیۆنی دەستووردا هیچ دەستکارییەکی تێدا نەکراوە؟**

– نەخێر، هێشتا هیچ موناقەشەیەک لەسەر ئەویش دروست نەبووە. چەند رۆژێک پێش ئێستا سەرۆک وەزیران و وەزیرێکی تری حکومەت وتیان دەمانەوێت شتێکی لێ کەمبکەینەوە، بەڵام ئاخۆ چەند راستگۆیانە کاری بۆ دەکەن؟ دیارنییە. ئەوان دەیانەوێت کورد بخەڵەتێنن، بەڵام کورد رۆژ لە دوای رۆژ سیاسەتی ئەردۆگان باشتر دەناسێت. هەندێک کەس دەیانووت ئەردۆگان پارتێکی کەمالیست نییە و هیواداربن شتی باش بکەن، بەڵام ئەمڕۆ گەلی کورد دەبینن کە جەهەپەو ئەردۆگان و مەهەپە لەسەر گەلی کورد فیکر و رامانیان یەکە. ئەو شتانە دەڵێن بۆ ئەوەی یەکێتیی کوردان بەرامبەر بەوان دروست نەبێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت بەدڵ ئەو شتانە بڵێن. ئەگەر وابێت، ئێمەش دەتوانین هاوکاربین. ئەمڕۆ ئەو متمانەیە لای ئێمە نییە، ئیتر بزانین لە پراکتیکدا چۆن دەبێت.

***بەڕای ئێوە لە کۆنگرەی داهاتووی ئاکەپەدا، هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بیرکردنەوەکانی ئەردۆگاندا دێت، چ لەسەر پرسی کورد و چ لەسەر بابەتی دیموکراسی؟**

– پێویستە بەر لە هەموو شت مرۆڤ خۆی باوەڕی بە دیموکراسی هەبێت. کاتێک ئەو باوەڕە نەبێت، دیموکراسی بەقسە و گوتار نایەتەدی. ئەمڕۆش هەموو دیکتاتۆرێک باس لە

دیموکراسی دەکات، بەڵام دیموکراسی دەبێ لە ڕۆح و مێشکی مرۆڤدا هەبێت. لەلایەک باسی دیموکراسی دەکەن، لەلایەکی تریشەوە دەبینین دژایەتیی ماف و بیروباوەڕی عەلەوییەکان دەکەن، هی کوردەکان بەهەمان شێوە. لە ڕێی دیموکراسیدا هەنگاوناهاوێن. ئەمڕۆ بۆ نموونە مادەی قورئان و ژیانی پێغەمبەریان لە خوێندنگای سەرەتایی زیادکردووە، دەڵێن لەو دووانە یەک مادە دەتوانن هەڵبژێرین، بەڵام زمانی کوردی جاریێ نا. ئەوە مێشکەکەیانە. کوا ئەمە دیموکراسییە؟ بەناوی دیموکراسییەوە شتی سەیر دەکەن.

*** دۆسێی ئەو سیاسی و چالاکوانە کوردانەی گیراون، چی لێهات؟**

– نزیکەی دوو هەزار سیاسەتمەداری کورد لە ماوەی دوو ساڵدا گیراون، چەندی ڕۆژنامەوانی کورد هەبوو لەسەر مەسەلەی کورد دەیاننووسی، هەمووی لە زینداندان. پارێزەرەکانی ئۆجەلان هەموویان گیراون. هەزاران ئەندامی پارتی ئاشتی و دیموکراسی هەروا لە زیندانن، ئەندامی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات بەهەمان شێوە هەزاران کەسیان لێ گیراوە. لەلایەک دەیانەوێت شەڕێکی گەورە بەسەر پەکەکەدا بسەپێنن، لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێت دەنگی سیاسیی کورد بێدەنگ بکەن. کەچی ئەو مرۆڤانەی گیراون، هەر یەکێکیان تەنها چەقۆیەکیشی پێ نەگیراوە. واتە هیچی شەڕخواز نەبووە و چەکدار نەبووە. تەنها بە فیکر و ڕامانی خۆیان مافی کوردیان پاراستووە. لە چ وڵاتێک ئەمڕۆ دوو هەزار کەس لەسەر بۆچوون لەزینداندان؟ چۆن بتوانین بەوانەی ئەم سیاسەتە بەڕێوەدەبەن بڵێین دیموکرات؟ ئامانجی ئەوان ئەوەیە سیاسەتی گەلی کورد بگەیەننە بنبەست و هەرکەس باسی مافی گەلی کوردی کرد ڕەوانەی زیندانی بکەن. هەروەها ناهێڵن ئەو گیراوە سیاسییانە بە زمانی خۆیان بەرگری لەخۆیان بکەن. بۆیەش دادگاییکردنەکەیان وەستاوە.

ئەحمەد تورک جگە لە پرسی گەلی کورد لە تورکیا تێزی کوردستانیی خۆی بۆ چارەسەری دوور مەودای کوردیش خستەڕوو. نەفەسی سیاسەتکارانی باکوور کە بەشی گەورەی کوردستانە نەفەسێکە وەک هی نیشتمانیی دایک کە قسەی هەیە لەسەر بەشەکانی تریش، بەتایبەتی ئەوی تا جەنگی جیهانیی یەکەم بەشێک بوون لە کوردستانی عوسمانلی؛ (ئەمڕۆش باش تەماشابکەین، فارس و عەرەب و تورک و کورد لەو ناوچەیەدا دەژین، لەو چوار نەتەوە دێرینە تەنیا گەلی کورد بێ ماف و بێ ناسنامەن. ئێستا لە کوردستانی باشوور زۆر ماف بەدەستهاتوون و ئێمە گەلێک پێی کەیفخۆشین، بەڵام ئەمڕۆ بیست ملیۆن کورد لە باکوور بێ ناسنامەن. وەکو دەزانن، لە کوردستانی ڕۆژئاوا خودی بەشار ئەسەد و باوکیشی تەنانەت کوردیان وەکو هاوڵاتیی سوریش قبوڵ نەدەکرد، کوردی ڕۆژئاوا هیچ مافێکیان نەبوو. ئەمڕۆ گەلی کورد لە چەند پارچەدا بێ ماف دەژین، ئەمە قبوڵ ناکرێت، ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو، پێویستە لە هەموو پارچەکان گەلی کورد بگاتە مافی خۆی و گەلی کورد لەگەڵ گەلی سوریا بە برایەتی و یەکسانی بژین. لە تورکیا، کورد و تورک لە وڵاتی خۆیاندا بە یەکسانی و مافی هاوبەش بژین، هیچ کێشەیەک نامێنێت. ئامانجی ئێمە ئەوەیە گەلی کورد بگاتە دیموکراسی و ئازادی. ئێمە ئامانجمان ئەوە نییە سنوورە جوگرافییەکان بگۆڕین. ئەگەر عەدالەت و یەکسانی هەبێت، کێشەیەکیش نامێنێت. کێشەکە

دان نەنانە بە گەلی کورد و مافەکانیدا. کورد گەلێکی شۆڤێنی و رەگەزپەرست نییە، گەلی کورد دەیەوێت لەگەڵ هەموو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە برایەتی و یەکسانی بژی. بەم شێوەیە دەتوانین لە ژێر کاریگەریی دەوڵەتی ئیمپریالیست دەربکەوین. ئەوە سیاسەتی ئێمەیە و ئەم سیاسەتەش دیموکراسی بۆ هەموو گەلان دەکات بە دیاری. ئەگەر ئەمڕۆ گەلی کورد لە بندەستیدا بن، سەقامگیری لەناوچەکە نایەتەدی، بەڵام ئەگەر کورد بگاتە ئازادی و مافەکانی خۆی، سەقامگیریش بەدیدێت. ئەمڕۆ خەڵکی شۆڤێن و نەتەوەپەرست لە هەر وڵاتێک کوردی تێدا دەژی، لەسەر ئەو دۆخە دەژین، بەڵام کاتێک پرسی کورد چارەسەربێت، نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزمیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نامێنێت.

تورک دەڵێن کورد هەڕەشەیەکی گەورەن و دەبێت بێدەنگیان بکەین. عەرەب وا دەڵێن، فارس وا دەڵێن، بۆیە ئەو سیاسەتە شۆڤێنییە فراواندەبێتەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین لەم سەدەیەدا، لە هەر چوار پارچەی کوردستان گەلی کورد بگاتە ئاستی ژیانێکی سەرفراز و ئازادی و یەکسانی. بەمجۆرە عەرەب و تورک و فارسیش دەتوانن ژیانێکی سەرفرازیان هەبێت.

قسەکانی و دیدارەکەی ئێمەشی بەوە کۆتایی پێهێنا کە (کورد بزانن لە کام پارچەی کوردستاندا کێشەی کورد هەبێت، ئەوا کێشەی هەموو کوردستانە. لە کام پارچەی کوردستاندا کورد بێدەنگ بن، کاریگەری دەبێت لەسەر پارچەیەکی تر. بۆیەش ئێمە دەمانەوێت هەم سیاسەتێکی ئینسانی، هەم سیاسەتی خاوەندارێتی کردن لە گەلی خۆمان بەڕێوەبەرین. ئەمڕۆ ئەگەر گەلی رۆژئاوا و باکوور بێدەنگبن، ئەو دەستکەوتەی لە باشوور بەدەستهاتووە هەمووی لەکیسدەچێتەوە. پێویستە بەم بیرکردنەوەیە خەبات بکەین. ئێمە شەڕخواز نین، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆشمان پێویست بکات گیانی خۆمان دەدەین).

## گوڵتان کاشناک:

# دیموکراسی تورکیا هی زۆرینەیە

ئێمە لە باشوور بۆ یەکەمین جار ئەم شێرە ژنەمان لە تەلەفزیۆنەکانەوە دیت کە دوای ڕووداوی ڕۆبۆسکی، کە سوپای تورکیا ٣٥ هاوڵاتی سڤیلی باکووری کوشت و ئەو کوشتنەشی ناونا هەڵەی زانیاری، لە مینبەری پەرلەمانی تورکیاوە حەشرێکی بەسوپای تورکیا و حکومەتی داد و گەشەپێدان کرد، شێخ ڕەزا گوتەنی (سەرما بەهەتیوو، با بەدەواری شڕی نەکردبێ) قسەکانی لە یوتوب دەیان هەزار لایکی لەسەر کرابوو. خانم لەوێدا گوتی: «ڕەگی ئێمە لەم خاکەدا داکوتراوە، ڕەگی ئێمە لە چیای جودییە، ئێمە هەبووین و هەین و تا ئەبەدیش دەمێنین. باو و باپیرانمان لێرەبوون، پیرۆزیی و مەزارەکانمان لێرەن، زمان و دابونەریتمان لێرەیە. کەوابێ چۆن جورئەت دەکەن وا قسەمان لەگەڵدا بکەن. ئەوانەی وا قسەدەکەن، پێویستە شەرم دایانبگرێت. ئەوانە خاوەن عەقلیەتی نکوڵیکردنن لە بوونی کورد. با سکتربن، بێدەنگبن».

سەکۆی پەرلەمان لە تورکیا لەو ڕۆژە و لە زۆر ڕۆژی تردا بۆ فراکسیۆنی کوردستانی (ڕەنج و ئازادی)، کە فراکسیۆنی لیستی کوردەکانە لە پەرلەمان دەبێتە مینبەری کوردایەتی و دیموکراتی. مینبەری ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان، لەسەر داب و دەستووری چەپەکان کە ڤلادیمیر. ئە. لەنین دەیوت پەرلەمانە بۆرژوازییەکان بکەنە مینبەری ڕیسواکردنی سیاسەتەکانیان، ئەمانیش کە کوردایەتی دەکەن و لە بنەچەیەکی چەپەوە هاتوون، هەروا دەکەن. پەرلەمان و زۆر دامەزراوەی (دیموکراتییەکەی) تورکیا وەک کەلێنێک بەکاردێنن بۆ خستەڕووی ڕووانینەکانیان، بۆ کەڵەکەکردنی دەستکەوت و پێشخستنی هەنگاوەکانی کوردایەتی. پێموانییە ئەمەش لەبەرئەوەبێت ڕەوتی چەپی کوردایەتی باوەڕی بەدیموکراسی نییە و لەنین ئاسا دەخوازێت مینبەری پەرلەمان تەنها وەکو سەکۆی ڕیسواکردنی بۆرژوای تورکیا بەکاربێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە دیموکراسی تورکیا لەبەر چارەسەرنەکردنی پرسی کورد دیموکراسییەکی بریندارەو وەک ئەزموونیش دەریخستووە.

دیموکراسی زۆرینەش دیموکراسیی زوڵم و زۆرە لە نەتەوەکانی تر کە ژمارەیان کەمترە. هەروەکو خانم گۆڵتان کاشناک لەم دیدارەدا باسیدەکات «تاکو ئێستا ئەو عەقڵییەتەی لە بەرامبەر ئێمەدا قوتبۆتەوە، عەقڵییەتی زۆرینەیە. زۆرینەش دەڵێت: ئەوەی پێمان خۆش بێت، دەیکەین. لە حاڵێکدا دیموکراسی واتە پارێزگاریکردن لە مافی کەمینەش».

بەندە ئەو ڕۆژەی چوومە دیداری خانم، باسوخواسی هەڵگرتنی حەسانە لەسەر پەرلەمانتارەکانی بەدەپە لەکایەدابوو، لە پەرلەمانی تورکیا بووم، کە پێیانوتم: «سەرۆک

وەزیر ڕەجەب تەیب ئەردوگان داوایکردووە حەسانە لە چەند پەرلەمانتارێکی بەدەپە وەربگیرێتەوە، چونکە لە کاتی چالاکییەکانی PKK لە ناوچەی شەمزینان ئەوانە سەردانی دەڤەرەکەیان کردووەو لە بازگەی گەریلا باوەشیان بە گەریلادا کردووە.

خانم کاشناک یەک لەوان بوو، بۆیە کە چوومە نووسینگەی سەرەکیی بەدەپە، خانم لە وادەی دیدار لەوێ نەبوو، گوتیان فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمان کۆبوونەوەی هەیە و تاوتوێی ئەو پرسە دەکات. خانم فاتمە سۆنمەز، راوێژکاری میدیایی هاوسەرۆکی حزب و کاک مەراز چەلی راوێژکاری یاسایی گوڵتان ئەرکی میوانداری بەندەیان گرتەئەستۆ و ئەو پەراوێزە دەرفەتێکی خۆش بوو بۆ دەمەتەقێی باشوور و باکوور. زۆربەی پرسیارەکانی ئەوان لەسەر رەوتی کەرکوک و لەشکرکێشیی مالکی بوو، زۆربەی پرسیارەکانی منیش لەسەر چالاکیی مانگرتنی سەرتاسەریی زیندانیانی باکوور و هەڵگرتنی حەسانە بوو. ئەمە درێژەی کێشا تا کەوتینە دیداری درەنگوەختی خاتوو گوڵتان کاشناک-ی هاوسەرۆکی حزبە ئاشکراکەی کوردی باکوور (بەدەپە).

خاتوو گۆڵتان کاشناک بە ورەیەکی بەرزەوە رەخنەی لە ئەگەری حەسانە هەڵگرتن دەکرد. ئەویش وەک هاوسەرۆکەکەی: سەلاحەدین دەمیرتاش، وێستگەی خەباتی پەرلەمانی بە قۆناغێک دادەنا، نەک هەموو شتێک. دەمیرتاش بەری ماوەیەک وتی:

«کەس ناتوانێت رەورەوەی مێژوو بووەستێنێت. جوڵانەوەی کورد بەئەندام پەرلەمانەکانی لەدایکنەبووە و بەنەمانی ئەندام پەرلەمانەکانیشی کۆتایی نایەت».

گۆڵتان هەر وەسای گوت، لە دیداری ئێمەدا «ئەگەر جارێکی تر کورد لەو پەرلەمانە دەربکەن، ئەوا کوردەکانیش دەتوانن باس لە گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەیان بۆ ناو ئەو پەرلەمانە بکەن. ئەمە مافی ئەوانە»

ئەم خانمە کوردپەروەرە تورکییەکەی لە کرمانجییەکەی باشتربوو، بۆیە پێموت: بەشی ئەوە لێت تێبگەم دەتوانێت بە تورکی قسەبکەیت، منیش بە کرمانجی دەپرسم و دواجار کە گەڕامەوە هاوکارمان سەردار جەعفەر وەریدەگێڕێتە سەر کوردییەکی موکریانی. بۆیە توانیمان قەرەبووی درەنگ کەوتنی دیدارەکەمان بکەینەوە.

*** کە هاتمە ئەنقەرە هەواڵ وابڵاوە، کە رەجەب تەیب ئەردۆگان باس لەوە دەکات گوایە حەسانەی پەرلەمانتاری لەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی** BDP **هەڵدەگرن. ئێوە بەنیازن چی بکەن؟**

– هەموو کەس دەبێت وەڵامی پێویستی پێ بێت بۆ خەڵک. با کەس ئەو حەسانەیەی نەبێت. لەم پەرلەمانەدا سەبارەت بە هەموو پەرلەمانتارەکان فەزڵەکە هەیە. لەسەر سەرۆک وەزیرانیش هەیە. جگە لەمە، ئەو فەزڵەکانەی لەسەر سەرۆک وەزیران هەن، زۆربەیان باس لە تەزویر و تاوانی شەرمهێنەر دەکەن. بەم هۆیەوە دەمانەوێت حەسانەی سەر هەمووان هەڵبگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەمە ناکەن، دۆسێکانی خۆیان دەخەنە لاوە و تەنها هی پەرلەمانتارە کوردەکان بکەن بە رۆژەڤ، ئەمە جیاکارییەکی ئاشکرایە دژ بە گەلی کورد و نوێنەرەکانی. هەموو ئەو دۆسێیانەی ئێمە کە سەبارەت بە مەسەلەی حەسانەیە، پەیوەندیی بەئازادیی رادەربڕین و چالاکییە سیاسییەکانی ئێمەوە هەیە. بۆچوونەکان و ئەو سیاسەتانەیە کە

لەبارەی چارەسەری کێشەی کوردەوە پێشنیازمانکردووە. خۆی لەقەڵەمدانی ئەمانە وەکو تاوان، شتێکی هەڵەیە. ئەگەر ئێستا لە تورکیا باس لە کێشەی کورد دەکەین، لەبەرئەوەیە کە باسی دەکەین. واتە گەلی کورد هەیە، مافی هەیە، کوردەکان خۆسەرییان دەوێت، مافی بەکارهێنانی زمانی زکماکی خۆیان دەوێت. کاتێک هەوڵ بۆ ئەمانە دەدەیت و سیاسەتی بۆ دەکەیت، ئەمە دەبێ بەتاوان. نابێ بەم شێوەیە بێت. پێویستە ئاستەنگەکانی بەردەم بەدیهاتنی ئەم مافانە هەڵگیرێت. بۆیەش بەڕای ئێمە ئەم باسوخواسەی هەڵگرتنی حەسانە، لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی گەلی کورد لە سیاسەتی دیموکراتی، ئەمە هەڵەیە و لە دژی دەوەستینەوە، بەڵام زۆر روون و ئاشکرا ئەمەش دەڵێن، ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی سیاسییە، پەیوەندی نە بە یاسا و نە بە مافپەروەرییەوە نییە. ئەگەر حکومەت ئۆپەراسیۆنێکی سیاسی بەڕێوەدەبات، ئێمەش لە بەرامبەردا هەڵوێستێکی سیاسیمان دەبێت و توندترین و روونترین وەڵامیش دەدەینەوە. هەمووڵایەک دەبێ بەگوێرەی ئەمە هەڵسوکەوت بکەن. کەس مافی ئەوەی نییە پەرلەمانتارە کوردەکان، کە بەدەنگی گەلی کورد هەڵبژێردراون، بکاتە دەرەوەی پەرلەمان. لەئاست ئەمەدا بێدەنگ نابین.

هەروەها هەموو کەس پێویستە ئەمە باش بزانێت، کە ساڵی ١٩٩٤یش هەمان کاریانکرد. حەسانەی سەر پەرلەمانتارەکانی (DEP)یان هەڵگرت، زیندانییانکردن و لە پەرلەمان دەریانکردن. ئەمەش زۆر بە خراپ لەسەر تورکیا شکایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەوانەیە زۆر خراپتریش بێت، چونکە ئێستا ئێمە لە هەلومەرجی دەیەی ١٩٩٠دا نین. گەلی کورد ئێستا زۆر بەهێزترە و خاوەنی رێکخستنە. هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە مەسەلەی چارەسەری زۆر روونە. ئەگەر جارێکی تر کورد لەو پەرلەمانە دەربکەن، ئەوا کوردەکانیش دەتوانن باس لە گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەیان بۆ ناو ئەو پەرلەمانە بکەن. ئەمە مافی ئەوانە.

*** شتێکی سەیر هەیە، لە قۆناغی مانگرتنەکاندا سەرۆکی حکومەت رایگەیاند کە لە جیاتی مانگرتنی زیندانیان و مانگرتنی نێو شەقامەکان ئێوە وەکو کورد یەک رێگەتان لەپێشە، ئەویش رێگای خەباتی پەرلەمانییە، ئێستاش پێشی ئەو خەباتە ئاستەنگ دەکات. ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– هەڵبەتە ئەم حکومەتە بەگشتی وا نزیکی مەسەلەی کورد دەبێتەوە، کە تا بۆی بکرێ هیچ مافێک نەدات بە کورد. پێشتر دەیانووت کورد نییە، زمانی نییە، کەلتووری نییە، مێژووی نییە، هەموو شتێکیان قەدەغەکرد، تەنانەت گۆرانی و مۆسیقایان لێ قەدەغەکرد. ئەوەی ئەمڕۆ کورد هەیەتی، پێگەیەکی شەرعییە، کە لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی خۆی بەدەستیهێناوە. ئەگەر گەلی کورد یەکێتی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، رێکخستنێکی بەهێز ئاوابکات و خەباتێکی بەهێز بەڕێوەببات، پێشکەوتن مسۆگەردەبێت، بەڵام کاردانەوەی دیموکراتیی گەل هەندێک لاوازبێت، ئەمانە زیاتر گوشار دەخەنە سەرمان، رەفتارێکی وا لەئارادایە. بۆیە کوردەکانی باکوور ئیدی باش دەزانن، کە ئەگەر بڕیاربێ بە مافەکانمان بگەین و دیموکراسی بەرقەراربێت، ئەمە تەنها لە رێی هەوڵ و رەنجی خۆمانەوە بەدی دێت. ئەگەر ئێمە ئەم تێکۆشانە نەکەین، لە عەقڵیەتی حکومەتدا ئەوە نییە کە دان بەمافەکانی گەلی کورددا بنێن. ئەمانە تەنها لە کاتی تەنگاوبووندا هەندێک هەنگاوی رواڵەتیانە دەنێن.

بۆیەش پێویستمان بە خەبات و ماندووبوونی زیاترە. دیارە لەگەڵ ئەمانەشدا، حکومەت بۆ ڕەشکردنەوەی خەباتی کوردان لەبەرچاوی ڕای گشتی، بەردەوام بەشێوازی تایبەتی شەڕی دەروونی موناقەشە دروستدەکات. بۆ نموونە، زوو زوو دەڵێن وەرن لە پەرلەمان کێشەکان یەکلایی بکەنەوە، ئەی باشە ئێمە لەکوێین؟ خۆ هەر لەناو پەرلەمانین و نەچووینەتە شوێنێکی تر. ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەم چالاکییانە دەکەین. ئەرکی پەرلەمانتارێک ئەوەیە، کە لەپاڵ گەلەکەی بێت، بەرگریی لە خواستی گەلەکەی بکات، وەڵامدەرەوەی مەیلی ئازادیی خەڵک بێت و لەم پێناوەدا کاری بۆ بکات. تاکو ئێستا ئەو عەقڵییەتەی لە بەرامبەر ئێمەدا قوتبۆتەوە، عەقڵییەتی زۆرینەیە. زۆرینەش دەڵێت ئەوەی پێمان خۆش بێت، دەیکەین. لەحاڵێکدا دیموکراسی واتە پارێزگاریکردن لە مافی کەمینەش. ئێستا کورد لە تورکیا (٢٠٪)ی ڕێژەی دانیشتووان پێکدێنێت. کەوابوو بەم پێیە بێت، کوردەکان هەرگیز ناتوانن ببن بە دەسەڵات و مافی گۆڕینی هیچ یاسایەکیان نابێت، چونکە ئەگەر حزبێک هەبێت کە هەموو دەنگی کوردەکان بەدەستبهێنێت، دیسان نابێت بەو زۆرینەیەی کە لەناو پەرلەماندایە بتوانێ گۆڕانکاریی لە یاساکاندا بکات. سیستمی دیموکراسی واتە گرەنتیکردنی ئەوەی کە تاکەکان، گەلەکان، گرووپ و ئەتنیکەکان مافەکانیان پارێزراوبێت. ئەم شتانە ناکرێت بەبابەتی موناقەشەی زۆرینە و کەمینە. ئەگەر بڕیاربێت زۆرینە هەر بەدڵی خۆی بکات، خۆ کەمینە قەت بەداوا و ویستەکانی ناگات. بۆیەش ئەو قسانەی لەم چوارچێوەیەدا دەکرێن، لە ڕووی نیازپاکییەوە نییە و بەمەبەستی گومان خستنەسەر شەرعیەتی ئێمە دەکرێت. ئێستا ئێمە ٣٦ کورسیمان لە پەرلەمان بەدەستهێناوە، بەڵام لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا، وێڕای هەموو ئاستەنگ و گوشارێک، داخستنی پارتییەکان، گرتن و زیندانیکردنی خەڵکی چالاک، هێشتاش پەرلەمانتارمان لەناو زینداندان. ئەوەشی کە ماوەتەوە زوو زوو هەڕەشەی هەڵگرتنی حەسانەمان لێ دەکەن. ئەی کوا چارەسەرکردنی کێشەکان لەژێر چەتری پەرلەمان؟ هەر پرۆژەیاسایەکی پێشنیاریدەکەین، لە دژی دەوەستنەوە. ئێستا کۆمیسیۆنی دەستوور هەیە لەناو پەرلەماندا، نزیکەی ساڵێکە هەر مادەیەکی پێشکەشیدەکەین، ئەوان قبوڵی ناکەن. دەرئەنجام پێماندەڵێن: زۆرینە بەدەست ئێمەوەیە و بەدڵی خۆمان دەکەین. ئەمە دیموکراسی نییە. کوردەکان ئەم یارییە ناکەن، خەباتێکی ڕاست و دروستی ئازادی بەڕێوەدەبەن. پەرلەمانیش ڕەهەندێکی ئەم خەباتەیە. لەبەرئەوە درێژە بەم خەباتەدەدەین. ئەگینا ئێمە تەماحی دەسەڵات و پلە و پایەمان نییە. ئێمە تەنها هەڵگری ویست و داواکاریی گەلەکەمانین و لێرەدا ئەم خەباتە بەڕێوەدەبەین و ئەمەش شێوازێکی خەباتە و دەمانەوێت تا دوا ڕادە ئەم شێوازە بەکاربهێنین.

سەرۆک وەزیر زوو زوو پێماندەڵێت بڕۆن بۆ قەندیل. پێویستە سەرۆک وەزیر ئەمە بزانێت کە کوردەکان ڕێگەی قەندیل پێدەزانن و لەمەدا کێشەیان نییە، وا گەنجەکان ڕێگەی قەندیلیش دەگرنەبەر، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەسی سیاسی چارەیەک بۆ ئەمە بدۆزێتەوە و لەباتی ڕێگەی قەندیل بتوانین ڕێگەی دیموکراسی بگرینەبەر. ئەمانە بەپێچەوانەوە، هەر ڕۆژە و بەجۆرێک ڕێگەکانی دیموکراسی تەسکدەکەنەوە و ڕێگەی قەندیلمان پیشاندەدەن.

شکور بۆ خوا گەلی کورد دەزانێت چۆن خەبات بکات و بە بەکارهێنانی هەموو کارتەکان درێژە بە خەباتی رزگاریخوازیی خۆی دەدات.

*** سێ ئەندام پەرلەمانی ئێوە لەناو کۆمیسیۆنی گۆڕینی دەستووردان. ئەوانە چۆن خەباتێک بەڕێوەدەبەن؟ بەتایبەت بۆ جێگیرکردنی ناسنامەی کورد و مافەکانی کورد لە دەستووری نوێدا؟**

– لەو هەوڵانەی تا ئێستا دراون، هەر مادەیەک لەلایەن هەڤاڵانی ئێمەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێشنیازکرابێت، قبووڵیان نەکردووە. موناقەشەکانی پەیوەست بە بەشی پێشەکی تەواوبووە. دەزانن کە پایەی سەرەکیی دەستوور، پێشەکییەکەیەتی. چونکە لەپێشەکیدا دەڵێت: «ئەوەی لە تورکیا دەژی، هەمووی تورکە و نەتەوەی تورک زۆر گەورە و پیرۆزە و تەنها زمانی تورکی هەیە». کەواتە عەقڵیەتی تاقانەیی ئەو دەوڵەتە لە هەر دێڕێکی پێشەکیدا بەدیدەکرێت. ئەوەی من بیزانم موناقەشەی ئەمەیان هەڵگرتووە بۆ کۆتایی. ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس یەکلاییکراوەتەوە. لەم چوار چێوەیەدا، سەبارەت بەماف و ئازادییەکانی تاکی کورد، هەرچی پێشنیازمانکردبوو، بە هەرسێ حزبە سەرەکییەکە (ئاکەپە، جەهەپە، مەهەپە) لە دژی وەستانەوە. ئەوان دەیانەوێت تەنها بەشێوەیەکی سەرانسەر بنووسرێت:«هەمووکەس وەک یەک ئازادە» و ئاوا بەسەریدا تێپەڕن، بەڵام لەڕاستیدا لە تورکیا کێشەی ناسنامە هەیە، کێشەی بیروباوەڕ و ئازادیی هەیە. با بڵێین هەموو کەس ئایین و مەزهەب و ریشە و رەچەڵەکی هەرچییەک بێت، هەر یەکسانن. کەچی ئەوان ئەو مەسەلەی جیاوازیی نەتەوەییەیان قبووڵ نەکرد. واتە بەئاشکرا، لەمادەی یەکسانیدا دەڵێن: «ئێمە لەنێوان ناسنامە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکاندا فەرق و جیاوازی دەکەین».

دیسان سەبارەت بە زمانی زکماکی، چەندین پێشنیازمانکرد، لە دژی هەمووی وەستانەوە. بۆ نموونە، لەبارەی مافی منداڵانەوە، وتمان هەر منداڵێک خاوەن مافی فێربوونی زمان و کەلتووری خۆیەتی. واتە نەک تەنها بڵێین کورد، وتوومانە هەر منداڵێک. لەکاتێکدا ئەمە یەکێک لە مادەکانی مافی منداڵانە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. یاسای نێودەوڵەتیش ئەمە قبوڵدەکات، بەڵام ئەمانە ئەوەشیان قبوڵ نەکرد. هەروەها لەبارەی ئازادیی رادەربڕینەوە وتمان هەرکەسە و رای خۆی بەزمانی خۆی دەربڕێت. ئەمەشیان قبوڵ نەکرد. لە مادەی لێپێچینەوەی دادوەریدا هەر بەم شێوەیە، داوامانکرد کەسێک کە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، مافی خۆیەتی بە هەر زمانێک بتوانێ بەرگریی لەخۆی بکات. ئەمەشیان هەر رەتکردەوە. لە پەروەردەی زمانی زکماکیدا هەرسێ حزب دژایەتیی پێشنیازەکانی ئێمەیان کرد. تەنها جیاوازییەک لای ئاکەپە هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەروەک ئەوانیدی شتەکەی ئێمەی رەتکردەوە، بەڵام وتی حەزدەکەن با ئەو یاسایەی کە ئێستا هەیە نەیهێڵین. ئەو یاسایە شتێک نییە مایەی قبوڵکردن بێت. خۆ لە تورکیا هەمووی یەک زمانی نییە، کوردی هەیە، زازایی هەیە، لاز و چەرکەز هەیە. بەهەرحاڵ ئاکەپەش ناڵێت با بەزمانی زکماکی پەروەردە هەبێت. تەنانەت سەبارەت بە مەسەلەی هاوڵاتیبوونیش رێک نەکەوتین. ئێمە لەو بارەیەوە بەدوای رێگەیەکدا گەڕاین تاکو رێکبکەوین، بەڵام مادام

لە دەستووردا باسێک لە ناسنامەی کوردی ناکرێت، هەر هیچ نەبێت با تورکبوونەکەش نەنووسن، واتە وتمان با بنووسرێت کە هەموو هاوڵاتییەک مافی هاوڵاتیبوونی یەکسانی هەیە. ئەمەشیان ڕەتکردەوە. بەتایبەت جەهەپە و مەهەپە سووربوون لەسەر نووسینی هاوڵاتی تورک. ئاکەپەش لەم بارەیەوە هەڵوێستێکی ڕوونی نییە. هەندێک نەرمی نواندن هەیە، بەڵام ئەوەش قبووڵناکەن کە هاوڵاتیبوونی کورد یان نەتەوەیەکی تر ئاماژەی پێ بدرێت. بۆیەش ئێمە سەرباری هەموو شت، هەر لەو کۆمیسیۆنەدا دەمێنینەوە، بەرگریی لە مافەکانی گەلەکەمان دەکەین، بەڵام ئەگەر سەیری هەلومەرجی ئێستاش بکەین، ڕەوشێکی دڵخۆشکەر لەئارادانییە. لەم ماوەیەدا قسە لەسەر مۆدیلی بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت. بۆ نموونە، پەرلەمانی هەرێمەکان هەبێت، هەرێمی تایبەت دابمەزرێت، دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمییەکان، ئەمانە خواستی ئێمەن. سیاسەتی ئێستایان وا دیارە کە دژایەتی هەموو ئەمانەش دەکەن.

*** ماوەیەک بوو ئێوە لە** BDP **کارتان لەسەر دۆسێی ئولودەرە دەکرد، کە بیگەیەننە پەرلەمانی ئەورووپا. چالاکییەکانتان لەم بوارەدا بەکوێ گەیشت؟**

- سەبارەت بە ڕووداوی ئولودەرە و دەرکەوتنی ڕاستییەکان، سەردانی زۆر شوێنمان کرد. دۆسێیەکمان پێشکەش بە کۆمیسارییای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ئەوان دۆسێکەیان قبوڵکرد و خەریکی وردبینین لەسەری. هەروەها سەردانی دادگاکانی سزای نێودەوڵەتیمان کردووە، ئەوانیش دۆسێکەیان وەرگرتووە و هێشتا هیچ وەڵامێکیان نەبووە. بۆ پەرلەمانی ئەورووپاش بەهەمان شێوەیە. خەباتەکانمان لەم چوارچێوەیەدا درێژەی هەیە، بەڵام حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستانیش لەم بارەیەوە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، چونکە لەڕاستیدا بۆردومانەکە بەشێکی لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا ڕوویداوە. ئەمە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە. بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر لای خۆیەوە دۆسێ ئامادەبکاتو بەرزیبکاتەوە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەیە ئەنجامی باشتری لێ بکەوێتەوە. هێشتا وەڵامێکی ئەرێنیمان دەست نەکەوتووە، بەڵام هەر خودی ڕەتنەکردنەوەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە شتێکی باشە.

*** حکومەتی ئاکەپە هەندێک جار دەڵێت:«ئۆجەلان بێتە موخاتەب بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد»، هەندێک جار دەڵێت: «بەدەپە» و هەندێک جاریش دەڵێت:«کوردەکانی لایەنگری ئاکەپە». بەڕای ئێوە کێ دەتوانێ بێتە موخاتەبی چارەسەر؟**

- بەر لە هەمووشت پێویستە ئیرادەی گەلی کورد لە باکووری کوردستان بە بنەما وەربگیرێت. ئەوە گرنگە کە بەم شێوەیە نزیکی مەسەلەکە ببینەوە. بەتایبەت ئەگەر حکومەت دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەربکات، پێویستە ئیرادەی گەلی کورد بکاتە موخاتەبی سەرەکیی خۆی. دیارە ئەم کێشەیە بەبێ موخاتەب چارەسەرناکرێت. حکومەت دەیەوێت لەلایەن خۆیەوە، لێرە و لەوێ هەندێ مافی ئاسایی و بچووک بدات و کوردیش دەنگ هەڵنەبڕن و پێی ڕازی بن، بەڵام گەلی کورد ئەمە قبووڵناکات. تۆ وەکو گەڵ ئێمە قبووڵ بکە و دان بەماف و داخوازییەکانماندا بنێ.

چوار ساڵ پێش ئێستا، کەمپینێکی ئیمزاکۆکردنەوە بۆ بەڕێز ئۆجەلان ڕێکخرا. وێڕای هەموو گوشارێکی حکومەت، ٣,٥ملیۆن ئیمزا کۆکرایەوە. بەدەیان و بەسەدان مرۆڤ لەسەر ئەمە دەستگیرکران. ئەو سێ ملیۆن و نیو کەسە وتیان ئیرادەی سیاسی و موخاتەبی سیاسی ئێمە ئۆجەلانە. ئەمە ڕەقەمێکی گەورەیە و گوزارشتکردنێکی ئاشکرایە لە ئیرادەی گەلێک. پێویستە حکومەت و سەرۆک وەزیر ڕێز لەم ئیرادەیە بگرن.

دیسان سەرەڕای هەموو گرتن و گوشارێک، بەردەوام کۆبوونەوەی جەماوەریی گەورە و میتینگی گەورە سازدەکرێت. لەو میتینگانەدا چەندین ملیۆن مرۆڤ لە دروشمەکانیاندا ناوی بەڕێز ئۆجەلان دێنن. ئەمەش دەربڕینێکی ئیرادەیە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. لەم ساڵەی دواییدا کەمپینێکی نوێ دەستپێکردووە بۆ ئازادیی بەڕێز ئۆجەلان. ئەم خەباتەش وێڕای هەموو ئاستەنگێک لەلایەن گەلەوە درێژەی هەیە. گەلی کورد بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵدەدات دەوڵەت لەوە تێبگەیەنێت کە ئازادیی بەڕێز ئۆجەلان-یان دەوێت و وەکو سەرۆکێک قبووڵیانە. خۆی لەم مانگرتنانەی دواییشدا ئەوە دەرکەوت، کە بەڕێز ئۆجەلان لای گەلی کورد وەکو ڕابەرێک ناسراوە و بۆیەش دەبێتە لایەنێکی کاریگەریی دانوستان لەم مەسەلەیەدا. ئیتر بەڕای من ئەمە هیچ موناقەشەیەک هەڵناگرێت و ئیرادەی گەلی کورد بەڕوونی دەرکەوتووە. خۆی دەوڵەتیش لەبەرئەوەی بەم ڕاستییەی زانیوە، جاروبار خۆی بەناچار دەبینێت کە خەڵک بنێرێت و لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلاندا دانوستان بکات. بێگومان پێویستە سەرلەنوێ دانوستانەکان دەستپێبکاتەوە و بەڕێز ئۆجەلان لەم هەلومەرجە دەربهێنرێت و ڕێگەی پێ بدرێت ڕۆڵی خۆی بۆ چارەسەری پرسی کورد بگێڕێت.

هەڵبەتە کورد ئەکتەری سیاسیی زۆرە، ئەمانەش هەر یەکە و ڕۆڵی خۆی هەیە. بۆ نموونە، BDP حزبێکی سیاسییە کە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات. ئێمەش حزبێکین نزیکەی ٣ملیۆن دەنگمان بەدەستهێناوەو وێڕای هەموو ئاستەنگێک نوێنەرایەتیی ئیرادەی گەلی کورد دەکەین. بێگومان کێشەی کورد لەسایەی یاساوە چارەسەردەکرێت، چونکە ئەم دەستوور و یاسایانەی کە هەیە بوونەتە بەڵا بەسەر کوردەوە. تاکو ئەمانە نەگۆڕدرێن، کورد ناگات بەئازادی. شوێنی ئەمەش پەرلەمانە. پەرلەمانیش دەبێ یاساکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەستوور بگۆڕێت. بەدەپە ڕاستەوخۆ موخاتەبی چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراسییانەی پرسی گەلی کوردە. لە ساڵی ٢٠٠٧یشەوە لەناو پەرلەماندا خەریکی ئەمەین. بەردەوام پرۆژەیاسا پێشکەشدەکەین، بەشداریی دەکەین لە موناقەشەکانی پەیوەست بەدەستوورەوە، ڕاوبۆچوونی خۆمان دەردەبڕین، پێشنیازی هاویشتنی هەنگاوی ئەرێنی بەئاراستەی دیموکراسیدا دەکەین بۆ حکومەت.

کێشەی کورد سێ میحوەری سەرەکیی هەیە. یەکێکیان پەیوەندیی بەماف و ئازادییەکانەوە هەیە. پێویستە هەموو قەدەغەکانی سەر زمان و ناسنامە و کەلتووری گەلی کورد هەڵبگیرێن. هەروەها پێویستە کوردەکان بگەن بەمافی خۆبەڕێوەبردن و ئیدارەی سەربەخۆی خۆیان. ئەمە یەکەم ڕەهەندێتی، کە بەدەپە دەتوانێت ڕاستەوخۆ ببێتە موخاتەبی. دووەم ڕەهەندیشی، بەهۆی عەقڵیەتی حاشاکردن و لەناوبردنی دەوڵەتەوە، گەلی کورد بۆ ماوەی سەدەیەک

بەردەوام لە دۆخی شەڕ و پێکدادانەدا بووە، بەردەوام سیاسەتی قڕکردن و سەرکوتکردن لە ڕێگەی هێزەوە هەبووە، وا نزیکەی ٣٠ساڵە بێ پسانەوە شەڕ هەیە، هەروەها پێویستە سیاسەتێکی ئاشتیانەش هەبێت. لە سیاسەتی ئاشتییانەشدا بەڕێز ئۆجەلان و خودی PKK ڕاستەوخۆ دەبن بە موخاتەب. قەندیل و ئیمرالی لەم پرۆژەی ئاشتییەدا تاکە موخاتەبن. چونکە ٣٠ساڵە ئەو چەکە بەدەست ئەوانەوەیە. بەبێ رازیکردنی ئەوان، پرۆژەی ئاشتی لە تورکیا هیچ چانسێکی نابێت. ڕەهەندی سێهەمیش، ڕەهەندی عەدالەتە. کوردەکان ناهەقیی گەورەیان لێ کراوە، کۆمەڵکوژکراون، خەڵکی بێسەروشوێنکراو هەن، پیلانگێڕیی زۆر لە بەرامبەر کورد کراوە، ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئەمانەش پێویستە بەعەدالەت جێبەجێبکرێت و برینەکان سارێژبکرێن. بۆنموونە، بکوژەکانی ڕۆبۆسکی دەبێ ئاشکرابکرێن. ساڵانێکی دووردرێژ دەوڵەت لەسەر ئەم خاکە بەرامبەر بە کورد تاوانی ئەنجامداوە. دەبێ ئەمانە باسبکرێن. لە هەموو شار و هەرێمێکی ئەم کوردستانە، گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە. دانەدانە شوێنیان ئاشکرایە و حاشای لێ ناکرێت. دەکرێت ئەمانە هەڵبدرێنەوەو تاقیکردنەوەی (DNA)یان لەسەر بکرێت، بکەرەکانیان ئاشکرابکرێن و ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەریان بدرێت. واتە پێویستمان بە کۆمیسیۆنێکی حەق و عەدالەت هەیە. کەوابوو ئەگەر مەیلی چارەسەری هەبێت، یەکەم کۆمیسیۆنێکی حەق و عەدالەت، دووەم پرۆگرامێکی دیموکراتیزەکردن، سێهەم ئاشتی. ئەم سێ کارە دەبێ بەهاوبەشی و لەیەک کاتدا کاری بۆ بکرێت. بێگومان BDPش لایەنێکی ئەم پرۆگرامەیە و ئەوەی پێشی بکرێت بەزیادەوە ئامادەیە ئەنجامیبدات.

## پرۆفایلی تێکۆشەرێک لە کایەی ڕۆژنامەوانییەوە هاتووە

هاوسەرۆکی (BDP) خانم گوڵتان ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەی ئەلعەزیزی کوردستانی باکوور لەدایکبووە. خوێندنی زانکۆیی لە بواری ڕۆژنامەوانی لە کۆلێژی کۆمەنیکەیشن و پەیوەندییە گشتییەکاندا تەواوکردووە. سەرەتا وەکو ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی ئۆزگیرگوندەم کاریکردووە، کە دەرچوونەکەی هاوشانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە لەسەرەتای نەوەدەکاندا.

مێردی کردییە و داکی منداڵێکە. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧ بۆتە نوێنەری دیاربەکر لە پەرلەمانی تورکیا و ئێستاش هەروا نوێنەرە.

لە بواری حزبیدا هاوسەرۆکی (BDP)یەو لەم کۆنگرەیەی دواییشدا جارێکی تر لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش هەڵبژێردرایەوە.

## سری ساکیك:

# تورکەکان هەموو شتێکیان بەرامبەر کورد تاقیکردەوە تەنها دانوستاندن ماوە

ئەمجارەشیان چوومەوە مەجلسی گەورەی تورکیا (پەرلەمان)، کە سەکۆی ناساندنی کەمال ئەتاتۆرک بوو وەک رابەری تورکیای نوێ، تورکیای کۆماری، چوومەوە ئەو شوێنەی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پەرلەمانتارێکی تورک هەستابوو و گوتبووی لەم شوێنە دوو نەتەوە بۆیان هەیە قسە بکەن: کورد و تورک*. ئەوە ماوەیەکی رۆمانسیی بوو. دواتر کوردەکەی هەڵگیراو گوترا (چەند دڵخۆشە ئەوەی دڵێ من تورکم)

ئێستا من دەچم بۆ لای پەرلەمانتارێک، کە پێی ناخۆشە بڵێت (من تورکم).. بەهەمان رێرەوی میواندا دەڕۆم. جاری پێشوو چوومە لای پەرلەمانتارێکی (جەهەپە)، کە عەرابی دامەزراندنی تورکیای کەمالییە دوای ئەوەی ناوی کوردیان لە (مەجلسی گەورەی تورکیا) سڕییەوە. ئەمجارەیان دەچمە لای قوربانییەکی سڕینەوە: پەرلەمانتار سڕی ساکیک کە ئەندامی پەرلەمانە لەسەر لیستی بەدەپەو ئێستا داوادەکات وڵاتەکە بگەڕێتەوە سەر ئەو دۆخەی هێشتا تورکیای لاوێتی مستەفا کەمال لە بەڵێنەکانی بۆ کورد پەشیمان نەبۆوە. کە دیتم وای وت (ئەو رۆژەی کە کۆمار دامەزرا لە ساڵی ١٩٢١، جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی هەبوو. مستەفا کەمال ئەو کات سەرۆکی پەرلەمان بوو، بانگی پەرلەمانتارە کوردەکان دەکات، دەڵێت: پەرلەمانتارەکانی کوردستان).

سڕی ساکیک ئەزموونێکی دوو قۆناغی هەیە لە کاری پەرلەمانیدا. لەسەرەتای نەودەکاندا کە تازە کورد لەوێ دەستی بۆ دیموکراسیی پەرلەمانی دەبرد. دووەمیان ئەوی ئێستایەتی دەرەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١یە.

ساکیک کوڕی بنەماڵەی بزووتنەوەی سیاسییە لە کوردستان و تورکیا. براکەی شەمدین ساکیکە، کە لە سەرکردایەتی هەرە نزیکی ئۆجەلان بوو. پاشان وازی لە پارتی کرێکارانی کوردستان هێنا و هێزەکانی کۆماندۆی تورکیا لە باشووری کوردستان دەستگیریانکرد و ئێستا ماوەی حوکمدانی لە زیندان بەسەردەبات.

ساکیک ساڵی (١٩٥٧) لە شاری موش- لە باکوور- لەدایکبووە، پێشتر لە بواری ئیدارەی گەشتوگوزاردا کاریکردووە، پاشان وەک رۆژنامەوان لە میدیاکانی تورکیا، لە هەردوو رۆژنامەی جەمهوریەت و (ڤەتەن) کاریکردووە.

ژنی هێناوە و لە سێ منداڵ دووانی ماون. یەکێکیان لە ڕووداوێکی ناخۆشدا فەوتیکرد. کە سەرۆک وەزیر بە تەلەفۆن سەرەخۆشیکرد پێیوت چی دەخوازیت کە من بۆتی بکەم؟

وتی: جەرگ شەوتاندن ناخۆشە، لێ تو دکاریت جەرگ شەوتاندن نەهێڵی. ئاگری ئەم شەڕە بکوژێنەوە، کە کوڕی خەڵکی تێدا دەکوژرێ و دڵی دایکانی تێدا دەسووتێ.

لەسەرەتای نەوەدەکاندا لە دامەزرێنەرانی دەپ و دەتەپە بووە، ئێستا کە ئێمە دیداری لەگەڵ دەکەین (ڤەکیل میللەتی) شاری مووشە لەسەر لیستی بەدەپە، کە چووینە لای چەند میوانێکی کرمانجی لابوو. یەکێکیان سەرۆکی شارەوانی (مەلازکرد) بوو، وتم: ئێ شەڕە بەناوبانگەکەی کوردو تورک دژی بێزەنتییەکان لە سنووری شارەوای تۆدا قەوماوە (شەڕی مەلازکرد لە ساڵی ١٠٧١ لە دەورانی سەلجوقییەکاندا بووە).

ساکیک بەگاڵتەوە وتی: ئەرێ وەڵڵا! هونماڵی ئێمەتان خراپکرد! منیش پێموت: چۆنە وا سەرۆک شارەوانیت و دەستگیرنەکراویت؟ لەگەڵ وان هەندێک قسەمانکرد. هەواڵی باشووریان دەپرسی. تا ساکیک وتی: مام جەلال چەوەنە؟ ئەز پر حەز دکم لە مام جەلال، سڵاوی لێ بکەن؟

دیدارمان دەستپێکرد، وتی کرمانجی من نە باشە، ئەگەر فامت نەکرد قسووری من قبوڵ بکە، گوتم: با بجربێنین و دەستمانپێکرد.

*** خەباتی پەرلەمانی ئێوە لەپێناوی ئاشتی و دیموکراسیدا هیچ کاریگەرییەکی هەیە لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا؟**

– ئێمە لە ساڵی ١٩٩١وە تاکو ئەمڕۆ لە پەرلەمانی تورکیادا بۆ ئازادی گەلی کورد تێدەکۆشین، بەڵام ئێمە کە لە ساڵی ١٩٩١وە دەستمانپێکرد، ساڵی ١٩٩٤ لە پەرلەمان دەریانکردین. حزبەکەی ئێمەیان داخست، هەندێک هەڤاڵمان چوونە دەرەوەی وڵات، هەندێکیشمان گیراین و چەند ساڵێک لە زیندانماینەوە. ژمارەیەکمان ماوەی زیندانییەکەی کەمبوو، ژمارەیەکیش زۆر مانەوە. واتە تاکو ساڵی ٢٠٠٧ ڕێگەی پەرلەمان بەڕووی کوردەکاندا (ئەوانەی بەناوی گەلی کوردەوە سیاسەتیان دەکرد)، داخرا. ساڵی ٢٠٠٧ هەندێک پەرلەمانتاری کوردی سەربەخۆ سەریانهەڵدایەوە. ئێمە لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا لەناو پەرلەمانداین.

ئێستاش دەبیستن کەوا ئەردۆگان دەڵێت دەبێت حەسانەمان لەسەر هەڵبگیرێت. واتە دەیانەوێت وەکو ساڵی ١٩٩٤ چۆن دەستیانکرد بەگرتن و داخستن، دیسان بەهەمان شێوە کوردەکان بخەنە پەراوێزەوە. بۆیەش ئێمە لەناو پەرلەماندا زۆر ملکەچی زوڵم و زۆر نابین، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هێشتاش دەیەوێت بە زۆرداری کوردەکان بوەستێنێت، ئەمەش مەحاڵە. بۆ نموونە، ئەوکاتەی لە کوردستانی عیراقیش کوردەکان جۆرە سەربەخۆییەکیان وەرگرت، تورکەکان لێرە قیامەتیان بەرپاکرد، دەیانووت ئەمە هێڵی سوورە و شتی وا قبوڵ ناکەین، بەڵام کورد گوێیان نەدا بەهیچ هێڵێکی سوور و سەریان بەرزکردەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ لەنێوان کوردەکانی عیراق و دەوڵەتی تورکیادا دیالۆگێکی زۆرباش هەیە. ئێمەش دەڵێین باشترین ڕێگە دیالۆگ و دانوستانە. پێویستە لە کوردستانی سوریاش ئەم دیالۆگو دانوستانە دروستبێت، بەڵام ئێستا لە سوریا دەبینین کە مەسەلەی کوردەکان دێتەپێش، ئەوان هێڵی سوور دەکێشن. لە تورکیاش هەروا، دەڵێن کوردەکان دەتوانن بەهەندێ

شتەوە سەرقاڵبن، بەڵام دەڵێن پەروەردە بە زمانی دایک قەدەغەیە. ئێمەش دەڵێین چوار پێنج ملیۆن کورد لە عیراق هەن، بەشێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان بەڕێوەدەبەن، لە سوریا کوردەکان مومارەسەی خۆسەری دیموکراتی دەکەن، ئەی چۆن دەبێت کوردەکانی تورکیا هێشتاش لەم دۆخەدا بن، ئەمە مەحاڵە. بۆیەش لەڕاستیدا ئەمڕۆ هەم مێژوو، هەم رەوتی ژیان رێگەیەک دەخەنە بەردەم دەوڵەتی تورکیا، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لەگەڵ کوردەکانی باکوور ئاشتبنەوە و ماف و داخوازییەکانیان بهێننەجێ، لەگەڵ کوردەکانی عیراق، سوریا و ئێران دۆستایەتی دروستبکەن، دەتوانن ببن بەدەوڵەتێکی زۆر بەهێز لە ناوچەکەدا، بەڵام بەمەرجێک هاوپەیمانەکەیان کورد بێت. دیارە لەلایەک دەیانەوێت ئەم شتە بکەن، بەڵام لە پەرلەماندا هێشتاش دەبینیت هەر کات مەسەلەی کوردەکان دێتەگۆڕێ، حزبە ناکۆکەکانیش (مەهەپە، جەهەپە، ئاکەپە) هەڵوێستیان یەکدەخەن و دژایەتیدەکەن. بۆ نموونە، ئاکەپە باسی هەڵگرتنی حەسانە دەکات، دەوڵەت بەخچەلی دەستبەجێ پشتگیری ئەو هەڵوێستە دەکات. واتە کام حزب دژی دەسەڵات بێت، لە مەسەلەی کورددا خێرا هاوهەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە دەردەبڕێت. ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتانە، بۆ بەدیهێنانی مافی کوردەکان ئەوەی پێویست بێت باسی دەکەین و باجەکەشی هەرچییەک بێت لەسەر سەر و لەسەر چاومان.

*** کاتی مانگرتنی زیندانییەکان، ئەردۆگان وتی دوو رێگەتان لەپێشە، یان رێگەی شاخ بگرنەبەر، یان پەرلەمان، ئێستاش تۆ دەڵێیت دەیەوێت رێگەی پەرلەمانتان لێ بگرێت. ئەمە چۆن دەبێت؟**

– جاری وا هەیە ئەو قسەیەی خۆیشی دەیکات، دەتوانێ نکوڵی لێ بکا. ئێستاکە دە هەزار مرۆڤی ئێمە، کە لە بواری سیاسەتدا خەباتیانکردووە، لەناو زیندانەکاندان. ئەوانە ئەندام شارەوانی و پەرلەمانتار و سەرۆکی حزب و رێکخراویان لەناودایە. ئەگەر کەسێک دەڵێت رێگەی سیاسەت کراوەیە، ئەی ئەم دە هەزار مرۆڤە سیاسییە بۆچی لەناو زیندانن؟ یەک کەسیان تەنانەت چەقۆیەکیشی پێ نەگیراوەو وەکو ئێمە سیاسەتمەدارن.

لەڕاستیدا ئەوانە دەیانەوێت کوردەکان هەر روو لە شاخ بکەن و بکوژرێن. لەناو تورکەکاندا بیرکردنەوەیەکی وا هەیە، دەڵێت: (باشترین کورد، کوردی مردووە). ئەگەر بیانەوێت رێگەی سیاسەت بکەنەوە، دەبێت یاسای حزبە سیاسییەکان و یاسای هەڵبژاردن بگۆڕدرێت. تێپەڕاندنی ئاستی (١٠٪) لە دنیادا نییە، تەنیا بۆ کوردەکانیان داناوە. ئەمە کێ دایناوە؟ کەنعان ئێڤرین (ئیڤرن جەنەراڵی کودەتاکاری ساڵی ١٩٨٠) داینا. ئەمانە دەڵێن ئێمە دەیگۆڕین، بەڵام نایگۆڕن، چونکە نایانەوێت کورد لەناو پەرلەمان و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ببێتە هێزێکی گەورە، بەمە زۆر تێکدەچن. ئەو رۆژەی کورد دەکەوێتە قسەکردن، بەسێ حزبی ناکۆک لە دژی کورد یەکدەگرن. لەڕاستیدا دەسەڵاتی تورکیا لەسەر مەسەلەی کوردەکان دەبێتە دەسەڵات. ناخوازرێت مەسەلەی کورد چارەسەرببێت، چونکە رانتێکی زۆر گەورەی سیاسی و ئابووری لەئارادایە. سیاسەتمەدارەکانی تورکیا لەسەر ئەم رانتە سیاسەتدەکەن. من لەو باوەڕەدام لەمڕۆ بەدواوە، ناتوانن وەک رابردوو درێژە بەم سیاسەتە بدەن. ئەمڕۆ کوردیش بەئاگاهاتوونەتەوەو داوای مافەکانی خۆیان دەکەن. کورد دەڵێن

پێکەوەژیان بکەین، بەڵام ئەو ژیانە یەکسانە لە دەستووردا پێناسەکرابێت. تاکو ئێستاش زمانی ئێمە قەدەغەیە. منداڵەکانمان کە دەچنە مەکتەب سەرەتا بە سوێندخواردنی تورکەکان دەست بە پرۆسەی خوێندن دەکەن. ئێمە دەڵێین ئەم شتانە راست نین و لەمڕۆش بەدواوە هیچ کوردێک ئەمە قبوڵناکات. دەیانەوێت بەزۆر و بەکوشتن، بەگرتن و بە لەسێدارەدان کوردەکان پەروەردەبکەن. بەڕێز ئۆجەلان لە زیندانە، ئەوان دەڵێن تیرۆریستەو گەلی کوردیش دەڵێت سەرۆک و پێشەوای ئێمەیە. ئەوان دەڵێن لەسێدارەی دەدەین. هەر لە رۆژی دامەزرانی کۆمارەوە هەموو باوباپیرانی ئێمەیان خنکاند و قڕیانکردن، بەڵام تاکو رۆژی ئەمڕۆ هیچ کوردێک ملکەچ نەبوو. ئینجا لەم ساتە بەدواوە هەر مەحاڵە کورد ملکەچبن. بۆیەش تورکەکان تاکو ئەمڕۆ لە دژی کورد تەنها لە جووڵەدابوون، جووڵەکەیان چی بووە؟ کوشتن بووە، زمانیان قەدەغەکردووە، گوندەکانیان سووتاندوون، ناوی گوند و شارە کوردییەکانیان گۆڕیووە، بەڵام ئەم جووڵەیە هیچ سوودێکی نەبووە. تەنها یەک شتیان تاقی نەکردۆتەوە، ئەویش دانوستانە. ئەمڕۆ رۆژ رۆژی دانوستانە. ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا ئەو مەسەلانە بەدانوستان چارەسەردەکرێن. ئینجا ئەم دانوستانە لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان دەبێت، لەگەڵ بەدەپە دەبێت، لەگەڵ پەکەکە دەبێت، پێویستە تورکیا لەمڕۆوە لەگەڵ کوردەکان دانوستانبکات. ئێمە دەتوانین لەسەر ناوی کوردەکان لە پەرلەماندا پێشنیاربکەین و پرۆژەیاسا پێشکەشبکەین، بەڵام ئەو رۆژەی لە پەرلەمان یەکتر دەبینینەوە، هەرسێ حزبەکە لە دژی پێشنیارەکانمان دەوەستنەوە.

*** لە کۆمیتەی هەموارکردنەوەی دەستووردا نوێنەرتان هەیە، خەباتی ئێوە لەم کۆمیتەیەدا بەکوێ گەیشت؟**

– ئێستا چوار حزبین، هەر حزبە و سێ نوێنەری لەم کۆمیتەیەدا هەیە، بەڵام لەم کۆمیتەیەشدا کە مەسەلەی کورد دێتە زمان، دیسان هەرسێ حزبەکەی تر لە دژی داواکارییەکانی کورد دەوەستنەوە. ئەوان دەبنە زۆرینە و ئێمە دەبینەوە کەمینە. بۆ نموونە، ئێستا لە دەستووری ئەواندا هەموو شت بە زمانی تورکییە و هەموو کەس تورکە. واتە بەگوێرەی دەستوور کورد، رۆمی، ئێزدی، ئەرمەن و سریانی لەو وڵاتەدا نین. لەسەر ئەم خاکە بەدەیان رەنگی جیاو بیروباوەڕی جیا هەن، کەچی لە دەستووردا ناویان نییە. ئەوان دەڵێن هەندێک مادە لە دەستووردا هەن، کە نابێت بگۆڕدرێن. لەڕاستیدا کێشەکانی ئێمەش لەو مادانەدایە، ئەگەر نەگۆڕدرێن کێشەکان چارەسەرنابن. بەهۆی نەگۆڕبوونی ئەم یاسایانەیە کە ئێمە دەکوژرێین و بەمافەکانمان ناگەین. ئەو حزبانە دەڵێن دەست بۆ ئەم شتانە مەبەن، ئەگەر دەست بۆ ئەمانە نەبەین، پێویستە جارێکی دی شەڕبکەین. ئەوا ٩٠ساڵە بەشەڕ هێناومانە تا ئێرە. ئەو رۆژەی کە کۆمار دامەزرا– ساڵی ١٩٢١– جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی هەبوو. مستەفا کەمال، کە ئەوکات سەرۆکی پەرلەمان بوو، بە پەرلەمانتارە کوردەکانی دەوت: (پەرلەمانتارەکانی کوردستان). ئێستا کە ساڵی ٢٠١٢یە ئێمە تازە بە تازە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین بزانین دەتوانین دەستوورەکەمان بگەیەنینە ئاستی ئەو دەستوورەی ساڵی ١٩٢١ هەبووە. ئەگەر ئەو حزبانە رازیبن بەوەی دەستوور وەک

دەستووری ئەو کاتی لێ بێت، ئەوا کێشەکانی ئێمەی کورد چارەسەردەبن. چونکە ئەگەر لەناو گەلاندا ڕێککەوتن بکرێت، لەناو دەستووردا دەکرێت. ئێمە هیوادارین ئەو هەڤاڵانەمان لەناو کۆمیتەی هەموارکردنەوەی دەستووردان دەستیانکراوەبێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی، چونکە ئەگەر مرۆڤ دەستی بەسترابێتەوە هیچی بۆ ناکرێت. ئەمڕۆ لەناو پەرلەمان هەمووان مشتیان گرێکردووە لە دژی کورد و بانگەوازی ئاشتیش دەکەن، ئەو مشتە بۆ شەڕە نەک ئاشتی.

*** بەڕای تۆ دەوڵەتی تورکیا دەبێت کێ بکاتە موخاتەبی پرسی کورد؟**

– لەڕاستیدا موخاتەب خودی گەل دەستنیشانی دەکات، ٣/٥ ملیۆن کەس چوون ئیمزایانکرد، وتیان عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئیرادەی ئێمەیە. زۆربەی ئەو کەسانەش سزادران. ئەمڕۆ هەموو دنیا دەزانێت کاریگەری بەڕێز ئۆجەلان لەسەر کوردەکان و لەسەر چەکدارەکانی شاخ چەندەیە. جگە لەمەش، ئێمە سیاسەتمەدارین، حزبمان هەیە، دەوڵەت دەتوانێت ئەوەی کە پەیوەندیی بە مافی کوردەکانەوە هەیە لەگەڵ ئێمەدا باسیبکات، بەڵام لە مەسەلەی چەکدا دەتوانێت لەگەڵ قەندیل دانوستان بکات. بەکورتی، کوردەکان لەمێژە موخاتەبی خۆیان دەستنیشانکردووە. میللەتێک بتوانێت لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا ٣٦ پەرلەمانتاری سەربەخۆ بنێرێتە پەرلەمان، ١٠٠ سەرۆک شارەوانی هەڵبژێرێت، ئەمە هێزێکی زۆر گەورەیە. ئێستا هەم دەوڵەت و هەم خەڵکی تورکیاش دەزانن، کە نوێنەرو موخاتەبی کوردەکان روون و ئاشکران، بەڵام کە دەوڵەت هیچ پڕۆژەیەکی پێ نەبێت، لەبیانوو دەگەڕێت.

*** بەڵام دەوڵەت رایگەیاند کەوا لەگەڵ ئۆجەلان دانوستان دەکەین؟**

– بەڵێ راستە، کاتێک دەکەونە تەنگاسی، باس لەو شتانە دەکەن. کاتێکیش پێویستیان پێی نەبوو، دەڵێن دانوستان ناکەین. دەوڵەتیش کاتێک دەنگی چەک بەرزبێتەوە، دەڵێن پرسی کورد هەیە و خۆیانی پێوە سەرقاڵدەکەن، بەڵام کاتێک دەنگی چەک وەستا، دەڵێن کورد هیچ کێشەیەکی نییە، خەبات و تێکۆشان وەستا، دەڵێن کورد کێشەی نییە. بۆ نموونە، ئەو مەسەلەی مانگرتنانە هەبوو، هەزاران مرۆڤ لە زیندانەکاندا کەوتبوون، کوردەکان یەک هەڵوێست بوون و پاڵپشتییەکی گەورەیان لەو مانگرتنانە کرد، بەڵام بە یەک خیتابی ئۆجەلان مەسەلەکە کۆتاییهات. ئەوانیش بینیان کە چەندە کاریگەر و کاربەدەستە. ئەگەر من لە ڕۆژی رووناکدا چاوی خۆم بگرم و بڵێم شەوە، ئەوا تەنیا خۆم دەخەڵەتێنم، ناتوانم ئێوە بخەڵەتێنم، ئێوە چاوتان کراوەیەو دەبینن کەوا رۆژە. دەوڵەتی تورکیا رێک ئەو کارە دەکات، خۆی دەخەڵەتێنێت. ئەوا لە کوردستانی عیراق خوێندن هەر لە دەبیستانەوە بە کوردییە هەتاکو زانکۆ، لە کوردستانی سوریا ئەوا دەستیانکردووە بە خوێندنی زمانی کوردی، کەچی تازە لە تورکیا باس لە ئیختیارییبوونی وانەی کوردی دەکەن. خۆ من گەشتیار نیم، من میللەتێکم و زمانی خۆم هەیە. ئەمە سووکایەتیکردنە بە میللەتێک، ستەمە. دنیا رۆژ بەرۆژ بچووک دەبێتەوە، لەنێوان ئەرز و ئاسماندا ئیدی هیچ شتێک شاراوە نییە. شەوێکیان نمایشی شکسپیر بە زمانی کوردی پێشکەشکرا، وتم ئێستا چی بوو؟ خۆ دنیا کاول نەبوو. بۆچی ئەو زمانە قەدەغەدەکەن؟ تەنیا خۆتان دەخەڵەتێنن.

*** بەڕای تۆ ئەم بارودۆخە کە نە شەڕە و نە ئاشتی، بەکوێ دەگات؟**

– ئەمە سی ساڵە کوردەکان شەڕدەکەن. سوپای تورکیا لە دنیادا سێهەم سوپای بەهێزە، ئەم هێزە گەورەیە نەیتوانیوە کۆتایی بەگەریلا بهێنێت و پرسی کورد بەشەڕ یەکلاییبکاتەوە. گەریلاش نەیتوانیوە شکست بەم سوپایە بهێنێت، واتە سی ساڵە ئەم شەڕە بەرانبەر بەیەک دەکەن، بەڵام ئیتر گەلی تورک و گەلی کوردیش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی چیتر ئەو شەڕە نابێ درێژەی هەبێت. پێویستە ئاشتییەک دروستبێت. ئەو شەڕەی کە ئێستا لە عیراق و سوریا و لە دنیادا هەیە، ئەگەر تورکیاش ئاشتی لە وڵاتەکەیدا بەرقەرار‌نەبێت، مافی کوردەکان نەدات، ئەوا شەڕی هەمەلایەنە تورکیاش دەگرێتەوە. هەڵبەتە ئەمە ویست و داخوازی ئێمە نییە. ئێمە دەمانەوێت لەناو تورکیادا بەئاشتی و یەکسانی بژین، دەستوور هەمواربکەینەوە، بەڕای من ئێستا لەم قۆناغەداین. جاروبار دانوستان لەگەڵ ئیمراڵیدا دەکرێت، هیوادارین لەپێناوی ئاشتیو دیموکراسیدا ئەمە بەردەوامبێت.

هەروەها مانگرتنەکان شتێکی تریشیان ئاشکراکرد، ئەویش ئەوە بوو کە بەزۆر و بەگۆشەگیرکردن ئەم کێشەیە چارەسەرناکرێت. پێشتر دەیانووت ئۆجەلان هۆکاری ئەم شەڕ و پێکدادانەیە، بەڵام ئەوا ساڵێک و چەند مانگە گۆشەگیرکراوە، کەس هاموشۆی ناکات، دیسانیش نزیکەی ١٠٠٠ کەس کوژراون، بە گەریلا و پۆلیس و سەربازەوە. ئۆجەلان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گەلی کورد و بۆ دانوستانیش کاریزمایەکی ماقوڵ و بەجێیە. لەو باوەڕەدام لەمڕۆوە دەوڵەت و گەلی تورکیاش زیاتر لایەنی دانوستان بگرن. پێشتر کە باس لە ئۆجەلان دەکرا، کاردانەوەیەکی زۆر دروست دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ، بەتایبەت لەدوای مەسەلەی مانگرتنەکانەوە، زۆر کەس و لایەن دەڵێن کە ڕێگەی ڕاست دانوستان و دیالۆگە.

* ئەمە قسەی حسین عەونی بیگ نوێنەرە کوردەکەی ئەرزرۆمە لە پەرلەمان، کە لەبەردەم مستەفا کەمالدا گوتی. کەمال پێشوازیی لەو وتانەشی کرد.

## سەرچاوە:

اکراد ترکیا – د. ابراهیم الداقوقی. دەزگای ئاراس – چاپی دووەم – ٢٠٠٨ ل ١٢٣.

هەروەها دەربارەی بەڵێنەکانی مستەفا کەمال بۆ کورد پێش پەشیمانبوونەوەی، پتر لە سەرچاوەیەک وردەکاری دەگێڕنەوە.. لەوانەش:

– تأریخ ترکیا المعاصر – حمید بوزرسلان – ت: حسین عمر. بیروت – چاپی یەکەم – ساڵی٢٠٠٩ ل ٥٧+٥٨.

– الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة فی کوردستان ترکیا (١٩٢٧–١٩٣١) – نیریڤار نعمان باجلوری – دار سپیرێز – ٢٠٠٧ ل ٣٧

## دیدارێك لە مێژوویەکی دێرینەوە، فەرەیدون یازار:

# لە ئەوروپا دەڵێن دۆستی کوردین

سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ دیدارێکم لەگەڵ فەرەیدون یازار سیاسەتمەداری کوردستانی تورکیا سازکرد، کە سەردانی هەولێری پایتەختی کوردستانی کردبوو، ئەودەمە گەرمەی شەڕی ناوخۆی کوردستانی باشوور بوو، لەهەمان کاتدا لە کوردستانی باکووریش تووشی کۆستێکی دیموکراتی هاتبووین، پارتی کوردان، کە ئەو وەختە هەدەپ بوو، نەیتوانی هیچ کورسییەک لە پەرلەمانی ١٩٩٦دا بەدەستبهێنێ، تەجرەبەی پەرلەمانیمان لەوێ تووشی پاشەکشێ هاتبوو. لەهەمان کاتدا بردنەوەی حزبی رەفای ئیسلامیی یەکەم بزماری لە تابووتی حزبە عەلمانییە کەمالیستە شۆڤێنییەکان دابوو. کەمالیستەکانیش دۆڕاوی ئەو هەلومەرجە بوون، ئەمەش سەبوریبوو بۆ کورد.

لە بیرمە کاک چوستی محێدین، کە ئەو کاتە لە پەیوەندییەکانی یەکێتی لە هەولێر کاریدەکرد، کاتی دیدارەکەی بۆ سازدام و لە ژمارەی (١٣١٨ی رۆژی ٢٥/٦/١٩٩٦) لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاومکردەوە.

ئەم دیدارە هەر لەبەر ئەوە بڵاوناکەمەوە کە یادگارێکی خۆشە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە پرسیار و وەڵامەکان رەوتی خەباتی حزبی ئاشکرا و هەوڵی پەرلەمانیی و دیموکراتی ئەو کاتەی تەڤگەری کورد دەگێڕنەوە. ئەو کاتە هێشتا تانسوو چیللەر لە حزبی رێگای ڕاست لەسەر حوکم بوو، کە دواتر ناچاربوو جێ بۆ ئەربەکان چۆڵبکات. بۆیە رەخنەکانی کاک فەرەیدون رووی لەوە. هەڵبەت حزبی هەدەپ، کە یازار لەم دیدارەدا بەناوی ئەوانەوە قسەدەکات، داخرا بێ ئەوەی لە هیچ هەلومەرجێکدا بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنێت. چەندین حزبی تر جێی ئەویان گرتەوە. یانی وەکو یازار خۆی دەڵێت حزبەکانمان دادەخرێت و کورد فەلاقەدەکرێت..

بەداخەوە لەدوا سەفەری ئەنقەرەدا ویستم فەرەیدون یازار ببینمەوە، کە هەلێکی خۆش دەبوو دوای ١٧ ساڵ، بەڵام رێککەوت وا بوو ئەو لە پایتەخت نەبوو. بەم دواییە نووسەر حەسەن کایە کتێبێکی لەسەر ژیانی و خەباتی یازار دەرکردووەو لە تورکیا چاپبووە. ئەمەش دیدارەکەیە:

بەم دواییە بەڕێز فەرەیدون یازار سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستانی تورکیا بەسەردانێک گەیشتە هەرێمی کوردستان و چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکی سیاسیی لەگەڵ سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد. دەربارەی پەرەسەندنەکانی کێشەی کورد لە تورکیاو دۆخی «HADEP» کە ئەو ئەندامە تێیدا، «کوردستانی نوێ» ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەڕێزیدا سازکرد. سەرەتا گوتی:

لە ساڵی ١٩٨٩-دا (٧) پەرلەمانتاری کوردی سەر بەحزبی (CHP) پارتی گەلی کۆماری چوون بۆ پاریس تاکو بەشداریی لە کۆنگرەی پاریس-ی تایبەت بەکورد بکەن. (CHP) ئەو چوونەی قبووڵ نەکرد ژبەروی هەڤالێن مە دەرخستن. ئەز بەرپرسی (CHP) بووم لە ئورفە. بۆیە ئێمە لەو باژێرەدا کۆبوونەوەیەکمان کرد و بۆ هاریکاریی هەڤاڵەکانمان لەو حزبە ئیستیعفامانکرد.

کۆبوونەوەکەمان گەورەبوو، ئەو (٧) هەڤاڵەی دەرکران و هەندێکی دی لەگەڵ ئێمە بوون.

(HEP — پارتی رەنجی گەل)مان لە (٧)ی حوزەیرانی ١٩٩٠ پێکهێنا، ساڵی١٩٩١ لەیەک بەرەدا لەگەڵ حزبی (CHP)، کە ئێمە لێی جیابووینەوە، چووینە هەڵبژابردنەوە. ئەوەبوو (٢٣) کەس لە کوردستان دەرکەوتن و چوونە پەرلەمانەوە، دەوڵەت دەرکەوتنی ئەوانەی پێ ناخۆش بوو.

ساڵی ١٩٩٢ بووم بە سەرۆکی (HEP)، لەبەرئەوەی حزبەکەی ئێمە بەئاشکرا لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن داخوازیی مافی کوردانی دەکرد، دەوڵەت ئێمەی دا بەدادگا و حزبی ئێمە هاتە داخستن.

پاشان (DEP)مان دامەزراند. لە نیسانی ١٩٩٤دا وەک دەزانن (٨) هەڤاڵی ئێمە لە پەرلەمان دەرکران و تەوقیفکرانو (٦) هەڤاڵیش بەرەو ئەورووپا چوون.

لەو (٨) کەسەی دەستگیرکران (٣) کەس بەردران و (٤) کەسیان لەزینداندان.

(لەیلا زانا)، خەتیب دیجلە، ئورهان دۆغان، سەلیم سادق حوکمی ٢٥ ساڵ زیندان بەسەر دەبەن. ئێمە لە ئەورووپا هەوڵێکی زۆرمان بۆ دان. دوای داخستنی (DEP)، حزبی (HADEP) دروستبوو، کە ئێستا لەسەر خەبات بەردەوامە.

*** ئامانجی ئەو پارتانەی باسکردن چی بوو؟ ئایا باوەڕتان وایە کە لە چوارچێوەی سیاسی و گەمەی دیموکراسی لە تورکیا مافەکانی کورد بەدیبێن؟**

– ئامانجی ئەو حزبانە چ HEP و DEP و هتد ئەو بووە کە بە ئاشتیو دیموکراتی مەسەلەی کورد چارەسەرببێ. هەموو کورد دەخوازن دەوڵەتێکی سەربەخۆ چێ ببێ. لێ ئەڤرۆکە رەوشی دونیا هاریکاریی ئێمە نییە، بۆیە پێویستە خەڵکی کورد بێنە ناسکردن. دوماهیا وی کورد و تورک فیدراسیۆن چێ بکەن، لێ ئەمڕۆ ئامانجی فیدراسیۆن گەلەک زەحمەتە.

ئێستا ئێمە ناتوانین کەلتور و زمانی خۆمان ئازادبکەین. زۆرداریی دەوڵەت لەسەر خەڵکی کورد گەلێک مەزنە، گوند دەسووتێت، خەڵک کۆچ پێ دەکەن، وڵاتپارێز دەکوژن و بزردەبن و جەنازەیان فڕێ دەدرێ، (١٠) هەزار لاو و خورتین کورد دە زینداندان، حکومەت ئەشکەنجە و ئازاری وان دەکات. بۆیە مانگرتن دەکەن و ژیانیان لەمەترسیدایە، کاتێک کەسوکاری ئەو وڵاتپارێزانە کۆمەڵ چێ دەکەن و دەچنە لای وەزارەتی داد و لای وەزیر، پۆلیس ئەوان دەردەکا و ئەشکەنجەیاندەدات. دەوڵەت ناخوازێ کێشەی کورد چارەسەربکا، ئەگینا ئەوە پ.ک.ک وا (٦) مانگە ئاگربەستی راگەیاندووە، کەچی سوپا بەربۆتە گیانیانو هاتۆتە نێو سنووری کوردستانی عیراقیشەوە.

*** حکومەتی تورکیا حزبی (DEP)ی بەلایەنگیری (پ.ک.ک) تاوانبارەدەکرد. لەسەر حزبەکانی دی چی دەڵێن؟**

– (حزبی HEP و DEP) و هەموو وڵاتپارێزکی کورد لای حکومەتی تورکیا بە (پ. ک. ک) لەقەڵەمدەدرێت! تەنانەت هەرکەسێک بڵێ من کوردم، دەوڵەت بە پ.ک.ک–ی دەزانێ. هەربۆیەش خەڵکی رێز لە پ. ک. ک و پارتیزانەکانی دەگرن.

* باشە کە مەسەلەکە وایە، چۆن دەوڵەت بوار بەدامەزراندنی حزبی کوردی دەدا؟

– (حزبی کوردی لە تورکیا یاساغە و دانامەزرێ. حزب بەپێی یاسا چێدەبێ، دەستوورو یاسای حزبەکان دەرفەت بەوە نادەن. حزبی یاسایی هەیە، کە خەباتی دیموکراتیو ئاخاوتن دەکا. دەوڵەت بەیاسا بواری داوە، بەڵام لە ژێرەوەش ئەندامەکان دەکوژرێن. دەگیرێن بێ ئەوەی کەس خۆی بکاتە خاوەنیان و شوێن بزر دەکرێن. (١٠٠) کەس هاتنە کوشتن. بەسەدان ئەندامی HADEP ئێستا لەزینداندان.

*** هیچ جیاوازییەک لەنێوان تێڕوانینی چیللەر و یەڵمازدا هەیە سەبارەت بە مەسەلەی کورد؟**

– نەخێر هیچ فەرقیان نییە. مەسەلەی کورد پەیوەندیی بەسوپاوە هەیە. تا سوپا بیروبۆچوونی خۆی نەگۆڕی و بڕیاری چارەسەرکردن نەدات، سوودی نییە بۆ کورد. (رەفاە)یش ناتوانی هیچ بکات، هەموویان یەک شتن، بەڵام هەندێکیان لەوی دیکەیان خراپترن. یانی ئەجەوید، تورکی خراپن. ئەمان وەک (سەدام) شوڤێنین.

***بەڵام یەڵماز بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەی داوە! ئەمە لەپراکتیکدا نییە؟**

– هەموویان کە دەچنە ئەورووپا دەڵێن: ئێمە دۆستی کوردین، کێشەکانیان چارەسەردەکەین، دەڵێن دایکمان کوردە، بەڵام کە دێنەوە کورد فەلاقەدەکەن.

*** ئەورووپاییەکان لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

– پەرلەمانی ئەورووپا و دەوڵەتانی خۆرئاوا، حزبە دیموکراتخواز و چەپەکان دۆستی کوردن، دەخوازن چارەبێ. حزبە موحافزکارەکان کەمتر. ئەوان قەناعەتیان وایە کە پێویستە کورد لەنێوان خۆیاندا یەکێتی چێبکەن، ئینجا پشتگیریمان بکەن، پێویستە کورد قسەی خۆی یەکبخات تاوەکو دونیا لێی تێبگا. تاوەکو ئێمە شەڕی دیپلۆماسی و دیموکراسی خۆمان لەگەڵ دوژمنانمان بەڕێوەببەین.

*** لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت چەند دامەزراوەیەکی دیموکراتی، رێکخراوێکی مافی مرۆڤ دروستبوون، کە هاوسۆزیی بۆ کێشەی کورد نیشاندەدەن. حەزدەکەین زیاتر ئەم لایەنەمان بۆ روونبکەیتەوە؟**

– بەڵێ: گەلێک جفات و کۆمەڵە هەن بۆ مافی مرۆڤ کە دەڵێن: پێویستە مافی کوردان بدرێ. هەندێک ئەندامی حزبی سۆشیالیست، گەلێک نڤیسکار، رۆژنامەنووسی دۆستی کورد هەن وەکو ئیسماعیل بێشکچی و ئەوانیدی پشتگیریی کورد دەکەن، رێکخراو دروستدەکەن، کتێب دەردەکەن، بەڵام دەوڵەت بڵاوەیان پێ دەکات. دەیانخاتە زیندانەوە.

کێ لە هێڵی کورد بێ، نیوەی کورد قسەبکا، دەوڵەت دەڵێ: ئەوانەش پ. ک. ک–ن و پشتگیریی تیرۆریزم دەکەن! سەندیکای دیموکراتی بۆ کرێکاران هەیە کە دۆستی کوردن، دەوڵەت ئەوانەش بە پ. ک. ک لەقەڵەمدەدات.

*** سەرمایەدارانی تورکیا کە دەخوازن وەبەرهێنان چێ بکەن لە کوردستانی تورکیا، ئەوان چۆن دەڕواننە شەڕی کوردستان و دەوڵەت؟**

– سەرمایەدارانی تورک، دوو باوەڕن. هەندێک سەرمایەداری گەورەن و پەیوەندییان بە بازرگانیی لە ئەوروپا و ئەمریکاوە هەیە. ئەوانە بەکارتێکردنی خۆرئاوا دەخوازن مەسەلەی کورد بەشێوەیەک چارەسەربکرێت تا قازانجی بۆ خۆیان تێدابێ. ئێمەش دەڵێین: بلا کێشەی ئێمە چارەسەرببێ، با قازانج بۆ ئەوان بێ! تاقمی دووەم لەسەرمایەداران ئەوانەن کە شمەکەکانیان لە بازاڕ نافرۆشرێ و زەرەردەکەن. دەوڵەت قەرزیان ناداتێ، چونکە بودجەی خۆی بۆ شەڕی کورد داناوە، دەوڵەت بەدەست عەسکەرەوەیە. هەرکاتێک کێشەی کورد چارەسەرببێ، ئەو عەسکەرانە ئیشیان نامێنێ، بۆیە دەخوازن شەڕ بەردەوامبێ، بەڵام ئەو سەرمایەدارانە حەزدەکەن شەڕ تەواوبێ و دەڵێن: شەڕ بەسە تاوەکو ئێمە ئیشبکەین. دەوڵەت قەرزبداتە ئێمە، ئەوانە هەموویان گوشاریان لەسەر دەوڵەت دروستکردووە.

*** بزاڤی رۆشنبیری و کەلتووری لە کوردستانی تورکیا لەم سەردەمەدا، کە هۆشیاریی نەتەوەیی و کێشەی کورد بووژاوەتەوە، چۆنە؟**

– گەلێک کتێب چ بەتورکی و چ بەکوردی هاتنە چاپکردن. گەلێک رۆژنامە و گۆڤار هەبوون. بەڵام ئەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە قەدەغەکران؟ مەعهەدی کوردی لە ئەستەنبۆل هەیە و بینایەی خۆی هەیە، بەڵام دەوڵەت ئەمەی پێ ناخۆشە، ناهێڵێ بزاڤ بکات. سەرۆکی مەعهەدەکە لە زینداندایە، مەڵبەندی رۆشنبیریی میزوپۆتامیا هەیە بۆ موسیقا و هونەری تر. ئەدەب، شانۆ خەباتدەکات، دەوڵەت هەموو رۆژێک هێرشیان دێنێتە سەر. گرتن و ئەشکەنجە و بوختانکردن هەیە، بەڵام بەردەوامن و گەلێک شتی باشیان پێشکەشکردووە سەرەڕای قەدەغەکردن.

*** حکومەتی تورکیا بەنیازی تەلەفزیۆنێکی کوردییە؟**

–چێ نابێ، هەر دەڵێن و جێبەجێی ناکەن، ئەوان وادەکەن تاوەکو خەڵکی زیاتر هەڵوێستیان لە دژ وەرنەگرێ. میللەت دەخەڵەتێنن و دواتر پەشیماندەبنەوە.

*** بۆچی خەڵکی زۆر لە کورد دەنگیان بە «رەفاە»داو HADEP لە هەڵبژاردندا سەرنەکەوت؟**

– HADEP لە «رەفاە» زیاتری هێنا. بۆ نموونە لە دیاربەکر هەرچەندە بەپێی خواستی ئێمە نەبوو، بەڵام دەنگی باشمان هێنا. لە مترووپۆلەکان شارە گەورەکانی تورکیا گەلێک خەڵک دەنگیان نەدا لە ترسی دەوڵەت، هەندێک رێگایان پێ نەدرا. بەشێکی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە، خەڵک باش لە بەرنامەی HADEP تێنەگەیشت؟ ئەو کوردانەی دەنگیان بە ئەربەکان دا، وایاندەزانی«رەفاە» دژی دەوڵەتە. ئەوەشت لەبیرنەچێ کە ٩٠٪ی خەڵکی ئێمە موسڵمانن. ئەمانە بوونە هۆی دەنگدان بە «رەفاە» باوەڕمان وایە کە ئەو دەنگانەی کورد ئەمانەتن لای «رەفاە» و هی ئێمەن، بەمەرجی لە HADEP سیاسەتێکی باش پەیڕەوبکەین لە ئایندەدا.

*** با بێینە سەر کوردستانی عیراق، ڕەوشی شەڕی ناوخۆ چۆن دەبینن و کوردی کوردستانی تورکیا چ دەڵێن سەبارەت بە وەزعی ئێرە؟**

– یەکەمجارە دێمە کوردستانی عیراق، بە ماوەیەکی کەم وڵاتێک نایەتە ناساندن، بۆیە پێویستە دەمێکی درێژتر بمێنمەوە، ئینجا بڕیاربدەم، بەڵام خۆشحاڵم کە کوردی ئێرە لە بن دەستی دوژمن ڕزگاریانبووە. زەحمەتێکی زۆر دەبینن تاوەکو قەوارەیەکی سیاسی بچەسپێنن، ئێستاکە کوردستان بە عەمەلی دوو پارچەیە جگە لە چوار پارچەکەی داگیرکەران. من لایەنگری هیچ لایەنێکی شەڕەکە نیم، ناتوانم بڵێم کێ هەقە و کێ ناهەقە، بەڵام دەزانم ناهەقەییەکی زۆر بەرامبەر کورد کراوە، پێویستە ئەم دوو حزبە گەلێک بیربکەنەوە و کاربکەن تاوەکو لەو دۆخە دەربازبن. هەموو کوردی تورکیا بەو وەزعەی ئێرە ناڕازین. ئەوان هیوایەکی مەزنیان بەم ئەزموونەی ئێوە هەبووە، ئێستا ئەو هیوایە کەمبۆتەوە، بەڵام هەر بەردەوامەو حەزدەکەن ئەم پارچەیە ئازادبێ، تاوەکو کورد بە دونیا بڵێن: شوێنێکی ئازادمان هەیە. ئەگەر بۆ چارەسەرکردن چیمان لەدەست بێ ئامادەین بیکەین و هەروەختێکیش کێشەکانتان چارەسەربوون، ئامادەی هەموو هاوکارییەکین کە لەدەستمان بێت.

## لە پێناسەیەکەی ساڵی ١٩٤٦دا نووسیومە:

– فەرەیدون یازار ساڵی ١٩٤٦ لە ئورفە لەدایکبووە.
– کۆلێژی مافی ئەستەنبوڵی تەواوکردووە و بۆتە پارێزەر لە ئورفە.
– لە سەرەتای حەفتاکاندا ساڵ و نیوێک زیندانیکراوە.
– ساڵی ١٩٧٧ سەرۆکی شارەوانیی ئورفە بووە.
– ساڵی ١٩٧٩ لە هەوڵێک بۆ تیرۆرکردنی دەربازبووە.
– لە دوای کودەتای ١٩٨٠ (٣) ساڵ زیندانیکراوە.
– ساڵی ١٩٨٤ تاوەکو ١٩٨٩ لەناو CHP دا کاریکردووە.
– ساڵی ١٩٩٢ بوو بەسەرۆکیDEP.
– ئەندامیDEP بووە و ئێستاش لە HADEP درێژە بەکاری سیاسی دەدات.

# فەسڵی شەشەم

# دیاربەکر، کوردایەتیی دۆبلاژکراو

❋ هاوەڵەکانم لە مەدرسە لە منداڵی فەرمانبەرە تورکەکان و لە کوردبوون، ئاخر ئەو کاتە ئاساییبوو مرۆڤ کورد بێت. هەموان عوسمانلی بوون و زۆر کەم جیاوازی لەنێوان عەرەب و تورک و کورددا دەکرا.

نورەددین زازا
سیاسەتمەداری و نووسەری کوردی رۆژئاوا

❋ هەستم بە خۆشی و گەشەیەکی زۆر دەکرد لەدڵما کە دەمبینی کوردەکان بە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیانەوە دەهاتنە چاپخانە، بەتایبەتیش کەمەندکێشی دیمەنی جومێرانەی رێبەر مەلا سەعید بووم، کە جلێکی تایبەتی کرمانجانی لەبەربوو.

قەدری جەمیل پاشا
خەباتگێری کوردستانیی باکوور

# دیار بەکر، کوردایەتیی دۆبلاژکراو

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان سێ دیاربەکر کە من دیومن لە رووی دۆخی ئەمنی، دۆخی ژیانی مەدەنی و ئاوەدانی و بەخۆداهاتنەوەوە.

یەکەمجار کە دیاربەکرم دیت، ساڵی ١٩٩٩ بوو. شارێک بۆنی رەوشی ئاڤارتە (رەوشی نائاسایی- تەواری) لێ دەهات و رەنگی کەساسی و داماوی گرتبوو، لە یەکەم دیداردا وەک بلێی تورکیایەکی شێواو و وێنەیەکی کاریکاتۆری شارێکی تورکی دەبینی. وام دەزانی لە شارێکی تێکەڵەی کەرکوک و دهۆکم، وەک کەرکوک شێواوبوو، وەک کەرکوک باری دیموگرافی تێکدرابوو، وەک دهۆکیش بە کرمانجی قسەیاندەکرد. ئەوی من دیتم، پایتەختی کوردستانی گەورە نەبوو. سەربازگەیەکی بەسەریەکدادراو و بازاڕێکی ترسناکی هێزەکانی ئەمنییەت و جەندرمە بوو، ئۆردوگایەکی زۆرەملێی ئینسانی کورد بوو.

بازاڕەکەی قەرەباڵغ و دەرەوەی شاری، هەر کە لە سنووری شارەوانی بچووک دەهاتییە دەرەوە، چۆڵەوانی بوو. رێگای هاتنەناوەوە بۆ دیاربەکر خاڵێکی پشکنینی چلێس داگیریکردبوو. لە دوورەوە لە بڵندییدا چەند دێڕێکی نووسینی تورکی هەبوون، کە لە ڕێبەرەکەمان پرسی دێڕە تورکییە مەشهوورەکەی پێگوتین کە لە هەموو ئەدەبیاتەکانی کوردایەتی باکووردا باسکراوە و بەڵگەی نکۆڵیکردنی ئەتاتورکییە لە کورد: (چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی دەڵێت تورکم).

وەڵڵا ئێمە هیچ سیمایەکی بەختەوەریمان نەدی. شارێکی وا، حاجی قادر گوتەنی، هائیم و حەیران، لەنێوان پاشماوەی سیاسەتی تەتریک، کە ڕەگی لەسەر سینگی ئامەد داکووتیووە، هەندێک ئەدگاری فەرهەنگی لەسەر شۆستە و دیواری دوکانەکان، کە ڕەنگدەرەوەی کرانەوەیەکی بەرتەسکی سەردەمی ئۆزاڵن: کاسێتی عایشە شان، شڤان و ئەحمەد قایە و هەڵبژاردەیەک لە گۆرانییەکانی گەورە هونەرمەندانی باشوور: محەمەد عارف جزیری، عیسا بەرواری، تەحسین تەها و ئەیاز زاخۆیی، پۆستەری وێنەی چەند تیپێکی هونەریی کوردی، چێشتخانەیەک لە قەراغی شار خواردنی بەلەزەتی دیار بەکری پێشکەشدەکرد.

سەیری دەفتەری بیرەوەرییەکانم کرد (ئەمشەو لە دیاربەکر ماینەوە، وەفدەکەمان وەفدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە نیویۆرک گەڕاوەتەوە، لە ئوتێلی کاروان سەرا دابەزیوین. پێیانوتین ئەگەر حەزدەکەن لە میوانخانەکە ئاهەنگێک سازکراوە، داوەتی کرمانجی هەن. داوەت یانی ئاهەنگی گۆرانی کە ڕاستییەکەی تێکەڵەیەک بوو لە فۆلکلۆری کوردی و فۆلکلۆری نەتەوەی لاز. خانمی گۆرانیبێژ لەسەر شەرەفی ئێمەی باشووری جورئەتیدایە بەرخۆیی و گۆرانی ئاگر کەتییە دڵی منی وت.. ئاگر

کەوتە دڵی ئێمە کە براو ئامۆزاکانمان لێرە حاڵیان وا پەرێشانە.. عەگید و تۆغان، ئەگەر ناوی دووهەمیانم بەهەڵە نەنووسیبێت، ئێمە و دوو هەڤاڵیان بردە لاوە، کە پرسیارمان لێی هەبوو. ئەوان تێکۆشەری حزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، حزبەکەی مامۆستا کەمال بۆرقای، بوون، خواهەڵناگرێ هەموو رەخنەیەکیان لە ئۆجەلان هەڵپەساردبوو، چونکە تازە حکومەتەکەی بلێند ئەجەوید ئۆجەلانی بە دیاری لە دەزگا سیخورییەکانی ئەمریکا و کینیا و ئیسرائیلەوە وەرگرتبوو).

لە شوێنێکی تر نووسیوومە: (ئەم هەڤاڵانە خوێندەواربوون— باسی رەوشی نالەباری ئابوورییان بۆ کردین، کە کار و کەسابەت نەمایە. خەڵک یان کۆچدەکەن یان دەبنە گەریلا، یانیش (ئەمەیانی بەخەفەتەوە گوت) دەبنە قوروچی— ئەو کاتە تێنەگەیشتم، وتی: قوروچی پاسەوانی گوندەکانن، وەکو جاشی جەم هەوە— بێکارن و بکوژن). وتیان (هەڤاڵ مانیفاکتۆرە نینە، وەرزێری و هەرەوەزی، ژبەر چۆڵبوونی گوندەکان، نەمایە)، رەوشی سیاسیی لەوێ نە باش بوو.

ئەو سەرنجانەی بە شەو لەو دۆستانەم وەرگرتبوو لەگەڵ حاڵی رۆژ بەراوردمدەکرد. رۆژێکمان مابوو بۆ گەڕانەوە چووینە ناو بازێر، داماوی و سیمای بێکاری لە گازینۆو سەکۆی شۆستە ناڕێکوپێکەکان بە دەموچاوی کرمانجەکانەوە دیاربوو. ئەوی جلی رێکوپێک و ئەفەندی بوو سیمایەکی تورکانەی هەبوو، نەمدەزانی ئەمانە تورکن، یان کوردن؟ بە سیمای توێژێکی بەرتەسکی خوێندەوار و ئەفەندی چینێکی بژارەتەن لە دیاربەکر. زەحمەت بوو ناسنامەیان دیارییبکەیت.

هەندێکجار سیمای ئینتیمای چینایەتی دەتوانێ سیمای ئینتیمای نەتەوەیی بشارێتەوە، بەتایبەتی بۆ چینی ناوەند کە لەوێ بژارە و دیاربوون. چینی خوێندەوار لە دیاربەکری کۆتایی نەوەدەکان یانی چینی باش بە تورک بوو، چونکە سیستمی خوێندن لەوێ دیزانێکی هەیە سەرئەنجام سەر دەکێشێ بۆ تورکبوون. نیوەرۆکەی دەرگای خوێندنگە کرانەوە. خوێندکاری کچ و کوڕ دەهاتنە دەرەوە، قسەی زاڵ تورکی بوو، سیمای مامۆستاکانیش هەروا بوون. ئەمەم پێ سەیر نەبوو، چونکە لە کتێبەکانی مێژوو خوێندبوومان هەرزەکار و گەنجی کورد دەبرێنە بەشی ناوخۆیی و لە وێ تەعلیم و تەتریکیان دەرخوارد دەدەن.

پێش ئەو گەڕانەوەیەمان لە ئەمەریکاوە بۆ تورکیا و بۆ دیار بەکر، ئێمە بەهەمان رێگە، بەڵام بە ماشێن ، بە کوردستانی باکووردا چوینە ئەنقەرە .لە چووندا بە دیار بەکردا گوزەرمان نەکرد. لەو شارانەی دیتمان ئورفە بوو، کە لە ئورفە لامان دا، سیمای دیار بەکر کوردی تر بوو لە ئورفە. هەستم کرد ئورفە شاری ئیسلامییەکانە، ڕاستتر ئیسلامییە کوردەکان، بەڵام ئامەد کوردانەو کوردایەتی بوو.

## دیاربەکر؛ پایتەختی باکوور

جاری دووەم، ساڵی ٢٠٠٤ بوو، دیاربەکر خۆی راپسکاندبوو، کوردبوون خۆی نمایاندەکرد و لەم ناوەند و ئەو ناوەند چالاکی فەرهەنگی هەبوو، سیما هەمان سیمای رەوشی ئاڤارتە

بوو، بەڵام بۆنی بەڵێنی جیاجیای حزبی داد و گەشەپێدان دەهات، ئاک پارتی کەمتر لە ساڵێک بوو حوکمی گرتبووە دەست. ئامەد زیاتر پرسیاری هەبوو لەسەر ڕەوشی باشوور، کە خەریکە لە عیراقی دوای سەدامدا مافەکانی جێگیردەکات و ئەمریکاییەکان بەشان و باڵی ئاوەدانییەکەیدا هەڵدەدەن.

لەگەڵ هاوەڵێکدا سەیری شووڕای بەرزی دیاربەکرمان دەکرد، وەختێک لاوێکی کرمانج بە کوردی لێی پرسین: هەڤاڵ کار هەنە لە باشوور؟ ئەگەر ئەز بخوازم بێمە هەولێر و سلێمانی دکارم شولێکی بۆ خۆم پەیدابکەم؟

دیار بوو پرسیار لەسەر سەرزەمینی خەونەکانی کورد بوو لە باشوور. هەرکێت دەبینی پرسیاری لە سەر کار و کەسابەت لە باشوور، لەسەر کورد بوون و کوردایەتی، بوو. کوردستانی باشوور وەکو پۆڵ وۆڵڤویتز جێگری وەزیری بەرگری سەرۆکایەتییەکەی جورج بوش و تیورسێتی کۆنەزەرڤاتیڤە نوێیەکان بانگەشەی بۆ دەکرد، ملی پێوەنا بوو ببێتە دەوڵەتی خەونی نەتەوەیی کورد، خاڵی کەمەندکێشی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. بۆیە دیاربەکریش پرسیاری هەولێر و سلێمانی و کەرکوکیان لێ کردم.

پرسیاری زۆریش لەسەر یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەکرا، داخۆ ئەمە جێی دەستوور دەگرێتەوە یان دواتر ئەو مافانەی کوردیش دەخرێتە دەستوورەوە؟

ئەو وەختەی ئەو هاوڵاتییە دیاربەکرییە پرسیاری کار و کەسابەتی دەکرد، تورکیا لە ڕێگای کوردستانەوە فراوانترین پەیوەندی ئابووری لەگەڵ عیراق دروستدەکرد. بەشی زۆری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنانی سەرمایە و نەوت لە کوردستانەوە بە کوردستاندا تێپەڕدەبوو. ئێستاش هەروایە. دیاربەکر، وەک پایتەختی باکوور، لەم جموجۆڵە بێئاگانەبوو. ئەوکات نا، بەڵام دواتر زانیاری خاسم لەسەر قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکە دەستکەوت.

ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆنفرانسی دیالۆگی کورد — تورکدا کاک غالب ئەنساری ئۆگلووم ناسی. کاک غالب وەک سەرۆکی پێشووی ژووری بازرگانی دیاربەکر ئامار و داتای جوانی خستەڕوو، کە دواتر ئیجازەیدام لە ڕاپۆرتێکدا – لە گۆڤاری هەفتانەدا – بڵاویبکەینەوە. تیجارەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ عیراق تینوتاوی گەورەی دیووە. لە ساڵی ٢٠٠٥ –٢٠٠٦ قەبارەکەی گەیشتۆتە نزیکەی سێ ملیار دۆلار. ساڵی دواتر بۆتە نزیکەی چوار ملیار دۆلار. لە ٧٠ –٨٠ ٪ ئەو کەلوپەلانەی، کە لە باشوورەوە هەناردەدەکران لە ڕێی تورکیاوە بووە. نزیکەی ٢٠٠ هەزار تەنکەری پیترۆڵ لە عیراقەوە دەگوێزرێتەوە، کە ئەگەر سەرخێزانێک (٧) کەس بن، مانای وایە ژیانی نزیکەی ملیۆنو نیوێک خەڵک دابینبووە.. بەگوێرەی ئامارەکانی سەرۆکی ژووری بازرگانی دیاربەکر خودی دیاربەکر بە تەنها ٥٥ ٪ هەناردەی تورکیا بۆ عیراق پێکدێنێت، لە باشوور پەنجا هەزار هاوڵاتی تورکیا کاردەکەن، کە بێگومان زۆربەیان کوردن و لە هەموو کەرتەکانی بازرگانی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەدا پێویستیان بەمە هەیە. زیاتر لە هەزار و دووسەد و پەنجا کۆمپانیای تورکی لە هەرێم کاردەکەن.

لە ئەستانبوڵەوە کاک وڵات ئاکای و کاک ئەیوب بورج ئەمەیان بۆ ڕێکخستم کە ئەمجارەشیان غالب بێگ ببینمەوە. هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ژمارەکانی نیشانبدەم و بپرسم لە

کوێ پەرەسەندنی زیاتری ئابووری روویداوە؟ بەڵام بەداخەوە کاک (غالب) پابەندێتی تری هەبوو و دیدارەکەمان کەوتە هەلومەرجی چاکتر بۆ دەمەتەقێ و پرسیاری وردتر.

## دیاربەکرێکی جیاوازتر

رەوشی ئاڤارتە و زەمانێکی دوورودرێژ لە فەرامۆشی، ئەوی لە تورکیا پێیدەوترێت (باشووری خۆرهەڵات)، دیاربەکر و شارەکانی دیکەی باکووری کردۆتە پاشکۆیەکی ئابووری- کۆمەڵایەتی.

ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبی (سیستم لە ئەنادۆلیای رۆژهەڵات- بنەما کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان و بونیاتە نەتەوەییەکان) رووناکیی تیۆری و داتای جۆراوجۆر لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و داهێزرانی ئابووری ویلایەتە شەرقییەکان دەخاتەڕوو. بێشکچی لە هەردوو بەشی کتێبەکەیدا رەهەندێکی مێژووییش دەداتە باسەکەی و بە هەمان نەفەسی دادپەروەرەوە بەفاکتی رووداوە میژووییەکان شرۆڤەی دۆخی کۆلۆنیالی ناوخۆیی کوردستان (باکوور) دەکات.

بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی دواتری د. مەجید جەعفەر لە ژێر ناوی (کوردستانی تورکیا— توێژینەوەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی ژێر دواکەوتوویی کۆلۆنیالی— مەکتەبی بیر و هۆشیاری ساڵی ٢٠٠٦) ئامار و ژمارەی رەسمیی دەکاتە بەڵگەی بەدواکەوتوویی هێشتنەوەی رەوشی باکوور و لەوانەش دیاربەکر، ئامارەکانی وردترن، بەڵام ئەویش لە زەمەنێکی دیاریکراودا رادەوەستن. ئامارەکانی کاک غالب تازەترن، بەڵام تەنها لەسەر دیاربەکر نین.

بەو حاڵەشەوە دیاربەکری ئەمجارە ئەگەر لە ڕووی ئابووریشەوە، لەچاو باقی شارەکانی تورکیا، هێشتا کەساس و داماو بێت، بەڵام لە ڕووی رەوشی ترەوە لەگەڵ دیاربەکری (١٩٩٩ و هی ٢٠٠٤) بەراوردناکرێت. رەوشی ئەمنی لە دیاربەکری (٢٠١٢) باشترە، دیاردەکانی پڕچەککردنی شار و دۆخی نائاسایی نەماوە، رێگا بەرەو فڕۆکەخانە و ناو فڕۆکەخانە بچکۆڵەکەی شار ئاساییە و کەمترین دیاردەی ئەمنیەت دەبینی. هەرچەندە فڕۆکەخانەکە سەربازییە و بۆ بواری مەدەنیش بەکاردێت. دەیانگوت فڕۆکەخانەیەکی گەورەتر هەیە کاری تێدا دەکرێت، بۆیە کاروانی فڕۆکە بۆ ئەم شارە هەندێک جار کەمدەبێتەوە.

لە فڕۆکەخانە مامەڵە لەگەڵ میواندا مامەڵەیەکی ئەمنی نییە و هەوڵی یارمەتیدانت دەدەن. بەندە لە ئەنقەرە بۆ دیاربەکر، لە ئەستانبوڵەوە هاتبووم، جانتایەکم نەهاتبوو، ئەسڵەن دوودڵبووم لەوەی پرسیاریشی لەسەر بکەم، خانمێکی پۆلیس، کە کورد بوو، بە کرمانجی پرسیاریکرد و هاوکارم بوو تا ڕۆژی دواتر جانتاکەیان بۆ هێنامە دیاربەکر. من هەر کە گەیشتمە ئوتێل دەستمدایە قەڵەم و کاغەز پوختەی دیدارەکانی لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ کردبووم، بنووسمەوە. دەترسام جانتایەکەم نەیەت کە ریکۆردەرەکە و تۆماری هەموو ریپۆرتاژەکانی تێدابوو. گوتم با ئەوی لەبیرم ماوە بینووسمەوە، نەکا لەبیرم بچن. کەچی سبەی چووم لە فڕۆکەخانە هەموو ئەمانەتەکەیان دامەوە.

لەوەتەی وانەی خوێندنی کوردیش بۆتە ئیختیاریی ئێستا لە دیاربەکر خولی فێربوون بۆ پۆلیس و ئەفسەرانی پارێزگاریی دەکرێتەوە. بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی

سیڤیلدا بکرێت. ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ بە کارهێنانی زمانی کوردی لە دامودەزگا رەسمییەکاندا.

بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوو، چەندین فەرمانبەری کچ و کوڕم لەو دەزگایەدا بینی، کە جاران شتی وا دژواربوو. ئەمەم بەراوردەکرد لەگەڵ ئەو زەحمەتیانەی خانم شیر لیزەر لە کتێبی کوردستانی بەر ئاگرباران باسیدەکات کە وەسفەکەی وەک دیاربەکری یەکەم جارم بوو: فەزایەکی ئەمنی ناجۆر، ترس لەوەی گیرفانت ببڕن و ترس لەوەی دووبەرەی نەیار گومانت لێ بکەن. نووسەری شوێن بزرکراوی میسری رەزا هیلال، کە کۆتایی نەوەدەکان سەردانی باکووری کوردستانی کردووە، وەسفێکی جوانی ئەو لێپرسینەوە و تاقیبە دەکات، کە هامشۆکاری دیاربەکر و جەزیرە تووشی دێت و چۆن چۆتە (ماڵی قایمقامی جەزیرە، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو قسەبکات تا ئیزن لە دەسەڵاتدارانی جەزیرە نەخوازم. بۆیە چوومە گەراجی پاسەکان تا فریای فرۆکە بکەوم لە فرۆکەخانەی دیاربەکرەوە بۆ ئەنقەرە. چەند ساتێک و دوو سەیارەی پۆلیس لەبەردەمم راوەستان. جانتاکەیان بردم و بە سواری سەیارەیەک بردیانم بۆ بنکەی پۆلیسی ناوەندی.لەوێ پشکنینێکی خۆرسکانەیان بۆ کردم و کەلوپەلەکانیان هەڵڕشتم، بەرپەرچم دانەوە کە من میوانم و پاسپۆرتەکەم ڤیزای سەفەرێکی تەواونەبووی لەسەرەو هاتوومە ماڵی قایمقام و ئەویش داوای لێکردم ئیزنی رەسمی لە ئەنقەرە بخوازم. سەرۆکی پۆلیسی ناوەندیی هات.. دوای دوو سەعات لە گرتنم یەکێک لە ئەفسەرەکان هاتە لام و وتی جەزیرە ناوچەیەکی ئاوەرتەیە و قەدەغەیە کەسی بێگانە سەردانی بکات و نابێ لێرە بم. پرسیاریان لێ کردم. داخۆ هیچ پەیوەندیم لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکە هەیە یان نا؟ (رضا هلال، السیف والهلال، ترکیا من اتاتورک الی اربکان، دار الشروق، ل٢٥٤-٢٥٥).

ئەمی ئێستا هەر بەراورد ناکرێت بەوەی جاران لە دیاربەکر هەبوون، بۆمان دەردەکەوێت لە هەندێک دەرکەوتی هێمنایەتی شار و سیمای ئاساییبوونەوەدا حکومەتی ئاک پارتی بێ ئیش دانەنیشتووە، ئەمە هەقیقەتێکە دەبێ بیڵێین. بێگومان ئاساییبوونەوە بەخشش نییە کە حکومەتەکان، بەتایبەتی حکومەتە مەدەنییەکان، وەک منەتێک بیدەنە ئەو رەعیەتانەی حوکمی دەکەن، بەڵام کە حکومەتەکانی پێش داد و گەشەپێدان ئەمەیان نەکردبێت و کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکردبن، ئەوەی ئێستا هەیە وەک دەسکەوتێک تەماشادەکرێت.

لە کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەی خۆیدا- ئاک پارتی- ئەردۆگان ئاماری خزمەتگوزاری و چالاکییەکانی پارتەکەی خستەروو و وتی: لە ماوەی ١٠ساڵدا لە رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی باشوور بەبڕی ٣٥ کاترلیۆن وەبەرهێنانی خزمەتگوزاریمانکردووە، هەروەها چەند پرۆژەیەکمان جێبەجێکردووە وەکو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کەناڵەکانی ئاودێری، ناوەندە کلتورییەکان، پەرتوکخانە، کۆشکەکانی داد و ناوەندە وزەییەکان، ئاک پارتی سیمای هەرێمەکەی گۆڕیوە، بەدروستکردنی رێگەوبانی جوت ساید رەنگی زۆر جیاوازی بە هەرێمەکە داوە. ئاک پارتی کۆتایی بە باری نائاسایی حکومەت هێناوەو ئێوە دەبینن ئاک پارتی بەدەستی خۆی قەدەغەکردن و سنورداركردنی نەهێشتووە). حسێن چەلیک جێگری ئەردۆگانیش وەختێک

لە سلێمانی، پشتی ساڵێک لە سەردانی سێیەمم بۆ دیاربەکر، بینیمان، وتی: «ئێمە ئەم شتانە بۆ میللەتی خۆمان دەکەین، پەکەکە دەڵێ: ئەمە لە ژێر گوشاردا کراوە. نەخێر ئەمە بەرنامەی خۆمانە، نەک ئەنجامی گوشاری پەکەکە و تیرۆر».

## لە چاوی ناسیۆنالستی کوردییەوە

هەڵبەت لە تەڤگەری بزووتنەوەی کوردەوە هەڵسەنگاندنێکی جیاواز هەیە، سیاسەتی کوردی لە باکوور وای دەبینێت ئەمی بەدەستهاتووە لە دیاربەکر و ویلایەتەکانی دیکە بەرهەمی خەباتێکی چۆنایەتییە کە وایکردووە سیاسەتی تورکیا گۆڕانی بەسەردا بێت، تەنانەت سەرکردەی گەنج سەلاحەدین دەمیرتاش رەخنەی هەیە لە ئەردۆگان؛ کە ئەو بۆتە باعیسی لەجێی خۆ راوەستانی رەوشەکە. ئەو لە لێدوانە رۆژنامەوانییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات ئاک پارتی بۆتە باعیسی ئەوەی چەند ساڵێک بەفیرۆبڕوات و هیچ پێشکەوتنێک نەیەتەدی.

رەخنە لە روانگەی تەڤگەری کوردییەوە بەشێکە لە پێداویستییەکانی ململانێی سیاسی و بێگومان پاشەکشێی داد و گەشەپێدان لە سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی کە پێشتر کرانەوە بوو بەرامبەر بە کورد، ئینجا بۆتە داخران لە هەمبەر کورد و دیموکراتخواز و رەخنەگرەکانی تورکیاش، هەنجەتە بەدەست هەموو ئەوانەی ئەو هێمنایەتییەی دیاربەکر بەدەستکەوتی شەخسیی حکومەتەکەی ئەردۆگان نازانن. رەنگە دوای نەورۆزی ئامەد و کرانەوەی دووەم جاری ئەنقەرە بەرووی کورددا دۆخەکە لەبارتربێت بۆ گۆڕانێکی چۆنایەتی لە ڕەوشی دیاربەکر و شارەکانی تری باکووردا.

چالاکوانێکی وەکو فەریدون چەلیک، کە سەرۆکی پێشووی شارەوانی دیاربەکر بوو، وەختێک لە دامەزراوە فەرهەنگییەکەی بەدەپە لە دیاربەکر پێشوازی لێ کردین، ئاماژەی بەوە کرد حکومەت خواستی بوو یارمەتییەکانی یەکێتی ئەورووپاش، کە بۆ ئاوەدانی دیاربەکر خستبوومانەگەڕ، کۆنترۆڵبکات. ئێستاش کە ساڵی (٢٠١٢) یە، ئەگەر گوشارەکانی ئەو کاتەی یەکێتیی ئەورووپاش بەردەوامبووایە، پێشکەوتنی باشتردەبوو.

## دەستمایەی ئەردۆگان

چەند چالاکوانێکی دیکەی سەندیکایی کە لەوێبوون و دیاربوو هەریەکەیان رێکخەری توێژێکی کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی، یان کەسایەتی دیاربەکر بوون، لەسەر ئەوە سووربوون ئەوی هەیە بەرهەمی خەباتی (ئاشتی)ی گەلی کوردە، نەک دیاریی ئەردۆگان. لەگەڵ ئەوەشدا هەبوون بابەتیانە تر سەیریاندەکرد. لە شەقامی سەرەکی پیاسە و هاتوچۆی ئێوارانی دیاربەکردا، کە پڕبوون لە چایخانە و کافتریای گەنجانە و کچ و کوڕی دیاربەکری وەک کۆمەڵگەیەکی بچووککراوەی ئەستانبوڵ نێرگەلەیان دەکێشا و تاوڵە و دۆمینەیان دەکرد، لە کۆشکی کتێبخانەیەکدا سەرەڕای باسوخواسی کتێبی کوردی و رەوشی رۆشنبیری؛ هاودەمەکەم منی پێ ناساندن، یەکێک لە قسەکەرەکان، مهەمەد

جیران، کە بەسیمایدا دیاربوو ڕۆشنبیرێکی ئیسلامییە، وتی: کەس نکۆڵی لە خەبتینی میللەتی خۆی ناکات، بەڵام نەهێشتنی ڕەوشی نائاسایی بەڵێنێکی ئەردۆگان بوو، کە لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکومەتی داد و گەشەپێدان، وردەوردە جێبەجێیکرد. ئەسڵەن پێشتریش ئەربەکان، باوکی ڕۆحیی ئەردۆگان و سەرکردەی حزبی ڕەفای پێشوو، ئەو بەڵێنەی دابوو. ڕەوشی ئێستا لەکوێ و دیاربەکری زەمانی زیندانی دیاربەکر لەکوێ، کە گەنجی کورد ئەشکەنجەدەدراو سوکایەتی بەکەسوکاری دەکرا، وەک هەموو دەیزانن؟

ئاماژەدان بە زیندانی دیاربەکر، کە لەناو جەرگەی شاردایە شتێکی ئاساییە، چونکە ئەم زیندانە خەیاڵدانی تاڵی هەموو گەنج و تیکۆشەرانی باکوورە.

یەکێکی تر لە بەشداران کە کتێبێکی سەعید نورسی بەدەستەوەبوو، بەڵام قسەکانی لەهی چەپێکی دێرین دەچوو، جوابیدایەوە: پێش ئەردۆگان بلێند ئەجەوید کە لەسەر حوکم بوو وردە وردە کاری لەسەر ئاساییکردنەوەو جۆرێک لە کرانەوە کرد، بەڵام دواتر داد و گەشەپێدان لەم چەند ساڵەدا دەرفەتی زیاتری هەبوو هەنگاوی باش بنوێنێ، کتێبی کوردی و دیاردەی کوردبوون زیادیکردووە، ئەمەی گوت و دەستی بۆ زنجیرەیەک کتێب ڕاکێشا، کە بەشێکیان کوردی و بەشێکی تریان تورکی بوون و ناوەڕۆکەکەیان لەسەر کوردو کوردستان بوو.

## کتێب و فەرهەنگ

کتێبی کوردی لەسەر کورد و کوردستان خەریکە زۆردەبن، بە کرمانجی و بە تورکی، وەک لە باسی وەشانی ئاڤێستادا نووسیوومە، کە ئەمان درەنگ دەستیانپێکرد، بەڵام باشیان دەستپێکرد. لەسەر شۆستە و لە کۆشکی بچووک و لە بنگەیی بەدەپە، لەناو جەرگەی دیاربەکر، کتێبخانە هەنە، بەڵام ئێستا کتێبی ئیسلامیش زۆربوون، هەندێکی بەشێکی سیاسەتی دەوڵەتی ئاک پارتی و هەندێکی تریش دەرەنجامی تەشەنەسەندنی فەزای دینییە لە ناوچەکەدا، کە دیاربەکریش لەو فەزایە بەدەرنییە. بەتایبەتی باکوور شانازی سەعید نورسیی هەیە و وەکو سونبلێکی دەرکەوتوو لەناو تورکیایەکی حاشاکار لە سەنگی کورد، گرنگی هەیە. کە ئەو کتێبخانە گەورە دینییەم دیت قسەکەی حسێن گێچلەر، وتەبێژی بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گویلەن، کەفتە بیرم کە گوتبووی خواستی مامۆستا گویلەن ئەوەیە دیاربەکر ببێتە ناوەندێکی گەورەی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕەنگە ئەم بایەخە فەرهەنگییە پێشمەرجێک بێت پێش ئەوەی دیاربەکر وا لێ بکەن. دیاربەکرێک کە پایتەختی ناسیونالستی کوردی، یان تەنانەت وێنەیەکی ئەسمیلەیسەکردنی تورکی بێت و لە باری مەدەنیەتەوە نموونەیەکی بچووکراوەی ئەستانبوڵی عەلمانی بێت، پێدەچێ بۆ ئەوان دەستنەدات. لەو نموونەیەی کتێبخانە دینییەکەدا وێنەی سەعید نورسی لەگەڵ وێنەی ئاماژە ئاینییەکان وەکو وێنەی محەمەدی فاتح و سوڵتان سلێمان و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمم دەبینی. لە کتێبخانەی کتێبی کوردیی و تەنانەت لە بازاڕی توحفیات و ئەنتیکەشدا، بازاڕی «خاسە پاشاخانە» کە هی شارەوانییە، هەر وێنەی نورسییە، بەڵام نورسییەکی کورد کە لەپاڵ شانازی نەتەوەیی ئەحمەدی خانی»یان وەکو ئەردۆگان دەڵێت «سوڵتانی زمانی

کوردی ئەحمەدی خانی» و شێخ سەعیدی پیران و مەم و زین و یەڵماز گۆنای و وێنەی چێ گێڤارای ئەفسانەی بەرخودانی چەپی دونیای سێ، دیووە کوردییەکەیمان پێ دەناسێنێ. واتا لە بازاڕی دیاربەکر دوو سەعید نورسی هەیە، یەکیان نورسی کورد کە وێنەکەی لەگەڵ شێخ سەعیدی پیران دانراوە، ئەویتریان نورسی ئیسلامەتی کە وێنەی لەگەڵ فاتیحە عوسمانییەکان ریزکراوە.

## رۆژنامەی ئازادیا وڵات

سێ رۆژی کە لەوێبووم خوێنەری رۆژنامەی ئازادیا وڵاتیش بووم، هەڵبەت رۆژنامەی ئازادیا وڵات لەوێ بە کرمانجی و پیتی لاتینی ململانێیەکی سەختی لەگەڵ رۆژنامە تورکییەکاندا هەیە. دەیان ساڵی بەتورککردن ئەحمەدی خانیش دەکاتە ئەتاتورکی، چ جای کرمانجی فەقیر کە دەردی سەری ژیان بایەخی خوێندن و زمانی لا کردۆتە خەمێکی دواخراو بۆ دەورانێکی نادیار.

رۆژنامەکە چەند جار ناوی گۆریوە. سەروەری ئەوەی هەیە کە ئاپۆ موسا عەنتەر یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی لە سەرەتای نەوەدەکاندا، کە زەمانی کرانەوەی ئۆزال بووە بە ڕووی کورددا، کاتێک ئۆزال مرد دیموکراسییەکەی ئەو دەمەش نەما و سەرەنجام عەنتەر لە روداوێکی بکوژی نادیاردا کوژرا. رۆژنامەی کوردان سەرەتا هەفتانە بوو و ناوەکەشی (وڵات)، ئینجا ناوی کرایە (وڵاتێ مە) و لەسەر ناوی (ئازادیا وڵات) گیرسایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦وە بۆتە ڕۆژانە. لەبیرمە سەرەتای نەوەدەکان دوو سێ ژمارەیان بۆ هێنباینە هەولێر. شتی سەرنجراکێش بوو ئێمەی خوێنەرانی سۆرانی نەتەوەی کورد بەپیتی لاتینی ببینین.

ئازادیا وڵات بەپێی یاسا دەردەچێت، بەڵام زیاتر لە دەجار داخراوە، ئەم رۆژنامەیە کە لیستێک شەهید و لیستێک ناوی سەرنووسەری حوکمدراوی دەیان ساڵەیان هەیە، نها لە دیاربەکر ئۆفیسێکی سەرەکی هەیە و بە کوردی و بۆ کورد دەردەچێ، مانشێتی یەک رۆژی وا بوو: (بۆ ئازادی ئۆجەلان، گەل لەسەر پێیانە)، ئیتر ئەمە ئەوپەڕی رووبەرووبوونەوەیە، کە دیموکراسیی تورکیا و ئیرادەی تەڤگەری کوردی دابینیکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوە ناچێ میوانی تری دیاربەکر ئەمجۆرە مانشێتانە ببینێت. مەگەر وەک ئێمەی رۆژنامەنووس سەری بۆ بخورێت. دەنا لەو ئوتێلەی منی لێ بووم، کە خاوەنەکەشی کورد بوو، هەر رۆژنامە تورکییەکانی لێ بوو.

لەوێ لە دۆستەکانم پرسی داخۆ ئەم رۆژنامەیە قاچاخە و دەوڵەت چاوی لێ دەقوچێنێ، یان یاساییە و دەوڵەت هانی خەڵک دەدات کەم لوتف بن لەگەڵی؟ جوابێکیان شک نەبرد..

راستێکەی رەنگە هەموو ئەمانە بێت و رەنگە ئەو هۆکارەش بێت کە پێشتر باسمکرد: کوردی زانین و کوردی خوێندن، دەنا پێچەوانەی رۆژنامەکە رادیۆی ئاشتیی کە هی بەدەپەیە دەنگی لە هەموو تۆمارگە و ریستۆرانت و تاکسییەکەوە دێت. ئەم رادیۆیە و رادیۆکانی تر و تەلەفزیۆنی گوین (خۆر) و تەلەفزیۆنی دیکەش، شەڕیانە لەسەر دڵی جەماوەر. رادیۆی ئاشتی هەواڵەکانی ئازادیا وڵاتیش دەخوێنێتەوە و گۆرانی گەنجانە و فلکلۆرییش

پەخشدەکەن. یەکێک لەو گۆرانیانەی لە ناو تاکسی گوێم لێ بوو، گۆرانییەکی دەنگبێژی دەنگخۆش هۆزان شەمدین بوو (شیرینێ شیرینێ شەمامە، شەمامەی چوار بێستانی، بەژن ڕێکوپێکی جوان کەسی ئارامی دڵانی، لەبەر بەژن وباڵای تۆ ئاوەدان بێ سلێمانی، ئاگاداری باڵای بێت کاک ئەحمەد لە سلێمانی). جا لە کەنار ئاوی دیجلە گۆرانی شەمدین یەک بەخۆ هاواری کاکە ئەحمەدی شێخی بوو. گۆرانییەکی تر لەسەر ئەحمەد قایە بوو بۆ یادی ئەو، دەیوت «ئەم ژ بیرناکەین ئەحمەد قایە».

لەوێ هەروا گوێت لە ڕاپی دڵداری و ڕاپی سیاسی و گۆرانی تۆپ سۆزداری کیژە چاوکراوەکانی دیاربەکریش دەبێت. یەک لەو ڕاپانەی باوبوو گۆرانی راموسەکە بدەمن، بمەش، بمەش کە کچێکی گەنجی دیار بەکری دەیچڕی. بەو هەموو ڕۆحە کوردانەشەوە زیاتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا گوێت لە قسەی تورکی دەبێت. مارین ڕەحمانی هەڤاڵم لە ئەستانبوڵەوە تێلی بۆ کردم: دیاربەکر چەوا دبینی. گوتم لوتکەی کوردایەتی بە زمانی تورکی. ڕۆح کوردانەیە و دۆبلاجەکە بە تورکییە، دیاربەکر سیمای کەرکوکی هەیە، کەرکوک کوردستانە بە عەرەبی و ئەمیان کوردستانە بە تورکی دەئاخڤێ.

لێرە ناوەندی ڕۆشنبیری زۆر هەیە، کە هەموویان بۆ کورد و کوردستانن، بەڵام ناوەکانیان پەنهان و شاراوەن، ئەمانە هەمووی ماڵی هونەر و ماڵی دەنگبێژان و ماڵی ئاوەدانی ئەحمەدی خانی و روناکبیرەکانی کوردن و ئەمرۆ کار بۆ پێگەیاندنی خۆرت و لاوانی کورد دەکەن.

بەڵێ وایە، کە لە ئەستەنبوڵ بە دیاربەکر دەگوترێ شاری دز و تیرۆریستان، تەنانەت هاوڕێ کوردەکەشم پێیوتم شتێک لە پارەی گیرفان لای من دابنێ نە وەکو لەناکاو گیرفانت ببڕن. بۆ سەفەری گەڕانەوە کارت پێی دەبێ، بەڵام من لەبەر ئەوەی پێشتریش سەردانیم کردبوو، پێم باشتربوو بە گەشبینییەوە برۆم تا ئەوەی بە ترس و دڵەڕاوکێ گەشتی کوردستان لە خۆم تێکبدەم. بۆیە جگە لە کارە ڕۆژنامەوانییەکەم لەگەڵ سەرحەدی هاوڕێم چووینە چێشتخانە دڵگیرەکەی «محرم وەستا» لەو هەوا خۆشەی ئەو ناوچەیەی فێنککردبۆوە پاشا و میری ناوچەکە بووین. لەگەڵ خوشکی سەلارمان سیدار باسوت ڕۆژی دواتر چەند شوێنێکی ناوشار گەڕاین و میوانی ئەویش بووین لە چێشتخانەیەکی دێرین، کە ناوی (غازی کۆشک) بوو.

## ئەدگاری ململانێ

لێرە خوێندکارە گەنجەکانی زانکۆی دیجلەش بەشێکن لە لەشکری بێکاری، کە بوژاندنەوەی شارەکە هەوڵدەدات نارەزایی و بێکارییان هەڵمژێت. سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بابەتی سەرەکی گفتوگۆی خوێندکارانی دیجلەیە. ئەو کاتەی لەوێ بووم هیچ ململانێیەک نەبوو، کە سەری تیا بشکێ، بەڵام لەم چەند ڕۆژە بیستم لەم سێبەری ئاشتیدا، لایەنگرانی پەکەکە و حیزبوڵڵا لەسەر سیاسەت و دیالۆگی سیاسیی بۆتە شەڕیان و سەری تێدا شکاوە.

ڕۆژگارەکانی شەڕی دەوڵەت دژی پەکەکە زۆر ماڵ و بنەماڵەی گوندەکانی دەوروبەری ئاوارەی شارە گەورەکان کرد. عەزیز وتی: سەرمایەگوزاری ئەستەنبول و ئەزمیر و شارە

پیشەسازییەکان دەستی کاری هەرزانی زۆری دەسکەوت، کە هێزی راکردووی کوردەکانی دیاربەکر و گوند و ئاواییەکانی دەوروبەری بوون.(لە کاتی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، بەتایبەتیش دوای ساڵی ١٩٩٢، زیاتر لە سێ هەزار گوند و کێڵگە چۆڵکران و زۆربەیان تێکدران. ئەمەش بووە مایەی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنی زۆرەملێی چوار سەد هەزار کەس... خەڵک ماڵە گوندییەکانی خۆیانیان جێدەهێشت، لە داخی گێچەلە بەردەوامەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا. ئەوانە بەرەو دیاربەکر، ئورفە و وان، یاخود شارستانی دیکە لە باشووری خۆرهەڵات ماڵیان چۆڵدەکرد. بەمەش بوونە مایەی دووقاتکردنی رێژەی بێکاری، کە خۆی ئەسڵەن ئینتەلایکردبوو.. زۆری تریش لە داخی کاریگەری شەڕ و رەوشی تاقەتپروکێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری خۆرهەڵاتی وڵات، هەرێمە کوردییەکانیان بەرەو ئەستەنبول و ئەزمیر جێهێشت.... تركيا المتغيرة تبحث عن ثوب جديد – هاينتس كرامر، تعريب: فاضل جتكر، العبيكان– ٢٠٠١،ل٧٨).

## پەژارە و ئومێد

ئەوانە لە لاپەڕەکانی ناخۆشی نەوەدەکان بوو، ئێستا وانییە، راستە ئێستاش داخ زۆرە لە دیاربەکر، بەڵام ئومێد زۆرترە.. ئومێدی وەک ئەوەی لە هەندێک سۆپەرمارکێتدا خەبتێنێکی هێمنانە دەبینیت. بازرگان خۆڕسکانە کوردایەتیدەکات. جلی کوردی و کڵاشی کوردی و تیشێرتی بە کوردی لەسەر نووسراو دەفرۆشێ. دروشمی کوردی وەک (خەمی ئێمە شادی ئێوەیە) بە کوردی بانگ لە هاوڵاتیان دەکات بۆ کڕینی کەلوپەلی کوردی، خاوەنەکەی پێیوتم گەنج و هەرزەکاران زۆر لەمانە دەکڕن، بەتایبەتی ڕاپەرەکان کە حەزیان بە تیشێرتی جوان حاجۆ و فەرهاد تونج هەیە. یەکیان کوردی سوریا و بە ئەسڵ باکووری و ئەویتریان کوردی دەرسیمە، کە خۆی بۆ پەرلەمان هەڵبژارد لەسەر لیستی رەنج و ئازادی، لیستە کوردییە یەکگرتووەکە، بەڵام دەرسیمییەکان ناسنامەی مەزهەبییان پێش هی نەتەوەیی دانابوو، بۆیە دەنگیان بۆ نەدا.

ئومێدی تریش هەیە، وەکو سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر، کە جێدەستی بە ئاوەدانی خۆڕسکانەی شارەوە دیارە. کاک عوسمان بایدەمیر چالاکوان و کارگێرێکی بەناڤودەنگە، کە وزەیە بۆ کوردی باکوور لەم سەرەتای سەدەی بیستەدا.

عوسمان سەرۆکایەتی شارەوانییەک دەکات، کە وەکو ئیرادەی میللەت لە هەموو بوارێکدا خزمەت دەنوێنێ. هەر لە ماڵی دەنگبێژانی دیاربەکر تا فیستیڤاڵی هونەری و چاند تا دەگات بە فێرکردنی بالێ و هونەرە جوانەکانی تر و ئینجا بوار کۆمەڵایەتی، وەک یارمەتی پرسە و مەولود و سفرە و بەربانگی رەمەزان، لەوێ والی و سوپەر والی هەر ئەمنیەت و یاسا و دەوڵەتدارییان بۆ ماوەتەوە. هەموو خزمەتگوزارییەکانی تر شارەوانییە هەڵبژێردراوەکە دەیکات، سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر، بایدەمیر، خۆشەویستی خەڵکە و جێی متمانەیانە، چونکە لە خزمەتکردنی ئاوەدانی وڵات و راکێشانی گەشتیاران و میوانان بۆی درێغی ناکات، بایدەمیر گرانی دەداتە سەر پێویستی بوژاندنەوەی مێژووی

دێرین و شوێنەوارە شانازییەکانی دیاربەکر و جێگا گەشتیارییە ناسراوەکانی شارەکە، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە بەڕۆحێکی گەنجانەوە کاردەکات نووسینگەکەی هەمیشە جمەی دێت لەو تیمە گەنجانەی کچ و کوڕ کە بەگوڵ و خەندە و هیوای دوارۆژەوە سەردانی دەکەن، ئەگەرچی ئەم سەرکردە ئیدارییە گەنجە کەمتر خۆی لە قەرەی سیاسەت دەدات، بەڵام لە خۆڕاپسکانە ئاشتیخوازەکانی، وەک ئەوەی لە ڕۆژی ئاشتی جیهاندا ڕوویدا، لە گۆڕەپانەکەدا ئامادە و ڕۆڵگێڕە.

بایدەمیر لەگەڵ هەڤاڵەکانی شارەوانی خەباتێکی دوورودرێژیان کرد، تا دیواری گەورەی دیاربەکر لەگەڵ شارە دێرینەکە وەک بەشێک لە کەلەپووری جیهانی بناسرێت، کە دەبێ لە دەستی ڕۆژگار و دەستی زوڵم پارێزراوبێت. دیواری دیاربەکر دوای دیواری چین درێژترین دیواری دونیایە. یانی ئەگەر شتێکمان هەبێ ململانێی ئەژدیها جیهانییەکەی چینی پێ بکەین قەڵغانەکەی دیاربەکرە.

کەچووومە سەردانی بایدەمیر لەجێی ئەوەی بهێڵێ پرسیاری لەسەر دیاربەکر لێ بکەم، ئەو پرسیاری لەسەر سلێمانی و کەرکوک و هەڵەبجە لێ دەکردم. لەسەر فەرهەنگ و ئەدەب و ڕەوتی ڕۆشنبیریی لە باشوور. ئەم تێکۆشەرەی کورد بەهۆی چەند چالاکییەکی فەرهەنگییەوە چوار ساڵ قەدەغەی سەفەری لەسەر بوو. پێش ئەوە هاتبووە کۆنفرانسی شارەکان، کە لە هەڵەبجە کرابوو. لەبەر ئەو قەدەغەیەی لەسەری بوو زۆر پەرۆشی کوردستانی خۆمان بوو. تا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٧ هاتە سلێمانی و لە میوانداری هێرۆخان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، وتی: پەرۆشی کوردستان بووم. کە قەدەغەم لەسەر نەما، یەکەم سەفەرم بۆ دەرەوەی تورکیا، سەردانی ئێرە بوو.

بایدەمیر وەک هەمیشە، کە پایتەختەکەی باکووری کردۆتە مەڵبەندی دەیان کۆڕ و کۆنفرانس، بانگەوازی ئێمەی ڕۆژنامەنووسیی کرد: فەرموون ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بکەین، ئێوە داوەتی ئێمە بن و ئێمەش ڕۆژنامەنووسانی خۆمان دەنێرین.

# سەرمایەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دیاربەکر؟

باسکردن لە بوونی دەوڵەمەندی گەورەی کورد لە شارە گەورەگانی وەکو ئەستانبوڵ و ئەنقەرە و ئەزمیر، تەنانەت دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوانی بازرگانی جیهانی لە تورکیا، دەنگوباسێکی شاراوە نییە، هێندە هەیە لەسەر کاغەز نەنووسراوە و لە تورکیای رەسمیدا بەناوی کوردەوە تۆمارنەکراوە.

لەبەر ئەوە زەحمەتە ئامار یان داتا لەو بارەیەوە چنگ بکەون. بۆیە ئەم باسکردنە هەروەک ئەفسانەی نێو چیرۆکەکان دەمێنێتەوە، کە هەتا لێی قوڵبیتەوە گەورەتر دێتە بەرچاو، جا یان قودەرتمەندییەکی شاراوە دەداتە کوردی میترۆپۆڵەکان، یان قوڕبەسەرییەکی گەورەیان بەسەردا دێنێت. چونکە هەموو نەناسراوێک چەند پەراوێزی مامەڵەی لەبەردەمدا کراوەتر دەبێت، هێندەش وەک پەنهانێک قین و ئیرەیی لەبەردەمدا قووتدەبێتەوە.

هێزی دەوڵەمەندی شاراوەی کورد پەرتە و دانپیانەنراوە، بەڵام هێزی بەرەنگاری دەوڵەمەندی راوەستاو لەبەردەم کورد دیارەو هەموو دەوڵەمەندێکی کورد لە ململانێدا بە ئامانج دەگرێت. دەوڵەت و یاساکانیش، کە دان بە بوونی کورددا نانێن، هەر جموجۆڵێکی کۆڕبەندی ئابووریی کورد هەبێت بۆنی ناسنامەی لێ بێت دەکەنە بیانوو بۆ لێسەندنەوە و بێبەشکردن لەڕەنجی عومر. دەڵێم چالاکی ناسنامە، دەنا چالاکی سیاسیی تر ڕێگای لێ نەگیراوە، لەبەر ئەمە دەوڵەمەندی کورد لە بابی ئاشتی و زەمینەی دیموکراسی و هەلومەرجێکی باشتری وەبەرهێنانەوە لەگەڵ سەرمایەگوزارانی سەرتاسەری تورکیا لەسەر رەوشی ئاشتی و نەهێشتنی شەڕ، کە کورد تەرەفێکێتی، قسەی خۆی هەیە.

سەرمایەگوزاری تورکیش دەخوازێ دۆخی باکوور ئاسایی بێت و شەڕ نەمێنێ، بۆ ئەوەی زەمینەی وەبەرهێنانی دڵنیاکەرەوە فەراهەمبێت.

لەبیرمە لە سەرەتای کاری رۆژنامەنووسیدا، سەرەتای نەوەدەکان، پوختەی راپۆرتێکی ژووری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی تورکیامان لە ڕۆژنامە بڵاوکردەوە، کە پەیامی سەرنجڕاکێشی بۆ ئاشتی تێدابوو. راپۆرتەکە، کە لێکۆڵیاری ناسراوی تورک دۆغۆ ئەرگیل سەرۆکی لقی زانستە سیاسییەکان لە کۆلێژی سیاسەت لە زانکۆی ئەنقەرە نووسیبووی، روونیدەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی باشووری رۆژهەڵات چارەسەربکەین، کە لە دیدی تورکەوە کێشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشەی دواکەوتوییە، پێویستە شەڕی پەکەکە و دەوڵەت نەمێنێت. لەبەرئەوە ئەرگیل چەند خاڵێکی پێشکەوتووی بۆ ئاشتی و دیموکراسی خستبووەڕوو.

ئەمجارەشیان کە لە تورکیا بووم، راپۆرتێکی بەربڵاو دەرکەوت کە ئومیت بۆیتەر سەرۆکی

کارسازی تورکیا، خانمێکی نەشمیل و بەهەیبەت بوو، داوای چارەسەری ئاشتی دەکرد و بەناوی خاوەنکار و سەرمایەگوزارانی تورکیاوە بانگەوازی ئاشتی کرد. ئەم پێویستی ئاشتییە بۆ ئابووری و وەبەرهێنان هێزی یەدەکن بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد. بەشی بەرچاوی دەوڵەمەندی کورد لەو نێوەندەدا جێدەگرن.

لەگەڵ گفتوگۆکارم کاک ڕەمەزان بایزن.. لەسەر ئەو باسوخواسانە گفتوگۆمان دەکرد، کە یەکێک لە دەوڵەمەندە کوردەکانی ئەستانبوڵە و چیرۆکێکی سەرکەوتوویی ژیان و ململانێی دەوڵەمەندی هەیە.

کاک ڕەمەزان خاوەنی کارگەیەکی پێڵاوە کە ڕەنگە هەزاران هەزار جووت پێڵاوی بەرهەمهێنابێت، بەڵام تاکە پێڵاوێکی کارگەی ڕەمەزان بایزن لە هەموو دونیادا ناوبانگی پەیداکرد. مونتەزر زەیدی ئەو ڕۆژنامەنووسە عیراقییەی تاکە پێڵاوێکی گرتە سەرۆک بووش، نەسیبی ناساندنێکی نێودەوڵەتی بوو، بەڵام پێڵاوەکەی پێی مارکەی (دوکانی ٢١٧) هی کارگەکەی کاک ڕەمەزان بوو، بەمجۆرە بۆ یەکەمجار کرداری شۆڤینییەکی عەرەب بووە خێر و بەرەکەت بۆ کوردێکی سەرگۆی زەوی، با کوردی باکوور و دانیشتووی ئەستانبوڵیش بێت. لە دەمەتەقێی کاک ڕەمەزاندا گەلێک بیرۆکەی جددیمان باسکرد لەسەر ڕەوشی ئابووری و سەرمایەگوزاری کوردی.

لەوانەش یاساکانی ئەستانبوڵ. ئەگەر بزانن خاوەنکار ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی خۆی دەردەخات و لەسەر بنچینەی ئەوە گەلەکۆمەکێ دەکات، ئەوا دەریدەکەن و سەرمایەکەی بلۆک دەکەن. ئەو وتی لەبەر هەندێ دەوڵەمەندی کورد ناتوانێ ئەم ویستە نەتەوەییەی خۆی دەربخات، هەتا دەوڵەت بە ڕەسمیی دان بە کورددا نەنێت.

گوتیشی: لە ئەستانبوڵ و دیاربەکریش کۆمەڵەی تایبەت هەیە، بەڵام نابێ بەناوی کوردەوە دەربکەوێت، ئەگینا تووشی بەربەستی یاسایی دەبن و ڕێگری لە کارەکانمان دەکەن. ڕەمەزان داخ و کەسەری خۆشی نەشاردەوە، کە لەبەر ئەو فاکتەرانە پێکەوە دەوڵەمەندی کورد نەبوونەتە چینێکی بورژوازی کە خاوەن ستراتیژ، بەڵکو وەکو تاک کاردەکەن و تاکیش بۆ گیرفانی کاردەکات و تاکی دەوڵەمەندی کورد لەناو دەوڵەمەند و سەرمایەگوزاری تورکیا دەتوێتەوە.

کە لێم پرسی ئاخۆ دەوڵەمەندی کورد چالاکی خزمەتی گشتی و کۆمەڵایەتی هەیە، وەکو هاوکاری جڤاکی کوردی لە ئەستانبوڵ کە گروپی کوردی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و گشتییەوە پایەداربکات، وتی: هەیە و چالاکی لەو بابەتەش دەکرێت، بەڵام بەگوێرەی دڵخوازی ئێمە نییە، چونکە یاساکان ڕێگرن. ئەگەر کێشەی ناسنامەی کورد بێتە چارەسەرکردن، ئەوا دەکرێ بەشداریی دەوڵەمەند و سەرمایەی کوردی لەو بوارەدا گەشەی زیاتر بکات.

لەو هەموو ڕەوشە سەلبییە کە لەسەرەوە باسکران، کاک ڕەمەزان هێشتا فاکتەری ئیجابیش لە بیرناکات. بۆیە گوتی: دەوڵەمەند و سەرمایەگوزارانی تورکیا بانگەوازی ئاشتی دەکەن و ئەمەش دەرفەتمان دەداتێ بۆ دیالۆگ کە ڕۆڵی سەرمایەگوزاری کورد بەهێزبێت و ئێمەش خزمەتی وڵات و کۆمەڵگەکەمان بکەین، نەک تەنها لە ئەستانبوڵ، بەڵکو لە شارەکانی خۆشمان، لەوانەش دیاربەکر تا کۆچی پێچەوانەی سەرمایە ڕووبدات.

# لە دیواری زیندانەکەی دیاربەکر بپرسن

زیندان ئاوێتەی تێکۆشانی سیاسی خاوەن باوەڕەکانە، نەخاسمە تێکۆشەرانی کوردایەتی و تێکۆشانیان بۆ مافی نەتەوەیی لە بەرپەرچدانەوەی داگیرکەراندا. دیرۆکی زیندان قەدیمە، کۆنینەیە بەئەندازەی کۆنینەیی خەبات و بەرەنگاری. لە نموونەی تێکۆشانی باشووردا ئەبوغرێب، ئەمنە سوورەکە، هەیئەی کەرکوک و نوگرە سەلمان، لە نموونەی باکووریشدا هەر یەک نموونە بەسە کە زیندانی گەورەی دیاربەکرە.

زیندان لە ڕەوتی تێکۆشانی کوردایەتی باکوور، لە دەورانی عەسکەرتاری و نکۆڵیکردنی کەمالیزم لە کوردستان، چۆتە مۆخی ئینسانی کورد و بۆتە بەشێک لە دیمەنی هونەر و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەوێ.

گۆرانییە کلاسیکییەکانی وەک (ئەی فەلەک تۆ بۆچی وات لەمن کرد، عەمری من چوار دەیە) لە سروودە شۆڕشگێڕییەکانی وەک (بەرخۆدان ژیانە) و لە گۆرانییە سیاسییە سۆزدارییەکەی شڤان پەروەر (من بیریا تۆکری) و پێشانگەی هونەرمەندانی دیاربەکر کە بەری چەند ساڵ کرا، لە بیرەوەری و چیرۆک و گێڕانەوەی خودی زیندانیان و فیلمە دیکۆمینتارییەکانی هونەرمەندو سینەماکارانی کورد لە باکوور. لەمانە هەمووی ڕەنگدانەوەی بەرجەستەی هەیە.

شڤان لە (من بیریا تۆکرییە) بەزمانی زیندانییەکی ئەڤینداری خاک و خۆشەویستەوە دەڵێت:

ئەڤ چەند ساڵە لە حەپسیمە، زوڵم و زۆرێ گەلێك دیمە
لێ بە ئەڤینە تە دژیمە، باوەڕکەن بیریا تۆ کرییە.
بپرسە دیواری حەپسێ، بپرسە لە هەڤاڵ و دۆستی
ئەوان بە تەڕا دەبێژن راستی.. من بیرییە تۆکرییە.

ئەوی لێرە دەیگێڕینەوە چیرۆکی یەک لە زیندانیانی زیندانەکەی دیاربەکرە، کە دوای کودەتای ساڵی (١٩٨٠)، وەک سەدان تێکۆشەر ئاخێنرایە کونجی زیندانەوە.

لێرە.. سەڵاحەدین بولوت لەناو ریزی کتێبەکانی کتێبخانەی میدیا لە ئەستانبوڵ، کتێبخانەیەکە بۆ فرۆشتنی کتێبی کوردی و کوردستانیی، کەمێک لە مامەڵە و دەمەتەقێی کڕیارەکانی دووردەکەوێتەوە و لەگەڵ پرسیارەکانی ئێمەدا بیرەوەرییەکانی دەگوشێ، بیرەوەرییەکانی زیندانییەک.

ئەو پێشتر تەجرەبەی زیندان بۆی بۆتە هەوێنی رۆمانێک بەناوی (خادم) کە

ساڵی (٢٠٠٨) لە وەشانی ئاڤێستا بڵاوبۆتەوە، دانەیەکی بەدیاری داپێم، بەڵام لێرە ڕاستەوخۆ باسی خۆی دەکات.

## بردیانم بۆ سەربازگەی دیاربەکر

*** ساڵی چەند گیرایت؟**

– مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨١ گیرام، لە «ئانتاکیا» لەسەر سنووری سوریا، دەمویست لەوێوە بەقاچاغ دەربازی سوریا ببم. کە گیرام، بردیانم بۆ زیندانی سەربازیی دیاربەکر.

*** بۆچی گیرای، ئەندامی تەڤگەرێکی کوردی بووی؟**

– بەڵێ ئەندامی حزبی (کوک) بووم، واتە حزبی ڕزگاری کوردستان. من و چوار هەڤاڵی ترم بووین، دەمانویست سنوور ببەزێنین، شەوبوو، سەربازەکانی تورکیا لێمان پەیدابوون و ئێمەیان گرت.

*** ئەو کاتە تەمەنت چەند بوو؟**

– ئەو کاتە ٢٨ساڵان بووم. هەڤاڵێکمان کوژرا و سێ کەسیشماینەوە، گیراین. پاشان نزیکەی هەفتەیەک لە قەرەقۆڵی هاتای بەندکراین، لەوێ لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هەبوو. دواتر ئێمەیان ڕادەستی پۆلیسی دیاربەکر کرد. لەوێش یەک دوو شەو لێدان و کوتان هەبوو. لەوێشەوە ناردیانین بۆ ماردین.

*** بۆچی ماردین؟**

–چونکە نفوسی ئێمە لەسەر ماردین بوو. ٤٧ڕۆژیش لەوێ لە شوێنێکی سەربازیدا ماینەوە، لەوێش هەر لێیانداین. دوای ٤٧ڕۆژ هێنایانین بۆ دیاربەکر، نزیکەی ١٠ڕۆژێکیش لەوێ، لەناو شوێنێکی تایبەتدا بووین، بۆ ئەوەی برینەکانمان چاکبنەوە، چونکە هەموو گیانمان شین و مۆر هەڵگەڕابوو. هەروەها نەدەکرا بەو حاڵەوە بمانبەن بۆ دادگا. بەهەرحاڵ لەو ١٠ڕۆژەدا کەمێک باشتربووین و ئێمەیان بردە دادگا. پاش دادگاییەکە بردیانین بۆ ئەو زیندانەی دیاربەکر کەوا باسم کرد.

## گرتووخانەی سەربازیی پێنجەم

*** لە دادگا چەند ساڵ حوکمدران؟**

– دەستبەجێ حوکم نەدراین. لە یەکەم دانیشتنی دادگا تەوقیفکراین. ئینجا ناردیانین بۆ گرتووخانەی سەربازیی (بێشنۆل) پێنجەمی دیاربەکر. ئەو گرتووخانەیە لە تورکیا و دونیاش بەناوی بێشنۆل ناسراوە. کاتی کودەتا سەربازییەکە دامەزرا. من ماوەی ٨ ساڵ لەو گرتووخانەیەدا مامەوە، لە ١٩٨١وە بۆ ١٩٨٩. خۆی دادگا ٢٠ساڵی بۆ من بڕییەوە، بەڵام ١٢ساڵی لێ دەرکرا، مایەوە ٨ساڵ. پاش ئەو ٨ساڵە کە بەربووم، هێشتا حوکمەکەم نەبەسترابوو، چونکە ئەو ٨ساڵە هەر تەوقیف بووم، واتە قۆناغی حوکمەکەم تێنەپەڕاندبوو. هەر هاتوچۆی دادگام دەکرد و دەیانووت بڕۆ ٣ مانگی دی وەرەوە، دەچووم دەیانووت بڕۆ ٢ مانگی تر وەرەوە. ئەو ٨ ساڵەم ئاوا بەسەربرد. دوای ٨ ساڵەکە

کە لە دەرەوە بووم، بە ٧ — ٨ مانگ ئینجا حوکمەکەم هات، وتیان ٢٠ ساڵ حوکم دراوی.

وڵاتێک کە مافپەروەری و دادپەروەری تێدابێ، پرۆسەی دادگایی هێندە ناخایەنێت. ئەگەر مرۆڤ تاوانێکی کردبێ، دادگا لێی دەکۆڵێتەوە و دەڵێ ئەوە سزاکەی تۆیە، یان ئەوەتا بێتاوانی. من ٨ ساڵ بەندکرابووم و هیچ سزایەکیش دیاری نەکرابوو.

*** ساڵی ١٩٨١ کە گیران، ئەو شێوازی لێدان و ئەشکەنجەیە چۆن بوو؟**

– کاتێک ئێمەیان برد بۆ بێشنۆل، لێدان تازە دەستیپێکردبوو. بۆ نموونە دەهاتن رۆژانە چوار داریان لە دەستی ئێمە دەدا، یان دوو زللەیان لە ڕوومەتمان دەدا، یان چوار داریان لەبنی پێمان دەدا، کاتێک دەیانبردینە حەوشە، ١٥ خولەک یان نیو سەعات لەوێ پیاسەماندەکرد. دەیانووت دەبێ بەشێوازی سەربازی و بەمارشی سەربازی پیاسەبکەن و سروودی تورکیا بڵێینەوە. سروودی نەژادپەرستی بوو، لەو سروودەدا بە باڵای نەتەوەی تورکیاندا هەڵدەداو جنێویان بەنەتەوەکانی تر دەدا. رۆژ لە دوای رۆژ ئەو لێدانە زیادیدەکرد.

*** بۆچی بەم شێوەیە لێیان دەدان؟**

– لەشی مرۆڤ یەکەمجار ناتوانێ بەرگەی لێدانی قورس بگرێت. بۆیەش وردە وردە ئەشکەنجەکە قورستردەبوو. بۆ نموونە، یەکەم رۆژ دوو داریان لێدەدایین، رۆژی دووەم دەیانکردە چوار، دوای هەفتەیەک دەیانکردە شەش، دوای دوو هەفتە دەبووە هەشت، مانگێکی تر دەیانکردە دە، پاش دوو مانگ ئیدی ٢٠ دار، هەندێ جار ٤٠ دار و ٥٠ داریان لە دەستی ئێمە دەدا. یان ئەو رێپێوانە سەربازییانە سەرەتا ١٠خولەک بوو، دواتر کردیانە نیوسەعات، نیوسەعات بوو بە یەک سەعات، بوو بە دوو سەعات، بوو بە چوار سەعات. هەر ئێمە دەڕۆیشتین و ئەوان لە ئێمەیان دەدا. دەیانووت دەبێ ئەژنۆتان ئەوەندە بەرزبێتەوە بەر سنگتان بکەوێت.

## تا دەنگتان وشک دەبێت

دەیانووت دەبێ ئەو سروودانە ئەوەندە بەرز بڵێینەوە، تا دەنگتان وشک دەبێت. دەیانووت ئەگەر پڕ بەدەنگ ئەو سروودانە نەڵێینەوە، دیارە بەدڵ نایڵێین، کەوابوو خائینن. ئێمەش بۆ ئەوەی لەو لێدان و کوتانە رزگارمان بێت، تا هێزمان تێدا بوو دەمانقیژاند. دیسان لێیان دەدایین و دەیانووت پێویستە ئەو دەمارانەی قوڕگتان هێندەی پەنجەی دەستمان ئەستووربێت. هەتا ئێوارە ئەوەیان بە ئێمە دەکرد. پاش چوار سەعات ئێمەیان دەبرد بۆ قاوشەکان، دەیانووت دەبێ بژمێرن ئینجا بچنەوە ناو قاوشەکان. یەکەم کەس دەچووە ناو دەیووت «یەک»، ئەویتر بەدوایدا دەیووت «دوو»، ئەویدی دەیووت «سێ». بۆ نموونە، ئێمە ٧٠ کەس بووین، هەروا دەمانژمارد، ئەوی دوایی دەیووت «حەفتا»، هەموو دەبوایە دەنگمان کزبێت، ئەوەی هێشتا دەنگی گوڕبوایە، دەیانووت «بوەستە!». چونکە دەیانووت ئەوەی دەنگی نەگۆڕابێ، دیارە سروودەکەی باش نەوتۆتەوە. بەمجۆرە ١٥ — ٢٠ کەسیان دەهێشتەوە. دوو سەرباز دەهاتن و بەدار و بە شوڵ لەوانەیان دەدا.

ئینجا تەنها سروودمان نەدەوتەوە، کتێبێکی سەربازی هەبوو، باسی سەربازی تورک و

ئەتاتورکی دەکرد. لەناو قاوشەکانیش ئەو کتێبەمان دەخوێندەوە. یەکێک دەیخوێندەوە و ئەوانەی تریش دەبوو دووبارەیبکەنەوە. ئینجا ئەوەی دەیخوێندەوە و ئەوەی گوێشی لێ دەگرت، هەمووی دەبوو بەشێوەیەکی سەربازی بوەستێت. لە پەنجەرەکانەوە سەرباز سەیریاندەکردین، یەکێک دەستی بجوڵاندبا، یەکێک خۆی بخوراندبا، یەکێک ملی بسوڕاندبا، بانگیاندەکردە دەرەوەو لێیان دەدا. ئەوانە هەمووی قەدەغەبوون. بۆیەش هەموو لەشمان دەتەزی. وەک ئاسن رەق دەبووین. کاتێک رستەیەک لەو کتێبە دەخوێندرایەوە، دەبوو هەموو بەندکراوەکانی تر پڕ بەدەنگ بیڵێنەوە. ئینجا قاوشەکانی ئەو گرتووخانەیە هەمووی کورد بوون، نزیکەی ٤٠ قاوش هەموو بەیانییەک دەهاتنە حەوشە رێپێوان و سروودوتنەوە دەستیپێدەکردو لێدانیان دەخوارد. هەم لەناو قاوش و هەم لە حەوشە، لە هاتوچۆی سەردانکەر و هاتوچۆی دادگاشدا هیچ گرەنتییەکی ژیانمان نەبوو. ئەوەی چوار ساڵ لە گرتووخانەی دیاربەکردا مابایەوە، بەدرێژایی چوار ساڵ نەیدەزانی سبەی دەژی یان نا. وەک ئەوەی مرۆڤ لەناو بیرێکدا بێت، نە دەنگی دەرەوە دەهات و نە دەنگی ئێمە دەگەیشتە دەرەوە.

*** کەس لە ئەنجامی ئەو لێدان و ئەشکەنجانەدا مرد؟**

– بەڵێ زۆر کەس لەبەرچاوی ئێمە، بەلێدان دەمردن. ئێمە تەماشامانده‌کرد، ئەوەندەیان بەدار لە کەسێک دەدا هەتا دەمرد.

## گازێکی ساردیان پێدا دەکردین

بۆ نموونە جارێکیان لە حەوشە لە یەکێکیان دا، ناوی رەمەزان بوو، کوردی ناوچەی روحا بوو، سەربازێک چەندی لێی دا بەلێدان نەمرد، ئینجا سەربازەکە هەستا ملی گرت و سەری بەدیواردا دەکێشا. تەنها بۆ ئەوەی بیکوژێت. ئینجا ئەو گیراوە کەوت و لەسەر ئەرز درێژبوو. بە چوار پێنج کەس هەڵمانگرت و بردمانە ناو قاوش، نەمرد، بەڵام بەدەم کەوت و بێهۆش بوو. زۆر مرۆڤ هەر لەو حەوشەیە شێت بوون. هەندێکیش کوژران، هەندێکی تر بریندار و سەقەت بوون. زۆر کەسیان خەساند. چلەی زستان ئێمەیان رووتدەکردەوە و گازێکی ساردیان پێدا دەکردین، کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگر بەکاردێت. زۆر کەس لە پیاوەتی کەوتووە، بەڵام ئێستا بەهۆی باری کۆمەڵایەتییانەوە باسی ناکەن.

*** ئەو سروودەی تورکەکان هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کوردەکان دادەنا؟**

– نەخێر، هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گیراوەکان نەبوو. کاتێک لەبن داری زۆردا ئەو سروودەیان دەخوێندەوە، زیاتر رقئەستوور دەبوون بەرانبەر بە تورکەکان.

*** ئەی کەوابوو ئامانجی ئەوان چی بوو؟**

– ئەو چەند سەعاتەی ئێمەیان ئەشکەنجەدەکرد و ئاوا هیلاکیان دەکردین، بێهۆش دەبووین، نەماندەتوانی بیر لە هیچ شتێکی تر بکەینەوە. بەمجۆرە بواری بیرکردنەوەیان بۆ نەدەهێشتینەوە. دوای ئەم هەموو لێدان و ئازارە، کاتێک سەرمان دەنایەوە، دەستبەجێ خەومان لێ دەکەوت. بەم رێپێوان و مارش و کتێب خوێندنەوەیە، نەیان دەهێشت بیر لە کۆمەڵگە و کەسوکار و رێکخستنی خۆمان بکەینەوە.

*** ئەو لێدانە چەند ساڵ بەردەوامبوو؟**

–چوار ساڵی خایاند. لە ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٤.

*** بۆچی لە ١٩٨٤ ڕەوش گۆڕا؟**

–ساڵی ١٩٨٤ سەردەمی دەسەڵاتی سەربازی بەسەرچوو و کودەتا تەواوبوو. حکومەتی ئۆزاڵ هات، ئیدی ئەشکەنجە و لێدان نەما، بەڵام گرتن هەر مابوو. ئێستاش لە تورکیا مرۆڤەکان دەگیرێن، چوار ساڵ لە گرتووخانە دەمێننەوە، بەبێ ئەوەی سزاکەیان دیاریکرابێت.

*** پاش ئەوەی ئازادکرای، ساڵەکانی ١٩٩٠، ١٩٩١ ڕەوشی تورکیا هەندێک گۆڕا، لای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ یان دەزگا قەزاییەکانی دەوڵەت هیچ سکاڵایەکت تۆمارنەکردووە؟**

## باوەڕم بە یاسا، عەدالەت، دادگاو دەوڵەت نییە

– نەخێر، لەو ڕۆژەوە کە ئازادکرام، تاکو ئێستا شکاتم لە دەوڵەت نەکردووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە باوەڕناکەم وەڵامی ئەم هەموو زوڵمە بدرێتەوە، باوەڕناکەم ئەو کەسەی شکاتەکەی لەلا دەکەم، گرنگی بەوە بدات من چیم بەسەرهاتووە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بەهەمان شێوە، هەزاران کەس کە سەردانیانکردوون، لە بەرچاوانن. واتە مافی مرۆڤەکان هێندە بەئاسانی ناسەندرێتەوە. من لە تورکیا باوەڕم بە یاسا، عەدالەت، دادگا و دەوڵەت نییە. بۆیەش لەو باوەڕەدا نیم ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە قەرەبووبکرێتەوە.

*** ئەمە زیاتر بۆ کوردەکان وایە، یان بۆ تورکیش وایە؟**

– زیاتر بۆ کوردەکان وایە. لەوانەیە تۆ بڵێیت ئەو مرۆڤە چۆن وا بیردەکاتەوە. لەڕاستیدا من ناشمەوێت کەس یان لایەنێک تۆڵەم بستێنێتەوە، ئەو هەقەم ناوێتەوە.

*** بۆچی؟**

– چونکە باوەڕناکەم کەس ئەو هەقەم بداتەوە، لەوەش گرنگتر ئەو هەقە بەچی دەدرێتەوە؟ بە چ پێوەرێک تۆ دەستنیشانیدەکەیت کە بەرانبەری ئەو هەقە چییە؟ بۆ نموونە، ئێستا شکات بکەم، چوار پێنج ساڵیش ئەو دادگایە بخایەنێت و دوای پێنج ساڵ بێن بڵێن سەلاحەدین بەڕاستی ناهەقیت لەگەڵدا کراوە، ها ئەوە ١٠٠ هەزار بۆتۆ. تۆ پێتوایە ئەو زوڵمەی کراوە بە ١٠٠ هەزار لیرە پاکدەبێت. دەوڵەت کاتێک ئەو ١٠٠ هەزارە بدات بە من، ئیتر بێمنەت دەبێ، خەیاڵی ئاسوودەدەبێ، من نامەوێت ویژدانی دەوڵەت ئاسوودەبێ. دەمەوێت خۆشم هەر بەم ئێشە بمرم. بێگومان ئەو دەوڵەتەش شتێک ناکات کە من هەست بە ئاسوودەیی بکەم.

*** ئێستا تۆ ئەو سەربازە دەناسیتەوە کە لە تۆی داوە؟**

– نەخێر، ئێستا بیشیبینم نایناسمەوە.

*** یان هەر ناتەوێ بیناسیتەوە؟**

– نە دەمهەوێ بیبینم، نە دەمهەوێ بیناسمەوە.

*** ئەگەر یەکێک لەو سەربازانە تۆ بناسێتەوە و ئێستا بێت سەردانت بکات، تۆ چی پێ دەڵێیت؟**

– نازانم چی بڵێم. ئەو سەربازانەی وایان بەسەر ئێمە هێنا، لە مرۆڤ نەدەچوون.

ئەگەر یەکێک لەو سەربازانە ببینمەوە، لێی نادەم، نایکوژم، تەنیا دەتوانم پێی بڵێم برۆ.. لەبەرچاوم مەوەستە.

## هێزی تایبەت

*** ئەو سەربازانەی هەشتاکان لە خەڵکیان دەدا، ئێستا چارەنووسیان چییە، لەکوێن؟**

– ئەوانە ئەوکات تەنیا سەربازیی خۆیان دەکرد. دەوڵەت بانگیکردوون و کردوونی بە سەرباز. ئەوانیش نەیان زانیبوو کە دەوڵەت دەیانهێنێتە گرتووخانەی دیاربەکر، بۆ ئەوەی لە ئێمە بدەن، بەڵام ئەوانەی کە ئەمریان بەوان دەکرد هێزی تایبەت بوون. کاتێک ١٨ مانگی ئەو سەربازانە تەواودەبوو، دەچوونەوە ماڵی خۆیان.

*** کەسوکارت لە زیندان سەردانی تۆیان دەکرد؟**

– بەڵێ دەهاتن. کاتێک دەهاتن تەلبەند لەنێوانماندا هەبوو، من بە ژوورێکی بچووکدا تێدەپەڕیم ئینجا دەگەیشتمە لایان، ئەوانیش هەر بەناو ژوورێکی بچووکدا دەهاتنەژوور. یەک مەتر مابەینمان هەبوو. ئینجا دەبوایە بەتورکی قسەبکەین. من دەمووت ئێوە چۆنن، ئەوانیش دەیانووت ئێمە باشین، تۆ چۆنیت، منیش دەمووت باشم، مام چۆنە، یان دەمووت ژنەکەم چۆنە، دەیانووت ئەویش باشە. کاتێک فیکەیان لێدەدا، دەبووایە لەوێ دەربکەوین و کاتی سەردان تەواودەبوو. چوار ساڵی یەکەم هەروا بوو، یەک خولەک، خولەک و نیوێک کاتی چاوپێکەوتن بوو. دواتر بوو بە سەعاتێک یان سەعات و نیوێک.

## لە بواری فکرییەوە بەردەوامبووم

*** ساڵی ١٩٨٩ ئازادکرای، دوایی وازت لە سیاسەت هێنا یان چوویتەوە ریزی حزبەکەت؟**

– کاتێک من لە زیندان دەرکەوتم، حزبەکەشمان نەمابوو (پێدەکەنێت..). لەو ماوەیەدا کە ئێمە گیرابووین، هەڵوەشابۆوە. ئیدی منیش رووم لە هیچ حزبێکی تر نەکرد و نەمویست درێژە بەخەبات بدەم. لە شێوەی حزبیدا کارو چالاکیم نەکرد، بەڵام لە بواری فکرییەوە بەردەوامبووم.

*** ئەو کتێبانەش بەشێکن لەو خەباتە، ساڵی چەند ئەو کتێبانە بڵاوبوونەوە؟**

– بەڵێ، ئەو کتێبخانەیە ساڵی ١٩٩٧ دامەزرا.

*** ئەی لە ساڵی ١٩٨٩وە تا ١٩٩٧ بە چییەوە خەریکبووی؟**

– ساڵێک لە دیاربەکر مامەوە، لەو ساڵەدا چوار پێنج مانگ هەر لە ماڵدا بووم، بەردەوام میوان دەهاتن و دەچوون. چوار مانگیش سەربازیم کرد. ئەوە وەکو مافێک بە ئێمە درا کە سەربازی کەمتر بکەین. دوای ئەوەش هاتم بۆ ئەستانبوڵ. هیچ کارێکم نەکرد، چونکە مرۆڤ پێویستە چەند ساڵێک بوەستێت، سەیری بارودۆخ بکات، دەوروبەری خۆی بناسێت. وەکو ئیشوکاریش، لە ئەستانبوڵ زۆر کارم کردووە. پاشان بیرم لە شتێکی وا کردەوە، تاکو ١٩٩٧ ئەم کتێبخانەیەم کردەوە (کتێبخانەی میدیا). ئەم کتێبخانەیەش سێ ساڵی سەرەتا وەک گرتووخانەی دیاربەکر بوو. مانگی چوار پێنج جار پۆلیس دەهاتن کتێبەکانی

ئێمەیان فڕێدەدا، قسەی سووک و ناخۆشیان پێ دەوتین، دەستی منیان کەلەپچەدەکرد و دوو سێ ڕۆژ دەگیرام و دیسان بەریاندەدام. دەرو جیران دەیانووت ئەو پیاوە کێیە هەموو ڕۆژ پۆلیس دێ و دەیبات. نەیان دەوێرا مەرحەبای من بکەن. ساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە ئیدی پۆلیس نەهات، تەنیا جارێک دوو پۆلیسی مەدەنی هاتن سەیری کتێبەکانیان کرد، بەڵام زۆر بەڕێزبوون، مرۆڤ باوەڕی نەدەکرد ئەوە پۆلیس بن. وتیان وادیارە تۆ واز لەم کارە ناهێنیت، وتم نەخێر وازی لێ ناهێنم. ئیتر هەستان ڕۆیشتن. یەکیان گەڕایەوە، سەیری منی کرد، وتی بۆچی چایەکت پێ نەداین. منیش وتم فەرموون با داوای چاتان بۆ بکەم، بەڵام ئێوە چەند ساڵە دەرفەتی ئەوەتان نەداوە بە من چاتان بۆ بهێنم. وتم من چوزانم تۆ هاتووی چام لەگەڵ بخۆیتەوە، وامزانی هاتووی بۆ تێکدان. ئیتر وتی نا، چا ناخۆینەوە با قەرزبێت لەسەرت. تا دوو سێ ساڵ نەهاتنەوە. دوایی کتێبی قەدەغەکراویش لێرە هەبوون، هەر نەدەهاتن. لە کتێبخانەکانی تر هەر ئەو کتێبانەیان کۆدەکردەوە، بەڵام نەدەهاتن بۆ ئێرە. وردەوردە کەوتمە گومان، وتم ئەمە بێ هۆ نییە. پاشان بیرمکردەوە زانیم مەسەلە چییە. بڕیاریان دابوو من بکوژن و کتێبخانەکەش بسووتێنن، چونکە وا چەند ساڵ بوو زۆریان لەمن دەکرد واز لەم کارە بێنم، بەڵام بێ ئەنجام بوو. ئەوکات هەڕەشەیان لە ئۆرهان پامۆک کرد، نووسەرێکی ئەرمەنییان کوشت بەناوی «هرانت دینک»، ئیتر پلانی کوشتنی منیشیان دانابوو، لەسەر ئینتەرنێت هەڕەشەیان بۆ ناردم، بەڵام من دوکانم هەر دانەخست، کارەکەی خۆم هەردەکرد. پارێزەرێک لێرە هەبوو، سێ کەسی تریش هەڕەشەیان لێکرابوو، یەکیان کاری بڵاوکردنەوەی کتێبی دەکرد، دووانەکەی تریش سی دی مۆسیقای کوردی پەخشدەکەن. هەڕەشەکە دەیوت کتێبخانەی میدیا بەرهەمی ئەمانەی تر بڵاودەکاتەوە، بۆیەش پێویستە ئەمانە لەناوبەرین. دەیانویست کەناڵی پەخشی کتێب و سی دی و مۆسیقای کوردی بەربەست بکەن. کەواتە من و ئەوانەی تریان دەکوشت و شوێنی ئیشکردنەکانیشیان دەسووتاندین. ئەوانە پێیاندەڵێن دەوڵەتی شاراوە (ئەرگەنەکۆن). وای لێهات ئەم حکومەتەی کە ئێستا لەسەر کارە، دەستیکرد بە گرتن و ڕاوەدوونانی ئەمانە. ئیتر هەڕەشەکردنەکانیان لەسەر ئێمە وەستاو تاکو ئێستا ئەوە ئێمە نەکوژراوین.

# زیندانیکردنی نەتەوەیەک لە ناوجەرگەی پایتەختی خۆیدا

زیندانی دیاربەکر، یان وەکو زمانی سیاسی کوردانی باکوور ناویاننناوە (گرتیگەها ئامەدێ)، چەند بینایەکی رەنگ سووری نزم، بەڵام گەورە و پانوپۆڕە لەناوەڕاستی شاری دیاربەکردا. ناوەندی ئەشکەنجەدان و پاکتاوکردنی کەسێتی مرۆڤی کورد و لە سیاسەت خستنێتی.

ئاواکردنی ئەم زیندانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە سەدەی نۆزدەیەمی زاینیدا وەکو گرتووخانەیەک بۆ دوورخراوە سیاسییەکانی ناوچەی بەڵقان بەکاردەهات، کە دژی والی و حوکمڕانە خۆجێییەکانی خۆیان بوون.

بەڵام ناوبانگی گەورەی ئەم زیندانە دوای کودەتای سوپای تورکیا بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرن گەیشتە کەشکەلانی فەلەک. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ناویان بیست و میدیای جیهانیش وەک یەک لە دە بەدناوترین زیندانە سیاسییەکانی جیهان ناساندیان (رۆژنامەی زی تایمز ئەم پۆلێنکردنەی دروستکرد). تا ساڵی (١٩٨٠) ئەم زیندانە سەر بە وەزارەتی داد بوو، دوای کودەتا بووە زیندانی ئەحکامی عورفی سەربازی و راستەوخۆ خرایە سەر سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا.

بەڕێوەبەرەکەی فەرماندەی سەربازی ئەسەت ئۆکتای یلدران بوو، کە زیندانییەکان زۆر لێی داخ لەدڵ بوون، ناوبراو ساڵی ١٩٨٨ لە ئەستانبوڵ تیرۆرکرا.

## رێکخستنە نهێنییە کوردستانییەکان

لەنێوان ١٩٨١ –١٩٨٤دا زیندانی سەربازی (ئۆن بێش)، (ژمارە٥) بوو و هەر بەو ناوەشەوە دەناسرا.

لە سەرەتای بەسەربازگەکردنی گرتووخانەکە تەنها لە چوار مانگی یەکەمدا سی هەزار کەس گیران، کە لەناویاندا دەیان سیاسەتمەدار و چالاکوانی سیاسی کورد هەبوون، ئەوی لە رێکخستنە ئاشکرا تورکییەکان و لە شارەوانییەکان و ئەوی لە رێکخستنە نهێنییە کوردستانییەکاندا کاریاندەکرد. لەناو سیاسەتمەداران ئەحمەد تورک، مەهدی زانا سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی دیاربەکر لە حەفتاکاندا، نورەدین یلماز و چەندین کەسایەتی تر، کە دەمی کودەتا گەنج بوون و ئێستا رۆڵی سیاسی دەگێڕن، وەکو گوڵتەن کشناک هاوسەرۆکی بەدەپە و بەیرەم گویزال سەرۆکی پێشووی پارتی (هەق پار–HAKPAR). هەروەها چەندین هەڵسوڕاوی رێکخستنەکانی PKK لەوێبوون، کە بەشێکیان لە ژێر

ئەشکەنجە و ئازاردا شەهیدکران، وەکو مەزلوم دۆغان، کەمال بیر، خەیری دورموش، عاکیف یلماز و فەرهاد کورتای و ئەندامی چەندین ڕێکخستنی دیکەی کوردستانی لەنێوان شەهیدەکان و ئەشکەنجەدراواندا بوون. لەو ماوەیەدا نزیکەی چل کەس لە ژێر ئەشکەنجە و لێداندا شەهیدبوون، یان خۆیان کوشت. (١٤) کەس لەوانە لەدەمی لێکۆڵینەوەی ناو زینداندا شەهیدبوون و (١٦)یان بەهۆی راکردنیانەوە کوژران. باوکی سیاسەتمەدار و نووسەر ئەڵتان تان لەنێو شەهیدەکانی زیندانی دیاربەکردا بوو، کە دواتر ئەڵتان دۆسێی باوکی بردە دادگا و توانی حوکمی جەلادەکان لە دادگا وەربگرێت.

## سرودی نیشتمانی تورکی

هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجەدان وەک لێدان، قژراکێشان، لێدان لە شوێنە هەستیارەکانی مرۆڤ، لەپیاوەتی خستن و ئەتککردن، چاوبەستن و فەلاقە و کارەبالێدان، جنێو و هەڕەشەی کوشتن و سوکایەتیکردن بە نەتەوە و کەسوکار و ژن و منداڵی زیندانیان، حەپسی ئینفرادی لە شوێنی پیس و بۆگەندا... هتد، لەو زیندانەدا بەکاردەهات (زیندانییەکانی دیاربەکر لە ڕووی فیزیکییەوە لە ڕەوشێکی خراپدابوون و تەنها پەیکەری ئێسکیان مابوو، بەندییەکان ناچاردەکران سرودی نیشتمانی تورکی بچڕن و داوایان لێ دەکردن ببنە جاش و جاسوس، هەر بۆیە هەندێک جار زیندانییەکان لەو رەوشەدا پەنایان بردە بەر خۆکوژیی. بۆ نموونە، لە گرتوخانەی دیاربەکردا (٤٠) لاوی کورد کەملیان نەدا بڵێن (رووسوورین، چونکە تورکین) لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد.. (سەرچاوە: ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان ١٩٦٠–١٩٨٠، ماجید خەلیل فەتاح، هەولێر ٢٠١٢ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی. ل٣٠٢، کە ئەویش بەدەوری خۆی لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەریگرتووە).

دۆخی داهیزراوی زیندانی دیاربەکر سەرنجی حزبە کوردستانییەکانی باشووریشی راکێشابوو. ژمارەیەکی بڵاوکراوەی (الاتحاد)، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە نیسانی ١٩٨٣ دەریکردووە، دەنووسێت: (لە کۆی ١٤ هەزار زیندانی ٢٢٠ کەسیان لە ئەنقەست تاوانبارکران و ئەوانیتر تۆمەتی جیاخوازی و کاری تێکدەرانەیان درایەپاڵ، سەدان کەس لە زیندانی سەربازی دیاربەکر حوکمی سێدارەیان بۆ درا ... المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنه ١٩٩١– مدبولى– القاهرة ل٣٨٠).

سامی عەبدولڕەحمان لە (البديل الثورى)دا نووسیویەتی: لە ڕۆژنامەکانی خۆرئاوادا پێشلکاری مافی مرۆڤ لەو زیندانانەدا دەنگدانەوەی مەزنی هەبوو، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی گاردیان نووسیبووی لە تورکیا بەربەریەت دژی ١٢ملیۆن کورد ئەنجامدەدرێ.. (ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان... ل٣٠٢).

جەنەڕاڵەکانی کودەتا بەناوی پاراستنی کۆماری عەلمانی کەمالیستەوە رایانگەیاند، هەر لایەنگیرییەک بۆ هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دەرەوەی کەمالیزم و هەر ئینتیمایەکی ئایینی لە دەرەوەی سوننەگەرایی لە ڕێلادانێکە کە چارەسەری پزیشکی عەقڵیی گەرەکە، قسەکردنی ئاسایی بەکوردی قەدەغەکرا، لە وڵاتی پاکانەی عەلمانی بۆ کودەتاکردندا زیندانییەکان

ناچارکران دروشمی ڕەگەزپەرستی و ئایینی بەرزبکەنەوە.... (تأريخ تركيا المعاصر حميد بوز ارسلان ترجمة حسين عمر.- الناشر كلمة والمركز الثقافي العربي- ابو ظبى- ٢٠٠٤... ل٩٥).

ئەو تۆمەتانەی خرابووە پاڵ دەستگیرکراوانی کورد، کوردبوون و بڵاوکردنەوەی سیپارەی کوردی و ئەندامبوون لە حزبە کوردییەکاندا بوو، بۆیە بەگوێرەی ماددەکانی ١٤١-١٤٢ لە یاسای سزادانی تورکی، کە تایبەت بوو بە چالاکی سیاسی لەسەر بنەمای ئەتنیکی، حوکمدران. نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کوردی لەو ماوەیەدا ١٩٨٠-١٩٨٢، بەدەستگیرکردنی ٨٠ هەزار گەیشتە لوتکە وەک مەزەندەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ دەریانخستووە (کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-تورکیا، بیار مستەفا سەیفەددین - وەرگێڕانی سەرمەد ئەحمەد- دەزگای موکریانی- هەولێر- ٢٠٠٩ ل١٧٧-١٧٨، ئەویش لە چەند سەرچاوەیەکەوە ئاماژەی پێداوە).

کاریگەری سایکۆلۆژی شێوازی مامەڵە لەم زیندانانە لە یادەوەریی دەیان زیندانی خوێندەوار و هوشیاردا بوونە هەوێنی کتێب و یاداشت نووسین و شکاتکردن لە دادگاکانی تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا و شایەتیدان لە کۆنفرانس و کۆنگرێسی وڵاتە دیموکراتییەکاندا، سەدان زیندانی تریش لەبەر نەخوێندەواری و شۆکی سزادان نهێنی ئازار و خەفەتی خۆیان هەروا لە مێشک و یادەوەری خۆیاندا شاردۆتەوە.

مەهدی زانا سیاسەتمەداری کورد ئاوها بەشێک لە یادەوەرییە تاڵەکانی دەگێڕێتەوە:

یەکێ لەو کەسانە بووم کە بەشێوەیەکی پەرجووئاسا (موعجیزە) لە بەندیخانەی دۆزەخینی دیاربەکر ڕزگارمبووە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانم بەهۆی ئەشکەنجە گیانیان لەدەستدا. ئەو ئەشکەنجە دڕەندە سادیستییە و بەزمان نەهاتووە کە من لە بەندیخانەی دیاربەکر بەچاوی خۆم بینیومە ئێستا لە زمانی تورکی بۆ زمانی فەرەنسی وەردەگێڕدرێتەوەو لە گۆڤاری بەربەرییەتیدا بڵاودەبێتەوە. کودەتای سەربازی ئەیلولی ١٩٨٠ ئەنجومەنی شارەوانی دیاربەکری هەڵوەشاندەوەو دەستگیرکرام و تامایسی ١٩٩١ لە بەندیخانەدا بووم.... (کورد و کوردستان- لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا- کوردستانی ئێران و تورکیا-وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: وریا ڕەحمانی. ساڵی چاپ ٢٠٠٩ - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ل١٧٧-١٧٨).

لە خستنەڕووی تەرجەمەی فەرەنسی کتێبی ئەزموونی مەهدی زانادا لە زیندانی دیاربەکر، هەڵکەوت حەکیم دەڵێ (مەهدی زانا لەو پیاوانە نییە کە درۆدەکات، یەشار کەمال ئەمەی بۆ ئێلی فیزیل پێشەکی نووسیی کتێبەکە و خاوەنی نۆبل، تەئکیدکردۆتەوە... کۆشەگیریی، جنێوی پاسەوانەکان، بەزۆر سەلام خوز بۆ سەگی ئەفسەری نۆبەتچی زیندان و... ئێلی بەم شێوەیە کتێبەکە دەناسێنێ و دەپرسێ ماقولە هەموو ئەمانە لە تورکیا بقەومێن، یانی لە ڕۆژئاوا و لە وڵاتێک کە ئەندامە لە ناتۆدا؟.... (كتابات مع الاحداث، الدكتور هلكوت حكيم- منشورات ئاراس- ٢٠٠٩ ل١١١-١١٢).

پاش چەند ساڵ لەو هەلومەرجە لەیلا زانای خێزانی مەهدی، لە میانی گێڕانەوەی دیرۆکی قاڵبوونەوەی لە سیاسەت و کوردایەتیدا باسی هەست و سۆزی خۆی دەکات، وەختێک

لەگەڵ سەدان خێزاندا سەردانی مێردی خۆی کردووە لە زیندانی دیاربەکر، کە چۆن مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەسوکاری زیندانییەکاندا دەکرا (جەبار قادر–باسێک لەسەر لەیلا زانا).

سیاسەتمەدار ئەحمەد تورک بۆ خۆی لەسەر دەستی جەللادی ئەو زیندانە ئەشکەنجەکراوە.

کریس کۆچێرا لە زاری زیندانییەکەوە وا باسیدەکات:

(ئێمە لەبارەی فیزیکییەوە زۆر خراپ ببووین، تەنها پەیکەری ئێسکمان مابوو، تەنها بەڕادەی زیندوو مانەوەمان خواردنیان دەداینێ، هەر ڕۆژێک ئێمەیان بۆ دادگا ببردایە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکردینایە، لێیان دەپرسین: تورکی یان کورد؟ ناچاردەبووین کە بڵێین تورکین و سروودی نیشتمانی تورک بخوێنین، سێ جگەرەیان دەدا بە هەریەکەمان و پاشان داوایاندەکرد (هاوکارییان) بکەین و ببینە ئەندامی دەزگای جاسوسی ئەوان، ئەگەر بمان وتایە کوردین، چەندین سەعاتی تێهەڵدانمان دەخوارد و تەنها لە پەنجەرەوە دەمانتوانی منداڵەکانمان ببینین:

ئەوانەی دەیانوت تورکین دەیانتوانی منداڵەکانیان ماچبکەن و لەئامێزیان بگرن، بۆ لەنێوبردنی گیانی بەرگریمان لە هیچ شتێک دریغییان نەدەکرد بۆ تێکشکاندنمان، هەموو زیندانیانی دیاربەکر ناوی ئەشکەنجەگەری خۆیان کاپیتان (عیزەت ئۆکتای یەڵدیران)، (کە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ لەناو ئۆتۆبوسێکدا لە ئەستانبوڵ کوژرا)، لەبیرناچێتەوە. لەوە دەچوو کە ئەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەنەڕاڵ (کەمال یاماک) فەرماندەی هێزی پیادە وابەستەبوو کە پاشان بووە ڕاوێژکاری سەربازی سەرکۆمار تورگۆت ئۆزال. (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی بەرگی دووەم نووسینی کریس کۆچێرا – وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد/ سلێمانی ل ٢٠٣– ل١٥٥).

زیندانییەکان بۆ ناڕەزایی بەرامبەر هەلومەرجی زیندان، دەستیانکرد بەخۆکوژی و مانگرتن لە خواردن ڕێکخرا، لە یەکەمین مانگرتنی تەواو لە خواردن (مانگرتووەکان جگە لە ئاو و جگەرە هیچ شتێکیان نەدەخستە سەر لێویان) لە نیسانی ١٩٨١دا کە ماوەی ٤٤ ڕۆژی خەیاند، ڕێکخەرانی مانگرتنەکە داوای مافی بەرگری سیاسی، مافی کڕینی پێداویستییەکان لە فرۆشگای زیندان و دیداری ئاساییان دەکرد.

(قەڵەممان لەلا نەبوو، کاغەزمان نەبوو، هەندێک لە هاوڕێیانمان بەنووکی قەڵەم، بەرگری خۆیان لەسەر کاغەزی جگەرە دەنووسی، بەو ئومێدەی بتوانن لە دادگادا بیخوێننەوە، بەڵام سەرەنجام بێهودەیی، کۆتایی حوزەیرانی ١٩٨١، بەرگریمان لەدەستچوو، هەموومان بڕیارماندا بڵێین (ئێمە تورکین) و سروودی نەتەوەیی تورک بخوێنین، ئێمە دەمانویست پەیوەندیمان لەگەڵ زیندانییە نوێکاندا هەبێت، لە هەواڵی دەرەوە ئاگاداربین، بۆ ئەوەی بتوانین بەرگرییەکی فراوان سازبدەین، هەندێک لە زیندانییەکان تەسلیم نەبوون و لەنێو ئەواندا مستەفا قەرەسوو، عەلی جیلدرک (کە لە ئەنجامی ئەشکەنجە گیانی سپارد) دەبینرا (هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٥٦).

جگە لەبەڕێوەبەری زیندانەکە ئەسات یڵدران (٢٢) تاوانباری تر ناویان وەک ئەشکەنجەکاری زیندانیان هاتووە و بەشێک لە زیندانیان شکاتیان لێ کردوون.

## مرۆڤایەتی قەرزاری زیندانییەکانە

پرۆفیسۆر نازان ئوستورداغ، کە بەندە لە ئەستانبوڵ دیدارم لەگەڵدا کرد، ئێژێ تورکیا دەبێ شەرم بکات وەختێک ناوی ئەو زیندانە دێت. ئەو کە دیداری لەگەڵ نزیکەی پێنج سەد لە زیندانیانی دیاربەکر کردووە، پێیوایە مرۆڤایەتی بەرومەت قەرزاری زیندانییەکانی ئەوێیە.

ڕۆژنامەوان مراد چیلیک توانجێکی جوانی لەسەر ئەو زیندانە هەیە کە دەیوت، دوای نەخۆشخانەکان، ئەو زیندانە قەرەباڵغترین شوێنی تورکیایە.

ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ڕۆژە سەختەکانی ئەو زیندانەی بەسەرکردۆتەوە و لە زاری مراد باکر مامۆستای دەروونناسی لە زانکۆی بیلجی لە ئەستانبوڵ دەنووسێت (دیزاینی ئەو زیندانە وا کرابوو کە ببێتە گۆڕەپانێک بۆ تەفروتوناکردنی نەتەوەی کورد).

ساڵی١٩٨٨ لەگەڵ تەسلیمکردنی دەسەڵات بە حکومەتی تورکۆت ئۆزال پەیتاپەیتا دامودەزگاکانیش تەسلیم بە حکومەت کرانەوە و سوپا لێی کشایەوە. زیندانی ناوبراویش درایەوە بە وەزارەتی داد.

ساڵی٢٠١٠ لە میانی دەمەقاڵێی هەڵبژاردندا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان چووە دیاربەکر و بۆ ڕازیکردنی دڵی دەنگدەرانی کورد وتی: وەرن با باسی زیندانی دیاربەکر بکەین. ئێوە نازانن لەوێ چ زوڵمێک کراوە؟ خۆزگە زمانی دیواری دیاربەکر دەهاتە قسەکردن، دەبوو وەک شایەدێک چی بڵێ؟

هەر ئەوەنا، ئەردۆگان داوایکرد ئەو زیندانە بڕوخێنرێ و بکرێتە باخچەیەک، بەڵام هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی لە دیاربەکر دژی ئەو ڕوانگەیە وەستانەوە، چونکە دەبێتە مایەی سڕینەوەی ئاساری تاوانی کوردکوژی کە لەو زیندانەدا کراوە. ویسترا بکرێتە قوتابخانە، کوردەکان داوایان کرد بکرێتە موزەیەک بۆ ئەو تاوانانەی دژی کورد کراون، لەو کەین و بەینەدا هونەرمەندانی کورد بە چەندین تابلۆ و نمایانی هونەری پێشانگای (لە تاریک و نوتەکی شەوەوە بۆ کازیوەی بەیان)یان کردەوە، کە بەرەنگاری هونەر بوو بەرامبەر زیندان و سەرکوتکردنی نەتەوەیی، بەڵام دەوڵەت بە تەنگ ویستی کوردەکانەوە نایەت تا زیندانی دیاربەکریان بۆ بکاتە ئاماژەی فەلاکەتی کورد، بەجۆرێک کە وەبەرهێنانی نەتەوەیی تێدا بکەن. ئەردۆگان تاکە بەرپرسی تورکیا نەبوو کە هەوڵیدا بۆ ئیدانەکردنی حوکمی جەنەڕاڵەکان ئیدانەی ماجەرای دیاربەکر بکات، بەڵام بەشێوەیەکی وا نا کە کوردەکان وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی سنووردار کە بۆ دەمەقاڵێی سیاسی دەستبدات.

ئەوەبوو بولەند ئارینج جێگری سەرۆک وەزیرانیش دەربارەی ئەزموونی گوڵتان کشناک لە زیندانی دیاربەکر شتێکی وەهای وت کە (لەکاتێکدا کچێکی حەڤدە ساڵان بووە لە زیندانی دیاربەکر ئازاریانداوە. منیش ئەو ئازارەم بدیبایە رووم دەکردە شاخ).

## وێستگەی چەوساندنەوەی کورد

کشناک نەیهێشت ئەم قسەیەی بە سەرەوە بچێ ڕاستەوخۆ لێدوانی داو ئەوەی باسکرد، کە لە زیندانا چ ئازار و ئەشکەنجەیەکی بینیوە و چۆن لە کولانەیەکی سەگدا بەتەنها

حەپسکراوە، بێ ئاو و بێ نان، چونکە بەرەنگاری بڕیارێکی مەئمورینی زیندانی کردووە، بەڵام هەر لەوێ توانجی لە ئەرینج دا کە ئەزموونی ئەو تاقانە نییە و رووداوی رۆبۆسکی و دەیان رووداوی تر لە دژی کورد بەڵگەی چەوساندنەوەی کوردن، هەقە ئەرینج خەفەت بۆ ئەو چەوساندنەوانەش بخوات.

دیدی کورد وایە، ئەم زیندانە وێستگەیەکە لە دەیان وێستگەی چەوساندنەوەی کورد لە تورکیا. تەڤگەری سیاسیی باکوور پێیوایە دیدی دەوڵەتیش بە سەرۆکایەتی دادو گەشەپێدان دیدێکی تەکتیکییە، کە رەوشی ئەو زیندانە وەک کارتێکی ئیدانەکردنی حوکمی جەنەراڵەکان و حوکمی عەلمانی لەو وڵاتە بەکاردێنن. گۆڤاری فۆرن پۆلیسی لە ڕیپۆرتاژەکەی خۆیدا لە زاری عەنان کیسر مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی دیجلە لە دیاربەکر بەشێکی باعیسی گریانی حکومەتی ئاک پارتی بۆ یادەوەری گرتوخانەی دیاربەکر دەگێڕێتەوە، کیسر لەبارەی نیازی کردنی ئەو شوێنە بە مۆزەیەکی رەسمیی بۆ یادەوەری زیندانەکە دەڵێت (سەبارەت بە دەوڵەت، مەسەلەکە تەنها هەڵمەتێکی پەیوەندییە گشتییەکانە).

## فەسڵی حەوتەم

# داد بۆ گەشەپێدانی کورد

*** تورکیا هەستیکرد قاچی ئازاری هەیە، لە جیاتی ئەوەی بیبڕێتەوە، بڕیاریدا تیماری بکات.**

عەلی بایرام ئۆغلۆ
نووسەری موحافەزەکاری تورك

*** لە دەستووردا دەستەواژەیەکی وەها جێگیردەکەین، کە گشت ئەتنیکەکان بگرێتەوە.**

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان
سەرۆك وەزیرانی تورکیا

*** حزبەکەی ئێمە، داد و گەشەپێدان ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی خستە ژێرپێیانەوە.**

حسێن چەلیك
جێگری سەرۆکی ئاك پارتی

# لە نیوعوسمانییەوە بۆ نیوسەلجوقی دەیەیەک لەتۆماری ئەردۆگان

کۆنگرەی چوارەمی پارتی داد و گەشەپێدان(لە یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢) وەرگۆڕانێکی دراماتیکی لە ڕێبازی سیاسی و دەشێ بڵێین فیکریی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان تۆمارکرد. وەرگۆڕانێک لەئاستی دیدی سیاسی و هەڵوێستی ئەو حزبە بۆ لەمەودوای ڕۆڵی خۆی لە تورکیاو ڕۆڵی تورکیاش لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و درێژبووەوەکانی لە دوورمەودای ئەوروپاو جیهانیشدا.

دەشێ بڵێین ئەردۆگان لەم کۆنگرەیەدا قۆناغێکی لە پێگە و سەنگ و خیتابی سیاسی ئاک پارتی بەجێهێشت و قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد. قۆناغی بانگەوازخوازی و نیشاندانی پرۆژەی ئاک پارتی لە پێگەی بەئاگابوون و خۆدوورخستنەوە لە ڕووبەڕبوونەوەی توند بۆ قۆناغی تەحەددا و ئامادەگی بۆ بەرەنگاری و تاسەر بردنی پرۆژەکە. عەرەب دەڵێن (الامثال تضرب ولا تقاس)، بێ ئەوەی موجادەلە لەسەر شوێنپێکەوتنی ئاک پارتی بۆ کەلتوری ئیسلامیی بکەین، دەشێ بڵێێن ئەردۆگان لەسەر تەرزی پۆلێنکردنی ئیسلامی کارەکەی قۆناغبەندیکردووە، لەسەر تەرزی ئیسلامەتی مەکی (ئیسلام لە قۆناغی ژێردەستی موسڵمانان لە مەککە) و ئیسلامەتی مەدینی (ئیسلام لە قۆناغی سەرکەوتن و پایەداربوونی لە شاری مەدینە). بۆیە دەورانی ترس و ئاگاهیی و دوودڵی جێهێشت و نها لە دەورانی قودرەتمەندی و پەلهاوێشتن دەژێت. ئاماژەکانی وتارەکەی، نموونە مێژووییەکانی لەوێ هێنانییەوە دەرخەری ئەم قۆناغبەندییەیە.

لەنێوان بەرواری (١٤ی ئابی ٢٠٠١)، کە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی پارتی داد و گەشەپێدانە پێش دە ساڵ و بەرواری (یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢)، کە ڕۆژی کۆنگرەی حزبەکە و وتاردانی ئەردۆگانە، کێرڤێک لە هەڵبەزودابەز و ئینجا هەڵکشان و هەڵکشانی زیاتری سیاسەت و هەنگاوەکانی ئاک پارتی هەیە.

ئێوارەی ١٤ی ئابی ٢٠٠١ لە ئۆتێل بیلکانت ئەنقەرە، وەختێک ئەردۆگان بە کۆمەڵێک کادیر و کەسایەتی لە هەموو تەیفەکانی سیاسەت و دەستەبژێڕی ڕۆشنبیری تورکیا دەورەدرابوو، چەند تیشکێکی ئومێدبەخشی داگیرساند و بگرە باوەڕی کارەکتەرە دەورەدراوەکانی خۆیی پتەوترکرد کە ئەوان ئیتر لەگەڵ سەرۆکی لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووی شارەوانی گەورەی ئەستەنبوڵ و سەرکردەی نوێی تورکیا هەنگاوی دامەزراو و سەنگین دەنێن، ئەردۆگان ئومێدی بە هێڵی سێیەمی سیاسەتی تورکیا بەخشی، کە تا ئەو ساتەوەختە لەنێوان ڕێبازی کلاسیکی (میللی گوریش) بە سەرکردایەتی

د.نەجمەدین ئەربەکــان و ڕێبازی ئەتاتورکی دەوڵەت لەلایــەکی تــرەوە، گیریخواردبوو.

ئەردۆگان موژدەیەکی تازە بوو لە لێواری بەبنبەست گەیشتنی سیاسەتی تورکیا و خەیاڵدانە دابەشکراوەکەی. خەیاڵدانێک لە هەناویدا عەلمانییەکی بریندار و سەنتراڵ کە کێشەی لەگەڵ دیموکراسیی و عەسکەرتاریزم هەیە، ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسییەک دەکات کە قەدەری مار و پەیژەی تووشبووە. ئەدەبیاتی حزبی نوێی ئەردۆگان لە دەقی پرۆتۆکۆڵەکانی یەکێتیی ئەوروپاوە ئیلهامی وەردەگرت، تا ئەوەی لە قوتابخانەی ئوسوڵییەوە سەریهەڵدابێت. ئەردۆگان لەو ڕۆژەدا مانفیستۆی یەکێتی ئەوروپای وەک مەرجەعێکی سیاسی و وەک ئامانجی دوورمەودای حزبەکەی خۆی ناساند.

لەسەر ریتمی مۆسیقایەکی هێمنی ناو هۆڵی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە کە مۆسیقای گۆرانی (نەبەردی بەهەشت)ی سترانبێژی ناوداری یۆنانی نانگلیس بوو، ئەردۆگان بەدەنگێکی خۆشخوانەوە وتی: (ئێمە دەڵێین بەڵێ بۆ ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەوروپادا، چونکە دەبێتە باعیسی دابینکردنی ئەو ئاستە لە دیموکراسی بۆ هاوڵاتییەکانمان کە ئەوروپا لێی بەهرەمەندە لە بواری سیستمی مافەکان، دادپەروەری و فێرکردن و ئاستی پێگەیشتووی ئابوورییان، تاوەکو ئیتر هاووڵاتیی تورک دەستبەرداری کۆچ بێت بۆ ئەوروپا .... (سەرچاوە: رجب طيب أردوغان - قصة زعيم، نووسینی حسين بسلی و عومەر ئۆزبای. وەرگێڕانی د. تارق عەبدولجەلیل-الدار العربية للعلوم ناشرون، چاپی یەکەم: ٢٠١١ ل٣٣).

گوتەی ئەردۆگان لە پرێس کۆنفرانسی دامەزراندنی دەساڵ بەری ئەمرۆ، وەک د. محەمەد نورەدین وەسفیکردووە (نموونەیی بوو). ڕاستە باسی ئەتاتورکی تێدا نەکردبوو، (بەڵام نە لە نزیک نە لە دوور باسی ئیسلامی و ئاماژە و سەروەری ئیسلامیشی نەکردبوو... ئەردۆگان لە دەرەوەی ئەتاتورک و لە دەرەوەی ئیسلامیش بوو.... زۆر بەڕاشکاوی رایگەیاند مەرجەعیەتی فیکری ئاک پارتی «جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکانە..» (تركيا.. الصيغه و الدور.. د. محەمەد نورەدین- چاپی یەکەم: ٢٠٠٨ ل٢٣).

ئەم ئاماژانە هی دەورانێک بوون، ئەردۆگان وانەی شکستی قۆناغی رابردووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە تورکیا ئەزبەرکردبوو، خولخلۆکەیەک سارتەر لە شانۆنامەی (دەوامە)دا بۆ بزاڤی چەپی ئەمریکای لاتین دەیگێڕێتەوە، ماجەرای پڕ بەپێستی بزاڤی ئیسلامی بوو لە وڵاتێکدا خۆشیی بە ئیسلامییەکان نەدەهاتەوە، با تەنانەت ڕێگای دیموکراسی و دەنگدان بگرنەبەرو داخوازییەکانیان دژ بە ڕەوتی باوی سیاسەتی نەتەوەیی تورکیا نەوەستێتەوە.

لە وتاری دامەزراندندا ئەردۆگان لەپەسەنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکێتی ئەوروپادا ئەوەی وت کە، وەک دیوانی ئەدەبیاتی عەرەب دەیڵێن، (مالک) لە شاباشی شەرابدا نەیگوتبوو، ئەو ساتە ئەزموونی باوکە دامەزرێنەرەکانی وەکو ئەربەکانی لەبەرچاوبوو کە وەک گەمەی مارو پەیژە دەگەیشتنە لوتکە و لەهێکرا تلدەکرانەوە.

ئەردۆگان پێش ئەم کۆنفرانسی دامەزراندنە چووبووە خەڵوەتێکی قووڵی بیرکردنەوەوە، ئیتر ڕێبازی جاران بە تێکرایی تینویەتی ئەویان نەدەشکاند، تورکیا شتێکی نوێی شایان بوو،

رەفیقەکانی دەهاتنە لای: مامۆستا شتێک بکە... مامۆستا ئەگەر شتێکی نوێ بکەیت، ئێمە لەگەڵتا دەبین... حسین بسلی و عومەر ئۆزبای، کە تەقریبەن میرزای نووسینەوەی سەربوردەی رەسمیی ئەردۆگانن لە گێڕانەوەی (چیرۆکی رێبەرێک)دا، چەند جارێک ئەم نیگەرانییە قووڵەی ئەردۆگان وەک پەرەسەندنی گرێی هونەری درامایەک وێنادەکەن. ئەردۆگان دەیویست قەدەرێکی نوێ بداتە رەوتەکەی. نە قەدەری سیاسەتە گەندەڵەکانی عەلمانیی داڕزاوی ئەو دەمە و نە دیواری دانراوی هەڵمژی هاواری ئەربەکان. دەیویست حزبێکی نوێ هەبێت، کە لە حزبی خەڵقوخوای دونیای پێشکەوتوو بچێت (لە ڕاستیدا مەرجەعی سەرەکی بۆ شێوازی سیاسەتی سەرکەوتووانەی کە حزبی داد و گەشەپێدان پەیرەوی لێ کرد هێڵی ئەربەکان نییە، بەڵکو هێڵی ئۆزالە... نظرة عامة على الحركات الاسلامية فى تركيا و تجربه كولن، محمد انس اركنە، لاپەرە ٢٩٩ لە کتێبی مؤتمر دولی، مستقبل الاصلاح فى العالم الاسلامى، خبرات مقارنة مع حركه فتح الله كولن التركية، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩).

بۆشاییەک هەبوو کە تاقە دەرفەتی بەردەم حزبی نوێ بوو. بۆشایی ئەوەی حزبە عەلمانییەکان داڕزابوون و چانسی گەشانەوەیان نەبوو، ئەربەکان و حزبی فەزیلە و ئینجا سەعادەتیشی گەیشتبوونە دوا چۆڕی تاقەتیان لە تێهەڵچوونەوەو هەستانەوەی دوای کودەتا مۆدێرنەکەی سوپا لە ١٩٩٧دا، لەو بۆشاییەدا وا دەهاتە بەرچاو حزبە بچووکەکەی قەرە ئۆغلانی چەپ، بلێند ئەجەوید، وڵات بەوەکالەت بەڕێوەدەباو ئەو باقوبریقەی حزبی چەپی کۆماری لە (سەروەری) دەستگیرکردنی ئۆجەلان بەدەستیهێنابوو، کاڵدەبۆوە، ئەوە بەس نەبوو کە ئەجەوید لەناو کۆری سیاسەتمەدارانی عەلمانی تورکیادا دەستپاک و رۆژهەلاتیترو نزیکتر بێت لە رۆحی تورکبوونێکی میللییەوە، بەرێژەیەکی کەمی تەفویزی دیموکراسییەوە حوکمی دەکرد. ئەجەوید کەمەندکێشی جارانی نەمابوو، حکومەتەکەی دەتگوت حکومەتی قۆناغی ئینتیقالییە تا لەو بۆشاییەوە دەریچەیەکی نوێ پەیدا دەبێت. ئەردۆگان هات و ئەو بۆشاییەی پڕکردەوەو دە ساڵی لە ژیانی سیاسیی تورکیا گۆڕی.

لەو دە ساڵەدا ئەردۆگان گۆڕانی لە هەموو ئاستەکاندا کرد. هەر لە بواری ئابووری کە چیرۆکی بنەڕەتی سەرکەوتنی ئاک پارتییە و رێگای بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و رۆشنبیریی و یاساییەکانیش کردەوە، تا گۆڕانکاری لە ڕۆڵی جاڕسکەری سوپا و دامەزراوەی سەربازی لە ژیانی مەدەنیداو نزیکبوونەوەیەکی باشتر لە پرسی کورد و لابردنی هەندێک بەربەستی ئەمنی و سیاسی وەک دۆخی نائاسایی و تاپۆ رۆشنبیرییەکانی سەر زمان و دەرهاویشتەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە سنوورێکی بەرتەسکدا.

بواری ئابووری کە ئەردۆگان سەنگێکی زۆری خستەسەرو بووە مایەی دووجاری تر بردنەوەی هەڵبژاردن لە ٢٠٠٧-٢٠١١، بازدانی جێی سەرنجی ئەوروپاشە. لەوێدا (حکومەتی ئاک پارتی رێککەوتنێکی لەگەڵ سندوقی نەختێنەی نێودەوڵەتیدا کرد بۆ چاککردنی سیستمی بانکی و توندوتۆڵکردنی چاودێری بودجەی وڵات، کە بووە مایەی باوەڕ پەیداکردنەوە بە ئابووریی تورکیا و برەوپێدانی نەشونماکردن بەجۆرێک لە دەیەیەکدا چوارجار لەسەر یەک رێژەی ٨٪ی گەشەی تۆمارکرد، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەر تاکێکی

تورکیای سێجار هەڵکشان. ساڵی ٢٠٠٢ کە هاتە سەر حوکم ئەو بڕەیە (٣٥٠٠) دۆلار بوو، ساڵی (٢٠١١) گەیشتە (١٠, ٤٠٠) دۆلار. (ڕاپۆرتێکی فرانس پرێس لە ٢٠١٢/١١/١ بەبۆنەی تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر ئەزموونی حوکمڕانی ئاک پارتیدا). ئێستا گەیشتە قۆناغێک قەرز دەداتە سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی.

ئاک پارتی، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاژانسەکان، شانازی بەوە دەکات ئابووریی وڵاتەکەی لە داڕزان دەربازکردووە، بەتایبەتی کە ڕێژەی سوود ٣٪و لیرەی تورکی و بۆرسەی ئاڵوگۆڕی دراو لە غلۆربوونەوەدا بوو، ئەو توانی ڕێرەوەکەی چاکبکاتەوە.

ئەم سەنگە هەمەلایەنە پشت قایمیی بۆ حزبەکە دابینکرد بۆ ئەوەی لە (٢٠٠٥)دا داوای دانوستاندنی ئەندامێتی تەواو بکات لە یەکێتیی ئەورووپادا، ئەورووپا سەرەڕای دوودڵی لە چاکسازییە سیاسییەکان ئەو هەنگاوەی پێ چاک بوو. لەکاتێکدا پێشتر، ساڵی ١٩٩٨، داوایەکی لەم جۆرەی ڕەتکردەوە کە چەند هۆکارێک لەو بوارەدا ڕۆڵیانگێڕا (لەوانەش فاکتەری ئابووریی لاوازی تورکیا و تۆماری خراپی ئەنقەرە لە بواری مافی مرۆڤ). هەروەها (تائێستا سێبەری ڕووداوە مێژووییەکان بەسەر سەری هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەورووپاوەیە.. ترسی ئەورووپاییەکان ڕەگێکی مێژوویی هەیە کە هی ئەو سەردەمەیە دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی بە شەوکەوت بوو. (الدولة العثمانية-١٧٠٠-١٩٢٢م- نووسینی دونالد کواترت- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ئەیمەن ئەرمنازی- مكتبة العبيكان چاپی یەکەم (٢٠٠٤) ل٣٤٣).

تورکیا بەچاکسازیی ئابووری قووڵ و قۆناغێکی باشی چاکسازی سیاسی، تا ٢٠١١، توانی ڕوانینی ئەورووپا بگۆڕێت، بەڵام کێشە لەوە دابوو پێش ئەوەی ئەم چاکسازییانە ئۆکەیەکی یەکجارەکی یەکێتیی ئەورووپا دابین بکات، باوەڕێکی لە ڕادەبەدەری خۆپێزانینی لای ئاک پارتی دروستکرد.

گۆڕانی بەدەستهاتوو وا قووڵ و ریشەدار بوو، کە ئەردۆگان دەنگی دلێر بێت و لەسەر سەنگینی دەسکەوتی بەدەستهاتوو ورده ورده پرۆژەکانی دەربخات و تا ڕادەیەک لە منەتی یەکێتیی ئەورووپاش بێمنەت بێت. بۆیە لە وتاری دووەمدا، وتاری کۆنگرەی چوارەم، بەیەک دێڕیش باسی یەکێتیی ئەورووپای نەکرد، بگرە جورعەیەکی خەستی بەرانبەرەکی مێژوویی وەبیرهێنایەوە لە شەڕی مەلازگردەوە بۆ شەڕی گەمارۆدانی ڤییەنا. بە (یانەی مەسیحی) ئەورووپای دەوت دێرزەمان وامان لێ کردن و نەهاش دڵۆپ دڵۆپ مەیلمان دەدەنێ.

زۆری پێ نەچوو ئەورووپا هەستی بەم سەرگەردانییە تورکییە کرد و وەزیری دەرەوەی سوید کارل بیلدت لە دیداری ڕۆژنامەی میللیەتدا ئاماژەی بەوە کرد، کە پەیوەندی ئەورووپا لەگەڵ تورکیا بە تەواوی دانەڕووخاوە، بەڵام پێشبینییەکان پاشەکشەیانکردووە، تورکیا ڕووی لە ڕۆژهەڵات کرد، بەڵام خاڵی موژدەبەخش هەر دەرنەکەوت، بۆیە ئەنقەرە پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ بژاردەی ئەورووپی..(تورکیا و اختبار الهوية المستمر- محەمەد نورەددین-ڕۆژنامەی شەرقی قەتەری ٢٠١٢/١٠/٢٠).

ئەوی بە یەکجاری تورکیای لە ئەورووپا دەرکرد، ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١١ کۆمیسیۆنی ئەورووپایە، کە دەستنیشانی پاشەکشێی تورکیای کردووە لە بواری پابەندێتی بە

پێوەرەکانی ئەندامێتی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپادا. راپۆرتەکە رووبەڕووی شاڵاوێکی رەخنەی رۆژهەڵاتیانەی حکومەتی ئاکەپە بۆوە لەنێوان بێمنەتی لە یانەی ئەوروپایی، کە کاتی خۆی نەجمەدین ئەربەکان: باوکی حزبایەتیی ئەردۆگان، ناوینابوو پەڕۆیەکی بێنوێژ، تا مەودای گلەییکردن لەوەی ئەم یانەیە «مەسیحییە» و هیچ خۆشی بە تورکیادا نایە و چاوی ئەو هەموو پێشکەوتنە گەورەیە نابینێت.

بەڵام وێستگەی سەرنجڕاکێش لە قسەکانی ئەردۆگان لە کۆنگرەی چواردا، گەڕانەوەی قووڵی بوو بۆ مێژووی تورکیا. ئەو ئەرکی رێبەرایەتی تورکیای لەنێوان خۆی و نەوەی نوێ، راستتر نەوەی داهاتووی حزبی داد و گەشەپێدان، دابەشکرد. بەڵێنی دا خۆی تا ساڵی ٢٠٢٣، بەراوری سەد ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا، بەردەوامبێت. نەوەی داهاتووش کاروانەکە درێژەپێبدەن تا ساڵی ٢٠٧١، کە یادی هەزارەی شەڕی مەلازگردەو بیرەوەری سەرکەوتنی نەبەردی سوڵتان ئالپ ئەرسەلانە لە بەرامبەر رۆمە مەسیحییەکاندا. یانی بە زەمەن بێت ئەردۆگان یادی سەروەری سەد ساڵ و نەوەی دوای خۆشی یادی سەروەری هەزار ساڵ دەکەنەوە، بەڵام بە مەغزا و هیلاکی بنەما چاندن بێت سەرکردە خۆی زەحمەتییە گەورەکە دەکێشێت.

ئەردۆگان وتی (مێژووی تورکیا دار چنارە، ئاکەپە یەکێک لە لقەکانی ئەم دار چنارە گەورەیەیە. رێگەی ئێمە رێی سوڵتان ئالپ ئەرسەلان، مەلیک شا و کلچ ئەرسەلانە. رێگەی ئێمە رێی ئۆسمان گازی، فاتح سوڵتان محەمەد، سوڵتان سلێمان، یاڤوز سوڵتان سەلیم، مستەفا کەمال، عەدنان مەندەرەس، تورگوت ئۆزال و نەجمەددین ئەربەکانە.... ئەم پارتە بە ڕووخسار و جۆشێکی نوێ دامەزراوە، بەڵام بوو بە هەڵگری کەڵەکەبووی توانا، ئەزموون، رۆح و ئیلهامی مێژوویی هەزاران ساڵ.. سوڵتان ئالپ ئەرسەلان بە سوپای خۆی وت، ئێستا گشت موسڵمانان لە مینبەرەکانەوە دۆعا بۆ ئێمە دەکەن... یا ئەوەتا سەردەکەوم و بە ئامانجەکەم دەگەم، یاخود شەهیددەبم...، براکانم ئەگەر من شەهیدبووم، ئەو بەرگە سپییەی لە بەرمدایە با کفنی من بێت، خودایە تەوەکول بە تۆ دەکەم، لە بەرامبەر گەورەیی تۆدا رووم دەخەمە سەر زەوی و لەپێناوی تۆدا بۆ جەنگ دەڕۆم. جگە لە خودا هیچ سوڵتانێکی تر نییە، فەرمان و چارەنووس هەر بەدەستی ئەوە، ئا ئەمەیە ئاک پارتی، لە لقەکانی ئەم دار چنارە گەورانەیە- دەقی وتەکانی ئەردۆگان لە کۆنگرەی چواردا لەلایەن بەرێز سدیق شوکرییەوە وەرگێڕدراوە).

ئەردۆگان بەوەشەوە نەوەستا، تەواوی داستانە هەزار ساڵییەکەی ئالپ ئەرسەلانی بۆ ئەندامانی کۆنگرەکە و کەناڵەکانی میدیا گێڕایەوە: (ئالپ ئەرسەلان لەکاتی سەرەمەرگدا وتوویەتی، تا چەند رۆژ پێش ئێستا لە سەر شاخێکی بەرزەوە سەیری سوپای خۆم دەکرد، هەستم دەکرد لەبەر گەورەیی خۆم خاک لە ژێر پێمدا دەهەژا، من حاکمی دنیام، خۆم بەخۆم دەوت کێ هەیە باڵا بە باڵای من بگرێت؟ کەچی خوا بێ چارەترین مرۆڤی بۆ من نارد، دیلێکی لە شەڕدا بەزیو و مەحکومکراو، ئەو لەمن بەهێزتر دەرکەوت، بە خەنجەری خۆی منی خست. تەخت و گیانی منی لەدەست دەرەهێنام،... ئەم وتەیەی ئالپ ئەرسەلان

گوارەیەکە لە گوێی مندا) ئەردۆگان حیکایەتی کوشتنی ئالپ ئەرسەلان وا دەگێڕێتەوە، کە وەک بڵێی لە شەڕی دژی بێزەنتییەکاندا کوژرابێت. ئالپ ئەرسەلان لە شەڕێکی دیکەدا کوژرا، ساڵێک دوای شەڕی مەلازگرد بوو، شەڕەکە لەگەڵ ڕۆمەکان نەبوو، بەڵکو لەگەڵ قاراخانییە موسڵمانەکان بوو. ئەو دیلە جەنگاوەرێکی ئازابوو، کە ئالپ ئەرسەلان قینی لێ هەڵگرت، تیری تێگرت، کە سەر چیغ چوو، ئینجا دیلەکە ئەوی کوشت.

ئەمە لە کتێبە تورکییەکانیشدا هاتووە. بڕوانە (المدخل الى التاريخ التركي- نووسینی یەڵماز ئۆزتۆنا- وەگێڕانی ئەرشەد هورمزي- الدار العربية للموسوعات- چاپی یەکەم ٢٠٠٥) هەروەها (الوجيز فى التاريخ ايران- دراسة فى التاريخ السياسى. الجزء الثاني- د. حسن كريم الجاف. دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٤٠).

یادی کۆماری یەکەم لای ئەردۆگان بۆنەیە بۆ جاڕدانی قۆناغێکی تازە. پێویستە تا ئەو کاتــە ئاکەپە بایی ئەوەندە گۆڕانکاریی بونیادی لە وڵاتدا کردبێت، تا ئەو بتوانێت بــە گوفتار و ڕەفتار کۆماری دووەم رابگەیەنێت. گۆڕانێکی وا کە چاکییەکانی کۆماری ئەتاتورک و سەروەرییەکانی ئیسلامەتی تورکیا لەخۆبگرێت.

بیرۆکەی دووانەیی لە مەنزومەی ئەندێشەیی تورکدا ئەسڵێکی بنچینەیی هەیە. سەلجوقییەکان لە ساڵی ١٠٣٨- ١٠٤٠دا هەم دەوڵەتی نەتەوەییان دامەزراند و هەمیش خۆیان لەگەڵ پێداویستییە ڕۆحییەکانی خەلافەتی عەباسی (عەرەبی)یدا گونجاند. عوسمانییەکان هەم تەداروکاتی دەوڵەتێکی دونیاییان جێبەجێکرد، کە لە ئەورووپاش حوکمدەکات و هەم ئاتاجی ڕۆحی حکومڕانیی ئیسلامییان سازدا، وەختێک سوڵتانی عوسمانی ئالای خەلافەتیشی بەرزکردەوە دوای ئەوەی عەباسییەکان تێدا چوون. ئیسلامییەکانی تورکیای کۆماری بیرۆکەی «میللیی گوروش»یان داهێنا، کە تێکەڵەیەکە لەنێوان نەتەوایەتی تورک و بنەچەی ئیسلامی - مێژووی فەرهەنگیی ئەو نەتەوەیە. ئەردۆگان ئەم دوانە مێژووییەی بە جۆری تریش پەرەپێدا.

ئەردۆگان هەوڵیدا دووانەی پاراستنی پیرۆزی دەوڵەت و پیرۆزی مرۆڤەکان دابینبکات. دەوڵەت لە تورکیا پیرۆزە و ئەمە شتێکە ئەردۆگان نەیتوانی بەرەنگاریی بکات، بۆیە هەوڵیدا پیرۆزیی مرۆڤەکانی لەگەڵدا هاوجووت بکات. بۆیە لە وتەکەی کۆنگرەدا وتی: (بە درێژایی (١٠) ساڵ خەبات توانیمان ئەو مەسافەیەی لەنێوان میللەت و دەوڵەتدا هەیە، نەیهێڵین. ستانداردی دیموکراسیمان بەرزکردەووە، سەرلەنوێ بڕوا بە سیاسەت کرا، بۆ ئابووریش متمانەو سەقامگیری بەرقەرارکرا). بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەردۆگان لەکوێی ئەو تیۆرییە وەستا، ئایا دەوڵەتی قانوونی کردە دەوڵەتی حقوق؟ یان لە دەیەی دووەمدا تووشی زاڵکردنی دەوڵەت دەبێت بەسەر مرۆڤدا؟

ئەگەر ئەدەبیاتی ئیسلامی تورکیا بە جۆرێک لە نامۆییەوە سەیری تەجرەبەی ئەتاتۆرک بکەن و بۆ نموونە ڕەوتێکی ئیسلامی کۆمەڵایەتی، وەکو ڕەوتی فەتحوڵڵا گویلەنی، بزووتنەوەی کەمالیزم بە کوڕی فەزای فیکری (ئیتحاد و تەرەقی) بزانن (بۆ نموونە، لە دیداری نووسەر لەگەڵ حسێن گولەرجە نوێنەری تایبەتی گویلەن لە تورکیا ئاماژەی بەوە دا بیری

کەمالیزم درێژبۆوەی بیری ناسیۆنالیستی ئیتحاد و تەرەقییە)، ئەوا ئەردۆگان جیاوازییەکی بنەڕەتی دەکات لەنێوان بزووتنەوەی غازی مستەفا کەمال بۆ جەنگی رزگاری نیشتمانیی دژی یۆنانی و ئیتاڵی و ئینگلیز و بزووتنەوەی کەمالیزم کە عەلمانیی و غەربزەدەیی هێنایە وڵاتەوەو ئیسلامەتی لەویێ کاڵکردەوە (تێبینی بکەن لە وتەکەیدا ناوی مستەفا کەمالی هێنا نەک کەمال ئەتاتورک، کاتێک وتی: ئەو خەڵکە چاوەڕوانی چارەسەری ریشەییان لە ئێمە دەکرد. خەڵک ئەو چارەسەرییەی دەویست کە مستەفا کەمال دەستپێکردبوو، بەڵام لەلایەن هاوڕێ نزیکەکانییەوە وەستێندرابوون، خەڵک داوایدەکرد لە تورکیا دیموکراسی و ئازادی بەرقەراربێت، خەڵک دەیویست ئەو ریفۆرمانەی خوالێخۆشبوو عەدنان مەندەرەس بەردەوامبکرێن، کە بەهۆی لە سێدارەدانی زاڵمانەیەوە، بەنیوەچڵی مابوونەتەوە).

ئەتاتورک لای ئەردۆگان دوو کارەکتەرە، یەکیان چاک کە لە دوا ساتەکانی کەوتنی دەسەڵاتی عوسمانیدا چی پێکرا بۆ دەربازکردنی ئەوی مابۆوە لە قەوارەی عوسمانی کردی، ئەویتریان ناخۆشەویست کە تورکیای لە جوگرافیا و مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلامی دابڕی و پەیڕەوی لە سیکولاریزم کرد. لەبەرئەوە پێیوایە کۆماری دووەم دەکارێت ئەو لە رەوتلادانەی کۆماری یەکەم راستبکاتەوە و رێگا بۆ بازدانێکی وا خۆشبکات تورکیا ئامادەی رۆژگاری ٢٠٧١ بێت. رۆژگارێک کە تورکیای ئەمڕۆ بە هەیبەت و شکۆ بێت لە دونیا وەک چۆن لە وێستگەی ١٠٧١دا دەوڵەتی سەلجوقی وابوو.

بەڵام بۆ دەوڵەتی سەلجوقی نەک دەوڵەتی عوسمانی؟ ئایا ئەمە مانای وایە ئەردۆگان (ئیرتجاعییە)؟ پێش ئەوەی جیاوازی هەردوو شانازیی تورکیایی (سەلجوقی و عوسمانی) بەراوردبکەین و بزانین ئەردۆگان بۆ لە دووەمەوە بۆ یەکەم دەمانگێڕێتەوە؟ دەبێ لەسەر مەغزای ئەم گەڕانەوە بۆ مێژووە هەڵوەستەبکەین.

لەڕاستیدا ئەردۆگان ئەمە وەک ئیرتیجاع و تەنانەت وەک نۆستالجیا بۆ رابردووش ناکات، پرسەکە لای وی جۆرێکە لە تەوزیفی مێژوو، کە ئاسانتر یارمەتیدەدات پەیامە سیاسییەکەی بگەیەنێت. بەتایبەت لەم دەورانەی مێژووی ناوچەکە، کە وەرچەرخانی مێژوویی نیشاندەدا و سروشتی وەرچەرخانەکەش وایە مێژووی رابردوو رۆڵێکی مەزن لە دەستنیشانکردنی ناسنامەی ئایندە و هێزەکانیدا دەگێڕێت. مەغزای گەڕانەوە بۆ مێژووەکان، گەڕانە بە دوای شوبهاندنێکی فیکریدا کە یارمەتیدەری دیاریکردنی رێبازی سیاسیی داهاتووی داد وگەشەپێدان بێت، لەبەر رۆشنایی جەبری مێژوودا. وەگەرنا وەک لە بەرنامەی حزبەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ دەردەکەوێت ستراتیژی ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ئایندەیەکی پێشکەوتووی سەنعەتی و زانستی و شارستانییە و هیچ پەیوەندی بە رابردووەوە نییە، مەگەر بۆ تەوزیفی سیاسی بێت (بڕوانە سایتی پارتی دادو گەشەپێدان–ئامانجی ساڵی ٢٠٢٣ – http://www.akparti.org.tr/arabic)

دەوڵەتی سەلجوقی دەوڵەتێکی کۆنترە لەوەی عوسمانی. کۆنینییەکەی دەرخەری جارانێتی نەتەوەی تورکە، کە لە دەرکەوتنی سوڵتان توغروڵ بەیگ تا ئالپ ئەرسەلان لە نەبەردی مەلازگردا دەگاتە لووتکەی هێز و قودرەتمەندی خۆی (الوجیز فی التاریخ ایران– سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو– لاپەڕە ١٢٣)، دەگاتە هەرەتی لاوێتی. ئەم دەورانە هی بەرواری گەشانەوەی

گەورەی نەتەوەی تورکە لە مێژوودا، کە توانی زنجیرە هاوپەیمانێتییەک هەڵچنێ و لەنێوان میللەت و دەوڵەتگەلێکی ناوچەکەدا، لە ئێران و ئەرمینیا و کوردستان و ئەنادۆل و قەرەباڵغی فرەنەتەوەیی ناوچەکەدا، بەشێنەیی ئەمما بە لێبڕاوی جێی خۆی بکاتەوە. لەگەڵ کوردەکان پێک بێت و پشت بە سوار چاکەکانیان ببەستێت (ئاڵپ ئەرسەلان توانای شەڕکردنی بەهێزکرد، بەو کوردانەی لەگەڵی پێکهاتن، ژمارەی سوپاکەی لە چوار هەزارەوە بووە پانزدە هەزار... مێژووی سەلجوقییەکان، ١٠٧٧-١٣٠٤ی ز- دەروازەیەک بۆ مێژووی عوسمانییەکان - دکتور محەمەد سەیل تقوش، وەرگێڕانی دەوەن حەسەن -چاپخانەی رۆژهەڵات- هەولێر - چاپی یەکەم ٢٠١١ -لاپەڕە ٤٥)، توانی لەیەک کاتدا کوردەکان تەمبێ بکات و دەوڵەتی مەروانی (دۆستکی) بڕوخێنێ و ئینجا رازیانبکات و ناوی کوردستان لەسەر زەمینەکەیان بنێت (دیداری نووسەر لەگەڵ سیاسەتمەدار شەرفەدین ئێلچی... هەروەها بڕوانە مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا- د. ئەحمەد مەحمود خەلیل-چاپخانەی پەیوەند- چاپی ٢٠١٠ لاپەڕە ١٨٨). ئێران زەمین لە رێی پایەدارکردن و لەباوەشگرتنی دەوڵەتمەدار و چینی ژێهاتووانی وەک نیزامولمولکی توسی ڕازیبکات و فەرمانڕەوایی ئەوێ لە ئەسفان تا سێبەری سەمەرقەند بگرێتەدەست و بەغدای جێی نیشتەنی خەلیفەی عەباسی بە ژن و ژنخوازی رازیبکات (زوجات وامهات ترکیات فی القصر العباسی-پرۆفیسۆر ئەکرەم باموقچی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی نوسرەت مەردان ٢zawjaat.htm/http://www.mesopot.com/old/adad).

## ئۆجەلانیش رای وایە!

سەرنجراکێش ئەوەیە، کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکەش لە ئیمراڵی بۆ نەخشە رێگای ئایندەی پرسی کورد قوڵایی مێژوویی پەیوەندی کورد و تورک لە دەورانی سەلجوقی و ئینجا عوسمانی بەگرەنەتی وەردەگرێت بۆ جۆرێک لە ئایندەی باشتر (سەلجوقییەکان وەک بەگ و تیرەکان، کاتێک گەیشتنە سنووری کوردستان شیمانەیەکی مەزنە دەستەواژەی کوردستان لەکاتی گەیشتنی سوڵتانی سەلجوقی بە سنووری کەلتووری کوردان ئەو ناوەی لێناوە. بە چەکی برایەتی ئیسلام پێشنیاری شەڕی هاوبەشیان لە بەرامبەر بێزەنتییەکان کرد. لەبەر ئەوەی بەشی زۆری کوردانیش ئیسلامیان پەسەندکردبوو و زۆرجار لە بەرامبەر بێزەنتییەکان تووشی گرژی هاتبوون، پشتیوانی ستراتیژی شەڕی هاوبەشیان کرد. سوڵتان ئاڵپ ئەرسەلان لە ئایاری ١٠٧١دا لە مەیا فارقین کە بەپایتەختی ئەو کاتەی کوردان دەژمێردرا «سیلوانی ئەمڕۆ» لەگەڵ بەگ و خێڵە کوردەکان لە هەوڵی رێککەوتندا بوو. ئەو هێزەی کە هەم بەگەکان و هەم لە تیرەکان پێکهاتووە، شیمانەدەکرێت نیوەی لە کوردان پێکهاتبێت، بە سەرکەوتنی ئابی «١٠٧١» گەیاند کە بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێردرێت. تەنانەت رۆڵی هێزی تیرە و بەگە کوردەکان لەو شەڕە راست شیکارناکرێت. سەرکەوتنەکە ستراتیژی بوو. چونکە تا دوایی دەرگای ئەنادۆڵی بۆ بەگ و تیرە تورکەکان والآکرد. سەبارەت بە بەگ و تیرە کوردەکانیش کۆتایی بە هەڕەشەی بێزەنتییەکان و دەرئەنجامەکانی دەهێنا. بەجێکردنی پەیوەندییەکان لەسەر بناغەیەکی بەمجۆرە، زۆر گرنگە

و لە دیاریکردنی داهاتوودا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت... (عەبدوڵڵا ئۆجەلان: نەخشەی ڕێگا — کێشەی دیموکراتیزەبوون لە تورکیا و مۆدێلەکانی چارەسەری لە کوردستان — وەرگێڕان: گۆڤاری ڕۆژی وڵات. چاپ: تشرینی یەکەم ٢٠١١ ل ٧٩-٨٠).

ئەم خووگرتنە هاوبەشە بە باگراوندی مێژوویی، کە ئەردۆگان و ئۆجەلانی کۆکردۆتەوە، ڕەنگە ڕێگای بۆ گفتوگۆی ئیمراڵیش ئاوەدانتربکاتەوە. ئۆجەلان وا قفڵی ئەو برگەیەی داوە (زۆر گرنگە و لە دیاریکردنی داهاتوودا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت).

دەوڵەتی سەلجوقی، دەوڵەتی عوسمانییە لە تافی لاوییدا و بۆ ئەردۆگان گەڕانەوە بۆ ئەم دەوڵەتە بانگەوازە بۆ گەنجکردنەوەی سیاسەت و نەتەوایەتی لە تورکیا، گەڕانەوەیە بۆ تورکیایەکی ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتی گەنج و خاوێن، کە ڕۆژهەڵاتیبوونەکەی بریندارناکرێت و خەوشدارنییە. ئەمەش ئاتاجێکی ئەمڕۆی تورکیایە لە زەمانی بەهاری عەرەبیدا، کە بەهاری نۆستالجیایە بۆ هەموو شتێکی دێرین. (ئەردۆگان پێشتر وەڵامی کلچدار ئۆغلۆی دایەوە، کە وتبووی بۆ هێندە سەرقاڵی ڕەوشی سوریایە، ئەویش وتی: چونکە ئێمە وڵاتێکین لەسەر بناغەی بابی عالی عوسمانی دروستبووین، ئێمە نەوەی سەلجوقییەکانین، نەوەی عوسمانییەکانین).

ڕاستە، دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتی دەستکەوتی زیاترە و ئیمپراتۆریایەکی پانوپۆڕە، بەڵام بۆ تورکیای ئەردۆگانی (باس لە ئەردۆگانی دەیەی دووەمی حوکمڕانی دەکەین) زۆر بە دەردی تەوزیفی دەرەکی لە دونیای عەرەب و ڕۆژهەڵاتدا نایخوات. دروستە دەوڵەتی عوسمانی لە یادەوەری عەرەب و میللەتانی مانەندی وان دەوڵەتێکی ئیسلامییە، بەڵام ئیسلامییەکی گرفتدار، کە هەندێک بە ستەمکار و ناوەندێتی حوکمڕانی و تورکچێتی دەیناسێنن و هەندێکیش لە ئەندێشەدا بە ئیسقاتی بیرۆکەکانی ئەمڕۆ لەسەر دوێنێی مێژوو، بە ئیمپراتۆریایەکی زەوتکەری خاکی نەتەوەکانی تری دەزانن. جێی سەرنجە دەوڵەتە سەربەخۆکانی لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوون، وازیان لە ئیدانەکردنی سەردەمی عوسمانی نەهێنا لە هەموو ئەو ماوەیەی لە تافی پێکهاتندا بوون. ئەمەش هەموو ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە، کە دوای کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوون، لە سربیا و ڕۆمانیا و تورکیاوە تا سوریا و عیراق.... الدولة العثمانية. (سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو.. ل٣٣٩).

دەوڵەتی عوسمانی خاوەنی دەستکەوتی گرتنی قوستەنتینییە و کردنێتی بە ئەستەنبوڵ، بەڵام سەرەتاکە لای سەلجوقییەکانە کە بە سوپایەکی بچووک، بەڵام فرەڕەگەزەوە، شەڕی مەلازگردیان کرد و یەکەم قاودانی بێزەنتینییەکانیان ئەنجامدا. دەوڵەتی سەلجوقی تورکانە بوو، بەڵام چونکە سەرەتابوو سیاسەتی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەتەوەکانی تر لە هی عوسمانی چاکتر و دادپەروەرتر بوو، وەک ئیمپراتۆریای عوسمانی بێمنەت و ناوەندێتییەکی توندی نەبوو، دەوڵەتی سەلجوقی بۆ ئەمڕۆ کەمێک غروری ڕۆژهەڵاتی و عەرەبی ڕازیدەکات، کە لەوێدا خەلیفەی عەرەبی ماوە و ئیسلام ڕۆمانسیترە و نەتەوەکانی تر، تەنانەت کوردیش، بەشدارن و سەنگ و ناسنامەیان هەیە. دەورانی سەلجوقی دەورانی پێشبرکێیی نەتەوەکانە بۆ بیناکردنی دەوڵەت، هەروەها بۆ خزمەتکردنی ئیسلامیش.. زەمانی سەلجوقی زەمانی

ڕۆژهەڵات بوونی خاڵسی تورکە و ڕەسەنترە لەچاو دەوڵەتی عوسمانی کە چەندە دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتییە، هێندەش بەشی ئەوروپای پێوەیە. ئیف لاگۆست دەڵێ: «دەزگای سەڵتەنەتی عوسمانی، توخمە مرۆییەکەی، تاقمێکی لەدایکبووی ئەوروپا بەڕێوەیانبرد، کە زۆربەی کەسەکانی لە خێزانەکانیان لە سربیا و ڕۆمانیا دوورخرابوونەوەو باوەڕیان بە ئیسلام هێنابوو. کاتێکیش چوونە نێو یەنچەرییەوە یاخود لە واری کارگێڕیدا خزمەتیانکرد، هەرگیز بنچەی خۆیانیان لەیادنەکرد. قیبلەنومای دەستەبژێری عوسمانیش ئەوروپا بوو-ئیف لاگۆست -جوگرافیای سیاسی ڕووداوگەلێکن هاوسەنگی هێز لەگەڵ هەرێم و شوێنەکان ئاوێتەدەکەن، ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرەنسی ٢٠١٢/١٠/٢٤ — خزمەتگوزاری ئەنساتی مەرکەزی).

ئەگەر شارستنانییەکان بە ئاماژەی کۆمەڵایەتیش بناسرێنەوە، دەوڵەتی سەلجوقی بۆ جێگیریی و پێداکوتین چەند نەوەیەک لەسەر یەک ژن و ژنخوازی کرد لەگەڵ دەرباری زنجیرە خەلیفەکانی عەباسی تا ئەو ئەندازەی خەلیفە نەبوو کە لە دایکەوە تورک نەبێ و خاڵوانی لە فەرماندە سەربازییەکانی تورک نەبێت. خودی توغروڵ بەیگ کچی براکەی لە خەلیفە ئەلقائیم مارەکرد. ئەوان تاڵبی شەرەفی خزمایەتی بوون لەگەڵ خەلیفە و ئەشرافی عەرەب، تا لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا باسکیان وا بەهێزبوو ئینجا ژنیان لە خەلیفەی عەرەب خواست و توغروڵ بەیگ خۆی لە دوا ساڵەکانی تەمەنییدا پێداگری کرد کە لە هەمبەر خزمەتەکانی بۆ خەلافەت و پایەدارکردنی عەرەب و ئیسلامدا هەر دەبێت کچی خەلیفەی پێ ببەخشن و هەر واش بوو. سەلجوقییەکان تافی لاوییان تا دەرکەوتنی پاڵەوانێتی ئاڵپ ئەرسەلان درێژەپێداو شوێنی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتدا قایمکرد، ئینجا دەوڵەتی عوسمانی هات و لەسەر بنەچەی ئەستووربوونی باسکی نەتەوەی تورک ئیمپراتۆریای پانوپۆری عوسمانییەکانی دامەزراند. ئیمپراتۆریایەک کە تا ڤییەننا ملی پێوە نا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای وا ڕامکرد پێچەوانەی جاران، ئیتر دایکی چەند سوڵتانێکی عوسمانی بە ئەسڵ ڕوسی و مەجەری و ئۆکرانی بوون. ئەمەش وەک بیرئانینێک بۆ زەمانی سەلجوقی کە هەمان دابونەریت کارابوو، بەڵام دیمەنەکە ڕۆژهەڵاتی بوو (پەیوەندیی پتەوی نێوان تورک و عەباسییەکان چەرخی زێڕینی خۆی بینی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی لەسەر دەستی دامەزرێنەرەکەی توغروڵ بەیگ (١٠٤٥-١٠٦٣) و تا حوکمی سوڵتان قلجی دووەم (١١٥٦-١١٩٢) بۆ دوو سەدە. ژن و ژنخوازی ڕۆڵی گێڕا لەگەیشتنی ئەو پەیوەندییانە بە ترۆپک.. ڕاستە ئەگەر بڵێین بە دەگمەن خەلیفەی عەباسی هەبوو کە شازادەیەکی تورکی نەخواستبێ یان لە دایکەوە سەر بە تورک نەبووبێت... (زوجات وأمهات ترکیات فی القصر العباسی.. سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەمان سیاسەتی ژن و ژنخوازی سیاسی پەیڕەوکرا، بەڵام ئەمجارەیان لەجێی ژنپێدان بە عەباسی (لە ڕۆژهەڵات) ژنخواستن لە بێزەنتە (لە ڕۆژئاوا) هەبوو. تورکەکان لە کارپێکراوەوە بوونە کاریگەر، ئەمەش دەورانێکی هەزار ساڵەیی لە (ساڵی ١٠٣٨ بۆ ١٩٢٣) دەگرێتەوە (عوسمانییەکان لەسەرەتاوە ژن و ژنخوازییان وەک ئامرازێک بۆ پتەوکردنی دینگەی فەرمانڕەوایی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەوەبوو سوڵتان

ئۆرخان کچی جۆن کنتاکوزنی هێنا، کە مودەعی عەرشی بێزەنتی بوو... ساڵی ١٣٧٦یش سوڵتان موڕادی یەکەم کچی پادشای بولگاریا ششمانی خواست، بایەزیدی یەکەمیش کچی لازار کوڕی پادشای سربیا ئستفان دوشانی خواست دوای شەڕی کۆسۆفۆ.... (الدولة العثمانية، سەرچاوەی ئاماژە بۆکراو ل٧٠).

دەورانی سەلجوقی هاو ئاوازترە لەگەڵ دەرەنجامەکانی (بەهاری عەرەبی) و لە دیدگای ئوسوڵی ئیسلامیی سیاسیی دونیای عەرەبەوە بێگەردتر و ئوسوڵیتر و ڕۆژهەڵاتیترە لەچاو دەورانی عوسمانیدا کە شارستانییەکی گەشەدارترە، بەڵام وەک وتمان بەشی ئەوروپا و ڕۆژئاواشی پێوەیە.

بێگومان ئەردۆگان ناخوازێت دەستبەرداری تۆماری ئیرادەی عوسمانی بێت، بەڵام دەخوازێت ویستی سەلجوقی ئاوێتەبکات، وەک شەڕێکی ڕەمزی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی گەڕانەوەی گەنجێتی بۆ حزبەکەی و بۆ تورکیاش.

بەمجۆرە ئەردۆگان لە ڕەوتی خۆیدا بەویستی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا دەستپێکردو خۆی لە خەیاڵدانی میللی گوروش دەربازکرد. ئینجا دوای دە ساڵ لە سەرکەوتن بە سەر ئاستەنگەکانی حوکمدا دەخوازێت لە نیوعوسمانی ڕوو لە ئەوروپاوە بیگوازێتەوە بۆ نیوسەلجوقی کە وەپیرەوەهاتنێکە بەرەو هەرچی زیاتری ڕۆژهەڵاتیبوون. فەزای سیاسیی بەهاری عەرەبی و ڕۆڵی پێشبینیکراوی تورکیا لەو وەرگۆڕانەی ناوچەدا یارمەتیدەری ئەردۆگانە بەو ئاراستەیە و چەند ئاماژە و بیروڕایەکی ئەردۆگان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڤ بەڵگەن بۆ ئەمەی کە دەیڵێین.

لەڕاستیدا ئەوەی شرۆڤەکارانی ڕەوشی تورکیا ناویان لێناوە پاشەکشێ لە ویستە دیموکراتی و کرانەوەکانی ئاک پارتی، دەبێ هەروا بەکاڵوکرچی فڕێ نەدرێنە ناو باسوخواسەکان و سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، بەڵکو دەبێ لەناو ئەو تەوزیفە مێژووییەدا هەوڵی هەڵسەنگاندنی بدرێت.

## لە موحافەزەکاری دیموکراتەوە بۆ نەوەیەکی ئیماندار

کە ڕەوتی ئاک پارتی کەوتە ڕێ، مۆدێلەکە مۆدێلی موحافەزەکاری دیموکراتی بوو، هاوشێوەی ئەوەی لە ئەوروپا بە حزبە مەسیحییە دیموکراتەکان دەوترێت، وەک میر دەنگیر فورات یەک لە یاریدەدەرانی ئەردۆگان لە گێڕانەوەی سەرەتا ڕۆمانسییەکاندا پێیوتم: «ئێمە سەرەتا زۆر باشمان دەستپێکرد، حزبێکی دیموکراتی موحافەزەکار بووین.. شتێکی نوێ بوو لە تورکیا، بەڵام دواتر پاشەکشێی پێ کرا».

تورکیا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر ئامادەبوو ئەمجۆرە موحافەزەکارییە قبوڵبکات، هەم سەبارەت بە مێژووی ئیسلامیی پراگماتی ڕەگ داکوتاوی عوسمانی و هەمیش چونکە چەند دەیەیەک حوکمی عەلمانی، لەسەر شێوەی ئەتاتورکی، ئیسلامەتی لە کۆمەڵگەی تورکیاشی ئامادەکردبوو تا دیموکراتییەکی موحافەزەکار قبوڵبکات و بە تێکەڵکردنی ئیسلام و عەلمانییەت ڕازیبێت.

ڕەوتی دە ساڵە لە موحافەزەکاریی بێ پێشەکی قووڵ و دووورودرێژ نەبوو، هەر ئەمەش ڕەوایەتی بەو بانگەوازە دەدات کە دەڵێ، مەرج نییە ئەوی بۆ تورکیا شیا بۆ وڵاتی دیکەش بشێت. بەتایبەتی هێشتا چیرۆکەکە لە خودی ئەم تورکیایەش کۆتایی نەهاتووە – هەر ئەو جوداییەی لە نێوان دوو قۆناغی مەکی و مەدینی و دوو گوتاری ئەردۆگان لە ڕۆژی دامەزراندنی و ڕۆژی کۆنگرەی چواردا دەستنیشانمانکرد، پێماندەڵێت ئێمە جارێ لە بەردەم کۆتاییەکی کراوەداین، کە کەس نازانێ ئەم وەرگۆڕانە دراماتیکییە چی لێ دەکات؟

ڕەوتی موحافەزەکاری دیموکراتی ئاک پارتی وردە وردە ملی پێوە دەنێ بۆ ڕەوتێکی ئیمانداری، کە گەڕانەوەیە بۆ ئیسلامەتی سەلجوقی، تا ئەوەی گەڕانەوە بێت بۆ ئیسلامەتی عوسمانی کە پتر لە ئاماژەیەکی عەلمانی بوونی لەخۆگرتووە، وەک ئەوەی ڕەحمەتی محەمەد عەلی بیراند لە نووسینێکدا ئاماژەی بۆ داوە (چەندان کەس تەنانەت لەسەردەمی عوسمانیشدا نموونەی ژیانی عەلمانییان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو و پەیڕەوییان لێ دەکرد).

نووسەری بەڕەگەز تورک سونر کاجابتای ئەم دوو فاقییە لە نموونەی گەشەی تورکیا لە ڕووی ئابووری و رووکردنە دینداری لە دۆخی هێڵی ئاسمانی تورکیا بەرجەستەدەکات:

(با نموونەی هێڵی ئاسمانی تورکیا بێنینەوە کە دەوڵەت خاوەنێتی، هەڵکشانی ئەم کۆمپانیایە تورکیای هەڵکشاو بەرجەستەدەکات. کۆمپانیاکە ٢٠٠گەشت لە ناوەندەکەیەوە، لە ئەستەنبوڵ، بەڕێدەخات، بەراورد بە ٧٥کاروان لە ساڵی ٢٠٠٢دا. کۆمپانیاکە دووجار لە ڕێی دەنگدانەوە وەک باشترین کۆمپانیای فڕۆکەوانیی لە ئەوروپا هەڵبژێردراوە. جا لەبەرئەوەی چەند دەیەیەکە یەکێکم لە موسافیرە بەردەوامەکانی ئەم هێڵە، لەبیرمە ئەوکاتەی کاروانەکانی پڕبوون لە خێزانەکان و بزنسمانە تورکەکان، بەڵام ئەمڕۆ پڕن لەو موسافیرانەی دێنە ئەستەنبوڵ لە ڕێی پڕۆسەی گرێدانەوەی تورکیا و ناوچەی ئورئاسیا. کەچی لەو کاتەی ئابووری بزێوی تورکیا پاڵ بەم کۆمپانیایەوە دەنێ بەرەو پێشەوە، بیروباوەڕە موحافیزکارەکان بەئاڕاستەیەکی تر رایدەکێشن. ئەوەبوو کۆمپانیاکە بەم دواییە رایگەیاندووە، کە بڕیارە مەشروب و خواردنەوە لە زۆربەی گەشتە ناوخۆییەکانیدا قەدەغەبکات. (ترکیا فی مفترق طرق سونر کاجابتای، ئیم، سی، تی ئنترناسیۆناڵ، ٢٠١٣/٣/١١، لە بڵاوکراوەی الانصات المرکزی ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٢ ل٢٦).

کەشی جەمسەرگیری نێوان ئەردۆگان لە خولی نوێی موحافەزەکاریدا لەگەڵ عەلمانییە ئۆپۆزسیۆنەکاندا لە یادی ٨٩ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا باشترین پرۆڤەی خۆی کرد. لەکاتێکدا حکومەتی ئاکەپە گرانایی دەخستە سەر یادەکە لە ڕووی ڕەهەندی نیشتمانییەوە، ئۆپۆزسیۆن گرانایی دەخستە سەر ڕەهەندی عەلمانی یادی کۆمار. یانی یادکردنەوەی دوو جۆر کۆمار بوو، کۆماری غازی مستەفا کەمال پاشا و کۆماری کەمال ئەتاتورکی عەلمانی.

ئۆپۆزسیۆنی عەلمانی وەک تەحەددایەک بۆ ئاکەپە خۆپیشاندانی کرد و خۆپیشاندانەکەش ڕووبەڕووی پەلاماردانی پۆلیس بۆوە. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لە راپۆرتێکی ڕۆژی (٢٠١٢/١٠/٣١) نووسیویەتی: (موراد کوچوک ناوێک لەناو خۆپیشاندانەکە بوو، کراسێکی

وەرزشی رەشی لەبەربوو کە وێنەی ئەتاتورکی لەسەربوو، وتی: ئەمە شۆڕشی چەواشەیە، ئەمڕۆ رۆژی گەورەی تورکیایە. ئەمە میراتی مستەفا کەمال ئەتاتورکە). نووسەر و دەرهێنەر جان دواندار ئەوەی وەبیر سەرۆکی حکومەت هێنایەوە، کە خۆشی ساڵی ١٩٨٠ بەشداریی خۆپیشاندانی کرد و مامەڵەی پۆلیس لەگەڵی خراپ بوون، ئەردۆگان ئەو کاتە چاکەتەکەی داکەند و کردیە بەرماڵی نوێژکردن، بۆیە دەستگیرکرا.

دواندار بە ئەردۆگانی وت: گازی فرمێسکرێژ کار لە بیروباوەڕی خەڵک ناکات، بەڵکو ئیرادەیان والێدەکات گۆڕانکاری لە دەسەڵات بکەن، تۆش یەکەمین کەسی کە دەبێ ئەمە بزانێت. سەیری رابردوو بکە و چاو لە ئاینده بڕوانە.

موراد یەتکین نووسیویەتی: ئەردۆگان ئەو دارەی لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسلامیی سیاسی، کە خۆی پێی سەرکەوت بۆ دەسەڵات. دیارە ئەم دەستەواژەیەش هەمان ئاماژەی تۆمەتە، کە رووبەڕووی هێزە ئیسلامییەکان دەبێتەوە.

لەڕاستیدا نەک نووسەری ئەم دێڕانە، بەڵکو کارشناسانی تریش بە دەست ناولێنانی باری ئێستای ئاکەپەوە گیریانخواردووە و ئاگاهیدەدەن کە دژوارە بڕیارێکی کۆتایی لەسەر رەوتی دوماهی رێبازی ئەم حزبە بدرێت. دەشێ نموونەش باسبکەین:

– بزاوتی گەمارۆدانی عەلمانییەتێکی مولحیدو گوێزانەوەی بۆ عەلمانییەتێکی وا کە رێز لە ئایین بگرێت، بەتایبەتی ئایینی زۆرینەی میللەتی تورکیا کە ئیسلامە، بزاوتێکی بێ بنمێچە و نازانرێت لەکوێ دەگیرسێتەوە؟

داخۆ هەقی لەدەستچوو دەداتەوە بە موسڵمانەکان، کە پێکراوەی دەستی فەرامۆش بوون لە وڵاتی خۆیاندا، یان تۆڵە لەعەلمانییەکان دەکاتەوە و ئازادی ئایینی و سەروەرکردنی بژارە رۆحانییەکانی خەڵک دەکاتە دەسکەلا بۆ هەق سەندنەوە لە عەلمانییەکان دوای نەوەد ساڵ لە هەقخواردنی موسڵمانەکان؟

– پەکخستنی رۆڵی ناپەسەندی سوپا لە ژیانی گشتیدا هەر لەو ئاستەدا دەوەستێتەوە، کە ژیانی سیاسیی رێکوپێک و تەندروست بکات یان سوپا دەکاتە دەسکەلا بەدەست حکومەتەوە تا لە ململانێ ناوخۆییەکاندا بەکاریانبێنێ؟ ئایا سەرمایەی رەمزی لە تەمبێکردنی دامەزراوەی عەسکەری هەروەک شانازییەکی بێوەی دەمێنێتەوە یان ئاکەپە ئەو سەرمایە و ئەو شانازییە رەمزییە دەکاتە وزەی کۆنترۆڵکردنی تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگە وەک لە گەمارۆدانی دامەزراوەی یاسایی و داد و میدیادا تێبینیدەکرێت؟

– لە پرسی دەوڵەتی قووڵ و دۆسێی ئەرگەنەکۆندا ئایا ئاک پارتی تەمبێکردنی کارەکتەرەکانی ئەرگەنەکۆن دەکاتە پرۆڤەیەک بۆ ترساندنی دەوڵەتی قووڵ تا لە پەرچەکرداری ترسدا لەگەڵیدا هاوکاربن و خۆشی لە گواستنەوەیەکی بێگرێ و گۆڵدا دەست و پەنجە لەگەڵ قودرەتمەندی (دەوڵەتی قووڵدا) نەرمبکات و ئینجا بیانخاتە گەڕ بۆ پاکتاوکردنی ململانێکانی داهاتووی لەگەڵ رکابەرەکانی؟

سەرنج دەدرێت ئەرگەنەکۆن وەک دۆسێی کودەتایەکی مەزەندەبۆکراو و وێستگەیەک لە دەیان وێستگەی دەوڵەتی قووڵ، کە پڕە لە نموونەی جۆراوجۆری (ئەرگەنەکۆن)ی، دۆسێکە

گەورەدەکرێت و کارەکتەرەکانی دەبنە پەندو عیبرەت بۆ وێستگەکانی پێشووتری (دەوڵەتی قوڵ) تاوەکو موحاسەبە لەوێدا بەسبێت و (دەوڵەتی قوڵ)یش خزمەتگوزارییەکانی بۆ (ئاک پارتی) بگوازێتەوە. ڕەنگە ئەمەش شرۆڤەی ئەوەمان بۆ بکات، بۆچی ئاک پارتی لە قۆناغی ڕێبازی سیاسی موحافەزەکاری دیموکراتەو،ە کە دەخوازێت گۆڕانی بنەڕەتی بکات لە دەوڵەتی قوڵ و ناسنامەی تورکیادا، بازیداوەتە سەر قۆناغی ڕەفتاری سیاسی موحافەزەکارانە، کە دەخوازێت باری هەنووکەیی بپارێزێت، زۆری دەستکاری نەکات کە لە بندەستی خۆی دەریبهێنن یان بەدیوێکی تردا بەرهەمی دەستکەوتەکانی بەمەدەنی تورکیا تا ئەو ئەندازەیە قوڵ و پڕ نەبێت، کە فەزایەکی وا بخوڵقێنێت ئۆپۆزسیۆن و نەیاری ئایندەیی بۆ خودی ئاکەپە پەیداببێت. هەروەک ئەردۆگان خۆشی بەم دواییە وتوویەتی (دیموکراسییەکی بێسنوورمان نە گەرەکە). بەمانای ئەوەی دیموکراسییەکەی دابیندەبێت هەر ئەمەیە کە هەیە و نەمانی دەسەڵاتی سوپا و دەوڵەتی قوڵ بەمانای ئەوە نییە نەیارانی هێڵی ئەردۆگان کەڵکی بنەڕەتی لێ وەربگرن و ڕەوتی گۆڕینی بچمی دەوڵەتی تورکیا پەکبخەن.

لە ئەستانەی دۆخێکی وا گرفتاردا، کە ناسنامەیەکی نوێ دەداتە داد و گەشەپێدان، ئایا زەحمەتە بڵێین لە ڕۆژەڤی ئاکەپەدا نیازی بازدانێکی تر هەیە لە پرسی کورددا، وەک ئەوەی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حزبەکەدا جێبەجێکرا؟ باسکردنی سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەحمەدی خانی و سڵاوناردن بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان لوتفنواندنێکی چاکن لە ئەردۆگانەوە، بەڵام بەشی بازدانێکی تر ناکەن، چونکە لە بنەڕەتدا تەوەللابوون لە ڕۆژئاوا کە (پێوەرەکانی کۆپنهاگن)ی بۆ تورکیا هەیە و دەریچەی مافەکانی کوردی دابینکردووەو رووکردنە ڕۆژهەڵات، جاهی عوسمانی یان هی سەلجوقی بێت، بەمانایەک لە ماناکان دواخستنی چارەسەرییە تا بەهاری عەرەبی و دەرهاویشتەکانی لە جێگایەک دەنیشنەوە. ئەوسا یان قسەی جاران دەڵێنەوە، کە لە دیاربەکر وتیان کێشەی کورد کێشەی منە، یان قسەی قەدیمتر دەڵێنەوە کە لە تورکیادا کورد نییە.

# ئەردۆگان (ئەمانەتەکەی) ئەتاتورک دەداتە ئۆجەلان؟

لەم ئاستەدا، کە گفتوگۆی نێوان دەوڵەت و سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان چەند هەنگاوێک چۆتەپێشەوە، جگە لە وێستگەی ئیمرالی، کە شوێنی بەندکردنی ئۆجەلانە، سێ کوچکەی تریش لەسەر هێڵی رۆڵگێرانن: قەندیل وەک پێگەی سەربازی سەرکردایەتی پەکەکە، پەکەکەی ئەوروپا و بەدەپەش لەناوەوە. ئەم کارەکتەرانە هەموویان لەبەرەی تەڤگەری کوردەوە یارمەتیدەری یەکترین بۆ سەرخستنی پرۆسەکە لە هەمبەر دەوڵەتدا. بەڵام فرە وێستگەیی وەک چۆن لەباریدایە هێزی سیاسی کورد فرەو بژارەی چارەسەری دەوڵەمەندبکات، ئاواش لەباریدایە لە غیابی هەماهەنگی و هاوکاریدا درزی شێوان و ئاراستەی جیا و بەریەککەوتنی سیاسەتیشی لێ بکەوێتەوە. ئەم مەترسییە هەر مەترسیش نییە بۆ رەوتی پرۆسەی ئاشتییەکە، بەڵکو مەترسیشە بۆ دیدی کورد لەسەر چارەسەری. بەمانای ئەوەی بنمیچی داواکاری کورد چی دەبێت؟

ئەوی لە ئەدەبیاتی کوردایەتی باشووردا پێیدەوترا: (لایەنی کەمی داخوازی و لانی زۆری داخوازی) لەم هەموو وێستگەی کاریگەرییەدا چۆن دادەرێژرێ و قسەی کورد لەم بەستێنەدا چۆن یەک دەخرێت؟

هەڵبەت ئەوی تا ئێستا گوێمان لێ بووە ئەوەیە، هەر سێ وێستگەی قەندیل، ئەوروپاو ناوەوە (بەدەپە) دەڵێن ئێمە پابەندی رێنمایی و بریاری ئۆجەلانین، بەڵام ئەمە تا ئەو رێوشوێنە راستە، کە پەیوەندی بە هەنگاوەکانی ئاشتی و بیناکردنی متمانەوە هەیە. دەنا رەنگە لە وردەکارییدا جیاوازی هەبێ و عەرەبیش دەڵێت الشی×ان یکمن فی التفا×یل، شەیتان لە وردەکارییدا خۆی حەشارداوە.

لە دۆسێی داخوازییەکانیشدا ریزبەندیی کوردایەتی پێویستی بە تەداروکاتی زۆر دەبێت، تا بتوانێت خیتابی داخوازییەکان رێکبخات.

بەواتایەکی تر، لە قۆناغی ئاشتیدا (یەک موخاتب) ریتمی ئەوانیتر هەڵدەسورێنێ، ئەویش ئۆجەلانە، لە قۆناغی داخوازییەکاندا پێویست بە دارشتنی (یەک خیتابی) دەکات بۆ ئەوەی پەخشی کورد یەک بێت، دەوڵەتیش لێی تێبگات و کاغەز و دۆسێکانی خۆی بە گوێرەی ئەمە رێکبخاتەوە.

– بۆ بەدەپە داخوازییەکان بریتییە لە زەمینەسازی بۆ دارشتنی داخوازی کورد و لەم پێناوەشدا ویستی زمان ناساندن و هەندێک داخوازی رەمزی تر بۆ ئەوەن ناسنامەی کورد بە رەسمیی دەربکەوێت و لەم راستییە رەسمییەوە داوا نەتەوەییەکان بێنە پێشەوە.

- بۆ پەکەکە بە هەردوو وێستگەی قەندیل و ئەوروپاوە، سازکردنی زەمینەی خەباتی سیاسییە لەناوەوە، یانی هەڕەشە لەسەر ئەو خەباتە سیاسییە نەمێنێ تا بۆ پاراستنی مۆرکی نەتەوەیی خۆی چەک هەڵگرتنی پێویست نەبێت.

- بۆ ئۆجەلان: جێبەجێکردنی مافە نەتەوەییەکانە دوای دابینکردنی ئەو زەمینەسازییانەی سەرەوە، ئەمەش بێ دەستکرانەوەی شەخسی و سیاسی خودی خۆی ، لەسەر مۆدێلی ئازادکردنی ماندێلا، نایەتەدی.

ئۆجەلان لە چەند وێستگەدا ئەگەرچی دەستکاری بەرنامەی داخوازییەکانی خۆی کردووە لە دەوڵەتی سەربەخۆوە بۆ کۆنفیدراڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ چارەسەری ئاستی جیاجیا لەناو سنووری تورکیادا (کە ئەمەش لە فیدراڵییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و ئیدارەی زاتیی دەگرێتەوە)، بەڵام لە هەموو وێستگەکانی دەستکاریدا قەوارە یان یەکەیەکی کوردی بۆ پیادەکردنی ویستی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردستانیی رەنگیداوەتەوە، تێزەکانی وێستگەی یەکەمی ئۆجەلان تا دەستگیرکردنی لە ڕۆژەڤی ئەمرۆدا نییە، بەڵام وێستگەی دووەمی، بەتایبەتی بەرگریینامە جیاجیاکانی لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بۆ ٢٠١١، دەتوانێ لائیحەی داخوازییە سیاسییەکان گەڵاڵەبکات، بە جۆرێک دەوڵەتی تورکیاش نەتوانێت حاشایان لێ بکات، چونکە تێزەکانی ئەم قۆناغی دووەمە هەموویان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی ئێستای تورکیا و گۆڕانکاری و گەشەپێدانی پێکهاتەی کۆماری تورکیادان و هیچ بیانوویەک بۆ تەوەللابوون لە مامەڵە و موزاکەرە پێوەکردنیان نییە.

ناکرێ لێرەدا روپێوێکی تەواوی گەڵاڵە جیاجیاکانی تێزی قۆناغی دووەمی بکەین، کە بریتین لە نووسراوە جۆربەجۆرەکانی، ئەوی لە زیندان نووسیونی و پێکدێت لە بەرگرینامەکەی ساڵی ١٩٩٩ و بەرگرینامەکەی بۆ یەکێتیی ئەوروپا و بانگەوازەکەی بۆ حکومەتی تورکیا لە قۆناغی کرانەوەی حزبی داد و گەشەپێدان بەڕووی کورددا. هەروەها پێکدێت لە ژمارەیەک کتێب، کە بە درێژایی (١٥) ساڵ زیندانیکردنی لە ئیمرالی نووسیونی. هەموو تێزەکانی ئەم قۆناغە وەکو گوتمان چارەسەرن لە سنووری کۆماری تورکیادا، بۆیە لە چەند هەڵسەنگاندنێکدا زوو زوو دەچێتەوە سەر دەورانی پێکهاتنی کۆمار لە بیستەکانی سەدەی بیستدا. بۆ ئەمەش زۆر لەسەر تێز و پێشنیازەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورک رادەوستێ و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات.

ئۆجەلان لەم نووسراوانەدا بەڵگەکانی ئەتاتورک لەسەر سەلماندنی پرسی کورد بەکاردێنێت بۆ رەوایی پێدانی هەبوونی مەسەلەی کورد و پێویستی چارەسەرکردنیشی.

لەناو کەرنەڤاڵی خۆشی و شادی بە ئەزموونکردنی یەکەم دیداری نوێنەرانی کورد لە ئیمرالی، لێدوانێکی ئەحمەد تورک کە لەگەڵ ئایسەل تۆغلوک قسەی ئۆجەلانیان بۆ ئاشتی و چارەسەری هێنابوو، سەرنجڕاکێش و گرانایی زۆری هەبوو. هەرچەندە میدیاکانی تورکیا کەمتر شرۆڤەیان لەسەر کرد. ئەحمەد تورک لەسەر ناوەڕۆکی پێشنیازەکانی ئۆجەلان بۆ چارەسەری پرسی کورد ئاماژەی بەوە کرد لەگەڵ ئۆجەلان باسی مۆدێلی پەرلەمانی تورکیامان کرد، کە لەسەرەتای بیستەکان دەرچووە، وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لەم قۆناغەدا.

بڕیاری ناوبراویش لە بیستەکانی سەدەی بیست لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورک دەرچووە و دەرفەت بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی حوکمڕانی خۆجێیی بۆ کورد دەڕەخسێنێ.

ڕەنگە باشترین گوزارشت لەسەر هەڵوێستی ئەتاتورک لە مەسەلەی مامەڵەی کورد گوزارشتێکی ئیسماعیل بێشکچی بێت، کە لە زاری کوردەکانی تورکیاوە وەریگرتووە. لە کتێبی (سیستم لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات) بێشکچی ئاماژە بەڕای خەڵکی سادەی کرمانجی ناوچە کوردنیشینەکان دەکات، کە پێیانوتووە مەبەستت لە کام مستەفا کەمالە؟ چونکە دوو مستەفا کەمال هەیە (وەختێک سەردانی کەسانی پیر لە ناوچەکانی کوردستان دەکەیت و پرسیارت لەسەر مستەفا کەمال دەبێت وا جوابت دەدەنەوە کە دوو مستەفا کەمال هەیە، یەکێکیان مستەفا کەمال کە یەکە بە یەکەی سەرۆک هۆزەکانی بەسەردەکردەوە و دەیوت شکۆی خەلافەت، سوڵتان و سەڵتەنەت، دین و ئیمان دەپارێزم و شەڕی کافرەکان و داوای یارمەتی و کۆمەک لە سەرۆک هۆزەکان دەکات، دووەمیان مستەفا کەمالێکی تر کە دوای شەڕی گشتی سوڵتانی دەرکرد، خوێندنگە ئاینییەکانی داخست و گوێی بە قورئان و دینەکەمان نەدا، کامتان مەبەستە؟). (اسماعیل بێشکچی – النظام فی الاناضول الشرقیة – الاسس الاجتماعیة الاقتصادیة و البنی القومیة – الجزء الثانی، ترجمة شکور مصطفی – دار ئاراس طبعة ١، سنه ٢٠٠١، ص ١٠٣).

ئەم دەستنیشانکردنە کرمانجییە ئەگەرچی خۆ لەپرسی نەتەوەیی نادات، بەڵام بە ئاشکرا دوو قۆناغی جیاواز لە سیاسەتی مستەفا کەمال دەردەخات، کە کوردە ئیماندارەکانی شێخ سەعید بەم شێوەیە دەریان بڕیووە. مستەفا کەمالێک پێویستی بە کورد و دیندارەکانییەتی و یەکێکی تر پێویستی نە بەکورد بووە و نە بە ئیماندارەکان. بۆیە دواتر لێیان هەڵگەڕاوەتەوە.

بۆیە ئۆجەلان لە یەکێک لە پەیامەکانیدا بەلایەنگرانی دەڵێت: (لەم کۆمارەدا کوردو دیندارەکان زوڵملێکراو بوون) و داوایان لێ دەکات پێکەوە هاوکارییکەن. هەروەک لە درەپێکراوەکانی دیدارەکانی ئیمراڵیشدا هاتووە: (بەگەڕانەوە بۆ لای ئاڵتان تان، ئۆجەلان وتی: بەرێز ئاڵتان تان ئێوە دەزانن کە (٤٠) ساڵ خەونی ئیسلامییەکان بوو، خەونەکانمان بۆ هێنانەدی، ئێمە پارتی ئاکەپەمان خستە نێو سینی زێرینی دەسەڵاتەوە، وەک ئەوەی کە سوپاسیان نەکردین، لە بەرامبەر ئەوەشدا ڕۆڵی دووەمی ئەتاتورکیان نواند و زیاتر بەسەرماندا ڕۆشتن و ئازاریاندایـن). (ڕۆژنامەی میللییەت ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٢٨ وەرگێرانی پۆڵا عومەر).

هەمان ئەو سیاسەتە موراد قەرەیەلان لە دیدارێکی ئاژانسی فورات نیوزدا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە دووپاتیدەکاتەوە (لە دوای دامەزراندنی کۆمارەوە، لە ساڵی ١٩٢٤وە، دوو توێژ پەراوێزخراون: کورد و دیندارە موحافیزەکارەکان. کورد بەتەواوی لە کۆمار دوورخراوەتەوەو کار بۆ تواندنەوەی کراوە. بەدرێژایی مێژووی کۆمار ڕەفتاری منداڵی زڕ لەگەڵ دینداری موحافەزەکار کراوە... ئەمڕۆ ئەو توێژە موحافەزەکارە لە دەسەڵاتن و لەنێو دەوڵەت و حکومەتدا بوون بەهێزی سەرەکی. لەمەدا ڕۆڵی خەباتی ئازادی گەلی کورد هەیە، کە بووە هۆی شکستی دەوڵەتی قوڵ و ئەرگەنەکۆن و کەمالیستە توندڕەوەکان.... زەمینەی رووخانی دەسەڵاتیانی خۆشکردووە. ئەو توێژە موحافەزەکارە سوودی لەم دۆخە وەگرتووەو

ئەمڕۆ بۆتە فەرمانڕەوا، بەڵام دەبێ بێمنەتی نەکات). (دیداری فورات نیوز لەگەڵ موراد قەرەیلان — شوباتی ٢٠١٣ — وەرگێڕانی سدیق حەسەن شوکری).

لە زۆربەی کتێبە مێژووییەکاندا باسی گفتی ئەتاتورک کراوە بۆ کوردەکان، کە دەکرێت ئەم گفتانە بکەینە چەند وێستگەیەکەوە:

- گفتی دەورانی کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕی رزگاری نەتەوەیی تورکیا. (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە).
- گفتی دەورانی پێکهاتنی پەرلەمانی تورکیا.
- گفتی دەورانی رێککەوتننامەی سیڤەر و ئینجا لۆزان.

لێدوان و ئاماژە بۆ مەسەلەی کورد تا دەورانی سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، بەردەوامبووە. هەریەک لەم وێستگانە نیاز و سیاسەتێک دەردەخەن، کە بەریەککەوتنی ئەتاتورک لەگەڵ کوردستان و مەسەلەی کورد ناونیشانیەتی، چونکە قۆناغی دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ئیتر باسی کورد وەکو ناویش نامێنێت، نەک تەنها وەکو کێشە. وەک ئارمستڕۆنگ دەڵێت: (لەو دەمەدا مستەفا کەمال تۆزی تەمبەڵی و بێ هومێدی و مەی و ژنی لە خۆی تەکاند. جۆش و خرۆشی دێرین و پەنهانی لە دەمارەکانیدا کەوتنەخۆ، هاواری بۆ میللەت برد. تورکیا لە مەترسیدایە، دوژمنی بێگانەو سەرەکی ئینگلتەرا دۆستایەتی کورد دەکات و پارە و چەکیان دەداتێ) (الکابتن هـ. س. ارمسترونج – الذئب الاغبر – مصطفى کمال – کتاب الهلال: مصر – یولیو ١٩٥٢ ل٢٠٦).

بەڵام بەشێک لەو گفتانە کە قسەی روون و ئاشکران، یان جۆرێک لە نیازی بەرنامەڕێژی بۆ چارەسەر دەردەخەن لە نەوەدەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وەک دەزانرێت لە تورکیا دەمانێکی زۆر وشەی کورد و کوردستان قەدەغەبوون و ئێستاش وشەی کوردستان بەئاگاهی و دوودڵییەوە بەکاردێت، بۆیە دەستکارییەکی زۆری ئەو نووسراوانەی ئەتاتورک و گوتارە بڵاوکراوەکانی کراوە، کە ئاماژەی بەناوی کورد داوە.

سەرنجراکێش ئەوەیە فۆبیای کوردبوون لە تورکیای دەورانی بڕیاری نکۆڵیکردن لە کورد وا خەستبۆتەوە، کە نەک هەر بژاری نووسینەکانی سەعید نورسی کرا، بەڵکو بژاری نووسینەکانی دامەزرێنەری کۆمار: مستەفا کەمالیش، کراوە.

راستییەکەی تەمەنی درێژی کۆماری عەلمانی کە عەسکەر پاراستبووی لە هەندێک جومگەی مامەڵەدا وەکو سیاسەتی سۆڤیەتی وا بوو، کە بەگوێرەی گۆڕانەکانی رۆژ بژاری مێژوو دەکرا.

هەر بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەتاتورک لە ئەزمیت کرا، کە قسەکانی نەکەوێتە بەردەستی خەڵک، چونکە بە ڕوونی باسی مەسەلەی کوردی تێدایە. فەوزی شێخ عەبدولڕەحیم پیران نووسەری کتێبی (شێخ سەعیدی پیران لە ڕوانگەی بنەماڵەکەیەوە) بیروڕاکانی پرۆفیسۆر شەرەفەدین تورانو لەو بارەیەوە وەردەگرێت، کە دەڵێت: (دەبوایە ئەو بەڵگانە وەکو خۆیان چۆن هەن ئاوا چاپکرانایە، چونکە بێ ئەوە ناتوانین هیچ شرۆڤەیەکی مەنتیقی لەسەر ئەو بەڵگانە پێشکەشبکەین، چی ئەڵێی لەبارەی

ئەم بابەتەوە، کە لەژێر ناوی مەسەلەی کورد هاتبوو و پاشتر لە وتەکانی ئەتاتورک لە ئەزمیت لابراوە. پێموایە لە هەندێک ڕۆژنامەی ئەوکاتەدا ئەم وتانەی ئەتاتورک بڵاوکراونەتەوە، بەڵام چونکە لە کتێبدا نین، بۆیە لەلایەن ئاری ئەنانە کۆکراوەتەوە. من لەگەڵ خانم ئاری قسەمکرد، ئەو کاتە وتی ئەو بەدەستی ئەنقەست ئەو بەشەی لابردووە. خانم گوتیشی ئەو کتێبەی بەتەواوی پێشکەشی دەستەی گشتی کردووە و داوای لێ کردوون ئەو بەشە لە کتێبەکە بسڕنەوە. دەستەکەش پێشنیازەکەیان قبوڵکرد). (فوزی شیخ عبدالرحیم بیران — ثوره الشیخ سعید بیران فی منظور عائلته — ترجمه علی شمدین — دار الترجمة — الطبعة الاولی ٢٠١٣ ل ٢٦٠– ٢٦١).

یانی وەک دەبینین بیرۆکراتیەتی کاری هەندێک دامەزراوە و توێژەری تەقلیدی چی بە نووسراوەکانی مێژوو دەکات.

ئەمەی خوارەوە دەربرینێکی مستەفا کەمال دەردەخات بەرامبەر مەسەلەی کورد، کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم پیاوە لە جەرگەی ڕووداوەکانی یەکلاکردنەوەی چارەنووسیی باکووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ (کوردستانی جنوبی) دەیزانی مەسەلەی کورد چییە و لەکوێوە بۆ کوێ گرێدراوی یەکترییە؟

ئەو دەڵێت: (مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و ئینگلترە ئەوە بەکارئەهێنێ کە کورد سەر بە دوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانن– ئینگلیز ئەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر سایەی خۆیدا دابمەزرێنێ و بیانکا بە حوکومەتێکی ژێردەستەی خۆی و لەئەنجامدا ئێران و (ئەودیو قەفقاس)، یان پێ بترسێنێ. ئێستا سەرۆکە کوردەکان لەیەک جیابوونەتەوە. هەندێکیان بەلای ئێراندا رایئەکێشن و هەندێکیان بەلای ئینگلتەرەدا و هەندێکیشیان بەلای ئێمەدا... ئینگلیزیش لە سلێمانی شێخ مەحمودیان ناچارکردووە دژی تورکیا بجەنگێت. (م.ا. گیسارۆڤ — ا.ا. رگوشین — کوردی تورکیا، وەرگێڕانی جەلال تەقی — چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠١ چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ل٧٣).

مستەفا کەمال لە جێیەکی تر بە ئاشکرا باسی باشووری کوردستان دەکات، لەمیانی تەکتیکی تورکەکان بۆ ململانێی ئینگلیز (ئێمەی تورکیش دەستەوەستان نەوەستاین. لە باشووری کوردستاندا یارمەتی... کورد و هی ترمان دا دژی ئینگلیز راپەڕن)، هەمان سەرچاوە ٧٤.

تورکە شۆڕشگێڕەکانی غازی مستەفا کەمال لەگەڵ شێخ مەحمود رێککەوتن و لە بەندی یەکەمی پەیمانەکەیاندا نووسراوبوو (حوکومەتی تورکیا بەڵێن ئەدا کوردستانێکی سەربەخۆ لە کوردستانی باشووردا پێکبهێنێ و دەست نەخاتە کاروباری ناوەوەی). هەمان سەرچاوە ل٧٤

توێژەر نیژیار نعمان باجلوری نووسەری کتێبی (الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة فی کوردستان تورکیا..١٩٢٧–١٩٣١) لەسەر ئەم قسانەی ئەتاتورک هەڵسەنگاندنێکی دروستدەکات (سەرنجەکانی خەسڵەتێکی تایبەتی هەبوو. بەڕوون و ئاشکرا دانی بە کوردستانی تورکیا و کورستانی ئێراندا دەنا.. بەڵام زۆر مەبەستی بوو باسی کوردستانی

عیراق نەکات.. مستەفا کەمال کوردستانی عیراقی بە بەشێکی دانەبڕاوی تورکیا دەزانی). (نیژیار نعمان باجلوری: الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان تركيا — ١٩٢٧ — ١٩٣١ دار سبيريز للطباعة و النشر ٢٠٠٧ الطبعة الاولى ل٤٠).

کەمالیستەکان بەڕاست و چەپدا بەڵێنی مافی نەتەوەییان بە کورد دەدا، کاتێک تورکە عوسمانییەکان لە حکومەتی ئەستانە بە پەیمانی سیڤرە رازیبوون، کە دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور دابیندەکرد و دەرفەتی ئەوەی تێدابوو باشووریش بچێتە پاڵی.. کەمالیستەکان بەڵێنی زیاتریان دا (میساقی میللی ساڵی ١٩٢٠ دانپیانانێکی فراوانتر و گەورەتر لە پەیمانی سیڤرەی تێدا بوو بە کوردەکان) هەر وەک کەمال مەزهەر دەیگێڕێتەوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٨.

ئەم بیرۆکانە هی ئەو زەمانە بوون کە حسین عەونی نوێنەری ئەرزەروم لە بیوگ مەجلسی (ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە) بە جۆش و خرۆشەوە دەیوت: مافی قسەکردن لەم مینبەرەوە هەر بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و تورکە. (قاسم سليم شمو: موقف الكورد في حرب الاستقلال التركية - دار سبيريز للطباعة و النشر دهوك ٢٠٠٨ ل٩١).

شێوەی ئەو قەوارەیەی کەمالیستەکان پێشنیازیانکردووە بۆ کوردی باکوور لە ئاماژەی مێژوویی جیاجیادا هاتووە.. لە کتێبی (فیلمە کوردییەی دەوڵەت) دەوترێ لە ١٩٢٢/٥/٣ لە بیوگ مەجلیسی شتێک لە بابەت مافی چارەنووس بە یاسا دراوەتە کورد..(لە کۆی ٤٣٧ نوێنەر ٣٧٣ دەنگ بە پەسەند و ٦٤ دەنگ بە نەخێر دەنگیان لەسەر پێشنیازەکە داوە (یەلما ئاقچوورا: فیلمە کوردییەکەی دەوڵەت.. راپۆرتەکانی سەبارەت بەکورد لە ساڵی ١٩٢٥ تا ٢٠٠٧. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەردەڵان گۆران- دەزگای موکریانی: هەولێر- ٢٠١٠ ل٥٢).

رۆبەرت ئۆڵسۆن نووسەری کتێبی (دەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد)و شارەزا لە کاروباری تورکیا باسی پرۆژە یاسایەک دەکات، کە پەرلەمانی ئەو دەمە گفتوگۆی لەسەر کردووە. ئۆڵسۆن دەقی پرۆژەکەی لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیاوە وەرگرتووە، چاپی کوردی ئەم کتێبە پرۆژەکەی وەک پاشکۆیەک تێدایە، بەڵام چاپە عەرەبییەکەی پرۆژەکەی لێ لابراوە. ئەمە دەقی پرۆژەکەیە:

## پرۆژەی یاسای خودموختاری کوردستان

(کە لە دانیشتنی رۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٢٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەدا گفتوگۆی لەسەر کرا).

(وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٧٧٨١ رۆژهەڵاتی (تورکیا) ٩٦/٦٥-٣٥٥٣/ ئەی، ژمارە ٣٠٨، سیر ئێچ. رامبولد بۆ مارکویس ئوفکدلستۆن (مێژووی وەرگرتن ١٣ی نیسان).

ئەمەی خوارەوە پوختەی پرۆژەی یاسای سەرەوەیە:

١- ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا بە مەبەستی دابینکردنی پێشکەوتنی کوردو گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی مەدەنیەت، پەیماندەدا دەزگای ئیداری خودموختاری بۆ خەڵکی کورد گونجاو لەگەڵ رێوڕەسمی نەتەوایەتییان، دامەزرێنێ.

٢- بۆ ناوچەكە كە دانیشتووانی بە زۆری كوردن، فەرمانداریكی گشتی لەلایەن گەورەو كەسایەتییەكانەوە هەڵدەبژێرێ، لەگەڵ یاریدەدەر و پشكنەرێك كە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە، دەكرێ تورك یان كورد بن.

٣- ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە فەرمانداریكی گشتی كە ئیدارییەكی بە ئەزموون و ناوبانگ باش و جێگای ڕێزی كوردان بێ، هەڵدەبژێرێ.

٤- ئەم فەرماندارە گشتییە بۆ ماوەی سێ ساڵ كاندید دەبێ و دوای تەواوبوونی ماوە دیاریكراوەكە، ئەنجومەنی نیشتمانی (كوردەكان) فەرمانداریكی گشتی نوێ دادەنێ، مەگەر ئەوەی زۆربەی خەڵكی كورد حەزبكەن فەرمانداری كۆن درێژە بە كارەكانی بدات.

٥- ئەگەرچی بڕیار لە بارەی ئەوەی كە یاریدەدەری فەرماندار كورد یان تورك بێ، بەدەست ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەدا هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردەكان ئەنجامدەدرێ، پێشنیاری دامەزراندنی فەرمانداری گشتی و یاریدەدەر و پشكنەر بەهەرحاڵ دەبێ بۆ بڕیار لێدانی بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە.

٦- ئەنجومەنی نیشتمانیی كورد لە ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات و لەسەر بنچینەی ڕای ئازاد و گشتی پێكدێت و ماوەی خولی هەر یەك لەم ئەنجومەنانە سێ ساڵ دەبێ، ئەنجومەن لە یەكەمی ئاداری هەر ساڵێكدا كۆدەبێتەوە و خولی دانیشتنەكانی چوار مانگ دەبێ. هەر كاتێك ئەنجومەن نەیتوانی لە ماوەی خولی ناوبراودا كاروبارەكانی جێبەجێبكا، خولی دانیشتنەكان دەتوانرێ بە داوای زۆربەی نوێنەران و پشتگیری فەرمانداری گشتی، درێژبكرێتەوە.

٧- ئەركی ئەنجومەنی نیشتمانی، لێكۆڵینەوە لە بودجەی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات و ئەو زوڵم و زۆرەیە كە كارمەندانی ئیداری و دەوڵەتی كردوویانە، ئەنجومەنی نیشتمانی دەتوانێ بڕیاری دیار دەربارەی پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی ناوچەكە بدا، بەڵام هەموو ئەم بڕیارانە بۆ ئاگاداری ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە دەبێ بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە.

٨- ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە هەموو جوداییەكانی فەرمانداری گشتی و ئەنجومەنی كوردەكان یەكلادەكاتەوەو هەردوولا بە دیدو بۆچوونی ئەو ڕازیدەبن.

٩- تا دیاریكردنی سنوورەكان لەلایەن كۆمیسیۆنێكی تێكەڵ، ناوچەی ئیداری كوردستان بریتی دەبێ لەویلایەتەكانی وان، بتلیس، دیاربەكر، سنجاقی دێرسیم و هەندێ لە قەزا و ناحیەكانی.

١٠- دەزگای قەزایی كوردستان گونجاو لەگەڵ ئاكار و ڕێوڕەسمی ناوچە تایبەتییەكان دروستدەكرێ، لەباری ئێستادا ئەم دەزگایە لەو كارمەندە شایستانە پێكدێ، كە نیوەیان كورد دەبن و نیوەكەی دیكەشیان تورك، لەكاتی خانەنشینبوونی توركەكان دەتوانرێ، كوردیان لە جێگا دابنرێت.

١١- لە مێژووی جێبەجێكردنی ئەم یاسایەوە، هیچ باجێك چ وەك باجی شەڕ یان بەهەر شێوە و ناوێكی دیكەوە بێ، وەرناگیرێ. هەموو ئەو پارانەی تائێستا وەرگیران لەمەودوا، بەپێی بڕیاری دانانی دەزگای ئیداری دەستی بەسەردا دەگیرێ و دانی باج لە

ساڵێکدا تەنیا یەک جار دەبێ، ئەو داهاتانەی دەبێ بدرێتە دەوڵەتی ئەنقەرە، لەلایەن کۆمیسیۆنێکی تێکەڵ لە نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی ئەنقەرە و ئەنجومەنی نیشتمانی، دیاردەکرێ.

١٢ - بۆ پاراستنی ئاسایش لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، هێزێکی جەندرمە پێکدێت، ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد پێڕەوی نێوخۆی ئەم هێزە رێکدەخا، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ئەم هێزە بەشێوەیەکی سەرەکی تا بەستنی پەیمانی ئاشتی، بەئەستۆی لێپرسراوانی تورکەوە دەبێ و لەگەڵ بەستنی ئاشتیدا، ئەوانەی لە ئەندامانی ئەم هێزە، بیانەوێ، دەتوانن بگەڕێنەوە مەڵبەندی خۆیان.

١٣- ئەفسەر و سەربازانی کورد نێو هێزی چەکداری تورکیا تا بەسترانی پەیمانی ئاشتی لە خزمەتی هێزی چەکداردا دەبن و دوای ئەوە ئەوانەی حەزیان لێ بێت دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

١٤- دوای بەسترانی پەیمانی ئاشتی، دانی نرخی ئەو مەڕوماڵات و کەلوپەلانەی لەمیانەی شەڕی گشتی و دوای ئەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، یەکەمین کاری دەوڵەت دەبێت و بەلایەنی زۆرەوە لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێدەکرێ.

١٥- لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردو ئیدارەکانی فەرمانداری گشتی و ئیدارەی دەوڵەتیدا تەنیا زمانی تورکی بەکاردەهێنرێ، بەڵام دەتوانرێ لەخوێندنگەکاندا زمانی کورد-یش بەکاربهێنرێ و فەمانداری گشتی دەتوانێ بەکارهێنانی ئەم زمانە پەرەپێبدا، بە مەرجێ ئەم کارە نەبێتە پێگەو بنچینەیەک بۆ هیچ جۆرە ئیدیعایەکی ئایندە لەزەمینەی ناسینی زمانی کوردی وەک زمانی رەسمیی و دەوڵەتی.

١٦ - ئەرکی سەرەتایی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد دامەزراندنی زانکۆیەک دەبێ کە کۆلیژی ماف و پزیشکی تێدابێ.

١٧ - ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بەبێ رەزامەندی فەرمانداری گشتی و ئاگاداری پێشوەختی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە- ئەنقەرە، هیچ جۆرە باجێک دانانێ.

١٨ - بەبێ راوێژی پێشوەخت لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەنقەرە و دابینکردنی رەزامەندییەکەی، هیچ جۆرە ئیمتیازێک نادرێ.

(لەم کورتەیەدا ئاشکرابوو کە بۆچی نوێنەرانی کورد بەو جۆشوخرۆشەوە لە دژی ئەم پرۆژەیە راوەستان).

**دڵسۆزتان**
**هوراس رامبولد**
**کۆمیسەری باڵا**

(رۆبەرت ئۆلسن: راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران. وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی- ل٢٦٧-٢٦٩).

بەڵام بەگوێرەی بەڵگەکە دەگوترێ (پرۆژەی یاسای خود موختاری کوردستان کە لە

دانیشتنی رۆژی ١٠ ی شوباتی ١٩٢٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەدا گفتوگۆی لەسەر کرا) واتا باس لە پەسەندکردنی ناکرێت. وەک دەردەکەوێت ئەم پرۆژەیە لە چەند شوێنێکدا گرێدراوی و پاشکۆیەتی کورد نەک بە دەوڵەتەوە، کە دەشێ دەوڵەتی هەمووان بێت، بەڵکو بە خودی نەتەوەی تورکیشەوە، جێگیر و یەکلادەکاتەوە. ئەمەش دابی ئەو چارەسەرییانە بوو کە بەریتانیا لە دەوڵەتانی ژێر ئینتدابی خۆی پەیڕەوی لێ دەکرد. ئەم پرۆژە تورکییە کە باڵادەستی توخمی تورک بەسەر کورد دەردەخات (ئەوەی ئۆجەلان ناوە ناسراوەکەی تورکی سپی لێ دەنێت و ئۆلسۆنیش پێیدەڵێت باڵادەستی ئایدۆلۆژی نەتەوەیی تورک).

هەروا ناوچەی کێشە لە سەری سنوورییش دەناسێنێت، کە بێگومان ئەگەر ئۆتۆنۆمی وا جێبەجێشکرابا سنوورەکەی دەبووە کێشەی داهاتوو لەنێوان کوردستان و ئەنقەرەدا. سەرەڕای ئەم دیدانەش، کە وەک بەڵگەکە ئاماژەی پێ دەدا، بووە هۆی ئەوەی (نوێنەرانی کورد بەو جۆشوخرۆشەوە لە دژی ئەم پرۆژەیە راوەستان)، بەڵام دەکرێ بگوترێ ئەم پرۆژەیە ئەگەر جێبەجێکرابایە مەسەلەی کورد لەوێ گەشەیدەکرد و تورکیاش نەدەبووە تورکیای نکۆڵیکار لە بوونێک وا ئێستا بە درەنگانێکەوە دەخوازێت دانی پێدا بنێت.

بەپێی بەڵگەکانی کە لەسەر کۆبوونەوەی کۆشکی ئەزمیتە، ئەو کۆبوونەوەی گوتمان خانم ئاری ئەنان وتەکانی ئەتاتورکی لەسەر کورد لێ قرتاندووە. پێدەچێ سەرکردەی تورکیا جارێکی تر گەڕابێتەوە سەر باسی مەسەلەی کورد و ئەگەری (خۆبەڕێوەبردن) یان لە ناوچەکانی خۆیاندا..

(کاتێک کە ئەحمەد ئەمین لە ئەتاتورک دەپرسێ ئێوە ئاماژەتان بە مەسەلەی کورد کرد، دەکرێ روونیبکەیتەوە کە مەسەلەی کورد چییە؟ ئەتاتورکیش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە کوردەکان ئاشکراکردووەو دەڵێ:

لە رووی بەرژەوەندییەکانی ئێمەی تورکەوە بێگومان هیچ کات مەسەلەی کورد نابێتە بابەتی مشتومڕ، چونکە ئێوەی بەڕێزیش ئاگادارن کوردەکان لەنێو سنوورە میللییەکانماندا بەو جۆرە نیشتەجێبوونە کە لە زۆر شوێنی کەمدا رێژەیان زۆرە، ئەوانیش وردەوردە لەنێو تورکەکاندا بزردەبن، بۆیە ناتوانین سنوورێک بۆ کوردەکان دەستنیشانبکەین، چونکە دەستنیشانکردنی سنوورێک بۆ کوردەکان دەبێتە هۆی لەناوچوونی تورکیا.

– وای دابنێین دەتانەوێ سنوورێک کە لە ئەرزەڕوومەوە تا خارپووت بڕوات دروستبکەین، ئەوکاتە نابێ ئەو کوردانەش کە کۆچیانکردووەو لە کۆنیادا نیشتەجێکراون، لەبیربکەین. بۆیە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئەستەم و سەختە، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بیر لەم شتانە بکەینەوە لە یاسای تەشکیلاتی ئەساسیەدا هاتووە، ئەو ناوچانەی کە نیشتەجێیەکانی کوردن دەتوانن وەکو موختارییەت خۆیان بەڕێوەببەن. بۆیە لەمەبەدواوە کاتێک کە باس لە تورکەکان دەکرێت، پێویستە هاوکات باسیش لە کوردەکان بکرێ بەو مانایە کە پێویستە پێکەوە باسیان لێوە بکرێ، ئەگەر بێتو باسیان نەکەین، ئەوکاتە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوان هەمیشە بۆ خۆیان مەسەلەیەک لەژێر ناوی مەسەلەی کورد دروستبکەن.

– ئێستا مەجلیسی گەورەی میللەتی تورک لەلایەن کورد و تورکەکانەوە دامەزراوەو

بووە بە خاوەن دەسەڵات و ئەو مەجلیسەش لە نوێنەرەکانی هەردوولادا پێکهاتووە. بۆیە مەجلیسی گەورەی میللەتی تورکیش بەرژەوەندی هەر دوو قەومی کردووە بەیەک و دەیانپارێزێ، ئەوانیش دەزانن کە ئەم مەجلیسە و ئەم کۆمارە شتێکی هاوبەشە لەنێوانماندا، بۆیە دروستکردنی سنوورێکی جیاواز راست نییە).(یەلما ئاقچوورا: فیلمە کوردییەکەی دەوڵەت.. ل٥٣).

لێرەدا وەک دەر دەکەوێت ئەتاتورک باسی یاسای تەشکیلاتی ئەساسیە دەکات، کە شتی بۆ کورد سەلماندووە و لە پەرلەمانیش دانی پێدا نراوە.

ئەم شرۆڤەیەی مستەفا کەمال بۆ پرسی کورد پاش نزیکەی هەشتا ساڵ دەبێتە هەنجەتێکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ پێشکەشکردنی یەکەمین بەرگرینامەی خۆی لە زیندانی ئیمرالیی، لە ساڵی ١٩٩٩دا.

(مستەفا کەمال لە ئاخفتنەکەیدا لە کۆنگرەی ئەزمیر، کە ماوەیەکی کورت دوای راگەیاندنی کۆمار بەسترا، جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کێشەکانی تر بە شێوازی دیموکراتی کرد، باسی لە ئۆتۆنۆمی ناوچەی هاوبەش و گرنگی پاراستنی سنوورەکانی دەکردو سەرنجی بۆ ئەوەش راکێشا کە بەپێچەوانەی ئەمەوە دەرچوون لەناو کێشەکە زۆر زەحمەتەو ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، لەڕاستیدا مستەفا کەمال لەو سەردەمەدا پێشنیازی ئەو شێوازانەی کرد کە ئەمڕۆ لە سیستمە دیموکراتییەکاندا بەڕێوەدەبرێ). (عەبدوڵڵا ئۆجەلان: مانیفیستۆی چارەسەری دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد — دەقی بەرگرینامەکەی سەرۆک ئاپۆ. ئامادەکردن و وەرگێڕانی رۆژنامەی وڵات — ١٩٩٩ ل١٧).

ئۆجەلان ئەو ئاماژەیە لەسەر مستەفا کەمال تێکەڵ بە سیاقێکی مێژوویی دۆخی زیندانیکردنی خۆی دەکات، کە دەشێت ناوی ئەو سەرنجە بەرایانەی ئۆجەلان لە بواری پێداچوونەوەدا ناوبنێین «شۆکی دەستگیرکردن» هەرچەندە ئەو کاتە ئەم پێداچوونەوانە رووبەرووی رەخنەی کردووە (بێ نووسەر: حزب العمال الكردستاني PKK من الانفصال الى الانصهار : مێژووی لەسەر نییە) بەڵام دواتر پەیتاپەیتا ئۆجەلان لە نووسراوەکانی دیکەی زینداندا رەخنەی لە قۆناغی پاشانی ئەتاتورک گرت، کە لە بەڵێنەکانی پاشگەزبۆتەوە. بەتایبەتی لە کتێبی (مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک. پەرتووکی پێنجەم، کە دوا کتێبی ئەوە لەم رێرەوەی لە ١٩٩٩وە تا ساڵی ٢٠١٢ دەخایەنێت).

ئۆجەلان دەگاتە قۆناغی هەڵمژینی شۆکی دەستگیرکردن و وردە وردە وەرگرتنەوەی ئیرادەی رەخنەگرانەی خۆی. واتا دەگاتە قۆناغی هەڵمژینی شۆکی دەستگیرکردن. ئۆجەلان لە باشترین حاڵەتدا پاشگەز بوونەوەی ئەتاتورک بە بێ چارەیی و بێ ئیرادەکردنی ئەتاتورک پێناسەدەکات کە وایکرد لە بەڵێنەکانی بە کورد و مافەکانیان پەشیمانبێتەوە: (یاخیبوونەکانی کوردان رۆڵی نوێڵ دەبینن لە دەستگۆڕکێ و فاشیستەکردنی دەسەڵاتدا، مستەفا کەمال کە بەر لە شەڕ، لە ساڵی ١٩١٦وە پەیوەندی باشی لەگەڵ ریشسپییەکانی کوردان (بەتلیس، سێرت، دیاربەکر) هەبوو، لە کاتی شەڕدا ئەو پەیوەندییانە بەهێزتردەکات، ئەوەش سەرهەڵدانی کۆچگری بە ڕێککەوتن ئەنجامگیردەکات، لە ساڵی ١٩٢١ لە میانەی قانونی

تەشکیلاتی ئەساسییە یەکسانی ئەندامە کوردەکان گەرەنتی دەکرێت، لە ئاکامی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردان (١٠ی ئاداری ١٩٢٢ راستێکەی ١٠ی شوباتی ١٩٢٢) متمانەکردن بە یەکتری تۆکمەدەکرێت، دوای دامەزراندنی کۆماریش لە کۆنفرانسی ئیزمیت ١٦ –١٩٢٤/١١/١٧ مستەفا کەمال باسی بەرفراوانترین ئۆتۆنۆمی کوردان دەکات، کاتێک کوردان ناچاری یاخیبوون و سەرهەڵدان دەکرێن، فەتحی ئۆقیاری نزیکترین هاوڕێی سەردەمی منداڵی مستەفا کەمال و سەرۆک وەزیران، لەبەرئەوە دەڵێت: (من دەستی خۆم بە خوێنی کوردان سوورناکەم) ناچاری دەست لە کارکێشانەوە دەکرێت، بەبیانووی یاخیبوونەوە ئیتر هەنگاو بۆ سەردەمی عیسمەت ئینۆنۆ و فەوزی چاکماک دەنرێت). (عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان- مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک. پەڕتوکی پێنجەم — کێشەی کورد و رێگەی چارەی نەتەوەی دیموکراتیک — لەناو بەرداشی ژینۆسایدی کلتووریدا بەرگریکردن لە کورد. وەرگێڕانی لوقمان عەبدوڵڵا: چاپ: یەکەم، چاپخانەی رەنج ٢٠١٣- ل٢٧٥).

بەواتایەکی تر، ئۆجەلان لە دوا کتێبدا جەبری مێژوو دەخاتە رێرەوی خۆیەوە، بەڵام دواجار شانی ئەتاتۆرک لە بەشی خراپەکاری خاڵی ناکاتەوە وەک لە سەرەتاوە لە مانفیستۆی ١٩٩٩دا کردی. ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە ئۆجەلان لەو ماوەیەدا هەر لە زیندان بووە (١٩٩٩–٢٠١٣) و هەلومەرجی زیندان یەک هەلومەرجی شەخسی نەگۆڕاو بووە، زیاتر ئەو شرۆڤەیە رێی تێ دەچێت، کە ئەو لە قۆناغی شۆکی دەستگیرکردن بۆ قۆناغی ئیستیعابی دەستگیرکردنەکە چووە و لەسەر ئەم بنچینە بەپێی پێدراوە بابەتییەکان هەڵسەنگاندن دەکات و رەخنەی خۆی لە مێژووی سەرەتای کۆمار و کۆماری ئەتاتورک هەیە.

دەکرێ لەو رێرەوەی باسەدا بەوە بگەین ئۆجەلان لە دوا نووسراویدا (مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک. پەرتووکی پێنجەم) تا دوا هەوڵەکانی ئێستای بۆ پرۆسەی ئاشتی دەیەوێت تورکەکان تەشویق بکات، کە جۆرێک لە قەوارەی سیاسیی بۆ کورد پەسەندبکەن، باسوخواسەکانیش لەسەر بەڵێنی ئەتاتورک بە کوردەکان ئیعجاب نییە بە ئەتاتورک، بەقەدەر ئەوەی دۆزینەوەی تاڵە دەزوییەکی خێرە لە رەوەتی دوو قۆناغی سەکردایەتی تورکیا:

قۆناغی یەکەم: غازی مستەفا کەمال، کە شەڕی رزگاری نیشتمانیی دەکات و دەخوازێت کورد شەریکی تورک بن لە بەرەنگاری ئینگلیز و دوژمنانی هەردوو نەتەوەی موسڵمان و بۆ ئەمەش بەڵێنی جۆراوجۆر دەدات.

قۆناغی دووەم: مستەفا کەمال ئەتاتورک کە ڕووی لە چەسپاندنی کۆمارە، رووی لە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەشێک لە برادەرە ئازادیخوازەکانی دووردەخرێنەوە (فەتحی ئۆقیاری سەرکردەی لیبرال) و برادەری تاکڕەوی وەک (عیسمەت ئینینۆ) دەوری دەدەن. دۆخ بۆ ئاراستەی لابردنی ئەدگارە ئیسلامییەکانی کۆمار دەچێت و ئەمەش هاوکاتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانە، کە وەک هەڕەشە لە سەرکۆمار سەیردەکرێت. بۆیە سەرکوتدەکرێت و ئەم سەرکوتکردنەش هەم سەرکوتکردنی دینە و هەم سەرکوتکردنی کوردیشە. (هەندێک کەس پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن لەنێوان بیروراکانی ئەتاتورک

سەبارەت بە کوردەکان لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٩ تا ١٩٣٨دا جیاوازی زۆر هەیە). (یەلما ئاقچوورا: فیلمە کوردییەکەی دەوڵەت.. راپۆرتەکانی سەبارەت بە کورد لە ساڵی ١٩٢٥ تا ٢٠٠٧. ل٥٤).

لەم رێرەوەدا ئۆجەلان، کە دەورانی زیندانەکەی بۆتە دەرفەتی لێکۆڵینەوەی قووڵ، دەخوازێت ئەوە بەتورکەکان نیشانبدات کە بژاردەی پێدانی قەوارەیەک بە کورد، لەناو خودی تورکیایەکی دیموکراتدا، شتێکی نامۆ و داخوازییەکی نوێ نییە، بەڵکو بەشێک بووە لەسەرەتا «رۆمانسییەکانی کۆمار» و ئەتاتورک خۆشی قسەی لەو بارەیەوە کردووە. جا لەبەرئەوەی دەشزانێ فەزای سیاسیی تورکیا لەم دوا دەیەدا (دەیەی حوکمڕانی موحافیزکارەکان بە وەسفی موراد قەرەیەلان) رەخنەی لە کاروانی عەلمانیی کۆمار هەیە، بۆیە جیاکارییەکی وردیلەیی لەنێوان دوو خەسڵەتی قۆناغی شەڕی رزگاری و پێکهاتنی کۆمار دەکات:

خەسڵەتی شەڕی رزگاری نیشتمانیی کە هەموو تورکەکان لەسەری کۆکن و غازی مستەفا کەمال سەرکردایەتی ئەم رێرەوەی کردووە، تا گەیشتۆتە قۆناغی سەرکەوتن و پێکهاتنی کۆمار.

خەسڵەتی چەسپاندنی کۆمار بە رێرەوێکی عەلمانیی، لە دین و دینداریی تەوەللا بوو، کە مستەفا کەمال ئەتاتورک سەرکردایەتی ئەم قۆناغەی کرد و بووە بنەمای تورکیای عەلمانی لە هەشتا ساڵی رابردوودا. (هەمان قۆناغبەندکردنی بێشکچیانەی وەرگیراو لە روانینی کرمانجە کوردەکانەوە، هەمان قۆناغبەندکردنی ئاک پارتی کە ئەردۆگان لەکۆنگرەی چوارەمی حزبەکەیدا، غازی مستەفا کەمالی بردە ریزی سوڵتانە عوسمانییەکانەوەو خۆی لە باسی ئەتاتۆرکی عەلمانیخواز بوارد...).

ئۆجەلان لە ئیمرالییەوە پەیامەکەی بە ئەحمەد تورکدا نارد، ناوەرۆکەکەی وەک بڵێی ئەمە بێت:

ئەمانەتێکی مستەفا کەمال لای ئەردۆگانە، ئەویش ئەمانەتی قەوارەی کوردستانییە لەناو تورکیادا، بمانداتێ کورد دەبێتە هاوکاری تورک کە لە قۆناغی دینداری موحافەزەکاریدا دەژیت. بمانداتێ پەیوەندی نۆسەد ساڵەی کورد و تورک (ئۆجەلان ئەم هاوپەیمانێتییەی لە ساڵی ١٠٧١وە حسێبکردووە، کە کوردەکان هاوپەیمانی سوپا سەلجوقییەکەی ئەڵب ئەرسلان بوون لە شەڕی مەلازکورد) چاکدەبێتەوەو نەوەد ساڵی دووانەی عەلمانی ئەتاتۆرک- عیسمەت ئەنیتۆ)یی لەسەر بنەمای فاشستی (دەوڵەت — نەتەوە) ناتوانێ کار لەو هاوپەیمانێتییە بکات.

بەمجۆرە کوردیش دوانە:

یەکیان: عیسمەت ئینینۆی بیروکراتی دەوڵەتی عەلمانیی کە حاشا لە کوردبوونی خۆی و ئیسلامەتیبوونی تورک و تورکیا دەکات و ئەویتریان کوردێک لە خەیاڵدانی ئۆجەلاندایە. لەوانەیە کوردێک بێت وەک شێخ سەعیدی پیران نەتەوەیی و دیندار بێت، بەڵام وەک سەعید نوریش دۆستی تورک بێت.

ئەم پەیامە وەک گەیشتۆتە تورکەکان گەیشتۆتە قەندیلیش، بۆیە قەرەیڵان لە دیداری وەفدی بەدەپەدا گوتویەتی: رێبەر ئاپۆ شتی ستراتیژی دەڵێت کە قۆناغبەندکردنی چارەسەرییە. بڕیاری ئێمە لە چوارچێوەی هێڵی ئۆجەلان، دیدێکە تەمەنی سەد ساڵە.

ئینجا روونتر لەسەر ئەنجامی پەیامەکەی ئۆجەلان دەڵێت: (چارەسەری لە ڕێگەی گەڕانەوەی مافەکانی گەلی کورد دەبێت وەک گەلێک. ئێمە دەڵێین پێدانەوەی مافەکان نەک بەخشینی. پێدانەوەی ئەو مافانەی دەستووری ساڵی ١٩٢٤ لێمانی زەوتکردووە).
(محمد نورالدین – قریلان یرسم نظره الکردستانی الی الحل: متفائلون بحذر .. و الامل قد یتحول الی صدام عسکری – جریدة السفیر — ٢٠١٣/٣/٨).

هەڵبەت ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بەڵام گەڕانەوەیەکە بۆ چارەسەر، نەک پاشەکشێ.

# فەسڵی هەشتەم

# خەباتی فەرهەنگی

❋ گەر لوئلوئی مەنثور، ژ نەزمی تە دخوازی،
وەر شیعری مەلێ بین، تە بە شیراز چەحاجت.

مەلای جزیری

❋ نابێت بەزمانی خۆتان لەگەڵ پیاوەکانی خۆتان قسەبکەن. قەدەغەیە، تێگەیشتن؟ دەبێ قسەی پێ نەکەن، ئەمە یاخیبوونە. دەتوانن تەنها بەزمانی پایتەخت قسەبکەن. ئەمە تەنیا زمانێکە لێرەدا ڕێگەی پێ دراوە.

هارۆڵد پینتتەر
شانۆیی (زمانی چیا)

فەتاح قەرەگوێز:
# بەگوێرەی هەلومەرجی نوێی جیهان سیاسەت بکەین

فەتاح قەرەگوێز رۆشنبیرێکی کوردی باکوورە، لە رۆشنبیرانی مترۆپۆلەکانە. لە کوردستان ناژی، بەڵام بۆ کوردستان دەژی. لە کتێبخانەکەی خۆی (چوارچرا) مینبەرێکی خنجیلانەی بۆ کوردانی ئەنقەرە چێکردووە. گەلێک جار خەواجە ئیسماعیل بێشکچیش لەوێ دەگیرسێتەوە. جا دیوەخانێک بەردەوام بێشکچی میوانی بێت، دەبێ چەند کوردانەو چەند پاکوخالیس بێت؟ بەداخەوە لەبەر کورد بوونە خالیسەکەی، کاک فەتاح قەرەگوێز کەمتر لە مینبەرە (دیموکراسییەکانی تورک)ەوە دەردەکەوێت. لەبەر بێلایەنیشە کە کەمتر مینبەرە رەسمییەکانی کوردایەتی لەوێندەرێ لای لێ دەکەنەوە. هەرچەندە ئەو پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی هەق پاریش بوو، بەڵام دواتر وازی لێ هێنان و زیاتر خوی دایەوە کارە بنچینەییەکەی لە بواری روناکبیرییدا. بۆیە بڕیارم وابوو کە ئەم وەک نموونەی رۆشنبیرێکی بەتوانا، ئەمما بەلەنگازی کورد، وەربگرم کە دەشێ پشتی نەبێ، لێ قسەی هەیە. سەرەتا لەسەر پێداچوونەوەیەکی وێستگە جیاجیاکانی بەشداریی رووناکبیری کورد لە پرسی سیاسیدا پرسیارم لێ کرد، ئەویش گوتی:

(خەباتی رۆشنبیری لە باکووری کوردستان خەباتێکی نوێ نییە. کاتی عوسمانییەکان خەباتێکی وەها لە کوردستان هەبووە. بۆ نموونە، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ئەستانبوڵ هەبوو، سەرۆکەکەشی شێخ عەبدولقادر گەیلانی بوو. هەروەها گەلێک رۆشنبیری دیکەی کورد لەناو هەوڵ و تێکۆشانێکدا بوون، لە قاهیرە و چەند شوێنێکی دی رۆژنامەی کوردی دەرچوون، بەڵام دوای دامەزرانی کۆماری تورکیا، وەکو دەزانن تورکیای عوسمانی کەوتە تەنگانەیەکی گەورەوە.

وردە وردە رۆشنبیری کورد وتیان لە سەدەی بیستەمدا ئێمەش پێویستە خاوەن مافی خۆمان بین. لەبەر ئەوەش لەناو کۆمەڵەی تەعالی کوردستاندا دووبەرەکی دروستبوو، لەنێوان ساڵانی (١٩١٩ — ١٩٢٠) لە (کۆچگری) لە هەرێمی سیواس دەستەی سەرهەڵدان دەستبەکاربوون، د. نوری دەرسیمی یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو سەرهەڵدانە بوو، کە هەم رۆشنبیرێکی باش بوو، هەم ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی بوو.

هەندێک رۆشنبیری دیکەی ئێمەش کە لە ئەستانبوڵ بوون، لەوانەش خودی عەبدولقادر گەیلانی، لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ لەناو سیستمی عوسمانیدا پرسی کورد چارەسەربکرێت.

بزوتنەوەی کۆچگری بەشێوەیەکی نامرۆڤانە تێکشکێنرا. ئەو کاتە والی سیواس حازم بەگ -یش کە خۆی بەڕەگەز تورک بوو، چەندین جار نامەی ناردە مەجلیسی تورکیا، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دڕندەییە بهێنرێت، کە لەسەر کوردەکان بەڕێوەدەبرێت، بەڵام ئەتاتورک نەیوەستاند، بگرە پلەی هەموو ئەوانەی بەرزکردەوە کە لەو کوشتارەدا بەشداربوون.

بەر لە پەیمانی لۆزان، لە ئەرزڕۆم کۆمیتەیەکی دیکە دامەزرا لەژێر ناوی (ئازادی)، ئەو کۆمیتەیە نوێنەرایەتی هەر چوار پارچەی کوردستانی دەکرد و ئەندامی هەرچوار لای تێدا بوو. خەباتی کۆمیتەکە ژێرزەمینی و نهێنی بوو، سەرۆکەکەی (خالید بەگی جبری) بوو، کە خەڵکی سەرحەد بوو، پێشتر لەناو سوپای عوسمانیدا عەسکەربوو.

## کۆمەڵەی ئازادی

ئەو کۆمیتەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان لقی هەبوو. لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٢٤ خالید بەگ دەگیرێت و دەیبەن بۆ زیندانی بەدلیس. یوسف زیاش دەگیرێت کە یاریدەدەری خالید بەگ بوو. پاشان خالید بەگ، شێخ سەعید ئاگاداردەکاتەوەو پێیرادەگەیەنێت کە لەوانەیە ئەویش بگرن، بۆیە پێیدەڵێت شوێنەکەی خۆی جێبهێڵێت.

دیارە شێخ سەعید ئەندامی کۆمەڵەی ئازادی نەبوو، بەڵام زۆربەی رۆشنبیر و ئەفسەرەکانی ناو سوپا ئەندامبوون. بۆ نموونە، ئیحسان نوری پاشا ئەندام بوو. شێخ سەعید لەسەر داوای خالید بەگ لە (قۆڵ حەسار) دەردەکەوێت و دەچێتە جۆلەمێرگ، لەوێ شێخ عەبدول ئەفەندی کە زاوایەتی، پێیدەڵێت ئەو زستانە لە جۆلەمێرگ بمێنێتەوە، نەوەک دوژمن پلانێکی هەبێ، بەڵام شێخ سەعید دەچێتە پیران، لەوێ دەوڵەت بە ئەنقەست ئاژاوەیەک دروستدەکات. شێخ سەعید ئەو کاتە فەهمی بیلال دەنێرێت بۆ دیاربەکر، پێیدەڵێت بزانە دکتۆر فوئاد چی تەگبیرێک بۆ من دەکات، با من بەقسەی ئەو بکەم. دکتۆر فوئاد بەرپرسی کۆمەڵەی ئازادی دیاربەکر بوو. ئەمە بەو واتایە دێت کە شێخ سەعید ئەندام نەبووە لە کۆمەڵەی ئازادی.

د. فوئاد دەڵێ با شێخ سەعید شەڕنەکات، چونکە بەهۆی زستانەوە زۆربەی کادیرەکانیان لەناوەوە بوون. فەهمی بیلال دەگەڕێتەوە دەبینێ شەڕ گوڕبووە و زەحمەتە بوەستێنرێت.

شێخ سەعیدیش لە دادگایی خۆیدا دەڵێت، کە لەپشت ئەو شەڕە نەبووە، بەڵام سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا ئەو کاتە نامەیەک دەنێرێت و ئەمر دەکات بە مەجلیس کە بەناوی شێخ سەعیدەوە باس لەو سەرهەڵدانە بکەن، چونکە دەڵێ ئەمرۆ دونیا لە دژی شەڕی ئایینە، شێخ سەعیدیش پیاوێکی ئایینییە، ئەگەر دونیا بزانێت شێخ سەعید ئەو شەڕەی هەڵگیرساندووە، ئەوا کەس پشتگیریی ناکات.

دوای شەڕیش، خالید بەگ و یوسف زیا لەسێدارەدەدەن، ئەوان لە دادگادا بەرگریان لە کورد و کوردستان کرد، دەوڵەت تاکو ئێستاش ئەو بەڵگانەی ئاشکرانەکردووە.

## دەورانی چەپێتی رۆشنبیری کورد

سەرهەڵدانی دەرسیم، سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی فراوان نەبوو، لەڕاستیدا خواستێکی زۆریشی لەپشت نەبوو، بەڵام دەوڵەت بە ئەنقەست وا گەورەیکردەوە، ویستیان کوردەکان بترسێنن، تاکو جارێکی دیکە سەرهەڵنەهێننەوە. وەکو دەزانن لە دەرسیم کۆمەڵکوژییەکی گەورە دروستبوو. هەتاکو شەستەکان بێدەنگییەکی زۆر بەسەر کوردستاندا زاڵبوو، چونکە گەورە و سەرکردەی کوردەکانیان کوشت یان دووریان خستنەوە.

دوای هاتنە سـەرکاری مەندەرەس (عەدنان مەندەریس ١٩٥٠–١٩٦٠) هەندێک ئـازادی دروستبوو، ئەو کاتە خوێندکارەکانی ناو مەترۆپۆلەکان دیسان لێک کۆبوونەوەو دەستیان بەجموجوڵ کردەوە.

بەشێکی زۆری خوێندکار و رۆشنبیری کورد لەناو بزوتنەوە چەپەکانی تورکیادا جێگەیانگرت، چونکە قەدەغەکارییەکی زۆر لەسەر کوردەکان هەبوو، گوندییەک بهاتایە شار و بەکوردی قسەی بکردایە، دەیانگرت.

ساڵی ١٩٦٨ بەو لاوە گەنجی کورد بەناوی کوردستانییەوە دەستیان بە خەبات کردەوە و گەلێک رێکخستنی کوردییان دامەزراند. یەک لەوانە (DDKO) بوو، کە گەلێک رێکخستنی کوردی لێ دروستبوو، بەڵام پەکەکە لەوە دروستنەبوو. ئۆجەلان خۆی لە بەشی سیاسەتدا دەیخوێند، جارێکیان بەهۆی بەیاننامەکانی دەنیز گەزمیش و ئەوانەوە گیرا، دواتر دەوڵەت بەریدا.

## قۆناغێکی نوێ

پەکەکە سەرەتا لەگەڵ رێکخستنە کوردییەکاندا دەستیکرد بەشەڕ. لەگەڵ کودەتای ١٢ی ئەیلول زۆربەی ئەو رێکخستنانە بڵاوبوون، چونکە زوڵمێکی زۆر گەورە کرا، زیندانی دیاربەکر بەناوبانگە.

ئەو کاتە کام رێکخستن دەستی بۆ چەک ببردایە گەنجی کوردیش دوای دەکەوتن. ساڵی ١٩٨٤ پەکەکە دەستیپێکرد و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. زۆری گەنجی کورد لەگەڵ ئەو خەباتی چەکدارییە بوون.

*** خەباتی رۆشنبیری کورد لە١٩٩٠ بەولاوە چۆن بوو؟ وەکو باستکرد ئەو کات بزوتنەوەی چەپی کورد لایەنی نەتەوەییش تیایدا بەرجەستەبوو، بەڵام کاریگەرییەکانی چەپ زۆر زیاتربوو لەسەر رۆشنبیری کورد. ساڵی ١٩٩١ دوای ئەوەی کە ئۆزاڵ هەندێک دەرگای بەڕووی کورددا کردەوە، بۆ نموونە ئەنیستیتۆی کوردی لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئێوە دەستتان بەو خەباتە کرد، کە ئەم کتێبخانەیەتان هەیە. لەو ماوانەدا خەباتی رۆشنبیری، خەباتی زمان و کەلتوور چۆن بەڕێوەدەچوون؟**

– ئەو کوردانەی دوای هەشتاکان کەوتنە زیندان، بۆ نموونە خۆشم گیرام، لە بیروباوەڕدا تووشی شکست نەبوون. ئەوانەشی کە بەردران و چوونە ئەوروپا لەسەر کوردایەتی خۆیان بەردەوامبوون، واتە لایەنی چەپیان تا ڕادەیەک بەردا و زیاتر گرنگیان بە لایەنی نەتەوەیی دا.

## خوێندنەوەی کتێب

بەو هۆیەشەوە لەدەرەوە زیاتر چاویان بە دونیا کەوت و زیاتر دەستیان بەخوێندنەوەی کتێب کرد، هەر کاتێک گۆڕانکارییەکی بچووک لە یاساکانی تورکیادا دەهاتەئاراوە، بچووکترین دەرفەتیان بدیتایە، یەکسەر دەیانقۆستەوە و هیچ ترسێکیان نەبوو، ئەمەش هێندە ئاسان نەبوو، تووشی زۆر زەحمەتی بوون، زۆر جار دادگاییدەکران، رۆژ نا رۆژێک رۆژنامەنووسێکی کورد دەکوژرا، بەڵام زوو جێگەیان پڕدەبۆوە، کورد ئیتر لەسەر پێی خۆی بوو، ئامادەنەبوون پاشەکشەبکەن.

ساڵی ١٩٩٢ بەولاوە، ئێمە کەوتینە ناو قۆناغێکی نوێ، کاتێک کە باشووری کوردستانیش بۆ ئێرە بوو بە نموونە. لە باشوور زۆر ناخۆشییان دەچەشت، بەڵام دیسان ئومێدێکیان بەخشی بە کوردی ئێرە. کەوتنی سەدام وایکرد بیروباوەڕی کوردەکان بەهێزتربێ.

## هەڵە گەورەکەی کورد

دوای ٢٠٠٣ کورد بەگشتی روویان لە کوردستان کرد، دەیانووت ئاڵای کوردستان بۆ یەکەمجار لە دونیادا بەرزبۆتەوە، پێویستە وەکو چاوی خۆمان ئەو ئاڵایە بپارێزین. ئێستا بەهۆی ئەمریکاوە دەستکەوتێک لەوێ دروستبووە، نابێ بەهیچ شێوەیەک کورد دژایەتی ئەمریکا بکات. بەم شێوەیە خۆیان پێشخست و تا ئەمڕۆش بەردەوامن، بەڵام کێشەمان زۆرە، کورد لەناوخۆدا کێشەی سیاسی زۆرە. پەکەکە هەموو گەریلاکانی رۆڵەی ئێمەن، خوارزا و برازای ئێمەن، ئەمڕۆ لە هەموو بنەماڵەیەکی کورددا یان شەهیدێک هەیە، یان گیراوێک، یان یەکیان لە شاخە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە کورد هەڵەیەکی گەورە دەکەن، ئەمە زیان بەئایندەی کورد دەگەیەنێت، پێویستە لەمەودوا بەگوێرەی هەلومەرجی نوێی جیهان سیاسەتبکەین. کورد بەچەک قازانج ناکات، بەڵکو لەسەر مێزی گفتوگۆ قازانجدەکات. چەک هەتاکو قۆناغێک پێویستە، بەڵام دواتر لەسەر مێزی گفتوگۆ قازانج بەدەستدەهێنرێت. کورد تاکو ئێستا مافەکانی خۆی لەسەر مێز لەکیسداوە، نەیتوانیووە دیپلۆماسیەتێکی باش لەگەڵ دونیا بکات، بۆیە قازانجی نەبووە.

## قۆناغی نوێی رۆشنبیری نەتەوەیی

قەرەگوێز درێژەی پێ دا:

(ئەمڕۆش دیسان دووچاری هەمان هەڵە دەبینەوە، پێویستە دەرس لە رابردووی خۆمان وەربگرین. خەباتی نەتەوەیی بۆ قۆناغی مەدەنی پێویستە. بۆ گفتوگۆ و پێ سەلماندن).

بۆ ئەمەش نموونەی هێنایەوە:

(ئەمڕۆ بابەتێکم لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسی، ئەردۆگان لە نەتەوە یەکگرتووەکان قسەی کرد، وتی: ئەگەر دەتانەوێت ئاشتی لە وڵاتانی بەڵقان بەرقەراربێت، پێویستە دان بە دەوڵەتی کۆسۆڤۆدا بنێن. وتی: ئەگەر دەتانەوێت ئاشتی لە قوبرس بەرقەراربێ، پێویستە پرسی تورکەکان لە قوبرس چارەسەربکرێ. وتی: ئەگەر دەتانەوێت ئاشتی لە خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست بەرقەراربێ، دەبێت پرسی فەلەستین چارەسەربکەن. هەروەها ئەردۆگان پێش ئەوەش چووبووە ئەڵمانیا، وتبووی قەدەغە دانان لەسەر زمان تاوانێکی گەورەیە مەبەستی زمانی تورکی بوو. لە ئەستانبوڵ کۆنفرانسی ئیسلامی دروستبوو، ئەو هەموو کوردە کوژرا هەرگیز بڕیارێکی بچووکیشیان دەرنەکرد. کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە دیسان کۆنفرانسی ئیسلامی لە قەتەر بوو، دەنگیان دەرنەهات.

## ئەردۆگان و پەکەکە

منیش وتم: ئەگەر من لە جیاتی پەکەکە یان بەدەپە بم، بە دونیای رادەگەیەنم کە منیش وەکو ئەردۆگان بیردەکەمەوە، منیش هەر ئەو شتانە بۆ کوردستان داوادەکەم. بۆ نموونە، ئەردۆگان دەڵێ: قەدەغەکردنی زمان تاوانە، کورد ئەوەندە ساڵە زمانیان قەدەغەکراوە، ئەوەش تاوانە. وەکو کۆسۆڤۆ، بۆ باشووری کوردستانیش داوای سەربەخۆیی دەکەم. ئەردۆگان بۆ سەد هەزار تورکی قوبرس داوای ئەو شتانە دەکات، منیش هەمان شتم دەوێت.

ئەو کاتە دونیا سەرنجەداتە مافەکانی منیش، ئەوە نەپێویستی بەچەکە و نە پێویستی بە شەڕە. دەبا کەیسی خۆیان بەرنە بەر دەرگای پەرلەمانی برۆکسل و دابنیشن تاکو ئەو داواکارییانەمان جێبەجێدەکەن.

ئەو جۆرە داواکارییانە چالاکی ئینسانی پێویستە، نەک شووشە شکاندن و خۆسووتاندن، بەڵام بەدەپە و پەکەکە ئەو شتانەیان نەکرد، چوون لە برۆکسل چالاکییان کرد، بەڵام چالاکییەکەیان چی بوو؟ وتیان ئازادی ئۆجەلانمان دەوێ، کۆنسوڵخانەی تورکیایان لە ئەڵمانیا بەردبارانکرد، لە ئەنقەرە بۆمبێکیان تەقاندەوە، کە بەهۆیەوە مرۆڤی مەدەنی کوژران.

## کێشە رۆشنبیرییەکان

*** کێشە رۆشنبیرییەکان چین؟ ئاستەنگییەکانی بەردەم بڵاوکراوەی کوردی چین؟ ئایا خەڵک کتێبی کوردی دەخوێننەوە؟**

– کتێب و بڵاوکراوەی کوردی زۆر بەزەحمەت چاپدەبن، چونکە لە هەموو دنیا ئەو هاوکارییە دەکرێت، بەڵام لە تورکیا ئەو دەرفەتە نییە. ئەگەر دەوڵەت پێی بکرێت هێشتاش کتێبی کوردی قەدەغەدەکەن. زۆر جار دێن کتێبەکانی منیش کۆدەکەنەوە و دەیبەن. بڵاوکراوەی کوردی لە تورکیا کێشەی ئابوورییان زۆرە. وێڕای ئەوەش کتێبی کوردی هەر دەنووسرێت و چاپیش دەبێت. بەڵام بۆ گەشەپێدان و فراوانبوون زۆر تووشی زەحمەتی دەبین.

بڵاوکراوەکانی پەکەکە و بەدەپە تاڕادەیەک باشترن، چونکە ئەوان هیچ نەبێ سەرۆک شارەوانییان لە هەندێک شوێن هەیە، بەڵام ئەگەر سەربەخۆبیت کاری رۆشنبیری زەحمەتە، لەبەر ئەوەی کەس نییە هاوکاریت بکات. من خۆم کەسێکی سەربەخۆم، دەمویست ئەم شوێنەم ببێتە شوێنێکی کوردستانی و بۆ هەموو کوردێک بێ، خزمەتێکی گەورە بکات و بەردەوام لەسەر زمان و کەلتوور کۆڕ و سمیناری تێدا بکرێت، بەڵام وا ٩ ساڵە ئێرە هەیە،

هەرچی دەکەم بۆم ناکرێ بەرهەمی باش پێشکەشبکەم. بەڕاستی ئێمە لە دەمی خۆمانی دەگێڕینەوە بۆ ئەو کارە.

بۆ نموونە ئەمڕۆ من پارەم بە قەرز لە بانکێک وەرگرتووە، دەبێ بەسێ ساڵ قەرزەکە بدەمەوە، بەڵام ٥ هەزار لیرەی سوودە، بۆچی دەبێ من ئەو پارە زیادەیە بدەم؟

## زەحمەتیمان زۆرە

ئەگەر کورد بیانەوێ ببنە خاوەنی دیپلۆماسی، ئەگەر بیانەوێ لە بواری رۆشنبیری و چاپ و بڵاوکردنەوەدا پێشبکەون، دەبێ هاوکاریی یەکتر بکەن. یەکێکی تر لە کێشەکانمان ئەوەیە، کە خەڵک کەم دەخوێننەوە، ئەوەی زۆر ئەهلی خوێندنەوە بێت کادیرە کۆنەکانی ساڵانی هەشتان.

مانگێک پێش ئێستا کۆنفرانسێکمان سازکرد سەبارەت بەئازادی. گەلێک کەس بەشداربوون، ئیمکانیەتی ئەوەم نەبوو هۆڵێکی تایبەت بەکرێبگرم، بۆیەش لە جێیەکی بچووکدا کۆنفرانسەکەمان بەڕێوەبرد. زەحمەتیمان زۆرە، بێگومان دەوڵەت بەرۆشنبیرەکانییەوە گەورەدەبێت.

ئێستا باشووری کوردستان لانیکەم ٢٠ دەزگای رەسمی و نارەسمی هەیە لە تورکیا، لەوانەیە هیچ کار و خەباتێکی واش نەکەن، ئەمە وەکو رەخنەیەکە، پێویستە باشوور هاوکاری ئەو جۆرە خەباتانە بکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە سبەی ئێمە دەبینە پشتوپەنای ئەوان.

ئەگەر من لێرە لە بواری ئابووریدا بەهێزبم، دەتوانم خزمەتی باشتر بە بوارەکەم بکەم. پێویستە حکومەتی باشووری کوردستان لەو لایەنەوە هاوکارمان بێت. لەبەرئەوەیە کە دەنگی ئێمە وەکو پێویست دەرناکەوێ، هەروەها ئێمە دەتوانین رەخنەی ماقوڵ لە پەکەکەش بگرین، ئەگەر کێشەی ئابووریمان نەبێ، دەتوانین باشتر بنووسین و راستییەکان باسبکەین.

*** ئەو دەزگاو دامەزراوە کەلتوورییانەی پەکەکە هاوکاری ئێوە ناکەن لە مەسەلە نەتەوەییەکاندا؟**

- نەخێر هاوکاریمان ناکەن، ئێمە رەخنەی ئەوەشمان لێ گرتوون، ئەوان بەئاشکرا دەڵێن کە نایانەوێت ئێمە بەهێزبین و کاری باش بکەین.

# وشەی ئاشتی
# دەخەینە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە

(ئەمە بەهارخانە، بووکی کوردانە، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر مێژووی کوردە، لەسەر دەوڵەتی مەروانییە)، ئەمە قسەی برامان کاک ئەیوب بورج بوو، کاک ئەیوب بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی (IMC)یە، کە کەناڵێکی ئاسمانی تورکییە لە خزمەتی دیموکراسی، ئاشتی و مەسەلەی کورددا.

ئەیوب عەرابی ئەم جۆرە پرۆژانەیە لە خزمەت کوردایەتی و دیموکراسیدا، پێشتر لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی میدیاکاری خۆیدا رۆڵی چاکیان گێڕاوە لە دامەزراندنی کەناڵی مەد تیڤی، یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی لە مەنفاو یەک لە زنجیرەیەک کەناڵی ئاسمانی، کە پەکەکە دایدەمەزراند و حکومەتی تورکیاش لای وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا، بەداخستنی دەدا. ئەیوب ماوەیەک لەوێ کاریکردووە و پێدەچێ دواتر گەڕابێتەوە وڵات و لێرە، لە ئەستانبوڵ، درێژەی بە خەباتی میدیایی دابێت.

## خەونی کەناڵێکی سەرتاسەری

لە نموونەی ئەیوب بورجدا میدیاکاریی خەبات بۆ ئامانجێکی رەوا. نها لەگەڵ هاوڕێکانی لە (IMC) کاردەکات تا ئەو رۆژەی پێکەوە، ئەو و بەندە، گوایە کەناڵێکی سەرتاسەری کوردستانیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەمەزرێنین. من پێشنیارمکرد ناوی کەناڵی (وەسا) ی لێ بنێین کە دەکاتە (وەسا تیڤی) یانی بەم شێوەیە رووداوە قەوماوە و مەسەلەکان بەم شێوەیە بوون. بێگومان ئەم خەونە هەر خەونەو لەواقیعی تواناکانی کورددا هێشتا لە بابی خەیاڵدایە! بۆیە (ئەیوب بورج) بە سەبری ئەیوبەوە لە بورجی (IMC)ەوە هەموو ئەستانبوڵ و تورکیا دەبینێت و بە تەکنیکی میدیا بەشداری لە نەخشەکێشانی ئایندەدا دەکات.

هەرچی بەهارخانە، کە لەشاشەی (IMC)ەوە بە تورکی لەسەر دەوڵەتی مەروانی دەدوێت، ئەوا (بەهار شاهین فورات) خێزانی کاک نامیق یەک لە نەوە سەربەرزەکانی شەهید شێخ سەعیدی پیران سەرکردەی ئاینی و نەتەوەیی شۆڕشی کوردستانە لە ساڵی (١٩٢٥)دا. بەهارخان نەک هەر شووی بە کورد کردووە، بەڵکو بۆتە کابانێکی ئەکادیمی مێژووی قەدیمیشیان: مێژووی وێستگەیەکی دیاری دەوڵەتداریی و فەرمانڕەوایی کورد، کە لە قووڵایی بە سەرهاتەکانی دونیای ئیسلامدا هەیە و سەدەی دڵرەقی بیست حاشای لێ کرد و حاشای لەوەش کرد کرمانجەکانی دیاربەکر هەبن تا دەوڵەت و مەمالیکیان هەبوو بێت.

ئەمما دەوڵەتی جێی باسی کتێبەکەی بەهار خان، ئەوا دەوڵەتی مەروانییە: ئەمارەتی مەروانی لە ماوەی (٩٩٠-١٠٨٤) لە ماوەیەکی هەستیاری داکەوتنی دەوڵەتی بویهییەکان و سەرەتاتکێی گەشانەوەی دەوڵەتی سەلجوقیدا، حوکمی سەربەخۆی کوردی لە دیاربەکر و مەلازگررد دامەزراند. سەر وەختێک حوکمی ئەوان ئاوەدانی و شارستانی هاندا، مەڵبەند و شارەکانیان گەشایەوە، بەڵام دواتر دەردە کوردی مەحمود زامداریی کنەیکردە نێو دڵ و دەوڵەتی کوردانەوە، سەرەڕای هاوپەیمانێتیان لەگەڵ سەلجوقییەکان لە شەڕی دژە بێزەنتیدا (١٠٧٠-١٠٧١)، بەڵام هەر بێکەڵک بوو، ساڵی (١٠٨٤) سەلجوقییەکان مەروانییەکانیان لە دیاربەکر تەرەکرد و ئەو دەورانە خۆشەی چیرۆکی کورد پێچرایەوە.

جا بەهارخان بە شێوەیەکی زانستی، وەک وەرگێڕە کرمانجەکەمان بڕگەکانی دیدارەکەی بۆ تەرجەمە دەکردم، لە سەرهەڵدان و سەرتێداچوونی ئەو فەرمانڕەواییە دێرینەی دیاربەکری کۆڵیوەتەوە.

## زیندووکردنەوەی مێژووی دێرین

کۆششەکەی بەهار شاهین بەشێکی کۆششی بەرچاوی رووناکبیرانی کورد و رووناکبیرانی دۆستی کوردە بۆ زیندووکردنەوەی مێژووی دێرین لەپێناوی سەلماندنی سەنگی کورد و رۆڵی لە پێشبڕکێی میللەتانی رۆژهەڵاتدا. هەوڵی دیکەش زۆرە لەو بوارەدا. ئەمڕۆ چەند مێژوونووس و رووناکبیر و هونەرمەندی کورد پەیدابوون کە ڤەکۆڵیندەکەن و لەسەر پاراستنی دیرۆکی نەتەوەیەکی رەسەن فاکت و دەفتەرەکانی مێژوو دێننە زمان. هەر بۆ نموونە خانەخۆیی بەندە لە ئەستانبوڵ، کاک چەکدار ئاریان، فیلمێکی جوانی دیکۆمنتاری لەسەر مێژووی شاری دێرینی حەسەن کیف و هەڕەشەی ژێر ئاوخستنی ئەو میراتە دێرینەی کوردستان و مرۆڤایەتی کردووە. فیلمەکە تابلۆیەکی هونەری جوانەو کامێرا و کارەکتەرە خۆرسکەکان گیانیان پێی داوە. چەکدار کە کۆشیعرێکی شاعیر محەمەد ئەمین عوسمانی بەناوی نان و ژیانەوە لە پیتی عەرەبییەوە کردۆتە لاتینی و لە وەشانخانەی ئاڤێستا چاپکراوە، نموونەی چەندین گەنجی خوێندەواری باکوورە، کە ئەمجۆرە ئەرکە رووناکبیریی و کوردایەتییە، بە شێنەیی، بەڵام بە بڕوایەکی پتەوەوە، جێبەجێدەکەن. هەر ئەو نا، بەشێک لە هەڤاڵەکانی دیکەشی کە لەپرۆژەی کۆمپانیای (لاین)دا کۆبوونەتەوە، بێسڵکردنەوە بەرد دەکۆڵن و رەنجی فەرهادی بۆ کەلتووری نەتەوەیی و هێزی نەرمی ناسنامەی کوردی دەدەن.

دەرهێنەر وسیناریست و دیکۆمینتتاری لاو هەن، کە یان لە رێی بەرهەمی شەخسی یان لە رێی کۆمپانیای خۆیانەوە فیلمی دیکۆمینتاری لەسەر تراژیدیای کورد لە دۆڵی زیلان و دەرسیم دەردەکەن. سیناریستڤانی لاو سادات ئولوگانە فلمێکی دیکۆمینتاری بە ناوی دۆڵی زیلان ١٩٣٠دەرکردووە، کە تراژیدیای جینوسایدکردنی ١٥هەزار مرۆڤی کورد لە دوای شکستپێهێنانی شۆرشی ئارارات لە زمانی ئەوانەی ماون لە دەربازبووانی کارەستاتەکە دەگێڕێتەوە. کاک مارین رەحمان هاوکاری کاک چەکدار، کە خۆشی شاعیرەو دیوانی شۆرشگێری دەمەو عەسەری بە دیاریی پێداوم، دڵخۆشیکردم بەوەی کۆمەڵێک رۆشنبیری

گەنج بیر لەوە دەکەنەوە فیلمی دیکۆمنتاری لەسەر ماوەی ژیانی نالی و حاجی قادری کۆیی لە تاراوگەی بابی عالی بەرهەمبهێنن. من دڵنیام لە مۆزە و ئەرشیفی دەورانی کۆتایی فەرمانرەوایی عوسمانیدا، کە ئێستا وردە وردە بەڕوی مێژوونووس و لێکۆڵیاراندا دەکرێتەوە. زۆرشت لەسەر ئەوان و مونەوەرەکانی دیکەی وەکو پیرەمێردیش هەن. وەک ئەو کتێبەی حەزرەتی نالی، کە بەم دواییە لە ئەستەنبول دۆزراوەتەوە و لە کوردستانی خۆمان چاپکراوەتەوە. جاران ئەگەر لێکۆڵیارێکی باشوور بەسەد زەحمەتی دەیتوانی شتێک لەسەر مێژووی رابردوومان لە تورکیا هەڵکڕێنێ، ئەمڕۆ بەهۆی نەمانی قەدەغەکانەوە دەرفەتی چاک رەخساوە. دەبینین رووناکبیرانی باکوور خۆیان شانیانداوەتە بەر و ئەو عەمبارە دەوڵەمەندە هەڵدەدەنەوە.

د. عوسمان عەلی، کە لە دیدێکی ئیسلامەتییەوە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردستان دەکات و یەکێک لەو رۆشنبیرە کوردانەی کوردستانی باشوور، کە پەرۆشی گەڕانە بەدوای دیکۆمینتە عوسمانییەکاندا، پێیوایە تەنها پشتبەستن بە دیکۆمینتە بەریتانی و روسییەکان لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کورددا گرفتگەلێکی دروستکردووە، ئەم گرفتانەش رەنگە لە رێی دیکۆمینتە عوسمانییەکانەوە چارەسەربکرێت کە ئێستا بەهۆی کرانەوەی رێژەیی لەئاستی کورددا کەوتۆتە بەردەستی توێژەرەکانی باکووری کوردستان. د. عوسمان عەلی دەڵێ: (پرۆسەی پۆلێنکردن و رێکخستنی دیکۆمینتە عوسمانییەکان کە بە ١٣٠ملیۆن دیکۆمینت مەزەندەدەکرێت لەسەر شێوازە زانستییە نوێیەکان، پێویستی بەکۆششی نەوەکانی داهاتوو هەیە لە هەلومەرجێکی دیموکراتیتر لەم دۆخەی ئێستای تورکیا)... (الکرد فی الوثائق العثمانیة، ترجمە د.عثمان علی، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ ل٥و ل٩.

## ستۆدیۆ و ئۆفیسی خنجیلانە

وەک گوتم، لەناو ئەو پرۆژە جددییانەدا کە ئەمرۆ لەوێ هەیە تەلەفزیۆنی (IMC) جێی دیارە، چونکە بە تورکی لەسەر کوردان وەجواب دێت. خۆشی لە بواری سیاسیی قەتیس ناکات، بەڵکو لەسەر چاند و مێژوو و فەرهەنگیش دەدوێت. تەلەفزیۆنێکی پرۆفیشناڵە، کە دەشێ نموونە بێت بۆ میدیای کورد بەئاراستەی نەتەوە دراوسێکانمان.

بەناو ژوور و بەشە جیاجیاکانیدا گەڕاین، ستۆدیۆو ئۆفیسی (IMC) ئۆفیسێکی خنجیلانەیە، کە ئەرکێکی جوان جێبەجێدەکات. ئەم شوێنە بچووکە و ئەو ئەرکە گەورە کوردانەیە؟ تەلەفزیۆنەکانی دەوڵەت و کەناڵە تورکییەکان، کە سەرمان لێدان لە پۆشتە و پەرداخیدا زۆریان لێ خەرجکراوە، هەرچی (IMC)ـە، ئەوا قاتێکی سنوورداری بینایەکی گەورەیان گرتووە، بەڵام باشیان سازداوە و مۆدێرنانە کاری لەسەر دەکەن.

بورج دەڵێ (سەرەتا چەند سەرمایەدارێکی کورد هاوکاری دەستپێکی پرۆژەکەیان کرد، تا گەیشتینە روشدی خۆمان کەس ریکلامی پێنەداین). بە گەشبینییەوە گوتی: (ئێستا لەو رووەوە باشین، هیچ سەرەتایەک بێ زەحمەتی نابێت)، بەڵام ئەو بە ورەی بەرزەوە قسەی

دەکرد ئەگینا ئیدارەدانی خەرجی کەناڵێکی سەتەلایت پرۆسەی تەحەمولکردنی پارەدانێکی بێکۆتاییە.

کارگێرانی ئەم تەلەفزیۆنە هەمیشە میوانانی باشوور، کە دەچنە ئەستنبوڵ و سەرێکی وان دەدەن، دەکەنە نێچیری میدیایی خۆیان. ناهێڵن بێ دیدار و هەڤپەیڤین بڕۆنەوە. کاک ئەیوب بەشانازییەوە لە دیدارێکی بەڕێز مام جەلال دەدوا، کە بۆ کەناڵەکەیان سازکراوە. لەسەر سایتی کەناڵەکە دیدارەکەی بۆ خستمەکار و پێشیوتم دیداری دیکەشمان زۆرە.

ڕۆژنامەڤانەکانی (IMC) شانەیەکی هەنگن و هەنگوینی ئازادی و زانیاری هەمە لایەنەو سەر ڕاستیی پەخش دەکەن. ئەوە نییە کە لەبەر ئەوەی خەبات و کارەکانیان بۆ کوردن ئیتر بابەتێتی و هاوسەنگی لەدەستبدەن. گوێت لە هەموو بیروڕا و ئاراستەکان دەبێت. دەفنە خان، دەفنە ئاسل، سەرنووسەری تەلەفزیۆنەکەیە و یەک لە هەڵسوڕاوە میدیاییەکانی تورکە، کە لەوێ کاردەکات، دەفنە خان جگە لە سەروکاری تەلەفزیۆنەکەش لوتفێکی زۆری خوشک و برایەتی نواند، پەیوەندی بە چەندین شارەزاو سیاسەتکاری کوردو تورکەوە کرد تابەڵێنی دیدارو بینینم بۆ کتێبەکەم پێبدەن. ئەو گوتی: (زیاتر لەساڵێکە ئەم تەجرەبەیە دەستپێکردووە. دوا ڕۆژی باشی لەپێشە).

کاک شەفیق بەیازیش بەرنامەیەکی هەفتانەی پانێل و گفتوگۆی هەیە. تۆڕێکی پەیوەندی خاسی بە دەستەبژێری کورد و تورکەوە هەیە، کە خستویەتییە خزمەتی بەرنامەکەیەوە و جڤینی دەوڵەمەندی پێ سازدەکات. میوانەکانی لە کورد و تورک، لە چەپ و راست و ئیسلامیی و دیموکراتەکانن.

لێرە کورد و تورک تیمێکی کارگەرن بۆ میدیایەکی بەرپرس. (ئەیوب بورج) پەیامی خۆی وا رووندەکاتەوە: (پەیوەندیی کورد و تورک پێویستی بە پتەوکردن و گەشەپێدان هەیە، ڕاستە ئێستا ناکۆکی و کێشە هەیە، بەڵام کورد و تورک دۆستی ستراتیژیین و نەیاری تەکتیکی ئێستای یەکترین. دەبێت هەردوولامان ئەو ستراتیژەمان لەبەرچاوبێت).

ئەم کوردە دڵسۆزە بیروڕای سەرنجڕاکێشی لەسەر دیرۆکی پەرەسەندنی رەوشی تورکی هەیە. نەخاسمە لەسەر کوردایەتی ئێزدی. لەسەر رەوشی کرانەوەی تورکیا دوودڵە، بەڵێ پێیوایە نها دۆخەکە گۆڕاوە، بەڵام جارێ زۆری ماوە بۆ ئاسوودەیی بۆ ئاشتی و مافەکان.

نموونەیەکی لە دۆخی خراپی جاران هێنایەوە: جاران ناوی کورد و باسی کوردستان گرفتی گەورە بوو، ئێستا وردە وردە لە میدیا و کەناڵەکان ئەم وشانە جاربەجار لە زمان دەربازدەبن.

جارێکیان، لە هەشتاکان، سەرۆک رەفسەنجانی هاتە تورکیا. دەزانن فڕۆکەی سەرۆکایەتی ئێران بەناوی (کوردستان) ەوەیە، بەناوی پارێزگای سنە (کوردستان)؟ ئەو کاتە جەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرن سەرۆکی تورکیا بوو، بووە مقومقۆ کە چۆن پێشوازی لە فڕۆکەیەک بکرێت ناوی کوردستانی لەسەرە؟!

دواجار رازیبوون کە چارنییە! ئەوە پرۆتۆکۆلە و هەر دەبێ چێبکرێت، ئینجا جەنەڕاڵ ئیڤرن بە هەموو ئەستێرەکانی سەر شانییەوە پێشوازی لە کوردستان کرد!

بێگومان ئەمڕۆ ئەو جارانە نەماوە و جەنەڕاڵیش ئێستا لەسەر کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠

دادگاییدەکرێت، بەڵام وەک میدیاکارێکی کورد پێیوتم لە دیاربەکر چەندجار خەباتکارانی تەلەفزیۆنی (گوین) و هەتا رادیۆی (ئاشتی) تووشی تەشقەڵە هاتوون، تەنها لەبەرئەوەی گوێگر و بینەران، کە پەیوەندی دەکەن، جار بەجار ناوی (کوردستان) دەهێننە سەر زمان و ئەمەش ئەو میدیاکارانە تووشی سزای قورسی دارایی دەکات. یانی بە گوێرەی یاسا دەبێ نەک ئاگاداری خۆیان، بەڵکو ئاگاداری گوێگرەکانیشیان بن. هەندێکجار سزاکان لە رووی جەریمەکردنی داراییەوە تاقەت پروکێن دەبن. چەندین رۆژنامەڤانی کورد بە بیانووی جیاجیاوە دۆسێی دادگەرییان بۆ کراوەتەوە و ژمارەیەکیشیان لە زیندان پەستێنراون. وەک دەانین تورکیا لەگەڵ رۆژنامەنووسانی تورک گرفتدارە، بێگومان بۆ کرمانجەکان هەروەتر.

## وێستگەکانی خەباتی میدیایی

ئەزموونی میدیای کوردی ئاڕاستەکراو بۆ نەتەوە دراوسێکانی کورد کە مافی کوردیان لایە ئەزموونێکی پڕ گرفت و هەڵبەزو دابەزە. نەک هەر لەتورکیا بەڵکو تەنانەت لە عیراقیش کە تاقیکردنەوەی زۆرمان هەیە لە موخاتەبەکردنی عەرەب بە زمانی عەرەبی و هێشتاش کێشەمان هەیە، چ لە کاریگەری دانان و چ لە کاردانەوەی باشیان بەرامبەر بە گوتاری کوردیی.

لە باکوور، لە سەرەتای نەوەدەکاندا، تەجرەبەی رۆژنامەوانی بە زمانی تورکی دەستیپێکرد، رۆژنامەی ئۆزگورگوندەم، یەک لە وێستگە چۆنایەتییەکانی خەباتی میدیاییە کە لەم رێگایەدا دەرچوو، بەڵام ئەوەیان زیاتر بۆ کوردی بە تورکی خوێن بوو، چونکە زەحمەت بوو رۆژنامەی کوردی، ئەگەر رێشی پێ بدرایە، وا زوو رەواج پەیدابکات. بۆیە وەکو یەکێک لە کارگەرە شارەزاکانی (IMC) وتی: ئۆزگورگوندەم و پاشان چەند رۆژنامەیەکی تر کە بەتورکی و ئینجا بە تورکی و کوردی دەردەچوون، ئەوان راستە بە تورکی بوون، بەڵام بۆ کوردی تورک زمان دەردەچوون. هەرچی (IMC) ئەوا بۆ هەموو تورکیایە.

ئەزموونی رۆژنامەوانی کاغەزیی، هی زمانی کوردی، بەچەندین وێستگەی داخستن و سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوەدا تێپەڕی، تا لە (ئازادیا وڵات)دا گیرسایەوە.

لە دەورانی هەناسەدانی سیاسیی دا کۆشش بۆ خەباتی رۆژنامەوانیی کوردی کراوە، بەڵام زوو بەری پێ گیراوە (حکومەت لە نیسانی ١٩٩٠ کۆمەڵێک بڕیاری توندی دا، مەرسومی ژمارە ٤١٣ دەسەڵاتێکی فراوان دەداتە حاکمی ناوچە کوردییەکان، کە دەتوانێت پێشنیاز بداتە وەزارەتی ناوخۆ لەسەر داخستنی خانەکانی بڵاوکردنەوە، کە هەواڵی ناڕاست لەسەر رووداوەکان دەدەن. (دیڤید ماکدوال، الکورد شعب انکر علیه وجوده ت: عبدالسلام النقشبندی، دار اراس، ل٧٧). وێستگەی وەرچەرخان لە سەرەتای نەوەدەکاندا بوو، بە دیقەتتر ساڵی (١٩٩١) کە سەرۆکی تورکیا، تورکۆت ئۆزال، دەستی دایە چاکسازیی سیاسی، کە دامێنی مەسەلەی کوردیشی گرتەوە، ئۆزال فراکسیۆنی حزبەکەی خۆی، حزبی دایکی نیشتمان، هاندا پرۆژە یاسای زمانە ناوخۆییەکان پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ پەسەندکردنی. ئەم یاسایە رێگای بۆ ئاخاوتنی هاوڵاتیان بە زمانی دیکەش کردەوە. هەروەک مافی گۆرانی و ئاهەنگی

پێدان. بە مەرجێ زمانی تورکی زمانی رەسمیی و باڵا بێت. (موقف التيار الاسلامي والتيار العلماني في تركيا من القضية الكردية- د. وليد رمضان-چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠٨- سوریا ل٣٣٠).

یاساکە لە ٤ی شوبات، لە سەردەمی حکومەتی میانڕەوی یلدیرم اق بلوت، کە سەرۆکی حزبەکەی ئۆزال بوو، پێشکەشکرا و چووە رۆژەڤەوە.

دواجار ئۆزال یاسای ژمارە (٢٩١٢)ی هەڵوەشاندەوە، کە پێشتر حکومەتی سەربازیی کەنعان ئیفرین لە ساڵی (١٩٨٣)دا دەریکردبوو، ئەو یاسایە تابۆی خستبووە سەر زمانی کوردی. ئینجا ئۆزال پێشنیازیکرد تەلەفزیۆنی پرۆژەی (GAP) وردە وردە بەرنامە بە زمانی کوردی پێشکەشبکات و پرسیاریکرد چی دەبێت ئەگەر لە خوێندن، لە میدیاکان ئەو زمانە بەکارببرێت. (الاكراد و مستقبل تركيا- ميخائيل م. جونتر- چاپی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان- ساڵی ٢٠٠٧- ل٩٤).

بەڵام ئۆزال لەناکاو، لە ١٩٩٣دا، مرد. هەر زوو بەزوو بڕیاری داخستنی ئێزگە تایبەتییەکانی رادیۆ لە سەرتاسەری تورکیادا درا، کە ژمارەیان (٧٠٠) ئێزگە بوو، هی کوردیشی تێدابوو. (موقف التيار الاسلامي والتيار العلماني، سەرچاوەی ئاماژەبۆ کراو ل٣١٢).

پاش چەند مانگێک، تانسوو چیللەر، سەرۆک وەزیرانی سەردەمی سەرۆکایەتی سلێمان دەمیریل، لە (١٢/٧/١٩٩٣)دا پێشنیازیکرد گفتوگۆ لەسەر خوێندنی ئارەزوومەندانەی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان و هەروەها رێگەپێدان بە پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن بکەن، داواشیکرد ئەگەری دامەزراندنی کۆرسی زمانی کوردی و کۆرسی مێژووی کوردی بخەنە بەرباس، بەڵام پێشنیازەکانی لە گەرمەی توندبوونی شەڕی PKK و دەوڵەتدا رەتکرایەوە.

ئەم دۆخی هەڵبەز و دابەزە لە مامەڵەی زمانی کوردی و گوزارشتی میدیایی لە خواستەکانی کورد لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، بوونە بەربەست لەبەردەم کەڵەکەبوونی ئەزموون بۆ میدیاکارانی کورددا، تا بتوانن لەئاستی تورکیادا ببنە گفتوگۆکارو خاوەن میانە لەگەڵ میدیای تورکیادا، مەگەر ئەوانە نەبێت کە لە بنچینەدا و وەکو کۆششێکی شەخسی خۆیان لە میدیاکانی تورکیادا کاردەکەن و رووانینی ئاشتی و میانڕەوی بڵاودەکەنەوە و یارمەتی تێگەیشتنی باشتر لە مەسەلەی کورد دەدەن.

نەوەدەکان هەروا زەحمەتی زۆری تێدا بوو بۆ رۆژنامەنووسانی کورد و ژمارەیەکی بەرچاویان تیرۆرکران، کە دیارترینیان مامۆستا موسا عەنتەر بوو، بەم دواییە فیلمێکی دیکۆمینتاری لەسەر کوشتنی رۆژنامەنووسانی کورد بەرهەمهێنراوە، کە تەشخیسی دیاردەی درێوی بکوژی نادیاردەکات و تاوانەکانیان تۆمار و ئاشکرا دەکات.

## مەد و میدیا و رۆژ و ستێرک

لەبەر ئەو هەلومەرجەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردی کردبووە شتێکی زەحمەت، لە کاتێکدا لە تورکیا دەیان سەتەلایتی تورکی و تورکزمان هەبوو، تەلەفزیۆنی کوردی لە مەنفا لەدایکبوو، ئەویش سەتەلایتی مەدتیڤییە. یانی یەکەم ئەزموونی کاری سەتەلایت کە ئەیوب کاری تێدا کرد، هەر خۆشی یەکەم ئەزموونی سەتەلایتی کوردیشە. مەد تیڤی

لە ساڵی ١٩٩٥دامەزرا و شۆرشێک بوو بۆ نەتەوەی کورد، نەک هەر لە میدیا، بەڵکو لە بابی ناسنامەی جیهانییشدا، کە توێژەرێکی بیانیی پێیدەڵێ سەروەرییەکی ئیفترازی بوو بۆ کورد و مایەی دەرکەوتنی دەوڵەتی گریمانەیی بوو.

«سەروەریی گریمانەیی کوردستان» سەردێری سەرنجەکانی فیلیب سیبە، کە پێیوایە لەم هەلومەرجەی ئێستای دونیادا کوردستان شتێکە وەک سەراب، بەڵام ئامرازی یەکێتیی نەتەوەیی لە ڕێی سەتەلایت و ئینتەرنێت لەکایەدایە و یەکێکیان مەد تیڤی بوو، کە بەڕێوەبەرانی بڕیاریان دا سەروەریی لە بۆشایی ئاسماندا چێبکەن و (بەرنامەکانی کاری لەسەر پتەوکردنی ناسنامەی کورد دەکرد و هەژدە سەعات پەخشی ڕۆژانەی هەبوو...هەمیشەش ئاڵا و سرودی نەتەوەیی کوردییش بەشێکی ناوەڕۆکەکەی بوون.... (تأثير الجزيرة، كيف يعيد الاعلام العالمي الجديد تشكيل السياسة الدولية، فيليب سيب، ترجمة عزالدين عبدالمولى، مركز الجزيرة للدراسات، چاپی یەکەم ٢٠١١،ل٨٦ ). لەبیرمە ئەو کاتەی مەد تیڤی دامەزرا کوردستانی باشووریی گەمارۆدراو چەندین تەلەفزیۆنی لۆکاڵی هەبوو، کە پەخشی بۆ ناوخۆی شارەکان بوو. زۆر لەو کەناڵانە بەرنامە هونەری و فەرهەنگییەکانی مەد تیڤییان پەخشدەکردەوە، لەپاڵ پەخشکردنەوەی بەرنامە و فیلم و درامای کەناڵە تورکی و عەرەبییەکانی تر. هەتا ئەو تەلەفزیۆنانەی ناکۆکیش بوون لەگەڵ سیاسەتی پەکەکە وایان دەکرد. هونەرمەندانی باشوور، کە لە دەرەوەی وڵات بوون و خەڵک پەرۆشی دوا چالاکییان بوو، لە پاڵ هونەرمەندانی باکوور ئەوانیش لە مەدتیڤییەوە دەرکەوتنەوە. ئەمیر حەسەن پوور دەڵێت (MED TV ئەو سنوورە نێونەتەوەییانەی دەربازکرد، کە لە ١٩١٨ەوە خاکی کوردستانی دابەشکردبوو، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەرفەتی ئەوە بۆ کورد ڕەخسا ئامرازێکی بەهێزی پەیوەندییەکان لەنێو خۆیدا دابمەزرێنێت و ئەو بیچیمە ژیوپلوتکییە دەوڵەتییە سستبکات، کە کوردی کردبوو بە کەمینەیەکی هەژاری بێکەس. گەلی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی دابەشکراوی خۆیدا ئێستا دەتوانێت ژیانی خۆی، ڕاستییەکانی خۆی لەسەر شاشەی ئەم تەلەفزیۆنە لە سەراسەری جیهاندا ببینێت. کوردەکانی ئێران دەتوانن لەسەر هێڵی تەلەفۆن لەگەڵ کوردەکانی تورکیا قسەبکەن و کوردەکانی عیراق دەتوانن ببینن کە کوردەکان چۆن لە ئەوروپا دەژین. هەموو شەوێک بە ماوەی چەند کاتژمێر گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان ماڵێکی بۆ خۆی هەیە... (بابەتی ناسیونالیزمی کورد و تەکنولۆژی مۆدێرنی پەیوەندییەکان، نووسینی دەیڤید ڕۆمانۆ، لە کتێبی ناسیونالیزمی کوردو ڕوانگەی ڕۆژئاوا، وەرگێرانی وریا ڕەحمانی، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠١٢ ل٢٢١).

ئەم کەناڵە کوردی باکووری لە دەوری خۆی کۆکردەوە و تەنانەت قوروچییەکانیش، کە شەڕی بزووتنەوەی کورد دەکەن، بوونە تەماشاکاری تەلەفزیۆنی شۆرش. دەیڤید ڕۆمانۆ دەڵێت (بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی خودی دەوڵەتی تورکیا نزیکەی ٩٠ لە١٠٠ خەڵکی ناوچەی کوردنشینی تورکیا سەیری مەد تیڤی دەکەن... هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٢).

تورکیا هەدادانی نەبوو تا بە بیانووی هاندانی تیرۆرەوە کەناڵەکەی بەداخستن دا. ئینجا میدیا و دوای میدیا ڕۆژ تیڤی جێگایانگرتەوە. ئێستا لەپاڵ چەند کەناڵێکی کلتوری

و کەناڵێک بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کەناڵی ستێرک بۆتە درێژەپێدەری ڕێبازی هەموویان.

ئەم کەناڵانە هێندە کاریگەر بوون لەسەر« کوردستانیی گریمانەیی»، دەوڵەتی تورکیا دوای گرتنی ئۆجەلان لەساڵی ١٩٩٩دا خۆی بە داشدار دەزانی، کە داوا بکات لە کاتی پەخشی ڕۆژ تیڤیدا نابێ لە بەرنامەی کەشوهەوادا چەند شارێکی تورکیا لەگەڵ چەند شارێکی دیکەی وڵاتانی دراوسێدا تێکەڵبکرێن. بەکورتییەکەی داوایدەکرد دیاریەکر لەگەڵ هەوای ئەنقەرە و ئەستەنبول گرێبدرێت، نەک لەگەڵ بارانی مەهاباد و سەرمای قامشلو و ڕەشەبای سلێمانیی ریزبکرێت.

## بەخێر بێن بۆ تەرەتە شەش!

دەورانی کرانەوەی حوکمی داد و گەشەپێدان بە ڕووی کورددا، کرانەوەی میدیایشی بەدواوەبوو، جگە لە تەلەفزیۆن و رادیۆی کوردی لە کوردستانی باکوور، تەلەفزیۆنی ڕەسمیی وەکو (TRT٦)یش، لە ئەنقەرەی پایتەخت دامەزرا، کە بەشێکە لە زنجیرە کەناڵەکانی تەرەتە و دوای ئەوەش تەرەتەی عەرەبیش هات. سەرۆک وەزیران خۆی لە کردنەوەی کەنالەکەدا بەشداریکرد و بانگەوازی دا بەخێربێن بۆ تەرەتە شەش. وا ئێستا دەوڵەت بیر لە بەشی کوردی ئاژانسی ئەنادۆڵیش دەکاتەوە، کە وەکو من لە دەمەتەقێکەیان تێگەیشتم دخوازن بە کرمانجی لاتینی وسۆرانی عەرەبیش هەواڵبدەن. کێشەی دەوڵەتیش ئەوەیە درەنگ دێت و درەنگ دەگاتە قەناعەت. تەرەتە شەش دوای مەد تیڤی و ئاژانسی ئەنادۆڵیش دوای فورات نیوز هات.

سەیدا فەتحوڵڵا کارشن بەڕێوەبەری کەناڵە کوردییەکەی دەوڵەت، تەرەتە شەش، کە سەردانی کوردستانی باشووری کرد، رایگەیاند بەرنامەکانی ئەوان لە ئایندەی نزیکدا زۆر کراوەتردەبن لە باسکردنی چاندی کوردی و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی شاعیرانی کورددا، نەک تەنها لە تورکیا، بەڵکو لە شوێنەکانی تریش. ئەو زۆر دڵی خۆش بوو بە دەستپێکردنی پەخشی هەواڵەکان بەسۆرانی و ئەمەی بە دەرفەتی لێک نزیکبوونەوەی باکوور و باشوور دەزانی.

بێگومان جگە لە ڕۆڵەکەی لە خزمەتی سیاسەتەکانی دەوڵەتدا لای کاک عوسمان ئەم کەناڵە بۆ چاندی کوردی گرنگە، هەر ئەم خزمەتەشە وایکردووە کە تەڤگەری کوردایەتی لێی بەگومان بن و ڕەخنە لە تەرەتە شەش بگرن.

حسین چەلیک، کە جێگری حزبیی ئەردۆگانە و خۆشی بە بنەچە کوردە، گلەیی ئەوەی هەبوو پەکەکە بەم کەناڵە دەڵێت تەرەتە جاش. ئەو لە دانیشتنێکی دۆستانەدا وەهای گوت (منیش کوردم، بەڵام وەکو پەکەکە بیرناکەمەوە. خەڵکی تریش وەکو پەکەکە بیرناکەنەوە. بۆچی بەوانە بوترێت جاش؟). بەڵام میر دەنگیر فورات پێیوتم تەرەتە شەش جێی بە ڕۆژ تیڤی لەقکردووە، بۆیە پەکەکە پێی ناخۆشە و هەوڵیداوە ڕووناکبیران و میدیاکارانی کورد توخنی نەکەون. تەبعەن ئەم قسانە هی ئەو کاتە بوون، کە ڕۆژ تیڤی مابوو و ستێرک جێی نەگرتبۆوە.

رای چەند لاوێکی رۆشنبیری کورد، کە من لە ئەنقەرە بینیمن، جێی سەرنج بوو. ئەوان دەیانوت تەرەتە شەش شتێکی گرنگە، چونکە نیشانەی ئەوەیە دەوڵەت دەڵێ کورد هەیە. یەکێکیان وتی من چەند خزمێکم هەیە لە ئەرزنجان و ئەلئەزیز و مەلاتیا، جاران نەیان دەوت ئێمە کوردین و خۆیان لە پرسی شوناس دەشاردەوە، بەڵام ئەمرۆ دەڵێن مادام دەوڵەت دەڵێ کورد هەیە، تەواو! ئێمەش کوردین. ئێمەش حەز لە تەرەتەش دەکەین.

راستێکەی کارێکی هەڵەیە رۆڵی تەرەتە شەش و میدیای سەر بە دەوڵەتی تورک یەکسان بکەین بە جاشایەتی، یان تەنانەت بە خزمەتکاری دەوڵەتی بزانین. کارگەرانی ئەو کەناڵانە لەسەر تەرزی شرۆڤەکەی کەمال مەزهەر ئەحمەد بۆ رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کردووە، مەبەستیان خزمەتی فەرهەنگ و زمان و هونەری کوردییە. ناساندنی ئاسانی ئەم دیاردەیە بە خزمەتکردنی دەوڵەت و جاشایەتی روانینێکی توندڕەوە و رۆڵ نابینێت لە دەرخستنی رووی دیموکراتی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەڵکو دووری دەخاتەوە لەو تەیفە لە رووناکبیرانی کورد، کە بە ئیجتهادی جیاجیا، یان بۆ گوزەران، لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، بەتایبەتی لە میدیاکانیدا، کاردەکەن. چونکە ئەم سەرنجدانە گواستنەوەی روانینمانە لەسەر میدیای دەوڵەتی بەعس لە عیراقەوە بۆ میدیای دەوڵەتیی تورکیا، کە مەرج نییە هەلومەرجی هەردووکیان وەکو یەک وا بێت.

میدیای کوردی لە عیراق میدیایەکی مەرکەزیی دەوڵەتێکی مەرکەزی بوو، کە رێگەی بە داهێنان و پەراوێزی ئازادی کارکردن نەدەدا، نەک بۆ رۆشنبیریی و کەلتووری کوردی، بەڵکو تەنانەت بۆ هی عەرەبییش وا بوو. بەو حاڵەشەوە تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکەی کەرکوک لە حەفتاکان و هەشتاکاندا خزمەتێکی بێوێنەی باری رووناکبیریی کوردی کرد و ئەو خزینەی ئێمە و کوردی کوردستانی رۆژهەلاتیش هەمانە و شانازی پێوە دەکەین، هی دەورانی تەلەفزیۆنی کەرکوک و رادیۆی کوردی بەغدا و تەلەفزیۆن و رادیۆی کوردی لە کرماشان و سنە و مهاباد و تارانە، هی رۆژنامەکانی هاوکاری و گۆڤارەکانی بەیان و رۆشنبیریی نوێ و هی رۆژنامەی (کوردستان)یشە، کە شای ئێران لە شەستەکان دەریکردو دواتر لێی پەشیمان بۆوە.

میدیای کوردی لە عیراق بەشێک بوو لە میدیای دەوڵەتێکی ئابووری مەرکەزی کە رێی بە میدیای کەرتی تایبەت نەدەدا، بەڵام میدیای تورکی هی کەرتی تایبەت و دامودەزگای وەبەرهێنانە کە دەوڵەمەندی کوردیش دەتوانێت کاری لەسەر بکات.

جا تەرەتە شەش و تەنانەت دونیا تیڤی لە هەلومەرجێکی باشتر و جیاوازتریشدا لەدایکدەبن، کە ئیمکانیاتی باشتر و پەراوێزی کارکردنیان زۆرترە لەناو میدیایەکی ئازادترو لەسایەی دەوڵەتێکدا کەمالیزم و بەعسیزم و شاپەسەندییان تێدا نییە و ناسنامەی ئیسلامەتی دەخاتە پێش ناسنامەی رەگەزیی بەرتەسکەوە.

بەم رەوتە خێرایەی گۆڕانکاریی دەکرێ دەوڵەتی تورکیا لە ئایندەدا رۆژنامەیەکی رۆژانەش بە کوردی دەربکات، کە وەکو رێیا تازە، ئەوی دەوڵەتی سۆڤێتی لە ئەرمینیا بۆ کوردی دەردەکرد، ببێتە بەشێک لە مێژووی کەلتوری کوردیش.

رێیا تازە بەناوی کوردایەتییەوە نەبوو، بەڵکو بە ناوی کۆمۆنیستییەوە بوو، بەڵام لە

خزمەتی کەلتووری کوردیدا بوو، تا ئەوەی لە خزمەتی کەلتوری ئەرمەنی، یان روسییدا بووبێت.

زیاتر لەوەش زۆر بە راشکاویش بیڵێین، کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتانی ناوچەکە پارەو توانا لە کەلتووری کوردیدا خەرجبکەن و قەرەبووی فەرامۆشی و شەڕفرۆشی جارانیان لەهەمبەر رۆشنبیریی و هونەری کوردیی و شێواندنیان بکەنەوە. با عیراقیش وابکات و با ئێران و تورکیاش کەناڵی دەوڵەتیی دابنێن و سەحەر و تەرتەشەش پێشبکەون، بەڵام با رێگەش بە بزووتنەوەی کوردایەتی و رەوتەکانیشی بدەن، کە ئەوانیش میدیای خۆیان هەبێت و روانینی کوردایەتی بخەنە پێش چاوی خەڵکی کوردستان، تا ئەوان داوەریبکەن، کە بەندە پێموایە تورکیای ئەمرۆ لەسایەی پرۆسەی ئاشتیدا وردە وردە دەتوانێت رێگە بۆ دەرکەوتنی میدیای کوردایەتی و دیموکراتیش خۆشبکات. بۆ نموونە، چی دەبێت ئەگەر وەکو ئازادییا وڵات لە دیاربەکر هەیە، رێگە بە کردنەوەی رۆژتیڤی و ستێرک تیڤی بدەن لەناو خودی تورکیاوە پەخشبکەن، لە جێی ئەوەی وڵات بە وڵات راوبنرێن؟

حسێن چەلیک وتی دەوڵەت لە بواری زمان و فەرهەنگدا دیوان و کتێبی شاعیرانی وەکو خانی و فەقێ تەیران و مەلا جزیری چاپدەکات، ئەمەش شتێکی چاکە و دەبێ پەرەی پێ بدرێت، بەڵام بیروڕایەکی سەرنجڕاکێشی وت، کە دەکرێت هەر خۆیان بیکەنە دەسکەلا بۆ پەرەپێدانی میدیای کوردی. چەلیک وتی: (بەدەپە هەمان ئایدیۆلۆژیای پەکەکەی هەیە. واتا لە ڕوانگەی سیاسیی پەکەکەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە وەکو پەکەکە تیرۆرناکات، بۆیە دەبینین بەدەپە ئازادە لە بیروباوەڕەکەیدا.) ئەگەر ئەو روانینەی چەلیک راستە، کە پێموایە راست و رەوا بێت، با دەوڵەت رێگە بە پەخشی رۆژ تیڤی، یان ستێرک، یان هەر کەناڵێکی تر، کە هەمان ئایدیۆلۆژیای هەیە، بدات لە تورکیا پەخشبکەن، بێ ئەوەی لە ڕووی ئۆرگانییەوە سەر بە پەکەکە بن.

## کۆششی بێ پسانەوە

بەو بەربەست و بەو ئاسۆیەشی لە پێشە، کوردی تورکیا هەوڵدەدەن کەڵک لە دیموکراسییەکەی تورکیا وەربگرن، کە زیاتر لە عیراق و ئێران و سوریا دەرفەتی بزووتن دەدات. کاک (ئەیوب بورج) خۆی دەڵێت (دەمانەوێ وشەکانی ئاشتی و برایەتی ببەینە ناو زمانی سیاسی تورکییەوە. ئەو زمانەی ئەمڕۆیان هەژارە). گوتیشی چەندین رۆژنامەوان و میدیاکاری تورک هاوکاریماندەکەن لەم پەیامەدا. وەک دەبینی ئێرە تورک و کوردیشی لێیە).

بەڵام هەڵبەت ئەزموونی تەلەفزیۆنەکەی کاک ئەیوب لە قۆناغی داهاتوودا ڕووبەڕووی رکابەری میدیایی زۆر دەبێتەوە، هەم سەتەلایەتی تری وەکو (دونیا تیڤی) دەست بەکاربوون، کە بە زمانی کوردی پەخشێکی کوردانە دەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی رێبازی فەتحوڵڵا گویلەنیدا. کەناڵی تەلەفزیۆنی دیکەش دروستبوون کە هەرێمیین، واتە هی چەند پارێزگایەکن لە پارێزگا کوردییەکانی باکوور، بەڵام بەشێکیان لەسەر سەتەلایتیشن، بۆ

نموونە کەناڵی دیجلە کە سەتەلایتی ئیسلامیی وڵاتپارێزن و لە تورک ساتەوە پەخشدەکەن. کەناڵی سوپەر لە پارێزگای وان هەیە و سەتەلایتێکە بە هاوکاری دەوڵەت دەردەچێت. کەناڵی ئەسو لە ناوچەی ئەدیمان هەیە، کە بەرنامەی بە زمانی کوردیش هەیە. بەگشتی ئێستا نزیکەی (٢٥) کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی و کوردی- تورکی هەن، کە تەنها بەرنامەی هەواڵ و پرۆگرامی سیاسی پێشکەش ناکەن، بەڵکو بەرنامەی هونەری و فەرهەنگی و دراماو مەسجی ئاینییش پیشکەشدەکەن، ئەم جۆرە بەرنامانەش بینەریان زۆرترە لە بەرنامەی سیاسی وشک و برینگ و پەراوێزی هەمەڕەنگی تەلەفزیۆنەکانیان دابیندەکەن.

تەلەفزیۆنی دونیا تیڤی لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرنجڕاکێش بێت، چونکە دەستکراوەتر لە چاو کەناڵی TRT٦ دەتوانێ باسی مەسەلەی کورد بکات و تەنانەت ڕوانگەی کوردانەش بۆ ئەو مەسەلەیە مەترەح بکات. بۆ نموونە ڕیپۆرتاژی لەسەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بەسەرهاتی شەهیدکردنی سەرکۆمار قازی محەمەد کردووە. دیداری لەسەر هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردایەتی بە شێوەیەکی بابەتیانە کردووە کە بۆ کەناڵێکی کوردانەش دەست دەدات. دونیا تیڤی بەرنامە هەمەڕەنگ و هونەرییەکانیشی فەرهەنگی و هونەری کوردی و کەلتوورو ژیان و گوزەرانی مەڵبەندە کوردییەکان پێشکەش دەکات.

ئەم کەناڵانە بەرهەمی هونەری کۆنی گۆرانیبێژان و دەنگبێژانی دێرین لە ماڵباتەکانیان، لە ئەرشیفی کەسی دەکڕنەوە. هەندێک لە بەرهەمەکانی محەمەد عارف جزیری و تەحسین تەها و عیسا بەرواری و ئەوانیتر پەخشدەکەن، کە دیارە هی تەلەفزیۆن و ڕادیۆیی کوردییە لە بەغدا و موسڵ و کەرکوک و ناشزانرێت چۆن گەیشتۆتە دەست ئەو تەلەفزیۆنانە؟

زۆربوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی چانسی ناوەند و سەنتەرە هونەرییەکانی کورد لە ئەستەنبوڵ و دیاربەکر زیاتردەکات، چونکە ئەم تەلەفزیۆنانە خۆراکی هەمەڕەنگیان دەوێت و بەشێکی ئەم بەرهەمانەش لەو سەنتەر و ناوەندانەوە دابیندەبێت. چونکە میدیا زیاتر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە وەگەڕدەخرێت، سەنتەر و ناوەندە هونەرییەکان جگە لە بەرهەمی خۆماڵی کاری دۆبلاجی دراما و فیلم و فیلمی دیکۆمینتاریش دەکەن. ئەم بەرهەمانەش دەفرۆشنە کەناڵەکان و خۆشیان توانای کچان و کوڕی هونەرکار دەخەنەگەڕو ئاسۆی گەشەکردنیان دابیندەکەن، کار وا بڕوا لە تورکیا کوردیزان و وەرگێڕی کوردی دەبێتە دراوێکی دەگمەن، چونکە کەرەستە و تواناکانی بەردەست لەم بوارەدا بەشی ئەو گەشانەوە گەورەیەی ئەمڕۆ ناکەن، کە کەلتووری کوردی و میدیای کوردی بە خۆیەوەی دەبینێت کە دەوڵەت، ڕەوتی فەتحوڵڵا گویلەنی و تەڤگەری کوردی ململانێی ئەو بازاڕە گەرمە دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ لای خۆیانی کەمەندکێشبکەن. وەک دەردەکەوێت ئیتر لەمەودا میدیای کوردی ناوچەیەکی خۆڵەمێشییە هەموان بەشی لێ وەردەگرن ولێی خەرجدەکەن. دەبێتە گۆڕەپانێ بۆ هاوکاری و بۆ ململانێش. ئەم بازارەش کاری میدیایی بۆ زۆر کوردی کوردیزان و بۆ زۆر تەکنیکاری تورک، کە بیرکراوەن و ڕقیان لە کورد و میدیای کوردی نییە، دابینکردووە.

بێگومان بوونی میدیایەکی دەوڵەتی، کە موخاتەبەی کورد دەکات و یارمەتی گەشەی کەلتوریی کوردی دەدا و بوونی دەرفەتی یەکسان بۆ میدیایەک، کە روانینەکانی کوردایەتی بگەیەنێت و لەوەش گرنگتر بوونی میدیایەکی پرۆڤیشناڵ، کە بە زمانی کوردی خزمەتگوزاری بابەتیانەی میدیایی پێشکەشبکات، هەموو شتێک نییە و چارەسەری کۆتایی مەسەلەی کوردیش نییە، بەڵام وێستگەیەکی گرنگیشە ئەگەر هەمیشە لەیادمان بێت، گەشەپێدانی زمان و کەلتور وەک ناونیشانێک بۆ ناسنامەی کورد بەردەوام بەشێک بووە لە گەڵاڵەنامەی داخوازییەکانی کوردایەتی لە هەر بەشێکی کوردستاندا.

# ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ چ حـاڵە؟

ئەوەی بەندە لە سەردانی هەندێک دەزگای ڕۆشنبیری کوردیدا تێبینم کرد، درەنگ دەستپێکردن و چاک دەستپێکردن بوو. ئەمەش قەدەرێکی باکورییە لە گەلێک بوار و لە بواری فەرهەنگیدا زەقتر خۆی دەنوێنێ. لە بنچینەدا باکوور و ئەستانبوڵی پایتەختی ئەوێ دەمێی دەوڵەتی عوسمانلی نێوەندی کەمەندکێشکردنی دەستەبژێری کورد و ڕووناکبیرەکانی بوو. تەنانەت لە باشووریشەوە تین و توان ڕووی لەوێ دەکرد.

## نێوەندی کەمەندکێشی ڕووناکبیریی

حاجی و نالی و کەیفی جوانڕۆیی و درەنگانێکیش پیرەمێرد بۆیە چوونە ئەستانبوڵ، لە دوای عاجزی و تەوەللابوون لە کوردستان، تا بە نێوەندێکی کەمەندکێشی ڕووناکبیریی ئاشنابن. ڕاستە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە دەرچووە، بەڵام زیاتر لەسەر باکوور حسێبە. هەر کە کۆماری تورکیاش دامەزرا، هەموو ئەم خەزیینە کەڵەکەبووەی ڕاگرت و قەدەغەیکرد، بەڵام پێدەچێت نەیتوانی بێت بیسڕێتەوە. بۆیە کە باکوور جارێکی تر لە کایەی ڕۆشنبیریشدا تێهەڵچووە، دەخوازێت ململانێی زەمەن بکات و فریای ئەوی لەدەستچووە بکەوێت.

پیرەمێرد هەر لەو وڵاتە غوربەتەدا (کەمانجەژەن)ی خوێندەوە و وەک دەقێکی ناوازە تەرجەمەیکرد. حاجی قادر لەوێ مامۆستای منداڵەکانی بەدرخانییەکان بوو، نالیش کتێبـی لەوێیە، بەڵام زانیارییەکان لەسەر ئەوان و ڕووناکبیرانی تر کەمن. مەگەر بوخچە و باوەڵی دەورانی دەوڵەتی عوسمانی هەڵبدەینەوە. وای دەبینم تێکۆشانی ڕووناکبیرانمان زۆر لەو بەشە پەڕشوبڵاوانە زۆرترن، کە لێرە و لەوێ بەرچاوماندەکەون.

هەر بۆ ئەوەی لەبیرمان بێت ڕۆڵی ئەو ڕووناکبیرانەمان لە ئەستەنبوڵ لەوە گەورەتر بووە، کە خۆمان ئەمڕۆ مەزەندەیدەکەین، ئەم چیرۆکە لەسەر شاعیری کورد کەیفی لە زمانی مامۆستا مەسعود محەمەد دەگێڕینەوە، کە لێوەشاوەیی کەیفی و سەنگی کورد لە مشتومڕە ڕووناکبیرییەکانی ئەو سەردەمەدا دەردەخەن.

مامۆستا مەسعود محەمەد نووسیویەتی: کەمێکی کەم ماوە لە ژیانی کەیفی لێرەدا بتوانم باسی لێ بکەم، چونکە ئەوەی کە دەیزانم لە ژیانی حەڵەب و ئەستەمووڵی شتێکی زۆر کەمە، دەڵێن کەیفی کە دەچێ بۆ ئەستەمووڵ بە زوویی فێری زمانی فەرەنسی دەبێ، لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا دەبێتە نووسەر. وەک دەگێڕنەوە گۆیا ڕۆژنامەیەکی پاریس لەبارەی کوردەوە شتی ناڕەوا دەنووسێ. کەیفی ئەم نووسینە دەبینێ و دەستدەکات

بەجوابداتەوەی هەر لەو رۆژنامەیە کە خۆی تێیدا نووسەر بووە، لە ڕێزە مەقالێکی مێژوویی چی عەیب و عاری مێژووی فەرەنسا هەیە دەیهێنێتەرووەوە و بەقەڵەمێکی سووتێنەر نووسینەکانی دەڕازێنێتەوە، تا وای لێ دێت باڵیۆزی فەرەنسا ئیحتیجاجێک دەدا بە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی، ئیتر فەرمانبەرانی عوسمانی دەکەونە ناوبژیکردن، تا کەیفی وازدێنێ و چیتر لەسەری ناڕوا، بەڵام دەمی شیرن دەکەن ئەوجا... (مەسعود محەمەد، کەوچێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠، چاپی یەکەم ل٢٣.)

## خەباتی فەرهەنگ بۆ کوردایەتی

لە باکوور، بەهەموو کارێک ئێژن خەبات. بەس بەراستی کاری رۆشنیری لەوێ خەباتە بەهەموو مانای شۆڕشگێڕی و ئاسایی. خەباتە چونکە زەمینە لەبار نییە، بەڵام کوردایەتییەکە هەیە. لە باکوور ئەدەب و فەرهەنگ دەچنە بابی کوردایەتییەکی بێ غەلوغەشەوە.

ناوەندی وەشانی ئاڤێستا دەزگایەکی رووناکبیریی لەو جۆرەیە، خەباتێکی فەرهەنگی بۆ کوردایەتی و خەباتێکی پرۆفیشناڵی بۆ کتێب و وەشان دەکات. ئەم دەزگایە، کە زیاتر لە (٤٠٠) کتێبی بە کوردی و تورکی و ١٤ زمانی تر بڵاوکردۆتەوە، بەگەرموگوڕی بەڵام بەدیقەتەوە پێڕادەگەن لەسەر کورد و کوردستان بنووسن و وەربگێڕن و کتێبان بەڕادان بدەن.

عەبدوڵڵا کەسکین سەرۆکی وەشانەکە دەیوت لەم نزیکەی چوار سەد کتێبە، لەماوەی ١٥ ساڵی دەستپێکردنی کارەکانمان، ٣٠٪ی کوردییە و ئەوانیتر تورکی و چەندین زمانی ترن، بەڵام تورکییەکانیش زۆربەیان لەسەر کورد و کوردستانن، لەسەر مێژوو، سۆسیۆلۆژیا، فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیین، بەتایبەتیش ئەدەبی کلاسیکی، ئێمە لە کتێبخانەکەیدا نموونەی وەکو مەموزینی خانی-مان دیت، کە بە بەرگێکی جوان و قەشەنگ بە رێنووسی لاتینی چاپکراوە. رەنگە باوەڕنەکرێت، کە تەرجەمەی کتێبەکەی جۆناسان راندل بەناوی (دوای ئەو هەمووە، لێبوردن لەچی؟) بووە مایەی دادگاییکردنی کەسکین و حوکمدانی بە چوار مانگ، کە دواتر لەسەر قەرەبووی پێنج سەد دۆلار گیرسایەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کتێبەکە وشەی قەدەغەکراوی وەکو کوردستانی تێدا بوو.

## ئوتێل ئەورووپا و ئێوارەی پەروانە

کەسکین لەدەمەتەقێیەکی دۆستانەدا سەرنجی زۆر جوانی لەسەر رەوشی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیی نێوان باکوور و باشوور وت. ئاماژەی بەوە کرد، ئەوان گەلێک کتێبیان لە سۆرانی و هەتا لە کرمانجییەوە کردۆتەوە سەر پیتی لاتینی، بگرە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانانی تریش. نموونەی دەقی د. فەرهاد پیرباڵ (ئوتێل ئەورووپا) و رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیاری عەلیی باسکرد.

وەشانخانەی ئاڤێستا، لەوەتەی لە ساڵی ١٩٩٥ەوە دامەزراوە لە ئەستانبوڵ و ئینجا لە دیاربەکریش نێوەندی کردۆتەوە، مۆدیلێکی باشی کاری پەخشی وەشاندنە لە باکوور و

لە نێوەندە روناکبیرییەکەی ئەستانبووڵ و تورکیاشدا ناسراوە و حسێبی لەسەر دەکرێت. ریکلام و هەڵمەتێکی باشی پەیوەندییەکان دەکەن بۆ ناساندنی بڵاوکراوەکانی خۆیان. وتم وەشانی ئێوە لە باشوور ناسراوە، بەڵام کەمتر لە چالاکییەکانی باشوور دەبینرێن. ئەو گلەییکرد کە رایەڵەی پەیوەندی باشوور و بەتایبەتیش وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم لەگەڵ دامودەزگا رووناکبیرییەکانی باکوور لاوازە، بەڵام گلەییەکەشی شەخسی نەبوو. وتی ئێمە لە دیاربەکر و تورکیا سەنگمان باشە و بەرهەمەکانمان چاک دەفرۆشرێن، قسەم لەسەر ناساندنی رۆشنبیرییە.

## تیراژی دە ملیۆنی

ئەو نموونەیەی هێنایەوە، کە دەزگای رۆشنبیریی لە ئەوروپا هەیە، چەند دەزگایەکی ئیسپانی و فەرەنسی، ئەگەر بزانن تۆ بەرهەمیان وەردەگێری هاوکاریشتدەکەن و پێشیان خۆشە، بەڵام بەداخەوە ئەمە بۆ بەرهەمی زمانی کوردی نەوەسایە. مەبەستی وەرگێڕان بوو لە زمانی کوردییەوە. وەشانی ئاڤێستا، کە ئێستا هەموو تیراژی کتێبی گەیشتۆتە دە ملیۆنێک، وا سەنگین و ناڤدارە تەنانەت وەک کەسکین گێڕایەوە چەند رۆژ پێش ئێستا هەندێک نووسەری تورکی بولگارستان هاتبوون بۆ ئەوەی ئێمە کتێبیان بۆ چاپبکەین!

چیرۆکی سەرکەوتووی ئاڤێستا و گیروگرفتەکانی وەشانی کوردی لەوێ مشتێکی نموونەی خەروارێکە لەو کێماسییەی تا ئێستا سیاسەتی رۆشنبیریی لە باشوور نەیتوانیووە باشی لێ نزیکبێتەوە بۆ جۆرێک لە هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەرەو یەکێتییەکی نەتەوەیی لە ڕەهەندە رووناکبیرییەکەیدا.

## بەم شێوەیە ئەنستیتۆی ئەستانبوڵمان ئاواکرد

هەر بۆ نموونەی ناساندنی خەباتی روناکبیریی و فەرهەنگی کوردانی ئەستانبوڵ، لە سەرەتای نەوەدەکاندا، دیدارێکمان لەگەڵ کاک شەفیق بەیاز سازکرد، کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنستیتۆکە و ماوەیەکیش سەرۆکی بووە.

## فەرهەنگی کوردی تورکی

شەفیق ساڵی ١٩٥٦ لە بەتلیس لەدایکبووەو لە زانکۆی ئەتاتورک رشتەی زمانی فارسی و عەرەبی تەواوکردووە. دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ لە ئەڵمانیا پەنابەری سیاسیی بووەو لەوێش فەرهەنگێکی کوردی تورکی داناوە. ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە تورکیا و هاوبەشی دەرچوونی رۆژنامەی وڵات و گۆڤاری رەوشەنی کردووە. سەرەتا بۆتە بەرێوەبەری ناوەندی رۆشنبیری میزۆپۆتامیا، ئینجا لە ١٨ی نیسانی هەمان ساڵدا بەشداریی دامەزراندنی ئینستیتۆی کردووە.

بەیاز لە مونەوەرانی کوردستانە، کە لەگەڵ خەباتگێڕانی تر لە ناوجەرگەی ئەستانبوڵ دەستیاندایە داهێنانێکی نوێ. ئەو بەم شێوەیە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئینیستیتۆکەی گێرایــەوە:

*** ماوەیەک لە ئەستانبوڵ سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردی بووی. هەندێک باس لە مێژووی خەباتی ئەکادیمی کورد بکەن لە ئەستەنبوڵ.**

– سەرەتاکانی دەیەی نەوەد تورگوت ئۆزاڵ لەسەر کار بوو. ئۆزاڵ لە بواری سیاسییەوە دەیویست گۆڕانکاری لیبراڵی بکات و ڕێگە لەبەردەم دیموکراسیدا خۆشبکات، ئەم خواستەی ئۆزاڵ خواستێکی بەهێزبوو. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش دەیویست گفتوگۆبکرێت. دامەزراندنی ئەنیستیتۆ و دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردییش هەر خواستی ئۆزاڵ بوو، بەڵام ئەمانە تەنها خواست بوون، لە بواری یاساییەوە هیچ ڕێی تێ نەدەچوو. نەدەکرا ئەنیستیتۆیەک بەناوی کوردی ئاوابکرێ.

## تابلۆکەمان هەڵلای نایەوە

لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەر ئەوەی خواستێک هەبوو، قەناعەتێکی واش لەناو رای گشتیدا هەبوو، ئێمە ئەنیستیتۆی کوردیمان دامەزراند. شوێنەکەشمان (نیشان تاش) لە ئەستانبوڵ شوێنێکی زۆر گرنگ بوو. لەوێ تابلۆمان هەڵواسی و ئەمەش هەرای نایەوە، پۆلیس هات و یەکەمجار ویستیان بەنەرمی شوێنەکەمان پێ دابخەن، بەڵام ئێمە پێداگریمان کرد لەسەر مانەوە، دواتر ئەوان داوایانکرد تابلۆکە لێ بکەینەوە، چونکە تابلۆکەمان زۆر گەورە و بەرچاو بوو، ئێمە تابلۆکەمان هێنایەخوار و یەکێکی بچووکترمان لەسەر دەرگا هەڵواسی. کێشەی یاساییمان زۆر بۆ دروست نەبوو. بەهەرحاڵ کردمان بە ئەمری واقیع و ئەوانیش زۆر ڕێگرنەبوون. دەستمان بە خەبات کرد، بەڵام بەردەوام لەژێر چاودێریدا بووین. دامەزرێنەرانی ئەنیستیتۆکە بریتین بوون لە (ئیسماعیل بێشکچی، یەشار کایە، جەمشید بەندەر، ئیبراهیم گوربوز، سلێمان ئیمام ئۆغلۆ)، هەروەها هەشت–نۆ ناوی تریش.

## پێشوازیی سەرۆکایەتی کۆمار

سلێمان دەمیرەل، سەرۆک کۆماری تورکیا لە دوای ئۆزاڵ، ئێمەی بانگێشتکرد، بەڕەسمی نامەی بۆ ناردین. ئێمەش چووین و بەشداریی ئەو پێشوازییەی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمارمان کرد. پەیوەندیمان لەگەڵ دامودەزگا ڕەسمییەکانی تورکیا هەبوو. زۆرجار کۆنگرەمان دەبەست، بەر لەبەستنی کۆنگرەش ڕاگەیاندنەکانمان ئاگاداردەکردەوە، ئەوانیش بۆ رای گشتی بڵاویاندەکردەوە.

ئێمە ویستمان کۆمەڵەیەک ئاوابکەین بۆ ئەوەی ئەنیستیتۆش لە ژێر سێبەری ئەو کۆمەڵەیەدا درێژە بە چالاکییەکانی بدات و لە ئەمری واقیع دەرچێت، ببێت بەڕەسمی، بەڵام ڕێگەی ئەوەیان پێ نەداین. بەناچاری بەناوی کۆمپانیایەکی بازرگانی بەردەوامبووین، بەڵام ئامانجمان کاری بازرگانی نەبوو. ساڵی ٢٠٠٦ توانیمان کۆمەڵەکە ئاوابکەین، بەناوی (کۆمەڵەی ئەنیستیتۆی کوردی ئەستانبوڵ)، بەمجۆرە بووین بە ڕەسمی.

*** سروشتی کار و چالاکییەکانی ئێوە چۆن بوو؟**

– خەباتی ئێمە زیاتر لەسەر زمانی کوردی بوو. سێ چوار کتێبی کوردیمان بۆ باخچەی

ساوایان ئامادەکرد، هەم بە زاراوەی کرمانجی و هەم بەزاراوەی زازاکی. دوای ئەوە چەند کتێبێکمان بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی ئامادەکرد. دواتر دەستمانکرد بە خەباتی فەرهەنگی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەی مێژووییمان کردووە، کار و چالاکی مەیدانیشمان هەبووە. بۆ نموونە، هەڤاڵانی ئێمە دەچوون بەناو شار و گوندەکانی کوردستاندا دەگەڕان، دیداریان لەگەڵ خەڵکی ناوچە جیاجیاکان ئەنجامدەدا، ئەمەش وەکو خەباتی ئەدەبیاتی زارەکی. بەدەیان کتێبمان لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوەش، خەباتی هاوبەشمان هەبووە لەگەڵ کۆمەڵەی کەلتووری کورد لە سوید. چیرۆکی منداڵانمان لە زمانی سویدیەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. ٢٥ کتێبی چیرۆک بوو، ١٠٠ هەزار بەرگمان لێ بڵاوکردەوە.

*** ئەو کتێبانەی ئێوە دەتوانن ببن بە بنەما بۆ خوێندن بەزمانی کوردی؟**

– بەڵێ، ئەوا ١٠ ساڵە ئەو کتێبانەی ئێمە بۆ فێربوونی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێ. جگە لە کتێبەکانی ئێمەش، کتێبی دیکەی کوردی هەن. لە ساڵی ١٩٩٥وە ئێمە دەستمانپێکردووە، تەنانەت لەناو خودی ئەنیستیتۆدا پەروەردەی زمانی کوردیمان هەیە، هەم بۆ پێگەیاندنی کادری خۆمان، هەم بۆ ئەوانەی لە دەرەوە دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن.

*** هەر لە نەوەدەکانەوە چەندین ئەنیستیتۆی تری کوردی هەن لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا. جگە لە ئەنیستیتۆی ستۆکهۆڵم، لەگەڵ ئەوانەی تریشدا هیچ هەماهەنگی و هاوبەشییەکتان کردووە؟**

– ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموویاندا هەبووە، بەڵام پەیوەندییەکە زۆر گەرموگوڕ و بەهێز نەبووە، دیارە ئەمەش بەهۆی کێشەی سیاسییەوە بووە. ئەوانیش نەیانویستووە خەباتێکی هاوبەشمان هەبێت. بۆ ئەمەش بێگومان کەموکوڕی ئێمەی تێدایە. ئەوان زیاتر وەک بەشێک لە پەکەکە سەیری ئێمەیان کردووە، بەڵام وەک خەباتێکی کلتووری پەیوەندیمان بەوانەی هۆڵەنداوە هەبوو، ئەوانەی واشنتۆن، ئیسرائیل، تاران، بروکسل و ستۆکهۆڵم بەهەمان شێوە.

## سەرۆکایەتی موسا عەنتەر

*** تۆ ئێستا لەو ئەنیستیتۆیە نەماوی، ئایا خەباتی ئەوان هێشتا بەردەوامە؟**

– بەڵێ بەردەوامە. من لە ساڵی ١٩٩٢وە لەو خەباتەدا بووم، لەسەرەتای دامەزراندنیدا سەرۆکی ئێمە شەهید موسا عەنتەر بوو، کە دوای شەش مانگ لە دامەزراندنی ئەنیستیتۆ لە دیاربەکر کوژرا. موسا عەنتەر لە کۆنگرەدا هەڵنەبژێردرابوو، وەکو دەستەی دامەزرێنەر شەش مانگ سەرۆکایەتی ئەنیستیتۆی کرد. دوای کوژرانی ئەو، کۆنگرەمان بەست. لەو کۆنگرەیەدا من وەک سەرۆک هەڵبژێردرام تاکو ساڵی ١٩٩٧ کە گیرام، دواتر هەڤاڵێکی تر بوو بە سەرۆک تا ساڵی ٢٠٠٢. لەو کاتەوە دیسان من سەرۆکایەتی ئەنیستیتۆم کرد تا ساڵی ٢٠٠٦. لەو کاتەوە تەنها جاروبار بەشداریی خەبات و کۆبوونەوەکانیان دەبم. بۆیەش ئێستا زۆر زانیاری وردم لەسەر کار و خەباتی ئەوان نییە.

# ئەم زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەکرێتەوە؟

زمان لە چیرۆکی نەتەوەکاندا هەر ئامرازی پەیوەندی نییە، لە چیرۆکی جەرگبڕی نەتەوەی کورددا زمان ئایکۆنی پاراستنی نەتەوەکانە لە جوگرافیایەکدا، هەم تەماعی لەناوبردنی کردین و هەمیش خاڵی هاوبەشی لە خاڵی جیاوازی زۆرترە و ئاسان دەتوانن لەجێی ئەمەی ئەو هاوبەشێتییە لە کەلتوور و ئاین و دراوسێتی بکەنە پردی پێکەوەژیان، بیکەنە پردی تواندنەوەمان. زمان پارێزەری نەتەوەی کورد بووە لەم جوگرافیایەدا، کە ئارەزووی ئیحتواکردنی کوردی بووە، لەپەنا هاوبەشێتی لە فەرهەنگ و دین و دراوسێتیدا.

زمانی کوردی، سەرەڕای پەرتی و فرە شێوەزاری و فرە ئەلفوبێیەکەی، توانیویەتی پارێزەری خەسڵەتی نەتەوەیی کورد بێت. ئەم زمانە بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا موعجیزەیەکی خوداییە بەهەموو ماناکانی موعجیزە، چونکە هیچ زمانێک لە دونیادا شکنابرێت هەشتا ساڵ پێ نووسین و قسەپێکردنی لێ قەدەغەبکرێت و وەختێک درزی دەرگایەکی لێ بکرێتەوە وا بەتاو زیت و زیندوو ببێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ەوە، کە ئۆزال ڕێیدا بە کورد بە زمانی خۆی قسەبکا و گۆرانی بڵێ، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت، ئەم زمانە کەوتە سەر کەڵکەڵەی گەشانەوە. ئێستا جێی سەرنجە دوای بیست ساڵ وای لێ بێت بۆ بیست و چوار سەعات پەخشی ڕەسمی لە تەرەتە شەش و هەمان ئەو ساتانەش بۆ پەخشی کەناڵی دونیاتیڤی دەستبدات. ئیتر کەناڵە کوردییە نا ڕەسمییەکان و کتێب و گۆڤاری کوردیش لەولاوە بوەستێت.

ئەم زمانە چونکە ئاوێتەی ناسنامەی کوردە، ئێستا لە باکوور بەشێکە لە خەباتی سیاسی و بۆ ئەوە بەشێکیشە لە داخوازی نەتەوەیی. تورکیا نایسەلمێنێت کە ڕەسمی بێت، هەرچەندە دواجار ڕێیداوە (تاوانبار)ی کورد لە دادگا بەم زمانە شیرینە دیفاع لەخۆی بکات، بەڵام زمانی کوردی بێ کێشەش نییە، مادام کورد خۆی لە باکوور و تەواوی کوردستانی سەرتاسەردا بێ کێشە نییە.

بەڵێ باکوور گیرۆدەی سڕینەوەی نەتەوەیی و قەدەغەکردنی زمانەکەی بووە، بەڵام چونکە بەشی گەورەی کوردستان و بەشی گەورەی نەتەوەی کوردی گرتۆتە خۆی بەو ئازارو مەینەتییەی شەڕی ناسنامەشەوە کە لە تورکیا زۆرانبازی بۆ دەکات، کەچی هەر بەو نەفسی خاوەندارێتی و پایتەختبوونەوە قسەی لەسەر زمان و گرفتەکانی زمان لە باشوور هەیە. لە زمانیشدا باکوور خۆی بە خاوەندی باشوور دەزانێت. بۆ هەر کوێ دەڕۆی پرسیار لەسەر ئەوەیە داخۆ ئێوە کەی تەڤلی لاتینی دەبن؟ بۆ لە باشوور دەخوازن سۆرانی بکەنە ستاندارد؟ بۆ لە باشوور حەرفی عەرەبی و حەرفی لاتینیش پێکەوە فێرنابن؟

پرسیاری تر هەیە: بۆ بەرهەمی ئێوە بە کرمانجی و لاتینی نابینین، ئێمە ناتوانین ڕۆژنامەکانی باشوور بخوێنینەوە؟ دەیان پرسیاری تر کە زۆر بەڕاشکاوی بیڵێم پێ ناچێت ئێمە پرسیاری لەم بابەتە لە خۆمان بکەین، جا یان لەبەر ئەوەی پێمانوایە خەمی زمانمان تێپەڕاندووە، یان پێمانوایە ئیتر خەمی باکوور و خەمی باشوور لێکترازاون و ئەم باسانە ڕەونەقی جارانی نەماوە بۆ ئێمە و ئەوە خەمی کوردستانە ڕزگار نەکراوەکانن. ئایا ئێمە سیاسەتی ڕۆشنبیرییمان هەیە، کە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت بێت و هاوکاری چارەسەری ئەو کێشانە بکات و قودرەتمەندیی دەوڵەتی بۆ بخاتەگەڕ لە بواری کایەی پەروەردە و ڕووناکبیرییدا؟

زمان وەک چۆن پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە، دەشێ لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا ببێتە بەربەستی لێک حاڵیبوون و گواستنەوەی بیرۆکە و هەستوسۆز. بەربەستی شێوەزار و بەربەستی شێوە ڕێنووس پێکەوە ڕۆڵیان گەورەیە لە دابڕانی باکوور و باشوور، بێگومان لەنێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتیشدا. لە باکوور زیاتر لە ڕێی زمانی تورکییەوە دەزانن باشوور چی دەکات و چی لای ئێمە دەقەومێت؟ ئەمەش زیاتر باشووری سیاسی دەگرێتەوە کە حیساباتی ململانێی سیاسی و فلتەری ململانێی حزبیشی تێ دەکەوێت. باکوور گلەیی لەسەر زۆر شتی باشوور هەیە، بەتایبەتی باشووری سۆرانیشین، هەم لە سیاسەت و هەم لە فەرهەنگ و کلتووردا. بێگومان باشووریش گلەیی هەیە، گلەیی ئێمە ئەوەیە بۆچی باکوور بە زۆر دەخوازێ ئێمە لاتینی بکەینە ئەلفوبێ، لەکاتێکدا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی سەد ساڵە بە ئەلفوبێی عەرەبی هەیە؟ باکووریش گلەییدەکات بۆچی باشوور پێیوایە ئێمە لەم بیست ساڵەدا کە ڕێگە بە خەباتی ڕووناکبیری دراوە لێی دانیشتووین و هیچمان نەنووسیوە؟ لەوێ وەشانی کوردی هەیە و ڕۆژنامەی ڕۆژانەو گۆڤاری هەفتانەش دەردەچێت. باکوورییەکان دەڵێن ئێمە ناڵێین واز لە ئەلفوبێی عەرەبی بێنن، ئێمە دەڵێین لە پاڵ عەرەبییەکە فێری ئەلفوبێی لاتینیش ببن. ناڵێن ئێوە بەرهەمی ئێمە بە کرمانجی و لاتینی ببیستن، بەڵکو دەڵێن سا بەڵکو باشوور بەرهەمی سۆرانی بە ئەلفوبێی عەرەبی وەردەگێڕنە سەر لاتینی، بۆ ئەوەی ئێمەش بیخوێنینەوە. یەکێکیان جوانی وت: ئێمە ناڵێین مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەبێت شیعری ئێمە بە کرمانجی لاتینی بخوێنێتەوە، بەڵکو دەمانەوێ ئێمەش شیعرە جوانەکانی ئەو بەکرمانجی و لاتینی بخوێنینەوە. ئێمە گەلێک کەیف خۆشین کە (ئێوارەی پەروانە)ی کاک بەختیار عەلی تەرجەمەی کرمانجی کراوەو لێرە چاپبووە.

## پرسی زمان و گرفتەکانی

ڕاستییەکەی بەندە ،چونکە زمانەوان نیم و لە کایەی زمان شارەزانیم، سەرەنجام تێبینی و سەرەنجەکانیشم هەر هی بواری سیاسەت و پەیوەندی زمان بە ناسنامەی نەتەوە و سیاسەتییەوەیە. بۆیە لە باسوخواسی ناسنامەدا نەدەکرا پرسی زمان و گرفتەکانی فەرامۆشبکەم، مادام زمانی کوردی ئالودەی ئەم پاشخانە سیاسییەیە.

بۆیە گفتوگۆم لەگەڵ دوو زانای گەنج و خوێندەوار و خەباتگێڕی بواری زماندا سەرەنجام لە جوغزی سیاسەتی زمان و ڕەوشی زمان لە گەشەی سیاسیی نەتەوەدا مایەوە قسەی کۆتایی لەسەر ئەمە لای من نییە.

وەختێک چووەمە لای مامۆستایان زانا فارقینی و سامی تان لە بینای سەرەکی ئەنستیتۆی کورد لە ئەستانبوڵ، ئەوانیش ئەندێشە و ڕوانینی جوانیان هەبوو. لەوانەیە لەگەڵ هەندێکی بن و بەرپەرچی هەندێکی تریان بدەنەوە، بەڵام ئەوەی لێم ڕوونە ئەوەیە کەمتر لە باشوور ئەم ڕوانین و ئەندێشە باکوورییە گوێلێگیراوبووە.

سامی تان و زانا فارقینی لە وەختی سەرقاڵی خۆیانیان گرتەوە و دیالۆگێکی گەرمیان دەستپێکرد.

*** ڕەوشی زمانی کوردی چۆن دەبینن لە تورکیا؟ ئەگەر بەراوردبکەین لەنێوان ساڵی ١٩٩٢ کە ئەم ئەنیستیتۆیە دامەزراو ئێستا کە ساڵی ٢٠١٢یە؟**

– باش نییە. دەتوانین دوو شت بڵێین، یەکەم: ساڵی ١٩٩٢ ئەوانەی بە زمانی کوردی قسەیاندەکرد ژمارەیان زیاتر بوو، بەڵام نووسین بە کوردی کەمتربوو. ئێستا بە کوردی نووسین زیاترە و بەکوردی قسەکردن کەمتربووە.

*** بۆچی؟**

– چونکە ئاسیمیلەبوون (توانەوە) هەیە.

*** کەواتە ساڵ لە دوای ساڵ کوردبوون لاوازتردەبێت؟**

**– بیری کوردبوون زیاتر دەبێت، بەڵام قسەکردن بە زمانی کوردی لاوازتر دەبێت. منداڵی کورد ناتوانن بەزمانی خۆیان قسە بکەن.**

– بەهۆی سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندن بە زمانی تورکی، منداڵان کەمتر فێری زمانی کوردی دەبن. ئەوەی هەستی نەتەوەیی تێدابێت، ئەو زیاتر دەیەوێت فێری خوێندن و نووسینی کوردی بێت.

*** بەڵام ئەو ڕەوشە پێشتریش هەبوو، واتە ڕاگەیاندن بە تورکی هەبوو، ئەو ئاسیمیلاسیۆنە هەر هەبوو؟**

– ئێستا کەناڵەکانی تەلەفزیۆن زیاترن، ئینتەرنێت هەیە، فێرگە و خوێندنگە زۆرترن. ئەوکات هێندە پێشکەوتوونەبوو. ساڵانی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩٠یش لەناو کوردەکاندا ڕێژەی خوێندکارانی زانکۆ کەمتربوو. کوردی نەخوێندەوار زیاتربوون. کورد چەندی دەخوێنێت، چەندی پەروەردەدەبێت، زمانەکەی خۆی زیاتر لەبیردەچێتەوە. باوکێکی خوێندەوار، کە زانکۆی بینیبێت، چەندی دەخوێنێت زیاتر ئاسیمیلە دەبێت و منداڵەکانیشی کوردی نازانن. شتێکی تر کە گرنگە، ناوی کوردی زۆربووە، بەڵام ناتوانن بەکوردی قسەبکەن. پێشتر ناوی حەسەن بوو، عەلی بوو، ئێستا ناوی ئارمانجە، کەچی کوردی نازانێت.

*** ئێوە کە لە زمان شارەزان، باشتر دەزانن هۆکارێکی سەرەکی مانەوەی کورد زمانەکەیەتی. کەچی تۆ دەڵێی کوردبوون زیاترە، بەڵام قسەکردن بە زمانی کوردی کەمترە؟**

– بە مێشک و بیرکردنەوە کوردە، هەستی نەتەوایەتی بەهێزبووە، بەڵام زمانەکە نەما.

*** ئەمە شتێکی سەرنجڕاکێشە. ئینجا ئەمە دوای ١٠ ساڵی دیکە کورد بەرەو کوێ دەبات؟**

– ئەگەر کورد بە زمانی خۆیان پەروەردەنەبن، ئەگەر نەبنە خاوەن پێگە و مافە سروشتییەکانیان، ئەوە زمانی کوردی تا دەچێت لاوازتردەبێت و زمانی تورکی جێگەی دەگرێتەوە. ئەگەر کورد لە ماوەیەکی نزیکدا مافی نەتەوەیی و مافی خوێندن بە زمانی کوردی بەدەست نەهێنن، ئەم ڕەوشە بەرەو خراپتردەچێت.

*** وتتان خوێندنەوە و نووسین بە کوردی زۆرە، کتێبی کوردیش زۆرن؟**

– بەڵێ کتێبیش زۆرن.

*** تەلەفزیۆنی کوردی کاریگەرییان نییە لەسەر ئەو کوردانەی نازانن بە کوردی قسەبکەن؟**

– کاریگەرییان هەیە، بەڵام مەبەستی من زیاتر منداڵانە، ئەم نەوەیەی ئێستا سەیری تەلەفزیۆنی کوردی ناکەن، چونکە لە تەلەفزیۆنی کوردیدا بەرنامەی منداڵان نییە، ئەگەر هەبێت بۆ منداڵی ئێستا سەرنجڕاکێش نییە. مەیلیان زیاتر بەلای تەلەفزیۆنی تورکیدایە. یاخود فیلمی کوردی نییە، زۆر کەمە. تەنها بەرنامەی سیاسی هەیە. ئەمەش خەڵکی سیاسی سەیری دەکات. کاتێک فیلمێکی کارتۆن لە ئاستی دنیادا دەناسرێت، ئەگەر شتی وا دەستبەجێ بخرێتە سەر زمانی کوردی و پیشانبدرێت، ئەوە کاریگەریی زۆر دەبێت، بەڵام تۆ دەبینی تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەچن بەرهەمی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر دێنن دۆبلاژی دەکەن، ئەمە کەس دانانیشێت سەیرییبکات. خەڵک بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت. شتێکی تر هەیە، کۆمەڵگەی کوردی زۆر سیاسیبووە، کوردی سیاسی بۆ نموونە سەیری (TRT ٦) ناکات.

***ئەی سەیری (TRT ١) دەکەن؟**

– نەخێر، سەیری ئەویش ناکەن، هەر خودی تورکەکانیش سەیری ئەو کەناڵە دەوڵەتییانە ناکەن. سەیری کەناڵە تایبەتەکان دەکەن.

*** یانی بەڕای ئێوە چارەسەر لەوەدایە ئێستا بۆ نموونە ئەو ئەنیستیتۆیە دابخەن و بچن تەلەفزیۆنی کوردی دابمەزرێنن؟**

– نا، چارەسەر بۆ کێشەکانی زمانی کوردی خوێندنگە و پەروەردەی زمانی کوردییە. نەک وەک ئێستا هەفتەی دوو سەعات فێربوونی زمانی کوردی هەبێت. فێربوون جیایە و خوێندنی ڕەسمی بە زمانی کوردی جیایە. پێویستە منداڵ بە زمانی دایکیان دەست بە پەروەردە بکەن. نەک چوار ساڵ بە تورکی بخوێنێت، مێشکی تەواو ئاسیمیلەببێت، ئینجا دەوڵەت بڵێت وەرە فێری زمانی خۆت ببە.

*** مەسەلەی خوێندنی زمانی کوردی ئێستا هیچ باسێکی نییە، وایە؟**

– نەخێر، دەوڵەت نایەوێت، بەڵام کورد لەم ٦– ٧ ساڵەی دواییدا بە جدیی گرنگییان بە زمانی کوردی دا. پێشتر سیاسەتی کوردی دەیوت قەوارەی سیاسیمان هەبێت، بەڵام ئێستا جگە لەوە دەڵێت پێویستە کورد بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێت و بە کوردیش قسەبکات. ئەم بیرکردنەوەیە زیاتر بڵاودەبێتەوە. کورد دەبێت تەلەفزیۆنیشی هەبێت، فیلم و کارتۆنیشی هەبێت.

*** سەرمایەداری کورد ناتوانن ئەو کارە بکەن؟**

– تورکیا قەدەغەیکردووە.

– شتێکی تریش هەیە نابێت لەبیربکرێت. لە ماوەی ٢٠ساڵی دواییدا نزیکەی ٤ملیۆن کورد گوندەکانیان چۆڵکرد و روویان لە شار کردووە. زمانی کوردی بۆ ژیانێکی سادەو ساکاری گوندی زۆر تێروتەسەل و دەوڵەمەند بوو. کاتێک هەڵدەستی روو لەشار دەکەیت، دەبێت ئەو زمانەش رەنگی ژیانی شار بگرێت. ئەمەش خەباتێکی زانستی دەوێت، زانکۆی دەوێت، یەکخستن و ستانداردکردنی زمانی دەوێت. کاتێک ئەو شتانە نەبن، مرۆڤ ئەو بۆشاییەی لە زمانەکەیدا هەیە بە زمانی بێگانە پڕیدەکاتەوە. پاشان وردە وردە دەستبەرداری ئەو زمانە دەبێت، یان دەبێتە زمانێکی تێکەڵاو، وەک تورکییەکەی دیاربەکر. کە وابوو دەبێت کورد دامودەزگای ئەکادیمی زمانیان هەبێت، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ژیانی نوێ زمانەکەش بگونجێنن. منداڵی کورد زمانی کرمانجی گوندەکەی و دایک و باوکی خۆی دەزانێت، بەڵام زمانی نووسین نازانێت. ئێستا تورک کێشەی وای نییە، زمانی قسەکردنی ماڵ و زمانی مەکتەب یەک زمانە. بۆیەش منداڵی کورد لە مەکتەب تووشی زەحمەتی دەبێت و بەناچار هەر پەنا دەباتەوە بەر زمانە تورکییەکە.

*** ئەو کتێبانەی ئێوە لێرە چاپیدەکەن بە کرمانجییە؟**

– بە کرمانجییە، بەڵام دەرسی زازاکیشمان هەیە و کتێبەکانی ئەوان جیاوازە.

*** بۆچی بەجیا، ناتوانن کرمانجی و زازاکی پێکەوە تێکەڵ بکەن؟**

– نەخێر، جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەم دوو زاراوەیەدا. لەنێوان کرمانجی و زازاکیدا کێشەی تەرمینۆلۆژی (زاراوەناسی) هەیە، وشەی زانستی لە هەردوو زاراوەکەشدا پێش نەکەوتووە، بەڵام سۆرانی پێشکەوتووترە. زۆر وشە هەیە لە سۆرانییەوە وەرمانگرتووە. بۆ نموونە «رێکوپێک»، «کۆمار»، ئەمانە لە کرمانجی و زازاکیدا نین، بەڵکو لە سۆرانییەوە وەرگیراون. ئێمە لەناو خۆماندا ستانداردێک دروستدەکەین. ئەو ستانداردە لەناو توێژی خوێندەواردا دروستبووە، زمانێکی یەکگرتوو بۆ هەر سێ زاراوە سەرەکییەکە دروستبووە، بەڵام ئەمە نەچووەتە ناو کۆمەڵگە. کۆمەڵگە زمانی گوندەکەی خۆی، ناوچەکەی خۆی دەزانێت.

*** خەڵک هەیە بەرهەمەکانی خۆیان بەم زمانە دەنووسن، بۆ نموونە شیعر؟**

– بەڵێ، ئەوە دروستبووە. تەلەفزیۆنی کوردیش کاریگەری هەیە و زمانی نووسینیش وردە وردە دەکەوێتە ناو گەل، بەڵام بەشناکات بۆ ئەوەی ئەو زمانە ببێتە زمانی خوێندن. تورکی قەیسەری و تورکی قەرەدەنیزیش زمانەکەیان زۆر جیاوازە، بەڵام لە خوێندنگە زمانەکەیان دەبێتە یەک و دەست لە زمانی ناوچەی خۆیان بەردەدەن. بۆ زمانی کوردیش هەر وایە، بۆ ئەوەی ئەو زمانە لەناو کۆمەڵگەدا کاری پێ بکرێت.

*** لە باشووری کوردستان هەندێک لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر زمانی کوردی (سۆرانی). سوود لەو لێکۆڵینەوانە وەردەگرن؟ هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمییەکانی باشوور هەیە؟**

– بەڵێ، دانوستان هەیە، بەڵام زۆر سیستماتیک نییە و پرۆژەی هاوبەشمان نییە. تەنیا کۆنفرانس و کۆبوونەوە هەیە.

*** چەند ساڵێک پێش ئێستا کۆنفرانسێک کرا لەسەر رێزمان و یەکگرتنی زمانی کوردی؟**

– وایە، بەڵام لە ناوبەری کوردەکاندا (کرمانج و سۆران) کێشەی ئەلف و بێ هەیە، ئەمە

گرفتێکە بۆ یەکگرتنی زمان. کوردی باکوور دەڵێن کرمانجی، سۆرانی، زازاکی، هەورامی بۆ ئێمە یەکسانە، پێویست ناکات ببن بەیەک زاراوە، بەڵام لە باشوور ئەو بیرکردنەوەیە هەیە، کە زاراوەی سۆرانی ببێت بە زمانی ستانداردی کوردی.

*** بەڵام لێرەش ئێوە دەڵێن پێویستە ئەلف و بێی لاتین ببێتە ڕێنووسی هەموو کورد.**

– بەڵێ، ئەمەش کێشەیەکی ترە. کوردی باکوور دەڵێن، پێش هەموو شت پێویستە کورد یەک ئەلف و بێی هەبێت، ئینجا چ عەرەبی بێت، چ لاتین. دواتر دەبێت سیاسەتی زمان هەبێت، واتە لەناو هەموو زاراوەکاندا یەک زاراوە دەکەیتە ڕەسمی و ئەوانەیتر قەدەغەدەکەیت، یان هەموویان بەیەکەوە قبوڵدەکەیت. لە باکوور دەڵێین با هەموو زاراوەکان پێکەوە بەردەوامبن. هەروەها لە باکوور ئەو بیرکردنەوەیە نییە، کە کرمانجی بە سەر سۆرانیدا زاڵبکەن. هەزار وشە لە سۆرانییەوە بهێنین، ئاساییە. بۆ نموونە، خەڵکی باکوور حەز ناکەن بڵێین «ڕۆمان نڤیس»، دەڵێن «ڕۆماننووس»، خۆ ئەمە کرمانجی نییە.

*** من وەکو ڕۆژنمەنووسێکی باشوور کە ئەم دیدارە لەگەڵ ئێوە دەکەم پێموایە ئەم کێشانە بەشێکی سیاسییە، نەک لەنێوان باشوورو باکوور، بەڵکو لەنێوان سۆرانیو بادینی لە باشوور. ئەمە شتێکی زانستی نییە. من بۆچوونێکم هەیە، وا بزانم یەکگرتنی زمانی کوردی سەرەتا بە ئەلف و بێ جێبەجێ نابێت. پێموایە لە قسەکردندا دەتوانێ یەکگرتووبێت. چونکە ئێمە لە باشوور بە سۆرانی دەدوێین، بەڵام بە ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسین، ئێوەش لە باکوور بە کرمانجی دەدوێن و بەئەلف و بێی لاتینی دەنووسن. ئەمە خۆی لەخۆیدا دوو کێشەیە، پێویستە لەم دوو کێشە یەکێکیان چارەسەربکرێت. کێشەیەکیان نەمێنێت و ببێتە یەک کێشە. بۆ نموونە، ئێستا ئێمە بە کرمانجی و سۆرانی قسەدەکەین و لەیەک تێدەگەین. ئەگەر جارێکی تر هاتمەوە، کرمانجییەکەی من باشتر دەبێت و سۆرانییەکەی تۆش باشتردەبێت. ئەگەر زاراوەکانی کوردی لە قسەکردندا لێک نزیکببنەوە، کێشەی ئەلف و بێش ئاسان دەبێتەوە. بۆ نموونە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەکارن زاراوەکان لە قسەکردندا لێک نزیک بکەنەوە. هونەری گۆرانی و فیلم و دراما دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت.**

– لە تورکیا ڕێژەی لەسەدا چەند ئەلف و بێی عەرەبی دەزانێت؟

*** من ئەوە دەزانم، زۆربەی کورد لەوانەیە لەگەڵ ئەلف و بێی لاتیندا بێت.**

– باسی ڕەوشی ئێستا دەکەم. ئێستا لە باکوور، نە کرمانج و نە زازا، لە هەزار کەس یەکیان ئەلف و بێی عەرەبی نازانێت. تەنیا ئەو دیندارانەی کە دەچنە مەدرەسەی دینی ئەو ئەلف و بێیە دەزانن. ئەمەش ئەو ئەلف و بێیەیە کە سەردەمی ئەحمەدی خانی بەکارهاتووە، بەڵام کوردی سوریاو عیراق و ئێرانیش ئەگەر چووبنە مەکتەب، تەنیا سەرەتاییشیان خوێندبێت، لاتین دەزانن بخوێننەوە. بەم پێیە پێویستە کورد بیر لە یەک ئەلف و بێی هاوبەش بکەنەوە. ئەگەر کورد بووە یەک میللەت، ئەو کاتە حەزدەکەن بە چینی بنووسن.

**من پێچەوانەی ڕای تۆم هەیە. بۆچی ئێمە لەسەرەتاوە بە ئەلف و بێی عەرەبیمان نووسی؟ پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی براگماتییە. بۆ نموونە، ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمجار کە بڵاوکرایەوە، ئەلفوبێکەی بە عەرەبی بوو. لەبەرئەوەی تورکەکان خۆیان بە حەرفی عەرەبی دەیان نووسی،**

**بەڵام دوایی کە تورک ئەلف و بێکەیان بوو بە لاتین، میللەتی ئێمەش لە باکوور بەلاتین نووسیان.**

– بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە چوونە سوریا، ویستیان بەکوردی شت بنووسن بۆ دوو جۆر کورد، جۆرێکی لە سوریا و جۆرەکەی تریش کوردی تورکیا کە زمانی تورکی بەحەرفی لاتینی دەخوێنن. وتیان ئەمە دەبێتە دوو کێشە. من بەکوردی بنووسم و گۆڤاری «هاوار» بنێرم بۆ دیاربەکر، کە بە ئەلف و بێی عەرەبی بینووسم، ئەمە دەبێتە دوو زەحمەتی بۆ کوردی تورکیا: زەحمەتی زمان و زەحمەتی ئەلفوبێ. ئێستا لەبەرئەوەی عەرەبی عیراقو فارسی ئێرانیش بەو ئەلف و بێیە عەرەبییە نووسیویانە، کوردی باشوور و رۆژهەڵاتیش هەر بەو ئەلف و بێ عەرەبییە دەنووسن. رۆژنامەی رێیا تازەش لە سۆڤێتی پێشوو بە حەرفی ئیکلریکی روسیی بوو. ئەمانە هەمووی سیاسەتێکی واقیعی بوو. کورد لە هەر کوێ توانیویەتی بەکوردی بنووسێ و قسەبکات ئەلفوبێی بەردەستی بەکارهێناوە، نەک لەبەر لایەنی گونجاوی رێزمانی و زانستیی، بەڵکو لەبەر بەردەستی و گونجاوی واقیعیی.

ساڵی ١٩١٣ گۆڤاری رۆژی کورد یەکەم ژمارەی بە عەرەبی چاپ بوو، بەڵام چوار نووسینی تێدایە، باس لەوە دەکات کە بۆ زمانی کوردی ئەلف و بێی لاتینی پێویستە. لە هەمان رۆژنامەدا عەبدوڵڵا جەودەت هەمان بیرورِا دەنووسێت. لە ژمارە دوودا دەڵێن ئەمە نابێت، ئێمە موسڵمانین، نابێ بەلاتین بنووسین، لاتین هی کافرەکانە. جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩١٩ دەستپێدەکات و تەواوی دەکات، بەڵام دوای ئەوەی دووردەخرێتەوە دەچێتە سوریا. لەگەڵ تەوفیق وەهبی کاردەکەن. ئەویش بۆ خۆی ئەلف و بێیەکی لاتینی دروست کردووە. پاشان نووسین لە تورکیا بوو بەلاتینی، تورک دوای کورد تەڤلی لاتینی بوون. تۆ نەتدەتوانی بەعەرەبی بنووسیت. کوردی عیراق و سوریا و ئێران نەیاندەتوانی بەلاتین بنووسن، چونکە کەس بوونی کوردی قبوڵ نەدەکرد. لە باشوور کیانێکی کوردی هەیە، فیدراڵییە، راستە کێشەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە. ئەگەر من لەجێی ئێوە بم، هەم بە ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسم و هەم بەلاتینیش. هەروەها لێرەش ئەگەر کیانێک دروستبێت، دیسان دوای سێ– چوار ساڵ ئەلف و بێی عەرەبی لە خوێندنگەکاندا کاری پێ دەکرێت. ئێستا تەکنۆلۆژیاش کاریگەریی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ ئاسانتر عەرەبی بکات بە لاتین و لاتینیش بکات بە عەرەبی.

*** خۆی لە ئایندەدا هەمووی هەر دەبێتە لاتین، لەبەر ئەوەی ژمارەی کوردەکانی باکوور زیاترە. ئێمەش دەڵێن باکوور کوردستانی دایکە، بەڵام پێویستە ئێوەش خەباتبکەن بۆ ئەمە، کارێکی وا بکەن هەمووتان دەست بە نووسینی کوردی بکەن بەلاتینی. بۆ ئەوەی وەک لافاوێک ئێمەش لەگەڵ خۆتاندا ببەن. چۆن دەتوانی قەناعەت بە من بکەیت کە تەڤلی لاتینی ببین، کەچی هێشتا باکوور بە تورکی بنووسێت و بخوێنێتەوە.**

– ئەگەر بمانەوێت لەلایەنی زانستییەوە باسی ئەلف و بێ بکەین، تۆ لە ئێمە باشتر دەزانیت ئەمرۆ لە باشوور منداڵێک کە دەچێتە پۆلی یەک، لە ماوەی چەند مانگدا ئەلفو بێی کوردی بەعەرەبی فێردەبێت؟ ساڵێک– دوو ساڵی پێدەچێت، بەڵام بەلاتین چوار مانگی دەوێت.

***نەک تەنیا پیرەمێردی نەمر ، لە ساڵی پەنجاکان لای ئێمە کە کوردایەتیی کەلتووریی گەلێک**

**بەهێزبوو، . بۆ نموونە، مامۆستا جەمال نەبەز لە کەرکوک کتێبێکی بڵاوکردەوە لەسەر نووسینی لاتینی. تەنانەت مامۆستا محەمەد رەسوڵ هاواریش نووسینی هەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن بتوانن بە ئەلف و بێی لاتینی بنووسین و فێربین . هەندێک لە رووناکبیرانی ئەمرۆ بۆیە وا بیردەکەنەوە، چونکە تەمەنی روناکبیریان پەیوەستی ئەو شێوازەیە. وەکو چۆن ساڵی ١٩٢٠ هەندێک تورک نایانەوێت تورک فێری ئەلف و بێی لاتین بن، لەبەرئەوەی دەڵێن وا چەند ساڵە بە عەرەبی دەخوێنن. لای ئێمەش وایە. ئەو نەوەیە دەڕوات. نەوەی دوای ئەوە کە دێت، بە ڕای من دیدێکی نەتەوەیی هەیە.**

**بەڵام دیسانیش دەیڵێمەوە، سەرەتا قسەکردن یەک دەگرێتەوە. من لێکۆڵینەوەیەکم خوێندەوە لەسەر کاریگەری سەتەلایتی جزیرەی عەرەبی. دەڵێت ئێستا نەتەوەیەکی گریمانەیی هەیە، لەسەر ئەرز نییە، لە ئاسمان هەیە. ئەو نەتەوەیە ناوی کوردە. لە ئاسمان (لەسەر سەتەلایت) یەکی گرتووەتەوە، من لە سلێمانی دانیشتووم، سەیری تەلەفزیۆنی تیشک دەکەم، هی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوایی دەچمە سەر تەلەفزیۆنی کۆمەڵە، دواتر سەیری (TRT ٦) دەکەم، پاشان روو لە تەلەفزیۆنی رۆناهی دەکەم، دوای ئەوە ستێرک تی ڤی. ئەمە نەتەوەیەک دروستدەکات لە ئاسمان. بۆچی لە ئاسمان؟ چونکە لەسەر ئەرز بە تەلبەند لێک جیاکراونەتەوە. دەچیتە باکوور، سەربازی تورکی لێیە، روو لە رۆژهەڵات دەکەیت، سەربازی ئێرانی هەیە، بەڵام لە ئاسمان هیچ سوپایەکی لێ نییە. ئاسمان ئازادە بۆ نەتەوە دابەشکراوەکان.**

– ئەم شتە راستە. ئێمەی کوردی باکوور، یەکەم جار لەسەر تەلەفزیۆنی «مەد تی ڤی» بیستمان کە هەورامیش هەن. وردە وردە لەم رێیەوە سۆرانی بڵاوبۆوە، هەورامی بڵاوبۆوە، زازاکی بڵاوبۆوە، کە وابوو سەتەلایت کاریگەرییەکی زۆری هەیە.

*** ئەگەر ئەلف و بێ خاکی زمان بێت، ئاسمانیش خودی زمان بێت، پێموایە وەک چۆن نەتەوەی کورد لە ئاسمان (لەڕێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە) یەکیگرتەوە، لە زمانیشدا لە ئاسمان یەکدەگرینەوە. واتا لە ئاخاوتن نەک لە ڕێنووس. وای بۆ دەچم یەکەم جار قسەکردن و ئاخاوتنی زارەکی یەک بگرێتەوە. ئێستا تا ڕادەیەک دەتوانم سترانێکی کرمانجی بڵێمەوە، تەنانەت دەتوانم ١٠ لاپەڕەی ئەو کتێبەش بخوێنمەوە کە ئێوە بە دیاری داوتانە بە من، بەڵام لەو ماوەیەدا ١٠ لاپەڕەی کرمانجی بخوێنمەوە باشترە یان ٥٠ لاپەڕەی سۆرانی، کەوابوو دەچمەوە سەر کتێبی سۆرانی. بۆیەش زمانی کوردی لە قسەکردندا زووتر دەتوانێت یەکبگرێتەوە. ئەمە رای منە وەک رۆژنامەنووسێک کە رۆژانە بەحوکمی کارەکەی مامەڵە لەگەڵ زمان و شەدا دەکات، نەک وەک زمانناسێک. ئێوە زیاتر مامۆستان لەو بوارەدا. ئێوە بۆچی نایەن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و ئەوان گفتوگۆ بکەن، بەڵکو روانگەیان بگۆڕێت؟**

– روانگەیان ناگۆڕێت، زۆر سەختە.

*** بۆچی؟**

– وەک خۆت وتت، ئەوان دەڵێن دوای ئەو هەموو ساڵە ناتوانین شتێکی وا بکەین. من پێموتوون کەس ناڵێت ئێوە ئێوە هەر دەبێ بگەڕێنەوە سەر نووسینی لاتینی. چونکە ئەوەش لەگەڵ واقیع ناگونجێت، بڵێین هەموو خەڵکی باشوور واز لە پیتی عەرەبی بهێنێت. من دەڵێم با لە خوێندنگە هەردوو ئەلف و بێکە فێری منداڵەکانمان بکەین. بۆ ئەوەی بتوانن نووسینەکانی یەکتر بخوێننەوە و دانوستان دروستبێت. بێگومان ئەگەر دەرفەت دروستبێت، زیاتر قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین.

بەڵام ئەو مەسەلەیە لە ڕادەبەدەر کراوە بە سیاسی. لەلایەکی ترەوە عەقڵییەتێکی نەتەوەیی وشکمان هەیە، وا ڕاهاتووین بڵێین «یەک نەتەوە و یەک زمان». ئەمە ڕاست نییە، کۆمەڵگەی کوردی فرەڕەنگییەکی جوانی تێدایە. هەر کرمانجی و سۆرانی لەناو خۆیاندا چەندین شێوەزاریان هەیە.

*** لە هەموو شوێنێک و هەمووو ئەزموونێکی یەکخستنی نەتەوەیی ئەمجۆرە ڕێگرییە باوانە هەیە کە ترسە لە ئاییندە.**

– ئەمە لە زمانەوانیدا پێیدەڵێن ڕێگریکردن لە زمان، واتە لە خۆتەوە بنەما دابنێیتو رەگەز دابنێیت، بڵێی ئەمە دەبێت و ئەمە نابێت، ئەمە ڕاستەو ئەمە هەڵەیە. ئەمە بۆچوونێکی زانستی نییە و لەزمانەوانیشدا شتی وا نییە.

## پرۆفایلی هەردوو گفتوگۆکار

– زانا فارقینی ساڵی ١٩٦٧ لە مەڵبەندی دێرینی فارقین لە ئامەد لەدایکبووە. خوێندنە بەراییەکانی لە مەڵبەندی خۆی و پلەی زانکۆی لە ئەستەنبوڵ قەتاندووە. سەرەتا لە بواری هونەری مۆسیقادا بە زمانی مۆسیقا هاتۆتەگۆ و دواجار لە زمانی کرمانجاندا گیرساوەتەوە. بۆتە ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەکانی تەڤگەری کورد (وەڵات) و (وەڵاتێ مە) و (ئازادیا وەلات). لەسەر نووسینەکانی دراوەتە دادگا و لەسەر ئەوەی لە دادگا بە زمانی کوردی داکۆکی لەخۆی کردووە، زیندانیکراوە.

دواجار خەمی زمانی کردۆتە خەمی سەرەکی خۆی و لە ئەنستیتۆی کوردی دەستی داوەتە لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی بە شێوەزارە جیاجیاکان. لە پاڵ ئەوەشدا لە دەستەی کارگێڕی و پاشان سەرۆکایەتی ئەنستیتۆدا جێی خۆی گرتووە.

تا ئێستا زیاتر لە شەش کتێبی فەرهەنگی کوردی تورکی و بە پێچەوانەوە دەرکردووە، کە یەکێک لەو فەرهەنگانەش (فەرهەنگی سۆزلوک) لەلایەن عوسمان بایدمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکرەوە، بەدیاری پێشکەشی سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان کرا، تا بزانن کوردیش دیوانی هەیە.

لەگەڵ حەسەن قایە و سامی تانی هاوڕێیدا پرۆژەی (زمانی کوردی بناسن)ی ئامادەکردووە، کە بنچینەیە بۆ بەرنامەی فێرکاری خوێندکارانی کورد لە ئەنستیتۆدا. چەند کتێبێکی لەسەر رۆشنبیریی کوردی بە زمانی تورکی نووسیووە.

– کاک سامی تان ساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە. لە مێرسین سەرەتایی و ناوەندیی تەواوکردووە. لە زانکۆی بۆغازچی بەشی مێژووی خوێندووە، بەڵام تەواوی نەکرووە. ئەویش لە ڕۆژنامەی (وەڵات)و (وەڵاتێ مە) و چەندین ڕۆژنامەی تر کاریکردووە. جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لە بواری زمان و گرفتەکانی زمانی کوردیدا بەشداری پرۆژەی فێرکاری زمانی کوردی کردووە بە سێ کتێبی فێرکاری بۆ سێ ئاستی جیاوازی خوێندن، کە ئەوەتانێ لەبەردەستمدان و پرۆژەیەکی پوخت و گونجاون بۆ فێرکردنی نەوەی نوێی کورد پێ ئێش ئەوەی بە جارێ بتوێنەوە.

# جگە لە چیاکان دۆستی دیکەش هەن

جاران ئێمە دەمانبیست و دەمانخوێندەوە، کە لە نێوەندی ڕووناکبیریی و سیاسیی عەرەبدا، بەتایبەتی لە نێوەندی چەپ و دیموکراتەکاندا، کورد و مەسەلەی کوردستان دۆستی هەن، ئەم دۆستانە مەسەلەی کورد بەهی خۆیان دەزانن، چونکە پەیوەستیدەکەن بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی عەرەبییەوە، هەشیانە تا ڕادەی مافی چارەنووس پشتیوانی دەکەن، بەڵام لە تورکیا ئەم دۆست و پشتیوانانە لە حوکمی نەبوودابوون. ئێمە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەر ناوی د. ئیسماعیل بێشکچی-مان دەبیست، کە دوو دەیەی لە زیندانی تورکدا بەسەربرد و دوو دەقیقە لە بیروڕاکانی پەشیمان نەبۆوە. لەگەڵ گەشەی پرسی کورد لە باکوور بارەکە لەسەر شانی بێشکچی کەمێک سووکبوو، دۆستی ترمان بۆ پەیدابوو، کە ئەگەرچی نەگەیشتوونەتە ڕوانینە ڕادیکاڵەکانی بێشکچی، بەڵام هەستیاری ڕۆڵ و پێگەیان لە نێوەندی میدیادا وایکردووە کاریگەری قسەیان سەدای گەورەی هەبێت. لەو دۆستانەمان محەمەد عەلی بیراند، جەنگیز چاندار، ئەحمەد ئاڵتان و حەسەن جەمال و موراد بەڵگە ناوی درەوشاوەن، ئەحمەد ئاڵتان نووسەری بابەتە سەرنجڕاکێشەکەی ئەتاکوردە، کە خەیاڵ دەیباتەوە ئەگەر ئەتاتورک کورد بوایە، ئێستا ناوی تورکیا کوردیا دەبوو، ناوی تورکی قەدەغەدەکراو ناوی کوردی برەوی هەبوو.

ئەحمەد ئاڵتان دەڵێ، ئەگەر ئەوانە ڕوویاندابایە، ئەوا ئێمەی تورک ئێستا قبوڵمان نەدەکرد و ئەوەمان دەکرد کە کوردەکان دەیکەن. لەسەر ئەمە گێچەڵێکی زۆریان بە ئاڵتان کرد. هەرچەندە ئەو کۆڵی نەدا، بەڵام گوشارەکانی سەر ئەم نووسەرە درێژەیکێشاوە تا گەیشتە ئەوەی لەگەڵ حەسەن جەمال بێ سەکۆی نووسین بێت.

ئەم سەرنجانە وەبیرهێنانەوەی دۆستەکانی پرسی کوردە لە باکوور، کە دوانیان بە ئاگری دۆستانە پێکراون و تووشی نەفرەتی بەرامیکە هاتن.

## حەسەن جەمال، بەئەمانەتی ئاشتیمان دەسپێرێت

کە بیرم لێکردەوە ناوێک لەم نووسینە بنێم لەمە جوانترم نەدیتەوە. (جگە لە چیاکان)، جگە لە چیاکان؛ کورد دۆستی تریشی هەیە. دۆستی بابەتی مەسەلە ڕەواکەی لە هەر بەشێکی کوردستاندا.

ئەوە جاران وابوو کە دەگوترا کورد دۆستی نییە جگە لە چیاکانی. ئێستا دۆستی وەکو نووسەرانی ئازادیخواز و سیاسەتمەدارانی دیموکرات و تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی هەیە. حەسەن جەمال نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری تورکیا یەک لەو دۆستانەیە، کە هی ئەوەیە وەک چیایەکی ڕووناکبیر و قەڵایەکی ئازادیخوازی پاڵی پێوە بدەیت.

چەند حەسەن جەمال-ێکمان هەبێت ئیتر چیاکانمان هەر بۆ گەشت و سەیران دەوێت.

جەمال ساڵی ١٩٤٤ لە ئەستانبوڵ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٥ لە زانکۆی ئەنقەرە بەشی سیاسیی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ەوە کاری رۆژنامەوانی دەکات، لە ساڵی ١٩٧٣دا پەیوەستی رۆژنامەی جمهورییەت دەبێت. لەسەرەتادا خاوەنی روانینێکی کەمالیستی بوو، پاشان وردە وردە لەو روانینە، کە چارەی کێشەکانی تورکیای پێ نییە، دوورکەوتەوە. نزیکەی دەیەیەک لە رۆژنامەی سەباح دەنووسێت و پاشان لە رۆژنامەی میللییەت وەک ستوون نووسێکی دیار و بەرجەستە درێژەی بە کۆششی خۆی دا، پێش ئەوەی ئەوی ئاشتیخواز ببێتە قوربانییەکی سەرەتای پرۆسی ئاشتی.

یەکەم کتێبی بەناونیشانی (بەدەنگی تانکەکان بەئاگاهاتنەوە) لە ساڵی ١٩٨٦ چاپبوو، هەمان ساڵ کتێبی (ترسی دیموکراسی) نووسی.

ساڵی ٢٠٠٤ وەرچەرخانێکی لە دیدی سیاسی خۆیدا تۆمارکرد و کتێبی (کوردەکان)ی خستە بازاڕەوە، چەند کتێبێکی تریشی هەیە.

حەسەن جەمال ساڵی ٢٠١٢ لە کوردستان بوو، مانشێتی دیدارەکانی مەسەلەی کورد لە تورکیا و ئاشتی و گفتوگۆ و هاتنەخوارەوەی گەریلا لە چیاکان بوو

ئەو دیداری لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی و سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان نەوشیروان مستەفا و چەند سیاسەتمەدار و دۆستی خۆی هەبوو، ئێوارەیەکیش لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ سەردانی بەندەی کرد. کاک نامیق دوروکان رۆژنامەنووسیی بە ڕەچەڵەک کرمانجی رۆژنامەی میللییەتی لەگەڵ بوو. پاشان هەردووکیان لە (رێوان) میوانمان بوون، تا بەسەربەستی و دوور لە دابی رەسمیی و میدیایی قسەمان بۆ بکات، ئێمەش بە گوێرەی عەقڵ پێ شکاندنی خۆمان قسەی بۆ بکەین.

حەسەن جگە لە وەرچەرخانی لە فیکریی کەمالییەوە بۆ فیکری دیموکراتی و ئینساندۆستی، لە دۆسێی مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەی کورددا دوو قۆناغی بڕیووە.

لە کتێبی (کوردەکان) داکۆکی لە مافی میللەتی کورد دەکات و دەخوازێت داخوازییە رەواکانی کورد تێکەڵ بە دۆسێی پەکەکە نەکرێت، کە دەوڵەت شەڕی لەگەڵیان راگەیاندووە. لە کتێبی دووەمیدا وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لە تەرزی بیرکردنەوەی دەکات. کتێبی دووەم (لە ئەمانەتی ئاشتیدا بن-رووانینێکی نوێ بۆ پرسی کورد) کە ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە بانگەوازە بۆ ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە ڕێی گفتوگۆی نێوان دەوڵەت و پەکەکەوە. جەمال بیروڕای وایە شەڕ لەگەڵ کێ بکەیت، دەبێ ئاشتیش لەگەڵ ئەو بکرێت و ئێستاش زەمینەی ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەدا لەبار و گونجاوە. پرسی پەکەکە و پرسی کورد لێک جیا ناکرێتەوە. ئەو پەویەندییەکی کۆنینەی رۆژنامەوانیی لەگەڵ سەرکردایەتی پەکەکەدا هەیە. چۆتە لایان و دیداری لەگەڵدا کردوون.

لە گفتوگۆکاندا لێم پرسی، کەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانت بینی؟ گوتی: ساڵی ١٩٩٣، لە بیقاع، بۆ یەکەمجار چاوم پێکەوت و گفتوگۆیەکم لەگەڵدا کرد. زیاتر دیداریشم لەگەڵ موراد قەرەیەلان کردووە، کە لە چیاکان چوومەتە لای. وتیشی: پەکەکە لە ئاشتیدا رۆڵی

هەیە، ئۆجەلان کلیلەکەیە. بەڕێز مەسعود بارزانیش رای وایە، کە ئۆجەلان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە ئاشتی تورکیادا. ئەمەی وت و بەئای پادەکەی ماکێتی رۆژنامەی میللەتی پێ نیشاندایین کە بۆ سبەی دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی تێدابوو. تایتلی رێپۆرتاژەکەی لە زمانی بارزانییەوە وەرگرتبوو (ناوچەکە گڕدەگرێت) ئاماژەی بەوە کرد سەرۆکی هەرێم پێیوایە چەکداری لە چیاکان بەرهەمێکی ئەوتۆی نابێت.

وتیشی: (سبەی دیدارمان لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی سەرۆک کۆمار هەیە)، وەک وەبیرهێنانەوە وتی: ساڵی (١٩٩٢) بۆ یەکەمجار لە شەقڵاوە تاڵەبانیم بینی، لەوێ د. بەرهەم ساڵحیشی لێ بوو. ئەوکاتە تازە کوردەکان خەریکی خۆڕێکخستنەوە بوون. باسی حەسەن جەمال لەسەر سەرەتای راپەڕین بوو، کە کوردستانی باشوور خەریکی هەڵبژاردن و دامەزراندنی قەوارەیەکی فیدراڵی بوو.

وەک لە دیدارەکەی مام جەلالدا وتویەتی: (یەکەم ئاخاوتنمان لەگەڵ مام جەلال لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو لە شارۆچکەیەکی بچووک بە ناوی شەقڵاوە لە کوردستانی عیراق، تۆزێک باسی ئەو کاتەمان کرد. باسمان لەوە کرد لەماوەی بیست ساڵدا هاتووینەتە کوێ؟ چاوپێکەوتنەکەمان سەعات و نیوێکی خایاند، کە بەشێکی زۆریشی بەتەنیا خۆم و خۆی بووین).

ئەو دواتر لە زمانی مام جەلالەوە نووسیبووی (کاتی خەباتی چەکداری نەماوە، ئیتر کاتی هاتنە خوارەوەیە لە شاخ. چێ گیڤارایی و هۆشی منەییەکان دەمێکە بوونەتە مێژوو).

حەسەن جەمال بەداخ و کەسەرەوە لەسەر زوڵم و زۆری دژی رۆژنامەنووسانی کوردو ئەرمەن و رۆژنامەنووسانی ئازادیخوازی تورکیا دەدوێت، لە کۆڕێکی نێودەوڵەتیدا لە ئەستانبوڵ بەئاشکرا دەڵێت: (تۆمەت بەشینەوە لەسەر تیرۆر و یارمەتی رێکخراوی تیرۆریستی لە پێناسەی ناڕۆشن و فراوانی تیرۆرەوە سەرچاوەدەگرێت. تا ئەو رادەیەی چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی رۆژنامەڤانی زۆر بەرتەسککراوەتەوە. لە ساڵانی (٢٠٠٠) کە داد و گەشەپێدان هاتە سەر حوکم، هەژموونی سەربازی نەما و سوپا ملکەچی دەسەڵاتی مەدەنی بوو. ئازادیی رادەربڕین لەچاو نەوەدەکانی سەدەی بیست فراوانبوو، بەڵام حەزم لە موبالەغە نییە، نها زیاد لە دەیان رۆژنامەنووس لە زینداندان). ئەو بە تەوسەوە ئێژێ (ناچمە چەلەحانێی ئەوەی ژمارەکە چەندە) ئەمە وەکو وتەبێژەکانی حکومەت دەیخوازن چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، کە سەد نەبن، پەنجا بن؟ هەروەها دەڵێت بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بیرورا، کار لە میدیاکان و بەتایبەتیش کار لە میدیای کوردی و هاوپیشە کوردەکانم دەکات.

دەتوت جەمال ئەم قسانەی لەسەر خۆی نووسیبوو، چونکە زۆری پێ نەچوو خۆشی کەوتە بەر هەڵمەتی سزادانێکی تایبەتەوە. ئەو ناوێکی ناسراوە و هی ئەوە نییە وەکو رۆژنامەنووسانی تر سزای زیندانی بدرێت. بۆیە هەر ئەوەندەی پێکرا کە لە نووسین لە میللییەت مەحرومکرا. لەسەر چیش؟ لەسەر داکۆکی لە رۆژنامەکە، کە کۆنووسیی دیدارەکانی ئۆجەلان و وەفدی بەدەپەی بڵاوکردبۆوە. بە رێکەوت ئەو رۆژەی کۆنووسەکە لە میللییەت بڵاوبۆوە نامیق هاتە لام لە کوردستانی نوێ و دانەیەکی رۆژنامەکەی پێ بوو، لەگەڵ دەستەیەک رۆژنامەنووسی تورک هاتبوون روماڵی سەردانی بەدەپە بۆ لای موراد

قەریلان لە قەندیل بکەن. وتی ئیشی من بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانە، بۆچی ئەمە دژی ئاشتییە؟ وتم رەنگە دەوڵەت جارێک حەزنەکات ئۆجەلان چی بە بەدەپە وتووە؟

حەسەن جەمال نووسیبووی بڵاوکردنەوەی ئەم کۆنووسانە شتێکی ئاسایی و بگرە رۆژنامەنووسیشە. رۆژنامەی میللییەت لە ژێر گوشاردا ناچاربوو کۆڵۆمەکەی حەسەن رابگرێت. بەمەش بووە قوربانی ئاشتییەک، کە خۆی چەند ساڵێکە داوایدەکات.

عەنبەرین زەمانیش بووە قوربانییەکی تری بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بیرورا!

جەمال دڵی لای رۆژنامەنووسانی ئەرمەنیشە. بەم دواییە کتێبێکی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنەکان نووسیوە. کتێبی (قڕکردنی ئەرمەن لە ١٩١٥دا) پێشکەشکراوە بە نووسەر و رۆژنامەوانی ئەرمەنی (هرات دینک) لە ساڵڕۆژی مردنیدا، کە بۆنەیەک بوو بۆ خەڵاتکردنی دۆستی گەورەی کورد و کوردستان د. ئیسماعیل بێشکچیش. حەسەن لە پێشەکیدا رووی لە دینک کردووە (ئازارەکانی تۆ، هاندەری نووسینی ئەم کتێبە بوون).

جا رەنگە خوێنەر پێویستی بەوە بێت بزانێت ئەم حەسەن جەمالە خۆی کێیە؟ پێش سەردانی بۆ (کوردستانی نوێ) لەگەڵ هاوکارم ئەنوەر حسێن بەرێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانی مەکتەبی راگەیاندن باسی ئەوەمان دەکرد. دواتر ئەم نووسەرە خۆش مەشرەبە خۆی بەبزەوە راستییەکەی پێوتینەوە: نەوەی جەمال پاشایە، کە لە مێژووی عەرەبدا بە جەمال پاشای خوێنرێژ ناسراوە.

جا سەیری سەیر و سەمەرەی قەدەر بکەن، ئەم نووسەرە ئازادیخواز و دادپەروەرە نەوەی خوێنرێژەکەی دژی ئەرمەنە، کە لەگەڵ ئەنوەر پاشا و تەڵعەت پاشادا، زەمانی حوکمی ئیتحاد و تەرەقی لە ساڵی (١٩١٥)دا، کەتنێکیان کرد هێشتا زامەکەی لەتورکیای ٢٠١٢شدا قوڵپەدەدا و سێ ساڵی تر سەد ساڵی خەمناک تەواودەکات. ئەمێستا نەوەی جەمال پاشا خەمی ئەرمەن و خەمی کوردەکانیشێتی و کتێبانیان لەسەر دەنووسێت.

## ئیتحاد و تەرەقی

وتمان ئەو ناسنامەیە دەزانین، بەڵام لەبیرت نەچێت کوردەکانیش لە دامەزرێنەرانی ئیتحاد و تەرەقین. بەتایبەتی رووناکبیرانی گەورە د. عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی. پێش ئەوەی سیاسەتی ئەو رێکخراوە ببێتە تواندنەوە و تەتریک و کوردەکان لێی تەوەللا بن.

باسەکەمان بەلای مێژوودا چوو. ئەز وتم: رەوتی کۆمار لە تورکیا رەوتی نکۆڵی بوو لە کورد، لە دەورانی عوسمانی کورد کێشەی هەبوو لەگەڵ دەوڵەت و شۆرش و راپەرینیشی بەرپاکردووە، بەڵام دەوڵەتەکە نکۆڵی لە کورد نەدەکرد. دەوڵەتی کۆمار لە چاو ئەو مێژووە درێژە شەش سەد ساڵەی دەوڵەتی عوسمانی فاریزەیەکە لە ڕستەیەکی درێژ، کەچی نکۆڵی لەبوونی کوردیش دەکات.

جەمال زۆر گرنگیی دەدایە فاکتەری ئابووری و رۆڵی لە ئایندەی پەیوەندی کوردی عیراق و تورکیا و کوردی سوریاش. ئێمەش هەمان ڕامان هەبوو. پێشموت: ئەگەر سیاسەتی

تورکیا لەگەڵ کوردی خۆی باش بێت، لەگەڵ کوردی عیراق و کوردی هەموو کوردستان ئاسایی و دوور لە هەستیاری دەبێت.

حەسەن جەمال لێرەدا نەقلی قەولێکی لە نووسەری کورد مەحمود باسکی بۆ کردین. (مەحمود دەیوت ئەگەر پێم بڵێن کەمال ئەتاتورک زیندووبۆتەوە و لەبەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکر، شاری بەرهەمی شووتی، شووتی دەفرۆشێت باوەڕدەکەم، بەڵام باوەڕناکەم ئەقڵیەتی ئەمانە بگۆڕێت). ئینجا حەسەن وتیشی (بەڵام ئەقڵیەتی دەوڵەتیش دەگۆڕێت). ئێمەش ڕامان وابوو کە ئیمکان هەیە دەوڵەتی تورکیاش بگۆڕێت.

حەسەن جەمال لە نووسینێکیدا ئاماژە بەوە دەکات، تورکیا جاران دەیوت دامەزراندنی حوکمی خۆبەخۆی کوردان لە عیراق هێڵی سوورە، ئینجا بوو بە واقیع و ئێستاش دەڵێین کوردستانی سوریا هێڵی سوورە!

پێشتر کاک حەسەن لەسەر تورکیا پرسیاری لێ کردین. وتم: بەداخەوە ئەگەر چارەسەرنەکرێت کێشەی کورد دەبێتە پاژنەی ئەخیل بۆ بەرێز ئەردۆگان. سەرکردەیەک ئەو هەموو شەعبیەت و خۆشەویستەی لە تورکیا هەبێت، ڕۆڵی سوپای کەمکردۆتەوە، گەشەی ئابووری دروستکردووە و شتێک کرانەوەی بەرامبەر کورد گرتۆتەبەر، بەڵام چارەسەرنەکردنی پرسی کورد پاژنەی ئەخیلی دەبێت.

ئەم تێبینییەی بەندەی لە دەفتەرە بچووکەکەی خۆی نووسی. درێژەم پێدا: نموونەی ئەمە لە عیراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا قەوما. قاسم خۆشەویستی خەڵک بوو، بەڵام نکۆڵیکردنی لە مەسەلەی کورد سەریخوارد.

ئەویش پرسیاری زۆری لێ کردین، ڕۆژنامەنووس بووین و بۆ یەکتریمان دەسەندەوە. رای ئەو لەسەر ڕەوشی سوریا و هەڵوێستی تورکیا وا بوو، کە تورکیا نەیدەزانی ڕەوشی سوریا وا زۆر دەخایەنێت. تووشی شۆک هات لە پەرەسەندنی ڕەوشەکەی سوریا. وتم: ئێستا لە سێ بەشی کوردستان، لە عیراق و سوریا و تورکیا، مەسەلەی کورد جوڵاوە. ئەگەر ئەمە نەخشەی جوگرافیاش نەگۆڕێت، بەڵام تورکیا دەبێ بزانێ ئەمە کوردستانی عوسمانییە و جوڵاوە. دەبێ باوەش بەم گۆڕانکارییەدا بکات، نەک دژی بێت.

ئەو داوای نەخشەیەکی کوردستانی لێ کردین، دیاربوو بۆ کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی دەیخواست، چۆن کوردی سوریا بگەنە سەر دەریا؟ بە شۆخییەوە وتم: جاران هەڵمان واسیبوو، لەبەر دڵی برا تورکەکان کە زۆر گللەیی دیزاینکردنی نەخشەکەیان کردووە، لامانبرد. ئەمەم ئاماژەیەک بوو بۆ فۆبیای نەخشە، کە دەیەی نەوەدەکان تورکەکان بە ڕاست و چەپدا گللەییان لە کورد دەکرد نەخشەی کوردستانی گەورەی دروستکردووە و لە زۆر جێ هەڵیان دەواسی.

کاک حەسەن جەمال دەرفەتیشی هەبوو لەسەر کەرکوک پرسیاربکات، کە زانی بەندە کەرکوکییم. وتم: (کەرکوک لە چوارچێوەی کوردستاندا قەوارەی عیراق دەپارێزێت، ئەگەر نەیەتەوە سەر کوردستان عیراق دابەشدەبێت).

وتی: زەحمەت نییە؟

وتم: بەداخەوە عەقڵی سیاسی عیراقی دەوڵەمەند نییە بە تێزی چارەسەری، ئەگینا دەتوانن کەرکوک لە ڕووی جوگرافییەوە بدەنە کوردستان و لە ڕووی ئابوورییەوە حکومەتی ئیتحادی و لە ڕووی ئیدارەوە تورکمان ڕۆڵێکی گەورەی تێدا بگێڕن.

جا بەدەر لەوەی چاکم شرۆڤەکرد یان نا، دانیشتن لەگەڵ کاک حەسەن جەمال خۆشو گەرم و گوڕبوو، هەدووکمان زووزوو کاک ڕەوا حاجی-مان بەگیردەهێنا کە داخۆ چۆن لەگەڵ یەکدا قسەدەکەین و ئەو یان من چی دەڵێین؟ بۆیە کە ماڵئاوایمانکرد لەسەر ئەوە ڕێککەوتین لە ئەستانبوڵ یەکتری ببینینەوەو بەدەم ماسیخواردنەوە خولێکی دیکەی گفتوگۆ دابمەزرێنین. بەداخەوە ئازاری ٢٠١٣ کە چوومەوە بۆ ئەستەنبول بۆ ئەوەی سەردانێکی دڵدانەوەی بکەم، کە لە نووسینی میللییەت مەحرومکراوە ، لەگەڵ کاک مارین ڕەحمانی تێڵمان زۆر بۆ کرد، بەڵام داخرابوو. لەوە دەچێ ئەو کاتە لە خەڵوەتی موقاتەعە و ڕەنجیاویدا بووبێت

## (هەیکەل)ـەکەی تورکیا

هەندێک ناو هەیە جگە لە ناوبانگە گشتییەکەی وەکو تاکە کەسیش لە یادەوەری مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە. جا یان پەیوەستن بە ڕووداو یان شوێنێکەوە. ناوی محەمەد عەلی بیراند لەو ناوانەیە، ئەمە لە دونیای وەسفی نزیکایەتیدا پێیدەوترێت: وەک بڵێی دراوسێی ماڵتان، یان وەک سلێمانی دەڵێن: کوڕی گەڕەگ بوو بێت.

بۆ یەکەمجار لە بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، ساڵی ١٩٩٢، بەرنامەیەکی سی و دووەمین ڕۆژم بینی. ئەو کاتە بەرنامەکە لە شۆتیڤییەوە پەخشدەکرا و ناوبانگی ئەو کەناڵە تورکییەش دونیای تازە داهاتووی سەتەلایتی داگرتبوو. کەناڵە تورکییەکان لە کرانەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و بێ سانسۆری لەسەر بەرهەمە پەخشکراوەکانی (شۆرشێک) بوو لە هەموو ئاستەکاندا، بەتایبەتی بۆ نەوەی دوای ڕاپەرینی کوردستان، کە نەوەی مەحرومیەت و بێدەرەتانی و ئابڵوقەی هەموو بوارەکان بوو. لە پەنا سەیری یابانجی فیلم (فیلمی بیانیی) باسی کوردی تورکیا و باسی کوردستانی تازە رزگارکراوی خۆشمان دەبووە بەشێک لە خۆراکی ڕۆژانەمان. ئێمە تورکیمان نەدەزانی، ئێستاش هەر وایە، بەڵام هەر پێمان خۆش بوو تورکەکان باسمان بکەن با بجنێودانیش بێت!

میدیای تەلەفزیۆنی تورکیا، لەنیوەی دووەمی هەشتاکانەوە، گۆرانی چۆنایەتی بە خۆوە بینی، چونکە دەوڵەت بە یاسا ڕێگەی بە بەشداری کەرتی تایبەت دا لەو بوارە هەستیارەدا. ئەمەش مۆنۆپۆڵی ڕەسمی بۆ وێنەی کۆمەڵ و وڵاتی لە دەوڵەت سەندەوە. پەیدابوونی سەتەلایت بە جارێ ئەم دیاردە فرەییەی تەشەنەپێدا. ئیتر میدیای نادەوڵەتیی کەوتە باسی کێشەکانی تورکیا وەک کێشەی ناسنامە و کەڵچەری خەڵک و لەناویشیاندا بێگومان کێشەی کورد (بۆ ڕەوتی گەشەی تەلەفزیۆنی میدیا لە تورکیا بروانە (الاعلام.. من اجل الدولة الكمالية و المجتمع ) لاپەڕەکانی ١٢١ بۆ ١٢٩ لە کتێبی تورکیا. البحث عن مستقبل - ياسر أحمد حسن- الدار العربية اللبنانية-چاپی یەکەم، ٢٠٠٦. هەروەها بەشی: وێنەی عەرەبی

لە ماس میدیای تورکیادا، لاپەڕەکانی ٨٢ بۆ ٨٨ لە کتێبی (صورة العرب لدى الاتراک - الدکتور أبراهیم الداقوقی - مرکز دراسات الوحدة العربیة -چاپی دووەم ١٩٩٨)

لەو نێوەندەدا سی و دووەمین رۆژی محەمەد عەلی بیراند پر بینەرترین بەنامەی سیاسیی بوو. بابەتی جێی سەرنجراکێشان بوو کە لە تورکیاوە، دوای چەندین دەیە نکۆڵی لە کورد بەرنامەیەک لەسەر مەسەلەی کورد پەخشبکرێت و مام جەلال-یش لەگەڵ چەند میوانی تورک و کوردی باکووردا میوانی بێت. بەرنامەکە شەو بە وەرگێردراوی لە کەناڵی گەلی کوردستان هەولێر بڵاوکرایەوە و سەدایەکی باشی لە کۆمەڵی کوردستانیشدا هەبوو.

لەو یادەوەرییەوە چەندین جاریتر ئازایەتی بیراندمان بینی، کە دەستی لە بابەتە قەدەغەکراوەکان دەدا، تەنانەت لە دەمی حکومەتە داخراوەکانی تانسوو چیللەر و مەسعود یەلماز و ئەجەویدیشدا، کە حکومەت گەلێک بوون کەیفیان بە مەسەلەی کورد نەدەهات، هەر وابوو. بیراند ئەرکێکی ئەخلاقی وپیشەیی رایدەکرد کە پەیوەندیی بە کەیف و کرانەوە و داخرانی حکومەتەکانەوە نەبوو.

ئەم بابەتانەی سی و دووەمین رۆژ ئەوەندە لە قازانجی کوردایەتی و لە قازانجی دیموکراتیزەکردنی تورکیا بوون، کە وەختێک مامۆستا عەبدوڵڵا بابەکر ئاغا پشدەری تەرجەمەیدەکردن بێ ترس و دڵەڕاوکێ لە تەلەفزیۆنەکان پەخشدەکران و بۆ سبەینێش دوو لاپەڕەی کوردستانی نوێمان بۆ تەرخاندەکرد کە ئەو کاتە، سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەڵێم، کۆی لاپەڕەکانی (٨) بوون.

کۆششی میدیایی بیراند دواتر وتار و نووسینی پشتیوانیشی تێکەوت. لە گەرمەی بێهیوایی میللەتانی تورکیا لە چارەسەری پرسی کورد و زاڵبوونی زمانی توندوتیژیدا دیسانەوە نووسینەکانی بیراند هی ئەوەبوون بێ خەم تەرجەمەبکرێن و وەک لە رۆژنامەکانی تورکیا بڵاودەبوونەوە، ئاوەهاش بۆ رۆژنامەکانی کوردستان دەستبدەن.

لە ناوبانگ و تواناداری و دۆستایەتییدا رۆژێکیان سەرۆک مام جەلال لە پەخشی ڕاستەوخۆ پێیوت: ئێمە تۆ بە محەمەد حەسەنێن هەیکەلی تورکیا دەزانین. هەر کەسێک ئاگای لە کتێبخانەی مام جەلال و نووسەرە پەسەندکراوەکانی سەرکۆمار بێت، دەزانێ نازناوی هەیکەل بە هەموو کەسێک نادات. بیراند زۆری کەیفی بەو نازناوە هات.

لە هەموو وێستگەکانی بەرنامەی تیڤی و نووسینی غەزەتەدا بیراند هەرگیز بێلایەنی و بابەتیبوونی لەدەست نەدەدا.

رەنگە هەبن بڵێن ئەی ئەوە نییە تۆ دەڵێی لایەنداری پرسی کورد بوو؟

راستە! ئاخر پرسی کورد هێندە رەوایە ئەوی لایەنداری بکات لایەنداری رەوایەتی و بابەتی بوونی کردووە و ئەوی بابەتیش بنووسێ و تێبفکرێت سەرئەنجام بە خۆی نەزانیووە بۆتە لایەنداری مەسەلەی کورد.

بێ لەوەش، لە شرۆڤە و باسکردندا بیراند ئەم دۆستایەتییەی بۆ پرسی کورد وا بابەتی دەخستەڕوو، کە تورک تێگەیشتنی بۆی هەبێ و باسوخواسەکانی جێی خۆیان لە نێوەندی سیاسی و میدیایی تورکیاشدا بکەنەوە، لە زەمانێکدا وەکو ئێستا نەبوو، نووسەرە

دۆستەکانی کورد کەم بوون و پرسی کوردیش وا گەشاوەنەبوو، کە پارەبکا یان ناوبانگ بۆ باسکارانی دابینبکات.

لەم چەندانەدا د. لەتیف رەشید بۆی باسکردم، کە بیراندیش یەکێک بوو لەوانەی هەوڵیدا کوردی عیراق و دەوڵەتی تورکیا ببنە دۆست. لە لەندەن هاتە لای مام جەلال و گفتوگۆی لەسەر رێوشوێنی دامەزراندنی پەیوەندییەکی وای کرد.

لە وەختێکدا خەفەتباری کۆچی ئەم (هەیکەل)ەی تورکیا بووین، جارێکی تر بۆمان روونبۆوە میدیا و جوامێرەکانی نەتەوە سەردەستەکانی ناو کایەی میدیا چ رۆڵێک لە ناساندنی پرسی نەتەوە بندەستەکاندا دەگێرن و سەرەنجام خزمەتی نەتەوەی بندەست و خزمەتی دیموکراسی وڵاتی خۆشیان دەکەن. بیراند لەوانە بوو، هێشتا موراد بەڵگە و جەنگیز چاندار و هەندێکی ترمان ماون.

بیراند، هەیکەلەکەی تورک کە لە پشتیوانی کورددا فەزڵی بەسەر هەیکەلی عەرەبەوە هەیە، لەناکاو مرد، وتارێکی بندەستی مابوو کە تەواوی نەکرد. ئەو وتارەشی لەسەر کورد بوو. یانی لەسەر خۆشی بوو، چونکە پێش مردنی ئەویش درکاندی، کە بەئەسڵ کوردەو درەنگ ئەمەی بۆ دەرکەوتووە. وەک خۆی دەیوت پشتگیرییەکەی لە کورد لەبەر دیموکراسی و ئازادیخوازیی بووە، نەک لەبەر بنەچەکەی کە بەر لە مردنی بە ماوەیەکی کەم زانیویەتی.

## جەنگیز چاندار، خۆی بۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکات

نیشانەکانی دۆخی گەورە مەرج نییە لە دەرکەوتی گەورەدا بێت. هەندێک ئاماژەی بچووک هەن تیشکی درەوشانەوەی ئەم دۆخە گەورەیەن، دۆخی ماف و ئاشتی و وەک یەکییەکی بێ چەوساندنەوەی نەتەوەییانە. هەر ئێستا رۆژنامەوانێکی دۆستی کورد خۆی بۆ ئەم دۆخە ئامادەکات و دەخوازێ بە زمانی کوردی، یانی بە زمانی ئاشتی لەگەڵ نەتەوەی کورد بدوێت. ئەوە جەنگیز چاندارە کە لە هەفتا و سێوە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەگەرێ و هەر لەو کاتەوە کوردی ناسی و لە نەوەدەکانیشدا کوردی باشووری بە سەرۆک ئۆزال ناساند.

کە دەوترێ سەدەی بیست و یەکەم دەبێ سەدەیەکی کوردی بێت، قەرەبووی سەدەکانی دارزان و شکستە باڵی بکاتەوە، ئەم وتەزایە گەشبینی و پێشبینییە بۆ ئەم قەومانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە. گەشبینییە بۆ سەرکەوتنی رەوایی مەسەلەی کورد و کوردستان و پێشبینییە بۆ گیرسانەوەی بەسەرهاتەکان لەسەر دۆخێک نەتەوەی کورد بخاتە ریزی نەتەوە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە. بیخاتە ریزی راستەقینەی خۆیەوە وەک بوونێکی رەسەنی ناوچەکە کە خاوەنێتی و بەشدارە لە رێرەوە مێژووییەکەی و دەبێ بەشداریش بێت لە دارشتنی ئایندەکەیدا.

تورکەکان لەوانەن کە زوو دەرکیان بەم دەرهاویشتەیە کرد و دەخوازن لەگەڵ دەرەنجامەکانیدا مامەڵەبکەن، دەخوازن گفتوگۆیان لەگەڵ کورد هەبێ، تا بزانن رێرەوەکەی بۆ کوێ دەرواو بە نیازی چییە؟

تێبینی قسەکانی جەنگیز بکەن لەدیدارێکی کوردستانی نوێدا. نە تەنها بیرۆکە و پێشبینییەکانی لەسەر ئایندەی کورد، بەڵکو ئەوەی کە بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی ڕۆژانەوە کۆرسی زمانی کوردی دەخوێنێت. چاندار بەڵێنیداوە ساڵی داهاتوو بە زمانی شیرینی کرمانجی دیدارێک سازبکات. دیداری لەگەڵ جەنگیز چاندار، کوردستانی نوێ، (٦٠١٨) لە ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٤)

بۆچی چاندار دەخوازێت فێری زمانی کوردی بێت؟ بەو هەموو تەمەنە دەوڵەمەندەوە لە خزمەتی نووسین و ئاشتی و سیاسەتی دروستدا بۆچی تازە بە تازە فێری زمانێک دەبێت، کە بەری ماوەیەکی کەم بە زمانێکی نەبوو لەقەڵەمدەدرا و نکۆڵی لە کەڵک و ڕۆڵی زیندووی دەکرا؟

لەبەر ئەوە فێردەبێت، چونکە ئەم دۆستەمان دەزانێ کاروانی کورد بەڕێوەیە و ئەم کاروانە بۆ گفتوگۆ و بۆ بەشداریی لە نەخشاندنی ئایندە هاتووە.

ڕاستییەکەی چاندار بەو سەنگ و پرەستیجەوە، کە لە دونیای سیاسەت و نووسین و ڕۆژنامەنووسییدا هەیەتی دەتوانێ وەرگێر و ستافیشی هەبێ، ئەگەر بخوازێ، بەڵام ئەو دەیەوێ بە کوردی لە کوردی گوێ لێ بێ و لەگەڵ کورد دیالۆگ بکات. ئەو دەزانێ وەزعەکە ئەوەندە هەستیارە کەڵکی ئەوەی پێوە نییە وەرگێر هەست و بیروراکانی بۆ بگوازێتەوە. وەرگێر لە بابەتی مەزەڕەتی وەکو شیعر و ئەدەبدا پێیدەوترێ خائین، ئیتر دەبێ لە سیاسەتدا چی بقەومێنێ.

چاندار ساڵی ٢٠٠٩ هاتە سلێمانی، ڕاستتر بڵێم هاتەوە سلێمانی، چونکە چەندین جار هاتوچۆی کردوین. لە دیدارەکەی سلێمانییدا چاندار بە گەشبنییەوە سەیری ئایندەی کورد و ئایندەی پەیوەندیی کورد و تورکی دەکرد. لەسەر ئەو ناسینە بوو کە لوتفی نواند و دانەیەک لە کتێبە نوێیەکەی خۆی بۆ ناردم. گەرەکە منیش فێری تورکی بم، تا بزانم ئەم دۆستەمان چی وتووە؟

گەرەکە هەموومان خۆمان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەبکەین. بەتایبەتی مەعشەری نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، چونکە هەر وەکو بەرێز موراد بەڵگە وتی: پێش ئەوەی کورد یان تورک یان عەرەب بین، ئێمەی ڕۆژنامەنووسان لە نەتەوەی هاوبەشی ئینسانیی و نەتەوەی خەمە ڕۆژنامەوانییەکانین.

# فەسڵی نۆیەم

# باشور، باکور و تورکیا

**کوردەکانی عیراق خزمی کوردەکانی ئێمەن، وەکو چۆن تورکەکانی بولگاریا خزمی تورکەکانی تورکیان.**

تۆرگۆت ئۆزال

سەرۆك کۆماری پێشوو تری تورکیا

# ئۆزال و ... کوردی عیراق
# تاڵەبانی و ... تورکیا

سەرەتاکانی پەیوەندی نوێی کوردی کوردستانی باشوور لەگەڵ تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی سەرکۆماریی تورکۆت ئۆزال. ئەم سەرەتایە زۆر درەنگ کەوت، بەڵام شتێکی نوێ و جێی سەرنج بوو.

دیدارمان لەگەڵ کامەران قەرەداغی رۆژنامەوان و نووسەری دیاری کورد ئەو سەرەتایانە دەگێڕێتەوە. بەتایبەتی کە ئەو وەک رۆژنامەوانێک توانیویەتی هەڤپەیڤین لەگەڵ ئۆزال بکات و لە رێی رۆژنامەی حەیاتی لەندەنییەوە بەدونیای میدیای عەرەبی بناسێنێت.

### فەزای ئۆزال

ئەو ساڵانە ساڵانی دەرکەوتنی ئۆزال بوو کە دەوڵەتەکەی پەلی بۆ ئاسیای ناوەڕاست دەهاویشت و لەو پاوانە کۆنەی سۆڤێتدا ململانێیەکی نەرمی لەگەڵ ئێران هەبوو.

ئۆزال ساڵی ١٩٢٧ لە خانەوادەیەکی چینی ناوەڕاست لە ویلایەتی مالاتیا لە باوکێکی بە بنچە تێکەڵاوی تورک، عەرەب و کورد لەدایک بووە، دایکی سەر بە یەکێک لە بنەماڵە تورکمانەکانی ئەنادۆڵە (ترکیا - البحث عن المستقبل -یاسر أحمد حسن، الدار المصرية اللبنانية، قاهیرە ، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦ ل٨٧ )

خۆی لە چەندین دیداردا وتویەتی لە دایکەوە کوردم (ئۆزاڵ سەر بە تەرزێکی جیای دەستەبژێری تورکیا بوو، کە تا ئەو کاتە سەروەری وڵاتەکە بوون و بنەچەی زۆربەیان دەگەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵکان. لەکاتێکدا ئەو سەر بە ئەنالدۆڵ بوو و بەها و نەریتە پارێزگارییەکانی ئەوێی هەڵگرتبوو ل٨٩).

ئەم بنەچە ئەنادۆڵییە هەمان بنەچەی چینی ئێستای دەستەبژێری سیاسی و ئابووری تورکیای سەردەمی داد و گەشەپێدانە، یانی لێرەشدا ئۆزال رێی بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی تورکیا خۆشکردووە.

(ئۆزال خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی نوێی تورکیادا، ئەگەرچی لەسەر رەوتی موحافەزەکار حسێبدەکرا، بەڵام لەهەمان کاتدا لیبراڵ بوو، ئۆزال هەوڵیدا ئاوێتەیەک لەنێوان ئاراستە رۆژئاواییەکان و پرەنسیبە ئیسلامییەکان دروستبکات. نە لیبرالێکی سەد دەرسەد و نە ئیسلامیەکی وەسابوو، بەڵام هەردووکیانی پەسەندبوو، نە زۆر نەریتخواز و نە زۆر نوێباو بوو، بەڵکو هەردووکیانی گرتەخۆ. بەتەنها شەیدای قورئانی پیرۆز، یان کۆمپیوتەر، تەکنەلۆژیا نەبوو، بەڵام کەسێک بوو قورئانی بەدەستێک هەڵدەگرت و کۆمپیوتەریش بە

دەستەکەی تر.. دەچووە مزگەوت و لەگەڵ ژنەکەی لە کەنار رووبار مەلەی دەکرد. ئەم ناکۆکییەی لە هەڵسوکەوتدا هەبوو، لە چەمکە سیاسییەکانیشدا رەنگیدایەوە. (دلشاد محمود صالح، دور المؤسسة العسكرية التركية فى السياسة الداخلية ١٩٨٠-٢٠٠٢، مرکز کردستان للدراسات الاستراتيجية، سلێمانی ٢٠١٢ ل١٤٨).

ئۆزال خەیاڵی سیاسیی فراوانبوو، رووی لە رۆژهەڵاتێکی تازە بوو، کە ئامادەگیی نەرمی نفوزی تورکیای تێدابێت، نفوزێک چوار ئەرک جێبەجێبکات:

- قەرەبووی کزبوونی رۆڵی تورکیا لە هاوکێشەی بەرەنگاریی کۆمۆنیزم بکاتەوە (بەم ستراتیژە ویستی پەراوێزی مانۆرەکانی تورکیا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی زیاتربکات. دوای ئەوەی هەندێک پێیانوابوو پشتی کەوتنی ئۆردوگای رۆژهەڵات ئیتر بایەخی تورکیا کەمبۆتەوە- تورکیا و کوردستان العراق- الجارين الحائرين- بیار مصطفى سيف الدين- دەزگای موکریانی- چاپخانەی خانی- دهۆک-چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٨ ل١٦٩).
- نفوزی تورکیا بگێرێتەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی، بێ ئەوەی ترسی گەڕانەوەی خەونی عوسمانیی ببێتە بەربەست.
- بەو نفوزەوە پێگەی دانوستاندنی تورکیا بۆ ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەوروپا بەهێزتربکات.
- لەمانەش گرنگتر دەرفەتێک بدۆزێتەوە بۆ دانانان بە (راستییە کوردییەکە)ی ناو تورکیا، لە رێی پەیوەندی و نفوز لە کوردستانی باشوور، بێ ئەوەی ئەم هەنگاوە شۆکێک بۆ ئەندێشەی شۆڤێنی دەستەبژێری حوکمڕانی ئەو دەمەی تورکیا دروستبکات (ئۆزال بناغەیەکی پەیوەندی بەتینی داڕشت لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە جۆرێک دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣دا مرد، سەرکردە تورکە توندڕەوەکان نەیانتوانی ئەم پەیوەندییە بپچڕن... پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم-مەڵبەندی کوردۆلۆجی- ساڵی ٢٠٠٧ ل٩٢).

## تورکیا و گفتوگۆی کورد و بەغدا

ئەمە وەرگۆڕان بوو لە بیرکردنەوەی ئۆزالیشدا، کە نێوەندیی هەشتاکان، ئەو دەمەی سەرۆک وەزیرانی تورکیای سایەی حوکمی سەربازیی کەنعان ئیڤرین بوو، وەفدی ناردە لای حکومەتی بەغدا، تاکو دانووستاندنی نێوان شۆڕشی نوێی کوردستان، بە رێبەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی بەعس رابگرێت و لەو دەسکەوتانەی لە دانووستاندنەکەدا بە کوردی داوە پاشگەزبێتەوە. هەرواشبوو، سەرکردایەتی رژێمی بەعسی عیراق لە ترسی تورکیا بەڵێنەکانی بۆ کورد قووتدایەوە و پاشەکشێیکرد. توێژەرێکی کورد دەڵێت تاڵەبانی بۆی دەرکەوت (سەرەرای ئەوەی مێژوویەکی خوێناوی کورد هەیە لەسەر دەستی ئەم دەوڵەتە، کەسێکی وەک تاڵەبانی ئەوەی لەلا روون و ئاشکرا بوو، تورکیا لەمپەربووە لە بەردەم چەند هەوڵێکی کورددا، لەوانە: دانوستانی ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ عیراق، بە نێودەوڵەتی بوونی کێشەی جینۆسایدی کورد ساڵی ١٩٨٨، هەروەها سەرنەکەوتنی گەشتەکەی لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠ بۆ ئەمریکا... سەرچاوەی پێشوو ل٩١).

جا مادامەکی باسی ئەم روداوەمان کرد با گێرانەوەکەشی تەواوبکەین:

مام جەلال لە ساڵی ١٩٩١دا، لە دەمی مفاوەزاتی بەرەی کوردستانیی لەگەڵ حکومەتی بەعس، وردەکاری ئەو گوشارەی تورکیای دەستکەوت. مام لە گفتوگۆدا لەگەڵ ئەبو زیاد (تاریق عەزیز، وەزیری موزمینی خارجیەی رژێمەکەی سەددام و گەورە دانووستانکاریی بەعس) دەپرسێت داخۆ بۆچی لەناکاو دانووستاندنی ساڵی١٩٨٤یان ڕاگرت، کە هەنگاوی باشی بریبوو و سەرکەوتنیشی رەنج و خوێنێکی زۆری بۆ کوردستان و عیراق دەگێرایەوە؟) ئەبو زیاد بەمام جەلال دەڵێت: (ئەبو شەلال) دۆستەکەی ئەمڕۆی تۆ نەیهێشت دانووستاندنی ئەوکاتە (هەشتاکان) سەربگرێت. تارق عەزیز مەبەستی لە دۆستەکە ئۆزال بوو کە دەمی راپەرینی ١٩٩١ پەیوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ سەکردایەتی کورد بەستبوو. مام جەلالیش دەستدەخاتە سەر دانپیانانەکەی تاریق عەزیز و دەڵێت سەرۆکی دیبلۆماسیی عیراقم لە خەتدا گرت. بەو مانایەی بەعس کە هەمیشە لاف و گەزافی سەربەخۆیی بریاری سیاسیو نیشتمانپەروەریی لێدەدا گوشاری تورکیای لە کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتەکەی قبوڵکردووە، کە کێشەی دانووستاندنی نێوان شۆڕش و حکومەتی ناوەندیی بوو. ئینجا ئەم ئۆزالە کە لە هەشتاکان فۆبیای مەسەلەی کورد وای لێ کردبوو وەفد بۆ بەغدا بنێرێت، لە نەوەدەکاندا وەفدی کوردی بانگێشتدەکرد و تێزی «هاوکاریی کوردی عیراق و چارەسەری کێشەی کوردی تورکیای هەبوو».

لێرەدا خراپ نییە روانگەی ئەو دەمەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش لەسەر ئەم وەرگۆڕانەی هەڵوێستی تورکیا و ئۆزال لە دوو قۆناغ باسبکەین. ئۆجەلان دەڵێت (تورک نەیهێشت. پارتەکانی باشوور ئەو شتە باش دەزانن. هەتا سەددامیش ساڵی ١٩٨٣ دەیویست لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا ریفۆرمێک بکات، یەکێتی نیشتمانی ئەو شتە دەزانێ، تورکیا رێگای لەم هەنگاوە گرت. ئێستا تورکیا دەڵێی من بۆ تۆ حکومەت دروستدەکەم! لەلایەک کۆکوژی بەردەوامدەکات، لەلایەکی تریش حکومەت بۆ تۆ بنیاددەنێ! ئەو شتە راست نییە، کەس ناتوانێ ئەو شتە بەناوی هەندێ بەرژەوەندی بێنێتە پێش چاوی میللەت، یان بخاپێنێ… عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، کۆکردنەوە وئامادەکردنی رۆژنامەی وڵات، ١٩٩٨، ل٣٠) .

## کامەران قەرەداغی : بیرۆکەی ساتەوەختی خۆی بوو

کامەران قەرەداغی سەرەتای ئەم پەیوەندییە باسدەکات، کە چۆن ئەو رۆڵی میانگێڕێکی گێڕاوە بۆ پێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد و سەرۆک ئۆزال. مامۆستا کامەران سەرەتای ئەم پەیوەندییەی بۆ رێکەوت گێرایەوە:

– لەڕاستیدا هەروا بەڕێکەوت بوو، وەکو دەڵێن بیرۆکەی ئەو ساتەوەختە بوو، من ئەو کاتە لە رۆژنامەی (الحیاة) بووم، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا لە لەندەن دەستی بەدەرچوونەوە کردبوو. ساڵی ١٩٨٩ بۆ کاری رۆژنامەنووسی چوومە تورکیا، کە ئەوکاتە لە میدیای عەرەبی ئەوەندە گرنگیی پێ نەدەدرا. لەوێ زۆر کاری رۆژنامەوانیم کرد، لەو چوارچێوەیەدا چوومە ناوچەی پڕۆژەی گاپ و دوایی چوومە شانلی ئورفە، چوومە ناوچەی

بەنداوەکان و شوێنەکانی تر، دوایی بابەتێکی گەورەم ئامادەکرد لە (الحیاة) لەسەر ئەو پڕۆژەیە داخۆ چییە و گرنگییەکەی چییە؟ هەمانکات هەندێک چاوپێکەوتن و شتی دیکەم کرد، وەکو جۆرە بایەخێک بوو بە تورکیا لە ڕۆژنامەگەریی عەرەبیدا.

هەر ئەوکاتە کۆنگرەیەکی وڵاتانی ئیسلامیی لە تورکیا کرا. لەوێ داوامکرد چاوپێکەوتنێک بکەم لەگەڵ تورکۆت ئۆزال-ی سەرۆک کۆمار، وتیان باشە. ئەوە یەکەم چاوپێکەوتن بوو کە کردم، پرسیارەکان لەسەر هەموو سیاسەتی تورکیا سەبارەت بە یەکێتیی ئەورووپاو ناوچەکە بوو، راگوزەریش باسی کورد دەکرا، ئەمەش یەکەمجار بوو، بەڵام ئۆزاڵ زۆر دۆستانەبوو، زانیبووی من کوردم، ئینتیباعێکی زۆر باشم پەیداکرد لەسەر ئۆزال، کە گەڕامەوە چاوپێکەوتنەکەم بڵاوکردەوە. جاری دووەم کە چوومەوە بۆ تورکیا ساڵی ١٩٩١ بوو کە شەڕی کویت لە دژی سەددام لە ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەستیپێکردبوو. من تەقریبەن هەمان ڕۆژ بەرەو تورکیا ڕۆیشتم، وەکو نێردراوی (الحیاة) چووم. تەقریبەن مانگێک لەسەر سنوور مامەوە، چووینە هەکاری، جزیرێ، چووینە سەر سنوورو لە دیاربەکر بووین، ئەو کاتە ڕۆژنامەنووسی بیانی لەوێ زۆربوون.

*** رووماڵی جەنگەکەتان کرد؟**

- بەڵێ لە دیوی تورکیاوە بووین، پاش زیاتر لە مانگ و نیوێک ئیتر لەگەڵ (الحیاة) قسەمکرد و وتم با بگەڕێمەوە، وتیان باشە. لەوێوە داوامکرد چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئۆزال بکەم، وتیان باشە وەرەوە بۆ ئەستانبوڵ و لەوێ دەتبینێت، چوومە ئەستانبوڵ و لەوێ بینیم.

*** دیسان تۆی ناسییەوە؟**

- بەڵێ، تورکیا ئەوکاتە هەڵوێستێکی توندی وەرگرت بەرامبەر بەعیراق کە چووبووە ناو کوێت، سیاسەتی ئەو کاتەی دەرەوە تەقریبەن هەموو لە دەستی ئۆزالدا بوو، واتە ئۆزال بڕیاریدەدا (ئۆزال بەمەی دەوت بۆ ئەوەیە لەسەر مێزی سەرکەوتووانی شەڕ ئامادەبین... پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.. سەرچاوی پێشوو ل٨٩)

*** ئەمە لەبەر هێزی شەخسییەتی بوو، نەک لەبەر سەلاحیاتی؟**

- نەک هەر لەبەرئەوە، چونکە سەرۆک وەزیرانیش لە حزبەکەی ئەو، حزبی نیشتمانیی دایک بوو، ئۆزالیش وەکو دامەزرێنەر و سەرۆکی حزبەکە بڕیاریدەدا، جا زۆر شەعبییەتی هەبوو لەناو ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان و ئەوانە. کە چووم بیبینم وتیان تەنها ٢٠دەقیقە کاتت هەیە، بڕیاریاندابوو بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسێک ٢٠دەقیقە کات هەبێت، چووم ناوی خۆم تۆمارکرد، شەش ڕۆژنامەنووسی لێ بوو، هەر یەکە و ٢٠ دەقیقەی پێ دەچوو پاشان دەهاتنە دەرەوە. دوایی گەیشتە ناوی من و چوومە لای. زۆر بە وددیی و دۆستانە پێشوازیی لێ کردم. ویستم لەبەر وەختەکە زوو تەسجیلەکە داگیرسێنم، وتی نا نا جارێک دایمەگیرسێنە، من پرسیارم هەیە، منیش لام سەیربوو، بەهەرحاڵ دانیشتم و گوێم لەو گرت.

لێرە قەرەداغی کەوتە بیری کە چۆن سەرنجی خۆی لەسەر ئۆزال بۆ مام جەلال باسکردووە (ئەو یەکەمجارەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئۆزال کرد. من سوتفە مام جەلال-م بینیبوو لە لەندەن. پێموت ئینتیباعێکی زۆر باشم هەیە لەسەر ئۆزال.)

*** ئەو كاتە هێشتا سەدام كوێتی نەگرتبوو؟**

– نەخێر نەیگرتبوو، بەمام جەلالم وت من ئینتیباعێكی زۆر باشم لەسەر ئۆزال هەیە، لام وایە ئەو بەشێوەیەكی گشتی كراوەیە).

ئینجا هاتەوە سەر باسی دووەم دیدار(كە وتی: دانیشە من پرسیارم هەیە، زۆر بە گرنگییەوە پرسیاریكرد؟ وتی من دەزانم تۆ كوردی، وتم بەڵێ من كوردم، وتی دیارە پەیوەندیت لەگەڵ سەركردەكانی بزووتنەوەی كورددا هەیە؟ بەڵێ وایە. وتم من ئەندامی هیچ حزبێك نیم، بەڵام پەیوەندیم باشە لەگەڵ هەردوو حزبی سەرەكی و هەردوو سەرۆك و سەركردایەتیان دەناسم. ئیتر زۆر پرسیاریكرد لەسەر دۆخی كوردی عیراق، كورد، توركمان و عەرەب. نەخشەیەكی عیراقیشی هەبوو لەبەردەمی خۆی دانابوو، شەرحیكرد و وتی ئەوە لێرەوە كورد و توركمان ئیمتیدادیان لە باكوورەوە توركیایە و شیعەش ئیمتیدادیان هەیە، سوننەش ئیمتیدادیان هەیە، ئێمە دەتوانین ببین بە محامیی كورد.

*** ئەمە هێشتا ڕاپەڕینی كوردستان و عیراق نەببوو؟**

– هێشتا نەببوو، نازانم سێ یان چواری شوبات بوو، یان درەنگتر، یان نیوەی شوبات بوو.

*** ڕاستەوخۆ وتی ئێمە حیمایەی كورد دەكەین؟**

–بەڵێ، وتی تۆ ڕوونی بكەرەوە بۆ سەركردەكانی كورد كە ئێمە دەتوانین حیمایەتی كورد بكەین. یانی دیدارەكەمان زۆر هاوڕێیانە و دۆستانەبوو، هەتا پێشەكی سەیری یاری دوو گۆڵی دەكرد و وتی: ئەو گۆڕەپانە دەبینی هەموو سەوزە و ئەمە هەمووی گیای سروشتییە و دەستكرد نییە، من كە سەرۆك وەزیران بووم هەوڵمدا هەرچی یاریگای توركیا هەیە بیكەم بەگیای سروشتی، دیارە حەزی لە یاریی دووگۆڵی بوو. چونكە چاوپێكەوتنەكەمان دۆستانەبوو، كە وای وت، وەڵڵا منیش حەماسەت گرتمی و وتم باشە ئێوە چۆن دەتوانن حیمایەی كوردی عیراق بكەن، ئەگەر ئێوە حیمایەی كوردی خۆتان نەكەن؟ وتم من ئەوە تەقریبەن مانگێكە لە هەموو كوردستان دەگەڕێم. ئەوسا هێشتا لە ناوچەی كوردی بازگە و سوپا هەبوو، بەڵام زۆر توندنەبوو، لەبەرئەوە دەمانتوانی.

*** هێشتا دەتانتوانی جووڵە بكەن؟**

– بەڵێ. وتم مانگێك لە كوردستان بووم و زۆر شتم دیووە، ئەوانە ئەسڵەن ناوێرن بڵێن كوردین، هەتا ئەو وتی كام كوردستان؟ وتم كوردستانی توركیا، قسەی نەكرد، كە بەو جۆرە شتەكانم پێوت، وتی ئێمە كێشەمان هەیە لە ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی توركیا، هەندێك یاسای خراپ لە زەمانی حوكمی تاكحزبییەوە ماوەتەوە، نەیوت حوكمی عەسكەر، دەبێت ئەو یاسایانە بگۆڕین، بەڵام كاتمان دەوێت. وتم مافیان نییە و ناتوانن بڵێن ئێمە كوردین، وتی ئەی لە عیراق وانییە؟، وتم نەخێر وانییە، لە عیراق ڕاستە كورد دژی سەدامە و سەدام كۆمەڵكوژی دەكات، بەڵام هەویەی كوردی هەیە و دانی پێدانراوە و لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتییەكی ڕۆشنبیری كوردی هەیە و بە كوردی ئێزگە و تەلەفزیۆن هەیە، كوردی ئەوێ بە كوردی قسەدەكەن، وتی ئێمەش دەتوانین ئەوە بكەین، ئینجا دەستیكرد بەپرسیاری تر و دیارە زۆر شتی خۆی ئامادەكردبوو، باسی كوردی كردو پرسیاری لەسەر زۆرشت كرد، نازانم لەسەر قادری و نەقشبەندی و بارزانی و تاڵەبانی،

کێ قادرییە و کێ نەقشبەندییە و جیاوازیی ئەوانە چییە؟، پرسیاریشیکرد کە هەڵوێستیان بەرامبەر بە پەکەکە چییە؟ منیش بەپێی توانا وەڵاممدەدایەوە، ئەو هەر گرنگی بەم بابەتانە دەدا.

## پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ کورد

*** ئەمە هێشتا چاوپێکەوتنەکەتان نەکردووە؟**

– نەخێر هێشتا چاوپێکەوتنەکەمان نەکردبوو، لەکۆتاییدا هەر تەئکیدی لەسەر هەڵوێستی حزبە کوردییەکان دەکردەوە، بارزانی دەڵێت چی و تاڵەبانی بەرامبەر بە کوردی تورکیا و پەکەکە دەڵێت چی. لەسەر کەرکوک پرسیاریکرد، منیش هەر لە خۆمەوە شتێکم بەبیردا هات. وتم باشە کەوابوو تۆ زۆر گرنگیی دەدەی بە هەڵوێستی حزبە کوردییەکان، ئەی باشە بۆ پەیوەندییەکی راستەوخۆ ناکەیت لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد؟ وتم هەڵبەتە ئیشی من رۆژنامەنووسییە و کەسیان منیان سەرپشک نەکردووە، بەڵام بەدیدی خۆم لام وایە پێیان باش دەبێت. وەڵامی نەدایەوە، بەڵام راوێژکاری رۆژنامەنووسی کایاتۆپەری، کە زۆر جێی متمانەی بوو، بەرامبەری دانیشتبوو، سەرەتا نەخشەکەی بۆ کردبۆوە کە لەسەر عیراق بوو، سەیرێکی کایای کرد و کایا شتێکی نووسی.

پاش ئەوە، ئۆزال وتی تورکیا جۆرەها پێکهاتە و نەتەوەی تێدایە. لاز و چەچەن و تورک و کورد و نازانم چی و چی، وتی من داپیرەم کوردە، ئیتر گفتوگۆکەمان نزیکەی سەعاتێکی پێچوو، کایاش پێیوت کە رۆژنامەنووسی تر هەیە، بەڵام من زووتر وتم چاوپێکەوتنەکە بکەین، ئیتر نزیکەی ٢٠ دەقیقە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرد، بۆیە چاوپێکەوتنەکەمان ٩٠ دەقیقەی خایاند، کە چوومە دەرەوە رۆژنامەنووسەکان زۆر پێیان سەیربوو.

## ئامادەیی بەرەی کوردستانی

ئۆتێلەکەم هەر بەرامبەری ئوتێلەکەی ئەو بوو، ئەو عادەتەن لە ئۆتێلی سوپا دادەبەزی، چوومەوە ئوتێل چاوپێکەوتنەکەم نووسی و ناردم بۆ (الحیاة)، دەمزانی مام جەلال لە لەندەن بوو، تەلەفۆنم کرد و قسەم لەگەڵ کرد، وتم وەڵڵا مام جەلال من لە خۆمەوە شتێکی وام کردووە، بەس نازانم باش یان خراپم کردووە، وتی وەڵڵا زۆر باشت کردووەو ئەمە شتێکی زۆرباش دەبێت، پێیان بڵێ، بەناوی من و کاک مەسعود بارزانی رەزامەندین. ئەوکاتە بەرەی کوردستانی هەبوو، مام جەلال لە دەرەوە و کاک مەسعود لەناوەوە، بەرپرسی بوون.

دووەم رۆژ دەبووایە بگەڕێمەوە لەندەن، پێش گەڕانەوە و چوونە فرۆکەخانە، چوومەوە ئەوێ، بۆ ئوتێلەکەی ئۆزال کە لەوێ نەبوو، بەڵام ئەو ئەفسەرەی پێش رۆژێک لەوێبوو منی ناسیووە و پرسیم، وتی ئۆزال و کایا چوونەتە دەرەوە و جەولەیان هەیە، ئیتر منیش کاغەزی ئۆتێلەکەم لابوو لەسەر ئەوە نووسیم کە مستەر تاڵەبانی بە ناوی خۆی و کاک مەسعودەوە دەڵێت ئامادەین بۆ پەیوەندیی، وتم ئەگەر پێویستیش بوو وەڵامیانبدەنەوە

لەڕێگەی منەوە ئەوە ژمارە تەلەفۆنەکەی منە لە (الحیاة) و خواحافیز، خستمە زەرفێکەوەو لەسەری نووسیم (تایبەت).

## سەردانی جەنگیز چاندار

سەفەرم کردەوە بۆ لەندەن. ئیتر لەوێ مام جەلالم بینی و وتم حاڵ و مەسەلە وابوو، وتی لەوە دەچێت جددی بن، چونکە پێش ڕۆژێک یان هەمان ڕۆژ ڕۆژنامەنووسێکی تورکیش: جەنگیز چاندار، هاتبووە لامان، وتی ئەویش باسی ئەوەی کرد کە ئۆزال کراوەیەو ئەو شتانەی لەسەر ئۆزال دەیڵێی هەمان ئەو شتانەیە کە تۆش بە ئێمەی دەڵێی، دەبێت شتێک هەبێت، وەڵڵا ئیتر تەقریبەن پێنج تا شەش ڕۆژی پێچوو، لە (الحیاة) بووم، وتیان تۆیان دەوێت لە ئەنقەرەوە و دەڵێن مەکتەبی سەرۆکی کۆماری تورکیایە. کایا لەسەر خەت بوو، وتی کەسەرۆک ئۆزال ڕەزامەندە، بەڵام دەبێت جارێک نهێنی بێت و نابێت باسبکرێت، دوایی وتی دەمانەوێت بیان بینین و دیدارێک بکەین، بەڵام جارێک نازانین لەکوێ بیکەین.

*** جارێک هەر دیداری مەکتەبەکە بێت، نەک ئۆزال خۆی؟**

– نەیوت، هەر وتی سەرۆک ئۆزال ڕەزامەندە و دەبێت دیدارێک بکەین، من بە مام جەلالم وت. وتی زۆرباشە، لەپاشان وتی قسەمکردووە لەگەڵ کاک مەسعود، دەبێت من و کاک هۆشیار زێباری بڕۆین. پاش ئەوە کایا تەلەفۆنی کردەوە لەکوێ بیانبینین؟ لە ئەمستردام یان لە جێگەیەکی تر. وتم باشە بۆ دەگەڕێن، لە جێی تر دەعوەتیان بکەن، با بێنە ئەوێ، وتی ئەوە فکرەیەکی باشە، وتی باشە بابێن و کاتەکەیان دیاریکرا، بەڵام ئەو ماوەیە لام وایە مام جەلال دەچوو بۆ ئەمریکا لەوێ مەوعیدی چەند دیدارێکی بۆ دانرابوو، هۆشیاریش لام وایە دەچوو بۆ ریاز. وتیان باشە دەڕۆین و دوایی دێینەوە. ئیتر ئامادەکاریی کرا و باس لەوە کرا کە چۆن بڕۆن. دوایی کاک هۆشیار وتی ناتوانم بڕۆم، لەجێی من کاک موحسین دزەیی دێت. ئیتر من هەر ئامادەکاریم دەکرد و لەکۆتاییدا ئەوان وتیان دەبێت پێش ١٣ی مانگ بێن، چونکە ئۆزال جەولەیەکی هەیە و دەبێت سەفەربکات.

*** پێش ١٣ی مانگی سێ؟**

– پێش١٢ – ١٣ ی مانگی سێ، لام وایە هەشتی مانگ بوو، هەریەکە و لەلایەکەوە چووبوونە ئەنقەرە، لەوێ دیدارەکەیان کرد. بەو شێوەیە دەستیانکرد بەپەیوەندیکردن. تا ماوەیەک هەر لەڕێی منەوە پەیوەندییاندەکرد، پاش ئەوە هەتا ڕێککەوتن کە نوێنەریان هەبێت لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩١، ئیتر یەکێتی نوێنەری نارد و پارتی نوێنەری نارد.

چەند سەرچاوەیەکیش وردەکاری زیاتر لە سەر ئەم دەستپێکە دەدەن ( لە ڕۆژی ١١/ مارت/١٩٩١دا تاڵەبانی کربوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ ئۆزاڵ کرد، دواتر ڕایگەیاند لە تورکیاوە پشتگیری و سۆزی بۆ گەلی کورد دەستکەوتووە، پاش ئاشکرابوونی کۆبوونەوەکانی نێوان تاڵەبانی و سەرۆکایەتی کۆمار و حکومەتی تورکیا، کەناڵی ڕاگەیاندن بە سەرسامییەوە باسیان لەم ڕووداوە کرد، سەرۆکی گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری پەرلەمانی سلێمان دیمریل، ئەمەی بە «یاریکردن بە ئاگر» وەسفکرد و تۆمەتی خیانەتی دایە پاڵ ئۆزال، لە

بەرامبەردا سەرۆکی حکومەت یڵدرم ئاقبلۆت ئەوەی خستەروو» کوردی عێراق ئارەزووی پێکهێنانی دەوڵەتیان نییە ... (پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.. سەرچاوەی پێشوو ل٩٢).

## تورکیا و ناوچەی دژەفڕین

*** هەڵوێستی تورکیاش لە مەسەلەی ئاوارەکان و پشتگیری بڕیاری ٦٨٨ هەر لەو وتەیە بوو، کە ئۆزال باسیکردووە: حیمایەی کورد دەکەن؟**

- پێدەچێت، چونکە ئەو هەموو خەڵکەش چووبوونە سەرسنوور، ئیتر تورکیا رێی پێ نەدان کە بچنە ناو تورکیاوە، داوایدەکرد دەبێت شتێک بکرێت بۆیان، ئەوکاتە فەڕەنسا لە رێی برنارد کۆشنەرەوە لەگەڵ تورکیا پڕۆژە بڕیارێکیان پێشکەشکرد بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، کە بووە هۆکاری ئەوەی جۆن مێجەر داوایکرد ناوچەی دژەفڕین دابمەزرێت.

*** با بێینە سەر وێستگەی دووەم، کاک کامەران بیرۆکەی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە چۆن دروستبوو؟**

- ئەوە پەیوەندیی بە مام جەلال خۆیەوە هەبوو لەگەڵ تورکیا و نووسینگەی ئۆزال. دیسان لە (الحیاة) بووم و مانگی سێی ساڵی ١٩٩٣ چوومە دیمەشق. مام جەلال خۆی پەیوەندییکردبوو بە ئەنقەرەوە بۆ ئاشتی لەگەڵ پەکەکە.

*** لە دیمەشقەوە پەیوەندییکرد بە ئەنقەرەوە؟**

-بەڵێ، مەکتەبی ئۆزال ئاگای لەو پەیوەندییە هەبوو، مام جەلال لەگەڵ ئۆجەلان قسەیکرد و ئیقناعیکردبوو ئاگربڕبکات، قەناعەتیهێنابوو. لەوێ بۆ یەکەمین جار ئۆجەلانم بینی، هاتە ماڵی مام جەلال و یەکترمان ناسی. دووەم رۆژ چوومە لای بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەم بۆ (الحیاة).

***ئەمە پێش ئاگربڕەکە؟**

- بەڵێ، بۆ ئەوەی لەو چاوپێکەوتنەدا بڵێت ئاگربڕدەکەم و فیعلەن وابوو، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد.

## ئۆجەلان و دامەزراندنی فیدراڵی

*** هێشتا کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی نەکردبوو؟**

-نەخێر، بەڵام باسی فیدراڵی کرد و وتی ئێمە فیدراڵیمان دەوێت، واتە یەکێک لەو شتانەی کە ببێت با فیدراڵیی دابمەزریت. وتی: نیازم هەیە بەم زووانە بۆ ئەوەی کە نییەتباشی پیشانبدەم، ئاگربڕ رابگەیەنم. ئەوە بوو بۆ دووەم یان سێیەم رۆژ چووەوە بۆ لوبنان، بەهەمان شێوە منیش و مام جەلال-یش چووین، ئیتر لەوێ رایگەیاند.

*** لەو کۆنگرەیەدا کەمال بۆرقای و ئەحمەد تورکیش لەوێ بوون؟**

-نەخێر! ئەحمەد تورک و کەمال بۆرقای لەوێ نەبوون، ئاپۆ خۆی بوو، مام جەلال بوو، ژمارەیەک رۆژنامەنووسیش وەستابوون، من وەک رۆژنامەنووسێک وەستابووم، ئەو ئیعلانی

کرد کە بۆ ٢١ رۆژ ئاگربەست بکات. ئەوە بوو بەردەوامبوو هەتا مانگی پێنج کە تێکچوو، چونکە لە چالاکییەکی سەربازیدا سەربازی تورکیا کوژران.

## پێش کۆچی دوایی ئۆزال

*** دوای ئەوە ئۆزالت نەبینییەوە؟**

– ئۆزال پاش ئەوە کۆچی دوایی کرد، من چووم مەوعیدم هەبوو لەگەڵی بۆ ئەوەی ببینم، دیسان جەولەی هەبوو تەقریبەن دوو هەفتە. گوایە پاش ئەوە دێتەوە و ببینم، ئەو کاتە جەنگیز چانداریش وەکو راوێژکاری نارەسمی ئۆزال بوو بۆ پەیوەندیی لەگەڵ کورد و بابەتەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە جەنگیز نزیک بوو لێی، بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەناسی و لە لوبنان سی ساڵ ژیابوو، من و جەنگیز پەیوەندیمان زۆربوو، مەوعیدەکەم تێکچوو. ئۆزال لە سەفەرەکەی گەڕایەوە و لام وایە دووەم، یان سێیەم رۆژ بوو، وەفاتی کرد.

*** بەڕای ئێوە ئەگەر ئەو وێستگەیە نەپچڕایە، پێتوایە دەکرا مفاوەزات یان شتێکی رەسمی بکرێت؟**

– زەحمەتە بڵێی ئەبووە گفتوگۆ، بەڕای من ئەوکاتە هێشتا لە تورکیا بارودۆخ گونجاونەبوو، بەڵام هەوڵیدەدا، هەتا دەڵێن ئۆزال کۆتا شت پێش مردنی پرۆژەیەکی هەبوو، کە بیری لێ دەکردەوە و شتی نووسیووە و پلانی داناوە چۆن بەردەوامبێت لە مەسەلەی کورددا بۆ ئەوەی شەڕ نەبێت. ئەوە بابەتێکی سەرەکی بوو لەلای، بەڵام باوەڕناکەم ئەمە مانای ئەوە بێت مفاوەزات دەکراو شت دەکرا، چونکە بارودۆخ ئارام نەبوو. لە تورکیاش ئەوکاتە هێشتا سوپا هێزێکی سەرەکی بوون. ئۆزالیش ئەو ماوەیە دەسەڵاتی کەمببۆوە، چونکە لە هەڵبژاردن حزبەکەی دۆڕاندی. کە سلێمان دەمیرێل بووە سەرۆک وەزیران، لە پەرلەمان زۆر هەوڵیدا هەرچەند بتوانێت دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار کەمبکاتەوە و بیدات بە سەرۆک وەزیران، سەرکەوتووش بوو، چونکە پشتگیریی هەبوو لە پەرلەمان، ئیتر سەرکۆماریی بوو بەشتێکی رەمزی، دیارە دوایی دەمیرێل خۆی بوو بە قوربانی سیاسەتی کەمردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار، چونکە پاش ئەوە دەمیرێل بوو بە سەرۆک و دەسەڵاتی ئەوەندە نەمابوو، خۆی بوو بەهۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی نەمێنێت.

*** لەبیرمە ئەوکاتە لە (الحیاة) وتارێکت نووسی کە دەڵێیت زۆرجار عەرەبەکان دەڵێن عیراق حوکمی زاتی داوە بە کوردەکان، بەڵام نازانێت ئێستا کرانەوەیەک لە تورکیا هەیە، دایکی ئۆجەلان دەچێتە سەر قەبر و خەڵک دەستی دایکی ماچدەکات؟**

–بەڵێ لەو هەڵبژاردنەی ساڵی ١٩٩٢ کورد رێژەیەکی کورسی پەرلەمانی هەبوو. لەیلا زانا و پەرلەمانتارەکانی کورد لەگەڵ حزبی سۆسیالست، واتە حزبەکەی ئیردال ئینینۆ هەڵبژاردنیانکرد و بردیانەوە و ٢٣ کەسیان بوون بە نوێنەر و لەپەرلەمان کوتلەیان پێکهێنا، ئیتر ئەوەبوو بوو بە بەزم. لەیلا زانا رەتیکردەوە کە بە تورکی قسەبکات و سوێند بە وەلائی بۆ ئەتاتورک بخوات، بەڵکو بە زمانی کوردی جوملەیەکی وت و بوو بە بەزم، پاش ئەوە گرتیان و حەپسکران و رێگریان لێ کرا کاری سیاسیی بکەن.

هەر لەسەرەتاوە دەموت لە تورکیا ئەگەر کرانەوە رووبدات زووتر دەتوانن کێشەی کورد چارەسەربکەن. ساڵی ١٩٨٩ لە تورکیا کەس نەیدەوێرا بڵێت من کوردم، کەس نەیدەوێرا بە زمانی کوردی قسەبکات، بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ بەسێ ساڵ، کە ماوەیەکی کەم بوو، ٢٣نوێنەری کورد کوتلەیان پێشکەشکرد، بۆیە بەردەوام دەموت کلیلی مەسەلەی کوردی لە تورکیایە، تورکیا زۆر گرنگە.

*** دەوترێت ئەوکاتە فکرەیەک باسکرا لەگەڵ مام جەلال، گوایە ئۆزال باسیکردووە کە تورکیا لەگەڵ کوردستانی خۆمان فیدراڵییەتێک دروستبکەن، ئەوە تا چەند وابوو؟**

– باس نەکرابوو، بەڵام قسە بوو و دەکرا.

## فیدراڵی بۆ کوردی تورکیا

*** هەروەکو بیرۆکە دەگۆڕدرایەوە و باسدەکرا؟**

– وەکو ئەفکار، قەت باس نەکراوە لەنێوان مام جەلال و ئۆزالدا. ئەو فکرەیە باس نەکراوە، مام جەلال خۆی هەندێک جار ئەوەی بە ئەفکار دەوت، بەڵام ئەوەندی من بزانم ئەوە باس نەکرابوو، ئۆزال خۆی ئەفکاری هەبوو، کە تورکیا خۆی ببێت بە فیدراڵی.

*** واتا فیدراڵی بۆ کوردی تورکیا؟**

– نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو تورکیا ببێت بە دەوڵەتێکی فیدراڵی، زۆر ئەفکاری هەبوو، ئۆزال کە باسیدەکرد، هەندێکجار تەرحیدەکرد و وەکو شۆکێک دەبوو لە کۆمەڵگەی تورکی، ئەو ئسلوبەی هەبوو، بەڵام هەتا رادەیەک سنوور هەبوو، نەیدەتوانی لەوە زیاتر بڕوات.

*** بەڕای تۆ ئۆزال لەو چەند جارەی کە بینیوتە و ئەفکاریت خوێندۆتەوە، ئەفکاری عوسمانی نوێی هەبووە، وەک بڵێی ئەو باوکی رۆحی ئەو مەسەلەیە بووبێت. راستە پارتی داد و گەشەپێدان ئێستا باسیدەکات؟**

– ئەو باسیکردووەو لەگەڵ منیش قسەیکردووە، بەڵام بڵاونەکراوەتەوە، عوسمانی تازە نەک بە مەفهومی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بە مەفهومی جوگرافی و هەژموون، بەڵکو بە مەفهومی ئەوەی ئەیوت تورکیا دەتوانێت ببێت بە نموونەیەک بۆ هەموو ناوچەکە، نموونەیەکی دیموکراتی فرەیی، کرانەوە و لێبوردەیی، نموونەیەک بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی لاساییبکەنەوە، ببێت بە مەشخەڵێک، ئۆزال ئەفکاری وابوو، نەک بەمانای ئەوەی هەمووان ببنەوە بە بەشێک لە دەوڵەتێکی عوسمانی، سەبارەت بەم ئاڕاستە تازەیەش لەناو داد و گەشەپێدان، تەقریبەن شتێکی وایان هەیە. ناڵێن ئەمە عوسمانلی تازەیە، بەڵام عەمەلییەن وایە.

*** جۆرێکە لە هێزی نەرم؟**

– بەڵێ وادەکەن، کرانەوە پەیڕەودەکەن و ئەوەی داود ئۆغڵو باسیدەکرد و دەیوت زیرۆ کێشە لەگەڵ دراوسێکان. جا بەو سیفەتەی کوردی عیراقیش دراوسێی تورکیان، دەبێت لەگەڵ کوردی عیراقیش کێشە نەمێنێت، ئۆزال زیاتری دەوت. دەیوت خزم، دەیوت کوردی عیراق خزمن لەگەڵ کوردی ئێمە، مانای ئەوەیە خزمی ئێمەشن، چونکە کوردی ئێمە

بەشێکن لە میللەتی تورکیا. ئەوانەش خزمن وەکو چۆن تورکی بولگاریا لە کاتی خۆی کە بوو بەکێشە و هاتنە سەر سنوور. بەهەمان شێوە ئۆزال وتی تورکی بولگار خزمی ئێمەن، چونکە ئێمە تورکین و ئەوانیش تورکن، لەگەڵ کوردیش دەڵێت ئەمانیش خزمی بەشێکن لە میللەتی تورکیا، بەو جۆرە باسیدەکرد، داود ئۆغلۆش دەیوت (زیرۆ کێشە) لەگەڵ دراوسێکان، کورد دراوسێمانە و دەبێت لەگەڵ کورد کێشەمان نەبێت.

## پەکەکە و قەندیل و بەدەپە

*** پێتوایە ئەم پرۆسە ئاشتییەی ئێستا هەیە لەنێوان پەکەکە و قەندیل و بەدەپە لەلایەک و حکومەتی تورکیا لەلایەکی تر سەربگرێت؟**

– من گەشبینم بەوەی سەربگرێت، بارودۆخەکە ئێستا لەبارە ، زۆر بەڵگە هەیە کە تورکیا ئەمجارە جدديە لەسەر ئەو بابەتە. ئەردۆگان پرۆژەی زۆری هەیە بۆ ئەوەی تورکیا بکاتە دەوڵەتێکی گەورە لەم ناوچەیەدا، لە ڕووی ئابوورییەوە سەربکەوێت، پلانی هەیە هەتا بۆ ساڵی ٢٠٢٣ تورکیا چی بکات. ٣٠ ساڵی تر تورکیا دەبێت بە هێزێکی گەورەی ئابووری، پرۆژەی هەیە تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی ببات و بەردەوامیش دەڵێت بەبێ چارەسەری مەسەلەی کورد تورکیا ناتوانێت ئەو شتانە بکات، چونکە دەبێت ئاشتی هەبێت و هەموو ئەم کێشانە چارەسەربکرێن. خۆشمان دەبینین ئێستا مەسەلەی کورد لە تورکیا چەند گەشەیکردووە، تورکیا ماوەیەکی زۆر دەیوت ئۆجەلان تیرۆریستە، بە یاسا ئێستاش تیرۆریستە، پەکەکە تیرۆریستە، بەڵام گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دەکات، هەرچەندیش مام جەلال پێیدەوتن، کاک مەسعود بارزانی پێیدەوتن کە بیانەوێت کێشەکە چارەسەربکەن، دەبێت بەشێوەیەکی سیاسی بێت و لە چوارچێوەی ئەوەدا لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆبکەن. کە لەگەڵ مام جەلال بووم لە تورکیا بەردەوام دەیوت، ئەگەر بتانەوێت چارەسەری کێشەکە بکەن، دەسەڵاتی سەرەکی ئۆجەلان خۆیەتی، دەبێت لەگەڵ ئەو قسەبکەن، ئێستا تورکیا هاتۆتە سەر ئەو بڕوایە، کە فیعلەن دەبێت لەگەڵ ئەو گفتوگۆ بکەن، ئیتر چۆن دەبێت؟ نازانین، ئەمە سەرەتایە و نازانین چۆن گەشەدەکات؟ بەڵام بە دووری نازانم بە تەدریجی ببێت بە مفاوەزات، چونکە هەتا ئێستا مفاوەزاتی ناڕاستەوخۆیە، واتە ئەوە نییە دوولایەن دابنیشن لەسەر مێزێک، بەڵام دوورنییە ئەوەش ببێت.

*** واتە ئێستا چارەسەری عەمەلی نییە؟**

– من بڕوام وایە ئەم پرۆسەیە ناوەستێت و بەردەوامدەبێت، دەبێت هەردوولا هاوکاربن و قسە و مفاوەزە بکەن، چونکە بەئینگلیزی تەعبیرێک هەیە سەما بە کەسێک ناکرێت، بەڵکو بە هەردوولا دەکرێت. ئەو کاتە تورکیا یەک کێشەی کوردی هەبوو لەگەڵ پەکەکە، دیارە لەم ماوەیەی دواییدا بوو بە دوو کێشە، کوردی سوریاش.

*** لەگەڵ کوردی سوریاش؟**

– بوو بەدوو کێشەی کوردی، بەڵام ئەگەر ئەمە چارەسەربکات، لەوێش بارودۆخی باشتردەبێت و هەردوو کێشەکە چارەسەردەبێت، چونکە کوردی سوریاش زیاتر لایەنگری

پەکەکەن. واتای ئەوانیش کەسب بکەن و کوردی سوریاش مومکینە، ئەوکاتە هەڵوێستێک لەگەڵ پەکەکە وەربگرن کە زیاتر دژی ئەسەد بن، بۆ تورکیا ئەو لایەنەشی هەیە .

*** ئەی کاریگەریی دەکاتە سەر کوردی عیراقیش؟**

– بەدڵنیاییەوە، چونکە کوردی عیراق رۆڵی هەیە و بەردەوام دەڵێن تورکیا داوامان لێ بکات یارمەتیدەدەین. ئەوەندە شت گۆڕاوە، ئەوسا قەدەغەبوو کوردی عیراق تەدەخول بکات لە کاروباری کوردی تورکیا، ئێستا تورکیا دەزانێت و رەزامەندیشە لەسەری، لەگەڵ کوردی سوریا دێنە ئێرە و هاوکارییەکەن و کۆنگرەدەکەن، بۆیە رۆڵی کوردی عیراق رۆڵێکی هاوکارە، ئەگەر لە تورکیا و سوریا کێشەی کورد چارەسەربکرێت، لە بەرژەوەندیی کوردی عیراقیشە. چونکە پاش پێنج یان دە و پانزە ساڵ نازانم چی دەبێت لە ڕووی جوگرافییەوە و بارودۆخی تر دەقەومێت. مومکینە لە تورکیا شتێک بێت، لە سوریا شتێکی تر و لە عیراقیش شتێکی تر بێت، رێکبکەون و فیدراڵیی هەبێت، واتە هەموو ئەگەرێک کراوەیە، بەڵام ئەوەی ئەکیدە ئیتر ئەم ناوچەیە ناتوانن دەوری کورد پشتگوێبخەن، قەناعەتیش پەیدابووە بەبێ چارەسەرێکی وا کە کورد پێی رازیبێت و تورکیاش رازیبێت، ئەم ناوچەیە ئیسراحەتی تێدا ناکرێت.

## پەراوێزێکی تر بۆ فیدراڵییەکەی ئۆزاڵ

خراپ نییە لە پەراوێزی بە سەرکردنەوەی هەڵوێستی ئۆزاڵ لە بارەی فیدرالیزەکردنی تورکیا و بگرە پەیوەستکردنی کوردستانی باشوور بەو فیدراڵییەوە ئاماژە بە زانیارییە دزەپێکراوەکانی ئەو دەمە بکەین. کتێبی (ترکیا و کوردستان العراق –الجارین الحائرین) لە نووسینی توێژەر بەیار مستەفا سەیفەددین چڕکراوەیەکی پوخت و ریزبەندکراوی هەڵوێستەکانی ئەو دەمەی یاداشتکردووە:

(پاش داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە، لە ساڵی ١٩٩٠دا، تورکیا هەڵمەتێکی پروپاگەندەی چالاک و بەرفرەی بەخۆوە بینی بۆ قۆستنەوەی رووداوەکان بە ئاراستەی گێڕانەوەی مووسڵ و کەرکوک کە تا ئێستاش لە تورکیا باس لە «تووركبوونی» ئەو ناوچانە دەکرێت.

بەرپرسانی تورک، لە سەروبەندەی قەیرانی کویتدا، لە رەوشی ئەو شەپۆلە دوورنەبوون کە وتار و لێکۆڵینەوە رۆژنامەوانییەکانی سەرجەم رۆژنامەکانی تورکیا سەبارەت بە کێشەی مووسڵ و کەرکوک، خولقاندبوویان. ئەوی ئەو بۆچوونەی بەهێزترکرد، بڵاوبونەوەی ئەوی پێیدەوترێ «نەخشەی ئۆزال»بوو لە پایزی ساڵی ١٩٩٠دا، کە بەپێی ئەو نەخشەیە عیراق بۆ سێ وڵاتۆکەی عەرەبی و کوردی و تورکمانی لە چوارچێوەی یەکێتی فیدراڵیدا دابەشبکرێت، هەروەها ئەوەی کە سەرۆکی تورکیا زاراوەی«گەلانی عیراقی» بەکارهێنابوو. جا ئەگەر ئۆزال ئارەزووی دابەشکردنی عیراق بکات بۆ سێ وڵاتۆکە، ئەوە بۆ ئەوەیەتی ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی«فیدرالی ئۆزالی» بکات، کە لکاندنی باکوورە کوردییە تورکمانییەکەی عیراقیش بۆ سەر تورکیای بەدواوەبێت و فیدراڵییەکی تورکی —کوردی دابمەزرێت. بەوە

ئەیویست بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێت: یەکەمیان زامنکردنی سەرچاوەیەکی زۆری نەوت بۆ تورکیا، کە نەوتی نییە. دووەمیش: زیاترکردنی رۆڵی میحۆری تورکیا وەک هێزیەکی گەورە لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. جەنگیز چاندار رۆژنامەنوسی بەناوبانگی تورکیاو کەسایەتی نزیک لە ئۆزال، لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتدا ساڵی ١٩٩١دا ئاشکرایکرد، سەرۆک ئۆزال سەرقاڵی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیکۆمێنتە تایبەتەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەیە، کە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥و یەکێکیان باس لە پێویستی گەرانەوەی ویلایەتی مووسڵ دەکات بۆ سەر تورکیای «وڵاتی زۆر سەقامگیر و بەهێزی ئابووری». دانیشتوانە غەیرە عەرەبەکانی وەک کورد و تورکمان وکلدان و ئێزدییەکان حوکمی تورکیان پێ باشترە تا هی عەرەب. ئەمانە هاوکات بوون لەگەڵ ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانیانەی باسیان لە رێککەوتننامەی نهێنی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەکرد، سەبارەت بە پێدانی کەرکوک وموسڵ بە تورکیا... (بیار مصطفی سیف الدین، ترکیا و کوردستان، الجارین الحائرین.. سەرچاوەی پێشووتر، ل ١٨٦-١٨٧).

ئەگەرچی ئەم بیرۆکانە نەچوونەوە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەگشتی هەلومەرجی پەیوەندی باشوور و تورکیایان دابینکرد، ئەمەش لەو کاتەدا مام جەلالی هاندا کە بە خوێندنەوەی هەلومەرجی دژایەتی سەدام لە ئاستی دونیادا بە هەڵوێستێکی قایمترەوە بەرەنگاری ئەگەری رێککەوتن لەگەڵ رژێمی سەددام لە دانووستاندنی نێوان بەرەی کوردستانی و بەغدا ببێتەوە. لەو رێککەوتنەدا بەعس باسوخواسە سەرەکییەکانی کوردی نەدەسەلماند بۆیە (لەم کاتەدا لەمیانەی کۆنگرەی ئینتەرناسیۆناڵ لە تورکیا، کە لە ناوەراستی مانگی ئەپریل بەرێوەچوو، ئۆزاڵ بەئاشکرا پەیامێکی دایە تاڵەبانی، کە سەددام حسێن کەسێکی دیکتاتۆرە و جێگای متمانە نییە.

لێرەوە تاڵەبانی گەیشتە ئەو بروایەی پێویستە بەرێوەچوونی دانوستانەکان بە سەرپەرشتیاری نەتەوەیەکگرتووەکان و لەژێر سایەی بریاری ٦٨٨ بێت تا عیراق بە جێبەجێکردنی پابەندبکات... پەیوەندییە سیاسییەکانی... سەرچاوەی پێشوو ل٩٦).

رژێمی سەددامیش هەر لە رێی تارق عەزیزی گەورەی دیبلۆماتکارەکانی خۆیەوە کەوتە کێبرکێی تاڵەبانی لەسەر گۆرەپانی تورکیا (عیراق هەستی بە کاریگەری بۆچوونەکانی ئۆزاڵ بە سەر تاڵەبانی دا دەکرد، لەم پێناوەدا جێگری سەرۆکی حکومەتی عیراقی تاریق عەزیز لەسەرەتای یۆلیۆی ١٩٩١دا سەردانی ئۆزاڵ-ی کرد، لەوە ئاگاداریکردەوە ئەگەر تورکیا دەستبەرداری پشتگیریکردنی کورد نەبێت، ئەوا عیراق ئۆتۆنۆمییەکی گەشەندوویان دەداتێ. هەروەها پێشنیاریکردبوو، ئەگەر کورد لە دانوستانەکانی بەغدادا لەسەر داواکارییەکان پێداگیری بکەن، ئەوا تورکیا هاوکاریی عیراق دەکات لە سەرکوتکردنی کورد. سەدام حسێن لەم کاتەدا ئەوەی لە رۆژنامەی میللیەت-ی تورکی بڵاوکردەوە، کورد دەیەوێت دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، کە سنوورەکەی ناوچە نەوتییەکانی کەرکوکیش دەگرێتەوە، ئەمە پەیامێکی ئاگاداری و هەرەشەکردن بوو بۆ تورکیا لەلایەن رژێمی عیراقەوە، مەبەستی سەرەکیش کێشکردنی تورکیا بوو بۆ ناو رێککەوتننامەیەک لە رواڵەتدا لە رێککەوتننامەکەی

جەزائیر ١٩٧٥ بچێت و لە ناوەڕۆکیشدا ڕەشەکوژکردنی کورد و بزووتنەوەکەی بێت، بەڵام لە بەرامبەردا هەڵوێستی ئۆزاڵ بە هیچ جۆرێک وەڵامدەرەوەی بۆ پێشنیار و هەڕەشەکانی ڕژێمی عیراقی نەبوو، چونکە نە کێشەی کورد لەئاستی ١٩٧٥دا بوو لە رووی هێز و دیبلۆماسیی و پشتگیری نێودەوڵەتیی، نە عیراقیش دەوڵەتێکی بەهێز و خاوەن ناوبانگی باش و بەڵێن و پەیمان بوو لە بەرامبەر دراوسێکانی... (پەیوەندییە سیاسییەکانی... سەرچاوەی پێشوو ل٩٧-٩٨).

ئەم دۆخە بوو کە وای لە سکرتێری گشتی ی. ن. ک کرد هەڵسەنگاندنی نوێ بۆ وەرگۆڕانەکانی دەوڵەتەکەی ئۆزال بکات و بەدەوڵەتێکی دۆسێی کوردی بناسێنێت، وەکو نادر ئینتیسار نووسیویەتی (تاڵەبانی لە ڕاگەیاندنێکی سەرنجڕاکێشدا لە تورکیاوە پێشنیازیکرد کە تورکیا دەورێکی زۆر چالاکانە دەبینێ لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراقدا...(نادر ئینتیسار- ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی- وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٤، سلێمانی، ل٢١٦).

هەر ئەوکاتە وتی (کوردەکانی عیراق لەوانەیە بخوازن بچنە پاڵ تورکیا.. القضية الكردية في تركيا هنري پاركي وأخرون: وەرگێڕانی هەڤاڵ، بنکەی تۆژینەوە ل١١٤).

دەورانێکی زۆری ویست تا لە دەمی حکومەتی داد و گەشەپێداندا بناغەی پەیوەندی باشوور و تورکیا بخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەی فراوانی دەورانی ئۆزال- تاڵەبانی.

مام جەلال خۆی لەسەر ئەو ماوە سەرنجاکێشە دەڵێ: (لەبیرمە کە فیدراڵی جاڕدا من لە ئەڵمانیا بووم. ئاژانسی ئەنادۆڵ لێی پرسیم وتم ئێمە پشتیوانی بیرۆکەی ئۆزال لەسەر فیدراڵی دەکەین. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بەیانێکی دەرکرد. ئەوەی تێدا هاتبوو کە تاڵەبانی لە مەبەستی سەرۆک ئۆزال تێنەگەیشتووە. کە چوومە تورکیا، ئۆزال پێیوتم تۆ باشتر لە وەزیری دەرەوم لە مەبەستی من گەیشتی. ئۆزال لەگەڵ ئێمە باسی فیدراڵییەکی کوردی بۆ کوردستانی عیراق نەکردووە... من لەو کەسانەم پێمابوو و ئێستاش پێمایە کە ئۆزاڵ بیرۆکەی وەرگرتنەوەی ویلایەتی موسڵی هەبوو بۆ تورکیا... لە دیداری ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە ڕیاز، خاوەن شکۆ میر عەبدوڵڵا (دواتر بووە شای سعودیە) پێیوتین: ئۆزال هاتە لامان و پێیوتین کە ئامادەن بەسوپای خۆیان کوێت رزگاربکەن، بەمەرجێ ویلایەتی موسڵ ببەن. پێیوتین، پێموت: نا، نا، نا!..

شەخسی خۆم کاتێک پێش رزگارکردنی کوێت سەرۆک حافز ئەسەدم بینی، پێموت ئەگەر سەرۆک بوشت (بوشی باوک، نووسەر) بینی قەناعەتی پێ بکە سوپای تورکیا دەستوەردان نەکات. چونکە ترسی ئەوە هەبوو ئەگەر سوپای تورکیا تەدەخولبکات ناکشێتەوە. هەرچی باسکردنی رەسمیی یان تەنانەت ناڕاستەوخۆش، بۆ فیدرالییەکی کوردی عیراقی لەگەڵ تورکیا، ئەوا رووینەداوە (عبر فضائية L.B.C اللبنانية، هيئة تحرير صحيفه النهار تحاور مام جلال، منشورات الاتحاد، ١٩٩٨ السليمانيه ل١٥-١٦).

مردنی ئۆزال مردنێکی (ئەمریکایی) بوو، یانی لە شێوەی مردنی جۆن کنیدی سەرۆکی وڵاتەیە کگرتووەکانی ئەمریکا کە تائێستا نەزانراوە، یان نازانرێت کێ تیرۆریکردووە؟

بۆیە وەک چۆن مەرگی کنیدی بووە ئەنگێزەی چەندین فیلمی هۆلیۆدی، مەرگی ئۆزالیش بۆتە بابەتی فیلمێکی ئەکشنی تورکی بەناوی گلادیتۆر، کە دەخوازێ وای دەربخات ئۆزال جۆرێک ئاڵوگۆڕی مەسجی هەبووە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سەرەنجام دەوڵەتی قووڵ پێی زانیووە، بۆیە مەرگێکی نادیاری بەنسیببووە، وەک دەیان چیرۆکی بکوژی نادیار لە تورکیای نەوەدەکاندا.

## تاڵەبانی و ئۆجەلان

# بیرەوەرییەکانی بەیروت

بابەتێکی جێی خرۆشان و هەستی هەمەجۆری مرۆییە، کە ببینێت بیرۆکەیەک لەسەر زەمینی واقیع دەجولێ و دوو لە خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئەم بیرۆکەیە، هەر یەکەیان بە هۆکارێکی جیا، لێکدابڕاون و لە سەرپەرشتی راستەوخۆی هەنگاوەکانی بیرۆکەکەش دوورن.

دوو کەسایەتییەکە تاڵەبانی و ئۆجەلانن و بیرۆکەکەش ئاشتییەکی بە روومەتە لە باکووری کوردستان. ئاشتییەک کە ئاشتبوونەوەیەکی راستەقینە لەنێوان دوو نەتەوەی دێرینی ناوچەکە بێنێتەدی و رێگا بۆ ماف و ئازادییەکانی کوردیش بکاتەوە.

نها تاڵەبانی چەند مانگێکە بیماری خەستەخانەیە لە وڵاتی ئەڵمانیا و ئۆجەلانیش لە دورگەی ئیمرالی زیندانی ژمارە یەکی وڵاتی تورکیایە و چواردە ساڵە ئازادی لێ زەوتکراوە.

بەو حاڵەشەوە مادام بیرۆکەکانیان لەسەر ئەرزی واقیع دەجولێ کە وابێ چارەنووسی ئەم دوو سەرکردەیە، سەرەڕای غیابی کورت و درێژیان لە کایەکە، چارەنووسێکی گەشبینترە لە چارەنووسی بەشی زۆری ئەندامانی یانەی سەرکردایەتی کورد:

هەموو ئەزانین دیرۆکی سەرکردایەتی لە مێژووی کورددا زیاتر دیرۆکی خەمباری تیاچوون و سەرنانەوەیە لە مەنفا تا ئەوەی دیرۆکی بەخت و ئیقبال بێت. دەفتەرەکانی مێژوو دەوربکەینەوە:

لە کتێبەکەی (د.عەزیز شەمزینی- جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان- وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان)دا هەندێک چارەنووسی ناخۆش وەردەگرین:

* میر بەدرخان- لە جزیرە و بۆتان- (١٨٢١-١٨٤٧)

دوای پێکدانێکی خوێناوی و زیانێکی زۆر، میر و پاشماوەی هێزەکەی دەستگیرکران. بەم شێوەیە دوایی بەو جوڵانەوەیە هێنرا و میر رەوانەی ئەستەمبۆڵ کرا. لەم سەروبەندەدا بەبۆنەی سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەوە مەدالیای (شەڕی کوردستان)، کە دەوڵەتی تورکیا دەریکردبوو، بەهەموو ئەو کەسانە درا کە لە شەڕەکەدا بەشداربوون...ل٧٨.

* محەمەد پاشای رواندزی- ١٨٢٦

دوای چەند شەڕێکی خوێناوی هێزەکانی تورکیا محەمەد پاشایان دەستگیرکرد و بۆ ئەستەمبۆڵیان نارد و لەوێ بڕیاری خنکاندنی دەرچوو لە سیواس لەسێدارەدرا...ل٧٩.

* یەزدان شێر لە جزیرە و بۆتان-١٨٥٣

یەزدان شێر باوەڕی بە بەڵێنی کۆنسوڵی ئنگلیز لە مۆسڵ و روسیا نەکرد و بەرەو

موسڵ کەوتەڕێ. کۆنسۆڵ لە باتی ئەوەی وتووێژی لەگەڵ دا بکات و چارەسەرێک بۆ گیروگرفتی کورد و تورکیا بدۆزێتەوە، بەڵێنی خۆی شکاند و یەزدان شێری گرت و رەوانەی ئەستەمبۆڵی کرد... ل٨١.

* شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی ١٨٨٠-١٨٨١

ساڵی ١٨٨١ دوای وتووێژ و کۆششێکی زۆر، دەوڵەتی روسیای تزاری و دەوڵەتی ئنگلیز شێخ عوبەیدوڵلایان گەیاندە ئەو بڕوایە، کە پێویستە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شێخ سەردانی ئەستەمبۆڵی کرد، بەڵام دەوڵەتی تورک لە بریتی ئەوەی وتووێژی لەگەڵدا بکات، گرتی و زیندانیکرد. شێخ ساڵێک لە زیندان مایەوە تا هەلێکی بۆ هەڵکەوت و لە ڕێگای کافکاس-ەوە رووی کردە کوردستان، بەڵام هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران دەرفەتێکی وایان پێ نەدا کە بتوانێ بە ڕێکوپێکی پەیوەندی بە لایەنگرانییەوە بکات و سەرلەنوێ ڕێکیان خاتەوە. ساڵی ١٨٨٢ شێخ دیسانەوە گیرا و ئەمجارە لەگەڵ سەد خێزانی کورد بۆ حیجاز دوورخرایەوە...ل٨٦.

* شێخ سەعیدی پیران

لە ساڵی ١٩٢٥دا شێخ عەبدولقادر (کە گەورەترین کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو) گیرا و دەوڵەتی تورکیا بە تاوانی سەرۆکایەتیکردنی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لەسێدارەیدا...ل٨٧. پاش لێپرسینەوەیەکی کارتۆنی، دادگای کەمالیستی بڕیاری خنکاندنی ٩١ تێکۆشەری دەرکرد، کە لە سەرووی هەموویانەوە شێخ عەبدولقادر بوو.

تێکۆشەران لە شاری دیاربەکر لە گۆڕەپانی بەردەمی مزگەوتدا هەڵواسران.. ل١٢١

پاشان لە رۆژی ٢٧-ی حوزەیراندا دادگای کەمالیستی پاش لێپرسینەوەیەکی کارتۆنی بڕیاری خنکاندنی پۆلێکی تری تێکۆشەرانی کوردی دەرکرد. ئەو پۆلە کە ٤٨کەس بوو لەو تێکۆشەرانە پێکهاتبوو: شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵڵا، شێخ سمایل، شێخ عەبدوللەتیف، قاسم بەگ، حاجی خالد، چەرکەس رەشید، مەلا ئەمین، شێخ عەلی، یوزباشی فەخری، لیوتینان محەمەد شەهری، حاجی سادق و هیتر، ئەو تێکۆشەرانەش وەک ئەوانەی پێشوو لە شاری دیاربەکر هەڵواسران...ل ١٢٢.

تا ئێرە هی کتێبەکەی شەمزینی بوو، چارەنووسی ئەوانیتریش ببینیت.

جەنەڕال و دیپلۆمات شەریف پاشای خەندان، کە لە گۆنگرەی پاریسی ساڵی ١٩١٩ بەدوای تەختی شانشینی کوردستانەوە بوو، ساڵی ١٩٥١ لە ئیتالیا مرد و زاواکەی ئەو وەسێتەشی جێبەجێنەکرد کە خۆڵەمێشی لاشەی بێ وڵاتیی بەسەر دەریادا پەخشبکرێت.

جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی ناکامی شۆرشی ئارارات لە تاران بندەستی محەمەد رەزا شا بوو، دوای ئەوەی باوکی، رەزا شا، ناپاکی لەگەڵدا کرد و ئاریاییبوونی بە ئیعجابی چاولێکردن لە نموونە غەربزەدەییەکەی ئەتاتورک گۆرییەوە. تا ساڵی ١٩٧٦ ئەم سەرکردە خوێندەوارە بە ماتۆڕ گیانی سپارد.

سەید رەزای دەرسیم لە تەمەنیی (٧٥) ساڵیدا (ساڵی ١٩٣٧) لەسێدارەدرا، ئینجا دڵی

مستەفا کەمال ئاوی خواردەوە و سەر ڕەحەت لە ساڵی ١٩٣٨دا مرد. گوایە ئیتر کورد و کوردستانی بە مێژوو سپاردووە.

قازی محەمەد لە مەیدانی چوار چرا خۆی و هاوڕێکانی و کۆمارە بەهارییەکەی لە پەتی زوڵم شەتەک دران.

مەلیک مەحموودی قارەمان، یان وەکو عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەیوت: مەحمود بەرزنجی، ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدای داگیرکەری موڵک و مەملەکەتەکەی، بەخەم و خەفەتی بێ بەڵێنی ئینگلیزەوە سەری نایەوە.

مەلا مستەفای بارزانی لە مەنفا فەوتیکرد و شۆڕشێکی چواردە ساڵی بەبێ بەڵێنی کیسنجەر سپارد، بەری ئەوەش دوانزە ساڵ لە مەنفای سۆڤێتی ١٩٤٦–١٩٥٨ تالاوی مەیلی شۆڤێنی باقرۆف و ستالینی چەشت.

سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٣٠ و دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٨٩دا. عەبدولرەحمان قاسملووش «چوونە سەر خوانی مردن» بەپێی وەسفەکەی شاعیر شێرکۆ بێکەس، سێ ساڵ دوای ئەویش، د. شەرەفکەندییش تیرۆرکرا.

تاڵەبانی ڕێرەوی چارەنووسەکەی گۆڕی، وەکو زۆر شتی دیکەی لەناو کوردایەتییدا گۆڕی، ئەو بزووتنەوەی شۆڕشی نوێی بەچەند قۆناغێک گەیاندە سەرکەوتن: قۆناغێک ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان، قۆناغێکیش ڕووخانی حوکمی بەغدا و پێ سەلماندنی دەستوورییانەی ئەوی لە ساڵی ١٩٩١ەوە بۆ کوردستان دابینبووە. بۆ دڵنیایی زیاتریش لەگەڵ ململانێکاریی سی ساڵەی بزووتنەوەکەی، مەسعود بارزانی ڕێکەوت، کە سەرۆکایەتی کۆماری عیراقی فیدراڵ لای ئەم و ئەمانەتی سەرۆکایەتی کوردستانیش لای بارزانی بێت.

ئەمێستا لە پشووی جەنگاوەرانەی خۆی ویژدانیی ئاسوودەیە کە بۆ کورد و کوردستان و بۆ دیموکراسیی لە عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تۆڵەی سەرکردەکانی ڕابردووشی کردۆتەوە و الایام دول.

هەرچی ئۆجەلانە ئەوا ئەگەرچی چواردە ساڵە لە بزووتنەوەکەی و میللەتەکەی دوورخراوەتەوە، بەڵام ئەو توانی ئەم شکستە بە سەرکەوتن بگۆڕێتەوە و ئەم زیندانە بکاتە کامپ دیڤیدێک بۆ ئاشتی و دیالۆگ و بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی نەک هەر کورد، بەڵکو تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. ئۆجەلان ئەم زیندانەشی هەروا کردۆتە ئەکادیمیای تێڕامانی ڕەخنەگرانە لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەکەی و ماجەرای سیی ساڵی ڕابردووی، خۆی بۆیە دەزانێت لەو کاروانەدا هاوڕێ و هاوکاری هەبوون. دیارترین هاوکاری ئەم کاروانەش مام جەلال بوو، کە لەگەڵی کۆک و ناکۆک دەبوو.

(هیوادارم سەرۆک تاڵەبانی بە تەندروستییەکی باشەوە بگەڕێتەوە و ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆی ببینێت، کە زیاتر لە ١٦ ساڵە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتییە لە کوردستانی باکوور تا کوردی باکوور بە مافەکانی خۆی بگات). ئەمە بەشێکی نامەی ئۆجەلانە بۆ مام جەلال وەک محەمەد ئەمینی پێنجوێنی لە دیداری هیرۆخاندا ڕایگەیاند. ئۆجەلان لە نامەکەیدا باکراوندێکی دۆستانەش دەداتە پەیوەندیی نێوان خۆی و مام جەلال، هی ئەو دەمەی لە

لوبنان و شوێنەکانی تر پێکەوە یادەوەریی هاوبەشیان زۆرە، لە مەسەلەی کورددا پیکەوە هاوڕابوون و هەریەکەیان لەڕێی خۆیەوە (بێگومان هەر یەکەشیان بە شێوازی خۆی) کاریان بۆ چارەسەری پرسی کورد کردووە.

## شێوازی جیا بۆ یەک ئامانج

ئاماژەکەی ئۆجەلان وەبیرهێنانەوەی ڕۆژگاری پێکەوە ناسینی یەکێتی و پەکەکەیە، زەمانیکە کە هەڤاڵ پیرۆت هەڤاڵ عەلی ناسی و لەوێوە بە سورییەکان و فەلەستینییەکان و هەندێک لە بزووتنەوە چەپخوازە عەرەبییەکانی ناساند. کلیلی وردەکاری ئەم یەکترناسینە لای ئەو ئەندامانەی یەکێتییە، کە لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە دیمەشق بوون، ئاوات عەدولغەفور لە فەسڵێکی ئەم کتێبەدا وێستگەیەکی میواندارییکردنی ئۆجەلان و هاورێکانی دەگێڕێتەوە. دەبێ ئەو ڕاستییەش بوترێت، کە ئۆجەلانیش دینامیکیی بوو لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی و هەر ئیکتفای بە هاوکاریی و ناساندنەکانی یەکێتیی نەکرد. بەس خراپی ئەمە لەوە دابوو لە قۆناغێکی هەشتاکاندا پەیوەندیی هەردوولا پچڕانی تێکەوت، تا کۆتایی هەمان دەیە گرێدرایەوە.

لەم ماوەیەدا مام جەلال ڕەخنەی لە سەرکردایەتی ئۆجەلان هەبوو، بەڵام هەرگیز لایەنە باشەکانی خەباتی پەکەکەی فەرامۆش نەدەکرد، ئەم سەرکردایەتییە بیرۆکەی بنچینەیی شۆڕشگێڕانە و دروست دەخاتەڕوو، بەڵام تەکتیکی هەڵە و گۆشەگیرخوازانە و سەرچیخانە پەیڕەودەکات. بایەخ و پێویستی یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕییە کوردستانییەکان نازانێت، بەڵکو دژایەتی هەمووان دەکات، بەمەش زۆرترین زیان بەناوبانگی خۆی و بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەگەیەنێت. پەکەکە بەئازایەتی و ئیقدام و قوربانیدانەکانی لە بەرەنگاری ئیستیعماری تورکیدا دەناسرێتەوە، هەروەک ئامانج و دروشمەکانی روونن.. (دیداری جەلال تاڵەبانی لەگەڵ گۆڤاری یەنی گونیدنی تورکی، تەممووزی ١٩٨٧، بڕوانە کتێبی: جلال طالباني مواقف واراء، أعداد وتقديم صلاح برواري، مقابلات وتصريحات صحافية واعلامية (١٩٨٧–١٩٩٢)، سوریە، چاپی ٢٠١٠ ل٣١).

## سەرەتای نەوەدەکان دۆخێکی کەمێک تازەبوو

ئەوەبوو سەرەتای ساڵی ١٩٩٠مام جەلال و وەفدێکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی سەردانی بیقاعی لوبنانیان کرد و لەوێ مام و ئاپۆ گفتوگۆیان لەسەر ڕێوشوێنیی پێشخستنی خەبات لەئاستی نەتەوەییدا کرد. ڕووداوە بەپەلەکانی داگیرکردنی کۆێت (٢ی ئابی ١٩٩٠) و جەنگی دووەمی کەنداو (١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩١)، کە کۆتایی دونیای دوو جەمسەریشیی بەرجەستەکرد، لێکترازانێکی بابەتیی لەنێوان کوردایەتی باشوور و کوردایەتی باکوور دروستکرد. باشوور لە ڕاپەڕینی ئاداریی ١٩٩١ و کۆڕەوی نیسانی هەمان ساڵەوە بووە خاوەن کەیسێکی بەهێز لە دژی ڕژێمی ئافرەوەزەکراوی بەعس لە عیراق و ئەمەش پەیوەندیی ئقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ دابینکردن. بەپێچەوانەشەوە لە باکوور پەکەکە

بەخیتابی چەپیی رادیکاڵەوە بەرەنگاری تورکیایەکی دەکرد، کە هەم دۆستی رۆژئاوا بوو هەمیش وەکو عیراقیش ئافروزەنەکرابوو، تا کەلێن بداتە دەستەوە، بەپێچەوانەوە لەسایەی مانۆرەکانی سەرۆکەکەی: ئۆزال، تورکیا ببووە شەریکە بەشی هاوپەیمانەکانی سەددامیان لە کوێت دەرکرد و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی دۆسێی ناوچەی دژەفرین، کە دەکاتە دۆسێی پاراستنی کوردەواری باشووریش، لەرێی ئەوەوە راییدەکرا. پەکەکە بەو گەرمە تەریقەت و بەو رادیکاڵییەتەی پێی دەناسرا هاتە ناو کەیسی باشوورەوە و تووشی ناکۆکی هات لەگەڵ یەکێتی و پارتی لە باکوور و ئەم رەوشە نەک رێگەی هاوکاریی و تەگبیری نەتەوەیی لەنێوان هەردوولا: تاڵەبانی و ئۆجەلان، بەو پێیەش لەنێوان باشوور و باکوور گرت، بەڵکو جەبری رووداوەکان بەرەو بەریەککەوتنیشی بردن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە رێی لەوە نەگرت تاڵەبانی دەستپێشخەریی سیاسیی وەدەستبێنێتەوە و ئۆجەلانیش بەسڵاوی گەرمتر جوابیداتەوە. ئەمەش کاتێک بوو مام جەلال هەم نامەی بۆ ئۆجەلان نووسی لەسەر ئەوەی دەستپێشخەریی ئاشتی بکا و هەمیش نامەی بۆ ئۆزال نووسی کە ئەو ئامادەیە نێوانگیریی پەکەکەوەو ئۆجەلان بکات. مام جەلال نەیهێشت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئۆزال و تورکیای سەردەمی ئۆزال تۆزێک دێرین بن، هیچ نەبێ بەئەندازەی ئەوە کۆن بێت، کە تەکلیفی لێ قبوڵ بکەین، یەکسەر خستییە خزمەتی مەسەلەی کوردی باکوورەوە. ئەمەش دنیامیکیەتی و کاریگەری مام دەردەخات.

لەسەر ئەم هاوسەنگییە دیبلۆماسییە نووسەری تورک یوسف قەرەتاش لە وتارێکدا لەژێر سەردێری (تاڵەبانی و کوردستانی سەربەخۆ)دا دەڵێت:

(هەر کەسێک لە نزیکەوە تاڵەبانی بناسێت ئەو بە یەکێک لە شارەزیانی سیاسەتی ناوچەکە قبوڵدەکات. سەردەمێک کە سەرەتای نەوەدەکان جەنگێکی کەم لەئارادابوو لەگەڵ هەردوو لایەنەکەی جەنگ، ئۆجەلان و ئۆزال، هاورێبوو...) جوانتر لەمە گوزارشتی جەنگیز چانداری هاورێی تاڵەبانییە، کە وتویەتی (مێژوو جگە لە تایبەتمەندییەکانی دیکە، ناوی تاڵەبانی بەتایبەت بە هۆی ئەو رۆڵەی لە دارشتنی پەیوەندیی کورد و تورکیادا هەیبووە، هەرگیز لەیادناکات). (مام جەلال، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری تورکیاناسی، چاپی ئیستانبوڵ، ٢٠١٣ ل ٩-٢٨).

بەڵام پێش ئەوەی لەسەر وردەکاری هەوڵەکانی ئاشتی بدوێین، کە ئۆجەلان ئاماژە بە رۆڵی مام جەلال دەکات تێیدا و خەفەتباری ئەوەیە نەخۆشییەکەی رێی لەوە گرتووە بەرهەمی ئەم رۆڵەی ببینێت، دەچینەوە سەر پشتخانی فیکریی روانینی مام جەلال لەسەر مەسەلەی کورد لە باکوور، کە مام جەلال بە میسری کوردانی ناودەبات. میسریی کوردانیش ناولێنانی (ناسری)یەکی کوردە، کە دەرک بە بایەخی کوردستانیی مەرکەزی لە دۆسێی کوردستانی گەورەدا دەکات، هەر وەک چۆن قاهیرەی دڵی عروبە و جیهانی عەرەبییە.

## تا لە باکوور چارەسەردەبێت

پێویستە بگەرێینەوە بۆ هەندێک روانینی مام جەلال لەسەر بایەخی کوردستانیی باکوور

لە کۆی مەسەلەی کورددا. لێرەدا ئیکتفا بە چەند نموونەیەک دەکەین، کە دیمەنی کوردستانی باکوور لە کۆی دیمەنی خەباتی کوردایەتی و کاریگەری ئەوی بە دەق ناوی کوردستانیی مەرکەزیی و میسری کوردانی لێ ناوە لەسەر کوردستانەکانی تر و بەتایبەتی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان لە باشوور، دەستنیشاندەکات.

لە کتێبی (کردستان والحرکة القومیة الکردیة) کە دیارترین بەرهەمی مام جەلالە لە ئەدەبیاتی کوردایەتییدا و بنەمایە بۆ روانینەکانی لەوەو دواشی، لێکۆلیار پتر لە وێستگەیەک هەڵدەبژێرێ بۆ باسوخواسی کوردستانی باکوور. ئەوی جێی سەرنجە تاڵەبانی ناوی باوی کوردستانی عیراق بۆ باشوور و کوردستانی ئێران بۆ رۆژهەڵات بەکاردێنێت، بەڵام بۆ باکوور هەر لەو کاتەدا، ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ کە ساڵی نووسین و چاپکردنی کتێبەکەیە وتەزای کوردستانیی مەرکەزیی (ناوەندیی) بەکاردێنێت.

(سوڵتان سەلیمی عوسمانی سیاسەتێکی فێڵباز و سەکەوتووی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بەلای خۆیدا، بەکەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی و مەزهەبی و لە کۆششەکانی زانای ئاینی مەلا ئدریس، ئەوی ناردبووی بەناو کورددا بسورێتەوە و پەیوەندی بە میر و جوامێرەکانیانەوە بکات و هەستی مەزهەبی و ئایینیان فووبدات و بانگەوازیان بۆ بکات تا بچنە ژێر پەرچەمی خەلیفەی عوسمانی، کە دانی بە سەربەخۆیی ناوخۆیی ئەمارەتە کوردییەکاندا نا، بە گوێرەی فەرمانی هۆمایۆنی لە بەرواری ناوەڕاستی مانگی شەوالی پیرۆز لە ساڵی ٩٢١ی کۆچی، بەرامبەر سەرەتای مانگی نۆفەمبەری ١٥١٥ی زایینی. بەمجۆرە ئەمارەتەکانی کوردستانی سوننی بە ڕەسمی ملکەچی سوڵتانی عوسمانی کران. ئەم ملکەچییە رەسمییە کە دەستپێکی سەپاندنی هەژموونی زۆردارانەی عوسمانی بوو لەسەر کوردستان، چونکە زۆری پێ نەچوو عوسمانییەکان هەوڵیان دا بیکەنە ملکەچییەکی ڕاستەقینەی تەواو، ئەوەش لە رێی لەناوبردنی هەموو ئاماژەکانی سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردییەکانەوە، لەناوبردنێکی یەکجارەکی و سەپاندنی ناوەندێتی، کە بە کردەوە مانای بەتورککردنی ئیدارەو دەزگاکانی فەرمانڕەوایی دەهات بە دانانی والی و فەرمانڕەوا تورکەکان لە جێی میر و فەرمانڕەواکانی کورد و ناردنی هێزی سەربازی تورک بۆ کوردستان دوای لەناوبردنی میلیتانە کوردەکان و سەپاندنی سوخرەکێشی و چەوساندنەوە بەسەر هاوڵاتیانی کورد و بارکردنیان بە باجی قورس و ناچارکردنیان بە ڕەشبگیریی بۆ سوپای سوڵتان و شەڕکردن لە پێناویدا.. جلال طالبانی، کرستان و الحرکة القومیة الکریة- دار الطلیعة للطباعة والنشر- بیروت ساڵی ١٩٧٠ل ٦٩-٧٠.

ئەم یەکێتییە زۆرە ملێیە پێچەوانەی یەکێتیی نێوان نەتەوەکانە لەسەر بنچینەی ئاین یان مەزهەب لەگەڵ پاراستنی حوکمی خۆماڵی هەروەکو رێککەوتنی لەسەر کرابوو ئەو کاتەی کوردەکان بەڕەسمی وەلائی خۆیان بۆ خەلیفە راگەیاند. هەروەها پێچەوانەی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی نێوان میللەتانی پێکەوە ژیاون لەسایەی یەک دەوڵەتدا، ل٧.

ئەمەش لە سەدەی نۆزدەوە بوو، کە دەوڵەتی عوسمانی ئەم پرۆسەیەی بەهێزی چەک و سەپاندنی ناوەندێتیەکی خنکێنەری تورکانە بەسەر هەموو لایەکی کوردستاندا. ئەوە

بوو نەتەوەی کورد، پیشی خواردەوە بۆ دەست بە خەملینکردنی لە شێوەی هێلکەدانێک لە قاوغی خۆیدا، بەڵام ئەم مانای ئەوە نییە کێشەی کورد لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە ئەمارەتە کوردییەکان لایەنگیرییان بۆ سوڵتان دەرخست، بەڵکو لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە ئەم پرۆسە ترسناکە لە سێ سەدە و نیوی پێشترەوە (لە ١٥١٥ — ١٨٤٢) پیادەکراو هەروەها دوای پێکهاتنی نەتەوایەتی کورد لە منداڵدانی کۆمەڵی کوردستاندا.

بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستان بەش بەش بوو، و لەیەکتری دابڕابون. سەرکردایەتی شێخ مەحمود لە کوردستانی عیراق جیابوو لە بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی مەرکەزیی و لەسەر چەند بابەتێک لەگەڵی ناکۆک بوو، گرنگترینیان هەڵوێست لە کەمالیستەکان بوو کە شێخ مەحمود ماوەیەک لە ژێر کاریگەریی بەشێک لە تورکخواهەکان پێیان هەڵخەڵەتا بوو.. هەرچی کوردستانی ئێرانیشە... ل٩٩.

سەبارەت بە تورکیا، ئەوا بەریتانیا سیاسەتی هیۆرکردنەوەی کورد و پاشان سیاسەتی هاندانیانی بۆ یارمەتیدانی خەلیفە و دوورکەوتنەوە لە کاری شۆرشگێری نیشتمانی و کوردانە پەیڕەوکرد. واتا سیاسەتی بەکارهێنانی نەتەوایەتی کورد بۆ قازانجی خۆی. هەرچی کەمالیستەکانن ئەوا هەوڵیاندا بەناوی خەباتی هاوبەش دژی داگیرکەران و دوژمنان و پاشان بەناوی ریفورمە کۆمەڵایەتی و هاوچەرخەکانەوە فێڵ لە کوردەکان بکەن و بیانخەڵەتێنن. دوای سەرکەوتنیان بەسەر یۆنان و دەسەڵاتگرتنەدەست لە تورکیا پشتیان لە عەهد و بەڵێنەکانیان کرد و دەستیانکرد بە سیاسەتی تۆرانی تورکاندن ئەو تورکیایەی سەرکردە کەمالیستەکانی دەیانگوت وڵاتی تورک و کوردە، بووە وڵاتێکی تۆرانی، کە بۆ غەیرە تورک نییە جگە لە کۆیلە هیچی تر بن تێیدا بەپێی وتەی وتە وەزیری دادی تورکی بەرێز مەحمود ئەسعەد.

بۆیە کوردەکان ناچاربوون خەباتی چەکداری بەرپابکەن بۆ پاراستنی قەوارە و بوونیان و بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆسەکانی ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کوردەکان و بەتورککردنی کوردستان، ئەوە بوو شۆرشی ١٩٢٥ لە دیاربەکر و دەوروبەری بەرپابوو، شۆرشێک کە کەمالیزم لە گۆمی خوێن و فرمێسکدا نوقمی کرد و بەوپەری دڕندەییەوە پلیشانییەوە.. نەهرۆ گوتەنی بۆ ماوەیەکیش بێت ل ١٠١-١٠٢

لە هەمان دەوراندا مام جەلال ئومێدێک بە پەرەسەندنی خەباتی بزووتنەوەی چەپ و خەباتی نەتەوەیی کوردی باکوور پەیدادەکات:

لە تورکیاش بزووتنەوەیەکی گەشەکردووی چەپ، کە کوردستانیشی گرتۆتەوە، خەونی لە کۆنەپەرستی تورکی زڕاندووە. خەباتی چینی کرێکاری تورکیا لە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرەو شارەکانی تر و خەباتی خوێندکارانی پێشکەوتنخواز دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەرکەوتووە، وەک نیشانەیەک بۆ بەهێزبوونی بزووتنەوەی دیموکراسی و شۆڕشگێڕی لە ریزەکانی جەماوەری میللییدا لە تورکیا. نەتەوایەتی کوردیش بوژاوەتەوە و بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی نوێ لەریزەکانی دەبزوێ و دەستەی پێشەنگی تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستانی لاوە کە دەرکەوتنی گەشە و خۆشی لە دەروونمان دەبزوێنێ و هەستی

هاوکاری و برایەتی و هاو خەباتی گەلی کورد لەسەرجەم بەشەکانی نیشتمانەکەی، کوردستان، لەناوماندا دەلاوێنێتەوە. ل٣٧٧-٣٧٨.

له فەسڵی کۆربەندی بیروبۆچوونەکانییدا تاڵەبانی وەک تیورسێنێکی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، یەکەم دەستە لە هاوپەیمانەکانی شۆرشی کوردستان، شۆرشی کوردستان لە بەشە جیاجیاکانیدا، بەمجۆرە دیاریدەکات:

(گەلانی شۆرشێگێر و دراوسێمان وەک عەرەبەکان، ئێرانییەکان و تورکەکان بە تایبەتیش کرێکاران و جوتیاران و ئەو دوای رەنجدەرانیان ل٤٤٢... خەباتی شۆڕشگێری هاوبەش لەگەڵ میللەتانی دراوسێ و برا: عەرەب و فارس و ئازەر و تورک و ئەوانیتر، مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی شۆرشی کوردە لەم قۆناغە مێژووەی ئێستادا.. ل٤٤٥.

له کتێبی (گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری)، کە بۆ شەرحی هۆکاری پچڕانی دانوستاندنی نێوان شۆرشی نوێ و رژێمی بەعسی عیراق نووسراوە، له چەند شوێنێک پەیوەستی نێوان شۆڕشی کوردستان و مەسەلەی کورد لە باکوور باسکراوە. دیدی تاڵەبانی وابوو، هەتا شۆرش لە بەشی کوردستانی باکوور پێش نەکەوێت، ئەوا زەحمەتە شۆرشی کوردستانی عیراق لە دوانەی شەڕ و دانووستاندن دەربازیبێت. ئەم تەشخیسە سیزیڤییە تێفکرینێکی قووڵ دەردەخات و شرۆڤەی ئەوەشمان بۆ دەکات، کە بۆچی مام جەلال بایەخی زۆر بە پرسی چارەسەری مەسەلەی کورد لە باکوور دەدات. مەسەلەکە هەر بابەتێکی سۆزداریی نەتەوەیی یان تەکتیکێکی کورتخایان نییە، بەڵکو دیدێکی ستراتیژیی بۆ مەسەلەی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ خاتری جێگیربوونی چارەسەری مەسەلەی کوردە لە هەرێمی کوردستان، کە هەتا باکوور جێگیرنەبێت تورکیا دەستەبەرداری ئیحتواکردنی هەرێمی دانپیانراوی دەستووری عیراق نابێت (شۆڕشی کوردستان — لە کورستانی عیراقدا بووە، کە بەشێکی بچووکی کوردستانەو بەشێکی کەمی نەتەوەی کورد تێیدا دەژیەت. هەروەها لە هەموو لایەکیشەوە بەو دەوڵەتانە ئابلۆقەدراوە کە کوردستانیان بەسەرا دابەشکراوە: واتە سنوورمان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی ئەوتۆ نییە، کە هیوای دۆستایەتییەکی راستەقینەی لێ بکرێت. یان دەوڵەتێک بێت کە یارمەتییەکەی یاریکردن نەبێت بە خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان لەپێناوی بەدی نەهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەی خەباتەکەدا. واتە گەر هەشبێ هەر بۆ ئەمەیەکە، یارییەکە، گەمەکە، ئەوەندە درێژە بکێشێت تا ناکۆکییەکانی نێوان دوو دەوڵەتەکە لابەلادەکرێ، ئیتر گەمەکە دەبڕێتەوە، بێ ئەوەی براندنەوەی، یان چارەکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردیش نیاز و شەرتێکی ئەو یارییە بووبێت. بەپێچەوانەوە هیچ یەک لەم دەوڵەتانە نیازیان نییە و دەستکەوتیان لەوەدا نییە کێشەی نەتەوایەتی کورد تەنانەت بە ئۆتۆنۆمیش چارەبکرێت، چونکە کوردی خۆیان لێ دەوروژێنێت. هەر بۆیەش یەکێک لە هەلومەرجە گرنگەکانی رزگاربوونی شۆڕشی کوردستانی عیراق لە گێژاوی ئۆتۆنۆمی و گفتوگۆ لەبەردەستدا نییە. واتە شۆڕشی کوردستان لەم سەرەشەوە ناچارکراوە دروشمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەی خۆیدا بەرزبکاتەوە و هەمیشەش پاکانە بۆ خۆی بکات کە جیابوونەوەی ناوێت و سنووری پیرۆزی دەوڵەتەکەی ناپسێنێت و نایەوێ بگۆردرێت.

توانا و هێزی شۆڕشی کوردستان ئەوەندە نەبووە ئۆتۆنۆمییەکی پێ وەدەست بهێنرێ، چ جای بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، هەربۆیەش لە گێژاوی ئۆتۆنۆمیدا خولاوەتەوەو ئەو گێژاوەش تاکە بواری هەر گفتوگۆ بووە، هەر بۆیەش بەناچاری ملی ئەو ڕێگەیەی گرتووە: واتە گفتوگۆ بۆتە شتێکی ناچاری.

٣) تەبیعەتی کۆمەڵی کورد، تەبیعەتی سەرکردایەتییەکەی، تەبیعەتی جولانەوەی لەوە زیاتریان لەبارانەبووە، کە داوای ئۆتۆنۆمی بکەن: هەربۆیەش لە گێژاوی ئۆتۆنۆمی و گفتوگۆدا خولاوەتەوە.

٤) بەشەکانی تری کوردستان لە شەستەکان و هەفتاکاندا، هێشتا جولانەوەی رزگاری و دیموکراتی خەلکەکەیان هەڵنەچووبوو، بەڵکو کش و مات و کز و لاواز بوو. کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩- ەوە راپەریوە و کوردایەتی و خەباتی شۆڕشگێرانە تێیدا روویکردۆتە پەرەسەندن و گەشەکردن. کەچی لە کوردستانی تورکیا، کە بەشی زۆری نەتەوەکەمانی تێدایە، جوڵانەوەی رزگاری و شۆڕشگێڕانە روو لە نیشتنەوە و کزبوونە. هەر بۆیەش پێشتر نەیانتوانیوە هۆیەکی یاریدەدەری دەرچواندنی شۆڕشی کوردستانی عیراق بن لە گێژاوی ئۆتۆنۆمی و گفتوگۆکردن.

راستە لە کوردستانی تورکیا هەموو رێکخراو و حزبەکانی کوردستانی داوای مافی چارەنووس و کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد و سۆشیالست دەکەن، بەڵام تاکو نەبنە هێزی گەورە و کاریگەر، ناتوانن کاربکەنە سەر وەزعی بەشەکانی تری کوردستان... (گفتوگۆی شۆرش لەگەڵ میری، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بنکەی چاپەمەنی ئاسۆس، کانونی دووەمی ١٩٨٥ ل١٣-١٤).

لە بەشێکی تردا باسی هۆکاری بەربەستکردنی رێککەوتنی کوردستان و بەغدا (موفاوەزاتەکەی ١٩٨٤) دەکات لەلایەن حکومەتی تورکیاوە و ئاماژە بە هاوکاری ی. ن. ک بۆ هێزەکانی باکوور دەکات، کە ئەو کاتە جگە لە پەکەکە هاوکاریی حزبەکانی تریش کراوە. (زەغتی حکومەتی تورک لەسەر عیراق بۆ پێک نەهاتن لەگەڵ ی. ن. ک و شۆڕشی کوردستان، بەتایبەتی چونکە تورکیا باش دەزانێ ی. ن. ک چییە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردستان چۆنە؟ و تا چ دەرەچەیەک هاوخەباتیان لەگەڵ دەکات. ل٩٩).

ئینجا باگراوندێکی داگیر و دابەشکردنی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیست باسدەکات. (لە دوای شەری جیهانی یەکەمەوە، دیسان کوردستان دابەشکرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەسەر چوار لادا: بەشێکی لە ژێر دەسەڵاتی تورکیا مایەوە، بەشێکی لەبن دەسەڵاتی ئێراندا مایەوە، دووبەشەکەی تریش خرانە بن دەستی فەرەنسە و ئینگلیزەوە. کوردستانی عیراق بەر ئینگلیز کەوت، هەرچەندە پەیمانی سیڤەر ئەو هەقەی دابوو بە خەڵکی کوردستانی عیراق، کە بچنەوە ناو ئەو کوردستانە ئۆتۆنۆمەی بڕیاربوو لە کوردستانی تورکیادا پێکبێت و هەقی ئەوەشی هەبێت بریاری سەربەخۆبوونی کوردستانەکەشی بدات، هەرچەندە حکومەتی ئینگلیز و عیراق لە پایزی ١٩٢٢دا سەلماندیان، کە کوردستانی عیراق حکومەتی خۆی دامەزرێنێت و نوێنەرانی خۆی بنێرێتە بەغدا بۆ دیاریکردنی سنوور و

پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ عیراق، بەڵام پیلان ونەخشەکانی ئیستیعماری بەریتانی و دەستکەوتەکانی کۆمپانیاکانی ئیحتیکاری نەوت وایان گەرەک بوو، کە کوردستانی عیراق بە زۆری زۆردار بخرێتە سەر دەوڵەتی نیمچە موستەعمەرەی عیراق، کە توند بە پاشکۆی ئیستیعماری بەریتانیاوە گرێدرابوو... ل١٠٨.

ساڵی ١٩٨٧ مام جەلال لە رێی دیدارێکی رۆژنامەوانییەوە چەند مەسجێک بۆ گەلانی تورکیا دەنێرێت، کە دیدی ستراتیجی ئەو بۆ فیدراڵی لە کوردستانی باکوور دەردەخات، تەنانەت پێش ئەوەی بیکاتە دروشم بۆ عیراق:

(نکۆڵیکردن لەڕاستیی بوونی نەتەوەی کورد هیچ کەڵک و ماقولیەتێکی تێدانییە. ناکرێ تاسەر و بۆ هەتاهەتایە بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی سەرکوتبکرێت، داوا لە سیاسەتمەدارو سەربازی نیشتمانپەروەری تورک دەکەم گوێ لە ئامۆژگاری دانای گەورەی هیندستان جەواهیر لال نەهرۆ بگرن، کە لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەگەلێک لە مێژووی جیهاندا باسی ئەوە دەکات چۆن ناسیۆنالیستە تورکەکان ناسیۆنالیستە کوردەکانیان سەرکوتکرد لەبەر ئەوەی داوای هەمان ئەو مافانەیان دەکرد، کە ئەوان، واتا تورکەکان، شۆڕشیان لەپێناویدا بەرپاکرد. نەهرۆ دەگاتە ئەم سەرەنجامە لۆجیکییەی خوارەوە کە بەدەق دەڵێت: (چۆن دەکرێت تاهەتایە گەلێک سەرکوت بکرێت، کە سوورە لەسەر ئازادی و ئامادەیە نرخەکەی بدات).

ئینجا مام دەڵێت: بەڵێ هەرگیز ناکرێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد تاسەر سەرکوتبکرێت. بۆیە باشترە بەرپرسانی تورک دان بەمافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆمارێکی فیدراڵی تورکیدا بنێن. بۆ نموونە، وەکو کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ. بەتایبەتی کە تورکیا دەخوازێ ببێتە ئەوروپایی و ئەندامێکی بازاڕی هاوبەش، رێگای ئەوەش پراکتیزەکردنی دیموکراتییەکی راستەقینە و حوکمێکی فیدراڵییە لەسەر شێوەی ئەڵمانیای ئیتحادی، یان ئیسپانیا، یان یۆگسلافیا...(دیداری جەلال تاڵەبانی لەگەڵ گۆڤاری یەنی گونیدەن.. سەرچاوەی پێشوو ل٣٣-٣٤).

## نامەکەی مام بۆ ئۆجەلان و ئۆزال

نامەکەی مام جەلال لە سەرەتای ١٩٩٢دا وێستگەیەکی گرنگە لە دەستنیشانکردنی وەرگۆڕانەکانی دونیا دوای کەوتنی ئۆردوگای رۆژهەڵات و دەرکەوتنی ئەدگارەکانی سیستمی نوێی جیهانی. لەو نامەیەدا مام جەلال ئەوە باسدەکات هەلومەرجەکە گۆڕاوە، ئەمەش هەڵسەنگاندنی بژارەکانی بەردەم کوردایەتی گەرەکە، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەی ئەوەش شێوازی نوێی خەبات بدۆزێتەوە.

مام جەلال لە نامەکەدا دەڵێت: (خۆشەویستم ئاپۆ... دەمەوێت لە رێگەی ئەم نامەیەوە ئەم راستیانەت بۆ ئاشکرابکەم.... پێویستە سەرکردایەتی کورد، لە سیستمی نوێی نێودەوڵەتی بگات، چونکە فاکتەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی سیاسەتی حکومەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت لە دیاریکردنی شێوەکەی، کەواتە فاکتەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی پەیوەندیی ئەو وڵاتانە بە مەسەلەی کورد و هەڵوێستیان لە بەرامبەر گەلی

کوردیش.... لەپڕێکدا جیهان گۆڕا، بە ڕووخانی گرووپی سۆڤێت و بڵاوبونەوەی دیموکراسی لیبرالی لە ئەوروپای خۆرهەڵات و هەڵکردنی شنەبای گۆڕان بەرەو دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهاندا.... کەواتە خواستی سیستمی نوێی نێودەوڵەتی بەرەو دیموکراسی و ئازادی دەستکەوتێکی شەرعییە. نەک لەبەر چاوی رەشی ئێمە و میللەتانمان، بەڵام ئەو راستییە ناشارێتەوە، کە خزمەت بە میللەتانمان دەکات کە گیرۆدەی دەستی دیکتاتۆریین... شکستخواردنی ئەزموونی سۆڤێت ئەنجامی ئەرێنی ونەرێنی زۆری هەیە، لەنێو ئەرێنییەکاندا قوڵترکردنەوەی گوتاری دیموکراتی، مافی مرۆڤ، مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنوسیان بەشێوەیەکی راستەقینە، پاشان داڕوخانی وتەزای پیرۆزیی سنوورە دیاریکراوەکان... زمانی سەردەم، زمانی دیالۆگ و ناچارکردنی نەیارە لە قبوڵکردنی دیالۆگ، تاکەڕێگەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان).

لەو نامەیەدا، کە گۆڤاری (k٢١) لە ژمارەی (١٦) بڵاویکردۆتەوە، تاڵەبانی بەتایبەتی تر لە سەر باکوور و هەلومەرجی نوێی خەبات لەوێ قسەدەکات و پێشنیازی بۆ دەستپێشخەریی پەکەکە هەبوو (سەبارەت بە کوردستانی تورکیا، رێگە بەخۆم دەدەم ئەم تێبینیە برایانە بخەمەڕوو.... پێویستی بایەخدان بە خەباتی سیاسی، پەرلەمانی، راگەیاندن، رێکخراوەیی و جەماوەریی ئاشکرا هاوشانی خەباتی چەکداری، کە ئێستا بەتەنها رێگە دانانرێت....

بەئاشکرا داوام لێکردن لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاگربەست رابگەیەنن و دانوستان بکەن، راگرتنی پرۆسە سەربازییەکان رابگەیەنن بۆ ماوەی یەک ساڵ، یان بەلای کەمەوە شەش مانگ کە قابیلی نوێکردنەوە بێت، لەو ماوەیەشدا دیالۆگ بکەن و هەوڵی چارەسەری سیاسیانە و دیموکراسیانە بدەن). گۆڤاری (K٢١) ژ: ١٦، بەرگی یەکەم ٢٠١٢/١٢/١٢ – هەولێر ل٢٢.

دیالۆگەکەش بەم شێوەیە بێت: دیالۆگێکی نهێنی یان ئاشکرا لەنێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا بکرێت. دیالۆگ لەنێوان نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا و حکومەتدا، ئەوەش سوودی زۆری بۆ خۆتان و حزبەکەتان دەبێت)... ل٢٢.

بەڵام ئەو کاتە زەمینە لەبارنەبوو ئۆجەلان بەپیر ئەم بانگەوازەوە بێت. هێشتا پەکەکە گەرمە تەریقەت بوو، نەدیدەویست ئەوە بسلەمێنێ دۆخی خەباتی شۆرشگێری گۆرانی بەسەردا هاتووە. تاڵەبانی لە ئەزموونی دوو شۆرشی چەکدارییەوە دەهاتەوەو ئۆجەلانیش تازە شۆرشێکی فراوانی بەرپاکردبوو. ئەو دەم وتبووی (من سڵ لەو جۆرە نامانە دەکەمەوە) و داواشی لە تاڵەبانی کردبوو (واز لە دروشمەکانی سیستمی نوێی جیهانی و پشتیوانی ئەمەریکا و ئازادی بۆ کوردەکان بێنێت) و تەڤلی خەباتی چەکداری و کۆششەکانی بەرخودان بێت. (میخائیل م. جونتر الاکراد ومستقبل ترکیا، ترجمة الدکتورة سعاد محمد ابراهیم خضر، مرکز کردستان للدراسات الاستراتجیة السلیمانیة ٢٠٠٧، ل١٧٤.

بە بۆچوونی من هۆکارێکی تریش لەم پرسەدا رۆڵی هەیە، لە بنچینەدا ئۆجەلان لە رێی حزبە کوردییە رەسمییەکەی ناو پەرلەمانی تورکیا و سیاسەتمەدارانی ناوەوەی وڵاتەوە لە هەموو ئەو کەرەستە دیموکراتیی و پەرلەمانییانە بەهرەمەندبوو و بەربەستەکانی بەردەم

ئەو دیموکراسییەشی دەبینی، کە زوو سیاسەتکارانی کورد دەستگیردەکران و حزبەکانیان دادەخرا، بەڵام دیارە مام جەلال مەبەستی بوو ئۆجەلان و پەکەکە خۆیان ئەو خەباتە پێشبخەن نەک لە ڕێی هێڵی دووەمەوە. ئەمەش هەڵسەنگاندنێکی پەنهانە بۆ ئەو وزەیەی پەکەکە هەیەتی بۆ پێشخستنی زووتری خەباتەکە.

هەرچونێک ئەم پێکناکۆکبوونە درێژەی نەکێشا، سەرەنجام ئۆجەلانیش دەستپێشخەریی ئاشتیی ڕاگەیاند دوای ئەوەی تاڵەبانی نامەیەکی بۆ سەرۆک ئۆزال و بەهەمان ناوەڕۆکیش نامەی بۆ سلێمان دەمیریل سەرۆک وەزیرانی تورکیا و حیکمەت چەتین سەرۆکی پەرلەمانیش نووسی، کە ئەمە دەقی نامەکەیەتی:

## بەڕێز سەرۆک ئۆزاڵ:

بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی موسڵمانانەوە پیرۆزبایی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم، کە ئەو مانگە هەموو ساڵێک بە خێر و بەرەکەت بەسەر گەلی تورکیادا تێپەربێت.

بە پێوەستیشم زانی کە ئەو خاڵە تایبەتیانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان بخەمەروو: -

یەکەم: چاوم بە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالان کەوت و بەیەکەوە هەموو مەسەلەکانمان خستەروو و بە تێروتەسەلی گفتوگۆمان لەسەر کردن، هەروەها ئەو پێشنیارانەی خۆشم پێ ڕاگەیاند، کە لای هەمووان ئاشکرایە و پێشووتریش بە بەڕێزتانم ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئەوەبوو عەبدوڵڵا ئۆج ئالان ئەو کاتە ڕەتیکردنەوەو ئەو هەلەی لەدەستدا. دوای ئەوەش لەگەڵ ئۆج ئالان لەم بارەیەوە کەوتینە گلەیی و گازەندە لە یەکتری.

دووەم: عەبدوڵڵا ئۆج ئالان بەبۆنەی سەری ساڵی کوردییەوە ڕەزامەندی خۆی پیشانداوە کە بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدوێ و ئەم خاڵانە بخاتەروو:

١-بنبڕکردن و ئیدانەرکدنی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٢ - چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو گەلی برا کورد و تورک بە شێوازێکی سیاسیانە، نەک بە ڕێگەی پەنابردنە بەر شەڕ و توندوتیژی.

٣- ئامادەبوونی بۆ گفتوگۆکردنی ئاشتیانە و وەستاندنی چالاکییە سەربازییەکان.

٤- ئۆج ئالان داوای ئەنجامدانی دانوستاندن ناکات لەنێوان حکومەت و حزبەکەی (پ. ک. ک)، بەڵکو پێی باشە حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆبکات.

٥ -پاراستنی یەکێتی خاکی تورکیا و گرنگیدان بەپتەوکردنی برایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد و تورک.

٦ - دروشمی جیابوونەوە ڕەتدەکاتەوە و دروشمی دیموکراسی پەسەنددەکات، کە لە سایەیدا مافەکانی مرۆڤ و مافە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکان بپارێزرێن.

٧ -داوای پیادەکردنی چالاکی سیاسی و حزبایەتی دەکات لە سنووری دیموکراتیەت و یاسادا.

سێیەم: من وای دەبینم، کە دەکرێ ململانێ و ناکۆکی پشتگوێبخرێن، عەبدوڵڵا ئۆج

ئالانم هانداو داوام لێ کرد کە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بۆ بکات و نیازپاکیی خۆی بە رۆژنامەکانی جیهان رابگەیەنێت، بەڵێنی ئەوەشی پێ دام کە ئامۆژگارییەکانم جێبەجێبکات.

سەرۆکی بەڕێز:

ئەگەر سیاسەتی تازەی عەبدوڵڵا ئۆج ئالانتان پەسەندکرد، ئەوا من ئامادەیی تەواوم هەیە کە خزمەت بە گەلی تورکی خۆشەویست بگەیەنم، لەپێناو دابینکردنی تەبایی لەنێوان هەردوو گەلی کورد و تورکدا، کە پەیوەندییەکی مێژوویی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

هەر بەم بۆنەیەشەوە جوانترین پیرۆزبایی خۆمتان پێ رادەگەیەنم.

برای دڵسۆزتان جەلال تاڵەبانی، شام ٥/ئادار ١٩٩٣.

(کوردستانی نوێ ژمارە ٣٤٦ لە رۆژی ٢١-٣-١٩٩٣، کە لە رۆژنامەی (گوندەم) ژمارەی رۆژی ١٩٩٣/٣/١١ وەریگرتووە).

رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٥ لە ژمارە ٣٤١دا نووسیوویەتی: (شیاوی وتنە ئەم هەواڵانە دوابەدوای هەواڵی ئەو کۆبوونەوانە دێن، کە هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی ی. ن. ک لەشام لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە کردوونی، هەروەها ئاژانسەکان وا رادەگەیەنن، کە جەلال تاڵەبانی خەریکی سازکردنی فەزایێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ناوبژیوانی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا بکات).

عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ زەمینەخۆشکردنی پرێس کۆنفرانسی ئاشتی لێدوانی نوێی بۆ رۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی دا. کامەران قەرەداغی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٧ لێدوانەکانی ئاپۆی بڵاوکردەوە، کە ئاماژە بە برایەتی کورد و تورک دەدات:

(تەمەنی ئەو برایەتییە خۆی لە هەزار ساڵ دەدات و جیابوونەوەش لە تورکیا قبوڵناکەین، تەنانەت گەر تورکەکان زۆریشمان لێ بکەن. هەردوولایەنی کورد و تورک لە شەر ماندووبوونە، رێگەم پێ بدەن کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بەبێ چەک بگەڕێمەوە کوردستان بۆ پیادە کردنی کاری سیاسی و دەستکردن بە ئەنجامدانی ووتوێژ لە نێوانماندا...

کوردەکانی تورکیا خوازیاری ئاشتی و وتووێژو پەیرەوکردنی کاری سیاسیین لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیکی تورکیادا، ئێمەش هەردوولا کورد و سوپای تورکیا و سەرجەم کۆمەڵ ماندووبووین، کە ئەمەش بۆتە ئیفلیجبوونی باری ئابووری لە خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیادا، هیوادارین بگەین بە ئاشتی بنیاتنانەوە و گەشەپێدانی ناوچە کوردییەکان.

شایانی باسە، ئەم گۆڕانەش لە هەڵوێستی ئۆج ئالان دوابەدوای ئەو وتوێژانە دێن کە لەم دواییانە لەگەڵ بەڕێز جلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی ی. ن. ک ئەنجامیداو تاڵەبانیش بە الحیاة-ی راگەیاند: (گەر ئەو دەسپێشخەری یە ئاشتیخوازانەیە سەربگرێ، دەبێتە هەنگاوێکی مێژووی بەرەو راگرتنی کوشت و کوشتار لەنێوان کورد و تورکیا و زەمینە خۆشکردن لەبەردەم دەستەبەرکردنی رێگە چارەیەک بۆ کێشەی کورد لە تورکیادا، ئەمەش دەبێتە مایەی پتەوکردنی یەکێتی و ئارامی لە هەموو ناوچەکەدا). هەروا وتیشی: (من هیوادارم کاری سیاسی ئاشکرا پیادەبکەم، لەبەر ئەوەش گرەنتیمان دەوێت:، چونکە نامانەوێ وەک سەرکردە مێژوویی یەکانمان (شیخ سەعید و بەدرخانیەکان) غەدرمان لێ بکرێ.

ئەگەر تورکەکانیش ئامادەبن یەک هەنگاو بنێین لە بەرامبەریاندا دە هەنگاو دەنێین و ئەگەر یەک دەستپێشخەریش بکەن، ئەوا لە رەوتی کاری سیاسی دەستپێشخەری دەکەین.

(پوختەی ئەم راپۆرتەی رۆژنامەی حەیات لە کوردستانی نوێ ژمارە ٢٢٤ لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٨دا بڵاوکراوەتەوە).

ئەوە بوو ئاپۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە رۆژی ١٩٩٣/٣/٢١دا ئاگربڕی راگەیاند بۆ ماوەیەکی تاقیکردنەوە، ئۆزال جگە لەوەی داوایکردبوو درێژە بە ئاگربڕ بدات بە مام جەلالی وتبوو پێی بڵێ بۆچی نایەتەوە سیاسەت بکات؟

بۆ دیاریکردنی داخوازییەکانی پەکەکە لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئاشتیدا، ئەندامێکی بەرزی پەکەکە لە لێدوانێکیدا بۆ کوردستانی نوێ وتبووی:

(ئێمە داوای ریفراندۆمێکی گشتی دەگەین لە کوردستانی باکووردا و ئەو ئەنجامەی ریفراندۆمەکە بەدەری دەخا ئێمەش پێی قایل دەبین. کوردستانی نوێ ژ: ٣٤١ لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٥دا.

بیرۆکە و ئارەزووی ئاشتی هەبوو، بەڵام هێشتا ئیرادەیەکی بەهێز و زەمینەی قبوڵکردنی راستییە کوردییەکە نەبوو، بەداخەوە مەرگی لەناکاوی ئۆزال و زاڵبوونی ئیرادەی چەک پرۆسەکەی ئەو کاتی پەکخست. ئەم تەجرەبەیە، ئەگەرچی سەری نەگرت. بەڵام ئۆجەلانی راهێنا لەگەڵ تەکتیکی ئاگربڕ و نەرمی نیشاندان، بۆیە لە چەند قۆناغێکی تریشدا ئاگربڕی راگەیاند.

## خولە چۆنایەتییەکەی دانووستاندن

لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە قۆناغێکی تری هەوڵەکانی تاڵەبانی دەستپێکرد. قۆناغی نهێنی، درێژخایان و بەسەبر، دوور لە مشتومڕی راگەیاندنەکان. ئەمە قۆناغە هەم ئارەزوویەکی پەکەکە و هەمیش ئیرادەی دەسەڵاتێکی نوێباوی لەپشتەوە بوو، کە حزبی داد و گەشەپێدان بوو. ئەمەشیان لە بێومێدی پەکەکەدا گەیشتە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ٢٠٠٦دا. داننانی ئەردۆگان بە مەسەلەی کورد و کرانەوەی ئاک پارتی بەرووی کورددا لەوە گیرسایەوە پەکەکەش دەستپێشخەری بکات بۆ ناردنەوەی دەستەیەک لە گەریلاکانی، بەڵام شێوازی کەرنەڤاڵی گەڕانەوەکە دەوڵەتی ترساند، بۆیە دانوستاندنی ژێر بە ژێری ئۆسلۆ بووە دەریچەیەکی تر، ئەویش ئاشکرابوو لە وەختێکدا دیاربوو کە ئەردۆگان لە هەندێک جومگەی کرانەوە پاشگەزبۆتەوە (لەکۆتاییدا بەڵگەنامەی ئۆسلۆ بڵاوکراوەتەوە)

مام جەلال لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەردۆگان قسەیکرد کە لێبوردن بۆ گەریلاکانی پەکەکە دەربکات. پێیوتبوو وەکو موسڵمانێک هەقی وایە وەک پێغمبەر بکەیت، کە چووەوە بۆ مەکەی پیرۆز لێبوردنی بۆ هەمووان دەرکرد. حەسەن جەمال لە وتارێکدا دەڵێت (لە میانی قسەکانیدا و بەو مەرجەی نەینوسمەوە تاڵەبانی وای پێوتم «مانگی ئەیلولی ساڵی رابردوو لەمیانی کۆبوونەوەیەکی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیدارێکم لەگوڵ ئەردوغان ئەنجامدا پێموت: پەکەکە هاتونەتە لام و وتویانە ئامادەن چەک

دانێن. کاتێک ئەمەی وت خۆی بەلای مندا نوشتانەوە و وتی باسی ئاگربەست ناکەم، باسی چەکدانان دەکەم، بۆ ئەمەش دوو مەرجیان هەبوو، یەکێکیان: لێبۆردنی گشتی و ئەوی تریان پێناسەکردنەوەی چەمکی هاوڵاتی لە دەستوردا و سڕینەوەی دەستەواژەی هاوڵاتی تورک. ئەردوغان باسی لەوە کرد کە لێبوردنی گشتی کارێکی ئاسان نییە و رای گشتی وڵاتەکەی ئامادەی ئەمە نییە. ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو کەسێکی نەتەوەپەرست نییە، بەڵکو موسڵمانە و هەمووان بەبرای خۆی دەزانێت...). (مام جەلال، لە بڵاوکراوەکانی تورکیا ناسی، ل٢٢).

تاڵەبانی هەر بێئومێد نەبوو لە هەوڵەکانی، ئەو هەمیشە رای وابوو کلیلی مەسەلەکە لای ئۆجەلانە. جەنگیز چاندار شایەتی ئەم قسەیەی دا (چەندین جار لە مام جەلال-م بیستووە بەهاوتا تورکەکانی دەوت دانوستان لەگەڵ ئۆجەلان-دا مەسەلەکە زووتر بەرەو چارەسەر دەبات. (دیداری چاندار لەگەڵ کوردستانی نوێ لە ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٤دا) (ئەو بەوەشەوە نەوەستا کە ئەم تەئکیدکردنەوەیە لەسەر رۆڵی ئۆجەلان بە کەناڵی ژێربەژێری دیبلۆماسی بڵێت، بەڵکو بەئاشکرا لە میدیاکانیشەوە وتی: مەسجی بۆ سەرۆک وەزیران نارد (براکەم ئەردۆگان کێشەی کورد چارەسەربکە و ئاشتی بۆ شاخەکان بێنە.. ئیتر کاتی شاخ نەماوە، کاتی سیاسەتکردنە لە ژێر چەتری پەرلەمانی هەڵبژێردراوان بە دەنگی خەڵک... برا خۆشەویستەکەم لەگەڵ ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەم بۆ تورکیا و هەم بۆ ناوچەکە دەبێتە مایەی سەقامگیری، هاوکات دەنگی زیاتری سەر سندوقەکانیش بە تۆ دەبەخشێت.. (دیداری حەسەن جەمال لەگەڵ مام جەلال بۆ رۆژنامەی میلییەت، لە کوردستانی نوێوە رۆژی ٢٠١٢/١١/١٨)

بۆ زەمینەسازی ئەمەش مام جەلال رای وابوو ئۆجەلان لە زیندانەکەیەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، وەک ئەوەی بە چەند قۆناغێک لەگەڵ سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری ئەفریقا: نیلسۆن ماندێلا، کرا. ئەو کە بەداخبوو بۆ زیندانیکردنی سەرکردەیەک کە تاوانەکەی هەر ئەوەیە خەباتی بۆ میللەتەکەی کردووە، لە سەروبەندی ئەوەدا بوو هەڵمەتێک بەرپابکات بۆ ئیمزا کۆکردنەوە بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان. خۆم گوێم لێی بووە کە وتی (یانی چییە سەرکردەیەک ١٤ ساڵ زیندانبکرێت تەنها لەبەرئەوەی خەباتی بۆ مافی میللەتەکەی کردووە. کەی لەم سەدەیەدا ئەمە لەگەڵ سەردەمەکەدا دەگونجێت).

بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتیی لە ئەنقەرە، کە هەموو بەڵگەکانی میانگیری نێوان پەکەکە و دەوڵەتی لایە، لە نامەیەکدا دەڵێت (پەکەکە جارێکی تر داوای لە مام کرد تەداخول بکات و هەوڵبدات لەگەل تورکەکان گفتوگۆکانی ئۆسلۆ زیندوبکرێنەوەو سەرلەنوێ قسەو گفتوگۆ لەمەڕ ئاشتی دەستپێبکاتەوە، ئەم توندوتیژییەی لەنێوان هەردوولا و ئیزۆلە کردنی ئۆچەلان دروستببوو هەڵبگیرێت و نەفەسێک بێتەوە بەر وەزعەکە و تورکیاش هەندێ هەنگاوی جددی بنێت. پەکەکەش دەڵێن ئامادەین هەندێ شتی جددی بکەین).

مام ئەردۆگانی هاندابوو (تۆ پیاوێکی جەسوریت ئیش بە پیاوی جەسور دەکرێ. هەقە کێشەی کورد چارەسەربکەی و من ئامادەم هاوکاریت بکەم.. باشترین کەس بۆ گفتوگۆ

ئۆچەلانە. پێشنیازی بۆ کردبوو: بونی کورد لە دەستور، دانانی ئۆچەلان لە خانوویەک و مەسەلەی عەفوی عام و پاشانیش چەکدانان و هەندێ شتی تر) ئەمانە نەخشە رێگاکە بوون.

ئیتر دەرنجامی ئەو هەوڵە ژێر بە ژێرانە، کە ماجەلال داوای کردبوو، نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت رۆڵی چالاکی تێدا ببینێت، گەلاڵەی ئەوە کرا وەفدێک بچێتە لای ئۆجەلان لە ئیمراڵی.

سەرەتای ساڵی نوێ لە رۆژی ٣ -١ -٢٠١٣ موژدەی قۆناغی چۆنایەتی ئاشتی بوو وەختێک ئەحمەد تورک و ئایلا ئەکات، سەردانی ئۆچەلانیان کرد. بەهرۆز گەلاڵی دەڵێت:

لە دانیشتنی نێوان ئۆچەلان و ئەحمەدو ئایلادا ئۆچەلان سلاوپێزی زۆری بۆ مام ناردو تەمەنای زوو چاکبونەوەی بۆ مام خواست و وتبوی مام زۆر لەم مەسەلەیەدا کاریکردووەو خۆزگە نەخۆش نەکەوتبایە، چونکە مام دەورێکی باڵای هەبوە لەم مەسەلەیەدا و دەیتوانی زیاتر یارمەتیمان بدات. وەک دەبینرێت سەرەڕای ئاستەنگییەکان بەڵام تاڵەبانی هەوڵەکانی خۆی پەک نەخست تا بەم رۆژە گەیشت، کە تورکیا رۆڵی شایانی سەرۆکی پەکەکەی قبوڵکرد. نەورۆزی ئامەد لە ساڵی ٢٠١٣ بەم بانگەوازە دەنگیدایەوە کە ئۆجەلان وتی: (ئەمڕۆ سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات، لەسەردەمی شەڕی چەکەوە، دەرگا بەڕووی سیاسەتی دیموکراتیدا دەکرێتەوە... ئەمە سەردەمێکە تێیدا کوردەکان دووبارە ئەسڵیان، رەچەڵەکیان و ناسنامەیان بەدەستدەهێننەوە.... تێکڕا گەیشتینە ئەو خاڵەی با چیتر چەکەکان بێدەنگ ببن و فیکرەکان بکەونە لێدوان، ئیدی سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات، چەک نا، بەڵکو سیاسەت دەکەوێتە کار..... چیتر سەردەمی پێکدادان و چاو مۆڕکردنەوە لەیەکتری بەسەرچوو، ئێستا سەردەمی باوەش بەیەکداکردن و یەکتری قبووڵکردن هاتۆتەئاراوە).

ئەمەش رێک ئەو سەردەمەیە کە مام جەلال لە نامەکەی سەرەتای نەوەدەکاندا داوای کرد، بۆ ئەوەی بگەینە سەردەمێک کە باکوور ببێتە خاوەن حەیسیەتی خۆی و پشتێوانی باشووریش بێت وەک کوردستانێکی مەرکەزیی و وەک میسری کوردان، کە رۆڵی لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا شایان و بونیاتنەر بێت. ئەو کاتە کات زیارتر دەبێت بۆ وەبیرهاتنەوەی بیرەوەرییەکانی ئۆجەلان و مام جەلال لە بەیروت وشوێنەکانی تریش.

«سا ئەو کاتە بە هەتوانی ئازادی، سارێژدەبێ برینی نامورادی»؟

## (بەڵگەنامەکەی ئۆسلۆ)

جێگری سەرۆکی گشتی و وتەبێژی جەهەپە هالوک کۆچ لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەنووسیدا بەڵگەیەکی گوایە کۆنووسی گفتوگۆکانی نێوان پەکەکە و نوێنەری دەوڵەتی تورکیای راگەیاند. ماڵپەڕی رۆژنامەی رادیکاڵ بەڵگەکەی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

-بەردەوامبوونی توندوتیژی لە تورکیا بۆتە هۆی قوربانیدانی ماڵی و گیانی، بەپێی ئەم راستییە لایەنەکان لەسەر ئەمە هاوڕان بۆ گەیشتن بەئاشتی و ئاسایشێکی هەمیشەیی، هەروەها بۆ پێکهێنانی زەمینەی سازش پێویستە کۆبوونەوەکانی ئۆسلۆ بەردەوامبکرێن.

- لەنێوان لایەنەکاندا یەکێتی بۆچوون لەسەر ئەمە دروستبووە: کە کێشەی کورد بەپێی پرانسیپەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و یاساکانی هاوچەرخ چارەسەربکرێت، هەروەها بۆ ئەمەش رێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بە بنەڕەتی وەربگیرێت، لەمبارەوە بەو بڕوایە گەیشتوون، کە پێویستە هەرچی زووترە دەست بە گفتوگۆکان بکرێت.

- ئەنجامی خەبات و نانەوەی ئەو هەنگاوانەی کە لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی چاوپێکەوتنەکانی ئۆسلۆ تا ئەمڕۆ بەدیهاتوون، رۆڵێکی جددییانی بینیوە بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە زەمینەی سیاسی و لەنێوان رای گشتیدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت:

## ٩ ماددەی کە لایەنەکان لەسەری هەماهەنگبوون:

١ - لایەنەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان ئاشکرادەکەن، کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، وابەستە بەب ەردەوامکردنی قۆناغی ئۆسلۆ و ئیمرالی، خاوەن بڕیارن.

٢ - لایەنەکان ئەمە پشتڕاستدەکەنەوە کە لەسەر ئەمە رێککەوتوون، بەردەوامی بەم پەیوەندییانە بدرێت، کە لە قۆناغی ئۆسلۆو ئیمرالی تا ئەمڕۆ بۆ باسکردنی چارەسەری هەمیشەیی کێشەی کورد دەستپێکراون، هەروەها ئەمەش بە بنەڕەت وەربگیرێت، کە دەرەنجامەکانی ئەو کارەی بەڕێوەدەچێت لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادان جێگیربکرێن.

٣ - لایەنەکان، بۆ ماوەی هەرە درەنگ تا هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران (٢٠١١) بۆچوون و پێشنیارەکانیان لەسەر ئەو گەڵاڵەنامانە پێشکەشبکەن، کە بەڕێز ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنی ١٠ی مایس ٢٠١١دا بەناوی (گەڵاڵەی پرانسیپەکانی چارەسەری دیموکراسی بۆ کێشە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا، گەڵاڵەی پرانسیپەکانی ئاشتی دادپەروەرانەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی تورکی او کۆمەڵگە و گەڵاڵەی پێشنیاری پلانی ئاشتی دادپەروەرانە و چارەسەری دیموکراسییانەی پرسی کورد، پێشکەشکردووە، لایەنی کورد بە مەمنونییەتەوە پێشوازی لەم گەڵاڵەنامەیە دەکات، ئەمانە وەکو بنەما و پرانسیپ قبوڵدەکات.

٤- لایەنەکان لەنێوان هەمان ئەو ماوەیەی لەسەرەوەدا دیاریکراو، کار بۆ دیاریکردنی ئەو ناوانە دەکەن، تاوەکو لەنێوان ئەنجومەنی دەستووری، ئەنجومەنی ئاشتی و کۆمیسیۆنی راستی و دادپەروەریدا جێبگرن، کە ئەم ئەنجومەنانە ناویان لە گەڵاڵەنامەکانی سەرەوەدا هاتووە، هەروەها ئەو ناوانەی بۆ لایەنەکان یەکلابوونەتەوە، دەبێ (هەر لەو ماوەیەدا) پێشنیاریبکەن.

٥ - لایەنی تورک بەڵێندەدات، لە دوای هەڵبژاردنەکان، لەماوەیەکی هەرە کەمدا دوو کەس بەنوێنەرایەتی رێکخستنی (پەکەکە) سەردانی ئۆجەلان بکەن، هەروەها لە دوای پێکهێنانی ئەو کۆمیتە و ئەنجومەنانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە، هەر یەکەیان کۆمیتەی خوارەوەیان پێکبهێنرێت و پەیوەندییان لەگەڵ ئۆجەلان هەبێت.

٦- کۆتاییهێنان بەگوشار، کۆسپ و دەستگیرکردنی سیاسەتمەدار و نوێنەرە ئاشکراکانی کورد، دەزگاکانی چاپەمەنی و کادرانی راگەیاندن، هەروەها ئازادکردنی هەموو ئەو گیراوە سیاسییانەی بەناوی کەجەکە لە ئۆپەراسیۆنە سیاسییەکاندا گیراون، هەروەها لەم قۆناغەدا

نەرمی نواندن دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی چارەسەرییەکان، لایەنی تورک بەڵێندەدات، لەم چوارچێوەیەدا وەکو هەنگاوی یەکەم لە نەورۆزو دوای (نەورۆز) سیاسەتمەدارە کوردە گیراوەکان ئازادبکرێن.

٧- لایەنەکان لە ئاستی هەرە باڵادا بەڕاشکاوانە بانگ لە ڕای گشتی دەکەن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە زەمینەیەکی ئاسایشی و کەشێکی ئاساییدا بەڕێوەبچێت.

٨- چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی کورد، لە زەمینەی شەڕنەکردندا دەستەبەردەبێت، بۆ ئەمەش دەبێ گشت ئۆپەراسیۆن و چالاکییە سەربازی، سیاسی و دیپلۆماسییەکان رابگیرێن، دەبێ ئەمەش بەجێبەجێکردنی تەدبیری پێویست لەلایەن هەردوو لایەنەوە بەبنەڕەت وەربگیرێت، لەم چوارچێوەیەدا لایەنەکان دەبێ تاوەکو ١٥ی حوزەرانی ساڵی٢٠١١ هەر جۆرە ئۆپەراسیۆن و چالاکییەکی سەربازی رابگرن.

٩- لایەنەکان بڕیاریان دا، ئامادەکاری بکەن تاوەکو لەنیوەی دووەمی مانگی حوزەیراندا (٢٠١١) بۆ قوڵکردنەوەی گفتوگۆ و نیقاشی بابەتەکان کۆببنەوە.

(سدیق حەسەن شوکری لە ماڵپەڕی رادیکاڵەوە وەریگێڕاوە ٢٠١٢/٩/١٩، خزمەتگوزاری مۆنیتەرینگی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی).

# بە ئۆجەلانی وت
# کەسانی واتان هەبێت دەبنە شت

ئەمڕۆ ئۆجەلان بۆتە ئەیقونێکی گەورەی مەسەلەی کورد لە تورکیا، ئەم ڕێبەرە سەرسەختەی کوردایەتی باکوور، کە مەسەلەی کوردی لە وڵاتی نکۆڵیکردن لە کورد ژیاندەوە، ڕەوتێکی دوورودرێژی ململانێ و خۆسەلماندن و کورد سەلماندنی بڕیوە. لە وێستگەی سەرەتاوە ئیرادەیەکی پتەوی خستەکار، بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی پەرەپێدا، شۆڕشی چەکداری بەرێخست و کۆتایی هەشتاکان تورکیای هێنایە سەر تەحەددای تەگبیر لە مەسەلەی کورد و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ) لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی دوای کودەتای ١٩٨٠ بەدەعوا بوو، ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئۆزال پشوویدا. لەگەڵ ئەربەکانیش سەودایەکی سەرنەکەوتووی هەبوو، بەڵام لەگەڵ تانسوو چیللەر هەڵی نەکرد، هیچ خۆشیان بە یەکتر نەدەهات، خاڵی هاوبەشیان تەنها ئەوە بوو هەردووکیان هەواداری یانەی گەڵەتەسەرای بوون، کە یانەیەکی بە ناوبانگی فوتبۆڵی تورکیایە.

بەڵام ئەم ڕەوتە بێ گرفت و پاشەکشێش نەبوو، ئۆجەلان لە دۆسێی کوردستانی باشووردا خۆی و حزبەکەی چەند جارێک تووشی بەریەککەوتن هاتن. ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هەردوو هێزی سەرەکی (یەکێتی و پارتی) چوونە شەڕەوە، ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٧ بە جیا لەگەڵ پارتی و ساڵی ٢٠٠٠یش بە جیا لەگەڵ یەکێتی گێمێکی خوێناویی هەبوو.

جا بێ گەڕاندنەوە بۆ خەتای ئەم جەنگانە هەر خۆی قەومانی کاریگەری لەسەر هێزی پەکەکە بە گشتی و کەمەندکێش لە باشوور بەتایبەتی بەجێهێشت. ئۆجەلان لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ گەلەکۆمەکێیەکی نێودەوڵەتی لێ کرا. لە تورکیا دادگاییەکی ئاکام زانراوی بۆ سازدراو ئەوە (١٤) ساڵە لە دوورگەی ئیمرالی زیندانی ئینفرادییە، کە ئەمە درێژترین ماوەی زیندانیکردنی سەرکردەیەکی کوردە. لەم ماوەیەدا ئۆجەلان هەلومەرجی تەنیایی قۆستەوە و گەورەترین پێداچوونەوەی فیکریی ئەنجامدا. خوێندنەوەی دوو هەزارو پێنج سەد کتێب و نووسینی دە کتێبی دانسقە بەرهەمی ئەم پێداچوونەوەیە بوو. هەرچەندە ئۆجەلان جارانیش خوێنەرێکی باش بوو، وەکو ئاوات عەبدولغەفور تێکۆشەری دێرینی یەکێتی و دۆستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە قۆناغێکی هەستیاری دەستپێکی خەباتیدا دەیڵێت (مێژووی زۆر دەخوێندەوە، زۆرباش ئاگاداری مێژووی خەباتی کورد بوو)، هەروەها چەندین کتێبی وەکو پرسی کەسایەتی لە کوردستان و چەند هەڵبژاردەیەکی

بەرهەمەکانی لە هەشتاکان و نەوەدەکان بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئەوانە زیاتر دەقی کۆڕ و سیمینارەکانی بوون و کەمیان نووسین بوون. کتێبەکانی زیندانی بەرهەمی قووڵی ئەون، کە ڕەوتی دەستپێکی چەپی کلاسیکی تا چەپێکی واقیعبینی ڕۆژهەڵاتی دەردەخەن.

دادگایی ئۆجەلان و هەندێک لە هەڵوێستەکانی لە سەرەتای زیندانیدا جێی هەڵوەستە بوون، بەڵام دوای شۆکی دەستگیرکردنی ئۆجەلان جڵەوی سیاسەتی خۆی و هی حزبەکەشی گرتەوەدەست. پەکەکە بەوەفاداری سەرۆکایەتی ئەو مایەوەو دوو ڕووداوی گەورەی مانگرتنی فراوانی زیندانیان و پەیامەکانی بۆ ئاشتی و بەتایبەتیش پەیامی نەورۆزی ئامەد لە ساڵی ٢٠١٣دا، سەرکردایەتی و ڕۆڵی گەورەی ئەویان چەسپاند، تا ئەوەی گۆڤاری تایم بە یەک لە کەسایەتییە دیارەکانی ساڵی ٢٠١٣ی دانا، ئەم سەرکردەیە کە لەپێناو گەلەکەیدا گەنجێتی خۆی لە مەنفا و چواردە ساڵی هەستیاری کامڵبوونی لە زیندان بەسەربرد چاوەڕێی وێستگەی شایانی بەماندێلابوونە.

ئەمەش دەرەنجامێکە نە سەیرەو نە ئەستەمە، ئەگەر ڕێڕەوی بە تینوتاوی ئۆجەلان و ئەگەر ڕەوایی مەسەلەی نەتەوەکان و ویستی ئازادی بناسین و بسەلمێنین.

ئەم ڕێڕەوە ئۆجەلانییە سەرەتایەکی هەیە، لێرەدا یەک وێستگەمان بەنموونە هێناوەتەوە، کە وێستگەی پێگەیاندنی کادیر و تێکۆشەری پەکەکەیە تا ناسین و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی لە سوریادا.

بێگومان قسەکردن لەسەر تەواوی ریڕەوی ئۆجەلان و کاروانی پەکەکە کتێبانی دەوێت، لێرە دەشێ خوێنەر ڕەوانەی یەکێک لەو کتێبانە بکەین، کە لە زمانی جەمیل بایک (هەڤاڵ جومعە) ڕەوتی دەستپێک و پێگەیشتن و ئەمڕۆی پەکەکە دەگێڕێتەوە (حەسەن جوودی ، مێژوویێک لە ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆجی، دیمانەیەک لەگەڵ (جەمیل بایک)دا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پ. چ. د. ک، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨. بەتایبەتی لە پاشکۆدا کرۆنۆلۆژیای مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان هەیە، ل٧٠٧ بۆ ٧٢٥)

## پرۆفایل

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، یان عەبدوڵڵای تۆڵەسێن، ساڵی ١٩٤٨ لە شاری ئۆرفە لەدایکبووە، خوێندکاری زانکۆی زانستە سیاسییەکانی ئەنقەرە بووە. سەرەتای حەفتاکان لە مشتومڕەکانی خوێندکارانی کورد و تورک لەسەر چەپێتی و مەسەلەی کورد و ئایندەی وڵات بەشداریکردووە. ساڵی ١٩٧٣ دەرەنجامی ئەو گفتوگۆیانە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کوردستان کۆلۆنییەکی کلاسیکی تورکیایە، ساڵی ١٩٧٦ هەڤاڵەکانی ناردۆتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ١٩٧٨ پارتی کرێکارانی کوردستانیان دامەزراندووە. ساڵی ١٩٧٩ پێش کودەتای عەسکەر تورکیای جێهێشتووە و چۆتە سوریا. لە ١٩٧٩بۆ ١٩٨٤ پەکەکە ناوی زیاتری دەرکرد بە هۆی ڕێبازی (بەرخودان ژیانە)ی زیندانەکانی و بەهۆی دادگا سەربازییەکانی تورکیا، کە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

ساڵی ١٩٨٤ خەباتی چەکداری ڕاگەیاند، ساڵی ١٩٩٣ لە بیقاعی لوبنانییەوە ئاگربڕی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٩٨ دەرەنجامی گوشاری حکومەتی ئەنقەرە بۆ سەر حکومەتی حافز ئەسەد لە دیمەشق، بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئەدەنە، ئۆجەلان سوریای جێهێشت و بەدرێژایی ماوەی دەرچوونی تا دەستگیرکردنی لە نەیروبی، پایتەختی کینیا، لەنێوان روسیا، یۆنان، ئیتاڵیا و کینیا لەهاتوچۆدابوو (بۆ ماوەی مانەوەی لە روسیا سەیری کتێبی (تایهان أومید، ثلاثه و ثلاثون یوما فی الطوفان ، ترجمها الی العربیة مصطفی خلیل) و بۆ ماوەی مانەوەی لە ئیتاڵیا تا دەستگیرکردنی سەیری کتێبی (بریتا بولەر، گەشتە بێئاکامەکانی سەرکردەیەک-دۆسیەکەی ئۆجەلان لە پشت پەردەوە، وەرگێڕانی ڕێکەوت ئیسـماعیل، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، ساڵی چاپ ٢٠١٠ ) بکەن.

دادگاکەی ئۆجەلان لە ڕێوشوێنێکی توندا کرا و لە (١٩٩٩/٦/٢٩) بە حوکمی لەسێدارەدانی هەتاهەتایی حوکمدرا و لە ئابی ٢٠٠٢دا حوکمی ئیعدامەکەی هەڵوەشایەوە. (باشترین سەرچاوە لەسەر دادگایی ئۆجەلان و ڕەدوبەدەل و هەڵوێستی کورد و تورکیا و ناوچەکە و دونیا لە سەر دەستگیرکردن و دادگایی کردنی کتێبی (المسالة الکردیة فی ملف السیاسه الدولیة-عایده العلی سری الدین- مشورات دار الافاق الجدیدة-بیروت، چاپی یەکەم ٢٠٠٠... کتێبی ناوبراو پانۆڕامای هەموو ئەو ڕووداو و بەروارانەی تۆمارکردووەو بیوگرافیایەکی دەوڵەمەندە).

وێستگەی باسکراو لێرە، کە هاوکاری و پێکەوەیی خەباتی دوو بەشی باکوور و باشوور لە ڕێی هەردوو حزبی یەکێتی و پەکەکە دەردەخات، لە زمانی ئاوات عەبدولغەفورەوە ئاشنای دەبین.

ئاوات عەبدولغەفوور ساڵی ١٩٤٧ لە خانەقین لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٦١یەکەوە چۆتە ریزی خەباتی پیشەیی و سیاسیی کوردایەتییەوە. هەر لەسەر خەباتی پیشەیی خوێندکاران لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە دەستگیرکراوە، پاش چەند مانگێک لە دەستی پۆلیس هەڵدێ و پەیوەندیی دەکات بە ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. لە دامەزرێنەران و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە. ساڵی ١٩٧٥ دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان دەچێتە ئێران و ساڵی ١٩٧٦ حکومەتی شای ئێران لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی تەسلیمی بەعسیان دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و جارێکی تر پەیوەندیی بە ریزەکانی پێشمەرگە دەکاتەوە. ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە دیمەشق و لەوێ دەبێتە بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی یەکێتی و شۆرشی نوێ و بەو هۆیەوە دۆستایەتی لەگەڵ ئۆجەلان دەکات. لە قۆناغی جیاجیادا چەندین بەرپرسیاریی لەناو حزب و شۆرش، دوای ڕاپەرینیش، لەناو حکومەتی هەرێمدا وەرگرتووە. ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندییە.

عەبدولغەفور وا باسی سەرەتای ناسینی ئۆجەلانی کرد:

- کە لە زیندان بەربووین. ساڵی ١٩٨٠ ئەرکی نووسینگەی پەیوەندییەکان (نیشتمانی یان کوردستانی)م گرتەئەستۆ لە شام. ئەوکاتە بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکان بووم.

*** وا تێدەگەم کە ئەو نووسینگەیەی پەیوەندییەکان چەند بەشێک بووە، تۆ بەرپرسی بەشە کوردستانییەکەی بوویت؟**

– بەڵێ. ئێمە پێکەوە لەو نووسینگەیە چەند هەڤاڵێک بووین، من و کاک دارۆ، کاک شازاد صائب (خوا لێی خۆشبێت)، لەگەڵ بلە رەش. ئەو کاتە لەو نووسینگەیە هەریەکەمان ئیشێکمان دەکرد، من بەرپرسی پەیوەندی کوردستانیی بووم.

*** مەبەستت کوردستانی ... هەر چوار پارچە بوو؟**

– بەڵێ پەیوەندی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، بەردەوام حزبە کوردستانییەکانم دەبینی. یەکەمجار عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)م لەوێ ناسی.

*** ئەمە کەی بوو، مانگی چەند بوو؟**

– بەدیاریکراوی مانگەکەم لەبیرنییە.

*** ئەو جارە، یەکەمین جار بوو تۆ ناسیت، یان یەکەمجار بوو کە یەکێتیی دەیناسی؟**

– کە من چووم بۆ شام ئۆجەلان لەوێبوو و میوانی ئێمە بوو، میوانی یەکێتی بوو، خانوویان بۆ گرتبوو لە مەزە و دراوسێی من بوو. لە دوو عەمارەدا بووین نزیکی یەکتری بووین، عەمارەکانی مەزە جەبەل یان عەمارەکانی تەلەفزیۆنیان پێدەڵێن. زۆر بەیەکەوە دەبووین، جارجار دەهاتە لامان.

*** ئەو کە میوانی یەکێتی بوو، هەر خۆی بوو یان خەڵکی لەگەڵ بوو؟**

– خەڵکی لەگەڵ بوو، ماڵێکی هەبوو بۆ خۆی، ماڵێکی تریشی هەبوو کە کۆمەڵێک حیمایە و کادیری لەگەڵ بوو. لەپێشدا هەر لە ماڵەکەی ئێمەدا بوون، خانوویەکمان هەبوو، کاک شازادی تیابوو، کۆمەڵێک هەڤاڵی پێشمەرگەشی تیابوو وەک حامید حاجی غالی و دانا ئەحمەد مەجید و شەهید ئەنوەر حەسەن و سەلاح چاوشین و ئازادی سەگرمە، کە لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵی تر هاتبوون بۆ خول و دەورات. کە من چووم پێکەوە لەگەڵ جەماعەتی ئۆجەلان لەیەک خانوودا بوون. دوایی خانوویەکمان بۆ گرتن... بۆ کادیرەکانی پەکەکە، ئەدهەم و ئەوان بوون.

*** ئەی ئۆجەلان؟**

– ئۆجەلان ژنەکەی لەگەڵدا بوو ناوی فاتمە بوو، پێیدەوت هەڤاڵ فاتمە لە مەزە جەبەل دەژیان و دراوسێی من بوون. ئێمە هاتوچۆمان پێ دەکرد.. سەیارەی نەبوو.

(بۆ زانیاری زیاتر وا سەیری دەفتەرەکانی مێژوو دەکەین، فاتیمە خان کەسیرە یەڵدرم یەک لە دامەزرێنەرانی پەکەکە و لە سەرکردە ژنەکانی ناو ئەو حزبە بوو، دە ساڵ هاوژیانی ئۆجەلان بوو پاشان لێک جیابوونەوە، کچی عەلی یەڵدرم موڵکدار و دەوڵەمەندێکی دەورانی خۆی بوو کە بە ئەسڵ کوردە، نووسەراوەکانی ئۆجەلان و پەکەکە کەسیرە بەناپاکی دژی حزب لەقەڵەمدەدەن کە گوایە پەیوەندیی بە دەزگا ئیستخباراتییەکانی تورکیاوە هەبووە .هەندێک جاریش ئۆجەلان شرۆڤەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ جیابوونەوەی خۆی لە فاتیمە دەکات. لای ئەو فاتیمە لە چینی بورژوا و کۆمپرادۆری کوردە، کە خیانەت لە شۆڕشی زەحمەتکێشان دەکەن و نەفەسیان کورتە. بەم دواییە لە نووسراوەکانی زینداندا گریمانەی ئەوەی نووسیووە کە دەشێ فاتیمە ناپاک نەبێت. ئەمەش رەنگە پێداچوونەوەیەکی ئەدەبیاتی دامەزراندنی پەکەکەی بە دواوە بێت).

*** ئەو کاتە سورییەکان ئۆجەلانیان دەناسی؟**

– بەڵێ دەیانناسی.

*** ئەیبۆ یارمەتی دانەکەی کەوتبوو ئەستۆی یەکێتی؟**

– تازەبوو، سورییەکان تازە دەیانناسی. لە ڕێگەی ئێمەوە دەیانناسی. پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئێمە هێنابووماننە ئەوێ. دواتر پەیوەندییەکانی گەشەیکرد، بەتایبەتی لەگەڵ براکەی حافز ئەسەد. پەیوەندی ئۆجەلان و قیادەی قەومی بەعسی سوری من دروستم کرد و پێم ناساندن

*** تۆ یەکەمجار کەی ناسیت؟**

– من لەوێ ناسیم، بە یەکتریان ناساندین و پێیانوت لەمەودوا هەر شتێکت ویست لە ڕێگەی منەوە دەیکەیت، تۆزێک تورکیم دەزانی و کوردییەکەشی وردە وردە تێدەگەیشتم. بووین بە هاوڕێی یەک.. پەیوەندییەکی چاک لەنێوانماندا دروستبوو. لە ماوەی ئەو ساڵەدا کە لەوێ بووم نزیکەی ١٦٠ بۆ ٢٠٠ کەسم بۆ هێناون بۆ مەشق و دەورە لە سوریا.

*** لەکوێوە دەهاتن؟**

– شەهید شەماڵ دەیهێنان و لە قامیشلی وەرماندەگرتن. جارێکیان بیرمە ٣٨ کەسمان هێنا و بردمانن بۆ مونەزەمەی ×اعقەی فەلەستینی، کە سەر بە بەعسی یەساری بوون، وابزانم عیسام قازی سکرتێریان بوو. لەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ دەورەی سەرۆکی سریەیان بینی و دواتریش هەر خۆم چووم و وەرمگرتنەوە. جارێکی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕۆیشتین.

*** ئەو کاتە ناوی عەلی بوو؟**

– نەخێر. ناوی عەبدوڵڵا بوو و بە کاک عەبدوڵڵا بانگمان دەکرد. بیرمە جارێک لە ماڵی شتی زۆر شەرحدەکرد بۆ پرشنگی خێزانم.. وتی هەڤاڵ پرشنگ تۆ فەهم کری؟ ئەویش وتی نەوەڵا کەلیمە تێنەگەیشتم. نێوانمان زۆر خۆش بوو، زۆر کات پێکەوەبووین.

جارێکیان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕۆیشتین، بردم بۆ لای عیسام قازی، کە سەرۆکی مونەزەمەی ×اعقە بوو، ئەندامی قیادەی قەومی بەعس بوو، پێکەوە قسەیاندەکرد و من تەرجەمەم بۆ دەکردن، ئۆجەلان عەرەبیی نە دەزانی. قازی وتی پێی بڵێ ئەگەر هەر کەسێک وەک ئێوەی هەبێت دەبێت بە شت. وتم بۆ؟ وتی: سێ مانگە ئەم جەماعەتەی لێرەن، دانەبەزیوون بۆ ناو شار. هەر پێڵاوێکی لاستیکیان لەپێدایە و ڕۆژگاریان کردووە بەسێ بەشەوە، هەشت سەعات خوێندنەوە، هەشت بۆ تەدریب، هەشت بۆ خەوتن. هەر کەسێک لە دنیادا خەڵکی لەو جۆرەی هەبێت دەبێت بە شت. ئۆجەلان زۆری پێ خۆش بوو.

جارێکی تر ئۆجەلانم برد بۆ قیادەی قەومی و داوای چەک و دەمانچەی کرد. چەند دەمانچەیەکیان دایە... ئەو کاتە هیچیان نەبوو و زیاتر لەگەڵ بەرەی دیموکراتی (جەماعەتی نایف حەواتمە) نێوانیان خۆش بوو، وەکو تر پەیوەندییەکانیان سنووردداربوون.

*** ئەو ماوەیە چۆن بوون، چیتان کرد؟**

– من ساڵێک لەوێ بووم. هەموو جارێ کە دەچوو بۆ لای مام جەلال من دەمبرد. مام جەلال دەیوت چیتان دەوێت بتاندەینێ.. بەڵام ئەو دەیوت دەبێت ئێمە بتاندەینێ ئێوە شۆڕشتان هەیە، ئێمە هیچمان ناوێت. جارێک مام جەلال لە لیبیا بوو ١٥٠ یان ٢٠٠

هەزار دۆلاری هێنا و دامانە کاک عەبدوڵڵا. مام جەلال ئەو پارەیەی لە لیبیا هێنابوو. لە چێشتخانەیەک کەسێک هاتبووە لای مام جەلال و پرسی بوو تۆ کوردیت، عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەناسیت؟ ئەوان کۆمەڵێک کورد بوون، لەناو جالیەی کوردی ئەو پارەیەیان کۆکردبۆوەو دابویانە مام جەلال بیبات بۆ ئۆجەلان... من لەوێ بووم کە مام جەلال پارەکەی دایە عەبدوڵڵا ئۆجەلان. زۆری پێ خۆش بوو... زۆر دڵخۆش بوو کاتێک زانی کۆمەڵێک کورد لە لیبیا پارە کۆبکەنەوە و بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بنێرن، بەڵام نەمانزانی ئەوانە کوردی تورکیا بوون یان هی کوێ بوون. پارەکە لە ١٥٠ هەزار دۆلار زیاتربوو. مام جەلال پارەکەی دانێ و پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی لیبیاش بۆ دروستکردن.

*** جارێک باستکرد، یەکەمجار ئۆجەلان وتی با پارەکە بۆ ئێوە بێت، ئێوەش خەریکی شۆڕشن.**

– وای وت.. ئیتر پێمانوت ئەو پارەیە بۆ تۆ هاتووە. وەریگرت سەیارەی نەبوو، وتی عەرەبەی پێ دەکرم. سەیارەیەکی مارسیدسی پێ کڕی.

جارێکی تر لەگەڵ کۆمەڵێک لە حزبەکانی کوردستانی تورکیا کۆمانکردنەوە، کاک سەڵاحێک هەبوو دواتر شەهیدبوو (شەهید نەجمەددین بیوگ کایە) گروپێکی مارکسی هەبوو و خۆی بە کۆمەڵە دەزانی، کە ئێستا لە سلێمانی باخێکیان بە ناوەوە کردووە. ئەو کاک سەڵاحە و جەماعەتی ئاڵای رزگاری بوون، کۆمەڵێکی تر لەو رێکخراو و گروپانە بوون، شەوێک لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوە.

*** ئێوە دەتانزانی لەناو کوردستانی تورکیا پەکەکە و حزبەکانی تر کێشەیان لەناو خۆیاندا هەیە؟**

– ئەوکاتە شەڕیان بوو. ئێمە و حەمید دەرویش و هەموومان هەوڵماندەدا ئاشتیانبکەینەوە... ئۆجەلان شەهید کاک سەڵاحی خۆشدەویست، دەیوت دەیکەم بە جێگری خۆم. ئەو کاک سەڵاحە لە سوریاوە بە قاچاغ و بەپێ و بە سواری ئەسپ چەکی گەیاندە ناوزەنگ. پیاوێکی زۆر قارەمان بوو، بەداخەوە لە زیندان لە تورکیا سووتاندیان.

بەهەرحاڵ کۆبوونەوەی ئەو شەوە زۆر درێژەیکێشا. ئێمە سەعات سێ خەوتین، سەعات چوار خەبەرمان بۆوە ئۆجەلان بە دەنگە بەرزەکەی هێشتا دەنگەدەنگی بوو لەگەڵ حزبەکانی تر... ئەوکاتە کەسیان نەیاندەوێرا قسەی لەگەڵدا بکەن، لێی دەترسان.

ئەو کاتە جەماعەتی ئۆجەلان هەر خەریکبوون کاریاندەکرد و پەیوەندییان دروستدەکرد. من ساڵێک لەوێ بووم و گەڕامەوە بۆ کوردستانی عیراق، بۆ ناوزەنگ و پێشمەرگایەتی.

هەر لە ساڵی ١٩٨٠ کۆنفراسێکیان هەبوو لە بەیروت. ئۆجەلان لە سوریا نەماو چووە بەیروت. کە چووە بەیروت، من و دارۆ چووین بۆ لای، لە بەیروت شەڕبوو، تەقە و تۆپباران بوو، بە تەلەفون پەیوەندیمانکرد و کەسێک هاتە دوامان، چووینە ماڵێک کە حەوت هەشت کچی تیابوو، دوو پیاوی لێ بوو ئەویش ئەوانە بوون، کە ئێمەیان برد. لای ئۆجەلان بووین، داوەتی کردین و نانمان خوارد. زۆر نزیکببووینەوە، بەتایبەتی لەگەڵ من زۆر نزیکبوو، دەیوت دەبێت ئەوان (پەکەکە) و کۆمەڵەی خۆمان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) و کۆمەڵەی ئێران (کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) یەکبگرینەوەو کار بۆ ئەوە بکەین. بۆ ئەوەش زۆر لەگەڵ ئێمە هەوڵیدا. پێموت من دەڕۆمەوە بۆ خەڵک

نانێریت بۆ ئەوێ؟ ئەوە ئالأی رزگاری هاتوون، هەڤاڵ خەجۆ لەوێیە، پێشمەرگەیان لەوێیە، بۆچی کەس نانێرن؟ دەیوت هەوڵدەدەم وابکەم، بەڵام تۆ لەسەر ئەوە ئیشبکە کە پێموتی، بۆ ئەوەی ببینە یەک حزب، چونکە ئێمە لە ئێوەوە نزیکین و رێکخستنێکی مارکسی دروستدەکەین. مام جەلال-یش دەیزانی کە ئۆجەلان چەندە لە منەوە نزیکبوو. ئینجا بیرم چوو باسیبکەم ، لەو کۆنفرانسەدا منیان کرد بە ئەندامی فەخریی پەکەکە.

*** کاک ئاوات تۆ تەوەقوعت ئەکرد، ئۆجەلان شۆڕش بکات و شۆڕش سەربخات؟ یان دەبێتە بەشێک لە شۆڕشێک کە هەموو حزبەکان دەیکەن؟**

– بەڵێ. دەمزانی زۆر دەوری دەبێت. زۆر خەریکی خۆی بوو، مێژووی زۆر دەخوێندەوە. زۆرباش ئاگاداری مێژووی خەباتی کورد بوو، باسی شێخ مەحمودی دەکرد. ئەو دەیوت مەحمود بەرزنجی. زۆرجار بەتەنیا قسەیدەکرد و تەسجیلیدەکرد و دەینارد بۆ رێکخستنەکانی. پەیوەندیم زۆر باش بوو لەگەڵیدا، لە قاپیم دەدا و یەکسەر دەچوومە ژوورەوە، دەیوت پێویست بە مەوعید ناکات، کەی دەتەوێت وەرە.

.

ئۆزال تا ئەردۆگان

# بەهرۆز گەلاڵی، دۆسێی پەیوەندییەکانی تورکیا وکوردستانی عیراق هەڵدەداتەوە

یەکەمجار کەچۆتە ئەنقەرە، بۆئەوەی دەورو تەسلیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک شازاد صائب بکات، لە ئۆتێلێکی ئەم پایەتەختەدا، کە ئێستا ئێمە لێی دانیشتووین، لە سووچێکی لا چەپدا لەگەڵ کاک شازاد و میوانێک دانیشتوون بۆ ئەوەی ئەم بیناسێ و وەک نوێنەرێکی سیاسەتی ڕەسمی کوردایەتی باکوور ئەگەر ڕاوێژ و بیروڕایەک هەبێ ئەم بیڵێ و ئەویش بیڵێ و لە چوارچێوەی تۆڕی دیبلۆماسیی نوێنەرایەتی یەکێتی لە تورکیا لەگەڵ حزب و هێزو تەیفە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بە کورد و تورکەوە، پەیوەندی لەگەڵیان دابمەزرێنێت.

میوانەکە کاک ئەحمەد تورک بوو، ×ائبی ڕەحمەتیش لەو ساتەدا ماڵئاوایی لە ئۆفیسی ئەنقەرە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان تاکو وەک وەزیری کوشتوکاڵ لە حکومەتی کوردستان دەستبەکاربێت.

وەک دیپلۆماتێکی کارامەی میللەتێکی بێ دەوڵەت و بەلەنگاز، نوێنەری پێشوو (کاک شازاد) ئەرکەکانی بە نوێنەری تازە (بەهرۆز گەلاڵی) دەسپێرێ و تۆڕی پەیوەندییەکانیشی تەسلیم دەکات، کە یەک لەوانە پەیوەندی لەگەڵ تەیفی کوردایەتی و مامۆستاکەیان، ئەحمەد تورکە.

دەبێ لەو دیدارەدا، لەو دەمەدا، چەند جار نوێنەری پێشوو و نوێنەری تازەو میوانەکەشیان سەیری ئەملاوئەولایان کردبێ، کەچی وا ئێستا نوێنەرایەتی یەکێتی لە هەموو ئاستەکانی خارجییە، پەیوەندی حزبەکان و میدیاکان و ڕۆشنبیرانی کورد و تورک نوێنەرایەتییەکی سەنگینە و زۆرجار لە چالاکی و کاردا بۆری نوێنەرایەتی ڕەسمی عیراقیان داوەتەوە.

نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە، بەهرۆز گەلاڵی، ئەزموونی سیانزە ساڵی پەیوەندی و ئامادەگیی تۆمارکردووە. لە چەندین کەینوبەینی ئاشتی و نێوان دۆستی و مینبەری ڕەسمی و مینبەری میدیا و میتینگدا بەشداریکردووە و ڕۆلێکی چالاکی دیپلۆماتانەی گێڕاوە، ئەم پەیوەندیانە وەک گەلاڵی ئاماژەی پێ دا؛ ڕەنگدەرەوەی سەنگی دیبلۆماسی و سیاسیی سەرۆک تاڵەبانییە، کە لە زەمانی ئۆزاڵەوە، لە نەوەدەکاندا، دەستیپێکرد و تا ئێستاش درێژەی هەیە و تورکەکان ناخوازن فەرامۆشیبکەن.

بێگومان چالاکی نوێنەرایەتییەکەش ڕۆڵی هەیە، هەم لە ڕووی نێوانباشی لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمی و سیاسەتی حزبایەتی هی تورک و کورد. تەنانەت وەک خۆی دەڵێ هەوڵی

پەیوەندی داوە لەگەڵ مەهەپەش. هەم لە رووی میواندۆستی و بەتەنگەوەهاتنی میوانی هاتوو و رۆیشتوو.

لەو شوێنەی دەورو تەسلیمەکەی لێ کرا ئێمە دیدارمان لەگەڵ گەلاڵی کرد. ئەویش سەرەتاکەی گێرایەوە:

(لە ٢٠٠١/٣/٢١، یادی بەخێر کاک شازاد وەک عورفی دیپلۆماسی، کە دەور و تەسلیم دەکرێت، کاک ئەحمەد تورکی پێناساندم. لەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ گۆڕانێکی نەوعی لە پەیوەندییەکاندا رووی داوە. بەتایبەتی دوای هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان.

ئەو پەیوەندییانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئۆزال، کە جەنابی مام جەلال رۆڵی خۆی بینی، دوو مەکتەبەکەی یەکێتی و پارتی دروستکران، بەڵام ئەو پەیوەندییانە هەوراز و نشێوی زۆریان بەخۆوەبینیوە، ئەویش بەهۆی ئەو پرسانەی هاتوونەتەئاراوە، وەک مەسەلەی کوردستانی عیراق، مەسەلەی پەکەکە، بوونی سەدام و رووخانی و پاش رووخان.

مەکتەبەکەمان راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە هەیە، دانیشتنە رەسمییەکانمان لەگەڵ ئەوانە، کە ئەگەر هەر شتێکیان هەبێت، بە رێگەی رەسمیی بانگماندەکەن بۆ وەزارەتی دەرەوە، ئێمەش هەر شتێکمان هەبێت دەیدەین بەخۆیان. لەو سەرەتایەوە تاکو هاتنی ئەردۆگان بۆ هەولێر لە ژێر ئاڵای تورکیا و کوردستانی عیراق، تا کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر.. ئەوە گۆڕانێکی جۆریی زۆر گەورەیە).

*** هەستت بەوە کردووە ئەو کاتانەی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردستانی عیراق یان لەگەڵ یەکێتیی خراپ بووە بە جۆرێک لە جۆرەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئێوە کردبێت؟**

– نەخێر، لەو کاتانەی عەسکەر مام جەلال و کاک مەسعودیان وەکو دوو سەرۆک عەشیرەت سەیردەکرد، لەو کاتانەدا پەیوەندییەکان لەوپەڕی خراپیدابوون، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە زۆرباش بوو، بە هیچ شێوەیەک ئەو ئاستەی هەبوو نەهاتووەتە خوارەوە. بەپێچەوانەوە لە هەڵسوکەوتی دبلۆماسیدا دا زۆر بەئەدەبن. تەنانەت لەو سەردەمانەی شەڕمان هەبوو لەگەڵ تورکیا، کە ساڵی ١٩٩٧ خۆم پێشمەرگە بووم لەگەڵ کاک کۆسرەت لە دۆڵی هیران، بەرامبەر تانکەکانی تورکیا راوەستابووین، لەو کاتەشدا پەیوەندییەکان هەوراز و نشێوی زۆریان بەخۆوە بینیووە، بەڵام نووسینگەکانیان لە سلێمانی هەر مابوو لە ئەنکەرەش نووسنگەکەمان هەر مابوو، پاش ئەوەی من هاتمە ئەنقەرە پارتی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا زۆر خراپبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینگەی پارتی هەر لێرە هەبوو. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە هەستمان بەوە نەکردووە پشتگوێخراوین ، بەڵام گلەیی و گازندە هەر هەبووە.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عیراق و تورکیا، مام جەلال کردویەتی، ئەوە مەسەلەیەکی مێژووییە، برایانی پارتی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا زۆر خراپ بوو، پێشمەرگە هاتبووەوە خاپور بەرامبەر تورکیا وەستابوون، هەندێک لێک تێنەگەیشتن هەبوو، ئەو کات بەوە تۆمەتباردەکراین کە کوردستانی عیراق پاش رووخانی سەدام دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، مام جەلال بۆی روونکردنەوە کە ئەوە وانییە، فیدراڵی یەکگرتوویی خاکی عیراق دەگەیەنێت نەک دابەشبوونی، ئەوەبوو سەرۆک تاڵەبانی بووە سەرۆک کۆمارو

کاک مەسعودیش بوو بە سەرۆکی هەرێم، کە کاک مەسعود هاتە بەغدا و ئەردۆگانیش لەوێبوو یەکتریان بینی، ئەم چاوپێکەوتنانەش هەمووی مام جەلال دروستیکردووە. ئەمە مەسەلەیەکە کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات.

***ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ حزب و کەسایەتییە کوردییەکانی تورکیا هەیە، تورکیاش ئاگادارە؟**

– ژمارەی کورد لە تورکیا لەسەر و ٢٠ ملیۆنەوەیە، قووڵایی ستراتیژیی کورد لە تورکیادایە، چۆن میسر بۆ عەرەب گرنگە ئاواش کوردی تورکیا بۆ کوردستانی عیراق و ئێران و سوریا گرنگن، مادام دۆستانی تورکیامان داوا دەکەن هاوکارییان بکەین لە مەسەلەی ئاشتی، ئەوە بۆ خۆی ڕێگەنیشاندەربوو، کە ئێمە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کوردەکانی ئێرە دروستبکەین، چونکە ئەگەر تۆ پەیوەندییەکی پتەوت نەبێ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەیی، ناتوانی کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەت دابنێیت، کاری سەرەکی ئێمە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەت تورکیا و هەموو حزبەکانیشە. چەندین جار نامەم بۆ مەهەپە نووسیوە وەڵامیان نەداوینەتەوە، ویستومانە لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە پەیوەندیان لەگەڵ دروستبکەین، ئەوان وەک نەتەوەی تورک و ئێمەش وەک نەتەوەی کورد. ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ هەمووان پەیوەندیمان باش بێت.. لەگەڵ ئاک پارتی، جەهەپە پەیوەندیمان باشە، کە دوو حزبی سۆسیال دیموکراتی دەستەخوشکین. لەلایەنی کوردیشەوە ئەگەر بمانەوێت بکەوینە نێوانەوە و ڕۆڵببینین لەو کێشەیەی کە هەیە بۆ چارەسەرکردن، پێویستە لەگەڵ کوردەکانی تورکیا پەیوەندیمان بەهێزبێت. لەو ڕوانگەیەشەوە هەم لەگەڵ ئەوانەی شاخ پەیوەندیمان هەیە لە کوردستانی عیراق و دەیانبینین، هەم لەگەڵ ئەوانەی ئێرە.

هەندێک جاریش پرس بە ئێمە دەکرێت، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ خۆت بینیت کە داوادەکەن کوردستانی عیراقیش ڕۆڵی خۆی ببینێت لە مەسەلەی ئاشتیدا. بۆ ئەوەی کاریگەری قسەکان لەسەر ڕای بەرامبەر دەردەکەوێت، دەبێت پەیوەندیت لەگەڵی هەبێت، ئێمە لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی، کۆنگرەی جڤاتی دیموکراسی، پارتی بەشدار بە سەرۆکایەتی کاک شەرافەدین ئەلچی، لەگەڵ پارتی ماف و ئازادییەکان بە سەرۆکایەتی کەمال بۆرکای و بایرام بۆزیەل، کاک ئەحمەد تورک و ئایسەل تۆغلوک و سەلاحەدین دەمیرتاش و گوڵتان کشناک و ئەو ئەندام پەرلەمان و خەڵکانەی لە بواری سیاسەت و دیپلۆماسی و پەرلەمان کاردەکەن، پەیوەندیمان پتەوە. تا ئێستا چەندین جار ئاگربەستکراوە، لەو ئاگربەستانەدا سەرۆک مام جەلال ڕۆڵی سەرەکی بینیووە، لەم دواییانەشدا کاک مەسعود ڕۆڵی خۆی بینیوە، بۆ ئەوەی ئەو شەڕەی هەیە کۆتایی پێ بێت، دیارە خەڵکانێکی زۆر هەن ئاشتییان دەوێت.. کوردی تورکیا بەشێوەیەکی گشتیی ئاشتیی دەوێت، لەناو تورکیش خەڵکێکی زۆر هەیە ئاشتیی دەوێت، خەڵکانێکیش هەن ئاشتیان ناوێت.

*** قەت ڕێککەوتووە بڵێین ئەفکارمان بدەنێ بۆ چارەسەرکردن، زۆربەی کات دەڵێن یارمەتیمان بدەن لەوەی کە پەکەکە چەکەکانی دابنێت؟**

– بەراشکاوانە قسەدەکەم، لە ٢٠٠١وە کە پارتی داد و گەشەپێدان دروستبوو لە

٢٠٠٢ دەسەڵاتی گرتەدەست، کورد تاکو ئێستا سوودێکی گرنگی نەبینیووە لە بوونی ئاک پارتی، بەشێوەیەکی گشتیی ململانێی کورد لەگەڵ کەمالیزم بووە، ئەو حزبەی ئێستا لەسەر حوکمە حزبێکی موحافیزکاری دیموکراتیخواز و ئیسلامییەکی میانڕەوە، کە خۆیان دژی کەمالیستین، رۆڵی عەسکەریان لاوازکردووە، وا دادگای دەستووری کەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، زانکۆکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان کەوتووەتە ژێر دەستیانەوە، سەرۆکی پەرلەمان و حکومەت لە خۆیانە، یاساکانیان گۆڕی و کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراوە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لەو شوێنانەی کە بواری گۆڕان هەیە حکومەتی ئاک پارتی هەوڵیدا هەندێک گۆڕانکاری بکات، کە پارتە کوردییەکان دەیانتوانی سوودی لێ وەربگرن.. بەڵام بەپێچەوانەوە نەیانکرد، زۆرجار لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی و کوردەکانی ئێرە قسەدەکەم، هەڵەی ستراتیژی ئەمانە لەوەدایە وەکو دوژمنی ئایدیۆلۆژی دەڕواننە پارتی داد و گەشەپێدان، لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە سەیرناکەن کە کێشەی ئەوان کێشەیەکی نەتەوەییە، بەڵکو لە روانگەی ئایدۆلۆژییەوە سەیردەکەن، کە داد و گەشەپێدان حزبێکی موحافیزکارن و ئەوانیش چەپی مارکسیستی کۆنن. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەر تۆ داواکاریی نەتەوەیەکت هەیە، دەبێت لەگەڵ حزبی دەسەڵاتدار دیالۆگ بکەیت، لەو شوێنانەی مافم پێ نادات پێیدەڵێم تۆ ناحەقی، بەڵام ئەوان لە یەکەم رۆژەوە تا ئاخیر رۆژ بە کارێکی ئەو پارتی داد و گەشەپێدانەیان نەوتووە باش، بە باشەکانیان نەوتووە باش، بە خراپەکانیان نەوتووە خراپ، هەمووی هەر خراپبووە، کە ئەوەش نابێت.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە دەستەبژێری کوردی ئێرە ئەزموونی سیاسییان کەمە و ئەزموونیشیان لە کوردستانی عیراق وەرنەگرتووە، سیاسەتی یان هیچ یان هەموویان هەیە، لە سیاسەتدا ناوەند هەیە، زۆرجار داوای زۆرترین دەکەیت، لەو خاڵانەوە دەستپێدەکەیت کە دەکرێت لەسەری رێکبکەویت، لەو دەستپێناکەیت کە بڵێیت عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازادبکەن، ئەوان شتی واناکەن.. ئەوە خاڵی کۆتاییە، دەبێت لە خاڵێکی ساناوە دەستپێبکەیت و داواکارییەکان ریزبەندیبکەیت، لەکوێوە دەستپێدەکەیت و بۆ کوێ دەڕۆیت. لە ساڵی ٢٠٠٢وە تاکو ٢٠٠٩ مەسەلەی کرانەوەی دیموکراسی زۆر چووە پێشەوە، لە دیاربەکر و شرناخ و شارەکوردییەکان، کە هێزی سەربازیی زۆری لێ بوو، لایانبرد، زمانی کوردی لە هەندێک شوێن قەدەغەبوو، تەنانەت کاسێتیش قەدەغە بوو لێ بدرایە، ئەوانەیان هەموو لابرد و بەیاسا هەمواریانکردەوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ کراوە، رەنگە بە نسبەت کوردەوە ئەمە کەم بێت، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی باش بوو بە ڕێگایەکی راست و دروستدا. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، بەهاتنەوەی ٣٤ کەسەکە لە ئیبراهیم خەلیلەوە، هەردوولا خەتایان هەبوو، پەکەکە و پارتە کوردییەکان هەوڵیان دا بیکەنە خۆپیشاندانێکی سیاسیی گەورە کە لەڕاستیدا بۆ ئەوەبوو گروپ گروپ بگەڕێنەوە و بچنەوە ماڵی خۆیان دابنیشن، تا ئەو کاتەی لێبوردنێکی گشتی دەردەچێت، یان بۆ ئەوەی بزانن تورکیا چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. وڵاتانی ئیقلیمی، هێزی ناوخۆ لەناو پەکەکە، لەناو تورکیا هەوڵی تێکدانی ئەو کارەیان دا، بۆ ئەوەی نەچێتە پێشەوە و کوردی تورکیا نەگاتە مافی خۆی، چونکە

ســبەینێ کوردی شوێنانی تر هەڵدەستن. حەزدەکەن ئەو شەڕە بمێنێت و بەردەوامبێت.

لە ٢٠٠٩ەوە هەستدەکەم ئاک پارتی ئەو سیاسەتەی جارانی نەماوە لە بەرامبەر مەسەلەی کورد. بۆ نموونە، کادیرەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ژمارەیەکی زۆریان لە زیندانن، ئەمانە بە سکاڵای کەجەکە دەستگیرکراون. ئەوە دووساڵە کەشێکی شەڕانگێزی دروستبووە، هەردوولا کەمتەرخەمن، کە دەکرا ئەم شتانە هیچی رووی نەدایە، ئەوەی ئاگام لێیەتی، پەکەکە زۆر شتی گەورە داواناکات، ئامانجەکە هەتووەتە سەر دووشت؛ دەرهێنانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندان و دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، بەڵام ئەم دووانە داخوازییە ئاشکرا و رەسمییەکانن کە بەوەوە ڕاناوەستن، بەڵکو دەیانەوێت لە دەستووری نوێی تورکیادا بنووسرێت کورد شان بەشانی تورک وەکو نەتەوەیەک لە تورکیا دەژی و مافی هەیە. داخوازییەکانیش داخوازی نەتەوەیی و شوناسە، داخوازی دانپیادانان و ناسینە.

*** ئەوەمان زانی ئاک پارتی هەوڵیدا هەندێک کێشە چارەسەربکات ئەگەر بێینە سەر حزبەکانی تر، جەهەپە بەو پێیەی تەقالیدی سیاسەتی دەوڵەتی نوێی تورکیای بیناکردووە، ئێستا دەڵێت پێشنیارێکی نوێم بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە، بەڕای تۆ پێشنیاری جەهەپە چییەو لەکوێوە رادەوەستێت؟**

– جەهەپە لە سەردەمی دەنیز بایکال، کە سەرۆکی جەهەپە بوو؛ هەم لە سۆسیال دیموکرات کەمێک کەمتەرخەمی و پاشەکشێی هەبوو، هەمیش لە مەسەلەی کورد. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ەوە جەهەپە لە ناوچە کوردییەکان دەنگێکی کەمی هەبوو، بنکەی جەهەپە لەناو کورددا لاوازە، ئاک پارتی لەناو کوردی تورکیادا لە هەموو حزبەکان بەهێزترە، پاش ئەویش پارتی ئاشتی و دیموکراتی دێت. دواتر سەعادەت پارتی، بارودۆخی جەهەپە زۆر خراپ بوو لەناو کوردی تورکیا. زۆر جاریش کە ئەردۆگان قسەیدەکرد دەیوت ئێوە هیچتان نییە و بەرنامەیەکتان نییە، کەچی رەخنە لە حکومەت دەگرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، فەرموون ئەگەر پرۆژەیەکتان هەیە پیشانمانی دەن.

لەو سەردەمەی دەنیز بایکالدا، چارەسەرکردنی کێشەی کورد گرنگییەکی نەبوو، کاتێک کەمال کلچدار ئۆغلو بووە سەرۆکی حزب گۆڕانکاری لەناو جەهەپە رووی دا، کۆمەڵێک دیپلۆماتی پێشوو کە لە وەزارەتی دەرەوە کاریان دەکرد بۆ نموونە عوسمان کۆروتورک کە باڵیۆز بوو لە وەزارەتی دەرەوە، فاروف ئۆغلو باڵیۆزی تورکیا بوو لە ئەمریکا و دیپلۆماتێکی زۆر زیرەک و بە توانا و شارەزایە. ئەمانە هەوڵیاندا گۆڕانێک بکەن، ئەوەش زیاتر بۆ کۆکردنەوەی دەنگی کوردە، جەهەپە دەیەوێت جارێکی تر ئەوە پیشانبدات حزبێکی تورکیایە و دەیەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکات، ئەو پرۆژەیەی هێناوەتە پێشەوە بۆ ئەوەی سبەینێ ئاک پارتی نەڵێت پرۆژەتان نییە.

## ئەجێندای ئەردۆگان

*** کەواتە ئاک پارتی بۆ ڕاکێشانی دەنگە لەناو تورکە توندڕەوەکان ئەم سیاسەتە دەکات، بەڵام جەهەبە بۆچی ئەمە پێچەوانە دەکاتەوە؟**

– ئەردۆگان دەیەوێت ببێتە سەرۆک کۆمار، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ دەیەوێت مەهەپە

لاوازبکات و دەنگی مەهەپە بۆخۆی بهێنێت. ئەردۆگان نیازی ئەوەیە نەک تەنها ببێتە سەرۆک کۆمار، بەڵکو نیازی ئەوەیە سیستمی سەرۆک کۆمار بگۆڕێت و بیکاتە سیستمێکی وەکو فەرەنسا، واتە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی زیاتری هەبێت لە سەرۆک وەزیران. لە بەرامبەردا جەهەپە دەیەوێت کورد و دیموکراتخواز و چەپ و عەلمانییەکان بۆ خۆی رابکێشێت. ئەمە هۆکارەکەیە.

*** بەرای تۆ، جەهەپە لەناو کورددا دەنگی زامنتر و زۆر دەبێت، یان هەوڵبدات هەندێک بۆچوونی ئیسلامیی هەبێت؟**

– لە ڕوویترادیسیۆنەوە دەنگی جەهەپە لەناو عەلەوییەکانە، زیاتر لە بیست ملیۆن عەلەوی هەیە و دەنگی بنەڕەتی جەهەپە لە عەلەوییەکانەوە دێت، کەمال کلچدار ئۆغلو خۆی عەلەوییە، بەڵام ناڵێت عەلەویم، کوردە ناڵێت کوردم، بەڵام کەسایەتییەکی دیموکراتخوازەو بەئاشکرا دەڵێت دەبێت کێشەی کورد چارەسەربکرێت، گرنگ نییە چ ناوێکی لێ دەنێت، گرنگ ئەوەیە چارەسەربکرێت

ئێستا لیژنەیەکی دەستووریی هاوبەش پێکهاتووە بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ، کە رەنگە نەتوانرێت داخوازییەکانی کورد بخرێتە ناو دەستوورەکەوە. کاتێک لە بەغدا دەستووری عیراق دەنووسرایەوە، هەموو جۆرە هاوپەیمانیمان دەکرد لەگەڵ لایەنەکانی شیعە و سوننە، بۆ ئەوەی کەمێک داواکارییەکانمان بچنە پێشەوە و هەندێک شتمان قبوڵدەکرد، بەڵام پارتی ئاشتی و دیموکراسی نایەت رێگەیەکی دیالۆگ بگرێتەبەر و لەسەر ئەو ماددانە لەگەڵ جەهەپە و مەهەپە قسەبکات، لەگەڵ ئاک پارتی دانیشیت بڵێت ئێمە ئەم ماددانەمان هەیە هاوکاریمان بکەن، بەپێچەوانەوە ئاک پارتی دەچێت لەگەڵ مەهەپە دادەنیشێت. ئێ دەستوورێک ئاک پارتی و مەهەپە بینووسنەوە هیچی بۆ کورد تیا نابێت.

*** هەست ناکەیت کاریگەری ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لاوازبووە لە فشار خستنە سەر تورکیا بەو پێیەی ئاک پارتی فشاری دەرەکی قبوڵناکات لە مەسەلەی کورددا؟**

– تورکیا ئەوروپای پێویستە، ئەوروپاش تورکیای پێویستە. پاش هاتنی ئاک پارتی سیاسەتی بەستنی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر پەیڕەوکرد، لەگەڵ عیراق، ئێران، سوریا، ئەرمینیا، یۆنان، روسیا، بولگارستان و هەموو وڵاتانی دەوروبەر.. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتان گەیشتە سەر ئەوەی ڤیزایان لەنێوان خۆیاندا هەڵگرت، تەنانەت لە کوردستانی عیراقیدا قەبارەی پەیوەندیی ئابووری گەیشتە ٩ ملیار دۆلار، بەڵام پاش ئەو گرفتانەی لەنێوان تورکیا و ئیسرائیل دروستبوو و ئەو ململانێیەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویدا و تەوژمی ئیسلامی هاتەپێشەوە، ئەمریکا هەوڵیدا نموونەی ئیسلامییەکی میانڕەوی وەکو تورکیا بناسێنێت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیاش جاران لە چوارچێوەی سنورەکەی خۆی دەرنەدەچوو، حەقی بەسەر وڵاتەکانی دەوروبەرەوە نەبوو. جاران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرائیل هەبوو، ئێرانیش دەیوت منیش هەم، ئێستا تورکیاش دەڵێت منیش هەم، دەبێت حسابم بۆ بکرێت لە رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

پارتی داد و گەشەپێدان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ئیسلامیی میانڕەوی وەکو خۆیانی تیادایە

پەیوەندییەكی بەهێزی دروستكردووە و ئەردۆگان دەیەوێت كاریگەریی هەبێت. ئەمریكاش هەم ململانێی هەیە لەگەڵ توركیا، هەمیش دۆستی ستراتیژیەتی. دۆستایەتییەكەی لەبەرئەوەیە توركیا بۆتە وڵاتێكی ئابووریی بەهێز، بەپشتیوانی ئەمریكاو دۆستەكانی، توركەكان خۆشیان زۆر كاردەكەن و میللـەتێكی ئیشكەرن.

ئەردۆگان و ئەسەد پەیوەندییەكانیان ئەوەندە بەهێزكردبوو ئەمریكا ناڕەحەت بوو لێی، تەنانەت لەگەڵ ئێرانیش، كەچی ئێستا بڕوانە توركیا كێشەی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەی دەوروبەر. لە سفرەوە بووەتە ١٠٠٪.

ئەگەر بیرتان بیت ٢١ ی مارتی ٢٠٠٣ سوپای ئەمریكا ڕێگەی پێ نەدرا لە توركیاوە بڕواتە عیراقەوە، ئەمریكییەكان ئەوەیان بیرنەچووەتەوە و تۆڵەی خۆیان كردەوە بەوەی سەربازی تورك ئەو پشتیوانییەی جارانی ئەمریكای نەماوە، چەندین كەسی سەربازیی سوپا بە سوپاسالاریشەوە لە زینداندان، ئەگەر جاران بووایە كێ دەیتوانی سەربازی تورك بباتە دادگای مەدەنی.

پاشان نێوان توركیا و ئێران تێكچوو، دواتر سوریا و توركیا، توركیا و عیراقیش لە پەیوەندیی ستراتیژی، كە ئیمزاكرا ئێستا بۆتە شەڕە قسە لەگەڵ مالكیدا، لەبەرئەوە ئەمریكا هەم پشتیوانی لە توركیا دەكات، هەمیش خستییە ناو هاوكێشەیەكی واوە، كە ئۆتۆماتیكی پەیوەندییەكە لەگەڵیدا تێكچوو.

*** لەبارەی یەكێتی ئەوروپاوە؟**

– بۆ یەكێتی ئەوروپا، توركیا دەیەوێت بڵێت باشترین پەیوەندیم هەیە لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی كەچی ئێوە وەرم ناگرن، لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی بازرگانی فراواندەكەم و كوردستانی عیراق دەكەمە پردێک بۆ گەیشتن بە كەنداو و وڵاتانی عەرەبی.

*** ئەوروپا چی دەڵێت؟**

– ئەوروپا دوو رای هەیە، بەریتانیا پشتیوانی لە توركیا دەكات بۆ یەكێتیی ئەوروپا، ئەڵمانیا و فەرەنسا نایانەوێت، توركیاش دانوستانی بەردەوامە لەگەڵ یەكێتیی ئەوروپا، بەڵام مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک كارتێک بەكاردەهێنێت لە بەرامبەریاندا

*** ئەمریكا لە مەلەسەی كوردی توركیادا هیچ رۆڵێكی نییە و هەستی پێناكرێت، ئامادەبوونی ئەوروپاش وەک جاران نییە؟**

– بە پێچەوانەوە دەیبینم، ئۆباما دێتە ئەنكەرە و ئەحمەد تورك دەبینێت.

*** ئاخر ئەحمەد تورك دەبینێت وەكو سەرۆكی حزبێكی توركی؟**

– نەخێر! وەكو سەرۆكی حزبێكی كوردی دەیبینێت، وتویەتی بڕوامان بە چارەسەركردنی كێشەی ئێوە هەیە، سەرۆكی حزبەكانی تری بینی لە پێناوی ئەوەی حزبە كوردییەكە ببینێت، هەروەها پارتی ئاشتی و دیموكراتی لە ئەمریكا نوسینگەیان كردۆتەوە. ئەمە پەیامێكە بۆ تورك، پێیدەڵێت تۆ كێشەیەكت هەیە، دەبێت چارەسەرییكەیت.

*** پێتوایە ئەو رۆژەی توركیا دانی بە پەكەكەدا نا، ئیتر پەكەكە چەک دادەنێت؟**

– كە دانی نا بە پەكەكەدا ئەو كاتە پەكەكە نوێنەرایەتی كورد دەكات، وەک ڕێكخراوی

تەحریری فەڵەستینی لەسەرەتادا پێیاندەوت عەرەفات تیرۆریستە، دواتر ئیسرائیل دانوستانیانکرد، ئەو رۆژەی ئەوە بکرێت ئەوە زەمەن چارەسەریدەکات، ئەگەر ئێستا بەراوردبکەیت لەگەڵ دە ساڵی رابردوو دەبینیت گۆڕانکاریی گەورە بووە، پاش دە ساڵی تر پێدەچێت ئەوە ببێت، ئۆجەلان لە زیندان دەربچێت. ئەگەر تورکیا بیەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکات، بەبێ پەکەکە و ئۆجەلان مەحاڵە.

مەسەلەی پەکەکە و ئەو کێشەیەی هەیە، سێ خاڵی گرنگی تیادایە، یەکەمین ئەوەیە کە شەڕ رابگیرێت بەبێ مەرج و بەبێ زەمەنێکی دیاریکراو.

*** شەڕ رابگیرێت، نەک چەک دابنرێت؟**

– جاری یەکەم شەڕ رابگیرێت، کە ئەوە کرا لە بەرامبەریشدا لایەنی تورکیاش پرۆسەی سەربازی رابگرێت، دەستگیرکردنی کادری حزبە کوردییەکانیش رابوەستێت، پێموایە ئاک پارتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زۆر دەهێنێت، لەبەرئەوەی حزبە کوردییەکان کادریان نەماوە کاریان بۆ بکات، هەموویان لە زینداندان، ئێستا نزیکەی پێنج هەزار کەس لە زینداندان و هەمووشیان کادری باڵان.

*** بۆ پێچەوانەکەی نابێت، لە داخی ئەوەی کە کورد دەستگیردەکەن دەنگی کەمتر بهێنن؟**

– با پێت بڵێم بۆچی بەو شێوەیە نابێت، پارتی ئاشتی و دیموکراسی نوێنەرایەتی ١٥٪ی هەموو کوردی تورکیا دەکات، ناتوانێت ئەو هەموو دەنگە بەدەستبهێنێت کە کورد هەیەتی، چونکە کورد لە تورکیا ١٥٪ی هەیە و ٨٥٪ی کوردی تورکیاش لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی نییە و دەنگ بەو نادات، بەڵکو دەنگ بە ئاک پارتی دەدات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رووە ئایدۆلۆژییەکە. ئێستا برۆ دیاربەکر، مەکتەبەکانی دیاربەکر پڕە لە کتێبی ئایینی، چوار کێتبی زانستیی تیادا نابینیت، پڕیانکردووە لە کتێبی ئیسلامی.. بە سەدان هەزار کەس دەچنە حەج و عەمرە، ئایین لەناو کوردستانی تورکیادا زۆر بەهێزە، پەکەکە و پارتی ئاشتی و دیموکراسی تا ئێستا وەکو حزبێکی مارکسی نوێنەرایەتی چەپی کوردی دەکەن.

*** لەکاتێکدا چەپ لە تورکیا نەماوە؟**

– بەڵی، ئێمە زۆر قسەمان لەگەڵ کردوون، بە رۆڵ و کاریگەری مام جەلال زۆر قسەمان لەگەڵ کردن و وتومانە با لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لیستێک دابنێن، کە نوێنەرایەتی بەرەی کوردەکان بکات، شەرافەدین ئێلچی، ئالتان تان وەک کەسایەتی ئیسلامی و وەکو کەسایەتی دیموکرات، هەروا کەسایەتی تورک و کەسایەتی ئەرمەنی و نەتەوەکانی تر بخەنە ناو لیستەکەی خۆتانەوە، بۆ ئەوەی مەسەلەکەتان بکرێتە کێشەیەکی گەورەی خەڵکی هەموو تورکیا، نەک تەنها بۆ کورد. ئێستا ٣٥ کورسیان هەیە، ئەگەر ئەوانیتریش هەموو دەنگیان پێ بدەن ٧٠ کورسی لە پەرلەمان مسۆگەردەکەن. ئەگەر سیاسەتی کورد بە یەک دەنگ و رەنگ و یەک سیاسەتی لۆژیکیی میانڕەوکار لە چوارچێوەی خەباتی پەرلەمانی دوور لە شەڕ کاربکات، زۆر کاریگەردەبێت.

*** ئەوروپا رۆڵی چی دەبێت؟ ئەوەمان زانی کە ئەمریکا نووسینگەی بۆ حزبە کوردییەکە کردۆتەوە؟**

– دەبێت ئەو راستییە بزانین، برۆ خۆپیشاندانێک بکە لە خۆپیشاندانەکەدا ئەگەر سەرت

بشكێ و لە كەناڵەكانەوە پیشانبدرێت، خەڵكی دەیبینێت و بەداخ دەبێت بۆت، بەڵام كاتێك تەرمی هەشت سەرباز دێتەوە وا لە ئەوروپا دەكات جۆرێك لە بێدەنگی پیشانبدات، ئەگەر لە دەرەوەش كوردی خۆشبوێت نایەت بەرژەوەندی وڵاتی خۆی بخاتە سەر ئەوە.

*** مادام توركیا كراوەیە بە ڕووی دیموكراسیدا، بۆچی ئەوروپا هاوكاریی ئەوقاف و ڕێكخراوە كوردییەكان ناكات؟**

– بەڕای من دەیكات، چونكە تا ئێستا مانگ نییە ئەو كوردانەی ئێرە نەچنە ئەوروپا لە نوێنەرایەتی ئەوروپا لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەلجیكا بەشداری نەكەن، لەیلا زانا شەو و ڕۆژ ڕاناوەستێت، دەگەڕێت و دەچێتە ئەو وڵاتانە و بانگهێشتدەكرێت. پێش سەردانی كاك مەسعود بارزانی بۆ ئەمریكا، ئەمریكییەكان وەفدێكی پارتی ئاشتی و دیموكراسیان بانگهێشتكرد و بە ڕەسمی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاوە پێشوازیان لێ كردن، ئەوە هەمووی گۆڕانكارییە. گرنگ ئەوەیە تۆ چیت لەباردایە ؟ كێشەی پارتی ئاشتی و دیموكراسی ئەوەیە سەربەخۆ نین، سەركردەكانی ئەو حزبە خەڵكی خوێندەواریان تیادایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بنكەكەیان بنكەیەكی گوندییە و بنكەی چینە چەوساوەكەیە.. ژمارەیەكی دیاریكراون، ڕەنگە ئەستانبوڵ دوو ملیۆن كوردی تیادا بێت، بەڵام وەرە بزانە لە ئەستانبوڵ چەند دەنگ دەهێنیت، دوو یان سێ ئەندام پەرلەمانیان هێناوە، لە كاتێكدا دەكرا لە ئەستانبول پێنج ئەندام پەرلەمان هەبێت، ئەمەش پەیوەندی بە سیستەمی هەڵبژاردنەوە هەیە، چونكە سیستەمەكە بۆ ئەوان خراپە.. ناتوانن وەكو پارتی بەشداری بكەن لەبەرئەوەی ڕێژەی دیاریكراو ناهێنێت. ئەو ڕێژەیەش بووەتە كۆسپ لە بەردەم كوردی توركیادا.

*** بۆچی توركیا تا ئێستا ئەو یاسایەی نەگۆڕیوە؟**

– بەڕای من ئەوە كارێكی نادیموكراسییە ، جەهەپە داوای دەكات كە ڕێژەكە بەرزبێتەوە، بەڵام مەهەپە داوای ناكات، چونكە ئەو خۆی ١٠٪ هەر دەهێنێت. ئێستا هەوڵێك لەئارادایە كە بیكەنە ٥٪، بەڵام بڕواناكەم ببێت.

*** دێمەوە سەر كاری پەیوەندییەكان لە بواری فەرهەنگی و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانییدا**

– نزیكەی شەش خولم كردەوە بۆ كادیرانی ڕاگەیاندن و كادیرانی ڕێكخستن و پەیوەندییەكان. نزیكەی ١٢٠ كادیری یەكێتیی بۆ ماوەی دوو هەفتە هاتنە ئێرە بۆ خول و شارەزابوون لەسەر سیستەمی دیموكراسی و حوكمڕانی لە توركیا، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوە حزبەكانی تر هەندێك كێشەیان دروستكرد، حزبە عەرەبییەكانی عیراقیان بانگهێشتكرد، هەندێك شتیان كرد بووە مایەی ئەوەی ئەو پرۆسەیە ڕابوەستێت... خەڵكی ئێمە زۆر هاتوون، هاتوونەتە دیاربەكر بۆ كۆڕی زمانەوانی، هاتوونەتە ئەنكەرە، ڕۆژنامەنووسانیش هاتوون.

*** لێرەوە بۆ هەرێم چی هەیە؟**

– لێرەشەوە بۆ ئەوێ هاتوون، چەندین جار كۆنفرانس كراوە لە هەولێر و سلێمانی، جەنگیز چاندار و كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی تر هاتوون.

*** ئاك پارتی بۆچوونێكی ئیسلامی هەیە كە حەز دەكات حزبە میانڕەوە ئیسلامییەكانی وەكو**

**خۆی بێنە سەر دەسەڵات، هەست دەکەین بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتیوانی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانی عیراق دەکات.**

- بەڵی لەگەڵ یەکگرتوودا پەیوەندییان بە هێزە.

*** واتە تورکیا حەزدەکات لە هەرێمی کوردستاندا مۆدێلێکی ئیسلامی بێتە سەر دەسەڵات؟**

- ئاک پارتی حەزدەکات، بەڵام جەهەپە حەزی لێیە سۆسیال دیموکرات بەهێزبێت.

***بەڵام بۆ ئەو پشتیوانییەی لە ئاک پارتی دا هەستیپێدەکەیت بۆ ئیسلامییەکان لە جەهەپە بۆ یەکێتیی هەستمان پێ نەکردوە؟**

- چونکە ئەوە حزبی دەسەڵاتدارە، بەڵام ئەو حزبی دەسەڵاتدار نییە، ٣٠ ساڵ زیاترە جەهەپە دەسەڵاتدار نییە، کێشەکە لەوەدایە ئەوان دەڕواننە دیفاکتۆ، دەڕوانن بزانن کێ خاوەنی هێزە لە کوردستانی عیراقدا، یەکێتیی و پارتی بە دەرەجەی یەک.

*** تۆ پێتوایە ئەو تورکیایەی بەرەو رۆژهەڵات بڕوات؟ بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستکاری سنوورو ناوچەکان بکات؟**

- بڕوام وایە، کتێبەکەی ئەحمەد داود ئۆغلۆم بینیووە، جۆرێک لە تورکیای نوێی تیادایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** بەڵام ئەو دەڵێت ئێمە سێبەرمان هەیە بەسەر دەوڵەتەکانەوە، ناڵێت وڵاتەکان بخرێنە سەر تورکیا؟**

- سەردەمی ئەوەش نەماوە، بەڵام سێبەر واتای چی؟ بڕوانە ئێستا نوجەیفی و عەللاوی بێ ئێرە هیچ شتێک دەکەن؟ خۆ موسڵێش ویلایەتێک نییە سەر بە ئێرە بێت. ئەوان گەیشتنە ئەو بڕوایەی عیراق بەو شێوەیە نابێت، ئەو خوێنەی کە کەوتۆتە نێوان شیعە و سوننەو ئەو دابەشکردنە سیاسییەی ئێستا دەبێتە دابەشبوونێکی جوگرافی. لەبەرئەوە تورکیا دەبێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردستانی عیراق باشبکات، کە ئێستا دەستیپێکردووە، هەم لە ڕووی ئابووری و نەوت و گاز، هەمیش لە ڕووی سیاسییەوە، کۆمەڵێک شت لەئارادایە زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن، کە خۆیان بکەن بە خاوەنی کورد، بەڵام هەموو کاتێک پێیاندەڵێم کە وا نییە، ئێمە حزبێکی سۆسیال دیموکراتین و بڕوامان بەوەش هەیە رۆژێک لە رۆژان لە رێگای ئێوەشەوە لەگەڵ ئەوروپا پەیوەندییەکانمان بەهێزتربکەین

من بە تورکەکانم وتووە، دەبێت بزانن بە بێ مام جەلال لە عیراق و لە کوردستانی عیراقیش هیچ شتێک روونادات، دووجار و دوو رووداو هەبوون، یەکێکیان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق، ئەویتریان لابردنی مالکی. هیچیان بەبێ مام جەلال نەکرا، دەبێت هاوسەنگییەک دابنێن لەو هاوکێشەیەدا، هەفتەی رابردوو لە وەزارەتی دەرەوە بووم باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد، بەڕای من ئەوان زیاتر تەرکیز دەکەنە سەر ئەوەی لە کورد بێنە پێشەوە.

بەڵام هەست بە مەترسییەکی گەورەش دەکەم ئەگەر پەکەکە بەردەوامبێت لەو شەڕە؛ ئەوان دێنە ناو خاکی هەرێمەوە و دەچنە قەندیل. کە بچنە ئەوێ، هەندێک خاڵی سەرەکی بگرن، سوپای تورکیا پێی بخاتە هەر وڵاتێکەوە لێی ناچێتە دەرەوە. نموونەیەکی زیندووت بۆ دەهێنمەوە، ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، پارتی رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ تورکیا کردووەو ٣٥٠٠ کەسی تایبەتی هێزە چەکدارەکانی تورکیای هێناوەتە ناوچەکانی

کانی ماسی و فڕۆکەخانەی ئامێدی، فڕۆکەخانەکە ٤٣ تانکی لێیە، ئێستاش کە ئێمە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیمان هەیە ئەو سوپایە هەر ناگەڕێتەوە، کەس نییە پێی بڵێت بۆ ناگەڕێیتەوە؟ پەکەکەش بەهانەیەکە، مەسەلەکە بوونی خۆیانە لەناوچەکە بۆ ئەوەی بەردەوام باڵادەستبن بەسەر ئێمەدا. دەبێت سەرکردایەتی کورد لەوە ئاگاداربێت.

ئەگەر کوردی عیراق زیرەک بێت، دەتوانێت لەگەڵ تورکیا بگاتە دەرەنجامێک لەسەر مەسەلەی کەرکوک، بەو پێیەی ئێمە وڵاتێکی زەنگینین لە ڕووی گازو نەوتەوە، ئەو ڕێککەوتننامانەی لەم دواییانەدا لەسەر نەوت و گاز کرا، لە ڕووی ستراتیژییەوە دەکرێت ئەوان ڕازیبکەین، ئێمە کەرکوک بخەینەوە سەر کوردستانی عیراق و ئەو ڕێککەوتننامەیە پەرەپێبدەین و بەهێزیبکەین، هاوکار بین لەچارەسەرکردنی دیموکراسیانە بۆ کێشەی کوردی تورکیا و ئەو شەڕە نەمێنێت، بەهانەیەک نامێنیت بۆ دراوسێکانمان دەست لە کاروباری ناوخۆمان وەربدەن.

*** لەکۆتاییدا ئەگەر شتێک مابێت بیڵێیت؟**

– ئەوەی ئەمڕۆ دەوترێت پاش سی ساڵی تر دەبێتە مێژوو، کێشەی کوردی تورکیا هەر لە سەردەمی ئۆزالەوە، پاش ئەوەش لە ٢٠٠٢ وەوە ڕۆڵی مام جەلال و یەکێتیی لە ناوبژیوانی بۆ ئاشتی زۆر زۆرە، ئەوە هەمووی دۆکیۆمێنت کراوە، دەتوانم ڕۆژێک لە ڕۆژان بڵاویبکەمەوە، بەڵام ئەوە ئێستا ناکرێت، لەبەرئەوەی زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت.

# کوردستانی باشوور، تورکیا ڕێرەوی پەیوەندی

پەیوەندییە کۆنەکە ئەوەیە، کە تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دوای ئەوەش سەرەتای خەباتی شێخ مەحمودی حەفید و سەرەتای شەڕی نیشتمانیی تورکیا لە دژی بێگانەکان هەبوو، کوردستانی جنوبی لە شێوەی ویلایەتی موسڵدا بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. لە کەینوبەینی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، کە ئیتر بە عیراقی پادشاییەوە لکێنرا، ئەم پەیوەندییە پسا، هەم لەبەرئەوەی ئیتر دەوڵەتی نوێی تورکیا نەیتوانی ئیدعای خاوەندارێتی لێ بکات، هەمیش لەبەرئەوەی لەناوخۆدا مامەڵە لەگەڵ کورد گەیشتە ڕادەی سەرکوت و نکۆڵیکردن، بۆیە تورکیا خۆی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باشوور دزییەوە، مەگەر تەنها لەو چوارچێوەیەدا ئاگایی بداتە دەوڵەتی پادشایی عیراق و ئینگلیزی عەرابی عیراقی نوێ، کە لە هەر تەگبیرێکی ڕەوشی کوردی عیراقدا پێویستە هەستیاری گوایە (نەبوونی کورد لە تورکیا) ڕەچاوبکەن. لەبەرئەوە تورکیا دەیووت لە ئەفریقاش دەوڵەتی کوردی دروستبێت، دژی دەوەستنەوە.

ئەنقەرە تەنانەت وەکو تاران و بەغداشی نەکرد، کە لە دژی یەکتری پەیوەندییان لەگەڵ کوردی ئۆپۆزسیۆنی یەکتری دەبەست، لای ئەو دۆسێی کوردی یەک دۆسێ و پەکەکە و هەموو کەکەکانی تر نەیاری ئەون. د. تەلار عەلی ئەمین کتێبێکی ڕێکوپێکی هەیە لەسەر ماجەرای دەستوەردانەکانی تورکیا لە کاروباری کوردستانی باشوور، کە ماوەی نێوان کودەتای بەکر سدقی تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥دا، دەگرێتەوە. ئەو کتێبە تۆماری هەڵوێستەکان و دەستوەردانەکانی تورکیای کەمالیستە لە دۆخی کورد لە عیراق، تۆماری ترسی ئەنقەرەیە لە هەر مانایەک مافپێدانی کورد و ڕەچاوکردنی نەتەوایەتی کورد دەربخات. تورکیا بە ڕێی دیبلۆماسی ژێربەژێر کاری دەکرد لە دژی بزووتنەوەی کورد، کەچی ئیعترافی بەو بزووتنەوەیەش نەدەکرد. بۆیە کە مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی ئەیلول نامەی بۆ جەودەت سونای سەرۆکی تورکیا نووسی، وەک لەم کتێبەدا باسیکراوە، نامەکەیان نەکردەوە و وەکو خۆی ناردیانەوە، نەوەک کردنەوەی وەک ئیعتراف لەسەریان حسێببکرێت. (بڕوانە موقف ترکیا من القضة الكردية فی العراق ١٩٣٧ - ١٧٥، د. تلار علی أمین، مديرية الطبع والنشر الكردية، ٢٠١١، السليمانية.

ئەم دۆخە لە دەورانی سەرۆکایەتی ئۆزال، بەتایبەتیش لە سەروبەندی شەڕی هاوپەیمانان لە دژی سەددام بۆ دەرکردنی لە کوێت و بەتایبەتی تریش دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ کە کورد بەشێکی هەرێمی کوردستانی ڕزگارکرد و کەفتە قۆناغی حوکمڕانی،

وێستگەیەکی نوێی لە سیاسەتی دیفاکتۆی دراوسێتی، مامەڵە و چاودێری، بەخۆیەوە بینی. (دۆڕانی عیراق (لە شەڕی کوێت) بووە هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئەمنیەتی تورکیا، چونکە بەرپابوونی قەوارەیەکی کوردی لە باکووری عیراق لەوانەیە کاری موگناتیس بکاتە سەر کوردەکانی تورکیا، کە لە بنچینەدا بێزارن، بەهۆی دەرهاویشتەکانی ئەو شەڕەوە کێشەکانی کورد لە هەر یەک لە عیراق و تورکیا، کە جاران لێکدابڕابوون، ئەمڕۆ بەجۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵکێش بوون. (مایکل ام غینتر- کورد العراق- الام و امال-ترجمة عبدالسلام النقشبندی-دەزگای ئاراس. چاپی یەکەم ٢٠١٢ ل ـ ١٣٦).

تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، تاکە دەروازەی مامەڵە بوو لەگەڵ دونیای دەرەوە. بۆ تورکیاش پەیوەندی و ناسینی ئەم هێزە تازەی کە بۆتە دراوسێی، باشترین ڕێگا بوو لە ڕێی هێنانەدی ئامانجی کۆنترۆڵکردنی (مەترسییەکانی) هەرێم لەسەر خۆیان و ئاگاداربوون لەوەی داخۆ ئەم هەرێمە نیمچە سەربەخۆیە لەکوێ دەگیرسێتەوە؟ (هۆکار گەلێک هەن هەوڵی تورکیا بۆ پاراستنی و لەڕاستیدا پتەوکردنی کوردە عیراقییەکان ڕووندەکەنەوە، لەوانەش ئەگەر کورد پشت بە هەڵوێستی دۆستانەی تورکیا ببەستن، ئەوا تورکیا دەتوانێت لە دامەزراندنی دەوڵەت پاشگەزیانبکاتەوە.. ئەگەر دەوڵەتەکەش دامەزرا و دوژمنی تورکیا بێت، ڕەنگە دەست بەهاوکاریی پەکەکە بکات، یان داوای ناوچە کوردییەکانی تورکیاش بکات. بۆیە دەشێ تورکیا لە ڕێی هاوکاریی کوردی عیراقەوە وایان لێ بکات لایەنگری تورک بن و یارمەتی کێشەی کورد لە تورکیاش بدەن، ئەگەر نا سەددام ئەو کوردانەی عیراق سەرکوت دەکات و جارێکی تر شاڵاوی ئاوارەی سەرسنوور دەستپێدەکاتەوە. جگە لەوەش تورکیا ئەگەر هاوکاری کوردی عیراق بکات، ناوبانگی لای ئەوروپا باش دەبێت... (هنری بارکی وأخرون - القضية الكردية فی ترکیا.. دەزگای موکریانی- بنکەی توێژینەوە.. چاپی ٢٠٠٧-بابەتی فاکتەری کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە نووسینی مایکل م. گونتر- ل١١٠-١١١).

## تەرەفگیری تورکیا

بەهەر حاڵ پەیوەندییەکە باش چووە پێشەوە، تا ئەنقەرەی دوای مردنی ئۆزال هات، کە ئیتر تورکەکان کەوتنە داوی شەڕی ناوخۆی کوردی باشوورەوەو لە خوتوخۆڕایی تەرەفگیرییان کرد. نەمانی ئۆزال نەمانی دەورانی پیاوە عەقڵ کراوە و گەورەکە بوو، تورکیا لە ئۆزالەوە بۆ هاتنە سەرکاری داد و گەشەپێدان، لە ٢٠٠٢دا، ژمارەیەک حکومەتی لاوازی بەخۆوە دیت، کە نە دیدی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەناوخۆی وڵاتەکەی هەبوو، نە دەیتوانی پەیوەندییەکی بونیاتنەر دروستبکات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. لە جێی ئۆزال، سلێمان دەمیریل بووە سەرکۆمار، ئەویش هەر سیاسەتی ڕۆژی هەبوو، دەمیریل سیاسەتمەدارە چالاکەکەی جاران نەمابوو، سەرۆک وەزیرەکانیش: تانسوو چیللەر، مەسعود یەلماز، بوڵەند ئەجەوید و تەنانەت نەجمەدین ئەربەکانیش، بە فۆبیای پرسی کورد لە تورکیا هەڵوێستی ڕۆژیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەنواند.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین تورکیا لە حوزەیرانی ١٩٩٤ ئارەزووی ئەوەی نەبوو ئاشتییەکی

راستەقینە لەنێوان دوو حزبە کوردییەکە بدۆزێتەوە، بەڵکو کۆششەکانی خۆی لەوەدا چڕەکردەوە هاوکاری و هەماهەنگی لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان دابینبکات.. (سیاسة ترکیا تجاه کوردستان العراق و امریکا ١٩٩١-٢٠٠٣، وهرام بتروسیان، ترجمة فی الفارسیه نزار ایوب گولی، جامعة دهۆک، مرکز الدراسات الکوردیة و حفض الوثائق. ٢٠٠٨، چاپی یەکەم فەسڵی ترکیا والحرب الداخلیة ل١٥.

لە زەمانی چیللەردا (نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی بیست) تورکیا تەرەفیگریی کرد لە شەڕی ناوخۆدا، هەرچەندە پێشتر هەوڵی دا ناوبژیوان بێت و بۆ ئەم مەبەستەش میوانداری هەردوو هێزی سەرەکی کوردستانی باشووری کرد، بەڵام لەراسیتدا تورکیای سەردەمی سەرکۆماری دیمیریل و سەرۆک وەزیرانی خانم چیللەر جگە لەم پەیوەندییە دوودڵییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کە تادەهات دیوە ئیجابییەکەی زەمانی ئۆزالی لەدەستدەدا، لە دوو تەوەرەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و رێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی سوریا و ئێران کەوتە راوێژەوە (دوای هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری عیراق لە ئازاری ساڵی ١٩٩٢دا، ئەنقەرە و تاران بۆ پێشگیریکردن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عیراق و لە قاوغدانی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین و ئەوروپا، کە بە هەڕەشەیەک بۆ سەر هەر سێ رژێم لەقەڵەمدەدرا، لەگەڵ دیمەشقدا زنجیرەیەک بەڵێن و پەیماننامەی ئەمنییان مۆرکردو بەپێی ئەم کردەوە ئەمنیانە بەڵێنیان دا کە هەر شەش مانگ جارێک لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە کۆببنەوە... (مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا، رۆبرت ئۆڵسن، وەرگێرانی لە فارسییەوە رێبوار کەریم وەلی- بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیریی هەولێر، ٢٠٠٢ ل٩٥).

چیللەر مەبەستی بوو لەگەڵ بەغدا پەیوەندی ئاسایی بێت بۆ دەستکەوتی ئابووری و بازرگانی، هەرچی تەوەرەی تۆڕی سێ قۆڵی ئیقلیمی بوو لەگەڵ سوریا و ئێراندا، ئەوا هەر شەش مانگ جارێک وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ وڵات لە پایتەختێکیان کۆدەبوونەوە. ئەمە درێژەی کێشا تا شەڕی ناوخۆی کوردستان لە ١٩٩٤/٥/١دا، کە کورد خۆی ناکۆک بوو ئیتر حەوجە بە کۆبوونەوەی ئەوان ناکات.

پاشان، لە ماوەی حکومەتی هاوبەشی (چیللەر - ئەربەکاندا)، لە ساڵی ١٩٩٦دا، بەتایبەتیش دوای رێککەوتنی ئەنقەرە بۆ ئاشتیی لە کوردستان کە رۆژی ١٩٩٦/١٠/٣١ ئیمزا کرا، تورکیا رۆڵێکی لاوازی ناوبژیوانی گێڕا لە چوارچێوەی هێزەکانی (PMF)دا، کە گوایە هێڵی پێکدادانی نێوان هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لێک جیادەکاتەوە. دوو خاڵی ٢١و٢٣ی رێککەوتنەکە بەقازانجی (بایەخی ئەمنیەتی تورکیا) بوو:

(بایەخی ئەمنیەتی تورکیا:

٢١- حزبەکان لەسەر ئەوە رێککەون، کە رێگا بەخەڵکی تیرۆریست نەدەن لە ناوچەکە بن و جموجوڵ ئەنجامبدەن، بەتایبەتی پەکەکە.

٢٢- هەموو لایەنە بەشداربووەکان رێککەوتن کە کاربکەن و پشتگیری قۆمسیۆنی باڵای

کاروباری پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بۆ گەڕانەوەی ئارەزومەندانەی هاوڵاتیانی تورکیا لە ئۆردوگای ئەتروش بەزووترین کات، دوای ئەوەی بەشداربووان دڵنیابوون کە بڕیاری داخستنی ئۆردوگاکە دراوە ئەو (مبادی)ئانە، وەک (مرشد)ێکە بۆ کاری هاوبەش، لەپێناوی چەسپاندنی ئاگربڕ و کردنی بەئاگربڕێکی هەمیشەیی، دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوە.. کوردستانی نوێ ژ: ١٣٧٦ لە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٤دا).

لە رێککەوتنەکەی ئەنقەرەدا تورکیا توانی ئاواتێکی خۆی بچەسپێنێ، ئەویش بەرەنگاری چالاکی پەکەکە بوو، شتێک کە لە ڕێککەوتنی درۆگیدا و تاران و دبلن بۆی نەچووەسەر. رێککەوتنی ناوبراو قەبارەی دەستوەردانی تورکیای لە کاروباری باشوور دەرخست، کە دواتر رێککەوتنامەی واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧دا ئەم بەڵانسەی بە قازانجی کوردستان راستکردەوە. (بڕوانە کێ پرۆسەی ئاشتی زیندەبەچاڵ ئەکا؟، فەریدون عەبدولقادر، کوردستانی نوێ، ژ:١١٩٢ لە رۆژی ١٩٩٦/١/١٧).

لەو چەند ساڵەدا پەرلەمانی تورکیا هەر شەش مانگ جارێک دەنگی بۆ مانەوەی هێزەکانی چەکوشی ئامادە دەدا، کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە بەپێی تەگبیرێکی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە بنکەی سەربازی ئینجەرلێک، لە پارێزگای ئەدەنە لە باشووری تورکیا، کوردستانی رزگارییان لە هێرەشەکانی رژیمی سەددام حسین دەپاراست. تورکیا، کە لە کۆرەوی ١٩٩١دا ترسی شاڵاوی کۆچی کوردی بۆ سەر سنوور بینی لە پرۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرد (دابینکردنی ئارامی بۆ باکووری عێراق) بەشداربوو. لەبەر ئەمە بەوە ڕازیبوو ئەمریکا لە ئینجەرلیکەوە ناوچەی ئارام بپارێزێت و شەش مانگ جارێک ئەم تەفویزە لە پەرلەمانی تورکیا نوێ دەکرایەوە (پەرلەمانی تورکیا لە مانگی ئەپریلی ١٩٩١، رەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیک دەربڕی، کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەلایەن هاوپەیمانان لە میانەی ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بەکاربهێنێت، تورکیا بە چوار فرۆکەی جەنگی بەشداری تیادا کرد. لە ئۆپەراسیۆنی چەکوشی ئامادە لە کۆی ١٤١٦ سەربازی هاوپەیمانان ٧٤سەربازی تورکی بوو، هەروەها لە نووسینگەی ئیم سی سی هەمیشە لەکۆی ١٠ ئەفسەری هاوپەیمانان دوو ئەفسەریان سەر بە سوپای تورکی بوون... (هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، پەوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی کوردەلۆجی، ساڵی ٢٠٠٧ چاپی یەکەم ل٩٥).

هەندێک جار پەرلەمانتارانی کورد، چ ئەوانەی لەسەر لیستی فراکسیۆنی حزبە کوردییە یەک لە دوای یەکەکانی دۆستی پەکەکەن و چ ئەوانەی سەر بە رەوتی ئیسلامیین، وەکو رەفا و فەزیلە، دەنگیان لە دژی مانەوەی هێزی چەکوش دەدا، یەکەمیان لە ژێر گوشاری کاردانەوەی پەکەکە و کێشەکانی لەگەڵ هێزەکانی باشوور و دووەمیان لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی دژە ئەمەریکایی ئەم هەڵوێستەیان نیشاندەدا. رەوتی ئیسلامی رەفا چەند ئارەزوویاندەکرد دوسێی کوردی تورکیا لە رێی ئاشتی و برایەتییەوە بە ئاکامێک بگات ئەوەندەش لە داخی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و وەکو هاوسۆزییەک لەگەڵ عێراقێکی موسڵمان ئارەزوویاندەکرد ئەو هەرێمە ئازادەی لە (کوزەی ئیراک) هەیە زوو بە زوو لاپەڕەکانی

بپێچرێتەوە. بوونی پارێزگاری هاوپەیمانەکان چەند بەکەڵک بوون بۆ باشوور، ئەوەندەش کوردستانی دەخستە بەردەم جۆرێک لە سەودا و ئیبتزازی تورکیای سەردەمی چیللەرەوە. هەر شەش مانگ جارێک پەرلەمانی تورکیا دەبوونە دوو بەرەوە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن و بەرەی حزبە فەرمانڕەواکان، کە داخۆ چاکە و خراپەی مانەوەی هێزی هاوپەیمانان لەکوێدایە؟ (ئۆپۆزسیۆن بەسەرۆکایەتی ئەربەکان و ئەجەوید پێیانوابوو هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئینجرلێک (سەروەری خاکی تورکیا پێشێلدەکات.. بۆشایی دەسەڵات پەیدابووەو پەکەکە سوودی لێ وەردەگرێت. سەچاوەی پێشوو ل١١٢) بەرەی حکومەتیش رای وابوو (مەترسی تورکیا زۆر گەورەتردەبێت، ئەگەر ئەو هێزە لە دەوڵەتێکی دیکە نیشتەجێ بێت. (هەمان سەرچاوە ل١١٢).

ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری ئێستای دەرەوەی تورکیا، لە کتێبەکەی خۆی (قووڵایی ستراتیژی).. وەک توێژەرێک ئەو نیگەرانییانەی تورکیا ناشارێتەوە، ئەو ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێت، کە ئەمریکا مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی تەوەرەی عیراقدا قەتیسدەکات، بەڵام (تورکیا بە شک و گومانەوە سەیری هەڵوێستی ئەمریکا دەکات. ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی قەوارەی پێشبینیکراوی کوردی لەناوخۆی تورکیا دروستیدەکات. ترس و دڵەڕاوکێی تورکیا لەو بوارەدا زیاتربوو، دوای ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردەکانی باکووری عیراقی لە واشنتۆن کۆکردەوە، بێ ئەوەی تورکیا ئاگاداربکاتەوە.. (قووڵایی ستراتیژی.. پێگەی تورکیا و رۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، وەرگێڕانی محەمەد جابر پلجی و طارق عبدالجليل- مراجعة بشير نافع و برهان كوروغلو- چاپی یەکەم،ساڵی ٢٠١٠ ل٤٨١).

ئۆغلۆ بە ئاشکرا باسی ئەمەش دەکات تورکیا لەگەڵ ئەوە نەبوو ئەمریکا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ بنکەی ئینجەرلیک بەکاربێنێت لە دژی عیراق. ئەمەش هەمووی لە ترسی کاریگەریی قەوارەی کوردی لەسەر ناوخۆی تورکیا، کە کوردی لێیە.. (هەمان سەرچاوە، ل٤٨١).

سیاسەتی تورکیا لە نەوەدەکاندا لەگەڵ کورد سیاسەتی کردنەوەی دەرگای نوێ و ترسی رابردوو بوو. چانسێک کە تورکیا بیری لێ دەکردەوە ئەوە بوو، بەهۆی نمرەی باشەوە لە پرسی کورددا بچێتە یەکێتیی ئەوروپا و چانسێکی تریش بەهۆی رۆحی پەرەسەندنی ناسیۆنالیستی تورک لە دوای رزگاربوونی کۆمارە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ئەمە دوو ئاڕاستە و دوو دەرگای کردەوە، یەکیان چارەسەری پرسی کورد بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان و ئەویتریشیان (دەرکەوتنی مەیلی نەتەوەیی توندڕەو لە کۆمەڵی تورکیا، کە داوایکرد بەگوێرەی پرەنسیپەکانی ناسیۆنالیستی تورک مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کورددا بکرێت. واتە پرەنسیپەکانی یەک دەوڵەتی ناوەندی، کە جیابوونەوە، یاخود فیدراڵی، یان تەنانەت ئیعترافکردن بە کەمینەی نەتەوەییش قبوڵناکات... (ميثال نوفل، الاتجاهات الجديدة للسياسة التركية، الدار العربية للعلوم، ناشرون، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠ ل٢٨-٢٩)، ئەمەش لە هەڵسوکەوت لەگەڵ باشووری کوردستانیشدا رەنگیدابۆوە.

ئەگەر شتێک هەبێ هەڵوێستی تورکیا لە هەموو سەردەمەکان یەکبخات، ئەوا هەڵوێستی گوشاری جۆراوجۆر بوو تا هێزەکانی باشوور لەگەڵیدا شەڕی پەکەکەی بۆ بکەن. سیاسەتی

بەرگری پەکەکەش گەلێک جار دەبوە هاندەری دەستوەردانێک، کە تورکیا حەزی پێ دەکردو دەیکردە بیانوویەک بۆ شوێنکردنەوەی خۆی لە باشووردا. (پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، سەرچاوەی پێشوو ل١٢١-١٢٢).

## دەورانی داد و گەشەپێدان

ساڵی ٢٠٠٢، کە داد و گەشەپێدان وەک هێزێکی نوێ لەسەر دار و پەردووی رەوتی ئیسلامی ئەربەکانیی هاتەکایەوە، راستەوخۆ لەگەڵ تەداعیاتی رەوشی عیراق و ئەگەری خستنی حوکمی سەددام حسێن لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانەوە رووبەرووبۆوە.

داد و گەشەپێدان لەنێوان:

-پێویستی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا، چاودێری و بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی عیراق لە سایەی ئەگەری رۆڵێکی سەنگین و بەرچاوی کوردی عیراق لەو چارەنووسە لەلایەک و

-پێداویستیی ناوخۆیی ناو هەناوی کۆمەڵی تورکیا، کە داخوازی سیاسەتێکی نوێی دەستوەرنەدان و ئاتاجی لاکردنەوە لە کێشە ناوخۆییەکان دەکرد، لەلایەکی ترەوە، گیریخواردبوو، تووشی شڵەژان و دوودڵییەک هاتبوو، کە لە ئاستی تەحەدداکانی بەردەمیدا نەبوو، لەبەر هەندێ بڕیاری بەشداریکردن و بەشداری نەکردنی لە پرۆسەی رزگاری عیراق (ئازاری ٢٠٠٣ بۆ ٩ی نیسانی هەمان ساڵ) بڕیارێکی شڵەژاو بوو. بریارەکە وەک نانێکی سووتاو و گەرم، بە دەستێکی لەرزۆکەوە، لەباوەش حکومەتەوە بۆ باوەشی سوپا و بۆ باوەشی پەرلەمان، لە هاتوچۆدا بوو. سەرەنجام پەرلەمانی تورکیا بڕیاری خۆی دا، کە سوپای تورکیا بەشداری نەکا و حکومەتی تورکیاش ئاسانکاری بۆ جەنگەکە لەبەرەی باکووری عیراقەوە نەکات (رەوتێکی باڵادەست لە ناو داد و گەشەپێدان هەیە، کە لە بنچینەدا دژی شەڕە و پێیوایە شەڕ بەڵایەکی سیاسی و ئابوورییە بۆ سەر تورکیا و هەندێکیشیان ئەمە پەیوەستدەکات بەلۆژیکی برایەتی ئیسلامییەوە). (تطور العلاقات العراقية التركيه بعد عام ٢٠٠٣- برهان علي محمد-چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی لە کەرکوک- ساڵی ٢٠١١ ل١٥٩).

لەو هەلومەرجەدا داد و گەشەپێدان بەو شڵەژانەوە مامەڵەی دۆسێی عیراقی کرد. لە لایەک تەفویزی بەشداریکردنی نەبوو، لەلایەکی تریشەوە ئارەزووی دەستوەردانی لە کاروباری عیراق، بەتایبەتیش کاروباری کوردستان، هەبوو تا قوڵپدانی فاکتەرە کوردییەکە لە شوێنێکدا بخنکێنێ.

ئەم ئارەزووە تورکییە رووبەرووی نارەزایی جەماوەریی باشوور بۆوە و سەرەنجام قۆناغی یەکەمی تورکیای ئەردۆگانییش لەگەڵ باشوور هەر گرژ و مۆن بوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی دەستووریی عیراق و سیستمی حوکمڕانیی تازەی عیراق هەموو ئەوانەی بۆ کوردستان سەلماند، کە تورکیا لێی دەترسا بە نەخشەرێگایەکی دەستوورییشەوە کە رێگای ئاشتیی و یاسایی بۆ چارەسەری پرسی کەرکوک دەکردەوە. وەک لە شوێنێکی تردا باسی دەکەین، لە کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمدا پەیوەندیی داد و گەشەپێدان لەگەڵ باشوور

دەبێتەوە بە پەیوەندییەکی ئۆزالی چڕوپڕ و بگرە لەبەر چەند هەلومەرجێکی عیراقی و ئیقلیمی ئیختراقی ئۆزالییش تێدەپەڕێنێ.

وەک چۆن لە سەردەمەکانی تردا فاکتەری پەکەکە هەمیشە لەم پەیوەندییەکاندا ئامادەبوو، لە دەورانی پەیوەندیی داد و گەشەپێدانیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەم فاکتەرە زیندووبوو، خودی پەکەکەش رای لەسەر ئەم دۆسێیە هەبوو. جەمیل بایک ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پێیوایە پەکەکە فاکتەری پاراستنی هەرێمی کوردستانە:

پاکتاوکردنی پەکەکە، بێگومان پاکتاوکردنی باشووری کوردستانیشە، ئەگەر پەکەکە نەبوایە ئایا سەرکردەکانی هەرێم دەیانتوانی تورکیا ناچاری خۆیان بکەن.

ئەمریکا و ئەوروپا موحتاجی تورکیان، تورکیاش ئێستا موحتاجی باشوورە، تورکیا ئەنجام بەدەست بخات پەیوەندی بە باشوورەوە هەیە، سەرکەوتنی تورکیا بە باشووردا تێدەپەڕێ، ئەگەر سەرکردایەتی باشوور نەبنە پشتگیری هەوڵدانی پاکتاوکردنی پەکەکە، تورکیاش ناتوانێت ئەوەندە لەسەر پاکتاوکردن سووربێت، ناچارە لە سیاسەتی پاشگەزبێتەوە. ناچارە، بخوازێت و نەخوازێت، ئیرادەی کوردان بناسێت و کێشەی کوردی چارەسەربکات. ئەگەر تورکیا لەسەر ئەو بابەتە ئەوەندە سوورە، ئەوا پێدەچێت پەیوەندی بە ئەنجامی ناهاوسەنگی باشوور یان ئەنجامی بەردەوام هیوابەخش بە تورکیا بێت، چونکە تورکیا بۆ پاکتاوکردنی پەکەکە پشت بە ئەمریکا، ئەوروپا، سوریا، ئێران، بەڕێوەبەرایەتی عیراق نابەستێت، باش دەزانین لەگەڵ ئەمانەدا ئەنجام بەدەست ناخات، ئەوە دەزانێت ئەگەر باشووری کوردستان بداتە پشت خۆی، ئەنجام وەردەگرێت.

وتاری جەمیل بایک بە ناونیشانی ئەگەر پەکەکە پاکتاو کرێت، شانسی ژیانی هیچ هێزو کەسێکی بەناو کوردەوە لەئارادانامێنێت. (رۆژی وڵات، ژمارە ١٥ لە رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٥، وەرگیراو لە کتێبی پەکەکە دۆستی هەرێمی کوردستان یان دوژمن، گەرمیان محەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١ چاپخانەی چوارچرا ل١٤٧).

بێگومان ئەم قسانە لە ڕووی پرەنسیپەوە راستن، سەرەڕای ئەوەی دەرخەری لەخۆڕازیبوونێکی یەکلایەنەیە، بەڵام لە بزاوتی سیاسی جولاودا هەندێک جار فاکتەری پەکەکە دەبێتە بیانووی دەستووردانی تورکیا وەک چەند جارێک رووی داوە و هەندێک جاریش دەبێتە فاکتەری هێز بۆ باشوور، کە بتوانێت نێوانگیری بکات لەنێوان قەندیل و ئەنقەرە، وەکو ئێستا هەیە. لەبیریشمان نەچێت پرسەکە دوولایەنەیە: هێزەکانی باشوور بۆ پەکەکە گرنگن، وەکو چۆن پەکەکە و هێزەکانی کورد لە باکوور بۆ هەرێمی کوردستان گرنگن. هەردوولاشیان بەچارەسەرکردنی فاکتەرەکانی دەبنە مایەی بەریەککەوتنیان و بەرەچاوکردنی ئاڵۆزییەکانی پەیوەندییان بەپایتەختە ئیقلیمییەکانەوە دەتوانن کێشەی سەرتاسەری کوردستان پێشبخەن.

# فەسڵی دەیەم

# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و... ئابوری

**❋لەڕاستیدا گەلی کورد تووشی زەبروزەنگ و سەرکوت هاتبوو، لە سایەی ئەو سیستمی هێزەدا، گەلی کورد تووشی پاکتاوی رەگەزی هاتبوو.. زمان و کەلتورەکەی بەپێی یاسا قەدەغەکرابوو.**

یەشار کەمال
وتاری (گەشتی درۆیان)

# ئاشتیی شین، ناکۆکیی ڕەش

بەری دووساڵ، لە وڵاتی جوانی سویسرا و پایتەختەکەی جنێف، دەستپێشخەرییەکی جوان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی ئاو، دوور لە ململانێی سیاسیی رۆژانە، لەسەر دەستی سەرۆکی سویسرا راگەیەندرا. دەستپێشخەرییەکە ناوی (ئاشتیی شین) بوو، کە لە سویسرا دەستیپێکرد و بە پشتیوانی سوید و چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتی وێستگەیەکی لە بەریتانیا بوو، ١٧-١٨ی ئاداری ٢٠١٣ لە ئەستانبوڵ کۆنفرانسێکی هەبوو بۆ رۆڵی میدیا لە تێگەیاندنی کۆمەڵانی خەڵک لەو مەترسیيانەی رووبەرووی سەرچاوە و سامانی ئاو دەبنەوە. ئەز بەشدارێکی ئەو کۆنفرانسە بووم و کردمە دەرفەت بۆ تێگەیشتن لەم دیوەی کێشەکانی تورکیا لەگەڵ عیراق و کوردستانەکەی.

## ئەستەنبول، پایتەختی کۆنفرانسەکان

ئەستانبوڵ پایتەختی کۆنفرانس و کۆبوونەوەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان وەکو هاورێی رووناکبیریی عیراقیم حەیدەر سەعید دەڵێت: وەک قاهیرەی شەستەکانی سەدەی بیست وایە، وەفدێک دێت و وەفدێک دەچێت. بۆیە ئەم کۆنفرانسەش وێستگەیەکە لە دەیان وێستگەی میوانداری، بەو جیاوازییەی ئەمەیان کۆنفرانسە لەسەر کێشەکانی ئاو، کە تورکیا خۆشی لەو دۆسێیەدا گرفتارە و دراوسێکانی لێی بەگلەیین. بەتایبەتی لەسەر دیجلە و فورات، کە داستانی مەغدورییەت دەگێڕنەوە. ئەمانە بەتایبەتی لە موداخەلەکانی وەفدی عیراقی و لەناویشیاندا وەفدی کوردستانیدا دەرکەوت. لە تورکیا ئاشتیی شین (بلو پیس) بەناوی جوانی (ماڤی بارش)ەوە دەرکەوت.

کۆنفرانسەکە بە دەستپێشخەری گروپی روانینە ستراتیژییەکان کە گروپێکی هندییە و بەمیوانداری گروپی زەمان و لەناویشیاندا گۆڤاری تورکیش ریڤیو رێکخرا، هەر لەبینای جوان و ئاوەدانی رۆژنامەی موحافەزەکاری زەمان سازکرا، کە ئەوە دووەم جار بوو میوانی ئەو دامەزراوەیە ببم. دابودەستووری وان وایە، کە هەر لەوێ کۆرەکان و میوانداریی و نانخواردنیشە، بۆیە دوو رۆژی چڕوپڕ بوو لە باسی کێشەی ئاو و کێشەی میدیاش لە روماڵکردنی باسوخواسە گشتییەکانی مرۆڤایەتیدا. بیرۆکەی زۆر گوترا، کە بۆ ئێمەی میدیاکاریی ئالودەبوو بە پرسە سیاسییە رووتەکانەوە، شتێکی نوێ بوو.

بەرێوەبەرانی کۆنفرانس هەر لەسەرەتاوە قسەی گەشبینیان وت لەسەر ئەم کێشە گەورەیە و لە نموونەکاندا مۆدێلی چارەسەریی نێوان وڵاتانی رۆژئاوایان دەهێنایەوە، کە چۆن ئاویان لە کەرەستەی شەڕەوە کردۆتە کەرەستەی هاوکاری و پێکەوەیی. یەک لە رێکخەرانی ئاشتیی شین ئەم نموونەی باشتر شرۆڤەکرد. خانم ئەڵماس فەتحوڵایی ئەزموونی

ئەوروپای لە ئیدارەدانی ژێرانەی رووباری راین و دانوبی هێنایەوە، کە دەماری ئاودار و تەڕی ئەوروپا پێکدێنن. یەکەمیان بەنێو چوار دەوڵەت و دووەمیشیان بەنێو دوانزە وڵاتدا تێپەڕدەبێت، کەچی کەس لە کیشوەرە دراوسێکانیان گوێی لە دەنگەدەنگ و شەڕە ئاویش نییە. ئەمە دەکرێت نموونەیەک بێت بۆ کیشوەرەکانی تریش، کە ئاو بکەنە کەرەستەی دەستلەملانێکردن نەک ململانێ و ناکۆکی. دەوڵەتەکانی حەوزی دانوب چاکترین ئیدارەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئاوی هاوبەشیان بکەنە خێری هاوبەش. بەرێوەبەرانی کۆنفرانس هەروا باسیان لە نموونەی رێککەوتنی خەڵوز و ئاسن کرد لەنێوان ئەوروپییەکاندا، کە بووە کرۆکی کاری هاوبەشی ئەوروپا لە رێی پێکهاتنی یەکێتی ئەوروپا وەک فراکسیۆنێکی بە هێزی ئابووریی لە سەرتاسەری دونیادا.

بێگومان ئەمە خەونێکی رۆمانسی جوانە، کە قسە لەسەر ئاشتیی شین بکەین لەکاتێکدا دەوترێ سەدەی بیست و یەک سەدەی شەڕی ئاو دەبێت، وەک چۆن سەدەی بیست سەدەی شەڕی نەوت بوو. لەسەر بنچینەی ئەم شەڕی نەوتەی سەدەی بیست وڵاتان دابەشکران، خاکی بندەستەکانی وەکو کورد دابەشکران، ئێستا لە شەڕی ئاویشدا دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەگەڵ یەک بەدەعوان، لە ئەسڵیشدا ئەم ئاوە لە خاکی کوردستانەوە دێ و بەوێدا تێپەردەبێت. دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی، کە وەزیری ئاودێری عیراق بوو لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی بیست و لە گفتوگۆکانی عیراق و تورکیا لەسەر کێشەی ئاو بەشداریکردووە، جوان وەسفی رۆڵی کورستانی گەورە لە ئاوەدانکردنەوەی عیراقدا دەکات.

(عیراق یەکێکە لە بەخششەکانی کوردستان، ئەگەر ئەو رووبارانە نەبوونایە کە لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوا عیراق دەبووە ناوچەیەکی بیابانی ئەوتۆ، نە رووەک و نە شار و نە شارۆچکە و گوندی ئاوەدانی لێ دەبوو، رێژەی بارانبارین لەناوەڕاست و باشووری عیراقدا نزیکەی ١٣٥ ملیمەترە لە ساڵێکدا، کەچی رێژەی بە هەڵمبوون نزیکەی ٢٠٠٠ ملیمەترە... رووبارەکانی عیراق، دیجلە و فورات و لقەکانیان لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن.

ئەو ناوچە سەرەکییانەی زێی فورات بە ئاو تەیاردەکەن، بریتین لە ناوچەی کۆبوونەوەی باران لە ناوچە شاخاوییەکانی حەوزەکەی لە سنووری کوردستانی باکووردا، کە کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا. بە جۆرێک ٩٠٪ ی تەوژمە ساڵانەکەی لە باران و بەفری تواوە لەو ناوچەیەدا پێکدێت و دواتر زێیەکە بەخاکە وشکەکانی سوریا و عیراقدا تێپەڕدەبێت، بێ ئەوەی هیچ ئاوێکی بە تەوژمی گرنگ برژێتە ناوییەوە، ئینجا لای شارۆچکەی (قائیم) دێتە ناو خاکی عیراقەوە، بۆ ئەوەی زەوییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری کەنارەکانی ئاوبدات، تاوەکو لە (قورنە) لەگەڵ زێی دیجلە یەکدەگرێت و بەهەردوکیان (شەتولعەرەب) پێکدەهێنن.

ئەو ناوچە سەرەکییەی زێی دیجلە بە ئاو تەیاردەکات، بەهەمان شێوە ناوچە شاخاوییەکانی حەوزەکەیەتی، کە دەکەونە سنووری کوردستانی باکوور لە تورکیادا، بە جۆرێک ٤٠٪ ی تەوژمەکەی پێکدەهێنن، ئەو بەشەی تەوژمی زێیەکەش کە دەمێنێتەوە هەر لە کوردستانەوە سەرچاوەدەگرێت و بریتین لە زێی گەورە، لە کوردستانی باکوورەوە هەڵدەقوڵێت و بە کوردستانی باشوور لە عیراقدا تێپەڕدەبێت و ئاوەکەی دەرژێتە ناو دیجلەوە، هەرچی زێی

بچووکیشە، لە کوردستانی خۆرهەڵات هەڵدەقوڵێت و بە کوردستانی باشوور تێپەڕدەبێت تاوەکو رووبەرێکی بەرفراوانی لیوای کەرکوک ئاوبدات و دواتر دەڕژێتە ناو زێی دیجلەوە. رووباری سیروان (دیالە)ش لە کوردستانی خۆرهەڵات هەڵدەقوڵێت و لە باشووری بەغدا دەرژێتە ناو زێی دیجلەوە، دوای ئەوەی باخ و کێڵگەکان لە پارێزگای دیالەدا ئاودەدات، بەهەمان شێوە رووباری (عوزێم) و لقەکانی، کە لە کوردستانی باشوور هەڵدەقوڵێن، رووباری ئەڵوەن لە کوردستانی خۆرهەڵاتەوە.. هتد.... (د. موکەرەم تاڵەبانی، سیاسەتمەدارێک دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە.. شایەتحاڵی چەند پرس و رووداوێک، ئامادەکردن و وەرگێرانی محەمەد مێرگەسۆری- دلاوەر عوسمان، بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ ،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١١ ل٨٧-٨٨).

لە کۆنفرانسەکەدا شارەزا و ئەکادیمیانی چاک قسەیانکرد، کە لە وڵاتانی دراوسێ و هەندێک وڵاتی ترەوە هاتبوون. لە عیراقیش چەند رۆژنامەنووسێکی کورد و عەرەب و ئەکادیمیسێن و چالاکی سیاسی هاتبوون. ئەندامانی وەفدی کوردستانیی و عیراقی بریتیبوون لە بەختیار ئەمین وەزیری پێشووی عیراقی و چالاکوانی مەدەنی لە ئاستی جیهاندا، د. تالب موراد شارەزای پێشووی فاو و راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەفیە سهیل پەرلەمانتاری عیراق، رۆژنامەوان و میدیاکاران: ئیسماعیل زایر، هیوا عوسمان، فیراس سەعدون، زهیر ئەلجەزائیری، محمد ئەلمەفرجی، غادە ئەلعاملی و بەندە.

شارەزا و ئەکادیمیان لەسەر هەڕەشەکانی سەر مرۆڤایەتی و ئاسایشی ئاو، کە ئاسایشی خۆراک و هەموو ژیانمانی پێوە بەندە، قسەیانکرد و بە داتا و ئاماری سەرنجراکێش ئێمەیان تۆقاند، ئینجا بە میدیاکارانیان وت ئێوە چیتان هەیە؟ چۆن یارمەتیدەدەن لە خاوکردنەوەی ململانێی مرۆڤایەتی لەپێناو دابینکردنی بەشە ئاوی گونجاو بۆ ئاوەدانی و بەردەوامی ژیان؟ یانی هەر لە ئەسڵدا دیاربوو ململانێی ئەم سامانە خوداییە لەبەر هۆکاری سیاسییە و لەوە دەچێ بیانەوێ چارەسەری بە ملی میدیادا بدەن.

من واتێگەیشتم ئەم کێشەیە چەند سەرەیە: زانستی، ئابووریی، میدیایی و لە سەرووی هەمووشیانەوە بەشە سیاسییەکەی.

دیوە زانستییەکەی وەک خەمی شارەزایان لە دامەزراوە و ئەکادیمیان ئەوەیە، چۆن وەبەرهێنانێکی باش بکرێت لەو برە ئاوەی لەسەر زەوی هەیە، بەشی ئەمرۆی تێدابێت و بەشی نەوەکانی دیکەش دابینبکات. ئەوی بەکاردەبرێت خەسارنەکرێت و ئەوی دەمێنێتەوە بەدادپەروەری دابەشبکرێت. کۆمەڵانی خەڵکیش لە هەموو وڵاتان لەسەر ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە فەوتانی ئەم سەروەت و سامانە دەکەن هۆشیار و ئاگادار بکرێنەوە. زۆربەی موداخەلەی ئەورووپاییەکان لەم بوارەدا بوو.

بۆ نموونە، فیلیب ویلر، کە موداخەلەیەکی پێشکەشکرد، دەڵێ: نەک تەنها حکومەتەکان، بەڵکو کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەتیش بوونەتە بەشێک لە پرۆسەی ژیرانە بەکارهێنانی سامانی ئاو. ئەمانیش دەتوانن یارمەتیدەمان بن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەسەر چۆنێتی دەستگرتن بەئاوەوە.

بەڵام دیوە سیاسییەکەی ئەم ململانێیە زیاتر رۆژی دووەم باسی لێوە کرا، چونکە شارەزایان و ئەکادیمیان زمانی زانست بەکاردێنن، هەرچەندە تارمایی سیاسی بەسەر سەری هەمووانەوە بوو. لەبەر ئەو تارماییە بوو، کە کەریم بالچی: خانەخوێ و سەرنووسەری تورکیش ریڤیو، بەئاگاییەوە داوایکرد کێشەی ئاو نەبێتە مایەی ململانێ و لێک زویربوونی تورکیا و دراوسێکانی. هەروەک وتیشی (وەرگەڕانی تەنگژەی ئاو بۆ ململانێ کارێکی باش نییە).

## کێشەکە لە دیووە سیاسییەکەیەوە

کێشە سیاسییەکە دروستکراوی دەستی بەنی بەشەرە، دەنا خوا و سروشتی دابینکراوی دەستی وەختێک ئاو، خاک، دار و درەختیان بەسەر جوگرافیای زەویدا دابەشکرد عادیلانە و بە گوێرەی پێویستی هاوسەنگی سروشت دابەشیانکرد، ئەوە دەوڵەتان و مرۆڤەکانن کە بەربەستی سیاسییان خوڵقاند و دادپەروەری ئاویان وەکو سەروەت و سامانەکان بەگوێرەی قەوارە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێکوپێکدا.

دابەشکردنێکی وا ئەم هەموو کێشانەی خوڵقاندووە، کە نها دەخوازرێت بە کۆنفرانس و دیبلۆماسی شین تەداروکی چارەسەری بۆ بکرێت.

یەکێک لەو میوانانەی کە لەدیوە سیاسییەکەی ململانێی ئاودا قسەیکرد د. تالب موراد بوو، پرۆفیسۆر موراد ئاماژەی بە بەشە ئاوی عیراق کرد لە رووباری دیجلە و فورات، کە پرۆژەکانی تورکیا، نزیکەی سێ هەزار بەربەستن، هەرەشەن بۆ سەری. ئەو لە موداخەلەکەیدا وتی: وەزیرەکانی حکومەتی تورکیا چوونەتە وڵاتانی سعودییە و ئیمارات بۆ ئەوەی نزیکەی حەوت ملیۆن دۆنم لە زەوی بەپیتی وڵاتەکەیان بفرۆشنە ئەو وڵاتانە. ئەو رووبەرە ٨ ,١ملیۆن هیکتارەو کەوتۆتە کوردستانی تورکیاوە.

راوێژکار تالب موراد مەترسی ئەوەی نەشاردەوە، کە ئەم زەوییە کشتوکاڵییەی دەنگۆی نرخی ٣٠٠ملیۆن دۆلاری لێ دەکرێت، سەرەنجام دەفرۆشرێتە کەنداوییە پارەدارەکان، بۆ ئەوەی وەک نیشتمانێک بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی و دابینکردنی ئەمنی خۆراکی خۆیان بەکاریبێنن. ئەم زەوییە کشتوکاڵییانە هەر بە ئاوی دیجلە و فورات ئاودێری بۆ دەکرێت. بەمجۆرە گرفتی عیراق و تا رادەیەک سوریاش لەم پرسەدا قووڵتردەبێتەوە.

سەفیە سهێل ئەندامی کۆمیتەی دەرەوە لە پەرلەمانی عیراق ئەویش باسی گرفتی نێوان عیراق و توکیای کرد لە پرسی ئاودا و وتی: عیراق لیژنەی بۆ ئەم مەبەستە هەیە، کە تورکیا دەتوانێت گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی بەشی عیراق پارێزراوبێت لەم شمەکە مرۆییە ژیارییە. ئەویش ئاماژەی بە نموونەی مۆدێلی ئەوروپی کرد لە رووباری دانوب و بە نموونەیەکی دانا، کە تێیدا دەوڵەتەکان رێزیان لەبەش و ئیرادەی یەکتری گرتووە. سەفیە وتیشی ئێمە ئەم پرسە دەگوازینەوە بۆ ئاستی گفتوگۆی سەرۆکایەتییەکانی تورکیاو عیراق و سوریا، پێش ئەوەی ئەم کێشانە لەدەستدەربچن و مافی ئەو دەوڵەتانەی رووبارەکان بەناویاندا گوزەردەکات بفەوتێت.

تورکەکان وتیان (تورکیا دەوڵەتێکی هەژارە لە بواری ئاودا، بۆیە خۆی بە پرۆژەکانی

ئاو تەیاردەکات.... ڕەخنەگرتن لە دروستکردنی بەنداوەکان ڕاست نییە، چونکە بەنداوەکان یەک لە ڕێگاکانی هاوکاریی نێوان دەوڵەتە دراوسێکانن).

لەڕاستیدا گوێم لە دوو بۆچوونی عەقڵانیش گرتووە، کە دەڵێ نابێ عیراق بەهەموو ئاڕاستەیەک دژی دروستکردنی بەنداو بێت لە تورکیا، یەکیان بۆچوونی د.موکەرەم تاڵەبانی و ئەویتریشیان دوا وەزیری کوردە لە وەزارەتی ئاو، د. لەتیف ڕەشید. د. لەتیف دەڵێت ئێمە دەبێ داوای هاوکاری و ئاگاداربوون بکەین، نەک بڵێین بۆتان نییە بەنداو دروستبکەن.

یەشار یاکش وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا لە حکومەتی یەکەمی ئاک پارتی، کە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گول بوو(ساڵی ٢٠٠٢) ئێژێ(نابێ پێوەر هەر دابەشکردنی ئاو بێت، بەڵکو چۆنێتی ئیدارەدانێتی... هەقە میدیا ڕۆڵی هەبێت لە دەرخستنی ڕاستییەکان لەجێی تۆمەتبارکردنی تورکیا بە دزینی ئاوی سوریا و عیراق).

لە ڕارەوەکانیشدا دەرەفت بوو بۆ گفتوگۆ کردن، بەختیار ئەمین ڕوونیکردەوە بەنداوی ئەلیسۆ لەسەر ڕووباری دیجلە بەنداوێکی گەورەیە، کە دەتوانێت ٤٠ ,١١ ملیار مەتر سێجا عەمباربکات. تورکیا نها توانای دارایی بۆ ئەم پرۆژەیە دابینکردووە، بێ ئەوەی لێی بکەنە مەرج کە لەگەڵ دراوسێکانی وەکو عیراق بکەوێتە گفتوگۆیەکی جیددییەوە.

شارەزایانی عیراق دەڵێن، کەمبوونەوەی ساڵانەی هەر ملیار مەترێکی سێگۆشە لەئاوی فورات دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ٢٦٠ هەزار دۆنم لە زەوییە کشتوکاڵییەکان. لە حاڵی تەواوبوونی ٢١ بەنداوە تورکییەکە چاوەڕێدەکرێت ٤٠٪ زەوییە کشتوکاڵییەکان لە حەوزی فورات لە چوارچێوەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی دەربچێت. کە دەکاتە نزیکەی (١/٣) ملیار دۆنم... (الاتفاقيات الدولية بين العراق و تركيا بعد الحرب العالمية الاولى الى نهايه عام ١٩٨٠، كامران رسول سيعد، حمدى للطباعة والنشر، ٢٠١٢ مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ل١٤٧).

د. موراد، کە ئەو مەترسیانەی بە وەفدە تورکییەکەش سەلماند، هەڕەشەی فرۆشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوناوە ئیستعماری کشتوکاڵی و بۆ ئەم مەبەستەش لە نووسراوەکەیدا چەندین نموونەی ئەم ئیستعمارە تازەیەی هێناوەتەوە. لە ئەفریقا تا ئاسیا دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان لەجێی ئیستعماری قەدیم زەوی و زاری کشتوکاڵی وڵاتانی هەژار دەکڕن و دەیکەنە پاوانی ئەمنی خۆراکی خۆیان.

ئەو هەر وا دانەیەکی لە کتێبەکەی خۆی پێدام، کە بە حەماسەتێکی زۆرەوە باسی ئەو پرسە هەستیارە دەکات(چی لە سنوورە نزیکەکانمان ڕوودەدات؟ بەگوێرەی ئاژانسی ڕویتەرز لە ڕۆژی یەکی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٩دا شانشینی عەرەبی سعودییە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا سێ ملیار دۆلار لە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی وەبەردەهێنێت، بۆ دروستکردنی ٢٠هەزار یەکەی کشتوکاڵی، کە قەبارەی هەر یەکێکیان ١٠ هەزار مەتر دوو جایە و ڕوبەری ٢٠٠ کیلۆ مەتری دووجا دەگرێتەوە.... لە ١٠ی تەممووزیش پێگەی ئابووری مەکتوب نووسیویەتی میرنشینی ئەبوزەبییش لەلایەن خۆیەوە پەیمانێکی مەودا درێژی لەگەڵ تورکیا بە قەبارەی ٦ملیار دۆلار ئیمزاکردووە بۆ دابینکردنی زەوی کشتوکاڵی تێیدا..

ئەم زەوی و زارانە لەکوێن وکام ئاو بۆ ئاودێرکردنی بەکاردێت؟ پرسیارەکە بۆ هەردوو حکومەت و پەرلەمانی هەردوو حکومەتی بەغدا و هەولێر بەجێهێڵراوە. (ئیستعماری تازەی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراک - د تالب موراد- چاپی دووەم — ساڵی ٢٠١٠ل ٨٧ -٨٨) ئینجا دەنووسێ (ئەم وڵاتە عەرەبیانە دەزانن بەنداوی ئۆسلۆ لەسەر رووباری دیجلە دروستدەکرێت و حکومەتی تورکیا دەخوازێت کەڵکی لێ وەربگرێت و لەسەر حیسابی هەژارانی تورکیا و بەشە ئاوی عیراق بیداتە وەبەرهێنی بیانیی). (هەمان سەرچاوە ل٨٨) هەژارانی تورکیاش رێک دەکاتە هەژارانی باکووری کوردستان.

بەڵام ئەو پرسیارە هەر دەمێنێتەوە د. موراد چۆن ئەم بیرۆکانە لای حکومەتی هەرێم باسبکات لەجیاتی ئەوەی تەنها لە میدیا و کۆنفرانسەکاندا بیڵێت؟ هەقی وایە حکومەت بچێتە گفتوگۆوە لەگەڵ پسپۆڕەکانی، بۆ ئەوەی ئەرکی راوێژکاری و شارەزایی جێی خۆی بگرێت. بەپێچەوانەی بۆچوونی د. موراد کە لە کۆنفرانسەکە و نووسینەکانیشدا هەڕەشەکە بۆ سەر حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم پێکەوە دەبینێت، توێژەرێکی دیکەی کورد پێیوایە دەشێ لە وێستگەیەکدا حکومەتی بەغداش ببێتە فاکتەری گوشار لەسەر کوردستانی باشوور، نەک تەنها حکومەتی ئەنقەرە. توێژەر کامەران رەسوڵ سەعید بەپشت بەستن بە مامۆستا د. ئازاد نەقشەبەندی دەڵێت: حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە حکومەتی ناوەندی لە پرۆژەی گاپ زیاندەکات. جا ئیتر ئەو زیانە راستەوخۆ تووشی هەرێمی کوردستان دەبێت، لە شێوەی هاتنی ئاوی کەمتر بۆ هەرێمی کوردستان، یاخود ناراستەوخۆ، لە رێی ئەوەی حکومەتی ناوەندی پرۆژەی ئاو لەسەر رووباری دیجلە، وەک تاودانەوەیەک بۆ کردەوەی تورکیا کە تایبەتە بەجێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژەی گاپ، کردەوەکانی حکومەتی ناوەندی کاردانەوەی سەلبی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت (الاتفاقيات الدولية، سەرچاوەی پێشوو ل١٤٨).

پرۆفیسۆر و شارەزای کوردستانیی لەسەر ئەمە رەخنە لە ئیمارات و سعودییە دەگرێت (ئەم هەڵوێستە لە دوو دەوڵەتی دراوسێی موسڵمان و عەرەبەوە دێت لە وەختێکدا چەندین وڵاتی ئەوروپای رۆژئاوا ومەسیحی، وەکو ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا، ئەوەیان رەتکردەوە کۆمەکی دروستکردنی بەنداوی ئەلیسو بکەن، چونکە دەزانن ئەمە کار لە میللەتانی ناوچەکە دەکات. کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی عیراق لە ٢٠ی تەمووزی رابردوو بڵاویانکردەوە ئاوی دیجلە و فورات نیوەی ئاستی عادەتیی خۆی هەیە لەم وەرزەدا. جا دەبێ لە دوو سێ ساڵی داهاتوو، کە تورکیا بەنداوی ناوبراو تەواودەکات، بگاتە چ ئاستێک؟) (هەمان سەرچاوە ل٨٨).

د. تالب موراد، کە گەرمەسێرانە لە لۆبی کۆنفرانسەکە کەفتینە قسە پێیوتم: ئەگەر ئەو پرۆژەی ئاشتییەی نها لەنێوان حکومەتی تورکیا و بزوتنەوەی کورد هەیە سەر بگرێت ئاشتی و ئارامی لە کوردستانی باکوور جێگیردەبێت. لەو کاتەدا وەک چۆن چانسی وەبەرهێنان زۆرتردەبێت، ئاوەهاش چانسی فرۆشتنی ئەو زەوییە بەپیت و کشتوکاڵییەی باکوور بە دەوڵەمەندەکانی دەرەوە زیاتردەبێت. ئەو ئەم ترسەی نەشاردەوە، کە دەرفەت

لەباردەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە باکوور وەکو لای خۆمان و دەبێتە هاندەرێکی خراپ بۆ جووتیارەکان تا زەوییەکانیان بفرۆشن.

وەفدی میدیاکارانی عیراقیش زیاتر لەسەر دیووە سیاسییەکە قسەیانکرد، ئەوان ڕەخنەی توندیان لە محەمەد شەتاح وەزیرێکی پێشووی دارایی لوبنان گرت، چونکە ئاوی وەک شمەکێک نیشاندا کە وەک هەر شمکێکی تر قابیلی کڕین و فرۆشتنە. ئەمەش وەبیرهێنانەوەی هەمان دیدی تورکۆت ئۆزال بوو، کە دەیوت یەک تەنکە ئاو لەبەرامبەر یەک تەنەکە نەوتدا. تورکەکان بەم ماستاوە (ئاوی سپی لە کۆنفرانسی شین) خەنیبوون و بۆ شەوەکەی لە کەناڵی تەرەتە شەشی عەرەبی میوانداریانکرد، بەڵام ئەو لە دیدارەکەدا نێوەنجی بوو هەوڵیدا ڕێگای سێیەم بگرێتەبەر، چونکە زانیی هەڵەیکردووە، بۆیە بە وەفدی عیراقی وت ئەمەی وتویەتی بیروڕای خۆیەتی.

لە وەفدی میدیاکارانی کوردستان و عیراق تەنها هیوا عوسمان و بەندە لەسەر دیوی میدیایی تەنگژەکە دواین. هیوا عوسمان سکێچێکی هاوکاریی نێتۆرکی میدیایی خستە ڕوو لە پرسی بڵاوکردنەوەی باسوخواسەکانی کێشەی ئاودا. منیش هەندێک پێشنیازم خستەڕوو بۆ هاوکاریی نێوان ئەکادیمیان و مینبەرەکانی میدیا بۆ هەمان مەبەست. ئەمەی خوارەوە باسەکەی منە:

## بیرۆکە لە سەر بەشداری میدیا لە دەستپێشخەری (ئاشتیی شین)دا

بۆ ئەوەی وەڵامەکەمان وردبێت لەبارەی ئەو خزمەتەی دەشێ میدیاکان، بەتایبەتیش ڕۆژنامەکان، پێشکەشی بکەن لە بواری پرسی ئاودا، پێویستە قسە لەسەر ئەو ئەزموونە بکەین، کە میدیاکانمان لەسەر مامەڵە و ڕووماڵکردنی پرسە گشتییەکان و خەمە هاوبەشەکان کەڵەکەیانکردووە. بەتایبەتی خەمی هاوبەش، کە پرسە لۆکاڵییەکان تێدەپەڕێنێ و سیمایەکی جیهانییان هەیە.

بۆ نموونە، ئەگەر سامانی ئاو سامانێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی و پێویستدەکات دیدێکی هاوبەشمان لەسەر ئیدارەدان و بەکاربردنی هەبێت، دەی با بپرسین میدیاکان و ڕۆژنامەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سامانی نەوتدا کرد، کە سامانێکی گەورەی جیهانییە و پێویست دەکات ململانێیان لەبارەوە خاوبکەینەوە؟

خەزینی ئەزموونمان لەم سامانە سروشتییە چییە؟ ڕۆژنامەگەریی چۆن ئەم بابەتەیان هەڵسەنگاند؟ چۆن لەگەڵ ئەم دۆسێیە و ئاڵۆزییەکانی سامانی نەوتدا مامەڵەیانکرد؟ ئەگەر ئێمە وەک میدیاکار و میدیاکان نەمانتوانی بێت باش ئەو ڕۆڵە بگێڕین، یاخود کەموکوڕیمان هەبووە لە ڕووماڵکردن و مامەڵەی کێشەکانی نەوتدا، دەیسا ئەو ڕێوشوێنانە چین کە پێویستە بیانگرینەبەر بۆ چارەسەری ئەو کەموکوڕییانە وەختێک ڕووماڵی پرسی سامانی ئاو دەکەین و دەخوازین ڕمێن بۆ بیرۆکەی (ئاشتیی شین) پەیدابکەین.

بۆ نموونە باسی ئەزموونی ڕێککەوتنی ئاسن و خەلوزی نێوان ئەوروپاییەکان کرا، وەک نموونەیەک بۆ ڕێککەوتن لەسەر سامانی سروشتی کە ڕێی بۆ یەکێتی نێوان وڵاتانی ئەوروپا

خۆشکرد. هەمان ئەو ئەزموونە وەک چۆن بۆ وڵاتان ئەزموونە لە چارەسەری سامانی هاوبەشی سروشتیدا دەشێ ئەزموون بێت بۆ میدیاکاران، داخۆ میدیای ئەوروپا و رۆژئاوا چۆن خەمی هاوبەشی ئاسن و خەلوزیان رووماڵکرد؟ ئەم ئەزموونی رووماڵکردنە دەشێ چی بە ئێمە ببەخشێت، تا وەکو خەزینێکی مەعریفی لە مامەڵەی خەمی هاوبەشی سامانی ئاودا کەڵکی لێ وەربگرین؟ هەروەها لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، چۆن ئەزموونی رۆژنامەنووسی ئابووری خۆمان پتەوبکەین لە باسوخواسی وەرگەڕانی توخمێکی ململانێ بۆ توخمێکی ئاشتی و پێکەوەیی؟

بۆ ئەوە دەتوانین قسە لەسەر زنجیرەیەک وۆرک شۆپ و تۆڕی پەیوەندی میدیایی بکەین بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و شارەزایی و ئەزموونی میدیاکان لە وڵاتانی جیاجیاو بەئاستی جیاجیاش، ئەمەش دەکرێت لەم سەرەقەڵەمانەدا پوختیبکەینەوە:

یەکەم: دۆزینەوەی ژینگەیەکی میدیایی، کە زانیاری چڕوپڕ بخاتە ڕوو لەبارەی کێشەی ئاو و چارەسەری ئەو ململانێیانەی لەنێوان وڵاتەکان و نەتەوەکانیش لەسەر ئاو و خاوەندارێتی لە ئاو دروستدەبێت. جیبەجێکردنی ئەم ئەرکە خۆی لەخۆیدا بەشدارییەکی ئیجابی میدیاکانە لەم پرسەدا. چونکە هیچ شتێک بە ئەندازەی بێئاگایی و نەناسین و نەبوونی زانیاری لەسەر مەسەلەکە و لایەنەکانی ململانێکار دوژمنی مرۆڤەکان نییە. پێدانی زانیاری لەڕێی میدیاکانەوە لەبارەی بیروبۆچوونە جیاجیاکانی لایەنەکانی ململانێ و بەڵگە و پێدراوەکانی هەر لایەنێکی ململانێی سامانی ئاو لەسەر بەش و خاوەندارێتی خۆی لە خۆیدا رێگا بۆ نزیکایەتی و زەمینە بۆ ئەگەری لێکگەیشتن دەکاتەوە، لەجێی ئەو ژینگەیەی کە هەر لایەنێکی ململانێکە داخوازی و پێویستی لایەنەکەی تر نازانێت.

دووەم: بێگومان رووماڵکردنی میدیایی بۆ هەر پرسێک دەبێت بابەتی و پیشەیی بێت. جا لەبەرئەوەی هیچ پرۆسەیەکی میدیایی بێ فەلسەفەی میدیایی نییە و نابێت، بۆیە رێککەوتن لەسەر فەلسەفەیەکی هاوبەش یان هێڵی لێکگەیشتنی هاوبەش بۆ بایەخی ئاشتی و ئیحتواکردنی ململانێی گەرمی ئاو دەبێتە مایەی بڵاوکردنەوەی کەشی ئیجابی و دۆستایەتی بۆ دەمەزەردکردنەوەی رۆشنبیری (ئاشتیی شین). لە ڕێی فەلسەفەیەکی ئینسانی و جیهانی کە جەغتبکاتەوە لەسەر:

– کەمی سەرچاوە و دەرامەتەکانی سامانی ئاو بە بەراورد لەگەڵ پێویستی کۆمەڵ و وڵاتەکان.

– بەرپرسیارێتیمان لە بەرامبەر رەوشی ئێستا و پێویستی نەوەکانی داهاتوو سەبارەت بە باشترین بەکارهێنانی ئەو دەرامەتانە تاقە رێگایە بۆ رەوینەوەی ترس و دلەڕاوکێ لە سەر بێبەشبوون لە دەرامەتی ئاو، کە ئەم ترس و بیمە کرۆکی ململانێی لایەنەکانە. ترس لە فەوتان و لەدەستچوون و نەمانی بەشە ئاو فاکتەرێکی گرنگی ململانێ و ناکۆکییە.

– پێویستە ئەوەش بزانین، کە شارەزایی و ئەزموونی میدیاکان لەم دۆسێیەدا کەڵکێکی ئەوتۆی نابێت لە هەڵمەتی (ئاشتی شین)دا، ئەگەر کایەی سامانی ئاو و ئەوانەی پێوەی سەرقاڵن لە دەوڵەتەکان، لە دامەزراوەو سەنتەرە ستراتیژییەکان و پسپۆڕانی ئاو هاوکاری دامەزراوەکانی میدیا نەکەن لە پێدانی هەواڵ و زانیاری، لە هەڵڕژانی ئەزموون و زانینەکانیان

بەرەو کایەی میدیا تاوەکو پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی بایەخ بە پرسی ئاو دەدەن لەگەڵ میدیاکان پەیوەندییەکی بنیاتنەرانە و کاریگەر و بەردەوام نەبێت، چونکە میدیا مینبەری کاریگەر و گەرموگوڕی ناساندنی کێشەکانی ئاو، ناساندنی مافی دەوڵەتەکان و هەروەها ناساندنی مافی نەتەوەکانیشە لە سامانی ئاودا، چونکە زۆر جار هەر باسی دەوڵەتەکان دەکرێت و باسی مافی نەتەوەکان و گەلانی هەژار ناکرێت. ئەمانە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئاشتی و جێبەجێکردنی دەستپێشخەریی (ئاشتیی شین)دا.

وەک دەزانن شارەزایی میدیاکان و ژووری ئابووری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چەند زۆربێت ناگاتە شارەزایی خودی پسپۆڕانی بواری سامانی ئاو. تەنانەت ئەگەر ڕۆژنامەکان (بانکی زانیاری) دەوڵەمەندیشیان هەبێت بۆ بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا، هەمیشە پێویستیان بە ئەبدەیتکردن و نوێکردنەوەی ئەو زانیارییانە هەیە، ئەمەش ئەرکێکە دامەزراوەکانی بایەخ بە سامانی ئاو دەدەن دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن. چونکە کاری میدیا هەر بۆ بواری کێشەکانی ئاو نییە، سەرەڕای بایەخی ژیاری ئەم بوارە، بەڵکو کاری میدیا ئیشکردنە لەسەر هەموو خەمە هاوبەشەکان لە هەموو بوارەکاندا.

# حیکایەتی کرمانجەکان لــە میترۆپۆڵەکاندا

لەگەڵ (وڵات) بە کرمانجی و سۆرانی، کەمێکیش بە تورکی و تورکمانی و بە زمانی نێودەوڵەتی، زمانی ئاماژە، قسە لەسەر دۆخی کوردی راگوێزراو دەکەین، لەسەر تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شێواوەکانی کۆمەڵگەی کوردی راگوێزراو بۆ ناوجەرگەی تورکیاو بۆ مترۆپۆڵەکانی وەکو ئەستانبوڵ و شارە گەورەکانی وەکو ئەزمیر.

ئەو نموونە دەهێنێتەوە و منیش لەسەر یەک دەڵێم رێک ئەمە ئەو شتەیە لە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان روویانداوە، کوردستانی باکوور و کوردی تورکیا نموونەیەکی گەورە کراوەی سیاسەتی تەعریب و راگوێزانی کەرکوکن.

وتم: هەڤاڵ! کوردستانی تورکیا خڕ کەرکوکە، حەپسی شەی لەجەم وە روویدایە، یوخارەیە، لە سەرەوە، لە کەرکوکی باشووری کوردستانیش وەسایە.

## دیاربەکر و کەرکوک

وڵات ئای، کە ناوەکەی لە تەزکەرە (ئۆکتای ئای)یە، لەدایکبووی ئامەد (دیاربەکر)ە، باسی تورککردن و کۆچبەری بۆ ستران عەبدوڵڵا، کە ناوەکەی لە تەزکەرە (سالح عەبدوڵڵا)یە دەکات، ئەو دەردی تەتریک و راگوێزان باسدەکات و منیش بۆ تێگەیشتنی زیاتر نموونەکە لە تەعریبی کەرکوک و راگوێزان بۆ رومادی، بۆ تکریت و بەغدا چڕدەکەمەوە.

وڵات وتی: خۆم نموونەیەکم لە ڕاگوێزان، ساڵی (١٩٨٠) لە ئامەد لەدایکبووم، لە نەوەدەکان بەهۆی سیاسەتی راگوێزان و چۆڵکردنی گوند و ئاواییەکانەوە،ماڵباتی ئێمە لەوێ دەرکران، لە پەراوێزی شارەکاندا، لە قووڵایی ئاخی تورک جێگیرکراین، کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگەی ئەسڵی خۆمان، ئاغای مەڵبەند و نیشتەنی خۆمان بووین، چووینە جێیەک کەسوکارو باپیر و دایکمان نازانن بە تورکی قسەبکەن، لە دراوسێ و بێگانە دەترسن، بێکاری و بێئیشی باڵی بەسەر خێزانەکاندا کێشابوو.

وڵات (ئۆکتای ئای) نها خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی بوغاچی لە ئەستانبوڵ، تێزەکەی رێک لەسەر ئەم باسوخواسەیە، لەسەر رەوشی منداڵ و زارۆکانی کورد لە شوێنی نیشتەنیی نوێیان، لە مێرسین.

ئەو وتی: نموونە بۆ شێواوی مەنزومەی کۆمەڵایەتی باپیری خۆمە، ئەو لە شوێنی خۆی خاوەنی قەسر و قسەی خۆییبوو، گوزەران و موڵکی خۆی هەبووە، قسە رۆیشتوو بوو، بەس ئێستا وەک خۆی بەدەر و دراوسێ تورکەکانی دەڵێ: غوڵامی تۆ دکەم، ئەمە لێقەومانێکە

کاریگەری لەسەر نەوەی نوێی منداڵانیش داناوە، کە دوور لە کوردستان پەروەردەبوون، بەڵام بوونەتە کێشە بۆ خێزانەکانیان و بۆدەوڵەتیش.

نموونەی وڵات نموونەیەکە لە تێکەڵکردنی خەباتی زانستی بەگیانی وڵاتپارێزی، بۆ ئەوەی خوێندەوارێکی کورد بەکەڵک بێت بۆ میللەتەکەی خۆی، دەبێت لە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە دەستپێبکات، لێکۆڵینەوە لەسەر یادەوەری راگوێزان و شەڕ و شۆڕی باکووری کوردستان لە نێوان گەریلا و دەوڵەتدا بکات، لەسەر بەرەنجامی سیاسەتی نکۆڵیکردن و شێوانی کۆمەڵایەتی کۆچبەری بدوێت (منداڵەکان رقیان لە خێزانەکانیانە، رقیان لە دەوڵەتیشە، شت دەشکێنن، لە بەریەککەوتنەکاندا بەرد و دارلاستیک دەوەشێنن، پۆلیس ئەوان دەستگیردەکات و دەیان و سەدان منداڵی کورد دەستگیردەکرێن. دەوڵەت خوێندنگەشیان بۆ دەکاتەوە، بەڵام خوێندنی تورکی و ناوەڕکەکەی هی تواندنەوەیە، بۆیە منداڵان کێشەیان هەیە).

## چینێکی هەژار و قرێز

کاک وڵات رەهەندی سۆسیۆلۆژی ئەم پرسەش لەبیر ناکات: (سەحکە، ئەمبارە نالەبارە لە داهێزرانی کۆمەڵایەتی وایکردووە کورد لە میترۆپۆڵەکان چینێکی هەژارو قرێز (فەقیر) بێت، تەنانەت ئەگەر مەسەلەی کوردیش چارەسەربێت و کوردایەتی نەمێنێت، ئەوا ململانێی چینایەتی دەستپێدەکات)، ئەو رستەیەکی جەرگبڕ دەڵێت: (دەوڵەمەندیش بم هەژارم لە چاو دەوڵەمەندێکی تورک، هەژاری کورد لە پەراوێزی شارە گەورەکاندا پشتگیری گەریلا دەکەن، هەرچەندە لە وڵاتی خۆیان: کوردستان، دوورن).

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی جڤاکی دابڕاو لە جوگرافیای بنچینەیی خۆی: ترسە، تەنانەت دوای راگوێزانیشیان. چونکە لە جێی ترەوە هاتوون و بەم کۆمەڵگە نوێیە نامۆن، دەترسن دەوڵەت جارێکی تر تەعەددایان لێ بکات، ئەم ترسە لە باسی چارەنووسی منداڵەکانیشدا دێتە نێوانەوە، پرسی وا کۆمەڵگەی بەرپرس دەتوانێ چارەسەریبکات و دەوڵەت و کۆمەڵگە پێکەوە بەرنامەی چارەسەری بۆ دابنێن، ئەی ئەگەر کۆمەڵگە لە دەوڵەت بترسێت؟ ئەوا پەیوەندی نەیارێتی دروستدەبێت، (خێزانەکان حەزدەکەن منداڵەکانیان بخوێنن و ئایندەیان مسۆگەربێت، دەوڵەتیش دەیەوێت بخوێنن، بەڵام منداڵەکان لە ژینگەیەک دەژین، کە بۆ ئەوان نامۆیە، لە خێزانێکدا جگە لە زمانی کوردی هیچیتر نازانن و خوێندنگەش بە تورکییە. بۆیە سیستم تێکچووە و کەس لە منداڵەکان بە قسەی باوکیان ناکەن بۆ ئاراستەو پەروەردەکردنیان).

## جڤاکی راگوێزراو

یەکێکی تر لەو مامۆستایانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دیوێکی تری جڤاکی راگوێزراو کردووە، پرۆفیسۆر (نازان ئوستوندوغ)ـە کە لە ماوەی مانەوەم لە ئەستەنبوڵ گفتوگۆم لەگەڵ ئەویشدا کرد، نازان مامۆستای (وڵات) یشە، ئەو لەسەر ژنانی راگوێزراو و (وڵات) یش لەسەر منداڵانی راگوێزراو ڤەکۆلینیان کردووە، ئەم باسەیان پشت بەداتا و ئامار و

پێدراوی ورد دەبەستێت. کاک وڵات سووره لەسەر ئەوەی ئیتر لەم رەوشەدا مەسەلەی کورد تەنها مەسەلەی ناسنامە نییە، بەڵکو مەسەلەی کۆمەڵگەی پەراوێز خراویشە.

بە وتەی وڵات، کە ئەوان هاتنە شوێنی ژیانی نوێیان (کەس خانووی پێ نەدان بە کرێی بگرن، ئەوان وتیان خەڵکی غەریبن لە دیاربەکرەوە هاتوون، کەچی ئەم سیاسەتەی دەوڵەت نها کوردستانێکی تری لە مێرسین، لە ئەستانبوڵ، دروستکردووه).

ئەو بە تەوسیشەوە ئێژێ، بەداخەوە ئەمجۆرە توێژینەوانەی ئێمە نابنە باسوخواس لە نێوەندی دەستەبژێری تورکیادا، چونکە لە تورکیا رای گشتی نییە، دەوڵەتیش لە جێبەجێکردنی راسپاردەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کەمتەرخەمە، ئەوان لێکۆڵینەوەکانی ئەکادیمیای پۆلیس جێبەجێدەکەن، نەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیا و زانکۆکانی سۆسیۆلۆژیا، لەبەر ئەوە ئەم تراژیدیایە لە بازنەیەکی بەتاڵدا خوول دەخواتەوە و دووبارەدەبێتەوە.

## تاقیگەی دابینکردنی کۆمار

وەک لە دیرۆکی دەوڵەتی نوێشدا، هەر لەسەرەتاوە، هاتووە. تواندنەوە و ئەسمیلەکردن بەشێک بوو لە پێداویستییەکانی دابینکردنی کۆمارێکی یەک رەنگ. کوردستان تاقیگەی یەکەمی دابینکردنی کۆمار بوو، بڕیارەکانی راگوێزانی کورد بۆ قووڵایی رۆژئاوای تورکیا و بەتورککردنی یەکجارەکی تورکە شاخاوییەکان پێش بڕیارەکانی غەربەنە: بە ڕۆژئاواییکردن، کەوتن. پێش ئەوەی شەپقە بکرێتە سەر تورکەکان کڵاوی سەر سەری کرمانجەکان لابران، پێش بە لاتینیکردنی فۆنتی نووسینی تورکی، زمانی کوردی قەدەغەکرا.

ئەگەر بابەتی غەرەبزەدەیی و سەپاندنێکی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی غەرەبزەدەیی بەشێک بووبێت لە کەشوهەوای بیست و سییەکانی سەدەی رابردووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وێستگەی دیکتاتۆرییەکی مۆدێرندا پاساوی باوی خۆی هەبووبێت، ئەوا سیاسەتی نکۆڵیکردن لە کورد بە ناوی مۆدێرنیتە و یەک وڵات، یەک نەتەوەوە، بەرهەمی خاڵس و خۆماڵی خودی کەمالیزم بوو. غەربزەدەیی مۆدێلێک بوو زۆر وڵات چاویان لێ کرد و زۆریشیان لە ئەتاتورکەوە خواست. دەوڵەتی نەتەوەیی و سەنترالی یەک نەتەوە و یەک ئاڵا، ئەویشیان نموونەیەکی باوبوو لە ئەوروپای سەرەتای سەدەی بیستدا، ئەمانە نازیزم و فاشیزم و حوکمی فرانکۆیان بەرهەمهێنا، بەڵام بەتورککردن و نکۆڵیکردن دەستپێشخەری کەمالیزم بوو، کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا وڵاتانی میحوەر، هیتلەر و مۆسۆلۆنی، چاویان لێ کرد، نەک بەپێچەوانەوە. وتە مەشهورەکەی هیتلەر کە گوتبووی کێ قەتلوعامی ئەرمەنەکانی لەبیرە ؟ نیشانەی ئەوەیە ئەوروپای روو لە دەمارگیری ناوەندێتی کەلتوور زۆر شتی هەبوو لە تورکیای ئیتحاد و تەرەقی و کەمالیزم فێربێت.

## کۆمارێکی نوێباوی یەکرەنگ

دامەزراندنی کۆمارێکی نوێباوی یەک رەنگ، پرۆژەیەکی سەپێنراوی ئەتاتورک بوو، کە لە بنچینەدا نەتەوەیەکی بەناوی مۆدێرینێتەوە لە مێژوو و کۆمەڵگەدا سڕییەوە.

ئەم مۆدێلە لە ناوەڕۆکدا درێژ کراوەی سیاسەتی ئیتحاد و تەرەقی بوو، کە بە هەندێک دیاردەی رووکەشی وەک شەپقە لەسەرنان و مۆدە لەبەرکردن و سمێڵ تاشین داپۆشرابوو، ئەم دیاردە رووکەشانە وایانکرد بەشێکی میللەتانی رۆژهەڵات بە مۆدێلی کەمالیزم سەرسامبن. میسری نەحاس، ئێرانی سەردەمی شا پەهلەویی یەکەم و عیراقی سەردەمی فەیسەڵی یەکەم و نوری سەعید، کە لە زۆر دەوراندا ناکۆکی سیاسییان لەگەڵ کۆماری تورکیا هەبوو، کەچی هەمیشە بە چاوی پلەی باڵاتر لە خۆیان سەیری ئەزموونی ئەتاتورکیان دەکرد. ئەتاتورکیش وەک ژەنەڕاڵێکی رۆڵگێڕی نموونەی حوکمڕانی سەنتراڵ، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، لە سەرچڵێکی خۆسەپێن و رۆمانسی دەچوو، ئیرادەگەربوو و دەیویست دەستوبرد ئەوە بکات کە هەویری نەتەوەیەکی پاک و خاوێنی تورک بشێلێ.

ئەو دیکتاتۆرێکی بەجێماوی کاروانی ستەمکارەکانی مێژوو بوو، کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا پێشبڕکێی زەمەنیان دەکرد، تا بتوانن لەسەرەتاوە سەدەی بیست بە ویستی ئیرادەگەرییان رەنگڕێژبکەن. هەویری وا کوردی شێلاو گەورەترین ئابڕووبردنی بۆ مۆدێرنێتە تۆمارکرد و رۆژئاواش لەسەر ئەمە نەهاتە جواب. مادامەکی کەمالیزم میعلان بوو لە ڕازیکردنی کبریائی رۆژئاوا و وەرگرتنیان وەک ئەڵگۆیەک، وەک مۆدێلێکی شایانی چاولێکردن. ئەورووپا دڵخۆش بوو بە بەڵێنی غەربزەدەیی تورکیای قەڵای پێشووی دەوڵەتی ئیسلامیی. بەڵێنێک کە وەفدەکەی دەوڵەتی نوێ لە دانووستاندنی کۆنگرەی لۆزاندا بە رۆژئاوایان دا. شتێک بوو لە بابەت ئەوەی تورکیامان بدەنێ، فۆبیای دەوڵەتی عوسمانیتان لێ دوور دەخەینەوە.

ناوەڕۆکی بڕیارێکی مەحکەمی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا نموونەیەکە لە بەکارهێنانی دامودەزگای دەوڵەتی مۆدێرن بۆ لەناو بردنی گروپێک لە وڵاتێکدا، بە قازانجی گروپێکی تر:

(دەبێ خەڵکی ناوچە پڕ دانیشتووانە کوردنشینەکان راگوێزرێن و لە وڵاتی خۆیان دووربخرێنەوە. لەو ناوچانەدا جێگیربکرێن کە ناوچەی پڕ دانیشتووان و تورک نشینن بە مەرجێک رێژەیان ٥٪ی سەرجەمی خەڵکانی تورکی ناوچەکان زیاترنەبێ). (د.عەزیز شەمزینی — جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان — وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان— ل١٠٠).

لە ٥ی ئایاری ١٩٣٢دا یاسایەکی تایبەت دەرچوو، کە لە خاڵی نۆیەمییدا هاتووە (بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری کاروباری ناوخۆ بۆی هەیە ئەو کوردانە راگوێزێ کە لەناو رەگەز و کەلتووری تورکدا نەتواونەتەوە و لەنێو تورکە رووناکبیرەکانی ناوچە کەلتوور ئاشناکانی تورکیادا نیشتەجێیانکات — ئەوانەی تا دەرچوونی ئەم یاسایە سەران و رابەرانی کورد بوون، یاخود ئاغا و بەگ و سەرانی خێڵ بوون. هەروا ئەو سنوور نشینانەی سوسەی نۆکەرایەتییان لێ دەکرێ و گەورە پیاوانی کورد و ئەوانەی لەنێو کوردەکاندا رێزو پایەی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروا خزم و کەسوکاری هەموو ئەمانە، دەبێ بە خێزانەوە ناوچەکانیان لێ چۆڵبکرێ، بۆ ناوچە تورک نشینەکان دووربخرێنەوە و لەنێو تورکەکاندا نیشتەجێ بکرێن) (هەمان سەرچاوە ل١٤٤).

چەند نموونەی وەک ئەمە دەبێتە سەر مەشق بۆ وردەکاری زیاتری رەفتاری نازییەکان لە هەمبەر جولەکەدا، بەڵام دیقەتی هیتلەریش ناتوانێ شان لە شانی بەعس لە عیراق بدات، کە بە دڵ و بە گیان سەدان بڕیاری وەک ئەمەی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیای بیستەکانی دەرکردووەو کردویەتییە دەسکەلا بۆ تەعریب و راگوێزان لە کەرکوک و خانەقین. یانی چۆن عروبە کوڕی خوێندنگەی تورکییە لە ناسیونالیزمدا ئاوەهاش تەعریب چاولێکەرەوەی کەمالیزمە.

دەوڵەتی کەمالیزم دەیان راپۆرت و هەڵسەنگاندنی بۆ رەوشی کوردستانی باکوور هەیە، کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی چۆن کار لەسەر تواندنەوەو نکۆڵیکردن بکەن. عیسمەت ئەنینۆی بە ئەسڵ کورد و بە پۆست سەرۆک وەزیرانی تورکیای کەمالی، ساڵی (١٩٣٥) راپۆرتێک دەنووسێ، کە دەرەنجامێکی مەیدانی زیاد لە دەیەیەک لە تورککردن و راگوێزانی کوردی باکووری لەخۆگرتووە. ئەنینۆ وەک تەها یاسین رەمەزانی کورد، کە چۆن لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا سەرپەرشتی تەعریبی دەکرد، ئەویش سەرپەرشتی تەتریک و تەرحیلی دەکرد لە سەرەتای سییەکانی هەمان سەدەدا. ئەوەتا لە ڕاپۆرتەکەیدا لەسەر شاری ئەرزنجان دەڵێت: (پێویستە لە دامەزراندنی ئەرزنجان وەکو ناوەندێکی کوردی و دواتر دامەزراندنی کوردستانێکی گەورە زۆر بترسین. ئەگەر بێتو ئەرزنجان ببێتە ناوەندێکی کوردی، ئەو کاتە من لە دامەزراندنی کوردستان دەترسم)، (کتێبی فیلمە کوردییەکەی دەوڵەت — راپۆرتەکانی سەبارە بە کورد — لە ساڵی ١٩٢٥ تا ٢٠٠٧ — نووسینی بەلما ئاقچوورا. و: ئەردەڵان گۆران ل٧٦)

ئەم سیاسەتی تواندنەوە لە دەورانێکدا وادەکات ژمارەی کورد لەو شارانەی بۆی دەگوازرێنەوە وا زۆربێت، کە کوردستانێکی بچووک لە مەنفا دروستبێت، وادەکات لەو ناوچانەی کوردی راگوێزراوی تێدا نیشتەجێدەبن کۆمەڵگە و جوگرافیایەکی نوێ سەرهەڵبدەن (کە لەناو جەرگەی زێدی تورکدا کوردستانێکی مەنفا بن)، وا دەکات لە شاری قۆنیا زۆرینەی کورد پەیدابن، وەک (وڵات) گێڕایەوە و وەک ئەو نموونەیەی رەحمەتی د. عەبدولستار تاهیر شەریف لە نامەیەکدا بۆ بەندە ئاماژە بەدیاردەی زۆرینەی کورد لە شاری قۆنیا، شارەکەی مەولانا جەلالەدەدین رۆمی، دەکات کە چۆن لە هەفتاکاندا ئەو دەرەنجامەی داوە بە دەستەوە سەرۆکی شارەوانی لە کوردی راگوێزراو و دوورە وەتەن هەڵبژێردرێ. سەیری نامەکەی د.عەبدولستار تاهیر شەریف بکەن:

برای بەرێز کاک ستران عەبدوڵڵا، سەرنووسەری رۆژنامەی ئاسۆ

بابەت/ قۆنیا

لە لاپەرە ٨٨-٨٩ لە کتێبی (المجتمع الکردی) بە کورتی باسی سەردانەکەم بۆ شاری قۆنیا کردووە لە تورکیا.

ئاشکرایە، قۆنیا شارێکی کوردستانی نییە، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٧٦ دوو ملیۆن و نیو بووە.

لە ساڵی ١٩٧٦ وەزیری گواستنەوەی عیراق بووم، بە سەرۆکایەتی وەفدێک چووم بۆ تورکیا . لە تورکیا بە مەبەستی زیارەتی گۆڕی (جەلالەدین ڕۆمی) چووم بۆ شار قۆنیا، بەرێکەوت ئەو فرۆکەیەی سەفەرم پێ کرد، (تورکیش) جێگری سەرۆک وەزیران لە هەمان فرۆکە دەچوو بۆ قۆنیا و هەردوکمان پێکەوە دانیشتبووین، پاشان تورکیش داوای لێم کرد، بچینە کابینەی) فرۆکەوانەکان دانیشین. تورکیش پرسیاری لێم کرد جەنابی وەزیر بۆچی ئەچی بۆ قۆنیا خۆ قۆنیا کوردستان نییە؟ لە وەڵامدا پێموت دەزانم قۆنیا کوردستان نییە، من بۆ زیارەتی گۆرەکە و مەقامی حەزرەتی (جەلالەدین ڕۆمی) دەرۆم. وتی ئەوە بزانە ئێمە بۆ پێش ٥٠ ساڵ قۆنیامان کرد بە کوردستان .!! کوردەکانمان لە کوردستانەوە تەرحیل کرد بۆ قۆنیا، بۆ ئەوەی بیانکەین بە تورک- تتریک، بەڵام لە ئەنجامدا ئێستا کە دەچی بۆ قۆنیا سەرۆک شارەوانییەکەی (ئەحمەد) پێشوازیت دەکا کوردە. ٨٠٪ی دانیشتوانی قۆنیا ئەمرۆ کوردن، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی ٨٠٪ی کوردسییەکان کورد بردییەوە. سیاسەتی (تتریک)مان فاشیل بوو، من ئێستا لەو سیاسەتە پەشیمانبووم، ئێوە لە عیراق مەسەلەی کوردتان بە ڕێگەی (حکم زاتی) حەلکردووە، زۆر ڕاستە، ئێمەش دەبێت لەمەودا هەوڵبدەین سود لە تاقیکردنەوەکەی عیراق وەربگرین، بۆ چارەسەرکرنی مەسەلەی کورد لە تورکیا. پێموت من کتێبێکم بە دەستەوەیە دەتوانم ئەم باسەی تیا بکەم؟ وتی بەڵێ.. ئەوەبوو ئەم باسەم کرد لە کتێبی (المجتمع الکردی)، بەڵام (رقابە) ناوی تورکیشی لە کتێبەکە لابرد.

حەزدەکەم ئاماژە بۆ بۆچونەکانی سەرەک وەزیرانی تورکیا (ئویزال) بکەی، کە ئەویش رای وابوو کورد مافی نەتەوایەتی خۆی بدرێ.

**براتان**

**د. عبدولستار**

**١٠ /٨/ ٢٠٠٤**

بەڵام بێگومان هەمیشە دەرەنجام بەو شێوەیە نییە، کە کوردی ڕاگوێزراو بۆ مۆنۆپۆلەکان وا تواناداربن و ببنە خاوەن ماڵ و لە جێی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی بۆ ڕاگوێزراو ببنە کاندیدی هەڵبژێردراوی هەڵبژاردنە شارەوانییەکان، هەندێک جار ڕاگوێزراوان لە شوێنی نوێیان تەنها و تەنها دەبنە بارستاییەکی کۆمەڵایەتی لە کێشەی ئامادە بۆ تەقینەوە، یان بۆ شەڕە گەڕەکی کورد و تورک، کە هەمیشە کوردی نامۆ زیانی لێدەکات، یان ببنە پێخۆری حزبە سیاسییەکان بە هی کورد و هی چەپ و ڕاستی حزبە تورکییەکانیشەوە.

بەتایبەتی ئەمە لەو ڕاگوێزراوانە دەقەومێت، کە دەبنە سووتەمەنی شەڕی دەوڵەت و گەریلاو لەناو توونی مەرگی ئەو ململانێ خوێناوییەدا دەسووتێن یان ڕادەگوێزرێن. کۆمەڵگەی ڕاگوێزراو لە دۆخی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە شەڕەکە زۆر پەرەدەستێنێ، بارستاییەکی بارگاوییە بە گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی.

ئەمانە بەتایبەتی وەرگۆڕانێکی پاشەکشێییان لێ دەقەومێت، دەبنە کورد و کرمانج، کورد و هەژار و بێدەرەتان و دەستکورت. بە جۆرێک دەشێ بڵێین (کوردەکان هەژارترینن و

هەژارترینەکان کوردن)، یاخود وەکو پرۆفیسۆر مەسعود یەگن ئاماژەی پێ دەکات: (دەوڵەت کێشەی کورد لە باکوور بە کێشەی ئابووریی و دواکەوتنی گوزەران لە قەڵەمدەدات، کەچی خۆشی بەو سیاسەتە کورد تەوەللادەکات و دەیکاتە دۆستی گیانی بە گیانی گرفت و پرسیارکردن لە ناسنامە.

ئەو پرسیاری کرد: ئەگەر کێشە ئابوورییە، نەک ناسنامە، بۆچی ئەوانە باکووریان بە دواکەوتوویی هێشتۆتەوە؟ بۆچی ئەوەی پێیدەوترێ باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ببێتە ناوەندێکی چارسکەری ئابووری لە جێی ئەوەی ناوچەیەکی کەمەندکێشی گەشەی ئابووری بێت؟ ئەگەر لە بنچینەدا پرسەکە ئابوورییە، وەکو خیتابی ڕەسمی دەوڵەت دەیڵێت، بۆچی قورسایی نادرێتە چارەسەرییەکی ئابووری، کە بتوانێت ماکی پرسە سیاسییەکەش ببڕێت؟

گۆشەنیگایەکی تر دەتوانێت یارمەتیدەری تێگەیشتن بێت لە دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد لە قووڵایی تورکیادا، وەک شوێنی دووەمی نیشتەجێبوون، یان وەکو وڵات ئێژێ (کوردستان)ێکی تر لە نیشتمانیی دووەمی کۆچەرەکان. نووسەر و پزیشککاری کوردی سوریا بنکی حاجو لە زنجیرە نووسینێکدا بەناونیشانی سەرنجراکێشی (دەستبەسەراگرتنی تورکیا لەلایەن کوردەکانەوە) دوو قۆناغ لە ژیانی کۆچبەرانی کورد دەستنیشاندەکات، یەکێکیان ئەوەی سەرەتا دەچنە ناوچەی تازەیان دۆخێکی خراپیان هەیە، لە قۆناغی دووەمدا تۆڕێکی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیدادەکەن و دەبنە ئەندامی کارای کۆمەڵی نوێیان.

قۆناغی یەکەم لە نموونەی کوردێکدا دەگێڕێتەوە کە وتویەتی:

(لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا شارۆچکەکەی خۆم بەجێهێشت. هەرچیم هەبوو فرۆشتم، تەنها دۆشەک و بالیف و لێفەکانم هێشتەوە. ماشێنێکی تاکسیم کڕی و بەرەو شاری مەرمەریس وەک یەکێ لە شارە جوان و راقییەکانی بەری باشووری ڕۆژئاوای تورکیا، بە رێکەوتم). کرمانجەکەی دوورە وڵات درێژەی پێدا: (دەستم بە کاری تەکسی کرد، خەڵکی شارەکە لێ نەدەگەڕان لە گەراج و شوێنی راوەستانی تاکسی شارەکە ماشێنەکەم بۆ کاسبی رابگرم.. لەهەر کوێ بیانزانیبا کوردم دەریان دەکردم، چونکە بەهۆی شەڕی گەریلا و سوپاوە رقیان لە کورد بوو).

## ئوتێلێکی پێنج ئەستێرە

قۆناغی تازە ئەوە بوو کە کابرای خاوەن تاکسی بووە خاوەنی ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەو چەند ریستۆرانت و جێی حەوانەوە، کە نووسەر بەنکی حاجی-ش یەک لە کڕیار و میوانەکانی بوو.

ڕاستە هەموو کوردی راگوێزراوی ئەستانبوڵ دەوڵەمەندنەبوون، بەڵام ئەوانە نها بوونەتە بازنەیەکی دەنگدان لە شاری مەرمەریس، کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا حیسابیان لەسەر دەکرێت.

تەنها راگوێزان و کۆچبەری نییە، کە ژمارەی کرمانجەکانی لە مترۆپۆڵەکان زۆرکردووە،

بەڵکو زاوزێی زۆری کوردیش وەک نەریتێکی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان و کۆمەڵی کوردیش بەتایبەتی، ئەمانەش کاری خۆیان کردووە.

کورد لە ئەستانبوڵ بە هەمان دابونەریتی کوردەوارییەوە دەژی. ژمارەی خێزانی کوردی زۆرە و ڕێژەی زاوزێی کورد لە چاو تورکدا هەر بەراوردناکرێت.

هەر لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا بوو ئەو ئامارانە درەیان پێکرا، کە ساڵی ٢٠٤٠ ڕێژەی کورد لە تورکیا لە تورک زۆرتردەبێت و سەرئەنجام کوردەکان دەبنە خاوەنی تورکیا. ئەم دەنگۆیانە لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە بۆتە باسوخواستی نێوەندەکانی میدیا و ئەکادیمیا و دەزگاکانی دەوڵەتیش (لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٩٠دا، ژمارەی دانیشتوانی کورد کە لە تورکیا دەژین گەیشتە سیانزە ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس ،کە دەکاتە ١ ,٢٤٪ کۆی دانیشتوانی تورک. زیاتر لەوەش ئەگەر ئەم گەشە دیموگرافیەی ئێستا بەردەوامبێت، کوردەکان جێی تورکەکان دەگرنەوە. بەمەش کوردەکان دەبنە گەورەترین نەتەوە، ئەتنیک، لە تورکیا. بەمەش پێگەی زمانی کوردی هیندۆئەوروپی بەدەستدەهێننەوە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی سەرەکی لە تورکیا... (میخائیل م. جونتر.. الاکراد و مستقبل ترکیا، ترجمە الدکتورة سعاد محمد ابراهیم خضر، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة،٢٠٠٧ ل٩٠).

## ئەستوونەکانی دەوڵەتداریی تورک

ئەم پەرەسەندنە وایان لە سەرۆک وەزیرانی موحافەزکار رەجەب تەیب ئەردۆگان کرد زەنگی مەترسی لێ بدات و ژنانی تورک، کە هەمیشە لە مێژوودا بە دیووە ژنانییەکەدا رۆڵیان لە پتەوکردنی ئەستوونەکانی دەوڵەتداریی تورک گێڕاوە، هانبدات منداڵیان زیاتر بێت و کەمێک لە پێوەرە مۆدێرنەکانی خێزانی خنجیلانە و بچووک دووربکەونەوە. ئەردۆگان داوا لە هەر خێزانێک دەکات سێ منداڵیان ببێت و بۆ ئەمەش هاوکاری و یارمەتی ئەم جۆرە خێزانانە دەکات، تەنانەت بەرنامەیان بۆ نەهێشتنی کورتاج داناوە.

تەڤگەری سیاسیی کورد ئەم بانگەوازەی سەرۆک وەزیران بەوە لێکدەداتەوە، کە ترسە لە ڕێژەی روو لە زۆربوونی کورد. هەر چەندە ئەردۆگان ئەمە بە تێزی ترس لە پیربوونی کۆمەڵی تورکیا پاساوداوەتەوە، بەڵام کوردەکان دەڵێن ژنی کورد لە تورکیا ئەسڵەن پێویستی بە بانگەواز نییە بۆ زاوزێی زیاتر. هەر خۆیان لەسەر نەریتی جاران دەڕۆن. کەوابێ ئەوانەی تکا و رجاکەی سەرۆک وەزیران دەیانگرێتەوە ژنانی تورکن. بەم مانایە، ململانێیەکی شاراوە لە تورکیا کاری خۆی دەکات و لە چەندین لاوە باعیسی بەریەککەوتنی ئایندە بین:

– کۆمەڵگەی کوردی کۆچبەر کەرەستەی یەدەگی سیاسین بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی.

– هەروەها بارستاییەکی کێشە و گرفتی ئابووریین.

– ڕێژەی زۆربوونیان لەوێ و ڕێژەی زۆربوونی کورد لەچاو تورک لە تەواوی تورکیادا رەچەتەن بۆ قووڵکردنەوەی کێشەی ناسنامە لەو وڵاتەدا، کە دەشێ سەربکێشێت بۆ کێشەی ناسنامەی نیشتمانیی خودی تورکیاش، ئەگەر نەخشەرێی چارەسەری بۆ کێشەی کورد و درێژبوونەوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نەدۆزرێتەوە.

چونکە لەو حاڵەدا ئەگەر کێشەی کوردایەتیش چارەسەربێت، دوورنییە کێشەی جیاوازیی چینایەتی سەرهەڵبدات. وەکو (وڵات ئای) سەرنجی بۆ راکێشا. بەم مانایە دەوڵەت دەبێ لە جێی لێکۆڵینەوەکانی ئەکادیمیای پۆلیس کار بە لێکۆڵینەوەکانی ئەکادیمیا و زانکۆکان بکات.

# ئیسلامەتی لەپێناو کورد و کوردستاندا

لەگەڵ کاک مارین رەحمانی و کاک حەلیم ماجید دیدارمان لەگەڵ ئەم دەستە تێکۆشەرە کوردپەروەرە ئاینپەروەرە هەبوو. وەختێک گەیشتینە دەڤەری (کەدنلر پازارن kadinlar pazari –بازاری ژنەکان) لە ئەستانبوڵ هەموو شتێکی کوردەواری پێشوازی لێ کردین. خواردنی کوردەواری، ناوی بازاڕ و دوکان و چایخانەکان بەناوی شارەکانی سعرت و بایەزیدو دیاربەکر و وانەوە بوو. کوردستان بە سیما و کەلتوورییەوە گوێزراوەتەوە ئەستانبوڵ.

ئەم گەڕەکە کوردییە لە ناوجەرگەی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی جێی نیشتەنیی ئەم کۆمەڵە کوردییەیە. کۆمەڵەی ئازادی بۆ رۆشنبیریی و کەلتووری کوردی و ئاینپەروەری بە زمانی شیرینی کوردی خەباتدەکات. مامۆستا و فەقێ و رۆشنبیرانی کورد لەوێ کۆدەبنەوە، فەرهەنگ و دیوان و لێکۆڵینەوە دەنووسن و چاپدەکەن. لەخزمەتی رێبازی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و حاجی قادری کۆیی دەخەبتن، لەهەر کوێ ئیماندارێکی کورد بۆ کورد تێکۆشا بێت ئەمانە ناو و ناوبانگی زیندوودەکەنەوە، کەڵکیان لەم کرانەوەیەی ئەمڕۆی تورکیا وەرگرتووەو تەنانەت رەخنە لە دینداری تورک و دەستەبژێرە خوێندەوارەکەشی دەگرن.

کە چووین مامۆستا محەمەد سەعید چاکار بە لەبزی شیرین لە قاڤەڵتییەک چاوەڕێی دەکردین، ئینجا ئێوارەیەکی فێنک ملی رێگای نووسینگەی کۆمەڵەمان گرتەبەر. کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم لەسەر دوو تەوەرەی ئیسلامەتی و کوردایەتی کتێبیان داینێ و گۆڤاریان خستە بەردەستمان. ئینجا گفتوگۆیەکی کراوەمان لەگەڵ کردن کە بیروڕای ناسیۆنالیستی وای تێدابوو ناسیۆنالیستە عەلمانییەکانی لای خۆمان شتی وا ناڵێن. کۆششەکەیان رووناکبیریی و کیتابییە، بەڵام پێموایە دوایی سەردەکێشێت بۆ حزبی سیاسی و سیاسەتکردنی ئاشکرا. ئەوانیش دەخوازن کەڵک لەو (کرانەوەیە) ببینن. لەبەر گەرموگوڕی دیالۆگەکە وەک خۆیان ئامادەمکردووە، مەگەر دەستکاریم بۆ ئەوە کردبێت بخرێتە سەر زمانی نووسین.

لەسەرەتاوە لەگەڵ کاک ئومێد دەمیرهان دەستمانپێکرد. ئەم نووسەرە، شاعیرە لە سعودیە و سودان خوێندوویەتی. فارسی و عەرەبی و تورکی و کرمانجیش دەزانێت و بەئاگاییەوە پرۆژەکانی مەترەحدەکات.

## فەرهەنگی حقوقی

*** کار لەسەر فەرهەنگی دەستی دەکەن؟**

–ئومێد دەمیرهان: بەڵێ، لەسەر فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی (کرمانجی بە کرمانجی) خەباتدەکەین. لە کوردستانی باکوور ئەمە یەکەم فەرهەنگە کە لە شێوەی کوردی بە کوردی چاپدەبێت. پێشتر جەلادەت بەدرخان کردبووی، بەڵام نەگەیشتبووە دەستی ئێمە.

سەڵاح سەعدوڵڵاش فەرهەنگێکی بڵاوکردەوە. جگە لەمە، کاری لێکۆڵینەوە دەکەین، خۆم لە ماڵپەڕی (Beroj.com)دا دەنووسم. لەم ڕۆژانەدا کە کۆمەڵە بەڕەسمی دەستبەکاربووە، کۆمیسیۆنێکمان دامەزراندووە، کۆمیسیۆنی«فەرهەنگساز»، واتە فەرهەنگ ئامادەدەکەین. یەکەم جار فەرهەنگێکی حقوقی ئامادەدەکەین، کرمانجی بە کرمانجی، بەڵام شەش زمانەیە (کوردی، ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، فارسی و روسی). بۆ ئەوەی کوردی هەموو پارچەیەک بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

*** لە کوردیدا وشەی حقوقی ئەوەندە هەیە کە بکرێن بە فەرهەنگ؟**

– ئومێد: نەک لەبەر ئەوەی دەستەواژەی حقوقیمان زۆرە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە پێویستە یەکەمجار چەمکی حقوق لەناو کورددا بناسرێت. لە دەستەواژە حقوقییەکان تێبگەین و چوارچێوەیەکمان لەبەردەستبێت. دەمانەوێت چوارچێوەیەکی حقوقی بۆ خۆمان دابنێین. پاشان بۆ ئابووری و بوارەکانی تر. با هەر بە ئەدەبیات دەستپێنەکەین و هەموو کەس نەبێتە قەڵەم بەدەست. دەمانەوێ بە حقوق دەستپێبکەین و سەرەتا کورد لەگەڵ حەق و حقوقی خۆی ئاشنابێت.

– محەمەد شەریف ئۆزئاڵپ (مەلا): ماوەی ١٠ ساڵ لە وان مەلایەتیم کردووە. پاشان دەوڵەت دووری خستمەوە بۆ قارس. دواتر هاتم بۆ ئەستانبوڵ. دەوڵەت نەیهێشت چیتر مەلایەتی بکەم و ئێستا لە دەزگای حەج و عەمرە کاروباری حاجیان دەکەم. جگە لەوە، خۆمان سەندیکای مەلاکانی کوردستانمان هەیە بەناوی (Diva-Sen) سەندیکای دیانەت و وەقف. من سەرۆکی ئەو سەندیکایەم. ڕۆژانی یەکشەممە ٤٠- ٥٠ مەلا، هەندێک جار ١٠٠ مەلای کورد کۆدەبینەوە، لەسەر تەفسیری کوردیی حەدیسەکان قسەدەکەین، هەر مەلایەو مژارێک ئامادەدەکات بۆ گفتوگۆکردن.

*** ئێوە ناتوانن لە مزگەوتەکاندا بە کوردی مەلایەتی بکەن؟**

–نەخێر، وتاربێژیی بە کوردی قەدەغەیە، تەنانەت لە وان و ئامەد ڕێگەنادەن. لە ئەستانبوڵ ٦٤ مزگەوتی«جەعفەری»یەکان هەیە بەڕەسمی، بەڵام یەک مزگەوتی «شافعی» نییە. لە هیچ مزگەوتێک نوێژی شافعی ناکرێت.

*** تەبعەن، کوردیش بە گشتی شافعین.**

– محەمەد شەریف: بەڵێ. ئێمە لەو بوارانەدا هەندێک ویست و داواکاریمان هەیە، بەڵام کەس وەڵاممان ناداتەوە، هەر ئەمسەر و ئەوسەرمان پێ دەکەن. هەندێکجار پێماندەڵێن چاوەڕێبکەن. ئیتر ئێمەش بەم شێوەیە بەردەوامین. دەستمان بە دەرسی زازاکی کردووە، بەگشتی کار و خەباتمان بە کرمانجی و زازاکیش باشە. دەمەوێت باسی شتێکی تریش بکەم. ئەمساڵ کە ئێمە هاتین بۆ عیراق، ڕێکخستنی حاجییەکانی کوردستان بەگشتی باش بوو، هەرچەندە حاجییەکانی باشوور سۆران بوون، زۆر بە باشی لێک تێنەدەگەیشتین.

*** پەیوەندیتان هەیە لەگەڵ یەکێتیی زانایانی ئیسلامی لە باشوور؟**

–نەخێر، تاکو ئێستا پەیوەندیمان نەبووە. لە حەج یەکترمان ناسیووە. لە باشوور لاوازی ڕێکخستنیان هەیە، پێویستە حاجییەکانی کوردستان لەوەی کە هەیە باشتربن.

هەوڵبدەن لە حەج هۆتێلەکانیان لێک نزیکبێت، دەبێ لە ڕەوشی یەکتر ئاگاداربین. پێویستە بۆ مەسەلەی زمانیش بوو‌بێت، ناوبژییەک لەنێوانماندا هەبێت. چونکە ئاوا نازانین کێ بەرپرسیارە و دەبێ پەیوەندی بەکێوە بکەین.

***چەند کتێبی تەفسیرمان بەکوردی هەیە؟**

– کتێبی تەفسیر و مانا زۆرن. شەش، حەوت وەرگێڕانی قورئان–مان هەیە.

***باشترینیان هی کێیە؟**

– مەلایەکی خەڵکی وان هەیە چوار پێنج کتێبی تەفسیری هەیە. کتێبەکانی ئەو باشن. وەرگێڕی تریشمان هەیە. چەند تەفسیرێکی کوردیش بە ئەلف و بێی عەرەبی کراوە، یەکێکیان بەناوی تەفسیری «شیرین»ـە.

– کتێبێکی تریش هەیە بەناوی «نوری دڵان»، بەپیتی لاتینی، هێشتا تەواونەبووە، محەمەد شۆشکی ئامادەیدەکات.

*** بەسۆرانی و پیتی عەرەبی زۆرن. مەلای کۆیە، مەلا جەلیلزادە، تەفسیرێکی قورئانی هەیە ١٠بەشە. ٧٠ – ٨٠ ساڵ دەبێ هەیە، بەڵام تازە چاپکراوە. بەزمانێکی شیرینی کۆیی شیکراوەتەوە.**

– محەمەد ژیانی: من خەڵکی ماردینم، لێرە کاردەکەم. هەم هاتووچۆی کۆمەڵە دەکەم و هەم گۆڤارێکمان هەیە بەناوی «پەیام»، خەباتی کەلتووری و زمان و ئەدەبیات و هونەر دەکەم.

*** گۆڤارەکەتان سیاسییە؟**

– نەخێر، سیاسی نییە. ڕۆشنبیری، کەلتووری، دینی، هونەری و ئەدەبییە، بابەتی زمانەوانی تێدایە. ناوەرۆکەکەی زیاتر دینییە. هەوڵماندا‌وە خەڵک دینەکەی بە زمانی خۆی بخوێنێت. ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوەشمان هەیە. چیرۆکە بەناوبانگەکانی جیهان وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی. هیچیشی لە زمانی دووەم یان سێهەم وەرناگێڕین، لە زمانە ئۆرژینالەکەوە دەکرێت بە کوردی. لەسەر دەوڵەتی دۆسکی لێکۆڵینەوە دەکەین. دیوانە شیعرەکەی عەبدوڵڵا پەشێومان گوڵبژێر کرد و وەرمانگێڕایە سەر کرمانجی. کتێبی فەیلەسوفێکی عەرەب بەناوی «ئەلمەعری»مان کردە کوردی. «ئەویننامە»مان ئامادەکردووە، شتێکی تایبەتە و هەڵوەستە لەسەر ئەوین دەکات. بەرهەمەکانی کامران عەلی بەدرخان (دەرسی شەریعەت) ساڵی ١٩٣٨ لە شام چاپ بووە، ئێمە سەرلەنوێ چاپمانکردەوە. داستانی دەروێشی عەبدی و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەحمەدی خانی، خەباتێکی تر لەسەر ژیان و تێکۆشانی حەزرەتی موسا هەیە، کە بەراوردێکی مێژوویی دەکرێت لەگەڵ ڕەوشی کوردەکان. چۆن حەزرەتی موسا بەنی ئیسرائیلی لە زوڵمی فیرعەون ڕزگارکرد، کوردەکانیش ئاوا لە زوڵمی تورکەکان ڕزگاریاندەبێت.

## کرمانجی، زازاکی، سۆرانی

– ئێستا خەباتی ڕێزمانی کوردیشمان هەیە، کتێبمان لە ژێر چاپدایە لەسەر ڕێزمانی سۆرانی و کرمانجی.

*** کەواتە ئێوە هەم خەباتی دینی دەکەن و هەم خەباتی ڕۆشنبیریش؟**

– بەڵێ، لە هەر دوو بواردا خەباتدەکەین. هەروەها دەرسی زمان دەدەین، هەم کرمانجی و هەم زازاکی، بۆ سۆرانیش بە دوای مامۆستایەکدا دەگەڕێین. مامۆستایەکمان هەیە خۆی خەڵکی هەولێرە، بەڵام دەرفەتی ئەوەی نییە. ئەگەر ئەو بێت، ١٠ – ١٥ خوێندکارمان ئامادەیە. ئەگەر دەرفەت هەبێت بە لوڕی و هەورامیش دەرس دەدەین.

*** هەورامی نزیکە لە زازاکییەوە، لوڕیش هەندێک جیاوازە، وەک جیاوازیی نێوان دیالێکتی هەولێر و سلێمانی.**

– لوڕی زیاتر نزیکی فارسییە. وەک نەژاد، فارس قبوڵیان ناکەن، بەڵام لە ڕووی زمانەوە، بە داخەوە لە فارسی زۆر نزیکبۆتەوە.

–ڕەمەزان فەرقینی: لە زانکۆی ئەستانبوڵ بەشی زمان و ئەدەبیاتی تورکی دەخوێنم. منیش وەک خوێندکارێک بەشداری کۆرس و خولەکانی کۆمەڵە دەبم. جاروباریش دەنووسم بۆ گۆڤارەکەیان و کارێکی تریان هەبێت هاوکارییاندەکەم.

–نوهات دەشتی: من خەڵکی موش–م. ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکەم. زیاتر بە کاروباری گۆڤاری«هێڤی»یەوە خەریکدەبم، گۆڤارێکی وەرزییە. وەکو تریش لە خەباتی کۆمەڵەدا بەشدارم. ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی فەرهەنگی حقوقین. لەسەر ناوی کۆمەڵەش، ئەوەندەی لەدەستمان بێت، بەشداری چالاکی کەلتووری و هونەری دەکەین.

–محەمەد سەعید چاکار: ئەو کتێبەمان پێکەوە ئامادەکرد، دەوڵەت خۆی پشتگیری ئەو کۆمەڵەیەی کرد، تاکو ئێمەی مامۆستایانی کورد ئەم کۆلێژە دروستبکەین.

–هەڤاڵ ڕەمەزان فەرقینی، هەڤاڵ نوهات و هەڤاڵ محەمەدیش لە دەستەی ئامادەکردنی فەرهەنگدا جێگەدەگرن، دوو هەڤاڵی تریشمان هێشتا نەهاتوون. هەڤاڵ عیسمەت ئایدن–یش هاوسەرۆکی کۆمەڵەیە، ئەویش بۆ کارێک چووەتە دەرەوە. سەرۆکی گشتیشمان پارێزەر هارون باشارە.

*** دەوڵەت هیچ هاوکارییەکی ئەم کۆمەڵەیە ناکات؟**

– نەخێر، هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی باش دەزانن، من تەنها بۆ کاری کەلتووری و لێکۆڵینەوە لێرە هاوکارییان دەکەم. دەوڵەت تەنها پارەکانی ئێمە دەژمێرێت، چەند پارە دێت بۆ ئێرە، چۆن خەرجدەکرێت، باش بەکارهاتووە یان نا، دەوڵەت چاودێری ئەو شتانە دەکات. جگە لەمە هیچ هاوکارییەکی دەوڵەتیمان نییە.

*** ئەی بودجەی ئێوە لەکوێوە دێت؟**

– زیاتر ئەندامەکان هاوکاری کۆمەڵە دەکەن. نزیکەی ٣٠ ئەندامامان هەیە، مانگانە هاوکارییەکیان لێ وەردەگرین.

*** هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکانی تر دەکەن؟ لە بواری دینییەوە زیاتر ئالیکاری کۆمەڵە کوردییەکان دەکەن یان کۆمەڵە تورکییەکان؟**

– زۆر تێکەڵ بە کۆمەڵـە تورکییـەکان نابین، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵـە کوردییەکان پەیوەندیمان هەیە.

## پلاتفۆرمی ئازادی

– ئەو هەڤاڵانەی لێرەن، هاوکات لە حزبێکی کوردیشدا ئەندامن. چەند مانگێک لەمەوبەر حزبێک بەناوی ئینسیاتیفی ئازادی دامەزرا، زیاتر وەک پلاتفۆرمێکە. واتە ئێستا ئینسیاتیفە، بەڵام لە ئایندەدا دەبێتە حزب.

– هەندێک هەڤاڵمان لەوێ ئەندامن، هەندێک ئەندامی بەدەپەن، هەندێک ئەندامی حزبی ترن.

– ئێمە وەک چەترێکین، هەموو ئەمانەمان لێک کۆکردۆتەوە.

*** بۆچی هاوکاری کۆمەڵە تورکییەکان ناکەن؟ خۆتان نایکەین یان ئەوان نایانەوێت؟**

–ڕێگەیەکی وا دروستنەبووە. هەر دامەزراوەیەکی تورکەکان، ئایینی بێت، یاخود کەلتووری و ڕۆشنبیری، کاتێک تۆ لەسەر ڕێگەی نەتەوەیی و کوردایەتی هەنگاوبنێیت، ئەوان پێشت پێ دەگرن، ناتوانین پەیوەندییەکی وایان لەگەڵدا دروستبکەین. ئێمە بەچاوی نەژادپەرست سەیریاندەکەین و ئەگەر پەیوەندیش هەبێت، دەبێ ملکەچی هەندێک شتیان بین، ئێمەش ئەوە ناکەین. کاتێک ئێمە بە کەسایەتی خۆمان و هەڵوێستی کوردانەی خۆمان لێیان نزیکبینەوە، ئەوانیش قبوڵناکەن پەیوەندییان لەگەڵ ئێمەدا هەبێت. بۆیەش تەنها پەیوەندیمان لەگەڵ دامەزراوە ئایینی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان هەیە. لەگەڵ ئەنیستیتۆو حزبە کوردییەکانیش خەباتی هاوبەشمان هەیە.

– کاتێک بە یەکەوە چالاکییەکی هاوبەشمان هەبێت، پەشیمانماندەکەنەوە. پێنج مانگ بەر لەئێستا بۆ کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی ئامادەکاری کۆبوونەوەیەکی جەماوەریمان کرد. تورکیش ئامادەبوون، بەڵام ئەوان پێیان خۆش نەبوو، وتیان لێرە نەژادپەرستی کوردی هەیە. چەپی تورک و دینداری تورکیشیان لەناودا هەبوو. لەو چالاکییە پەشیمانیانکردینەوە.

*** لەسەر خەباتی زانایانی ئایینی کۆن لێکۆڵینەوە دەکەن، بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەک سەعید نورسی؟**

– بەڵێ، ئەو دوو هەڤاڵەمان مەلان، زانیاری باشیان لەسەر ئەو شتانە هەیە. کاک ئومێد ئینگلیزی و عەرەبیش دەزانێت و لەسەر ریسالەکان خەباتی هەبووە.

– ئەو ناوەندە پێشتر کتێبی لەسەر بڵاو کردوونەتەوە. ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە ئەوەیە کورد هەمووی ببن بەیەک. هەر کاتێک یەکێتی لەنێوان کوردەکاندا دروستبوو، ئەو کاتە کورد دەگەنە ئازادی. هەر وەکو چۆن لە باشوور تاڵەبانی و بارزانی بوونە یەک، کەسێکی کوردیش بۆتە سەرۆک کۆماری عیراق، دەمانەوێت بیروڕا جیاوازەکانی کوردستان ببن بە یەک.

## کوردایەتی لەئیسلامدا

*** پێش چەند مانگێک چووم بۆ دیاربەکر، ژمارەیەکی زۆر کتێبخانەم بینی کە کتێبی دینییان دەفرۆشت. بەڵام وەک کتێبەکانی ئێوە نەبوون، ناوەڕۆکەکەیان دینداری نەتەوەیی نەبوو. هیچ ئیشێکتان لەسەر ئەوان کردووە، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیان بگۆڕێت؟**

– هەتا ئەو جێیەی لەدەستمان بێت، دەمانەوێت دەماری کوردایەتی لەناو دینی ئیسلامدا دەربکێشین. نەوەک بەو شێوەیەی پێمانوتراوە و زانای تورکەکان دەرخواردی ئێمەیان داوە قبوڵی بکەین. کاتێک لە مەکتەب بووین و منداڵ بووین، بە ئێمەیان دەووت ئەو زانا

تورکانەی خزمەتی ئیسلامەتییان کردووە. ئێمەیان وا تێدەگەیاند، وەک بڵێیت ئیسلام بە دەستی تورکەکان هاتۆتە سەر ئەو دنیایە، دەڵێی جەنگیزخان لەوان نییە، ئەو هەموو سەربڕینە، ئەو هەموو کاولکارییە، دەڵێی ئەو مێژووە هی ئەوان نییە. ئێمەش دەبێت لە دەماری کوردایەتی بگەڕێین. بۆ نموونە، بەدوای ئەبو موسلیم خوراسانیدا دەگەڕێین، کە دەوڵەتی عەباسی گۆڕی، بەدوای ئەو کوردانەدا دەگەڕێین کە لەسەردەمی سەحابەکانەوە خزمەتیانکردووە. من لێکۆڵینەوەیەکم هەیە لەسەر ئەو کوردانەی لە مێژوودا بەرهەمیان هەبووە لە بواری بیرکاری و فیزیک و ئەستێرەناسی و جوگرافیا، بەڵام ئێستا دەرفەتی ئەوەمان نییە وەک خەباتێکی کوردانە بیانناسێنین. زۆر کتێبی کوردیمان هەن کە بە عەرەبی نووسراون. ئەوە راستییەکە، کە بناغەی هەموو زانستێک لە تورکیا کوردەکان دایانناوە، بەڵام وەک تورک ناسێنراون، ئێمە دەمانەوێت ئەو شتانە ئاشکرابکەین. هەروەها بەهۆی کێشەی ئابووریشەوە ناتوانین هەموو بیرۆکەکانمان جێبەجێبکەین.

## خەباتی رۆشنبیری و خەباتی دینی

–ئەو کۆمەڵەیە بۆ مەسەلەی دینداری کوردستانیش گرنگە. چونکە کاتێک کورد تێکەڵی رێکخستنی تورکەکان دەبن، یان پەیوەندییان لەگەڵدا دروستدەکەن، بەتەواوی لەناویاندا دەتوێنەوە و کوردایەتیان نامێنێت. تورکەکان لە بواری دینداریشدا هەر نەژادپەرستی خۆیان دەردەخەن. بۆیەش ئێمە وەک خۆمان قبوڵناکەن. دین و تورکایەتی لای ئەوان شتێکی ئاساییە، بەڵام دین و کوردایەتی بێنیتە لای یەک قبووڵیناکەن. بۆیەش دەڵێم خەباتی ئەم کۆمەڵەیە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاواکردنی دینداریی خەڵکی کوردستان. کورد دەتوانن بێن بۆ ئێرە و خەباتی رۆشنبیری و خەباتی دینی خۆشیان بەڕێوەببەن.

*** کاتێک ئێوە رۆشنبیری دینی بڵاودەکەنەوە، تورکەکان بەئێوە دەڵێن ئەوە نەژادپەرستی کوردییە. دامەزراوەی کوردی چەپ یان دینی، هاوکاریتاندەکەن؟ هیچ کێشەیەک دروستدەبێت لەنێوانتاندا؟ بۆ نموونە دامودەزگاکانی بەدەپە، هیچ کێشەیەکتان لەگەڵ ئەواندا نییە؟**

– نەخێر تا ئێستا رووبەڕووی هیچ کۆسپێک و کێشەیەک نەبووینەتەوە. بەپێچەوانەوە، پەیوەندیمان زۆر باشە. لەنێوان دامەزراوە کەلتووری و هونەرییەکانی کوردەکاندا هیچ کێشەیەک نییە. چونکە خۆی لە خۆیدا ئەمانە هەمووی لەسەر هێڵێکی نەتەوەیی دەڕۆن. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٣، کە ئەمریکا هات بۆ عیراق، جیاوازییەک کەوتە بەینمانەوە، ئێمە دەمانووت بارزانی کاری دروستیکرد، ئەو کوردانەی لەژێر کاریگەری پەکەکەدا بوون و لە ڕوانگەی چەپگەرییەوە سەیریاندەکرد، دەیانووت ئەمریکا کاپیتالیستە و هاوکاریکردنی هەڵەیە. دەیانووت ئەمریکا پێویستە عیراق چۆڵبکات. ئێمەش دەمانووت باش بوو ئەمریکا هات.

*** تورکی موسڵمانیش دەڵێن خراپ بوو هات.**

– بەڵێ، تورکی موسڵمان و کوردی چەپ یەک هەڵوێستیان هەبوو. بۆ نموونە، ئەوکاتە من کوردیشم نەدەزانی و لەناو تەڤگەری کوردیشدا نەبووم، لە ڕیزی تورکە دیندارەکاندا بووم. دەچووینە گۆڕەپانی «چاغلایان»ی ئەستانبوڵ، لەوێ دەمانووت با ئەمریکا خاکی

عیراق جێبهێڵێت. حزبی ئەو کاتەی کوردەکانیش (HADEP) دەیووت بارزانی شەریکی ئەمریکایە و کاپیتالیستە. بەڵام ئێستا واناڵێن و هاتوونەتە سەر ڕێی ڕاست. بۆ نموونە، ئێستا سەرکردایەتی پەکەکەش لەسەر کەرکوک هەڵوێستێکی نەتەوەییان هەیە.

*** ئەو کێشەیە ئێستا لەنێوان ئیسلامییە کورد و ئیسلامییە تورکەکاندا هەیە، وەک ئەو کێشەیە وایە کە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا لەنێوان چەپی کورد و چەپی تورکدا هەبوو. ڕەنگە بڵێن لە قورئاندا باسی کوردایەتی نەکراوە، یان چەپەکان بڵێن لینین باسی کوردی نەکردووە. ئەمە تورکایەتییە. لای ئێمەش عەرەبایەتی هەیە، چەپی عەرەب دەڵێن نابێت باسی کورد بکەن. عەرەبی ئیسلامیش دەڵێن نابێت باسی کورد بکەن، سەڵاحەدینی ئەیوبی با کوردیش بێت، بەڵام لە مێژوویەکی عەرەبیدا ناوی هاتووە.**

- ماتەریالیزمی چەپەکان و ئۆمەتخوازی ئیسلامییەکان یەک مەنتقە.

لە بڵاوکراوەکانی تورکەکاندا تەنانەت سووکایەتییەکی زۆر بەسەڵاحەدینی ئەیوبیش دەکرێت. لێرە خانەیەکی چاپ و پەخش هەیە بەناوی «داملێ»، لەوێ بەڕەسمی سووکایەتی بە کوردان دەکەن، دەڵێن هەرگیز کچ مەدەن بە کورد، کورد خائینن، بە تەفسیری ئایینیش ئەمە دەکەن. دەتوانین ئەمە لە شوێنێکی تریشدا ببینین، تەفسیرێکی قورئان نووسراوە بەناوی «روح البیان»، لەوێدا ریوایەتکراوە کە گوایە ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیمی خستۆتە ناو ئاگر، کورد بووە، چونکە نەمرودیش کوردبووە.

*** ئینجا لای ئێمە دەڵێن حەزرەتی ئیبراهیمیش کوردبووە، ئەمە کێشەی کورد بووە، تورک چ پەیوەندییەکی بەسەر ئەمەوە هەیە.**

-ئینجا لەو ریوایەتەدا دەڵێت ئەم مەلعونانە بۆ هەر شوێنێک بچن، خودا بەڵایان تووشبکات. هەر پەیوەندییەکتان لەگەڵیاندا هەیە، زوو بیپچڕێنن، بەڵام ئەمە ئاشکرابوو، چۆن خۆیانی لێ دەشارنەوە، نازانم. دامودەزگا ئیسلامییەکانی تورکەکان خۆیان لەوە رزگارکرد. هێندە وتیان ئێمە مەغدورین، هەتا ئەمڕۆ حوکم کەوتۆتە دەستیان و بۆخۆیان بەری ڕەنجی رابردوو دەخۆن. ئینجا کورد دامەزراوەیان نییە. ئێمە دەڵێن مادام براین، وەرن با ئێمەش دامودەزگای خۆمان دروستبکەین. منداڵەکەتان بە تورکی فێری قورئان دەبێت و بە تورکی تەفسیرەکەی دەخوێنێت. با ئێمەش بە کوردی فێربیین، بە گوێرەی دەرفەت و هەلومەرجی خۆمان. تەنانەت گەورەکانیان دەڵێن زمانی کوردی زمانی شارستانییەت نییە، ئەوان باسی ئۆمەت دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە چەمکی ئۆمەتمان فێری ئەوان کردووە. ئێمەی کورد هاوکاری ئەوانمان کردووە هەتاکو گەیشتنە حوکم. کەچی ئێستا هەموو شتێکی ئێمەیان پێشێلکردووە.

*** ئێمەش لەعیراق هاوکاریمانکردن هەتا حکومەتی عیراقی پێکهات، ئێستا شەڕی ئێمە دەکەن.**

## گەڕاینەوە لای کاک ئومێد دەمیرهان ئەو گوتی:

- هەندێک لێکۆڵینەوەم لەسەر سەعید نورسی کردووە، بەڵام کێشە ئەوەیە کە کاتێک تەسلیمی تورکەکان بووە، زمانی تورکی بەکارهێناوە، ئیدی ئەوە بۆتە بیانوویەک بە دەست

تورکەکانەوە. دەڵێن گەورەترین مەلای کوردەکان کە «بەدیع الزمان»ـە، خزمەتکاری زمانی تورکی بووە. دەڵێن بەدیع الزمان بەردەوام خزمەتی ئۆمەتی کردووە و هەموو هەوڵێکی بۆ ئۆمەت بووە، خزمەتی زمانی تورکی کردووە، ئێوە بۆچی داوای زمانی کوردی دەکەن؟ دەڵێن خۆ ئێوە لە بەدیع الزمان زیاتر نازانن. گرفتی گەورە ئەوەیە، کە خەبات و تێکۆشانی ئەو بەزمانی تورکی بووە، بە کوردی تەنها یەک مەقالەی دیارە، بەناوی«هەڤگرتن، ئەی برانۆ». واتە ئەو کار و خەباتەی پێشووی بۆتە کێشە، هەرچەندە کەسێکی دینداریش بێت، خزمەتێکی زۆری ئایینی ئیسلامی کردبێت، بەڵام هەمووی بەزمانی نەیاری میللەتی کوردە. لەسەردەمی ئەردۆگانیشدا ئەم بیرکردنەوەیە نەگۆڕاوە. کەوابوو تورک نایانەوێت خەباتی دینیش بە کوردی بکەین، لەبەرئەوەی بەدیع الزمان بەتورکی کردوویەتی.

کێشەیەکی تریشمان هەیە، ئەو کوردانەی لەسەر سەعید نورسی خەباتیانکردووە، ئەوانیش زۆربەیان بە تورکی کردوویانە. ئەمەش شتێکی خراپە، زمانی کوردی بە پلەی دووەم کاریپێکراوە، جاری واش هەیە بە پلەی سێهەم، لە کۆڕێکدا تەنها یەک تورکی تێدابێت، ئەوان هەر بەتورکی قسەدەکەن. کاتی خۆی جەنگیزخان بەعەرەبی دەوت لێرە بوەستە، یەک سەعاتی دی دێمەوە سەرت دەپەڕێنم، ئەویش لەترسا هەر لەوێ دەوەستا. لای ئێمەش وەک رێزێکی بێمانا هەر ماوە، لە هۆڵێکی گەورە و گراندا هەموو کوردبن، تەنها یەک تورکی تێدابێت، هەمووی لەبەر ئەو تورکە بە تورکی قسەدەکەن.

*** باشە خۆ زمانی قورئان تورکی نییە، هەمووی بە عەرەبییە. بڵێن بە عەرەبی دەیخوێنین، ئێوەش بە عەرەبی بیخوێنن.**

–پێشتر ئەنتیگرە مەکە بوو، سەرۆکی زاناکان، وەک ئیبن سەلاح شارەزووری، ئیبن تەیمیە، روویان لە مەکە بوو، لە قودس بوو، روویان لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بوو. دەچوون لەبەر دەستی زانای عەرەب فێری دین دەبوون. بەدیع الزمان قیبلەی مەکەی کردە ئەستانبوڵ. بە بەرهەمە تورکییەکانی خۆی ئێمەی ناچارکردووە ئەمڕۆ بە ئەستانبوڵدا تێپەڕین. ئێمە بەناچار فێری ئەلف و بێی ئەوان بووین، بەناچاری روو لە زاناکانیان دەکەین، بەهەرحاڵ کورد نەیاندەزانی کۆمەڵەیەک ئاوابکەن، دەهاتن لێرەوە فێردەبوون، نەیان دەزانی چەپگەریش بکەن، دەهاتن لێرە لە تورکەکانەوە فێردەبوون.

## ئایەتەکە خۆی عەرەبییە، کوردێک بە تورکی دەیڵێتەوە

*** ئینجا دەتانەوێت جارێکی دیکە روو لە مەکە بکەنەوە؟**

–ئەمە کێشەی من نییە، کێ حەزدەکات روو لە مەکە بکات، کێ حەزدەکات روو لە شنگال بکات. ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە، کە ئێمە وەک رێزێک هەموو شتێکی خۆمان دەبەستەوە بەوێ. پێشتر روومان لە عەرەبان بوو، ئێستاش کوردی ئێمە کاتێک ئایەتێکی قورئان دێنێتەوە، دەڵێ: خودا لە قورئاندا دەفەرموێت (Insanlar Böyle yapmayın)، سەیربکە.. ئایەتەکە خۆی بەعەرەبییە، کوردێک بە تورکی دەیڵێتەوە! چونکە لای ئەو ئەم ئایەتە بە کوردی مانا نەکراوەتەوە، عەرەبیش نازانێت، دینەکەی لە کتێبی تورکی

فێربووە. دەتوانم بڵێم ئەمە بۆتە دیواری بەرلین لەنێوان ئێمە و مەکەدا. من خۆم لە سودان خوێندم. تەنها سوودێکی کە هەیبوو بۆ من، ئەوە بوو کە من ئەو دیوارەم بڕی. خۆم خەڵکی بایەزیدم، دەتوانم لە بایەزیدەوە ڕاستەوخۆ بچمە مەکە.

*** نەک بچیتە ئەستانبوڵ، ئینجا لە ئەستانبوڵەوە بچیتە مەکە.**

– بەڵێ، ئینجا بەدیع الزمان ئەو فکرەی بۆ ئێمە دروستکرد. شتە دینییەکانی بە زمانی تورکییەوە گرێداوە، ئێمەی ناچارکردووە ڕوو لەزمانی تورکی بکەین. بەڕاستی کەس ناچارنییە دینەکەی بە زمانێکی تر فێربێت. پێویستە بە زمانی خودی دینەکە فێری بین و ئەو دیوارە لەنێوان خۆمان و خودای خۆماندا نەهێڵین. هەرچەندە دەڵێین ئەمڕۆ ئینسیاتیفی ئازادی دروستبووە، کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی دروستبووە، کێشە لەوەدایە هێشتا ئێمە لەژێر سێبەری ئەواندایین، هێشتا ئەوان وەک مۆتەکەیەک دێنە خەومانەوە، هەندێکجار نەزانی و هەندێکجاریش بێ دەرفەتی و بێ دەسەڵاتی ئێمەی بردە ژێردەستی ئەوان.

– لە مێژوودا تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ، تورک فێڵیان لە کورد کردووە، واتە چەندی کورد بەناوی ئیسلامەتییەوە هاوکاری تورکەکانیان کردووە، هەر کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتووە، زانای کوردەکانیان لەسێدارەداوە. بۆ نموونە، لەگەڵی زیلاندا ٣ هەزار زانایان بەیەکەوە لەسێدارەدا.

*** ئەو زانایانە بە هۆکاری سیاسی لەسێدارەدران؟**

– زۆربەیان لەسەر ڕێبازی شێخ سەعید بوون. لە سورەتی بەقەرەدا چۆن باسی ئیسرائیل دەکات، دەڵێت گوندی ئێوە دەستوتێنن، سەروماڵتان دەسوتێنن، تورک نزیکەی ٤ هەزار گوندی کوردەکانیان سووتاند. ١٧ هەزار کەسیان بێسەر و شوێن کردووە، کوشتنی کورد هێشتاش بەردەوامە، پێشتر بەناوی فاشیزم دەیانکوشتین، ئێستا بەناوی ئیسلامەتی دەمانکوژن. کورد زۆر هاوکاری نەجمەدین ئەربەکان و ئەردۆگانیان کرد، بەڵام لەدواییدا هەموویان فێڵیان لە کورد کرد. یان هەتاکو دوێنێ حکومەتی تورکیا سوکایەتیدەکرد، بەڵام ئێستا وەک چۆن براکانی حەزرەتی یوسف دەیخەنە ناو بیر و دواتر کە دەبێتە وەزیر دەچن ماستاوی بۆ دەکەن، لەبەرئەوەی کورد هەندێ نەوتی بەدەستەوەیە، خۆیان بەدۆستی ئەوان نیشاندەدەن، بەڵام هەر کە دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت دیسان کورد زیندە بەچاڵ دەکەن.

– کاک ستران، دەمەوێت لەڕێی تۆوە ڕەخنەیەکی برایانە ئاراستەی برایانی باشوور بکەم. لەو ڕۆژەوە کوردستانی باشوور نیمچە ئازادییەکی بەدەستهێناوە، دەبوایە تاکو ئەمڕۆ کوردی موسڵمان لەوێ ئەرکی خۆیان تەواوبکردایە و ئێستا خەریکی کاروباری پارچەکانی تری کوردستان بوونایە. لەسەر سنووری ئەرمەنستان شارێک هەیە بەناوی ئیدر، لەقووڵاییدایە و زۆر کەشوهەوایەکی گەرمی هەیە. ئینجا خەڵکەکەی هەر کات گەرما بێزاریدەکردن، دەهاتن بۆ بازید، وەک هەوارگەیەک و هەندێک پشوویاندەدا. ئێستاش هەرکات بێزاردەبین، ڕوو لەوێ دەکەین و هەندێک بۆنی ئازادی هەڵدەمژین، بەڵام بەداخەوە، لەو باوەڕەدا نیم ئەگەر بێین بۆ باشوور، وزەیەکی وا لە برایانی کوردی موسڵمان وەربگرین، هەروەها برایانی کوردی ئێزدیش بچن بۆوێ ئەو شتە نابینن.

*** کێشەکە لەوەدایە کە کوردی موسڵمان لای ئێمە وەک ئێوە بیر ناکەنەوە. وەک ئیخوان موسلمین**

**بیر دەکەنەوە. واتە ئیسلامەتی بۆ ئیسلام دەکەن، نەک بۆ کورد و کوردستان. نەتەوەییەکانیش بەداخەوە ئیسلامەتی ناکەن، تەنیا کوردایەتی دەکەن. ئێستا من ناتوانم بەئێوە بڵێم ئیسلامین، بەڵام ئەوانەی لای ئێمە ئیسلامیبوونەکەیان هەندێک عەرەبییە. بە شێک لە مەلاکانی ئێمە لە باشوور خۆ تەعریبیش نەکراون، بەڵام بەداخەوە بیرکردنەوەیان وەک عەرەبە. حزبە ئیسلامییەکان کەمتر مەیلی رۆشنبیری نەتەوەییان تێدایە. لەبەر ئەوە کێشەیەکی وا هەیە لای ئێمە.**

**شتێکی تریش هەیە، راستە ئێستا کوردستان ٢٠– ٢٢ ساڵە لەدەست رژێمی سەدام رزگار بووە، بەڵام لەبواری ئابوورییەوە هەمووی ٥– ٦ ساڵە دەربازبووین، چونکە سەدام ١٠ ساڵە رووخاوە، ئەوەش ماوەیەکی زۆر کەمە. تورک هەزار ساڵە دەوڵەتیان هەیە. لەبەرئەوە باشوور هەمووی ئازادنییە، چەندین بەشی ماوە، ئەو کوردستانەی بەناوی کوردستانی ئازاد ناسراوە، ٤٠٪ی کوردستانی باشوورە. هەمووشی کاتی خۆی سووتێنراوە و وێرانکراوە. سلێمانی و هەولێر و دهۆک تازە بەتازە ئاوەداندەکرێنەوە. هەڵەبجە تازە دەرفەتی هەناسەدانی بۆ دروستدەبێتەوە، کەلار هەروا. بیرکردنەوەی خەڵکی ئێمە هێشتا نەبۆتە بیرکردنەوەیەکی کوردستانی، بیرکردنەوەیەکی باشورییە. ئەمدواییانە زۆر گرنگیدەدەین بە کوردستانی باکوور. ئەمە وردەوردە دروستدەبێت، من خۆشم کتێبەکەم لەسەر باکوورە و حەزدەکەم باکووری کوردستان بناسێنم. ئێمە باکووری کوردستان دەناسین، بەڵام باکوورێکی سیاسی دەناسین، پەکەکە و ئۆجەلان دەناسین، شڤان پەروەر دەناسین، بەڵام ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی خەڵکەکەی ناناسین.**

– وتت ئامانجی ئێمە زیاتر لەسەر کوردایەتی نییە، مەلاکانی ئێمەش لە مەدرەسەکان زۆر خوێندەوارن، عەرەبیش باش دەزانن، بەڵام ئێمە دەڵێین زۆری خوێندووە بۆیە دەزانێت، یان زۆر گەڕاوە بۆیە دەزانێت. بۆ نموونە، مرۆڤێک کە زۆر بگەڕێت و تێکەڵ بە خەڵک بێت، دەزانێت تورک چنە، عەرەب چنە، ئێرانی چنە. یان لە حەج برایانی ئێمە دێن دەڵێن ئێمە برای یەکین، تورک و کورد برای یەکین، لەوێ ئەو سووکایەتییەی بە میللەتی کوردو زانا کوردەکانی دەکەن، کەمە، بەڵام لە هۆتێلدا دەردەکەوێت کە چۆن جیاوازیدەکەن لەنێوان خۆیان و ئێمەی کورددا. تەنانەت کاتێک دەچنە نەخۆشخانە، مامەڵەی پزیشک لەگەڵ نەخۆشی تورک وەک مامەڵەکردنی لەگەڵ نەخۆشی کورد نییە. لەناو کەعبە و لەناو عەرەفاتیشدا جیاوازی هەیە. لەناو عەرەفاتدا باسی ئەتاتورک دەکەن. کەچی کورد ناتوانێت بەزمانی خۆی دوعابکات. ئەو جلانەی دەیدەن بەحاجییە کوردەکان زۆر جار ئاڵای تورکیای پێوەیە، بۆیە حاجییەکانمان وەریناگرن. لەوێ دوعا بۆ سەرباز و پۆلیسەکانیان دەکەن. کورد لەوێ تێدەگەن بەڕاستی ئێمە برای یەک نین. بۆیەش لەڕێی خوێندنەوە ئەم راستییانە دەرناکەون، کاتێک دەگەڕێیت و تێکەڵ بەژیانی بەرانبەرەکەت دەبیت، ئینجا دەزانی چ باسە. پێویستە زاناکانی کوردستان لەم بوارانەوە چاویان کراوەبێت. تەنانەت ساڵی ٢٠٠٧ کاتێک گرووپی حاجییانی هەرێمی کوردستان هاتن، پۆلێک حاجی تورک پەلاماریاندان. وابزانم جلی پێشمەرگەیان هێنابوو بۆ ئەوێ، لەبەر ئەوە تورکەکان پەلاماریاندابوون.

*** من زۆر دڵخۆشم بەو رەخنانەی تۆو بەدڵنیاییەوە رەخنەکانت دەگەیەنم.**

– کاتێک ئێمە باس لە مۆدێلی خۆمان دەکەین، ناتوانین مۆدێلی تورک و فارس و روس و... هتد بەرجەستەبکەین. چونکە ئەوان فەرهەنگێکی نووسراو و فەرهەنگی بەڕێوەبەرایەتییان

هەیە. ئەگەر ئێمە خۆمان بەموسڵمان دەزانین، کەوابێ فەرموون پێم بڵێن لە هیجرەتی پێغەمبەرەوە تاکو وەفاتەکەی، لەماوەی ١٣ ساڵاندا چیکردووە؟ یان ئەگەر هەندێک درێژیبکەینەوە، لە بیعسەتەوە هەتاکو وەفات، لە ماوەی ٢٣ ساڵاندا چی کراوە؟ ئەمڕۆ ٢٣ ساڵ بەسەر کوردستاندا دەربازبووە، هێشتا دەستمان بەگوندەکەی خۆمان ڕانەگەیشتووە. ئەمە کەموکوڕییەکی موسڵمانەکانە، خوداش لەمە خۆش نابێت. وێڕای ئەو دەرفەتانەی هەیە، چەترێکی دڵنیایی بەسەر سەریانەوەیە، نە خەندەق بەدەوریانەوەیە، نە ئەحزاب بەدەوریانەوەیە، نەسەردەمی ئەبوسوفیان و ئەبو جەهلە، بەڵام ئەو شتانەش نەبووە، دەبێ حیسابی ئەو ٢٣ساڵە بدەن. با کەمتەرخەمی نەکەن و دانەنیشن، با منداڵەکانیان بنێرن بۆ وڵاتان و دنیا ببینن، بەڵام لەکاتی خۆیشیدا بیانگەڕێننەوە. لای ئێمە قسەیەک هەیە، دەڵێ: «ئەگەر دەتەوێت کوڕەکەت ببێ بەمرۆڤ، بیکە بە شوان، بەڵام زووش بیگەڕێنەوە با نەبێت بە حەیوان». بۆ مانگێک بیاننێرن بۆ چین و بۆ هیندستان و بۆ ڕوسیا، بەڵام دوای مانگێک بگەڕێتەوە. نەوەک هەموو ژیانی لەوێ بەسەربەرێت و لە کوردایەتی خۆی دووربکەوێتەوە. با لەوێ جانتاکەی پڕبکات و بگەڕێتەوە، بزانین چی پێیە و چی بەکەڵکی کورد دێت. ئەگەر ئێوە ئەمانە بکەن و لەگەڵ کوردی پارچەکانی تریش پەیوەندیتان باشبێت، ئەوە سەردەکەون. لەم ٢٠ ساڵەدا تەنیا ئەمڕۆ مرۆڤێک لە کوردستانی نوێ-وە هاتووەتە ئێرە و من دەیناسم، پێشتریش جارێک موحیسن دۆسکی-م بینیبوو، جگە لەوە هیچ دامەزراوەیەک پیاوی خۆی نەناردووەتە ئێرە، تاکو پەیوەندیی لەگەڵ کوردی ئێرە دروستبکەن.

*** دێن، بەڵام زیاتر دێنە لای کۆمەڵە و ڕێکخراوە لائیکەکان، منیش خۆم یەکەمجارە دێم بۆ لای کۆمەڵەیەکی دینی و ڕۆشنبیری ئاوا.**

– بابێن، بازاناکانیان بێن سەردانی زاناکانی ئێرە بکەن، با ئێزدییەکان بێن سەردانی ئێزدی ئێرە بکەن، با عەلەوییەکانیان بێنە لای عەلەوی ئێرە. من ناڵێم باتەنیا ئیسلامییەکان بێن و بچن. باهەموو کەس خۆی لەم خەباتەدا ببینێتەوە و لەئەنجامدا وێنەیەکی باش دەربکەوێت. ئێمەش چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەین، ئەو دەرفەتەی کەوتۆتە دەستی ئێوە، بکەوێتە دەست ئێمەش.

*** بەدڵنیاییەوە، هی ئێوە باشتریش دەبێت، عەرەب ئیسلامیان هێنا، تورک گەورەیان کردەوە. ئەو شتەش لای ئێمە دەستپێکرد، لەوانەیە لای ئێوە دەستکەوتی گەورەتری لێ بکەوێتەوە.**

– نوهات دەشتی: منیش لە زانکۆی ئەستانبوڵ مێژووی هونەرم خوێندووە. هەڵبەتە هونەر کارێکی بەنرخە، بەڵام کوردی باکوور کارە هونەرییەکانیان لە ڕێی دەوڵەتەوە دەکەن. واتە دەوڵەت فینانسدەکات، ئەویش لەسەر کەلتوور و هونەری ئەو میللەتە لێکۆڵینەوە دەکات. ئەوەی ئێمە دەیکەین زۆر کەمە و تەنها خەباتی شەخسییە. بۆ نموونە، کارکردن لەسەر شوێنەوارناسی، کاری یەک کەس نییە، دەبێ دامەزراوەیەک یان دەوڵەتێک پێوەی خەریک بێت. بەداخەوە کوردی باکوور لەم بوارەوە دەرفەتیان نییە، لەبەرئەوەی بندەستن. بەڕای من ئێستا ناتوانین لەم بوارانەدا ڕەخنە لە کورد بگرین و

کوردەکان تاوانباربکەین. چونکە کورد هێشتا بە نەبوو هەژماردەکرێت. بەگوێرەی خۆیان کۆمیسیۆن و پسپۆڕیان هەیە، بەڵام لە زانکۆکانیش وەک تورک خۆیان دەردەخەن. ئێستا تاپۆی ئێمە بەدەست تورکەکانەوەیە. جاری وا هەیە کتێبی عەرەبیش دێنن بە تورکی بە ئێمەی دەفرۆشنەوە، ئەمەش زیاتر لە بواری مێژووی مزگەوتەکاندا دەردەکەوێت. هی کوردەکانیش قەت قبوڵناکەن، بۆیە هەرچی هەیە بەهی خۆیانی دەزانن. دەمەوێت لەسەر کەلتوور و هونەری کوردی خەبات بکەم، بەڵام هەتا ئاستێک دەتوانم بچمە پێش و ئیتر دەستم دەبەسترێتەوە.

## خزمەتکردنی شارەکان

- پێویستە دامەزراوەیەک پشتگیری بکات، یان تیمێکی تایبەت بەو کارەی لەگەڵدا بێت. ئەگەر لە ئەستانبوڵ باش گەڕابیت، شارەداری تورکەکان زۆر باش خزمەتی شارەکە دەکات، نازانم لە هەولێر و دهۆک و سلێمانیش وایە؟

*** لەوێش کاردەکرێت، بەڵام هێشتا ماوە. ئێستا بۆ نموونە شارەداری ئەستانبوڵ زیاتر کاردەکات تاوەکو شارەداری ئیزمیر، شارە بچووکەکان هەمیشە بەپلە دوو و پلە سێ دێن.**

-راسپاردەی تۆ بۆ ئێمە چییە؟ ئێمە زۆرمان قسەکرد.

*** من خۆم کەسێکی باکووری- باشووریم، لەبەرئەوەی یەکەم خەڵکی کەرکوکم و هێشتا بندەستم، بەڵام لە کوردستانی ئازاد دەژیم. لەبەرئەوە دەزانم کێشەی ئێمە چییە و کێشەی ئێوە چییە. ئێمە لە کەرکوک لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکان دەژین، لە ڕووی سیاسییەوە بندەستی عەرەبەکانین و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بندەستی تورکمانەکانین. تورکمانەکان دەڵێن کەرکوک شاری ئێمەیە و کورد هاتوون داگیریانکردووە. کێشەیەکی تریشمان هەیە لە باشوور، هەموو شت کراوە بە سیاسی.**

**حزبەکانمان کەمتر سەرنجدەدەنە بابەتی ڕۆشنبیری. چەند دامەزراوەیەک هەیە لە باشوور، وەک ستراتیژێک کار لەسەر بابەتی فەرهەنگی و هونەری و دینی و ئەدەبی دەکەن، بەڵام مێژووی کوردستانی باشوور وەک بیرێکی قووڵ وایە، سەد ساڵی دەوێت تاکو لێکۆڵینەوە لە مێژووەکەی بکەیت. بۆ نموونە، ناوچەی شارەزوو، شوێنێکی دینی و فەرهەنگییە، ئەگەر بتەوێت تەنها مێژووی شارەزوور بنووسیتەوە، سەد ساڵی دەوێت. دامەزراوە هەیە کار لەسەر کوردستانی باکوور دەکات، بەڵام نایەنە لای ئێوە. بۆ نموونە، ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردی هەیە، ئەوەی مامۆستا مەزهەری خالقی. بۆچوونەکانی مەزهەری خالقی کوردستانین. ئەنیستیتۆکەی نزیکەی ٥٠ کتێبی چاپکردووە، ٢٠ کتێبی بەکرمانجییە. تەنانەت باس لە ئێزدی و ئاشوورییەکانی دیاربەکریش دەکات. بۆچی؟ چونکە بیرکردنەوەی کوردستانییە، بەڵام دامەزراوەکانی تر، بەداخەوە بۆچوونیان لۆکاڵییەوە. ئێستا لە باشوور، تەنانەت هەندێک بۆچوونیان تەنها کەرکوکیانە، سلێمانییانەیە، یان تەنها هەولێرییانە بیردەکاتەوە، هەندێک بادینییانە بیردەکەنەوە.**

**پێویستە یەکەم جار بتوانین هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک لێک گرێبدەینەوە، ئینجا بڵێین ڕوو لە باکوور دەکەین. ئەمجۆرە کێشانە کاتێک دەردەکەون، کە خاکەکەت ئازاددەبێت، پێش ئازادبوون هەستی پێناکرێت. بۆ نموونە، پرسە هەیە، چەند ڕۆژێک دەگری و دڵتەنگی، دوای**

**تەواوبوونی پرسە، ئینجا دەچیتە ناو وردەکارییەکان و بیر لە چۆنیەتی بەخێوکردنی منداڵەکان دەکەیتەوە. کوردستانی باشووریش وایە، ئێستا کە ڕزگاربووە، تازە کێشەکان سەرهەڵدەدەن. پێشتر تەنها کێشەی سەرکوتکاری بوو، وەک ئەوەی کە لەزیندان بیت، سەرەتا هەست بەئازار و ئەشکەنجە نەکەیت، بەڵام کاتێک دێیتە دەر، ئینجا سەرئێشە و پشت ئێشە و قاچ ئێشە دەستپێدەکات. کوردستانی باشوور زیاتر سووتێنراوە، زیاتر لێی دراوە، ئێستاش ناتوانین خۆمان بژێنین، چونکە گوندەکانمان هەمووی کاولکرا و چۆڵکرا. کشتوکاڵ لە کوردستان نەما، بەڵام بۆ نموونە کوردستانی ئێران ئێستاش گوندەکانی وەک خۆیانن. ئێستا لە باکوور ئەگەر برایەکت گەریلا بێت، لەوانەیە حکومەت تۆ دانەمەزرێنێت، بەڵام لای ئێمە ئەگەر یەکێک براکەی پێشمەرگە بوایە، سەدام حسێن هەموو کەسوکارەکەی دەکوشت. بۆیەش کوردستانی باشوور ڕاستە ڕزگاربووە، بەڵام کوردستانێکی بریندارە، لە هەموو بوارەکاندا وێرانە. چینێک دیندارەکانمان هێشتاش وەک عەرەبێک بیردەکەنەوە، ئەوە نەخۆشییە. نەتەوەییەکانمان، کوردستانی بیرناکەنەوە، نەتەوەیی ڕۆژئاوایین، دەڵێن با مەلا نەبێت. کوردستانێکی هەڵوەشاوە هەیە، تازە لێکگرێدەدرێتەوە.**

**تۆ باسی ٢٣ ساڵ پێغەمبەرایەتیت کرد، تەنانەت سەرکردایەتییەکەشمان پێغەمبەرنین، مرۆڤی ئاسایین. بۆیەش بەڕای من نەک ٢٣ ساڵ، لەوانەیە ٥٠ ساڵی تری بوێت تاکو هەندێ شت چارەسەردەبن. تەنانەت پێغەمبەریش کە وەفاتی کرد، دوای خۆی کێشە دروستبوو، چونکە ئەو کێشەکانی ڕاگرتبوو. بە هێزی ئەخلاقی و مۆراڵی خۆی هەموو موسڵمانەکانی بەیەکەوە ڕاگرتبوو. کەوابوو پێویستە بزانین ئەو کوردستانە ڕاستە ڕزگاربووە، بەڵام ١٣ ساڵ لە ژێر ئابڵووقەدا بوو. وابزانم چەند ساڵێکی تر ئەم کێشانە بەرەو چارەسەری دەڕۆن و بۆچوونێکی کوردستانی دروستدەبێت. دەزانین کورد لە باکوور هەیە، بەڵام وادەزانین باکوور تەنها بریتییە لە ئۆجەلان، یلماز گوینای، شڤان پەروەر، ئەحمەد کایا و ئەحمەد تورک. وادەزانین ئەو ٢٠ ملیۆنەی باسی دەکەن هەمووی ئاسیمیلە بووە، تەواوبووە. ئەو شتانەی لەسەر ئێوە دەینووسم ڕاستە تاکەکەسین، بەڵام کاریگەریی لەسەر خەڵک دەبێت. ئێوە موسڵمانن، پێویستە ئیمانی ئێوە بەهێزبێت.**

– ڕاستە میللەت هەمووی ناتوانن ببنە پێغەمبەر، بەڵام پێغەمبەری بەواتای ڕێناس و ڕێبەری دێت. بۆ نموونە، لەسەردەمی جاهیلیەتدا هەر بوارەو بتی خۆی هەبووە، بتی بازرگانی، بتی ماڵ و خێزان، بتی عیبادەت، پێغەمبەر ئەو خودایانە هەمووی دەکاتە یەک. ئەمڕۆ ئەگەر کوردی مەسیحی، موسڵمان و ئێزدی هەمووی ئامانجیان لەسەر کوردستان بێت، پشت بەخودا ئەو ئامانجە دێتەدی، هێز و تواناشیان زیاتردەبێت. با هەرکەسەو لەسەر دین و باوەڕی خۆی بێت، بەڵام لەسەر ئاڵای کوردستان با هەمووی کۆکبن، لەسەر زمانی کوردی کۆکبن. با کورد لەپێناوی کوردایەتیدا یەکتریان خۆشبوێت، نەک بۆ دین و باوەڕ. ئەگەر بیرکردنەوەی کوردایەتی پێشبکەوێت، ئەوا لەنێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا هاوسەرگیری زیاتردەبێت، لێک نزیکبوونەوەو خزمایەتی زیاتردەبێت.

## پەیوەندیی پارچەکانی کوردستان

*** نزیکەی ٨٠ – ٩٠ ساڵ پێش ئێستا، کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژئاواش بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی. دوای جەنگی دووەمی جیهانی لێک جیاکرانەوە. واتە کوردستان پێشتر دوو**

**بەش بوو، لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا. دوای ئەوە کوردستانی باشوور زیاتر روویان لە کوردستانی ئێران کرد، تەنانەت کاتێک لەبندەستی عوسمانیشدا بووین، پەیوەندی بابانەکان لەگەڵ ئەردەڵانەکان پتەوبوو. لەهەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ ئەستانبوڵیش هەبوو. دوای دامەزرانی کۆماری تورکیا، ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئەستانبوڵ و لەگەڵ دیاربەکر نەما. تەنها مایەوە پەیوەندیی نێوان باشوور و رۆژهەڵات. ئەمە راستییەکی مێژووییە، پێویستە بیزانن. چەند ساڵێک دوای جەنگی دووەمی جیهانی، خۆییبوون لە سلێمانی ئەندامی هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کورد لە تورکیا فریودران، ئەو پەیوەندییە نەما. پێویستە ئێمە جارێکی دی هەست بە ژیانەوەی ئێوە بکەینەوە، تاکو دووبارە روو لە ئێوە بکەین. ئەو کێشە مێژووییانە رۆژ لەگەڵ رۆژ چارەسەردەبن. من زۆر خۆشحاڵ بووم لە ئاشنایەتیتان، هیوادارم لەکار و خەباتی خۆتاندا سەرکەوتوو بن.**

## رۆڵێکی بەردەوام

نموونەی ئەم کوردە ئیسلامیخوازانە درێژبۆوەی نموونەی رۆڵی تێکۆشەرانەی مامۆستاو زاناکانی باکوورە، کە وەک پێشتر باسمانکرد توانیان زۆر خەسڵەتی کوردەواری و خەزینی دەوڵەمەندی فەرهەنگی کوردی بپارێزن. بەتایبەتی زمانی شیرینی کوردی گوشار لەسەر مەلا و مامۆستای ئاینی کورد دووقاتی گوشاری سەر مەلا و مامۆستای ئاینی تورک بوو، ئەوی کورد لەسەر جۆرێک لە کوردایەتی کۆمەڵایەتی و لەسەر دینداریش بوو. ئازاد جندیانی سیاسەتمدار و رۆژنامەوانی کورد دیاردەیەکی بۆ باسکردم کە شەستەکان لە گوندو ئاواییەکانی کوردستانی باشووردا مەلا و مامۆستای ئاینی ئاوارەی باکوور دەبوونە مەلای گوندەکانی خۆمان، ئەمانە پێدەچێ لەو مەلایانە بووبن کە تەرەی دەستی ستەمکارانی کەمالیزم بوون. مەلای کورد هەقی بوو کە لەسەر رێبازی شێخ سەعیدی پیران بۆ کوردایەتی و لەسەر رێبازی سەعید نورسی بۆ ئیسلامەتی تێبکۆشێت. بەڵێ وایە نورسی لە کوردایەتیدا وەکو شێخی پیران نەبوو، بەڵام ئەم زانا جوامێرە لە ناوبانگ پەیداکردندا سەری کوردی بەرزکردەوەو لە عینادی پێداگری لەسەر بیروباوەرەکانی کوردێک بوو کوردبوون لە مۆخیدا بوو. ئەم گەنجانەی باکوور و زۆر گەنجی لای خۆمان، وای دەبینن نورسی لە کوردایەتی دوورکەوتەوە، ئەوەشیان رایەکە و راستییەکە، بەڵام نورسی لە کوردەواری و کوردبوونی خۆی دوورنەکەوتەوەو زەحمەتە روانینەکانی ئەمرۆ و دیدگای کوردایەتی سیاسی بەسەر دوێنێ و بەسەر فەزای تورکیای دەورانی کەمالیزمدا جێبەجێبێت. نورسی ئەمرۆ چیایەکی سەرکەشی تورکیا و دونیای ئیسلامەتییە کە شانازیشە بۆ کورد، یانی کوردێک لە بندەستیدا ئەم زانا هەڵکەوتووەیە داخۆ دەبێ لە ئازادی و سەربەخۆییدا چی پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات؟ لەو تورکیایەی جاران بیرورای شۆڤێنی وەک ئەمە پەرەپێدەدرا کە دەڵێ: گاورە باکنچە، کورد موسڵمان، ئەمە پەندێکی تورکییە باسیل نیکیتین وەکو نموونەی رەوانینی تورک بۆ ئیسلامەتی کورد هێناویەتییەوە، کە ماناکەی: کورد موسڵمانن ئەگەر بەگاورەکان بەراوردبکرێن (اسلام الاکراد، د. تهامی العبدولی، دار الطليعة بيروت، چاپی یەکەم: ٢٠٠٧ ل٦٥)، ئێستا دەیان کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ بیرورای ئەم زانا کورد سازدەکرێت، وەکو کوردێکی سەربەزریش دەناسرێت.

# گەنجە کوردەکانی ئەستانبوڵ، نان و توانەوە

ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆنفرانسی دیالۆگی کورد و تورک لە ئەستانبوڵ بۆ یەکەمجار گوێم لە ئەڵتان تان، پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد لە پەرلەمانی تورکیا، بوو کە ئەستانبوڵی وەک پایتەختی کوردەکان ناوبرد. ئەڵتان تان بەخێرهاتنی وەفدی کوردستانی باشووری کردو بەو دەنگە گڕەی پێی دەناسرێتەوە وتی: هەڤاڵان! بەخێربێن بۆ ئەستانبوڵ، پایتەختی کوردستانی گەورە!

ئەم پەرلەمانتارە کوردپەروەرە، ئیسلامییە، کە لە بنەچەی ئیسلامی پارتی ڕەفاوە هاتبووە نێو دونیای سیاسییەوە و دواجار لە تەڤگەری کوردایەتییەکی دیموکراتخواز و موحافەزەکاردا گیرسایەوە. هەرگیز مەبەستی لەو قسەیە نیازێکی پاوانخوازی نەبوو، کە تورکەکان لە پایتەختی شارستانی دێرینی خۆیان بێبەشبکات. پایتەختێک ئەوان لە دەستی ئیمپراتۆریای بێزەنتەیان دەرهێنا و کردیانە ناوەندی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەڵکو مەبەستی ئەڵتان تان ئەوە بوو کە بڵێ زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئەستانبوڵن (٣-٤ ملیۆن کەس)، جا لەبەرئەوەی باکوور گەورەترین بەشی کوردستانە و وەکو مام جەلال-یش ناوی لێناوە (میسری کوردانە)، کەوابێ ئەستانبوڵ کە زۆرترین ژمارەی کوردی زۆرترین بەشی کوردستانی گرتۆتەخۆ، هەر دەبێ پایتەختی کوردستان بێت.

لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز، کە ڕۆشنایی خستبێتەسەر بوونی کوردان لە ئەستانبوڵ، کتێبە نازدارەکەی ڕۆهات ئەلاکۆمە (کوردەکانی ئەستانبوڵی کۆن ١٤٥٣-١٩٢٥) کتێبی ناوبراو وا چۆتە قوڵایی مێژووەوە، کە چینەکانی کوردی ئەستانبوڵ و پیشە و کەڵچەر و خەیاڵدانی کۆمەڵایەتیشیانی شیکردۆتەوە. ئەو گۆرانی و سۆزی دەرنووشیای تۆمارکردووە، لە گۆڕهەڵکەند تا کۆڕ هەڵبەست و نان بدەرو خاوەن دیوەخانی کورد لەوێ جێیانگرتۆوە.

لێکۆڵینەوەی ناوبراو بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە، بەڵام ئەم سەرچاوەیەش لە شوێنێکدا، لە ساڵی ١٩٢٥، ڕادەوەستێت، ئیتر بەحوکمی زەمەنی زۆری بێدەنگکردن و گرمۆڵەبوونی کورد، کوردانی ئەستانبوڵ دیلیتدەکرێن و کەس هیچیان لەبارەوە ناڵێت.

لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی سیاسی کورد لە شارەکانی باکوور، سیاسەتی گوندشەوتاندن و ڕاگوێزان بۆ مەرسین و ئەستانبوڵ و شارە گەورەکان، کوردی ئەستانبوڵ جارێکی تر هەم سەریان دەرهێنایەوە و هەم سەریان زیادیکرد. بیست ساڵە کورد دێتە ئەستانبوڵ و بەشی زۆری ئەمانەش لە دەرەنجامی سیاسەتی ڕاگوێزان، یەکسەر دەبنە کوڕی ژینگەی سیاسی و بزووتنەوەی کوردایەتی. لە پایتەختی نوێشدا ئەمانە لەڕووی پێکهاتی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگەی ئەستانبوڵن، لە قەراغ شارەکان،

لە گەڕەکە هەژار و پڕ کێشەکانی وەکو غازی محلەسی، کاردسیلک، کلندەر پازارن کۆبوونەتەوە. بەتایبەتی غازی محەلەسی کە ڕیپۆرتاژێکی گۆڤاری تایم (کوردستانی بچوک)ی پێدەوت، جگە لە گرژییە نەتەوەییەکەی نێوان کورد و تورک گرژی دیکەش هەبوون، کە سیمایەکی چینایەتی نیشاندەدەن. هەر گەشە و پێشخستنێک ئەو دەڤەرە بگرێتەوە چینی ناوەڕاستی تورک قازانجی لێ دەکەن و ئەمەش یەکسانە بەدەرکردنی دووەمین جار و راگوێزانی جارێکی دیکەی کورد لەناوجەرگەی جیهانی سێیەمی ئەستانبوڵدا. وەک میترۆپۆلێکی گەورە کەیەک لەسەر سێی کوردە، ئەو (٣-٤) ملیۆن کوردە بەشێکی دانیشتووانە دە ملیۆنییەکەی ئەستانبوڵن.

ڕۆژنامەوانێکی بیانی لە ڕاپۆرتێکی تایمدا ئاماژە بەوە دەدات، بەردگرتنە جەندرمە و پۆلیس لە کاتی خۆپیشاندانە سیاسییەکان بۆ پشتگیری بزووتنەوەی کورد و بەرگرتنە بینا بەرزەکان، سیمای سەرەکی چالاکی گەنجە خوێنگەرمەکانی کوردن لەو گەڕەکەدا، بەردێک ل ەدژی دەزگای دەوڵەت و بەردێکیش لە دژی جیاوازیی چینایەتی و ئەپارتمانە بەرزەکانی.

گەنجەکان دیمەنی سەرەکی جموجۆڵ و چالاکی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەستانبوڵ پێکدێنن، لەبەرئەوە پێویست بوو ئەوان بدوێنم، چەند چالاکوان و ڕۆژنامەوانێکی کوردی ئەستانبوڵی میوانداریییەکەیان قبوڵکردم و ئەم گفتوگۆ گەرمە بەرهەمی ئەو میوانداریییەیە.

بەدوای خەم و خولیاکانی گەنجانی کورد لە پایتەختی گەورەی کوردستانەوە ئەم دەروازەیەی بۆ کردینەوە: بەشداربووان: عوبەیدوڵڵا هاکان — ڕۆژنامەنووس، ساڵح کەڤربڕ ڕۆژنامەنووس، حەلیم شوژنکی، یونس ماجد.

*** تەمەنی ئێوە چەند بوو کە لە ماردینەوە هاتن؟**

-یونس ماجد: من هەر لە ماردین بووم، تا تەمەنی ١٨ ساڵی، ئینجا هاتم بۆ ئەستانبوڵ، ساڵی ١٩٩٦ یان ١٩٩٧ بوو.

- ساڵح کەڤربڕی: منیش هەر لە دوو ساڵییەوە لێرە بووم و لە ئەستانبوڵ گەورەبووم.

- عوبەیدوڵڵا هاکان: من زۆر منداڵ بووم کە گوندەکەی ئێمەیان سووتاند و ساڵی ١٩٩٧ هاتمە ئەستانبوڵ. وا ١٢ ساڵە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەم. بنەماڵەکەم لە شاری وان-ن و بەردەوام هاتوچۆدەکەم.

*** دەمەوێت بزانم گەنجی کورد لێرە چۆن ژیان بەسەردەبەن. ئێستا کە لێرەن، ماڵی خۆتان هەیە یان لەکوێ دەمێننەوە؟**

-حەلیم: من لەگەڵ دایک و باوکی خۆم دەژیم. هەر لێرە لە ئەستانبوڵ.

- هاکان: من هەندێک جار لێرە دەمێنمەوە، جاری واش هەیە دەچمە لای هاوڕێ یان خزمەکانم.

*** کاتێ گەنجێکی کورد دێتە ئەستانبوڵ، ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویدەبێتەوە، چین؟ زیاتر کێشەی ماددین یان کێشەی کۆمەڵایەتی؟**

-یونس: کاتێک لەشار و گوندەکەی خۆتی، هەموو کەسوکاری خۆتن و کێشەت نییە، بەڵام کاتێک دێیتە ئەستانبوڵ یان شارە گەورەکان، بێکەس دەبیت. کاتێکیش مرۆڤ

بێکەس دەبێ، بەردەوام وا هەستدەکات تاوانبارە، چونکە کاتێک لە خۆرهەڵات (مەبەست خۆرهەڵاتی تورکیا یان کوردستانە) بووین، پەیوەندی ئێمە و دەوڵەت زۆرباش نەبوو، هەموو تەلەفزیۆنەکانی تورکیا ناوچەکانی خۆرهەڵاتیان بەخراپ نیشاندەدا. لێرە تەنها وەک سێبەرێکی تورکەکان کاردەکەین و خزمەتی ئەوان دەکەین، ئەمەش بە ژیانێکی ئاسایی دەبینین.

گەنجی کورد بەگشتی لەوانەیە لە شوێنەکەی خۆیان پیشەیەکی باشیشیان هەبێت، بەڵام کاتێک دێن بۆ ئێرە، متمانەیان بەخۆیان نامێنێت، لەبەرئەوەی خۆیان بەژێردەستە دەبێنن. بۆ نموونە، ئەگەر کێشەیەک لە شوێنێک دەربکەوێت، بەهەر تۆمەتێک گەنجی کورد راپێچی قەرەقۆڵێک یان بنکەیەکی پۆلیس کرا، ئەوا بێگومان کوردەکە بەر لە هەمووان تاوانباردەکرێت. لە ئیفادەکەیدا دەنووسرێت کوردە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەوەی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەچاوی سووک سەیردەکرێت، ئەگەر نەخۆش بێت هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت. هۆکاری ئەمانە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین. چونکە دەوڵەت وەک باوکی مرۆڤ وایە. ئێمەیان هەر بەم دروشمانە گەورەکرد، بەڵام دەوڵەتەکە دەوڵەتی ئێمە نەبوو. ئێمە ئێستاش وەک منداڵی هەتیو لێرە دەژین.

*** جیاوازی چییە لەنێوان ئەو تورکەی لەشارەکانی خۆتان دەتانبینی و ئەو تورکانەی لێرە دەیانبینن؟**

–یونس: ئەو تورکانەی کە لیبراڵن هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کوردەکاندا نییە، بەڵام تورکە نەتەوەپەرستەکان، ئەوانەی کوڕیان لە سەربازیدا دەکوژرێت، ئەوانەی بەعەقڵێکی هەژارەوە بەگوێی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەکەن، ئەوانە وەک تیرۆریست سەیری ئێمە دەکەن. لەناو دڵی خۆیاندا رقیان لە ئێمە دەبێتەوە و جنێومان پێ دەدەن، بەڵام تاکو ئێستا کوردێکم نەبینیوە جنێو بە تورکەکان بدات. من چووم بۆ ئەنقەرە، پۆلیس دەورەیاندام. من لە شوێنی خۆم دانیشتم، داوای ناسنامەیان لێ کردم، منیش ناسنامەکەم پیشاندان. وتیان داوای لێبوردن دەکەین، وتم تاوانی ئێوە نییە، تاوانی منیش نییە، بەڵام رەنگ و رووی ئێمە تۆزێک جیاوازە، رێگە رۆیشتنەکەشمان لەگەڵ ئێوەدا جیاوازە.

*** با بڵێین ئێوە بە هەڵسوکەوت دەناسرێنەوە کە کوردن، ئێستا چەند ساڵێکە لەناو ئەستانبوڵ دەژین. هەست ناکەن هەڵسوکەوتتان گۆڕابێت؟**

– عوبەیدوڵڵا هاکان: زۆر شتمان گۆڕاوە، هەڵسوکەوت و قسەکردن و بەرێگەدا رۆیشتن، بەڵام چەند باشیش بەتورکی قسەبکەین، هەر دەماننناسنەوە، دەزانن کە تورک نین.

– یونس: من لەناو تورکاندا گەورەبووم و رەنگی ئەوانم گرتووە، ئەگەر تووشی پۆلیسیش دەبم پێم دەڵێن «بۆچی تۆش کوردی؟».

*** پەیوەندی کوڕی کورد و کچی تورک یان بەپێچەوانەوە، کوڕی تورک و کچی کورد، بەڕای ئێوە چۆنە؟**

– بەگوێرەی کەسەکان دەگۆڕێت. لەناو تورکەکانیشدا کەسی جیاواز هەن. هەڵبەتە کاتێک من بەکچێکی تورک بڵێم کوردم، هەڵوێستی دەگۆڕێت، بەڵام هەشە زۆر گرنگی نادات بەم جیاوازییە.

## جیاوازیی کەلتوور

– لەم مەسەلەیەدا بەڕای من کچی تورک، کوڕی کورد رەتناکەنەوە، لەبەرئەوەی کوردە، بەڵام کوڕی کورد خۆیان نایانەوێت کچی تورک بهێنن. هۆکارەکەی جیاوازیی کەلتوورە.

*** با بڵێین ئێوە کە لێرەن، ئەگەر کچێکی تورک بخوازن خۆ نایبەنەوە بۆ شارەکەی خۆتان، لێرە دەتوانن لەگەڵیدا بژین.**

– ئەو کەلتوورە لێرەش هەر زاڵە و لەگەڵماندایە.

– راستە ئێمە لێرە لەگەڵ ئەو کەلتوورەدا دەژین، بەڵام کاتێک سەردانی کەسوکارمان دەکەین و دەچینەوە ناویان، بەپێی کەلتوورەکەی خۆمان هەڵسوکەوتدەکەین. دایک و باوکی ئێمە شێوازی قسەکردن، هەستان و دانیشتن، خواردن و خواردنەوەی لای خۆمانیان دەوێت و هەر ئەوەش قبوڵدەکەن.

*** ئەی ئەگەر تورکێک لە شارێکی ترەوە بێت بۆ ئەستانبوڵ و ئەنقەرە، ئەویش کێشەی کەلتووری دەبێت؟ ئەو کێشانەی کە گەنجێکی کورد تووشیان دەبێت، تورکێکی کۆنیاش تووشی هەمان کێشە دەبێتەوە؟**

– ئەوانیش هەر ئەو کێشانەیان تووشدەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر. بۆ نموونە، کوڕێکی خەڵکی ئیجە یان قەرەدەنیز بێت بۆ ئێرە، ئەویش بەگوێرەی دابونەریتی ناوچە و بنەماڵەکەی خۆی تووشی کێشە دەبێت.

*** کەواتە کوڕێکی خەڵکی کۆنیاش نایەوێت کچێکی ئەستانبوڵی بخوازێت، وایە؟**

–حەلیم: بەڵێ وایە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کوردەکە، کەمترە. چونکە لەناو کوردا شتێک هەیە بەناوی کوردایەتی، ئەمە هۆکاری ئێمەیە. هی ئەوانیش مەسەلەکەیان دینییە، چونکە تورکی شارەکانی تر موحافەزەکارن و ژیانی ئەستانبوڵ بۆ ئەوان تۆزێک نامۆیە.

## ئینتەرنێت یان پیاسەکردن لەگەڵ کچان؟

*** گەنجە کوردەکانی ئەستانبوڵ ژیانی رۆژانەیان چۆن بەسەردەبەن؟ کاتی بەتاڵییان چۆن دەبەنەسەر؟**

– ئەگەر سەعات ٩ی بەیانی بێت، بەدڵنیاییەوە دەخەوێت.

– ساڵح: دوای لەخەو هەستان، یەکەم کارم دەچمە سەر ئینتەرنێت. چوونە پارک و سینەما و پیاسەکردن لەگەڵ کچان بۆ ئێمە زۆر سەرنجڕاکێش نییە.

– ئەستانبوڵیش لەناو خۆیدا چەند شارێکە. بۆ نموونە، ناوچەی «سەفا کوێی» هەیە، زۆربەی کوردەکان لەوێن. لەوانەیە بەساڵیش روو لێرە نەکات و نەیەتە «بەی ئۆغڵو» ناوەندی شار. کاردەکات و دەچێتەوە ماڵی خۆی. ئەوانەشی کە لەناوەندی ئەستانبوڵ دەژین، زۆربەی کات لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیانن. گەنجی ئێرەش زۆر کەم بە چالاکی کەلتوورییەوە سەرقاڵدەبن، ساڵی جارێکیش ناچن بۆ شانۆیەک. زۆربەی کوردەکان لێرە خەریکی دەستفرۆشین. تورک کەمتر ئەو کارانە دەکەن. ئەوەی روو لەو چالاکییە کەلتوورییانە دەکات، زیاتر خوێندەوارەکانن. ئەگەر کوردی خوێندەواریشی لێبێت ئەوە دەچێت بۆ شانۆ و سینەما.

– من ١٥ ساڵە لە ئەستانبوڵ دەژیم. سەدان هەزار کورد هەن لێرە دەژین، بەڵام تاکو ئێستا شەقامی «ئیستیقلال»یان نەبینیوە. ئەو شەقامە نەک دڵی ئەستانبوڵ، بەڵکو دڵی هەموو تورکیایە. کورد هەیە زۆر شوێنی ئەستانبوڵ پێ نازانێت.

*** شەقامی ئیستیقلال زیاتر گەنج رووی تێدەکەن؟**

– بەڵێ. زیاتر گەنجی بەتاڵ و کوڕە دەوڵەمەند دەچن. هەندێک گەنج ستایلی ژیانیان بەمجۆرەیە، بەڕۆژ کاردەکەن و بەشەو دەچن بۆ ئەو شەقامی ئیستیقلالە و داهاتەکەیان خەرجدەکەن.

## پێویستە ڕۆژانە کاربکەین

– شتێکی تریش هەیە، ئەستانبوڵ وەک هیچ شارێکی تری تورکیا نییە. وەک هیچ شارێکی کوردستانیش نییە. بۆ نموونە، لە سلێمانی، هەولێر یان دهۆک گەنجی کورد زۆر تەمەڵن. من یەکەمجار ساڵی ٢٠٠٧ چووم بۆ باشووری کوردستان، چوومە دوکانێک، دوو سێ دەقە چاوەڕێم کرد، دوکانەکەی داخست، وتم بۆ کوێ؟ وتی لەگەڵ خێزانم دەچین بۆ پیاسە، بەڵام گەنجی باکوور وا نین، پێویستە ڕۆژانە کاربکەن، ڕۆژانە نان بۆ ماڵەوە پەیدابکەن.

– باسی تەمەڵیتان کرد. با من شتێک بڵێم. ساڵی ١٩٩٧ کە من هاتم بۆ ئێرە، تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە کارێک پەیدابکەم. دوای ١٥ ساڵ، تازە دەرفەتێکم بۆ ڕەخساوە دەڵێم بچم سەردانی شوێنە مێژووییەکانی ئەستانبوڵ بکەم. بۆ کوردێک کە دێتە ئێرە، یەکەم شت گرنگی پێ بدات، مێژوو نییە، ژینگە نییە، شارستانیەت نییە، بەڵکو نان پەیداکردنە.

*** گەنجێکی تورکیش هەر لەو دۆخەدایە، گەنجێکی ئاسایی نەک دەوڵەمەند؟**

– تاڕادەیەک وایە، بەڵام شتێک هەیە کە جیایاندەکاتەوە. تورک ژمارەی خێزانیان کەمترە لە کورد، منداڵی کەمتریان هەیە.

– شتێکی تریش هەیە، ئاستی بژێوی و گوزەران لە وڵاتانی جیهانی سێهەم هەمیشە خراپە. لێرەش وای لێهاتووە، دەوڵەمەند زۆر دەوڵمەندن و فەقیرەکانیش زۆر فەقیرن، چینی مامناوەند نەماوە.

*** لە دوای هاتنە سەرکاری ئاکەپەوە، چینی مامناوەند دروست نەبۆتەوە؟**

– تاڕادەیەک باشترە.

## ئەستانبوڵ روو لە ئەوروپا دەکات؟

*** تورک وەک جاران روو لە ئەڵمانیاو وڵاتانی تری ئەوروپا دەکەن بۆ ژیان؟**

– عوبەیدوڵڵا: شەستەکان و حەفتاکان وڵاتانی ئەوروپی زۆریان پێویست بەهێزی کارکردن هەبوو، بۆیەش ئەو کات ڤیزەیان لە خەڵکی تورکیا وەرنەدەگرت. لەسەرەتای هەشتاکانەوە ڕەوشی تورکیا مەترسیداربوو، کودەتا دروستبوو، لەو کاتەوە وڵاتانی ئەوروپا داوای ڤیزە لە تورکەکان دەکەن. ئەگەر ئێستا ڤیزە نەمێنێت، لەوانەیە نیوەی خەڵکی ئەستانبوڵ روو لە ئەوروپا بکەن.

*** کاتێک ڕەجەب تەیب ئەردۆگان حزبەکەی خۆی ڕاگەیاند، وتی دەمانەوێت ببینە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام بەر لەوە دەبێ کارێک بکەین گەنجە تورکەکانی ئەوروپا بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان. نموونەی شارێکی هێنایەوە لە ئەڵمانیا، وتی تورک لەوێ ژمارەیان هێندە زۆربووە، خەریکە کۆنیایەکی تازە لەوێ دروستدەبێت. دوای ١٠ ساڵ بەڕای تۆ ئەمە تاچەند جێبەجێکراوە؟**

– ساڵح: زۆر خاوەن کاری دەوڵەمەند هەن لە ئەوروپا، پێویست ناکات بگەڕێنەوە، بەڵام سەرمایەی خۆیان دێنن لە شارەکەی خۆیان وەگەڕیدەخەن، مەکتەب و نەخۆشخانەو شوقەو کارخانە دروستدەکەن. ڕەوشی ئێستای کوردەکان وەک ڕەوشی ١٥ ساڵ پێش ئێستای تورکەکانە. بۆ نموونە، تورکێک ئەوکاتە یەک دوکانی لەفە فرۆشی هەبوو، ئێستا زۆر پێشکەوتووە، کوردەکان تازەدەبن بەخاوەن دوکانێکی ئاسایی. دەوڵەتی تورکیاش بەگشتی پێشکەوتووە. ئەمڕۆ تورکیا ١٦هەمین ئابووریی بەهێزی دونیایە. ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا کێشەی کوردەکان چارەسەربکات، لە دوای ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەڕەنسا دەبێتە چوارەم وڵات لە دونیادا، چونکە ئێستا بە تریلیۆن دۆلار سەرفدەکەن لە شەڕی کوردەکاندا.

## گەنج و سیاسەت

*** گەنجی کورد لە شەستەکان هەمووی بەشداربوون لە سیاسەت و حزبە چەپەکاندا. ئێستا گەنجە کوردەکان بەشداری سیاسەت دەکەن؟**

– عوبەیدوڵڵا: بەگشتی تا لە شار و گوندەکانی خۆمانین پەیوەندیمان بەسیاسەتەوە نییە، بەڵام کە دێین بۆ ئێرە، تێکەڵ بە سیاسەت دەبین.

*** تێکەڵ بە چۆن سیاسەتێک دەبن، سیاسەتی دیموکراتی، یان سیاسەتی نەتەوەیی، یانیش سیاسەتی ئیسلامی؟**

– سیاسەت نەک ئەوەیە کە هەر لەگەڵ حزبێکی سیاسی بین. بەڕای من بەرد هاویشتنیش جاروبار سیاسەتە. خۆشنەویستنی تورکەکان و ئاڵای تورکیاش هەر سیاسەتە.

*** ئێستا کە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەیت، جۆرێکی سیاسەت کردنە، بەڵام بەگشتی لەگەڵ سیاسەتی ئیسلامیدان یان سیاسەتێکی نەتەوەیی کوردی؟**

– ئێستا گەورەترین حزب لە سەرانسەری تورکیا، حزبەکەی ئەردۆگانە. ٣٠٪ی ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە، بەڕای من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی خودی کوردەکان لە سیاسەتدا. ژمارەیەکی زۆری کوردەکان دەنگدەدەن بە حزبەکەی ئەتاتورک، زۆر کورد هەن دەنگ بە ئەردۆگان دەدەن. لە ئەستانبوڵ نزیکەی ٦ ملیۆن کورد هەیە. با بڵێین ٢ملیۆنی دەنگدەرە. ئەگەر تەنها لە ئەستانبوڵ ٢ ملیۆن دەنگی کوردەکان وەربگریت، بەو ٢ملیۆن دەنگە دەتوانی ٢٠پەرلەمانتارت هەبێت. پەرلەمانتارەکانی ئەستانبوڵ ٨٠ کەسن، کەواتە لە هەر چوار پەرلەمانتار دەبێ یەکی کورد بێت، بەڵام بۆچی تەنها سێ پەرلەمانتار هەیە.

– کێشەیەکی تریش هەیە، کورد کە بەخاو و خێزانەوە دێن بۆ ئێرە یەکەم شت دەچێ منداڵەکەی لە کۆرسی ئایینیدا ناونووسدەکات. وەک وتم کورد لەبەرئەوەی بێ خاوەنن، بەناچار خزمەتی ئاکەپە دەکەن. هەردەبێ لایەنێک هەبێت پشتگیریت بکات، ئەگەر بێلایەن بی، بێگومان لەناودەچیت. کوردەکان ئاوا دەخەڵەتێنن، دەڵێن ئێمە هەموومان موسڵمانین،

برای دینی یەکترین، با منداڵەکانتان بێن لە مەکتەبەکانی ئێمەدا بخوێنن. دەرسی دینی دەخوێنن. مەدرەسەکانی فەتحوڵڵا گولەن هەن. هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ پرسی ئابووری. کورد کە دێن بۆ ئەستانبوڵ لەبەر نەبوونی و ناچاری و بێخاوەنی، ڕوو لەو لایەنانە دەکەن، بەڵام ئەگەر یەکێک دەوڵەمەندبوو، منداڵەکانیشی تێکەڵ بە سیاسەت نابن و بیر لە سیاسەت ناکەنەوە. لە باشترین مەکتەب دەخوێنن، بەچالاکی کەلتووری و هونەرییەوە خەریکدەبن. کەچی یەکی وەک ئێمە کە دێت بۆ ئەستانبوڵ، لەبەرئەوەی خاوەنی نییە، سەد کەس و لایەن لێی دەبن بە خاوەن. بەڕای من ئەگەر کوردەکانی ئەستانبوڵ لایەنێکی کوردی هەبێت خاوەندارێتیان لێ بکات، هەموو گەنجەکان دەبن بەیەک.

*** لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، گەنجە کوردەکان هیچ دەخوێننەوە، بەکوردی خوێندنەوە هەیە؟**

-ساڵح: لەچاو ١٠- ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا خوێندنەوە بە کوردی زۆر زیادیکردووە. من ١٦- ١٧ ساڵە لەگەڵ ڕۆژنامە کوردییەکاندا کاردەکەم، پێشتر بۆ ڕۆژنامە تورکییەکانیش کارمدەکرد. ساڵی ١٩٩٧ هاتم بۆ ڕۆژنامەی «ئازادی وڵات»، ئەوکات زۆربەی نووسین و بابەتەکان لە زیندانەوە بۆمان دەهات. ئێمەش بابەتەکانمان لەبێژنگدەدا، دوای ٤ -٥ ساڵ ژمارەی ئەوانەی دەیاننووسی، زیاتربوو. ساڵی ٢٠٠١ هەر لەسەر شەقامی ئیستیقلال گۆڤارێکمان هەبوو بەناوی «کەوان»، لێکۆڵینەوەیەکمانکرد لەگەڵ چەند هاوڕێ، وتمان چەند کەس لەناو کوردەکاندا بەکرمانجی دەنووسێت. زیاتر لە ٨٠٠ ناو دەرکەوت. لەگەڵ ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەدا پەیوەندیم هەیە، دەڵێن دوو- سێ ساڵە کتێبی کوردی لە کتێبی تورکی زیاتر دەفرۆشرێت. ئەمە جێگەی شانازییە.

*** ئەمساڵ خوێندن بەزمانی کوردی بوو بە ئیختیاری. بە منیان ڕاگەیاند کە لە هەموو تورکیا ٢١هەزار کەس ئەو دەرسەیان هەڵبژاردووە. ئەو ڕێژەیە تا ساڵێکی دی دەبێتە چەند؟**

- پەیوەندی بە سیاسەتی کوردەکانەوە هەیە. ئەگەر حزبە کوردییەکان (پەکەکە و بەدەپە) بیانووتبا بەشداربن، ئێمە پشتگیریدەکەین، ئەو ٢١ هەزارە دەبووە ٤٠٠ - ٥٠٠ هەزار یان یەک ملیۆن کەس. ئەگەر سیاسەت لێ بگەڕێت، هەندێ شت باشن. من خۆم پێم سەیربوو، دەمووت بۆچی حزبە کوردییەکان بڵێن منداڵەکانتان مەنێرن. با لە ئەستانبوڵ خەڵکێکی زۆر بچن بەشداربن، ناچاربن مامۆستای زمانی کوردی زیادبکەن و گرنگیان پێ بدەن. یان (TRT ٦) شتێکی خراپ نییە. ئەگەر حزبەکەی باخچەلی و جەهەپە بڵێن کردنەوەی ئەو تەلەفزیۆنە بۆ کوردەکان وەک دینامیتێک وایە، بزانە ئەو شتە بۆ کورد باشە. ئەم هەنگاوە لە مێژووی ٨٠ ساڵەی کۆماری تورکیادا زۆر گرنگە.

## کەواتە من کوردم!

*** شتێکی سەرنجڕاکێشم بیست، کاتێک ئەو کەناڵە تازە دەستی بە پەخش کردبوو، لەسەر تەلەفزیۆنەکە وتیان کوردی هێژا. پێشتر دەیانووت کورد نییە. بۆیە کورد دەیووت من تورکم، بەڵام مادام دەوڵەت دەڵێ کورد هەیە، کەواتە من کوردم.**

- ڕاستە، ئەوە هەیە.

*** جارێک پرسیارێکم لە میر دەنگیر فرات کرد، وتم چۆن کەناڵێکی رەسمی بە زمانی کوردی پەخشدەکات، بەڵام زمان کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە دانی پێدا نەنراوە؟ هەڵبەتە ئەویش سەر بە ئاکەپە بوو. وتی نەخێر وانییە، لە پرۆگرامی ناوخۆیی (TRT)دا ئاماژەمان پێداوە کە لە تورکیا زمانی تریش هەیە، بەڵام پرۆگرامی ناوخۆیی کەناڵێک لەکوێ، لە دەستووردا باسکرێت لەکوێ.**

– راستە، ئەو دووڕووییە هەیە، لەلایەک کەناڵی (TRT ٦) دەکاتەوە، لەلایەکی تریش ناوی دەزگایەکی کوردی لە کوردستان قەدەغەدەکات و دەڵێت «ناوەندی چاندی جگەرخوێن» دەبێ ناوەکەی بگۆڕدرێت. لەبەرئەوەی پیتی «خ (X)»ی تێدایە. لە ئەلف و بێی تورکیدا ئەو پیتە نییە. من وای بۆ دەچم بەرپرسانی دەوڵەتی تورک سەریان لێ شێوابێت.

– دەستووری ئێستا هیچ گرەنتییەکی بۆ کوردەکان تێدانییە. ئەمڕۆ تەلەفزیۆنێکی کوردی کراوەتەوە، لەوانەیە سبەی دابخرێت. ئەو گۆڕانکارییانە هەمووی لەسەر زمانە.

*** باسی ئەوەت کرد لەوەتی دۆبلاژی کوردی پەیدابووە، خەڵک زیاتر حەز بە زمانی کوردی دەکەن، دەکرێ زیاتر روونیبکەیتەوە؟**

## کاریگەریی ئابووری لەسەر کەلتوور

– حەلیم: بەڵێ وایە، مەسەلەکە لەلایەک ئابوورییە و کوردیش حەزیان لە زمان و کەلتووری خۆیانە، بەڵام کاتێک بوو بە مەسەلەی ئابووری و داهاتێکی بۆ کوردەکانیش تێدابێت، کورد زیاتر بەلای ئەو بوارەدا دەشکێنەوە. ئێستا من کوردم و حەزم لە زمان و کەلتووری خۆمە، بەڵام دەبێ لە فکری بژێوی خۆشمدا بم. دەبێ من تێربم و کاتی ئەوەم هەبێت سەرفی خزمەتی زمانەکەمی بکەم.

– عوبەیدوڵڵا: بۆچی زمانی کوردی لە هەولێر و سلێمانی سەربەستە؟ چونکە زمانی کوردی زمانی بازاڕە. هەر زمانێک بوو بە زمانی بازاڕ، ئەو زمانە پێشدەکەوێت. بۆچی زمانی روسی، فەرەنسی و ئەڵمانی پێشکەوتووە؟ چونکە یەک- دوو هەزار ساڵە ئەو زمانە، زمانی بازاڕ و بازرگانییە. بۆچی زمانی سۆمالی پێش ناکەوێت؟ چونکە لە سۆمال بازاڕ نییە.

*** ئێستا لە ئەمریکا، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی لاتینیەکان، پێشبینی ئەوە دەکەن زمانی ئیسپانیایی لە زمانی ئینگلیزی زیاتر بەکاربێت. هەروەک لە تورکیاش پێشبینیدەکرێت ساڵی ٢٠٤٠ رێژەی کورد زیاتربێت لە رێژەی تورکەکان. کەواتە دوای چەند ساڵێکی تر پێویستە سەرۆکی ئەمریکا زمانی ئیسپانیاییش بزانێت. هی تورکەکانیش وای لێنایەت؟**

– خۆی لەناو تورکەکانیشدا تورکی رەسەن کەمن، سەرۆک وەزیری ئێستای تورکیا لەڕاستیدا گورجییە. دایکی سوڵتانەکانی عوسمانی، هەموویان یان رۆمی بوون، یان ئەرمەنی بوون، یان روس بوون، ئەمەش وایکردووە نەوەیەکی نوێ لەناو تورکەکاندا دروستبێت.

– سەبارەت بەزمانی کوردی، من پێشتر وام بیردەکردەوە کە زمانی کوردی تەنها بەکاری ئەوەدێت لەگەڵ دایکم قسەی پێ بکەم، ئەویش لەبەرئەوەی تورکی نەدەزانی. ئەگینا لە هیچ یەک لە بوارەکانی تری ژیاندا بەکارنەدەهات. رۆژنامە و تەلەفزیۆن هەمووی تورکی بوو، کەوابوو کێشە تەنها قەدەغەبوونی زمان نییە. ئێستا تەلەفزیۆنێکی کوردی کراوەتەوە،

منیش پێویستم بەکارە، مەرجێکی سەرەکییان ئەوەیە کە دەبێ کارمەندەکانیان زمانی کوردی بزانن. لێرەدا ئەو پێویستییە دەبینم کە دەبێ زمانی کوردی فێرببم.

– وتم چەندی شوێن و دەزگای کوردی بکرێنەوە، بۆ ئێمە باشترە.

## چی دەخوێنیتەوە؟

*** تۆ رۆژنامەی «ئۆزگور گوندەم» دەخوێنیتەوە؟**

– عوبەیدوڵڵا: زۆر کەم. کوردێک سەد رۆژنامەی تورکی دەخوێنێتەوە، ئینجا رۆژنامەیەکی کوردی دەخوێنێتەوە. رۆژنامەی کوردی زۆر کەمن. رۆژنامەیەک کە رەنگدانەوەی ژیانی کوردەکان بێت، نەک تەنها لە قاڵبێکی وشکی سیاسیدا بێت، شتی وا زۆر کەمە.

***جاری پێشوو کە لە دیاربەکر بووم، پرسیارم لە خەڵک کرد، وتم «ئازادیا وەڵات» دەخوێننەوە؟ کەم کەس وتیان دەیخوێنینەوە. بۆچی؟**

– من خۆم چەند ساڵێک لەو رۆژنامەیەدا کارمکردووە، چەند جار لەسەر ئەو رۆژنامەیە گیراوم و دادگاییکراوم، جارێکیان بەشەش ساڵ حوکمدرام، بەڵام بەهۆی مەسەلەی یەکێتی ئەوروپا رزگارمبوو. لە نەوەدەکان، سەردەمی موسا عەنتەر، رۆژنامەی «گوندەم» ٥٠–٦٠ هەزاری لێ دەفرۆشرا، ئەوە بەرزترین رێژەبوو، پاشان کەمتریش بوو. رۆژنامەی «وڵات» هەرگیز تیراژەکەی لە دە هەزار تێنەپەڕیوە. ئەمڕۆ باوەڕناکەم پێنج هەزاریشی لێ بفرۆشرێ.

***وەک پێشتریش وتم، ئێمە روو لە ئەلف و بێی لاتینی ناکەین، هەتا ئێوە فێری رێنووسی کوردی نەبن. ئێوە باش فێری کوردی بن، ئێمەش بە لاتین دەخوێنین و دەنووسین.**

–ئابووری شتێکی زۆر گرنگە. ئێستا سەرمایەی جیهانی رووی لێرە کردووە، ئێمە پێشتر لە کۆمەڵگەیەکی موحافیزەکاردا بووین کە ئابوورییەکەی لاوازبوو. کورد کە دێن بۆ ئێرە، هەست بەئاسوودەییەکیش دەکەن.

## سادات کاپڵان: سەمای فۆلکلۆری بەشێوازی ئەکادیمی

سەماکار و خوێندکارێکی کوردە، کە لە ناوجەرگەی تورکیای تورکستانەوە، ئەدیامان، هاتۆتە ئەستانبوڵ تا هەڵپەڕکێ و سەمای ئەنادۆڵ زیندو بکاتەوە و گۆڤەندێکی کوردی و تورکی بخوڵقێنێ. وەختێک لە جادەی ئیستقلال پیاسەم لەگەڵ دەکرد، جوابی پرسیارەکانی دەدامەوەو دەیگوت رۆژنامەی ئێوە ناوی چییە؟ کوردستانی نوێ لە باشوور دەربازی لاتینی دەبێت؟

## کورد و هەڵپەڕکێ

*** خەڵکی کوێی؟**

– خەڵکی شاری سەمسورم، تورکەکان پێیدەڵێن «ئادیامان» نزیک چیای نەمرودە.

*** لێرە لە چ بەشێک دەخوێنیت؟**

– لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ئەستانبوڵ دەخوێنم، بەشی سەماو هەڵپەڕکێی هەرێمی (کوردستان و ئەنادۆڵ بەگشتی).

*** لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەیت یان هەر فێریدەبیت؟**

– هەم لەسەریان دەنووسم، هەم فێریاندەبم و بەپراکتیکیش سەماو هەڵپەڕکێ دەکەین.

*** بۆچی ئەو بوارەت هەڵبژارد، حەزت لێی بوو یان هەستتدەکرد ئەو بوارە خەریکە لەناودەچێت و پێویستە زیندووبکرێتەوە؟**

– بەگشتی لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەکەین، بۆ نموونە دەچین بۆ سەمسور یان شوێنێکی تر، سەیری شێوەی ژیانی خەڵکەکەی دەکەین، هەر شوێنە و سەمایەکی تایبەت بەخۆی، گۆرانی و چیرۆکی خۆی هەیە، کە گوزارشت لە کەلتووری ئەو ناوچەیە دەکات. ئێمە بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێین و دواتر دەیانکەین بەبابەتی شانۆگەری.

*** بەڕای تۆ بۆچی سەمای کوردی بەکۆمەڵ دەکرێت و وەک سەمای ئەورووپی تاک تاک نییە؟**

– لەناو کورددا ئەو تایبەتمەندییە هەیە، کە هەموو شت لەنێو خۆماندا دابەشدەکەین، کورد هەرگیز ناڵێت من بەتەنیا، هەمیشە دەڵێت «ئێمە» یان «هەموومان». لە سەما و دیلانیشدا دەستمان لەناو دەستی یەکدایە و هەنگاوەکانمان بەیەک ئاراستەدا دەڕوات. بۆ نموونە، لە سەمای ناوچەی ئیجەدا تاک تاک و بەتەنیا دەیکەن.

*** هۆکارەکەی چییە لە هەڵپەڕکێدا بەیەکەوەین، بەڵام لە ژیاندا پێچەوانەین؟**

– میللەتەکەی ئێمە هێندە لەنێوخۆیدا لەت لەت بووە بەهیچ یەکناگرێتەوە. ڕەتکردنەوەی ئەم دۆخە لەناو هەڵپەڕکێکانماندا دەردەکەوێت و ئێمە لەچاو نەتەوەکانی تر زیاتر تامەزرۆی ئەوەین دەست لەناو دەستی یەک بین. ئەمە ئاوات و ئارەزوویەکی هەمیشەییە کە وەک نهێنییەک لە مۆسیقا و سەماکانماندا ڕەنگیداوەتەوە. ئێنجا لە کۆندا زیاتر بەدەوری ئاگرێکی گەورە و لە شەودا ئەو هەڵپەڕکێیانە کراون، ئێستاش ئەگەر سەرنجبدەن ئێمە هەرکات بێتاقەتدەبین ئاگرێک دەکەینەوە و بەدەوریدا سەما و دیلان دەکەین.

## دابەشکردنی خۆشی و ناخۆشی

ئەم لێک کۆبوونەوە و هەڵپەڕکێی بەکۆمەڵە دابەشکردنی خۆشی و ناخۆشییەکانیشە. ئەمە کاریگەری لەسەر میللەتانی دراوسێش هەبووە. لەناو عەرەبەکانیشدا هەیە، بەڵام کاتێک سەیری هەڵپەڕکێی کوردی دەکەیت، ناوەڕۆکی مەسەلەکە لەوێدا دەدۆزیتەوە، چونکە هەر لەسەرچۆپی کێشانەوە کارێکی زۆر سەختە و پێویستی بەهیلاکبوونە. هەندێک هەڵپەڕکێی کوردی هەیە کە بەهەموو کەس ناکرێت و وردەکاری و نهێنی زۆری تێدایە. ئەگەر بەم چاوە سەیربیکەین، دەزانین کە ئەمە ڕیشەیەکی قووڵی هەیە. هەڵپەڕکێی لازەکان هەندێک لە هەڵپەڕکێی کورد دەچێت، بۆ نموونە زۆر جار ئەوەی پێشەوە دەسڕەیەکی بەدەستە و هەموویان بەرەو لای ڕاست هەڵدەپەڕن. زۆر جار بەلازەکان دەڵێن «کوردی دەریایی».

*** کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی هەڵپەڕکێی کوردی بۆچی باشە؟**

–ئەگەر ئەرشیفی نەکەین فەرامۆشدەکرێت و نامێنێت. جگە لەمەش، سەما و هەڵپەڕکێی میللەتان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێشدەکەوێت و شتێ نوێ دێتەگۆڕێ، ئەگەر هەڵپەڕکێکانمان کۆنەکەینەوە ناتوانین پێشیبخەین، کەلتوورەکەشمان وندەبێت.

*** تورک حەز لە سەمای کوردی دەکەن؟**

– حەزدەکەن، بەڵام ناڵێن ئەوە سەمای کوردییە.

*** چەند کەسی تر لەگەڵ تۆدا هاوڕان لەم بوارەدا و پێیانوایە کە دەبێ ئەو شتانە کۆبکرێنەوە؟**

– کەم کەسم بینیوە کە خەم لەو شتە بخۆن، کەس لێکۆڵینەوە ناکات، بەڵام ژمارەیەکی کەم هەن وەکو من بیردەکەنەوە.

*** چەند ساڵە تۆ لە ئەستانبوڵی؟ بەتەنیا هاتووی یان بنەماڵەکەشت لێرەن؟**

– من ساڵی ٢٠٠٤ هاتم بۆ ئێرە. بنەماڵەکەم لەجێی خۆیانن و من بەتەنیا لێرەم. لەگەڕەکی ئوسکودار دەژیم.

*** بژێوی ژیانت چۆن دابیندەکەیت؟**

– بنەماڵەکەم هەندێکم بۆ دەنێرن، خۆشم لە ڕێگەی سەماکردنەوە پارە پەیدادەکەم.

*** لەگەڵ چ گرووپێک کاردەکەیت؟**

## ئاگری ئەنادۆڵ

–گرووپی «ئاگری ئەنادۆڵ». گرووپەکە تەنیا هی کوردەکان نییە، بەڵام سەرەتای چالاکییەکانمان بەهەڵپەڕکێی کوردی دەستپێدەکات و بەهەڵپەڕکێی کوردیش کۆتایی دێت. گۆڤەندمان هەیە، سەمای بالەمان هەیە، سەمای مۆدێرنیش هەیە. هەروەها ئێستا لە گرووپێکی تریشدا بەشدارم بەناوی «گۆرانی براکان»، بە هەموو زمانەکان کاری مۆسیقا دەکەن. من لەناویاندا سەمادەکەم. جگە لەمە دەفیش لێدەدەم.

*** چەند ساڵی دی خوێندنەکەت تەواودەکەیت؟**

– لەبەرئەوەی سێ ساڵ وازمهێنا و دیسان هاتمەوە، بەهەمووی حەوت ساڵە خەریکم، بەڵام ئەمساڵ تەواودەبم.

*** پاش خوێندن بەرنامەت چییە، دەگەڕێیتەوە سەمسور یان لێرە دەمێنیەوە؟**

–پێم خۆشە بگەڕێمەوە سەمسور یان بچمە زانکۆی ئامەد، بەڵام لەوێ دەرفەت کەمترە، چونکە زۆر شت لێرە دەتوانین بیکەین، لەوێ بۆمان ناکرێت. لەوانەشە بچم بۆ بەریتانیا، لەوێ زیاتر دەستم کراوەدەبێت و هونەر بایەخێکی زیاتری پێ دەدرێت. لێرە بەردەوام کێشەی پارە هەیە. جاروباریش خۆم دەرسی دانس دەڵێمەوە.

*** لەکوێ دەرس دەڵێیتەوە؟**

– کۆمەڵەیەکی فۆلکلۆر هەیە، ڕۆژانی یەک شەممە دەچم بۆ ئەوێ. لەوێ سەمای هەرێمی سەمسور فێری خوێندکارەکان دەکەم.

*** چەند خوێندکارت هەیە؟ هەمووی کوردن یان خەڵکی تریشیان لەناودایە؟**

– ٣٥ خوێندکارن. تێکەڵن، کورد و تورک و نەتەوەکانی تریش.

*** باوکت داوات لێناکات بگەڕێیتەوە؟**

–نەخێر. باوکمماڵی ئاوابێت، دەڵێ چیت دەوێ، ئەوە بکە. لە بنەماڵەی ئێمەدا کەس بەکاری هونەرییەوە خەریک نییە. تەنیا منم.

# ژن لە چەوساندنەوەدا، کوردە لە بندەستییدا

## لە دوای شکانی باڵی پەلەوەرێک گریان هیچ سوودێکی نییە

گوڵتین کایە خێزانی هونەرمەند ئەحمەد کایە

میوانی کاک چەکدارم لە ئەستەنبوڵ، لە جادەی شیشلی لە گەڕەکی خالیدە ئەدیب ئدیوار. ئەم گەڕەکە بە ناوی خالیدە ئەدیب ڕووناکبیر و ئەدیبـی ناسراوی تورکیای کەمالیزمەوەیە. خالیدە ئەدیب (١٨٨٤ - ١٩٦٤)، نموونەی ئەو ژنە هاوچەرخەیە کە ئەتاتورک لە دەوڵەتە لایکییەکەی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشابوو. ژنێک ئازاد و سەربەست، مۆدێرن و تورکخوازێکی نوێباو، کە گوزارشت لە قۆناغێکی تازەی ژیانی کۆمەڵایەتی تورکیا بکات. گوایە ئیتر ئەم ژنە وەک ئەو ژنانەی حەرەمسەرای عوسمانلی نییە، کە تیایاندا هەبوو بە دەسیسەو تەگبیر، یان بە تیرئەندازی جوانی و نازوفیز دەوریان لە ماجەرای بابی عالیدا دەگێڕا.

ئەو تەنانەت وەک ژنانی ژیری دەورانی سەلجوقیش نییە، کە بوونە هاوسەر و دایکی خەلیفەکانی عەباسی. دەوری خالیدە لە ژیانی ئەتاتورکدا دەورێکی شەخسیی نییە، بۆ نموونە وەک ئەوەی (لەتیفە خانم) و (فکریە) هەیانبووە. خالیدە ئەدیب ڕووئیای ئەتاتورکە بۆ ژن لە «کەرتی گشتی»دا نەک لە «کەرتی تایبەتی» ژیانی شەخسیی خۆیدا، کە شەراکەتی ژنی قبوڵ نەدەکرد، بگرە شەراکەتی هیچ کەسێکی لە ژێر هیچ ناوێکی مۆدێرن و بەباقوبریقدا قبوڵ نەدەکرد.

دواجار خالیدە لە سەردەمی ئەتاتورک خۆیدا، ساڵی ١٩٢٤، تۆمەتی خیانەتی درایە پاڵ، لەگەڵ مێردەکەی وڵاتیان جێهێشت و ئەو هەموو مێژووە لە چاکسازیی پەروەردەو لە ریزەکانی موقاوەمە و شەڕی رزگاری، شەفاعەتی بۆ نەکرد.

دواجار مستەفا کەمال تەحەمولی نموونەکەی خۆی نەکرد، ساڵی ١٩٣٩، یانی ساڵێک دوای مردنی ئەو، خالیدەی مەنفا گەڕایەوە تورکیا.

## کۆڵانی ماڵی خالیدە

خالیدە بۆ تورکیای عەلمانی وەک کلارا زیکیتن، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و هەروا وەک ژنانی نموونەیی سۆڤییەتە لە دەورانی ڕۆمانسیی تەجرەبەی ف. ئە لەنیندا.

ژن چۆن بوو لە دەورانی ئەتاتورکدا؟ ژن وابوو وەک ئەوەی خالیدەی لەسەر بوو. خالیدە چۆن بوو؟ خالیدە وەک ئەوە وا بوو کە لە ژنی تەرز ئەتاتورکیی دەگێڕنەوە.

میوانی خالیدە ئەدیبم و لە کتێبـی (لەتیفە خانم ئەفەندم و مستەفا کەمال ئەتاتورک)

دەخوێنمەوە. ئەم کتێبە، کە لە نووسینی ئیبک چالچلەرە و دەگوترێ چاپە تورکییەکەی دووسەد هەزار دانەی لێ فرۆشراوەو چەند جار چاپکراوەتەوە، بەسەرهاتی ململانێی دوو ژن لەسەر دڵ و ئەندێشەی مستەفا پاشا دەگێڕێتەوە. وردەکاری ململانێیەک، کە وەک زۆر شتی تری ژیانی ئەتاتورک و ژیانی تورکیاش یەکلایی نەکراوەتەوە و ناکۆکی لەسەر ریزبەندی رووداوەکانی هەیە. ناوی خالیدەش لێرە هەیە.

یەکەمجار لە کەرکوک، لە کتێبی پیاوە بتەکە، ناوی خالیدەم بەرچاوکەوت. ئەو نەفرەتەی بەر ئەتاتورک کەوتبوو لەلایەن (ئەفسەرێکی پێشووی تورک)ەوە کە ناوی خوازراوی نووسەری کتێبەکە بوو، ئەوەندەش بەر خالیدە کەوتبوو. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو کاریگەرییەی ئەم نموونەیە لەلای رەخنەگرانی غەربزەدەیی تورکیای کەمالیستی دروستیکردووە. جارێکی تر ئەدیبێکی تورکمانی کەرکوکی، وەحید بەهائەددین، یادی خالیدەی بۆ کردینەوە. چوو بووە لای، لە دوا دواییەکانی ژیانیدا، چەند پرسیارێکی لەسەر ئەدەب و ئەندێشەی وی لێ کرد بوو.

بەڵام خالیدە ئەگەرچی مۆدێل بوو بۆ کۆمەڵی ئەتاتورکی و لە خەباتی سیاسیی و لە داهێنانی ئەدەبیشدا بەشداربوو، لێ داستانەکەی لە روانگەی مێژووی رەسمییەوە «بێ کەموکوڕی»یش نەبوو، بەری هەر شت ئەو لە ڕەگی دایکی و باوک و خانەوادەییەوە تورکێکی خالیس نەبوو، لە جولەکەی دۆنمە بوو، دایکی ئەو پێشتر- وەک کوردی کرمانجی باکوور دەیگێڕنەوە- شووی بە عەلی شامیل، یەک لە دیارەکانی ماڵباتی بەدرخانی کردبوو. لە کتێبی (ماڵی هێشووە مۆرەکان)دا خالیدە بەشانازییەوە باسی مێردی دایکی عەلی شامیل بەدرخان و براکانی دەکات. (الاسرة البدرخانية، نشاطها السياسي والثقافي ١٩٠٠ -١٩٥٠، د. صلاح محمد سليم هروري، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠٦ل٢٢) لەکتێباندا ئاوا پەسەندی عەلی شامیل پاشا دەکرێت:

(عەلی شامیل پاشا لەگەڵ ئەو خۆبەختکەرانەی کۆیکردبوونەوە بەشداریی لە جەنگی عوسمانی-روسی (١٨٧٦-١٨٧٧)دا کردووە، کاریگەرییەکی گەورەی نواندووە و پێی زامداربووە و بە شەلی ماوەتەوە. عەبدولحەمیدی دووەم، گەلێک پشتگیری بەدرخانییەکانی دەکرد. ئەوانیش لەگەڵیدا راستگۆبوون. هەروەها عەبدوڕڕەزاق بەگی هەر ئەم بنەماڵەیە، وەک مەئموری تەشریفات فرمانی ئەنجامدەدا و لەژێر چاودێریی تەحسین پاشای سەرنووسەری مابەین و لە پیاوە نزیکەکانی پلەی یەکەمی پادشا بوو.

عەلی شامیل پاشا لە بەری (ئویسکویدار)دا، ئەوەی هەڵیدەواسی هەڵیدەواسی و ئەوەی دەیبڕی دەیبڕی. هەرکەسێکی بویستایە دەیگرت، فەلاقەیدەکرد، لە قشڵەدا بەندیدەکرد، لەبەری ئەوبەردا ئاسایی دەرەبەگایەتییەکی دانابوو، نەیدەهێشت ریدوان پاشا تێکەڵی کاروباری شارەوانی بێ، ئەسنافی (خاوەن پیشە)کانی کۆنترۆڵکردبوو، کەسێک کەموکوڕییەکی هەبایە بەخۆی سزایدەدا، بەڵام فەقیر و هەژاری دەپاراست، چاودێریی مافەکانیانی دەکرد، بۆیە لەلای خەڵکی زۆر خۆشەویست بوو، لەبەرئەوەی ئەو ناوەی چاوشکێن کردبوو کەس نەیدەوێرا شکاتبکا، سەر بۆ فەرمانەکانی دانەنوێنێ.

(کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلا کۆم، وەرگێرانی ئەحمەد تاقانە، دەزگای موکریانی، ساڵی ٢٠٠٥، هەولێر، چاپخانەی پەروەردە ل٢٠٦).

بەڵام ئەم پایەدارییە لەگەڵ قەومانی کوشتنی بەرپرسێکی گەورەی دەوڵەتیی لە ئەستەنبوڵ و تێوەگلانی عەلی شامیل پاشا وماڵباتی بەدرخانییەکان دەکەوێت و ماڵباتی بەدرخان و عەلی شامیل پاشا خۆشی پەرتوبڵاودەبنەوە، زەمان وا وەردەگەڕێ کورد بوونیشی قەدەغەدەبێت، ئەگەرچی خالیدە هەروا لەسەر پەسەندی خزمەکانی خۆی مایەوە، بەڵام لە ڕیوایەتی ڕەسمیدا دەشێ خۆی ئەمەش شوختێکی بریندداربێت بۆ ئەوانەی ژنی مۆدێرنی عەلمانی و عیرقی پاکی یەک ئاڵا و یەک نەتەوەی تورک پێکەوە گرێدەدەن.

بەمجۆرە خالیدەی میوانزادەمان نەک هەر بۆ ئەتاتورک، بەڵکو بۆ منیش دەبێتە مۆدێل لە سەر چیرۆکی ناکامی تورکیا لە غیابی بەشی دووەمی چیرۆکەکەدا، کە کوردە. ئەو کوردەی بزرە و ئامادەیە، جارێک لە شێوەی باوە پیارە و جارێکی تریش لە شێوەی قوربانی نکۆڵیکردن و تواندنەوە، کە دەبێ وەک شێخ سەعید و سەید ڕەزای دەرسیمی سەری پانبکرێتەوە. سەرنجبدەنە ئەو پەیوەستەگییە لەنێوان ژن و کورددا، لە ساتەوەختێکی گرژی پەیوەندیی نێوان مستەفا پاشا و لەتیفە خانمدا، کە هێزی ململانێیەکی دژواری خێزانیی بڕستی لە مستەفا بڕیوە، هەواڵ دێت کوردەکانی شێخ سەعید لە دەوڵەت ڕاستبوونەتەوەو داوای شەریعەت دەکەنەوە، یانی داوای خستنی بتەکانی یەک نەتەوەو یەک ئاڵا و یەک نموونەی ژنی هاورچەخ دەکەن. لەوێدا وەک ئارمسترۆنگ دەڵێت: (لەو دەمەدا مستەفا کەمال تۆزی تەمبەڵی و بێومێدی و مەی و ژنی لە خۆی تەکاند. جۆشو خرۆشی دێرین و پەنهانی لە دەمارەکانیدا کەوتنەخۆ، هاواری بۆ میللەت برد. تورکیا لە مەترسیدایە، دوژمنی بێگانەو سەرەکی ئینگلتەرا دۆستایەتی کورد دەکات و پارەو چەکیان دەداتێ). (الکابتن هـ. س. ارمسترونج – الذئب الاغبر – مصطفی کمال – کتاب الهلال: مصر – یولیو ١٩٥٢ ل٢٠٦).

لە دەورانێکی تریشدا کورد و ژن دێنەوە کایەی ئەتاتورکەوە.

## سەبیحە چووە ئاسمانی دەرسیم

(سەبیحە گۆکچەن)، کە کچی بە خێوکراوی ئەتاتورکە، دەبێتە یەکەم ژنە فڕۆکەوانی تورک، کە مەشقی فڕۆکەوانی تەواودەکات و دەبێتە نموونەی پێشکەوتنی ژنان لە کایەی سەربازیدا. ئەو بوارەش وەک پاوانی پیاو نەما و ژنانیش هاتنە ڕۆژەڤییەوە. بیرۆکەکە وا دێتە پیش چاو، ئەگەر فڕۆکەوانیی جەنگیی لە تورکیای نکۆڵیکار لە کورد (تاوان)ی دەرسیم و کۆمەڵکوژی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧ بەرپادەکات، ئەوا نابێ ژن لەم دەستکەوتی (تاوانە) بێبەریبکرێت.

ئێمە باسی فڕۆکەوانێکی جەنگیی دەکەین، نەک ژنە دکتۆرێکی تورکیای نوێ کە لە مەیدانەکانی جەنگ و نەبەردیی سەربازیی پیاواندا ئامادەگییەکی ئینسانی هەبێت، ڕۆڵبگێڕێ لە تیمار و چارەسەری و تەداروکاتی تەندروستییدا. ڕۆڵ بگێڕێت لە ڕاگرتنی شەڕی شێتانەی

پیاوەکان و وەکو ژنە چیاییەکەکانی ڕەسول حەمزاتۆڤ لەچکەکەی لەنێو ڕاستی دوو بەرەبابی شەڕکەردا فڕێبدات و هەردووکیان ناچاری ئاشتی و دیالۆگ بکات. ئێمە باسی نموونەی ژنی نوێ دەکەین، کە ئەتاتورک بەخێویکردووە، مەشقیداوەو ناردوویەتییە سۆڤێت، نەک بۆ وۆرک شۆپی ئاشتیخوازیی ژنانی داغستانی سۆڤێتی، بەڵکو بۆ مەشقی سەربازیی و پێگەیاندنی شەڕڤانێک، کە پاش دەیان ساڵ دانی پیا دەنێت بە ئەمری ئەتاتورک دەرسیمی بۆردومانکردووە، تا شانی خۆی لە بەرپرسیاری ئەخلاقی و مرۆیی خاڵیبکاتەوە.

ئەوەتا لە بیرەوەرییەکانی سەبیحەدا باسی فەرمانی ئەتاتورک کراوە، وەک هەمیشە هاوکارم سەردار جەعفەر ئەزێت دەکێشێت و وەرگێڕانم بۆ دەکات. وتارێکی نووسەری تورک دەریا سازاک، لە ڕۆژنامەی میلییەت بیرەوەرییەکانی خانمی فڕۆکەوان لەژێر ناوی (لەسەر ڕێبازی ئەتاتورک تەمەنێک ئاوەها دەربازبوو) دەکاتە بەڵگەی تاوان.

(لە لاپەڕە (٤١٧)ی کتێبەکەوە گرنگیدراوە بەو بەشانەی بەوێنە باس لەوە دەکات ئەتاتورک لە نزیکەوە چاودێریی دەورە و ڕاهێنانەکانی سەبیحە گۆکچەن-ی کردووە لە کۆلیژی فڕۆکەوانی ئەسکی شەهیر و ئەو مانۆڕە سەربازییانەی بەشداری تێدا کردوون. چەند وێنەیەکی ئەو کتێبە تایبەتن بەو کاتەی کە ئامادەکاری کراوە بۆ هێرشکردنە سەر دەرسیم... سەبیحە دەڵێت: تورکیا پێویستی بە ئارامی و ئاشتی هەبوو. ئەتاتورک فەرمانیکرد کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت و ئاشتی و برایەتی سەرلەنوێ بونیادبنرێتەوە. بۆیە من و فڕۆکەکانیشمان هەر زوو بەرەو ئەرکی کۆژاندنەوەی ئەو ئاگرە فڕین».

وتارێکی تریشمان لەبەردەستە، کە هی ساڵی ٢٠٠٩ـە گوندوز ڤاساف لە بابەتێکیدا، کە ساڵی ٢٠٠٩ لە ماڵپەڕی (ڕادیکاڵ)ی تورکی بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

(ماوەیەک پێش ئێستا لە ئەستەنبوڵ، بەسەر فڕۆکەخانەی سەبیحە گۆکچەن-دا تێپەڕیم. کاتێک لە هۆڵی فڕۆکەخانەکەوە بەرەو فڕۆکەکەم دەڕۆیشتم، لەبەردەم تەختەیەکی گەورە وەستام ژیانی خاتوو سەبیحەی لەسەر نووسرابوو. ئەمە دەقی ئەو نووسراوەیە، کە وەکو شانازییەک نووسرابوو:

(ئەو یەکەم ژنە فڕۆکەوانی جەنگ بوو. سەبیحە گۆکچەن ساڵی ١٩٣٧ وەکو فڕۆکەوانی جەنگ بەشداریی ئۆپەراسیۆنی دەرسیم -ی کردووە...» لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ژێرەوەشیدا باس لەوە نەکراوە کە گۆکچەن لە دەرسیم بۆردومانی خەڵکی بێتاوانی کردووە. تۆ بڵێیت لە شەرما باسیان نەکردبێ؟

ئەمە دووڕوویی تورکیایە. ڕوویەکیان بۆ دەرەوەیە: سەیربکەن ئێمە چەندە شارستانین، ژنەکانیشمان دەتوانن ببن بەفڕۆکەوان. ڕووەکەی تریش لە جیاتی لێپرسینەوە، بەو مێژووە لەبەرکراوە دادەپۆشرێت، کە گەیاندوومانەتە ئاسمانەکان. ئاخۆ داوای گۆڕینی ناوی فڕۆکەخانەی سەبیحە گۆکچەن بکەم، بەهەڵە لێم تێدەگەن؟).

ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٣٧دا بەم شێوەیە، بە ناڕاستەوخۆ وەسفی سەبیحە دەکات (ئەم پشێوییانە لەلایەن هێزەکانی سوپاو پۆلیسەوە سەرکوتکرا لە چوارچێوەی پرۆسەگەلێک کە خانمێکی فڕۆکەوان جولەی داهێنەرانەی تێدا

کرد) واتا تایمز بەخۆشحالییەوە جولە پەهلەوانییەکانی سەبیحە لە دژی ژن و منداڵی کورد بڵاودەکاتەوە. (باسیل نیکیتین.. الکرد ل٤٨٦).

ئایا حەوجە بەوە دەکات بڵێین ئەو سەبیحەیە کە لە وێنە قەدیمەکانی دەورانی ئەتاتورک و ئەنینۆدا دەرکەوتووە قسە هەیە لەسەر بنەچە ئەرمەنییەکەی؟ لەئەڵیشیدا ناوی خاتوون سیبیلجیان و ساڵی ١٩١٣ لە بۆرسە لەدایکبووەو باوکی لە کوشتاری ئەرمەندا کوژراوەو ساڵی ٢٠٠١، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا، وەفاتیکردووە. (سایتی ایلاف، ابنە کمال اتاتورک بالتبنی کانت ارمنیة. رۆژی ٢١ی فبرایری ساڵی ٢٠٠٤ لە هەواڵەکانی فرانس پریسدا هاتووە).

ئەتاتورک نمایانی دەوڵەتێکی نوێمان بۆ دەکات، بەڵام بەخێوکردنی منداڵی بێکەسوکار کۆپییەکی هاوچەرخی دابێکی عوسمانییە لە دەورانی یەنچەرییدا، منداڵی ناموسڵمانی میللەتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا وەک غەنیمەی جەنگ دەبرێن و سەرلەنوێ بۆ غەزاو جەنگەکانی دواتر پەروەردەدەکرێنەوە. سەبیحە قوربانی کوشتاری ئەرمەنە و دێتەوە تا کوشتاری تر بکات. لە قوربانییەوە دەبێتە جەللاد.

سەبیحە قوربانیی بەجێماوی کۆمەڵە، کە سەر لەنوێ بۆ قڕکردن بەخێودەکرێت، ئەو دەرسیم بۆردوماندەکات و کوردەکانی دەرسیمیش دەبنە قوربانی تەمبێکردن (تەمبێکردن رێک ئەو دەستەواژەیەیە کە بۆ کوردی یاخیبوو بەکاردێت و رێک لە بەرەنگاری شۆڕشی دەرسیمدا بەخەستی بەکارهات).

باوکی کەماڵ کلچدار ئۆغلوش لەنێو قوربانیانی دەرسیمە. کوردێکی عەلەوی بەلەنگاز، کە دواتر بنەماڵەکەی وا تەمبێدەبێت جارێکی تر نەبنەوە بە کورد. دەبنە تورکی بەختەوەرو دروشمی چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی دەڵێ تورکم ئەزبەردەکەن. کلچدار ئۆغلو خۆی نموونەی تورکی بەختەوەرە، کە دەبێتە سەرۆکی پارتی جەهەپە، پارتی لەپاش بەجێماوی ئەتاتورک و عەرابی تاوانەکانی زەمانی یەکحزبی و یەکئاڵایی و یەک نەتەوەیی. کلچدار ئۆغلو وا بەختەوەردەبێت کە تەنانەت وەختێک تورکەکانی بە بنەچە تورکی خاڵسن لە میراتی ئەتاتورک یاخیدەبن و دەڵێن ئەم بەختەوەرییە بریندارە و ئێمە کێشەمان هەیە، لەناویشیاندا کێشەی کورد، ئەو ملنادات و لە بەختەوەریی خۆی نایەتە خوارەوە. دەوڵەت داوای لێبوردن دەکات لەسەر تاوانی دەرسیم، لێ کەمال کلچدار ئۆغلو دەستبەرداری بەختەوەرییەکەی نابێت، ئەویش لە کارگەی وەبەرهێنانەوەی قوربانی لە بەرگ و پاکەتی جەلادێکدا (لە کوردبوون و دەرسیمییبوونەوە بەرەو تورکبوون و کەمالیستبوون) خۆی دووبارەدەکاتەوە. باسوخواس هەر باسی کورد و ژنە، بۆیە کچە شاعیرێکی کوردی باکوور، بێژەن ماتۆر، توانجی هەیە لە کلچکدار ئۆغلو:

(کلچکدار ئۆغڵو، باڵۆنێکی ساختەیە، چونکە ئەو کابرایە کوردبوون و عەلەوییبوونەکەی بەئێمە دەفرۆشێت، لەحاڵێکدا کە کوردەکان قبوڵناکات، ئیدعای ئەوەی کرد کە تورکمانە، ئەو خەڵکی دێرسمە، بەڵام لە خێزانێکی ئاسیملەکراوە، کەسێکی کەمالیستە و لە دژی پەروەردەی کوردییە، کەسێکی هیوابەخش نییە، بەڵام کۆمەڵگە پێویستی بەهیوایە، ئەو

زۆر بەشارەزاییەوە دەستی بە پروپاگەندە کرد، لە یەکەم هەنگاویدا بەسەرۆک وەزیرانی وت (رەجەب)، هەروەها وتی (من مافی کچە لەچک بەسەرە کارکەرەکانی ژێر پەیژە دەدەم. وتووێژی تورکیاناسی لەگەڵ بێژەن ماتۆر، ژمارە ٧ تشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠١٠ ل٤٥).

میوانی کاک چەکدارم لە گەرەکی خالیدە ئەدیب، دەگەمە سەر باسوخواسە وردەکاری پەیوەندیی مستەفا کەمال و لەتیفە خانم، رۆژگارێک تەنانەت پێش شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥دا، رۆژگارێک ناوی کورد وەک بەڵگەی کۆنەپەرستی و وەحشیگەریی دێت لە کۆمارەکەی لەتیفە هانم و مستەفا کەمالدا. خەبەردێت کە مستەفا پاشا نەخۆشە، داخۆ کێ جێی بگرێتەوە؟ مەزەندەی جۆربەجۆر دێت، یەکێک لەوانە لەتیفە خانم ببێتە حوکمڕانی تورکیا. لەوێدا رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، کە تا ئێستاش لە ریزبەندیی رۆژنامەکانی ئەمەریکادا وەک رۆژنامەی چەپگەری ناوی دێت، هەڵسەنگاندن بۆ تورکیا و لەتیفە خانم و کوردەکانیش دەکات. (نیویۆرک تایمز لە ژمارەی رۆژی ١٩٢٣-١- ٢٣ بە پینووسی فریدریک ئوین دەنووسێت:

(ماوەی دوو مانگە مستەفا کەمال پاشا نەخۆشە، پاش تووشبوونی بە جەڵتەیەکی دڵ، کەس نازانێ داخۆ دوای مردنی چی روودەدات، چونکە ئەو هەموو دەسەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆکردۆتەوە؟ لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی ناوێکی دیکە لەم کاتەدا لەئارادا نییە، بەڵام بێگومان دەکرێت بیربکرێتەوە لە عیسمەت پاشا، کە وەکو دانوستانکاری لۆزان ناوبانگیدەرکرد.. یان فەتحی بەگ سەرۆکی حکومەت.. یاخود رەئووف بەگ کە بە پاڵەوانی کەشتیگەلی جەنگی بالکان دەژمێردرێت، ئەو کەسایەتیانە بەمیراتگری چاوەڕوانکراوی دەسەڵات وێنادەکرێن، بەڵام ئەو ناوانە چۆن حوکمڕانی بکەن لەکاتێکدا کە پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنی تێدایە و کوردەکان بەشێکن لەو ئۆپۆزسیۆنە؟ نوێنەرانی کوردەکان هێشتا دەستبەرداری رەوشتە بەربەرییەکەیان نەبوون، هێشتا لە گرنگی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە تێنەگەیشتوون.

لەم کاتە ناسکەدا کەسانێک هەن وا بیردەکەنەوە، کە هاوسەرە زیرەک و پێشکەوتنخوازو دەوڵەمەندەکەی کەمال بتوانێت لە پاش خۆی حوکمڕانی وڵات بکات.. ئەو ژنە کە خوێندنی لە دەرەوەی وڵات تەواوکردووەو لەهەمان کاتدا هەڵگری ئایدیای بزووتنەوەی ئازادی ژنانە..... (ایبک تشالشلر لطيفة خانم افندی و مصطفى كمال اتاتورك، ترجمه بكر صدقي، شركه قدمس للنشر والتوزيع چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩ ل٢١٨).

ئەمە فەرمایشتی نیویۆرک تایمزە، کە ئەم ناو و ناتۆرانە لە کورد دەنێت و ئەو ماستاوە بۆ مستەفا پاشا و ژنەکەشی دەکات.

لە شوێنێکی تر گرێدراوییەکی زەمەنی هەیە لەنێوان کۆتایی پەیوەندیی لەتیفە و مستەفا لەلایەک و کۆتایی پەیوەندیی نەتەوەی کورد لەگەڵ کۆماری کەمالیزمدا لەلایەکی ترەوە کتێبەکە دەڵێت:

لەو گەشتەی مانگێکی خایاند کەس باسی هیچ جۆرە گرژییەکی لەنێوان لەتیفە ومستەفا کەمال نەکرد. لە دووی شوبات گەڕانەوە ئەنقەرە. هەموو شتێک گۆڕا لەگەڵ سەرەتای ئەو

یاخبوونەی کاری خۆی لەسەر ئاینەدەی تورکیا جێدێڵێت.. هەمان سەرچاوە ل٢٩٨).

دوای سەرکوتکردنی گوایە یاخیبوونەکەی شێخ سەعید، لەتیفە پشتیوانی خۆی بۆ سیاسەتی دەوڵەت لە بەرامبەر شۆرشی شێخ سەعید دەردەبرێت. ئەو لە بەهاری ١٩٢٥دا کۆنگرەی کۆربەندی تورکیا دەکاتە مینبەری ئەو پشیتیوانییە. کتێب دەڵێت (یاخیبوونی شێخ سەعید خەسڵەتی سیاسەتە ناسیونالیستیی و تورکییەکان دەخەنە سەر کۆنگرەی سازکراو لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئەنقەرە... لەتیفە خانم لە وتەکەیدا، کە سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشا، تەئکیدی لە بوونی مەزهەب و رەوتگەلێکی فیکری کردەوە کە هەڕەشەی دابەشکردنی وڵاتەکە دەکەن. کۆربەندە تورکییەکان هەمیشە خەباتیان دژی ئەم رەوتگەلە کردووە، کە ئاژاوە لە ریزەکانی گەلدا دروستدەکەن. ئەم خەباتەش ئامانجی کاریگەری بەدەستهێناوە. لەتیفە بەم وتانەی پشتگیرییەکی ڕاشکاوی بە سیاسەتەکانی دەوڵەت بەخشی... ئەحمەد ئاغا ئۆغلو ئەم وتارەی لەتیفە، کە پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرەکەی کرد، وا وەسفکرد: رووداوێکی گرنگە لە مێژووی نەتەوایەتیی تورکدا... هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠).

فالح رفقی لە وتارێکدا لە ژمارەی رۆژی ١٩٢٥- ٥- ٢٩ رۆژنامەی (حاکمیتی ملییە) بڵابۆتەوە دەپرسێت (بڵێی یاخیبوونی رۆژهەڵات شۆرشێکی سیاسیی نەتەوەیی بووبێت نەک بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستی وەک لە رۆژە بەرابییەکانییدا حوکممان بەسەردا دا؟) ل٢٩٩.

بەو حاڵەشەوە ژنە نووسەری ئەم کتێبە، وێرای ئەوەی خۆ وەکو چەپ و سۆسیالیستخوازێک دەناسێنێ، دەپرسێت نەمانزانی بزووتنەوەکەی شێخ سەعید نەتەوەییەو بەرگی ئاینیی پۆشیووە، یان ئاینییە لە ژێر تایتڵی نەتەوەگەرییدا خۆی حەشارداوە؟ (تا ئەمرۆ ئەو گفتوگۆیە یەکلایی نەبۆتەوە، داخۆ یاخیبوونەکەی شێخ سەعید شۆرشێکی چەواشەی بیناکراو لەسەر کۆنەپەرستی ئاینی بوو، یان یاخبوونێکی نەتەوەیی بوو لە ژێر دەمامکی ئیسلامدا. ل٢٩٩).

ئەم پرسیارەی لە شێوەی پرسیارێکی فەلسەفیدا خۆی نمایانکردووە نامۆنییە لە فەزای چەپی تورکدا، کە ئەتاتورکی بەباوکی پێشکەوتنخوازی دەزانی، بەس کەس لەمانە ناپرسن بۆچی دەبێ مستەفا کەمال بۆی هەبێت لە شەڕی مەزنی رزگاری نیشتمانییدا ئایین بۆ هاندانی جیهاد و فریودانی کوردی موسڵمان بەکاربێنێت، بێ ئەوەی ئەمە لە پێشکەوتنخوازییەکەی کەمبکاتەوە، کەچی شیخ سەعیدی پیران ئەگەر وایکرد و ئاینی خستە خزمەتی رزگاری نیشتمانییەوە ئەوا کۆنەپەرستە؟ (نووسەر د. وەلید رەزوان پشبەستوو بە سەرنجێکی د. کەمال مەزهەر، لە باسەکەیدا لە سەر شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شرۆڤەی ئەوە دەکا کە ئامانجی کۆتایی شۆرشەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بوو، بۆ ئەمەش وەک هەر بزووتنەوەیەکی تر تەکتیکی جۆراوجۆری بەکارهێنا، لەوانەش بەکارهێنانی هەستی بەهێزی ئاینی لای جوتیارانی کورد تا هانیانبدات پەیوەستی بزووتنەوەکە بکەن. هەر وەکو چۆن مستەفا کەمال لەکاتی شەڕی رزگارییدا کردی .... (موقف التیار الاسلامی والتیار العلمانی فی ترکیا من القضیة الکردیة، د. ولید رضوان، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل٩١) لەکاتێکدا داکۆکی شێخی پیران لە هەردوو پرەنسیبی ئاینیی و نەتەوەیی هەروەکو محەمەد نورەددین دەڵێت بۆ ئەوە بوو

فریای دوا ناسنامە بکەوێت، کە دەشێ یەکسانی لەنێوان کورد وتورک دابینبکات، ئەویش ناسنامەی ئایینییە و بازنەکەی فراوانترە لە ناسنامەی تورکبوون کە ناسنامەیەکی رەگەزییە و هەڕەشەیە بۆ سەر نەتەوە بندەستەکانی وەکو کورد. رەنگە هۆکاری ئەم چەقۆکارییە لەسەر سیاسەتی شێخ سەعیدی پیران ئەوە بووبێت، کە شۆرشەکەی ئەو ژێرکەوت و هەمووان تێیبەردەبن و ئەوەی ئەتاتورک سەرکەوت و دونیاش بۆ سەرکەوتووەکانی دەسەنێتەوە؟ وەکو مەعین بەسیسۆ لە بابێکی وادا وتویەتی چەند رقم لەوانەیە کە یەکەم دێری مێژوویان فێرکردم.

هێشتا لە بابی کوردو ژنی دەورانی ئەتاتورکدام، بۆیە ناوی سەبیحە و دەرسیم دێتەوە گۆڕێ، ئەمجارەیان ژنێکی تر کە کچەزای سەیدا رەزای دەرسیمە دێتە سەر هێڵی داوای مافی کورد، دەڵێ ناوی تونجەلی لاببەن و دەرسیم بگێڕنەوە، ناوی سەبیحە لەسەر ناوی شەقامەکانی شارەکە لاببرێت و حکومەتی تورکیا داوای لێبوردنێکی راستگۆیانە بکات.

خانم زولەیخا بولات گوتی سەدان کەس لە بنەماڵەکەی ئێمە کوژران و ئەوانیتر راگوێزران. تەنها ئەو کاتە توانیمان بگەڕێنەوە کە حکومەت لە ساڵی ١٩٤٧دا لێبوردنی بۆ دەرکردین و زەوی و زارەکانی پێدراینەوە. زولەیخا لە کۆنگرەیەکی تایبەت بەهاواری دەرسیم وتی (تائێستاش گەلی کورد تووشی ئازار و مەرگەسات دەبێتەوە و پێویستە ئەرشیفی کارەساتی دەرسیم هەڵبدرێتەوە.. (ئاکانیوز ٢٦ی شوباتی ٢٠١٢).

## چیللەر و مەروە

میوانی خالیدەم و بیرمدەچێتەوە سەر درێژەدان بە بیرۆکەی بەراوردکاری وەکو چەپخوازێکی دێرین، کە مەبەستمە ئەزموونەکانی مەسەلەی ژن دەوربکەومەوە و وەکو نەتەوەخوازێک بە پرسی کوردیشەوە گرێیبدەم، چونکە وەک وتەزاکە دەیڵێت: ئەو پیاوە رزگاری نەبووە کە ژن دەچەوسێنێتەوەو ئەو نەتەوەیەش رزگاریی نەبووە کە نەتەوەیەکی تر دەچەوسێنێتەوە). دێتەوە بیرم کە ساڵی ١٩٩٦ لە ژێر سەردێری عەسکەر عوسمانلی خەتەفو مەریەمە (جەندرمەی عوسمانلی مەریەمیان ڕفاند) وتارم نووسی بوو: داخۆ کامیان رەمزی ژنە لە تورکیای ئەمرۆدا: لەیلا زانای کوردی زیندانیکراو بەتۆمەتی نەتەوەیی، یان تانسوو چیللەری خانمی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، کە لە جەنەڕاڵەکان جەنەراڵترە و بۆتە زردایکێک بۆ کورد و بۆتە باوەژنی خوانەناس لە دژی ناسنامەی نەتەوەیەک.

(پرسیارەکە ئەوەیە کامیان شیاوترە ببێتە سونبلێک بۆ ڕەهابوونی ژن، لەیلا زانا کە ئەزموونی رۆژانە قاڵبووی خەباتی میللەتەکەی کرد، یان تانسوو چیللەر کە نەیتوانی سەرپۆشەکەی لە بەردەم سوپادا فڕێبدا و داوای شەڕ راگرتن لە سوارچاکان بکا؟ کامیان ئازادترە؟ لەیلای لە زیندان پەستێنراو، یان چیللەرێک کە سەرەنجام لە ئیئتیلافێکی حوکمی و لە چڕترین گوزارشت لە لەرزۆکیی علمانیەتی تورکیا خۆی لە باوەشی عوسمانلییەکدا بینییەوە؟!... (کوردستانی نوێ ژ ١٣٢٩ لە رۆژی ٨-٧-١٩٩٦).

دوایش پرسیارمکردووه (داخوا ئەو زەمەنە کەی دێ، کە تێیدا لەیلا نەک چیللەر دەبێتە نموونەی چاولێکراو بۆ دوارۆژێکی پرشنگدار).

بەڵام ئەو رۆژە زۆری خایاند و نەهات، بۆیە بۆ جارێکی تریش، لە وتارێکی تردا، لەیلام خستەوە ناو جوملەی بەراوردەوە، بەراورد لەگەڵ مەروا قەواقچی پەرلەمانتاری حزبی رەفای ئیسلامی، کە ئەویش تووشی بەزمی پرۆتستۆ هات لەلایەن پەرلەمانتارانی ترەوە، تەنها لەبەرئەوەی سەرپۆشی پۆشیبوو.

لەوێدا بەسەردێری (مەروە و لەیلا و شەڕی مۆدێل) نووسیبووم.

(تێناگەم وەختێک لەیلا زانای پەرلەمانتاری کورد دەستگیراکرا هەڵوێستی ئەم (مەروە قەواقچی)یە چیبوو کە لەسەر سەرپۆشێک هەڵڵایەکی بۆ نرایەوە، بەو جۆرەی پرسی کوردو تەنانەت دەستگیرکردنی ئۆجەلانیش کەوتنە پەراوێزی رووداوەکانەوە؟ بۆچی بانو مەروە وەکو نموونەیەکی خۆڕاگری پێشکەشدەکرێت و کەس لە خۆڕاگریی لەیلا زانا ناپرسێتەوە، کە ئەویش لەلایەن عیلمانییەکانەوە گێچەڵی پێ کرا، چونکە لە هۆڵی پەرلەمان بە کوردی سوێندی یاسایی خواردبوو؟... (ستران عەبدوڵڵا، بەتەنیشت سیاسەتەوە، ١٠١ وتاری رۆژنامەنووسییە، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٩، ل٧٨).

دواتر چوومە سەر فیکری کتێبێکی مەروە، کە دەمێکە هەمە و بریارم دا بیخوێنمەوە، کتێب ناوی (دیموقراطیة بلا حجاب، تأریخ داخل الـتأریخ) بوو، کە ئەویش رووکەشی دیموکراتیی حکومەتی کەمالیستی بۆ دووپاتکردینەوە. لەوێدا رەخنە لە سلێمان دەمیریل دەگرێت، کە فیتنەی پەرلەمانی خستبووە ئەستۆی مەروە قەواقچییەوە (چۆن ئەم وشانە لە دەمی دەمیریل دێنە دەرەوە؟ کێ ئەم شتانەی تەلقینکردووە؟ چۆن دەکرێ وا بە ئاسانی مرۆڤێکی بێتاوان تۆمەتباربکرێت؟ ئایا دەمیریل لەو کاتەی لە گوندەکەی خۆیان بوو لەسەر ترس لە خوا پەروەردەکرابوو؟ ئێستا لە ترسی کێ ترسی خوای لە دڵدا نەماوە؟ (مروە صفا قواقجی، دیموقراطیة بلا حجاب، تاریخ داخل التاریخ – الدار العربیة للعلوم، بیروت، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦ ل٩٦).

ئەمە کام دیمیریلە؟ ئەوی کە هەموو جار ئیسلامییەکانی رەوتێکی فراوانی سەعید نورسیی لە تورکیا دەنگیان پێ دەدا و هەموو جارێکیش لەسەر چەوساندنەوەی کورد و ئیسلامییەکان گللەیی لێ دەکەن. ئەو دەمیریلەی مەروە گلەیی لێ دەکات، هەمان کەسە کە لە هەڵبژاردندا دانی بە راستییە کوردییەکەدا دەنا و دواتر لێی پەشیماندەبۆوە.

مەروە لە داخ و حەسرەتدا دەڵێت: (پەرلەمانتارەکان تەحەمولی تاقە پەرلەمانتاری سەر داپۆشراو مەروە قواقچیان نەکرد، ئەگەرچی ئەوانە لەلایەن ئەو سەرداپۆشراوانەوە هەڵبژێردران کە دەنگیان بە هەموو حزبەکان دا، لە وڵاتێکدا کە ٧٥٪ ژنەکانی سەرپۆشیان هەیە.. (هەمان سەرچاوە ل١١١).

لەگەڵ ئەوەشدا، وەک چۆن شرۆڤەدەکەین کە دەرکەوتنی ژنانی وەک لەیلا زانا لە کایەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا دەرکەوتنی تایپێکی جیاوازە لە بزووتنەی ژنانی تورکیادا، ئاوەهاش هەندێک لە توێژەران هەمان سەرنجی تایبەتمەندیی دەدەن لە خەباتی مەروە و دەستەخوشکە

ئیسلامییەکاندا (ئەوانە دەڵێن هەر بۆ نموونە مافی ژن لە پۆشینی جلوبەرگی ژنانەی خاوەن هێمای ئاینیی بەشێکە لە پرۆسەی ئازادکردنی ژنان.. لەراستیشدا ناکرێ گومان لەوە بکەین، کە بزووتنەوەی ژنانی موسڵمان لە نەوەدەکان بەرگێکی نوێی بە بەری ئیسلام و هەروەها بە بەری بزووتنەوەی ژنانی تورکیادا کرد، بەشێوەیەکی گشتی.... (ترکیا المتغیره تبحث عن ثوب جدید هاینتس گرامر، ت: فاضل جتکر، العبیکان ساڵی ٢٠٠١ ل ٥١).

دیسانەوە دوای خوێندنەوەی کتێبەکە کەوتمەوە تێفکرین لە هەلومەرجێک، کە حیجاب لە سەرێکی ئیسلامیی سەرەڕای پێشێلی مافەکانی هەرچۆنێک بێت، دەرفەتی خوێندنی باڵای مسۆگەرە، بەڵام هەوری بەسەری کورد کە لە پەرلەمان دەردەکرێت شوێنی زیندانە نەک زانکۆ و خوێندنی باڵا. مەروە خوێندنی تەواوکرد و لەیلاش هەر شیعرەکەی قانیعی شاعیری بۆ بەجێیە کە دەڵێ، کونجی زیندانم قوتابخانەیە. دڵم بەوە خۆشکرد کە دەمی خۆی مەدام میتران نامەی بۆ لەیلا زانا نووسیبوو (گەشەتان بە دیموکراسیی لە تورکیا داوە... کوردستانی نوێ ژمارە ١٣١٨) دڵم بەوە خۆشبوو کە خانم پرۆفیسۆر نازان ئوستونداغ لە دیدارەکەی ئەمرۆ کە لەگەڵم کردووە گوتویەتی (ژنی کورد زۆر شتی بەخشیوەتە سیاسەتی کوردی، هەروەها زۆر شتی بەخشیوەتە بزوتنەوەی فیمینیزم-ی تورکیاش).

## لە بەرەی هاونەتەوەی لەیلا زاناوە

هەموو سەرچاوەکان، کە لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێی تورکیا دەکەن، رەگی بزووتنەوەی ژنان دەگێڕنەوە بۆ قۆناغی پێش دامەزراندنی کۆمار، بۆ دوادواییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی، کە دەرکەوتنی رەگەزەکانی عەلمانیی رێگای بۆ دەرکەوتنی باسوخواسی ژنانە کردەوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە مستەفا پاشا تەکانێکی گەورەی بەم بزووتنەوەیە دا.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، کە چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانی کرا، ئەوی پێیدەوترێت (تەنزیمات)، هەندێک پەیمانگەی تایبەت بە ژنان، وەکو خوێندنگەکانی دواناوەندیی، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان و خوێندنگەی پێگەیاندنی مامانی، کرانەوە، لە شارە گەورەکان رێ بە ژنان درا بێنە دەرەوەی ماڵ. دوای لەکارخستنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هاتە سەرکاری جەماعەتی ئیتحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨دا ، هەندێک بڵاڤۆکی وا دەرچوون کە ئاڕاستەیان رووی لە ژنانی خوێندەوار بوو.

هەندێک گۆڤاری وەکو مەحاسن، ژنی نوێ و دونیای ژنی نوێ لەپاڵ رێکخراوەکانی ژنان لە بابەتی کۆمەڵەی پێشخستنی ژنان، ژنی هاوچەرخ، ئەمانە داکۆکیان لە مافی دەرچوونی ژنان بۆ کۆمەڵ و بگرە کارکردنیشیان دەکرد. لەو قۆناغەدا خەبات بۆ بەرەنگاری رێساکانی فرەژنی و بەربەستەکانی بەردەم تەڵاقیش کرا.

سەربارى ئەوەش لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی رزگاری نیشتمانی و لەماوەی نێوان ١٩٢٣-١٩٣٤ ژنان بزووتنەوەیەکی چالاکیان شک نەدەبرد. ئەوی بڕیاری لێ درا لە قازانجی یەکسانی ژنان بڕیارێکی فەوقی سەرکردەکانی وڵات بوون (بابەتی: المرأة فی المنظمات السیاسیة

المتغیرة فی الثمانینات، شیرین تیكلی لە كتێبی تركیا المجتمع و الدولة. تحریر أندرو فنكل و نوكهت سـیدمان، وەرگێڕانی د. حمدی حمید الدوری بیت الحكمـة –بغداد–٢٠٠٢. ل٣١٠–٣١١).

بڕیارە رادیكاڵەكانی مستەفا كەمال و كۆمارە تازەكەی ئەم بوارانەی گرتەوە (دەستوورێكی نوێ، یاسایەكی نوێی مەدەنی، یاسایەكی نوێی جەزائی، یاسایەكی نوێی بازرگانی، كە هەموو ئەمانە لە ئەوروپاوە وەرگیرابوون (تركیا المتغیره تبحث عن ثوب جدید هاینتس گرامر، ت: فاچل جتكر، العبیكانساڵی ٢٠٠١ ل٢٠).

گۆڕانكاری لە یاسای مەدەنی لە ساڵی ١٩٢٦دا، كە دەوترێ لەتیفە خانمیش رۆڵی تێدا گێڕاوە، بۆ دەورانی خۆی شتێكی گەورە بوو. یاسای سویسری كرابووە بناغە. لەو دەمەدا دەستەبژێری بزووتنەوەی ژنان بزووتنەوەكەی خۆیانیان لە ستایشی كەمالیزمدا قەتیسكردو پێیانوابوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەناو ژنانی نەخوێندەواردا ئیتر باشتر ئەو مافانە پیادەدەكرێن. (سەرچاوەی پێشووتر: تركیا المجتمع والدولة .. ل٣١٢).

ئەگەرچی توركیا لە ساڵی ١٩٣٤دا، لە بواری دەركردنی یاسای مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەكان، پێش زۆر وڵاتی ئەوروپی كەوت، بەڵام چونكە سیاسەتكردن نەبووە دابونەریتێكی گشتی لای ژنان، سەرەنجام بەشداریی پەرلەمانیی ژنان هەر لە ئاستێكی بەرتەسكدا مایەوە. ئەوی برەوی پەیداكرد لایەنی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی پێشكەوتنی ژنان بوو، هەروەها لایەنی ئابووری لە بواری كاركردن و كار پەیداكردنیشدا.

كورت و كرمانجی تەبەنییكردنی سیستی عەلمانیی و یاسایەكی غەربزەدەیی لە بواری باری كەسێتی و زۆر هەنگاوی تریش، دۆخێكی یەكسانیی و وەك یەكی بۆ ژنانی توركیای رەخساند. بەتایبەتی لە رۆژئاوای توركیا، كە نە كێشەی نەتەوەیی و نە كێشەی دواكەوتنی كۆمەڵایەتی و بەو پێیەش نە كێشەی عەشایەریی هەبوو. وەك ئەوەی باشووری خۆرهەڵاتی توركیای لەسەربوو. ئەمە بەو مانایەش دێت ژنانی كورد لە شێوە گشتییەكەی كاریگەریدا نەبێت نەیانتوانی كەڵكێكی تایبەتی لەو پێشكەوتنە ببینن، كە ژنانی رۆژئاوا (رۆژئاوای توركیا) لێی بەهرەمەندبوون. هەڵبەت ئێمە قسە لەسەر باشووری خۆرهەڵاتێك دەكەین، كە لەوەتەی كۆمار هەیە لە دۆخی دواكەوتوویی و شەمزانی كەسێتییدا راگیراوەو لەوەتەی كودەتای ساڵی ١٩٨٠و ئینجا شەڕی چەكدارییش بەرپاكراوە دەوڵەت دۆخی رەوشی ئاورتەی بەسەردا سەپاندووە، تا بەم دواییە لەگەڵ حوكمی داد و گەشەپێداندا ئاساییبوونەوە پەیڕەوكراوە. ژنی كورد وەكو نەیتوانیووە لە ستایڵی عەڵمانیی چەشنی ژنانی تورك بەهرەمەندبێت، لە دیووە مەرگەساتە كودییەكەی دەوڵەتی كەمالستی بەسەر كورددا هێناوییەتی زەحمەتی و دژاوریی ژیانی دووقات بۆتەوە.

## پەژارەی لەیلا

لەیلا زانا خۆی، كە نموونەی ژنی نەبەرد و ئازای كوردە لە باكوور، چیرۆكە كۆمەڵایەتییەكەی فەسڵێكی خەمناكە لە دەفتەری ژیانی پڕ ئازاری ژنان.

(باوكی لەیلا دوای ساڵ و نیوێك خوێندن، بڕیاردەدات لە قوتابخانە دەریبهێنێت، لەیلا

هیچی پێ ناکرێت و دایکیشی ناتوانێت دژی ئەم خواستەی مێردەکەی بوەستێت، لە تەمەنی چوارده ساڵیدا، بەبێ پرسی لەیلا باوکی بڕیاری بە شوودانی دەدات، کاتێ لەیلا ئەم هەواڵە دەبیستێ، هاواردەکات (ئەمە گاڵتەجارییە)، بەڵام ناتوانێت هیچ کردەوەیەک دژی ئەم پرۆژەیەی باوکی بنوێنێت، مێردەکەی لەیلا، مەهدی زانای ئامۆزای، کە لەیلا دەخوازێت خاوەنی ئەزموونێکی سیاسییە و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی تورکیایە، لە ١٩٧١دا سێ ساڵ ژیانی لە زیندان بەسەربردووە، مەهدی زانا بە بیست ساڵ زیاتر لە لەیلا گەورەترە. لەم رووەوە لەیلا دەڵێ (نەمدەتوانی وەکو مێرد بیری لێ بکەمەوە، چونکە بیست ساڵ زیاتر لە من گەورەتربوو، هەستمکرد ژیانم زەحمەتدەبێت: من دەمویست وەکو منداڵ بژیم.... (لەیلا زانا، پۆرترێتی مرۆڤێکی ستەمدیدە و سامپولێک بۆ ژنی کورد، نووسینی نەزەند بەگی خانی، کوردستانی نوێ ژمارە ١٣١٧ لە رۆژی ٢٤-٦-١٩٩٦).

ئەو لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە بەزۆر بەشوودراوە، بەڵام وەک حیکایەتی رۆمانە تورکییەکان خوا و ڕاستان کردی، کە مێردەکەی تێکۆشەری ناسراوی دیاربەکری، مەهدی زانا، پیاوێکی جەنتلمان و چەپێکی کوردپەروەر بوو، ژنەی لە دۆخی نابەرابەری پەیوەندیی ژن و مێردایەتی دەربازکرد و ئەمەش دەرفەتی بۆ تەقاندنەوەی تواناکانی لەیلا کردووە. لەیلا بە ئازاری سەردانی مێرد زیندانیکراو لە زیندانی بەدناوی دیار بەکر چاوی کرایەوە و زانی کورد ژنە لە چەوساوەییدا و ژن کوردە لە بندەستییدا.

دوایی ژن و مێرد شوێنگۆرکێیانکرد: سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی دیاربەکر، کە دوای کودەتای کەنعان ئیفرن لەزیندان پەستێنرا، درەنگ و زوو ئازادکرا، ئینجا ژنە هاتە مەیدانی کوردایەتییەوە: سەرەتای نەوەدەکان وەک پەرلەمانتاری هەڵبژێردراو ویستی ئازادییەکەی تورکیا تاقیبکاتەوە و لە پەرلەمان بە زمانە قەدەغەکراوەکە قسەبکات، کەچی بە پانزە ساڵ حوکمدرا. لەیلا و ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی تاقیکردنەوەیەکی تازەیان دەستپێکرد. لەو کاتەی خەباتیان بۆ ئازادی نەتەوە دەکرد لە مەیدانی ئازادیی ژنانیشدا دەچوونە پێشەوە. ئەمە شتێک بوو جیاواز لە تەجرەبەی شوێنانی تر. بۆیە سەرنجی لێکۆڵیارانی بۆ راکێشاوە.

توێژەر و ئەکادیمیستی تورک خانم هاندان جاغلایان توێژینەوەی لەسەر ژنی کورد لە کایەی شەئنی گشتی و بەتایبەتی لە کایەی بزووتنەوەی کوردایەتییدا کردووە. لەم بارەیەوە کتێبێکی نووسیووە بەناوی (ناسنامەی سیاسیی رەسمی لە روانگەی ژنی کوردەوە)، کە (بەگوێرەی تۆژینەوەکانی... لەسەر رەوشی ژنانی کورد لە کوردستانی تورکیا، ئەگەرچی ژنانی کورد بیروڕایان جیاوازە لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیا، بەڵام یەک هەڵوێستن لەسەر داخوازییەکانی وەکو مافی ژن و یەکسانی کۆمەڵایەتی... (المراة و الهوية السياسية فی كردستان تركيا، دلشا يوسف http://pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=٤٨٢٠).

هەروەک توێژەرە تورکەکە ئاماژەی بۆ دەکات، رەوشی ژنان لە باکووری کوردستان، بەهۆی رەوتی رێبازی شۆرشگێری پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەندێشەی رێبەرەکەیەوە،

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، گۆرانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا، کە تێگەیشتنی سیاسیی ژنی کورد زۆر هەوراز چووە.

بەڵام پێش ئەوەی باسی رەوتی ژن لەناو خەباتی رێکخراوەیی و گەریلایی پەکەکەدا بکەین، گەرەکە ئاماژە بەهەنگاوەکانی خەباتگێڕانی ژن لە قۆناغی بێداربوونەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بکەین.

سەیر لەوەدایە دەرکەوتنی ژنانی کورد لە کۆری سیاسەتدا هاوشانی پێچانەوەی دیموکراتییە لە تورکیا، بەهۆی کودەتای ١٩٨٠وە، وەک بڵێی سەرکوتکردن گیانی ئازادیخوازی بەتینتربکات. ئەمەش وەک نموونەی لەیلا زاناو دەیان ژنی تر، کە دەهاتنە سەردانی مێرد و برا و باوکە زیندانیکراوەکانیان لە زیندانی گەورەی دیاربەکر. ئەگەر رێکخراوی (یانەی ژنانی دیموکرات و شۆڕشگێڕ DOKAD)ی لێ دەربکەین، کە ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە، ئەوا خەباتی رێکخراوەیی دواکەوتووە.

دوای دە ساڵ لەوە، ئینجا ژنان وەک چالاکی سیاسی دەرکەوت و بەتینوتاوێکی گەورەوە چوونە ریزی رێکخراو و حزبەکانی پیاوان بەسەریدا زاڵن (ناجیە عاشق، باسی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە تورکیا، فەسڵێک لە کتێبی الكرد اليوم، حسين اكويجين اوغلو و اخرون، ترجمە غسان نعسان، مكتب الفكر و التوعية، ساڵی چاپ ٢٠٠٧، دەزگای حەمدی، ل١١٧-١١٨).

یانەکانی ژنانی کورد و رێکخراوەکانیان دوای دوو دەیە لە دەستپێکردنی خەباتی نەتەوایەتی هاوچەرخ کەوتنەکار. لەو دەمەدا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە و ئینجا کەمال بۆرکای سەرۆکی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا، لە ئەورووپا، کتێبیان لەسەر پرسی ئازادی ژن دەرکرد.

کەموکوڕی لەمەدابوو هەردوو حزبی (DEP) و (HEP) وەکو دوو حزبی ئاشکرای کورد لەو وڵاتە، هیچ بەرنامەیەکیان بۆ پرسی ژن نەبوو، ئەگەرچی هەمان ئەو حزبە بوون کە لەیلا زانایان بۆ پەرلەمانتاری پاڵاوت.

مەسەلەی ژن و مەسەلەی نەتەوایەتی پێکەوە گرێدراوبوون، بۆیە دوای ئەتکردنی شوکران ئایدن لەلایەن جاشێکی هاوکاری حکومەت (قوروچی)یەوە، ئەوا ژنان یەک هەفتەی ئاداری ١٩٩٦ چالاکی جۆربەجۆری پرۆتستۆیان کرد لە ئەستەنبوڵ (هەمان سەرچاوەی پێشوو.. ل١٢٥).

رێکخراوەکانی ژنان و چالاکەکانیان گۆڤاری هەمەجۆریان وەکو (یوژین) (رۆژ) (ئەرژین)و (ژنان) دەرکرد. ئیتر پەکەکەش رێکخراوی ژنانی خۆی لە میترۆپۆلەکان و دیاربەکر و شارەکانی تری باکوور دروستکردو ئەم کایە گرنگەی خستە خزمەتی ستراتیژی خۆیەوە، ئەگەرچی رێکخراوی تریش هەن و حزبەکانیش بەدەوری خۆیان بازنەی چالاکی ژنانەیان هەیە.

حەسەن جەمال، نووسەری دیاری رۆژنامەی میللەت، بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لەنێوان پێگەی ژن لەناو پەکەکە و لەناو ئاک پارتی دەکات، جەمال دەڵێت دە هەزار ژن گەریلا لە ریزەکانی پەکەکەدا کوژراون کە خەباتیان بۆ کردووە، پەکەکە و بەدەپە و کەجەکە

ستراتیژێکیان بۆ بەشداریی ژن و کاراکردنی رۆڵیان پەیڕەوکردووە و پێکەوە سیستمی ئیدارەی نیواو نیویان لەنێوان ژنان و پیاواندا دامەزراندووە، بەڵام بەداخەوە ئاک پارتی ستراتیژێکی لەبەرامبەر ئەم ستراتیژەدا نەبووە. پارتی بەدەپە گفتوگۆ و میتنگی کراوە، لەئاستی شارەکانی کوردنشین، لەنێوان ژنان و پیاوان، رێکدەخات. ئەو پیاوانەی لەسەر زهنیەتێکی نوێ راهێنراون.. (المرأە والقضية الكردية و الحزب الحاكم فی ترکیا، دلشا يوسف، صحيفة الاتحاد البغدادية ٢٠١٢/٦/٣).

## عەشقی ئۆجەلان، خەمی ئاڤا شین

رۆڵی ئۆجەلان لەم کەیسەدا رۆڵێکی باڵکێشە. بزووتنەوەکەی ئۆجەلان لە هەندێک رەهەندەوە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەیەکی یەکسانییشە لە ئەرک و بەرپرسیارییدا. بێگومان بەشێک لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی دونیا، لەوانەش بزووتنەوە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین و لە ئاستێکی بەرتەسکیشدا بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە باشوور (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و لە رۆژهەڵات (کۆمەڵە و کەمتریش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ژنانیان لە ریزەکانی خۆیان رێکخستووە، بەڵام هیچیان رێژەی بەشداریی و سەنگی کاریگەرییان ناگاتە ئەوەی لە ریزەکانی پەکەکەدا هەیە. لە دەورانی نەوەدەکاندا لە سەدا سیی«یاخیبووەکان»ی دژی دەوڵەت ژنان بوون، ئێستاش ئەرتەشی هێزی پاراستنی گەل، کە باڵی سەربازی پەکەکەیە، لە ٥٠٠٠ یەکەی سەربازیی ١٢٥٠یان لەو گەریلایانەن کە پەلکی درێژیان بەسەر شانوملیاندا شۆڕکردۆتەوەو بە تەوقەیەکی ئاسایی لەپشتەوە بەستویانە. بەمە لەبیریان دەبێت کە ئەوان هێشتا ژنن و شانازیی ژنێتی نابێ هیچی کەمتربێت لە شانازیی نەتەوەیی. هەمان مەشقدەکەن و هەمان چەکی قورس هەڵدەگرن و هەمان راهێنانی سیاسییش وەردەگرن. داخۆ دەبێ لە کوردستانی ئازاد و بەرهەمی خەباتی هاوبەشدا هەمان ماف و هەمان شانسی پێشکەوتنیان هەبێت؟

لەناو ئەو خەباتگێڕانەدا شەهید ساکینە کانیز دێرینترینیان بوو، کە لە ساڵی ١٩٧٨بەشداریی دامەزراندنی پەکەکەی کردووە. ئەو کە لەگەڵ دوو هەڤاڵی تریدا لە پاریس بوونە قوربانی سەردەمی ئاشتی (٩ی ئایاری ساڵی ٢٠١٢ تیرۆرکران) تەنانەت لە فاتیمە «کەسیرە یەڵدرم»یش دێرینترە، کە هاوسەری پێشووری ئاپۆ بوو و کەسایەتییەکی بە هێزی ئەوتۆی هەبوو ئۆجەلان هەستی بەرکابەرێتی وی دەکرد و دوای چەندین ساڵ لە جیابوونەوەشی (ساڵی ١٩٨٧ریزەکانی پەکەکەی بەجێهێشت و چووە ئەوروپا)، کەچی هەر رەخنەی لە ویستە پاوانخوازییەکەی کەسیرە دەگرت. ئەوەتا لە کتێبێکی تەرخانکراو بۆ (عەشقی کورد) وەسا دەڵێت:

(ئەوەی ئەو ئافرەتە بەسەر مندا دەیسەپاند ئەوە بوو، کە (ئەگەر منت دەوێت، ئەوا دەبێت سیاسەت بخەیتە ژێر پێت و گەوهەری سیاسی و بنەما رێکخستنییەکان بخەیتە پیلانی دووەمەوە، بەواتایەکی تر فیدای منی بکەیت) لەبەرامبەر ئەم رەوشەدا هەرام نایەوەو زۆر تەنگاوبووم، دڵم ئەوەی پێ قبوڵ نەدەکرا، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە وەک

بەهێزترین ئامرازێک عەشقی تاکەکەسێک بەکارهێنرابێت، ئەوا لەو قۆناغەدا خۆم نەفرۆشتە ئەو عەشقە و هەنگاو بەهەنگاو خۆم لێی دوورخستەوە و وتم ئەمە عەشق نییە. پێداگریم لەسەر سیاسەت و رێکخستن کرد، رەنگە خۆم وشکبوویم، بەڵام سیاسەتم رزگارکرد. لەو پەیوەندییە بەناوبانگەمدا لە بەرخۆدانییەکی پتەودا بووم... (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، عەشقی کورد، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەستێرە عەبدولجەبار، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٢٦).

بەراوردی سەرنجراکێش ئەوەیە، هەم ئەتاتورکی سەرەتای سەدەی بیستەم لە لەتیفەی خاوەن کەسێتی بەهێز جیابۆوە، هەمیش ئۆجەلان نەیاری کۆتایی سەدەی بیستەمی کۆمارەکەی ئەتاتورک لە کەسیرەی خاوەن هەژموون جیابۆوە، بەڵام هەردووکیان لە سەرخستنی روانینەکانیان لەناو بازنەی خۆیان (ئەتاتورک لەناو کۆمارەکەی و ئۆجەلان لەناو بزووتنەوەکەی) سەرکەوتووبوون. جا وەکو چۆن ئیبیک چالچلر خانمی نووسەری کاروانی ژیانی لەتیفە لە مەسەلەی کورددا پرسیارێکی بەجێهێشت، دەکرێ ئێمەش لەم بەراوردەدا بپرسین، داخوا ئەوە قەدەری تراژیدیای پاڵەوان بوو کە ئەتاتورک و ئۆجەلان لەکایەی شەخسییدا لەگەڵ ژنی بەهێزدا هەڵنەکەن و لەکایە گشتییەکەدا سەرکەوتووبن، یاخود ئەوان لە پراکتیکدا هێزی سەرباری ئەوتۆیان بە ژنە بەهێزەکانیان بەخشی (بە لەتیفەو بە کەسیرە) کە تەنانەت ئیرادەی جیابوونەوە و تەوەللابوون لە هێزی مێردەکانیشیان پیادەبکەن و بەمەش چڕترین نموونە بن لەسەر سەرکەوتنی ئەتاتورک و ئۆجەلان لە نەبەردی ئازادی ژندا؟

## نموونەی بەرجەستە

راپۆرتێکی رۆژنامەی لوتونی فەرەنسی لەم کۆرەدا نموونەی تێکۆشەرێکی ژن لە ریزەکانی پەکەکە دێنێتەوە، کە بەناو تەلبەندەکانی کۆمەڵی دواکوتوویی کوردی لە باکوور بازی چۆنایەتی داوە و تەڤلی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە. راپۆرتی ناوبراو لە ژێر سەردێری (ژنان لە پارتی کرێکارانی کوردستان... خەبات بۆ مافەکانی کورد و یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز) لە نووسینی بۆریس مابیلارد، ئەزموونی نەشونماکردنی کەسێتی (ئاڤا شین) دەگێڕێتەوە، کە نازناوی خەباتگێڕێکی پەکەکەیە.

(دوای پەیوەستبوونی ئاڤا شین بە ریزەکانی پەکەکەوە بەماوەیەکی کەم، لەگەڵ کچە هاورێیەکی خۆی قسەیکرد کە پێشتر بڕیاریدابوو نەچێتە ریزەکانی پەکەکەوە. کچە ئەسەفی خۆی دەربڕی بوو، کە نەیتوانی بێتە سەر رێبازی من. من خۆشم هۆکاری هەڵاتنەکەم مێرکردنێک بوو، کە حەزم بە کورە نەدەکرد و دەشمزانی ناچارمدەکات لەچک بکەمە سەرم و تەنورەیەکی درێژی بۆر لەبەربکەم).

بەڵام ئاڤاشین دواتر دەستگیردەکرێت و زیندان بۆی بووە پەیمانگەی پێگەیاندن (لەو چوار ساڵ و هەشت مانگەی زیندان فێری شتی وا بووم لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی ژنان، کە هەرگیز نەمدەزانی. ژنە چالاکەکانی زیندان زۆر شتیان فێرکردم) دوای دەرچوونی لە زیندان ئێستا بە ئاگاهی ترەوە خەباتی خۆی درێژەپێدەدات... (النساء

فی حزب العمال الكردستانی... بوریس مابیلارد ، جریدة لوتون الفرنسیة ، ترجمة جریدة الاتحاد، نیسانی ٢٠١٣).

لە کۆمەڵگەیەکدا هەروەکو بە دواداچوونی راپۆرتیی گروپی نێودەوڵەتی تەنگژە دەریدەخات لە سەدا پەنجای کچانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەری هەژدە ساڵیی شوودەکەن و ژن و ژنخوازی بەپێی تەگبیری دایک و باوک و بەتایبەتیش لەنێو خزماندا باوە. چیرۆکی وەک ئەمەی ئاڤا شین زۆرە، کە یان وەک رەفیقەکەی ئەو دەبنە کەرەستە بۆ دراما تورکییەکانی باسی دواکەوتوویی کرمانجەکان و تۆڵە و کوشتن دەکەن، یاخود وەکو خودی ئەو دەبنە گەریلا و (ئاڤا شین)ی زەلال، کە رەنجی کوردایەتی ئاودەدەن تا بەربگرێت.

## دەمەتەقێیەک لە پەراوێزدا سێڤدا لە سلێمانیی بوو

سەردێرەکانی ئەم سەرنجانە لە هاتوچۆی نێوان ئەستەنبول و دیاربەکر و سلێمانییدا نووسرابوون و بەم دواییە بۆ کتێبەکە رێکمخستنەوە، کە کۆنفرانسی ژنانی میدیاکاری کوردستانی باشوور و تورکیا لە سلێمانی بەسترا و منیش گوێگرێکی پانێلەکانی بووم. ڕۆژێکی تەواو کۆمەڵێک ژنە میدیاکاری کورد و تورک، لەناو ستافی تورکیادا ژنانی میدیاکاری کوردی باکووریش هەبوون، گفتوگۆیان لە سەر خەمە هاوبەشەکانی یەکتری دەکرد، کە بواری سیاسەت و ناسنامەی کورد و ئازادی رۆژنامەگەریی لە هەردوو وڵاتیش بەشێک بوون لە گفتوگۆکانیان. کۆنفراس باسی پێشکەوتن و پاشەکشێکانی بزووتنەوەی ژنان و تاقیکردنەوەی چالاکەکانی هەردووڵاشی تێکەوت. چونکە کۆنفرانس هاوکاتی پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا، کە ئەگەری وازهێنانی لە خەباتی چەکداریی هێناوەتە پێشەوە. بە راگوزەریش بێت ژنانی هەردوو لا هاتنە سەر ئەو باسەش. بەندە پەراوێزی ئەوەم بە هەل زانی تا دوو لە چالاکوان و میدیاکارانی باکوور لەسەر رەوشی ژنان لە باکوور بدۆێنم. خانمان: سێڤدا کاپلان، کە نووسەر و پێشکەشکاری بەرنامەشە لە دونیا تیڤی و گولسوم چیمەنتای، میدیاکاری لاو، وەڵامیاندامەوە.

*** سێڤدا خان رەوشی ژنی کورد لە باکوور، لە ڕووی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردییەوە چۆن دەبینن؟**

-سێڤدا کاپلان: دەتوانم بڵێم وردە وردە، بەهۆی پەروەردەوە بەرەو پێش دەچێت. خەریکە ژن روو لە بواری نووسین دەکەن، بە کرمانجی، پێشتر ئەو دەرفەتە نەبوو، کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی زۆر نەبوو، لە ڕووی سیاسییەوە ئاستەنگ هەبوو. ئێستا خەریکە ئەو شتانە نامێنن و ژن بەگشتی وشیاربوونەتەوە. شت دەزانن و پرسیار زۆر دەکەن. کۆن لە بن پەڕوباڵی پیاودا ژیانیان بەسەردەبرد، بەڵام ئێستا وشیاربوونەتەوەو لەخۆیان دەپرسن کە من چی دەکەم؟ بۆیەش من دەتوانم بڵێم ئێستا لە گەلێک ماڵپەڕدا نووسەری ژن هەن و لە ڕووی کەلتووری و هونەریشەوە چالاکن و لە سیاسەتیشدا ژن جێگەی تایبەت بەخۆیان هەیە. خۆشتان دەزانن، لە باکوور ژمارەی ئەو ژنانەی کاری حزبایەتی دەکەن زۆرن.

*** ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

–بەگشتی پارتە کوردییەکانی تورکیا زۆر ڕێگە بۆ بەشداری ژنان خۆشدەکەن.

*** ئەی پارتێکی سیکۆلاری وەک جەهەپە؟**

–ئەوانیش تا ڕادەیەک، بەڵام زیاتر پارتە کوردییەکان دەرفەتیانداوە بە هاتنەپێشەوەی ژنان.

*** ئێستا ژن لە دامودەزگا ڕەسمییەکاندا ڕێژەیان زۆرە؟**

–بەڵێ، ئێستا ژن سیاسەتمەدارن، مامۆستان، پارێزەرن، دەتوانن هەموو پیشەیەکیان هەبێت.

*** ئەمە تەنها لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ وایە، یان لە دیاربەکر و شارە کوردییەکانیشدا بەمجۆرەیە؟**

–بەڵێ، لە دیاربەکریش و شارە کوردییەکانی تریش ژن ڕۆڵیان هەیە.

*** ماوەی ٣٠ ساڵ شەڕ هەبوو لەنێوان پەکەکە و دەوڵەت، ڕاگواستن بەشێوەیەکی فراوان هەبوو، کاریگەریی ئەمە چەندە بوو لەسەر ئەو ژنە کوردانەی لە شارەکانی خۆیان دابڕان و ڕوویانکردە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە؟**

– خۆی ئەو ژنە کوردانەی ڕوویان لە خۆرئاوای وڵات کرد، تێکەڵ بە کۆمەڵگا و دەرەوە بوون، بەڵام ئەوانەی لە خۆرهەڵات مانەوە، هێندە بەرچاونەبوون و پێشکەوتنێکی وایان بەخۆوە نەبینی. بەڕای من ئەوەی زۆر کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی ژنی کورد دانا، پارتە کوردییەکان بوون. بۆ نموونە، کۆمەڵێک دامودەزگای تایبەت بە ژنانیان دامەزراند، بۆ ئەوەی چالاکبن، شت فێربن و بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن. ئەو ژنانەش کە زێدی خۆیان جێهێشت و کۆچیانکردە خۆرئاوا (خۆرئاوای تورکیا) تاڕادەیەک لە کەلتووری خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، هەندێکیش هەن کە لانی کەم لەناو ماڵەکانی خۆیاندا ئەو کەلتوورەیان پاراستووە.

*** پرسی سەرەکی ژنی کورد لە باکوور چییە؟**

– نەک تەنیا ژنی کورد، بەڵکو ژن بەگشتی لە تورکیا کێشەیان هەیە، بەڵام ئەو کێشانەش وەک رابردوو نییە. دابونەریت، عەیبە و شەرم، ئەمانە پێشتر کاریگەرییان زۆر بوو، بەڵام ئێستا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ژن مافی زیاتریان پێ دەدرێت.

– گولسوم چیمەنتای: من دەمەوێت شتێک بە قسەکانی ئەو زیادبکەم.. ئێستا حەشیمەتی تورکیا بەرەو پیری دەڕوات، ٦٠٪ی ژنان دەخوێنن، ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر بارودۆخی کوردستان. دەوڵەت بۆ ئەوەی کچ زیاتر بخوێنن و پەروەردەببن، بەرنامە و پرۆژەی زۆرە، بۆ خۆرهەڵاتی تورکیا و باکووری کوردستان بەرنامەی تایبەتیان داڕشتووە، خەڵکیان زۆر هانداوە بۆ ئەوەی بە کچەکانیان بخوێنن. لە هەندێک حاڵەتدا سزای یاساییش بڕدراوەتەوە بۆ ئەو خێزانانەی ڕێگری لە خوێندنی کچەکانیان دەکەن.

*** دوو ساڵ پێش ئێستا گفتوگۆیەک هەبوو لەسەر مەسەلەی (کورتاژ) لەباربردنی کۆرپە، بۆچوونی ژنانی کورد چۆنە لەسەر ئەو بابەتە؟**

– گولسوم چیمەنتای : ئەوەندەی من بیزانم، ژنی کورد خۆ لەو مەسەلەیە نادەن. کورتاژ بەهۆی بیروباوەڕی باو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، خۆی لەخۆیدا شتێکی نابەجێیە.

*** هەندێک جار ڕاپۆرت دەبیستین لەسەر کوشتنی ژنان لە شار و گوندە کوردنشینەکان، تەنانەت لە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکانیشدا ئەو شتە زۆر زەقدەکرێتەوە. زیاتر وا پیشاندەدرێت کە ئەم دیاردەیە تەنیا لە کوردستان هەیە، ئەمانە ڕاستن؟**

– گولسوم چیمەنتای : نەک تەنیا لە خۆرهەڵات، بەڵکو لە خۆرئاواش ئەو شتانە هەیە. تەنانەت نەک هەر لە گوندیش و بەهۆی (تۆرە) یاساکانی عەشایەری، لە شارەکانیشدا نموونەی وامان زۆرە، کە پیاو بە لێدان ژنەکەی خۆی دەکوژێت، کەچی مەسەلەکە ناموسیش نییە. لە کوردستانیش بەندە بە چۆنیەتی ڕووداوەکانەوە. بۆ نموونە، کچێک لە ماڵ رادەکات، لەم حاڵەتانەدا لێخۆشبوون نییە، بەڵام بەگشتی خەریکە ئەو شتانە کاڵدەنەوە.

*** کەوابوو لە خۆرئاوای تورکیا ژن لەسەر شتێکی ئاساییش دەکوژرێت؟!**

– سێڤدا کاپلان: نەک شتی ئاسایی، بۆ نموونە کێشەی ئابووری لەنێوان ژن و مێرد دەردەکەوێت و پێکنایەن. کێشەکە گشتییە و تەنها ڕەنگەکەی دەگۆڕێت. تایبەت نییە بە کورد یان مەسەلەی جیاوازی چینایەتییەوە. لای کوردەکان زیاتر پەیوەندیی بە دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، یان لە مەترۆپۆلێکی گەورە وەک ئەستەنبوڵ جاری وا هەیە لەسەر یەک قسە ژن دەکوژرێت.

*** ئێوە هەڵسەنگاندنتان چییە بۆ مامەڵەی پارتی داد و گەشەپێدان لەگەڵ دۆسێی ژندا؟**

– گولسوم چیمەنتای: ئەو حکومەتەی ئێستا خەریکە سەبارەت بە مەسەلەی ژن نوێبوونەوە دەکات، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە دەستوورییەکان، بەتایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە وەک من باڵاپۆشن، خەریکە زەمینەی زیاتر خۆشدەکات. بۆ نموونە، پێشتر ژنی باڵاپۆش نەیدەتوانی لەشوێنە ڕەسمییەکان کار بکات، وردە وردە ئەو ئاستەنگانە نامێنێت. لەم خاڵەدا هەوڵەکانیان و بۆچوونەکانیان زۆر ئەرێنییە. ئازادییان گەڕاندەوە بۆ ژنانی باڵاپۆش، هەروەک خۆیان ماوەیەک بوو بەدوایدا دەگەڕان. خۆی ئەو ژنانەی باڵاپۆش نین، بۆ دۆزینەوەی کار زۆر کێشەیان نەبووە، بەڵام ئەوانەی کە لەچکیان لەسەربووە هەمیشە تووشی کێشە بوون.

*** ڕوانگەی ژنانی کورد لە باکوور، سەبارەت بەو ژنە گەریلایانەی کە ساڵانێکە لەناو شەڕدان، چییە؟**

– سێڤدا کاپلان: هەموو ژنێک کە سەیری ئەوان دەکات، خەفەتباردەبێت، چونکە ئێمەش هەر ژنین. سەرەنجام ئەوانیش مافی ژیان و پێکهێنانی خێزانیان هەیە، مافی خۆیانە ئەوانیش ببن بە دایک. بەگشتی ژنانی باکوور زۆر خەمیان لێ دەخۆن و پەرۆشیانن.

*** بەڕای ئێوە دوای سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی، ئەو ژنە شەڕڤانانەی پەکەکە چۆن دەتوانن جارێکی دیکە تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە؟**

– خۆی بەگوێرەی ئەو یاسایانەی هەن، ئەوەی چەکی هەڵنەگرتبێت دەتوانێ بگەڕێتەوە ناو خێزان و کۆمەڵگەکەی، بەڵام ئەو ژنانەیی بەشداری خەباتی چەکدارییان کردووە، ئیتر هەستوسۆزی ژنانەیان کەمبۆتەوە و ڕەنگی پیاویان گرتووە. بۆ ئەوەی ئەمانە دووبارە ببنەوە بە خاوەنی هەستوسۆزی ژنانە، پێویستیان بە پشتگیرییەکی سایکۆلۆژیی فراوان هەیە. لە ڕووی دەروونییەوە پێویستە چارەسەربکرێن. بەڕای من هەر ژن خۆیان دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەربکەن، چونکە خەم و ئێش و ژانەکان یەک شتن، چ بۆ ژنە گەریلایەک، چ بۆ ئەو ژنانەی لە شارەکان دەژین.

# ئەوكاتە هەموو رۆژێک ئینقلاب بوو

ناوی سوپا لە ئەندێشەی هاوڵاتیی تورکدا پەیوەستی جۆرەها دیمەنی ناکۆکە، جارێک وەبیرهێنەرەوەی شانازی و سەرکەوتنەکانی نەتەوەیەکی جەنگاوەرە، کە دەوڵەتێکی دامەزراندووە و سەربازەکان بەڕێوەیانبردووە، لە هەردوو زەمانی سەلجوقی و عوسمانیدا، جارێکیان سوپایەک دەستەبژێری رۆشنبیر و کادیری دەوڵەتی بووە، کە دامەزراوەی سوپا کارگەی بەرهەمهێنان بووە، جارێکی تر سوپای ئیبتزازی یەنیچەری کە ئەگەر جەنگ و تاڵانی و مووچە و خەڵاتی نەبوایە هەڕەشەی لە کۆشکی سوڵتانیش دەکرد، جارێکی تر یادەوەری سوپایەکی هاوچەرخی مەشقپێکراو کە خۆگیڤکردنەوەی یەنیچەری تەفروتوناکرد و ناوی لەگەڵ تەنزیمان و چەکسازی دێت. ئینجا سوپای میللی شەڕی رزگاری، لە جەنگی نیشتمانیدا، کە دەوڵەتی کۆماری دامەزراند و سەرکردە دیارەکانی هەر خۆیان سەرکردەی ئەفەندی و بۆینباخ لەملی کۆشکی کۆماری بوون (ئەتاتورک، عیسمەت ئینینۆ)، کە دوای خۆیان وڵات بەدوو ئاڕاستەی حوکمی مەدەنی و هەژموونی عەسکەر ملی پێوەنا.

ئەتاتورک سەرکۆمار و خاوەنی بەرزترین پلەی سوپا بوو کە ئەویش مارشاڵە .سەرکردایەتی دەسەڵاتی تەنفیزی لە سەرکردایەتی سوپا جیانەکرایەوە، تەنها دوای مردنی ئەتاتورک نەبێت. راستە ئەنینۆش جەنەڕاڵێکی سوپا بوو، بەڵام ئەو بەرزترین پلەی نەبوو، مارشاڵ فەوزی چەقماق بووە سەرۆکی نوێی سوپا. جیابوونەوەی سەرۆکایەتی سوپا لە سەرۆکایەتی وڵات کاریگەریی زۆری لەسەر لەمەوپاشی دیاریکردنی رۆڵی سوپا لە ژیانی سیاسی تورکیا گێڕا. چونکە سوپا بووە دامەزراوەیەکی خاوەن قەوارەی تایبەتی و سەرکردایەتییەکی سەربەخۆ، کە چاودێری هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی تەنفیزی دەکات.

لەکاتێکدا بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆش رۆڵێکی هەر مابوو لە پاراستنی ئەو راسپاردانەی کۆماری تورکیای لەسەر دامەزراوە.. (السيف والهلال – تركيا من اتاتورك الى اربكان، الصراع بين المؤسة العسكرية والاسلام السياسي، رضا هلال، دار الشروق.. ل١٥). ئەگەرچی دوای خانەنشینی مارشاڵ چەقماق ئاڕاستەی مەدەنی بەسەر سوپادا زاڵکرا، بەڵام برگەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێتە دەسکەلا بۆ ئەوەی لە حزوری خودی ئەنینۆدا، حوکمی مەدەنی و موحافەزەکارانەی مەندریس بڕوخێنرێت.

سوپا لە زهنیەتی هاوڵاتیی تورکدا موحەمەدی جەنگاوەرە، کە شانازی سەرکوتکردنی کورد و قوبرسی هەیە، هەروا ئەهریمەنی دێوەزمەی پێچانەوەی چانسی حوکمی دیموکراتییە کە هەر دە ساڵ جارێک گەشەی وڵاتی دەخستە ژێر پۆستاڵی خۆیەوە (١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ و کودەتای مۆدێرنی ١٩٩٧).

سوپا موحەمەدی شانازییە بۆ نەتەوە، بەڵام ئەژدەهاکی ترسناکە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوە وەختێک سبەینانێک لە خەو ڕادەبن کوچە و کۆڵانەکان بەتانک و تۆپ و عەسکەر گیراون.

تورکەکان ئەم یادەوەرییە تاڵەیان بەوە شیرینکرد درامایەکی کۆمیدی لەسەر دەربکەن، کە (ڕۆژگاری هەشتاکان)، ڕۆژگاری کودەتای جەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرن، بە نوکتە و قۆشمەو قسەی خۆش بگێڕێتەوە. سا بەڵکو ڕۆژگاری تاڵ بەکۆمیدیا شیرین بێتەزار؟

ئەگەرچی لە سینەمادا، لە گەلێک فیلمی مەوجی نوێی سینەمای تورکیدا، لەوانەش فیلمە جوانەکەی دەرهێنەری لاو چەغان ئەرمک بەناوی باوکم و کوڕەکەم (بەبەم ئۆغلم) کە ساڵی ٢٠٠٥ بەرهەمهێنراوە، کودەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆتە ئەکتەرێکی سەرەکی ڕووداوەکان و گرێی درامی پێ چارەسەردەکرێت، بەڵام ژمارەی کتێبە رەخنەییەکانی لەسەر ئەم کودەتایەو سوپاکەیەتی لە ژمارەی فیلم و دراماکان زۆرترن.

جا ئەم سوپایە تا بەم دواییەش کێڵگەی مینچاندنی ڕێی دیموکراسی بوو، هەتا ئەردۆگان ڕامیکردن و جەنەڕاڵەکانی لە قەفەس توندکرد. سوپای خاوەن ئەو هەموو ماجەرایە هێشتا بەشی ئەوەی تێدا ماوە کورد سەرکوتبکات، بەڵام لەبەر گۆڕانکاری لە بونیاد و سەرکردایەتییەکەیدا پێناچێ کاریگەرییەکەی بۆ دەستوەردان لە سیاسەت و مەدەنیەت، وەکو جاران مابێت.

نووسەر و پێشمەرگەیەکی کورد وا وەسفی جموجوڵی سوپا لە ماوەی کەمی پێش کودەتای ١٩٨٠ دەکات لە باکووری کوردستاندا، ئەو دەمەی گەیشتۆتە بنکەی پێشمەرگەکانی، بنکەی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق (بارەگاکە هیچ نەبوو جگە لە چەند ژوورێکی خراپ کە لە بەرد و قوڕ دروستکراوە و هەرچەند مەترێک لە سنووری تورکیاوە دوورە. لەو بارەگایەدا وەک بەرپرسی ناوچەکە مامەوە. توانیم راستەوخۆ ئاگاداری بارودۆخی ناوچە کوردییەکان بم و ئاگاداری ستەم و زوڵم و ناخۆشی گەلەکەی بووم.

لە نزیکەوە هێز کۆکردنەوەی سوپای تورکیام- لە کوردستانی تورکیا- تێبینیکرد، کە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و تۆقاندنی دژی هاوڵاتیانی بێدەرەتانی بەکاردەهێنا. هەروا ئەم سوپایە بەدواداچوونی بۆ جوڵەی پارتیزانەکان (پێشمەرگە)ی لەناو عیراق دەکردو لەودیوی سنوورە چاودێریدەکردن. ناوبەناویش گوێمان لە هەواڵی ئەو دیدارانە دەبوو کە دەسەڵاتدارانی عیراق و دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان خۆیاندا سازیاندەکرد، بۆ پاراستنی گوایە ئەمنی سنوور بەگوێرەی دەلەسەی خۆیان. (ترکیا فی الاستراتیجیه الامیرکیة بعد سقوط الشاهـ) د. جرجیس حسن، کۆتایی هەشتاکان، شوێن و ساڵی چاپ دیارنییە، ل٥).

ئەم وەسفە بۆ بارگرژی سەر سنوورو ئامادەباشی سوپا ژانی لەدایکبوونی بەرەبەیانی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بوو.

هیچ سەرنج و ڕوانینێک وەک ڕوانینی ئاسایی خەڵک و گێڕانەوە لە سەرچاوەی ئەسڵی بینینەوە خۆش و سەنگین نییە و کاریگەریی نییە. مامۆستا عوسمانم لە دوو سەفەری

توركیادا ناسی، بۆم دەركەوت وەک بازرگان و هاوڵاتییەكی باشووری كوردستانیش زۆری پێیە بیگێڕێتەوە. ئەمانەی مامۆستا لێرەدا دەیڵێت گێڕانەوەی بینین و سەرنجەكانی خۆیەتی. بایەخەكەی لەوەدایە خۆڕسكانە و قووڵیشە. لەگەڵێک وێستگەدا مامۆستا لە توركیا شتی بینیووە: كودەتای عەسكەر لە ١٢ی ئەیلولدا، ئەوكاتەی كورد قەدەغە و ئەو كاتەی كورد دەبزوا و ئەو كاتەی كورد شانازیدەكات. پێموت ئەمانەم دەوێت بۆ كتێبەكەم. ئەویش ئاوای باسكرد، كە لێرەدا تۆمارمكردوون.

مامۆستا عوسمان رەشید عەزیز(لەدایک بووی ساڵی ١٩٤٧)، خانەی مامۆستایانی خوێندووە، مامۆستای خانەنشینی زمانی ئینگلیزییە لە ساڵی ١٩٩١ەوە. لە دوای خانەنشینی ماوەیەک لە پێشانگاكانی ئۆتۆمبیل كڕین و فرۆشتن كاریدەكرد، بەڵام چونكە كاری كڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لەو كاتەدا بۆ ئەو شیاونەبوو، وازیهێنا. (بازاڕی ئۆرزدی كە درایەوە بە خاوەنەكەی و ئەویش فرۆشتی، منیش دوكانێم لەوێ گرت، ئەوە بوو دەستمكرد بە كڕین و فرۆشتنی جلوبەرگ، لە وڵاتانی توركیا و وڵاتانی ترەوە جلوبەرگم دەهێنا).

*** یەكەم سەفەرت بۆ توركیا كەی بوو؟**

– لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٩ بوو. ئەو كاتە كچێكمان هەبوو، كە ئێستا مامۆستای باخچەی ساوایانە. من و دایكی و ئەو كچە بۆ گەشتوگوزار چووینە توركیا. لە بەغداوە بە پاس بەڕێكەوتین، لەوێ چەند كۆمپانیایەک لە ساڵحییە هەبوو ئەو كارەیان دەكرد. سەرەتا دەچووینە ئەستانبوڵ و لەوێشەوە دەمانتوانی سەردانی هەموو وڵاتێكی تر بكەین و ڤیزا وەربگرین، وەک ئەڵمانیا، هەنگاریا و پۆڵەندا. ساڵی دوای ئەوەش چوومەوە، ئەو كاتە مامۆستاكان لە هاویندا گەشتی دەرەوەیان دەكرد، ئەمجارەش چوومەوە توركیا.

*** ئەو ساڵە لە توركیا ئینقلاب بوو، ئێوە چیتان كرد و چوون بۆ كوێ؟**

– ئەو كاتە توركیا هەموو رۆژێک ئینقلاب بوو، ساڵی ١٩٧٩ تەق و تۆق هەبوو، بار نائارام بوو، لەگەڵ خێزانەكەمدا چووینە تەقسیم وەک خەڵک پیاسەبكەین و بگەڕێین، لەپڕ بووە خۆپیشاندان و تەقینەوە و بارەكە تێكچوو، نەمان دەزانی بەرەو كوێ رابكەین، چۆن بگەینەوە پاسەكان و بگەڕێینەوە ناوچەی خۆمان.

*** یەكەمجار واتە ١٩٧٩ كە رۆیشتووی، شەڕی چەپ و راست بووە، ئەم حزب لەوی تری دەدا، ئەویتریش لەمی دەدا. ئیتر بەم شێوەیە بوو.**

– ئەو جارە هەر پێنج مەتر و سەربازێک لەسەر شەقامەكان دانرابوون.

*** جارێک بۆ منت باسكرد، كە شەو لە ئۆتێل بووین، بەیانی هەستاین كودەتاكە بوو.**

– ئێمە لە ئوتێل ئەكوین بووین، كە ئێستا لە هەمان ناوچەی ئۆتیل كنت دەكات. ئۆتێلێكی باش بوو، بەشی بانكی تیا بوو، هێڵی ئاسمانی و هەموو پێداویستییەكی تیابوو. لە بازاڕ بووین ئەو هەواڵەمان بیست كە كودەتا بووە، خەڵكی قسەیدەكرد و ئێمە لە هەندێكی تێدەگەیشتین. وەزعێكی زۆر سەیربوو، شتێیكی سەیر و عەجیب بوو، بار تێكچوو بوو، كەسابەت نەمابوو، سەرباز و سوپا لەسەر جادە بوون، بەریز وەستابوون و هەموویان چەكیان پێ بوو، تانک و زرێپۆشیش هەر لەسەر جادە بوون.

*** ئەو کاتە بە ئینگلیزی لەگەڵ خەڵک قسەتدەکرد؟**

– بەڵێ، بەڵام تۆزێکیش فێری تورکی ببووم، پێدوایستی رۆژانە، چێشتخانە و نان و وشەی بەکارهێنانی رۆژانە فێرببووم.

*** کە کودەتا بوو، لەگەڵ خەڵکی بیانی چۆن مامەڵەیانکرد؟ بەتایبەتی سوپا لەناو ئەستانبوڵدا.**

– ئەوان هەقیان نەبوو، میوان پەیوەندیی پێوە نەبوو، لە کەسیان نەدەپرسی. تەنها ئەرکەکانی خۆیان دەکرد و دەوریاتیان هەبوو.

*** ئێوە ئەو کاتە چەندێک مانەوە؟**

– وەزعەکە تێکچوو، خێرا بەرەو عیراق هاتینەوە.

*** سەفەرەکەتان مابوو، بەڵام خۆتان هاتنەوە.**

– بەڵی، ئێمە سەفەرەکەمان زۆر مابوو، وەزعەکە تێکچوو، بۆیە هاتینەوە، چونکە هیچ چێژ و لەزەتێکی نەما.

*** چۆن هاتنەوە؟ بەکوێدا هاتنەوە؟**

– سواری پاسێک بووین. چەند شەریکەیەک هەبوو لەلای گازینۆ مەڕمەڕە لای کۆترەکانی سەرەوە... لەوێ هەموو خەڵکی سلێمانی و هەولێر، عیراقی بەگشتی کۆدەبوونەوە... پارەمان دەگۆرییەوە و هەواڵی یەکتریمان دەپرسی. لەوێ سواری پاس بووین، لە ئەستانبوڵ دەرچوین، هاتینە بەشی ئاسیاکەی... وردە وردە هاتین چەند شارێکی بچووک لەسەر رێگا بوو، گەورەترینیان ئەزمیرە، ئینجا ئەنقەرە، قۆنیا، غازی عەنتاب، ئەدەنە، ئورفە.. هەندێک پاس دەهاتنە دیاربەکر، هەندێکیشی نەدەهات و دەچووە میدیات و ماردین و جەزیرە.

*** کە گەڕانەوە لەکوێوە داخڵی عیراق دەبوون؟**

– هەر هەمان خەت بوو. لە زاخۆ و ئیبراهیم خەلیلەوە دەهاتینەوە.

*** کە لە ئەستانبولەوە دەهاتن بەرەو کوردستان، بارودۆخی گشتی چۆن بوو، تەبعەن ئەوەندەی کە دەتبینی؟**

– خۆی پێش کودەتاش لە کوردستان بەردەوام جەیش هەبوو، ئەو رۆژانەش هەروا و زیاتر بوو، عەسکەرتاریەتی تیابوو، سەرەتای شەڕی پەکەکە بوو... ئەو شەوەی گەیشتینە جەزیرە، پاسەکەی ئێمە و چەندین پاسی تریان راگرت، کە ئەوانمان دی ئیتر ئێمە هیچ قسەمان نەما.

*** پاسەکان عیراقی بوون، یان تورکی؟**

– پاسەکان تورکی بوون، پاسەکانی تورکیا خۆشیان راگرت. دەبوو هەموو خەڵکەکە دابەزن.. بەحسابی ئەوان بۆ ئەوە بوو، ژیانمان سەلامەت بێت، نەکوژرێین.

*** بەرای تۆ بۆ ئەوە بوو یان بۆ چی بوو؟**

– نەخێر، بۆ ئەوە تێمان بگەیەنن کە پەکەکە تیرۆریستە، ئێمە دەکوژێ و دزیمان لێ دەکات، کە ئەوەش دەکاتە لەکەیەک. تا وابڵاوبێتەوە ئەوان پیاو خراپن.

*** دەیانزانی ئێوە عیراقین و کوردن؟**

– بەڵی دەیانزانی کێ کوردە... پاسەکان کورد و عەرەب و هەمووانی تیابوون. کە دەهاتینەوە عیراق هەندێکمان لە موسڵ یان دهۆک دادەبەزین. ساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٢ش

چوومەوە، هەموو ساڵێک دەڕۆشتم... تەنها بۆ تورکیا نا، دەچووم بۆ پۆڵەندا و هەنگاریایش. کە چووینەوە بۆ تورکیا دۆخەکە هەر باش نەبوو بوو، ئاسەواری ئەو رووداوە هەر مابوو.

*** ئەگەر بیانزانیایە کوردیت؟**

– زۆر باش بوون بۆت. بۆ نموونە، ساڵی دواتر دوو کەسم لەگەڵدا بوو، عومەر عینایەت و شاهۆ شێخ حەمە ئەمین کاردۆخی. لە ئەستابوڵ بووین، مامۆستا شاهۆ رانکوچۆغەی لە بەرکردبوو و چووینە مۆزەخانە، خێزانێکی کەنەدیمان بینی، پرسیان ئێمە چین و سەرنجی جلوبەرگەکانیان دەدا... هیچیان لەبارەی کوردەوە نەدەزانی... لەوە دەچوو خێزانێکی ئیشکەربووبن و ئاگایان لە هیچ نەبووبێت، ئێمەیان بەلاوە سەیربوو، رەسمیان لەگەڵ گرتین.

ئەو رۆژە شاهۆ و عومەر چوون بلیتی فرۆکە ببڕن و بڕیاریاندابوو بچنە رۆمانیا، قەراربوو لە ئەڵمانیا یەکتری ببینینەوە. رۆژی دواتر ئێمە چووین بۆ هەنگاریا، دواتریش لە فرانکفۆرت یەکتریمان دییەوە، لە فرانکفۆرتەوە بە شەمەندۆفێر هاتینەوە، ئەستانبوڵ وا لە بەرچاوی خەڵکی ئێمە کەوتبوو، مەوعیدەکان وا دانابوو کە گەیشتینە ئەستانبوڵ یەکسەری بڕۆین و نەمێنینەوە.

*** یەکەمجار لە تورکیا کوردتان لە کوێ بینی؟**

– چووینە دوکانێک و لەگەڵ خاوەنەکەی کەوتینە گفتوگۆ دەیوت من دکتۆرام هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کوردم تەعینم ناکەن. چونکە تورک نیم، شەهادە بۆ من بەکەڵک نایەت... ئەوەمان لە دڵ دەرنەدەچوو.. لەساڵی ١٩٨٣ موالیدی من بۆ سەفەر قەدەغەکرا. ئیتر نەچوومەوە تا ساڵی ١٩٩٨، کە دوکانم دانا، دەچوومە تاران. ڤیزای تورکمانیش هەبوو نرخەکەی شەش سەد دۆلار بوو بۆ تورکیا.

*** چی جیاوازییەک هەبوو لە هەشتاکان و کۆتایی نەوەدەکان؟**

– هەمووی چەند ساڵێکە بارودۆخی تورکیا بۆ کورد باشبووە، کاتی هەشتاکان جڵەوی ناوچە کوردییەکان بەدەست دەوڵەتەوە بوو، هەموو شتێکی کۆنترۆڵکردبوو، هەندێک چالاکیی پەکەکە هەبوو لەناوچە شاخاوییەکان، بەڵام لە شارەکاندا هیچ نەبوو. لەم ساڵانەی دواییدا لەناو شارەکانی ئورفەو ئەوانەدا بەردەوام تەقە هەبوو، تەقە و کێشە دەهاتە ناو شارەکانەوە.

*** جیاوازیی هەشتاکان لەگەڵ ئەو کاتە چی بوو؟**

– هیچ شتێک لەئارادا نەبوو، تەنها بۆ شکاندنی کورد دەیانوت دابەزن. دەیانویست لەرێی باسی پەکەکەوە سومعەی کورد بشێوێنن، ئەمانە چەتەن و نەوەک رووتتان بکەنەوە. ئەگینا لەواقیعدا ئەوە نەبوو.

*** کۆتایی نەوەدەکان لە شارە کوردییەکان، کوێ و کوێ گەڕایت؟**

– هەموو سەفەرێک لە ماردین لاماندەوە، حەرەکەی پێشمەرگە زۆربوو، چالاکیی بەردەوامیان هەبوو، دەهاتنە شارەکانەوە و بوونیان زیاتربوو، حکومەتیش بەشێوەیەکی بەردەوام فرک و وڕی بوو، حکومەت لەجوڵەدابوو. لە کوچە و کۆڵانەکاندا شەوانە تەقەو شەڕ هەبوو، هێزەکانی حکومەت لەشوێنی خۆیاندا بوون و نەیاندەوێرا بەدەم تەقەکانەوە بچن.

*** لە ناو بازاڕەکاندا وردە وردە خەڵک دەیانوت ئێمە کوردین!؟**

– بەڵێ، لەو کاتانەدا بە ئاشکرا ئەوە هەبوو. لە دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستانی خۆمان، کوردی ئەوێ بە تەعبیرێک بوونی خۆیان زەقکردەوە. وردە وردە کورد لە متبوونی زستانە دەرچوون، چونکە بەهار هاتبوو و زیندووبوونەوە. هەستیاندەکرد کوردیش شتێک هەیە پشتی دەگرێت، دەیانوت ئەو پشتە رۆژێک لە رۆژان دێت پشتی ئێمەش دەگرێت.

*** تۆ بازرگانیت لەگەڵ کێ دەکرد؟ لەگەڵ کورد دەتکرد؟**

– بەڵێ هەردەم لەگەڵ کورد بازرگانیمان کردووە. ئێستا لە ئەستانبوڵ پرۆژەی گەورە، ئوتێلی پێنج ئەستێرەو چەندین پرۆژەی گەورە هەن. بۆ نموونە، ڤێردە کۆمپانیای بازرگانیی نێودەوڵەتیی گەورەیە و لە چەندین وڵاتی جیهان لقی هەیە، هی دوانزە برایە، کە کوردن و خەڵکی دیاربەکرن. پرنسسیش بەهەمان شێوە.

*** لە کەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانە دەکەیت؟**

– دە ساڵ زیاترە، هەیانە چواردە، هەیان دوانزە ساڵە بەیەکەوە کاردەکەین و مامەڵەدەکەین.

*** لەسەرەتاوە دەیانوت ئێمە کوردین، یاخود وردە وردە خۆیان ئاشکراکرد؟**

– لەم ساڵانەی دواییدا هەموو کورد بەئاشکرا دەڵێن ئێمە کوردین. رێگرییەک نییە بۆ بوونی کورد.

*** بۆچی دەوڵەمەندی کوردانی تورکیا لە ناوچە کوردییەکان رەنگناداتەوە؟**

– بەرژەوەندیی خۆیانیان زیاتر دەوێت لە شتی تر. کێشەکە لێرەدایە. بەتانییەکیان داوە بە کوردیبوونی خۆیاندا، لەپێناوی پەیداکردنی پارەو دروستکردنی ناوبانگی بازرگانیدا. من لەگەڵ هەندێکیان قسەمکردووەو سەرزەنشتمکردوون، کوڕی هەندێک لەو بازرگانانە کوردییان نەدەزانی... زیاتر داهات و کاریان بەسەر لایەنە نەتەوەییەکەدا زاڵکردووە.

*** بۆچی ئەو بازرگانییەیان بۆ نموونە لە دیاربەکر رەنگناداتەوە، باری ئابووریی ئەوێ باش ناکەن و تەنها لە ئەستانبوڵ دادەنیشن؟**

– ئەوە ناکەن.. ئەگەر شتێکی باشیان کردبێت ئەوەیە رەنگە لقێکی دوکانەکەیان لەوێ کردۆتەوە. ئەوان تەنها ئەوەیان کردۆتەوە، نەهاتوون پرۆژەی گەورە لە ناوچە کوردییەکانی خۆیان ئەنجامبدەن تا خەڵکە سوودمەندبێت.

※ دوایین جار کە سەردانی کوردستانەکەیت کردووە ساڵی چەند بوو؟

– هەموو جار سەفەرم کردووەو چومەتە ئەوێ، دوو ساڵە بە فڕۆکە هاتوچۆدەکەم، ئەگینا هەر لەوێوە هاتوچۆمانکردووە. با شتێکت بۆ باس بکەم جارێک مەوعیدمان لەگەڵ کەسێک هەبوو بەناوی ئۆغور یان بەرزۆ... شەو کاتی مەوعیدەکە کەسێکی تر هات، وتی وەزع خراپە و بەرزۆ ناتوانێت بێت. سەیرمانکرد وەزعی دیاربەکر زۆر تێکچووە، لەسەر شەقام تایە سووتا، دوکان شکێنرا، بانک شکێنرا، گەنجێکی زۆر خۆپیشاندانیاندەکرد و سەربازەکانیش پەلاماریاندەدان... ئەو کوڕەی لەجێی بەرزۆ هاتبوو، وتی با زوو بڕۆین، چوار گەریلا کوژران و خەڵک لە رقی ئەوە وا دەکەن.

*** ئێستا حاڵەتی باری نائاسایی کەمترە لەچاو کاتی خۆی، یان ئەوە چۆن بووە؟**

– حاڵەتی تەواری هەشتاکان هەبوو، بەڵام ئێستا وانییە... مەگەر پێشتر رابگەیەنرێت و حزبەکان بەنیازی شتێک بن، ئەوجا پۆلیس خۆی حازردەکات.

*** تۆ کە لەو بوارەدا کاردەکەیت، پێتوایە پەیوەندیی بازرگانی خۆمان و تورکیا چی لێ دێت؟**

– ئەمە پەیوەستە بە پەیوەندیی سیاسییەوە. پەیوەندیی سیاسیی ئێمە زۆر زۆر لەئاستی دڵخۆشی خەڵکدایە. ئەو پەیوەندییە ئابوورییەشی هەیە دەبێتە هاندەر و پاڵپشتی پەیوەندییە سیاسییەکە، باری ئابووری هەرێم وایکردووە تورکیا مامەڵەی باش بێت. تورکیامان بەدڵی خۆمان گۆڕیوە. چۆنت بووێ وادەکەن. وەزعی کورد لە تورکیا زۆر باشبووە، بەتایبەتی لە داوی دروستبوونی هەرێمەوە وردە وردە ئەوە روویداوە. ئێستا کرانەوەیەکی باش هەیە، خەڵکی ئازادانەتر قسەدەکەن و مامەڵەدەکەن، لە هێنانەوەی سێ ژنە کوردە شەهیدەکەی فەرەنسا ئازادییەکی زۆر هەبوو. ئاڵای پەکەکەی تێدا بەکارهات. ئەردۆگان نیازی هەیە کاری باشتربکات، بەڵام لەبەر دووانەکەی تر(مەبەستی حزبی جەهەپە و مەهەپەیە) ناتوانێت... باری ئابوورییەکەشی باشتربووە، لە ٢٠٢٠دا دەبێتە بەهێزترین ئابووریی ئەورووپی.

# سوپاسنامە

لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا زۆر هاوڕێ و دۆستی دڵسۆز یارمەتییاندام، کە شایەنی ئەوەن لە دڵەوە سوپاسیان بکەم و هیوای پایەداری و خۆشییان بۆ بخوازم:

- کاک د. بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری گشتی، کە هاوکاری پەیوەندی و سپۆنسەری سەفەری دووەمی کردم.

- کاک عیماد ئەحمەد، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەشی زۆری خەرجیی ئەم کتێبەی گرتەئەستۆ و کاک ئەرسەلان بایز، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەو دوای خەرجییەکەی دابینکرد.

- کاک ئازاد جندیانی و مەکتەبی ڕاگەیاندن، کە هاوکار و پشتیوانی سەفەر و کات و ڕاوێژی بەردەوامم بوون.

- کاک بەهرۆز گەلاڵی هاوڕێی میواندۆست و هاوکاری هەموو سەردانکارێکی کورد و یەکێتی بۆ ئەنقەرە - لە دۆستانی ئەستەنبوڵ هەموو هاوڕێ بەڕێزەکانی کۆمپانیای لاین، بەتایبەتی کاک چەکدار ئرکیران خۆشەویست، کاک مارین ڕەحمانی و هەموو هاوڕێ گەنجەکانیان، کە بێ ئەوان کلیلی ئەستەنبوڵ بە من نەدەکرایەوە.

- کاک سەردار جەعفەر، کە شەریکی سەرەکی نووسینی ئەم کتێبەیە و لە وەرگێڕان و پوختەکردنی دیدارەکاندا هاوکارییەکی جوامێرانەی کردم.

- کاک لەشکر حەمە ساڵح، کە زۆر ئەرکی ئامادەکاری لەکۆڵکردمەوە، وەختێک بەشێکی ئەم کتێبەم لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە.

- هاوڕێی خۆشەویستم کاک دڵزار عارف، کە برایانە و دۆستانە هاوکاری هەموو لۆجستیتییەکانی سەفەرەکانم بوو.

- کاک شۆڕش ئەحمەد، کە ناوی گرێدراوی نەخشەسازی و ئامادەکردنی هەموو کتێبەکانی ئەم چەند ساڵەمە و لەم کتێبەشدا هەر یەکەم بوو.

- کاک جوامێر (کاک حەسەنی کاک حەمبۆر) و هەموو هاوڕێکانم لە کوردستانی نوێ، کە یارمەتییاندام وەخت بۆ ئەم کتێبە بدۆزمەوە، بێ ئەوەی زۆر لەکارەکانم دابڕێم.

- هاوڕێی خۆشەویستم کاک هەڵکەوت عەبدوڵلا، کە لە ڕووی پێداچوونەوەی تەواوی زمانەوانییەوە بەم کتێبەدا چۆتەوە، بێ ئەوەی بەرپرسیارێتی کەموکوڕی بخەمە ئەستۆی.

- هەموو هاوڕێیانم، کە تێبینی وردیان لەسەر تێکستەکان پێوتم.

دوای ئەوەو پێش ئەوەش سوپاس بۆ خۆشەویست و هاوڕێی ژیانم شیلان و هەردوو گوڵەکەی باخی خێزانەکەمان (ژین و ئەلەند)، کە زەحمەتی زۆریان کێشا تا کەشی نووسینم بۆ ئەم کتێبەو ئەوانی تریش کەشێکی لەبار و گونجاو بێت.

بۆ هەموو ئەمانە دەڵێم خوا بۆ منتان بهێڵێت وەکو قەرزی ئێوەم پێ نادرێتەوە.

# پێرست


**ئەم کتێبە** ١٣
کلیلی هەندێ باس ١٧
* یەکەم: یادەوەری دزراو ١٩
* دووەم: پەیوەندیی کورد و تورک ٢٤
**فەسڵی بەرایی:** چارەسەر چییە؟ ٣٣
- چارەسەر چییە؟ ٣٥
- ناساندن چی دەکات؟ ٤٣
- پڵنگی ئەنادۆڵ لە جێی گورگی ئەنادۆڵ ٦٧
**فەسڵی یەکەم:** ڕێڕەوی کێشەکە ٧٣
- لە سەلجوقییەکانەوە تا کۆمار ٧٥
- کوردستانیی خەیاڵ بنیاتدەنێتەوە ٨٣
- داواکارییەکانیشمان هێندە قورس نین ١٠٠
**فەسڵی دووەم:** چەپی تورک، دڵۆپێک لە سەحرای شۆفێنیزمدا ١٠٩
- کێشەی کورد دەتوانێ ئابوریی تورکیا دووچاری قەیران بکاتەوە ١١١
- تا کورد و کەمینەکانی تری تورکیا ئازادنەبن، کەس ناتوانێت باسی ئازادی بکات ١١٨
**فەسڵی سێیەم:** ڕەوت و حزبەکانیش قسەیان هەیە ١٢٣
- ئەکەپە سیاسەتێکی توندڕەوانەی بەرامبەر کورد هەیە ١٢٥
- ئەگەر کوردەکان بیانەوێت دەتوانن جیاببنەوە ١٣٤
- میرێکی بەڕەگەز کورد، بیرۆکەی هەیە ١٤٠
- کێشەی کورد، کێشەیەکی ناوخۆیی و هەروا دەرەکیشە ١٤٨
**فەسڵی چوارەم:** ئەکادیمیان چ دەڵێن؟ ١٦١
- تا ئاشتی نەیت، تورکیا ناتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت ١٦٣
- بمانەوێت تورکیا پەلکێشی گفتوگۆ بکەین، دەبێت گوشاری بخەینە سەر ١٦٧
- کێشەکانی ناوخۆ چارەبکەین، لە سوریاش ڕەفتارمان دەگۆڕێت بەرامبەر کورد ١٧١
- لە تورکیا چارەسەربێت، لەهەموو شوێنێکی دونیا ڕزگاریاندەبێت ١٧٥
**فەسڵی پێنجەم:** خەباتی کورد لە قاچاخ تایاسایی! ١٨٣
- خەسڵەتێکی تایبەتی خەبات ١٨٥
- دیموکراسی لەبیری ئەودا نییە ١٩٣
- دیموکراسی تورکیا هی زۆرینەیە ٢٠٠
- تورکەکان هەموو شتێکیان بەرامبەر کورد تاقیکردەوە تەنها.. دانوستاندن ماوە ٢٠٨
- لە ئەوروپا دەڵێن دۆستی کوردین ٢١٤

| | |
|---|---|
| **فەسڵی شەشەم:** دیاربەکر، کوردایەتیی دۆبلاژکراو | ٢١٨ |
| – دیاربەکر، کوردایەتیی دۆبلاژکراو | ٢٢١ |
| – سەرمایەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دیاربەکر؟ | ٢٣٢ |
| – لە دیواری زیندانەکانی دیاربەکر بپرسن | ٢٣٤ |
| – زیندانیکردنی نەتەوەیەک لەناوجەرگەی پایتەختی خۆی | ٢٤١ |
| **فەسڵی حەوتەم:** داد بۆ گەشەپێدانی کورد | ٢٤٧ |
| – لەنیوعوسمانییەوە بۆ نیوسەلجوقی دەیەیەک لە تۆماری ئەدۆگان | ٢٤٩ |
| – ئەردۆگان (ئەمانەنتەکەی) ئەتاتورک دەداتە ئۆجەلان؟ | ٢٦٣ |
| **فەسڵی هەشتەم:** خەباتی فەرهەنگی | ٢٧٧ |
| – بەگوێرەی هەلومەرجی نوێی جیهان سیاسەت بکەین | ٢٧٩ |
| – وشەی ئاشتی دخەینە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە | ٢٨٥ |
| – ئاڵوگۆڕی فەرهەنگ چ حاڵە؟ | ٢٩٧ |
| – ئەم زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەکرێتەوە؟ | ٣٠٢ |
| – جگە لە چیاکان دۆستی دیکەش هەن | ٣١١ |
| **فەسڵی نۆیەم:** باشور، باکور و تورکیا | ٣٢١ |
| – ئۆزال و... کوردی عیراق، تاڵەبانی و.. تورکیا | ٣٢٣ |
| – بیرەوەرییەکانی بەیروت | ٣٣٨ |
| – بە ئۆجەلانی وت کەسانی واتان هەبێت دەبنە شت | ٣٥٦ |
| – ئۆزال تا ئەردۆگان | ٣٦٣ |
| – کوردستانی باشوور، تورکیا رێڕەوی پەیوەندیی | ٣٧٤ |
| **فەسڵی دەیەم:** رەهەندی کۆمەڵایەتی و... ئابوری | ٣٨١ |
| – ئاشتیی شین، ناکۆکیی ڕەش | ٣٨٥ |
| – حیکایەتی کرمانجەکان لە میترۆپۆلەکاندا | ٣٩٢ |
| – ئیسلامەتی لەپێناو کورد و کوردستاندا | ٤٠١ |
| – گەنجە کوردەکانی ئەستانبوڵ، نان و توانەوە | ٤١٥ |
| – ژن لە چەوساندنەوەدا، کوردە لەبندەستییدا | ٤٢٦ |
| – ئەوکاتە هەموو رۆژێک ئینقلاب بوو | ٤٤٤ |
| – وێنەکان | ٤٥٥ |


# وێنەکان



عەبدوڵلا ئۆجەلان ، موراد قەرەیلان



لەگەڵ گوڵتان کشناک - ئەنقەرە



مام جەلال



لەیلا زانا




ئەردۆگان ، هەنگاوی نزیکایەتی لە کورد



وەفدی عیراق و کوردستان لە کۆنفرانسی ئاشتی شین لە ئەستەمبوڵ



بەڕێوەبەری تەرەتەشەش میوانی کوردستان بوو



گوڵتان کشناک



سەلاحەدین بولوت

خاوەنی کتێبخانەی میدیا

زیندانی سیاسی



عوبەیدوڵڵا هاکان ، لاوی کوردی ئەستەنبوڵ



سادات : هونەرمەندی لاو



کاک حەلیم ، ڕۆژنامەوان ساڵح کەقربر



د. بوراق بەلگە




ئەستەنبوڵ: دیالۆگی کورد و تورک




لەگەڵ وەفدی کوردستان لە دیالۆگی میدیاکارانی کورد و تورک




دیالۆگ لەسەر هاوبەشەکانی کورد و تورک




لەگەڵ وەفدی پارتی هەک پار بەسەرۆکایەتی بەیرەم گویزەل



مامۆستا شەرەفەدین ئیلچی پێش وەفاتی



سەردانی وەقفی نووسەرانی تورک لە ئەستەمبوڵ



میر دەنگیر فورات



ئەحمەد تورک، کەمال بورکای، ئۆجەلان، مام جەلال
سالی ١٩٩٢



دیاربەکر: فەریدون چەلیک



بەهرۆز گەلالی ، نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە



عوسمان کوروتورک پەرلەمانتاری جەهەپە



ئۆسکۆدار: محەمەد بێکار ئۆغلو




لەگەڵ نوێنەری حزبەکەی ئەتاتورک



منداڵانی ئیشکەر لە دیاربەکر




بازاڕی (خاسە پاشاخانە) لەدیاربەکر



ئەستەمبوڵ: ئامادەیی ڕۆژنامەنووس بۆ گەشت



گولەرجە وتەبێژی فەتحوڵلا گوێلەن



دیاربەکر: کاک سەرحەد، هاوکاری گەشتەکەی دیاربەکرم بوو



دیاربەکر: سووریێک کێبڕکێی سووری چین دەکات



شەفیق بەیاز



پرۆفیسۆر نازان ئوستونداغ



دیاربەکر، لەناو بازاڕی خاسە پاشاخانە




لەسەردانی د. عەباس وەلی لە ئەستەنبوڵ



چەکدار ئرکیران و ئەیوب جۆرج لە پشتەوەش شەفیق بەیاز دیارە



گەنجای گورسوی دەورانی چەپی تورک باس دەکات



فەداد تورکالی



ئەحمەد تورک: دیموکراسی لە بیری ئەردۆگاندا نییە



دیاری بەندە بۆ ئەحمەد تورک و ئایسال تۆغلۆک



گەلالی ، ئایسال تۆغلوک ، ئەحمەد تورک ، نووسەر



رۆژنامەنووسانی تورک دوای سەردانی قەندیل ، میوانی بەندە بوون




**کاک فەرهاد گفتوگۆکارێکی خوێنشیرین ، کە هاوکاری زۆری کردوم**



**لە سەردانی عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر**



لەنووسینگەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە دیاربەکر



یەکەم سەردانم بۆ دیاربەکر
لە ساڵی ١٩٩٩دا



دیاربەکر: غازی کۆشک



**یەکەم: کۆنفرانسی ئۆجەلان بۆ ئاگربڕ، بەهاری ١٩٩٣**



**وەفدی بەدەپە نامەی ئۆجەلانیان گەیاندە قەندیل**



عەبدوڵڵا کەسکین: وەشانی ئاڤێستا



عەبدوڵڵا ئۆجەلان




میتنگێکی فراوانی کوردان



حسێن چەلیک: مافی خۆمە وەکو پەکەکە بیرنەکەمەوە




لەگەڵ کاک سەرحەد لە ڕێستۆرانێکدا




خانم گولسوم چیمەنتای لە کۆنفرانسی مێینەی تورک و کورد




باخچەی منداڵانی (ساوایانی سلێمانی) سەر بە کۆمپانیای فەزالە ر
(پرۆژەیەکی گوێلەنییەکان) لە هەرێمی کوردستان





کامەران قەرەداغی: سەرەتاکانی پەیوەندی
کوردستان و تورکیا بەم جۆرە بوو




دیداری ئەحمەد و تورک و ئۆباما




ژمارەیەک بڵاوکراوەی کۆمەڵی ئازادی




لەگەڵ حەسەن جەمال دا



ئیسماعیل بیشکچی، فەتاح قەرە گویز



زانا فارقینی شارەزای زمان،




لەگەڵ سامی تان سەرۆکی ئێستای
ئەنستیتۆی کورد لە ئەستەنبوڵ



رەمەزان بایزن:
خەم و خەونی سەرمایەگوزاریی کوردی



سڕی ساکیک ، پەرلەمانی تورکیا




مارین رەحمانی لە کافێیەکی کوردااندا ،
رۆژنامەی ئازادی وڵاتیش لەوێ دانراوە




فەیسەڵ ئایهان : پەیمانگاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



وڵات ئای خوێندکاری دکتۆرا




کتێبخانەی چوارچرا لە ئەنقەرە




لەگەڵ دەفنەخان و ئەیوب بورج




ئەستەنبوڵ: لەگەڵ ڕووناکبیرانی نەتەوەپەروەرو ئیسلامخوازدا



بەڕێوەبەرانی ئاژانسی ئەنادۆڵ: بەتەمای بەشی کرمانجی و سۆرانین




جەنگیز چاندار: لەسەردانی کوردستاندا



وەفدی میدیاکارانی میینەی تورک



مام جەلال - ئۆزال



کامەران قەرەداغی - ئۆزال



بەلما جکورا خاوەنی کتێبی فیلمی کوردییەکەی دەوڵەت لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە




کۆنفرانسی میدیاکارانی مێینەی کورد و تورک



ئاوات عەبدولغەفور



مامۆستا عوسمان ڕەشید